
# گەلێکی پەژموردە
# و
# نیشتمانی پەرت






" بەراستی ئەگەر کوردی بێبەخت بیەوێت بوونی خۆی بسەلمێنێت، دەبێت بەربەرەکانێ لەگەڵ سێ دەوڵەتدا بکات. مەکسیم ڕۆدونسۆن دەڵێت: " ئەمانە چەوساوەی بەردەستی چەوساوەن" بۆیە دەبێت مافی چارەنووس لەو دەوڵەتانە بخوازن کە سەردەمێک خۆیان پلیشاوەی ژێر چەپۆکی ئیمپریالیستانی ڕۆژئاوا بوون. دەشێت چەوسابوونی پێشوو بووبێتە هۆ بۆ هەڵوێستی چەوسێنەری ئەمڕۆ؟ یان بیری پێشکەوتنخوازی جیهانی بڕیتیبێت لەوەی مافی ئەو کەمایەتییانە پشتگوێبخرێت کە دژن بە وڵاتانی جیهانی سێهەم؟

ئەمەیە پرسیارە سەرەکییەکانی ئەم پەرتووکە.

پەرتووکێکی زۆر چاک بەئاگا، و لەهەمان کاتدا ڕاستبێژ. هەیشن پێی زویر دەبن. کەواتە بەڕاستی شایانی خوێندنەوەیە."

## جاک ژۆلیارد

"گرنگی ئەم پەرتووکە لەوەدایە کە لەبری وتەی زل و بێبایەخ، لەبری باسی ڕژێمەکانی دژ بەوان کە کێشەی کورد لە دیمەشق، بەغدا، تاران و ئەنقەرە دەخەنە بەر ئەزموون و بەراورد، ڕێگەی داوە بە ڕۆشنبیرانی کورد خۆیان بدوێن.

## ڕۆژنامەی لیومۆند

# گەلێکی پەژموردە و نیشتمانی پەرت

سەرپەرشتکاری نووسین:
ژێرارد چالیاند

نووسەران:
کەندال    عەبولڕەحمان قاسملو
عیسمەت شەریف وانلی    مستەفا ئازدار
ئارچی روزیفیلد    کامەران قەرەداغی
ئەلیزا مارکۆس    بیلل فریلیک

پێشوتاری فرەنسی: مەکسیم رۆدونسون
پێشوتاری ئینگلیزی: داڤید ماکدوال

پێشەکییەکانی
عەرەبی: رێکخراوی فەلەستینی (الفتح)
فارسی: ئیبراهیم یونسی

وەرگێرانی
لەعەرەبی وفارسییەوە: م. گۆمەیی
لەئینگلیزییەوە: (بەشەکانی ٨ ـ ١١) أ. حەویزی

سوید
٢٠٠٢ گریگۆری    ٢٧٠٢ کوردی

## سوپاسی بێپایان بۆ

ـ کاک مەهدی عەبدولقادر، کاک ئەنداز حەویزی، کاک حەسەنی قازی، کە هەریەکە لە بوارێکی ئەم بەرهەمەدا هاوکارییان کردووم ...
ـ گشت ئەوانەی بێ پرس، یان پاش پرس بەخۆیان سوودم لە باس و بەرهەمیان وەرگرتووە.
ـ کاک شەماڵ و کاک ساطع و سەرپەرشتکار و کارمەندانی چاپخانەی تیشک لەسلێمانی بۆ ئەرکی بەچاپگەیاندنی ئەم بەرهەمە.
ـ خوێنەری هێژا ...

ناوی پەرتووک: گەلێکی پەژموردە و نیشتمانی پەرت
ناوە فرەنسییەکەی: Les Kurdes et le Kurdistan
ناوە ئینگلیزییەکەی: A PEOPLE WITHOUT A COUNTRY
ناوە عەرەبییەکەی: کورد و کوردستان
ناوە فارسییەکەی: کوردها
سێتەری داتایی، نووسین و مۆنتاج: م گۆمەیی
تیراژی چاپی دوو:
دەزگای بلاوکردنەوە:



ناونیشانی وەرگێر

gomei4@gmail.com

www.koskikurd.com



وێنەی بەرگ: "ڕەوکەری « کوردی » عیراقی لەسەر مەرزی تورکیا چاویان بڕیبووەتە کۆمەکی ئاسمان". وەرگیراوە لەگۆڤاری " [illegible] " لە بلاوکراوەکانی نووسینگەی ( UNHCR ) ژمارە ٨٥، مانگی مای ١٩٩١، لاپەڕە ٣٩



# گەلێکی بەژمووره و نیشتمانی بەرت

ئەمری پاشرتاو

گەلیک مێژووی لێلبێت، بێگومان،
ئایندە پەنهانە ...

" ئەرێ دەشێ کورد بێ مێژووبێت! وا تائەمڕۆ نەبووە بەخاوەن سنوور، نیشتیمانی یەکپارچە و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆ؟ ئەگەرنا، چییە دیاردە؟". ئەوە پرسیارێکی زۆر گەرمە بەدەم ناحەزانی نەتەوە نەسرەوت و ڕەنج بەباکەوتووەکەمانەوە. خۆ ئەگەر من وەلام بدەمەوە، بێگومان دەڵێم: بەڵگە زۆرن، بەلام لاسەنگی تای تەرازوومان کاری ئەوتۆ دەکات، نەتەنها ژیارم دەرنەکەوێت، بەلکوو پسپۆران بە بەڵگەنامەی ساختە کردوونی بە بەشی گەلانی داگیرکەر.

خۆ ئەگەر کورد میللەتێکی خاوەن ڕابوردوو نەبێت، ئەم پتر لە بیست و پێنج ملیۆن کەسەی بەو تاکە یەک زمانە دەدوێن کە پێی دەگوترێت کوردی، لەکوێوە هەڵقولا؟

تاوێک وردبوونەوە لە ئەتلەسی مێژوو تێماندەگەیێنێت کە لەچەرخی Homo spaiens وە واتە مەودای نێوان سالانی ۱۰۰.۰۰۰ تا ۳۵.۰۰۰ی پێش عیسا، مرۆڤی نیاندارتاڵ لە کێو و دۆڵەکانی کوردستاندا ژیاون. هەروەک لەوکاتەوە مرۆڤ خۆی ناسیوەتەوە و کەوتووەتە بازرگانی یان فراوانکردنی ناوچەی دەسەلات لەو شوێنەدا نیشتەجێ بووە کە ئەمڕۆ پێی دەگوترێت کوردستان، و ئەویش هەردەم سەرەڕێ و قوڵفی گرتنی بەیەکگەیشتنی ڕۆژهەلات بووە لەگەڵ ڕۆژئاوا، و ناوەندی ڕێ بۆ بازرگانان. هەروەها گۆڕەپانی جەنگیش بوە بۆ هێرشبەری هەردوولا بۆسەر یەکتر. دانیشتوانی ئەو هەرێمە هەمیشە خۆیان لەسەنگەری بەربەرەکانێ بۆ ئەملا یان ئەوی تریان بینیوەتەوە. تا ئێستایش زۆر پسپۆر و شارەزای کورد ئایا بیانی کە ویستبێتیان شت لەبارەی کوردەوە بنووسێت ئەوا سەرەتای باس بە دێرینی نەتەوە و خۆڕاگری و خوورەوشت چاکی و زۆری تر دەسپێدەکەن.

ئەگەر لەپاسە دژوارەکانی مێژوو وردبینەوە ئەوا خۆڕاگری و بەربەرەکانێی کوردمان نیشان دەدات دژ بەسەختی ژیان. بەدرێژایی ئەو ماوەیەی ماد دەسەلاتی لەدەست داوە تا ئەمڕۆ " کە دەکاتە ۲٦ سەدە" زۆر نەتەوە لە بۆتەی نەتەوایەتی داگیرکەر، یان نەتەوەی هاوسێی بەکولتوور لەو بەهێزتردا تواونەتەوە. ئەگەر نەیشتوابێتنەوە ئەوا چەشنی زۆر لەنەتەوەکانی ئەمریکای لاتین ( کە زمانیان بووە بە ئیسپانی و پورتوگالی) و شوێنی تر زمانی نەتەوەیی خۆیان لەدەستداوە.

لەودەمەوە کۆرشی هەخامەنشی(کوڕی مەندانەی کچی ئەژیدەهاک) کە بە هاوکاری هارپاک (یەکێک بوو لەسەردارانی دەوڵەتی ماد) ئەژیدەهاکی " باپیر و جوارهەم شای ماد"ی کوشت و

بنەی ئیمپراتۆرییەتی فارسی دامەزران. تاکو هێرشی ئەسکەندەری مەکدۆنی و دەرکەوتنی ئیسلام و دروستبوونی ئیمپراتۆرییەتی عەرەب، و پاشان هێرشەکانی تەتەر و هۆلاکۆ و دامەزرانی ئیمپراتۆری تورکی عوسمانی. کورد تەنها ئەوەی لەدەستهاتووە، " بەپێی باری رۆژ " هەرجارە و لەلایەکی کوردستاندا میرنشینی بچووک پێک بهێنن. هەر یەک لەو میرنشینانە بەپێی بار و دۆخی هەرێم و رۆژگار کەوتوونەتە ژێر سایە و دەسەلاتی زلهێزێکی دراوسێ و بیانی. ئەگەر تێیشیاندا هەڵکەوتبێت بیر لەدەوڵەتی یەکگرتووی سەربەخۆ بکاتەوە، ئەوا سۆزی ئاین، یا لەبەر بەرژەوەندی تایبەت و خۆبەستنەوەی دەستەیەکیان بە هێزی دەرەکی، یان داگیکەرەوە بووە بە ناهەموارترین کۆسپ و لە دوا قۆناغدا شکستیان پێ هێناوە.

من هۆی سەرەکی ناهەمواری و بە هیچ نەبوون خستنە ئەستۆی لایەنی بیانی ناڕەوا دەبینم، چونکە ڕەوشی ژیان دەیسەلمێنێت کە گشت میللەتێک ( دوور لەئێمە!) هەلپە بۆ دابینکردنی ئابووری نەتەوەیی دەکات و لەپێناویدا دەکۆشێت دەسەلات بگرێت بەسەر خاک و بەرووبوومی دراوسێ لاوازەکەیدا. بڕوانە گیانلەبەرانی سرووشت، ئەگەر ئەو بەهێزەی لاوازەکەی بەرانبەری پێ قووت نەچووبێت بێگومان بەشێک لەمافەکانی هەر خواردووە. تەنانەت درەخت و گژ و گیا هەن لەسەر خۆراکی درەخت وزیندەوەری تر دەژین. کەواتە ئەگەر نەتەوەی کورد هەرچی زووتر(لەم قۆناغی دەستێوەردانی سنووری جوگرافیەدا) نەکەوێتە خۆ و لەو قۆزاخەی پەڕەموردەییە دەرباز نەبێت و سەربەخۆیی ڕاستەقینە وەدەست نەهێنێت، ئەوا هەرگیز نیشتیمانی سەربەخۆ بەخۆیەوە نابینێ. دیارە ئەویش ئەمڕۆ پێویستی بە سەرکردەی ڕامیارزان و دیپلۆماتی ژیر و خاوەن تاکتیک هەیە گونجاوبێت لەگەڵ ڕۆژ و بارودۆخی نێونەتەوەیی و جیهان. هەروەها لەخۆ بوور و دڵسۆز و پڕباوەڕ بە یەکسانی مافی مرۆڤانەیی میللەت، هەرنەبێت بەهەمان ڕادەی دراوسێکانی.

بەهەڵەدا چووین ئەگەر بڵێین، هەرگیز لەناو کورددا ژیر هەڵنەکەوتووە، بەڵکوو هەردەم و لەگشت بوارێکدا پسپۆر و ژیری سوودبەخش بەمرۆڤایەتیمان بووە و لەزۆر بواردا بوون بەمایەی شانازی بۆ ئەو نەتەوانەی لەنێویاندا ژیاون. بڕوانە (تاریخ مشاهیر کورد ـ لە نووسینی ماموستای بەڕێز، بابا مردوخی ڕۆحانی) دەبینت، لەکۆی نزیکەی ۱۳۰۰ بەناوبانگی کوردی لەو پەرتووکە دوو بەرگییەدا دەرکەوتوون لە بواری هونەر و وێژە و مۆسیقا و سینەما و گشت بابەتێکی تری کولتووری، پتر لە هەزاریان سوودی بە کولتووری نەتەوەکانی دراوسێ گەیاندووە. لەسەرەتای ئیسلامدا کوردی وەک "جابانی سەحابی" نزیکترین هاوڕێ و گێڕەرەوەی وتە(حەدیث)ـەکانی پێغەمبەری ئیسلام بووە، و پاش ئەو "مەیموون"ی کوڕی، تا دەگاتە "ئەبو سلیمان یونس" نەوەی "شەهریاری کوردی" کە ساڵی ۱۳۵ی کۆچی (واتە سەدەی هەشتی زاینی) لە مەککەوە کۆچی کردووە بۆ شام، و یەکێک بووە لەوانەی لە هونەر و مۆسیقای ڕۆژی خۆیدا بەناوبانگ بووە، عەرەب تا ئەمڕۆ بەهینی خۆیانی دەزانن و هەر باسی دەکەن. هەروەها فارقی و

دەینووری و سەهرەوەردی و ئەربیلی و ئامەدی و بیتوشی و ئیبن خەلەکان و مەولانا خالید و ... ... تادەگاتە ناودارانی بواری ڕامیاری و وێژە و هونەری سینەما و بەشەکانی تری کولتوور، کەعەرەب و تورک و فارسی ئەم سەدەیە شانازییان پێوە دەکەن. کەسانی وەک محەمەد صدقی زەهاوی و مەعروف ڕەصافی و هتد ... لە عیراق، عەبدولعەزیزی سنەیی و ڕشید یاسەمی و ... لە ئێران، محەمەد کورد عەلی و خالید بەکتاش و ... لەسوریا، یەشار کەمال و یلماز گوینتای و ... لەتورکیا، و ئەحمەد شەوقی و تەیورییەکانی میسر و زۆری تر لەئەرمینیا و وڵاتانی سۆڤیتی لەناوچوو. هەروەها زۆەیتر کە لەژمارە نایەن و پەرتەوازەی وڵاتانی هەندەران بوون. لەڕووی ڕامیاری و پێشەوایییشەوە ڕۆڵی کەسانی وەک سەلاحەددین و سەرانی تری ئەیوبی و کەریم خانی زەند و هتد ... ئاشکرایە کە هەریەکەو لەکات وشوێنی خۆیدا لەوپەڕی دەسەڵاتدابوون بەڵام چونکە لەوڕۆژانەدا هەستی ئاینی پتر زاڵبووە بەسەر هەستی نەتەوایەتیدا نەیانکردووە نەتەوەکەیان لەژێر یەک ئاڵادا کۆکەنەوە. خۆ ئەمڕۆیش ئەگەر بڕوانین لەپارچەکانی کوردستاندا ڕامیارزان و شارەزا زۆرن بەڵام بەداخەوە لێک دوور و ناکۆک و ناتەبان.

ئەوجا تاوانکاری زلهێزەکانی سەدەی بیستهەمیش وەک نەشتەری ژەهراوی لە کەلێنی لاواز دەچەقن و بە مەبەستی خوێن مژینی میللەتانی کەمدەسەڵات خۆیان کردووە بەسەرپەرشتکار و ئەوەی مەبەستیانبێت دەستی لێناپارێزن. بێگومان ئنگلیز و فرەنسا کاتی نەخشەکێشانی سنوور بۆ تورکیا، عیراق و سووریا بە هەڵوێست و ڕێکەوتننامەی ساڵەکانی ١٩١٧ تا ١٩٢٣ تاوانی زەقیان بەرانبەر بەکورد کرد و خاکیان لەت و پەرت کرد بێلەوەی بیر لەوە بکەنەوە؛ ڕۆژێک دێت ئەو میللەتانە دەریان دەپەڕێن، ئەوسا گۆلمەزەکە بۆ کورد دەمێنێتەوە.

ئەگەرچی بەم شێوە و بارە جیۆپۆلیتیکەی ئەمرۆ کە داگیرکەران کوردستانیان تێوەگلاندووە، کاتی ڕزگاربوونی بێ گێچەڵ ناچێتە سەر، چونکە ئەنجامی دابەشبوون لەدڵی زۆر لایەندا ڕەنگی عیراقی و ئێرانی و تورکیای و ... شین کردووە. لەلایەکی تریشەوە ڕاگوێزان و نیشتەجێکردنی ناکورد لەزۆر ناوچەی کوردستان لەدوارۆژدا کێشەی وەک "کەرەباغ"ی نێوان ئەرمینا و ئازربایجان، "کەشمیر"ی نێوان پاکستان و هیند، تورزلە" و "بیهاج"ی نێوان بۆسنە و کروات و سرب و زۆری ترمان بۆ قوتدەکاتەوە.

ورده گلەیی

بێگومان ئەوباسەی لەبەردەستدایە سەلماندوویەتی کە نەتەنها جاش و جاشێتی هۆی کاریگەر بوە بۆ پەژموردەبوونی کورد، بەڵکو لەوە کاریگەرتر ناڕێکی و ڕقەبەرایەتی و لەخۆنەبووری سەرکردە و لایەنە ڕامیارییەکانی بزووتنەوە ڕزگاری خوازی ئەم نەتەوەیەیە . زۆر لەوانەی دەبوون

---

1 ـ تێکۆشەر و نەتەوە پەروەری ئەفریقایی "نیلسون ماندێللا" کە نزیکەی سی ساڵ زیندانی و ئەشکەنجەی چەشت و تەنها سێ ساڵ لەسەر کورسی سەرۆکی پارت و سرۆک کۆماری دانیشت، ڕۆژی ١٦ی دیسەمبەری

بەرابەری ئەو کۆمەڵە، دووربوون لە کولتوور و زانیاری پێویست بە سەردەمی خۆی، و میللەتیش بەهۆی دابەشبوون و لکانی بە نەتەوەی تری لەگەڵ ئەودا بەکولتوور و نەریت جیاواز، و هەر دەوڵەتەی بەزۆر ئەو جۆرە کولتوور و نەریتە نەشازەی خۆی بەسەریاندا سەپاندووە کە بەهۆی هەمیشە لەجەنگدابوونی ولاتیانەوە دەرفەتی پێشخستنی نەبوون. باشە ئیتر چۆن هۆشیاری بگات بەمرۆڤی کورد کە لەگشت لایەک بە( هاوولاتیانی پلەی دوو) لێی بڕوانن؟ تاکە فێرگەی لادێی کوردەواری حوجرەی مەلا بووە، و ماموستایش کە مەلای مزگەوتی ئاواییە (تاکوتەرا نەبێت) دوورن لەگشت زانیارییەکی ژیانی ڕۆژ. تەنها ئەوەی فێربوون و قوتابیانیانی فێردەکەن "جزئی عەمما" و چەند وتەیەکی پێغەمبەرە. هەندێک لەوان ئەو فەرموودەیەیان لەبەرە کە دەڵێت (إعمل لدنیاک کانک تعیش أبداً، وإعمل لاخرتک کانک تموت غداً) واتە "بۆ ئەم ژیانەت بکۆشە وەک لەوەی هەتاهەتایە بژیت، و بۆ پەسلان وەک لەوی سبەی دەمریت". بەڵام کەخودی کۆلکە مەلای لادێیان تۆسقاڵێک لەبەشی دووهەمی فەرمودەکە نەگەیشبێت ئیتر چی فێری قوتابیان بکات[2].

لەسەرەتای ئەم سەدەیەوە، بەتایبەتی پاش جەنگی جیهانگیری یەک، ئاوازی سەربەستی و مافی گەلانی ژێردەست و هەروەها یەکسانی، بەزۆری لەگەڵ شنەبای مارکسیەتدا تەشەنەی کرد و بووە هاندەر بۆ شۆڕش و پاشان ئازادی زۆر نەتەوەی جیهان و کودەتای بەلشەفیکی ۱۹۱۷ی ئۆکتۆبەری ڕوس سەریگرت. زۆر لە ڕۆشنبیرانی ئەوڕۆژەی کورد ئاواتەخوازبوون یەک تروسکە لەو تیشکی ئازادیە ئەوانیش بگرێتەوە و ببنە خاوەن ولاتی سەربەخۆ. بەڵام کۆمەڵی ڕەشۆکی نەتەوەی کورد ئەو جۆرە هەڵوێستەی بەکفر دەزانی جونکە ماموستای ئاینی و شێخی تەریقەت فەرموویانە؛ تاکە سۆشیالیستی ئەوەیە کەخودا لەقورئاندا بۆ موسڵمانانی داگرتووە.

خۆ شۆڕشگێرانی ئۆکتۆبەریش بەگەیشتنە سەرتەختی دەسەلات، چەشنی زلهێزەکانی تر تاکە مەبەستیان پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە ئابوورییە لاوازەبوو کە لە ڕژێمی تزارییەوە بۆیان مابووەوە، و دەیانویست ئەو سەربازە برسییانەیان تێرکەن کە لەچەند جەنگدا ماندوو ببوون. بۆیە ئەوانیش بە تاکتیک و بەڵێنی نابەجێ، گاهێک پەیمانی ئابووری و سپاییان لەگەڵ شای ئێران دەبەست و تاوێکیش لەگەڵ ئەتاتورک. واتە لەگەڵ ئەو لایەنانەی کە تا ئاستی ڕەگ داکوتان سۆڤیەتیان کرد

---

۱۹۹۷ لەکاتی کۆنفرانسی پارتەکەیدا فەرمووی: "... ئەوەی ئێمە بەشی خۆی ئەنجامدا، ئیتر ئۆرەی ئەوەی پاش ئێمەیە ...". بەڵام سەرکردە براکوژەکانی ئەمڕۆی کورد دەردی وێژەری کوردپەروەر "عەبدوڵڵا پەشێو" دەڵێت: بە گوللەتۆپیش دەست لە کورسییەکانیان هەڵناگرن).

2 ـ لاوبووم، ڕۆژێک مەلای گوندی "قولەبەرز" میوانمان بوو، لەنێو باسدا گێڕامەوە کە بەرگوێم کەوتووە ڕووس بۆ تاقیکردنەوە مەیموونێکی بە ساتەلیت ناردووەتە ئاسمان، مەلا وەک کوورە داگیرسا و هەندی نەمابوو لەپێستی خۆی دەرچێت و دەیگوت؛ ڕۆڵە بڵێ ئەستەغفیرەڵڵا. ئەوەی تۆ دەیڵێیت کفرێکی زۆر گەورەیە ....

بە پرد، ئەوجا هەردوو وڵاتی تورکیا و ئێرانیان بنکەی هێزە هاوپەیمانەکانی "SANTO و NATO"یان لەبەرەوڕوو قوتکردنەوە. خۆ وەنەبێ بیروبۆچوونی مارکسیەت بەڕێکوپێکی و وەک پێویست لەو هەرێمدا بەگشتی و لەکوردستاندا بەتایبەتی بڵاوبێتەوە، بەڵکو ئەوانەی باوەڕیان پێ پەیداکرد(جگە لە هەندێک کە بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن) هەر بەڕادەی ئیسلامەتیەکە لێیگەیشتبوون [کۆمەڵێکی لەو سەردەمەدا نزیکەی ٧٠٪ی نەخوێندەوار، یان تەنها پلەی سەرەتایی خوێندبێت ئەگەر خۆ هەڵخەڵەتاندن نەبێت چی وزەیەک بووە ئەو فەلسەفە قووڵەی مارکسیەتیان بخاتە مێشک[4].

چەند ساڵێک پاش دامرکانی جەنگی جیهانگیری دوو، کودەتای (بەناو) سۆشیالستی لە وڵاتانی ئیسلامی و عەرەبی هەرێمدا، هەرجارەو لەوڵاتێک هەڵگیرسا، یەکێک لەوانە کودەتای ١٩٥٨ی عیراق بوو کە چەپرەوانی کوردیش (بەتایبەتی کۆمۆنیستان) خۆیان بەهەڵسووڕێنەر و گرێدراوی سەربەستی و ئازادی و یەکسانی گەلان زانی. هەندەیان کورد لا خۆشەویست بوو تا چێژێبی خۆیان کردەوە، ئەوجا ئەوانیش وەک داگیرکەرانی پێشوو، بەڵکوو لەوانیش درتر کەوتنە وێزەی کورد. [مامۆستای بەڕێز عەزیز شەریف لەپێشەکی چاپی دووهەمی (كراس المسألە الكرديە في العراق، بەغداد ١٩٥٥)دا ڕووی ئامۆژگاری لە تێکۆشەرانی ڕێگەی ڕزگاری عیراق کردووە دەڵێت: " چونکە عیراق پێکهاتووە لە هەرێمێکی فرە نەتەوەیی، ئەگەر کێشە نەتەوایەتییەکانی تێیدان چارەسەر نەکرێن و ڕێگەچارە بۆ گیروگرفتە سەرەکیەکانی (پرسی سەربەستی و پێشخستن) نەدۆزرێتەوە زەمینە ستەم دەنوێنێت. بۆیە پێویستە گشت تێکۆشەرێکی دژ بە کۆلۆنیالیزم و هێزی ئیمپریالیستی ببێتە هاوکاری گشت تێکۆشەرێکی ڕێی سەربەستی و پێشکەوتنی ئەم وڵاتە، و لەهەنگاوی سەرەکی تێکۆشانیدا بەپێی ڕەوشی جیهانی پرۆلیتاریا ڕێگەچارەی کێشەی نەتەوایەتی بگرێتەبەر. شێوەچارەیەکی ئەوتۆ کە بەرگریێت لەگشت هەلی دەرکەوتنی ڕەگەزپەرستی و شۆڤێنیزم و هەلپەرستی و چەوسانەوەی نەتەوەیی، و ببێت بە یەکێک لەجۆرەکانی ئازادکردنی نەتەوەی چەوساوە و کەمایەتییەکان بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووس. لە هەنگاوی یەکەمدا کێشەی کوردی، کێشەی ئازادی گەلی کورد و دیاریکردنی چارەنووس و تەنانەت مافی جودابوونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ" . ـ باشە

---

3 ـ لەیادمە پاش کودەتاکەی ١٤ی جولی ١٩٥٨ و تا کۆتایی ١٩٥٩یش لیژنەکانی یەکێتی جوتیاران لەدەشتی قەراج و ناوچەی دزەیی، جوتیاری گوندە کوردەکانیان کۆدەکردەوە و بە بەڵێنی پێبەخشینی (هەندە گوریس پان و هەندەیش بەرین) زەوی و هەروەها بەو بەڵێنەی لەماوەیەکی کەمدا یەکسانیان بکەن لەگەڵ ژیان و دارایی ئاغاکانیان؛ دەشتەکی زەبوون بێلەوەی هیچ لەسەرمایە و ئابووری بزانی پەلەجەمووردەکرد و خراوڕاستان دەبوو بەئەندامێکی "حیزبی شیوعی".

4 ـ بڕوانە "أغد وديوقراطي وحرمان شعب حتى من حق الحلم"، جەلال تالەبانی، ناوەندی ئەرکی نوێ ١٩٨٩.

کەس گوێی لێگرت [دەشێ لەعیراقدا چەند مرۆڤی عەرەب بەو وتانەی مامۆستای بەڕێز قایل بووبێ، یانیش ئەمڕۆ قایلن؟[5]. ئەوەی من دەمەوێت تەنها لەعیراقدا ناوی سەد برای ڕامیار، یان ڕۆشنبیری عەرەب و لەگشت نیشتیمانی عەرەبیشدا تەنها هەزار عەرەبم بۆ ناوبەرن کە بەنووسین، وتار، یان بەڵگەنامە دەریبڕیبێت کە نەتەوەی کورد خاوەن مافی چارەنووسی خۆیەتی و ئەو قایلە بە بچڕینی باشووری کوردستان لە نەخشەی عیراق، یان نەخشەی نیشتیمانی عەرەب (تێڕوانینیشم هەمانە بۆ تورک و فارس و عەجەم).

بەڵێ ڕاستە هەندێک سەرکردەی چەپڕەوی کورد لەچلەکاندا هاتنە سەر بیری نەتەوەیی، بەڵام ئەوانیش لەبزوتنەوە نەتەوایەتییەکەی ئەیلولدا (تەنانەت تاکو ئەمڕۆیش) خۆیان بەستەوە بە دروشمی "سەربەستی بۆ عیراق و ئۆتۆنۆمی (پێشتر، لامەرکەزی و پاشان حوکمی زاتی، یان حوکمی زاتی ڕاستەقینە؟!) بۆ بەشەنەتەوەی کوردی عیراق" و خوێنی چەندەها هەزار ڕۆڵەی کوردی دلێر و هەروەها وێرانبوونی گشت لادێی ئەو بەشەی کوردستانیان کرد بە قوربانی ئەوتۆ دروشمی بووچەڵ کە بەرودوا لە سوودی عیراق و ئەو عیراقیانە تەواو دەبێت کە چل ساڵ چەک هەڵگربوون بۆ ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عیراق و ئەو بەشەی کوردستانیان گەیاند بەم ڕۆژە[6]. باشە دەبێت چارە لەلای کێ بێت؟... لای ئەو فرۆکەوانانەی بەتەنها یەک وژم پێنج هەزار ژن و منداڵ و پیری بێ تاوانیان بەگازی شیمیایی لەهەڵەبجەدا هەڵپرووکان، یان ئەفسەر و لێپرسراوەکانی گۆڕمی ئەنفال کەپاش ڕاپەڕین بەیارمەتی ئەو هێزە چەکدارانەی تا دوێنێ تینووی خوێنی کاسەسەریان بوون و ئێستا بۆ خۆ ڕزگارکردن وەک(وطني) هەڵوێستیان لەگەڵ دەکرێت.

بیر لەوڕۆژە ناکەنەوە کە هەرکات کاکی( وطني ) ئانیشک بخاتە سەر لێواری مێزەکەی ئەمڕۆ سەددامی لەسەرە، لەو بۆگەنتر هەڵوێستیان بەرانبەر دەکات.*

سەرکردە و ڕامیارزانەکانمان ناوێرن، یان پێیان شەرمە دروشمی کوردستانی سەربەخۆ هەڵبگرن

---

5 ـ ئومێدەوارم لەسەر ئەو تێبینییە بە خاوەنبیری ڕەگەزپەرستم نەزانن، ئەویشی بەوەی دەزانێت با ڕێژەیەکی سەدیم لەو خاوەن بیچاکانە بۆ دەرخات. گومانم لەوە نییە کە ژمارەی من دەیخوازم تەنها ڕێژەی نزیکەی یەک لەملیۆنی گشت عەرەب دەگرێتەوە.

6 ـ کاتی خۆی لە سەربازێکی عەرەبی بەسرایی بەدیلگیراوم پرسی؛ بۆ بەشداربووی لەو هێرشە دڕندە و وێرانکەرەی بەعسدا؟ لەوەڵامدا گوتی: ( ڕژێم بەزۆر ناردوومی، خۆ ئەگەر نەیەم دەمکوژن، و هەڵیشبێم ماڵم وێران دەکەن، یان کەسوکارم دەگرن) باشە ئەوە ڕەوایە کەسێک بۆ قورتارکردنی خۆی لادێییەکی کورد بکوژێت و ماڵەکەیشی تاڵانکات؟

* ـ ڕۆژێک لەئەپریلی ساڵی ۲۰۰۰دا وێنەی " وەفیق سامەڕائی" لەسەر ڕووبەری کەناڵی تەلەفزیۆنی " جزیرە " چونکە بە تەلەفۆن لە لەندەنەوە بە وەڵامی پەیامدەری ئەو کەناڵەی دەدایەوە کە پرسی؛ دەشێت ئەو ئامادەبێت بەمەبەستی سووک کردنی تاوان لەسەر ("ملازم حوسێن" بەناو سەرکاری ئەو کوودەتایەی عیراق لەکوێتدا بەرپای کرد) هەندێک زانیاری پێویست بدات بە کوێت. لە وەڵامدا گوتی؛ هەرگیز ئەوە ناکەم، چونکە

نەبا پێیان بگوترێت، پاشکەوتە(ڕەجعی، مورتەجیع، نۆکەری ئیستیعمار) و وڵاتبچڕێن( ئینفیسالی). کەریم قاسم ( بەخێری خۆی ) دروشمی برایەتی کورد[7] و عەرەبی لەوڵاتێکدا بەرزکردەوە کەناوی عیراقە، بەڵام نەتەوەییانی عەرەب بەوە ناقایلبوون[7] . ئەوجا وەنەبێت تەنها ئەوانە ناقایل بووبن بەڵکو لەکاتی حوکومڕانی قاسمدا پارتی کۆمۆنیستی عیراقیش بیری نەتەوایەتی کوردییان بە ڕەجعیەت ناودەبرد و تەنانەت هەندێکیش لەکادرە کوردەکانی پێیان شەرم بوو بەکوردی بدوێن[8] . وەک برایەتی کورد و عەرەب دروشمی بنەڕەتی بوو لە بزووتنەوە کوردییەکەی ئەیلولدا، پێش ئۆتۆنۆمی بۆکورد هاواریان لە دیمەکراتسیەت بۆعیراق دەکرد ئەوجا بە

---

هەرچەندە ئێمە ئەمڕۆ لە سەنگەری دژایەتی بەرانبەر بە ڕژێمی سەددام، هەندێک خاڵی ستراتیجی بیروباوەڕ هەیە هەرگیز نابێت بیدرکێنین.

جا هێژایان، گومان لەوەدا نیە کە ئەگەر ڕۆژێک( تەنانەت ئەو لایەنە کوردییەی پارمەتی ئەو نەخشەکێشی بۆمبارانی هەڵەبجە و ئەنفالەکانی عیراقی دا لەڕێگەی کوردستانەوە دەربازیبێت بۆ دەرەوەی عیراق) لەو کۆنە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بەعس، و بەڕێوەبەری گشتی دەزگای نهێنگەی "موخابەرات"ی عیراقییە شوێن و چارەنووسی ۱۸۰،۰۰۰ ئەنفال کراوی لێ بپرسن هەمان ئەو جۆرە وڵامەی دەبێت، چونکە ئەوانە دیلی پەیمانن بۆ بیروباوەڕی ڕەگەزییان و ئەوەی لەگەڵ سەددام جیایان بکاتەوە هەر کورسیەکەیە.

- لەپایزی ساڵی ۲۰۰۱دا جەنەراڵ نزار خەزرەجی ( کە سەرلەشکری ئەو هێزە عراقیانە بوو کە ئەنفالەکانی کوردستانیان ئەنجامدا) وەک ناوبراوی سەرەوە بوو لەبەر ناکۆکی لەگەڵ سەددام حوسێن بوو بە پەنابەر لەوڵاتی دانیمارک. هاوڵاتییەکی کورد بە پاڵپشتی هەندێک خزم و ناسراوی خۆی سکاڵایان برد بۆ لای پۆلیسی دانیمارک و تاوانەکانی ئەویان ئاشکراکرد. پۆلیسی ئەو وڵاتە بەڵگەی زیندووی لەو پەنابەرە بێدەسەڵاتانە ویست، ئەوانیش هانایان برد بۆ پارتە دەسەڵاتدارەکانی باشووری کوردستان. بەڵام بەداخەوە لەبری تواندنی تاوانەکانی ئەو چەپۆک خوێناویە، ئەو کوردە دڵسۆزانەیان بەدرۆ خستەوە و پاکانەیان بۆ ئەو تاوانبارە کرد. گوایە بەپێی ئامۆژگاری و ڕاسپاردەی ئەمەریکا، ئەگەر بێتو ئەو جۆرە بدرێن بە دادگا ئەوا چیتر ئەفسەری بایەداری عیراقی سەددام بەجێناهێڵێن. وەک لەوەی سەددام نەتوانێت هەزارانی تر لەوجۆرە سەگ و گورگە هەڵهێنێت.

7 ـ ساڵی ۱۹۵۹، فازل مەهداوی(سەرۆک دادگای شۆڕش) لەنازم طەبەقچەلی(سەرتیپی دووی سپای عیراقی پرسی، کە بە تاوانی بەشداربوونی لە بزوتنەوەکەی "عبدالوهاب الشواف"ی موسڵدا گیراو): بۆچی ناقایل بوویت بەدامەزراندنی( دائره المعارف الكرديه ) واتە ناوەندی زانیاری کوردی لە کەرکوک. ئەو ڕەگەز پەرستە لەوڵامدا گوتی: ئێوە (خیانە)ت لەمێژوو و بیروباوەڕ و دۆزی نەتەوەیی عەرب دەکەن، چونکە ئەوکارە دەبێتە هۆی مێشک کردنەوەی لاوی کورد و هاندان بۆ جودا کردنەوەی پارچەیەک لەخاکی عەرەب.

8 ـ مەجید حەسەن، کەخۆی کوردبوو، یەکێکبوو لەکادیرە پێشکەوتووەکانی پارتی کۆمۆنیستی عیراق، لقی کەرکووک (بەعس لە ۱۹٦۳دا لەسێدارەیاندا)، کەچی لە خۆپیشاندانی یەکەمین ساڵڕۆژی یادی کودەتاکەی ١٤ی تەمووزدا لە سەر شەقامی ئەتلەسی کەرکووک هاواری لە هاوڕێیانی کرد کە بە کوردی هەڵبەستیان دەخوێندەوە، و گوتی:ـ (یا رفاق، ممنوع الهتاف باللغه الكرديه) واتە هاوڕێیان، بانگەواز بەکوردی قەدەغەیە.

تێکشکێنەری قەوارەی عیراق و نۆکەری ئیمپریالی ناودەبران). پارتی کۆمۆنیستی عیراقی کە هەر دەیانویست خۆ لەقاسم نزک بکەنەوە، پاش پووچەڵبوونی پلانەکەی قاسم لەداگیرکردنی کوێت ( ئەوە لێرەدا مەبەستی باس نییە ) تا سەرەتای سالی ۱۹٦۳یش خۆپیشاندانیان شەقامەکانی بەغدا پیادە دەکرد و زۆربەی دروشم و بانگەوازیان " سەرشۆڕی و مردن بوو بۆ گێرەشێوێنانی دەرەبەگ و نۆکەری ئیمپریالیزم لە( شمال العراق الحبيب). هاوکاتی ئەوەیش نامیلکەیان بەگشت عیراقدا بلاودەکردەوە تێیدا ئەو بزوتنەوەیەیان بە پلان و تەگەرەیەکی ئیمپریالیست و پەیمانی سەنتۆ ناودەبرد کە گوایە بۆکۆسپ خستنەڕێی گێڕانەوەی شارۆچکەی عیراقی لەدەستچووی (قضاء عراقي السليب) کوێت بووە بۆ ئامێزی عیراقی دایک. بەڵام هەر بەڕوخانی ڕژێمی قاسم زانییان بەعس گاڵەیان پێدەکات، دەستبەجێ بەگشت هاوڕێیانیان ڕاگەیاند؛ " ئەوەی ژیانی لەمەترسیدایە با پەنابەرێت بۆ بزوتنەوە ئازادیخوازەکەی برایانی کورد لە" شمال الحبيب". ئەوجا ئەوەی پەنای بۆناو ڕیزەکانی کورد برد لەمردن ڕزگاری بوو، ئەوەیشی بەردەستی بەعس کەوت زیندوەکانیان هەزاخۆزگەیان بەوانە دەخواست کەزووتر بەرگەی تێهەڵدانیان نەگرت و مردن. سالانی پاش ئەوەش لەچەند قۆناغدا دەبوون بەیار و تاوناتاویش چەکی بەعسیان ڕوو لە دالدەدەر و خانەخوێی ڕۆژانی پێشوویان دەکردەوە.

ڕژێمی قاسم ڕوخا و سەلام عارف و پاش ئەویش ئەوڕەحمانە گێلەکەی برای ڕێگەیان بۆ عەرەبە نەتەوەییە ڕەگەز پەرستەکانی بەغدا خۆشکرد لە قاسم پیستر کورد بدەنە بەر شالاوی ناپالم و ئاگر، چونکە قلاچۆکردنی ئەو گەلە یەکێکە لە خالە گرنگەکانی پرۆگرام و ڕێبازی ئەو تاخمە نەتەوەییە ڕەگەزپەرستە. عبدالسلام نەتەوەییانی عەرەبی لە کۆنفرانسێکدا کۆکردەوە، لەمەڕ ڕێگە چارە دۆزینەوە بۆکێشەی کورد و بزوتنەوەکەی. تواندنەوەی نەتەوەی کورد لە بۆتەی نەتەوایەتی عەرەب و نەهێشتنیان لەسەر ڕووی زەمین[9] تاکە ڕێگەچارەبوو لای فائق سامرائی (سەرۆکی ساندیکای پارێزەرانی عیراق) کە یەکێک بوو لەنەتەوەییانی عەرەبی ناسری. لەیەکێکی تردا بەناوی کۆنفرانسی زانایانی ئاینی ئیسلام(فتوا)ی موفتی ئەردون ئەوەبوو، گشت ئەو چەکدارە کوردانەی دژ بە سیستێمی ئیسلامی عیراق دەجەنگێن (کافرن ) و کوشتنیان ڕەوایە. دووبارە پاش ئەوان بەعس پەیدابووەوە، زۆر لەپێشوو چەپەڵ و دڕندە و ڕەگەزپەرستانەتر کەوتەوە وێزەی کورد.

ئەوکاتەی سەدام حوسێن جێگری سەرەک کۆماری عیراق بوو، لە هاوینی ۱۹۷۲دا کۆڕێکی جەماوەری فراوان و کراوەی لە یاریگەی " الکشافە"ی بەغدا بەست بەئامادەبوونی چەند هەزار کەس و کۆمەڵێک ڕۆژنامەنوس کە ڕاستەوخۆ لە ڕادیۆی بەغداوە بلاو دەکرایەوە. لە وەڵامی پرسیارێکدا کە دەڵێت؛ لە دەستوورە کاتیەکەی عبدالکریم قاسمدا خالێک هەبوو دەیگوت؛ کورد

---

9 ـ کتاب التاخی، ئیبراهیم ڕەشید چاوشلی، ۱۹٦۷» بەداخەوە ژمارە و کاتی دەرچوونیم لەبەردەس نییە».

و عەرەب لەخاکی عیراقدا هاوبەشن، بەلام ئەوە لەدەستوورەی ئێستای ئێوەدا دەرنەکەوتووە. سەدام لەولامدا گوتی: کل شبر من خارطه الوطن العربی هو أرض العرب، وکل من عاش علی الارض العربیه هو عربی ( واتە گشت بستێک لە کارتەی عەرەبی خاکی عەرەبە، ئەوەیشی لەسەر خاکی عەرەب دەژی، عەرابە! ).

هەر لەسەرەتای دەسەلاتیانەوە رژێمی بەعس بەراست وچەپ، ئاشکرا و بەدزییەوە لەکوردیان کوشتووە. چگە لەوانەی تاکتاکە بەرووداوی ئوتومبێل یان بە گوللەی وێلەوە بوون وجۆرەها شێوەی تری کوشتن و ئەشکەنجە لەناو دەچوون. کەسانی زۆریان پۆلپۆل رەوانەی بۆتە و ژووری ئەزموونی چەکی شیمیای و بایۆلۆجی رژێمی بەغدا دەکرد. کوا ئێسک و تروسکی تاخمەکەی قالە تەگەرانی کەسالی ١٩٧٢ سەرنوگوم کران. کوان هەشت هەزار بارزانیەکەی سالی ١٩٨٣ بەرۆژی روناک لەگوندەکانی دێگەرە و قوشتەپەی خوار هەولێر لەناو مالی خۆیان دەرکران. لەپێناو چیدا بوو شیمیا بارانەکانی هەلەبجە و قەرداغ و دۆلی جافەتی و بادینان و هتد ... کە پتر لە شەش هەزار کەسیان بە ژن و مندال و پیرەوە کوشت و پتر لەدوانزە هەزار کەس برینداربوون و دەیەها هەزار خێزان ئاوارە و سەرگەردان بوون، و کوا ئێسک وترووسکی١٨٢ هەزار قوربانی " ئەنفالی پیرۆز". گشت ئەوانە و هێشتا سەرکردەی پارتەکانمان تامەزرۆی ماچی کۆلمە زەهراوییەکانی سەدام و تینووی دەستخستنە ناو دەستە خوێناویەکانی ئەو خوێنمژەن.

سەیرنیە کە لەسەرەتای دامەزراندنیەوە پارتی دیموکراتی کوردستان دروشمی کۆماری کوردستانی یەکگرتووی(بە کۆنفیدرالی لەگەل عیراق) هەلگرت بوو، و لە کۆنگرەی سێهەمیدا کردی بە مافی چارەنووس و دامەزرانی کۆماری گەلی کوردستانی سەربەخۆ، بەلام پاش لەوەی پارتی کۆمۆنیستی عیراق لە کۆنفرانسی سالی ١٩٥٦یدا مافی کوردیان کرد بە " ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی عیراقدا" یەکسەر دروشمەکەی پارتیش( بەتایبەتی پاش کودەتاکەی ١٤ تەمووز و ئاشەمرۆ) بووە بە ئۆتۆنۆمی لەچواچێوەی عیراق و لێی دانابەزن. یەکێک لەخالە گرنگەکانی کۆنگرەی دەیەمی پارتی دیموکراتی کورددستان ـ عیراق "دیموکراتیەت بۆ عیراق و ئۆتۆنۆمی راستەقینە بۆ کوردستان بنچینەی ئاشتبوونەوەی گشتی نیشتیمانە"[10] . ( لەژێر ناونیشانی ـ بۆچی بەرەی کوردستانی بریاری هەلبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی لەکوردستاندا دا ـ رۆژنامەی بەرەی کوردستانی نوسیویەتی دەلێت: ...... بۆ ئەوەی ئەو بەتالاییە پرکاتەوە کە رژێمی چەق لەعیراق بە ئارەزوو وازی لە حوکومرانی ناوچەیەکی فراوانی کوردستان هێنا و دەستی لەئەرکە یاسایی و رەوشتییەکانی سەرشانی بەرانبەر بە گەلەکەمان هەلگرت و ناچاری کردن ئەوکارە[11] ئەنجام بدەن بەوپێیەی لەچوارچێوەی یاسا و رەوشەکانی جیهانیدا کاری پێ دەکرێت.... .

10 ـ بروانە خەبات، ژمارە ٦٠٢ لاپەرە ٧.
11 ـ ژمارە ٢ی رۆژی ١١ـ ٤ـ١٩٩٢.

سەیرە سەرانی کورد نەتوانن لەوتۆ بەتالی رامیاری و دیپلۆماسی و سپایی و دەسەڵاتی رژێمە سەرلێشێواوەکەی بەغدادا بڕیاری سەربەخۆکردنی هەرێمەکی خۆیان بدەن، و ئەوە بکەن بە بیانوو کە گوایە هیچ هێزێکی جیهانییان بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ نییە!

وەنەبێت بۆچوونی سەران و هەروەها پرۆگرامی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەوی پارتی نەتەوایەتیتر بێت. جەلال تالەبانی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە(أغد و دیموقراطی و حرمان شعب حتی من حق الحلم)دا دەڵێت: سەرەتا، یەکێتی، نەتەوەی کوردیش وەک نەتەوەکانی تر بەنەتەوەی خاوەن ماف دەزانێت لەدیاریکردنی مافی چارەنووس. پاشان، گەر نەتەوەی کورد خۆی دیاریکەری چارەنووسی خۆی نەبێت کێشەی بنەڕەت و یەکجارەکی هەرگیز چارە نابێت. بۆ نموونە، ئۆتۆنۆمی چارەسەر نییە بۆ کێشەی کورد بەڵکو ئەوە تەنها هەڵوێستی دیموکراسیانەیە بۆ کەمکردنەوەی ئێش و ئازار لەسەر گەلی کورد و کەمکردنەوەی گیروگرفت و دڵڕاگرتنەتی لەو نارەوابیانەی ڕشتوویانە بەسەر ئەو نەتەوەیەدا [12] ... ئەوجا یەکێتی بەرپەرچی بەستەم زانینی سەربەستکردنی نەتەوەی کورد دەداتەوە لە دیاریکردنی چارەنووس، بەڵام هەرچەندە سوور دەزانین کە تێکۆشان لەپێناویدا گیر و دووروودرێژە، دەبێت دروشمی مافی چارەنووسی نەتەوەی کورد لەخواستە ستراتیجییەکانی بزوتنەوەی ئازادیخوازی نەتەوەی کورد بێت نەک داخوازیبێت بەپێی کات یان قۆناغ [13] ].

باشە کە ئەوە هەست و پرۆگرامی یەکێتی پێش ڕاپەڕین بوو، بۆ ئەوان ئەو هەلی بەتاڵییەیان نەقۆستەوە و میللەتی ڕاپەڕیویان ڕووەو چارەنووس نەبرد. ئایا لەوەپتر شەهید دەدرا کە لە سی ساڵی جەنگی دژ بەرژێمدا دراوە؟ یان لە وێران بوونی کوردستان دەترسان کە لەڕاپۆرتی خودی ئەو پارتەدا دەڵێت، ناوچەی وێرانکراو لەباشووری کوردستان خۆ دەدات لە ٧٠ ـ ٧٥٪ی ڕووبەرەکەی. دیارە نە ئەویە و نەئەویتریان، بەڵکو تەنها ئەو هەڵوێستە دەنوێنێت کە وتەبێژی ڕۆژنامەی شیحانی ئەردونی لە چاوپێکەوتنی ڕۆژی ١٠/٦/١٩٩٥یدا لەسلێمانی ناوی مامە بەمیکافیللی دەبات. ئەگەرنا، ئیتر ئەو وڵامانەی لەچی کە( شیحان دەڵێت): سەرەتا، من باوەڕم بە ڕوانگەی بێکهێنانی دەوڵەتی کوردی نیە چونکە هەڵوێستێکی جوداخوازییە. ئەگەر بەمویت لەگەڵتدا ڕاستگۆیم دەڵێم ... من باوەڕم بەوە هەیە کەنەتەوەی کورد یەکە و بەسەرەنێزەی تفەنگی کۆلۆنیالیزم و هێزە داگیرکەرەکانییەوە بەشکراوە بەسەر تورکیا، ئێران، سوریا، عیراق و سۆڤیێتی پێش، ئەو نەتەوەیە پاش جەنگی جیهانی دووهەم مافی خواست و بەپەیمانی سیڤەر مافی پێکەوەنانی بوونێکی تایبەتی پێ ڕەوا بینی، بەڵام بەرژەوەندی ئینگلیزی داگیرکەر لەوەدابوو کوردستانی عیراق بەعیراقەوە بلکێنێت و کورستانی تورکیا بە تورکیاوە و هتد....

---

12 ـ لاپەڕە ٢٨١ ....

13 ـ لاپەڕە ٢٨٢.

پاشان بەرپەرچی قسەکانی پێشووی خۆی دەداتەوە و دەڵێت: هەروەها باوەڕم بەوەیە کە ئەم نەتەوە کوردستانیە وەک دەوڵەتەکانی تری جیهان خاوەن مافی چارەنووسە، تەنانەت هێنی پێکەوەنانی دەوڵەتی سەربەخۆیش. ئەوجا دووبارە دەگەڕێتەوە و دەڵێت: من باوەڕیشم بەوە هەیە کە ئەوە هەرگیز نایەتەدی، چەشنی ئەو مافەی عەرەب هەیەتی لە دیاریکردنی چارەنووس و یەکگرتنیدا. بەڵام ئایا نەتەوەی عەرەب توانیویانە سەرەڕای ئەو پێشکەوتنە ئابووری و ژیار و کولتووریە یەک بگرن، ئیتر کورد ئەو بارەی چۆن بۆ دەڕەخسێت. من ڕامیارێکم ڕوونبین و باوەڕم بەوەیە کە لەو بارودۆخە نێونەتەوەیی و ناوچەیی و کوردستانیەدا هیچ بنەمایەکی پێکەوەنانی دەوڵەتی کوردی سەربەخۆ نیە. من چاوم بە زۆرکەس کەوتووە، یەکێ لێپرسراوم نەبینی لەگەڵ دامەزرانی دەوڵەتی کوردی سەربەخۆدابێت. چەندجار چاوم بە میتیران و مێجەر کەوت، هەروەها زۆری ترم ڕامیاری وەک بێکەر و کریستۆفەر و هێرد و سەرەک شالیارانی یونان بینی، لەکەسیانم نەبیست ئەوکارە پەسەندکەن. واتە پێویستە ڕوونبین بین و لەچوارچێوەی عیراقێکی دیموکراسی یەکگرتوودا مافی خۆ بخوازین وچیتر، چونکە لەجیهاندا هیچ دەوڵەتێک نیە لەگەڵ دامەزرانی دەوڵەتی کوردی بێت. دەڕوانمە بوونێ کوردی سەربەخۆ، بە هەچکامیان بێت با ببێت، ئۆتۆنۆمی یا فیدرالی.

با تاوێک مامە جێبهێڵین و ئاوڕێک لە بیروبۆچوونەکانی کاکە (مەسعود بارزانی) بدەینەوە. نزیکەی دووساڵ پێش لەو قسانەی مامە، کە کاکە لەئەوروپا گەڕایەوە بۆ کوردستان، لە وتارێکیدا بۆ جەماوەری هەولێر ئەوەی ڕوونکردەوە کە هەندێک لەو لێپرسراوانەی سەرەوە و لێپرسراوانی کۆمەڵی ئەوروپای یەکگرتووی بینیوە، ئەوان تەنها ئەوەیان پێ باشە کێشەی کورد هەر لە چوراچێوەی عیراقدا چارەسەرکرێت. هەروەها لەوتەکانیدا بۆ کۆمەڵێکی ۱۰.۰۰۰ کەسی شارۆچکەی شێلادزێ لە مانگی ئۆکتۆبەری ۱۹۹۱دا سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عیراق گوتی: لەساڵی ۱۹۶۱وە کورد دەیەها قۆناغ لەپێناو(حوکمی زاتی)دا جەنگیون و خۆیان بەختکردووە، ئیتر باجەنگی لەخۆڕایی بەسبێت ئەگەر بە ڕاوێژ توانای ماف وەرگرتنمان هەبێت[14].

مرۆڤ لەتاکتیکی نابەجێی ئەو ڕامیارانە دۆش دادەمێنێت. لەلایەک دەڵێن میللەت ڕاپەڕیوە و تاوێکیش ڕژێمی عیراق تاوانبار دەکەن بەوەی دەستی لە بەڕێوەبردنی "هەرێم" هەڵگرتووە. باشە بۆ ناتوانن ئەو هەلە بقۆزنەوە و بڕیاری ئازادی هەرێمێک بدەن پانتایی پتر لەگشت خاکی دەوڵەتی کوێت و ئیمارات بەسەریەکەوە کە لەبری یەک ئاڵا چەندینی بەسەردا دەشەکێتەوە، و لەڕابوردوودا ئەوانیش هاوکات و وەک کورد خاوەن دەسەڵاتی میرنشینی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆری عوسمانی بوون، و زەویشیان لە زەوی کوردستان بەپیت و بەرهەمتر نییە. ئەرێ

---

14 ـ هەفتەنامەی(الاخبار للمهاجرین)ی سویدی، ژمارە ۳۶لە ۲٤نوکتوبەر۱۹۹۱.

ئەوەی ڕاپەڕیت دەبێ بۆ بڕیاری چارەنووس پرس بە ئاغاکانی بکات. بەچی ڕەوشێک پرس بەوانە دەکەن کەتا دوێنێیەکی نزیک خۆتان بە ئیمپریال و کۆلۆنیال و داگیرکەر و دابەشکەری کوردستانتان ناودەبردن؟. جیاوازی بووش یان کلینتۆن چییە لەگەڵ ویلسونی خاوەن پرۆتۆکۆلی ئاشتی پێش دابەشکردنی کوردستان. یان جیاوازی مێجەرسۆن و مینیران چیە لەگەڵ لوید جۆرج و کلیمەنسوی و هتد .... ئەوانە گشتیان بەپێی نەخشەگەلێک دەجوڵێنەوە گونجاو لەگەڵ بەرژەوەندی ئابووری و ڕامیاری و جۆرەها سوودی تایبەت بەوڵاتی خۆیان. سەدام ئەو کارگەی ئەتۆمی یەکهەمەی جوولەکە هەڵیتەکاند و دووهەم کە هێزە هاوپەیمانەکان تێکیانشکاند لە کێ کڕی؟ ئەی ئەو کەلوپەل و کەرەستەی خاوی شیمیاییەی کوردستانی پێ کاولکرد، یان چەک و تەقەمەنی و چەند سەدهەزار مینەی لەکوردستاندا چێنراون؟. بێگومان گشتی لە هەمان هێزە هاوپەیمانەکانی وەک فەرەنسا، ئینگلتەرا، ئەمریکا، نەمسا و لەسەروو گشتەوە یەکێتی سۆڤێت و هتد ... بوو. ئەگەر دەڵێن گشت ئەوانە لە دژی ڕژێمی ئیسلامی ئێران دراون بەسەدام، کامەبوو هەناسەی ئەفسووسی ئەو پیاوە بەرزانە بۆ قوربانیانی کورد. یان گشت ئەو هەست و هەناسە ساردەیان هەڵگرت تا دەستپێکردنی شانۆگەرییەکەی گرتن و پێ بەردانی کوێت و ڕسواکردنی سەدام، ئەوجا ئێزگەی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی ئەو کەڵەهێزانە بکەونە لاوانەوە، و ئۆبزێرڤەر و لەندەن تایمز و واشنتۆن پۆست و لیۆمۆند بەنووسینی مانشێتی سەرنج ڕاکێش وێنەی جەرگبڕی سێ ساڵ لەوەوبەر بازاڕی فرۆشیان گەرم بکەن. ئەی دەنگی ڕادیۆکەی پارێزەرانی چینی چەوساوە لەمۆسکۆ و ئەزڤێستیای خامەی پرۆلیتار بۆ تەنها یەکجار نەبێت باسی کارەساتی هەڵەبجەی نەکرد، و لەوێیشا تاوانەکەی خستە سەر ڕژێمی ئیسلامی ئێران.

دیسان ڕووی پرسیار دەکەمە سەرکردە کوردەکانی ئەمڕۆ و دەڵێم: ئەرێ غاندی (ڕووت و برسی) لە تێکۆشانە بێوچان و درێژخایانەکەیدا هیچ پاڵپشتی هەبوو کە هیندستانی لەژێر چنگی ئەو ئینگلیزە دەرکرد کە لەوڕۆژەدا خۆر لەسەر زەمینی دەسەڵاتیدا ئاوانەبووە. هۆشی منەی وەک کورد وڵات بەشکراوی ڕاپەڕیو دژ بە فەرەنسا وپاشان ئەمریکا، کەڕاپەڕین پرسیان بەکێ کرد؟ سەرئەنجام بە ڕزگاربوونی هیند چەند وڵاتی وەک بەنگلادیش و پاکستان گەیشتنە مافی چارەنووس، و ڤێتنام ڕزگاری بوو. ڕۆژێکیش دێت دوو کەرتەکانی ڤێتنام و کۆریا و هتد ... بینەوە بەیەک. ئەگەر دەڵێن ئەوانە کۆنن و ئێستا چەرخێکی ترە، ئەی ئەریتیریا کە ئینگلیز لەساڵی ١٩٤٠دا پاش ئیتالییەکان داگیری کرد و لەساڵی ١٩٥٢دا خرایە سەر ئەثیوپیا (حەبەشە) و تاکو پاش ڕاپەڕینەکەی کوردستانیش هێشتا لەژێر دەسەڵاتی ڕژێمی ئەسیوپیدا بوو. بۆ ئەوان بوونەوە بە خاوەن ئاڵا و سنوور و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان. دیارە لەبەر ئەوەی سەرکردەکانی ئەسیوپچییانە بیر ناکەنەوە و لەبری پرۆژەی (حوکمی زاتی) سووربوون لەسەر ئازادی ئەو نەتەوە ئاوێتەیە. یان چیچێنیا (ئەو میللەتەی ساتلیتی ئەمریکایی

شوێنی "دودایێف"ی سەرکردەیانی بۆ دەوڵەتی ڕووس ئاشکرا کرد) تەنها دوو ساڵی جەنگ بەرانبەر بە دووهەم مەزنترین هێزی جیهان کرد و بوو بەخاوەن ئاڵا و دەوڵەتی ئازاد*. هیچ گومان لەوەدانیە کە ئەوانیش ناکۆکی ناوخۆییان تێدایە بەڵام بەرژەوەندی خاک وگەل نەیهێشت پاش مردنی دودایێفی سەرکردە لەسەر کورسی یەکتری قرکەن و دڵی دوژمن بەخۆ خۆشکەن.

ڕۆیتەری لەندەنی نووسیوەیەتی دەڵێت: مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان دەیەوێت باکووری عیراق بکرێت بە هەرێمێکی ژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان تا ئەوکاتەی کێشە لەگەڵ عیراق تەواودەبێت. بارزانی لە چاوپێکەوتنی بێهاوتای ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژئاواییدا گوتی(دەبێ مرۆڤ هەندە لەخۆبووربێت ئەزموون نەیهێنی خۆی نەشارێتەوە) لەوێدا مەبەستی لە سەرنەگرتنی تاقیکردنەوەی ئۆتۆنۆمی کوردە. هەروەها ئەو سەرۆکەیەی کورد لە چاوپێکەوتنی هەردوو ڕۆژنامەنووسی( گاردیان ) و ( ئەنیپێندنت)ی بەریتانیدا ترسی خۆی دەربڕیوە لەوەی کۆمەڵی کورد چەشنی سۆماڵ و ئەفغانستانی بەسەربێت. بارزانی لێرەدا تاڵەبانی ناحەزی بەدەسپێکەری جەنگ ناودەبات و مەبەستی بووە ئەو هەڵبژاردنە هەڵوەشێنێتەوە کەدەیزانی خۆی تێدا دۆڕاوە. هەروەها بارزانی مەترسی خۆی دەربڕیوە بەرانبەر بەوەی کوردستان ببێت بەچەند میرنشینییەکی دژ بەیەک، و دەڵێت کێشەی سەرەکی نێوان ( پاش کوشتوبڕ و تالانی و وێرانکاری و لەناوبردن و دیل لەیەک گرتن) بێباوەڕی خستە نێوان لایەنەکان. دەڵێت شەڕ و لێکدانەکەی مانگی پێشوو لە ٣٢ ساڵی ژیانی ڕامیاری ئەودا نالەبارترین تاقیکردنەوە بووە و دەڵێت: بە هاوکاری دەزگاکانی نێونەتەوەیی و بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێونەتەوەیی کە بە پاراستنیمان بەهرەوەربووین و هەڵبژاردنێکی پیرۆزمان ئەنجامدا بەڵام ڕووداوەکانی پاشی (لەیەکدان) دەستخەڕۆی کردین. پێویستە دان بەوەدا بنێین کە وەک قوتابی ئەزموون نەبڕیومان بەسەرهاتووە [١٥].

بابێینەوە لای وڵامەکانی تری مامە کە بە شیحان دەڵێت:... ئێمە ناقایل نین بەوتووێژ و من لەنالەبارترین کاتدا چووم بۆ بەغدا و ئەو ڕۆژەی دەستم لەملی سەرۆکی عیراق کرد، کاری تێکردم و خوتەوبۆڵەی زۆری بۆ درووستکردم ( بۆچ من دەسلەمڵانێی سەدام بم کە هێشتا هیچیان لەئەنجامی کوشتوبڕ و بزربوانی هێرشەکانی ئەنفالی پاش جەنگی عیراق و ئێرانیان بۆ روون نەکردووینەتەوە. ئەو کارە لەلای کورد زۆر دژوار بوو.... ئێمە گوتمان با چاو لەڕابوردوو بپۆشین .... لە وڵامێکی تردا دەڵێت: گشت کۆشش و وتووێژ لەگەڵ بەغدا لەلایەن خودی کوردەوە بووە ... هەروەها دەڵێت : جگە لەوی ساڵی ١٩٨٥ هیچ یەکێک لە وتووێژەکان بە ئەنجامی ئەوتۆ شایانی باس نەگەیوون، چونکە هەرچەندە ڕێکەوتبین تورک کاری تێکردووە و هەڵیوەشاندوەتەوە. هەروەک لەوباوەڕەدانیم من بوێتمە هۆی ڕێنەکەوتن لەگەڵ بەغدا، پێش گشت لەگەڵ سەرۆکی

15 ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ژمارە٢١/٢٢ی ١٦ یۆنیۆی١٩٩٤.

عیراقی سەدام حوسێن کە پەلێنی پێدام سەرم لەنێو کوردانی تورکیا و ئێران بەرزکاتەوە !!!.

بەویژدانتان پێشەوایانی نەتەوە. کام تاکتیکتان بەگوێرەی ڕۆژ لەوی سەرانی یەک سەدە لەمەوبەر پێشکەوتووترە کەخودی ئێوەی ڕامیارزان ڕەخنەیان لێ دەگرن و دەڵێن گوایە ئەوان هەلی بەتالی و لاوازی دەسەلاتی ڕژێمی عوسمانی (هەروەها سەفەوی)یان نەقۆستەوە و ڕاپەڕینەکانی ئەو ڕۆژانەی گەلی کوردیان بەفیڕۆ داوە. پاشا کوورەی میری سۆران، سەدوشەست ساڵ لەمەوبەر بەمەبەستی کوردستانی مەزن ویستی بەڕاوێژ لەگەڵ میرە کوردەکانی تردا یەکبگرن. بەڵام بەداخەوە ئێوە لەم کۆتایی سەدەی بیستەدا تازە بەبراکوژی میرنشینی سۆران و بادینانمان بۆ جودا دەکەنەوە. کێ ئەوە نازانێت کە لەکاتی کەرتکردنی نەخشەی هەرێمدا زلهێزەکان لەبەر بێسەروبەری سەرانی نەتەوەی کورد سنووریان بۆ جودا نەکردنەوە. مەگەر سەرۆکی ئەمریکا "ویلسون" هەشتا ساڵ لەمەوبەر ئەو بانگەی بەگوێماندا نەداوە کە: تا خێڵە لەیەک دابڕاوەکانی کورد و سەرکردەکانی لەڕەوشی ژیانی ڕامیاری گشتی نەگەن، و یەکگرتنیان تەنها لەبەر دژایەتی بەو دام ودەزگایە بێ کە دوورنیە بیانخاتە ژێر دەسەلاتی عەرەب. (کێشەی کورد هەروا بێچارەسەر دەمێنێتەوە) [16].

کەمرۆڤ ئەمڕۆ دەڕوانێتە میرنشینەکانی کەنداوی (عەرەبی = فارسی) و جیاوازی ڕادەی پێشکەوتنی باری ژیانی ئابووری و کۆمەلایەتی و زانستی و هتد ... ئەوان لەگەڵ ئێمە، دۆش دادەمێنێت لەو خووە ناتەبا نەگریسەی میرەکانی کورد بۆ ئەم نەوە بیرتەسکەیان جێهێشتوە. دەبوو " بەپێی پێویست" بچووکترین قوژبنی ڕزگارکراو لەخاکی کوردستان ببێتە لانە وحەشارگە بۆگشت کوردپەرەگەزێک، بەڵام بەداخەوە لەناو بزوتنەوەکانی کوردی ئەمڕۆماندا ئەوە بۆچوونی نابەجێیە. گشت یەکێک لە لایەنەکان میکافیلانە بەگوێرەی خواستی ڕژێمە دیکتاتۆرەکەی ئەو بەشە ڕەفتار دەکەن. هەریەکەیان دەیەوێت خۆی دەستپێشخەری پەیمان بێت لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان، و ئەو دوژمنانەیش هەمان ناتەبایی و ناکۆکی خۆیانیان بۆ دەکەنەوە بە سەنگی تەرازووی وتوویژ و ڕێکەوتن لەگەڵیان. ئەو جۆرە هەلومەرجە و هەندێک تایبەتمەندی تری ڕۆژ بوونەتە هۆی نەحەواندنەوەی لایەن و کەسانی تری بزووتنەوە کوردیەکانی هەلدێن لەدەست ڕژێمە داگیکەرەکانی بەشی تری کوردستان، بەتایبەت لە باشووری کوردستانی پاش ڕاپەڕین.

بەمەبەستی لەناوبردنی یەکجارەکی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، ڕژێمی عیراق و تورک لەهەرەسی شۆڕشی ئەیلول بەدواوە پەیمانی لەشکرییان لەگەڵ یەک بەست و عیراق بۆ پاراستنی سنوور لەدەست کوردی " گێرەشێوێن! " لەشکری تورکی سەرپشک کرد بە ١٠ تا ١٥ کیلۆمەتر هاتنە ناوقوولایی خاکی عیراق. مۆرکردنی ئەو پەیمانە لەلایەن عیراقەوە بۆ ئەوە نەبوو تورکیا

16 ـ م س لازاریف، المسالە الکردیە(١٩١٧ـ ١٩٢٣) وەرگێڕانی د. عەبدی حاجی، بەیروت ١٩٩١، لاپەڕە ٤٠. لەوێدا بڕوانە ـ Wilson, Msopotamia 1917-1920.

دوای کوردانی ژێر دەسەڵاتی خۆی بکەویت، بەڵکوو ئەو لە ١٩٨٠ بەدواوە گیرۆدەی جەنگ بوو لەگەڵ ئێران، و بەتایبەتی لە ١٩٧٦ بەدواوە کە لەباشوور کوردستاندا بزووتنەوەی چەکداری دیسان هەڵگیرسایەوە، دەیویست ئەو سپایەی تورک بکاتە هاوپەیمانی خۆی کە تۆقیبوو لە سەرهەڵدانەوەی شۆڕشی کورد لەتورکیا. بەڵام جێی داخ ئەوەیە، پاش ڕاپەڕین هەریەک لە لایەنەکانی بزووتنەوەی کوردی داکۆکی لە جەربەزەیی یەک لەو ڕژێمانە کرد و بەر لەپەناداني جەنگاوەرانی بزوتنەوەی بەشی باشوور و ئەویدیش لەوانی بەشی ڕۆژهەلاتی کوردستان بگرن. لەلایەکەوە پ د ک ـ یەکگرتوو بووە هاوکاری تورکیا بۆ لێدانی بنکەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان[17]. یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیش لەبەر هاوپەیمانی لەگەڵ ڕژێمی ئێران تەنگی بە کوردانی هەڵهاتوو لەدەست جەوری ڕژێمی ئیسلامی هەڵچنی[18].

سەرەڕای پەژارەی پەنابەرانی ڕۆژهەلاتی کوردستان[19]، یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەفیتی

---

17 ـ ڕۆژی ٢٠ و ١٩٩٥/٣/٢١ ڕژێمی تورک ٣٥٠٠٠ سەربازی پڕ چەک بەتۆپ و تانگەوە و لەژێر سێبەری فڕۆکەی بۆمبهاوێژدا هێرشیان بردە سەر کوردستانی باشوور و ٤٠ کیلۆمەتر چوونە ناو قوولایی سنووری نێونەتەوەیی عیراقەوە کە لەو ڕۆژەدا ناوچەی دەسەلاتی پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان بوو، بۆ پەلاماردانی تەنها ٣٠٠٠ پێشمەرگەی پارتی کرێکارانی کوردی خاوەن چەکی سووک. تانسو چیلەری سەرەک شالیارانی تورکی لەیەکەم ڕۆژی نەورۆزدا( لەبری پیرۆزبایی جەژن ) گوتی ئەو هێرشەمان بەپێی نەخشەی دیاریکراو ڕێکخستووە بۆ نیوترال کردنی PKK لەناوچەکەدا. ئەو هێزە پتر لەسێ هەفتە مانەوە و بێ دەسکەوتی شایانی باس لێی کشانەوە.

18 ـ ... واشنتۆن دانی بەوەدا ناوە کە فڕۆکەی جەنگی ئێران ڕۆژی شەممەی پێشوو«ئێوارەی جەژن» بۆلێدانی بنکە کوردییەکان پەردەی قەدەغەی ئاسمانییەکەی باکووری عیراقی بڕی کە لەساڵی ١٩٩١وە خراوەتە سەر ژووروی هێڵی ئاسۆیی ٣٦. تاران دەڵێت لەشکری ئێرانی لەڕاوونانی ئەونەیارە ئێرانییانەدابووە کەهەڵهاتوونەتە ناو خاکی عیراق و لەوێوە دزە دەکەنەوە بۆناو ئێران و ١٤کەسی لێکوشتوون و بریندارکردوون. هەرچیش پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە(نەیار بەڕژێمی تاران)لەلای خۆیانەوە دەربانبڕی کەهێرشەکە بۆسەر ئۆردوگای کوردە ئێرانییەکان بووە و چواری لێکوشتوون و چەنکەسێکیش بریندار بوون. ـ هەفتەنامەی(الاخبار للمهاجرين) ژمارە ١١، ٢٥ مارسی ١٩٩٣.

19 ـ ... شالیارگەی دەرەوەی عیراق هەڵسووڕێنەری کاروباری ئێرانی بەغدای بانگکرد و ڕەخنەی توندی عیراقی پێ ڕاگەیاند دژ بەو بۆمبارانەی ئێران لە ١٩ی ئەپریل و لەوەودوا کردوویەتییە سەر گوندەکانی. وتەبێژێکیش بە ناوی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی "نەیار بەتاران" لە پاریسەوە بلاوی کردووەتەوە، کە لەشکری ئێران بنکەکانی ئەوپارتەیان لە ناوچەی سلێمانی کە دەکەوێتە باکوری عیراق بۆمبباران کردووە و لە ئەنجامدا نزیکەی پێنج هەزار کوردی عیراقی و هەروەها پەنابەر لەگوندەکانی ئەو ناوچەیە ئاوارەبوون. ـ سەرچاوەی سەرەوە، ژمارە ١٥ی ٢٩ ئەپریلی ١٩٩٣.

ئێران تەنگی بەوان و دامودەزگای پارتەکەیان "پارتی دیموکراتی کوردستان ـ ئێران" هەڵچنی کە چەند ساڵ لەوەوبەر" تا کاتی ڕاپەڕین" هاوپەیمانی بوون، و برابەشی ئەو خەرج و ئازووقە و تەقەمەنییەی ئەوان بۆ لێدانی ئێران لە ژێمی عیراقیان وەردەگرت*. تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی هاوینی ١٩٩٥ لەسەر خواستی ڕژێمی ئێران ئێزگەی ڕادیۆکەیان پێداخەن. [شیحان، لەدرێژەی چاوپێکەوتنی مام جەلالدا دەڵێت؛ ... لەسەرچی تاڵەبانی لەم دواییانە جموجۆڵی کوردەکانی ئێرانی سرکرد. ... تاڵەبانی لە وڵامدا دەڵێت: ... گشت پێداویستییەک ڕەوشی خۆی هەیە، ... کوردانی ئێرانمان لەمەوبەر لێرە حەوانبووەوە ... بۆ گشت جۆرە چالاکی و بڵاوکراوەیەک سەرپەستمان کردبوون، ئێران پێی ڕاگەیاندین کە ئەگەر بێتو چالاکی جەنگی کوردەکانیان لە هەرێمەکەمان قەدەغە بکەین ئەوا هەڵوێستمان بەرانبەر دەگۆڕن ... لەبەر ئەوە بەکوردی ئێرانمان گوت ... چواردە ساڵە ئێمە دژ بەڕژێمی ئێران جەنگتان بۆدەکەین ئێستایش گوزەرانمان ناڵەبارە، لێمان خواستن چالاکی لەناوچەماندا ڕاگرن، هەروەها ئێزگەکەیان. ئەمە ڕاستی سەنگ و سەوای ئێمەیە لەگەڵ تاران].

هەرلایەنە و سەنگوسەوای تایبەتی خۆی هەیە لەگەڵ دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان. کە ڕەخنەیش لەیەک دەگرن هەریەکەو ئەویتریان بە نۆکەری ئەو دەوڵەتە ناودەبات کەتا دوێنی خۆی لەو باری نۆکەرییەدا بوو. سەرئەنجام شەڕە جۆینیان لێ دەبێتە براکوژی و دەوڵەتە دۆستە دوژمنەکانیش لێیان دەبنە ناوبژیکەر.

سەرۆکی تورکی، سلێمان دیمیرئێل لەشارۆچکەی کیمیری پارێزگای ئەنتالیادا گوتی، سەرانی تورک پەیوەندییان کردووە بەو دوو لایەنە کوردیەوە کە لەباکووری عیراقن و سنووری هاوبەشیان هەیە لەگەڵ تورکیا تا کێشەکەیان ( ئاشتییانە!) چارەسەرکەن. هەروەها دیمیرئێل لەگفتوگۆدا لەگەڵ ڕۆژنامەنووسانی ئەو شارەی کەنار دەریا گوتی؛ پەیوەندی ئێمە لەگەڵ دوو سەرکردەی کوردی عیراق، تاڵەبانی و بارزانی بۆ نەهێشتنی کێشەی نێوانیانە، بەڵام بنکەی پەیامی تورکیا لەزمانی دیمیرئیلەوە بڵاویکردەوە کە ئەو کۆششەی تورک ( ناوبژی نیه [20] )]

بەڵێ، دەمیرئێلیش و ئەسەدی سەرۆکی سوریا و ئاخوندەکانی ئێران و گشت دەسەڵاتدارانی تری هەرێم، و لەسەرووی ئەوانیشەوە زلهێزەکانی ڕۆژئاوا کەوتنە ناوبژی. کۆبوونەوە و کۆڕی ئاشتییان لە فەرەنسا و ئایرلەندا و وڵاتانی دراوسی و تەنانەت لەخودی هەرێمە کوردییەکەیشدا بۆ سازکردن. سەرلێشێواوی ئەو میللەتە چەواشەبووە گەیشتە ئەوەی دوو ڕۆژ پاش گەڕانەوەی چاودێری ئەمریکایی بۆکۆڕی ئاشتی نێوان دوو پارتی دەسەڵاتگر بەسەر پەرلەمانی ( فیفتی فیفتی)، واتە ڕۆژی ٣١ی ئۆگستی ١٩٩٦ هێزی پارتەکەی "مەسعوود بارزانی" بەهاوکاری تیپەکانی گاردی کۆماری عیراق و لەژێر چەتری هەلیکۆپتەر و تۆپ و تانگی ڕژێمی بەعسدا

20 ـ هەمان ، ژمارە١٨ ی ٢٧ مای١٩٩٣.

هێرشیان بردە سەر پایتەختی هەرێمی ئۆتۆنۆمی، و هێزی "جەلال تالەبانی لەوێ و لە سلێمانی دەرپەڕان. ئەویش لەماوەی یەک هەفتەدا بەکۆمەکی سپای پاسدارانی ئێران، سلێمانی لێسەندنەوە. چەند هەفتە لەوەوبەر "جەلال تالەبانی" لە تەلەڤیزیۆنی پارتەکەیدا هەڕەشەی داوە کەدەڵێت:( دەبێ جارێکی تر مەسعوود هەر لەدوورەوە بەدووربین بڕوانێتە هەولێرا. بەدووربینی درێژ !). هەروەها لەشوێنێکی تردا دەڵێت: "... مەگەر چۆڤان بەشەق لەهەولێر دەرکردن دەبێ ئەوانیش وامان دەرکەنەوە ". بێگومان ئەو تاک ڕەویی دەسەلاتەی ئەوانیش بەسەر هەولێردا لەبەر ئەوەبوو کەپارتی لەداهات و بووجەی گومرگی ئیبراهیم خەلیل نەیکردن بەخاوەن بەش!. جەنگ لەوەدا نەوەستا بەڵکوو هێزی هاوبەشی پارتی و عیراق بەسێ ڕۆژ دەستیان گرت بەسەر گشت ناوچەی دەسەلاتی یەکێتیدا، و ئەو بگرەوبەردەیە(دیسان) بوەهۆی ئاوارەبوونی چل پەنجا هەزار کەس لەکێوەکانی سەر سنوور و ناو ئێران. ئەمریکایش نزیکەی دوو هەزار کەسی کورد و عیراقی لەهاوکارانی (C.I.A) و ئەوانەی لەڕێکخراوە بیانییەکاندا کاریان دەکرد بە دوو پۆل لەڕێگەی تورکیاوە دەربازکرد بۆلای خۆی.

لەوەدا تورکیا کەوتە جموجۆڵی دیپلۆماسی بۆ قایلکردنی ئەمریکا و زلهێزە ڕۆژئاواییەکانی تر کە بۆی هەبێت ( گوایە بۆ پاراستنی ولات لەمەترسی هێرشی پ ک ک) پشتوێنی ئاسایش دروستکات بە قوولایی پانزە تا بیست کیلۆمەتری ناو سنووری نێونەتەوەیی عیراق، و دانیشتوانی لێ ڕاگوێزێت و تورکمانیان لەبری دانێت. بەلام بەهۆی ناکۆکی لەگەڵ ڕژێمی ئەو ڕۆژەی تورکیاوە و ناقایلبوونی ولاتانی عەرەب کە ئەوەیان بە هەنگاوی داپچڕینی بەشێک لەخاکی عیراق زانی، ئەو بڕیارە ئەگەرچی کەوتە کار بەلام لەوڕۆژەدا ئاشکرا نەکرا.

لەولایشەوە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کەپەنای برد بۆ ئێران و بەکۆمەکی ئەو هێزەکانی خۆی کۆکردەوە و هێرشی هێنایەوە و بەرەبەرە لەماوەی پێنج هەفتەدا شارۆچکەکانی ڕانیە، قەلادزێ، هەڵەبجە و پێنجوینی گرتەوە. لە ١٣ی ئوکتۆبەری ١٩٩٦دا بەهاوکاری تۆپخانەی ئێرانی دەنگی دووبارە دەسگرتنەوەی بەسەر شاری سلێمانیدا ڕاگەیاند. ئەوەی شایانی باسە، زیانی گیانی شەڕی[21] براکوژی لەساڵی ١٩٩٣وە تا ئۆکتۆبەری ١٩٩٦ گەیشتووەتە نزیکەی دوو هەزار کەس .

ئەگەر نەهامەتی کورد نەبێت چی پێویست دەکات نوێنەری ئەو دوو پارتە[22] لەژێر فشاری ئەمریکا و چاودێری تورک بکەونە وتوویژ بۆ ئاشتبوونەوە تا تانسۆ چیلەر سێ ملیۆن و نیو

---

21 ـ دەنگوباسی تەلەفزیۆنی( MBC)لەندەن، ڕۆژی ١٩٩٦/٧/٣٠،

22 ـ لەدوا هەفتەی دیسەمبەری١٩٩٥دا هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی تورکی کرا و پارتی ڕەفاە بە سەرۆکایەتی نەجمەدین ئەربەکان زۆرترین دەنگی هێنا (بەهۆی قەدەغەبوونی پارتە نەتەوەییە کوردییەکانی باکووری کوردستانەوە، کۆمەلی کوردەواری بەزۆری دەنگیان بۆ ئەو پارتە دا کە خاوەن ڕێڕەوێکی ئاینییە و نەیارە >>>

تورکومانی (تۆرانی!؟)مان بۆ دابتاشێت و بیانکات بەچاودێری ڕاگرتنی ئاشتی بەسەر دوو برای کوردەوە. دیارە لەخوارووی کوردستان (پاش ڕاپەڕین) سێبەری داربەڕوو نەماوە ئەوان وەک دوو برای لێکرەنجاو ڕازوگلەیی خۆیانی لەبن بکەن. یان بەرژەوەندی تایبەت ڕێگەنادات بەسەرانی کورد چاوی ڕەفتار لەجوتیارە نەخوێندەوارەکانی قامیش ودڕی سالانی پێش تەختبوونی ئەو گوندانە بکەن [22]..

---

<< بە پارتە ڕاستڕەوە کەمالییەکان). پارتە ڕاستڕەوەکانی دۆغرو یۆڵ(ڕێی ڕاستی) بە سەرۆکایەتی تانسو چیلەر و ئەنەوەتەن(نیشتیمانی دایک) بە سەرۆکایەتی مەسعود یلماز دووەم و سێهەم بوون، پێش هەڵبژاردن بۆ ڕزگارکردنی کابینەی چیلەر کە لەئەنجامی شکستی ئابووری ولات ڕوخا، ئەو دوو پارتە پێکەوە بەسەرۆکایەتی چیلەر کابینەی هاوبەشیان پێکەوەنابوو. ئەمجارەیان لەبەر هەندێک ناکۆکی ئایدیۆلۆجی نەگەیشتنە ئەنجامی نوێکردنەوەی پەیمان وپێکەوەنانی کابینەی هاوبەش ئەوەبوو سپاسالاری تورکی لە ٣٠ دیسەمبەری ١٩٩٥دا هەڕەشەی توندی دا و گوتی: ئێمە هەرگیز ڕێگە نادەین دیموکراسیەت و بەرژەوەندی ولات بکەوێتە ژێردەست کەسانی ناشایستە" مەبەست بێگومان پارتی ڕەفاهی ئیسلامییە. ناچار ئەمجارەیش مەسعود و چیلەر یەکیانگرت و کابینەی هاوبەشیان پێکهێنا و چەند مانگ مەسعود بوو بەسەرەک شالیاران بەلام فرچۆکی کورسی چیلەر ئەمجارەیش کابینەکەی هەڵوەشاندەوە. پاش گێرمە کێشەی زۆر ئەمجارەیان چیلەر لەگەڵ ئەربەکاندا ڕێکەوت و لەدوا هەفتەی مانگی جولیدا بەسەرۆکایەتی ئەربەکان لە کابینەیەکی نیمچە ئاینی تورکیدا کەوتە کار.

23 ـ قامیش و دڕی دوو گوندی هاوسێ و زۆر ناکۆکبوون بەیەک لەناوچەی ساوەت. کە دوانیان لەڕێی چوونەشاردا لەخوار ئاواییەوە بەیەک بگەیشتبان دەیانگوت: " ئامۆزا با ناکۆکی لەبن ئەو داربەڕووە حەشاردەین تا دەگەڕێینەوە". ئەودووە وەک دوویرا شاخ و کێوی شارباژێڕیان دەدایە بەر و تا دەگەڕانەوە هاوچێژی تاڵ و ترشی یەکبوون. شەوی ١٦و ١٧ی نۆڤەمبەری ١٩٩٧ دەستەیەک لە سەرۆک و نماینەکانی پارتە کوردستانییەکانی باکووری کوردستان کۆڕێکیان لەئێزگەی تەلەفزیۆنی Med TV بەست و تێیدا لەو نامەیە دەدوان کەناردوویانە بۆ لایەنەکانی جەنگی(خۆکوژی) لە باشووری کوردستان( پارتی دیموکراتی کوردستانی یەکگرتوو، و پارتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، و پارتی کرێکارانی کوردستان و پارتەکانی تری هاوکار لەگەڵیان ) تا لەسەر دەستی ئەو برا کوردانەیان پێکبێن و چیتر خۆیان و خاکیان گورگانخوار نەکەن. پاش کەمێک وتوویژ( عەبدوڵلا ئۆتچەلان)ی سەرۆکی پ. ک. ک هاتە سەر تەلەفۆن، هەروەها وتەبێژی یەکێتی( قادری حاجی عەلی) و و ئەوی پارتی(دوکتۆر کەمال کەرکووکی) هەریەکەو تێبینی خۆی دەربڕی. سەیر ئەوەبوو کە هەرچ یەکێک لەوانە دەمی دەکردەوە خۆی بە ڕاست و ئاشتی خواست دەردەخست و دژەکەی بە چەوت و شەڕخواز. پێش لەوەی سپاسی کۆششی ئەو دەستەیە بکەن و ئامادەبوونی خۆ دەربڕن بۆ ئاشتبوونەوەی بێ مەرج و هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی سپی مەرجی نێوان پارتی و یەکێتی(کشانەوە لە سنووری دەسەلاتی یەکتری پێش ڕۆژی ١٢ی ئوکتۆبەری ١٩٩٧ ... و ... نەخێر ئەوەناکەین) بوو. تێهوانی پارتی و

ناوەندی مانگی فەبریوەری نوێنەرانی دووپارتی ناکۆک، بە فرمان و لەژێر چاودێری نوێنەری ئەمریکی و تورک پێکهاتن لەسەر ئەوەی هەردوولا هێزی چەکداریان لەو ناوچانە بکێشنەوە کە ناکۆکن لەسەری (ئیتر هیچ باسێک لەباری چارەنووسی هەرێم نەکرا !؟). ئەوجا "جەلال تالەبانی" سەرۆکی یەکێتی ڕۆژی ٢٠ی فەبریوەر لەسەر ڕووبەری تەلەڤزیۆنەکانی mbc و DU-BAI شانبەشانی چیلەری جێگری سەررەک شالیارانی تورکیا دەرکەوت و بەپێی وتەکانی پەیامنێری ئەو دوو تەلەڤزیۆنە، جەلال تالەبانی بەڵێنی بە چیلەر داوە ( پ ک ک )یان بۆ چەک بکات. هەروەها پێیگوتووە کە ئەوان هەرگیز بیری خۆ جوداکردنەوەیان نییە لەعیراق بەڵکوو ئەوان تەنها بۆ ڕووخانی ڕژێمی سەددام و وەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی بۆ ئەو بەشەی عیراق دەکۆشن.

بێگومان ئەو هەڵوێستەی مامە لەتۆڵەی پیرۆزبایی کردنی PKK بوو لەو هەنگاوەی پارتی کە بەهاوکاری ڕژێمی بەعس هەولێری گرتەوە. بەڵام هەشت مانگ پاش لەوە هەڵوێست سەرووبن هەڵگەڕایەوە و ناکۆکی کەوتەوە نێوان PKK و پارتی، و ئەوجارەیش PKK بایدایەوە بەلای یەکێتیدا. لەملایشەوە پارتی بۆ لێدانی ئەوان پەنای بردەوە بۆ لەشکرە کوردکوژەکەی تورکیا، ئەوەبوو ڕۆژی ١٤ی مایی ١٩٩٧ پەنجا هەزار سەربازی پرچەک بەتۆپ و تانگ و هەروەها لەئاسمانەوە بە فڕۆکەی بۆمب هاوێژ و هەلیکۆپتەر هاتنەوە ناو قووڵایی سنووری دەوڵەتی عیراق. ڕۆژی پاش پەیامنێرەکانی ئێزگەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی جیهانی بەگشتی دەنگوباسی هاوکاری چەکدارانی پارتەکەی مەسعوود بارزانییان بڵاو کردەوە کەگوایە لەگەڵ هێزی تورکیدا ٨٣ یاخیبووی PKK یان کوشتووە. ئێزگە ساتیلیتییەکانی تەلەفزیۆنی تورکی ڕاگەیاندنی دەزگا کوردکوژەکەی تورکیای ڕۆژی هەشتەمی هێرشیان بە دووروودرێژی نیشاندا کەچۆن پاکسازییان لەقووڵایی خاکی عیراق « تا ئاکرێ » کردووە بەدرێژایی گشت سنوور( واتە لە قوژبنە سنوورییەکەی تورکی ـ سووری ـ عیراقییەوە تاوەکو ئەوەی تورکی ـ ئێرانی ـ عیراقی)، و پتر لە هەزار (تیرۆریست ؟!)یان کوشتووە.*

ئەری کەی سەرکردەی کورد(هەر هەموو وەکیەک) دوورتر لەمێز و بەرژەوەندی تایبەتی خۆ بیر لەستراتیجییەت و بەرژەوەندی گەل و نەتەوە پلیشاوەی ژێر هەرەسیان دەکەنەوە؟ باشە کەی دەماری کوردایەتی دەیانگرێت و دڵی( پرحەز لە تۆڵەیان ) نەرم دەبێت و فەلسەفەی ( لەسەر خوێنی خۆ خزمەت بەدوژمن ) ترۆ دەکەن؟. شەرمەزار نابن بەرزەجاشێکی وەک "جەوهەر

---

*"پ. ک. ک" بش دەرچوونی گشت هێزەکانی پ. ک. ک بوو لە باشوور، و ئەویدیش دەیگوت قایلن بەمەرجێک لەپێشدا پارتی دەست لە تورکیا بەردات. پاشان زۆر تانووت و وتەی نابەجێ بەیەک ئەنجام هیچ بوو. لەوانەیش سەیرتر ئەوەبوو کە دوکتۆر کەرکووکی هێرشەکەی تورکیای بۆ سەر باشووری کوردستان تاوانبار نەدەکرد و تەنها دەیگوت: "ئێمە دەڵێین گشت هێزێکی بیانی لەخاکمان دەرچێت".

سوورچی" کە تا ڕاپەڕینی ١٩٩١یش دەستی بەخوێنی پێشمەرگە و ئەنفالکراو و بزربووان سووربوو، ئەمڕۆ خۆیان لێبکات بەنەتەوەپەرست و بەدەنگی بەرز ڕەخنە لەبراکوژی ئەوان بگرێت[24].

من هەڵوێستی پارتی کرێکارانی کوردستانیش لەوانی سەرەوە بە کوردانەتر نابینم (جگە لەئێزگەی تەلەڤیزیۆنەکەیان کەتارادەیەک لەپاڵ خزمەت بەو پارتە کاری کردووەتە سەر هەستی لایەک لەجەماوەری کورد لەتورکیا و لەسەر ئاستی پۆلیتیکی تورکیا چەختە بۆسەر ڕژێم و سوپای تورک. هەروەک لەمێژووی کولتووری و میدیای کوردی ئەمڕۆدا یەکەم دەزگایە تارادەیەک باری کولتووری و ڕۆشنبیری کورد لەسەر ئاستی جیهانی بلاوبێتەوە). ئەمڕۆ PKK یش لایەنێکی تری دڕە لەتراجیدیای براکوژی. لەلایەکەوە خۆی وەک پارتی نەتەوەیی دەنوێنێت و سەربەخۆیی گشت کوردستانی دەوێت، وەکتریش چەندین جار ئامادەیی ڕاوێژی دەربڕیوە لەگەڵ سەرانی خوێنمژی ڕژێمی تورک. بەڵام لەڕاستیدا ئەو پارتێکی مارکسی لێنینییە و "عەبدوڵڵا ئوچالان"ی سەرکردەی ستالین ئاسا خاوەن تاکە دەسەڵات، هیچ تەبایی نانوێنێت بەرانبەر بەسەرانی پارت و لایەنە کوردییەکانی تر، و خۆی وەک سەرەکی بێهاوتای کورد دەردەخات[25].

لە باشووری کوردستانی" پاش ڕاپەڕین" دەیەها ئێزگەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن (کە میدیای ڕاستەوخۆیە بۆ چوونە ناو مێشک مرۆڤی کوردی خۆشباوەڕ) کرانەوە بەڵام بەداخەوە لەبری گۆشەکردن و زاخاودانی مێشکی کۆمەڵ بەکوردایەتی و ڕاهێنانیان بۆ دۆزی نەتەوەیی و مافی

---

24 ـ کاتی کۆرە تەلەفزیۆنییەکەی شەوی ١٦بۆ ١٧ی نۆڤەمبەری ١٩٩٧ی Med TV جەوهەر سوورچی (سەرۆکی پارتی پارێزگاران) لەباشووری کوردستانەوە تەلەفۆن کرد و جگە لە هەڕەشە و گورەشە لەپارتی بە مەسعوود بارزانی دەگوت( مەسعوود تۆرانی). ئەو ئەنفالچی کوڕی ئەنفالچییە، بەدرێژایی ژیانی خۆی و باوکی هەر جاشی ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عیراقی ئینگلیزی و پاشانیش کۆماری بوون، ئێستایش نەهامەتی ڕۆژگار و پێزی پاوەنی ئیستەرلینی کردوویەتی بەسەرۆکی پارتێکی(بەناو) کوردی. دەهاتە دەم و دەیگوت؛ هەرگیز ئەو قایل نییە لەگەڵ ئەو لایەنەدا ئاشتببێتەوە. دیارە یەکێتی ڕیزەکانی بزووتنەوەی کوردی لە بەرژەوەندی ئەو (ئەنفالچی کوڕی ئەنفالچییە) نییە.

25 ـ لەوەتەی بنکەیان لەبیقاعی نێوان سووریا و لوبنان بۆ کراوەتەوە نەتەنها ڕەخنەی لە ڕژێمی سووری( ناکۆک لەگەڵ تورکیا لەسەر ئاوی فورات و شاری ئەسکەندەرۆنە) نەگرتووە لەسەر چەوساندنەوەی کوردەکانی، بەڵکو ماوەیەکە ڕەخنەی سەیری وەک ( کورد لە سوریا چیدەکەن، چاکوایە بەگشتی بکشێنەوە بۆ باکوور) کە لە " سبعە أیام مع القائد و الشعب ئاپۆ" (حەوت ڕۆژ لەگەڵ سەرکردە و گەلدا " ئاپۆ") بلاویکردووەتەوە. هەروەها بەگوێرەی " حیات"ی لەندەنی، دەڵێت ( بزووتنەوەی کوردی باکووری عیراق خەنجەرە لە پشتی ئومەی عەرەبی و مەبەستە بۆ جوداکردنەوەی ئەو خاکە لە زەوی عەرەب) و هتد ...

چارەنووس، لایەنەکان ئەو میدیا بەنرخەیان تەرخان کرد بۆ پروپاگەندەی پڕوپووچ و بیری پارتایەتی تەسک و بەرژەوەندی تایبەت و پەرەدان بە ئاگری براکوژی.
ترازیدی کلاسیکی براکوژی لای کورد هەندە ئاڵۆز و چڕە لێرەدا ماوەی خۆداخمان لەباسی نیە، و تەنانەت وەک کوردێکی بێلایەن هەرگیز نامەوێت ڕەنگی هیچ لایەکیان لەخۆم هەڵسووم. بەڵام ڕووداوە ناهەموارەکانی ڕۆژگار ڕێگەی بڕینەوەی باس نادات بۆیە لەپەراوێزی هەندێک شوێنی پێویستدا بۆچوونی خۆمم نووسیوە.

ئەمڕۆ لەتورکیا چباسە؟!
بەهەڵەدا نەچووم ئەگەر بڵێم؛ ئێزگەی ساتیلیتی "Med TV" ناڕاستەوخۆ کاری کردووەتە سەر کوردانی باکوور و زۆر لەنەیارانی تورکیا کە لەدوا هەڵبژاردنی پەرلەرمانی تورکیدا دەنگ بۆ پارتی ڕەفاهی تورکی بدەن. چونکە ئەوپارتە نەیارە بە داروودەستەی کەمالیستانی "عیلمانی"، گوایە لەبەر مەترسی قوتکردنەوەی ئەرمینیایەکی تر لەتورکیا، دژن بەو دەزگا و بنکە سەربازییانەی ئەمریکا لەتورکیا کردوونیەتەوە بۆ پاراستنی "Free Zone"ی باکووری عێراق. ئەربەکانی سەرۆکی پارت پاش یەک هەفتە لەبوونی بە سەرەک شالیارانی تورکیا، پاش کۆبوونەوە لەگەڵ سپاسالاری تورکی ڕۆژی ٣٠ جولی ١٩٩٦ ئەندام و سەرکردایەتی پارتەکەی خۆی قایلکرد بە مانەوەی ئەو هێزانەی ئەمریکا تا کۆتایی ساڵ چونکە (بە وتەی ئەو) ئەمریکا پاشگەزە لەهەندێک هەڵوێستی بەرانبەر بەتورکیا. هەرلەوێدا ئەربەکان پشتگیری خۆی دەربڕی بۆ سپای تورک لە سەرکوتکردنی "پ ک ک" و تێکدانی بنکەکانی لەهەچ شوێنێک هەن[26]. ئەو تادستی نەگەیشتبوە کورسی دەسەلات دژبوو بەڕەشبەڵەکە کلاسیکەکەی تورکانی تۆرانی بەڵام هەر کە گەیشتە سەرشانۆی پۆلیتیکی هەمان وەک چیلەر بوو بەسەرچۆپی کێش.
لەسەرەتای ئۆکتۆبەری ١٩٩٦وە، ئەربەکان کەوتەگەڕ بۆ دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی. لەسەردانی "لیبیا"یدا بۆ بەستنی پەیمانی هاوکاری ئابووری نێوان دوو وڵات بەو وتانەی سەرۆکی لیبی زۆر قەڵس بوو کە لەوەڵامی پرسیاردا بە ڕۆژنامەنووسان دەڵێت: من لەگەڵ مافی کوردم و پێویستە پرسی ئەوان بە شێوەی ئاشتی چارەسەرکرێت، و هەر دەبێت کورد ببێتە خاوەن دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی. لەوێدا ئەربەکان گوتی ئێمە کێشەی کوردمان نییە، بەڵکوو تاکە کێشەی ئێمە لەگەڵ تیرۆریستە (واتە پ ک ک)[27]. ئەوە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە پارتەکانی تورکیا

---

26 ـ پەیامنێری تەلەفزیۆنی (MBC) لەندەن، ڕۆژی ١٩٩٦/٧/٣٠ لەئێستەنبوڵەوە.

27ـ ڕیپۆرتاجیستی تەلەفزیۆنی "الجزیرە"ی عەرەبی سەرلەئێوارەی ڕۆژی ٢٥ی مای١٩٩٧ کە ڕاستەوخۆ (زیندوو بلاوەکرایەوە) لە دواپرسیاریدا لە"برای سەرکردە" گوتی؛ ئێوە دەخوازن کوردی عیراق ببێتە خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆ. لەوڵامدا قەززافی گوتی: نە، نەتەنها کودی عیراق، بەڵکۆ (الامە الکردیە باجمعها) واتە

لەوپەڕی ڕاستەوە تا ئەوپەڕی چەپ (جگە لە دۆغرو یۆلی تانسو چیلەر، کە ڕووخانی کابینەکەی ئەربەکان دەبێتە هۆی کەوتنی ئەویش) بەگشتی کردیان بە گاڵە " چۆن دەبێت سەرەک شالیارانی تورک ڕێگەبدات بەخانەخوێکەی ناوی ئەوە بهێنێت کە لەتورکیا کێشەی کورد هەیە".

سەرئەنجام ناکۆکی ئەو پارتە ئیسلامییە لە هەندێک ڕووەوە لەگەڵ پارتە کەمالیست و عیلمانییەکان (کە لێرەدا مەبەستی باسیم نییە) گەیشتە ئەوەی لە ناوەندی مانگی مای ۱۹۹۷دا دادگای بەرزی تورکیا بڕیاری قەدەغەکردنی پارتی ڕەفاه دەرکات و ئەربەکانی بەگیرهاتوو لە ١ جونی ۱۹۹۷دا بڕیاریدا هەڵبژاردنی نائاسایی لەتورکیا بگێڕن و کابینەکەی بۆ چیلەری یاریدەری جێبهێشت و .... پاش ئەوە بە ماوەیەک پارتی ڕەفاه هەڵوەشایەوە و لەبری پارتێکی تری ئیسلامی دامەزرا بە ناوی " فەضیلە "، و ئەربەکان بەیەکجاری لە شانۆی ڕامیاری دوورخرایەوە.

## بیرکردنەوە لە کۆششی دیپلۆماسی

بێگومان زۆرجار بیر لەپێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردی کراوە، بەڵام بەداخەوە هیچکات پەسەندی گشت لایەنە ڕامیارییەکانی کورد نەبووە. تا کۆتایی ساڵی ۱۹۹۷ لەهەندەران چەند کۆنگرەیەک پێکەوەنرا و ماوەیەک کۆشیان بیکەن بەیەک، بەڵام شەڕی براکوژی باشووری کوردستان، بەتایبەتی جیوازی فەلسەفە و تاکتیک و بیروبۆچوونی ئەندامانی کە هەریەکە سەر بەیەکێک لە پارتە کوردی و کردستانییەکان بوون نەیهێشت ئەو پرۆژەیە سەرگرێت.

تائێستا کەسمان تێدا هەڵنەکەوت بیر لەرێگەچارەیەکی دیپلۆماسی بکاتەوە و کورد وەکوو میللەت، نەوەک دەوڵەت بەشێوەی چاودێر، یان تەنانەت وەک گوێگر بگەێنێتە ناو هۆڵەکانی دەزگای نێونەتەوەیی UN. هیچ گومان لەوەدانییە کە ئەوەی پتر ڕێی بۆ دامەزرانی دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستین، ئەریتریا، چیچینیا و بۆسنە ڕەخساند، ڕاستەوخۆ خستنە بەرچاوی کێشە و ڕوونکردنەوەی کارەساتی ڕۆژیان بوو لەلایەن نوێنەری خودی ئەو میللەتانەوە کە وەک چاودێر لەو هۆڵەدا بوون. بەڵام دەنگی کورد هەردەم لەڕێی وڵاتانی داگیکەری کوردستانەوە دەگاتە ئەوێ و هەر ئەوان لەبری بۆکرووز و دووکەڵی کەللەسەری ڕۆڵەی کورد، بۆنی نەوتی کانەکانی کوردستان دەکەن بەلووتی پارێزەرانی مافی مرۆڤدا.

## ئاوڕدانەوەیەک لە هەڵوێستی مارکسییانی نەتەوەیی و کۆمۆنیستانی کورد

شۆڕشی ئەیلوول هەرەسی هێنا و کۆمەڵێک خاڵی ئەزموونی "ئەشازی زۆر و چاکەی کەم"ی

---

گەلی کورد بەگشتی. وەک ئێمەی عەرەب سەربەخۆیی خۆمان وبەکگرتنی گشت دەوڵەتە عەرەبییەکان بۆخۆمان بەڕەوا دەزانی دەبێت بۆ میللەتانی تریش هەمان بێت ... ... . » و «

لەپاش خۆ بەجێهێشت. هەندەی نەبرد بزووتنەوە سەریهەڵدایەوە، بەڵام ئەمیان زۆر لایەنەبوو. وەک سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکراتی کوردستان بەزۆربەی خاڵە نەشازەکانی پێشووەوە هاتەوە پێش، ڕێکخراوە ڕامیارییەکانی تریش بەکۆمەڵێک هەڵوێستی نانەتەوایەتییەوە گۆڕەپانیان قەڵەبالغ کرد.

نەوشیروان مستەفا دەڵێت: لە گەشتەکەی زستانی ٧٢ ـ ٧٣یدا بۆ وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات، دژێوی سیستێمی کۆمۆنیزمی بۆ دەرکەوتووە[28] . بەڵام پێداویستی خۆبردنە پێش و سەرکەوتن لەقۆناغی سەرکردەیتی بزووتنەوەی ساڵانی دوای ئەو گەشتە ئەوی بەکێش کرد بۆ سەر هەمان هێڵی دزێو، و هەمان دروشمی ( ئەستێرەی سوور و داس و چەکوش)ی سۆڤیەت بوو بە دروشمی پارتەکەی و گشت ئەندام و پێشمەرگەکانی کۆمەڵە (بە خوێندەوار و نەخوێندەوارەوە) بوون بە کۆمۆنیستی نەتەوەیی بێ لەوەی بزانن سۆسیالیزمی یان مارکسیزم چییە و چیدەگەیێنێت!! و لەدایکی ئەوکەسەیان دەبرد کەڕەخنە لەمارکس و مارکسیزم دەگرێت، و ترۆفیزی فەلسەفەی مارکسیان بەسەر کوردی لادێیی بێچارەدا لێدەدا، و هەر چەشنی پارتی کۆمۆنیستی عیراق گۆم و گێژاوی( بەربەرەکانێی چینایەتی) یان قووڵترکرد. هەروەها زۆریتر کە لێرەدا ماوەی باسی نییە.

با تاوێکیش چمکی پەردە لەسەر هەڵوێستی پارتی کۆمۆنیستی عیراق و سەرانی هەڵماڵین (ناکوردەکانم لامەبەست نیە ) و بزانین بۆ پاش ئەو ڕیزە ساڵەی مێشکی هاوڕێیانیان تێدا کرمێ

---

28 ـ : ( لەکەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ) " دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عیراق" ١٩٧٥ـ ١٩٧٨. نەوشیروان مستەفا ئەمین، لاپەڕە ١٧ و ١٨. دەڵێت: ... ... "جارێکی تر سەفەرێکی درێژی چیکوسلوفاکیا و رومانیام کرد. هاوڕێ ی سەردەمی قوتابخانەم ئیبراهیمی شیخ مەحمود لەبوخاریست ئەیخویند. ئەو زەمانە ئیتر کومونیزمی ئەو وڵاتانەم لەبەرچاو کەوت. بەرتیلخوری بو بو بە نەریتێکی باو، لە هەمو حکومەت و حیزب دا ، تەنانەت لەناو پروفیسورەکانی زانستگادا، بڵاو بوبوەوە. هێشتا خانوی لە قور دروستکراو لە گوندەکان زور بو ئاستی ژیانی کاربەدەستانی حیزب و خەڵک بەئاشکرا دیاربو جیاوازە. تەنانەت ژمارەی ئوتومبیلەکانیشیان جیاواز بو. خویندکارە رومانییەکان هەندیکیان ئەوەندە هەژار بون لە میزا چاوەروانی خویندکارەکانی تریان ئەکرد کەی قاپەکانیان بەجینەهیشت، ئەمانە هیرشیان ئەکردە سەر میزەکە و پاشماوەکانیان ئەخوارد. لەخانوی خویندکاران کەس سابونی بە جی نەئەهیشت و، فانیلە، دەربی، گورەوی، خاولی.. لەدەرەوە هەڵئەواسی چونکە ئەیان دزی. بیگانە راوە کچی بە گورەوی و بلوز و مەمکەوانە ئەکرد. گەورەترین نەخوشخانەی (سفلس) لەوێ بوو.

کە ئەم دیاردە دزیوانەم ئەبینی سەریم بەو زنجیرە وتارە ئەهات کە چەند ساڵی لەوەو پیش، (پاریزەر بەهجەت محەمەد) لە حەفتەنامەی (ژین)ی سلیمانی دا لەژیر سەرناوی: (رومانیای تیر و تەسەل )دا نوسی بوی. لەخومم ئەپرسی: (ئەگەر ئەمانە تیر و تەسەل بن، ئەبی برسی کێبێت؟). ... ... ...

کرد ولاوی کوردیان بەدژایەتی هێزی سەرمایەدار و ڕۆژئاوا گۆشەدەکرد تا نەوناستەی نەتەوەکەیان بەو زلهێزانە گورگانخوارد کرد، بەڵام ئەمڕۆ( بەتایبەتی پاش پێرسترۆیکا و ئاشبەتاڵەکەی سۆڤێت) هەر لە ماۆستا عەزیز محەمەدەوە کە پتر لەچل ساڵ سکرتێری گشتی ئەو پارتە بوو( لە دانیشتنێکیدا بۆ برایەکی کوردی ئاوارەی گێڕاوەتەوە دەڵێت: "حیزبی شویعی " و بە تایبەتی خۆم کەسکرتێری یەکەمی بووم زۆر تاوانبارین بەرانبەر بەم ناهەمواریەی ئێستا کوردی تێکەوتووە. چونکە هەرچیمان کرد لەسوودی مۆسکۆ بوو و ئەوانیش هەر لە بەرژەوەندی خۆیان دەگەڕان) تا دەگاتە دەیەها ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و سەدەها ئەندامی سەرکردایەتی ئێستا لەولاتانی سەرمایەدار بێ کار وکاسپی پالیان داوەتەوە و مووچەی ژیانیان یارمەتی (ماڵی مامە[29])یە. چیتری لەسەر ناڕۆم چونکە دەمەوێت باسی هەڵە و تاوانەکانیان جێبهێڵم بۆ ئەو ڕوونکردنەوانەی خۆیان لەو پەرتووکانەدا دەیگێڕنەوە کە بەگەیشتنە هەواری نوێ هەریەکە و بەیارمەتی دەزگای کولتووری وڵاتی خانەخوێی سەرمایەدار ( لەبازاڕی ڕەشدا) بەچاپی دەگەیێنن و قازانجەکەیشی نۆش دەکەن، جا با هاوڕێی بێ دەرەتان لە کوردستان هەر ورگ هەڵگلۆفێت و بەبرینی ڕابوردوویەوە بتلێتەوە.

## خوێنەری هێژا

وەک ئەم بەرهەمەم لە دەقە عەرەبییەکەی "کورد وکوردستان" وەرگرتووە کە (ڕێکخراوی فەلەستینی ـ فتح) بەمەبەستی پتر هۆشیار و شارەزاکردنی کادیر لە ژیانی گەلانی چەوساوە لەخودی سەرچاوەی فرەنسی "ژیرالد چالیاند" وەریگێڕاوە. دێرەدێرپیش ڕوانیومەتە وەرگێڕانە فارسییەکەی مامۆستا برایی یونسی "(کردها)ـ چاپی تاران، ١٣٧٢ی هەتاوی". و بە ئینگلیزی کراوەکەی بەڕێز (David McDowall) کە لەفەرەنسییەوە وەریگێڕاوە و ناویناوە( A PEOPLE WITHOUT A COUNTRY ) چونکە دەڵێت، ئەو ناوە گونجاوترە لەگەڵ پرسی ئەمڕۆی کورد. بەڵام منی کوردی ئاوارە و ژاراوچێژ، ناوی ( گەلێکی پەژموردە و نیشتمانی پەرت )م بەگونجاوتر زانی بۆ ئەو پرسە ئاڵۆزە.

بێگومان لێکنەچوونی زۆرم بەرچاوکەوت، و لەپەراوێزدا دەرمخستوون، چی لەشێوەی داڕشتن و چیش لەنووسینەوەی ناو و شوێن و هەروەها ساڵ و مانگ و ڕۆژی ڕوداودا. ئەوجا گوێمنەداوەتە پێشوپاش کەوتنی بڕگە، بەڵام ئەوەی لە عەرەبییەکەدا دەرنەکەوتبێت ئەوا بەگوێرەی فارسی و ئینگلیزییەکە لەناو دوو کەوانەی لەم شێوەیە [ ] نووسیومنەتەوە و لێکچوون، یان

---

29 ـ یارمەتییەکە مانگانە ناوەندی کۆمەلایەتی شارەوانییەکان (سۆشیال) دەیدەن بە کەسانی کەمدەرامەت، بێکار و پەککەوتە. زۆر لەو پەنابەرە گەنجی بێفەڕانەی کارناکەن( یانیش بە دزی ئەو ناوەندەوە بە ڕەش کاردەکەن و دەستیش لەو دەزگایە پاندەکەنەوە) ئەو دەزگایەیان ناوناوە( ماڵی مامە).

نەچوونیم لەگەڵ ئینگلیزییەکە لەپەراوێزدا ڕوونکردووەتەوە.

هەرچی تێڕوانین و سەرچاوەکانی خودی نووسەرە وەک خۆی بەغرەی عەرەبی چەشنی ١ ـ ... لەدوا لاپەڕەی گشت بەشێکدا لەژێر ناونیشانی " تێڕوانین " نووسومەتەوە. و گشت باس و تێبینی جیاوازی وەرگێڕانە فارسی و ئینگلیزی ـ یەکەیشم بەپیتی " F ـ واتە فارسی" یان " E ـ واتە ئینگلیزی" لە پەراوێزدا ڕوونکردووەتەوە. یان هێمای دک " F ـ 3 و E ـ ..."م بۆ لەیەکچوونی هەردووک فارسی و ئینگلیزییەکە داناوە. یانیش ئەگەر یەکێک لەو دووە لە عەرەبییەکە چوویێت ئەوا بۆ ئەو یەکەم نووسیوە « هەمانە » " وەک ( F ـ 3 ـ هەمانە. و E ـ ... ". لە هەندێک شوێن بۆ ئەوەی باس نەبچڕم هەڵکەوتووە لەناو خودی باسەکەدا بە کوردتی لەنێو ئەم جۆرە دوو کەوانەیە « F و E ـ ... » نووسیومەتەوە. چونکە بەشەکانی " ئارشی ڕۆزفیلد و د. قاسملو " لە وەرگێڕدراوە فارسییەکەدا نییە تەنها جیاوازی عەرەبییەکەم لەگەڵ ئینگلیزییەکە بەراوردکردووە.

بەپێی پێویست لەهەندێک شوێن هێمای « و »م لەبری وشەی وەرگێڕ نووسیوە. (جگە لەپێشەکی بەکوردی کراوەکەی ئاسری ڕەزازی)، لەهەچ شوێنێکدا دوو کەوانەیی وەک « ... ـ و » یان « ... » بینرا، ئەوا لەمنی وەرگێڕەوەیە.

لەگشت ئاشکرایە کەهیچ بەرهەمێک لەڕەخنە بەدوور نابێت، بەڵام ڕەخنەی بەجێ ئەوەیە کە بەخاوەن بەرهەم بگاتەوە تا ئاستی توانا و ڕادەی پەسەندبوونی بەرهەمەکەی بۆ دەرکەوێت. لێرەدا دەمەوێت پێشکەوم و وەڵامی ئەوانە بدەمەوە کە دەپرسن؛ بۆچی " گەلێکی پەژموردە ... "؟ دەڵێم لەبەر ئەوەی پەژارە کارێکی ئەوتۆی بە نەتەوەکەم کردووە گشت ساتێک بڵێین (خۆزگە بە پار). یان بۆ "نیشتمانی پەرت" نەک "... نیشتمانێکی پەرت"؟ دەڵێم هەچکاتێک خەونی دەوڵەتی کوردی سەربەخۆ هاتەدی ئەوا بۆچوونی ڕەشبینانەی کەسانی وەک من لەخۆیدا پووچەڵ دەبنەوە. سێهەمین و دوارەخنەی لەخۆمی بگرم؛ هەڵبژاردنی وێنەی ڕووی بەرگە، بەڵام وەڵامم هەر ئەوەیە کەخودی دیمەنەکە دەینوێنێت و دەڵێ: "تاکەی ئەوەی ئەو خاکە پڕ بەرهەم و پیتە چاو ببڕنە کۆمەڵەی بیانی" ....

ئەوجا دڵم زۆر فراوانە بۆ گشت جۆرە ڕەخنەیەک و لەکەموکووڕی و هەڵەی پیتڕێژی، وشە، جۆری نووسین و تێبینییەکانی خۆم کە هێمای " « و » " پێوەیە ببوورن ... زۆر سوپاس ....

# کورتەیەک بۆ چاپی دووهەم

خوێنەری هێژا، کەسەرەتا زانیم ئەو بەرهەمەی دەستی دەدەمێ مەزنە و پێویستی بەکات و توانای زۆرە، بەباشم زانی کۆمپیوتەرێکی بۆ بکڕم تا بەربەبەر و هاوکات لەگەڵ وەرگێڕانیدا لە وەرگێڕدراوە عەرەبییەکەوە بینووسمەوە و هەمان کات بەراوردی بکەم لەگەڵ وەرگێڕدراوە فارسی و ئینگلیزییەکەی ئەو بەرهەمە. ئەوەبوو داتایەکم کڕی و سەرەتا شانم دایە بەر خۆ ڕاهێنانی چۆنێتی بەکارهێنان و نووسین. جا لەبەرئەوەی ڕۆژانە کاردەکەم و زۆر جار کە دێمەوە ماڵ پێویستم بە پشوو هەیە، هەندەم کاتی نووسین بەدەستەوە نامێنێت. وەکتریش نامەوێ ئەوە بشارمەوە کەمن مرۆڤێکی ئەوتۆم هەرگیز بە ڕووکەشی کار قایل نابم، بۆیە لەهەمان کاتی نووسینەوەدا زۆرم کات کوشت بە خۆفێرکردنی چۆنێتی دەسکاری و ڕێکخستنی سستێم و پرۆگرام و هتد .... جا ئەو سەرەتایە لەکاتی مۆنتاژدا تووشی ئەوەی کردووم کە لەئەنجامی بڕین و پێوەلکانی کۆپلە و بڕگە و دێڕ، کە پێویست بوو بەمەبەستی گونجاندنی باس پێش و پاش بخرێن، هەڵەی زۆر بکەوێتە ناو خودی ئەو نووسینە، و لە هەندێک شوێن واتای وشەی پێ گۆڕاوە. ئومێدەوارم لەم پێداچوونەوە بۆ چاپی دووهەم ئەوانەم نەهێشتبێت.

وەک سەری کوڕنووش بۆ خوێنەری هێژا دادەنەوێنم لەسەر ئەو هەڵانە، چونکە لەڕاستیدا دەبوو پێش لەچاپدان بیدەمە دەست یەکێک پێیدا بچێتەوە، بەڵام بەداخەوە کەسی ئەوتۆم دەسنەکەوت هەندەی کات هەبێت بە پەرتووکێکی لەم قەوارەیەدا بچێتەوە. تەنانەت ئەوەی من چاوەڕوانی بووم پێشەکی وەرگێڕدراوە ئەڵمانییەکە بوو کە دوو برای کورد بەڵێنیان دامێ بۆمی بکەن بە کوردی، ئەویش هەر نەبوو. دیسان لێبووردنتان لێدەخوازم.

## کورتەیەک لە باس و ڕووداوی نوێ

سەرەتای ساڵی ١٩٩٩ ( پ د ک ـ یەکگرتوو) ئێزگەیەکی تەلەفزیۆنی لەژێر ناوی Kurd-stan tv کردەوە. یەک ساڵیش پاش ئەو "ی ن ک" دانەیەکی کردەوە لەژێر ناوی KurdSat. ئەگەرچی ئەمڕۆ شەڕەجوێنی ئاشکرایان لێ نەبیسترا، بەڵام تاکۆتایی ساڵی ٢٠٠١، پاش گشت دانیشتنێکی کۆڕی ئاشتی " گرێدراو بە ڕێکەوتنەکەی واشینتۆن" بۆ « ئاساییکردنەوەی پەیوەندی نێوانیان !؟ » مرۆڤ لەکاتی ڕوانینە دەنگوباس و نمای تردا زۆر بە چاکی پاشقول لەیەک گرتنی ئەو دوو لایەنەی بۆ دەردەکەوێت. تاکە ئێستا، لەخوێندنەوەی دەنگوباسدا هەریەکە بە شانوباڵی کردەوە چاکەکانی «حکوومەتی هەرێم» دێنەخوار وەکلەوەی ڕووداوی کەرتەکەی تر هەندە دووردەست بێت ئەم هیچی ئاگا لێ نییە، و هەرگیز ئەوەیان بەبیردا نایەت کە کۆمەڵە و

لایەنە نێونەتەوەییەکان بێز لەوجۆرە چاوشارکێیە دەکەنەوە. کاتێک دەبیسیت KurdSat بڵێت؛ ئەمڕۆ نوێنەری حکوومەتی کوردستان (واتە لێپرسراوی کاروباری دەرەوەی یەکێتی) چاوی بە نمایندەی یاریدەری شالیاری دەرەوەی ئەمەریکا کەوت، سبەی Kurdstan tv دەڵێت: نوێنەری حکوومەتی کوردستان (واتە لێپرسراوی کاروباری دەرەوەی پارتی) چاوی بە بەڕێز ... ئەندامی پەرلەمانی ئینگلیزی بۆ کاروباری دەرەوە کەوت. باشە دەبێت کامەیان بێت نمایندەی ڕاستی ئەو نیو کەرتە ئۆتۆنۆمییە لەکەرتەکەی خوارەوەی کوردستان کەتائێستا لەدەزگا نێو نەتەوەییەکاندا بە تەواوی دانی پێدا نەنراوە.

ئەوەی شایانی باسە ئەو دوو لایەنە کوردییەی دەسەڵاتیانلە باشووری کوردستان بەشکردووە لەڕێکەوتنی واشنتۆن بەدواوە پتر لە ۲۵۰ دانیشتنی "تطبیع العلاقات"یان پێکەوە بووە، ئەوی لەسەری ڕێکەوتبن تەنها دابەشکردنی یارمەتی خۆراک و بووجەی دیاریکراوی خاجی سوور و کۆمەڵە مرۆڤ دۆستەکانە. و لەسەر ئاستی ڕامیاریش، گۆڕینەوەی پێنج دیلی یەکێتی و سێ دیلی پارتییە کە لەسەر لێواری سنووری دەسەڵاتی نێوان دوو هەرێمچەی ناو هەرێمی ئۆتۆنۆمی بە ڕێوڕەوش و ئاهەنگێکی مەزن بەڕێوەچوو ( لەوانەیە ئەو ڕۆژەیش بکەوێتە ناو لیستەی ئاهەنگی ساڵڕۆژییان). و لەهەر لایەک سی چلماڵی ئاوارەیان گەڕایەوە بۆ سلێمانی و هەولێر.

ـ کورد تا ساڵی پار لەهەندەران سێ کۆنگرەی نەتەوەیی لەژێر ناوی جۆراوجۆر هەبوو. ئەوەبوو PKK کومەڵەیەکی لەتاخمێک کوردی (گوایە) سەر بەخۆی بە سەرۆکایەتی "یەشار قایە" کۆکردەوە و " پەرلەمانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات"ی لێ پێکهێنان تا ئەوکاتەی عەبدوڵڵا ئوجالان گیرا و خرایە بەندیخانەوە لەتورکیا. واتە تا ئەوکاتەی سووریای خاوەن کێشەی ئاوی فورات و هەندێک کێشەی تری سنووری لەگەڵ تورکیا (بەکۆششی حوسنی موبارەکی سەرەک کۆماری میسر) لەگەڵ تورکیا ڕێکەوت، چیتر پێویستییان بەخزمەتی ئاپۆ و پارتەکەی نەما لەوێ دەریانپەڕان. ئەوجا عبدوڵڵا ئوجالانی سەرۆکی پارت بێزی نەهات، یان ڕووی ئەوەی نەبوو پەنابەرێت بۆ لایەن یا بەشێکی تری کوردستان، پاش هەندێک گەڕ وخول (گوایە لەسەر بەڵێنی ماسیمۆ دالیمای کۆمۆنیست کەتازە هەڵبژێردرابوو بە سەرۆک شالیارانی ئیتالیا) خۆی گەیاندە ئیتالیا. باس لەسەر ئەوە زۆرە کە ئایا لەوێ هەڵیانفریوان یان خۆی دڵنیا نەبوو بۆیە هەڵهات، پەنای برد بۆ باڵوێزخانەی یۆنان لەکینیا. ڕۆژی ۱۵ی فەبریوەری ۱۹۹۹ دەزگای میتی تورکی بەهاوکاری CIA ئەمریکا و مۆسادی ئیسرائیلی ڕفاندیان و بەفڕۆکەی تایبەت* بردیان بۆ تورکیا و لە دوورگەی ئیمرالی کە بنکەیەکی سپاییە بەندکرا و پاش چەند مانگ وچەندین کۆڕی دادوەری، لەلایەن دادگای بەرزی تورکیاوە فرمانی لەسێدارەدانی درا. ئەوجا پارتەکەی ئاپۆ وازیان لەدروشمی کوردستانی گەورە هێنا و بڕیاری چەکدانانیان دەرکرد، و ئامانجیان گۆڕی بۆ تەنها "دیموکراتیزەکردنی کۆمارەکەی ئەتاتورک" و بەخشینی ئۆتۆنۆمی بەکوردی باکوور

لەچوارچێوەی تورکیا ( بەو بۆنەیەوە دەستەیەک ئەندامی پارتیان بۆ بەشداربوون لەئاهەنگی پیرۆزکردنی ٧٤ هەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری تورکیا ڕەوانەی ئەوی کرد!!. بەڵام پێشوازی خانەخوێیش ئەو میوانانەی ئەوەبوو، هەر بەگەیشتن و لەفرۆکە دابەزین لەبری ئوتێل ڕەوانەی میوانخانەی ئەتاتورک کران (کە بێگومان زیندانە). هەروەها بۆ دڵنیاکردنی تورک لەبڕیاری چەک دانانی PKK فرمان درا بە دەستەیەک گریللا بەچەکەوە بچنە ناو تورکیا و خۆ بدەن بەدەستەوە، بەڵام چەندرمەکانی تورک ئەوانیشیان گرت و ڕەوانەی بەندیخانە کرد. دیارە ئەو کارەیان بۆ تاقیکردنەوەی هەڵوێستی کاربەدەستانی تورک بوو، ئەگەر بهاتبا فرمانی لێخۆشبوون بۆ ئەو میوانە چەکدار و بێچەکانە دەربکردبا ئەوا بێگومان گریللا و سەرکردەکانیان دەستەدەستە دەگەڕانەوە ژێر سێبەری ئاڵا خوێناویەکەی ئەتاتورک. بەڵام هەرگیز تروسکایی لێبووردن لەدڵی نەوەی ئەتاتورکدا نابینرێت.

لەو ڕوداوە بەدواوە "پەرلەمانی کوردستان لەدەرەوەی وڵات" لەخۆوە پووکایەوە و لەبری ئەو کۆمەڵەیەکیان دامەزران لەژێر ناوی "کۆنگرەیەکی نەتەوەیی کورد"، و پرۆفیسۆر عیسمەت شەریف وانلی بوو بەسەرۆکی و ئەندامەکانی بریتببوون لە هەندێک ئەندامانی پەرلەمانی ناوبراو و چەند کەسێکی تری (گوایە) ناودار و بێلایەنی کورد. بەڵام لەڕاستیدا ئەو بێلایەنانە ئەندامی پارتە (لەوڕۆژەدا) یارەکانی PKK بوون کە "ی ن ک " یەکێک بوو لەوان، و ئەندامەکانی تا ئەوکاتە لەو پەرلەمانەدابوون کە ناکۆکی و شەڕ و لێکدانیان کەرتە نێوان. ئەو پەرلەمانە تائێستا لەکاردایە.

ئەوەی شایانی باسە، وەک گریللاکانی ئەو پارتە زۆر دڵگەرمی جەنگن بەرانبەر بەهێزی پارتە کوردییەکانی باشووری کوردستان، ستراتیجیەتی پارتەکەیان بەرانبەر بە تورکیا هەر مێدیاییە، و بەزۆری لەپێناو ئازادکردنی ئاپۆدایە کە تائێستایش سەرۆکی پارتە. بەرانبەر بەوە تورکیا توانی بەهاوکاری ئەمریکا کاریکاتە سەر یەکێتی ئەوروپا تا لە سەرەتای مانگی مایسی ٢٠٠٢دا بڕیاردرا ناوی PKK بخرێتە ناو لیستەی پارتە تیرۆریستەکان.

سەرکردایەتی PKK لەمانگی مایسی ٢٠٠٢دا بێ ئامادەبوونی عبدوڵلا ئوچالانی سەرکردەی، چونکە لەبەندیخانەی ئەمرالی تورکیادا بوو، کۆنگرەیان بەست و بڕیارياندا ناوی پارت بگۆڕن بۆ KADEK واتە "کۆنگرەی ئازادی و دیموکراسی کوردستان" و عبدوڵلا ئوچالان هەڵبژێردرایەوە بە سەرکردەی پارت.

بێگومان دروستبوونی سنووری جوگرافی و سەندنەوەی دەسەڵات لەپەرلەمانی بەشێوەی دیوکراسی هەڵبژێردراو بۆ هەرێمی باشووری کوردستان و بەخشینی دەسەڵات بە دوو حکوومەتی "پارتی" و "یەکێتی" کارێکی ئەوتۆی کردوە لەلای لابەلاوە هەر پارت و کۆمەیەڵەی جۆراوجۆر قوت ببێتەوە. لەگشتیان مەترسیدارتر ڕامیاری ئاینییە کەبەناوی ئیسلامەوە دەردەکون و کۆمەڵی

خوێنەواری ناڕۆشنبیری کەم و نەخوێنەواری زۆریان لێ کۆدەبێتەوە، هێز پێکدێن و بەیارمەتی ولاتانی ئیسلامی ناوچەکە دەسەلات بۆ خۆ دروست دەکەن ( وەک ئەوە تاخمە کورد و عەرەبە ئەفغانییەی ئەمڕۆ لەدەڤەری هەورامانداا بە یارمەتی کاربەدەستە ئیسلامیە توندڕەوەکانی ئێران کەوتوونەتە کاری تیرۆریستی ) و یاسای سیانزە سەدە لەمەویر بەسەر ئەو میللەتە چەوساوە و بێدادەدا پیادە دەکەن.

گۆمەیی
هاوینی ١٩٩٨
پێداچوونەوە بۆچاپی دوو هاوینی ٢٠٠٢

ناونیشانی وەرگێر
gomei4@gmail.com
www.koskikurd.com

# گلەیی لەخۆیشان و ... لەجێی پێشەکی

نووسینی: ئیبراهیمی یوونسی
ناسری ڕەزازی کردوویە بەکوردی

ئەم وەرگێڕانە پێشەکی کتێبی Les Kurdes et le Kurdistan (کورد و کوردستان)ـە، کەلەپێشدا لەلایەن (شەهید دوکتۆر قاسملو و کەندالْ نەزان و عیسمەت شەریف وانلی و مستەفا نازدار)ـەوە بەفرانسەیی نووسراوە و دوای ئەوە کراوە بە ئینگلیسی و پاشان کاک (ئیبراهیمی یوونسی) کردوویە بە فارسی؛ بەڵام کۆماری ئیسلامی ئێران ئەوبەشەی کەسەبارەت بەکوردستانی بندەستی ئێرانە و دوکتۆر قاسملوو نووسیویەتی، لێی دەرهێناوە و ئەوسا ئیجازەی بڵاوکردنەوەی داوە. دیارە ئەو سانسۆرکردنەیش لەبەر دوو تاوانی گەورەبووە: یەکەمیان دوکتۆر قاسملوو نووسیویەتی، دووهەمیشیان باسی کوردەکانی بندەستی ئێرانە.

من نامەوێ بۆ پێشەکییەک پێشەکی بنووسم، بەڵام ئەم کتێبە کتێبی زانستییە و باسی(مێژوویی کۆمەڵایەتی ـ ئابووری ـ سیاسی)ی کوردستان دەکا و هەر کوردێک لەسەریەتی بیخوێنێتەوە هەتا لەفێڵ و تەڵەکە و خەیانەتەکانی داگیکەرانی کوردستان تێبگا و نەتەوەکەی خۆی باشتر بناسێ.بێجگە لەمەش هەرچەندە من خۆم، هەندێک لایەنی ناوەخنی ئەم پێشەکییەم پێ ڕاست نییە، بەڵام بۆ ئەوە دەشیا کەبکرێتە کوردی.

وەرگێڕ

« بەڕواڵەت کوردەکانی بندەستی حکوومەتی ئێران، زۆر لەکوردەکانی دیکە، باوەڕیان بەڕەسنایەتیی زمانی زگماکی خۆیان هەیە و، ئەمە قسەیەکە کەکوردەکان خۆیان دەیکەن وئێمەش لەبەشی دەیەمی ئەم کتێبەدا نووسیومانە. ئەوان گوتوویانە ئەگەر زمانی فارسی بەجاری لە ناوبچێ ونەمێنێ، دەتوانین لەڕووی وشە ئێرانییە پەتییەکان، کەهەمان زمانی کوردییە، دیسان زیندووی بکەینەوە ».[1]

ئەم قسەیە کە نیکیتین کردوویەتی، تەنیا هەست ودیتنی کوردەکانی ئێران نییە، بەڵکوو بڕوای هەموو کوردەکانە. لەگەڵ ئەدیبانی فارسیش کەدادەنیشی و باسی لەسەر دەکەی، کەم تازۆر

1 ـ کورد وکوردستان، نووسینی ڤاسیلی نیکیتین، وەرگێڕانی محمد قاضی لاپەڕە٥٣٣.

لەم دیتنەوە نزیکن. بەقسە، بێگانەییەکی ئەوتۆ هەست پێ ناکرێ وتەنانەت هەستی پێ دەکەی ودەیبینی کە، قورسایی باری فەرهەنگی فارسی لەکاتی ئێستادا، وا بەسەر شانی ئەوکەسانەوە کەکوردن. ڕاستی هیچ لەخۆتان پرسیوتانە(علیمحمد افغانی نووسەری شوهر آهو خانم، احمد محمود، نووسەری هەمسایەها و داستان یک شهر وزمین سوخته، نصرت الله نویدی، نووسەری شانۆنامەکانی سگی در خرمن جای و تام آرزوها، ماوۆستا هەژار، علی اشرف درویشیان، شهرام نازری، خانم معتمدی، محمد قازی وزۆری دیکە بێجگە لە لاهوتی وعشقی ویاسمی) کێن ولە چ ڕەگەزێکن؟ دەولەتمیرانی ئێرانیش بێجگە لەمە دیتنێکی کەیان نییە، بەلام داخەکەم قسە وکردەوە نێوانیان دوورە!

« هەروەها لەئێرانیشدا بەداخەوە هیچ هەنگاوێکی لێزانانەی باش، بەسوودی کورد هەلنەگیراوە کەبتوانین ئاماژەی پێبکەین، ئەمەش خۆی شایەت یەکێ لەتراژێدییە گەورە وئەسەف هەلخرێنەکانی مێژووی کوردە، کەفارس وکورد، سەرەڕای ئەوەی لەیەک ڕەگەزن وڕەدووی یەک دینن ولەمیراتێکی کۆمەلایەتی وفەرهەنگی تاکە بەهرەمەندن، هێشتا نەیانتوانیوە بنەڕەتی ئەو دژایەتیە پووچ وبێ مانای، کەبەهۆی جیاوازی مەزهەبەوە لەنێوانیاندا هەیە، پڕبکەنەوە...». [2]

لێرەدا دەبێ دوو خال وەبیربێنینەوە: یەکەم ئەوەیە کەگوناحی ئەم دووری وبێگانەیی یە، بە یەکجاری ناکەوێتە ئەستۆی مەزهەب؛ ڕەزا شا، یان حەمەڕەزا شا، سووتاوی مەزهەب نەبوون، کە لەگەل کوردەکان وا هولسووکەوتیان دەکرد. دووهەم ئەوەی کە ئەم تراژیدییە تەنها تراژیدیی مێژووی کورد نیە ـ نەخشەی لایەنی دیکەش هەر تراژیدییەکە، تەنانەت تراژیدی ـ کۆمیدی. ئینسان لەمە تێدەگا کە، ئیمپراتۆری بەریتانیا وڕووسیا، نایانەوێ دەولەتێکی ئێرانیی بەهێز، لەناوچەیەکدا هەبێ. ئەمەش هەر جێگای تێگەیشتنە کە، سەرمایەدارییەکانی دوای شەڕی دنیاداگری یەکەم، کەجارێکی دیکە، بۆدابەشکردنەوەی جیهان، مرخیان لەتالانی کانەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست خۆش کردووە، لەشتێکی وا بترسن. بەلام ئەمە ناچێتە مێشکەوە کە دەولەتمیران(دەسەلاتداران)ی ئێران، خۆیان لەشتێکی وا بترسن، مەگەر ئەوەی کەبلێین: ئەمانە نۆکەرانی دەرەوە بوونە، یان گێل وحۆلن، یان هەردووکی.

(منصور رحمانی) لەبیرەوەرییەکانیدا گوتەیەک لەشێخ مەحموودی نەمر دەگێڕێتەوە کە بۆ گێڕانەوە دەشێ: «... شێخ مەحموود بڕوای وابوو کە ئێرانییەکان، وەک دەلێن سەری دەزووەکەیان ون کردووە و، بەهەلە چاو لەمەسەلەکە دەکەن، چونکە کوردەکان لەبنەڕەتەوە، لەگەل ئێرانییەکان هاوڕەگەزن و، حەزدەکەن هاوڕێی ئێرانییەکان بکەن. کەوابوو دەولەتی ئێران، دەرەتانێکی زۆرتری بۆ ڕاکێشانی هاوڕێیی کوردەکان، بۆ پێشچوونی سیاسەتی نەتەوایەتیی خۆی لەبەرانبەر دوژمنەکانیدا هەیە. هەتا دەولەتەکانی دیکە.ئێستا ئەگەر دەولەتی ئێران بەدەست خەلکێکەوە،

2 ـ کورد و کوردستان، نووسینی، باسیلی نیکیتین، وەرگێڕانی، محمد قاضی، لاپەڕە ٤٠٤.

کەلەبناغەوە مەیلی هاوکاریی هەبووە لەگەڵیانا، تووشی زەرەر بین، جگە لەوەی کە لەسیاسەتدا لاواز، یان بێئاگابن، بەشتێکی دیکەی نابێ دابنێی.

« پرسیارێک کە هەمیشە لەئێراندا دەبێ لەراسەدا بێ، ئەمەیە کە: بۆچی دەوڵەتی ئێران لە دنەدانی کورد بەدەستی هەندەری(خارجی)یەکان دژ بەخۆی، دڵپرتشان بێ. ئەگەریش ئێستا دەوڵەتی ئێران، پێشدەستی بکا و، بۆ نموونە کوردە نارازییەکان دژ بەعیراق بەهێزبکا، دەوڵەتی عیراق زۆرتر وسەختتر لەو دڵپەریشانییەی کە خۆی لەگەڵیا بەرەو رووە، تووش دەکا. ئەوکات عیراقییەکانن کە بۆ کوژاندنەوەی شەڕ، داوای یارمەتی لەئێرانییەکان دەکەن، نەک بە پێچەوانەوە »[3].

ئەوەی کەدەڵێن کورد وفارس لەیەک بنە وبنەچەن و، نەبوونی دەلیلی باش وپەسەن بۆ دوژمنایەتیی دوو میللەتی خزم، پەیتا پەیتا لەبەیانییەی رەسمی وبلاوکراوەدا دووپات دەبێتەوە، راستە کتێبە فارسییەکەی(رەشید یاسەمی)ش هەر وادەڵێ. بەمحاڵەشەوە، تاران بۆ سەرکوتکردنی کورد وراپەرینەکەنیان ... دەسکەمێکی لەوانی دیکە نییە»[4].

دوای شەری دنیاگری یەکەم، چەندین راپەرین لەکوردستان رووی دا و، ئامانجی هەموو ئەو راپەرینانەش، رزگاری بوو لە نێڵەی حکوومەتی تورکان. (یەکێ لەگەورەترین ئەم راپەرینانە، راپەرینی شێخ مەحموودی نەمر بوو، کە گوتەکانیمان گێڕایەوە). شێخ مەحمود شەش ساڵی رەبەق لەگەڵ بەریتانیا، کە ببوو بەمیراتگری حکوومەتی عوسمانی لەبەشێکی کوردستان، شەڕی کرد. بەڵام لەتەواوی ئەم ماوەیەدا ـ تا ئەوجێگەیەی کەخوێندوومانە ـ لەئەدەبیاتی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێراندا، کەسێک لەگەڵ ئەم میللەتە هاورەگەز وستەمدیوە، تەنانەت هەستی بە هاودەردییەکی سادەش نەکرد، دەوڵەتێرانیش بەجێگای خۆیان. ئەمانە لەدامرکانی ئاگری شەڕی (کورد وموجتەهیدان)، لەگەڵ دەسنێژەکانی ئینگلیس وبەڕێوەبەرانی سیاسەتی بەریتانیا، هاودڵ وهاوڕا بوون. قەیوڵە، میللەت نائاگابوو، جەماوەری خەڵک نەخوێندەوار بوون وئەو زەمانەش، ئەو پەیوەندیانەی بەومانایەی کە ئێستا هەیە ودەیناسین نەبوو؛ لەگەڵ ئەمانەش پچڕ پچڕ خەبەر دەگەیشت، لەڕێگای حەجاج وڕێبواران وگەرۆکانەوە ... لەجیبهانی نوێشەوە خەبەر دەهات. کوردستان ئیتر بەجێگای خۆی.

سەرەڕای ئەمە لەشاعیران ونووسەران، کەسێک شک نابەین کەلەوەسفی رەنج ودەردی ئەم خەڵکە وستەمێک کەلێیان کراوە، بەندێک یان رستەیەکی نووسین. قەیسەرنامەیان دەهۆنییەوە، سەرکەوتننامەی (نایبی)شیان دەهۆندەوە ... بەڵام شێخ مەحمود کەقەیسەر نەبوو و، گەلی کوردیش گەلی ئەڵمان نەبوو، لایەنگریش لەمیللەتێکی ستەمدیو وچەوساوە وهۆنینەوەی کارەسات وبووبەرەکانیان، بێژگە لەسەرکۆنە ولۆمە، پاداشێکی دیکەی پێوە نەبوو. بەڵام لەهاتی،

3 ـ بیرەوەرییە سیاسییەکانی غلامرزا مصور رحمانی، لاپەرەکانی ١٥٤ ـ ١٥٥.
4 ـ کورد وکوردستان، نووسینی ڤاسیلی نیکیتین، وەرگێرانی محمد قاضی لاپەرە٤٢٣.

لەپەیاننامەکاندا. قسەبەرز ودەربڕینی نیگەرانی توند وتیژ بوو: «رەعیەتەکانی اعلیحضرت، سلطان السلاطین القاهر الباهر ...» و ئەم میللەتەبوو، کەجاروبار «رەعیەتی اعلیحضرەت شاهنشا»، یان «سلطان المسلمین» یان «خلیفەی موسولمانان»بوو. بەهەرحاڵ ڕەعیەتیش بوو و ئێویشی لودەفتەرەکانی مالیاتدا بوو، بەو شا، یان ئەو خەلیفە، یان بە هەردووکیان باجی دەدا و، بۆ شەڕی ئەم لەگەڵ ئەو و، شوڕی ئەو لەگەڵ ئەم، چەکداری دەدا و، لەهەردوو سەرەوە دەکوژرا. واتە لەڕێگای شا و، لەڕێگای خەلیفەدا، بەو پەلێنەی کە لەهەردوو سەرەوە دەچێتە بەهەشت، مالی وێران دەبوو. لەوانەیە بلێن ئەمە درووستە، بەلام بارودۆخی فارسەکانیش لەمەبەدەر نەبوو. دەلێم لەوانەیە، بەلام رەزاخان بەفارسی قسەی دەکرد و، بەنێوی فارس دەیچەوساندمەوە. ئەوکاتەیش کەلەخوێندنگە بووم، لەپۆلەکەماندا تابلۆیەکیان بەرانبەرم هەلواسیبوو کە، فەرمانی پێدەدام بە« پارسی قسەبکەم »، ئەگەر بە کوردی قسەم کردبا، تەمێیان دەکردم، دیارە بەپارسی دارکارییان دەکردم و، بە کوردی هاوارم دەکرد. بەلام تۆ برای فارس، لانی کەم ئەم تابلۆیە و، ئەم دارکاری وسووکایەتییەت نەبوو. لەگەڵ رەزاخان چیم کردبا کەکلاوی هێنابوو ولەسەر دێنشینی کوردی نابوو. ئەگەر ئەم ئینسانە گوندییە، کە دەگەیشتنە قەراخ شار، لەبیری کردبا پێچ یان شەدە سونەتیەکەی لەسەر هەلگرێ و، لەباتی کلاوی پەهلەوییکی شل و شەوێچ، کە خۆی بەمقەبا درووستی کردبوو ولەتوورەکەکەی نابوو، لەسەری نێ، بە«فارسی» پێنج تمەن ودوو قران جەریە دەکرا، لەحالێکدا نرخی دوو سێ کوولەکە وهارویێ،کەهێنابوویە شار بیفرۆشێ و، بیدا بەقەند وشەکر بۆ ژن ومنداڵەکەی، لەدووقران تێپەڕی نەدەکرد. لەگەڵ سەرۆکی دادگا و سەرۆکی جەندرمە ولێپرسراوانی جۆربەجۆر، کە بەفارسی پێیان ڕادەبوارد و، فرووج و بەرتیلیان دەویست و، لەشفا ولالەی پیرەژن وپیرەپیاوی کورد، تێنەدەگەیشتن و لەبەرچاوی بووک ونەوە و نەبیرەوە لەبەر ئەم«لێک حالی نەبوون»ە لێیان دەدا، چیم کردبا ؟ دەلێی لە مازندەرانیش بەم چەشنە هەلوێستیان دەکرد، دەلێم قبوولم نییە، چونکە بەهەرحال زمانەکەیان دەزانی ولەیەک تێدەگەیشتن ولەدارکاری بۆ تێ نەگەیشتنی مەبەست، دەرباز دەبوو. بەهەرحال لێپرسراوەکان، فارس بوون.

رەزاخان دەیگوت ئێرانییە و، بەپشت خۆی دەگەیاندەوە شاکانی هەخامەنشی و، ئێرانی «سەت جار باشتر لەسەردەمی کەونارا»کردبوو،بەلام بەنێوی هەر ئەم ئێرانیگەرییە، بوونی خزمی هاوڕەگەزی خۆی، ڕەد دەکردەوە و، وبۆ لەناوبردنیان، لەگەڵ بێگانان دای دەبەست!

راپەڕینی سالی ١٩٣٠ئارارات، بەرێبەرایەتی ژەنرال (ئیحسان نوری پاشا) جێگای باسە: رەزاخان بەلێنی دابوو، لەم راپەڕینە کەدژی دەسەلاتی مستەفا کەمال و، ئامانجی رزگاری کوردان لەنێلی حوکوومەتی میراتگری خەلیفەکان بوو، پشتیوانی بکا. بەلام دوای ماوەیەک، لە گەرمەی شەڕدا، هەر ئەم (رەزاخان)ە ڕێگای گەیاندنی چەک وتفاقی لەشەڕکەرەکان بەست و، بە

لەشکرەکەی مستافا کەمال ئیجازەی دا، بێنە خاکی ئێران وشۆڕشگێڕەکان سەرکوت بکەن.ئەمە، نۆکەری بوو! ئاخر مستەفا کەمال ورەزاخان هەردووکیان لەژێر دەست ، یەک وەستا هاتبوونە دەرێ و، بۆ ئەنجامدانی گوماشتەگەرییەکی وەکوو یەک، درووست کرابوون. کردەوەکانیان گوتەی یەک ئوستادبوو: کلاوپەهلەوی، کلاوی قەراخداری کۆماری، کوشتنی ئازادیخوازان، سووکایەتی بەکەلەپوور، لابردنی رووبەند چارشێو (کشف حجاب) و، لاسایی عەنتەرانە لە روالەتی شارستانیەتی رۆژهەلات. گرنگتر لەهەرشتێکیش، دەبوو بەدرووستکردنی «کەمەربەندێکی خاوێن» بەدەور ولاتی تازەپێگرتووی شوورەویدا و، بەدامەزراندنی ولاتانێکی دژ بەکۆمۆنیست، بەریبەرایەتیی پیاوگەلێکی « بەهێز» ، میرخاسانێکی وەکوو مستەفا کەمال، رەزاشا، مانرهایم، پیلسۆدسکی وهی دیکە، لەهاتنی نەخۆشی بەلشەفیزم، بۆ شوێنەکانی دیکە، بەرگری بکەن.

بەرلەوە، وەک باسم کرد، راپەڕینی شێخ مەحموود رووی دا. بەریتانیا، بەوجۆرە کە یەکێ لەکاردەرەکانی بەنێوی(ئەدمۆنز)[5] کە باس دەکا، ولاتی عیراقی دامەزراند: کوڕەکانی(شریف حسین)ی مەککەی هێنا و، یەکێکیانی لەسەر کورسیی حکوومەت دانا و، ئەوی دیکەیانی کرد بەفرمانرەوای ئەوبەری ئۆردن و، سپهەمیانی کرد بەپاشای عەرەبستان. لەعیراقیشدا دیسان هەر کوردەکانن کە دەبنە گاوگەردوون. کتێبەکەی ئەدمۆنز پڕە لەستەم وگێچەل ومەکر، کەبۆ پاڕی ئاکاری سەرەتایی دەولەت مێران وکاردانەرانی ئیمپەراتۆریی گەورە.

بەلام ئەمە بەو مانایە نییە کە ولاتی تازەپێگرتووی شوورەکان(جێگەنشینی ئیمپەراتۆریەتی تەزاری) ، بەو بەرۆکەوە کە بۆ پەرچە لەچەوساوەکانی جیهان دایدەدرێ، بۆ خەمی ستەمێک کە لەکورد کراوە، پرسە وسەرخۆشیی گرتووە. نە، حوکمەتی تازەپێگرتووی شوورەویش، یارمەتیی مستەفا کەمال دەدا بۆ سەرکوتکردنی بزووتنەوەی کوردان، لەشکرەکانی تەیار دەکا، قەرزی دەداتێ، لەحالێکدا خۆی بۆ نانی رۆژانەی داماوە و، لەعورفی سیاسەتی حیزبی وجاڕدەرانەی خۆشیدا، نێوی ئەم کردەوەیە دەنێ: زەمینەسازی بۆ بەهێزکردنی بۆرژوای میللی وهەلدانی چینی کرێکار لەتورکیە، بەتۆفیقی خودا، بۆ بەهرەهەلگرتن بەخێری زەحمەتکێشانی سەرتاسەری جیهان، لەداهاتوودا.

لەحالێکدا هەر ئەم تورکیەیە،لەهەمان کاتدا رێبەرانی بزووتنەوەی کرێکاری لەسێدارە دەدا. ئەم کردەوەیە نێوێکی دیکەیشی هەیە: پێکەوە ژیانی ئاشتیانە «زندگی مسالمەت آمیز» لەگەل ولاتانی دراوسێ، بەسنووری وسولح وئاشتییەوە. حکوومەتی شووراکانیش ئەوەندە بەرەوپێش دەڕوا کە، سنووری سولح و ئاشتی لەسەر ئەو ژن ومندالانەی، لەبەر کوشتاری مستەفا کەمال هەلهاتوون، دا دەخا. لەئێرانیشدا بەم نیەتەوە پشتی بزووتنەوەی گیلان بەردەدا. لەهیچ شوێنێکدا نابینی کە یەکێتی شوورەوی لەکۆمەلگای نەتەوەکاندا لەزولم وستەمێک کە لەکوردی

---

5 ـ نووسەری کتێبی کورد وتورک وعورەب، Edmonds وەرگێرانی ئیبراهیم یونسی.

عێراق وتورکیە کراوە، وشەیەکی بەزاردا هاتبێ، یان ئیعتیرازێکی کردبێ.ئێستاش نابینی.
بەهەرحاڵ، دەبێ بەدەستی بێگانەشەوە بناڵێنین هەتا خزمەکە تێبگا کە لەبەجێهێنانی ئەرک و ئۆباڵێدا بەرانبەر بەخزمەکەی، کەمتەرخەمی کردووە؛ هەتا خزمەکە تێبگا کە هەڵسووکەتی لەگەڵ خزمەکەی، لەهەڵسووکەوتی بێگانە دەچێ، سابەڵکوو ئەم نموونانە، ببێتە عیبرەت بۆی و بەخۆیدا بێ؛ لەگەڵ ئەوەشدا بێگانە تێ بگا کە تێدەگەین وعەیاری ئەو درووشمانەی کە بەڵێنی درۆن، بەمەحەکی کردەوە هەڵدەسەنگێنین.
عێراقی پاشایەتی ـ لەراستیدا بەریتانیا و هێزە هەواییەکەی ـ، بزوتنەوەی کوردەکان تێکدەشکێنێ؛ بەریتانیا دەستی مستەفا کەمال بۆ سەرکوتکردنی بزوتنەوەی شێخ سەعیدی پیران وبزوورنەوەکانی دیکە ئاوەڵا دەکا، بۆ ئەوەی پەیماننامەی لۆزان بەڕێوەیە و، دەبێ دژی تورکەکان کەداوای وەرگرتنەوەی ویلایەتی کوردنشین ونەوتەڵێنی مووسڵ دەکەن، «بەڵگەنامە»ی دادگەپەسەندی لەدەست دابێ، هەتا بتوانێ بەشوورای کۆمەڵگای گەلان نیشانی بدا وبیسەلمێنی کە کوردەکانی مووسڵ لەتورکیەی (مستەفا کەمال)دا، گیانیان لەخەتەر دایە وبنەمای ئازادی و بەرانبەری حوکم دەکا کەبخرێتە سەر عێراق و، بەسەرپەرستی دەوڵەتی گەورەکان، لەئازادی و مافی ئینسانی بەهرە وەرگرن. لەمە گرنگتر، لە بنەمادا ئیمبراتۆریری بەریتانیا، تەنیا بۆ پەرچە لە ئازادی و، بەرینکردنەوەی بەرانبەری لەجیهاندا بوو، کەچووە ناو شەڕ وئەو بارە قورسەی شەڕی لەکۆڵ کرد. ئەگەرنە خۆ سێبەڕۆی نەبوو! بەرینکردنەوەی بەرانبەری ودیموکراسی لەبنەما بنەڕەتییەکانی ئیمپەراتۆرییەتە!
ئاکامی کاری(کومیسیۆنی کۆمەڵەی نەتەوەکان) کەنێردرابوونە مووسڵ وگوماشتەی ئەوێ بوون دەبینین. دەشبینین کۆمەڵەی نەتەوەکان، کە کارگێڕەکانی بەریتانیایی وفرەنسایین، چلۆن عەدالەتخوازی هەردوو ئیمبراتۆریی فەرەنسا وبەریتانیا بەباش وبەبێخەوش دادەنێن و، دیسان دەبینین کە چۆن هەر ئەم دوو هێزە هەڵکەوتووەی زەمان، هەریەکە لەم دوو سفرەی تاڵانە، بەشی خۆیان هەڵدەگرن و، چۆن دیموکراسی (فەیصەل ونووری سەعید ومصطفا کەمال) لەکوردستانی عێراق بڵاودەبێتەوە. ئەم ئاوەڵزاوایەی سازمانی نەتەوەکان،ئەمڕۆ نەتەنیا کوژرانی هەزاران کورد و ئەرمەنی و، وێرانکردن وسووتاندنی سەتان گوندی کوردستان بەهیچ دەگرێ، بەڵکوو لەدابین کردنی مافی ئەم میللەتە ستەمدیوە، وەها گڕ وتین لەخۆی نیشان دەدا، کەبۆ وەرگرتنی سکاڵاکانی شێخ مەحموود وڕێبەرەکانی دیکەی کورد، لەژێری دەردەچێ، بەم بیانووە کەعێراق و تورکیە سەربەخۆن و، خۆهەڵقورتاندن لەکاروباری ناوخۆی وڵاتان، ئەرکی ئەوە، هەر ئەو بەڵگە و دەلیلەی کەجێنشینەکەی، ئەمڕۆ بۆپاساودانی لاوازی وداماوی خۆی، دەیهێنێتەوە، بەڵێ، ئەرکی ئەو بەرینکردنەوەی بەرانبەری وپەرچە لەمافی مرۆڤ و، دووعای خێرکردنە بۆ گەلان!...
دواتریش دەگەینە پەیمانی سەعداباد«سعدآباد». کە لایەنە دژ بەکورد بوونەکەی لەبەرچاوە و،

بەناوەرۆک پەیمانێکە لەنێوان دەوڵەتەکانی تورکیا وئێران وعێراق، بۆ هاوکاری لە سەرکوتکردنی کوردەکان. وڵاتێک کە هاورەگەزی ئەم میللەتەیە، لەگەڵ دوو وڵاتی تورک وعەرەب، دەبێتە هاوپەیمان،تا پێکەوە هاوڕەگەزەکانی سەرکوت بکەن، تا نەڵێن ئێمە لەڕەگەزی ئێرانییەکانین، ئێمە عەرەب نین، ئێمە تورک نین! ئەگەر حکوومەتی رەزاخان، حکوومەتێکی میلل دەبوو،ڕەنگە مێژوونووس کەدەگەیشتە ئێرە دەینووسی: «ئەمە یەکێ لەشتە سەرسوورێنەرەکانی مێژووە ...» بەڵام لایەنی کۆمێدیی قەزیەکە ئاشکراترە: لەهەمان حاڵدا کە پەیمانی سەعداباد واژۆ دەکرێ، کتێبی (کورد وپەیوەندە ڕەگەزی ودێرێکیەکانی) ڕەشید یاسەمی#، بڵاودەبێتەوە. قسەکانی من لێرەدا بەرەو ناوەڕۆکی کتێبەکەنییە، مەبەستم زەمانی بڵاوبوونەوەیەتی. بەرهەمەکە بەرهەمێکی زۆر بەنرخە*، بەڵام لەحکوومەتی ڕەزاخاندا، وبەڕەزامەندیی دەزگای حکوومەتەکەی و، هاوکات لەگەڵ واژۆی پەیمانی سەعداباد، بڵاودەبێتەوە، لەحاڵێدا ئەگەر هەر ئەوکاتە، کوردێک وێرابای بیگوتبا کوردم و، دەمەوێ بەکوردی بنووسم وبدوێم، جێگەی ئەگەر سەر سێدارە نەبا، لانی کەم زیندانی قەسر بوو. بەڵام بەبڵاوبوونەوەی ئەم کتێبە، رەزاشا بە هەموانی دەگوت کەئێرانییە، هاوڕەگەزەکانی خۆی خۆش دەوێ و، چاکەیەن لەگەڵ دەکا، زمانیان ئێرانی پەتییە، بەڵام بە بەرژەوەندی نازانێ کەبەنووسین وگوتن بیپارێزنەوە، باشترە بیسەپێڵن بۆ ڕۆژێک کە، خوانەکردە زمانی فارسی بەتەواوی لەناوچوو، لەڕووی زمانی کوردی بیبووژێننەوە. زۆر سپاس، خودا سەبر بەئێمە بدا وتەمەن وپلە وپایەش بۆ ئێوە!

سەردەمی حەمەرەزاشا لەئێمەوە نزیکترە. ڕۆشنبیران وخوێندەوارانی وڵاتەکەمان، لانی کەم شۆڕشی بارزانییان لەبیرە وئەگەر خوێندبێتیانەوە، دەزانن کە ئامانج ومەبەستی ئەم شۆڕشە بە کاکڵ، بۆ وەدیهێنانی راسپێرییەکانی کۆمەڵەی گەلان و زەمانەت کردنەکەی بەریتانیا بوو، سەبارەت بە خودموختاریی کوردستانی عێراق. کوردەکانی عێراق وبارزانی هەر هەمان بابەتی ناسراویان دووپات دەکردەوەکە: ئێمە کوردین، لەرەگەزی ئێرانین وعەرەب نیین. کۆمەڵەی نەتەوەکانیش قبووڵی کردبوو، بەریتانیاش ڕاستبوونی ئەم بەڵێنانەی زەمانەت کردبوو. ڕۆشن بیرەکانی ئێمە، باش لەبیریانە کە، حەمەرەزاشای «ناسۆنالیستی موسبەت» ـ هەتاوی رەگەزی ئاریا ـ چی بەسەر ئەم شۆڕشە وئەم گەلە هاورەگەزەی نەهێنا، کەخۆی بەرواڵەت هەتاویان بوو. لە«ڕاپۆرتی پایک Pike Report» بۆ کۆنگرەی ئامریکا و، ئەو بەڵگەنامانەی کە لەبارەی تێکۆشانەکانی پاشپەردە، لەمەڕ ئەم شۆڕشە بڵاو بووەوە، دەیخوێنینەوە کەئیرادەی بەرزەفڕی «شاهنشای ئاریامیهر» ،لەسەر ئەوەیە کەئەم ڕاپەڕینە، بەهەر نرخێک بووە، دەبێ لەخشتە ببرێ. ـ دیارە پێشتریش بەچوونە ناو پەیمانی بەغدا ـ، کەدواتر بوو بەپەیمانی سێنتۆ، لەئەستۆی گرتبوو کە، ڕێچکەکەی باوکی تاجداری بەرنەدا و،جێگە تەوری ئەو کوێرنەکاتەوە. بەهەرحاڵ، شاهەنشا بۆ لەخشتەبردنی بزووتنەوەی کوردەکانی عیراق، لەسەرەک کۆماری وڵاتە یەکگرتووە کانی

ئامریکا ـ ئامریکایەک کەخۆی بەپێشەوای دیموکراسیی جیهـان ئێـودەبا ـ هەروەها وەزیری دەرەوەیشی جەنابی کیسینێر،یارمەتی ویست و،بەکۆمەکی ئەو وهەر ئەم جەنابی کیسینجیەرە، کە ئاوارەبوونی هەزاران ساڵەی گـەلی یەهوودی لەپشتـەوەبوو، کوردەکانی لەشا دڵنیا کرد و، بەو چەشنە خستنیە دوای سیاسەتی پیس ودزێوی خۆی.ئینسان کاتێ ریزڕازانەوە«صف ئارایی»ی هێزەکان دەبینێ، بێ دەسەڵات، بۆ حاڵی خۆی و وڵاتەکەی خەم دایدەگرێ، هەر لەوکاتەشدا، چونکە چاو لەئاسۆیەکی دوورتر دەبڕێ، پێکەنینی دێ: لەلایەکـەوە جەنابی نیکسـۆنە لەگەڵ کیسینجێر وشاهەنشای ئاریامیهر، لەلایەکی دیکەشەوە بارزانییە وهاورەگەزەکانی شا، لە لایەکی دیکەش سەدامە لەگەڵ یەکێتی شوورەوی. جاتۆش گاڵتـەی تاڵی ڕۆژگار ببینە کە لە بزوتنەوەکەی نەتەوایەتی ودژ بەئیمـپریالیسـتدا، سەرکوتگەر لەپێشەوای سۆشیالیزم چەک و تەقەمەنی ویارمەتی داوادەکا و، سەرکوتکراویش لەنیکسـۆن وشاهەنشا! ئەوسا شنەی گاڵتـەی سیـاسـەتمەداری زەبەردەست چاو لێ بکە: شـا لەهەمـان کـاتدا لەتاران، ڕۆژنامـایەک بەنێـوی کـورستـان، نزیک بە ۲۰۰ کۆپی چاپ دەکا و، لەدەرەوەی وڵات بڵاوی دەکاتەوە! بەتەواوی ئەم شێر وڕێوییە وستەم وساختەیەک کە لەدەوڵەتمێرانی پێشوو دیتوویانە، ئەم کوردانە چونکە دەبینن لەهەر لایەکەوە تەنگاو دەکرێن، ناچار پەنا دێننە بەر ئێـران. لەم دواییـانەدا لە ڕۆژنامە کـاندا خوێندوومـانە کەچلۆن ئاوارەکانی کوردستـانی عێـراق، لە ئۆردوگاکانی تورکییـەوە هەڵدێن ودێنە ئێران. راستی لەخۆتان پرسیوتانە کە بۆچی ولەبەر چ هەست وغەریزەیەکە کەئەم خەڵکە، لەناو بەفر وبۆران وخەتەردا، لە ئۆردوگایەکەوە هەڵدێن، هەتا بگەنە ئۆردوگایەکی دیکە؟

بەهەرحاڵ ... درێژەی کایەکـە چاو لێدەکەین، کـارەساتی بۆمـبارانی کـیمیاویی هەڵەبجە و خورماڵ و، شوێنەکـانی دیکەی کـوردستـانی عـێراق، هێشتـا تازەن و کـەڵەک و فـێڵی دنیـای ڕۆژهەڵات وڕۆژئاوامـان بەجوانی پێ نیـشـان دەدا: ڕۆژێ دوای بۆمـبارانی هەڵەبجە، سـەنای ئامریکا، ـ ئەم دڵی دیموکراسییەی ڕۆژئاوا ـ، پێکەوە بەیەک دەنگ، یاسایەک پەسەن دەکەن و بەپێی ئەو یاسایە ە لەسزای ئەو تاوانە، عیراق لەباری ئابوورییەوە تەنگاو دەکەن، بەڵام بیست و چوار سەعـات دوای ئەو، ئەم یاسایە هەڵدەوەشێننەوە و بەم کردەوەیەیان بەهەمـووان رادەگـەیەنن کەئامریکا وڵاتێکی پۆشتەیە و، بەئەمن وئاسایشە و، دەوڵەتمێرەکانیشی وەکوو هەموو خەڵکی کۆک وپۆشتەی جیهان، ڕقیان لەگاڵتە بەخەڵکی هەژار و، پێکەنین بە (بێ بەختی)یان نییە، چ باشتر کـەگـاڵتەی پاش نانی نیوەڕۆ بێ، چونکە بۆ هەزمی نان زۆر باشە! ئێـستـا نیـتر ئامریکا باوەڕی بەقسـەی سەددامـە ... نە ئیـتر، سـەددام بەڵێنی داوە، کەبڕای ببڕ لەم کـارانە نەکـا؛ منداڵێکی بـاشە، منداڵێکی میهرەبانە ـ بەڵام برێک چەتوونە ... باشە، منداڵە ئیـتر، تازە ئیـتر بەڵێنی بە(پاپا گـیـان)ی داوە، چیـتر لەم کـارانە نەکـا.تازە لەسـەرەتاشەوە ئەوەندە دیر نەبوو. ئامریکا گـرتبووی بەڵگـەنامەی قەتعیی بەدەستەوەیە کەعیراق بۆمبی کیمیایی بەکار نەهێناوە و

گوتبووی کەدەزگای کولەگر(اسراق سمع)، گوتوبێژی فرۆکەوانەکانی عیراقی تۆمار کردووە ... بەلام کێ بزانێ درووست تۆماریان کردووە! پاشان،(تورگوت ئۆزال)ی دۆستیەتی، ـ بەو ردێنە سپییە وئەو رواڵەتە بەڕێزەیەوە ـ کە درۆناکا، تورکت ئۆزال گوتی (دیارە بەگۆڕی باوکی سوێندی ئەخوارد)، گوتی «لەنێوان پەنابەرە کوردەکاندا، تەنانەت یەکێکی نەدیوە کەشوێنەواری گازی ژاراوی بەلەشەوە بووبێ. ئێستا ئەگەر دوو سێ زیپکە، یان خورێکەی پێوە بووبێ، ئەمە شتێکی ئاسایی یە. لەوانەیە بیبەر، یان خورمای زۆریان خواردبێ و، گەرمازۆ بووبێتن. چونکە کورد بوونەوەرێکی سەرسووڕێنەرە، لەساردی وگەرمی نازانێ، وەکوو ئێمە تورکەکان نین، ئێمە تورکەکان دەزانین کە لەهاویندا نابێ بیبەری زۆر بخۆین!».

ئێستا تۆ دەڵێی ئامریکا دەبوو دابێ دۆستی وعورفی سیاسی وەلا نابێ و، بەم دۆستە بەڕێزەی گوتبا ـ ئەستەغفیروڵلا ـ تۆ درۆ دەکەی، دوکتۆرەکانی من کە بریندارەکانیان دیوە و چاویان لێ کردوون، دروست دەڵێن! نە، ئەمە دروست نییە، ئەمە پێچەوانەی رەسمی دۆستایەتی و هیمی دیپلۆماسییە. پاشان لەگەڵ عەرەبستان چی بکا، لەگەڵ میسر، لەگەڵ مەراکش، لەگەڵ ئەلجەزیرەی شۆڕشگێڕ؟ نە، هیچ کام لەم کارانە ناکا. ئینسانی ژیر، بێخۆ لەبەر تاقمێک خەڵکی پێپەتی، دڵی دۆستەکانی ناڕەنجێنێ.

سوڵتانی سوعوودی دەستێک بە ڕدێنیدا دێنێ و، بەعەرەبی پێدەکەنێ. حوسنی موبارەک و سەرۆکەکانی دیکەی ئەلجەزیرەیش لەبەر خاتری ئاسوودەیان، هەناسە هەڵدەکێشن وبۆ ئەو «سەرکەوتنەی عێراق»، شایی دەگێڕن و، بەڵێنی یارمەتیی مالیی زۆرتر دەدەن بەسەدام، بۆ دیسان چاکردنەوەی وڵات.پاشان، فەرانسەیە کە بۆ کۆڕ بەستن بانگهێشتن دەکا و، کۆنفرانسی جیهانی بۆ باس وگوتوبێژ سەبارەت بە چەکی کیمیاوی، پێک دێنێ. بەڵام پێشمەرجی بەشداری لەم کۆنفرانسەدا ئەوەیە کە، نێوی کەسێک، یان دەوڵەتێک نەیەتە سەر زار: هیچ کەس نەڵێ سەدام هەزاران کەسی لەهەڵەبجە وشوێنەکانی دیکەی کوردستان کرد بە کەباب وخواردنی، کەس نەڵێ عێراق بۆمبی کیمیاویی دژ بە گەلێکی بێدیفاع بەکاربرد، یان ئەوەی کەدیموکراسییەکانی ڕۆژئاوا، یارمەتییان داوە و، ئەم چەکانەیان دروست کردووە. وەک دەرکەوت، دەستووری کاری کۆنفرانس، گوتو بێژ سەبارەت بەخوریی پەز و، ریگای خەبات بۆ لەناوبردنی خۆرکەی خوری بوو! سوپاس بۆ خوا کە گەلێکیش سەرکەوتوانە بەڕێوە چوو، گەلێک باش. یەکێتی کۆمارەکانی شوورەوی لەهەموویان گوێڕایەڵتر بوون. ئەوان پێشتر ئەم پێشمەرجەیان، بەوپەڕی وردییەوە لەبەرچاو گرتبوو. تەنانەت باسیشیان نەکرد و، خەبەرەکانیشیان بلاو نەکردەوە. لەکۆنفرانسیشدا تەنانەت مەزەندەی نرخی بازاڕی گۆشتی پەزیشیان نەکرد و، نەیانگەت ئەم هەموو پەزەیان کە کوشتەوە، چۆن بوو گۆشت هەرزان نەبوو! دەتگوت نەخانێ هاتووە ونە خانێکیش تێپەڕیوە. چەند مانگ پاش ئەوە کە ئاو لەئاش کەوتبوو، ئەوکاتەی کەدەستەیەک لەکۆماری ئیسلامی، لە

ئێرانەوە چوونە یەکێتی شووڕەوی، گۆڤار ورۆژنامەکانی ڕۆژئاوا، هاواریان لێ بەرز بووەوە و گوتیان کە لەوانەیە بۆ کڕینی چەک وتەقەمەنیش، گوتو بێژیان لەگەڵ سۆڤیەتییەکان کردبێ و، پێشبینییان کرد کە دوارۆژی ئەم مامەڵەیە لەوانەیە جیهان لەگەڵ(کارەسات)ێک بەرەو روو بکا. گۆڤار ورۆژنامەکانی عێراق رەگەڵیان کەوتن و، سەدام و وزیرەکانی هەڵزرنگان وهەرەشەیان کرد کە، هەر وڵاتێک چەک بەکۆماری ئیسلامی بفرۆشێ، پێوەندی لەگەڵ دەبچڕێنێ و، یەکێتی سۆڤیەتیان گرتە بەر برکەی رەخنە. ئەوکاتەبوو کەیەکێتی سۆڤیەت لەپڕ تێگەیشت کە ئەی دەستی شکاوم، خۆ ئەمە سەدام لەبۆمبارانی هەڵەبجەدا بۆمبی کیمیاوی بەکار بردووە! لەگۆڤاری شیلاتی سۆڤیەتیشدا بازرگانانە، سەبارەت بەمە گازندەی کرد کە«... ئەمە نەیگرت. ئەم کردەوەیە لەوانەیە دژ بە مرۆڤایەتی بێ، جەنایەت بێ؛ عێراق نەدەبوو لەگەڵ کەمایەتی کورد ،بەم چەشنە هەڵسووڕێ!» . سەدام حسەین پێکەنینێکی ژاراویی هەڵدا وگەوتی: «سەلاموعەلەیکوم، (تەڤاریش)##، چۆنی چاکی، تەڤاریشیش گوتی:«دا، دا!»##

بەر لەوەش دەستەیەک لەلایەن یەکێتی نیشتیمانییەوە بۆ گلە و بناشت لەمەڕ بێدەنگی یەکێتی سۆڤیەت و وڵاتە سۆسیالیستەکانی دیکە، چووبوونە مۆسکۆ و تێگەیشتبوون کەهەڵەیان کردووە وهەڵەیەکی ناقۆلا! بە هاوڕێیانیان گوتبوو: کە بەراستی بۆ ئەم رووداوە خەمبارن ... هاوڕێیانی یەکێتی نیشتیمانیش دڵنەوایی یان کردبوون وگوتبویان«خودا سەبووریتان بداتێ!» پاشان تێگەیشتبوون کەیەکێتی سۆڤیەتی کۆن لەژێرەوە ـ لە کەناڵێکی دیپلۆماتیکەوە ـ لەدەوڵەتی عێراق گلەی کردووە و، بەنهێنی پەیمانی دۆستایەتی بەرانبەری بەرووودا دابوون، لەم بارەیەشەوە نیگەرانیی خۆی دەربڕیبوو کەبۆچی دەبێ لەرۆژئاوا یارمەتی وەربگرن. چ باش بوو کەشک وگومان لەنێواندا نەمایە و، لەئاکامدا بۆ ئەمیر ئەرسەلانی رۆمی دەرکەوت کەشەمسی وەزیر لەژێرەوە موسوڵمان بووە وئەو نەیزانیوە! بەڵێ، سکاڵای دۆستانە ومەحرەمانە، شەوتی هەزاران جار لەجەنجاڵی رۆژنامەیی و رادیۆیی زۆرترە، دەنا هەر بەو چەشنەی کە بۆ دەرکردنی هەشت فەلەستینی لەخاکی داگیکراو، ئاشکرا ئیعتیرازی کرد و کردەوەی ئیسرائیلی مەحکووم کرد و، رەگەڵ پێکهێنانی کۆبوونەوەی ناچارانەی شوورای ئەمنییەت کەوت، بۆکوشتار و هەڵداشتنی سەدان هەزار کورد و، وێرانکردنی هەزاران گوندی کوردستانیش، ئیعتیرازی دەکرد. درۆ نەبێ جارێکیان لەوەڵامی ئەم رەخنەگەلەی، کە بۆ ئەم رووداوە بێدەنگیی لێ کرابوو، گوایە رادیۆی ئاشتی وپێشکەوتن«صلح وترقی» گوتی کە: «پەکوو لەوخەڵکە پێشەرمە! ـ ئەو کاتانە کەمصطفا کەمال خەڵکی کوردی قەلاچۆ دەکرد، ئەم دەوڵەتانەی رۆژاوا لەکوێ بوون، بۆچی ئەوکاتە ئیعتیرازیان نەدەکرد وئێستا کردوویانە بە قاو وقیژ! ئەم قاووقیژە تاکتیکێکی ئیمپریالیستییە ...» راستیشی دەگوت، ئەوکاتانە خۆی بۆ ئیعتیزاز بە کوشتاری مصطفا کەمال لەتورکیە وکردەوەی بەریتانیا لەعیراق، لەکۆمەڵەی نەتەوەکاندا بەتەنێ مابووەوە! لەگەڵ ئەوەشدا

دەبێ لەبیرمان بێ کە، نوێنەری دەبیری گشتی سازمانی نەتەوەکان، کە بۆ دەرکردنی هەشت فەلەستینی شوورای ئەمنییەتی بۆ کۆبوونەوەی نا چاری بانگ دەکرد، لەهەمان کارەساتی هەڵەبجەدا دەریبڕی کە، سازمانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پێڕاگەیشتن بە بار ودۆخی کوردەکان، کاتی نییە ...!

لەدیتن وچاوپێکەوتنەوەدا، هەر کەسێک دەبینی و بە هەرکەسێک دەگەی ... دەردت زۆرتر دەبێ. سادات دەبینی دەڵێی حاڵی دیارە وجێگەی خۆیەتی کە وابێ، بەڵام کاتێ جەمال عەبولناصر دەبینی کەئەویش لەپیلانی زوڵم و زۆر لەکوردان، بەش وئەخشی هەبووە، واقت وڕ دەمێنی. ئای کە دەنگی دەهۆڵ لەدوورەوە چەند خۆشە!

بە بڕوای من دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەگەر هیچ کارێکی دیکەی نەکردبێ، یەک کاری زۆر گرنگی کردووە: ئەم دەوڵەتە بەئێمەی نیشان دا کە بانگاشەی دیموکراسیی ڕۆژاوایی و سۆسیالیستیی ڕۆژهەڵات، لەبنج وبناغەوە درۆیە؛ نیشانی دا کە پەرچەکردنیان لە ئازادی و مافی مرۆڤ درۆیە، شارستانییەتیان درۆیە وعەدالەتیان درۆتر. ئەگەر شتێک هەبێ کە پارەویەکیان بۆ باوێژێ، ئەوی دەتهەوێ بیکە ... کاتێکیش کارەکەت کرد، پارووەکەیان بۆ باوێژە وبڕایەوە. ئەم خەڵکە بەڕێزە، بزانن ودڵنیابن لە بەرانبەر قەبوولکردنی سووکی و ڕیسواییدا، پاداشی باشیان دەست دەکەوێ، بۆ هەر سووکایەتییەک شان شل دەکەن. سەر بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا ودۆستەکانی بێ، بهێڵی کەکانەکانی وڵاتەکەت تالان بکەن و، لە سەرکوتکردنی هاورەگەزەکانت و هی دیکەدا دادەستیان بی، دیموکراتی، ئازادیخوازی، خاوەن ژیاری. ئەگینا دواکەوتووی، دیکتاتۆری، دژ بەئینسانی. یەکێتیی سۆڤیەتی کۆنیش، بەدەستێک بنەمای سیاسەتی پەرچەکردن لە زەحمەتکێشان و، چەوساوەکانت پێ نیشان دەدا و، بەدەستێکی دیکەش، تۆپ وتانک ومووشەک وفرۆکە دەدا بەسەدام. لەگەڵیابی، دیکتاتۆریش بی دیموکراتی وکارنامەی کرداری باش وەردەگری. دیارە بەم مەرجەی کەسووکێ پارووشی بۆ هەڵدەی. لەگەڵیا نەبی، دیموکراتیش بی دیکتاتۆری. تێگەیشتن و دەرکی ئەم خاڵە، بەم شێوەیە زۆر دژوارە و، ڕەنگە مەحاڵیش دەبوو. ئێمەش بۆ ئەم تێگەیشتنە، قەرزداری کۆماری ئیسلامین*.

دەردەدڵ زۆرە؛ لەرابوردوو، لەهەر جێگەیەکەوە دەست پێ دەکەی، دەردە؛ بەڵام دەردی زمان وفەرهەنگ وستەمی فەرهەنگی، پیسترین دەردە. ئینسان دەتوانێ لەگەڵ دەردی نەبوونیدا هەڵ بکا، بەڵام قسەنەکردن بەزمانی زکماک ـ کە کوردەکانی بندەستی حکوومەتی تورکیە تووشیان بووە ـ ونەنووسین وفێرنەبوون بەزمانی زگماک، شتێکە کەلەگەڵیا هەڵناکرێ: لەلایەکەوە دەردە ولەلایەکی دیکەوە ستەم ـ ستەمی فرهەنگی. شاعیران ونووسەران دەزانن ئەمە چ دەردێکە،

* ـ وەکوو کۆماری ئیسلامیش هەمان هەڵوێستی نەبێت و هیچ ڕۆڵێکی لەشەڕی براکوژی کوردانی خوارووی کوردستاندا نەبێت، یان کوردەکانی کەرتەکەی ژێر دەستی خۆی چاک لەئامێز گرتبێت. « گۆمەیی »

بەتایبەت ئەوانەی کە زمانەکەی خۆیان نازانن وناچاربوونە بوزمانێکی دیکە شیعر بڵێن یان بنووسن. ئەمە ستەمی نەتەوایەتییە و، ولەپێوەری بەرینتردا، ستەمی فەرهەنگی ـ ئینسانی. ئاخر هەرکەسێ هەستێکی هەیە کە دەربڕینی ڕاستەقینەی تەنیا بە زمانی زگماک دەبێ و، ئەم هەستەش چونکە لەزمانی زکماک دابڕاوە، پێشک زیانی پێ دەگا. هەستێک کەبەزمانێکی دیکە بڵاو دەبێتەوە، ئیتر ئەو هەستە پەتییە نییە کە لەبیرکردنەوە بەزمانی زگماک دێتە بەرهەم، بۆ ئەوەی لەپاڵفتێنی زمانێکی دیکەوە تێپەڕیوە و، دەربڕینی لەگەڵ داخوازییەکانی زمانێکی دیکە ساچاوە و،لەم هات وچوونەدا خوار وخێچ بووە. یارمەتی بۆ بووژانەوە وهەراشبوونی زمان و فەرهەنگی(تیرەیەکی قەومی)، نابێتە هۆی جیایی وبێزار بوونی ئەو تیرەیە لەزمانی نەسڵی قەومەکە، کە یارمەتییە بە بتەوکردنی پایەی فەرهەنگی نەتەوایەتی. ڕاستی چ کەسێ لە شاعیرانی کورد، کەسانێکی وەکوو نالی، مەولەوی تاوکۆزی، شێخ ڕەزای کەرکووکی و هی دیکە، ویستوویەتی یان ناچارکراون بەفارسی شیعر بڵێن؟ چ کەسێ فارسیی پێ فێر کردبوون؟ من لەپەراوێزی ئەم نووسراوەیەدا شیعرێکی(نالی)تان بۆ دەنووسمەوە### تابزانن کەشاعیری کورد هەندە خولیا وپەشێوی لقی زۆرتر گەشەکردووی زمانی خزم واتە فارسی بووە. ئەم شیعرە بەرووبۆی زڵ(طبع)ی شاعرێکی کوردە و، کەمن لەو شاعیرە فارسانەی کە لەم زەریفکارییانەدا، شان لەشانی بدەن پەڵگەی ناوێ کە هەڵدانی خولیایەکی ئەوتۆ، نیازی بەزۆر شتە وتازە هەمووان شاعیر نین. یارمەتی بۆ بووژانەوە و هەراشبوونی زمان وفەرهەنگی ئەو تیرەگەلەی کە خزمی یەکن، بە ناوەڕۆک کۆمەکە بەلابردنی ساردی وجیایی، چونکە دەرمانکردنی ئەم دەردە، لەراستیدا پەستێنی ساردی وجیایی لەناو دەچێ وزەمینەیەکی نوێ بۆ نزیکی وخزمایەتیی زۆرتر دابین دەبێ ...

خۆشبەختانە لەم دواییەدا بۆ چارەسەرکردنی ئەم دژوارییە و بۆ وەدیهێنانی زەمینەی دۆستایەتی وخزمایەتی زۆرتر، هەنگاو هەڵگیراوە کە هیواداریین پەرە بگرێ وبگاتە بەر-بەهیوای خودێ###

ابروان تو طبيبان دل افكارانند
هر دو پيوسته از آن بر سر بيمارانند
نرگسان تو كه خواب از همه عالم برند
خفتگانند ولى رهزن بيدارانند
گنج رخسار تو ديدن نبود زهره مرا
كه ز زلف تو بر آن خفته سيه مارانند
ماهزاران ز غمت خسته وناكام، ولى

کامیاب از گل رووی تو خس وخارانند
تو نه تنها به غم عشق دچاری «نالی»
هر کجا می نگری جمع گرفتارانند

# رەشید یاسمی، هەرچەندە خۆی کورد بووە ونیشانێکی پایە بەرز بووە، بەلام لەو کوردانە بووە کە وێنەیان لەدەرباری تورکییە وعێراق وئێراندا زۆرن. لەراستیشدا ئەو کتێبەی رەشیدی یاسەمی لەسەر کورد، وەلام یان رەدی ئەو کتێبی(کورد وکوردستان)ـەی زانای پایەبەرزی کورد «محمد امین زەکی بەگ»ـە، نەک دلسۆزی بۆ کورد. (وەرگێر).

## (تەڤاریش) وشەیەکی رووسییە واتە: هاورێ؛ رەفیق حزبی. (وەرگێر).

## « دا »ش هەر وشەیەکی رووسییە واتە بەڵێ (وەرگێر).

### نالی (مەلا خدری شارەزووری)ی، سالی ١٢١٥ی کۆچی مانگی، لە گوندی خاک وخۆلی شارەزوور، لەکوردستانی باشوور لەدایک بووە و، سالی ١٢٣٧ی کۆچی مانگی، کۆچی دوایی کردووە. (وەرگێر).

#### دیارە ئێمە لەوە تێدەگەین کە وەرگێر، لەبەر ئەوەی لەتێران دەژی، ناچارە وای نیشان بدات کە کۆماری ئیسلامی لەبواری ناسینی گەلی کورد ومافە نەتەوایەتییەکانیدا هیچ هەنگاوێکی هەڵنەناوە و، ئێستاش لەسەر سیاسەتی شۆڤێنیستانەی خۆی دژ بەگەلی کورد بەردەوامە. (وەرگێر).

حركه التحرير الوطني الفلسطيني « فتح »
التعبئه و التنظيم
الدراسات

# الاكراد و كردستان

الثوره طريقنا للحريه          آب ١٩٨٢          ثوره حتي النصر

## پێشەکی

ئەم لێکۆڵینەوەیە کەناوەڕۆکی پەرتووکی(کورد و کوردستان)ە لەپرسی نەتەوایەتی کورد و مافی چارەنووسی کورد و دامەزرانی دەوڵەتی سەربەخۆ و تایبەت بەوان دەکۆڵێتەوە. واتە باسی کێشەکە دەباتەوە لای گشت یەکێک لەو سێ میللەتەی بوونەتە تەگەرە لەڕێی وەدیهێنانی ئەو مافە، کە نەتەوەی تورک، نەتەوەی ئێران « واتە فارس » و نەتەوەی عەرەبە. و هەمسان ئەو ئۆتۆنۆمیە دێنێتەوە یاد کە لێرەولەوێ بەکورد دراوە بێ لەوەی هیچ لایەک بەڕاستی ئەو مافەی پێدابن. وەک ئەوەی عیراق، یان ئەوی پێشتر لە سۆڤیەت بوو.

لێکۆڵینەوەکە بریتییە لەهەندێک نامیلکەی چەند نووسەری کورد کە خۆیان لەڕاستیدا سەرکردەن لەبزووتنەوە نەتەوایەتییەکانی کورددا. خۆدی بەرهەم بە فەرەنسی نووسراوەتەوە و لەبەر گرنگی لێکۆڵینەوەکە لەلایەک و لەلایەکی ترەوە گرنگی ئەو پرسە (کە کێشەی کوردە) بەشی ڕۆشنبیری کردی بە عەرەبی.

لەڕاستیدا ئەو کێشەیەی کورد چەندی کار کردبێتە سەر مێشکی کوردان، هەندەیشی کار هەیە لەسەر ئەو سێ نەتەوەیە کە گوێمان کوردیان بووەتە هاوبەشی خاک. کەواتە گشت دەست تێوەردانێکی تر لە کاروباری هەرێم، وەک یەک کار دەکاتە سەر گشت ئەو لایانە. واتە کۆمەلانی گشت هەرێم، بە کورد، عەرەب، تورک و ئێرانی و گشت کەمە نەتەوەیی و ئاینییەکانی ئەملا یان ئەویتر دەگرێتەوە. چونکە هەرێم( ناوچەی ڕۆژهەلاتی نزیک و ناوەڕاست) چەشنی ئاوێتەیەکی کریستالی هەندەی ئاینزا و ڕەگەز تێدایە ئەوەی لەیەکێک لە لاکان بە کەمایەتی بژمێدرێ لەلایەکی تر زۆرن، و هەروەها بەپێچەوانەوە. ئەوە جگە لەسێ نەتەوە مەزنەکەی هەرێم کە عەرەب، فارس و تورک بگرێتەوە، بەهەمان شێوە گرێیشە بۆ پاکستان،

هیند و ئەفغانستان و هتد ....

ئاشکرایە کە رۆژێک لەرۆژان گشت ئەو هەرێمە لەژێر سایەی ئالای ئیسلام و لەنێو بازنگەی ئیسلامەتیدا یەکپارچەبوو. بەڵام داگیرکەران بۆ مەبەستی تایبەتی توانیان ئەوبازنگەیە تێکشکێنن و نەتەوە جۆربەجۆرەکانی هەرێم بکەن بەگژ یەکدا تا بەئاسانی و یەک لە دوای یەک دەستییان بەسەردا بگرن. بەوجۆرە مەبەستیان پێکا و دەسەڵاتی هەردوو رۆژهەڵاتی نزیک وناوەراستیان خستە ژێر چنگی خۆ. ئەگەرچی داگیرکەران بەچەند قۆناغێک توانیان خۆ بەسەر ئەو هەرێمەدا بسەپێنن، و شێوە و باری دەسەڵاتیان لەناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی تر جیاواز بوو، لەئەنجامی کار دەسەڵاتیان بەسەر گشت ناوچەکە سەپاند و بەشبەشیان کرد، و نەتەوەکانیان لێک داپچری، و تەنانەت توانیان قەوارەی یەک نەتەوەییش تێکشکێنن و چەند وڵاتی خێڵەکی و ئاینزایی لێ پێکبهێنن. بۆنموونە ئەوەی بەنەتەوەی عەرەب کرا. لەلایەکی ترەوە بە بزواندنی بیری نەتەوایەتیش توانیویانە لەرێبازە سەرەکییەکەی ئیسلامیان دوورخەنەوە، و پاشان بەهەمان شێوە توانیویانە نێوانی تەنانەت یەک نەتەوەیش بشێوێنن و بە گوێرەی جیاوازی تیرە، ئاینزا و پەڵپی تر هەستی نەتەوایەتی لەناخیاندا بمرێنن.

سەرئەنجام ئەو دروشمەی یەکێتی ئیسلام کە لە قورئاندا دەفەرموێت: " إنا خلقناكم من ذكر وأنثى، و جعلناكم شعوبا وقبائل لتعارفوا، إن اكرمكم عند الله أتقاكم" لەبیرچووەتەوە و ئەمرۆ لەبری ئەو بەپێچەوانەوەیە، وەک ئەوەی بڵێت: ئێوەمان لە نێر و مێ بەبوو هێنا و چەندەها گەل و خێڵمان لێ پێکهێنان تا یەکدی زویرکەن و برایەتی نەمێنێت و هەر تاخمەی دەوڵەتێک بۆخۆی دامەزرێنێت و ئالای خۆی هەڵکات و سنور و سروودی نیشتیمانی تایبەت بەخۆی دانێت و لەشکر پێکەوەنێت و بەگژ یەکدا بچن و ماڵی یەک وێرانکەن تا ژیار و مرۆڤایەتی سەدان هەزارساڵ بەرەودوا بگەرێتەوە و بیری تۆڵە و ئاژاوە بەسەر گشت لایەکدا زاڵبێت.

گومان داگیرکەر بەئامانج گەیشتن و یەکێتی ناو کۆمەڵانیان تێکدا. ئەو یەکێتییەیش تێکچوو کە ئیسلام بناغەی کوتا. هەروەها بەئامانجی پتر تێکدانی بەشەکانی تری ئەو یەکێتییە تائێستا هەر دەکۆشن. لەراستیدا خۆ لەم باسەدان و وەبیرهێنانەوەی ئەوتۆ باسمان بۆ ئەوە نییە کە ئێمە هەستی ئاشکرا و بنبری خۆمان بەرانبەر بە کێشەی کورد و بوون یان نەبوونی ئەوان بە خاوەن دەوڵەتی خۆ، و گەیشتن بەمافی چارەنوس، یان نەبوونی بێت. ئەوە کێشەیەکە بەرودوا بە بەرۆکی خودی کوردەوەیە، و هەر دەیشبێت ئەوان بەو پێیەی خۆیان دەیانەوێت بە رێگەچارەی کێشەکەی خۆیان بگەرێن.

بەڵام ئەوەی دەمانەوێت تەنها یادکردنەوەی چۆنێتی هەرێم و چۆن هەست بە برایەتی و یەکێتی ماوەی ئەو چەند سەدەیەیە کە ببوە هێز و هۆی پێشکەوتن و ژیار و جۆش و خرۆشی ئەم هەرێمە. ئەگەرچی کەموکوری لێرە و لەوێ روویدابێت یان ناڕەوایی لەگەڵ نەتەوەیەکدا کرابێت،

بەدرێژایی ئەو چەند سەدەیە کۆمەڵگەی ئیسلامی هەر ڕوو لە پێشکەوتن بووە تا ئەو ئاستەی بوون بە خاوەن ژیارێک بەدرێژایی ژیانی مرۆڤایەتی نابێتەوە. سەرەڕای گشت کەموکووڕیش هەر خاوەنی پەیڕەو و پرۆگرامی ڕوون و ئاشکرابوون و پەیوەندی نێوانیان لەسەر ڕەوشی هەڵسەنگاندن بووە و تاکە یەک سەنگی پێوانیان بۆ ڕەوابوون ونەبوون بەکارهێناوە. بەڵام ئێستا کە باس دێتە سەر نەتەوەی عەرەب، وەک ئەوەی لێکۆڵینەوەکە ئاماژەی پێداوە ... دەپرسێت کە، ئەو نەتەوەیە لە چیلایەکە؟... دەشێت ئەو بیست و دوو دەوڵەتەبن کە بەسەر پانتایی نیشتیمانی عەرەبیدا پەرژن؟... دەشێت ئەو عیراقەبێت کە نەتەوەی کورد لێی بەگلەییە. ئایا دەشێت عیراق بریتیبێت لە نەتەوەی عەرەب و نەتەوەی کورد لێی بەگلەیی بێت، یان عیراقییەکان و کوردیش وەکیەک کوشتەی دەستی ئەو داگیرکەرانەن کە لەبنەڕەتدا هەرێمەکەیان لێ بەشبەش کردن و بە پلانگێڕان و پشتگیری لایەک دژ بەویتر، و هەروەها بەپێچەوانەوە دەستیان بەسەر گشت لایەکدا گرت، وەک ئەوەی لە ڕێکەوتنەکەی "سایکس ـ پیکۆ"ی ساڵی ١٩١٦ بەدواوە بوو تا ئەمڕۆ؟ ....

ئەوجا دەشێت نەتەوەی عەرەب نەتەوەیەکی بەرچەڵەکبێت، و دەشێ کامەبێت بناغە و ڕەوشی نەتەوایەتی ئەو، و پاشانیش دەبێت هەڵوێست و ڕەفتاری ئەو چیبێت بەرانبەر بەمافی چارەنووسی کەمەنەتەوەکانی لەگەڵیدا دەژین؟... دیارە ئەوە پرسیارە وەڵامی هەر دەبێت .... لەڕاستیدا ئێمە لەم هەرێمە بە قۆناغێکی گشتی و هەمە چەشنەی زۆر گەندا تێدەپەڕین. لەوانە گەندەڵی باری نەتەوایەتی و چەواشەبوونی کاکڵەی واتا و پێوانەی ڕاستەقینەیەتی ... گشت ڕەوشە ڕامیاری و ئابورییەکان ئاوەژوون ... باری ڕەوشت و کولتور چەواشە و سەنگ و تەرازوی گشت جۆرە هەڵوێستێک بزرە .... لێرەیشدا پرسیار ئەوەیە کە ئایا دەگونجێت لەهەلومەرجێکی ئەوتۆ ناجۆردا ئەو پرسانە بورووژێنین کە لەڕاستیدا دەبوو ئەنجامبن بۆ کار نەک هۆ ؟.... گونجاوە ئەگەر ئەو هۆکارانە پشتگوێخەین کە بوونە مایەی جۆرە ئەنجامێکی گەندەڵە و تەنها ئەنجام بخەینە بەر باری لێکۆڵینەوە و بەرێکوپێکی دایمەزرێنینەوە ؟...، یان ئەگەر بێتو ڕێگەچارەی کارەکان بە پێچەوانەی پرسیارەکانی سەرەوە بن دەبێت وەڵامی سەرەکی ئەوەبێت کە بۆچی کورد دەوڵەتی خۆی نەبێت؟ مارۆنییەکان دەوڵەتی خۆیان نەبێت؟ و ئانانیاکان دەوڵەتی خۆیان نەبێت؟ یان گشت ئەو مرۆڤانەی خاوەن شێوە ژیانی تایبەتی ڕەگەزی یان بیر و بۆچوونی ئاینی و خێڵەکین وەک کەسانی تر نەبنە خاوەن دەوڵەتی خۆ ؟.. بە پێی ئەو هەلومەرجەی کە لەبەردەستدا هەن پێویستە وەڵام "بۆنا" بێت، چونکە وەک گومان گشت یەکێک لەو تاخمانە، مەزنبن یان بچووکە پێویستە دەوڵەت بۆخۆ پێکەوە بنێن. خۆ ئەگەر کێش و پێوانە و ڕەوش و دیدەنی گشتی و دیسپلین لە ئایندەی هەرێم و پێشبینییەکانی داماڵرێت؟ ئەوا لە چەرخی ئەوتۆ گەندەڵدا، گشت شتێک دەگونجێت و دەبێت بەوەی پێشینیان گوتوویانە: ئاو یەکسانە بە تەختە.

سەرلەنوێ دێینەوە سەر باسی لێکۆڵینەوە. هەمان ئەو لێکۆڵینەوەیەی لە بەڵێنی ئەتاتورک و پەشیمانبوونەوەی پاشان و زۆر دڕندانە قەلاچۆکردنی کوردەکان دەدوێت. لەو پەندە دەدوێت کە بە یەکێک لەزەقترین بەڵگەی زیندووی درۆکانی ئەتاتورک دەژمێردرێت کە گوایە ڕێگەچارەی گشت جۆرە کێشەیەکی گرتووەتە بەر، چ کێشەی مافی کەمەنەتەوەبێت یا کێشەی خۆیان وەک نەتەوەی خاوەن دەسەلات ... ئاوڕدانەوە لەباری ئەمڕۆی تورکیا .. دەریدەخات کە نەتەوەی تورک لە پەردە بەولاوە چیتر نییە بەدەست ئەو داگیرکەرانەوە کە دەیانەوێت ئەو هەر بەخۆی تێکبدەن .... ئەویان کردووە بە جۆرێک باری ناهەمواری نەتەوایەتی میللەتی کورد لێی بەگلەییە.

کورد بێ ڕچاوکردنی ڕەگەز و بۆچوونی ئاینی هەر وەک عەرەب بێ ڕچاوکردنی ڕەگەز و بۆچوونی ئاینی، هەروەها ئێرانییەکان، هەروەها تورکەکان، هەروەها ئەفغانیەکان، هەروەها بەربەر ...، گشتیان شەپۆلی یەکێتی و ئازادی و سەرفرازی مرۆڤایەتی کردوونی بە یەک و خستوونیەتە سەر تایەکی یەکسان و یەک پێوانە و یەک ڕەوش. تا ئەوکاتەی پەیوەستی ئەوبوون، دووربوون لە نشوستی و کۆیلەیی، بەلام گشت ئەو بێدەرەتانی و لاوازی و ژێردەستەییەی تووشی بوون هۆی ئەوەیە کە پشتیان کردە ئەوەی لە سایەیدا بەهێز و یەکگرتووی کردن.

بەهێز ئەوکەسەیە کەمافی کەسانی تر بەچاکی بپارێزێت، و جێی باوەڕیش ئەوەیە کە مەردم بە دڵنیاییەوە مافی پێ دەسپێرن، بەلام کەسی بوجەڵە و لاواز و خوێڕی ...، هەر ئەو جۆرە ئەن قۆڵی کەسانی تر دەبڕن و مافیان پێشێل دەکەن. بێگومان لێرەدا مەبەستمان تاکە کەس نیە بەڵکو خودی نەتەوەیە. چونکە کە عەرەب وەک نەتەوەیەکی یەکگرتووی بەهێز و پڕ باوەڕ بە یەکێتی و پەیامی مرۆڤایەتییانە تا ئەو ڕادەیەی بتوانێت هاوشان لەگەڵ نەتەوەکانی تر خۆ بگونجێنێت و لەنێو پەیامەکەیدا بتوێنەوە، هەر دەبێت ئەو توانای دان بە مافی کەسانی تردا نانی هەبێت، تەنانەت ئەگەر بە جوداببوونەوەیشیان بێت ... خێڵ و میللەتان پۆل پۆل ڕوویان لە ئاینی خودا کرد، چونکە ئاین بۆ گشت بوو نەک تەنها بۆ عەرەبی خاوەن ڕەگوریشە و بە ڕەچەڵەک.

ئەگەر ئاین بەتەنها بۆ عەرەب بوایە ئەوا وەک ئیسرائیلییەکانی لێدەهات "ئالێین جولەکە، چونکە وشەیەکی فراوانتر دەگرێتەوە" . خۆ ئەگەر عەرەب لەپێناو ئایندابن ئەوا دەبن بە: (خیر أمه أخرجت للناس تأمر بالمعروف و تنهی عن المنکر) « واتە چاکترین کۆمەڵگای هەڵکەوتووی ناو مرۆڤایەتی، فەرماندەر بە چاکە و بەرگر لە بەدکاری » و زۆر لەکەس ناکەن بۆ گۆڕینی ئاین و بیروباوەڕ، یان پێناسەی نەتەوایەتی و میللەت و خێڵ و ڕەنگ ... هتد.

ئێمە لەو سەرچاوە ڕوونەوە دەڕوانینە لێکۆڵینەوەی کورد و کوردستان، نەک لەسەر ئاستی ڕچاوکردنی ئەو ستەمەی چەشتوویانە و هێشتا هەر دەیچێژن لەدەس ئەم ڕژێمە یان ئەوی تر. سەرئەنجام ئەوی ئەمڕۆ دەیچێژن هەر ڕەنگدانەوەی ئەو کارەساتانەیە کەدوێنێ و پێشتر میللەتی عەرەب پێش کورد لەدەس داگیکەرانی چەشت. بەلام دیارە ستەمدیدەی ئەسکبێن بە هەمان ڕادە

و شێوه داخی دڵی خۆ بە کەسانی لەخۆ لاوازتر دەڕێژێن...، جا بۆیە دەبێ نەتەوەی عەرەب بۆ لێکدانەوەی مافی کەمەنەتەوەکان و پرسی چارەنووس ڕوونبینانە لە کارەکە بڕوانن، و چاو ببڕنە ئەو خاڵە پۆزەتیڤانەی ساڵەهای ساڵ و تەنانەت تا ئێستایش بەهۆی باری کۆیلەیی و بندەستی کۆلۆنیالیزمەوە لێیان بزربوو. نەک تەنها ئەو تاوانکارییانە ببینن کە ئەم ڕژێم یان ئەویتر، لێرە و لەوێ بەناوی ئەوەوە ئەنجامی دەدەن.

تەنها پەرەسەندنی ئاسۆی دیموکراسی لەهەرێمی عەرەبیدا پشتوێنەی ڕاست دابین دەکات بۆ کۆکردنەوەی گشت گەلان لە یەک کۆمەڵدا ئەگەرچی ( کەمایەتی ) بەرێژە کەمیشیان تێدابێت.

پێناسەی هەرێم، بوون، ماک، مێژوی هاوبەش و ئەو شەپۆلەی لێکی کۆکردنەوە و یەک میللەتی لێ پێکهێنان، گەورەیی و بوون بەخاوەن ژیارێکی مەزن و پەیامی مرۆڤایەتی بەرز ... هەرئەو بارەیە ژیانی هێمنی و ئاسوودەیی لە هەرێمدا بەرپا کردووە و ئەوتۆ کاری کردووەتە سەر ئەو میللەتە شان بدەنە بەر لێواری ئەو پایەیەی دەبێتە هۆی ڕاگرتنی کۆشکی مەزنی مرۆڤایەتی و ڕێزگرتنی مرۆڤ لە مرۆڤی تر و هەست بە یەکسانی و دادپەروەریش دەکاتە بەردی بناغە.

بەڵام دوورکەوتنەوە، ئامۆیی و ڕووکردنە هەندەران و خۆ دوورگرتن لەپێناسەی هەرێم، لە بوون و ماک، لەو گوژمە بەتینەی ئەمڕۆ هەیە، لە چڕی( واتە ڕێژەی پەرەسەندنی ئەو لە گشت کات و شوێندا) خۆی لەخۆیدا لێکبچڕان و ماڵوێرانی و ڕەنج بەبابوونە نەک ژیار و ئاوەدانی. هەرچیش ئەو جۆرە گفتە بیگرێتەوە ئەوا گونجاوە لەگەڵ ئەو بیری نوێسازی و عیلمانییەتەی دەبێتە پەردە بۆ شاردنەوەی جۆرەها پلان و مەبەستی بۆگەن تا بناغەی میللەتی پێ هەڵتەکێنن و بەجۆرێک لێکی دابپچڕن هەتاهەتایە لەژێر باری داگیرکەراندا بناڵێنێت.

بەپێی شیکردنەوەی واتای ئاسایی مەبست، دەوڵەتی نەتەوەیی لەخۆیدا یەک قۆناغی تایبەتە بۆ پێشکەوتنی میللەت وگەلان. جا لەوتۆ قۆناغیشدا کە پێشتر و هاوکات بە بیر و بۆچوونی بەرفراوان و یەکانگیر و یەکجار گونجاوە باڵی کێشابوو بەسەر مرۆڤایەتیدا، گەل و نەتەوە و خێڵی جوراوجۆری بەیەک شادکرد. بیری نەتەوایەتی بۆ ئێمەی عەرەب لەم هەرێمەدا هەر لەزۆر کۆنەوە و لە قۆناغی پێش ئیسلامیشدا هەبوو، بەڵام ئیسلام خستیە نێو قەوارەیەکی تر و ڕێڕەوی زۆر پێشکەوتوو و باڵا و گونجاوتری هاوشان بە بەرەوپێشچوونی مرۆڤایەتی.

بەوجۆرە نەتەوەی عەرەبی خۆی پێوە گرێدا و شانبەشانی میللەت و نەتەوەکانی تر ئاڵای ئیسلامیان بەرزکردەوە و پەرشکردنی پەیامیان گرتە ئەستۆ.

بەڵام ئێستا لەبارودۆخی ناڵەباری وەک ئەم چەرخە، هەروەک پێشتر گوتمان، ئەو پرسە جۆرێکی ترە و هەمیشە لەگۆڕاندایە. ئەگەر عەرەب بۆی هەڵکەویت لەپێشدا یەکبگرن و دووبارە چەشنی شۆڕشێکی ڕێکوپێک پەیام بگرنەوە دەست، ئەوا پێویستە هیچ گیروگرفتێک نەمێنێت، و کەمە نەتەوەکان لە مافی چارەنوسیش بەولاوەیان دێتە دەست. لێرەیشدا مەبەستمان لەوەیە

پشتگیری ئەو (کەمە) نەتەوانە بکەن تا ببوژێنەوە و لەسستی ڕابوردوویان ڕاپەڕێن و لەو ستەمەیان دەرکێشن کە گیرۆدەی کردوون و گشت جۆرە هاوکارییەکی( ماددی و مەعنەوی) بکرێن تا پێناسەی ئاسایی خۆیان بکەوێتەوە دەست، و پاشانیش بتوانن جودابینەوە و دەوڵەتی ئارەزووکراویان دامەزرێنن. وەکتریش سەرپشک بکرێن لەوەی ئەگەر ویستیان ببنە بەشێک لە میللەتی ئەوان.

خۆ ئەگەر بوترێت یەکیتی عەرەب دەبێتە هۆی زیانی مەزن و پێشێلکردنی مافی نەتەوە بچوکەکان و مافی چارەنووسیان ئەوا بەتەواوی پێچەوانەی ڕەوش دەگرێتەوە، چونکە هەرچ جۆرە درزێک بەکەوێتە ناو ڕیزەکانی میللەت دەبێتە هۆی جودابوونەوە و دەرکەوتنی جۆرەها کەمایەتی. ئەوجا بەش بەشی تری لێ دەبێتەوە، و درزیش درزی تری تێدەکەوێت تا دەگاتە ئەوەی درز و جوداخوازی بکەوێتە ناو بەر و پشت و خێڵ، و لەو بارەیش گرانتر ئەوەیە کە بگاتە ناو خێزان. ئەمانەن هەڵوێستی وێرانکەر و ئەو تایەفەگەرییانەی کۆلۆنیالیست دەیەوێت هەرێمی پێ تووشکات. ئەگەرچی تووشیشی کردووە.

بەرانبەر بەوە دەبینین بە یەکبوونی ئەو ئۆمەتە و کۆکردنەوەی گشت گەل و میللەتانی هەرێم لە یەک دەوڵەتی ناوەندا بوە مایە بۆ پێشخستنی هەرێمەکە، و یەکێتییەکە گشت بار و ڕواڵەتە(ماددی و مەعنەوی)یەکانی ئەو ئۆمەتەی گرتەوە تا بەگشتی پێشکەوتن، و ڕەنگدانەوەی ژیاریان بوو بە چرا بۆ گشتمرۆڤایەتی.

سەرئەنجام نامانەوێت زۆر لەسەر ئەم باسە بڕۆین، و بەوڕادەیەی لەتوانادابوو بەکورتی و پڕو پوختە بیر و بۆچوونی خۆمان وەک پێویست دەربڕی تا گشت جۆرە گومان و تارمایی ڕامالین لەسەر ئەو کێشەی کورد و کوردستانە کە ئەم بەرهەمە باسی دەکات.

لەوانەیە بگوترێت، پێشەکییەکە بەکەموکوورییە و بەربڵاو بۆ باسەکان دەچێت، ئەوە ڕاستە چونکە ئێمە هەرگیز نامانەوێت خۆ لە شیکردنەوەی ئەو هەڵقورتێنین. شیکردنەوی باسەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە زۆر بە ڕوونی باسی کراون، و ئەوەی لای ئێمە مەبەستە تەنها کاکڵەی باسە، و ئەویش بریتییە لە مافی چارەنووس و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی.

وەکتریش ڕوونمانکردەوە کە پێویستە ئەو مافە بەپێی ئەوجۆرە سەنگ و پێوانەیەبێت کە ئەمڕۆ هەن و زایدەی هەمان ئەم هەرێمەن. هەروەها لەسەر ڕۆشنایی پێناسە و ماک و بوونی ئەوەوەبێت و هیچی تر.

سەرئەنجام ئەوەی بەرودوا مەبەستی ئێمەیە ئەم لێکۆڵینەوەیە بخەینە بەرچاوی خوێنەر( کادر)ی تێکۆشەر.

## بەشی کۆڵینەوە

# ئاماژە

لێمدەخوازن ئاماژە بەهەندێک لەو نووسینانە بدەم کە دەمخەنە سەر ڕێی خۆهەڵقورتاندن لەکێشەی کورد کە لەخۆیدا ڕەوشی توێژینەوە و پشتگیرییە لەخواستی مرۆڤانەیی کورد. ئەوە جۆرێکە لەو تایبەتمەندییانەی من شانازی پێوە دەکەم. فیز و هەندێک دەسکەوتی بێبایەخ پشتگوێ خستن ئاسانە، بەلام هەرگیز ناکرێت ڕوو لەوجۆرە تایبەتمەندییە وەرگێڕین کە دەکەوێتە ئەستۆ، ئەگەرچی ئەوانە مرۆڤ بەر پلار و مەترسی تانووت و توانجش بخەن، هەرگیز من دەست لەکاری ئەوتۆ هەلناگرم.

کارنامەی لەخۆدا ئەوتۆ پڕ و پوختە دەبێ لەبەرچی پێویستی بەمجۆرە پێشەکییە هەبێت؟ دیارە بۆ ئەوەیە کە، ئەو بەهرانەی ئەندێشەی گشتی جیهانی چەپڕەوان لە هیچی نەبوو دەبیارێن بەسەر گەلانی تردا ڕاستەوخۆ پرسی نەتەوایەتی گەلی کورد ناگرنەوە.

کەواتە کورد شایانی ئەمجۆرە پشتگیرییە. من نامەوێت بۆ پشتگیری لەمافی کورد ڕووبەڕووی کۆنسەرڤاتیڤانی جیهان بم، یان خۆم بخەمە بەرانبەر بەو ڕامیار پیشانەی هەلی هەلکەوتوو و نا هەلکەوتوو دەقۆزنەوە و بەگوێرەی ستراتیجییەتی تایبەت بە خۆ سوود و زیان و خالی بە کاکلە یان پووچەلی گشت بزووتنەوەیەک، هەلدەسەنگێنن. بەرەی ڕاست باوەڕی بەمافی گەلان نییە، ئەویش و پیاوانی پۆلیتیکزانیشی تا ئەو ئاستە پشتگیری لەمافی میللەتی کورد دەکەن کە سوودی تایبەتی بۆ ئەوان هەبێت، ئەگینا وەکتر پشتی تێدەکەن. ئەوانە تا ئیستا هەر ئەوتۆبووە هەلوێستیان[1]. خۆ ئەگەر ئەوجۆرە هەلوێستە ڕەوشتیش نەبێت ئەوا بیرتەسکی دەنوێنێت. لەوانەیە پۆلیتیکزانی کورد بتوانن دەرگا بۆ گفتوگۆی ڕامیاری لەگەڵ ئەوجۆرە پیاوانە بکەنەوە، بەلام نە من و نە ئەوانەیشی لە ئاستی مندان دەتوانین زمانێکی هاوبەش لەگەڵ ئەوجۆرە بدۆزینەوە.

هەمان شێوە نییە ئەگەر ڕووی دەم لە کەسانێک بکەین خاوەن سەرجاوەی باوەڕبن بە مافی چارەنووسی گەلان " لە بوونێکی سەربەخۆ، لە ئۆتۆنۆمییەکی خاوەن بڕیار و دەستەبەر و دەزگای ڕامیاری تایبەتدا، خاوەن سپا بەوپێیەی گەل شێوی بەڕێوەچوونی دیاری دەکات". ئەم چەرخە ساویلکەیی جارانی تڕۆ کردووە، و هیچ باوەڕێک بەو سەربەستییە ناکرێت کە بەگوێرەی ئارەزووی کەسانی تر پیەخشرێت، یان بەلێنی سەرزارەکی و تەنانەت بە ڕەشکردنەوەی چەند

1 ـ F ـ لەوانەیە مەبەست پشتگیری نیکسۆن و کیسنجەر بێت لەبزوتنەوە چەکدارییەکەی کوردی عێراق کە لەم پەرتووکەدا ئەنجامی دیاریکراوە.

لاپەڕەیەک بێت. گشت یەکێک لە گەلان، گشت تاخم و گرۆیەک تەنها باوەڕیان بەو جۆرە ئازادییە دەهێنن کە خۆیان دەتوانن داکۆکی لێ بکەن.

ئای کەزۆرن ئەوانەی سەربەستی بۆ گەلی خۆ (یان گەلانی لانگیریان) دەخوازن بەڵام لەئاستی کەسانی تر، بەتایبەتی ئەوانەی ژێردەستەی خۆیانن خۆ گێل دەکەن. گشتمان ئەو دروشمەمان بیستووە کە لەسەر زاری دەرەبەگانی سەدەی نۆزدەهەم بوو: ( کەئێمە لەسەنگەری نەیاریدابوین بەپێی بیروباوەڕی خۆتان ئازادیتان لێ دەخوازین، و کە دەسەڵات بەدەست ئێمەوە بوو ئەوا بەپێی ڕەوشی خۆمان لە ئێوەی دەشارینەوە)، "هاوهێڵی کێش ڕوونە - لێرەدا، دەخوازین: ئەوە لەکاتێکدا ئێمە لەژێر دەستی ئێوەبین، ئەو خاڵەتان دەهێنینەوە بیر کەدەبێ بەپێی ڕەوشی ئازادی گەلان بۆ سەربەخۆییمان بکۆشن، بەتایبەتی کەئێوەن سەرکردەی میللەت. پێویستە بەپێی ڕەوشی خۆتان و لەبەر ڕاگرتنی سۆزی نیشتمانپەروەری، و یەکێتی نەتەوە و پاراستنی دەسکەوتەکانی میللەت گوێنەدەنە فرمانی سەرکردە. خۆ ئەگەر ئازادی بەدەستی ئێمەبوو، بەهەمان ئەو هەستی نیشتیمان پەروەری و پارستنی یەکێتی نەتەوە و گشت جۆرەکانی پێداویستی، ئازادی لەکەسانی تر قەدەغە دەکەین. پێویستە هەستی نەتەوایەتیتان بەپێی ڕەوتی جیهانی لەپێناو ئێمەدابێت، بەڵام هەستی ئێمە سەرووی گشتە" و پڕ بەدەم هەر ئەو دروشمەی پێشینانمان دەڵێینەوە: هەمیشە نیشتیمانم خاوەن مافە، و نیشتیمانم سەرووی گشتە[2].

ئەمجارەیش دەیڵێیمەوە کە: زۆرستەمە گەر بتوانرێت زوبانێکی هاوبەش لەگەڵ ئەوجۆرە کەسانەدا بدۆزرێتەوە کە خۆیان بەئاگان لە ئاڵچاغی بیر و ڕەوشتی خۆیان و ئەو هەڵوێستی ڕیاکار و ئەهریمەنانەی تاکو دوێنێ بێ ئابڕوو لە بەرژەوەندی ستراتیجییەتی ڕامیاری خۆیاندا بەکارهێناوە، هەمیشە زۆر بێ ئابڕووانە هەست بەهەڵەی کەسانی تر لەپێناو هەمان بەرژەوەندی ستراتیجیەتی ڕامیاری خۆیاندا دەخەنە گەڕ. هەڵەبێت یان ڕاست ئەوان ئەمونەویان بەدەستی ئەنقەست پێ سوک کردووە. بەڵام ئەوە ناگەیێنێت کە شانۆ بێبەشە لەو جۆرە پیاوچاکانە کە وزەی بیروباوەڕ یەکجار بێنفیزی کردوون، یان ئەوانەی بە بەڵێنی درۆ، یان تەڵە و داو و دروشمی ئایدیۆلۆجی ئاوڕۆو لەخشتە دەبرێن، و خۆ بەدەستەوە دەدەن نەبا بە دەرەبەگ و " نۆکەری ئیمپریال"ی ناو ببرێن، و زۆری تری لەو بابەتە کەمن لێیان بێ ئاگام. لەمێشکی مرۆڤدا هەزار و یەک فێڵ و تەڵەکە هەیە. وەک مێشکی مرۆڤ پڕتەیە بۆ تاقیکردنەوەی هەزار و یەک فێڵ و تەڵەکە، ناتوانم مێشکی مرۆی تێکۆشەریش لەو جۆرە فێڵە بەدوورکەم.

دیارە بەرایی تێکۆشەران هەر لەهەڕەتی لاویدا ڕێگەی کێشە دەگرنەبەر، ئەوەیش (کەناڵێم نابەجێیە) بە سەرگەرمی دەبێت. ڕۆژگار هۆی بزوێنەری ئەو هەستەی لەیاد بردوونەتەوە. ڕێبازیان هەندە لا بەجێیە هیچ شتێک کاریان تێناکات ماوەی پێداچوونەوە بەخۆ بدەن! نەڕخنەی بەجێ

---

2-F (Vaaterland Uber Alles!) گوایە وتەی هیتلەرە.

وەردەگرن و نە ئامادەن لەو هۆکار و هەل و مەرجە بکۆڵنەوە کە سەرەتا ئەوانی خستە سەر ئەو ڕێگەیە. نە هێنی ئەو ڕاستییە کە سەرکردکان توانای گۆڕینی ئەو پەیڕەو و پرۆگرامە ورد و سەرەتاییانەیان دەبێت، و نەلە ئاستی کۆڵینەوەن لەو هۆکارانەی لەکاتی پەسەند کردنی ڕێبازیاندا لێی نەگەیشتبوون، و نە ئەوەی بارودۆخ یان ڕۆژیان لێ گۆڕیون. ئەوەی پێی پەیوەستبن جۆشی تایبەتی ناخ و ژیانی خودی مرۆڤە کە بووەتە هۆی لەخۆ بووری، و لەدەستدانی زۆر تایبەتمەندی و مایەی دەسکەوت و خۆشی. یان بوویێتە هۆی گیانبەختی( شەهیدبوون)ی زۆر دۆست و لەناوچوونی زۆر دوژمن؛ ئەوانەی لە یەک جۆرە هەست و باوەڕدان کە یەکبگرن جۆش و خرۆشی مرۆڤانەی زۆر بەتین و پێویست لێکیان دەئاڵێنێت. لەخۆ داماڵینی ئەو جۆرە پەسەندکارییە زۆر ئاسان نییە.

ڕێباز یەکێکە لەناو زۆردا. هیچ گومان لەوەناکرێت کە کێشەی ئازادی نەتەوە (بەزۆری میللەتی خۆ) کردن بە ڕێباز ڕەوایە و بەرزترین پلەی تێکۆشانە. هەروەها خولیایی بوون بەنەتەوەوە لەچۆشی جیهانجێتی و پەیوەستی ئاین بەهێزترە، بەڵام هەندێکجار ڕوودەدات ئەوجۆرە سۆز و هەست بزوێنەرە تێکەڵ بە هەڵوێستی بێ لێکدانەوە بێت. لە ئەنجامی ئەوجۆرە تێکەڵبوونەیش پرسەکە بە پەلپ و بەهانەی ناجۆر دەخاتە قاڵبێکی ئاڵۆز و نابەجێی ئەوتۆوە بەزۆری ئەنجامی ئاوەژوو بدات، و هەر ئەوانەیشن دەبنە تاو و چۆش بۆ بزوتنەوە. سەرئەنجام پشتگیری لە دەسەڵاتی تاخمی ئەوتۆ لەخۆدا دەسەڵات بەخشینە بە کۆڕی کادیر و ڕابەرانی. هەر کە گومان بکەوێتە دڵی یەکێکیان ئەوا خۆی لەناو کۆمەڵە مرۆڤێکی هاوکاری ئەوتۆدا دەبینێتەوە، بیخەنە سەر ئەو باوەڕەی هەرگیز هەڵەی بەچاو نەدیبێت. هەروەها دەگونجێت ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامان بهەمان هەست و دیاردەوە لە یەک بازنگەدا یەکبگرنەوە. ئەوسا هەر بەوکەسە خاڵی گۆمان لەمێشکی ڕادەماڵن کە باوەڕ بەوە دەکات کە دەیبینێت.

وەک زۆرن ئەوانەی تەنها بە خۆپەرستی (وجودی)یانە و میکافیلیەت و ستراتیجییەتی بوونی خۆیان تێدەکۆشن(لێرەدا لێپرسینەوە پێویستە، و لەوانەیە بێبایەخ نەبێت چونکە ئەوجۆرە هەنگاو لە تاریکیدا هەڵدێن)، تێکۆشەریش هەن لەخۆبووری و دڵپاکی کاریکی ئەوتۆی تێکردبێت ئەو جۆرە ئارەزوو و هەستە دەروونییە پاک و تەنانەت هۆکارە ڕاستەقینانەی لەبیر بردبنەوە کە سەرەتا خستوونییەتە سەر ئەو ڕێگەیە. با ئەوانە بخەینەلاوە کە هەڵبژاردنی ئەو ڕێگەیە هیچکات پەیوەندی بەباری ڕەوشتی ئەوانەوە نەبووە، بەڵکو ئەوەیان تەنها زایەدی هەندێک پێداویستی "زانستی" و باری سروشتی بووە. ئەوەیە دەردەسەری ڕۆژگار کە دەبێت تیمارکرێت، نەک هەستە نامرۆڤانەکەی ستەمکاران کەپێویستە بەگشتی و بەتوندی لەناوبرێت. خۆزگەم بەوانەی سادەن و دڵپاک. لەڕاستیدا گشت سەرەتایەک هەر بەرچاوکردنی بارەکانی ڕەوشت دەستپێدەکات. دەتوانین لەو ڕێچکانەی تر بکۆڵینەوە کە ئەوان بۆ خۆی هەڵدەبەستن،

ئەگەرچی کانگیربوونی ئەو جۆرە پێویستی بە چەندوچۆن نییە.

بەوجۆرە دەتوانین لەو کەسانە بگەین کە بەشێوەی گشتی مافی نەتەوایەتییان لابێنرخە. بە درێژایی مێژو ڕەفتاری حوکومڕان هەر ئەوەبووە. لای ئاین پەرستیش ڕەفتاری حوکومڕان گرنگ نییە چونکە خودا هەیە و تۆڵەی لێ دەکاتەوە. لای ئینتەرناسیونالەکانیش گرنگ ئەو مافەیە کە ڕژێم هەیەتی بەسەر مرۆڤەوە " ئیتر هەرچۆن دەبێ گرنگ نییە". ئەوانە ماف بەخۆ دەدەن پرسی نەتەوایەتی کورد بە هیچ بزانن، بەمەرجێک دڵنیابن لەوەی کەس خودا پەستی بۆ بەرژەوەندی تایبەت ناکات و بەرژەوەندی مرۆڤێکی کوردیش هەروەک ئەوانی تر پارێزراوە.

بەڵام کە بۆ مرۆڤ دەردەکەوێت مافی نەتەوایەتی زۆرگرنگە، و لەڕاستیدا کەس سەربەست نییە ئەگەر نەتوانێت بەشداری پێشخستنی کولتور و زمانی نەتەوەیی تایبەتی خۆی (زۆر شتی تریش) بێت. ئەگەر بەزۆر و بێ ئارەزوی خۆی کولتوری نەتەوەیەکی تری بەسەردا بسەپێنن. هەروەها کە بڕوانێت بەرژەوەندی و خواست و ئاواتی نەتەوەیی کەوتووەتە ژێر دەسەڵاتی ڕەگەزێکی تر، ئەوسا بۆی نیە ئەوەی بۆ خۆی بەڕەوا ببینێت کە لەکەسانی تری قەدەغە بکات. ئەگینا کە پەرد لەسەر ڕووی خۆی لابدا بەڕاستی مەبەستی چەپەڵی وەک "خۆپەرستی، ستەمکار و خۆسەپێنەر بەسەر کەسانی تر"ی شاراوەی ژێر پەردەی ئایدیۆلۆجی دەردەکەوێت. ئەو جۆرە ڕەفتارەی لە لای ئاکە کەس پەسەند بێت هەرگیزکۆمەڵ نایسەلمێنێت. کێ هەندە گێلە بچێت بەدەنگی ئەو گورگەوە کە کە هاوار بۆ ڕزگارکردنی خۆی دەکات لە چنگ ڕاوچی کە هێشتا خوێنی ئەو بەرخەی بە کەڵبەوە ماوە کە ئەو لەتووپەتی کردووە؟. ڕێگەچارەی ئەو جۆرە فێڵ و تەڵەکەیە تەنها گەڕانەوەیە بۆ ئەو ڕێگە ڕاستەی هیچ ئاگری دۆزەخێک ناتوانێت بیسووتێنێت. هەڵوێستی ڕامیاری بەگشتی گیر و ئاڵۆزن، بەڵام ئەوەی ساکاربێت بەزۆری ڕەوشتین.

پێویستە هیچکەس گومان لەمافی چارەنوسی نەتەوەی کورد نەکات، چونکە ئەو گەلێکە بە دیاردەی یەکجار تایبەتەوە، و خاوەن زوبانێکی یەکجار تایبەت (با ئێرانیان هەر بۆخۆ بڵێن). لەسەر یەک پارچە خاکی لێک دانەبڕاو دەژین، و خاوەن کولتوری تایبەتن. دژن بەو تاوە کولتورییەی بەزۆر بەسەریاندا دەسەپێت. لەم چەند سەدەیەی دواییدا پتر لەهەزارجار خواستیان دەربڕیوە کەوەک نەتەوەیەکی یەکگرتووی خاوەن دەسەڵات و دامودەزگای تایبەت بەخۆ بژین، و دیانەوێت بڕیاری چارەنوسی ڕامیاری و سەربەخۆیی خۆیان بەخۆیان بێت. بێگومان کۆڵینەوە لە هەڵوێست و تاکتیک و ستراتیجییەتی سەرکردەکانیان بە نەنگ نازانم. ڕاستە کەموکووڕییان زۆرە. هەروەها کاری بەجێیە ئەگەر لەزۆر لایەنی تر بکۆڵینەوە، بەڵام نەتەوەی کورد خاوەن ئەو تایبەتمەندییانەن کە باسمکرد و ئەوانە لەخۆدا بەڵگەی بەجێن و بەهیچ کلۆجێک چەندوچونیان پێ ناوێت. ئەوجا هیچ چاودێرێکی وردبین مافی ئەوەی نابێت بەرپەرچی ئەو بۆچوونە بداتەوە.

کەواتە ئەو بێدەنگیە چییە لەبۆ مافی چارەنوسی نەتەوەی کورد لەلایەن ئەوانەوە کە دەمێکە

خۆیان بەختکردووە بۆ پاراستنی ئەوتۆ مافێک بە هیچ کلۆجێک بە بەڵگەتر نین لەوەی ئەمان هەیانە؟ چی ڕویدا وا لێی کشانەوە و دەڵێن ئەوەی پێیان دراوە لەهیچی کەم نییە و لەگەڵ خواستی خۆیاندا گونجاوە، بەلاّم لەهەمان کاتدا ئەوە بۆ گەلانی تر بەکەم دەزانن؟ ئایا دەبێ کۆڵینەوە لە ژیانی ڕابوردوی سەرکردەکانی کورد و هەڵوێستییان چی بگەێنێت، لەکاتێکدا هەمان ئەو ڕەخنەگرانە خۆیان فەرمویانە، تەکنیک و ستراتیجییەتی بزوتنەوە هیچ نابن بە کۆسپ بۆ بە ڕەوازانینی مافی چارەنووس؟.

زۆر بە ئاسانی، ئەوە لەبەر بێ شانسی، یانیش لەئەنجامی هەڵوێستی هەڵەیە کە کورد ئەمڕۆ بۆ مافی چارەنووس ڕوو لە دوو نەتەوە دەکەن ماوەیەک لەمەوبەر خۆیان دووچاری هەمان جۆرە کێشەی ماف بوون، و چەپڕەوی جیهانی لەسەر هەمان ئەو خاڵانە داکۆکی لێدەکردن. ئەمان سەرەتا دژ بەو تورکیایە ڕاپەڕینی کەماوەیەک بوو ئیمپریالیستانی ڕۆژئاوا دەیانویست دەستی بەسەردا بگرن و ژیانی پۆلیتیکی ناوخۆی ئەو هێشتا لە سەنگەری دژ بە چەپ بوو. پاشان و بە تایبەتیش ئەوکاتەی کورد دژ بە عەرەبی عیراق (کەمێکیش سووریا) هەستان گەلی عەرەب بەگشتی کە هێشتا داوی ئیمپریالیستی لەپێیان ئالابوو، بوونە پێشهەنگ بۆ لێدانی ئەم. کەواتە کورد بوونتە چەوساوەی بەردەستی چەوساوەکان.

واتە ویژدانی جیهانی لەئاستی پشتگیری چەوساوەکاندا خۆی تووشی گۆڵمەز وگیروگرفت دەکات، و هەروەها لەجۆری بیرکردنەوە و هەڵوێستی ئایدیۆلۆجی و دیسان بۆ هەڵسەنگاندنی بار هەنگاو بەسەر ئەو سەرەتایانەدا هەڵدەهێنێتەوە کە هەڵگری جۆرەها ڕێوڕەوشی ڕەگەزپەرستی و پاشکۆ شۆڤێنییەتن. ...... کەواتەوە هەردەم ئایدیۆلۆج دەیەوێت ئەوە لەبیرکات کە مانەوەی چەوساوە ل هەمان قەوارەی تایبەتی خۆیدا هەمیشەیی نییە. " پرۆلیتار پارسا نین"، ئەوە ئامۆژگاری لێنینە. زۆرن ئەوانەی لەژێر باری ستەمدا دەناڵێن و پێویستییان بە پشتگیری هەیە بەلاّم کاتێک لەڕاستی ڕەفتاریان وردبینەوە هەڵە و ناپەسەندییەکانی ژیانیانی یەکجار ناشیرینی دەردەکەون. چاک ئەوبارە باڵی کێشاوە بەسەر زۆر گەلدا. بەسەر ئەو کۆمەڵانەی مرۆڤی ئەوتۆیان تێیدا هەڵدەکەوێت هەمەچەشنە و لەبری پیاوەتی زۆر زیان بە مرۆڤایەتی دەگەیێنن، و زۆربشن ئەوانەی خۆیان بۆ دیاگۆگی جیهانی شل دەکەن. ئەوجا سەرکردە هەمیشە خولیای درۆن و گوایە هەڵێکە (لەبەر بەرژەوەندی میللەت)نابێ لەدەسچێت، جۆرەها فێڵ و تەڵەکە، بەدخویی و بێنابڕوویی دەنوێنن. بەلاّم دەبێت بزانین کە هەر هەڵوێستی کاتییە دەبێت بە خووی هەمیشەیی.

هەمیشە خاوەن ئایدیۆلۆجی بۆ ئاسانترین ڕێگەچارە دەگەڕێت، و کۆمەک بە گەلی چەوساوە لەلای ئەو لەبەر تەنگوچەڵەمەی کۆیلەبوونی گەلی ژێردەست نییە. بەڵکو بەپێچەوانەوە، گەلی چاوساوە ئەو کاتە بە پیرۆز ناودەبەن کە هەستونەست، هەڵوێست، کولتور و کرداری ئێستا و ڕابوردوو و ئایندەی لەئاستی ڕێزدابن. گرنگ ئەوەنییە ڕاستەوڕاست لەبەر ڕواڵەتی

نێرگسییانەیان کۆمەک بەوان بکەین و هیچیتر. خۆ ئەگەر بچووکترین هەڵە لەوان دەرکەوێت ئەوا لێیان دەکەن بە نارەوایی و تاوان. بەتایبەتی ئەگەر ئەوەی بۆ لێکبدرێتەوە کە لەوانەیە ئەو گەلە چەوساوەیەیش ڕۆژێک ببێتە چەوسێنەری گەلی تر. جا ئەوە جۆرە زسایەکە لەلای "ڕەوشی ئایدیۆلۆجی ڕۆژ" ناشیرین کردنی ڕواڵەت و داماڵینی پیرۆزی لە پرسی ئەوان دەگەێنێت، و چەوساوە هەر لەقاڵبی چەوساوەیی خۆیدا دەمێنێتەوە.

پێویستە بەرەنگاری ئەوجۆرەر لێکدانەوە نابەجێیانەبین چونکە زەمینە خۆش دەکەن بۆ هەڵهاتن لەڕیزەکانی جەنگی دژ بە ستەمکاری. دەبوو گشت ئەوەی ڕوشنبیرانی پێشکەوتنخوازی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست کردیان بۆ پشتگیری لە پۆڵۆنیای ستەمدیدە، و هەروەها دژ بە فاشستی و هەڵوێستی ڕوونی ڕژێمە فاشیستەکانی ناو پۆڵۆنیای ئازاد وەستان، بێبایەخ نەبوو، چی لەڕووی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری ناوخۆ، یان لەبەربەرەکانێی ئەو شێوازی چەوساندنەوەیەی دەوڵەت لە ناو پۆڵۆنیا نەتەوەکانی[3] پێ هەڵلووشی. لەڕاستیشدا دەبوو ئەو جۆرە بیر و بۆچونانە پێش ئازادبوونی پۆڵۆنیا پەیدابوایە. ئەگەرچی چەوتوچێڵیش بووبن هەر پاکانە کراوە بۆ ئەو شێوە تێکۆشانەی گەلی پۆڵۆنیا کردی دژ بە هەڵوێستی ڕەگەزپەرستان. "ئەفسوس" لەتوانامدا هەیە زۆر لەو نموونانە بهێنمەوە.

" ئەو گەلەی گەلێکی تر بچەوسێنێتەوە، ئازاد نییە". پتر ئەو وتەیەی مارکس باری سیتراتیجی دەگرێتەوە نەک ڕەوشتی. مارکس ئەو نموونەیەی لەسەر گەلی ئایرلەندا هێناوەتەوە تا نیشانی بدات کە بار و پێویستی سەر شانی میللەتێکی جەربەزە تەنها ڕاگرتنی باری ڕەوشتی نییە، بەڵکوو سەلماندوویەتی کە بەریتانیا بە داگیرکردنی ئایرلەندا چینی ئینگلیزی سەری ئەوێی پرچەک کردووە بۆئەوەی هەتاهەتایە ئەوان لەبندەستیدا بهێڵنەوە و خودی گەلی ئینگلیزی پێ شادکەن. من لەوباوەڕەدام زۆر هەڵوێستی تری لەوجۆرە بۆ شوێنی تریش بگونجێت، و دەشێت هەندێک جار بۆئەوەبچین کە دەست بەسەر میللەتێکدا گرتن لەسوودی گشت چینەکانی گەلی داگیرکەرە بێلەوەی ڕێ لەخەباتی چینی بێ تایبەتمەندی بگرێت. بەڵام ئەوتۆیش هەر کۆمەک نەکردن بە گەلی چەوساوە دەگەیێنێت بۆیە نابەجێیە، ئەگەرنا ئەوا دەبێ ڕیاکارانە بگەڕێینەوە بۆ ئەو "ڕاستیانە"ی خۆیان لەپێشدا دژی بوون، و لەبەر پشتگیری دۆستان بۆ نەیارانی بەهەڵوێستی نارەوشتیانەی دەبین.

دژایەتی داگیکەر، ڕەگەزپەرست و ئیمپریالیستی ئەوە ناگەیێنێت کە لەلای هەندێک بووە بە بیوباوەڕ(یان وەک دەریدەبڕن ئەوان لەسەر ئەو باوەڕەن). کەواتە ئەوە ڕاست نییە خوتوخۆڕایی و هەرلەخۆوە جولەکە، عەرەب یان ڕەنگ پێست و کەسانی تر بە پیرۆز و پاک و بێگەرد بزانین، و لەگشت کات و شوێندا پاکانەیان بۆ بکەین. خۆ ئەگەر بێگەردی ئێستا و ئەوانی پێشوو بەوپێیە

---

3 ـ F ـ ... نەتەوە ناپۆڵۆنییەکانی ... ، ... حوکمی تاکرەوی ...

هەڵسەنگێنین و وەک گەوهەرێکی بەرزتر لە گرۆکانی تری مرۆڤایەتی دەرخەین، کەواتە ئێمەش دەکەوینە ناو هەمان گێژاوی هەڵە و بیروبۆچوونی ئێمەیش لەگەڵ بیر و بۆچوونەی ئەو ڕەگەزپەرستانە یەکدەگرێت کە دەڵێن: پێویستە ئەو جۆرە نەتەوە بێ هاوتایە بکرێت بە سەرکاری گەلان. دژبوون بە داگیکەر و ڕەگزپەرست و ئیمپریالیست ئەوەیە کە لەڕووی چەوسێنەری نەژادی گەل، یان چین و کۆمەڵێک بوەستین. پێویستە ئێمە دژبین بەگشت ڕواڵەتێکی داگیرکردن و چەوسانەوەی نەتەوەیی. کەواتە ئەگەر پێویستکات دەبێت بەوپێیە لەڕووی جوو، عەرەب و ڕەش پێستەکان ...و تەنانەت دژ بەکوردیش بوەستین. پارێزەرانی مافی مرۆڤ بەوجۆرە هەڵوێستی دژ بە گشت جۆرە ستەمکارێک دەردەبڕن، تەنانەت ئەگەر ئەو ستەمکارە یەکێک لەو نەتەوانەبێت کە کۆیلەیەتی پێشووی خۆی دەکات بە پەڵپ بۆ ستەمکاری ئەمڕۆی. نابەجێیە ئەگەر بیر لەوە بکەینەوە کە ئاسان نییە چنی چەوساوە لەخۆ بگۆڕین و ببنە چەوسێنەر. زۆر ستەمکاری ئەمڕۆ لە ستەمدیدەکانی ڕابوردوون.

ئەوانە وامان لێدەکەن بەچاوی ڕەخنەگر بڕوانینە ئەو بەڵگانامانە کە بۆ پاکانە لەهەڵوێستی ناڕەوایی خۆیانی دەدۆزنەوە. جا پێویستە ئەو بەڵگە و پەڵپە درۆیینانەیان ڕسواکەین کە بەگوێرەی پێداویستی پاراستنی "یەکێتی نیشتیمان" دەیدۆزنەوە.

[ لەبڵاوکراوەی لایەنێکی چەپی یەکێک لە وڵاتانی جیهانی سێهەمدا توانیم ئەم بڕگە سەیرە بخوێنمەوە، " پێویستە ڕەوشی مافی چارەنووس لەژێر ڕکێفی بنەوی یەکێتی نیشتماندابێت «پەکوو » لەو وتە بەکارە. گۆمان لەوەدا نییە کە ئەوانەی ئەو ڕەوش، یان وتەیەیان بڕیار داوە "چەشنی پەز گۆشەکراون و تەنها ملی ئەو ڕێگەیەیان گرتووە کەڕژێم دەیەوێت، بارتکاسی پۆلیسی کارتکاس سەگی بافلۆنە. وادیارە ئاسانترین بەراورد لە مێشکی ئەوانەدا نەماوە، دەبێ ئەو وتەیە چی بگەیێنێت کە بەزۆر و نابەدڵ تەواوی میللەتێک لە پێکهاتەیەکی نیشتمانی ئەوتۆدا کۆکەیتەوە کەخۆت باوەڕت بە بوونی نەبێت. لەوانەیە هەبێت پشتگیری لەوە بکات، بەڵام چونکە ئەوە بوەتە خواست و ئاشکراکراوە، ناتوانن دایپۆشن و ئەوجا کارێک دەکەن ئەوە لەژێر دروشمی ڕوونی پڕفریودا بە تاخمەکانیان قووت بدەن، و زۆری تر. ئیتر با بەسبێت ئەوە ملکەچ بوونە بۆ ڕێبازی سەربەستییەی هەر لەسەر زمانیانە و خۆیانی پێ دەبەنە پێش. پێویستە هەمیشە بپرسین. یەکێتی نیشتیمانی بۆکێ؟ بەپێی سنووری کێ؟ و لەسوودی کێ؟. ][4]

عەرەب هێزی ڕۆژئاوایی دەیچەوسانەوە، و تەنانەت تائێستایش هەر هەندێک هەڵوێستی ناڕەوایان بەرانبەر دەکرێت، بۆیە تا ئەمڕۆیش لەوڕووەوە پێویستییان بە کۆمەکی پیاوانی سەرڕاست و پێشکەوتنخواز هەیە. بەڵام ئەوتۆیش هەر لە جوو پیرۆزتر نین، چونکە ئەوان و سەرکردەکانیشیان لەسەرپێن بۆ چەوساندنەوەی گەلانی تر. ئەگەر وەک خۆیان دەڵێن،

---

4 ـ بڕگەی ناو ئەم کەوانەیە لەچاپە فارسییەکەدا نییە « و »

سەرکردەکانیان هەندە ڕاست و پاک و پوختەن، بۆ زۆر لەخودی نەیارەکانی عەرەب بە ناپەسەندیان ناودەبەن. هیچ گومان لەوەدا نییە کەعەرەبی عیراق دان بەخاڵە سەرەتاییەکانی مافی نەتەوایەتی کورددا نانێن، و هەندێکی تر نمونە هەن لەم پەرتوکەدا هیچ چەند وچۆنیان پێناوێت. بە مەبەستی بەعەرەب کردن، ڕاگوێزانی ژمارەیەک کوردی زۆر بۆ ناوچەکانی دەرەوەی سنوری کوردستانی عیراق، یەکێکە لەو ڕاستییانە. لە هەچ شوێنێکی تر ئەوجۆرە هەڵوێستە بنوێنرێت ئەوا دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی دەنگی نەیاری، و هیچ هۆیەکی ویژدانی و ڕەوشتیش نیە بۆ دەرنەکەوتنی ئەو جۆرە دەنگە.

زۆر دڵنییایین لەوەی دەتوانین لێرەدا نموونەی لە هەمان ئەو چەشنەی مارکس بۆ ئایرلەندای هێناوەتەوە دەربڕین. ئەوەی لەلای من پەسەندبێت " هەرنەبێت لێرەدا" سووربوونمە لەسەر ئەوەی گشت یەکێک خۆی بۆ خووی شیزۆفرینیایی و دووڕوویی شل نەکات. پشتگیری لەکورد و هەروەها لە عەرەب پێویستە، چونکە نەئەم گەلە بێگەردە نە ئەویتر ( لەوانەیشە ڕۆژێک بێت باسی کورد بەو جۆرە بێتە نێوان). پێویستە بە هەمان ڕادەی ستەمدیدەیی پشتگیری لەوان بکەین، نەزۆر و نەکەم. هایشوهوش کەس ناگەێنێت بە مەبەست. لەوانەیە ئەو جۆرە کۆششەمان سەر بگرێت، ئەوجا زەمینەی فراوان دابین دەکەین بۆ بزواندنی هەستی مرۆڤ. لایەنگر پەیدا دەبن. لە جەنگدا هەر بەتەنها ڕاستی و دروستی نییە مایەی سەرکەوتن، تەنانەت لەو جۆرە جەنگەدا کە بۆ کۆکردنەوەی دەنگ دەبێت، بەڵام ئەوانە دەبن بە جەکی یاریدەدەر بۆ گرەو بردنەوەی ئەو دوا جەنگە، و بە لەبیرکردنی ئەوانە هەرگیز گرەومان پێ نابرێتەوە.

مەکسیم رۆدینسون

# پێشەوتار

## کەمایەتییە بێمافەکان

لەوەتەی تاڕادەیەک کێشەی ئیمپریالیستی ڕوو لەنەمان کردووە کێشەیەکی لەو تایبەت تر باڵ دەکێشێت بەسەر وڵاتانی ئافرۆئاسیاویدا، ئەویش: ئارەزووی سەربەخۆیی کەمایەتی زمانی و کەمایەتییە ئاینییەکانە کە دەیانەوێت بڕیاری چارەنووس بدرێتە دەست خۆیان. ئەوانە وای دەردەبڕن کە مەزنترین کۆمەڵی سەر خاکی خۆیانن، یان هەڵدەکەویت پەرش کرابێتن بەسەر پارچەی جیاوازی هەرێمدا و دەخوازن پێناسەی چکەسایەتی خۆیان بپارێزن[١].

هەنگاو لە کۆڕ و دەزگا نێونەتەوەییەکاندا بۆ پرسی سەربەخۆیی نەتەوەکان چەواشە و هەم ئاڵۆز هەڵدێن. گوایە دەبێت یاسا ئەومافە بپارێزێت[٢] بەڵام لەپراکتیکدا هیچ لەگۆڕێ نابینرێت. وەک دەرکەوتووە زۆر جار دەیبەستنەوە بەو هێزانەوە کە بە چەک سەنگی خۆ دەنوێنێت. سەیر لەوەدایە کە مافی هەندێک کۆمەڵ لەوی تاکەکەس کەمترە (جگە لەوانەی خاوەن دەوڵەتن). ئەو گەلەی ئەمڕۆ لەجیهاندا بەکەمایەتی بژمێردرێ دەبێتە پلیشاوەی ژێر هەرەس و دەرد بەدەست دەوڵەتانی خاوەن دەسەلاتیانەوە دەچێژن، بەتایبەتی لەوڵاتانی جیهانی سێهەم کە تەنانەت مافی کولتوریشیان نادەنێ.

میللەت، بە هەمان واتای ڕاستەقینەی خۆی بۆ یەکەم جار لەسەدەکانی هەژدە و نۆزدەدا لەڕۆژئاوا دەرکەوت: کلافەیەکی مێژووی چەشنی پووەرەی ڕامیاری و ئابووری گرێدراو بە دەوڵەت و بازاڕێکی نیشتمانییەوە بوو. ئەوجۆرە دەوڵەتی میللییە پاش ڕووخانی ئیمبراتۆرییەکانی سەدەی نۆزدە و بیست، لەگشت لایەک پەیدابوو. لەئەمریکای لاتین و ئەوروپا و ئاسیا و ئەفریقا و تەنانەت لە هەندێک ناوەندی گەرمی ئەفریقایش کە هێشتا میللەتی تێدا هەڵنەکەوتبوو. لەگشت لایەکی جیهانەوە کۆمەڵی نەتەوە مەزنەکان یەکیان دەگرت تاڕادەیەک بۆ چەوساندنەوەی کەمایەتییەکان. ئەو بارە بەتایبەتی لەو وڵاتە تازە سەربەخۆیانەدا قورستر بوو کە لە پاراستنی مافی هاووڵاتییان، سیستێمی ئەشکەنجەی دەوڵەتی نوێیان بەئاسانتر زانیوە.

ڕادە و شێوەی چەوساندنەوەی کەمایەتی لەجیهاندا بەپێی بار ودۆخ دەگۆڕێن:

- جودا خوازی: لاخستنی ئەوانەی لەگرۆی تایبەتن.
- چەوساندنەوەی کولتووری: قەدەغەکردنی زمانی زگماکی لەخوێندگە، چاپەمەنی و پەیوەندی ڕۆژانە لەگەڵ نوسینگە و دەزگاکانی دەوڵەت.

ـ چەوساندنەوەی ئابووری: بەگوێرەی نەخشەی تایبەت، دەرامەتی ئابووری برین لە کەمایەتییەکان.
ـ ئەشکەنجەی گیانی: چرکردنی ڕێژەی کۆمەڵی خاوەن دەسەلات لە هەرێمی کەمایەتییەکان، یان ڕاگوێزانی دووهەم و نیشتەجێ کردنی یەکهەم لەشوێنی.
ـ قەلاچۆکردن. لەناوبردنی کۆمەڵێک بەپێی نەخشەی تایبەت.

کێشە نییە بێچارەبێت؛ سەربەخۆیی، ئۆتۆنۆمی، یان پێناسەی کەسایەتی کە ئەمەیان ساکارترینی مافە. مافی کولتووری کە لێرەدا بە تەسکترین شێوەکانی مافی دەزانین و بەهیچ جۆرێک نابێت ڕێی لێ بگیرێت، لەزۆر دەولەت، بەتایبەتی ولاتانی کۆلۆنیالی پێشو ئەو مافە پێشێل کراوە. لەڕاستیدا دابچڕینی سەربەخۆیی لەدەست هێزە کۆلۆنیالەکانی سێ گرێ لەمەوبەر زۆر ئاسانتربوو لە دیدەنی مافی ئۆتۆنۆمی بەخشین لەیەکێک لە دەولەتانی جیهانی سێهەم ( هەر لەکاتی نەخشە ڕشتنیدا بیر لە فێڵ و تەلەک دەکەنەوە بۆ پووچەڵ کردنی ). پێداویستتییەکانی کەمایەتی زۆرن بەلام، چارەسەرکردنی لەلای دەولەتان هەمیشە بە پێچەوانە بووە.

لە جیهاندا دەیەها ملیۆن مرۆڤ هەن لەبارەی مافی پێناسە و زمانەوە خۆ بە بەشخوراو دەزانن[٣]. بێگومان پێویستە لە پابەندی خالەکانی مافی چارەنووسدا ـ ئەگەر بخرێتە گەڕ ـ بەلای کەمەوە ئەم شێوە ساکارانەی ماف بکرێتە بەندێک لەژێر ناوی پشتگیری لەمافی چارەنووس[٤]، و یاسا نێونەتەوەییەکانی ئەمڕۆ بۆ پەیڕەوی پێکردنی بکۆشن:
ـ یەکسانی: واتە بەیەک چاو لەگشت ڕوانین ـ مافی پێناسە بەخشین و سەرپشک کردنی نەتەوەیەک لە ئەگەری یەکگرتن لەگەڵ کۆمەلانی تردا پارێزراو بێت.
ـ ئازادی کولتوور: خوێندن و نووسین لەخوێندگەکاندا ببێت بە زمانی زگماکی، و ئەو زمانە لە گشت دەزگاکانی بینین و بیستن، و نووسینگە و دەزگاکانی دەولەتدا بەکار بهێنرێت.
ـ ژیانی هاوبەش: بەرووبوومی ئابووری ولات بۆ گشتبێت وەکیەک.
ـ کەمایەتی بێ هەرێمی تایبەت سەرپشک بکرێن بۆ نیشتەجێبوون لەو شوێنانەی خۆیان لەچوارچێوە و سنووری دەسەلاتی ولاتدا دیاریکەن.

دەزگا نێونەتەوەییەکان تائێستا بەرانبەر بەهەڵوێستی "بەناو کێشەی ناوخۆیی" دەسکورتن و کەم دەسەلاتن. پێویستە بۆ دارشتنی یاسای تایبەت بەمافی گەل و کەمایەتییەکان بکۆشن، بەتایبەتی لایەنی مافی کولتووری. سەرئەنجام زەمینە بۆ نمایندەی بزووتنەوەکانیان خۆشکەن تا بتوانن دەنگی خۆیان بە کۆمەڵە و دەزگا کاراکانی جیهان بگەیێنن. ئەوانە زۆر بەدوور دەزانین کە ئەمڕۆ بێتە بەر، بەلکوو بەپێچەوانەوە ئەوان ئەمڕۆ بەو تێکۆشەرانەی ڕەوا نابینن کە کوشتنەی ڕێبازی وەدەستهێنانی ساکارترین مافی مرۆڤن[٥].

بیری نەتەوەیی شێوە بۆچوونێکی تایبەتە بۆ نواندنی پایەبەرزی هەمیشەیی دەولەت، و زۆەر

جاریش گەل، و گشت جۆرە ستەمکارییەک لەژێر پەردەی ئەودا دەکەن. بەهیچ کلۆجێک ئەوە بۆچوونی پەسەند نییە، بەتایبەتی کە نەتەوەی کاربەدەست لەژێر ناوی بەرژەوەندی گشتی، یانیش هەندێک جار بە ناوی شۆڕشی سۆسیالیستییەوە مافی کولتووری نەتەوەی ژێردەست پێشێل بکات.

بۆرجوا دیموکراتەکانی ئەمڕۆ بەڵگە بۆ ڕەواکردنی ستەم لەسەر کەمایەتییەکان دەدۆزنەوە، و دەیانەوێت بەزۆر لەژێر پەردەی کار و کۆششی پاکسازی و ئاوەدان کردنەوەدا ئەوە بپۆشن. لە وڵاتە "سۆشیالیستەکاندا" مافی کولتووری هەیە، و بەشێوەی گشتی کاری پێدەکرێت. ئەگەرچی ئێستا ئەوە گرینگە، بەڵام ئەوکارە ڕێ لە بارێک ناگرێت کە زۆر کەمایەتی بێ کەموکووری بن، بە تایبەتی لە یەکێتی سۆڤیەت کە لە دوو کەسیاندا یەکێکی ڕووس نییە.

[کێشەی ئازادی لە دەوڵەتانی ئەفرۆ ـ ئاسیەویدا لە هەندێک ڕووەوە ژمارەی دەوڵەتانی ستەمکار بەرزکردەکاتەوە، چونکە هاتنە سەر تەختی دەسەڵاتدارانیان هەر بە شەڕوشۆڕ و بەربەرەکانێی ڕامیاری و کوشتن وبڕین بووە. دۆخی سروشتی لەلای ئەوان ئەوەیە کە دەسەڵاتیان لە باوباپیرانەوە بۆ دەمێنێتەوە و دەبێت بەرز و نزمی پلە و پایە پەسەندکەن وەک ڕاستییەکی ژیان][1]. لە هاونیشتمانی بەچاوی دەستوپێوەن دەڕوانن، و لەو دەستوپێوەنەیش بەگومانن. ـ ئەو کەمایەتییانەی تا ماوەیەک لەمەوبەر بەهۆی ملکەچییان بۆ ڕژێمی ئیمپراتۆری یان دەوڵەتە لاوازەکانی ئاوەند ڕووی خۆشییان لێ دەبینین، ڕاستەوخۆ بوون بەکۆسپ لەڕێی چەسپاندنی دەسەڵاتی نوێ. ئەگەرچی ماف بەخشین لەلایەن ڕژێمی ستەمکارەوە بۆ کەمایەتی لەخۆیدا پیاوەتی گەیاندووە، مەبەست لەوەبووە سەرکردەی کلاسیک سەری کرنووشیان بۆ دانەوێنن، یانیش بەرەی لەگەڵدا پێکبهێنن. وەکتریش، چۆن باوەڕ بەمافی نەتەوەی بچوک بکرێت کە بە چاوی سووک لەخودی نەتەوەی مەزن دەڕوانن، هەرنەبێت لەسەر ئاستی کۆمەڵ کە تەلسمی ویژەران خوێنیان دەچۆشێنێت.

### ئەندێشەی گشتی و کەمایەتییەکان

چەپڕەوانی ڕۆژئاوا، و هەروەها لیبرالەکان. بەتایبەتی ئەوی وڵاتانی ئینگلۆ ـ ساکسۆنی و ئەسکەندناڤیا بەشێوەی گشتی هەستی بەزەییان جووڵا و کۆمەکیان بە جەنگەکانی دژ بە کۆلۆنیالیزمی ئەورووپایی و جەنگی ئەمریکا کرد لە ڤیەتنام. بەڵام لەوەتەی کێشە کەوتووەتە ناوچەکانی بیافرا، باشووری سودان، کوردستان و ئەریتیریا، و لەهەرێمەکانی جیهانی سێهەمدا هەستی نەتەوایەتی بزواوە، ئەندێشەی گشتی بەرانبەر بەوان بێدەنگە، یان کەوتووەتە ژێر باری ئەگەر و ئەگەر کە ئەوەیش دیارە لەبەر چەند هۆیەکن؛ گۆڕەوشارکردنی زەمینەی مێژوویی، کەم

1 ـ ئەم پارچەی ناو کەوانەیە لە فارسییەکەدا نییە.

بوونی زانیاری و باس، وزەی پڕوپاگەندەی ڕژێمەکان ـ بەتایبەتی ئەوانەی ناوی شۆڕشگێڕ لەخۆ دەنێن. هەندێک لەو لایەنانە لەبەر چەندهۆی ستراتیجی بوونەتە دژی بەلکانیزم[2]، وهەندێکی تر دوورە پەرێز دەڕوانن تابزانن کێ یارمەتی کێ دەدات( هەمیشە کێشە بەوجۆرە هەلوێستە قوولتر دەبێت)، هەندێکیش هەن بار بەگوێرەی خواستی ڕژێمەکان بە دوو کێش و دوو تەرازوو هەلدەسەنگێنن، یانیش دەولەت هەن بەپێی نەخشەی پێشتر کێشراو دەستی یارمەتی بۆ ئەم یان ئەویتر درێژ دەکەن (بۆ نموونە پشتگیرییان لەعەرەب لەبەر ئەو دروشمی شۆڕشگێڕیەیە کە ئەوان لەخۆی دەنێن، و هەروەها زۆر هەن دژایەتییان بە ڕژێمی ئیسرائیل لێ دەبێت بەبیری دژایەتی بە سامییەکان «F ـ جوولەکە »). شایانی باس ئەوەیە کە، زۆرن هەن سلدەکەنەوە لەکۆمەک بە بزووتنەوەی ناڕادیکال یان کۆنسەرڤاتیڤی کەمە نەتەوەکانی دژ بە یەکێک لە دەولەتانی ئەنتی ئیمپریالیست، و ئەوانەی ناوی شۆڕشگێڕ لەخۆ دەنێن. ئەو بوارە لە جەوهەری باسمان دوور دەخاتەوە کە بەڕاستی لەپێش گشتدا دەبێت کەمایەتییەکی چەوساوە ( ئەگەرچی لەژێر دروشمی سۆشیالیزمیشدا بووبێت) بێ چەندوچۆن بکرێت بەخاوەن مافی پێناسەی کولتوری خۆی. خۆ مافی ئۆتۆنۆمی ئەوە هەرگیز پێیان ڕەوا نابینرێت، بۆیە تاڕادەیەک ئەوەی بۆیان مابێتەوە تەنها ڕێگەی دەستدانە چەکە بۆ دابینکردنی ئازادی.

بەلێ ڕاستە هەندێک بزوتنەوەی چەکداری کەمایەتییەکانی دژ بە دەولەتی خۆ پەیمان لەگەل هێزی ئیمپریال دەبەستن، و هەروەها لەسەر ئاستی کۆمەلایەتی و باری ئایدیۆلۆجی زۆر وشکترن لە دەولەتی چەوسێنەریان. بەلام گرینگ ئەوەیە ئێمە لەنزیکەوە بڕوانینە ڕاستی کێشەی سەرکی ئەوان: پێویستە ئەوانە ببنە خاوەن مافی پێناسەی و کەسایەتی، مافی کولتوری و ئۆتۆنۆمی. بزووتنەوەی چەکداری سالانی شەست لەباشووری سوداندا دژ بە گشت جۆرە چەوساندنەوەی ڕەگەزی، ئاینی، ئابوری و کولتوری بوو بەسەر یەکەوە. دژ بەو ڕژێمەی ناوەند هەلگیرسا کە لەو ڕۆژەدا ڕوو لە چەپ بوو (ئەمڕۆ لەوەدا نەماوە، بەلکوو بە پێچەوانەوەیە)[3]. بۆ ئەتیوپیای نەجاشی، ئیسرائیل و هەندێک لە یەکرێگرتەکانی ئەوروپا هەلکەوت بەخەرجی کەنیشتی کاسۆلیکی کۆمەک بەو بزووتنەوەیە بکەن، جا دەبێت ئەو هەلوێستە ئەوە بگەیێنێت کە هێچ ئەشکەنجە نییە لەسەر خوارووی سوودان کە تاکە ڕێگەچارە هەر بزووتنەوەی چەکدارییە بۆ وەدەستهێنانی کەمترین بەندەکانی ئۆتۆنۆمی کە هەرگیز ڕژێمی سوودان بەخۆشی خۆی نایاندانێ. کەواتە پێش لێکدانەوەی باری ئایدیۆلۆجی پێویستە بڕوانینە ئەو هەلومەرجانەی دەولەت بەرانبەر بە کەمایەتی دەینوێنێت. ئەویش بەزۆری هەلوێستی چەوساندنەوەیە.

---

2 ـ F ـ Balkanization ، مەبەست دابەشکردنی نیوەدورگەی بەلکانی پاش جەنگی جیهانی یەکەمە بەچەند پارچەیەکی جیۆپۆلیتیکی بچووک.

3 ـ بەلام ئێستا هەلوێست جۆرێکی ترە، سەرانی ئەو ڕژێمەی چەپ پاش ڕووخانیان بایانداوەتەوە : بوون بەهاوپەیمان لەگەل هەمان ئەو بزووتنەوەیەی دژە بە ڕژێمی( ئەمڕۆ ئیسلامی) چەقن. « و »

**مێژوی بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد**

تایبەتمەندییەک تەنها نەتەوەی کوردی پێ بەناوبانگبێت، بەداخەوە هەر ئەوەیە کە تاکە نەتەوەیە ژمارەیان بگاتە پانزە ملیۆن و تائێستا "سەرەڕای تێکۆشانی چەندین سەدە" مافی نەتەوایەتی پێ ڕەوا نابینرێت. لەوەتەی هەرەسی ئیمبراتۆری عوسمانی پاش جەنگی جیهانی یەکەم تا دەگاتە دەستێوەردانەکەی کۆلۆنیالیزمی پاشان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کرا و هەتا ئەمڕۆیش، کورد هەردەم کێشەی نەتەوایەتی خۆی خستووەتە پێشچاو. لەوەتەی خاکی کورد دابەش کراوە بەسەر وڵاتانی تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا و(کەمێک بەر یەکێتی سۆڤیەت کەوت) نەتەوەی کورد لەسێ لەم وڵاتانەدا "تورکیا، ئێران[4] و سوریا" بێبەشن لە کەمترین مافەکانی: پێناسە و خوێندن بەزمانی خۆ. ئەگەرچی لەعیراق بە هەڵوێستی چۆڵ کردنی ناوچە نەوتییەکان و هەندێک ناوچەی سنوری لە ساڵانی ١٩٧٥و ١٩٧٦دا دەسەڵاتی هەرێمی ئۆتۆنۆمییان تەسککردەوە، ئەگەرچیتو هەرێمەکەیان لەوەیش تەسکتربێت گرنگ تەنها بوونی خودی پرۆتۆکۆلیئەو ئۆتۆنۆمییەیە چونکە پێناسەی « نەتەوایەتی » بۆ دیاری کردن و سوود لە مافی کولتوری وەردەگرن[5].

کوێستانێن و بڕبڕەی ئابووریان بەروبوومی ئاژەڵ وکشتوکاڵە. هەر لەکۆنەوە لە هەرێمێکی فراواندا دەژین ناوی کوردستانە، بەڵام لەجوغرافیادا تەنها ناوی ئەو ناوچە شاخاوییە کە لەبەشی

---

4 ـ F ـ ئەم پەرتووکە ساڵی ٩٧٧ واتەساڵێک پێش شۆڕشی ئیسلامی بڵاوکرایەوە، کەوابێت نووسەر باسی ئێرانی شا دەکات. بێگومان مافی هاووڵاتی ئێرانی سەردەمی پەهلەوی لەقاڵبی پاوکوکوڕیدا نەبوە، هەروەها کوردیش کە بەشێکن لەم ئێرانە ئەو مافەیان نەبوو. بەڵام پاش شۆڕشی ئیسلامی هەڵوێست جۆرێکی تر دەنوێنێت. دوابەدوای دامەزرانی دەوڵەتی ئیسلامی چاپەمەنی کوردی کەوتە سەرپێ و چەندەها پەرتووک بەزمانی فارسی و کوردی بەچاپ گەیشتن و بڵاو کرانەوە و بەهاندان و لەسایەی ڕژێمی ئیسلامیدا چەندەها ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی دەرکەوتن.

5 ـ F ـ بەڵێ ڕاستەکوردی عێراق پێناسەیان وەرگرتووە، بەڵام مایەی ئەوپێناسەیە خوێنی هەزاران کەسی مرۆڤی کورد وئەنجامی ئەو بزوتنەوە درێژخایانەیەتی کەتائێستا نەبڕاوەتەوە. ئەوەتا سەرئەنجام سەدام حوسێن بەکوردکوژ ناوبانگی دەرکردوە، و لەژێر پێناسەی کوردیدا بوو کە لەشاری هەڵەبجە خوێن تێکەڵ بەخاک بوو. هەرگیز ئێران لاری لە پێناسەی کوردی نەبووە. هەمیشە لەعێراق بەکوردستان گوتراوە( شمال)، بەڵام هیچ کاتێک لەئێران بە کوردستان نەگوتراوە( غرب): کوردستان هەر کوردستانە. بەهەرحاڵ، ئێران لەگەڵ سوریا و عێراق و تورکیا هەرگیز براورد ناکرێت. ئێران سەرزەمین ولانەی کوردە،؛ بەڵام کورد هیچ جۆرە پەیوەندیەکی نەژادی و کولتووری لەگەڵ عەرەب و تورکدا نییە.

سەرنج: لەگەڵ ڕێزم بۆ کاک( إبراهیم یونسي) گەرێتو ئەو پیاوەتیانەی ڕژێمی ئیسلامی لەڕووی مافی ڕەوای مرۆڤەوە هەڵسەنگێنین. لەسەدا چەندی مافی ڕەوای نەتەوەیەکی چەند ملیۆنی دەگرێتەوە؟ کامەتا مافی خوێندن بەزمانی زگماکی؟ لەسەدا چەندی منداڵانی لادێ ڕوولەخوێندن دەکەن؟ کامەتا نەخۆشخانە، یان تەنانەت بەرێژەی دەگوند و یەک تیمارخانە؟ لەڕێگەی هاتوچۆی لەشکر بەولاوە،کامەتا ڕێگەوبانی هاتوچۆی لادێیی؟ کام... وکام... وکامەتا ؟... هتد .... » و «

ڕۆژهەڵاتی باشوری تورکیاوە بە هەرە باشوری عێراقدا شۆڕدەبێتەوە تا ناوەڕاستی ڕۆژئاوای ئێران. ئەویش بڕیتی نییە لە گشت هەرێمی کوردنشین. لەڕاستیدا ڕوویەری ئەو خاکە لەناوچە شاخاویەکانی تۆرسەوەیە تا دەگاتە ڕۆژئاوای تەپۆلکەی ئێرانی و لەشاخەکانی ئاراراتەوە تا دامێنی ناوچە شاخاویەکانی بەر تەختایی میسۆپۆتۆمیا (نێوان دووزێ).

کورد بەو بەشەزمانە هیندۆئەورووپیە دەدوێن کە وەک " فارسی و ئەفغانی" لە کۆمەڵە زمانە ئێرانییەکانە. بەپێچەوانەی فارسەوە ئەمان موسوڵمانی سوننین. یەکەمین دەقی[6] نوسینی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەوتەم` کورد خاوەن گەنجینەیەکی کولتوری دەڵەمەندن. "مەم و زین "ی[(٦)] ئەحمەدی خانی شاکاری سەدەی حەڤدەیانە. لە سەدەی پانزە بەدواوە و لەئەنجامی لاوازبوونی خەلیفەی عوسمانی چەند میر نشینێکی کوردی یەک لەدوای یەک دەرکەوتن. ئەگەر جێدەستی کورد لە پەرەپێدانی ژیاری ئیسلامیدا کاراترین نەبێت بەڵام بێبایەخیش نەبووە. بۆ بەرنگاری لەهێرشە فراوانخوازی فارسی شیعە لەسەرەتای سەدەی شانزەدا ئیمپراتۆریەتی عوسمانی سوودیان لە هاوپەیمانی میرەکانی کورد وەرگرت و ئەو هاوپەیمانیە بووە هۆی کشانەوەی هێزی فارس. هاوپەیمانی لەگەڵ بابی عالی دەسەڵاتی بۆ میرەکانی کورد ڕەخسان لە هەرێمی کوردستاندا و لەلایەکی ترەوە بوون بە سەنگەر بۆ پاراستنی مەرزی ڕۆژهەڵاتی ئیمپراتۆری. ئەو تایبەتمەندییانە تا سەرەتای سەدەی نۆزدە بۆ میرەکانی کورد درێژەی بوو.

لەدوا سەدەی ژیندا کەمەترسی هەرەس لە " بابی عالی " نیشت ویستی چاکتر دەسەڵات بگرێت بەسەر داراییەکانیدا، بۆیە کۆشی گشت میرنشینە کوردییەکان ڕاستەوخۆ بگێڕێتەوە ژێردەستی خۆی. ئەوەبوو کورد لەساڵانی ١٨٢٦ و ١٨٣٤ و ١٨٥٣ـ ١٨٥٥ و ١٨٨٠دا بە ڕابەری سەرەک خێڵە کلاسیکەکان دژبە بابی عالی دەستیان دایە چەک. ئەو بزوتنەوە چەکدارییانە لەشێوەی جەنگی خێڵەکیدابوون: دژ بە زەبر وزەنگی دەوڵەت و دەست تێوەردانە کاروباری ناوخۆی ئەوان. بەهیچ شێوەیەک سوودیان لەو ئایدیۆلۆجییە نەتەوایەتییە مەزنەی سەدەی نۆزدەهەمی ئەورووپا وەرنەگرت. سەرکردە کلاسیکییەکانیان بەزۆری لەبەر پاراستنی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بەرەنگاری هێزی ڕژێم دەبوون، نەک لەئاستی ئامانجی هەرێم، یان بەگوێرەی ڕەوت و بۆچوونی ڕامیاری نوێ.

---

6 ـ مەبەست پارچە پێستی دۆزراوەیە لەئەشکەوتی هەزارمێردی نزیک بەشاری سلێمانی دەقی ئەم هۆنراوەی خوارەوەی لەسەر تومارکراوە و باسی تراجیدیای یەکەم جەنگی عەرەبی پاش دەرکەوتنی ئیسلام دەکات، لەدەشتی شارەزور.ـ بڕوانە کورد و پیوستگی نژادی و تاریخی او، رشید یاسمی، لاپەڕە ١٩ی چاپی سێ، إنتشارات إبن سینا، تاران ـ « و »

هورمزگان ڕمان ئاتران کوژان ـ وێشان شاردوە گەورەی گەورەکان
زۆرکار ئارەب کردنە خاپوور ـ گنای پالە هەتا شارەزوور
شن و کەنیان وەدیل بشێنا ـ مێرد ئازا تلی وەروی هوێنا
ڕەوشت زەردوشت مانەوە بێکەس ـ بەزەیکا نەیکا هورمز و هویچکەس

یەکەم ڕۆژنامەی کوردی سالّی ١٨٩٨ دەرکەوت. پاش کودەتای (لاوانی تورک) سالّی ١٩٠٨ لەقوستەنتینیە پەرەیسەند و هەستی نەتەوایەتی کرد بە ڕێباز. بەلاّم لەناو خوێندکارانی کوردی شاردا ڕۆشنبیر کەمبوون. پاش دۆڕان و هەرەسی ئیمبراتۆری عوسمانی( ٣٠ ئوکتۆبەری ١٩١٨ ) و بەستنی پەیمان لەگەلّ هێزەکانی چەق، سەرۆک ویلسون لە "پرۆژەی ئاشتی جیهان"دا ـ خالّی ١٢ـ بلاوی کردەوە کە: پێویستە کەمایەتییە ناتورکەکانی ناو ئیمبراتۆریەتی عوسمانی سوود لە " فراوان کردنی ڕەوشی سەربەخۆیی " وەرگرن. بەلّێننامەی " سیڤەر" ی نێوان دەولەتانی هاوپەیمان و تورکیا( ١٠ی ئۆگستی ١٩٢٠ ) بەشی سێهەم کە لەبارەی کوردستانەوەیە ـ بڕگەکانی ٦٢ و ٦٣ کردوویەتی بە مەرج کە: پێویستە لەهەرێمی خۆیاندا ئۆتۆنۆمییان بدرێتێ. لێرەدا تورکیا بڕیارەکانی ئەو پەیماننامەیەی بەباری توش زانی و هیچی لێ جێبەجێ نەکردن، بەلّکو بەپێچەوانەوە مستەفا کەمال بە پشتیوانی پارتی ڕزگاری (کەسەرەتا بەهاوکاری کورد ئەو کرا بە ڕابەری) توانی دەستی تێوەردات و مەرجی تایبەت بەسەر کۆنفرانسی لۆزاندا "١٩٢٣" بسەپێنێ. هەمانکات بەریتانیا کەچاوی بڕیبوە نەوتی ناوچەکانی سەربە «ویلایەتی» موسلّ، توانی لەپاشدا ئەوناوچەیە بەرێژەی هەرەزۆری کوردەوە لە تورکیا ببچڕێت و بیخاتە سەر نەخشەی عێراق کە لەوکاتەدا ئەوبوو سەرپەرشتکاری. هەروەها لەکاتی نەخشەکێشانی سنووری نێوان سوریا و تورکیا، سێ ناوچەی کوردی لێ خرایە سەر نەخشەی سوریا کە ئەوسا فەرەنسا بوو بە سەرپەرشتکاری . خاکی کوردیان ئابەوشێوەیە دابەشکرد.

تورکیای کەمالی لەسالّی ١٩٢٤دا بە یاسا لەخوێندگەدا زمانی کوردی قەدەغە کرد، و پاشان بە بڕگەی ٨٩ ی یاسای تورکیا ڕێگەی لە گشت کۆمەلّە و پارتە ڕامیارییەکان گرت کە نەتوانن داکۆکی لەمافی سەربەخۆیی کەمەنەتەوەکانی سەر خاکی تورکیا بکەن چونکە دەبێتە هۆی تێکشکانی یەکێتی نەتەوەیی. سالّەکانی ١٩٢٥ و ١٩٣٠ و١٩٣٧[7] ڕژێم سێ ڕاپەڕینی چەکداری نەتەوەییانی کوردی تێکشکاند، و لەوە بەدواوە ناوینان " تورکی شاخاوی ". هەمان کات سەدەها هەزاری لێ گواستنەوە بۆ هەرێمەکانی ناوەڕاست و ڕۆژئاوای ئاسیای بچوک. لە نێوان سالانی ١٩٢٥ـ ١٩٦٥ دا کوردستان بوو بە زوونێکی ژێر دەسەلاتی سپا و سەردانی بیانیان لێ قەدەغە کرد. وا بۆ دوو گرێ دەچێت جارجارە ناوی ئازادی ڕامیاری دەکەوێتە گۆڕێ بەلاّم جگە لە هەندێک جموجۆلّی لیبرالی هیچ باسێکی تری چالاکی نەتەوەیی کوردی" کە ڕێژەیان پترن لە ٢٠ ٪ی هاوولاّتیانی تورکیا" نەبووە لە یەکجار بەولاوە. کە پارتی کرێکارانی تورکی لەسالّی ١٩٧٠ پێشنیاری کرد تا ڕێگەچارەیەک بۆ کێشەی نەتەوەی کورد و مافە دیموکراسییەکانی بدۆزنەوە، یەکسەر بڕیاری قەدەغەکردنیان بۆ دەرکرد.

لەنێوان سالانی ١٩٢٠ـ ١٩٣٠دا کوردی ئێران بەچەند ڕاپەڕینێک نەیاری خۆی دژ بە

---

8- F ـ ١٩٧٦، ....

دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی ڕەزاشا دەربڕی. ساڵی ١٩٤١ هێزەکانی ئینگلیز و سۆڤیەت داڕژانە ناو ئێران تا ڕێ بگرن لە ڕەزاشا چیتر بیر لە هاوپەیمانی دەوڵەتانی چەق نەکاتەوە. لەوە بەدواوە ئازەری وکورد بێ سەرپەرشتکار مانەوە، ئەوجا هەریەکە و لەلای خۆیەوە کەوتە جموجۆڵ. مانگی جەلیوەری ١٩٤٥ بڕیاری دروستبوونی کۆماری مەهاباد درا و تەنها یەک ساڵی تەمەن بوو کە لەشکری شا هاتەوە ناو مەهاباد و سەرکردەکانی لەسێدارە دان. بەڵام مستەفا بارزانی لەگەڵ چەند سەدکەس لە پیاوەکانی پەنایان بۆ یەکێتی سۆڤیەت برد.

گەگەرچی هەڵوێستی شا لە هەڵوێستی تورکان نەرمتر بوو بەڵام هەرگیز دانی بە مافی کورد و نەتەوەکانی تردا نەناوە. دیارە فارس بەقەوارە لەئێراندا نەتەوەی مەزن نییە بەڵام دەستی باڵا هی ئەوانە.

لە سوریایش بە پەیماننامەی نێوان فەرەنسا و تورک ساڵی ١٩٢١ سێ ناوچەی کوردی " جەزیرە، کورد داغ و عەرەب پینار" خرایە سەر خاکی سوری ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٦٣وە دەستیان دایە کاری بەعەرەب کردنی ناوچەی جەزیرە کە تا ساڵی ١٩٦٧ی خایان. دواقۆناغی ئەو گۆڕمەیان لە ساڵی١٩٦٧[8] دا بە پرۆژەی "کەمەرەی عەرەبی" ئەنجامدا بەدرێژایی گشت سنوری ئەو ناوچەیە. کورد لە سوریا خاوەنی هیچ جۆرە مافێک نین.

بەکەڵکترین مافی کولتووری بۆ کورد ئەوەیە کە لە ئەرمینیای سۆڤیەتی هەیە.

لەعێراقدا دوو"ویلایەتی بەغدا و بەسرە" پاش ڕانەوەی جەنگی جیهانگیری یەک لە ئیمپراتۆری عوسمانی دابچڕان، و پاشان بەریتانیا کە سەرپەرشتکاری عێراق بوو، کە بە کانە نەوتەکەیانیان زانی، ویلایەتی مووسڵی کوردیشیان هێنایە سەر. لە پرۆتۆکۆلی بەریتانی ـ عێراقی ساڵی ١٩٢٢دا هاتوە دەڵێت " بۆ کورد هەیە لەچوارچێوەی سنوری عێراقدا دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی دامەزرێنێت". سەرەڕای ڕاپەڕینە کوردییەکانی نێوان ساڵانی ١٩١٩ و ١٩٢٣ هەر فیدراسیۆنی نەتەوەکان لە ساڵی١٩٢٥دا بڕیاریاندا ئەو هەرێمە بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ بخرێتە ژێر سەرپەرشتکاری دەوڵەتی نوێی و ئەوانی ڕاسپارد کە مافی کولتوری و نیمچە سەربەخۆییان بدەنێ. ئەوەبوو بەریتانیای مەزن مافی کولتوری بۆ جێبەجێ کردن. عێراق لەساڵی ١٩٣١دا بەناو سەربەخۆکرا، بەڵام تا شۆڕشی تەموزی ١٩٥٨یش هەر لەژێر چاودێری ئینگلیزدا بوو.

هەر کەماوەی سەرپەرشتکاری بەسەرچوو ڕژێمی عیراقی ویستی دەسەڵات بەسەر دوابەستی باکووری ویلایەتی مووسڵدا بسەپێنێت: بەرابەری مستەفا بارزانی لەساڵی ١٩٣٣دا ڕاپەڕینی چەکداری لە بارزان هەڵگیرسا، بەڵام هێزی ئاسمانی شای « بەغدا » دایمرکانەوە. دیسان لەساڵی ١٩٤٣دا ڕاپەڕینەوە تا ساڵی ١٩٤٥ بێهوودە هەڵهاتن بۆ ئێران کە کۆماری ماهابادی تێدا پێکهاتبوو.

---

9 ـ F ـ سێپتەمبەری ١٩٧٢،

شۆڕشی سالی ١٩٥٨ ناوی عیراقی کرد بە ولاتی" دوو نەتەوەی " کورد و عەرەب. مستەفا بارزانی لەیەکێتی سۆڤیەت گەڕایەوە، بەلام هەندەی پێ نەچو لەگەل ڕژێمی قاسم تێکچوون و سالی١٩٦١ کورد جەنگی ئازادی هەلگیرسان و پاشان لەچوارچێوەی عێراقدا ئۆتۆنۆمییان وەدەست هێنا. بزووتنەوە چەکداریەکەی کورد لەنێوان سالانی ١٩٦١ـ ١٩٦٨ بووە هۆی ڕوخاندنی چوار ڕژێمی یەک لەدوای یەکی عێراق. سەرئەنجام بالی ئەم بەعسەی ئێستا لە سالی ١٩٦٨وە دووبارە دەسەلاتی گرتەوە دەست لە عێراق. مانگی مارسی ١٩٧٠ ڕژێم لەگەل سەرکردایەتی بزوتنەوەی کوردی ڕێکەوت لەسەر بڕیاردانی مافی سەربەخۆیی بە گشت ئەو ناوچانەی لە ئەنجامی سەرژمێرێکی گشتیدا دەردەکەوێت زۆربەی دانیشتووانی کوردن، بەلام لەناوچەی نەوتی کەرکوکدا سەرژماردنی ڕێکوپێک ئەنجام نەدرا. مارسی ١٩٧٤ ڕژێمی بەغدا بە بڕیاری یەک لایەنە ئۆتۆنۆمی بۆ ناوچەیەکی تایبەت و دیاریکراوی ئاشکرا کرد بۆیە دووبارە دەست درایەوە چەک. ڕێکەوتنی مارسی ١٩٧٥ی نێوان ئێران و عێراق لەجەزایر کۆتایی بەو جەنگە هێنا کە ئێران" و لەپشتەوە ئەمریکا" بەتاکتیک کۆمەکیان دەکرد. ئەوەبوو بزوتنەوە و مستەفا بارزانی سەرکردەی بوونە دیلی پەیمان، و بلاوەیان لێکرد.

بزوتنەوەی کوردی هەر لەناوەڕاستی شەستەکانەوە بەو کۆمەکەی ئێران دەچوو بەڕێوە کە دەیویست عیراقی پێ لاوازکات چونکە هەندێک ناکۆکی سنور و مافی کەشتیوانی هەبوو لەگەلی. مستەفا بارزانیش لەپاداشتی ئەو یارمەتییە جموجۆلی کوردستانی ئێرانی بۆ سرکردبوون، تەنانەت گەیشتە ئەوەی ئەو کادیرە کوردیانە بکوژێت یان بیانداتەوە دەست ئێران کەچەکیان دژ بە شا هەلگرت. ڕاپۆرتێکی(٧) دەزگای نهێنگای ئەمریکا « CIA » دەلێت، شا لەمانگی دیسەمبەری ٩ ١٩٧٢دا بەغدای ئاگادارکردووە کە ئامادەیە یارمەتی لە کورد ببڕێت ئەگەر عێراق قایلبێت لەگەل ئەودا ڕێکەوێت. ڕاپۆرتی پێک « Pike » بۆ کۆنگریسی ئەمریکی ڕوون کردووەتەوە کە سەرکردایەتی بزوتنەوەی کوردی لەنێوان سالانی ١٩٧٢ـ ١٩٧٥دا بەنهێنی کۆی شانزە ملیۆن دۆلار یارمەتی لە واشنتون وەرگرتووە. ئەوەی ڕاستی بێت تەنانەت شالیارگەی دەرەوەی ئەمریکایش ئاگای لەو سەنگ و سەوایە نەبووە کە نهێنگای ئەمریکی لە بەرزترین پلەدا بەهۆی دوو بەڕێزی وەک نیکسون و کیسنجەر ئەنجامی داوە. وەنەبێت لەو ڕوانگەی ئەمریکیەدا دامەزرانی دەولەتی سەربەخۆ بووبێت بۆ ئەوان، بەلکوو تەنها دەیانویست ئەو عیراقەیان پێ لاواز بکەن کە لەسالی١٩٧٢وە بوو بە هاوپەیمانی سۆڤیەت. هەمان ڕاپۆرت ئەوەیشی ئاشکرا دەکات؛ بارزانی ئەوانی ئاگادار کردووە کە بەهیچ جۆرێک باوەری بە شا نییە، بەلام ئەمریکا ئەو بەلێنەی پێداوە کە ئێران کوتوپڕی یارمەتیان لێ نەبڕێت.

٦ مارسی ١٩٧٥ ڕێکەوتننامەی جەزایر لەنێوان ئێران و عێراق مۆرکرا و بووە هۆی هەرەسی بزوتنەوە چەکداریەکەی مستەفا بارزانی ڕابەری بوو، چونکە بناغەی ئەو لەشکرە کوردییە

پێکهاتبوو لە یەکانەی کلاسیکی بۆیە زۆریان پێویست بە کۆمەکی ئابووری و ئازووقەیی ئێران بوو.

هەندەی نەبرد، لە ساڵ و شتێکدا ڕژێمی عێراق کەوتەوە ڕەوتی بەعەرەبکردنی ناوچە کوردییە نەوتی و سنوورییەکانی وەک کەرکوک، خانەقین، سنجار و هتد...، و چەند سەدهەزار کوردی لێ گواستنەوە بۆ باشوری عێراق. هەروەها زۆری تری گواستەوە بۆ ئەو هەرێمە ئۆتۆنۆمییە تەسکەی بەغدا داویو بەکورد. مووچەخۆری کوردی گواستەوە بۆ عێراقی عەرەبی و لەبری ئەوان کاربەدەستی عەرەبی دڵسۆز بە ڕژێمی دەهێنێتە شوێن. ناوی شار و گوندە کوردییەکان دەگۆڕێت (لەمرۆ بەدواوە بە کەرکوک دەوترێت تەئمیم[10]). سنوری دەسەڵاتی ناوچە ئۆتۆنۆمییەکەی داویەتی بە کورد بریتیە لەدەزگای فرمانگوزاری « مجلس التنفیذی » کەڕاستەوخۆ بەغدا دیارییان دەکات و دەزگای ڕەوش ڕشتی « مجلس التشریعی » کە بۆ دارشتنی یاسای ناوچەیە، ئەویش بەویێتیەی ڕژێم بۆی دیاری دەکات. بەڵام ئەوی هەیانبێت تەنها کەمێک مافی کولتوورییە.

هاوینی ۱۹٦۷ لەپڕ و لەقەوارەیەکی تەسکدا جەنگ لەشێوەی پارتیزانیدا هەڵگیرسایەوە. ڕژێم لەشکری بەگشت لایەکدا بڵاوکردەوە. بە گوندی ستراتیجی نوێ « ئۆردوگای زۆرەملی » زۆر خشتخشت ئەو هەرێمەی کوردی بۆ چاکتر کۆنترۆڵی خۆی دابەشکرد، و هاوشان بەوانە کۆشی هەندێک شوێن ئاوەدان بکەنەوە و کارگە و پیشەسازی بچوکی تێدا دامەزرێن.

بزوتنەوە نەتەوایەتییەکەی کوردی عێراق بەو کارەساتە دووچاری لێکبچڕانی قورس بوو، و دیاردەیشی لە بچڕبچڕی بیر و بۆچوونی ئەو سێ لەیەندا دەرکەوت کە هەریەکەو بە جۆرێک ڕەخنەی نیمچە بەجێ لە هۆکارەکانی ئەوشکستە دەگرن کە گەیاندنی بەم ڕێگە تووشە. لایەنەکانیش بریتین لە پارتی دیموکراتی کوردستان "بەڕێوەبەرایەتی کاتی"، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان "کۆمیتەی ئامادەیی"[11].

---

10 ـ F ـ لە دەقەکەدا بە هەڵە ـ El Taamin نوسراوە، ( التامیم ) دروستە کە بە واتای Nationalization دێت، واتەخۆماڵی کردنی کۆمپانیای نەوتی.

11 ـ پاشان هەندێک گۆڕانکاری بەسەر ئەوبارەداهات، بەپێویستی دەزانم لەکورتەیەکدا ڕوونیکەمەوە. یەکەم: لەئەنجامدا باڵێک لەپارتی دیموکراتی کوردستان جیوادابووەوە، پارتی گەلی دیموکراتی کوردستانیان پێکهێنا. سکرتێری پارت لەبری گشت ئەندامانی سەرکردایەتی ڕەخنە و تێبینی زۆری سەبارەت بە کەموکوری زۆری پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عیراقی کۆکردەوە لە پەرتووکێکدا بەناوی "البدیل الثوری" کە بەراپۆرتی کۆنگرەی دامەزرادنی پارتەکەیان دەژمێردرا. پاش شانزەساڵ ناحەزی و ڕەخنە لەیەک گرتن، لەبەر بەرنەکەوتنی کورسی لە یەکەمین پەرلەمانی هەڵبژێرداوی باشووری کوردستاندا، پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان خۆی هەڵوەشاندەوە، و سکرتێر و ئەندامانی سەرکردایەتییان (ئەوەی لەگەڵدا مابوو) بەچاو نووقاوی و گوێ داخراوی گەڕانەوەی سەر کورسی نزمتر لەوەی کە پانزە ساڵ لەوەوبەر بەڕەخنەوبۆڵە جێیانهێشت.سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانیش لەبەرئەوەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ئەوانە

## کەموکووڕی بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد[12]

هۆی شکستی ئەو بزوتنەوەیەی کورد ناسروشتی پەیمانەکانی نەبووە بەڵکو ئەوەی ئەوان بیریان لێنەکردبووەوە بێپرەوشتی و بێبیاری هاوپەیمانەکان بوو کە تەنها لە ئارامی و دەسکەوت بۆ هێزەکانی خۆیان دەگەڕان. لاوازی ئەوان دەگەڕێتەوە بۆ خودی هەنگاوی تەسکی بزوتنەوەکە. دیارە بزوتنەوەکە نەتەوەیی ڕەسەن بوو، بەڵام نەیتوانی(بەڵکو نەکۆشا) ڕادیکالانە لەشکری

---

نەقۆزێتەوە (چونکەهەڵبژاردنی پەرلەمانی پێویستی بەژمارە ودەنگ بوو)، بێ دەربڕینی پەشیمانی لەهەڵوێستی نەیاری پێشوویان باوەشی بۆ کردنەوە.

دووهەم: پاش هەرەسی شۆڕشی ئەیلول(١٩٦١ـ١٩٧٥) دروشمی سۆشیالیستی لە کوردستان بوو بەباو. هەندێک لەئەندامە کۆنەکانی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان ـ (کە سکرتێر و تاخمێک ئەندامی نووسینگەی ڕامیاری لە ئاگربەستەکەی سالی ١٩٦٤ بەدواوە لە پارتی جودابوونەوە و پارتێکیان لەژێر هەمان ناونی "پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عیراق "مەکتەبی سیاسی" دامەزران و پاشان لەسالی ١٩٦٦دا ناوی پارتەکەیان گۆری بەو ناوەی سەرەوە. پاشان لەسەرەتای سالی١٩٧١دا، واتە پاش ڕێکەوتننامەی١١ی ئازاری ١٩٧٠ ئەو پارتە خۆی هەڵوەشاندەوە و ئەندامانی" هەریەک بەپلەی خۆیەوە گەڕانەوە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان) ـ لەگەڵ کۆنە کۆمۆنیستەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەراندا، باڵێک بە ئەستێرەی سوور و باڵێکیش بەداس و چەکوش و بیر و باوەڕی چەپییەوە لەگەڵ باڵی "شۆڕشگێڕان"دا کەبریتییە لەڕێکخراوی بەگ و ئاغا و سەرەک خێڵ و سەرمایەدارانی کورد وەک چەند ڕێکخراوێک یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیان پێکهێنا (ئەوانیش پاش ڕاپەڕینەکەیی گەلی کورد لەباشووری کوردستان، یەکێتییەکەیان کرد بە پارتی یەکێتی.... ئەوەی شایانی باسبێت، لای ئەمانیش ڕێکخراوی ئالای شۆڕش پاش نزیکەی شەش سال تاحەزی وگێرمەکێش، وەک پارتی گەل گەڕانەوە ناو یەکێتی). پارتی سۆشیالیستی کوردستان (پاسۆک) و حیزبی سۆشیالیستی کوردستان (حسک)یش گوایە بە بیروباوەڕی نەتەوەیی تێکەڵ بەکەمێک ڕەوشی سۆشیالیستییەوە، هەروەک پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان بە ئەستێرەی سوور و بیروبۆچوونی کۆمۆنیستییەوە کە پێشتر وایان دانابوو لەلایەک چۆک بەپارتی دابدەن و لەلایەکی تریشەوە جەماوەری پارتەکانی تر لەخۆ کۆکەنەوە. ئەنجام هیچبوو.

خۆزگە ڕۆژێک ئەهات کوردیش وەک نەتەوەی تر فێری ڕەوشێکی ڕامیاری ڕاستەقینە دەبوو و سەرکردەکانیشی لە واتای ستراتیجیەتی دوور لە خۆپەرستی دەگەیشتن. « و ».

12 ـ F ـ نوسەر مەبەستی لەهۆی "هاوپەیمانی ناسروشتی" بارزانی و بزوتنەوە کوردییەکەیەتی لەگەڵ حەمەڕەزا پەهلەوی و دەزگای ئاسایشی ئەمریکا، کە ئەنجامەکەی بەبڕیاری جەزایری سالی١٩٧٥و هەرەسی بزوتنەوەی کوردی تەواو بوو. زۆر لە ڕامیار و شارەزایان بۆ ئەوە دەچن کە ئەگەر ئەوبزوتنەوەیە لەبری هاوپەیمانی شا و دەزگای ئاسایشی ئەمریکا پەیمانی لەگەڵ بزوتنەوە نەیارەکانی ناو ئێرانی دژ بەشا ببەستایە ئەنجامی نائەگەیشتبەوڕۆژە.

سەرنج ـــ بەڵێ ئەو تێبینیە زۆر ڕاستە، بەڵام ئایا ڕەخنەگران ڕوداوی ناو گۆڕەپانیان بەڕاستی بەرچاوگرتوە؟ یان چاوی لای پەیمانی ئابوری و لەشکری یەکێتی سۆڤیەتیان لگەڵ ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عیراق هەڵنایەت. ئەی چاویان لەوە نەبوو کە بزوتنەوە دژبە شەشەم هێزی چەکداری جیهانی( ئەو ڕۆژەی عیراق) دەجەنگی. ئەو جەنگەی پسپۆڕی سۆڤێتی لە ڕەواندزەوە سەرپەرشتکاری کوورە و گڕی ناپالم و فوسفۆری "فڕۆکەوانە هیندییە خاوەن بیر و بۆچوونی پێشکەوتنخوازانە"ی دەشتی دیانە و شاخەکانی بلە و بارزان و حەسەن بەگی سالی ١٩٧٤ بوون؟. « و»

نەتەوەییەی گۆشەکا بە ئایدیۆلۆجی شۆڕشگێڕانەی ڕوو لەنەتەوایەتی پەیوەستیان بکات لەگەڵ جەماوەر. بەڵکو بە پێچەوانەوە، لەشکری یەکجار کلاسیک و دووربوو لەجۆش و هەستی میللەتی پەنابەریان، زاڵبوونی باری خێڵەکی و هەڵوێستی وشک و خۆ دەوڵەمەندکاری کادرەکانی سپا، گشت ئەوانە بوونە هۆی درێژەدان بە هەڵوێستی کۆنباو. بەڵێ ڕاستە بزوتنەوەی تری وەک ئەوان بە هەمان ئەو خاڵانەوە سەرکەوتووە، بەلام مەرج ئەو باری جیۆپۆلۆتیکییە دژوارەی بزوتنەوەی کوردی تێدایە ئەو پێویستی بە زۆر لەوە پترە. ئایدیۆلۆجی شۆڕشگێڕانە و نوێیاو دووربوون لەبیری سەرکردایەتی بزوتنەوەی کورد، و ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ دیدەنی ئەو نەوەیەی سەرکردەکانیانی لەنێودا پەروەردە بووە.

بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردی ئەم سەدەیە لەچاو بزوتنەوەی گەلانی مەزنتری ناوچەکە هەمیشە درەنگتر دەرکەوتووە. دیارە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆباری ئابوری، کۆمەلایەتی، ڕامیاری و کولتوری کۆمەڵگەی کوردی. بەوەی کوێستانین هەروەک گشت کۆمەڵی شاخنشینی تر تاڕادەیەک پاشکەوتوون، شارەزایان کەمتر تێدا هەڵدەکەوێت. بوونەتە ژێرهەرەسی ڕەوتە کولتووری و جیهانییە دوور و درێژەکەی فارس[13] و بە شێوەیەکی زۆریش تورکەوە، و ئەودواکەوتنە لەچاو بزووتنەوە نەتەوایەتییەکانی تری نێو ئیمبراتۆری عوسمانی نێوان جەنگی جیهانگیری یەک زەق دیارە، چی لەبەلکان بێت یا ئاسیای بچوک. نووسەری کورد"کەندال [8]" بەڕێکوپێکی ناتوانایی بزوتنەوەی کوردی لەقۆستنەوەی هەلی بەتالایی نێوان ساڵەکانی ١٩١٨- ١٩٢٠ی پاش هەرەسی ئیمبراتۆریەتی عوسمانی ڕوون کردوەتەوە. شۆڕشە کوردییەکانی نیوەی یەکەمی ئەم سەدەیە هەر لە قاڵبی یاخیبوونی کلاسیکیدان.

بارودۆخ لە عێراق جیاوازبوو چونکە کورد تا ساڵانی ١٩٦٨- ١٩٧٠ ڕوویەڕووی دەوڵەتێکی نوێ بوو هێشتا چاک ڕەگی دانەکوتابوو، بەلام ئەو بارە لەگەڵ ڕژێمی سەدام حوسێندا جیاوازە کە پاش بەریتانیا بە بناغەنەری دەوڵەتی عێراق دەژمێردرێت. جگەلەوە کورد لە عیراقدا سوودی لەوە وەرگرتووە کە ڕێژەیان دەگاتە ١ لە ٣ ی کۆی دانیشتوانی وڵات (ئەویش بەرانبەر بە ١ لە ٤ یان ١ لە ٥ ی تورکیا و ١ لە ٦ ی ئێران ).

دووهەمین شەپۆلی نەتەوایەتی ڕۆژهەلات دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژانی پاش جەنگی جیهانگیری دوو. کۆماری مەهاباد بەگشت کەموکوورییەکییەوە کە ئەمڕۆ بە تووشی دەزانن ڕەنگدانەوەی ئەو گوژمەبوو. لەوڕۆژەدا پرۆژەیەکی نەتەوەیی خاوەن بیر و بۆچوونی کلاسیک و ناپاک و هەر لەسەر ئایدیۆلۆجییەتی کۆن دەڕۆیشت. بەتایبەتی لەناو چینەکانی کۆمەڵدا. ئەوەبوو زۆر بەئاسانی و لەبەر چەند هۆی تر «F ـ ئەو کۆمارە بێ هێچ جۆرە بەرگرییەک » ڕوخا.

تا ئێستایش بزوتنەوە نەتەوایەتی کوردی نێوان ساڵانی ١٩٥٨-١٩٧٥ی عێراق تالاوی

13 ـ کاک برایمی یونسی " فارس "ی لێ پەڕاندووە.

دواکەوتوویی کۆمەڵگەی کوردی دەڕشێتەوە. لەتواناای سەرکردایەتی ئەواندا نەبووە وەک بزوتنەوە شۆڕشگێڕییەکانی تر[٩] لە بەرزییەوە بڕوانتە کۆمەڵی خۆیان و سەرنجی چینەکان بەلای خۆیدا ڕاکێشنێت.

ئەگەرچی باری جیۆپۆلیتیکییان ئاڵۆزە، خاڵی تری گرنگ هەن نشوستی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردمان بۆ دەردخات: کاریگەرترینیان ئەو پاشکەوتەییەیە کە لەکۆنەوە بۆیان ماوەتەوە و زۆری کار کردووەتە سەر چارەنووسی نەتەوە و تا بێت دەردی کۆمەڵایەتییان گرانتر دەکات. تائێستا بیر و هۆش و هەڵوێستی کۆنباویان نەگۆڕیوە بە ڕوانگەی تری نوێ. بەڵکوو تەنها ئەوەی دەینوێنن لاسایی کردنەوەی هەندێک دروشمی نوێیە بێ لەوەی پەیڕەوی بە ڕەوشەکانیەوە بکەن. ڕەوشتییان هەروەک دوێنێیە، بەلام ئەوی ئێستا فێریبوون فێڵ و تاکتیکە لەشێوەی زانستی ڕامیاریدا بەکاری دەهێنن. لەبری بتەوکردنی بناغەی گرۆی شۆڕشگێڕ، پیاو لەدووی خۆ دەخەن، و کار و کۆششیان هەر دروشمە.

ئەو چەندوچۆنەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی کوردی نیوەی دووهەمی ئەم سەدەیە لێی دوربوو توێژالی ڕۆشنبیرانی وردەبۆرجوای نوێخوازە. ئەوانە کە پەیدایش بوون هیچیان دەسەڵات نەبوو. دەبوو ئەوانە بەهاوکاری جەماوەر ڕووڵی سەرەکی و کاریگەر ببینن.

ئەی باشە، پاشەڕۆژ چی؟ ـ لەوانەیە بەهۆی لێک نزیکبوونەوەی دەستەی ڕۆشنبیرانی کورد لەئێران[14] و تورکیا ڕاستی ئەم بارە سستەی ئەمڕۆ تێیکەوتوون ماوەیەکی تریش نادیاربێت. لە عێراقیشدا کە بار تێدا زۆر ئاڵۆزترە لەوانەیە هەر وەک خۆی بمێنێتەوە. لەوە دەچێت لاوازترین گرێیانی سەربەخۆیی کوردستان یا تەنها بەشێکی بێت. بەڵام ئەوتۆیش بەدووری نازانین لە داهاتوویەکی دووردا بەهۆی ئاڵۆزی باری هەرێم و دەستێوەردان و گرۆگێچەڵی جیهانییەوە بۆیان هەڵکەوێت[15]. پێدەچێت هەندێکی تر بێتە سەر ئەوە مافی کولتوری و پێناسەی کوردییە. خۆ ئەگەر بڕوانینە بنچینەی مێژوویی و ڕێڕەوشی ڕامیاری هەرێم ئەوا بۆمان ڕووندەبێتەوە کە ئەویش بێ شەڕ و لێکدان نایەتەدی، و دەبێت بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد لەپێناو وەدەستهێنانی مافی کولتوری و پێناسەی نەتاوایەتیدا ستراتیجیەتێکی دووسەرە بگرنەبەر، چی لەسەر ئاستی هەرێم

14 ـ F ـ ئەم پەرتووکە پێش سەرنگوومی شا نووسراوە. « دەبێ چیبێت ئەو بارەی بە بۆچوونی کاک برایم، پاش سەرنگوومبوونی شا لەئێران سەرشانی کوردی سووک کردبێت ؟. ـ و »

15 ـ پاش پێرۆسترۆیکا و هەرەسی کۆمونیستی لە سۆڤیەت، وڵاتانی ژێر ڕکێفی ئەو سەربەخۆ کران. چەرخەڵە و دەستتێوەردانی یەکجار زۆر لەباکووری ئاسیا و ڕۆژهەلاتی ئەوروپا بوو. دەوڵەتانی بەلکان گەڕانەوە سەر نەخشەی هەشت گرێ لەمەوبەریان. دیواری بەرلین ڕووخا و دوو ئەڵمانیا بوونەوە بەیەک. بەلام بەداخەوە( بەسایەی سەری سرکردە برا کوژەکانەوە) "سەرەڕای ئەو مقۆمقۆی سەربەخۆکردنی ئەو بەشەی پاش جەنگی کەنداو بەرگۆێ دەکەوت" کورد نەک هەر لەقەوارە ناهەسوارەکەیدا مایەوە بەڵکوو، تێکچوونی باری ئابووری لە باشووری کوردستان دەیەها ساڵ کۆمەڵگەی ئەوبەشەی دواخست. « و »

یان لەسەر ئاستی جیهان، و پەیوەندی دۆستانە ببەستن لەگەڵ کۆمەڵ و هێزە دیموکرات خوازەکانی ناوچە تا لەم قۆزاخەیەی ئێستایان دەربازبن.

پاش ئەو پێشەکی باسی نەتەوەی کوردی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆری عوسمانی کردنە و بۆ پتر روونکردنەوەی باری مێژوویی ئەو، باسەکانی داهاتوومان سەبارەت بە چارەنووسی نەتەوەی کوردە، هەر لەکۆتایی جەنگی جیهانگیری یەکهەمەوە تا هەرەسی بزوتنەوە کوردییەکەی ساڵی١٩٧٥ کە مستەفا بارزانی لەعێراق بەڕێوەی دەبرد. پوختەی بەرهەم روونکردنەوەی باری ژیانی کۆمەڵگەی کوردییە لە تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا و هەندێکیش لەیەکێتی سۆڤیەت. ئەوە لەلایەک، و لەلایەکی تریشەوە خاوەنی بەرهەمەکان خۆیان لەرۆشنبیرانی کوردن و بەچاوی رەخنە لە بزووتنەوە نەتەوەییەکەی خۆیان دەڕوانن. تاکە بەرهەمی بیانی تێکەوتبێت ئەوەی، أ. رۆزفێلدی ئەمریکاییە کە بەکورتەیەک باسی کۆماری مەهابادی دەکات و تا ئێستا نەکراوە بە فەرەنسی

جیرارد چالیاند
لیۆمانوار، ڤیلدیۆ لا پلویر ١٩٧٧

## تێڕوانین

١. لێرەدا هەندێک لەو تێبینیانە دێنمەوە یاد کە ژمارەی ڕۆژی ٩٧٦/٣/١٧ لیمۆندی فرەنسی لەژێر ناونیشانی کورد و مافی کەمە نەتەوەکان. هەروەها ژمارەکانی ١٢ تا ٩٧٦/٧/١٨ ی نۆڤل ئۆبزێرڤاتور لەژێر ناونیشانی کەمایەتیە ئاژاوەچییەکان، بڵاوی کردوەتەوە.

٢ـ بەتایبەتی بڕگەی ١ و ٥٥ لە پرۆتۆکۆلی UN سەبارەت بە مافی چارەنووس و بەپێی بڕیاری ژمارە ٧/٢٦٢٥ ی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژی ٢٤ ـ ١٠ ـ ٩٧٠.

٣ـ تاخمی ڕەگەزی ژێردەست هەیە ئەوکاتە ڕووی خۆش لەمیللەتی خاوەن دەسەڵاتیان دەبینن کەمافی کولتور، زمانی زگماکی، مێژو و فەرهەنگی خۆیان پشتگوێ دەخەن. ئەوەی لەسەر ئێمەیە ئامۆژگاری ئەو کۆمەڵە ڕەگەزییانە بکەین لەدژی ئەو جۆرە بە ئارەزوو تواندنەوەی زمانی دایک و فەرهەنگ و کولتور بوەستن. تەنها بەو ڕێگەیە باری کولتووری جیهان پێشدەکەوێت و دەبێتە بەهرە بۆ مرۆڤایەتی.

٤ ـ Declaration universalle des droits des peuples ، جەزایر، ٤ی جونی ١٩٧٦ (بەشی ٦ مافی کەمایەتییەکان خاڵەکانی ١٩و ٢٠) ماسپیرۆ، پاریس.

٥ ـ چگە لەدەوڵەتی کۆلۆنیال کراو، داگیرکردن لەلایەن دەولەتێکی ترەوە یان ڕژێمە ڕەگەزپەرستەکان ـ لێرەدا کەمایەتیەکان بە شێوەیەکی یاسایی تر دەگرێتەوە. کۆنفرانسی خاجی سوری جیهانی سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ لەکاتی ئاشتی و جەنگدا . جونێڤ مانگی ٩٧٧/٤ ـ ڕۆژنامەی لیومۆند ٩٧٧/٦/٩.

٦ـ ڕۆجێ لیسکۆن، مامی ئالان، کۆمەڵێک بەرهەمی ڕۆژهەڵاتی، ئەنیستیتیۆی فەرەنسی لە بەیروت، بەرهەمە کوردیەکان، بەرگی دوو ساڵی ١٩٤٢.

٧ـ ڕاپۆرتی پایک، ڕۆژنامەی The Villege Voice، نیویۆرک ٢٣ ـ ٢ـ ٩٧٦ بڵاوکرایەوە

٨ ـ لەنوسینێکیدا بەناوی «کوردستانی تورکیا ».

٩ ـ ڤیێت منە، یان NLF ڤێتنام، P.A.I.G.C ئامیکار کابرالی، ڕێکخراوی ئازادی خوازی گەلی ئەریتیریا و هتد....

# ١

# کورد لەئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا

## کەندال

بێ ئاوڕدانەوە لەزەمینەی ژیانی
مێژوویی سەد ساڵ لەمەوبەری کورد
باری ژیانی ئەمڕۆی لێڵ دەنوێنێت ...

### لەعوسمانی ئینتەرناسیۆنالییەوە بۆ بیری نەتەوەیی

لەناوەندی سەدەی نۆزدەوە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بەریەرە ڕوو لە هەڵوەشان بوو چونکە تادەهات لەشۆڕشی پیشەسازی سەدەی نۆزدە دووردەکەوتەوە، و لە ناوخۆیشدا کێشە وگرفتی (سپای مەزنی بەخەرج، و سەرکردەی وشک و بێتواناى ئەو قۆناغە ببوونە کۆسپ لەوەی ڕووبکەنە سەرمایەداری، و بەهۆی گیری ئەو کاربەدەستانەی بیری زانستی و فەلسەفییان وەک بەردی وشک) ڕووبەڕووی قەیسەرەکانی روس و نەمسا بوون.

پرۆتۆکۆلی بازرگانی کەل و نا بەرانبەری " نوێسازی (ڕێکخستنەوەکانی ساڵی ١٨٣٩) و پێشنیاری ئینگلتەرا " گوایە بۆ سەرلەنوێ هەڵسانەوەی ئیمپراتۆری، بەگشتی بوونە هۆ بۆ زووتر چۆک پێدانیان.

هەندەیان پارەی دەوڵەتان لەسەربوو، گەنجینەی ئابووری ئیمپراتۆری لە ساڵی ١٨٧٨ بەدواوە هەندە ئابووت بوو سەرئەنجام کەوتە ژێر چاودێری لیژنەیەکی ئەورووپی بۆ کاروباری « وامە گشتییەکانی عوسمانی» . ئەندامی هەمیشەیی ئەو لیژنەیە بریتیبوون لەکاربەدەستی دەوڵەتانی (ئینگلتەرا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، نەمسا و ئیتالیا) . بانکی عوسمانی کە دامەزراوێکی تایبەت و

بە سەرمایەی ئینگلیزی و فەرەنسی دەچوو بەڕێوە، کەوتە چاپ و لێدانی سکەی پارە، و گشت پیشەسازییەکانی کانزایی و هێڵی شەمەنەفەر، و بازرگانی دەرەوە و هتد ... بوون بە پرۆژەی ئەورووپایی. ڕاوێژکارە بیانییەکانی سپا سەروکاری لەشکریان بۆ دەکردن. باڵوێزی بەریتانی "لۆرد ستراسفۆرد کانینگ" لەئەستەمبوڵ کرا بە سەرپەرشتکاری کۆمیتەی "شایاندنی کاروبار و ڕێکخستن " کە بەنارەزوی خۆی شالیاری لادەبرد و هینی تری لەشوێن دادەنا.

چونکە نەتەوە داخلەدڵەکانی بەڵکان بەچاوی هێزێکی ستەمکار و باجگر لە ئیمپراتۆری عوسمانییان دەڕوانی ئەو هەڵوێستی دەستێوەردانەی هێزی بیانییان بەهەل زانی و لەشکریان پێکەوەنا بۆ شۆڕشی نەتەوەیی، و لە دیوی ئەودیوی ئیمپراتۆریەتیشەوە کوردان ڕاپەڕین.

لەئەنجامی دەست تێوەردانی بیانی و بەرەبەرە کۆلۆنیال کردنیان، و هەروەها بەهۆی قرچۆکبوونی کۆشکی مێژوویی ئاوێتە، و بەهۆی پەرەسەندنی هەستی نەتەوایەتییەوە، نەوەیەکی نوێی بەرگر و ڕەوشت توند لەژێر ناوی ( نەتەوەی عوسمانی)دا دەرکەوت، و خولیای ئەوەبوون؛ چۆن بتوانن ئیمپراتۆرییەت نوێ بکەنەوە؟ و چۆن ئەو دەسەڵات و ستەمەی کاربەدەستان لەسەر خۆ لادەن؟. ساڵی ١٨٦٥ (نامیق کەمال و ضیا پاشا ) و چەندانی تر لە بزوتنەوەیەکدا بەناوی "عوسمانییان " و پاشانیش " عوسمانییانی نوێ" ناویان دەرکرد. خەباتی ئەوان لەپێناو چەسپاندنی دەستوورێکی( چاک) و بەتوانای ئەوتۆ بوو یەکسانی و سەربەستی بۆ نەتەوەکانی ناو ئیمپراتۆریەت دابینکات، و ئیمپراتۆرییەت لە مەترسی لێکبچڕان دووربخەنەوە، و بیگەیێنە ئاستی زانیاری ڕۆژئاواییەکان.

بزووتنەوەی" دەستوری" کەوتە کۆکردنەوەی ئەندام لەنێو ئەفسەرانی لاو و ڕۆشبیردا[١] ، ئەوەبوو ساڵی ١٨٩٠ ناویان گۆڕی بە بزوتنەوەی لاوانی تورک. بۆرجوای عوسمانی کە بناغەی کۆمەڵایەتی ئەو بزووتنەوەیەبوو لەبەر نایەکسانی و جیاوازی بیروباوەڕ نەیتوانی درێژە بە خەبات بدات؛ و بەرژەوەندی تایبەت وایلێکردن ببن بە سێ بەشی سەرەکی:

١ـ بازرگانی گریکی و ئەرمەنی، دەڵاڵانی کرستیانی لایەنگری فەرەنسا و ئینگلتەرا. ئەمانە زۆر خۆش گوزەران بوون.

٢ـ بیروکراتە (کۆمبرادۆرە)[1] عوسمانییەکان، بریتیبوو لەو ئەفسەر و کاربەدەستانەی بەسوودی کۆمیسیۆن و بەخشیشی دەزگای بیانیەکان دەژیان. گوزەرانی ئەمانە لە دەستەی سەرەوە نزمتربوو.

٣ـ چینی بۆرجوای پێکهاتوو لەبازرگانی بچووکی تورک، کە بەرژەوەندییان نەگونجاوە لەگەڵ دەسەڵاتی بیانی، و هەندێک بازرگانی جولەکەی بێبەش لەو دەسەڵاتە. ڕژێم گشت ئەمانەی

---

F ـ 1 ـ لەدانیشتوانی ناوچە بوون. هەرچەندە یاسا پەیوەندی لەگەڵ بیانییاندا قەدەغەکردبوو، ئەوان ببونە دەڵاڵ لەنێوان کۆمپانیا بیانییەکان و هاوڵاتیان.

پشتگوێ خستبوو.

سود و بەرژەوەندی ناجۆر و لەگەڵ یەک نەگونجاو « F ـ لە ۱۹۰۲دا » بووە هۆی دووبەرەکی لە نێوان لاوانی تورک. حەز بە سەربەخۆیی رامیاری و ئاسایشی ئەو دوودەستەیە( واتە لەناوبردنی ستەمکاری) لە ئارەزووی شازادە (صباح الدين)دا ڕەنگی دایەوە کە لە پاشدا بوو بە ڕێبازی پارتی( ئازادی و بەرەی نیشتیمانی). ئەو کۆمەڵە ئامانجیان لیبرال کردنی تورکیا بوو لەژێر چاودێری بەریتانیا بە مەرجێک نەڕواننە ڕەگەز و ئاین و دەسەڵات بدرێتە دەست کەسانی بەتوانا، واتە لەو ڕۆژەدا زەمینە خۆشبوو بۆ بۆرجوای ڕەگەزە جۆراوجۆرەکانی ناموسوڵمان و بەشێوەی سەرەکی دەسەڵات بکەوێتە دەست ئەوان.

بەڵام ئامانجی بۆرجوای موسوڵمان ئابووری نەتەوەیی و دەوڵەتی دەستووری بوو، ئەو دروشمەی سەرەتا پەسەندی باڵە فراوانەکەی بزووتنەوەی لاوانی تورک بوو کەیەکیتی لاوانی تورک پاش دەرچوونی شازادە سەباح و یارانی ئەو گەڕانەوە سەر ناوە کۆنەکە، واتەکۆمەڵەی یەکێتی و ڕابوونی عوسمانی( Osmani Ittihat Va Terekki Cemiyeh )[٢]، و "پرۆژەکانی ئیسلامی، بانکی ئیسلامی، کارگەی ئیسلامی، بازاڕی ئیسلامی" بوو بە دروشمی باو. کە ئیتیحادییەکان شوێنی خاوەنبیرانی "نەتەوەیی عوسمانی" یان گرت و بوون بە عوسمانیانی نوێ "نەتەوەی ئیسلامی" یان وەک مەبەست دەردەبڕی تا لەئەنجامی ئەو بگرەوبەردەیە ناوی " نەتەوەی تورک" چەسپا. ئەو یەکێتی خوازانە بیریان لەپاراستنی یەکێتی نەتەوە موسوڵمانەکانی ناوئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەکردەوە، و لەڕووی سەربەخۆیی ڕامیارییەوە هەندە توندڕەوبوون نەیاندەویست بەهیچ کلۆجێک بیانی دەستیان تێکەڵ بکات. زۆر لەڕۆشنبیرانی کورد، عەرەب و ئەلبانی لەڕیزەکانی ئیتیحاد و تەرەقیدا چالاکانە شانبەشانی ئەندامە تورکەکان تێدەکۆشین. ئەو ڕێکخراوە بۆ ڕوخاندنی سوڵتان عەبدولحەمیدی دوو(کەنیشانەی جەور و ستەمی ڕۆژهەڵات بوو) پەیمانی تاکتیکی لەگەڵ سۆشیال دیوکراتی ئەرمەن و بولگارەکان بەست و ئەنجومەنێکی پەرلەمانییان هەڵبژارد تا سەربەستی و یەکسانی گشت گەلانی ناو ئیمپراتۆریەتی پێ دابین بکەن.

سوڵتان کەهەرگیز باوەڕی بە ڕێوڕەوشی یەکێتی گەلان نەبوو، کەوتە سەر ئەو باوەڕەی تەنها دروشم پانئیسلامی دەتوانێت لەو دواچارەکی سەدەی نۆزدەهەمەدا یەکێتی ئیسلامی ناو ئیمپراتۆرییەت بپارێزێت، و ئەو نەتەوە ئیسلامیانە لە قەوارەیەکی ئیسلامی کۆبکاتەوە و بەسەرۆکایەتی خودی خەلیفە کە هەر (سوڵتانەکەی جارانە). بەوجۆرە دەیویست بەرە لەهەڕەشەی کرستیانەکان بگرێت. ئەڵمانیا کە دەمێکبوو دەیویست دەسبگرێت بەسەر ئاسیای بچووک و وڵاتی نێوان دووڕێدا و هێڵی شەمەنەفەر بگەیێنێتە بەغدا[٣] بەهەڵپە ڕووی لەپشتگیری ئەو کۆمەڵە ئیسلامیە کرد.

ئیتیحادییەکان لەجولی ۱۹۰۸دا بەکودەتایەکی سپا دەسەلاتیان گرتە دەست. ئەوە سەرەتا بوو بۆ ئەو شۆڕشە بۆرجوازیەی" تورک" کە پاش پانزە ساڵ ئاژاوە وگێرمەکێش چەسپا، و تێیدا مستەفا کەمال سەرکەوت. سەرەتا بە دەستکەوتی یەکجار مەزن دەزانرا و گشت نەتەوەکان پیرۆزیان کرد لەو دامودەزگا ئیمپریالییەی ئەو دەستورەیان بڕیاردرا کە پەیو لەنوخشەی برایەتی و یەکێتی[٤]. پێنج مانگ پاش ئەوە هەڵبژاردن کرا و پەرلەمان کۆبووەوە و بڕیاری هەندێک سەربەخۆیی و دیموکراسیەت درا بۆنەتەوە ناتورکەکان. لەوانە بەتایبەتی ئازادی چاپ وخوێندن بوو بەزمانی زگماکی. ئەو قۆناغی ئازادیەی کە هیچکات ئیمبراتۆریەت بەخۆیەوە نەیدیوە زۆر زوو بەسەرچوو. زۆری پێنەچوو بزووتنەوەی ئەلبان کە دەیانویست پەرلەمانی سەربەخۆی خۆیان هەبێت لەناویرا، و زۆر لەلاوانی نەتەوە ناتورکەکان کە لەوەوبەر پڕباوەڕبوون بە " شۆڕشی یەکسانی" و خۆیان لەپێناویدا بەخت دەکرد، بەکۆمەڵ ڕیزەکانی ئیتیحادیان بەجێدەهێشت و بیریان لەوە کردەوە ئیتر بۆئازادی نەتەوەکانی خۆیان بکۆشن. ئەلبانیا و بولگاریا لە جەنگەکانی هەرێمی بەلقانی ساڵی ۱۹۱۲ـ ۱۹۱۳ بەدواوە سەربەخۆییان وەدەست هێنا، و پاشان لەولاوە ڕاپەڕین کەوتە نیوەدورگەی عەرەبی.

کەبێپێزی دەستور و"ئامانجی نوێ" ئاشکرا بوو و ئەفسانەی یەکێتی عوسمانی شکستی هێنا، توندڕەوی باڵی کێشا بەسەر هەڵوێستی کۆمیتەی ئیتیحاد و تەرەقیدا و گشت کۆمەڵە و چاپەمەنی و خوێندگەی نەتەوە ناتورکەکانیان قەدەغە کرد. ئیتیحادییەکان کە تەنها نەتەوەییانی تورک بوون مانەوە پانتورانیزمییان کرد بە ئایدیۆلۆجی( هەرچەندە پێش ئاشکراکردنی ئەو بیرە لەپراکتیکدا تا ئەو ئاستەی پەیوەندیان بڕی لەگەڵ نەتەوەکانی تر هەر بەکاریان دەهێنا). بەو گوژمەی بەزۆری لاساییکردنەوەی یەکێتی گەلانی جەرمانی بوو، دەیانویست ئیمبراتۆریەتی تورانی مەزن دامەزرێنن هەر لە تورکیای ئەورووپییەوە بگرێتەوە تا دەگاتە لەوەڕگا تەختەکانی ئاسیای ناوەند[٥].

سوڵتان ڕەشادیش کە پاش سوڵتان عەبدولحەمید هاتە سەرتەخت و بانگەوازی بۆ یەکێتی ئیسلام دەکرد، ڕوانگەی پانتۆرانیزمی نەتەوەییانی تورکی پەسەندکرد. ئەوەی کۆسپ بوو لەرێی ئامانجی نەتەوەییانی تورک( کە تائێستایش خەونی پێوە دەبینن) ئەرمینیا و کوردستانە کە ناتورک ڕەگەزیان تێدا دەژی و نیوان تورکیا و وڵاتانی تۆران(ئازەربایجان، ئۆزبەگستان، تورکمانستان، گورجستان وهتد...)یان لێ گرتوون. سەرانی ئیتیحاد جەنگی جیهانگیری یەکیان بە ڕێگەچارە ئەو کێشەیە زانی: کاتی هەڵگیرسانی جەنگ ئەوانە تێکبشکێنن تەنانەت ئەگەر بە قەلاچۆکردنیشبێت، خۆ ئەگەر هەر نەتوانرا ئەوا بە کۆمەڵ ڕاپانگوێزن و تێکەڵ بەخێڵە تورکەکانیان بکەن تا دەتوێنەوە[٦]. بەلام ئەوی لە ڕوانگەی ئەواندا ئەرمەنی لە کورد جوداکردبێتەوە تەنها ئەوەبوو کە ئەوان کریستیانن و هەر دەبوو قەلاچۆ بکرێن، بەلام کورد

پەرتەوازە بکرێن، خۆ ئەگەر پێویستیشی کرد ئەوا هەر لەناوببرێن.
[ ئەی کامەتا بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردی پێش جەنگی جیهانگیری یەک، و گشت ئەوانەیش لەئارادابوون؟ ][2]

**سەرچاوەی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد**

ئەگەرچی پێشتر بیری نەتەوایەتی کوردی کەوتبووە ناو ڕیزی ڕۆشنبیرانی کوردەوە، بەڵام تاڕادەیەک بناغەی نەتەوایەتی کوردی لەکوردستاندا نوێیە و دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هۆی مێژوویی لەسەرووی گشتەوە ئەو بارودۆخە تایبەتە بوو کە کوردستانی ناو ئیمبراتۆری عوسمانی تێکەوتبوو.

**دۆخ و شوێنەواری کوردستان**

بەرایی پەیوەندی کورد و عوسمانی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی شانزە کەئەوسا گشت میرنشینەکانی کوردستان لەجەنگی هەمیشەییدابوون دژ بەشاکانی فارس کە مەبەستی داگیر و خستنە سەر خاکی خۆی بوون. ئەوەبوو لەجەنگی چاڵدێراندا( لە باشوری کوردستان) ساڵی ١٥١٤ سەرکردەکانی کورد لایەنی سوڵتان سەلیمی عوسمانی "ستەمکار"یان گرت و بوونە هۆی سەرکەوتنی. ئەوجا سەلیمی ستەمکار پەیمانی لەگەڵ سەرکردە سەرەکییەکانی کورد بەست. لەدەقی پەیماننامەکانیاندا دەرکەوتوە کە لەبەر هەندێک هۆی ئاینزایی کوردی سوننی پاڵ دەدەن بە سوڵتانی عوسمانی سوننییەوە( نەک شای ئێرانی شیعە )[3].

پرۆتۆکۆلی کورد و عوسمانی دان بە بوونی شانزە میرنشینی مەزن و بچووکی سەربەخۆی کورد(کوپرد هوکومەتلەری)[(٧)] و پەنجا[4] شارۆچکە "سەنجەق"ی کورد و هەندێک سەنجەقی عوسمانیدا دەنێت. میرە بەناوبانگەکانی باشووری کوردستان سەربەستیی بەوە ناوچەکانی دەسەڵاتی خۆیان وەدەستهێنا: بۆخۆیان خاوەن سکەی پارە بوون و لەوتاری ڕۆژانی هەینی مزگەوتدا ناودەبران، و بۆ هیچ جۆرە کارێک ڕوویان لە سوڵتان نەکردووە. سەرانە و باجیشیان نەداوە. بەڵام ئەوتۆیش هەر ملکەچی ئەوەبوون( لەگشتی گرنگتر ئەوەبووکە ) هەرگیز نابێت لە"بابی عالی" هەڵگەڕێنەوە و بیر لەسنوور گۆڕین بکەنەوە، و سەرئەنجام لەسەریانبوو میری هاوسێ ڕێز لەسنووری دەسەڵاتی یەکتر بگرن. بێگومان ئەو خاڵەی دوایی بۆئەوەبووە نەتوانن

---

2 ـ فارسی و ئینگلیزییەکە ئەو دێرەی تێدا نیە، دەشێت ڕەخنەی خودی ڕێکخراوی فەلەستینی فەتح بێت.» و «

3 ـ F ـ ئەوە بەزۆری لەئەنجامی هەڵوێستە هەڵەکەی شا ئیسماعیلی سەفەوی بوو کە لەبری دڵنەوایی، سەرانی کوردی بۆ وتوویژ بانگ کرد و پاشان لەزیندانی هاویشتن.

4 ـ E ـ ... پەنجا سەنجەقی کوردی و ... . F ـ ... پانزە سەنجەقی کوردی و ....

بیر لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی چەق بکەنەوە لە کوردستان.

هەرچ ناوچەیەک سەختەبوایە بۆ جموجۆڵی لەشکر، دەکران بەسەنجەقی کوردی و بەگێکی کوردی " بەزۆری سەرەک خێڵ " دەکرا بە بەرڕێوەبەری و دەچوە ژێر فەرمانی بابی عالی. لەسنووری دەسەڵاتیاندا سەربەست و ئازاد و سالاریان بۆ نەوە بەجێهێشتووە. دەبوو بەگی کورد لەپاداشتی ئەوباوەڕ و پلەو پایانەدا چاپووک لەپێناو ئیمبراتۆرییەتدا بجەنگن، بەتایبەتی دژ بە شای فارس. سەنجەقەکانی (باکوور و هەرێمی نێوان دوو زێ و شارۆچکەکانی وەک؛ دیاربەکر، سیعرەت، ماردین و خارپوت و هتد ...) کە نزیکەی سێ یەکی کوردستانی عوسمانی دەگرتەوە ڕاستەوخۆ لە ژێر ڕکێفی پاسای عوسمانیدا بوون.

## کوردستانی فیودالی

هەردوولا ئەو سستێمەیان تاسەرەتای سەدەی نۆزدەهەم پاراست، و بەشێکی زۆر لە کوردستانی عوسمانی کە بەو چەند میرنشین و سەنجەقی سەربەخۆیە لێک داپچڕابوون تا ڕادەیەک پەسەربەستی دەژیان، و ئەنجامی ئەو سەربەستییەیش لە گۆشەی فەرهەنگ و کولتووری ئەوکاتەدا ڕەنگی داوەتەوە. لە باری فەرهەنگ و کولتوورەوە ئەمانە دەرکەوتووبوون: لە تەسەوفدا (باتی)، و باری ڕەوانی(جەزیری و بایەزید)، نیشتیمانپەروەری(خانی و کۆیی)، و بیری شۆڕشگێڕی (فەقێ تیرانی) و هەروەها هەندێکیش بوون بۆ بابەتی تر.

هەندێک شاری وەک بەتلیس و جەزیرە و هەکاری کە بەهێزترین پایتەختی میرنشینەکان بوون بەمەڵبەندی فەرهەنگ و کولتوور دەژمێردران، چونکە لەوێدا ڕێز لە وێژەر و زانا و هونەرمەند گیراوە، جارجارە شارەزایان لێ چووەتە فستیڤالی فەرهەنگ و هونەر لە قوستەنتینە بۆ دەرخستنی بەرهەمیان ؛ لەوانە هەندێکی وەک (فزولی، نەبی، نەقی وکەسانی تر).

میرە کوردەکان چەشنی شاکانی هاوچەرخ، کۆشک و تەلاری مەزنیان بووە، و هەروەک ئەوانیش ژیاون. ئەوە لەخۆیدا بەرپەرچی ئەو بۆچوونە دەداتەوە کە [ئەو تابلۆیەی مۆزەخانەی "تیپیکال"ی فەرەنسا نیشانی دەدات[5]] لە مارکۆپۆلۆ بەدواوە کەوتووەتە سەردەمی هەندێک گەڕیدەی ئەورووپایی و مژدەدەرەی ئاینی ئەوان کە گوایە کورد دەوارنشینی کێوی و دز و جەردەن.

لەو سەردەمەدا کە بەچەرخی زێڕینی فیودالی کوردی و چەرخی گەشەکردنی فەرهەنگ و کولتوور دەناسرێت، کورد پەنجەرەی کراوەی نەبووە بۆ سەر جیهانی دەرەوە. میرە کوردەکانی لەبەر پاراستنی تەخت و تەلار، ئاسۆی بیریان لەسنووری ناوچەی دەسەڵاتی خۆ تێنەپەڕیوە و هەمیشە دووربوون لە پایتەختەکانی ترەوە، و هیچکات بیریان لەوە نەکردووەتەوە نەتەوە لەژێر یەک دەسەڵاتی چەقی کوردیدا کۆبکەنەوە، بەڵکو هەردەم " هەریەکە و لەناو ئەمارەتی خۆیدا " بۆ

5 ـ ئەو دێڕی ناو کەوانەیەی لەفارسی و ئینگلیزییەکەدا نییە. « و »

پاراستنی تەختی و دەسەڵات بەگژ یەکدا دەچوون. لەلایەکی ترەوە پەیماننامەکەی بابی عالی تەگەرەیەکبوو لەڕێی یەکگرتنیان، و سوڵتان بەزیرەکی بیزەنتیانەیی خۆی هەردەم ئاگری دووبەرەکی لەنێویان خۆش کردووە. فرامۆش کردنی فەرمانی سوڵتانیان لەلا تاوان بوو چونکە خەلیفە "سێبەری خودابووە لەسەرزەوی". خۆ لەلای میرە ئایندەۆستەکان ئەوە هەر هیچ چەندوچوونی لەسەر ناکرێت چونکە ( ئەگەرچی خۆیشیان بەکورد زانیبێت) هەر هەستی ئوگە «ئیسلامی »یان زاڵبووە بەسەر هەستی نەتەوایەتیدا. دیارە هەر ئەو هەستەیش تایبەتمەندی ئەوانی دەپاراست.

پێویستە لە هۆی ئەو "ئەزۆکی"یە بکۆڵینەوە کە میشکی کوردی تووشبووە و ناهێڵێت هەستی نەتەوایەتی بکاتە هەوێن بۆ پێکەوەنانی دەوڵەتێکی نەتەوەیی بۆکورد. پێویستە لەهۆکار و هەلومەرجی بەرژەوەندی تایبەت( ئارەزووی میر و سەرکردە و سەرانی ئاینی) قووڵتر، لەبناغەی کۆمەلایەتی ـ ئابووری کوردستانی ئەم سەردەمە بکۆڵینەوە. لەوکاتەدا کۆمەڵ بەزۆری جوتیار و ئاژەڵداری بوون. سیستێمی ژیان هەر خێڵەکی بووە، و زۆرجار سەرک خێڵی دەبووە بەدەسەلاتترین هۆزی ناوچە یان بە سەرکاری سەنجەق. هەروەها میرەکانی دەبوو بە سەرکردەی کۆمەڵە کۆنفیدرالییەکان هەر لەو بابەتە سەرۆکە کلاسیکییانەبوون.

ئاشکرایە کە هۆز گەورەترین کۆسپ بووە لەڕێی زاینی هەستی نەتەوایەتیدا و تەنانەت هێز و دەسەلاتی ئاینیش ڕەنگدانەوەی سرووشتی ئەو هەلوێستەیە. کەهەر ئەویشە بەبۆچوونی ئێمە هۆی شکستی گشت شۆڕش و بزوتنەوە چەکدارییەکانی سەرەتای سەدەی نۆزدە لەکوردستاندا بەئامانجی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی سەربەخۆ و یەکگرتوو هەڵگیرساوە، و سەرئەنجام جاشێتی تێدا هەڵکەوتووە، و دووبەرەکی نێوان هێزەکانی کورد و هەندێک بیر و بۆچوونی خێلەکی بووەتە هۆی لەناوبردنیان.

ئاژەڵداری کە بناغەی سەرەکی ئابووری هۆزی لێ پێکدێت بە درێژایی چەندین سەدە لەناوچە شاخاوییەکانی کوردستان بووە بەپیشە. بنار و لاپاڵی شاخ و دۆڵ و دەرە سەختەکانی کوردستان هەندە گونجاونین بۆ کێلان( ئەوی لێی بەپیتبێت پانتاییەکانی نێوان دوو زێی دیجلە و فوراتە). گەڕان بەشوێن لەوەڕگای چاکدا گەرمیان و کوێستان دەوێت، و بڕینی شاخ و دۆڵی سەخت، و ڕاگرتن و پەروەردەی ئاژەڵی زۆر پێویستی بەژیانی هەرەوەزییە بۆیە هەمیشە پێویستییان بە هاوکاری یەکتر بووە. لێرەدا، پێداویستی و سۆزی خزمایەتی و پەیوەستی خوێن ئەندامانی خێڵ لێک نزیکدەکاتەوە. پاشانیش هۆز لەبەر مانەوە و بەهێزبوونی نەخشە و پلان و سستێمی تایبەت بۆخۆ دادەنێت و مەرجە بەگشتی پەیڕەوی بکەن.

ئاژەڵداری پێویستی بەشارەزایی ئەوتۆ نییە و تەکنیکی ئەو پیشەیە هەندە پێشکەوتوو نییە پێویستی بەزانیاری پتربێت. لەوە بترازێت، ئەگەر یەکێک لە ئەندامانی خێڵ ئارەزووی چوونە

بەرزانستی هەبێت ئەوا دەبێت لەهۆز دابپچڕێت چونکە ماوەی خوێندن هەندە درێژە بۆی تەواوناکرێت، و ئەویشی ماوەی چوونە فێرگەی هەبێت تەنها نەوەی شارستانی وجوتیارە گوندنشینەکانە. خێڵی کێونشین دوورن لە ئاڵوگۆڕی جیهانی دەرەوە و ئەو دوورکەوتنەوەدیە یەکانگیری سرووشتیان دەکات. مرۆڤی خێڵەکی کەهەردەم دووچاری باری ژیانی دژوار و ئەرکی وزەی بێ بەزەیی سروشتن، ساکارانە تامەزرۆی بارسوکی جیهان دەبن و بەئاواتی ژیانی ڕۆژێکی ڕوونتر دەژین. باوەڕیان بە هەرچیبێت خۆیانی لەسەر بەکوشت دەدەن، و هەروەها پاراستنی ئابڕووی هۆزیان لا پیرۆزە. هەندێک دیاردەی مانەوی[6] لە خوو و ڕەوشتی مرۆڤی خێڵەکیدا بەدی دەکرێت. خۆ ئەگەر یەکێکیان بییەوێت بەڕاستی سوێن بخوات ئەوا یەکسەر دەڵێت " بەشەرەفم". هەمیشە ئەو جۆرە کارە و ئەنجامەکانی دووریان دەخاتەوە لەوەی لەپێناو ڕزگاری نەتەوەدا پەنابەنە بەر تاکتیک و پلانی لایدە و وردی ئەوتۆ کە لەوانەیە ڕاستەوخۆ سەربگرێت. ئەو ناهەمواریە زاڵبووە بەسەر گشت بزووتنەوە کوردییەکانی سەدەی نۆزدە و زۆربەی ئەوانەی سەدەی بیستیش.

وشەی" من "یان لا باونیە، بەڵکوو هەر " ئێمە"(واتە خێڵ)یان لەسەر دەمە. مرۆڤی خێڵەکی کوتوومت گرێدراوە بە سیستێمی هۆزەوە و بۆینییە لەخۆوە هیچ بڕیارێک بدات چونکە ئەوە مافە تەنها بۆ سەرکردەکانە. ئەوان لەپێشدا خۆ بە ئەندامی هۆز دەزانن ئەوجا مسوڵمان، یا یەزیدی و فەلە، و پاش گشت ئەوانەیش خۆ بە کورد دەزانن. گشت هۆز و خێڵەکانی تر ئەگەرچی لە هەمان ئاین و نەتەوە و خۆیشیبن لەخێڵی خۆی بە نزمتر دەزانن، و ئەندامانی ئەوان لەوی خۆ بە کەم دەسەلاتتر دەزانن، و هەندێک جار بەمێڵ و داگیرکەریشیان ناودەبەن.

لەڕابوردوودا بەو سیستێمە کۆمەلایەتییە چەشنی دەوڵەت بوون؛ خاوەن پرۆگرامی تایبەت بۆ بەرهەم، ئاسایشی ناوخۆ و هێزی بەرگری. جارجارە سەرۆکی هۆز دەبێتە پێشەوای ئاینیش و لە هەمان کاتدا فەرمانداەی گشت گوزەرانەکان. فرماندەرە و بڕیاری ئەو بە یاسا دەژمێردرێت. ڕێ و ڕەوش لای ئەوان دەروونییە و دەبێت گشت ئەندامێکی خێڵ ملکەچیبێت، بۆیە ڕەوش و نەریتی کۆمەلایەتی ملکەچی ئەوەیان دەکات یەکپارچە و دەست لەناودەستی یەک دوای سەرکردەیان بکەون، و ئەویش وەک دیوارێک بەرزە لەنێوان ئەوان و جیهانی دەرەوە. بەبێ فەرمانی سەرۆک بۆ کەسیان نییە بەشداری چالاکی تایبەتکات.

ناهەمواری لەوەدایە کە هەندێک سەرۆکی لەخۆبایی هەردەم لەسەر شوێن و لەوەڕگە گاهێک

6 ـ مانی ـ خاوەن ڕەوشی، دژایەتی ڕوناکی و تاریکیە.

« مانی، خاوەن کێشی ئاوێتەیە لەکێشی زەردەشتی، جوو و کرستیانی. ئەرژەنگ ناوی پەرتووکەکەیەتی. لەسەردەمی شاپووری یەکهەمدا پیغەمبەرێتی خۆی ئاشکرا کرد. گیرا و پاش گوروونی پێستی دەموچاوی بەبەر دەروازەی شاردا هەڵواسرا. هەندێک لەڕەوشەکانی ئەو ئاوێتە بووە بە بیروباوەڕی کاکەیی و یەزیدی و چەند ئاینزایەکی تری ناو کورد » ـ و

لەگەڵ خزم و خێش و جارجاریش لەگەڵ هۆز و خێڵی دراوسێ دەکەونە شەڕ و شۆڕ و تۆڵە و ناکۆکی ناوخۆ و هتد ... ئەوکاتە بیر لەڕێکەوتن دەکەنەوە کە هەست بکەن ناویان دەزڕێت، بەڵام لەوێشدا هەر پەتی ئاشتیان لەلا کورتە و بەبچووکترین گلەیی ئابڕویان دەڕووشێت و دەست دەدەنە چەکی تۆڵە[7] لە یەکتر و قەڵای پووشینی دۆستایەتی دەخەنە بەر ڕەشەبا. جارجارە هەڵدەکەوێت یەکێک لەو دوو خێڵە پەت بپچڕێت و لەدژی ئەویتر پاڵدەدات بەهێزی داگیرکەرەوە، و لەسەرشتی بێبایەخ دەبن بەدژمنی باوک کوشتەی یەک. مێژوی کوردستان پڕە لەوجۆرە ئاژاوە «براکوژی» و «جاشێتی» یە.

بەهەڵەداچوونە ئەگەر باوەڕ بەوەبکەین کە توانا هەبێت مێشکی ئەوتۆ بەردینی خێڵەکی بە هۆشی نەتەوایەتی گۆشەبکرێت.

## ڕاپەڕینەکانی سەدەی نۆزدە

کۆمەڵی کوردی پارچە پارچە و لێکدابڕاوی ژێر بار و دەسەڵاتی خێڵەکی لە قەوارەیەکی دینامیکی ناوخۆیی سڕدا دەخولایەوە. و لەسەرەتای ئەم سەدەیە بەدواوە هەندێک توخمی نوێ لەو کۆمەڵە سڕە نزیک بوەوە، کە یەکەمیان دەست تێوەردانی ڕژێمی عوسمانی بوو لەکاروباری میرە کوردەکان.

بابی عالی لە ئەوروپا ڕوو لەنشوستی بوو. دەسەڵات هێشتنەوەیش بەسەر ئەوێدا پێویستی بە هێزی سپایی تر و خەرجی پتربوو کە ئەو لەباریدا نەمابوو، بۆیە ڕووی کردە کوردستان کە بە تاکە یەدەگی نا ماندووی دەزانی، و لێرەدا مافی میرە کوردەکانی پێشێل دەکات.

هەر لەساڵی١٨٣٥وە بیانیان بەبۆنەی کۆڕی ئاینی، باڵوێزخانە و خوێندگەوە جێپێی خۆیان کردەوە، و بەدرێژایی ئەوسەدەیە کوردستان بوو بە گۆڕەپانی جەنگی نێوان تورک و ڕوسی ساڵانی (١٨٢٨ـ ١٨٣٠ و ١٨٧٧ـ ١٨٧٨) و هەروەها جەنگەکانی تورک و فارس. تاڵان و چەپاوڵی سەربازانی داگیرکەرە لەناو کورداندا بوە هۆی پەیدابوونی نەفرەت و دژایەتی عوسمانی.

ڕووداوەکانی دوایی: کردنەوەی دەروازە بۆسەر جیهانی دەرەوە، و سەرکەوتنی محەمەد عەلی پاشا لەمیسر و هتد ... کاری کردە سەر ئەو میرە کوردانەی تەخت ودەسەڵاتیان کەوتە بەر مەترسی. لە پێناو پاراستنی تایبەتمەندی کلاسیکی وەک سەرپێچی لە باج و سەرباز نەدان

---

7 ـ هەروەک لەباشوری کوردستان پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، کاتێک لەسەر ئاودیوکردنی "دەزگا و کەرەستەی لە میری جێماو" و فرۆشتنی لە ئێران و تورکیا، تاوێکیش لەسەر ناوچەی دەسەڵات و باجی گومرگ و هتد ...، لەنێوان دوو (گوایە) پارتی خاوەن ئایدیۆلۆجی و بیری نەتەوەیی نوێدا ڕوودەدا. وا بۆ حەوت ساڵ دەچێت، بەناوبژی زلهێزە (لەڕابوردوودا) دابەشکەرانی کوردستان و ڕژێمە داگیکەرەکانیش ئاشت ناکرێنەوە، هیچ پشوویەکی ئاشتیان مانگ ناخایێنێت، وا زیانی گیانییان لەوانەی جەنگی دژ بە ڕژێمە یەکلەدوای یەکەکانی عیراق تێپەڕی. « و»

بەبابی عالی نزیکەی پەنجا شۆڕش هەڵگیرسا، لێرەدا تەنها باسی هەندێک لەگرینگەکانیان دەکەین.

دەبێ بنەماکانی ئەو ڕاپەڕینانە چی بووبن؟ لەپێش گشت پێویستە بۆ ئەوەبچین کە لەپێناو کوردستانێکی سەربەخۆدابوون. بەڵام هەرچی سەرکردەی فیودال بوو هەرخولیای پاراستنی پلە و پایە و فراوانکردنی ناوچەی دەسەلاتی خۆ بوون. بێگومان پێویستە لێرەدا هەندێک لە بزوتنەوە جوتیاری و چینە دڵگەرمەکانی گەل و هەروەها هەندێک[8] میرنشینی سەربەخۆ لەو دەستەیە جوداکەینەوە. زەقترین نیشانەی فیودالی کورد میرنشینەکانی بابان، سۆران، هەکاری، بادینان (ئامێدی) و بۆتان بوون و سەرچاوەی سەرەکی بوون بۆ ڕاپەڕین[(٨)]. کەم ئازموونی ڕامیاری و نەبوونی نەخشەی یەک بەرەیی و ستراتیجی لەشکر، نەبوونی کۆمەکی دەرەکی، و لەگشت ئەوانە گرنگتر خۆبەستنەوە بە بیری خێڵەکی، بەگشتی بوونەتە هۆی سەرەکی ناکۆکی ناوخۆ و لەیەکتر بوون بە جاش. هەرچەندە مەترسی لەسەر گشتلایەکیان وەکیەکبوو، ئەوجایش هەر سەرانی کورد تاکتاکە و نابەدڵ لەڕووی ئەو مەترسییانە دەوەستان کەسوڵتان دەیویست بەو لەیەک بەردانەیان پتر خۆیان بەسەردا بسەپێنێت.

## شۆڕشی بابان

یەکەمین شۆڕشی گرنگی سەدەی نۆزدە لە ساڵی ١٨٠٦ یە بەرابەری ئەورەحمان پاشای میری بابان، کاتێک سلێمان پاشای مەزن لە سەدەی شانزەدا دەسەلاتی بەسەر خوارووی کوردستان (بەشی عێراقی ئەمرۆ)دا گرت بڕیاری دامەزراندنی ئەو میرنشینەی دا، لەسەدەی حەڤدەدا زۆری پەرەسەند و لەنیوەی دووهەمی سەدەی هەژدەدا ڕۆڵێکی ڕامیاری گرنگی لەو بەشەی جیهان بینی. بابانەکان هۆزێکی پڕئاوات و جەنگاوەر بوون و ناوچەی خۆیان لەسەر ئەستۆی ئیمپراتۆری عوسمانی و فارس فراوانکرد. سەرەڕای جەنگاوەری حەز بە ژیار بوون. لەگەڵ کردنەوەی خوێندگەی نوێ و مەڵبەندی زانستی زۆردا، بناغەی شاری سلێمانی (پایتەختی کوردستانی عێراق)یان دانا وکردیان بەپایتەخت و نیشانەی سەرکەوتن. پاش مردنی برایم پاشای بەبە کە بناغەنەری شاری سلێمانییە، سەرانی عوسمانی لەترسی بەهێزبوونی ئەوان خالید پاشای نەوەی هۆزێکی دژی خستە جێ. ئەورەحمان پاشای برازای برایم پاشا ئەوەی بە نارەوا و نیشانەی نشوستی خۆی زانی، سەردارە تورکەکەی سەنجەقی کۆیەی بە خەنجەر کوشت و زاڵبوو بەسەر لەشکری خالید پاشادا. ئەوجا پاش سێ ساڵ بەرەنگاری لەشکری عوسمانی هۆزە کوردەکانی دژ بە بابانەکان بوون بە جاش، و سەرئەنجام لە کۆتایی ساڵی ١٨٠٨دا ئەورەحمان پاشا هەڵهات بۆ ئێران.

---

F-8 ـ هەندێک شۆڕشی خودجۆشی جوتیاری میرنشینە سەربەخۆکان.

هەمانکات عوسمانییەکان بە پەلپی بەرگرتن لەپلان و دەستدرێژی ڕوس لەشکریان بە باشووری کوردستاندا بلاوکردەوە. لەسەرەتای ساڵی١٨١٥وە تالانی و ڕاوڕووتی هێزە داگیرکەرەکان بوونەهۆی چەند ڕاپەڕینێک لە ناوچەکانی ئەرزڕوم و وان کە دانیشتووان بەزۆری دەیانویست ژیان و گوزەرانی خۆیان بپارێزن، لەو شۆڕشەدا کوردی ئێران و ئەرمەنیش بەشداربوون. هەروەک کە ساڵانی ١٨٢٨ ـ ١٨٢٩ جەنگ لە نێوان تورک و ڕووسەکاندا هەڵیدایەوە دووبارە سەرگەردانی و ماڵوێرانی پاڵی بەوگەلەوە نایەوە بۆ ڕاپەڕین، بەڵام چونکە ڕاپەڕینەکانیان ساویلکانە و بێ ئامانج دەستپێدەکرد، هەرزوو دەشکان.

میر محەمەد و دەسەڵاتی بەسەر کوردستاندا

چەقی قورسایی شۆڕشە کوردییەکان هەمیشە لەزنجیرە شاخەکانی خوارووی کوردستان بووە. پاش بابانەکان ناوی میر محەمەد دەرکەوت کە میری ناوچەی سۆران بوو، هەر لە زێی گەورەوە تا مەرزەکانی سنووری ئێران. دەیویست بۆ سەربەخۆکردنی کوردستان کەڵک لەئاژاوە ناوخۆییەکانی ئیمپراتۆری عوسمانی وەرگرێت. وەک نەوەیەکی سەلاحەدینی مەزن خەونی بەوەوە دەدی کە کوردستانی ئازاد و یەکگرتوو بکات بەمایەی شانازی بۆ بنەچەکەی. هەلی بۆ ڕەخسا چونکە لەشکری عوسمانی وەک لەجەنگە درێژ خایانەکەی ڕوسدا ماندووبوو دەبوو لەلایەکی ترەوە خۆیان لەبەرەنگاری ئاژاوەی ناوخۆ و جەنگی محەمەد عەلی جێگری شای میسردا ببیننەوە.

میر محەمەد چاوی لە تاقیکردنەوەکانی محەمەد عەلی کرد و لەرەواندزی پایتەختدا چەند کارگەیەکی تەقەمەنی، تفەنگ، فیشەک و تەنانەت تۆپیشی کردەوە. بەوجۆرە بوونە خاوەنی پتر لە دووسەد تۆپ کە تائێستا هەندێک نمونەیان لەرەواندز و مۆزەخانەی بەغدا ماون. هەمانکات میر لەشکرێکی چەکداری پێکەوەنا کە هەر بە تەواوبوونی مەشق کەوتە ئازادکردنی بەشەکانی کوردستان. تا کۆتایی مانگی ئاپاری ١٨٣٣ توانی بەلەشکرێکی دەهەزار سوارە و بیست هەزار پیادەی گورجوگۆڵ و مەشق چاکەوە دەست بەسەر گشت خوارووی کوردستان(سۆران و بادینان و موسڵ)دا بگرێت تا دەگاتە مەرزەکانی سنوری میری بۆتان. لەوێ بەدرخان بەگی سەرکردەی زۆر بەهێزبوو. میر محەمەد نەیویست بەجەنگ ئەو ناوچەیە بخاتە ژێر دەسەڵات خۆی، بەڵکو دەیویست گشت سەرکردە کوردەکان یەک بگرن و دژ بەدەست تێوەردانی عوسمانی لە کاروباری ناوخۆیی ئەواندا بوەستن. هەر لەبەر ئەوەی نەبێت بە ئاژاوەی ناوخۆیی، لەمیری بۆتانی ویست لە دژایەتی بەبابی عالیدا بێتە هاوپەیمانی، بەڵام چونکە ئەویش هەمان ئاواتی ئەوەی بوو ببێت بە شای گشت کوردستان[٩]، ئەوجۆرە هاوپەیمانییەی بەسەرکەوتنی میری سۆران دەزانی، ناقایل بوو، بەڵام برایەکی خۆی وەک نیشانەی هاوپەیمانی وەک نمایندە نارد بۆلای میری ڕەواندز. هەروەها میر چەند نوێنەرێکی نارد بۆلای کوردانی ئێران تا کۆمەکی بکەن.

بابی عالی لەو چالاکییانەی میر محەممەد دەستەوەستان نەبوو. سوڵتان فەرمانی بە لەشکری سیواس دا بەسەرکردایەتی ڕەشید پاشا، و پاش ئەویش بە هێزەکانی والی موسڵ و والی بەغدا یەک بگرن بۆ لەناوبردنی میر. جەنگی نێوان کورد و تورک بەدرێژایی هاوینی ساڵی ١٨٠٤ دژواربوو. " فۆن مولتکە(١٠)، کە کاپتنێکی لاو بوو لەوکاتەدا وەک فرماندە لەگەڵ هێزەکانی عوسمانیدا بوو، نوسیویەتی دەڵێت: جەنگ یەکجار دژواربوو، بەرگری کوردەکان دلێرانەبوو، دەبوو سەربازی عوسمانی بۆ گرتنی یەک تەپۆلکە سێ تاچل ڕۆژ بجەنگن". بە درێژایی ئەو جەنگە پێشمەرگەکانی بەرگری میللی پاڵپشت بوون بۆ لەشکری میر تا هێزە ماندوەکانی عوسمانیان بەزان و پاشەکشەیان پێ کردن.

میر سوودی لەو بێدەنگیە وەرگرت و ڕوویکردە ئازادکردنی کوردستانی ئێران. لە مانگی ئوکتۆبەری ١٨٣٥ بەدواوە لەگشت لایەکەوە هێرشی برد و نەوەستا تا گەیشتە بەر مەرزەکانی ئازەربایجانی باشور. دانیشتووان لەگشت لایەک وەک ڕزگارکەر پێشوازییان لەو لەشکرەی کورد دەکرد(١١). کەپاش چەند تێهەڵچوونێک بۆ هێزەکانی فارس دەرکەوت ناتوانن بەر لە هێرشی کوردان بگرن هانایان بۆ ڕووسی" پارێزگار" یان برد.

سەرەتای هاوینی ١٨٣٦ دەنگی مەترسی هێرش عوسمانییەکانی لەناوچە دراوسێکانەوە بۆ سەر ڕەواندز بەرگوێ کەوت. کەمیر زانی لەهەمان یەک کاتدا بەرگری لەهێزەکانی فارس و عوسمانی پێناکرێت، و بەتایبەتی ترسی لەوەی پاش زۆرتر بوو گەڕایەوە بۆ ڕەواندز و دەیویست سوود لەناکۆکی نێوان عوسمانی و فارس وەرگرێت، پلانی بۆ ئەوە کێشا کە نوێنەری خۆی بنێرێت بۆ لای شای ئێران و تێیبگەیێنێت، ئەگەر بێتو لەجەنگی دژ بە بابی عالیدا لایەنی بگرن ئەو ئێران بە سەرپەرشتکاری خۆی پەسەند دەکات و باجی ساڵانەیشیان دەداتێ. بەڵام دەرباری شای ئێران هەندە گێل نەبوون، نەیاری ئیمپراتۆری عوسمانیان زۆر لە "مەترسی کورد" بە بێزیانتر دەزانی، ئەو پێشنیارەیان پەسەندنەکرد.

کۆتایی مانگی یولیۆی ١٨٣٦ دیسان جەنگ لە نێوان کورد و عوسمانیدا هەڵگیرسایەوە. پێشتر میر محەممەد سەنگەرەکانی دەرەوەی پایتەختی بەهێزکرد، ئەوجا بەسەرکردایەتی ئەحمەد بەگی برای لەشکرێکی کوردی چلهەزار جەنگاوەری نارده بەرنگاری هێزی تورک و دلێرانە ناچاری کشانەوەیان کردن، ئەوجا سەرانی عوسمانی کەوتنە فێڵ و تەڵەکە و بەناو خێڵە کوردەکاندا بانگەوازی "ئاشتی نێوان برایانی ئاینی"یان هەڵدا.

مەلا و پیاوە ئاینییەکانی نزیک بە میر و هەمانکات لەناو کۆمەڵدا دەنگ ڕۆیشتوو کەوتنە داوی ئەو بانگەوازە، یەکێک لەوانە مەلایەکبوو بەناوی خاطی[9] " کە نووسەرانی کورد بە جاشی

F 9 ـ خاطی: بەبۆچوونی وێژەری بەناوبانگی کورد، ماموستا هەژار " خەتی" ڕاستە، چونکە خەت گوندێکە لەنزیک شاری ڕەواندز.

ناودەبەن" فەتوایەکی دا کە خاوەنبیرانی ئاینی بە ئاسایی دەزانن، گوتی؛ ئەوی لەڕووی لەشکری خەلیفە بجەنگێت مولحیدە «واتە لەئاین وەرگەڕاوە » . هەرچەندە میر زۆر بەئاین بوو بەڵام هەند گێل نەبوو باوەڕ بە فەتوای مەلای خەتێ بکات و ئامادە نەبوو وتووێژ لەگەڵ پاشای عوسمانی بکات. بەڵام نەیشیوێرا هیچ لەپیاوە ئاینیەکان بکات چونکە لەوانەبوو دڵی هاووڵاتیانی پێ برەنجێت.

سەرئەنجام کە ڕوانی کەسی لەدوا نەماوە ناچار چۆکی دادا و بە خاوخێزانەوە ڕەوانەی ئیستەنبوڵ کران. لەوێ سوڵتان محەمەدی دووهەم پیرۆزبایی هەڵوێستی دلێرانەیی لێکرد، و خەڵاتی دایە و لەبارەی برایەتی و یەکێتی برایانی ئاینیەوە هەندێکی ئامۆژگاری کرد؛ و لەهەمان ئەوکاتەدا لەشکری سوڵتان پاش خوێنڕێژی و تالانکردن گرپان لە شار و گوندەکانی کوردستان بەردەدا.

پاش شەش مانگ ئاوارەیی لە ئیستەنبوڵ، سوڵتان ڕێگەیدا میر بگەڕێتەوە بۆ کوردستان، و لەڕێی گەڕانەوەیدا ساڵی ١٨٣٧ پیاوەکانی سوڵتان لە تەرابزون چوونە سەر ڕێی و کوشتیان.

لەهەمان ئەوکاتەیدا میر محەمەدی پاڵەوانی مێژوویی مالاوایی لەجیهان دەکات، ئاگری شۆڕش و بەرگری لەکوردستان هەر بڵێسەی بوو؛ لەباشووردا ـ ئەرزنجان، بایەزید و ئەرزرووم. لە ناوەند ـ شاری بەتلیس و گوندەکانی نزیکی، پاش تالانکردن بەتۆپخانەی عوسمانی وێران دەکران. تەیمور بەگ و ڕەجەب بەگی سەرکردەیان بەدیل گیران و لەسێدارە دران، ئەوجا شۆڕشی بێ سەرکردە لەخۆوە خامۆش بوو. بەڵام بەدرێژایی ساڵی ١٨٣٧ لەڕۆژئاوادا[10] هۆزە کوردەکانی ڕیشوکوتان و بەکرانی پاسور(ئێستا پێی دەگوترێت گولیی دیاربەکر) لەجەنگێکی دژواردا بەرەنگاری هێزەکانی عوسمانی بوون. کوورەی جەنگ بەرەبەرە بەرەو باشوور دەچوو. عوسمانیەکان پێش هێرشی سەر بۆتان کەوتنە پاکسازی و هێمن کردنەوەی ناوچەکانی خوارووی کوردستان کە ئەمجارە بە ڕابەری ئەحمەد بەگی ڕەواندز، برای میر محەمەد وسەعید بەگی بادینان (ئامێدی) شۆڕش سەری هەڵدابووەوە.

### ڕاپەڕینی بەدرخان بەگ

ساڵی ١٨٠٢ لە جزیرەی پایتەختی بۆتاندا بەدرخان بەگ لەبەهێزتری بنەماڵەی فیوداڵی کوردی ئەو هەرێمە لەدایک بوو، هەر لەکۆنەوە ئەوان لەسەرانی هۆزی بوختی بوون، ئازاترین هۆزی هەرێم و حەز بەچەک و ئەسپی چاک[١٢]"بوون. لە سەدەی چواردەهەمەوە ببونە سەرکردەی ئەو میرنشینە( ئەگەرچی جارجارە هەندێک ڕووداوی وەک هێرشی تەیمورلەنگ و تورکەکانی ئاققۆینلوو دەسەڵاتی لەدەست دەرکردوون) لەجەزیرەدا خاوەن کۆشک و تەلاری پوختە

---

10 ـ F ـ لەڕۆژهەلات. دیارە مەبەست ڕۆژهەلاتی کوردستانی عوسمانیە.

ودەرکەوتووبوون. بەدرخان سالی ١٨٢١ پاش باوکی دەسەڵات دەگرێتەدەست، و لەشکرێکی بەهێز و خاوەن دیسپلینی لەهۆز و خێڵەکانی هەرێم پێکەوە دەنێت و پەیوەندی لەگەڵ نوراللە بەگی میری هەکاری و مەحمود خانی ناوچەی موکوس (کوردستانی ناوەند) بەهێز دەکات. هەردەم چاوەڕوانی هەل بووە.

هەلی ئەو شکستەی قۆستەوە کە عوسمانییەکانی[١٣] لەنیزیب[11] تووشیبوون و هەر زۆرزوو کەوتە کار و کۆشش تا لەکۆتایی سالی ١٨٤٠دا دەستی گرت بەسەر گشت کوردستانی عوسمانیدا. لەگەڵ بەگەکانی قارس ( هەرە باشوری کوردستان) و میری ئەردەڵان ( کوردستانی ئێران )دا یەکیان گرت. "سەفراستیان"ی ئەرمەنی دەگێڕێتەوە کە ناوبانگی ڕەوشی دادپەروەری بەدرخان بەگ هەر لەناو کوردانیدا نەبووە بەڵکو ئەرمەنی، ئاسوری، کلدان و تیرە و نەتەوەکانی تریشی گرتبووەوە، دیانەکان زۆریان سوود لە سەربەستی ئاینی ئەو سەردەمە وەرگرتبوو، تەنانەت لەناو جزیرەدا کەنیشت و پەرستگای تایبەتی خۆیان بووە، و هیچکات خۆیان لە کورد جودا نەکردووەتەوە ". گەڕیدەیەکی ڕوسی پتر لەو هەلوێستانە زۆر بە سۆزەوە باسی ڕێکوپێکی و ئاسودەیی ناوچەی دەسەڵاتی بەدرخان بەگ دەکات و دەڵێت کە؛ جیاوازی ئەوان لەگەڵ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دوو ئیمبراتۆریەتی فارس و عوسمانی زۆر زەق دیاربووە[١٤].

دادپەروەری بەدرخان بەگ بناغەیەکی کۆمەڵایەتی ئەوتۆ بتەوی ڕەخساندووە بووتە هۆی نەهێشتنی ناکۆکی و گێروگرفتی ناوخۆ. بەلام ئەو دادپەروەرییە هەندە کاریگەر نەبوو بۆ لەناوبردنی جەنگ و ناکۆکییەکانی ناو کۆمەڵی فیودالی، بەڵکو لەوپەڕی تەنگانە و جەنگی دژ بەهێزەکانی عوسمانیدا "کە عوسمان پاشای لەنگ سەرکردەی بوو" ناکۆکی و دوژمنایەتییان کەوتەوە ناو. جەنگ تاکو هاوینی سالی ١٨٤٧ی خایان. هەمانکات نماینەدەکانی ئینگلیز و ئەمەریکا بەفیتی سولتان کەوتنە هاندانی خێڵە فەلەکانی کوردستان دژ بە بەدرخان بەگی سەرکردەی کورد و بۆیان چوەسەر، چونکە فەلەکان لەگەرمەی جەنگدا سەربازی خۆیان کێشایەوە و لەباج دانیش بە بەردخان بەگ یاخیبوون[١٥].

جەنگ پێینایە سالی سێیەم و لەئاسۆدا هیچ ڕێگەچارەیەکی لەشکری بەدی نەدەکرا. ئەو برسێتی، ماندووبوون، دەرد و نەخۆشییەی کەوتە ناویان لەسوودی عوسمانیبان دەگەڕا، چونکە ئەوان گشت یارمەتییەکیان تایبەتکارانە پێدەگەیشت و لەلایەکی تریشەوە دەرگای فێلوتەڵەکە و گێرەشێوێنییان هەر لەسەرپشتبووە. ئەوەبو لەکۆتایی هاوینی ١٨٤٧دا لەنگ توانیویەتی یەزدانشێری برازای بەدرخان (فەرماندەی باڵی ڕۆژهەلاتی هێزەکەی کورد) لەوان هەڵگێڕێتەوە، ئەوجا ڕێگەی چوونە ناو جەزیرە بۆ لەنگ خۆشبووە[١٦]. پاش هەڵگەڕانەوەی برزا کە نزیکەی

---

11 ـ F ـ ( Nizip یان NIzib ) ، شارێکە سەر بەئوستانی گازی ئەنتاب، ئەو جەنگە لە ٢٤ی جونی ١٨٣٩دا بوو ....

نیوەی لەشکرەکەی لەگەڵدا دەبێت بەدرخان ناچاردەکات پایتەخت بەجێبهێڵێت و ڕوو بکاتە قەڵای ئێرووخ کە لەوێ بەرگری ئاسانتربووە. تا لەتوانایدابووە بەرگری کردووە و سەرئەنجام ناچارا خۆی بەدەستەوەداوە. لەگەڵ گشت خزم وخێشی ئاوارەی ڤارنا«لە بولگارستان »کراون و لەوێوە هەڵیانداون بۆ کاندیا( لە دورگەی گریت) و لەوێیشەوە گوێزرانەوە بۆ شام و ساڵی ١٨٦٨ لەوێ گیانی دەسپێرێت.

سەرکردایەتی عوسمانی یەزدانشێریان کرد بەپارێزگاری هەکاری. بابی عالی لە ساڵی ١٨٤٩دا "شەریف بەگ"ی میری بەدلیسی دوورخستەوە بۆ ئیستەنبوڵ و والیەکی عوسمانی خستە شوێن. بەوجۆرە عوسمانییەکان گشت میرنشینە سەربەخۆکانی کوردیان گێڕایەوە ژێر ڕکێفی خۆیان. ئەو جەنگە داگیرکەرانەیەی عوسمانی نزیکەی چل ساڵی خایاند.

پاش لەناوچوونی میرنشینەکانیش هەر کۆشش لەپێناو سەربەخۆیی کوردستان مابوو. لە پاش چەند ساڵێک بزوتنەوە بەرابەری هەمان ئەو یەزدانشێرەی بەهۆی هەندێک ناکۆکی و بەرژەوەندی تایبەتەوە لەمامی هەڵگەڕایەوە، سەریهەڵدایەوە.

لەترسی ئەو ناوبانگەی لەناو کوردەکاندا پەیدایکرد، بابی عالی لە ساڵی ١٨٥٠وە دەسەڵاتی پارێزگارێتی هەکاری لێ کێشایەوە. کە لە ساڵی ١٨٥٣دا ئیمبراتۆرییەت دووچاری جەنگی ڕوس بووەوە، سولتان بانگەوازی "جیهاد"ی بەناو موسوڵماناندا هەڵدا بەڵام بەشێکی زۆر لەگەڵی کورد نەچوون بەدەنگ ئەو جەنگە پیرۆزەی سوڵتانەوە، و وەکتریش سیخوڕەکانی قەیسەری ڕوس نەیانتوانی بە بەرتیل و خەرجی زۆر دەمیان چەورکەن و بیانکەن بەلایەنگیری هێزی خۆیان.

## یەزدانشێر

یەزدانشێر دەیویست جەنگی ڕوس و تورک بکاتە هەل و بێزاری هاووڵاتییانی بکات بە پەیژە بۆ گەیشتن بەئاواتی سەربەخۆیی کوردستان و خۆی ببێت بە شا. ساڵی١٨٥٥ توانی بەهێزێکی دووهەزار جەنگاوەرییەوە شاری بەتلیس بگرێت و والیە تورکەکەی لێدەربەرێنێت و یەکێکی کوردی لەشوێن دانێت. پاشان بەرەو موسڵ دەکەوێتە ڕێ و بێ ئەرکی زۆر داگیری دەکات. هەروەک بەدەسکەوتی چەک و تەقەمەنی زۆر لەو مەڵبەندە عوسمانییە گرنگە توانی لەشکرێکی سی هەزار جەنگاوەری پێکەوەنێت. بەو لەشکرە بڕیاری گرتنی سیرەت دەدا کە لەکوردستاندا ناوەندی مەڵبەند و بنکەی بەهێزی بەشێک لە لەشکرەکەی ئیمبراتۆری عوسمانی بوو، هەروەک هێزەکانی بەغدایش بۆکۆمەک لەوێ دەبن هەر زۆر زوو ئازادی دەکا. بەماوەی چەند مانگێک ناوچەیەکی فراوانی نێوان بەغدا و گۆمی وان دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی یەزدانشێر، و ئەو سەرکەوتنانە ئاوات و شادی لە دڵی دانیشتواندا زیندوو دەکاتەوە. لەهەرچلایەک ئەوەی دەستی چەکی بگرتبا دەهاتە ناو ڕیزی هێزەکەی یەزدانشێر تا لە ساڵی ١٨٥٥دا ژمارەیان گەیشتە

سەدهەزار[١٧].

ڕوس بەرلە زستان لەشکر دەگێڕێتەوە بۆ بنکە زستانییەکانی، بەوکارە پشوو بۆ بابی عالی دەڕەخسێت کە تێیدا بتوانێت ڕووی لەشکرەکەی بەرەو بزوتنەوە چەکداریەکەی کوردستان وەرگێڕێت. بەریتانیا و فەرەنسا لەوجەنگەدا دەبن بە لایەنگیری ئیمبراتۆری عوسمانی، چونکە بەباشیان نەزانیوە کوردستان سەربەخۆبێت، نبا ببینە لایەنگری ڕوس.

لەکۆتایی ساڵی١٨٥٥دا نەمرود ڕەسسام کە یەکێکبوو لە مژدەبەرانی بەریتانی لەموسڵەوە بە پارە و دیاری زۆرەوە ڕوودەکاتە سەرکردایەتی گشتی بزوتنەوە و دەیەوێت وەک ناوبژیکەر پەسەندیکەن. هەرجارەی بە تەنها سەری لە یەکێک لە سەرەک خێڵە کوردەکان دەدا و دەیویست بە بەرتیل بیانهێنێتە سەر ئەوە بارەی یەزدانشێری بۆ قایلکەن تا کێشەی سەربەخۆیی کوردستان لەگەڵ تورکدا بە وتوویژ چارەسەرکات و ئینگلیزیش دەبێتە ناوبژیکەر.

بەرتیلی بەریتانی کاردەکاتە سەر هەندێک سەرۆک خێڵ و دەست لە بزووتنەوە دەکێشنەوە. لەولایشەوە یەزدانشێری شۆڕەسوار و دلێر، بەڵام فری بەسەر دیپلۆماسییەتەوە نەبوو، زۆرزوو باوەڕی بە ڕەسسام و پیاوەتی "بەریتانیای خاوەن ژیار" دەکات. هەروەها بێهودە چاوەڕوانی وەڵامی ئەو نامەیە دەبێت کە ناردبووی بۆ سەرانی ڕوس[١٨] تا کۆمەکی بکەن، چونکە ڕووداوەکانی میسر و یۆنان خستبوونیە سەر ئەو باوەڕەی سەربەخۆیی وڵات بێ کۆمەکی یەکێک لەزلهێزەکانی ڕۆژئاوا درووست نابێت.

یەزدانشێر لەگەڵ ڕەسسامی مژدەدەر چوون بۆ ئیستەنبوول تا لەژێر چاودێری ئینگلیزدا وتوویژ لەگەڵ نماینەدەکانی بابی عالی بکەن، بەڵام هەر بەگەیشتنە پایتەختی عوسمانی دەیگرن و لە زیندانی گیردەکەن. لەشکرەکەیشی تا ماوەیەک بەو کێرانەوە دەستخەرۆ دەبن تا سەرئەنجام بڵاوەیان لێدەکەن.

## بزوتنەوەی ( شێخ عوبێدوڵلا ) ساڵی١٨٨٠

دوا بزوتنەوەی گرنگی کورد لەسەدەی نۆزدەهەمدا ئەوەی ساڵی١٨٨٠ بوو بە ڕابەری شێخ عوبێدوڵلا کە کوردەکانی عوسمانی و کوردەکانی ئێران بەسەریەکەوە ڕاپەڕین. شێخ عوبێدوڵلا کوڕی ئەو "شێخ تەها"یەیە کە خالفین بە (مەزنترین ڕابەری ئاینی کوردان)ی ناودەبات. عوبێدوڵلا پاش مردنی باوکی بوو بە خاوەن گشت سامان و تەنانەت ڕەوشی نەقشبەندیش کە بووە هۆی بتەوکردنی ناوبانگ و پلەوپایەی، و ئەویش بە نۆرەی خۆی بوو بە " ڕابەری ئاینی لە کوردستان".

لەسێپتەمبەری ١٨٧٩ دا[12] ڕژێمی ئێران دەیویست کوردانی خوی و ورمێ باجی بدەنێ.

---

12 ـ F و E ـ ... دیسەمبەری ١٨٧٢ ....

کوردەکان بەئاشکرا بەرپەرچی ئەوەیان دایەوە و گوتیان باجی ئەوان تەنها بۆ شێخە کە ساڵی ١٨٣٦ شای قاجاری ئەو مافەی داوە بەباوکی. ڕژێمی ئێران لەسزای باج نەدان لەشکری ناردەنەسەر. شێخ ئەوەی بە دەستدرێژی زانی بۆ سەر مافی ئەو و ویستی بابی عالی بۆی تێکۆشێت و بارمتەکەیانی بۆ لە فارس وەربگرێتەوە. عوسمانییەکان والی ئەرزڕومیان نارد بۆ تاران تا خواستی شێخ بەجێهێنێت، بەڵام کۆششەکەی بێهودە بوو چونکە شا گوێنەدایە خواستی شێخ.

ئەو ڕووداوانە بێتوانایی شێخی نواند. ئەوجا بۆئەوەی عوسمانیەکان بکات بە پاڵپشتی خۆی لەجەنگی دژ بە فارسدا، شێخ سووکە هێزێکی نارد بۆ یارمەتی ئەوان لەجەنگی ڕوس و تورکییەکەی ساڵانی ١٨٧٧ و ١٨٧٨ی مەرزەکانی باکووری کوردستان.

جەنگ ماڵوێرانی و برسێتییەکی ئەوتۆی لەکوردستاندا بەرپاکرد بەدرێژایی چەند سەدە بوو کورد ئەوجۆرە نەبوونییەی بەخۆوە نەدیبوو. سەرباز و کاربەدەستی عوسمانی کە بابی عالی نەیتوانیبوو خەرج و مووچەیان بداتێ، کەوتبوونە گیان میللەت و خۆراک و مووچەیان داگیر دەکردن. لەگشت لایەکەوە دەستدرایە چەک. کە دەرسیم، ماردین، هەکاری و بادینان و هتد... کەوتنە ژێر باری نەبوونی و ناهەمواری پەیڕەویانی شێخ هانایان بۆ ئەو هێنا کە نەتەنها ڕابەری ئاینییان بێت بەڵکوو دەبێت لەوبارەیان ڕزگاركات. شێخ نوێنەری خۆی نارد بۆ ئیستەنبوڵ تا سنوورێک بۆ ئەو ناڕەواییانە دابنێن و زیانەکانیان بۆ ببژێرن، لەولایشەوە خۆی بۆجەنگ ئامادە دەکرد و لە هەردوودیوی سنور جەنگاوەری کۆدەکردەوە.

بۆ دۆست و هاوکار پەیداکردن نوێنەری خۆی نارد بۆلای شەریفی مەککە و خدێوی میسر و هەروەها بۆ لای کونسولەکانی ڕوس لە وان و ئەرزڕوم تا هەستی دەوڵەتی قەیسەر بزانێت بەرانبەر بەکێشەی کورد. بەڵام ڕوسیا کەتازە لەژێر باری جەنگی ئیمپراتۆری عوسمانی دەرچووبوو، و لەلایەکی ترەوە گرفتاری خاپوور کردنی بزوتنەوەی تورکمانەکان بوو. ساڵی ١٨٧٩ یاریدەری کونسولی ئینگلیزی لە وان چوو بۆ دیداری شێخ عوبێدوڵڵا(١٩)، و پاش ئەو سەردانە بەناوی یارمەتی ئەو ناوچانەوە کە برسێتی تێدا بڵاوبووبوەوە چەک و تەقەمەنی ئینگلیز گەیشت بە هێزەکانی شێخ، و وایان دەربڕی کە عوسمانی لەوە بێئاگان، بەڵام لەڕاستیدا کاربەدەستان چاکیان ئاگا لەوەبوو دەیانویست شێخ عوبێدوڵڵا بکەن بەگژ فارسدا.

سەرەتای مانگی ئوگوستی ١٨٨٠ دووسەد و بیست سەرۆک و پێشەوای ئاینی کورد بە سەرۆکایەتی شێخ عوبێدوڵڵا لەشاری شەمدینان کۆبوونەوە تا نەخشە بۆ بزوتنەوە دابنێن(٢٠). پاش بیرکردنەوەی زۆر بەوەگەیشتن[13] کە لەهەمان یەککاتدا بەرنگاربووی هەردوک لەشکری عوسمانی و ئێران جێی مەترسییە بۆیە بڕیاردرا سەرەتا لە هێزەکانی ئێرانی بدەن.

---

F - 13 ـ شێخ زۆرزوو ئەو بیری لەهەمان یەک کاتدا لێدانەی ...... .

ئۆکتۆبەری ۱۸۸۰ دەستیان بەهێرش کرد. زۆرزوو ژمارەی جەنگاوەرانی کورد گەیشتە هەشتا هەزار، و دەستبەجێ ساباڵغ (مەهاباد)، میاندواو و مەراغەیان ئازادکرد، و لەتەبرێزی پایتەختی ئازرباییجان نزیک بوونەوە. بەڵام چونکە دیسپلین لەریزی جەنگاوەراندا نەبوو، بە سەرکەوتن بایی بوون و لەبەر ڕاوڕووت گرتنی تەوریزیان لەدەسچوو، خۆ ئەگەر بهاتبا و ئەو شوێنە ستراتیجییەیان بگرتبا ئەوا زۆری کاردەکردە سەر ئەنجامی جەنگ. شا ترسی لێنیشت و زۆر پەرۆش لە بابی عالی خواست سنورێک بۆ کردەوەکانی شێخ دابنێت. لەولایشەوە ناوبانگ و سەرکەوتنەکانی شێخ عوبێدوڵلا و ئارەزوی پێکەوەنانی دەوڵەتی کوردستان، زۆر چاک ئەو تورکانەی هەراسانکردبوو کە تاوەکوو ئەو ڕۆژەیش وایان دەزانی شێخ بەگوێرەی دڵی ئەوان بەرۆکی فارس دەگرێت. کەوتنە کۆکردنەوەی هێز لە کوردستان و هێزەکانی کوردیان گەمارۆدا. کە شێخ ڕوانی هێزەکانی کەوتونەتە نێوان دوولاقە و تەڵەی هەردوو هێزی عوسمانی و شا و هەروەها خێڵە کوردەکانی نەیار بە شێخ. شێخ فەرمانی بۆ سەرکردەکانی لەشکرەکەی دەرکرد لەناو ئێران بکشێنەوە.

بابی عالی هیچ توندی بەرانبەر بەخودی شێخ عوبێدوڵلا و دەستوپێوەنی بەکار نەهێنا، چونکە دەیانزانی جارێکیتر بۆلێدانی ئێران پێویستیان پێدەبێت. سوڵتان عەبدولحەمیدی دوو لێیان کەوتە فێڵ و تەڵەکە و سۆزی باوکانەیی خۆی نیشاندا، کەوتە دیاری ناردن بۆ سەرانی کورد و خواستی شێخ سەردانی بکات.

بەگەیشتنی شێخ عوبێدوڵلا بۆ پایتەختی عوسمانی جەنگی دیپلۆماسی توند لە نێوان دوو ئیمپراتۆرییەتی ئێران و عوسمانیدا هەڵگیرسا. باڵوێزی عوسمانی لەتاران دەیویست ئێران زیانەکانی هێرشی سالانی ۱۸۷۰و ۱۸۷٦ و۱۸۸۱ بۆ شێخ ببژێرن. ئێرانیش بەڕێنمایی ڕوس دەیویست ئەوان زیانی هێرشەکەی شێخ عوبێدوڵلا بۆ سەر هەرێمی ئازربایجان ببژێرن. کەئەوان لەساڵی ۱۸۸۲دا گەرمەی جەنگی دیپلۆماسییان بوو شێخ عوبێدوڵلا لە ئیستەنبوڵ هەڵهات.

ئەو پێشەوا کوردە نەیویست چیتر خۆی هەڵخەڵەتێنێت و بۆ ڕ ڕزگارکردنی گەلەکەی خۆ بە ئەگەری کۆمەکی سوڵتانەوە ببەستێت، بۆیە بڕیاریدا لەوەبەدواوە خۆ لەژێر چنگی عوسمانی ڕزگارکات، و بۆ ئەوە دەبێت ڕووس بکاتە یاریدەر یان هەرنەبێت بێلایەن بوەستێت. بەڵام چونکە ڕوسیا لە پاداشتی "پارێزگاری" ئێراندا دەستکەوتی چاکی دەبوو و هەروەها بەو دەسەلاتبازییەی سەرلەنوێ پەیوەندی لەگەڵ تورکیا بۆی ڕەخساندبوو، هەرگیز ئامادە نەبوو نێچیر بەرەڵاکات و دوای سێبەرەکەی بکەوێت. لەلایەکی تریشەوە بابی عالی کە بێئاگانەبوو لەو سەنگ و سەوای شێخ لەگەڵ ڕوس، لە ئۆکتۆبەری ۱۸۸۲دا لەشکری ناردە سەر و گرتی. شێخ عوبێدوڵلا پاش چەند ساڵ ژیانی ئاوارەیی خۆی و خاوخێزانی لە مەککە گیانی سپارد، و بە نەمانی ئەو کۆتایی هات بە دوا بزووتنەوەی چەکداری فیودالی کوردی سەدەی نۆزدە.

رەوشی پانئیسلامی عەبدولحەمیدی دوو "سولتانە سوور"

پاش بەسەرچونی بزوتنەوە جەکداریپەکانی فیودالی کوردی سەدەی نۆزدە، ئالی عوسمان دەیانویست خۆ لەسەرانی ئەو گەلەی ژێردەستە نزیک بکەنەوە تا تێکەڵ بە سیستێمین بن و سوودیشی لێوەرگرن. عەبدولحەمیدی دوو کە سولتانێکی یەکجار ژیر و بەتوانابوو زۆر نەرم خۆی لەو دەرەبەگانەی کورد نزیکدەکردەوە کە هێشتا دەماری دژایەتی ڕژێمیان لەمێشکدا مابوو. بەگفت و وتاری ئیسلامییانە ئاغایانی تا ئەو ڕادەیە دڵنیا دەکرد زۆر دڵخۆشبن بەو نیشان و مەدالیا و خەرج و موچەیەی سولتانی عوسمانی پێی بەخشین(وایان دەزانی لەبەر ڕێزگرتنە لە دلێری و پیاوەتی ئەوان). بەحری بەگ(کە یەکێکبوو لەکوڕانی بەدرخان) کرا بەیاریدەری سەرۆک دیوانی سولتان، نەوەکانی ئەوڕەحمان پاشای بابان خرانە سەر کار و پیشەی چاکی دەزگای میری و زانکۆ. هەروەک ساڵی ۱۹۰۸ شێخ عوبێدوڵڵا کوڕی شێخ عەبدولقادری کرا بەسەرۆک ئەنجومەنی سەنای عوسمانی و پاش ئەویش بووە سەرۆک ئەنجومەنی ڕاوێژکارانی دەوڵەت. بەوجۆرە دوولاقەی دەرکی کۆشکی ئیمپراتۆری بۆ ئەو سەرکردە ئاوارانە خرایە سەرپشت، و هەروەها سەرەک خێڵ و پیاوە ئاودارەکانیش لەو بەهرە و پلە و ناسناوی ئیمپراتۆرییە[14] بێبەش نەبوون.

دیدەنی عەبدولحەمیدی دوو ئەوەبوو کە تێوەگلانی فیودالی کوردی بە دەزگای دەوڵەت دوا قۆناغە بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی عوسمانی وەک دەوڵەتی چەق و سیستێمی ئەرستوقراتی عوسمانی گشتلا دەگرێتەوە. دەیویست لەو هەڵوێستی دەسەڵات بە چەقکردنەیدا گشت سەرۆکە کوردەکان لە یەک ئەنجومەنی میریدا کۆکەنەوە تا سوود لەوزەی جەنگاوەری کورد وەرگرن بۆ لێدانی ڕوس بە تایبەتی، پاش ئەو سەرکوتکردنی بزوتنەوە میللییەکانی( ئەرمەنی، عەرەب، ئەلبان و تەنانەت خودی کوردیش) کەجارجارە لەدژ جەور و ستەمی عوسمانی دەبزوان.

لە دوارۆژەکانی نۆڤەمبەری ۱۸۹۰دا بوو کە ڕۆژنامەکانی ئیستەنبوڵ فەرمانی ئیمبراتۆرییان بە دروستبوونی هێزی تایبەتەکانی سوارەی کوردیان لەژێر ناوی (حەمیدیە) بڵاوکردەوە، سەرەتا چەندین تیپی حەمیدیە لە ناوچەکانی ئەرزڕوم و باشوری ناوچەکانی وان و بەتلیسی نزیک بە سنوری قەوقاسی ڕوسی کرانەوە چونکە زۆر بزوتنەوەی کوردی دژ بە بابی عالی تێدا هەڵدەگیرسا. هەروەک لەو ناوچەیەدا ئەرمەنی دەژیان و بزوتنەوەکەیشیان لەوپەڕی چۆش وهەڕەتدابوو.

بەپێی ئەو فەرمانە سولتانییە دەبوو گشت خێزانێکی ئەو ناوچەیە یەک سوار بەئەسپی خۆیەوە بنێرێت بۆ ئەو هێزە، یانیش یەک سەرباز بدات بە "نیزامیە" واتە لەشکری دەوڵەتی. شێوەی

14 ـ مەبەست ناسناوی عوسمانی وەک پاشا، بەگ، چەلەبی و هتد....

دامەزراندنی تیپەکانی حەمیدییە لەسەر شێوەی خێڵەکی پێکدەهات.

دەبوو چەکی ئەو تیپە سوارانە لەسەر دەوڵەتبێت و ساڵی یەکجار لەژێر فەرماندەی ئەفسەری تورکدا وانەی ڕاهێنانی تایبەتی لەسەر ببینن، و بەڵێنبوو ئەو حەمیدییانە پاش ڕاهاتن چەکدارکرێن، بەڵام هەرگیز ئەو مەرجە نەهاتەدی، ئەوە لەخۆیدا نیشانەی بێباوەڕی کاربەدەستی تورک بوو بەپیاوەکانی. دەبوو ئەو هێزی «جاشپۆلیس»بانە[15] دەسبەجێ بەدەرچوونی فرمانی سوڵتانی ئامادەی جەنگبن.

ئەو پلەی ئەفسەری و ناسناوی پاشا و ڕێوشوێن و مووچە و دیارییە چاکانەی دەدرا بە سەرۆک خێڵەکان لەبەرچاو چینی جوتیاری لادێ زۆر بەشکۆتری دەبوون چونکە ئیتر ئەوان بوون دەمڕاستیان لەلای میری، و پشت ئەستوورن بە سایەی سوڵتان و ڕژێم. ئەوانیش هەرگیز گەرد لە سۆزیاندا نەبوو بۆ خودی عەبدولحەمیدی " بەهرەوەر"یان. بە فرمانی ئەو و فەرماندەیی ئەفسەرانی تورک (بەتایبەت سپاسالار، زەکی پاشای سامناک کە خۆی نەخشەکێشی حەمیدیە بوو) یەکەمین چالاکییان لە ساڵانی ١٨٩٤ـ ١٨٩٦دا سەرکوت کردنی بزوتنەوەکەی کورد[16] بوو کە چوونە خوێنی دەیەها هەزار کەس. پاشان سوودیان لەو( کازاخییانە)وەرگرت کە کردیانن بەگژ کوردانی ناوچەی دەرسیم و خوارووی کوردستانی دژ بە سیستیمی سوڵتان ڕاپەڕین. و هەر ئەوانیش بوون لەژێر فەرمانداری برایم پاشادا بەرەنگاری بزوتنەوە میللییەکەی عەرەب بوون.

ئەو تیپانە تا پاش کودەتای "لاوانی تورک"یش هەرمابوون، هەرچەندە میللەت زۆریان کۆشی ئەوانە هەڵوەشێن، بەڵام ئەوەی گۆڕا تەنها ناویان بوو کرا بە "تیپە خێڵەکییەکانی سوارەی سووک". چونکە لەلایەکەوە دەترسان سەرەک خێڵەکانیان لێ زیزبێت، وەکتریش مەبەستیانبوو لەکاتی پێویست بەکاریان بهێننەوە.

لەوکاتەیکدا لایەک لە فیوداڵی کوردی تێکەڵ بە میری و ڕیزی تیپەکانی سوارەی حەمیدییە بوون، عەبدولحەمیدی دوو لەساڵی١٨٩٢دا دوو خوێندنگەی لە ئیستەنبوڵ و بەغدا بۆ کردنەوە و ناوی " خوێندنگەی هۆزەکان"ی لێنا تا منداڵی سەرەک خێڵەکانی کورد و عەرەبیان تێدا بە خۆشەویستی سوڵتان پەروەردەکرێت. هەرچەندە ئەو خوێندنگانە تەمەن کورتبوون، چونکە تا سەرەتای بیستەکانیان برکرد، بەڵام بێگومان مەبەستی خۆیان پێکا و سۆز خودی سوڵتان و خەلافەتی ئەویان خستە دڵی زۆر لەخوێنکارانی کوردەوە.

---

15 ـ کۆن لەخوارووی کوردستاندا بەوجۆرە چەکدارانەیان دەگوت جاش پۆلیس. هەر لەزۆرکۆنەوە ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان ئەوجۆرە چەکدارە کاتییەیان بەکرێ دەگرت بۆ سەرکوت کردنی بزوتنەوە ئازادیخوازەکان. لەسەرەتای شۆڕشی ئەیلولەوە ناوی پەرەپێستی خۆییان لێنا و بوو بە( جاش )، واتە ئەوەی بەکرێ بۆ دوژمن برای خۆی دەکوژێت. « و »

16 ـ F و E ـ ... بزوتنەوەی ئەرمەنی .... « ئەمیان ڕاستە ـ و »

عەبدولحەمید لەو تاکتیکی بەرانبەر بەکوردەیدا سەرکەوت؛ لە بزووتنەوەی شێخ عوبێدوڵڵا بەولاوە لە هیچ جۆرە جموجۆڵێکی چەکداری تر سەری هەڵنەدا "بزوتنەوەکانی دەرسیم و موسڵ(خوارووی کوردستانی ئەمڕۆ)هەر ناوچەیی بوون". نەتەوەییانی کورد کە دەبوو لەوکاتەدا بەگشتی ڕاپەڕن، ئەو ئەرکەیان جێهێشت بۆ هەندێک جینی ڕۆشنبیر. ئەو میللەتە تاوانی ناهەمواری خۆی لەچارەی (پیری پیرۆز و خواناسی وەک بابە حەمید) نەزانیوە بەڵکوو تاوان دەیخستە ئەستۆی ئەو کاربەدەستە خوانەناسە و بێبیژدانانەی فەرمانی ئەویان بەڕاستی بەجێنەهێناوە.

**بەرایی ڕێکخراوە نەتەوەییەکانی کورد**

هیچ یەکێک لەبزووتنەوە چەکدارییە کوردییەکانی سەدەی نۆزدە خاوەن پەیڕەو و پرۆگرام، یا ڕێکخراوی ڕامیاری نەبوون. بیری پێکەوەنانی ڕێکخراوی ڕامیاری و جەماوەر کردنە ڕابەری بزووتنەوەی میللی، بەچەشنی گشت لایەکی تری جیهان، لاوانەی خوێندکار لەولاتە پێشکەوتووەکانی ئەورووپاوە هێنایانە ڕۆژهەلاتی ئیسلامی." ئینتلیجنسیا" نوێی کورد کە لەدوا گرێکانی سەدەی نۆزدەدا دەرکەوتن تاڕادەیەک ئەو ڕۆشنبیر سەرەتاییانەی کورد بەەن کە لەناو چینی ئەریستۆکراتدا سەریان هەڵداوە، "واتە نەوەی میرە دەستبەسەرەکانی ئیستەنبووڵ و منداڵی ئەو سەرەک خێلانەی لەخوێندنگەی خێلەکی و خوێندنگەی ئەکادیمی سپاییانەی ئیمبراتۆریدا پەروەردەکران کە لە ساڵی ١٨٧٠ بەدواوە دەرگایان بۆلاوانی کورد خرایە سەرپشت".

ئەو خاوەن تایبەتمەندییانەی لە ئیستەنبوولی کۆتایی ئەم سەدەیەدا جۆش بوون بە گروتاوی بیری شۆڕشگێڕانە، قۆناغی میللییەتگەری تا ئەوڕادەیەی کارتێکردن ئایدیۆلۆجی بۆرجوازییانەی ئەورووپا هەستی نەتەوایەتییان ببزوێنێت. هەروەک ڕۆشنبیری نەتەوەکانی تر، چی بەئاشکرا وچیش بە نهێنی ڕوویان لەچاپەمەنی و ڕێکخستنی کۆمەڵە دەکرد.

تا "کوودەتای" لاوانی تورکیش چالاکی پێشڕەوانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد هەر لەناو کۆڕ و کۆمەڵی جیاجیادا بوو. هەندێک لەوان خەباتیان لەڕیزەکانی کۆمەڵەی " ئیتحاد و تەرەقی " دا بوو[٢١]. مەقحەتی بەدرخان بەگ لە سەرەتای ساڵی ١٨٩٨دا یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی دەرکرد و ناوینا کوردستان. ئەو ڕۆژنامەیە بە دوو زمانی کوردی و فارسی دەردەچوو و بە تایبەتی تەرخانکرابوو بۆ پەروەردە و کولتوور و لەبزواندنی بیر و هۆشی نەتەوایەتی کوردیشدا دەستی باڵای بوو. لاپەڕەکانی بوونە جێخامە بۆ گشت نووسەرێکی کورد. پاش مەدحەت بەگ عەبدولڕەحمانی برای گرتییە ئەستۆ. هەڵوێستی ڕامیارانە و ئاستی خەباتی بەڕێوەبەرانی ڕۆژنامەی کوردستان بووە هۆی گواستنەوەی، سەرەتا بۆجونێڤ و لەوێوە بۆ لەندەن و پاشان بۆ فۆلکستون لە(ئینگلتەرا). پاش" کودەتای لاوانی تورک" دووبارە لەژێر چاودێری ئورەیا بەدرخان

بەگ لەئیستەنبووڵ سەریهەڵدایەوە. سەرلەنوێ پاش جەنگی جیهانگیری یەک لەئیستەنبووڵ هەڵکەندرا و چوە قاهیرە، و لەوێ مانگی دوو ژمارەی لێ دەردەچوو(٢٢).

یەکەمهەمین نەخشە و شێوازی ڕێکخستن پاش دەسەڵات گرتنە دەستی تاخمی لاوانی تورک بوو. لەوێدا سەرانی کورد بەو ئومێدەی سیستێمی نوێ دان بەمافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورددا بنێت، تا ماوەیەک هاوکاریان بوون. میرعەلی بەدرخان بەگ و جەنراڵ شەریف پاشا و شێخ عەبدولقادر کە کوڕی شێخ عوبێدوڵلا و سەرۆک ئەنجومەنی عوسمانی بوو بارودۆخی ئەوڕۆژە(بەهاری تورکیای نوێ)یان بەهەل زانی کۆمەڵەیەکیان بەناوی " تەعالی و تەرەقی کوردستان " پێکەوەنا و ڕۆژنامەی "کورد تەعالی و تەرەقی غەزەتاسی"یان وەک ئۆرگانی ئەو بەزمانی تورکی بڵاو دەکردەوە، و جەمیل بەگ بووە بەرپرسی. ئەو ڕۆژنامەیە یەکەمین بڵاوکراوەی کوردی[17] ئاشکرا و بەرفراوانبوو لەبیروبۆچوون و باس و لێکۆڵینەوەی زمانەوانی، کولتوور و فەرهەنگ و یەکێتی کورد بدوێت و لەناو کوردە ئاوارەکانی ئیستەنبووڵدا زۆر پەسەند و دڵگیربووە.

هەر لەوبارەوە "پایزی ١٩٠٨" کۆمەڵەیەک بۆ پەرەپێدانی فەرهەنگی کوردی لەژێر ناوی "کورد نشر و معاریف جمعیت "دا پێکهات. پێدەچێت ئەوە بەش بووبێت لەکۆمەڵەی" تعالی و ترقی کوردستان ". ئەوانە لەئیستەنبوول یەک خوێندنگەیان بەناوی "چەمبەرلی" کردەوە.

ئەوکۆمەڵەیە هێشتا بەتەواوی شێوەی ڕێکخراوی ڕامیاری خاوەن کلێشەیەکی ستراتیجی و پەیڕەو و پرۆگرامی دیاریکراوی نەگرتبوە ئەستۆ. ئەندامانی بریتیبوون لەهەندێک ڕۆشنبیر و نیشتیمانپەروەری ئاوارەی خاوەن بیروبۆچوون و ئامانجی جۆراوجۆری لێکنەچوو. ئەو کۆمەڵە دەیویست بەشێوەی زانستی ڕامیاری لەناو چینەکانی کۆمەڵ( بەڕۆشنبیرکردنی باریەرە کوردەکان) زەمینە بۆ بزووتنەوەی ڕامیاری کورد خۆشکەن. پاش یەکەمین هەنگاوی چاپوک و دڵگیر ـ دەشێت بە شنەی شەماڵی سەرکەوتنە کوتوپڕیەکەیان بایی بووبن ـ لەسەر پلەوپایەی ڕابەری ناکۆکی کەوتە نێوان سەرکردەکان( لەلایەک بەدرخانی و لەلایەکەی ترەوە شێخ عەبدولقادر و شێخە نیهریانی لایەنگری ئەو) کەوتنە بەپاکردنی ناکۆکی کۆن و ئەو فیودالانەی کورد کەوتنەوە تانووت لەیەکتر تا گەیشتە بەوەی یەکتر بەجاش ناوبەرن(٢٣). شێخیان لێ داپچڕا و بۆخۆی ڕۆژنامەی " هەتاوی کورد"ی دەرکرد. بزووتنەوەکە بەو دووبەرەکییە یەکجار زۆر لاواز بوو.

کاتێک جموجۆڵی کوردایەتی لەئیستەنبووڵ ڕوو لەسستی بوو کوردستان ڕووی لەڕابوونی ڕامیاری نوێ دەکرد. لاوانی تێکۆشەر و ڕۆشنبیری شارە سەرەکیەکان کۆڕ وکۆمەڵەی کوردییان

---

17 ـ E ـ یەکەمین بڵاوکراوەی کوردی ... ، و F ـ یەکەمین بڵاوکراوە بەزمانی کوردی ...،

18 ـ F ـ وشەی Carbonaro کۆی Carbonari یە واتای خەڵوزچیان دەبەخشێت، لەناوی ئەو ڕێکخراوە شۆڕشگێرانەیە وەرگیراوە کەساڵی ١٨١١ بۆ یەکگرتنەوەی ئیتالیا دروستبوو.

پێکدەهێنا. لەگشت چالاکتر کۆمەڵەکانی بەتلیس، دیاربەکر، موش، ئەرزڕووم و موسڵ بوون. بۆ نموونە کۆمەڵەکەی موش پەیوەندی بەهێزکرد لەگەڵ هۆزەکانی ئەو ویلایەتە(٢٤). کەساڵی ١٩٠٨ کۆمەڵەی بەتلیس پێکهات حەوتسەد ئەندامی بوو، و لەماوەی چەند مانگێکدا ژمارەیان گەیشتە چەندین هەزار(٢٥). ڕێکخستنی ئەو کۆمەڵانە چەشنی ئەوەی لاوانی تورک (کە ئەوانیش لاسایی "کاربوناری[18]" ئیتالیاییان دەکردەوە) نیمچە لەشکری بوو. ئەوەی ڕاستیپێت هەر ئەو کۆمەڵانە بوون سەرتای دەرکەوتنی ڕێکخستن و بزووتنەوەی ڕامیاری نوێی ناو کۆمەڵگەی کورد.

پاش سەرگرتنی کوودەتای مارس ـ ئەپریلی ١٩٠٩ و لاچوونی عەبدولحەمید، لاوانی تورک کەوتنە سەر ئەوباوەڕەی کە ئەوان هەندە بەهێزن چیتر پێویستیان بە هاوکاری ڕۆشنبیری نەتەوە ناتورکەکان نیە بۆیە دەستیاندایە هەڵوێستی ڕەگەز پەرستانە. گشت کۆمەڵە و خوێندگە و بلاوکراوە ناتورکییەکان قەدەغەکران و بەرپرسیارەکانیان زیندانی یان سزای مەرگ دا. ئەوبوو کۆمەڵەی کوردی، ڕۆژنامە و خوێندگەی چەمبەرلی و گشت ڕێکخراوە کوردیەکانی تریش بەرکەوتن. بەوە تێکۆشەرە ناودارەکانی کورد کەوتنە زیندانەوە، و هەندێکیان چالاکی کرد بە نهێنی، و چەندێنیش(وەک بەدرخانییەکان) دیسان ڕوویان لەهەندەران کردەوە.

تەنانەت لەکاتی (بەهاری تورکیای لاو)یشدا کوردستان بزووتنەوەی چەکداری تێدابوو؛ ئەوی دەرسیم تا کۆتایی١٩٠٩مایەوە، بەلام بزووتنەوەی گرنگ ئەوەی موسڵ بوو کە شێخ مەحمودی بەرزنجی لە سلێمانی هەلیگیرسان " دەساڵ پاش ئەوە ناوی «مەلیکی کوردستان »ی لەخۆنا" و تەنگوچەڵەمەی بۆ ئینگلیزی داگیرکەر نایەوە. ئەو دەیویست هەرنەبێت بەهاوکاری دانیشتوانی هەرێم و خێڵە بارزانی و زێبارییەکان گشت هێز و دامودەزگا عوسمانی لەگشت ئەو هەرێمەی کوردستاندا ڕامالێت و خۆی بیبات بەڕێوەی. لەشکری چوار و پێنجی عوسمانی چل[19] گوندیان تالانکرد، بەلام نەیانتوانی بەسەر هێزەکانی بەرزنجیدا[20] زاڵبن. سەرئەنجام نیمچە ڕێکەوتنێکی پووچ ( بەکردنی یەکێک لەخزمانی شێخ بە پارێزگاری سلێمانی) جەنگی بۆ ماوەیەکی کەم ڕاگرت. ئەوەبوو پاش چەند مانگ سڕبوونی چالاکی نیشتیمانپەروەرانی کورد، بەسەرۆکایەتی شێخێکی تر(شێخ عەبدولسەلام) ئەمجارە بەرزانییەکان دەستیان دایەوە چەک و ئەو هێزە عوسمانییەیان شکاند و ڕاونا کە هاتبوو سەرکوتیانکات. سەرەتای ساڵی ١٩١٠ بزووتنەوەی چەکداری گشت ناوچەکانی خوارووی کوردستانی گرتەوە. هەروەک دەنگدانەوەی ڕاپەڕینی بەتلیسییەکانیش بەڕابەری سەلیم عەلی(خەلیفە) و موسا بەگ شۆڕشی چەکدارییان هەلگیرسان. بەلام کە بەرزانییەکان ناوچەی خۆیان لە کارمەند و سەرباز پاک کردەوە لەشوێنی خۆیان بەبزوان،

---

19 ـ F ـ تورکەکان سپای چوار وشەشیان ناردە ناوچەکە و هێرشیان بردەسەر بیست گوند ...

E ـ ...... هێرشیان بردە سەر چل گوند بەلام پەیبیان بەهێزەکانی مستەفا بەرزنجی نەبرد ....

20 ـ F و E ـ ... مصطفی بەرزنجی ... ـ « دیارە هەڵەی خودی نووسەرە ـ و »

و بزووتنەوەکەی بەتلیسی لەبەر بێ کۆمەکی تووشی شکست بوو.

لەکاتی ڕێکخستنی نهێنییەیاندا، تێکۆشەرانی کورد و نیشتیمانپەروەرانی ئەرمەنی و عەرەب پەیوەندییان لەگەڵ یەک بتەوکرد، و بڕیاربوو گشتیان پێکەوە بەرنگاری هەڵوێستە دیکتاتۆرییانەی "إتحاد" ییەکان ببن. لەوکاتەدا نەتەوەییانی کورد زۆر بەسۆزەوە لە شۆڕشە عەرەبییەکانی یەمەن و عیراقی عەرەبی( بەغدا و بەسرە ) و شاخی جەزیرە ( سوریا )یان دەڕوانی. نوێنەرانی ئیمام یەحیای شێخ سەعید کەڕابەری شۆڕشی یەمەن بوو، بەکوردستاندا دەگەڕان و پیتاکیان بۆ بەرێوەچوونی بزووتنەوەکەیان کۆدەکردەوە[٢٦].

لێکترازبوونەوەی بزووتنەوە نەتەوایەتییە ناتورکییەکان کارێکی ئەوتۆی کرد "إتحاد"ییەکان هەڵوێستی نەرمتر بنوێنن. ساڵی ١٩١٢ مافی بەئاشکرا کارکردن درا بە کۆمەڵەی کوردی " هیوای کورد" کە ساڵی ١٩١٠ کۆمەڵێک خوێنکار و ڕۆشنبیری کورد پێکیانهێنابوو و بە نهێنی کاریدەکرد. ئەوە بەیەکەمین کۆمەڵەی ڕامیاری کوردی بتەو و ڕێکوپێک دەژمێردرێت. بەڕێوەبەری ئەو کۆمەڵەیە خەلیل حەسەن نوتکی " ئەندامی پەرلەمانی عوسمانی" بوو،و ئەندامانی کۆمەڵە بریتی بوون لەو کوردە ڕۆشنبیرانەی بەر زیندان یا ئاوارەیی نەکەوتبوون. دوکتۆر شوکرۆ محەمەد سەگبان بوو بە ڕەوتبینی سەرەکی و پاش ماوەیەک بو بە لایەنگری ئەو تاخمەی دەیانویست کورد ئاوێتەکەن لەگەڵ کۆمەڵگەی تورکی[٢٧] . ئەو کۆمەڵەیە سەرەتای ساڵی١٩١٣ گۆڤارێکی[21] بەهەردووک زمانەکانی کوردی و تورکی لەژێر ناوی( ڕۆژا کورد )دا بڵاو دەکردەوە، و ساڵی ١٩١٤ناویان گۆڕی بە( هەتاوی کورد)، ئامانجی ئەوان ڕێکخستنەوەی تایبی کوردی و بڵاوکردنەوەی بیری نەتەوەیی و هوشیارکردنەوەی نەتەوەی کورد بوو.

چالاکی ئەو کۆمەڵەیە بەزۆری لەناو چینەکانی لاو و ئەو کرێکارە کوردانەدا بوو کە خەرجی ئەویان کەوتبووە سەرشان. لقیان لەزۆر شاری کوردستان و لەناو کوردە ئاوارەکانی ئەورووپادا کردەوە. بەڵام کوتوپڕ لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگی جیهانگیری یەکەم و بەو بۆنەیەوە کە گشت کارگەرانی(هەتاوی کورد) بوون بە سەرباز، چالاکی بەپێز و بەهرە و پڕئاواتی ئەوان پسا.

لەکۆتایی ساڵی١٩١٢دا لەئیستەنبوڵ ئەنجومەنی دۆستانی کوردستان دامەزرا و ئامانجیان ڕاکێشانی سەرنجی ئەندێشەی گشتی بوو بۆ کێشەی کورد. هەروەک لەکۆتایی ساڵی١٩١٢دا لوتفی فکری " ئەندامی کورد لەپەرلەمانی ئیمبراتۆری" لەتاخمی "إتحاد"ی یەکان جودابووەوە و پارتی " موجەدید "ی پێکەوەنا. ئەو لە پرۆگرامەکەیدا دەیویست ئیمبراتۆری عوسمانی بکرێت بە سیستێمێکی"عیلمانی" ( واتە ئاین لە دەوڵەت جوداکرێتەوە)، و نووسین بکرێت بەلاتینی و مافی ژنان پارێزراوبێت و هتد.... ئەو چەپکە چاکسازییە دلێرانەیە (بەگوێرەی کات و ڕۆژی خۆی) لەهەندێک کوردی ناو بازنگەی ڕۆشنبیران بەولاوە نەیتوانی سەرنجی کەسی تر بەلای خۆدا

---

E - F - 21 ... ڕۆژنامەیەکی ......

ڕاکێشێت ( ڕۆشنبیرێکی تری کورد کەناوی عەبدوڵا جەودەت بوو خۆی بە لایەنگری ئەو کۆمەڵەیە نیشاندا، هەمان ئەو بۆچوونانەی لەگۆڤاری "اجتهاد"دا بڵاوکردەوە ). هەمان ئەو بیر و بۆچوونەبوو کەپاش پانزە ساڵ مستەفا کەماڵ سەپاندی.

بەشێوەی گشتی، خولی پێش جەنگ[22] هەلی بۆ ئینتلیجنسیای کوردی تازە پێگەیشتوو ڕەخسان تێیدا ڕێگەی ڕەوشی ڕامیاری خۆ تاقیکەنەوە، بەڵام هەندەی پێنەچوو جەنگ بەشی زۆری ئەو ڕەنجەی بەبادان.

## ساڵانی پێش جەنگی جیهانگیری یەکەم

نیشتیمانی تورکان نەتورکیایە ... ...
نە تورکستان،
نیشتیمانمانە سەرزەمینی پانوبەرینی بێپایان؛
تـــوران !
(زیا گۆکئالپ)

سەرئەنجام بەئاواتی هێنانەدی ئەو تورانەی گۆکئالپ گۆرانی بۆ هەڵبەست، یەکێتی سێقۆڵی (ئەنوەر ـ تەلعەت ـ جەمال) ئیمپراتۆری عوسمانی بەکێشکردە ناوەندی کوورەی جەنگ.

ئەو سێیە، لەپێناو وەدیهێنانی ئامانجی تۆرانیزمییاندا جەنگیان بە هەلزانی و چوونە خوێنی پتر لەیەک ملیۆن ئەرمەنی وحەوتسەد هەزار مرۆڤی کورد. تەنانەت بەدبەختی ئەو گوندنشینە تورکانەیشی گرتەوە کە بەهەڵەداوان ڕەوانەی کوورەکانی ئەو جەنگە دەکران کەسوڵتان « ڕەشاد»ی خەلیفەیان فەتوای پیرۆزبوونی دابوو.

دەبێت هەڵوێستی کوردان چی بووبێت بەرانبەر بەو جەنگی سێ[23] ساڵەیە؟. بێگومان زۆر لەوانەی باوەڕیان بەپیرۆزی بانگاشتنەکەی خەلیفە بوو چوون بە دەنگییەوە، بەڵام هەندێک چینی کۆمەڵ خویان تێنەگەیاند، بەتایبەتی هۆزەکانی خوارووی کوردستان و دانیشتوانی ناوچەی دەرسیم. هەروەک هەندێ هۆزی باکوور بوونە هاوکاری لەشکری ڕوس بۆ لێدانی هێزی عوسمانی. هەندێک ڕۆشنبیری دەوڵەمەندیش بەهەج شێوەیەک بوو خۆیان لە بەشداری ئەو جەنگە ڕزگارکرد و کەسانیش هەبوون ناچار بۆ ڕزگاربون بە خاوخێزانەوە هەڵهاتنە بۆ ناو خاکی ڕوسی دراوسێ.

---

22 ـ F و E ـ خولی پێش ١٩١٤..
23 ـ F و E ـ جەنگی چوار ساڵە

لەڕاستیدا ئەو بەڵێنی یارمەتییە مادییانەی ڕووسی تزاری دەیدانی بۆ ئەوەبوو کوردستان بەگشتی کێشکاتە ژێردەسەڵاتی خۆی[٢٨]. ئەوانیش بەهەمان شێوەی هێزە ئیمپریالیستەکانی تری وەک ( ئینگلتەرا و فەرەنسا ) هەر بۆ داگیرکردنی خاک دەچوونە بنکلێشەی ناودارانی کورد، تورک، عەرەب و ئەرمەنی و هتد ... و بۆ ئەو مەبەستەیش کوردیان لەسوودی خۆ دەبزوان.

ئەو زلهێزانە بەدرێژایی ساڵانی جەنگ خۆلیای سەنگوسەوای دابەشکردنی سەروسامانە بەرتاڵان کەوتووەکەی ئیمپراتۆری عوسمانی بوون، و ڕۆژهەڵاتی عەرەبی و خاکی ئەرمەن و کوردیان بۆ ببوو بە سەردێڕی باسی ڕۆژ.

لەناوەندی مایسی ١٩١٦دا دوو شالیاری دەرەوەی فەرەنسا و ئینگلتەرا پەیماننامەیەک مۆردەکەن، و پاش ئەوانیش دەوڵەتی لە سێپتەمبەری ١٩١٦دا ئەو پەیماننامەیەی لە مۆردەکات و پاش هەندێک دەستکاری تر ناوی دەنێت " پەیمانی سایکس ـ پیکو": ئەوجا بەندەکانی ئەو بوونە سەرچاوە بۆ پەیماننامەی سیڤەر کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان لەنێوان ئینگلتەرا و فەرەنسا[٢٩] پێ بەشکرد.

## سالانی پێش جەنگ

هێزە هاوپەیمانەکان ساڵی ١٩١٨ لە مەدراس پەیمانی کۆتایی جەنگیان مۆرکرد و تێیدا ڕێکەوتن لەسەر دابەشکردنی سەروسامانە لەپاشماوەکانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی. ئەو هەرزەکۆییەی کۆمەڵی تورکی بەرەو بیری تۆرانی برد، بووەهۆی لەدەستدانی خودی تورکیا. کەشتی جەنگی بەریتانی لە بسفۆردا کەوتنە تەراتێن. هێزەکانی بەریتانی، فەرەنسی، ئیتالی و گرێکی سێ لەچواری سەرزەمینی تورکیان داگیرکرد، تەنها ئەوی بەدەست ئەوانەوە مایەوە ناوچە بێ ئاو و لەوەڕەکانی ئەنادۆلی ناوەند و هەندێک لە کەنارەکانی دەریای ڕەش بوو.

چاکترین هەلی بۆ کورد هەڵکەوتبێت تێیدا بتوانن دەوڵەتی میللی خۆیان دامەزرێنن نێوانی ئوکتۆبەری ١٩١٨ و جونی ١٩١٩ بوو. خۆ لە جونی ١٩١٩وە تا کۆتایی ساڵی١٩٢١یش هەر دەکرا ئەوکارەیان بۆ سەربگرێت، چونکە کاتە بۆشاییەکی ڕامیاری تەواوی تێدا هەڵکەوت؛ و " إتحاد"یەکان ڕوو لەنەمان بوون و دەسەڵاتی سوڵتانیش لە کۆشک و تەلاری خۆی بەولاوە بڕینەکردووە. چی هێزی عوسمانی کەمابوو ڕوو لەنەمان، و ئەفسەرانی بێ وره و سەر لێشێواو بەگشتی نیگەران و بۆ چارەنووسی خۆیان دەگەڕان، چونکە لەشکر بڕیاری ئاشبەتاڵی دا و لە قەراوڵەکانی سەڵتەنەتی بەولاوە چیتر لە لەشکردا نەما. لە ڕوسیایش کە پەیمانی سایکس ـ پیکو بڕیاریدا کوردستانیان بداتێ، دەسەڵات کەوتە ژێردەست سۆڤیەتچییەکان، و ئەوانیش چاویان لەدوای خاکی دەوڵەتانی دراوسێ نەبوو. هەروەک باری سوپای ئێران زۆر لە لەشکری عوسمانی لەبارتر نەبوو.

هەرگیز هەلومەرجی ئەوتۆ هەڵناکەوێتەوە بۆ ڕزگارکردنی کوردستان لەژێر چەپۆکی هێزی دەرەکی. ئەگەرچی ئەوسا ئینگلیز و فەرەنسا ناقایلبوون بە دامەزراندنی ئەوتۆ دەوڵەتێک بەڵام بە بوونی هیچیان پێ نەدەکرا، و کشانەوەی هێزەکانیانە لە ئورفە و ئەنتاب چاکترین نموونەن بۆ ئەوە. هەمیشە ئەو دوو هێزە چاویان لەئەنجامی کار دەبڕی، و هیچ گومانیش لەوەدانییە کە ئەگەر بەڵێنی سەروکاری ئەوتیان پێ بدرایە ئەوا زۆر بێقرە و ئاشتیخوازانە لەگەڵیان دەگەیشتنە ئەنجام. سەرئەنجام لە دەزگا بەریتانییەکاندا بەڵگەنامە زۆرن بینوێنن کە ئەوان ناقایل نەبوون بەدامەزرانی دەوڵەتێکی کوردی، بەڵام کورد خۆی ئەو هەلە مێژوییەی لەدەستخۆ دا. تاکو ئەو ڕۆژانەیش هۆشی ئەوکۆمەڵە هەر لەوئاستەدا بووە کەتەنها سەرکردە بڕیاری چارەنووسیان بدات، و ئەوانیش هەستی فیودالی، یا ئایینییان لاگرنگتربووە لەپێداویستی ڕۆژ.

بەهۆی ڕقەبەرایەتی کۆنی سەرکردەوە تاخم تاخم لە دەدوانزە پارت وکۆمیتەدا پەرتەوازە بوون و تواناي ڕاگرتنی ئەو ڕۆلەیان پێ نەبوو. پێکەوەنانی دەوڵەت لەتوانای ئەوان بەدەربوو؛ چونکە بایی ئەوکارەیان بیر و هۆشی ڕامیاری پێنەبووە، ئەوەیشی پێیبوو بێت ئەو ڕۆشنبیرە ڕادیکاڵانەبوون کە لەڕاستیدا بە ڕۆشنبیری "عوسمانی" دەژمێردران و پەروەردەی فەرهەنگی عوسمانی بوون، هەرچ فەلسەفە و باری پۆلیتیکی لەوان هەڵکڕابێت ئەوەبوو کەبوو.

خاڵی گرنگ ئەوەیە کە ژیانی " ئاوەرەیی" بەچەشنێک ئەوتۆ کاریکردبووە سەر بیر و هۆشی ئەو خوێندکار و ڕۆشنبیرە عوسمانییانە، لەناوکۆمەڵی خۆیشیاندا نامۆبوون و لەناویاندا وەک بیانی دەردەکەوتن. ڕادەی سوود وەرگرتنی ئەوان لە کولتووری ئەورووپایی هەر هەندەبوو کە لەدواکەوتوویی گۆمەڵگەی خۆیان بگەن نەک لە هۆکار و میکانیزمی مێژویی و ئابوورییەکانی بیوونە هۆی ئەو دواکەوتنە. ئەو بیرتەسکانە( ئەوانەی کە تا دوێنێ بە پشتیوانی ناوی خودا هەڵدەسووڕان و پاشان بە ڕەوڕەوەی ئەورۆپایی پێیان گرت ) خەونیان بەوەوە دەدیەوە کە بای شەماڵ مژدەی ئازادییان بۆ بهێنێت، و بڕواوەڕیش بوون بەوەی کە ئەوانیش و کۆمەڵگەکەیشیان بێ خۆ بگرنە ژێر باڵی "هێزێکی پێشکەوتوو" ڕزگار نابن. ئەوانە لەو تاخمە ڕۆشنبیرەن کە ئیمپراتۆرییەتی نیمچە کۆلۆنیالکراو پەروەردەی کردن؛ ئەو ئیمپراتۆرییەتەی وایان دەزانی ڕێگای پێشکەوتن هەر لەبەردەرکی باڵوێزخانەی زلهێزەکانەوە دەستپێدەکات، و مرۆڤ تەنها ئەوکاتە دەگاتە پلەی شالیار و پاشا کە باڵوێزێکی ئەورووپایی پشتگیربێت.

ئازادی کوردستان، لەدیدەنی خوێدکار و ڕۆشنبیرە عوسمانییەکاندا(قوتابیانی ئەوفێرگەیە ) ڕاست و دروست بەدەست هێزەکانی بەریتانیا و فەرەنسا بووە " بە تایبەتی بەریتانیا". واتە مایەی سەرسووڕمان نییە کە ئاشکرابوو بەشی زۆر لەدەستەی دامەزرێنەرانی کۆمیتەی دۆستانی ئینگلیز، کەخودی سوڵتان" خەلیفە" سەرپەرشتکاری دەکرد، لەو تاخمە ڕۆشبیرانەی کوردبن.

بارودۆخی ناوخۆی کوردستان و گۆڕانکارییەکانی زۆر جێی سەرنج بوون. هەر لەوکاتەوە

میرنشینی سەربەخۆ نەماوە، سەرەکردەکانی خێڵ دەسەڵاتی و هێز و توانای ڕامیاریان لەسەتداوە، و پچڕپچڕ و لاوازبوون. هیچ ڕابەرێکی کلاسیکیش نەماوە بتوانێت تەنانەت نیوەی ئەو هێزە لەخۆی کۆکاتەوە کە بەدرخان یا یەزدانشێر ماوەی چەند گرێیەک لەوەوبەر بوویان.

دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست(عێراق، سوریا، لوبنان، ئوردون و هەوانی تر) زایدەی شۆڕشی بۆرجوازی، یا هیچ جۆرە شۆڕشێکی تر نین. بەڵکو بەپێچەوانەوە ئیمپریالیزمی بەریتانی و فەرەنسی لەبەر بەرژەوەندی تایبەتی خۆ و پێداویستی ڕۆژگار دروستیان کردن. گومان لەوەدا نییە کە ئەگەر بەریتانیا و فەرەنسای کۆلۆنیال بیانویستایە دەوڵەتی کوردی دادەمەزرێت، ئەوا دەبوو. خۆ ئەگەر لەلای ئەوان مەبەستبوایە ئەوا ڕادەی هۆشیاری پێشەوایانی کورد هیچ لەوانەی سەرانی کیشوەرە عەرەبەکان کەمتر نەبوو. ئەوی شایانی باسە، و بەڕاستی، وەک پێشتر گوتمان، تاوێک ئینگلیز مەبەستی دامەزرانی دەوڵەتێکی ئەوتۆی هەبوو بۆ کورد.

با سەرەتا ئەو ڕێکخراوە کوردییە جیاجیایانە بخەینە بەرباس کە پاش پەیمانی مەدراس پەیدابوون. یەکەمیان "ئیستقلالی کوردستان"(سەرخۆبوونی کوردستان) کە سەید عەبدوڵای کوڕی شێخ عەبدولقادر دایمەزران، و دەیویست تەنها لەڕێی هەندێک پەیوەندی دیپلۆماسی تایبەتەوە ئامانجی بزووتنەوە نەتەوایەتییەکەی کورد بەدیبهێنێت. لە قاهیرەیش ئورەیا بەدرخان بەگ "کوێرد إستقلالی جمعیتی "(کۆمەڵەی سەربەخۆیی کورد)ی پێکەوەنا، و دەستی باڵای بوو لەجۆشدان بە یەکەمین ڕاپەڕینی کوردی ناوتورکیای کۆماری. بەڵام گرنگترینی ئەو کۆمەڵانە "جمعیتی تعالی کوردستان" (کۆمیتەی ڕابوونی کوردستان) بوو کە مەلاسەعید و خەلیل خەیالی مۆتکی و حەمزە بەگی موکوس دایانمەزران(٣٠) . ئەوان دەیانویست خاڵەکانی ڕەوشی ویلسن کەدانرا بۆ بڕیاردانی چارەنووسی گەلانی ناو ئیمپراتۆری عوسمانی بکەن بە سەرچاوە بۆ دابینکردنی مافی چارەنووس نەتەوەی کورد. ئەندامی ئەو کۆمیتەیە بەزۆری کوردە ئاوارەکانی ئیستەنبوڵ بوون. لە کۆنگرەی یەکەمیدا شێخ عەبدولقادریان کەتازە لەدوورخراوەیی مەککە گەڕابووەوە هەڵبژارد وەک سەرۆک. ئەمین عەلی بەگی کوڕی بەدرخان و جەنراڵ فوئاد پاشا بوون بە یاریدەر و جەنراڵێکی ترکەناوی حەمدی[24] پاشا بوو، بووە سکرتێری گشتی.

پاش بەستنی کۆنگرە، بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی ئامانج یەک کۆمیتە لەڕابەرە سەرەکییەکانی ئەوکۆمەڵەیە درووست بوو و لە پایتەختی ئیمبراتۆریدا چوونە لای کۆمسیۆنەکانی ئەمریکا، ئینگلتەرا و فەرەنسا.

جیاوازی بیر لەسەر پرسی سەربەخۆیی کوردستان گیرەوکێشەی زۆر خستە ناو کۆمەڵە. زۆربەی ناکۆکی لەنێوان "لاوانی ڕادیکال " کە سەربەخۆیی یەکجارەکی کوردستانیان دەویست، و سەرانی کۆمەڵەدابوو بەسەرکردایەتی شێخ عەبدولقادر کە تەنها بە ئۆتۆنۆمی لەقەوارەی

---

24 ـ F و E ـ ... حەمید پاشا ....

عوسمانیدا قایلبوون، کە ئەویش لەخۆیدا چوارچێوەیەکی شەقوشڕ بوو، بەڵام ئەو دەیویست شانبەشانی برا تورکەکان بکۆشن تا دروستیبکەنەوە. شێخ عەبدولقادر دەیگوت:. (لەم ڕۆژی تەنگانەیەدا پشتکردنە تورک، یان بە بڕیاردانی سەرخۆکردنی کوردستان لەپشتەوە زامدارکردنیان ڕەوشتێکی کوردانە نیە. من سوورم لەسەر ئەوەی ئەمڕۆ دەبێت وەک پێویست پشتیان بگرین. خۆ خۆیشتان چاک ئاگاتان لەوەیە کە تورک قایلن بەوەی کوردستان لەژێر سایەی سوڵتاندا سەربەخۆ بکرێت. هەروەها ئەوەتان لاڕوونە کە ئەگەر تورک بەڵێن شکێنبن ئەوا کورد "بەزەبر" دەتوانێت مافی خۆی وەرگرێت). ئەوەبوو پاش چەند ساڵ تورک لەبەڵێن پەشیمان بوونەوە و میللەتی کورد ویستی بەزەبر ماف وەرگرێت، بەڵام سەرنەکەوتن و مستەفا کەمال هەمان ئەو شێخە ڕەوشتپاکەی ڕەوانەی بەر پەتی سێدارەکرد.

ئەوجا لاوە خوێنگەرمەکانی کۆمەڵە بەکوردستاندا بڵاوبوونەوە تا لق و بەشی ڕێکخراوی تێدا بکەنەوە و خۆ بە هاونیشتیمانیان بگەیێن. دەستەیەکیان پاش چەند مانگی کەم توانی خێڵەکانی نێوان مەلاتیە و سیواس بۆ بزووتنەوەی چەکداری گۆشەکەن. لەناوەندی ساڵی١٩١٩وە ڕێکخستن کەوتە ناوچەیەکی فراوانی هەرێمی کوچگیری و بوو بە مەڵبەند بۆ کوردستانێکی ئازاد، بەڵام بەهۆی دابڕانیان لە بەشەکانی تری کوردستان، مارسی١٩٢١ لەشکری کەمالی شکاندنی و فەرمانی لەسێدارەدانی ١١٠ کەسی دەرکرد، بەڵام مستەفا کەمال، کە هێشتا لەژێر مەترسی هەرەس ڕژێمەکەی دەرنەچووبوو دەیویست سەرنجی کوردانی ناوچەی دەرسیم بەلای خۆیدا ڕابکێشێت و خۆی لە ئاژاوەی سەرانی کورد دووربخاتەوە، فەرمانی لێخۆشبوونی بۆ ئەوانە دەرکردن.

جیاوازی بیروبۆچوونی نێوان "ئۆتۆنۆمی" خوازان و لایەنی ئازادی خواز بووە هۆی دوو بەرەکی و دەستبەجێ تاخمی دووهەم کۆمەڵەیەکی تریان پێکەوەنا. ئەوە هاوکاتبوو لەگەڵ پێکهاتنی( پارتی نەتەوەیی کوردی) کە هیچ زانیارییەکمان لەبارەی چالاکی و پەیڕەو و پرۆگرامی ئەوەوە نییە. بەڵام سەبارەت بە کۆمیتەکەی دیاریەکر کە سەرلەنوێ[25] ساڵی١٩١٨ بەپێشنیاری جمیل پاشازادە دامەزرایەوە، پەیوەندی زۆر نزیکی لەگەڵ کۆمیتەی خۆیبوونی چالاک و بەناوبانگدا بوو. لەنێو چەند سەد ئەندامەکەیدا نزیکەی بیست ڕۆشنبیر هەڵکەوت کە هەر لەسەرەتاوە سەرگەرمی جۆرەها چالاکی ڕۆشنبیرانەبوون. لەو ئاستەدا کۆمیتە ویستی هێزێکی بەرگری پێکهێنێت بەڵام کەمالیستەکان هەندە بەهێزبوون توانییان لەناویاندەن.

پەیمانی سیڤەر( ١٠ـ ٨ـ ١٩٢٠)

لەیاداشتنامەکانی "لوید جۆرج"ی سەرۆک شالیارانی بەریتانیای ئەوسا هاتوە دەڵێت:( تا

---

25 ـ E ـ هەمانە . F ـ... کۆتایی ساڵی ١٩١٩ ....

بەتەواوی دەست بەسەر عیراق و سوریادا نەگرین ناتوانین بڕیار بۆ بەستنی کۆنگرەی ئاشتی بدەین)(٣١) . گرنگترین قۆناغ بەسوود بۆ ئینگلتەرا ئەوەبوو کە چوار ڕۆژ پاش مۆرکردنی پەیماننامەی ڕاگرتنی جەنگ ویلایەتی موسڵ (کوردستانی عیراقی ئەمڕۆ)ی داگیرکرد، کە بەگوێرەی ڕێکەوتننامەی سایکس ـ پیکۆ دەبوو بۆ فەرەنسابێت. ئینگلیز پێشتر ئەو هەرێمە نەوتییەی کوردستانی پشکنیبوو دەیزانی چەند بەپیتە، لەکاتی وتووێژیشدا بۆیان دەرکەوت کە زۆر بە ئاسانی ئەویان دەسناکەوێت و پێویستیان بە دەنگی دانیشتوانی هەرێم دەبێت، لە سەرەتای ساڵی ١٩١٨وە ئینگلیز کەوتە خۆ نزیککردنەوە لەسەرانی کورد. سێر پێرسی کوکس[26] " کە پاشان بوو بەیەکەمین نمایندەی دەرباری شای بەریتانی لە عیراق" مانگی جوونی ١٩١٨ بۆ گفتوگۆ لەگەڵ شەریف پاشا " کە پاشان بوو بەسەرەک لیژنەی ڕاوێژکارانی کورد لە کۆنفرانسی ڤێرسای" چوو بۆ مەرسیلیا و لەوێ پێکەوە لەسەر پێکهێنانی کوردستانی ئۆتۆنۆمی(٣٢) یان سەربەخۆ دوان.

کەڕوسیا بوو بە سۆڤیەتی لە ٣٠ ئۆکتۆبەری ١٩١٧دا[27] بانگەوازیان ئاراستەی گەلانی ڕۆژهەڵات کرد، تێیدا باوەڕیان بە پەیماننامەکانی ڕوسیای تزاری سەبارەت بە دابەشکردنی دەوڵەتی ئێران و ئیمبراتۆری عوسمانی پووچەڵکردەوە. ئەوجا لایەنەکان لەسەر بەشە هەرێمەکانی ڕوسیا کەوتنە گێرمەکێش. کە ئەمریکا لە سەرکەوتنی هێزی هاوپەیمانەکاندا دەستی باڵای بوو نەیویست بێبەشبێت. یەک ڕاپۆرتیان لەڕێی کۆمسیۆنی" کینگگران "ەوە ئاراستەی کۆنفرانسی ئاشتی کرد تێیدا دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئەرمەنییان پێشنیارکرد لەسەر ئەو هەرێمە فراوانەی بەڵێن بوو بدرێت بەڕوسیای تزاری و دەوڵەتێک بۆ تورک لەسەر بەشێک لە ئەنادۆڵ و پایتەختی ئیستەنبووڵ بێت[28] ، و هەروەها دەوڵەتێک بۆ کورد لەسەر چواریەکی ئەو هەرێمەی زۆر لە دانیشتوانی کوردن، و گشت ئەو دەوڵەتانە بخرێنە ژێر چاودێری ئەمریکاوە.

ئەگەرچی فەرەنسا لایگرانبوو بەڵام ناچار لەسەر مێزی کۆنفرانسی ئاشتی قایلکرا بەوەی دەوڵەتێکی کوردی دامەزرێ بەومەرجەی لەسەر هیچ یەکێک لە ناوچە کوردییەکانی سەرمەرزی سوریا یان هەرێمی نێوان کیلیکیا[29] و لێوارەکانی ڕۆژئاوای فوراتی نەبێت کە بەگوێرەی پەیمانی

---

26 ـ E ـ هەمانە . F ـ سیر پێرسی سایکس، « ئەمەیان هەڵەیە ـ و »

27 ـ E ـ ... ٣ی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ .... F ـ ... ٣ی مایس ١٩١٧ ....
« بەڵام م. س. لازاریف؛ لە" المسالە الکردیە"، وەرگێڕانی( د. عەبدی حاجی)، لاپەڕە ٣١، چاپی بەیروت ١٩٩١، دەڵێت: بانگەوازەکەی ئەنجومەنی نمایندەکانی یەکێتی گەلانی ڕوس" بۆ گشت جەماوەری کرێکاران لە ڕوسیا و ڕۆژهەڵات" ی ڕۆژی ٢٠ نۆڤەمبەر(٣ی دیسەمبەر)ی ساڵی ١٩١٧، و ... . » ـ و

28 ـ E ـ ... دەوڵەتێکی تورکی لەگەڵ ئیستەنبووڵ و پایتەختەکەی بکەوێتە بەشی ئەنادۆڵ ... « بەڵام فارسییەکە باسی دامەزراندنەی دەوڵەتی تورکی فرامۆش کردووە » ـ و

29 ـ F و E ـ ... کیلیکیای فەرەنسی ....
« فارسییەکە لە پەراوێزدا نووسیویەتی: Cilicia، واتە ئەرمەنستانی بچووک.» ـ و

سایکس پیکۆ کرابوون بەبەشی ئەو. لەولاشەوە نوێنەرانی کورد و ئەرمەنی بە مۆرکردنی ڕێکەوتننامەیەک ڕۆژی ۲۰ی دیسەمبەری ۱۹۱۹ کۆتاییان بە ناکۆکی نێوانیان هێنا. بەناوی کوردەوە جەنراڵ شەریف پاشا و لایەنی ئەرمەنیش بوغوس پاشا پەیماننامەکەیان مۆرکرد.

ئەوانەی بەشداربوون لەکونفرانسی سیڤەر (شارۆچکەیەکە لە کەناری پاریس) بریتیبوون لە؛ بەریتانیا، ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا (وەک چاودێر) فەرەنسا، ئیتالیا، ژاپۆن، ئەرمینیا، بەلجیکا، یونان، حیجاز (عەرەبستانی سعودی ئەمڕۆ)[30]، پۆلۆنیا، پورتوگال، ڕۆمانیا، دەوڵەتی سرب ـ کروات ـ سلۆڤینیا (پاشان یوگسلاڤیا لەوان پێکهات[31])، چیکوسلۆڤاکیا[32] و تورکیا، و دەستەیەک نوێنەری کوردیش بەشێوەی چاودێر بۆ ڕاوێژ و ڕوونکردنەوەی هەندێک گیروگرفتی نێوان لەگەڵ ئەرمینیا بەشداربوون. ئەو پەیماننامەیەی ڕۆژی ۱۰ی ئۆگستی ۱۹۲۰ لەسیڤەردا مۆرکرا(۳۳) بریتیبوو لەچوارسەد و سی و سێ[33] بەند.

ئەوی خوارەوە دەقی بڕگەکانی ٦٢ و٦٣ی بەشی٣ی ئەو پەیماننامەیە سەبارەت بەکوردستان:

**بڕگەی ٦٢:**

کۆمسیۆنێک پێکدێت لەنوێنەری سێ دەوڵەتی بەریتانیا، فەرەنسا و ئیتالیا، و نووسینگەیان لە ئیستەنبوول بۆدەکرێتەوە. دەبێت لەڕۆژی مۆرکردنی پەیماننامەوە تا شەش مانگ لەسەر ڕۆشنایی بڕگەی ۲۷ خاڵەکانی ۲ و ۳ی بەشی دووهەم، بکەونە نەخشەکێشان بۆ دیاریکردنی هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی کە لە هەرێمی نێوان کەناری ڕۆژهەلاتی ڕۆباری فورات و خوارووی مەرزەکانی باشووری ئەرمینیا (پاش دیاریکردنی) و باکووری مەرزی تورکیا لەگەڵ سوریا و میسۆپۆتامیادا پێکبێت کە زۆربەی دانیشتووانی کوردنشینن. گەرهاتو جیاوازی بۆچوونیان لەسەر خاڵێک کەوتە نێوان ئەوا هەرلایەک کێشەکە ڕووبەڕووی دەرباری دەوڵەتی خۆی بکاتەوە.

پێویستە لەو پلانەکەدا گەرەنتی پاراستنی مافی ئاسوری و کلدان وکەمەنەتەوە و ئاینییەکانی تری دانیشتووی ئەو هەرێمە بەرچاوگرن. بۆیە پێویستە یەک کۆمیسیۆن پێکبێت لە نوێنەرانی بەریتانیا، فەرەنسا، ئیتالیا، ئێران وکورد بۆ کۆڵینەوە و بڕیار و "ئەگەر پێویست بوو" چوونە

---

30 ـ م. س. لازاریف لەلاپەرە ۲۰۰ پەراوێزی ٤ ی سەرچاوەی پێشوودا دەڵێت: ئەوی پاشێن «واتە حیجاز» نە بەشداری کرد و نە پەیمانی سیڤەری مۆرکرد، چونکە ئینگلیز و فەرەنسا " کە لەکۆنفرانسی سایکس ـ پیکودا بەڵێنیان پێ دابوون " لێرەدا ئارەزووی دامەزرانی دەوڵەتی عەرەبی سەربەخۆیان نەبوو، ... . بڕوانە وەرگێرانە ڕوسیەکەی پەیمانی ئاشتی سیڤەر و بەڵگەنامە مۆرکراوەکانی لوزان. میللەر، سازبوونی دیپلۆماسی بۆ پەیمانی سیڤەر، لاپەرە ۲۰۳ ـ ۲۰۷. « ـ و

31 ـ پاش پێرسترۆیکا و هەرەسی سیستێمی کۆمۆنیستی سۆڤیەت، کۆماری یوگسلاڤیا هەڵوەشا وکروات، سلوڤینیا، بۆسنیا هێرسگۆڤینا و مەکەدۆنیا لەسربیا جودابوونەوە. « و »

32 ـ هەروەها ئەمانەیش بوونەوە بە دوو کۆماری چیک، و سلۆڤاک. « و »

33 ـ E ـ هەمانە. و F ـ ... ٤٣٢ بەند.

شوێنی مەبەست و دەستکاری سنووری نێوان تورکیا و ئێران بکەن بەو شێوەیەی لەگەڵ بڕیارەکانی ئەم پرۆتۆکۆلەدا بگونجێت.

برگەی ٦٣:

دەوڵەتی عوسمانی لە ئێستاوە بەڵێن دەدات کە بڕیاری هەردوو کۆمسیۆنی یەکەم و دووەمی لەبرگەی ٦٢ی ئەم بڕیارنامەیە دیاریکراو، تاماوەی شەش[34] مانگ لەڕۆژی ڕاگەیاندنیەوە پەسەند و جێبەجێکات.

برگەی ٦٤:

ئەگەر کوردی ئەو هەرێمەی برگەی ٦٢ی ئەم پەیماننامەیە دەیگرێتەوە لەماوەی یەک ساڵ لەڕۆژی دەرچوونی ئەم پرۆتۆکۆلەوە بتوانن بەڵگە نیشانی فیدراسیۆنی نەتەوەکان بدەن کەڕێژەی زۆری دانیشتوان سەربەخۆیی دوور لەدەوڵەتی تورکیایان دەوێت، و کۆمیسیۆنی ڕاوێژکاران ئەو سەربەخۆییە بە شایستە دەزانن و بڕیاری پێبەخشینی دەدەن، ئەوا تورکیا هەر لەئێستاوە بەڵێن دەدات بڕیارەکانی ئەو کۆمیسیۆنە جێبەجێکات و دەستبەرداری گشت جۆرە مافی خۆیبێت لەو هەرێمە. چەندوچۆنی ئەو دەستبەرداربیەیش دەبێت بە پەیماننامەیەکی نێوان تورکیا و هێزە هاوپەیمانەسەرەکییەکان دیاریکرێت.

گەرهات و ئەو ڕێکەوتنە بوو، ئەوا هێزە هاوپەیمانە سەرەکییەکان هەرگیز ناقایل نابن بەو دەوڵەتە کوردیە سەربەخۆیەی دیاریدەکرێت بۆ کوردی ئەو هەرێمەی کوردستان کەئێستا بەشە لە ولایەتی موسڵ.(٣٤)

پێش چوونە سەرباسی ئەو سنوورەی برگەی ٦٢ دیاریکرد، و پێش نواندنی سیما و ئەگەری چارەنووسی کوردستانیش بەو شێوەیەی پەیماننامەکە دەریدەخات، پێویستە چارەنووسی هەرێمی موسڵی کوردی و دینامیکیەتی دابڕینی چارەنووسی بەشەکانی تری کوردستانمان لێ ڕوونبێت. دەڵێت ئەو ویلایەتە نەوتییە کاتێک دەخرێتە سەر دەوڵەتی کوردستان کە زۆربەی دانیشتوان ئارەزووکەن، و خەونی لە تورکیا جودابوونەوەیش کاتێک دێتەدی کە ئەنجومەن "سەربەخۆییان پێ ڕەوا ببینێت" ئەگینا دەبێت لە بەریتانیای مەزن بپاڕێنەوە تا بفەرموێت ببێت بە سەرپەرشتکاری.

بەڵام سنوری سەپێنراوی ئەو کوردستانە سەربەخۆیەی پێشبینییان کرد و بەڵێنبوو لەسەر خواستی دانیشتووانی ـ ناوچە بەزۆری کوردنشینەکانی ئەدیامان، مەلاتیە، ئیلبێستان، دارندە و دەرنەک کە دەکەونە ڕۆژئاوای فورات ـ بگرێتەوە، بەڕاستی لە ١٠ی ئۆگستی ١٩٢٠دا بەپێی ڕێکەوتننامەی نێوان ئینگلیز، فەرەنسا و ئیتالیا خرانە سەر " بەشە تایبەتەکەی فەرەنسا"، وسەرەڕای ئەوە لەلای باشوورەوە نە تەنها کویرد داغ (شاخی کورد) و بەشێک لە لەوەڕگاکانی

---

34- F و E ـ ... بڕیاری کۆمسیۆنی ناوبراو و دوو کۆمسیۆنی لە برگەی ٦٢دا پێشنیارکراو لە ماوەی سێ مانگدا ....

جەزیرە بەپێی برگەی ٤٧( بەشی ٢، ڕستەکانی ٢ و٣ ـ کە زۆر دوور و درێژە بۆیە نایینووسین) خرانە سەر سوریای ژێردەستی فەرەنسا و ئێستایش بوون بەبەش لە سووریا، بەڵکوو شارەکانی کلیس، ئەنتاب، بەردچیک، ئورفە، ماردین، نەسیبین و جەزیرەی بن عومەر( جزیرە)یشیان خستە سەر هەمان پارچە(٣٥). ئەو دوو هەرێمە فراوانەی بڕیاربوو ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ بخرێنە سەر بەشی فەرەنسا، نزیکەی سێیەکی کوردستانی عوسمانی دەگرتەوە.

هەرچی " نەخشەی سنووری باشووری ئەرمینیایە کە دەبوو پاشان بیکێشن" لەڕاستیدا پێشتر بەپێی بەندی ٨٩ی پەیماننامە(بەشی حەوت[35]: ئەرمینیا) دیاری کرابوون، و مۆرکەرانی لەسەر ئەوە ڕێکەوتن " تورکیا و ئەرمینیا و لایەنەکانی تری مۆرکەری پەیمان ڕێبکەوتن لەسەر ئەوەی هێڵی مەرزەکانی نێوان تورکیا و ئەرمینیا لە ولایەتەکانی ئەرزڕووم، ترابزوون، وان و بەتلیس بخرێنە بەر دادوەری سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، و بەڵێن درا لایەنەکان گشت بڕیارێکی سەبارەت بە بەخشینی گۆێ ئاوێکی دەریایی بە ئەرمینیا و ڕامالینی چەک لە ناوچە مەرزییەکانی تورک پەسەند کەن(٣٦). " دادوەرییەکەی سەرۆک ویلسن بەپێچەوانەی ئەو ڕەوشەوەبوو کەخۆی پێشتر بۆ چارەنووسی گەلانی دیاری کرد. بەبێ پرسی دانیشتوانی هەرێم و بێ ڕوانینە تیرە و ڕەگەز بەشێکی فراوانی ناوچە کوردیەکانی بەخشی بەو دەوڵەتەی ئەرمینیا کە بڕیاربوو ئەمریکا ببێتە سەرپەرشتکاری، لەوانە ناوچە بەزۆری کوردنشینەکانی؛ موش، ئەرزنجان، بینکول، بەتلیس، وان، ئاگری( کەرەکلیسە)، ئەکدیر و ئەرزڕووم بوون، کە بێگومان ئەمیش سێیەکەکەی تربوو لە کوردستانی عوسمانی.

کەوابێت بەپێی ئەو پەیماننامەیە "کوردستانی سەربەخۆ "دەیکردە وڵاتێک دوو لەسێی خاک لێقتکراو، و ئەویش(ئەگەر کوردستانی ئێرانی لێ لابدەین) دەکاتە دوولەسێی بەشە زەوی زۆر بەپیت و جی لەوەڕە ئاساییەکانی ئاژەڵداران. ئەویشی دەمایەوە بەشێکی کەمبەرهەم بوو لە ناوچەکانی خەرپووت، دەرسیم، سیرەت، هەکاری و دیاربەکر کە پایتەختی ویلایەت و موسڵ کە ناوەندی ئابووری بوو. ئەوتریش وا ئینگلیز سەروکاریەتی. خۆ ئەگەر بهاتبا و بڕیارەکانی ئەو پرتۆکۆلە سەریگرتبا ئەوا کوردستان دەبوو بەپێنج پارچەی ژێردەستی ئینگلیز و فەرەنسا[36]: باشوور دەخرایە سەر سوریا، ڕۆژهەلات بۆ ئێران، باکوور بۆ ئەرمینیا و خودی کوردستانیش دەکەوتە ناوەند. ئەرێ جێگەی سەرسووڕمان نییە چەندین ئەوە لە نەتەوەییانی کورد پشت ببەستن بە هەلومەرجی پەیماننامەیەکی ئەوتۆ ناڕەوا گوایە لەبەرئەوەی پرۆتۆکۆلێکە پرس و مافی نەتەوایەتی گەلی کورد دەسەلمێنێت ؟!.

---

35ـ F و E ـ ... (بەشی شەش: ئەرمینیا)....
36ـ F و E ـ ... فەرەنسا لەرۆژئاوا ....

پەیمانی سیڤەر کە بڕیارەکانی بووە مایەی لەتوپەتکردنی نیشتیمانی تورکیا، وەنەبێت تەنها ناڕەوایی بێت و بۆ نشوستی گەلی تورک ئەنجام درابێت، بەڵکو بە هەمان شێوە سەرشانی نەتەوەی کوردیشی گرتەوە.

هەر لەگەڵ هەرەس و لەتوپەت بوونی ئیمپراتۆری عوسمانیدا، گشت گەلانی بندەستی ئەو توانیان دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان دامەزرێنن. ئەوی مایەوە تەنها گەلی کورد بوو کە هۆی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ بێتوانایی ڕامیاری و نیوەسەدەیەک پاشکەوتەنی[37] پێشەواکانی بوو کە کوردستان دابەشکرا بەسەر سێ ڕژێمی تازە پێکهاتووی تورکیا، عێراق و سوریا.

---

37ـ F و E ـ ... پاشکەوتەی مێژوویی ....

# تێڕوانین

١ ـ بۆ پتر زانیاری لەسەرەتای هۆشیاربوونەوەی ژیان و رۆڵی رامیاری کۆمەڵانی ژێردەستی تورک، بڕوانە( سەرهەڵدانی بزوتنەوەی لاوانی عوسمانی) لە نوسینی س. ماردین ١٩٦٢، و (لاوانی تورک: هەڵگیرسێنەری شۆڕشی ١٩٠٨)ی نوسەر ئی ئی. رەمشاو، و (لاوانی تورک) بیلگی یانقی لە ڕوسیەوە کردویەتی بەتورکی، ئەنقەرە ١٩٧٤.

٢ ـ سەرەتا فەلسەفەی پێداویستی ڕۆژ، زۆری کار کردە سەر یەکێتی خوازان و پاشانیش سەر کەمالیستەکان.

٣ ـ بڕوانە ـ زلهێزەکان و هێڵی شەمەنەفەری بەغدا ـ ماکمیلان ١٩٢٣.

٤ ـ ئاگادارێک بەسەرسامیەوە دەیگێڕایەوە کە لەو ڕۆژەدا، لەگۆڕەپانی سانت سۆفیا و سەر پردی گالاتا، گریک و بولگاری، کورد و ئەرمەنی تێکڕژابوون و وەک برا باوەشیان بەیەکدا دەکرد. ئەفسەرانی کوردی لاو وتاریان بۆ کۆمەڵ دەخوێندەوە و هەر دەیانوگوت و دەیانگوتەوە؛ کریستیان و موسوڵمان و جوو: گشت وەکیەک بران و لەمڕۆ بەدواوە ناحەزی ئەما و پێویستە پێکەوە و بەگشتی بۆ یەکێتی عوسمانی بکۆشن. ژوان هاسلیپ ـــ سولتانی سامناک، عەبدولحەمید ـ هاشیەت ١٩٦٠ لاپەرە ٢٤١.

٥ ـ سەیر لەوەدایە، کوردێکی دیاربەکری "ضیا گوێکئالپ" کە یەکێک بوو لە قوتابیانی زانکۆی دورکهایم، لەلێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵ ناسی و زمانەوانیدا بۆ خۆبردنەپێش گوتوویەتی؛ کورد( کە لەرێبیشدا خۆی وەک یەکێک لەوان نیشانداوە) زۆرگران فێری شارستانییەت دەبن. لەوەیش سەیرتر ئەوەیە کە نەتەوەییانی تورک ئەو بە ڕابەرێکی پیرۆزی تورکیای نوێ دەزانن و زۆری ڕێز بۆ دەردەبڕن. « F و E ـ( بڕوانەکوبرد عەشیرەتلەری حەقیندە ئیجتیماعی تەدقیقلەری، ئەنقەرە، ١٩٧٥). »

٦ ـ ئەخشەکێشی پلانی ڕاگوێزانی کوردەکان، ئەنوەر پاشا و تەلعەت پاشا بوو کە هەردووک لە سەرانی "ئیتیحادی" بوون و لە کوشتاری ئەرمەنیدا دەستی باڵایان بوو. فرمانێکی دە برگەیی بەمۆری سوڵتان موحەممەد ڕەشادی پێنج دەرچووە تێیدا دەڵێت؛ لەبەر" پێداویستی جەنگی پیرۆز" بەرەوای دەزانن کوردەکان بگوێزرێنەوە بۆناو خێڵە تورکەکانی ناوەندی ئاسیای بچوک و دەبێت ڕێژەیان لەوگوندە تورکییانە لە ٥ ٪ بەرزتر نەبێت. لەکاتی جەنگیشدا حەوسەد هەزار کوردیان گوێزایەوە بۆ ئاسیای بچوک (بڕوانە کوشتاری کوردان لە تورکیا ـ چاپخانەی خۆیبوون ـ ئەنجومەنی میللی کورد ـ قاهیرە ـ ١٩٢٨).

٧ ـ ناوی ١٧ میرنشینە کوردییەکەی سەدەی حەڤدە کە پرۆفیسۆر شەرەفەدین توران لە پەرتووکێکدا بەناوی " ١٧ بەشە سەربەخۆکانی ناو ئیمپراتۆری عوسمانی سەدەی حەڤدە (زانکۆی ئەتاتورک،١٩٦١ یلیلیگی) ئەنقەرە ١٩٦٣، لاپەڕەکانی ٢٠٥ ـ ٢٠٧. ئەمانەن: جەزیرە، حەزرو، ئیگیل، « F و E ـ پالو، کیگی، گینس »، بەتلیس، خیزان، هەکاری، مەحمودی، شارەزوور، میهریوانا، ئامێدی، ئاستی، تەرجیل و میهرەبان. « F و E ـ " مێژووی ئیمپراتۆری عوسمانی"ی جوزێف ڤۆن هامر (پاریس ١٨٦٣). تەنها ناوی هەرێمی

دیاریەکر دەبات و دابەشی دەکات بەسەر ١١ سەنجەقی عوسمانی و ٨ سەنجەقی کوردی و ٥ میرنشینیدا . ـ و».

٨ ـ کوردانی ئیمبراتۆری عوسمانی سەدەی نۆزدە ـ لاپەڕە ٥٠ ـ ج جەلیلی ـ مۆسکۆ ١٩٧٣.

٩ ـ کورد وکوردستان، آ. سفراستیان ـ هارڤل پرێس ـ لەندەن ١٩٤٨ لاپەڕە ٥٢.

١٠ ـ F و E ـ نامەکانی سەبارەت بە ڕۆژهەلات، ڤۆن مولتکە ـ پاریس١٩٧٢ ـ لاپەڕە ٢٤٣.

١١ ـ دانیشتووانی کورد لەئێران بەم چەند وشەیە سکالای دەردی خۆیان دەردەبڕن بۆ گەڕیدەیەکی ئینگلیز، کەدەڵێن( ڕۆژانە تا هێزمان تێدابێت کاردەکەین و بەهیچ ناگەین، کرێی ڕۆژانەمان بەشی نانی ڕۆژ ناکات، ژن و پیاو، گەورە و بچووک نیوە رووت، پێ پەتی و هەمیشە برسین) هـ. سی راولسون. « F و E ـ لەیاداشتەکانی،گەشتێک لەتەبریزەوە بەکوردستاندا بۆ شوێنەوارە کۆنینەکەی تەختی سلێمان، گۆڤاری ڕۆیاڵ جیۆگرافی سۆسیتی، بەرگەکانی ١٠ و ١ ، ١٨٤٠، لاپەڕە ١٤ »

١٢ ـ شەرەفنامە.چاپی تورکی، ئیستانبوڵ ١٩٧٥، لاپەڕە ١٤٨.

١٣ ـ ساڵی ١٨٣٩ لەشکری عوسمانی بەدەست هێزی ئیبراهیم پاشای کوڕی محەممەد عەلی بەزین.

١٤ ـ ف. دیتیل( لەیاداشتی گەشتێکی ساڵەکانی ١٨٤٢ـ ١٨٤٥ بۆ ڕۆژهەلات؛ کورد و بەدرخان بەگ ـ کۆششی لەپێناو کوردستان) « F و E ـ ...: نوسینی، ئۆ. دیتل، لاپەڕە ٢٠٥، پەنا بەباسەکەی ئا. خالفین (کۆشش لەپێناو کوردستاندا »، مۆسکۆ ١٩٦٣، لاپەڕە ٥٤.

١٥ ـ ن . ئا. خالفین ـ سەرچاوەی سەرەوە ـ لاپەڕە ٥٦.

١٦ ـ ج . جەلیلی ـ سەرچاوەی سەرەوە ـ لاپەڕە ١٤٧.

١٧ ـ ن . ئا. خالفین ـ سەرچاوەی سەرەوە ـ لاپەڕە ٧٤.

١٨ـ نامەکە زۆر درەنگ گەیشت، پاش بلاوەپێدانی بزوتنەوەکەی یەزدانشێر« بە گوێرەی سی ف خالفین، سەرچاوەی سەرەوە » لیخۆتێن کە لەکاتی جەنگدا فەرماندەی تیپی رووس بوو دەڵێت؛ سەبارەت بە جەنگی هاوبەشی دژ بەبابی عالی چەندین نامەی جۆراوجۆری لە یەزدانشێرەوە پێگەیشت(ڕووس لە تورکیا نێوان ساڵەکانی ١٨٥٤ و ١٨٥٥) د. جەلیلی لاپەڕە ١٦٨ و ١٦٩.

١٩ ـ ن. خالفین، بە ئەرشیفی شالیارگەی دەرەوەی ڕوس، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١١٨.

٢٠ ـ پ. ی. ئوریانێف لەژێر ناونیشانی "Kurdy v Voinakh Rossii s Persiei i Turtsiei v Techenie XIX Stoletia " ( تەفلیس، ١٩٠٠) لاپەڕە ٢٨٨ کە لەنووسینی خالفین وەرگیراوە، لاپەڕە ١٢٦سەرچاوەی سەرەوە. « تێبینی: ئەمەیانم لەفارسی و ئینگلیزییەکە وەرگرت چونکە لەعەرەبییەکەدا نیە. ـ و »

٢١ ـ ئیسرائیل نوعمانی نوسیویەتی " تێکۆشەرانی کورد ساڵی ١٩٠٧ بەشداری کۆنفرانسی لاوانی تورکیان کرد لە پاریس، لەوێدا نوێنەری گشت ڕێکخراوە ئازادی خوازەکانی گەلانی ناتورکی ناو ئیمبراتۆری عوسمانی بڕیاریان دەرکرد کە دژ بەستەمکارییەکەی سوڵتان

عەبدولحەمید لەگەڵ لاوانی کورد «F ـ لاوانی تورک» دا یەک بگرن ". رۆژنامەی ڕۆژهەلاتی نزیک ژمارە ٣ لاپەرە ٢٨٠ « F ـ" بزوتنەوەی کورد ومسافی چارەنووس" لە بلاوکراوەکانی گۆڤاری ڕۆژهەلاتی ناوەراست ژمارە ٣ ساڵی ١٩٦٦ لاپەرە ٢٠٨ »، دوو تێکۆشەری نەتەوەیی کورد؛ عەبدولرەحمان بەدرخان، بەرپرسیاری ڕۆژنامەی کوردستان و حیکمەت بابان، بەشداری کۆنفرانسی پاریسیان کرد.

٢٢ ـ دکتۆر بیلتس شیر جۆرج « ؟ »، المسالە الکردیە ـ قاهیرە ١٩٣٠ لاپەرە ٥٠ «F، دکتۆر بلچ شیرکوە ». ڕاستیەکەی بلەچە شێرکۆ یە.« و »

٢٣ ـ ب. نیکیتین . کورد ، چاپەمەنی ناسیونال، کلانکسیک ـ پاریس ١٩٥٦.

٢٤ ـ م . لازاریف. کێشەی کورد، موسکۆ ١٩٧٢ لاپەرە ١٤٧.

٢٥ ـ هەمان سەرچاوە.

٢٦ ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٢٧ ـ لەچاپخانەکانی زانکۆی فەرەنسیدا ساڵی ١٩٣٣ یەک نامیلکە هەبوو لەژێر ناونیشانی (کێشەی کورد و باری کەمایەتییەکان) لەوێدا دکتۆر سەگبان ڕاستەوراست دەڵێت:"ڕووداوەکانی ئەودواییە سەلماندی کەپێکهاتنی دەوڵەتی کوردی دەبێتە هۆی کارەساتی ناهەموار و دژ بە بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی گەلی بچووک ".

٢٨ ـ ئەرشیفی شالیارگەی دەرەوەی ڕوسی( بوزولوستوف، کوستینتینوبل) ١٩٠٧ ـ ١٩١٣ بەلگەنامەی ژمارە ١ ـ ٣ سازونۆف ، چاریکۆڤ ـ لەلایەن لازاریف "سەرچاوەی پێشوو".

٢٩ ـ بۆ پتر زانیاری سەبارەت بە سایکس ـ پیکۆ، بگەڕێرەوە بۆ(دابەشکردنی تورکیای ئاسیایی ) لەسەر ڕۆشنایی بەلگەنامە نهێنیەکانی دەرەوەی ڕوسیای تزاری، لە بلاوکراوەکانی دەزگای شورەوی ساڵی ١٩٢٤، أ.ا ئادەمۆف.

٣٠ ـ پاشان ناوی مەلا سەعید بوو بە( بدیع الزمان سید نورسی) کە ڕشتەیەک باسی فەلسەفی و ئاینی نووسیوە لەژێر ناونیشانی(کتیبات النور) و هەر ئەوە دانەری ڕەوشی ( نورجویان ) کەئەمرۆ پتر لەسەدهەزار کەس پەیرەوی پێدەکەن، بەتایبەتی لەئەنادۆلی کوردیدا « F و E ـ ئەنادۆلی تورکی ». ـ و

٣١ ـ لازاریف، سەرچاوەی پێشوو، لاپەرە ٣٢٨.

٣٢ ـ گەشێک بەناو دلێراندا ـ دان ئادەم سمیث( بۆستن، تورینتۆ ١٩٦٤) لاپەڕەکانی ١٩٢و١٩٣.

٣٣ ـ بۆ پتر وردبوونەوە لەناوەرۆکی پەیماننامە، بگەڕێرەوە بۆ ڕستەی گشتی پەیمانەکان، لاییزغ ١٩٢٤، زنجیرەی ٣ لاپەرە ٦٦٤ـ٧٧٩. « F و E ـ ... تەواوی نوێکۆکراوەکانی بڕیار Nouveau Recueil General des Traites ( لایپزیگ ١٩٢٤) T.XII,3rd Series لاپەرەکانی ٦٦٤ـ٧٧٩.»

٣٤ ـ هەمان سەرچاوەی پێشووە، لاپەرەکانی ٦٦٧ـ ٦٦٨.

٣٥ ـ هەمان سەرچاوە، لاپەرەکانی ٦٦٨ـ ٦٦٩.

٣٦ ـ هەمان سەرچاوە، لاپەرەکانی ٦٨٣ـ ٦٨٤.

# ٢

# کوردستانی تورکیا

## کەندال

## تێڕوانینێکی هەمەلایەنە

**هەرێم و دانیشتوانی**

کوردستانی تورکیا لەنێو هەرێمە کوردییەکاندا پان و بەرینترییانە و دانیشتوانی پترن. بەندەری ئەسکەندەرۆنە و شاخەکانی تورس سنووری ڕۆژئاوای پێکدێن و یەکێتی سۆڤیەت «ئەرمینیا» و ئێران سنووری ڕۆژهەلاتن، و زنجیرە شاخەکانی بونتیک[1] سنووری باکوورن و سنووری باشووریش هێڵە سنوورییەکەی نێوان تورکیا و سوریا و عیراقە. بەکۆی ڕووبەری ٢٣٠٠٠٠کم٢ ( دەکاتە ٣٠ ٪ کۆی ڕووبەری تورکیا ) و هەژدە پارێزگا (ویلایەت) لەڕۆژهەلات و باشووری ڕۆژهەلاتی ئەنادۆلی تورکی[(١)] لێ پێکهاتووە.

کوردستانی تورکیا پارچە زەوییەکی شاخاوی سەختە(بەرزی ئارارات ٥١٦٥ مەتر و چێلو ٤١٣٨ مەتر و سۆیان و جودی نزیکەی ٤٠٠٠ مەتر دەبن). ڕوبارە مەزنەکانی ئاراس و دیجلە وفورات و لقەکانیانی پێدا دەڕوات. کەشوبای کیشوەرییە و پلەی گەرمای تێدا نایەکسانە[(٢)]. ناوچەکانی ڕۆژئاوای[2] لەساڵدا نیوەی بەفر دایاندەپۆشێت، بەڵام پێدەشتەکانی ئورفە و ماردین و دۆڵی دیجلە مامناوەندیترن.

خوڕبوونی ئاوی ڕوبارەکان و جیاوازی بەرز و نزمی بەپێی وەرز ڕێی هاتووچۆی کەشتی نادەن. بەڵام وزە و توانای یەکجار زۆر و بەکەڵکی ئەلیکتریکییان لێ پەیدا دەبێت کە دەگاتە

---

1 ـ لەکۆندا بەدەریای ڕەش گوتراوە پونتوس ئەکسیلیوس Pont Euxin. المنجد، لویس معلوف ـ « و »

F - 2 و E ـ ناوچەکانی باشوور. « و »

نزیکەی ٩٠ ملیار کیلۆوات(٣).

چڕی ڕووەک و دارستانی لەبەر کەمتەرخەمی و کەمشارەزایی و بەربەبەر لێبڕین ونەڕواندنەوەی وەک جاران نییە و ڕوو لە نەمانە[3]. هەندێک شاخی داپۆشراون بە داربەڕوو، گوێز و مازوو. هەروەها لە پێدەشت و دۆڵەکانیدا چنار، سپیدار، «سەرو» و سنۆبەر و داری بەری( ڕەز و میوە)ی میدیتەرانەیی « هەرێمی دەریای سپی» زۆرن. جانەوەری کێوی وەک ورچ، گورگ و ڕێوی تێدا زۆرن، و لە ناوەدانیەکانیدا هەندێک ئاژەڵی وەک: کەمتیار و بەراز و بزنەکێوی هەن.

سەرژمێری ساڵی ١٩٧٠[4]ژمارەی دانیشتوانی کوردستانی بە ٧٧٥٥٧٠٠ کەس نیشاندا(٤)، لەوانە ٦٢٠٠٠٠٠ی، واتە ٨٢٪ کورد و ئەویدی تورک بوون (ئەوانەیش بریتیبوون لەفەرمانبەر و مووچەخۆری سپایی و ئەو یۆغسلافی و بولگارییە دوورخراوانەی بەپیزترین زەوی کوردستانیان پێ بەخشین) و( لە پارێزگاکانی ماردین، سیرەت و غازیەنتاب) عەرەب دەژین و نزیکەی ٨٠٠٠ تا ٩٠٠٠ ئەرمەنی (لە دیاربەکر و قارس) بوون.

مرۆڤی ناکورد لەشار و شارۆچکە کوردییەکاندا زۆرن. لەپارێزگاکانی مەرەش، غازیەنتاب، مەلاتیە و ئەرزڕووم کە ناوچەی مەرزی وڵاتی کورد پێکدێنن لەگەڵ ئەنادۆلی تورک نشین (بەپێچەوانەی هەرێمی ڕۆژهەلات و ناوەندەوە کە ڕێژەی کوردیان تێدا پترە ) زۆرترین ژمارەی ناو ئەو تێکەڵە چەند ڕەگەزیە کوردن.

وەکتریش دەبێت بۆ دەرخستنی ژمارەی تەواوی کورد لەتورکیا، ژمارەی کۆمەڵە کۆچپێکراوەکانی کورد بۆ ناوچەکانی ئەنادۆلی وەک جیهانبیلی، هەیانا، کوبردۆگە، توکەت، سانکیری و هتد ...، وهەروەها دەبێت ئەو هەزاران کوردەی کۆچیان کردووە بۆ شارە تورکە پیشەسازیەکانی تر لەیاد نەکەین کە تەنها لە ئیستەنبووڵدا نیوملیۆن کرێکاری کورد دەژی. سەرژمێری ساڵی ١٩٧٠ دەریدەخات کەژمارەی کوردی دەرەوەی کوردستان دوو تا دووملیۆن و نیو دەبن(٥).

واتە بەپێی ئاماری ساڵی ١٩٧٠ ژمارەی ئەوانەی بەزمانی کوردی دەدوێن گەیشتووەتە ٨.٥ ملیۆن کەس، کە دەکاتە ٢٣.٨٪ی کۆی ٢٥.٧ملیۆن هاوولاتی کۆماری تورکیا. لەئێمە ڕوونە کەئەو ٨.٥ ی لەئاماری ساڵی ١٩٧٠مان وەرگرتووە زۆر تەواو نییە، و بەبۆچوونی ئێمە لەنێوان ٨ تا ١٢ ملیۆندایە. گومان لەوەدا نییە کە گشتکات ڕژێمی تورک ژمارەی کورد کەمتری نیشان دەدات، بەڵام لایەنە نەتەوەییە توندڕەوەکانی کوردیش زۆری پێ لێدادەگرن.

---

3ـ ( لەجەنگی دژ بە بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورددا، ڕژێم دوانزە ملیۆن هێکتار جەنگەڵی لە کوردستان سووتاند) "یەشار کەمال" بۆ ڕۆژنامەکانی "دێر شپیگل"ی ئەلمانی و"داگس نیهێتتەر"ی سویدی ـ گۆڤاری گزینگ، ژمارە ٧، لاپەرە ٤٥ساڵی١٩٩٥، سوید). « و »

4- F و E ـ ٧٥٥٧٠٠٠کەس.

لەسەرووی ئەوانەیشەوە بەشی یەکجار زۆری کورد لەترسی زەبروزەنگی پتر لە نیو سەدە، دوودڵن لەوەی خۆ بەکورد بنووسن. بەوەی لەکاتی سەرژمێرەکەی ساڵی ١٩٦٥دا بۆم رەخسا وەک سەرژمێر لەگەڵدابم، ئەو دیاردەیەم بەچاوی خۆ دی؛ کە لەیەکێکم دەمپرسی: بەچی زمانێک دەدوێیت؟ زۆرجار وەڵامی ئەو بێچارە و بێدەسەڵاتەی زۆربەی ژیانی لەناو کۆلیتێکی بە تەنەکە هەڵچنراوەدا بردووەتە سەر بەتووڕەییەوە دەیگوت: دەینووسە تورک و لە سەرئێشەمان دوورخەرەوە!.

ڕێژەی دانیشتوانی کورد لەکوردستاندا هەر سەردەکەوێت. نێوان ساڵەکانی ١٩٤٥ و ١٩٦٥[5] ناوەندی سەرکەوتنی ڕێژەی دیمۆگرافی کوردستان ٢.٨٨ ٪ بوو بەرانبەر بە٢.٦٥ی تورکیا. ڕێژەی مەرگ "بەتایبەتی لەنێو منداڵان" لە٢.٢٥ ٪ی ساڵی ١٩٦٠وە دابەزی تا لەساڵی ١٩٧٠دا بوو بە ١.٤ ٪، بۆیە ڕێژەی هەرزەکار تا دێت بەرزدەبێتەوە. ئەو ناوەندی ڕێژەیە لەنێوان ساڵەکانی ١٩٦٥وە تا ١٩٧٠ گەیشتە ٢.٨٨ ٪. زانیارییەکانی دەست ئێمە کەوتن بێ چەندوچۆن نیشانیداوە کە ئەو ڕێژەیە هەر لەبەرزبوونەوەدایە، بەڵام ئەوتۆیش هەر لەوەناچێت کوردستان بە پارچەیەکی ئەوتۆ چڕ بژمێردرێت، چونکە چڕی دیمۆگرافی ئەوناوچەیە ساڵی ١٩٧٠ لە ١ کم٢دا ژمارەی دانیشتووان لە ٣٣ کەس تێنەپەڕیوە ( لەگشت تورکیا ٤٣.٩ کەس بوو). چڕی دانیشتووان لەهەرێمێکەوە بۆ هەرێمێکی تر جیاوازن: هەرچی هەرێمەکانی باکوور و ڕۆژئاوایە بەرزترن لەوانی ڕۆژهەڵات( لە هەکاری ٩ کەس لەیەک کیلۆمەتر دووجادا دەژی). جارجارەیش لەهەندێک ناوچەی کوردستاندا هەڵدەکەوێت ڕادەی ناوەندی چڕی دانیشتوانی لەناوەندی چڕی دانیشتووی گشت تورکیا بەرزتربێت.

کۆمەڵی کورد بەزۆری گوندنشینن. لەساڵی ١٩٦٥دا ٢٧.٨ ٪ی ئەو کۆمەڵە لە ١٤٦ شارۆچکە و ١٨شاری کوردیدا دەژیان کەئەمڕۆ ژمارەی دانیشتووانی تەنها شەش لەو شارانە( غازی ئەنتاب، دیاربەکر، ئەرزڕووم، مەلاتیە، خەرپووت و ئورفە) پتر لەسەدهەزار کەسن، و ڕێژەی ٧٢.٢ یش[٦] لە٢٠ ١١١ گوند و ٩٧١٧ لادێ (گوندی بچووک پێکهاتوون لە هەندێک ماڵی کەم)دا دەژین. تا ساڵی ١٩٦٠یش نزیکەی ٧٠ تا ٨٠ هەزارکەسی نیمچەکوچەری لە دەواردا دەژیان، بەڵام ئەمڕۆ ژمارەی ئەوانە لە ٣٠ هەزار کەس تێناپەڕێت.

بەهۆی میکانیزەکردن و پێشکەوتنی کار و پیشەی کشتوکاڵیەوە کۆمەڵی جوتیار بەزۆری ڕووی لەشارکرد. بەو لەپڕ بەرزبوونەوەی ڕێژەی دانیشتوانە لەشاردا شیرازە تێکچوو تا ئەو ڕادەیەی بێکاری و تەنگەبەری حەوانەوە و کەمتر دەسکەوتنی خانوو بۆیان بوو بە کێشەی بێچارەسەر، و کەپر و کۆلیتی تەنەکەی بە کەنار شارەکاندا بڵاو کردەوە.

---

5 - E ـ هەمانە و F ـ ... ١٩٤٧ تا ١٩٦٥.

### پەروەردە و ئامۆژ

مەزنترین ئاسۆری کوردستان نەخوێنەوارییە. وا پتر لە نیوسەدە بەسەر دامەزراندنی سیستێمی کۆماری عیلمانیدا تێدەپەڕێت هێشتا ٧٢٪ی مرۆڤی شەش ساڵ و بەرەوژووریان نەخوێنەوارن. بە بەراورد لەگەڵ نەخوێنەوارانی گشت تورکیا کە ٥١ ٪ ی دەنیشتوان دەبێت. بەشە تورکیەکەی کۆمار بەتەنها ٤١.٤ ٪ی بەردەکەوێت، واتە نەخوێنەواری لەکوردستان دوو بەرانبەری بەشە تورکیەکەیە.

بەشی هەرەزۆری گوندە کوردەکانی ئەمڕۆ بێ خوێندگەی سەرەتایین، ئەگەر بەهەڵکەوت لەگوندێکیشدا هەبێت ئەوا تاکە یەک ماموستا وانەی پێنج پۆل دەڵێتەوە، کەئەویش تەنها بەتورکییە. ئەوجا لەو پەلجا و چەند خوێندگەی ئامادەییەی لەکوردستاندا هەن کەموکووڕی خوێندن یەکجار زۆرن. کاتی تاقیکردنەوەی بەکالوریا خوێندکاران دەکەونە ژێر هەمان هەلومەرجی خوێندکارە خۆشبەختەکانی ئیستەنبوڵ و ئەزمیر و هتد.... بۆیە جێی سەرسووڕمان نیە ئەگەر خوێندکاری کورد کەمتر بگاتە خوێندنی بەرز. لەکۆی ١٨ زانکۆ و ١٧٥ ئامۆژگای بەرزدا ساڵی ١٩٧٥ تاکە یەک زانکۆ ( لە ئەرزڕووم) و یەک کۆلیجی پزیشکی (لە دیاربەکر) و چوار ئامۆژگای پیشەسازی و ئامۆژ لەگشت کوردستان کراوەتەوە. لەوانەیشدا هەر خوێندکاری کورد لەو بنکانەدا کەمن.

زمانی فێرگە تەنها تورکییە. لەساڵی ١٩٢٥وە زمانی کوردییان لێ قەدەغە کراوە و لەچاپدان و بلاوکردنەوەی پەرتووک و ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردیش قەدەغەن[6]. ئەگەرچی سزای قورسیان لەسەرە هەر بەزمانی کوردی چاپەمەنی نهێنی بلاودەکەنەوە. زۆربەی چاپ بەو تایپە لاتینیە دەنووسنەوە کەجووتەبرای بەدرخانی « جەلادەت و کامەران » لەگرتی سێهەمی ئەم سەدەیەدا بۆ شێوەزمانی کوردییان گونجاندووە. ڕاستی ڕێڕەوی نوێ ئەوەیە کە: ڕۆشنبیرانی کورد تا ئەم دواییانەیش هەر بەزمانی تورکی هەست و بۆچوونیان دەربڕیوە. وەنەبێت نووسەر و وێژەران لەترسی قەدەغەکردنب نەوێرن بەرهەم بە کوردی بنووسن و لەچاپدەن، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە هەندە ئاشنای زمانی زگماکی قەدەغەکراویان نین. ڕۆشنبیری کورد گرنگی زۆریان بەخشیوە بەکولتووری تورک؛ بەناوبانگترین چیرۆک نووسی تورکیا ( یەشار کەمال)[7] کوردە و لەگشت

---

6 ـ پاش حەفتا ساڵ قەدەغەبوون، لەبەر پێداویستی چوونە ناو یەکێتی ئەوروپایی و نواندنی ڕووی دیموکراسی، تورکیا بڕیاری لەناوخۆی خۆیاندا بەکوردی دوانی بۆکوردان ڕاگەیان بەڵام لەخوێندگە وکاری دەزگای دەوڵەت هەروەک پێشوو بەتورکییە، و تاکو ئێستا ڕێگەی هیچ جۆرە چاپەمەنی بەزمانی کوردی نەدراوە. تەنانەت گەر کودێک بۆ سەردان لەهەندەرانەوە بە ڕێگەی تورکیادا بچێتەوە بۆ باشوور یان ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەیپشکنن و ئەگەر چاپەمەنی کوردی پێبێت، ئەوا گێچەڵ پێ دەکەن و هەڵدەکەوێت زیندانیشی بکەن. « و »

7 ـ لە تەمەنی ٧٢ ساڵیدا بە تاوانی(بیر و بۆچوونی تیرۆریستی) لەسەر دوا بەرهەمی( بیری ئازادی و تورکیا ) گیرا و چەند جارێک کێشی دادگا کرا، کۆڕ وکۆمەڵانی کولتووردۆست و هەروەها ڕێکخراوە ئازادیخوازەکانی جیهان ڕەخنە و خواستی ئازادکردنیان ئاراستەی تورکیا کرد، پاش چەند مانگ گێرمەکێش، دادگای >>>

سات و شوێنێدا خۆی ئەوە دووپات دەکاتەوە. بەرهەمی ئەو وەرگێڕدراوە بۆ پتر لە بیست زمانی بیانی. لەوانە؛ حەمەدۆک، کاریتە و هتد.... هەروەها دوو وێژەری بەناوبانگی وەک جاهید سدقی تارانچی و ئەحمەد عارف. هونەرمەندی جیهانی سینەمای بەناوبانگ، یلماز گوێنای[8] دەرهێنەر(ریڤیسوێر) تارمایی کوردبوونی خۆی لەناوەڕۆکی فلیمەکانیدا نواندووە. هەروەها زۆر لەگۆرانیبێژە بەناوبانگەکانی تورکیا؛ هەر لە رەحیمی، ڕوحی سوو تا دەگاتە رەحیم سالتوک[9] و هتد ... کوردن ( و بەزۆری شیعەن)[10].

بیر لە ڕەگەز کردنەوە لەساڵی١٩٦٥ بەدواوە بووە بە باو. ئەو هەستە بەزۆری لەناو بەشی زۆری ڕۆشنبیرانی کورد بڵاوبوەتەوە. ئاساییە کە نەخوێنەوارەکانیان" لەزمانی زگماکی بەولاوە هیچ زمانی تر نەزانن". ئەو میللەتە کۆمەڵدۆستە ئەمڕۆ ڕووی لەوەناوە بناغەیەکی ڕۆشنبیری وکولتووری کوردی هەلکەوتوو بۆخۆی دابینکات.

ئاین

نزیک لە٩٩٪ی کورد موسوڵمانن و نزیکەی ٣٠ هەزار دیان(نەستوری یان ئاشووری) و ٤٠ تا ٥٠ هەزار یەزیدی[٧] هەن( بەهەڵەداچوویان بەوان دەڵێن شەیتان پەرست).

کورد زۆری موسوڵمانی سوننیە و لەسەر کێشی شافعی. چەند هەزار شیعەیش هەن (قزلباش، یان عەلەوییەکانی پەیڕەوکاری زاواکەی پێغەمبەر) لە دەرسیم، خاپوور و مەرەش.

لەزۆر گوندی کوردستاندا خوێندگەی قورئان(حوجرە) هەن، کە لەوێدا منداڵ بە زمانی عەرەبی فیری ڕەوشی ئاین دەبێت. بەشێک لەمامۆستاییانی ئاینی(مەلا) خوێندکارەکانیان فێری کولتوری کلاسیکی کوردی وەک؛( بەرهەمەکانی ئەحمەدی خانی، مەلای جزیری، باتی، «فەقێ» تیرانی، باباتاهیر «ی هەمەدانی» ، «حاجی قادری» کۆیی و هتد...) دەکرد ـ بێگومان ئەویش بەدزی کاربەدەستانی تورکەوە.

ڕۆشنبیری لادێ، واتە مامۆستای ئاینی(یان مەلا) ڕۆڵی تایبەتیان هەیە لەناو کۆمەڵی لادێی کوردیدا. تاکو دەساڵ لەمەوبەر بەپێتاکی ناوکۆمەڵ، یا بەرەنجی شانی خۆیان دەژیان. بەوەی

---

<<< ئاسایشی ئیستەنبول ڕۆژی ١ی دیسەمبەری ١٩٩٥ بڕیاری سەربەست کردنی دا بەلام لەڕۆژی ٧ی مارسی ١٩٩٦دا دادگای بەرزی تورکی، یەک سال و هەشت مانگ زندانی بۆبڕیەوە !!. « و »

8 ـ یلماز گوێنای، لەساڵی١٩٦٣وە لەسەر هەستی نیشتمان پەروەری و بەهۆی فلیمەکانیەوە جارێک "یەک ساڵ و نیو"، جارێکی تریش" ٢٧ مانگ"بەند کراوە، دواجاریش بە تاوانی کۆشین بۆکوشتنی دادوەرێک ٢٤ساڵ زیندانی بۆبڕاوەتەوە و پاشان بۆی کراوە بە ١٨ساڵ. ساڵی١٩٨١ لەکاتی مۆڵەتیدا بۆ سەردانی کەسوکار، هەڵهات و ژیانی ئاوارەیی گرتەبەر. هەمان ئەوساڵەی فلیمی "ڕێگا"ی لە سویسرا تەواوکرد، خەڵاتی "کان"ی سینەمای پێ بەخشرا. پاش خەباتێکی زۆر لەزەمینەی فلیمی نیشتمانپەروەریدا، ساڵی١٩٨٤ کۆچی دوایی کرد.(تەیفور ـ گۆڤاری گزینگ، ژمارە ٦ ساڵی١٩٩٥، سوید.). « و »

9 ـ ئەمڕۆیش ئیبراهیم داتلیساس و هەندێک لاوی ترن « و »

10 ـ دیارە مەبەست لەو خێڵە کوردانەیە کە لە سەر ڕەوشی کاکەیین. « و »

نێوان ساڵەکانی ۱۹۵۰ و ۱۹۶۰دا ئاگایان لە ئێش و ئازاری نەتەوە و شێوەی ژیانی کۆمەڵانی لادێ بوو، ڕۆڵی پێشکەوتوخوازانەیان دەبینی. دژبوون بە هەڵوێستی کاربەدەستانی میری و لایەنگیری هاونیشتمانی خۆیانبوون. ڕژێمی تورک لە ساڵی ۱۹۶۵ بەدواوە ئەوانەی ترۆکرد و مەلای مووچەخۆری سەر بەدەزگای ئاسایشی (MIT) تورکی و لەئامۆژگای دەوڵەتدا ڕاهێنراوی خستنەجێ تا ببنە هێڵی بلاوکەرەوەی پروپاگندە بۆ ڕژێم .

تائێستایش ڕەوشی ئاینی (تەریقەت) لەگشت کوردستاندا باوە. ئەو ڕەوشە تا دەرکەوتنی سیستێمە فرە پارتییەکەی ساڵی ۱۹۲۶[11] زۆر بەتوندی بەربەرەکانێ دەکرا، بەڵام لەوەبەدواوە کۆششی ئەوان سوودی هەبوو بۆ پارتەکان. هەرچی شێخ و پێشەوا ئاینییە ناودارەکانی (ڕەوشی قادری و نەقشبەندی) بوو کەوتنە بەر بەهرە و چاودێری کاربەدەستانی دەوڵەت و هەروەها پارتەکان و پێی بووژانەوە، چونکە لەوانەبوون کاتی دەنگدان بۆ هەڵبژاردن زۆر بەوان کۆکرێتەوە، و تەنانەت لەناو ئەوانەدا هەڵکەوت بگەنە ئەندامەتی پەرلەمان.

ئەو دەسەڵاتە ڕامیارییەی نوێیەی شێخانی ئاینی پەیدایانکرد بوو بە سەربار بۆ دەسەڵاتی ڕەوانی پێشوویان ـ جگە لەوکەسانەی خۆیان هەر خاوەن ناوبانگ و دارایی و زەویوزاری زۆر بوون ـ زۆری بەهێزتر کردن بەرانبەر بە کۆمەڵی لادێ. بەڵام لەوەتەی باری ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی میللەتی کورد ڕوو لە گۆڕان کردووە بەرەبەرە ئەو دەسەڵاتە لەگزیدایە. پێشەوای ئاینی ناوبانگ و دەسەڵاتەی جارانی نیە چونکە لەمڕۆ بەدواوە میللەت وەک داردەستی ڕژێمیان لێی دەڕوانن.

شیعەی (عەلەوی)یش وەک سوننی ڕەوشێکی تایبەتە. دەدە و پیر لەلای ئەوان هەمان وەک شێخە[12].

تەندروستی

ئەگەرچی هەلێکە و بۆ دەوڵەمەندبوون هەڵدەکەوێت، بەڵام پزیشک بەدەگمەن ئارەزووی کار دەکات لەو هەرێمەی ڕۆژهەلات (کوردستان ـ یان ـ مەحرومیەت بوێلگەسی) کە دەوڵەت بە دەستوور گەمارۆی ئابووری داوە. پاش بەسەربردنی سێ ساڵ کار لەڕۆژهەلات (کە لەدەزگاکانی میریدا پێیدەڵێن " شەرق خدمەتی")، پزیشکی تازە سەرکارکەوتوو و پزیشکی ڕیزەکانی سپا تامەزرۆن بۆ گواستنەوەیان بۆ شارە تورکییە مەزنەکانی لە کولتوور و ژیاردا پێشکەوتووتر و

11 ـ « فارسییەکە لەپەراوێزدا دەڵێت » ـ دەشێت هەڵەی چاپ بێت، دەبوو ۱۹٤٦ بێت ـ م.

12 ـ "دەدە"ی تورکی و "پیر" ی کوردی و "شێخ"ی عەرەبی هەر یەک واتای هەیە. تاکو ئێستا لەناو زۆر هۆز، یان کێشی ئاینی ناو کورداندا لەبری شێخ هەر پیر بەکاردێت، وەک: پیری شالیار، پیرەمەگروون، پیری شەوکێل و هتد...ـ و.

خۆشگوزەرانترن. سەرئەنجام ئەوهەڵوێستە نابەرانبەرییەکی ناجۆر دەنوێنێت لەباری تەندروست گوزاری هەرێمە جۆراجۆرەکانی کۆمار. لە تورکیادا ساڵی ۱۹۷۰ بۆ گشت دە هەزار کەس ٤.٣ پزیشکی هەبوو، بەڵام کوردستانەکەی بەرانبەر بەهەمان ژمارە تەنها یەک پزیشکی[٨] بەرکەوتووە. کەواتە ژمارەی پزیشک بۆهەزار هاوولاتی تورکیا ٤.٣ جار بەرزتربووە لەهەمان ژمارەی کوردستان. ئەو ناتەواوی و نابەرانبەرییە هەر لەبەرزبوونەوەدایە، چونکە ساڵی ۱۹٦٥ لە تورکیا ژمارەی پزیشک بۆ هەزار کەس بوو بە ٣.٦ جار بەرزتر لەکوردستانەکەی. ئەو سەرووخوارکردنە لەخۆیدا نیشاندەری نابەرانبەری بەشەکانی کوردی و تورکی ئەو دەوڵەتەن.

بنەی کۆمەڵایەتی و ئابووری

بەشی سەرەکی کۆمەڵگەی کوردی هێشتا گوندنشینن و ٧٢.٢٪ یان بە داهاتی بەروبوومی کشتوکاڵ و ئاژەڵ دەژین. ئەوەی لەوان کەوتبێتە سەر کار لە کارگە و پیشەسازیدا تەنها ٥.٥ ٪[13] دەبن، و بەشەکەی تریش لەشاردا کەوتوونەتە کۆڕی بازرگانی و کار و پێشەی سەربەخۆ و جۆرەها خزمەتگوزاری تر[٩].

مایەی سەرەکی ژیانیان ئاژەڵداری کلاسیکە. بێگومان کوردستان مەڵبەندێکی پەروەردەکاری گا و مەڕ و بزنە و سەرچاوەی بەروبوومی ئاژەڵە بۆ ئەو کیشوەرە.

بەدەگمەن گۆڕان و پێشکەوتن لە شێوەی تەکنیکی کشتوکاڵیاندا دەبینرێت، و تائێستا وەک سەدەکانی ناوەڕاستە بەرانبەر بە بەشەکانی تری تورکیا: ٣٩٪ی گاسنی جووتی تورکیا لە کوردستاندا بەکاردێت، و ئەگەرچی مەکینە و ئامێری نوێی کشتوکاڵی کەوتوەتە ئەو هەرێمە کوردییە، هێشتا ڕێژەی لە ٣٪ی دایە[١٠]. بەڵام بەپێی پێداویستی ڕۆژ و بەرزبوونەوەی خەرج و سەنگوسەوای بازاڕی تورکیا و بوونی کۆڵکە ئاغای کورد بە جوتیاری سەرمایەدار، باری میکانیزە کردنی جوتیار لە پەرەسەندندایە. لە نێوان ساڵانی ۱۹٦٥ و۱۹٦٧دا، ژمارەی تراکتۆری کوردستان ساڵانە ٤٦٪ بەرز دەبووەوە. تەکنیکی کلاسیک و نابەرابەری دابەشکردنی زەویوزار بەو پێیەی لەخوارەوە بوونەتە هۆی ناتەواوی باری کشتوکاڵی ئەو هەرێمە کوردییە.

| کۆمەڵی گوندنشین | جێی دانیشتوان | مافداریتی کێڵان |
|---|---|---|
| جوتیاری زەوی نەکێڵراو | ٣٨٪ | --٪ |
| زەویداری بچووک(١ ـ ٥٠دونم) | ٤٥.٤٪ | ٢٧٪ |
| جوتیاری دەوڵەمەند(٥١ ـ ٢٠٠دونم) | ١٤.٢٪ | ٤٠٪ |
| بەگ وئاغا وشێخ وهتد...(سەروی ٢٠٠دونم) | ٤.٢٪ | ٣٣٪ |

13 ـ E ـ هەمانە. و F ـ ٢.٥٪.

واتە یەک لەشەشی زەویداران دەبنە خاوەنی سێ لەچواری زەویوزار، بەڵام ڕێژەی ٣٨٪ی جوتیار خاوەنی تاکەیەک پارچە زەوی نین. چاوخشاندنێک بە دیکۆمێنتەکانی ئاماری زەویوزاری تورکیا نابەرانبەری دابەشکردنی زەویمان بۆ دەخاتە ڕوو، کە لەساڵی ١٩٢٦ بەدواوە، واتە لەو کاتەوە کە تورکیا شێوە یاسای سویسری خسووەتەگەڕ، پتر پەسەندکردنی ڕەوشی خاوەندارێتی تایبەت بوەتە هۆ پتر بەرزبوونەوەی ئەو دیاردەیە .

لەپاداشتی خزمەت بەڕژێمدا، بەگ، ئاغا، شێخ و سەرانی هۆز گەیشتوون بەوەی بەرەبەرە دسگرن بەسەر زەویە گشتیەکان و وەقفی میریدا[14] وکاربەدەستان لەئاستی ئەواندا خۆ نابینا نیشاندەدەن، سەرەڕای گشت ناکۆکی ڕژێمی ئەنقەرە لەگەڵیاندا بۆ پتر دەسەڵات سەپاندن بەسەر کۆمەڵگەی کوردەواریدا چاوپۆشی لەو هەڵوێستی فیودالانی کورد دەکەن وهەرگیز بیر لە چەسپاندنی یاسای سازکردنی کشتکاری ناکەنەوە.

تائێستا نەبوونی جوتیاری زەبوون بەخاوەن زەوی نەبوەتە هۆی ئاژاوە لەنێوان چینی گوندنشین (٨٣،٤٪ ) و تاخمە خۆش گوزەرانەکەی بوون بە یاریدەر و داردەستی کاربەدەستان. ئەگەرچی هەست بەهاوخوێنی و نەریتی ئاینی و خێڵەکی بووەتە هۆی دواخستنی ژیانی ڕۆژانەیان، هێشتا پەیوەندی ڕەشۆکی لەگەڵ ئاغا هەروەک پێش ماوە و ئەو جۆرە پەیوەندییە پەردەی کێشاوە بەسەر ناکۆکییەکانی ناو خێڵ و دەیانشارێتەوە. ناکۆکییەکی تا چەند گرتی لەمەوبەر پێیانەوە دەرکەوتبێت هەر دزی و ماڵبڕینی یەکتربووە. لەوە ناچێت ئەو ڕەخنە و سکاڵانەی لە کۆتایی شەستەکانەوە دەیگرن لەکاربەدەستان، " بەتایبەت لەچینی دەسەڵاتداری لادێ" باڵی بهێڵێت بەئاسایی بژین.

وەک تەکنیک و کەرەستەی کۆن و باری زەویدارێتی کورد ڕوی کلاسیکی خۆی زەق دەردەخات، تاڕادەیەکیش ڕێچکەی بەرەو دەرەوەچوون ئەوانی گرتووەتە بەر، و وردەوردە خۆی دەخنێتە ناو بازاڕ و سەرمایەی تورکیاوە. بەرهەمهێنانی پەمو، چەوەنەری شەکر، توتن و ڕەوانەکردنی ئەوانە بۆ بازاڕی تورکی و بازاڕەکانی تری دەرەوە، شوێنی بەرهەنهێنانی سەوزە و دانەوێڵەی لەوەوبەریان دەگرێتەوە.

ئەگەرچی سەرمایەداری کەوتووەتە ناوکۆمەڵی لادێی کوردییەوە، بەڵام هێشتا نەگەیشتووەتە ئەو ڕادەیەی باڵ بکێشێت بەسەر کاری کشتکارییاندا. لەڕاستیدا کوردستان یەکێکە لەو نیشتمانانەی جیهانی سێ کە لەهەمان یەک کاتدا دیاردەی چەندین چەرخی پێوە دیارە. بێگومان تێپەڕبوونی کەری باستانی جوتیار بەتەنیشت دوا مۆدێل ئوتومبیلی مارسیدسی ئاغایدا، چاکترین نمونەیە.

---

14 ـ وەقف، واتە زەوی یا خانووبەری خەڵاتکراو بەمزگەوت یان تەکیەی ئاینی. زەوی میری، ئەو پارچەزەویەی بەناوی کەسەوە تۆمار نەکرابێت لەتاپۆدا بەمیری ناودەبرێت. ( و ).

لەزاراوەی ئابووریدا ئەو دیمەنە ئەوە دەگەیێنێت کە شێوە سەرەکییەکانی بەرهەم لەلای فیودال "ڕادەی دەسکەوتی کارە بەرانبەر بەڕادەی بەرهەم" و تەنانەت پیادەکردنی کەمێک لەڕەوشی کۆنی کۆمەلاّنی سەرەتایی و ... خستنەگەڕی شێوەی نوێی وەدەسهێنانی بەروبومی سەرمایەیە. بێگارکردنی شێخ و پێشەوایانی ئاینی بە جوتیار تائێستایش لەگەرمەیدایە؛ پەیڕەوکار بە بەهرەی بیرۆزی دەزانن کە ئەگەر لە باخ و کێڵگەی شێخدا بێکرێ کاربکەن و بەرهەمی بۆ کۆبکەنەوە و زۆرێتر ...، و وەک جوتیاریش هەر ملکەچی عوشر (یەک لەدە) بدەن بەئاغا.

ئاغا خەرج و پاشەکەوتی خۆ لەڕەنج و بەرهەمی جوتیار گەلاّلە دەکەن و لەشارە مەزنەکاندا دەیدەن بەزەوی و خانوبەرە، ئوتومبیل و کارگە و قازانجەکەیشی دەخەنە تەنکەی باخەڵی خۆیان.

ساڵی ١٩٦٤[15] بەپێی ئەو ڕەوشی یاسایی کارەی لەتورکیادا هەیە، لەکۆی ٤٣,٢٦٣ کارگە و دامەزراو تەنها ٢٤٢٧ی لە کوردستاندا بوو. ئەگەر ئەوە هەڵسەنگێنین ڕێژەی دەکاتە ٥.٦ ٪[(١١)] و زۆربەی زۆریان بریتیبوون لە پیشە دەستیە ئاساییەکانی وەک دروسکردنی سابون، ڕۆن، ژێرڕاخەر و هتد... لەگەڵ لەوانیشدا هەندێک کارگەی شەکر لە "ئیلازیک[16] مەلاتیە" و چیمەنتۆ لە "قارس و ئەرزڕووم " و چەند کارگەیەکی چاکردنی توتن لە "بەتلیس و مەلاتیە[17]" و کارگەی چنین لە دیاربەکریشمان لەیاد نەچێت. وەکتریش دەوڵەت سەرپەرشتی کاروپیشەی کانەکانی خستووەتە ژێر دەستی خۆی. خاکی کوردستان پڕە لە کانزای وەک فۆسفات، خەڵوزی بەردین، مس، ئاسن و کرۆم و هەروەها نەوت.

کرۆمی کانەکانی شاری ماردین (نێوان دیاربەکر و ئیلازیک) یەکێکە لەکانە هەرە گرنگەکانی جیهان، بە دەرهێنانی ٨٣٢٠٠٠ تەن[18] لەوجۆرە کانزایە ساڵی ١٩٦٧ تورکیا لەپاش یەکێتی سۆڤیەت بوو بە دووهەمین کیشوەری بەرهەمهێنەر. ڕاپۆرتی O.C.D.E لەسەر تورکیا دەریخستووە کەساڵی ١٩٧٣ دوو ملیۆن تەن لەو کانزایە دەرهێنراوە و بەشی زۆری لێ ڕەوانەی ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کراوە. ساڵی١٩٦٧ڕادەی بەرهەمی ئاسن لەکانەکانی دیورگی گەیشتە نزیکەی یەک ملیۆن و نیو تەن[(١٢)] ( بەرزی پلە و زۆربوونی ئەو بەرهەمە کارێکی ئەوتۆی کرد ئەو شارە کوردییە بخرێتە سەرشاری سیواس کەڕێژەی زۆر لەدانیشتوانی تورک زمانن). ئەو بەرهەمە پاش دەرهێنان لە کوردستانەوە ڕەوانەی کارگەکانی ئاسنی تورکی(ئیرگلی و کەرەباغ)ی سەرلێواری دەریای ڕەش دەکرێن. لەزۆر کۆنەوە مس لە کانەکانی گوندی ئیرجانی نزیک بە دیاربەکر دەردێت، و ساڵی ١٩٧٠نزیکەی یەک ملیۆن تەنی لێ دەرهاتووە.

---

15ـ F و E ـ ... ١٩٤٦ ...

16ـ E ـ هەمانە. و F (خاربوت و مەلاتیە).

17ـ E ـ هەمانە. و F ـ (بەتلیس ).

18-F ـ هەمانە. و E ـ ٩١٥,٠٠٠ تەن.

گەنجینەی کانە نەوتە دۆزراوەکانی ئەو هەرێمە بەرانبەر بە بەرهەمی ئەفسانەیی ژێرخاکی کوردستانی ئێران و عێراق زۆر نییە. لەڕاستیدا تێبینییەکانی کۆمپانیا فرەمیللەتی و هاوبەشییەکەی شێل، موبیل و BP کەپاش پشکنینی ئەو پارچەیەی جیهان دەریانبڕی، گوایە تاکە یەک دڵۆپ نەوت لەتورکیا نابینن، پووچەڵ بوو. لە شەستەکاندا، واتە ئەوکاتەی کۆمپانیای نەوتی میللی تورک T P A O توانی بە کەرەستەی ئاسایی نەوت لەکانەکانی رامان، گازان (ناوچەیەکە لەسیرەت) و دیاربەکر بدۆزنەوە. توانای دەرهێنانی نەوتیان سالی ١٩٧١ گەیاندە چوار ملیۆن تەن، و بەشی زۆریان لەناوخۆدا بەکارهێنا.

جگە لەکاروپیشە و بەرهەمهێنانی کان، دەوڵەت ئەو رێگە ستراتیجییانەی تورکیای سازکرد کە دەیبەستن بەعێراق و ئێرانەوە، و هەروەها گرنگی داوە بە چاکردنی رێگای چالاکیەکانی لەشکر لەکوردستان، و بەوانە شارە سەرەکیەکانی کوردستانیان کردووەتە بنکەی سپایی. "دیاربەکر، مەلاتیە، ئیلازیج و وان" یان بە هێڵەکانی شەمەندەفەری تورکی "ئیستەنبوڵ ـ ئەنقەرە ـ مەلاتیە ـ دیاربەکر ـ گردەلان ـ وان" و "ئەنقەرە ـ سیواس ـ ئەرزڕووم" پێکەوە گرێداوە. لەگەڵ ئەویشدا لەوشارانە فڕۆکەخانەی کیشوەری و سپاییان کردووەتەوە.

بەشی زۆر لەو بووجەی سالانەیەی دەوڵەت تەرخانی دەکات دەچێت بۆ لایەنی کاروپێشەی دەرهێنانی کانزایی و پرۆژە ژێرخانەکانی. سالی ١٩٦٨لەکوردستاندا تەنها ١.٩٣٪ی کۆمپانیای باسنور و پرۆژە ژێرخانی تورکی کاریکردووە[١٣]. دووربوونی کوردستان لەبەندەری دەریاییەوە، و سستی ئالوگۆڕ و بچووک بوونی بازاڕی شارەکانی، و هەروەها ناتەبایی باری رامیاری تاڕادەیەک کاریکردووەتە سەر ئەو هەرێمە کوردییە بەدەگمەن کەسێک هەڵدەکەوێت سەرمایەی تایبەتی تێدا بخاتەکار، خۆ ئەگەر هەڵیشکەوتبێت ئەوا لە پرۆژەکانی خانوبەرەدا بووە بۆ فەرمانبەر و ئەفسەرانی تورک و بۆرجوای کورد تازە پێگەیشتوو.

لەئەنجامی پەرەپێدانی کارگوزەرانی "کانزایی" هاوهەنگاو بە ئاوەدانکردنەوەی خانوبەرە، چینێکی کرێکار درووست بووە ئەمڕۆ رێژەیان دەگاتە ٥.٥ ٪ی دانیشتوانی کوردستان (واتە ٤٪ی چینی کرێکاری تورکیا). بەوەی ئەو چینە سوودیان لە بیمە« ضمانات »ی کۆمەلایەتی کار و کرێی ڕۆژانی پشوو و توانای مانگرتن وەرگرت، خۆیان بەخاوەن ماف زانیوە. شایانی باسیشە کە لەسالانی دواییدا هەندێکیان هەستی چینایەتی کەووەتە دڵ.

بەشی زۆر لە دانیشتوانی گوندە شاخاوییەکان و خێڵە نیمچە کۆچەرییەکان بەروبوومی ئاژەڵی وەک خوری، موی بزن، رۆن، پەنیر و هتد ... دەگۆڕنەوە لەگەڵ چەرچی و دوکانە دەسگێڕەکانی بەکۆڵ یا بەباری وڵاغ دەگەنە ناوچەکانیان، بە شەکر و چا، خشڵ و کەرەستە، شتومەکی یاری و هەندێک جار بەسەوزە و میوە. کڕین و فرۆشی بازرگانە دەستڕۆیشتووەکانی دیاربەکر و ئەرزڕوم راستەوخۆ لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێی وەک یەکێتی سۆڤیەت و ئێراندایە. یانەی بازرگانییەکانیان

زۆر کاران.

ڕەوتی بازرگانی نێوان کوردستانەکەی و تورکیا شێوەی ئاڵوگۆڕکردنی نێوان هاوولاتی لەگەڵ کەسانی نامۆ دەنوێنێت، واتە چەشنی ولاتی کۆلۆنی کراو، بێ چەندوچۆن بوونەتە عەماری سپێتر بۆ بازاڕی ولاتی داگیرکەر.

بازرگانی دەسترۆیشتوویان ئەوانەن کە بەڕانینی بەروبوومی هەرێمی کوردستان سوود بە میترۆپۆلی تورک دەگەیێنن، و زەویداری مەزنیش ئەوانەن کە گشت پرۆژە و سامانی بانکەکان دەقۆزنەوە " بانکی چی، پاکی پاشکەوتەن". لەکۆی ۱۹۸۱ بەشە بانکی تورکیدا ساڵی۱۹۶۵ تەنها ۱۷۹[19] بەش " واتە ۰.۹ ٪"ی لە کوردستاندا بووە، ئەویش بەهۆی دەستکورتی دانیشتووانی هەرێمەوە پاشەکەوتی ئەوتۆیان نەبووە. پاشەکەوتی سپێردراوی کوردستان لە ساڵی۱۹۶۵دا تەنها ٤۷۹ ملیۆن لیرەی تورکی بوو (نزیکەی ۱٤۰ ملیۆن فرەنکی فرەنسی) بەرانبەر بە ۱۵۲۰۲ ملیۆن لیرە دەکات بۆ سەرتاسەری تورکیا. نابووتی سیستێمی وام «قرض ـ credit » کە شایانی ناوبردنیێت ئەوەیە کەبووەتە مایەی زیان بۆ بەرهەمداری بچووک و مامناوەند و زەمینە خۆشکربووە بۆ دەرکەوتنی چینی سوود خۆر کە "بە سوودی ۵۰ ـ ۶۰٪" پارە دەسپێرن بەجوتیار.

هەرچەندە دەزانن کارێکی دژوار و جێی مەترسیە( سەرتاسەری سنووری تورکی مینڕێژ کراوە) بەشی زۆر لەجوتیاری دەستکورتی گوندە سنوورییەکان قاچاغ دەفرۆشن. ڕانە مەڕ دەپەڕێننەوە بۆ "سوریا" و داودەرمان و تووتن بۆ "عیراق و ئێران" ، جارجارەیش تلیاک بۆ[20] " ئێران". ئەو قاچاغچیانە هەندێکجار لەگەڕانەوەیاندا چای سیلان "کە لەولاتانی دراوسێ هەرزانترە" و شاڵی دیەشقی و جۆرەها کالای ئەمریکایی و هۆنکۆنگ " کە لەتورکیا نین" دەهێنن و بەهەرزان دەفرۆشن بە دوکاندار. هەر بەگەیشتنە بازاڕی شارە گەورەکانی وەک دیاربەکر، ئورفە، عێنتاب و بەتایبەتی ئەنقەرە، لەپیشانگە مەزنەکاندا دادەنرێن و بەئاشکرا لەبەرچاوی کاربەدەستانی میرییەوە گرانفرۆشی دەکەن.

بەشی زۆر لەدانیشتوانی شار دوکاندار و هونەرپیشەن. هونەرپیشەکانی دیاربەکر، ماردین، میدیات و ئەرزڕووم ئیشی دەستی وەک وردەکارییەکانی زێڕ و زیو و کریستال دەکەن. کاری مسگەری و نەخشکەنی سەر مس لەدیاربەکر زۆرن(١٤) ، هەروەها تەون و چنینی بەڕە و فەرش و جاجمیش بەزۆری لەشارەکانی سیرەت، عێنتاب، دیاربەکر و وان هەن.

لە ۱ ٪ ی دانیشتووانی خودی کوردستان مووچەخۆری دەزگا و نووسینگەکانی دەوڵەتن، و کاری بێبایەخ نەبێت بە کوردی نادەن.

---

19- E ـ هەمانە . و F ـ ۱۸۹ بەش ...
20 ـ F و E ـ ... تلیاک (دووبارە بۆ ئێران ).

## کوردستان لەژێر دەسەڵاتی ڕژێمە بۆرجواکانی تورکیا

لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا بەهۆی گیر وگرفتەکانی لیبیا و جەنگەکانی بەلکان و جەنگی جیهانگیری یەکەمەوە گەلی تورک ڕووەو لەبرسێتی و وڵاتیان لەژێر مەترسی کاتوساتی داگیرکردنی زلهێزەکان بوو. لەو بارودۆخەدا یەک نەوە دەرکەوت چاپوک و شارەزا بە نوێترین تاکتیکی جەنگی. ئەو کادیرانە بە دیدەنییەکی زۆر نیشتمانپەروەرانەوە چاویان بڕییە ڕێگەچارەی ڕزگاری گەل. لە نێو ئەوانەدا هەندێکی وەک مستەفا کەمال پاشا، عیسمەت پاشا، عەلی فوئاد پاشا، کازیم کەرەبەکیر پاشا هەڵکەتن.

لەڕاستیدا ئەنادۆڵ ڕووی ناهەمواری بوو. ئەو گەلە سوور دەیزانی وڵاتەکەی کەوتووەتە ژێر مەترسی داگیرکەرانەوە ئەوجا ورتەیان لێوە نەدەهات. وادیاربوو خۆیان دەستی چارەنووس. لەکوردستانیش کەهێشتا مەترسی داگیرکردنی لەسەر نەبوو، بە بیستنی ئەو دەنگەی گوایە شەش ویلایەتەکەی "ئەرزڕووم، قارس، بەتلیس، وان، ئەرزنجان و مووش" دەخرێنە سەرئەرمینیا، سەرکردە و پێشەوایانی ئاینی گرژ بوون و بریاری پێکهاتنی هێزی بەرگری میللیان دەرکرد. بەتایبەتی ئەو کاتەی وتە کەوتە نێوان کوردانی قارس[١٥] کەگوایە کوردەکانی کۆماری ئەرمینیا کەوتوونەتە ژێر باری ئازار و ئەشکەنجەی زۆر، چونکە ناهەمواری و پەرێشانی کوشتار و سەربڕینی کاتی ژێردەستەیی سەڵتەنەتی عوسمانی کاری زۆر کردبووە سەر ئەوەی ئەرمەنی، و هێزە پڕقینەکەی بەرگری میللییان بیر لە تۆڵە دەکەنەوە، بۆیە لەترسی ئەو هەڵچوونەیان هەرگیز کوردەکان قایل نەبوون بەکەونە ژێر دەسەڵات ئەوان. بەڵام لەڕاستیدا لای سەرانی کورد ئەوە نەبوو بەڵکو هۆیەکی کاریگەرتر هەبوو؛ کاتێک ئەرمەنییەکان ئاوارە و پەرتەوازە بوون زۆر لەمان دەستیان بەسەر دارایی و سامانیاندا گرت، بۆیە قایل نەدەبوون بکەونە ژێر دەستی ئەو فەلانە چونکە دەبوو ئەوسا سەر و سامانە تالانکراوەکانیان بۆ ببژێرن. بەڵام ئایا دەبوو سەرانی کورد ئەو نەویستنە بخەنە بری تێکۆشان بۆ ئازادکردنی تورکیایەکی تورکی و دروست کردنی کیشوەری هاوبەش لەگەڵ ئەو تورکانەی خۆیان پتر لەیەک سەدە دژ بە جەور وستەمی ئەوان دەجەنگێن؟.

ڕابەرە نیشتمانپەروەرەکانی تورک زوو ئەوەیان کەوتە مێشک کە لە سەرانی کلاسیکی کورد بگەیێنن کە تاکە ڕێگا بۆ دوورکەوتنەوە لەجەوری ئەرمەنی ئەوەیە شانبەشانی برا ئاینییەکانی تریان تێبکوشن بۆ دامەزرانی دەوڵەتێکی ئیسلامی ژێر سایە و دەسەڵاتی خەلیفەی پیرۆز. هەندێک لەسەرانی تورک، لەسەرووی گشتیانەوە مستەفا کەمال، چاویان لەوە بڕیبوو کە مەرج نییە ڕێگای ڕزگاری میللەت بە سەرپەرشتکاری ئەمریکا یا لە ژێر چاودێری ئینگلیزەوە دەست پێبکات، بەڵکوو لەڕێگەی ڕێکخستنی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازییەوە دەبێت و تێکهەڵچوونیش لە کوردستانەوە.

جەنگی ئازادی تورکیا (١٩١٩-١٩٢٣) و کورد

فەرید پاشای سەرۆک شالیاران مانگی مای ١٩١٩ یەکەپیاوی باوەرپێکراوی سولتانی( ئەو جەنرالەیی لە جەنگەکانی دەردەنێلدا ناوبانگی دەرکرد) لەسەر خواستی ئینگلیز نارد بۆ ئەنجامدانی هەندێک فرمان لە ئەنادۆل. ڕاسپاردەکە ئەوەبوو جەنرال ببێتە هاوکاری یۆنانییەکانی "دەیانویست لەتەرابزون دەوڵەتێک دامەزرێنن بۆ پساندنی ئەو پردی هاوکارییەی سۆڤیەتییەکان لە کوردستان بوویان لەگەڵ پارتی سۆشیال دیموکراتی سەر بە بەلشەفیکەکان[١٧]. ئەو پیاوە کە ناوی مستەفا کەمال بوو، ئامادەیی دەربڕی بۆ ئەنجامدانی فرمان بەو ئاواتەی ئامانجی سەربەخۆیی تورکیای پێ بهێنێتە دی.

هەر کە پێیخستە سەر خاکی کوردستان خۆی ئەوتۆ نیشان دا کە " ڕزگارکەری کوردستان" و پارێزەری " سولتانی گیرۆدەی بندەستی داگیرکەران" و " ئەو خاکەیە کە گاوری چەپەڵ دەیانەوێ دەستی بەسەرداگرن" و ڕایسپاردن " یەکێتی موسوڵمانان( کورد و تورک) بپارێزن تا داگیرکەر لە خاکی ئیسلامی نەهێڵن".

مستەفا کەمال لەو ڕۆژانەدا نەیویستووە باسی نەتەوایەتی تورکی بکات، بەڵکوو ئەوەی لەسەردەمی ئەو بووبێت هەر پاراستنی برایانی کورد و تورک بووە، واتە تێکۆشان لەپێناو نەتەوەی عوسمانیدا.

یەکەمین ئامانجی ڕامیاری و دیاری چالاکییەکانی کەمالیست پێکهاتنی "ئەنجومەنی ولایەتەکانی ڕۆژهەلات" بوو لە کوردستان، کە ڕۆژی ٢٣ی جۆنی ١٩١٩[21] لەئەرزڕووم بەسترا بەئامادەبوونی ٥٤ نوێنەر لەپێنج ولایەتی کوردییەوە (ئەرزڕووم، بەتلیس، وان، موش و ئەرزنجان) کە مەترسی ئەویانبوو بخرێتە سەر ئەرمینیا (لەوڕۆژەدا ولایەتی شەشەم "واتە قارس بەشێکبوو لەکۆماری قەوقاسی ڕۆژهەلات [22] ). جێگای نوێنەری ولایەتەکانی دیاربەکر، خارپووت، دەرسیم و سیرەت و هتد ... چۆڵ دیاربوو ـ ئەگەرچی ئەوانە ویلایەتی کوردیش بوون بەلام مەترسی ئەوەیان لەسەرنەبوو بخرێنە سەر ئەرمینا. دیاربوو ئەو کوردانە لەوە گەیشتبوون کە پاراستنی خەلیفە و سنووری دەسەلاتی ئەو ئەوە ناهێنێت خۆیانی بۆ لەسەر بەکوشت بدەن.

پاش ڕاوێژی زۆر و جارجارەیش قرە و تێکهەلچوون، بڕیارەکانی کۆنگرەی ئەرزڕووم دەرچوو. بە: بەوپەڕی تواناوە بەرگری لەوەی ویلایەتە ئیسلامییانە بکرێت کە نیازە بخرێتە سەر ئەرمینیا، و خاکی موسوڵمانان بپارێزن لە کەوتنە ژێردەست گاوری چەپەڵ." هەروەها کۆنگرە هەلبژاردنی مستەفا کەمال بە ڕابەری بزووتنەوەکەیان کرد بە بڕیار.

---

21 - F و E ـ لە ٢٣ جولی تاکو ٦ی ئۆگوستی ١٩١٩ ....

22 ـ F و E ـ ... ڕۆژئاوا.

کۆنگرەی ئەرزرووم یەکەم وگرنگترین سەرکەوتنی رامیاری بوو بۆ مستەفا کەمال(١٨). بە سەرپەرشتی ئەفسەرانی تورک و فەرماندەیی کازیم کەرەبەکیر پاشا لەکورد هێزیان پێکهێنا و رەوانەی جەنگی دژ بەهێزە بەلشەفیکەکانی گورجستان و تاشناقەکانی ئەرمەنستان کران. هێزەکانی کورد لەو قۆلەوە یەکهەمین سەرکەوتنی جەنگی ئازادی تورکیایان بۆ وەدەست هێنان. ئەنجامی ئەو سەرکەوتنە بووە مایەی تەواوکردنی پەیمانی گومرو( لینینەکانی ئەمرۆ)(١٩). پاش لادانی مەترسی لەسەر قۆلی رۆژهەلات. بۆ رزگارکردنی ئەنادۆڵیش ئەو هێزە کوردییە درێژەی بە جەنگدا و تا دوا قۆناغی ئازادی دەستبەرداری نەبوون.

پاش مانگێک کۆنگرەی سیواس[23] بریاری پێکهێنانی کۆمیتەی بەرگریکردن لە مافی ئەنادۆڵ و تیهراس و پێکەوەنانی هێزی بەرگری میللی دەرکرد. کۆنگرە لە ٤ تا ١١ی سیپتەمبەری ١٩١٩ی خایاند و تێیدا "کۆمیتەی نوێنەرایەتی گشتی" هەلبژێردرا و بریاریاندا مستەفا کەمال ببێت بە سەرۆک. پاشان ئەم بریارەیشیان دەرکرد: " لەبەر ئەوەی ئیستانبوول تاکو ئەمرۆ لەژێر چنگی بیانیدایە، دەبێ گشت دەزگا و نووسینگە و دامەزراوە میللی و سپاییەکانی دووردەست بخرێنە ژێر دەسەلاتی کۆمیتەی ناوبراو و ئەو کۆمیتەیە لەبری دەزگا یاساییەکانی کیشوەر دەبێت بەخاوەن گشت ماف ودەسەلاتێکی یاسایی.

دامەزراوە میللی و سپاییەکان بەگشتی خۆیان لە ئیستەنبووڵ دابری تا لە ٢ی ئوکتۆبەری ١٩١٩دا ئەوی پاشین رووخا و کابینەی نوێی دەولەت لەگەل مستەفا کەمال کەوتنە وتووێژ. پرۆتۆکۆلی ئاماسیابوو بە ئەنجامی و تووێژی مۆرکراویان، کە تێیدا نەخشەی هەلبژاردنی ئەنجومەنی یاساناسی دەولەت و هەندێک بار و هەلوێستی تری رۆژ، و دۆزی نەتەوەییان دەستنیشانکرد. برگەی یەک لە پرۆتۆکۆلی ژمارە ٢ بەشێوەی کشی لاستیکی[24] دێتە سەرباسی مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد؛ دان بەمافی نەتەوایەتی وکۆمەلایەتی کورددا دەنێن. و سەرکردە سەرەکییەکانی کوردیشیان لەو بریارە ئاگادارکرد.

پاش لەوەی ئەنجومەن بەزۆری دەنگ ناوی ئەندامانی" قیوای میللی"ی سەر بە مستەفا کەمالی دیاریکرد. بروانامەی یەکەمین کۆنگرەی تایبەتی رۆژی ٢٨ی جەنیوەری١٩٢٠ ناونانی "میشاق میللی" بوو، کە دووپاتکردنەوەی هەمان بریارەکانی کۆنگرەی ئەرزرووم و سیواسە، و پاشان کرا بەدەستوور بۆ تورکیای نوێ. ئەو بروانامەیە زۆر راستورەوان و پەنا بە دیدەنی روون و بتەو هێزەکانی هەرێم و جیهان هەلدەسەنگێنێت. هەروەک بە رەوشی دۆزی نەتەوەیی بەجێ ئامانجی پانتورانیزمەکانی پووچەلکردەوە.

---

23 ـ F و E ـ مانگێک پاش کۆنگرەی ئەرزرووم ....

24 ـ F و E ـ بەندی ١ ی ئەم پرۆتۆکۆلە لە شێوە دارشتنێکی لێلدا ....

نیشانەی تووڕەیی هێزە هاوپەیمانەکان دژ بەو هەڵوێستە نیشتمانپەروەرانەیەی ئەنجومەن بڕیاری داگیرکردنی ئیستەنبوڵ و لە ٦ مارسی ١٩٢٠ هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنەکەی بوو. لە ٢٨ی ئەپریلی ١٩٢٠دا ئەنجومەن توانی بە پشتیوانی "کۆمیتەی نمایندەکان" لەژێر ناوی ئەنجومەنی نیشتمانی تورکی مەزندا[25] کۆبێتەوە و دامودەزگای ئەو دەوڵەتە دیاریکات کە پاشان بوو بە تاکە هێزی ڕەوا و خاوەن دەسەڵات.

یەکێک لەکارە سەرەکییەکانی ئەو ئەنجومەنە ئاگادارکاردنی جیهانیان بوو لەوەی؛ دەزگا ڕەوا و یاساییەکانی تورکیا دان بەهیچ یەکێک لەبڕیار و ڕێکەوتننامەکانی دامودەزگای ئیستەنبوڵی داگیرکراودا نانێن و بەناڕەوای دەزانن. ئەو بانگەوازە هەرزەگۆیی و بێبناغە نەبوو چونکە ئەو کارە چەند هەفتە پاش مۆرکردنی پەیماننامەی سیڤەر ڕوویدا.

بەو هێرشە مەزنەی لە ٩ی سیپتەمبەردا کردیانە سەر پاشماوەی ئەو هێزە گرێکییەی سێ ساڵ بوو بە چەک و پارمەتی ئیمپراتۆری بەریتانیا هەرێمێکی فراوانی لە ئیجە و ئەنادۆڵ داگیر کردبوو، کۆتاییان بە جەنگی ئازادی تورکیا هێنا. پاش دوو مانگ و نیو لەسەر ئاستی بنچینەی ڕامیاری و دیپلۆماسی نیشتمان بڕیارەکانی ڕێکەوتننامەی لۆزانیان بەگشت جیهانیان ڕاگەیاند.

سەرانی لەشکر بەدرێژایی جەنگ بۆ چەسپاندنی دامودەزگای تورکی دەکۆشان و دژبوون بە دەرکەوتن یا پێکەوەنانی گشت جۆرە کۆڕ و کۆمەڵەیەکی کوردی. لە ساڵی ١٩٢١دا بزووتنەوەی "کوچگیری" یان تواندەوە، و لەساڵی ١٩١٩ یشەوە کۆمەڵەی دیاربەکریان داخست. کورد تەنها جەنگی جۆرجیا و ئەرمینیای بۆ نەکردن، بەڵکو لە ڕۆژئاواش دژ بە گرێکەکان بۆیان جەنگین، چونکە وایان دەزانی بەڵێنەکەی مستەفا کەمال دەیانکات بەخاوەن دەولەتی سەربەخۆ؛ "وەک برا لەگەڵ تورکاندا بژین بەیەکسانی"، بەڵام کورد پاش جەنگ خۆی بێ لەشکر و ڕێکخراو بینییەوە. ئەو تاکە لەشکرەی ئەوان بوویان لەژێر فرمانی ئەفسەرێکی تورکی نەتەوەییدا بوو. مستەفا کەمال لە ٢١ی نۆڤەمبەری ١٩٢٢دا، واتە سێ مانگ پاش سەرکەوتنی، لە کۆبوونەوەی ئەنجومەندا دەڵێت "ئەو دەوڵەتەی ئێستا لە دامەزرانی بووینەوە کیشوەری تورکە". دەستبەجێ لەکوردستانی گیرۆدە بە تەسکبینی و بێ ڕابەری ڕامیارزانەوە، دەنگ و ڕاپەڕینی توند و تیژ بەرز بوونەوە و وڵاتیان کرد بەگۆڕەپانی زنجیرەیەک شەڕوشۆڕ تا سەرئەنجام لەساڵی ١٩٣٩ بەدواوە بەیەکجاری خامۆش کرا[26].

زەمینەخۆشکەری بتەو بۆ جەنگی ئازادی تورک یەکێتی ئەو گەلە بوو کە سووربوون لەسەر پاراستنی خاک لە ژێردەستکەوتنی داگیکەری گرێکی داخلەدڵ و حەزبەتۆڵە. ئەنجومەنی ئابووری لە فیبریوەری ١٩٢٣دا، واتە پێش مۆرکردنی ڕێکەوتننامەی لۆزان کۆنگرەیەکی لە ئەزمیر بەست

25 ـ E ـ ... تورکیا بەیوک میللەت مەداسی ...
26 ـ لەکۆتایی ئەم بەشە بڕوانە (بزووتنەوە نەتەوایەتییەکانی کوردی تورکیا سالانی ٨٠). «و»

و تێیدا ڕێڕەوی ئابووری تورکیای دیاریکرد و هەروەها بناغەی بۆ هاوپەیمانی نێوان بۆرجوا و فیودالی کیشوەری تورکی دارشت و بەسەرمایەی بیانیشدا چوونەوە. ئەو کۆنگرەیە مافی خۆپیشاندان و ڕەوشی چاکسازی زەوی کە نمایندەی کرێکاران پێشنیاریان کردبوو پەسەند نەکرد(٢٠) . ئەوجا هێزەهاوپەیمانەکان کە لەوەوبەر دەترسان بزووتنەوەکەی مستەفا کەمال ببێت بە لایەنگری شۆڕشی سۆڤیەت، دڵیان دامرکایەوە.

[ لەڕاستیدا بزوتنەوەی مستەفا کەمال بە دواقۆناغی شۆڕشە بۆرجوازییەکەی ساڵی ١٩٠٨ دەژمێردرێت کە بەکودەتای "إتحادی" یەکان هەڵگیرسا. ئەوانەی لە کۆمیتەی "إتحاد و ترقی" دابچڕان و پاشان یەکیانگرتەوە وردەوردە بوون بەبەردی بناغە بۆ بزوتنەوەکەی مستەفا کەمال. خودی ڕەوشی " ئابووری میللی خستنە ڕێر دەسەڵاتی بۆرجوای تورک" گرنگترین خاڵ بوو لای ئیتیحادییان، و پاشانیش بوو بەردی بناغە بۆ ڕژێمی کەمالیست][27].

پێویستە ئەوەیش لەبیرنەکەین کەشۆڕشی سۆڤیەتی ڕۆڵی باڵای لە سەرگرتنی بزووتنەوەی تورکیدا بینی، لەکاتێکدا کۆمۆنیستانی تورک کەوتبوونە لەژێر مەترسی کوشتن و ئەشکەنجە(بەتایبەت ئەوکاتەی مستەفا سۆفی سکرتێری پارتی کۆمۆنیستی تورک و هاوڕێیانی کوژران) ڕوسیا لێنینی کۆمەکی بە بزووتنەوەی کەمالی دەکرد. ئەوە لەکاتێکیشدا کە خودی ڕووسیای سۆڤیەتی ڕووبەڕووی برسێتی و ناهەمواری هێزەکانی لەشکردی سپی بوو(٢١) . تا خۆی لە بەرهەڵستی چەپڕەوان دوورخاتەوە، مستەفا کەمال پارتێکی لەسەر چەشنی پارتی کۆمۆنیست دامەزراند و نوێنەری لێ ناردن بۆکۆنگرەی باکۆ، ئەوجا ئەویشی لەسەرەتای ساڵی ١٩٢٥دا وەک ڕێکخراوە پیشەیی و چەپڕەوەکانی تر هەڵوەشاندەوە.

بۆیەوەی تورکیای کەمالی خۆی نەخاتە ئامێزی سۆڤیەتچییان و ئەمان دەستخەرۆین، هێزە هاوپەیمانەکان زۆر بەنەرمی لێی چوونە پێش و بەدروستبوونی دەوڵەتی تورکی سەربەخۆ قایلبوون. لەبەر ئەوەی بۆرجوای تورک لەڕووی ئابوورییەوە دەستکورت بوون و کە ئەو دەوڵەتە لەگشت ڕوویەکەوە ناچاربوو باری ئابووری خۆی هەر بە ڕۆژئاواوە دەستێت، و وەکتریش دەگونجا تارادەیەک ببێتە هەرێمی کارێتە لەنێوان ڕوسیای سۆڤیەتی و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی خوارووو[28] کە ڕۆژئاوا دەستی بەسەردا گرتن. لێرەدا شایانی باسە کە مۆرکردنی پەیمانامەی "هاوکاری دوستانە"ی ٢٠ ئۆکتۆبەری ١٩٢٠[29]ی فەرەنسا لەگەڵ ڕژێمی ئەنقەرە بێ ئامانج نەبوو ـ واتە

---

27 ـ دیارە لە دەقە عەرەبییەکەدا ئەو بڕگەی ناو دوو کەوانەیە لەچاپ کەوتووە. « و »

28 ـ F و E ـ ...ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ...

29 ـ F ـ ... ٢٠ی ئۆکتۆبەری ١٩٢١... ـ و E ـ ... ٢ی ئۆکتۆبەری ١٩٢١.... » دەبێت لێرەدا مەبەست کام ڕوداوەبێت چونکە لە لاپەڕەکانی پێشەوەدا بۆمان دەرکەوەت کە هێزی هاوپەیمانەکان لە١٦/٤/١٩٢٠دا ئیستەنبوڵیان داگیرکرد و بڕیاری تێکدانی "ئەنجومەنی نماینەدەکان"یان دەکرد، ئەوجا "ئەنجومەنی میللی >>>

یەکساڵ پێش سەرکەوتنی ئەورژێمەی تورک.

**دابەش وکۆلۆنیاڵ کردنی کوردستان**

مۆرکردنی پەیاننامەی لۆزان رۆژی ٢٤ جونی ١٩٢٣ (٢٢) لەلایەن نوێنەرانی ئیمپراتۆری بەریتانیا، فەرەنسا، ئیتالیا، یابان، یۆنان، رۆمانیا، دەولەتی سرب و کروات لە لایەک و لای دووهەمیش تورکیا بری ئەوەی گرتەوە کە دان بە بوونی تورکیادا ناوە وەک دەوڵەتێک لەجیهان، و هەمانکات بوو بە پرۆتۆکۆلێک بۆ دابەشکردنی خاکی نەتەوەی کورد وەک چوار هەرێم بەسەر( تورکیا، ئێران، عیراق و سوریا ). پەیانی سیڤەر وەک سەری میللەتی تورکی شۆڕکرد، بۆ کورد بوو رەگی تاوانی یەکجار قووڵ. ئەوەی لۆزان بۆ تورکی دابینکرد سەرکەوتنی بێپێچوپەنابوو بەلام بۆ نەتەوەی کورد یەکەم هەنگاوبوو بەرەو قۆناغی کۆیلەیەتی نوێ. بەپێی[30] رێکەوتننامەی فەرەنسا و بەریتانیا کەپێشتر باسکرا، ناوچە کوردییەکانی جزیرە و کورداغی دەکەونە باشووری ئەسکەندەرۆنە خرانە سەرهەرێمی سوریای ژێر چاودێری فەرەنسا.

لەلۆزاندا بێلەوەی کورد ئاگایلێبێت وتووێژی لەسەر گەرم بوو، بەتایبەت باسی نەوتەکەیان. لەوێدا بەریتانیا تەنها خۆی بەپارێزەری ژیان و مافی سەربەخۆیی کورد نیشانداوە(پێویستە ئەوانیش وەک نەتەوەکانی تری هەرێم ببنە خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان) و هیچیتر. لەولایشەوە دەستەی نمایندەکانی ئەنقەرە دووپاتیان دەکردەوە کە( ئەنجومەنی میللی مەزن، ئەنجومەنی هەردوو، کورد و تورکە) و تێیدا ( نمایندە یکورد شانبەشانی نمایندەی تورک دادەنیشێت) و( لە دەوڵەتی تورکیدا کورد و تورک وەکیەک خاوەن مافن) ئەوجا ( با کورد و تورک بە دوو زوبانی جیاواز بدوێن. جیوازی نیوان زوبانیان هەندە گرنگ نییە چونکە ئەوان لەرووی نەژادی و ئاینی و خو و رەوشتەوە بەیەک کۆمەڵ دەژمێردرێن)(٢٣).

کورد لەپڕ لەلای هەردووک لایەنی دژی وەک " تورکیا و بەریتانیا " زۆر خۆشەویستبوو و هەریەکەو سۆز و پشتگیری خۆی بۆ دەردەبڕی، بێگومان پەرۆشی دەربڕینی هەردوولا بۆ قۆستنەوەی کوردانی و یلایەتی موسڵی پڕ کانەنەوت بوو.

هەر کە لەشکری بەریتانیا موسڵی داگیر کرد، لوید جۆرج و کلیمەنسو بەیەک گەیشتن بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی نێوان. نوێنەری بەریتانی هاوتا فرەنسیەکەی قایلکرد کە دەست لەوبەشەی

>>> تورکی مەزن" لە٢٨ی ئەپریلی ١٩٢٠ لە ئەنقەرە پێکهات و دەوڵەتی نوێی بەرەوا ناساند. ئەوە لەلایەک، وەکتر لەشکری تورک لە ١٩٢٠/٩/٩دا کەوتە جەنگەوە بۆ دەرکردنی لەشکری یۆنان لەوڵات. لەشوێنێکی تریشدا دەرکەوتووە دەڵێت: ٢١ی نۆڤەمبەری ١٩٢٢( سێ مانگ پاش سەرکەوتن) لەئەنجومەندا مستەفا کەمال، گوتی" ئەو دەوڵەتەی ئێستا بناغەمان کوتا کیشوەری تورکە". ـ و »

30 ـ F و E ـ ... بەپێی برگەی ٨ لە ...

موسڵ هەڵگرن کەپەیمانی سایکس ـ پیکۆ دابووی بەوان و "کیلیکیا[31]"یان لەبری بدەنێ. چونکە کلیمەنسۆ نەیزانی موسڵ لەسەر کانە نەوتێکی زۆر گرنگە پێشنیارەکەی بریتانیای پەسەندکرد.

کە فەرەنسا زانی لەموسڵدا نەوت هەیە، دەسبەجێ کلیمەنسۆیان ناردەوە بۆ گفتوگۆ لەگەڵ لوید جۆرج. ئەوجا لەکۆنفرانسی "سان ڕیمۆ" ٢٤ی ئەپریلی ١٩٢٠و پێداچوونەوەی لە ٢٣ی دیسەمبەردا ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی " بەریتانیا بەڵێن دەدات بەوەی دەوڵەتی خاوەن شکۆی بەریتانی لە ڕێژەی ٢٥ ٪ی نەوتی خاوی دەرهێنراو لەچاڵەکانی نێوان دوو زێدا بکات بە بەش بۆ فەرەنسا. ئەگەر کۆنتراتی دەرهێنانیش درا بەکۆمپانیایەکی تایبەت ئەوا بەریتانیا بەڵێن دەدات ڕێژەی ٢٥ ٪ی بەش بۆ فەرەنسا یا ئەو کەسەبێت کەئەوان دیاریدەکەن(٢٤).

ڕۆژنامەکانی ئەمریکا زۆر بەتوورەییەوە هێرشیان لەو ڕێکەوتنە کرد و دامودەزگای ئەو دەوڵەتیش بەو "دابەشکردنە ناڕەوایە" زۆر پەشۆکان وخۆیان بە بەشخوراو زانی. ئەمریکا پاش گیرمەکێشی سەخت کرا بەخاوەن ٢٠ ٪ی سەرمایەی کۆمپانیای (تورکیش پیترۆلیۆم) کە هەرێمی موسڵ و میسۆپوتۆمیادا بوو بە تاکە خاوەنمافی نەوت دەرهێنان، و وەک تاکە کەس لە لۆرد کوریزونی(٢٥) سەردەستەی ڕاوێژکارانی بەریتانیا بۆ کۆنگرەی لۆزان بەولاوە کەسی تری تێدا نەبوو بە خاوەن بەش. ئەوەبوو لەمانگی مایی ١٩٢٣دا بەئامادەبوونی نوێنەرانی ئەمریکا، فەرەنسا و بەریتانیای هاوبەشی(تورکیش پیترۆلیۆم)(٢٦) بۆ دوا بڕیار کۆبوونەوە. تورکیا خۆی کرکردبوو بەو ئاواتەی ئەنجامی ناکۆکی نێوان ئەمریکا، فەرەنسا و بەریتانیا لەسوودی ئەو بگەڕێتەوە، بەڵام سەرئەنجام ناچار سەری بۆ بڕیاری زلهێزەکان شۆڕکرد و هەر هەندەی لەتوانابوو چارەنووسی موسڵ بخاتە بەر ڕاوێژی "کۆمسیۆنی کۆمەڵەی نەتەوەکان".

کۆمسیۆنی کۆمەڵەی نەتەوەکان کەوتە کۆکردنەوەی دەنگ لەناو"دانیشتووانی هەرێم". بەڵام کاتی بڕیاردان هیچ گوێنەدرایە خواستی ئەوگەلەی دەیویست ببێتە خاوەن کیشوەری کوردی سەربەخۆ. لە٥ی جونی ١٩٢٦وە هەرێمی موسڵیان خستە سەر عیراقی(٢٧) ژێر چاودێری بەریتانیا.

بەمۆرکردنی پەیماننامەکە لە٤ی جولای ١٩٢٣دا کۆتاییان بەکۆنگرەی لۆزان هێنا و ئەنجامەکەی ئەوەبوو؛ بەشێکی زۆر لەخاکی کورد بەر تورکیا کەوت. کورد بەهیچ جۆر ناوی نەکەوتە ناو ئەو پەیماننامە، و باسی مافی نەتەوایەتیشیان هەر ئەوەبوو کە دەڵێت؛ "مافی کەمایەتییەکان پارێزراو دەبێت" ( بەشی سێ لە بەندی ٣٧ ـ ٤٤ ).

نابێت بەهیچ جۆرێک تەگەرە بخرێتە ڕێی ئازادی کەسانی ناتورک لە بەکارهێنانی ئەو زمانەی دەیانەوێت لەهەڵسووڕان و ئاڵوگۆڕی بازرگانی و پەیوەندی تایبەتدا بکاریهێنن، هەروەها دەبێت بتوانن لەکۆڕ و کۆمەڵەی ئاینی و چاپەمەنی و ڕۆژنامە و کۆڕە تایبەتەکانی خۆیاندا

---

31 ـ F ـ ... سیلیسیا ... . و ـ E ـ Cilicia ...

بەکاریبهێنن.

ئەگەرچی زمانی دەوڵەت دیاریکراوە، دەبێت زەمینەی شایستەی ئەوتۆ خۆشکەن تا نەتەوە ناتورکەکان بتوانن لە دادگاکانی تورکیا بەزمانی خۆیان بدوێن(٢٨) ـ بەندی ٣٩.[32]

تورکیا لەبەندی ٣٧دا " بەڵێنیداوە بڕیارەکانی بەندی ٣٨ تا ٤٤ی ئەم پەیماننامەیە بکات بە یاسای بنەڕەتی خۆی و هیچ ڕەوش و یاسا و پرۆگرام و هەڵوێستێکی تری لەبری، یا دژ بەوان نەگونجێنێت. هەروەها هیچ یاسا و هەڵوێستێک نەبێت ئەوانە هەڵوەشێنێتەوە.

بەڵام کەبڕوانینە بەندەکانی ٤٠ تا ٤٥ بۆمان دەردەکەوێت کە ئەوان "کەمایەتی ناموسوڵمانەکان"ی وەک ئەرمەنی، یۆنانی و هتد...یان خستووەتە جێی مەبەست. کەوابێت ئەوەی ئەوان دەریدەخەن، کوردیش وەک تورک یەکسان و بەشدارە لە حوکومڕانی تورکیا. بەڵام لەڕاستیدا ئەو تورکە ڕەگەزپەرستانەی ئەنقەرە نایانەوێت ناوی کورد بخەنە ناو کۆڕی ئەو کەمایەتییانەی بڕیاربوو مافپارێزراوبن. بەوجۆرە کورد نەتەنها وەک" هاوتا و یەکسان" نەماوەتەوە بەڵکو پاش چەند ساڵێک بیرکردنەوەیان لە مافی پێناسەی کەسایەتیشی لێ قدەغەکرا.

ئەو کوردستانەی پێش جەنگی جیهانگیری یەک تەنها دووپارچەی لێکدابڕاو و کراو بە بەش لە ئێران و ئیمپراتۆری عوسمانی، بەڵام پاش بەسەرچوونی جەنگ هێزە کۆلۆنیالیزمەکان دابەشیانکردن بەسەر چوار ڕژێمی پڕ هێزی ڕۆژئاوای ئاسیا؛ تورکیا، ئێران، عیراق و سوریا[33].

شۆڕشی مەزنی دە و بیستەکان

نزیک بەکۆتایی ساڵی ١٩٢٢ چەند نمایندەیەکی کوردی وەک یوسف زیا لە شاری بەتلیس و کۆلۆنێل خالید بەگی شاری جبران کۆمیتەیەکیان بەناوی "ئیستقلالی کورد" پێکەوەنا و لەشارە سەرەکییەکانی کوردستانی وەک (دیاربەکر، بەتلیس، ئورفە، سیرەت، ئیلازیج و هتد...) لقیان کردەوە. هەندێک ئەفسەری پایەبەرزی وەک ئیحسان نوری پاشا لەوانەبوو کەتا ئەو ڕۆژەیش دڵسۆزانە لە ڕیزەکانی" هێزی میللی"دا چالاکبوون، و هەروەها خوێندکار و هونەرپیشە و کرێکار و بازرگانی زۆر بوونە ئەندامی ئەو کۆمەڵەیە. لەکوردستان مەترسی ئەوە هەبوو ڕەفتاری ڕژێمی نوێیش هەروەک "إتحاد"یەکانی پێشوو بێت. ئەو ترسە وای لە شێخ و پێشەوا ئاینی کورد کرد لەساڵی ١٩٢٣ بەدواوە خۆ گرێدەن بەو کۆمەڵەیەوە ( لەوانە[34] شێخ شەریفی پالو، شێخ عەبدوڵڵای ملکان و هتد ...).

---

F-32 و E ـ بێ ڕوانینە زمانی دەربار، پێویستە هۆی گونجاو بڕەخسێنن بۆ هاوولاتی ناتورکی ناو تورکیا تا بتوانن زمانی خۆیان لەدادگادا بەکاربێنن.

33 ـ ئەی هەرێمی نەخچەوان کەخرایە سەر ئازربایجانی سۆڤیەت. ئەوەی هاوڕێ ستالین دانیشتوانی پەرش و بڵاوکردەوە، بۆ لەباسدانیە؟ یان چاوەڕوانی پێرستۆیکابوون ! « و ».

F-34 و E ـ لەوانە ... و شێخ سەعیدی پیران و ....

لەڕاستیدا مستەفا کەمالی کۆنە"إتحاد"ی ( کە لەکودەتای ١٩٠٨دا دەستی بالآی بوو ) یەکێکبوو لەو ئیتیحادییانەی پڕباوەڕبوون بەوەی بێ قەلاچۆ کردنی ئەرمەنی و ئاوێتەکردنی کوردان بەکۆمەڵگەی تورک، ئامانجی میللەتی تورکی یەکپارچەی نایەتەدی. " گوێگئالپ"یش ئەوکەسەبوو کە ئاواتەخوازی دامەزرانی دەوڵەتێکی مۆدێرنی تورکی بوو لەسەر بنەڕەتی میللەتی یەکپارچە و هەرگیز لێک دانەپچڕاو.

هەر ئەوڕۆژەی خەلافەت هەڵوەشایەوە، واتە لە ٣ی مارسی ١٩٢٤دا گشت خوێندگە و کۆڕ و کۆمەڵ و چاپەمەنی کوردی هاوکات لەگەڵ بنکە و خوێندگە ئاینیەکاندا، بەیەک بڕیار قەدەغە کران. ئەوە بووە هۆی لێک دابچڕانی یەکجارەکی کورد و کەمالیستەکان.

کوردستان لەنێوان سالەکانی ١٩٢٥ ـ ١٩٣٩دا بوو بە گۆڕەپان بۆ زنجیرەیەک بزوتنەوەی چەکداری. جوتیار دژبە جەور و ستەمی هێزە کانی سپای تورک ڕاپەڕین. سەرەتا[35] شۆڕشی چەکداری بە سەرۆکایەتی شێخ سەعید هەڵگیرسا، پاشان لە ڕامان و ڕەشقولتان (نێوان دیاربەکر و سیرەت) ڕاپەڕینی چەکداری بوو. ڕاپەڕینی دانیشتوانی هینی، ورتو، سولان[36] و کنج دژ بەتورک لە ١٩٢٦ تاکو ١٩٢٧ی خایاند. هەروەها سالی ١٩٢٨ شۆڕش کەوتە سامسۆن، کوێزلیک و برواری، و لەسالانی ١٩٢٨ تا ١٩٣٢ سیستێمێکی شۆڕش بنکەی لە ئارارات گرت. پاش گشت ئەوانە، لەسالی ١٩٣٦وە تا ١٩٣٩ دانیشتوانی ناوچەی دەرسیم بەرەنگاری هێزەکانی سپای تورک بوون. ئیتر لەو شۆڕشەی سێخ سەعید ڕابەری دەکرد و هەروەها شۆڕشەکەی ئارارات بەولاوە گشت ئەوانی تر بەسەرهەلدانی ناوچەیی دەژمێردرێن.

بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەکەی سالی١٩٢٥

هەر لەیەکەم ڕۆژی دامەزراندنیەوە "کۆمەڵەی خۆیبوون" خۆی بۆ شۆڕشێکی فراوان ئامادە دەکردبوو. سالەکانی ١٩٢٣ و١٩٢٤کەوتنە کردنەوەی بنکەی چەکداری و پەیوەندی بەستن لەگەڵ سەرەک خێل و پێشەوا ئاینی و کوردی ئاوارەی ئیستەنبول و حەلەب.

لەکۆتایی هاوینی ١٩٢٤دا یوسف زیای نماینەدەی بەتلیس چوو بۆ ئیستەنبوول تا پەیوەندی ببەستێت لەگەڵ ئەو تورکانەی نەیاربوون بەڕژێمی کەمالی، و لەپارتی " ترقی پەرڤەر جمهوری فیرقاسی"دا کۆبیونەوە. پاش چەند ڕۆژێک لەگەڕانەوەی بۆ ئەرزیرووم بلێسەی ئاگری شۆڕش لەباکووری بەتلیس هەڵگیرسا. کە ڕژێم بە جموجۆڵەکەی یوسف زیای زانی، فەرمانی گرتنیان دەرکرد بەو بۆنەیەوە کەگوایە برازایەکی ئەو لەگەڵ بزوتنەوەدایە. ڕژێمی تورک دەیویست بەگرتنی سەرانی شۆڕش بزوتنەوەکە بتوێنێتەوە. لە ئوکتۆبەری ١٩٢٤دا یوسف زیا و کۆلۆنێل خالید بەگی

---

35ـ E ـ هەمانە. و F ـ لە ١٩٢٥دا ...
36ـ F و E ـ و بنگۆل ...

لێپرسراوی هێزی بەرگری و هەندێک سەرکردەی تر گیران و لەبەتلیس برانە پێش" ئەنجومەنی لێکۆڵینەوە و سزا"ی تایبەت بە سپا.

ئەوجا کە ئەو ئەندامانەی سەکردایەتییەیان لێ دوورکەوتەوە شێخ سەعید کرا بەرابەر، و بەگۆشەکردنی جوتیار بۆ هەڵگیرسانی شۆڕش و ڕزگارکردنی وڵات لەژێر چنگ و لە ستەمی تورک، کەوتنە گەڕان بەناوچەکانی ئیلازیج (خارپوت)، دیاربەکر، گونج و داراهێنی. ئەو کارە لەلای شێخ و هەروەها لای هێزەکانی ڕژێمی تورک کە لەنزیکەوە ئاگایان لەجموجۆڵ بوو، بوو بەتاقیکردنەوەی هێز و بازوو. هەرچی مەبەستی ڕژێمی تورک بوو شۆڕش پێش لەکاتی خۆی بورووژێنێت و بزووتنەوە بەکاڵوکرچی بکەوێتە چالاکی. ئەوبوو دەستەیەک سەربازی تورک ڕژانە ناو گوندی پیران (کە مەڵبەندی شێخ سەعید بوو) و گوتیان کە بەفرمان هاتوون بۆ دەستگیرکردنی چەند کەسی نزیک بە شێخ. وەک: ن دەرسیمی[٢٩] دەیگێڕێتەوە" شێخ سەعید لەئەفسەری فەرماندەی دەستەکە دەخوازێت ئەو فرمانە ئەنجام نەدەن چونکە پەشیمان دەبنەوە"، لەولاوە گوندنشین هەڵچوون و گشت ئەندامانی دەستەیان کوشت. شێخ بەرەو باکوور کەو تەرێ تا نەهێڵێت شۆڕش پێش لەکاتی خۆی و بەکاڵوکرچی هەڵگیرسێت بەڵام پێش لەوەی بگاتە گوندی داراهینی، کوردان بەبیستنی ڕوداوی گوندی پیران گشت فەرمانبەر و هەروەها ئەندامانی سپایی شاریان دەستگیر کرد، شێخ هیچی بۆ نەمایەوە لە ڕۆژی ١٤ی فەبریوەری ١٩٢٥دا بە"فرمان" داراهینی کرد بەپایتەختی کاتی بۆ کوردستان[٣٠] و خۆی بە"فرماندەی گشتی لەشکر بڕیاردا. لەرۆژی ٢٦ی فەبریوەریدا لایەنگرانی شێخ شاری خەرپوتی ستراتیجیان گرت و گشت چەک و جبەخانەیان لێ داماڵی.

هێزە کانی کورد بە ماوەی یەک مانگ دەستیانگرت بەسەر هەرێمێکدا داکاتە سێیەکی کوردستانی تورکیا و هەروەها دیاربەکریان گەمارۆدا. بەشەکانی تری ئەو هێزە کوردییە ناوچە باکوورەکانی "گۆمی وان" یان ئازادکرد و ڕوویانکردە ئارارات. ئەوە لەلایەک، و لەولایشەوە کشان بەرەو بەتلیس. پێش لەوەی هێزی کورد بگاتە شار، ڕژێم کوردە دیلەکانی( یوسف زیا و کۆلۆنێل خالید بەگ و هاوڵانیان) لەسێدارەدا.

تورکیا لەلایەن خۆیەوە کەوتە چەکدارکردنی هاووڵاتییان و بەشی زۆر (نزیکەی ٨٠,٠٠٠ کەس)ی لەوان لە ئەنادۆڵەوە( پاش قایلبوونی فەرەنسا ) بە هێڵی ئاسنی نزیک سنووری سوریادا نارد بۆ هەرێمەکە[٣١] و ئەو هێزە کوردییەیان پێ گەمارۆدا کە دیاربەکری سەرەڕای شوورەی بەرز و بەرگری یەکانەی تۆپخانەکانی سپا بەگیرهێنابوو. سەرئەنجام شۆڕش لەناوەندی مانگی ئەپریلدا توایەوە و هەندێک لەسەرکردەکانی بەردەست هێزی تورک کەوتن و ئەوانیتر ڕوویان لەئێران کرد و پەنایان برد بۆ سەرکردەی بەهێزی کورد"سمکۆ"، و هەندێکی تریان پەنای برد بو کوردی عیراق.

ئەو شۆڕشە یەک شەپۆل جۆشی دەروونی ئەوتۆی ڕەخسان، کۆمەڵانی کوردی بۆ چاودێرانی

تورکی بسەلمێنن کە ئەوان خاوەن یەکێتی بتەون. ئەوجا قۆناغی سەرکوتکەرانە یەکجار سەخت و خوێناوی بوو. لە١٤ سێپتەمبەری١٩٢٥دا شێخ سەعید و پەنجا و چوار کەس لە هاولاتی لە دیاربەکردا کران بە سێدارەوە، و هەر بۆ لەیادنەکردنی ئەو پەندە ،ڕژێمی تورکە چەند هەزار گوندنشینی بێلەوەی ناویان دیاریکات، کوشت و سەرنگوم کرد. هەروەک سەدەها گوندی لەسەر نەخشەی وڵات کوژاندەوە. لەپایزی هەمان ساڵیشدا لەخەرپووت چوارسەد کوردی نیشتمانپەروەر لە سێدارە داران و هەروەها سەد کەسیش لە هینی و هتد ......

لێشاوی قەڵاچۆکردن تەنانەت ڕیزەکانی تورکی نەیار بە ڕژێمیشی گرتەوە. لەو یاسایەدا خاڵی کارا "پاراستنی ئاسایش" کە بۆ بەرگری لە هەڵگیرسانی شۆڕشی کورد داڕێژرا دەڵێت؛ "گشت جۆرە توانا و پلان بەکاربێت بۆ قەدەغەکردنی گشت ئەو ڕێکخستن، هەڵوێست، بیروبۆچوون و چاپەمەنییانەی دەبنەهۆی ئاژاوە و تێکدانی ئاسایشی سیستێم و یاخیبوون و پاشخستنی بارە گشتییەکانی وڵات". وەنەبێت ڕژێم بەخستنەکاری ئەو یاسایە تەنها چاپەمەنی و ڕێکخراوە چەپییەکانی قەدەغەکردبێت بەڵکو، سانديکای کرێکاران و تەنانەت پارتی "تەرەقی جمهوری" کە ڕێکخستنێکی بۆرجوازی نەیاربوو قەدەغەکرا. زۆر جەنراڵی لەشکر بە دژ تاوانبار کران، یەکێک لەوان کەرە باکیر پاشای بەناوبانگیان تاوانبار کرد بە نامە گۆڕینەوە لەگەڵ شێخ سەعید. لەسێدارە دانی هەندێک جەنراڵیان لەبەر ئەوەبوو کە پێشتر لەریزی "إتحاد"ەکاندا کاریانکردووە. "هـ. س ئارمسترۆنگ"ی پەیوەستکاری سپایی بەریتانی پێشوو لەتورکیا ، دەڵێت: "سامناکی و بەرەڵلایی دادگاکانی بەناو ئازادی ڕژێم[٣٢] لەو ئاستەدابوو کە تەنها لەسەر وشەی بۆچی، یان سووکە ڕەخنەیەک سزای مرۆڤ بدەن".

[ لەوکاتەیدا ڕژێمی مستەفا کەمال کوردانی بەتاوانی پێکەوەنانی دەوڵەتی کوردی سەربەخۆ تاوانبار دەکرد، بزوتنەوەکەی کوردیشیان بە پاشکەوتنخواز و گێڕانەوە دەسەڵات بۆ کاتی خەلافەت و بنەماڵەی ئالی عوسمان بۆ سەڵتەنەت ناو دەبرد. و بەجیهاندا بڵاویانکردەوە کەگوایە بەریتانیا بەمەبەستی لەناوبردنی تورکیای نوێ پشتی کورد دەگرێت. ئەو پڕوپاگندەیە کاری خۆی کرد. بەڵام ئایا ئەوە هیچ سەرچاوەی ڕاستی بوو؟ بەڵی ڕاستە بزووتنەوەکەیاندا هەندێ دروشمی ئاینی بەکار هێنرا بەڵام نەبێت.ئەوەیش لەیاد نەکەین کە مستەفا کەمال خۆی لە جەنگەکانی ئازادی تورکیادا سوودی لەو جۆرە دروشمە ئاینییە وەرگرت. کەواتە دەبێت ئەوەی ئەویش هەر بۆ خەلافەت بووبێت و تێکۆشانەکەیشی بۆ ئاین؟ ئەگەرچی کەسانی بەناوبانگ و گرنگی وەک فەوزی پاشا و کەرە باکیر پاشای مسوڵمان و دڵسۆز و ئاین دۆستیش کەوتبووە ناو بزوتنەوەکەیەوە، خۆ خودی مستەفا کەمالی سەرکردە هیچ ڕوویەکی بزووتنەوەی ئاینی نەبوو، بەڵکو ئامانجی سەرەکی ئەو لە بەکارهێنانی ئەو ڕواڵەتە تەنها بۆ سەربەخۆیی میلل بوو. کەواتە ئەو بزووتنەوەیەیش کە شێخ سەعید ڕابەری دەکرد هەمان چەشن بوو. ئەگەر بە هەڵکەوت کاری

جەنڕاڵێک سپێردرابێت بە پێشەوایەکی ئاین ئەوە هیچ لەڕەوشی بزووتنەوە ناگۆڕێت کە ئامانجی دیاریکراوی ئەو سەربەخۆیی کوردستان و لەسەر ڕەنجی شانی خودی کۆمەڵانی کورد هاتبێتە کایەوە.

مرۆڤ بۆی هەیە بپرسێت، ئایا لە ئەنادۆڵدا لەو بابەتە شۆڕشە ڕوونەداوە کە شێخ سەعید ڕابەری دەکرد؟ بەڵێ سەردەمێک، واتە لە ١٩٣١دا دێهاتییانی مەنەمەن بەپێشەوایی شێخێکی تورک بزوان بەڵام کەس تاوانی ئازادی و جوداکردنەوەی ئانادۆڵی نەخستە پاڵ.[37]

دەبێت ئامانجی ئەو بزووتنەوەکەی شێخ سەعید ڕابەریبوو، چی بووبێت؟ دۆسێکانی دادگای ئازادی هیچ جۆرە گومانێکیان لەسەر ئەو بزووتنەوەیەی شێخ سەعید نەهێشتووە لەسەر ئەوەی تاکە مەبەست، دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی بوو. هەرچیش تاوانبارکردنی تورکیایە کە دەڵێن ئینگلتەرا دەستی لەهەڵگیرسانی ئەودا هەبوو، تائێستایش ڕژێمی کەمالی ئەوەی پێ نەسەلماوە، بەڵکو بە پێچەوانەی ئەوەوە ڕوون و ئاشکرایە کە ئەوان بە هاوکاری فەرەنسای ئیمپریالی ڕێگەی هێڵە ئاسنەکەی باکووری سنووری سورِیایان بەکارهێنا بۆ سەرکوت کردنی ئەو شۆڕشەی کورد.

لەوێدا کاکڵەی کێشە هەر دۆزی نەتەوایەتی بوو، و کەسانی ڕاستگۆی وەک ئیهرۆ کە هەرگیز گومانی ئیمپریالیستی لێناکرێت ئاگاداری ئەو ڕاستییەبوون کە ئەوە بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتی بووە و بەس. ئەو دەڵێت: "بەوجۆرە ئەو تورکانەی ماوەیەک لەمەوبەر بۆ سەربەخۆیی خۆیان دەکۆشین کەوتنە قەلاچۆکردنی کورد کە ئازادی خۆی دەوێت. بەڕاستی سەیرە یەک ناسیۆنالیزمی بەرگر لەمافی خۆ کەهەستایەوە ببێت بە ناسیۆنالیزمی هێرشبەر، و تێکۆشان لەپێناو سەربەستی خۆیدا هەڵگێڕێتەوە بۆ چالاکی قەلاچۆکردنی کەسانی تر"(٣٣).

## شۆڕشی شاخی ئارارات

پاش شکستی شۆڕشەکەی ساڵی ١٩٢٥ هەندێک سەرەک خێڵی جەنگاوەری "وەک یادۆی پالۆیی و عەلی یونسی سامسۆنی" بەرگری هاوولاتییانیان لەزەبر و زەنگ و ئەشکەنجەی هێزە کەمالیستەکان گرتە ئەستۆی خۆ. چەکدارەکانی سەر بەوان زیانی سەختیان لە هێزە هێرشبەرەکانی تورکی کەمالی دا.

ڕژێمی تورک، بەمەبەستی ملکەچکردنی کورد بۆ یاسا، ڕاگوێزانی بە تاکەچارە زانی و بە پێی پلانی دیاریکراو لە وەرزی زستانی ساڵەکانی ١٩٢٥ـ١٩٢٨دا نزیکەی یەک ملیۆن کوردی لەناوچەی خۆیان دوورخستەوە(٣٤). بەو زستانە و بەهۆی کەمخۆراکی و دەرد و قۆناغی دوور ڕێگای سەختی ئەنادۆڵ نزیکەی دە هەزار کەسیان لێ مرد.

---

37 ـ عەرەبییەکە دوو بڕگەی ناو کەوانەی فرامۆش کردووە، بۆیە لە وەرگێڕدراوە ئینگلیزی و فارسیەکەم وەرگرت.
«و»

کوردەکانی پاش شۆڕشی ١٩٢٥ هەڵهاتن بۆ عیراق و ئێران، بەرەبەرە چوون بەدەنگ بانگەوازی ئەو "کۆمەڵەی خۆیبوون"ەوە کە ماوەیەک لەوەوبەر کۆمەڵێک کوردی ڕۆشنبیری لە لوبنان پێکیانهێنا و بنکەیان لەشاخی ئارارات بۆ دامەزران.

ئەنجومەنی دامەزرێنەری خۆیبوون بانگەوازی بۆ بەشدارکردنی نوێنەر ئاراستەی گشت کۆڕ و کۆمەڵە رامیارییەکانی کوردی وەک "جەمعیەتی تەعالی کوردستان و کۆمیتەی نیشتمانی کورد[38]" کرد، و لەمانگی ئۆگوستی ١٩٢٧دا لەشاری بحەمدوونی لوبنان کۆنگرەیان بەست و بەگشتی دەنگ بڕیاری یەکگرتن درا(٣٥). ئەوەی شایانی باسە، بۆ سەلماندنی دۆستایەتی ئەرمەنی لەگەڵ کورد، " ڤاهان بابازیان"ی ڕابەری ئەرمەنی بەنوێنەرایەتی پارتی تاشناق هات بۆ ئەو کۆنگرەیە.

بۆ کوردانی ناسیۆنالیست ئەو هاوکارییە دۆستانەیە زۆر گرینگ بوو چونکە پەرۆش چاویان بڕیبووە ڕێگەی کۆمەک و پاڵپشت بۆ بەبزوتنەوەکە. لەولایشەوە ئینگلتەرا دەستی لە نەوتەکەی موسڵ گیر کردبوو، و پەیوەندی نێوان فرەنسا و ئەنقەرەیش یەکجار بتەوبوو. ئەوجا ئەو دوو زلهێزە پروپاگندەیان بڵاو دەکردەوە کە گوایە دوورنییە ڕۆژئاوای پێشکەوتوو دەستی یارمەتی بۆ کوردان درێژکات، لێرەدا بێگومان مەبەستی ئەو هێزە ئەوروپاییانە ئەوەبوو خۆ لەکوردانی نەتەوەیی نزیک بکەنەوە تا لەئاڵوگۆڕی داهاتووی لەگەڵ ئەنقەرەدا بیانکەن بە دەسمایەی سەنگ و سەوا. دیاربوو پارتی داشناقی ئەرمەنی یارمەتی چاکی لە هێزە ئەوروپاییەکانەوە پێ دەگەیشت چونکە کاکڵەی تێکۆشانی ئەوان تەنها ئازادکردنی ئەرمینیای تورکی نەبوو بەڵکو ئەوان باسیان لە بەشەکەی ئەرمینیای سۆڤیەتیش دەکرد کە ساڵی ١٩٢٠ لێی دەرکران، بۆیە چالاکی ئەوان سوودی دەگەیاند بە نەیارانی سۆڤیەت. لەتورکیا[39] پارتی داشناق بنکەی جەماوەری ئەوتۆی نەبوو، بەڵام خۆیبوون وەک ڕێکخراوێکی نەتەوەیی پشتئەستوور بوو بەو کۆمەڵە و دەیتوانی لەوێ بزوتنەوەی جەکداری فراوان بگێڕێت، بەڵام خاوەن دارایی ئەوتۆ نەبوو.

سەرئەنجام سەرانی کورد و ئەرمەنی ڕێکەوتن لەسەر کردنەوەی مەڵبەندی بزوتنەوەکە لەشاخی ئاراراتی نزیک بەسنووری ئەرمینیای سۆڤیەتی. دیارە ئەوە پێشنیاری لایەنی ئەرمەنی بوو. هۆیەکی بەهێز و کاریگەری تر بۆ دیاریکردنی ئەو ناوچەیە: بە ئاسانی هاتوچۆکردنیان بوو بۆ ئێران کەبەڵێن یارمەتی دابوو بە بزوتنەوەکەی کورد. شا مەبەستی بوو تورکیای کەمالی لەڕێگەی ئەو بزوتنەوە کوردییەوە لاوازکات، و لەلایەکی تریشەوە توانی بەوە ئەو بزوتنەوە کوردییە ڕاگرێت کە لەئێران بەڕابەری "سمکۆ"ی پێشەوایی کورد ددانی جیپرکردبووەوە.

ئەو هێزەی جەنراڵ ئیحسان نوری پاشا لەساڵی ١٩٢٩دا پێکیەوەنا، توانی دەست بەسەر

38- F و E - ... و کۆمیتەی ئیستیقلالی کورد ... .

39- F و E - ... لە کوردستان ... .

ناوچە شاخاوییەکانی ئارارات بگرێت، هەر لە باکووری وانەوە تاکو بەتلیس. ڕژێمی تورک هەر لەسەرەتاوە ترسی لەو پلانەی" کوردی و ئەرمەنی" پەیداکرد بۆیە قایلی وتووێژبوو لەگەڵ سەرکرانی کورر و خواستی ئوانی بەجێهێنا کە سەربەستکردنی سەرەک خێلە کوردکان و گەڕانەوەیان بوو بۆ ناوچەی خۆیان. هەر بەهەربوونیان هەندێک لەو سەرکردانە گەڕانەوە ناو شۆڕش و ئەوانی دی بەباشیان زانی پەنا ببەن بۆ سوریا. ئەو جەنراڵەی کورد وەک لەلایەکەوە نەخشەی بۆ فراوانکردنی ناوچەی دەسالات دەکێشا، لەلایەکی تروە دەیویست بە مەستی کاتکوشتن درێژە بە وتوویژ بدات لەگەڵ ڕژێم، و هەمانکات دامرەدەزگای دەوڵەتی بە سەرکردایەتی برایم پاشای حسکی تەللۆ لە ناوچە ئازادکراوەکاندا دادەکوتا و ئاڵای کوردستانی لەسەر هەڵدەکرد.

ڕژێمی تورک لەمانگی مایسی ١٩٣٠دا بۆی دەرکەوت کات لەسوودی کورد دەڕوات پێی شپرزە بوو، ئەوەبوو لە١١ی جولیدا دوو لەشکر بەسەرکردایەتی سالح پاشا هێرشیان برد. پاش مانگێک تێکهەڵچوونی سەخت دەسکەوتی هێزەکانی کورد ١٧٠٠ سەربازی دیل و ٦٠٠ پارچە چەکی پێز و ٢٤ دانە تۆپ بوو، هەروەها توانییان ١٢ فڕۆکەی جەنگی بەردەنەوە.

وەک چاوەڕوان دەکرا، زەمینەی وتوویژ بۆ ئەنقەرە خۆشبوو لەگەڵ تاراندا. شا یارمەتی لەکورد بڕی و ماوەیدا هێزەکانی تورک لەناو خاکی ئێرانەوە پشت لە جەنگاوەرانی کورد بگرن. بۆ ڕەوایی بەخشین بەو کارە، تورکیا و ئێران لە ٢٣ جەنیوەری ١٩٣٢دا ڕێکەوتننامەیان مۆرکرد کە تێیدا ئێران دەستی لەسەر تەواوی بنارەکانی شاخی ئارارات هەڵدەگرێت و بەرانبەر بەوە بەشی زۆر لە ناوچە سنورییەکانی " وان " وەردەگرێت. ئەو شۆڕشەی کورد تاکو هاوینی١٩٣٠ درێژەی بوو، پاشان هەندێک لەڕابەرانی هەڵهاتن و ئەوانەیشی کەگیران لەسێدارەیاندان. "ل ڕامبۆ دەگێڕێتەوە کە: پتر لەسەد خوێندکاریان بە زیندوویی لێ خستوونەتە ناو گوێنی و دەمی گوێنییەکانیان هەڵدوریوە و هەڵیانداونەتە ناو ئاوەکەی وان". بەدرێژایی پێنج ساڵ زەبر و زەنگ دەستیان لەکەس نەپاراستووە. چەند مانگ پاش نەمانی شۆڕشیش هەر فڕۆکەی ڕژێم بوو بۆمبارانی گوندی کوردی دەکرد.

ڕۆژنامەی دەرباری تورکی ڕۆژی ٢٩ی جولای ١٩٣١ دەقی یاسایەکی بلاو کردەوە تێیدا میری لە گشت ئەو فەرمانبەر و لێپرسراوە ناوچەیی و سەربازانە خۆشبوو کە لەکات و بەبۆنەی نەهێشتنی ئاژاوەی کوردستانەوە تاوانی کەوتووەتە ئەستۆ، بەپێی یاسای ژمارە ١٨٥٠ هیچ بەتاوانی ناژمێرن، و یاساکە دەڵێت:

گشت کوشتار و تاوانێکی تری لەو بابەتەی لە ٢٠ی ئۆگستی ١٩٣٠یەوە[40] تا ١٠ ی دیسەمبەری ١٩٣٠ لەدەست تاکە کەس یان کۆمەڵێک ڕوویدابێت بەهۆی پشکنین و چالاکی

40_ F و E _ ... لە٢٠ی جونی ١٩٣٠ تا ١٠ی دیسەمبەری ١٩٣٠...

سەرکوتکردنی یاخیبووانی ناوچەکانی ئەرجیس، زیلان، ئاگریداغ(ئارارات) و ناوچەکانی نزیکیان، و هەروەها هەرێمی ژێر چاودێری یەکهەم و ناوچەی پولونوری هەرێمی ئەرزنجاندا، رووبدایێت لەدەست فەرمانبەری میری یان لێپرسراوانی هەرێم و یان لەدەست سەرباز و پاسەوان و هەروەها هاوولاتییانی هاوکار بەناوبراوانی سەرەوە و بەرگری میللی، ئەوا یاسا لێیان خۆشدەبێت. (برگەی یەکەم).

هەرێمی پشکنینی یەکەم بریتیبوو لەسەرتاسەری ئەم ویلایەتانەی کوردستان: دیاربەکر، خارپوت (ئالازیج)، بەتلیس، موش، هەکاری، ماردین و سیرەت. هەرچەنە ئەو شۆرشەی ئارارات کە لەناوچەیەکی دیاریکراو تێنەپەڕی تا هاوینی ۱۹۳۰ بەتەواوی توایەوە. وەنەبێت "رۆڵی گێرانەوەی هێمنی بۆ کوردستان"یان تەنها لەناوچەی بزوتنەوەکەدا گێردرابێت بەڵکو درندەیی تورکانی کەمالی و کوشتوبڕ و شار و گوند وێرانکردنی ئەوان گشت وڵاتی کوردانی گرتەوە.

لەنۆکتۆبەری ۱۹۳۰دا کاتی کردنەوەی هێڵی ئاسنی سیواس، عیسمەت پاشای سەرەک شالیاران گوتی: ئەو ئاژاوەیەی پێنج ساڵە لەهەرێمی رۆژهەلاتماندا بە پلانی دەرەکی درێژەی هەیە، ئەمرۆ نیوەی هێزی خۆی لەسەدەستداوە. ئەوی بۆی هەبێت لەم وڵاتە مافی رەگەز و پێناسەی کەسایەتی بخوازێت تەنها نەتەوەییانی کۆمەڵی تورکی یەکگرتووە، هیچ رەگەزێکی تر ئەو جۆرە مافەی بۆ نییە(۳۶).

مەحمود عیزەت بۆزهورت[41] ی شالیاری دادیش یەکسەر پاش ئەو هەمان ئاواز دووبارە دەکاتەوە و دەڵێت: ئێمە لە سەربەستترین وڵاتی گیتیدا دەژین کە بێی دەگوترێت تورکیا. منی نایندەتان لەم زەمینەیە گونجاوتر نابینێت بەراستی رازی دڵی خۆی دەربڕێت. کەواتە هیچ هەستی خۆمتان لێناشارمەوە کە؛ سەردار هەر تورکە، و هەر بەتەنها ئەوە سەرروەری ئەم وڵاتە. ئەوانەی لەرەگەزی پاکی تورک نین لەم وڵاتەدا خاوەن تەنها یەک مافن، ئەویش کۆیلەیی و بەنۆکەر بوونیانە(۳۷).

پێویستە بەشێکیش لەتاوانی بەلێشاو کوشتاری پاش شۆرشی ئارارات بخەینە سەرئەستۆی رابەرانی کورد، واتە خۆیبوون کەشۆرشیان پێش لەکاتی خۆی و بێ دابینکردنی زەمینەی رامیاری و هێزی بەرگر و دارایی و ئابووری هەڵگیرسان. کورتبینی رامیارانی خۆیبوون بوەتە هۆ بۆ لێک نزیکبوونەوەی "تورکیا و ئێران" و "تورکیا و سۆڤیەت". ئەگەر بڕوانینە " تراجیدیای گێڕانەوەی ئاسایش" کە نە تەنها لەناوچەکانی شۆرشدا روویدا بەڵکو لەگشت کوردستاندا بوو، دەمانخاتە سەر ئەو باوەڕە، کە ئەنقەرە ویستبێتی ئارارات بکات بەتاکە پەلپ بۆ ئەنجامدانی پلانە

---

41ـ F ـ Bozhurt (گورگە بۆز). سەیر لەوەدایە کەبەشی دووهەمی ئەو ناوە کوردیە. چونکە "بۆز" خاکی یان گەنم رەنگ دەگەیێنێت. ـــ « من پێمرایە ئەو ناسناوە بەگشتی کوردییێت چونکە ئێستا تورک لەبری(ح ،خ) ( H )ی لاتینییان بەدەمدا دێت بۆیە ئەو"hurt " ـــ لەبری "خورت"ی کوردیە نەک "قورت"ی تورکی. "قورت" بە " Kurt " دەینووسن. کەواتە ئەو ناسناوە بەگشتی "خورتەبۆز" دەگرێتەوە نەک " گورگە بۆز". و»

ویرانکارانەی خۆی.

وەک لەرۆژئاوا بەدەگمەن رۆژنامەکان ناوی کوردستانیان دەبرد، سۆشیالیستی نێونەتەوەییش لەکۆبوونەوەی زوریخدا بەبۆنەی دەربڕینی یەکێک لەنوێنەرانی پارتی داشناقی ئەرمەنییەوە کە ئەوکارەساتەی خستەڕوو، لە ٣٠ ئۆگستی ١٩٣٠دا هەڵوێستی خۆیان بەم بڕیارەی خوارەوەی دەرخست.

کۆمیتەی فرمانگوزاری سۆشیالیستانی نێونەتەوەیی سەرنجی جیهانیان ڕادەکێشن بۆ ئەو بەڵێشاو کوشتارەی ڕژێمی تورک لە کوردی دەکات. ئەوان بەتەنها کوردانی ئازادیخواز ناکوژن، بەڵکو ئەو کوردانەیش قەلاچۆ دەکەن کە هیچ ئاگایان لەبزووتنەکەوە نییە. وا کورد بەهەمان دەردی ئەرمەن دەچێت و ئەندێشەی گشتی جیهانی سەرمایەداریش هیچ ڕەخنەیەک دژ بەو کارە دڕندە و خوێناویانە دەرنابڕێت[٣٨].

ئەو (دڕندەیی خوێنڕێژی)یەی سۆشیالیزمانی نێونەتەوەیی ناویدەبەن پاش دەرچوونی یاسایکەی ٥ مایسی ١٩٣٢ بۆ ڕاگوێزان و پەرتەوازەکردنی کوردان قۆناغێکی تری گرتەبەر.

پەنا بەو نەخشەیەی شالیارگەی ناوخۆ کێشابووی و لەلای ئەنجومەنی شالیاران پەسەندبوو، تورکیا کرا بە چوار هەرێمی ئاوەدان:

١ـ هەرێمی یەک: گشت ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە دەبێت کەسانی خاوەن کولتوور و زمانی تورکی تێدا چڕ بکرێت. ( بێگومان مەبەست لەهەرێمی کوردستانە ).

٢ـ هەرێمی دوو: گشت ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە پێویستە ئەوی تێیدا نیشتەجێ دەکرێت کولتووری تورکی بەسەردا بسەپێت. ( کولتووری نەتەوایەتی تورک ).

٣ـ هەرێمی سێ: ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە کۆچبۆکراوانی خاوەن کولتووری تورکێن و سەربەست و بێ کۆمەکی دەوڵەت تێیدا ژیان دابین دەکەن. ( واتە بەپیتترین زەوی و ئاوەدانییەکانی کوردستانی بەخۆڕایی داراو بەو تورکانەی کۆچیان بۆکرد ).

٤ـ هەرێمی چوار: ئەو ناوچانەی گرتەوە کەدەبوو بەهۆی کێشەی تەندروستی، ئابووری، کولتووری، ڕامیاری و ستراتیجییەوە چۆڵکرێت و ببێتە زەوی میری و گشت جۆرە ژیان و هەڵسوڕانێکی تێدا قەدەغەکرێت. ( ئەم دواخاڵە ناوچە زۆر سەختەکانی کوردستان دەگرێتەوە )[٣٩].

بەگوێرەی ئەو یاسایەی ئیتیحادییەکان کاتی جەنگی جیهانگیری یەک نووسبوویان و ئەمان خستیانە گەڕ، دەبوو کورد ڕاگوێزرێن و بەناوچەکانی ئەنادۆڵدا پەرتەوازەکرێن، پاشانیش کوردستان بەتورک ڕەگەز پڕبکەنەوە." بەو مەرجەی ڕێژەی کوردی ئاوارە لەو شار و گوندانەی بۆی ڕادەگوێزرێن لە ١٠٪ ی دانیشتوان تێنەپەڕێت". هەروەها نابێ " لە هیچ گوند یان شەقامێکدا کۆبوونەوە و کۆڕ و تاخمی خاوەن زمانی تایبەت(ناتورک) پێکبێت".

لەزستانی ۱۹۳۲بەدواوە سەدەها هەزار خێزان لەلانە وخاکی خۆ هەلکەندران و دڕندانە لەژێر زەبری سەرباز‌دا بەکێشکران بۆ بیابانەکانی ئەنادۆڵ. ئەوەی ڕێی لەڕژێمی ئەنقەرە گرتبێت بۆ ڕامالینی گشت کورد لە کوردستانەکەی، کەمووکووڕی ئابووری بوو. هۆی لەو کاریگەرتریش بۆ ڕاگتنی ڕاگوێزان ئەوەبوو کەسالی ۱۹۳۵ لە دەرسیم شۆڕشێک دژ بەڕاگوێزان بەرپا بووە. دەرسیم کە لە سییەکاندا دوا مەلبەندی کوردستان و لەسالی۱۹۱۵وە کەوتبوە ژێر باری جەنگ، ناچاربوون بەرگری لەخۆ بکەن چونکە ئەو بەشە تایبەتە لە ناوچە سەختەکانی هەرێمی چوار بوو کەدەبوو هەر چۆلکرێت.

بەرگری میللی لە دەرسیم

لەڕاستیدا دەرسیم و شاخەکانی لانەی سەختی هەلۆ، و هەمیشە ناوچەیەکی سەربەخۆ بووە، دانیشتوانی نە لەگەڵ هێزەکانی سوارەی حەمیدی بوون و نە بەشداری جەنگەکانی ڕوس و ترکی و هەروەها جەنگی جیهانگیری یەکەمیان کرد. ئەگەرچی پێنج نمایندەیان لەئەنجومەندا هەبوو هەر بەشداری جەنگی ئازادی تورکیا نەبوون. بەپێی نەخشە و پلانی تورکیا بۆ بەش لەدوای بەش گێڕانەوەی هێمنی بۆ هەرێمی کوردستان، لە پەلاماردانی دوا مەلبەندە خۆڕاگرەکەی دەرسیم متبوون.

بڕیاری گەمارۆدانی ئەو ناوچەیە لەسالی ۱۹۳۶درا. ئەلب دۆغانی فرماندەی نوێی سپا لەو ناوچەیە کەوتە دانان و ڕێکخستنی بنکە و ڕێگەویان بۆ لەشکر و بەهۆی دەزگا تایبەتییەکانیەوە بە دانیشتووانی ڕاگەیاند کە دەبێت ژمارەی ۲۰۰,۰۰۰ تفەنگ بۆمیری کۆبکەنەوە.

هەر کە بەرگوێ دانیشتوانی دەرسیم کەوت گێڕانەوەی هێمنی بۆ کوردستان بە چیجۆرە کوشتن، باجی زۆر، کاری بێگار و ڕێگە خۆشکردن بۆ چالاکی لەشکر و زۆر کاری تر بووە، بڕیاریاندا تا دوا هەناسە خۆڕاگرن.

میری فرمانی بۆ لایەک لە سپای تورک دەرکرد تا خۆ ئامادەکەن بۆ جەنگ و بەشی زۆری لێ ناردن بۆ ناوچەی دەرسیم. عیسمەت پاشای سەرەک شالیاران سەردانی سەنگەر و کەرتەکانی لەشکری کرد. تاقیکردنەوەی هێز و بازوو لە بەهاری ۱۹۳۷دا دەستپێکرد، بەلام ئەمەیان تا ئەوکاتە لەهیچ یەکێک لە جەنگەکانی تری کوردستان نەدەچوو. لەهیچ قۆناغێکی تردا بەوجۆرە هێزی دوو لەشکر ڕووبەڕووی یەک نەبوونەتەوە، چونکە کۆمەڵ بەگشتی پڕباوەڕبوون بەڕاستی و ڕەوابوونی ئامانجیان و دەیانزانی ئەوە جەنگی مانونەمانە، بۆیە لەسەرتاسەری ناوچەدا کەوتنە جەنگی پارتیزانی. هەرچەندە هێزەکەی تورک بەفڕۆکەی بۆمبهاوێژ و تۆپی قورس گازی شیمیایی بەسەردا هەلدەڕشتن، سپای تورک تاکو هاوینی ۱۹۳۷یش هیچ جۆرە سەرکەوتنی وەدەست نەهێنا.

شۆڕشی بێ سەرکردە ( چونکە ڕژێم ئەوانی بەنامەردی لەناوبردبوو ) تادەهات پرتاو دەبوو. میری ناچار تاهاوینی ١٩٣٨ سێ سپا و بەشی زۆری هێزی ئاسمانی لە ناوچەیەکدا کۆکردەوە پانتاییی بەرانبەرە بە تەنها یەک پارێزگابوو لە فەرەنسا. دانیشتووانی دەرسیم کە لەساڵی ١٩٣٦وە گەمارۆ درابوون توانییان بێ کۆمەکی و یارمەتی هیچ لایەک[٤٠] بەرانبەر بەو هێزە مەزن و ئاگرە چڕە بوەستن و بێ ئازووقە و تەقەمەنی تا ئۆکتۆبەری ١٩٣٨ خۆیانگرت.

تادەهات خوێنڕێژی زۆر لەسەرکەوتنی لەشکری توند و بە زەبرتر دەبوو چونکە ئەو لەشکرە تورکەی دووچاری شکستی سەر و سامان بوون، مرۆڤیان دەخنییە ناو ئەشکەوت و گونج و گڕیان تێبەردەدا. سەرباز گەمارۆی بێشە و دارستانیان دەدا و گڕیان تێبەردەدا بەگشت ئەو کەسانەیەوە کە خۆیان تێیدا شاردوەتەوە. زۆر کەس بە کۆمەڵ خۆیان کوشت و ژمارەیەکی زۆر ژن و کیژ خۆیان هەڵداوەتە ناو ڕوباری مونزوورەوە[٤١].

دەرسیم بووە وێرانەترین ناوچەی کوردستان. بەگوێرەی بڵاوکراوەکانی پارتی کۆمۆنیستی تورکی، لەماوەی سیانزەساڵ شۆڕش و بەرگریدا نزیکەی یەک ملیۆن و نیو کورد بەر کوشتار و ئاوارەیی کەوتوون[٤٢].

لەلای ڕژێمە "پێشکەوتنخواز"ەکەی ئەنقەرە زۆر گران نەبوو کە تاساڵی١٩٦٥ هاتووچۆی بیانیانی لەو بەشەی وڵاتدا قەدەغەکات کە دەکەوێتە پشت فورات و تا ساڵی١٩٥٠ ئابڵوقەدراو و هەر لەژێر فرمانی سپادابوو. زمانی کوردییان قەدەغە کرد و وشەگەلی وەک "کورد" و "کوردستان" یان لە پەرتووک و فەرهەنگیشدا سڕییەوە و لەبری «کورد» دەیاننووسی تورکی کێوی.

## هەندێک دەربارەی کەمالیزم

لەوانەیە مرۆڤ چەشنی نیهرۆ سەری لەوە سووڕبمێنێت کەچۆن مافپارێزێکی ناسیۆنالیست لەخۆ بگۆڕێت و ببێت بە چەوسێنەر. چۆن ئەوانەی تاکو دوێنێیەکی نزیک سووک و ڕسوا کراوبوون. ئەوانەی بە کۆشش و ڕەنجی شان ئازادییان بۆخۆ بچڕی، لەخۆ بگۆڕێن و ببن بەستەمکار.

لەخولی ڕژێمی ئیمپراتۆرییەوە تا سەرەتای ئەم سەدەیەیش سووک لە وشەی "تورک"یان دەڕوانی واتای ئەو وشەیە تەنها "دەشتەکی بێ داب و نەریت"ی گەیاندووە. وەک بەکارهێنانی وشەی تورکی قەدەغەبوو، تورکچێتیش بەرپەرەوێکی شۆڤێنیستی و بیری کوشندە ناودەبرا، جونکە مەترسی کارکردنە سەر ڕێبازی عوسمانییان لێدەکرا. هەر ئەو سووکە لەڕەگەزیان ڕوانینە زەمینەی بۆ نەتەوەییانی خۆشکرد تا بگەنە دەسەڵات و لاف و گەزافی "تورکیای مەزن"ی ستەمخواز. ئەوی پێناسەی بەتورک بەخشی و کردی بە ئایدیۆلۆجی بۆ دەوڵەتی نوێ، سەرکەوتنی بیری

کەمالی بوو. ئەو باری سووک و ڕسواییەی لەژێریاریدا دەناڵێن سەرووبن وەرچەرخا و بوو بە هەستی خۆپەرستی دژوارتر و کەوتنە بەکارهێنانی دژ بە نەتەوە ناتورکەکان. سەرانی نەتەوەیی ئەنقەرە بەوە دەنازن کە "دلێرتر و مەردترین نەژادی سەرزەمین تورکە"[42]. گەلێک لەو جۆرە وتانە کراون بەدروشم و تاوەکو ئەمڕۆیش بەسەر دیواری خوێندگە و سەربازگە و دەزگاکانی ولاتەوە زەق دەنوێن.

کە بەپێویستیان زانی ئەو دروشمە شۆڤێنییانەیان بسەلمێنن، لەساڵی ١٩٣٠ بەدواوە کەوتنە هەڵبەستنی "ئەفسانەی مێژووی تورک"، بەڵگەی زۆریان پەیدا کردووە بیسەلمێنێت کە تورک لە ڕەچەڵەکی " گورگە بۆر"ی دۆڵی " ئەرگەنەکۆنی" ئاسیای ناوەندە و ئەویش بەرەگەز دەچێتەوە سەر ئاری (ئەوە باوەڕە لەسییەکانی ئەم سەدەیە بەدواوە پەیدابووە). ئەنیستیتیۆی مێژوویی تورک" ئەو چیرۆکەی ڕێکیخستووە و سەلماندوویەتی کەژیاری "سۆمەر، میسر، بابل، لیدی، ئایۆنی و هیتی" و زۆری تر لەباوباپیرانی تورک جێماون. هەروەها دەیسەلمێنن کە ئەتیللا، جەنگیزخان، هۆلاکۆ و هتد ... تورک بوون. ئەمڕۆ هەندێک بابەتی بیانی ئەوتۆیان بۆ وانەکانی خوێندگە پەیداکردووە گشت جۆرە گومان و تارمایی لەسەر ئەفسانە هەڵبەستراوەکەی وانەی "مێژوی گشتی" ڕادەماڵێت.

ئەوجا کورد، بەپێی هەمان " چیرۆک" دەیسەلمێنن کە لە ڕەگەزی تۆرانن و پێنج هەزارساڵ بەر لە ئێستا لە ئاسیای ناوەندەوە دابەزیون. ئەو زمانەیش کە ئەمڕۆ پێی دەدوێن، تێکەڵەیە لەوشەگەلی تورکی کۆن بە فارسی، عەرەبی و ئەرمەنی، چونکە ئەوانە هەر لەکۆنەوە " کێوی ژیاون" و لە کۆمەڵ و ژیاری دوورن بۆیە زمانی زکماکی خۆیان لەبیادکردووە و زمانی "فارسی کە هاوسێیانە" کاری تێکردوون. تەکین ئەلپ، کە یەکێکە لە تیۆری نووسانی تورک دەیسەلمێنێ کە؛ هەر لە یەکەم هەنگاوەوە کەمالیستان دۆزی نەتەوایەتی تورکیان کردووە بە ئامانج. ئەوەیە ڕاستی نەتەوەی بەرەڵلا و سەرگەرم و شەڕخوازی کوردی کەوتووەتە بەردەست.

بەوەی کورد تاکە نەتەوەی ناتورکی گرنگ و مەزنی ناو مەرزی تورکیایە دەبێت هەر وەک (قول و جوولەکە و قەرەج) بژین و هەمیشە لەڕیزی ئەو " ڕەگەزە نزمانە" دابن کە ناسیۆنالیزمی تورک زاڵە بەسەریاندا.

دەبێت بەڵگەی بەهێزتر چیبێت لەو" دەسەڵاتە مەزنەی تورک" بۆی لواوە بەسەر ئەوانەدا کە"لەرگەزی پاکی تورک نین"؟ یان ئەگەر ڕوانگەی ناجۆر و ئاواژەی وەک "کوردی کێوی و دواکەوتوو" و "هەرگیز ڕەوڕەوە نییە پێشیانخات" نەدۆزنەوە بۆ گەورەترین نەتەوەی ناتورک لەتورکیا کە کوردە، دەبێ چی تیۆرییەکی تر بدۆزنەوە تا "شکۆ و دلێری و پێشکەوتوویی

---

42 ـ F و E ـ لەوتەکانیدا مستەفا کەمال دەڵێت:" نرخی تاکە یەک تورک بەگشت جیهانە" و "دەبێت مرۆڤی ئێمە شانازی بەوەوە بکات کە ئەو تورکە".

میللەتی تورک"ی پێدەربخەن؟ دەبێت لە هێرشی لەسپا بەولاوە چیتر بەدەست سەرانی ئەنقەرەوە هەیە هەستی شکۆ و پایە بەرزی نەتەوەی تورکی پێ خوتووکەبدەن؟ ئایا بەزەمینەی زانست و هونەر؛ یا بەو ئابووریە پەرپووتەی* زەمینەی خۆشکردووە بۆ سەپاندنی دەسەلاتی چینی بۆرجوای چەپەڵ بەسەر بەشە زۆر برسییەکەی میللەتێکدا کە لەژێر باری سوود و سەرانەدان بە ئاغا و سووخۆری، و باج و بەرتیل بەپیاوانی میری دەناڵێت؟.

لەوبارودۆخەدا کە دەیانویست خۆ بسەلمێنن، نەتەوەییانی تورک پەنایان بۆ هێزی سپا برد، و لەشکریش ئەوەبوو کەدەیویست بە جەنگی داگیرکردنی کوردستان شکۆی خۆی بسەپێنێت بەسەر هەستی گشتدا تا ئەو رادەیەی دەست بخاتە ناو گشت زەمینەیەکی ژیانی کۆمەلایەتی و رامیاری تورکیا وەک ئەوەی ئەمڕۆ هەیە.

سەرانی نەتەوەیی تورک وەک جەنگخوازبوون نەیشیانوێراوە هێرش بەرنە سەر دەوڵەتانی دراوسێی (کە پارێزراوبوون لەلایەن بەریتانیا و فەرەنسا، یان یەکێتی سۆڤیەتی بەهێزەوە)، دەماری ئارزووی شەڕخوازییان بە گەلی کورد دادەمرکێن و دەیانەوێت لەقەوارەی خۆیاندا بیانتوێننەوە. هەرچەندە ئامانجی سەرەکی ئەوان کۆلۆنیالکردنی کوردستان بوو، لەگەڵ ئەویشدا هەر ویستوویانە بەو بۆنەیەوە لە "کۆمۆنیست و لیبرالەکانی" نەیاریش بدەن. "زاڵبوونی لەشکری تورک " بەسەر "کێوییەکانی" کوردستان دەنگیدایەوە. دەمبەدەم رۆژنامە و ئامێرەکانی پروپاگندە باسی سەرکەوتنەکانیانی بلاودەکردەوە و مەترسییەکی ئەوتۆیان خستە دڵی هاونیشتمانییانەوە هەرگیز کەس نەوێرێت بیر لەکودەتا بکاتەوە. من پێموایە هەر زەمینەی ئایدیۆلۆجی و بەرژەوەندی رامیاری بوە هۆی گشت ئەوە ئازار و ئەشکەنجەیەی میللەتی کوردستان بەدرێژایی سالانی ١٩٢٥ـ ١٩٣٩ چەشتی.

بلاوبوونەوەی ناوبانگی کەمالیستان و خودی مستەفا کەمال ئەتاتورک کە ناوی ئەویان لێنسوا، لەدەرەوە[43] بەهەندێک چیرۆکی ئەفسانەیی سواغدراو بە رەنگی پاڵەوانی و شۆڕشگێری بێسهاوتا و پێشکوتنخواز، بە دەیەها پەرتووکی بێبایەخ بوو (جگە لەوی لۆرد کینروس "سەرهەڵدانی یەک میللەت" و تارادەیەک پەرتووکەکەی بینوا میشان "مستەفا کەمال یا مەرگی ئیمبراتۆر") کە بەتایبەتی رەشکراونەتەوە بۆ دەرخستنی ناوی کەمێک سەرکردەی(قارەمان)ی جیهانی سێهەم ". بەتایبەتی ئەوانەی دژبوون بە مارکسیزم چونکە بیرێکی بیانییە ". ناچار تا لە پەیڕەوییانی بکەێن کەئەوان لەسەر "رەوتی سێهەم دەڕۆن" دروشمی "ناسەرمایەدار" و "پێشکەوتنخواز "یان بەرزکردەوە. دیارە ئەدوارد هێریوی سەرەک کۆماری پێشووتری فەرەنسا بەر

* ـ دیارە ئابووری ئەمڕۆی تورکیا لەوکاتە چاکتر نیە. ئەوەی ئاشکرایە لەسالی ١٩٨٨دا سەد دۆلاری ئەمریکی دەیکردە کەمتر لە نیو ملیۆن لیرەی تورکی، بەلام دە ساڵ پاش واتە لەسالی ١٩٩٨دا هەمان سەد دۆلار وردەکرایەوە بەنزیکەی ٣٨ ملیۆن لیرە. ـ و ـ

43 ـ F ـ لەرۆژئاوادا بەگشتی.

فریوی ئەو ئەفسانەیە کەوتووە بۆیە پێشەکی بۆ پەرتووکەکەی تەکین ئەڵپ نووسیوە و تێدا دەڵێت: "ئەم شۆڕشەی تورک نموونەی ڕەسەنی تێکۆشان و ئەنجامی نەخشەی هونەرمەندییە. دوورە لە هەڵەشـۆیی و ئارەزووی نابەجـێـی مـرۆڤ. نەزیانی مـاددی بووە و نەبووەتە هۆی دوژمنایەتی ناو کۆڕ و کۆمەڵ، و ناحەزی و تۆڵە"« ! ».

بێگومان هەرزەگۆیی نییە گەر چمکێک لەسەرپۆشی "پێشەوا"ی کەمالیستان هەڵدەینەوە و لەسیستێمی چینایەتی و مۆدە ڕامیارییەکەی بکۆڵینەوە. لەڕاستیدا جەنگی ئازادی تورکیا لەسەرشانی دەرەبەگ و سەرمایەدار و بازرگان و خاوەن کارگە و پیشەساز ئەنجامدرا، هەر ئەوانەبوون دەلالی نێوان کاربەدەستانی دەوڵەت و میللەتی ڕەشۆک. سیستێمی دەوڵەتی نوێ و دەسەلات کەوتە ژێردەستی ئەو بۆرجوا نوێخوازانەی لە کۆنگرە ئابوورییەکەی ئەزمیری ساڵی ١٩٢٢ بەشداربوون، و کەمالیزمیشیان کرد بە تاکە پەردە بۆشاردنەوەی دووکەڵەکەی.

سەرانی تورک هیچیان پرتەوبۆڵە نەکرد لەسەر ئەوەی سەرمایەداری و پەیڕەو پێکردنی بیێتە ڕێڕەوی ئابووری و کۆمەلایەتی، بەڵکو تەنها لەوەیان دەکۆڵییەوە چۆن تاو و هێز بەبەخشن بەچینی بۆرجوای تورک تا وولاتی پێ بەڕێوەچێت. هەندێک دەیویست ئابووری بدرێتە دەست کەرتی تایبەت، و دەوڵەت هەر بەتەنها هاوکاری گەشەپێدان و بەڕێوەچوونیان بێت. هەندێکی تریان لەو باوەڕەدابوون کە چینی بۆرجوا هێشتا زۆر لاوازە و شایانی ئەوەنین ئابووری گشت ولاتیان بخرێتە ژێردەست و ئەوەیان بەچاک دەزانی خودی دەوڵەت بەشێک بەرێت بەڕێوە. سەرئەنجام گەیشتن بەوەی لەخولی ساڵانی ١٩٢٣ تا ١٩٢٩ پەیڕەوی بەپێشنیاری یەکەم بکرێت و لە ١٩٣٠یشەوە تاکو ١٩٣٩ بە پێشنیاری دووەم.

ئەوی لەوخولەی کەرتی تایبەتە ڕچاودەکرا، جەنراڵ و ناودارانی جەنگی ئازادی بوون بەئەندام لەکۆڕ و سـاندیکا بازرگـانییـەکـان و هەروەها بەڕێوەبەری بانک و کـارگـە و لێپرسراوی کۆمپانیاکانی هاوردن و بلاوکردنەوەی کالای دەرەکی. هەر بە تەنها سەرمایەی خودی مستەفا کەمال ٢٥٠.٠٠٠ لیرەی تورکی بوو (کە ئەوکاتە دەیکردە نزیکەی شەش ملیۆن فرەنک) لەگەڵ چەند دەستڕۆیشتووی تری ڕژێمدا خستبوویەکار و بانکی بازرگانی تورکیا لەساڵی ١٩٢٤دا بەو سەرمایە کرایەوە. دیارە ئەوە تاکە بەشی ئەتاتورک نەبوو[٤٣]. ئەوجا بیروکراتەکانی تری جەنگی ئازادی وکاربەدەستانی سپا و میری چاویان لەپێشەوا کرد و وەکوو هار کەوتنە هەڵپە بۆ زۆرزوو خۆدەوڵەمەندکردن.

وەک لەکاتی نشوستییە کوتووپڕییەکەی ئابووری تورکیای ساڵی ١٩٢٩دا دەوڵەمەند زۆربوو، بێدەرەتان زۆرتر بوون. ئەوەبوو سیستێمێکی ڕامیارییان دارشت بۆ بەمیری کردنی ئابووری ولات. هەندێ کـارگـەیان کـردەوە و لەگەڵیـدا هەنێک ڕێگەوبان بە کۆمەکی دەوڵەت کـرایەوە. بەڕاستی سوودی ئەو سیستێمە تەنها بۆ کەرتی تایبەت بوو، بۆیە خوێندکارانی کەمالیست ئەو

چەرخەیان ناونا (دەڤریم) «واتە ڕۆڵی من» کە لەڕوویەکەوە شۆڕش و لەڕوویەکی ترەوە چاکسازی دەگەیێنێت، و ئەوەی بەڕاستی سوودی لەو بەرنامەڕێژییە بینی ئەو کەرتە تایبەتە بوو کە ئیسماعیل جیم ناوینا‌ون " بەختەوەران " کە چەندکەسێکی تایبەت بوون لە بازرگانە مەزنەکانی ئیستەنبوول، دەرەبەگ و سەرمایەدارانی ئەنادۆڵ، کادیرانی سپایی پارتی ئیستیقلال، ئەندامانی پەرلەمان و بیروکراتە پایە بەرزەکان. ساڵانە زۆر ئاشکرا و بەناوی باجەوە، گوایە بۆ چاککردنی ڕێگەویان ٥ تا ١٨ لیرەیان لە گشت هاووڵاتییەک سەندووە بێلەوەی گوێ بدەنە ڕادەی دەرامەت، و مامناوەندی ئەو باجە بۆ خیزانی جوتیارێکی پێنج کەسی دەیکردە نزیکەی ٦٠ لیرەی تورکی، لەکاتێکدا یەک تەن گەنم بە ٤٠ لیرەی بووە. کە بەشی زۆری لادێیی نەیانتوانیوە ئەوباجە بدەن، دەبوو یەکێک لەسێ ڕێگە بۆ خۆ هەڵبژێرن؛ بێگاری ( بەخۆڕایی کارکردن لە تیپی هەرەوەزی تایبەت بەمیری)، یان قلوژێنی بەندیخانە و یانیش یاخیبن و بە جەردەیی بژین. کەواتە لە سیستێمی کەمالیدا " نەچین هەیە و نە تایبەتمەندی". بەختی جوتیاری ئەنادۆڵ (دوور لەباسی کوردی چەوساوە وکۆڵەوار) هەر چەشنی کاتی ڕژێمەکەی عوسمانی پێشوو، نە یاسای سازکردنی زەوی بۆ هەبوو، نە خوێندگە. بەڵام لەبری گشت ئەوانە کەوتبوونە ژێر باری باجی زۆر بە دەوڵەت و سەرانە و سوویش بەئاغا و دەوڵەمەندەکان.

ئەوەی پێبوترێت " گۆڕانکاری کەمالی" تەنها ساڵنامەی گریگۆری، شێوەی نوێی کاتژمێر « 24 – 0 »، جلوبەرگی ئەورووپایی، پەیڕەویکردن بەشێوە یاسای میللی سویسرا، یاسای دادوەری ئیتالی و ڕەوشی دادوەری فرەنسی، و بەکاریان دەهێنان بوو بۆ پاراستنی بەرژەوەندی بۆرجوای تورکی نوێ کە بەرانبەر بە ڕۆژئاوا خۆیان بە دواکەوتوو دەزانی و دڵیان بەوە خۆچبوو کە خاڵ بەخاڵ و موو بە موو وەک مەیموون لاسایی چینی بۆرجوای ئەوان بکەنەو، نەک لاسایی باری هۆش و ڕادە و چۆنێتی بیرکردنەوەی بۆرجوایانی ئەوان. تاکە مەبەستیان لا ئەوەبوو وەک ئەوان بنوێن.

گرنگترین کۆششی کەمالی لەساڵی ١٩٢٤دا هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت و بڕیاردانی کۆمار بوو. بەڵام پێویستە ئەویش لەیادنەکەین کە دەسەڵاتی خۆدی مستەفا کەمال لەگشت یەکێک لە سوڵتانە عوسمانییەکانی سەرەتای سەدەی نۆزدە بەرزتر بوو.

کەڕژێمێک نەیتوانی وەک پێویست باری ئابووری بگۆڕێت، و لەوەیش بەدەر بە پێچەوانەی ڕێ و ڕەوشی میللەت هەڵسووڕێت، دەبێت میللەت چۆنی باوەڕ پێ بکات. هەرکە بۆ هاووڵاتیان ڕەخسابێت نەیاری خۆیان بەڕژێم نیشانداوە. سەرەتا بیروکراتەکانی "شارستان" مستەفا کەمالیان وەک بت دەپەرست. پارتی لیبرالی (سەربەست فیرقەسی) کە مستافا کەمال لەساڵی ١٩٢٩دا بە یاریدەی نزیکترین دۆست کە "فەتحی ئۆکیار"ی(سەرەک شالیارانی پێشووتر) بوو دایانمەزراند تا ڕادەی تووڕەیی کۆمەڵی پێ بپێون، هەندە کارابوو پاش چەند مانگێک زۆر خێرا

قەدەغەکرا.

لەڕووی ڕامیاریشەوە، زۆر چاودێر و مێژونووس دەریانبڕیوە کە ڕواڵەتی ئەو ڕژێمە کەمالیستە فاشیستانە بوو. بەلام لەڕاستیدا هەر بەتەنها ئەو ناوە نەبوو بە پێناسەی بەڵکوو؛ لەساڵی ۱۹۳۰دا ناوی" ڕابەری هەمیشەیی"(میللی چیف) لە مستەفا کەمال نرا کە و ئەویش چەشنەکانی "فوهرەر" و "دوجێ" دێنێتەوە یاد. ئەوەبوو پاش ماوەیەک ئەو ناوی (میلی چیف)ـە بەعیسمەت پاشای جێگرەوە نوسا. دەبوو دانان و هەڵوەشاندنەوەی کابینەی دەوڵەت بەپێی خواست و ئارەزووی ڕابەر بێت و ڕادەی دەسەلاتی ئەندامانی کابینەیش بەڕادەی ملکەچیان بێت بۆ فرمانەکانی ئەوبوو.

"پارتی گەلی کۆمارخواز " کە تاکە پارت بوو لەسەر تەخت، دەیویست خۆی وەک نوێنەری گشت چینەکانی گەل نیشاندات بەلام لەڕاستیدا تەنها بۆ پاراستنی بەرژەوەندی بۆرجوای تورک و دەزگا بیروکراتە بەرزەکانی میری و سپا بوو، و زۆر توند چنگی لە تەختی ڕژێم گیرکرد. لە ساڵی ۱۹۳٦ بەدواوە ڕژێمی تورک کەوتە پتر و پتر خۆ نزیککردنەوە لەهێزە فاشیستەکان و سەرۆک کۆماری " پێشەوا " بوو بە سەرۆکی پارت و سەرەک شالیارانیش بە یاریدەدەری سەرۆک و هەمانکات شالیاری ناوخۆ کرا بەسکرتێری گشتی، و پارێزگاری ویلایەتەکان بوون بە لێپرسراوی لقەکانی پارتی هەرێم.

وەنەبێت دیەنی فاشیزمییان تەنها ئەوەبووبێت بەڵکوو؛ مانگی جونی ۱۹۳٦ دەوڵەتی تورک یاسا فاشستییەکەی ئیتالیای مۆسۆلینی گرتەبەر، و هەروەها لە ئیتالیاوە دوو ڕەوشی یاسایی تری هێنا تا " دامو دەزگا دەوڵەتییەکانیان پێ لە مەترسی ڕێکخراوە کۆمۆنیست و گێرەشێوێنان بپارێزن "، و هەروەها خۆپیشاندان و پێکەوەنانی سانديکا پیشەییەکانی قەدەغەکرد. بەو جۆرە بەریان بۆ خاوەن کار بەرەلاکرد کرێکار لە ڕۆژێکدا بە ۱۳ساتی کار بچەوسێننەوە. ئەو وردە بۆرجوا و چینی ناوەندەی ببوونە بەردی بناغەی کۆمەلایەتی بۆ ئەو سیستێمە فاشستە دەستیان بەیەکجاری لە کەمالیستی کێشایەوە و ڕژێم کەوتە بەردەست بۆرجوای تورکی نوێیار و ئەو چینە بیروکراتە بەرزەی بریتیبوو لە پۆلیس و پیاوانی سپا کە ببوونە پاڵپشت بۆ ڕژێم. بەوجۆرە بەرودوای ڕژێم بوو بەسیستێمێکی دیکتاتۆری میلیتاریستی بورجوازی.

## ساڵانی ئارام[44]

لە هەردەسی شۆڕشەکەی دەرسیم بەولاوە هیچ بزووتنەوەیەکی تری ئەوتۆ چەکدار و فراوان نەبووەتەوە. ئەو خوێنڕێژی، پەرتەوازەبوونی هاوولاتییان، سپاردنی کار و گوزەرانی هەرێم بە سپا

44 ـ لەعەرەبییەکەدا(سالانی پشکۆ )یە. دیارە ئەوی ئینگلیزی و فارسیەکە دروستە. ـ ه و ه

و دامەزرانی بنکەی چاودێری زۆر بەجۆرێک دانیشتوانی ئەو بەشە کوردییەی هەراسان کرد، چیتر نەوێرن بیر لە سەربەستی و بزوتنەوەی چەکداری بکەنەوە.

راپۆرتی "عوسمان مت"ی پەیامنێری رۆژنامەی" سۆن پۆست"ی تورکی کەپاش سەردانی سالی ١٩٤٨ی بۆ ئەو هەرێمە نووسی، چاکترین بەلگەنامەیە بۆ دەرخستنی ئەو شارستانییەتەی[45] دەستوپێوەنی سپای تورک کردوویەتی بەدیاری بۆ نەتەوەی کورد، تێیدا دەلێت:

"چوومە تونجەلی(دەرسیمی پێشوو) روانیم ناوچەیەکی ویرانە و لەباجگر و حەسحەس بەولاوە هێشتا هیچ کاربەدەستێکی تری میری روی تێنەکردووە، ویستم لەگەل هەندێک بدوێم و لە چۆنێتی ژیانیان بکۆلمەوە، کەچی بەداخەوە کەسی پێش خولی یاخیبوونم تێدانەدین. نەکار و پیشە ماوە، نە زەوی کێلراو و نە بازار. تووشی هەچ کەس بووم بێکار و لەورۆژە بەدواوە خۆیان قایل کردووە بە پەروەردەی ئەو چەند سەر مەڕ و بزنەیەی بۆیان ماوەتەوە و پێی دەژین. تائێستا دیاردەی شارستانیەت رووی نەکردووەتە ئەوناوە، نە خوێندگەی تێدایە، نە نەخۆشخانە. مرۆڤی ئەوێ نازانن "دەرمان" چییە. دەبێت ئەوە چی بگەیێنێت کە ئەگەر لەلای دەرسیمییەک ناوی "کاربەدەستی میری" بهێنیت یەکسەر واتێدەگات باسی باجگر و حەسحەسی بۆ دەکەیت. وەک ئێمە هیچمان بۆ ئەو دەرسیمیانە نەکردووە گشت شتێکیشیان بەخۆڕایی لێدەسێنین. هیچ بەوە ناگورێت رەفتار کە ئێمە لەگەل ئەوانی دەکەین[(٤٤)]".

لەپاش جەنگی جیهانگیری دوو کە تورکیای تێنەکەوت، رژێمەکەی "رابەری نەتەوەیی" عیسمەت پاشا ئینۆنۆ بەپێویستی زانی ئەو شەپۆلی نەیاری و خۆپیشاندانە دامرکێنێت کە لەئەنجامی نەبوونی، برسێتی و بێدەرەتانی سالانی ١٩٤٠ تا ١٩٤٥ پەیدابوو، بۆیە هەندێک هەلوێستی نەرمی نیشاندا. کە ئەو رژێمە زانی هێزەکانی فاشیزمی شکان، ناچار خۆی لە ئینگلتەرا و ئەمریکا نزیک کردەوە تا یارمەتی ئابووری و تەقەمەنی بدەن تا بەرگەی لە جەختی روسیای سۆڤیەتی بکات. جا بۆیە دەبوو هەندێک رواڵەتی دیموکراسییانە بنوێنێت.

سالی ١٩٤٦ چەند پارت دروستبوون و هەندێک چاپەمەنی پێشکەوتنخواز دەرکەوتن. چەند مانگ پاش دامەزرانی پارتی سۆشیالستی کارگەر و جوتیاران ژمارەیەکی چاک لایەنگری لێ کۆبوونەوە. ئەو کوتوپڕ پەرسەندنەی لەدیسەمبەری ١٩٤٦دا بۆ بوەهۆی قەدەغەکردنی. تورکیا لەسالی ١٩٥٠دا ئازادترین هەلبژاردنی بەخۆوە دی، گوژم و شەپۆلی گەل لەپڕ پارتی دیموکراتی گەیاندە سەر مێزی دەسەلات. ئەو پارتە چوار سال لەوەوبەر لەلایەن عەدنان مەندەریسی خاوەن زەوی و خانووبەرە بەهاوکاری جەلال بایاری سەرەک شالیارانی کاتی ئەتاتورک پێکهات و پاشان بوو بە ئۆرگانێک بۆ سەرمایەداران و تاخمێک لەو بیرۆکراتانەی لە رژێم جودابوونەوە. پشتگیری میللەت لەو پارتە بۆ لەبار بوونی پرۆگرامی سەرکردەکانی نەبوو، بەلکو تەنها بۆ ئەوە بوو کە

---

F_45 _ دیارییە شوومەکەی ....

کۆتایی بێنن بە ڕژێمە ستەمکارەکەی کەمالی. ئەوەبوو سەرکەوتنی پارتی دیموکرات بوو بە سەرکەوتنێکی بنەڕەت بۆ بۆرجوای تورک و هەندەی پێ بەهێز بوون بتوانن خۆ لە ژێر دەسەڵات و فرمانی بیروکراتەکانی سەر بە سپا ڕزگارکەن.

بێگومان دەسەڵاتی پەرلەمانی فرەپارتی و سەرکەوتنی پارتی دیموکرات لە تورکیادا بەگشتی و لە کوردستان بەتایبەتی" کە بنکەی سەرەکی ئەو پارتە بوو" تا ڕادەیەک زەبر و زەنگی پۆلیس و هێزی سپای کەمتر کردەوە، و تورک و کورد وەکیەک بوونە خاوەن مافی دەنگدان و دەیانکۆشی ناکۆکی نێوانیان بشارنەوە تەبا بۆیان ببێتە هۆی دۆڕانی هەڵبژارن، بۆیە ڕێگەیاندا بەو سەرکردە دەسبەسەرەکانی کورد (ئاغاکان) لەئاوارەیی بگەڕێنەوە ناو نیشتمان و سەر زەوی و زار و دارایی داگیرکراویان. لای دیموکراتەکان زۆر مەبەستبوو ئەوانە بەلای خۆدا ڕاکێشن. زۆر لەو فیودالانە گەیشتنە ئەندامەتی پەرلەمان و شالیاریشیان تێدا هەڵکەوت. ئەوجا وردە وردە لە کوردستان خوێندگە و ڕێگەوبان و نەخۆشخانە کرانەوە.

ئیمپریالیزمی ئەمریکی لەپرۆژەی مارشالی ساڵی ١٩٤٨ەوە دەیکۆشی خۆ بخنێتە ناو تورکیا. تورکیای مەندەریس وامێکی زۆری لەدەرەوە خواست. ئەو بورجوا تورکەی دووربوون لە شارەزایی تەکنیکی و دەیشیانویست ببوژێنەوە ناچار پشتیان بە یارمەتی دەرەوە بەست. سەرئەنجام لە ساڵی ١٩٥٧دا کەوتنە سەر لێواری باری شکست[46].

لە پاداشتی یارمەتییەکانی ئەمریکا، هەزاران سەربازی تورکی( بەشی زۆریان کورد بوون) ڕەوانەی جەنگی کوریا کران، هەروەها لە ١٨ی فەبریوەری ١٩٥٢دا خۆیان بەست بە پەیمانی بەغدا (N.A.T.O) وە و بۆیبوون بە بەرایی سەنگەر لەرووی باشووری یەکێتی سۆڤیەت. هەروەها لەڕێکەوتنەکەی ٢٦ی فەبریوەری ١٩٥٤ بەدواوە ڕێگەیاندا بە ئەمرکا چەند بنکە و ناوەندی گرتیهەڵخستن لەسەر خاکی تورکیا دامەزرێنێت کەبەشی زۆری کەوتنە کوردستانەوە. ڕژێمی مەندەریس بۆ بەرەنگاری کۆمۆنیستان و کورد ساڵی ١٩٥٥ لەگەڵ عیراق و ئێران و پاکستان ئەو پەیمانەیان بەست کەناونرا "پەیمانی بەغدا". ئەو پەیمانە خرایە بری پەیمانەکەی سەعدئاباد کە هەمان بەشداران[47] ساڵی ١٩٣٧ هەیانبوو بۆ هەمان ئەو مەبەست. ئەوەبوو لە ١٤ی ئەپریلیشدا بەریتانیا هاتە ناو ئەو پەیمانەیانە. ئەگەرچی کار و فرمانی بەرگری خرابووە ژێر دەسەڵاتی ئەمریکا و "دەبوو سپاسالاری پەیمان لەوان بێت" و لەگشت چالاکیەکیاندا بەشدارکرێت، بەڵام دیارە بەچاکیان نەزانییوە لەڕووی ڕامیارییەوە ڕاستەوخۆ تێیدا بەشبن. کە عیراق پاش شۆڕشی جولای ١٩٥٨ لێیدەرچوو ناوی پەیمان بوو بە سەنتۆ (پەیمانی وڵاتانی چەق)

---

F_46 ـ شکست بە دەرامەت و ئابووری(نیمچە نابووت)

F_47 ـ لەوکاتەدا دەوڵەتێک بە ناوی پاکستان هێشتا دانەمەزرابوو، هاوپەیمانەکانی هەرێم ئەوسا تەنها عیراق،و ئێران و تورکیا بوون.

کە دەبوو "پێکەوە بەرگری لە مەترسی دەسدرێژی سۆڤیەت بکەن و ئامادەیشبن بۆ لێدانی ئەو جۆرە گێرەشێوێنیە ناوخۆییانەی مەترسی دەخەنە سەر ئاسایشی یەکێک لەو هاوبەشانە ". یەکەمین چالاکی "ڕاستەقینە"ی هاوپەیمانەکان لێدانی شۆڕشە کوردیەکەی جوانرۆی ناو ئێران بوو کە لەسەرەتای سالی ١٩٥٦دا هێزەکانی عیراق و ئێران پێکەوە لێیاندا.

ئەوتاوە دیموکراسیە بۆ کورد نیشانەی سەرەتای هەلتەکاندنی بناغەی دەرەبەگی لادێ بوو. لەوێدا وردەوردە "فیودال"ی کورد وەک خاوەن زەوی و زار " نەک وەک کورد" تێکەل بوو بەکەرتی سەرمایەداران و دەنگی چاکیان پێ کۆدەکردەوە. زۆر لەو سەرەک هۆز و بەگ و شێخ و ئاغایانە باریانکرد بۆ شار و لەوێ زەوی و خانووبەرەیان کڕی و بوون بە قۆنتەراتچی و بازرگان، بێکارەکانیش بە سوودی سەرمایە دەژیان. منداڵیان دەنارده بەر خوێندن لە زانستگە و خوێندگەکانی تورکیا و کۆلیجی ئەمریکایی. ئەوانە پاش تەواوکردنی خوێندن ڕوویان دەکردە کۆڕەکانی (شەرق ـ دۆغوچولیک)، واتە ئەوەی بووژانەوە ئابووری ڕۆژهەلات، کە ناوێکە ڕژێم لەبری کوردستان بەکاریدێنێت.

سەرەتای دەرکەوتنی ئەوەی بووژاندنەوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژانی پاش شۆڕشی یۆلیۆی ١٩٥٨ی عیراق کەتاماوەیەک ناوی بەکۆماری هاوبەشی کورد و عەرەب دەرکرد. ڕادیۆ کوردیەکەی بەغدا و پاشانیش ڕادیۆی قاهیرە و ئێزگەی یێریڤان کلپە وگڕی بیری میللییان لەکوردستانی تورکیا هەلگیرسان. ئەوانەیان لەوە گەیاند کەهاونیشتمانی کوردی ولاتی دراوسێ خاوەن هەمان مافی هاونیشتمانی ترن. بەوکارە پەردەی بێدەنگی لەسەر کوشتار و ڕوداوەکانی سالانی سی لابرا.

گرۆیەک لە "هەڤالانی بوژانەوەی ئابووری"[48] لەپایزی ١٩٥٨دا ڕۆژنامەیەکی بچووکیان لەژێر ناوی ولاتی پێشکەوتوو(یلیری یورت) بلاوکردەوە نووسینەکانی بە زمانی تورکی بوو و تایبەت بوون بە ڕونکردنەوەی دواکەوتوویی باری ئابووری هەرێمی ڕۆژهەلات و کەموکوورییەکانی نەخۆشخانە و خوێندگە و ڕێگەوبان و هتد .... خوێنەری ئەو لەناو کۆڕی ڕۆشنبیراندا زۆر بوو.

ئەوەبوو لەمانگی دیسەمبەری ١٩٥٨دا[49] ڕژێمی مەندەریس نەتەنها کارگێڕی ڕۆژنامە بەلکو ئەوانەیشیان لەگەلیدا گرت کەسیخوڕەکانی (M.I.T) ناوی بە (کوبردچی) دەبرد. ژمارەی پەنجا کەسیان لێ گیرا.

ئەوگرتنە تەنها گێچەلبوو ڕژێم دەیویست سەرنجی کۆمەلی پێ وەرچەرخێنێت لە نشوستی باری ئابووری و شکستی لیرە " کە ئۆکتۆبەری ١٩٥٨ نزمبووەوە بۆ ٢٢٠٪" و هەروەها لەڕادەبەدەر بەرزی نرخی کالا. گشت ئەوانە بوونەهۆی تووڕەیی زۆری بەتایبەت ناو بیروکرات و مووچەخۆرەکانی خاوەن دەرامەتی دیاریکراو و کاربەدەستانی سپا کە لەسایەی ئەو ڕژێمەدا زۆر

---

48 ـ F و E ـ مەلبەندی سەرەکی ئەو گرۆی "ڕۆژهەلاتچیانە" (دۆگوجی) لە دیاربەکر بوو ....

49 ـ F و E ـ دیسەمبەری ١٩٥٩.

تایبەتمەندییان لەدەستدا. ئەوەبوو بەکێشەی قوبرس و هەمان کات بڵاوکردنەوەی دەنگی جموجۆڵی "ئاژاوەچی و گێرەشێوێنانی کورد" تاماوەیەک سەرنجی کۆمەڵیان لە کێشە ئابوورییەکان وەرگێڕا.

هەرچی کاربەدەستانی سپا بوو کە لەساڵی ١٩٥٠ بەدواوە دەستیان لەکاروباری میری و باری ڕامیاری وڵاتدا نەمابوو، توانیان لەو سیستێمە ڕاپەڕن و زۆر توند دەستی لێتوەشێنن و " ڕووی دیموکراسی ڕاستەقینە و ڕەوشی شۆڕشگێڕانەی کەمالیزمی پێشوو" ڕزگارکەن.

کودەتای ٢٧ مای ١٩٦٠ بەتۆڵەی ئەو کاربەدەستە بیروکرات و کەمالیستانەی سپا دەژمێردرێت کەخۆیان ناونا ( ئایدن )ـ واتە ڕۆشنبیر. کوودەتاچییان تاخمێک بوون بەناوی "کۆمیتەی یەکێتی نیشتمانی" ماوەی ساڵ و نیوێک دەسەڵاتیان بەسەر وڵاتدا بوو. پاش هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٦١ ڕێگەدرا کابینەی ئاسایی دەوڵەت دامەزرێتەوە[50].

وەنەبێت میللەت بەتەنها پیرۆزبایی لەو کودەتایە نەکردبێت، بەڵکو تەنانەت دژیشبوون پێی، بەتایبەت کورد کە لە گەڕانەوەی کەمالیست دەترسان. یەکەمین هەڵوێستی ئەو کۆمیتەیە گرتنی ٤٨٥ کەسی ڕۆشنبیر و ناوداری کورد بوو کەچوار مانگیان لەسەربازگەیەکی شاری سیواس بردەسەر و ٥٥ کەس لەوانەی لەناو کۆمەڵدا زۆر بەناوبانگ و دەست ڕۆیشتوو بوون هەڵدران بۆ شارە ڕۆژئاواییەکانی تورکیا و ماوەی دوو دانە ساڵ بە دەستبەسەری مانەوە. ٤٩ زیندانی[51] کورد بەر بڕیاری لێخۆشبوونەکەی پاش کوودەتا نەکەوتن. یەکێکیتر لەفرمانە سەرەکییەکانی کۆمیتەی یەکێتی نیشتمانی" بەتورک کردنی" ناوی شار و گوندە کوردیەکان بوو. هەروەها بڕیاردرا "بەشی ناوخۆیی" بۆ خوێندگەکانی ئەو هەرێمە کوردییە بکەنەوە تا منداڵی کورد لەوردساڵییەوە لەکەسوکار دوورخرێنەوە و "تورکانە گۆشەکرێن" (بەڵام ئەنجام بەپێچەوانەی مەبەست دەرکەوت، چونکە زۆر لەوانە تا ئەوکاتەی پێدەگەیشتن بایاندەدایەوە سەر ڕێ و دۆزی کوردایەتی) . کارەکانی تری ئەوتاخمە لەکوردستان کردنەوەی نیو دەرزەن ئێزگە بوو بەزمانی تورکی تا هاووڵاتییان دوورخەنەوە لەگوێگرتنی ڕادیۆ کوردییەکانی وڵاتانی دراوسێ.

فەرمانێکی تری کۆمیتە پیادەکردنی "یاسای نیشتەجێی کردن" بوو کە دەسەڵات دەبەخشێت بەمیری جۆرە کەسانێکی پێ دوورخاتەوە کەلێکۆڵینەوە دەریدەخات ئاژاوەچی، یان تێکدەری بەرژەوەندی گشتین. ئەوجا کەوتنە گواستنەوەی زۆرکەس لەگەڵ خاوخێزانی" تا خزمی پلەی چوار" بۆ هەرێمێکی تری کیشوەر. ئەو یاسایە تەنها کوردی دەگرتەوە.

١٦ی نۆڤەمبەری ١٩٦٠[52]" واتە دوو مانگ پاش هەڵگیرسانی بزوتنەوە چەکدارییەکەی

---

50 ـ هەڵوێستێکی تری نزیک لەو بابەتە پاش هەڵبژاردنی دیسەمبەری ١٩٩٦یش ڕوویدا. بڕوانە پێشەکی وەرگێڕ. « و »

51 ـ E ـ هەمانە. و F ـ ٥٩ کەس ....

52 ـ شۆڕشەکەی باشووری کوردستان لە١١ی سیپتەمبەری١٩٦١دا هەڵگیرسا. « و »

کوردی عیراق کە مستەفا بارزانی رابەری بوو" سەرکردەی کودەتاچییان هەرەشەی لەکوردی تورکیا دەکرد کە ئەگەر تەنانەت بیر لەوە بکەنەوە هەڵوێستی وەک هاوتاکانی وڵاتی دراوسێ بنوێنن؛ " ئەگەر تورکە کێوییەکان هێمنی رانەگرن ئەوە سپا هیچ دەست لە بۆمبارانکردنی گوند و شارەکانیان ناپارێزن و لەگەڵ زەوییان تەخت دەکات و خۆیشیان لەخەڵتانی خوێن هەڵدەکێشێت و وڵاتیان لێ دەکەکات بەگۆمی خوێن".

هەرچەندە ئەو رژێمە نوێیەی لەساڵی ١٩٦١دا[53] دەسەڵاتی گرتەدەست هەندێک هەڵوێستی دیموکراسیانەی نیشاندا و مافی ئازادی ئەندێشە، چاپەمەنی، کۆڕ بەستن و کردنەوەی کۆمەڵەی پیشەیی بە رەوا ناساند. ساڵی١٩٦٣ بە یەک دەستووری لیبرالانە قەدەغەبوونی مانگرتن و کۆڕ و کۆبوونەوەی جێیگومان و گێرە شێوێنی و ناوچەگەری و کۆمەڵ تێکدەری دووپات کردەوە. لەگەڵ گشت ئەوتۆیش هێشتا کورد تۆزێکی سوودی لەو ئازادی و دەموکراسییەتە بەرکەوت.

چینی ناوەندی رونبین و پرئاوات کەوتنە سەرپێ، و هەروەها چینی کرێکار تادەهات لەرووی رامیارییەوە پێش دەکەوت و بە ژمارەیش پتر دەبوون. ئابوورییە هەو کردووەکەی رژێمی مەندەریس بوە هۆی ئاڵۆزی و رووە لەنشوستی کردنی چینی بۆرجوای بچووک. بناغەیان رۆشنبیرانی کورد لەکوردستان پتەوبوو. گشت ئەوانە پێکەوە بیوونە هۆی ئەوەی بەڵێنی دەستوور تەنها تێبینی سەر کاغەز نەبێت. لە هەفتەی دووهەمی مانگی فەبریوەری١٩٦١دا سێ پارتی نوێ تر هاتنە سەر شانۆ؛ عەدالەت پارتی(A.P)، یەنی تورک پارتی(Y.T.P)، و تاخمێک ئەندامی سانديكا پیشەییەکانی تورک، ئیش پارتی(T.I.P)یان پێکەوەنا.

لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٦١دا هیچ یەک لەپارتە رامیارییەکان دەنگی ئەوتۆی نەبوو، جگە لە عەدالەت پارتی کە زۆرترین دەنگی بەرکەوت و بەوە شوێنی پارتە دیموکراتەکەی مەندەریسی گرت. دەنگەکانی کوردستان بەزۆری چوون بۆ ئەو پارتە و پارتی تورکیای نوێ کە یەکێک لە سەرکردەکانی( دوکتۆر یوسف عەزیزئۆغلو) کورد بوو. کابینەی نوێی هاوبەشی پێکهات و سپا سەرۆکایەتی دەوڵەتی سپارد بە عیسمەت ئینۆنۆی پیر کە یەکێکبوو لەخۆیان.

لەخۆلی نوێدا گۆڤاری بارش دونیاسی(جیهانی ئاشتی) کە بۆرجوا لیبرالەکانی دەریانکرد، ساڵی ١٩٦٢ بەشێک لە لاپەرەکانی تەرخانکرا بۆ نووسینە زمانەوانی و کولتووری و فۆلکلۆرییە کوردییەکانی موسا عەنتەر. لەبەرئەوەی ئەحمەد حەمدی بازار بوو بە بەڕێوەبەری گشتی گۆڤار، و ئەو یەکێک بوو لە کۆنە هاوڵاتی مستەفا کەمال و دامەزرێنەر و یاریدەری سەرۆک یانەی یەکێتی نیشتمانی بازرگانانی تورک و یەکێتی ژوورەکانی بازرگان و پیشەسازانی تورک، رۆژنامەکەیان پێ دانەخست. ئەوجا رۆشنبیرانی " چەپ "ی کەمالیست کەوتنە تانووت و توانج و بەکەمتەرخەم تاوانبارکردنی ئەو چینەی بۆرجوا. سەرئەنجام بوو بە شەرە قسەی گەرم لەنێوان گۆڤاری بارش

53 ـ F ـ یاسا سەرەکییەکەی ١٩٦١. و E ـ یاسا ی نوێی ١٩٦١ ....

دونیاسی و گۆڤاری(یون)ی کەمالیست. کۆمەڵێک ڕۆشنبیری ئیستەنبوول (نەوەی بووژانەوەی ئابووری)ی سەر بە دوکتۆر عەزیزئۆغلو لە سیپتەمبەری هەمان ساڵدا گۆڤاری مانگانەی(دیجلە و فورات)یان دەرکرد بە هەردووک زمانی کوردی و تورکی. ئەگۆڤارە لەنێو گەنجانی "نەوەی بووژانەوەی ئابووری"[54]دا زۆر پەسەند و سەرکەوتوو بوو. پاش چەند ژمارەیەک ئەو سەرکەوتنەیان بۆ بووە هۆی قەدەغەکردنی. دوو گۆڤاری ترکە ناویان(دەنگ) و (ڕێیا نوێ ) هەر پێش دەرکەوتن قەدەغەکران.

بەدەسکێشانەوەی عەدالەت پارتی لە٢٥ی جونی١٩٦٢دا کابینەی هاوپەش هەڵوەشایەوە و دووبارە عیسمەت پاشا کابینەی تری پێکهێنایەوە. شالیارگەی تەندروستی سپارد بە دوکتۆر عەزیزئۆغلو کە نوێنەری دیاربەکر و سەرۆکی پارتی تورکیای نوێ بوو. لەو ماوە کورتەی فرمانیدا دوکتۆر عەزیزئۆغلو لەکۆی گشت ڕژێمەکانی پێشوو پتر نەخۆشخانە و فێرگەی لەکوردستان کردەوە، بۆیە لەناو کۆمەڵی خۆیدا ناوبانگی دەرکرد و خۆشیان دەویست. ئەوجا شالیاری ناوخۆ "هـ . و. بیگ ئاتا"ی هاوکاری کە یەکەپیاوی ئینۆنۆ بوو، لە کۆڕێکدا تاوانی ناوچەگەری خستەپاڵ و ناچاری کرد سەنگەری دژ بە نۆردووی کەمالیستان چۆڵ بکات و دەست لەکار بکێشێتەوە.

خولی(بووژانەوەی ئابووری)[55] هەنگاوێکی تری نوێی بۆ کورد ڕەخسان. کوردی وڵاتی دراوسێ لەپێناو سەربەستی نەتەوەییدا بزوتنەوەی چەکدارییان هەڵگیرسانبوو. رادیۆیش هەر باسی کورد و کوردستانی دەکرد. تەنانەت ڕۆژنامە تورکییەکانیش کە لەو خولەی ئازادی چاپەمەنییدا دەژیان کە میری بڕیاریدا، بۆ بەرزکردنەوەی ڕادەی فرۆش ڕیپۆرتاجی دووروودرێژیان لەسەر"بزوتنەوە کوردییەکەی بارزانی" دەنووسی. ئەوانە و بەتایبەتیش بزوتنەوە کوردییەکەی عیراق هەستی کوردایەتی لەلای ئەو کوردانە زیندوو کردەوە کە بەهرەوەربوون بەو خولی ئازادی چاپ و ڕەفتارە دیموکراسی و کۆمەڵایەتییەکانی ناو تورکیا و ڕادیکاڵانە ڕویان لە ڕێکخراوە چەپییەکان دەکرد.

"یەنی ئاکیز" ( ڕێبازی نوێ ) یەکەمین گۆڤاری سۆشیالیستی کوردی بوو لە ساڵی ١٩٦٦دا لە ئەنقەرە بەچاپ گەیشت. محەممەد عەلی ئەسلانی بەڕێوەبەری پارێزەرێکی ئاراراتی بوو، پاشان بوو بوسەرۆک پارتی کار لە تورکیا. لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی تەرخانکرد بۆ باسی تیۆری لەسەر کێشەی کورد و پشتگیری لە ئەگەری یەکگرتن لەنێوان هەردوو چینی کرێکاری کورد و تورک تا پێکەوە ڕووبەڕووی ستەمکاری کاربەدەستانی تورک و هەروەها کورد ببن، و بکۆشن سیستێمێکی سۆشیالی ئەوتۆ بێتە کایەوە سەربەستی و ئازادی و یەکسانی و خۆشگوزەرانی بۆ

---

54ـ F و E ـ ... لەنێو خوێندکارانی شاردا ....
55ـ F و E ـ ( ڕۆژهەڵات چێتی)....

هەردووک گەلی کورد و تورک دابینکات. لەوەتەی کۆماری تورکی کەوتە "باسی گەلی کورد" یەنی ئاکیش یەکەمین بلاوکراوەی ئاشکرای ڕۆژهەلاتییان بوو. ئەوەبوو سەرکەوتنی ئەو ڕۆژنامەیە و باوەڕ پەیداکردنی لەناو کوڕ و کۆمەڵی لاو و ڕۆشنبیردا، و ئەو تەکانەی نوێیەی بەخشی بە بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد، بۆرجوای تورکی هێنایە سەر ئەوەی ئەو گۆڤارە مانگانەیەی بە دوو زمانی تورکی و کوردی دەردەچوو لە چوارەمین ژمارەیدا داخەن و سەرۆکەیەیشی بگرن چونکە بەکارهێنانی وشەی" نەتەوی کورد" بە بۆچوونی ئەوان، هەست و دۆزی نەتەوایەتی بۆرجوای تورک دەوروشێنێت، و هەستی جوداخوازی لەلای کورد دەبزوێنێت.

کەواتە وەک ئازادی چاپەمەنی بۆ کورد نەبوو، هەرنەبێت لەخولی "سەربەستی" نوێدا ڕێز لەهەندێک کێش و پێوانەی یاسایی دەگیرا و چیتر وەک سیستێمەکەی ئەتاتورک کەسیان ڕەوانەی بەر پەتی قەنارە نەکرد لەسەرئەوەی دەربڕن کە "کورد هەیە". ئەوەبوو تێکۆشەری کورد دەیتوانی بەئارەزووی خۆی ئەوە بنووسێت کە دەیەوێت، بەلام دەبوو قایلبێت بەو چەند ساڵ زیندانییەی بۆی دەبڕایەوە. ئەوجا کەمال بوردیللی نمایندەی ئورفە یەک پەرتووکی لەژێر ناوی" کوێردجە گرامەر" (واتە ـ ڕێزمانی کوردی) بەچاپ گەیاند. بەهۆی ئەندامەتی پەرلەمانەوە یاسا ئەوی پاراست، بەلام لەچاپدانی "برینا ڕەش" و "فەرهەنگا کوردی ـ تورکی" موسا عەنتەری چەندین جار گەیاندە بەر مێزی داد. هەروەها محەمەد ئەمین بوزئەرسەلان لەسەر بلاوکردنەوەی "ABC کوردی" و "مەم وزین"ی ئەحمەدی خانی. بەکوردی کراوی دوو پەرتووکی ئینگلیزی[56] ـ "ڕەچەلەکی کورد" لە نووسینی ماک کاروس و "کۆمارە کوردییەکەی ساڵی ١٩٤٦ی مەهاباد" لە نووسینی، و. ئینگلتون ـ کەوتنە بەرباس. "لەگشتی سەرنجکێشتر دوو پەرتووکی کۆمەلایەتی کۆمەلناسی تورک ئیسماعیل بێشکچی "کوێچبە ئەلیخان ئەشیرەتی" (هۆزە دەوار نشینەکەی ئەلیخان) کەنامەی دوکتۆراکەیەتی و "دۆگو ئەنادۆلینین دوزینی" (دۆز لەئەنادۆلی ڕۆژهەلات) بوو، لەئەنجامی بلاوبوونەوەیان ساڵی ١٩٧١ دوانزە ساڵ زیندانی بۆ بڕایەوە.

ئەوجۆرە بلاوکراوانە و کۆششی لاوانی کورد و ڕۆشنبیرانی کوردی ئەندام لەناو پارتی کار، و هەروەها پەرەسەندنی بزوتنەوەی نەتەوایەتییەکەی کوردی عیراق، لێپرسراوانی لەشکر و میری ئەنقەرەی هەراسانکرد. ئەوەبوو ڕژێمی ئەنقەرە لە ساڵی ١٩٦٦دا چەند کەرت هێزی کۆماندۆی دژ بە پارتیزانی بە کوردستاندا بلاو کردەوە تا دێهاتیانی پێ بترسێنن نەبا کەس بیر ئەنانەت لەچەندوچۆنی هەلسووڕانی کوردی عیراق بکاتەوە.

کوردایەتییەکەی سەرەتا ئەو ڕۆشنبیرانە خولیایبوون کە لەناوەندی بۆرجوا و فیودالەوە هەلقولان، لە شەستەکان بەدواوە کەوتە نێو لاوانی "بوژانەوەی ئابووری" و وردە بۆرجوای شار و لادێ و تەشەنەی کرد و ڕێچکەی برد بەرەو کۆمەلگەی جوتیاری بێدەرەتان. بەگشتی ئەوانە وەک

---

[56] F ـ E و ـ ... ئەو دوو بەرهەمەی بەکۆششی دۆغان شێخ حەسەنانلی بلاوکرایەوە.

پێویست گوێڕایەڵی ئەو كەسە دەبوون كە باسی نشوستی ئابووری هەرێمی ڕۆژهەڵات و ناپەكسانی هەرێمە كوردیەی بەرانبەر بە ئەنادۆڵی ڕۆژئاوا، و بێكارییە هەمیشەییەكەیانی بۆ دەكردن. بێدەسەڵات بوونی ڕژێم لەچارەسەركردنی گیروگرفت و درێژ خایاندنی ئەو قۆناغەی لەساڵی ١٩٦١وە هەنگاویان بۆ نا كوتووپڕ زەمینەی خۆشكرد بۆ پەرەسەندنی ڕادیكاڵی لەناو كۆمەڵی كوردەواریدا.

بزوتنەوەی دیموكراسی و سۆشیالیستی لە توركیا (١٩٦١- ١٩٧٠)

ئەگەرچی باری دەرەكی وەك بزوتنەوە كوردییەكەی عیراق و ئێزگە كوردییەكانی ڕادیۆی وڵاتانی دراوسێ و سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی گشت لایەكی جیهان ڕاستەوخۆ كاری كردە سەر بووژانەوەی هەستی نەتەوایەتی كورد. لە ساڵی ١٩٦١یش بەدواوە تەشەنەكردنی بزوتنەوەی دیموكرات و سۆشیالیستی ناوخۆی خودی توركیا زەمینەخۆشكەربوو بۆ چەسپاندنی كاكڵەی بیری كۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ئایدیۆلۆجی ناو كورد، و هەر ئەو باروودۆخەیش كادری شۆڕشگێڕ و پێشكەوتنخوازی كوردی گۆشەكرد.

هەرچۆنبێت پارتی كاری توركی تاساڵی ١٩٦٨ ڕۆڵی سەرەكی خۆی بینی لە ڕێكخستن و بەرەوپێشچوون و چەسپاندنی دیموكراسییەتی دژ بە فاشیزم و ئیمپریالیزم. ئەوپارتەی سەرەتادا تاخمێك ئەندامی ئەو سانديكای كرێكارانەی بە ڕابەری ناوداری پێشكەوتنخواز محەمەد عەلی ئابیار دامەزرا، توانی گشت وزەیەكی پێشكەوتنخوازانە زیندووكاتەوە كە ساڵەهای ساڵ بوو لە توركیا قەتیس مابوو. پارتی كاری توركی لە سەرەتای دەركەوتنیدا هەر وەك پارتێكی كرێكاری بوو. ئەندامە سەرەكییەكانی بریتیبوون لەو ڕۆشنبیرانەی بەتایبەتی لە بنەماڵە بۆرجوا لیبرال، یان ئوروستكراتەكانەوە هاتبوون، لەوانەبوون كەخوێندنیان لەدەرەوە تەواوكردبوو و بەتەواوی شارەزای چەندین زمانی بیانی بوون. زۆریان تێیدا بوو بێلەوەی فری بەسەر سۆشیالیزمییەوە هەبێت نەیاربوون بە سیستێمی ژیانی ئەو ڕۆژە. لە جانتای ئەوانەدا هەندێك دەستنووسی لە بەرهەمی فەلسەفی و ڕامیاری و ڕۆمان هەبوو كە چەند ساڵ لەوەوبەر لەزمانی فرەنسی، ئینگلیزی، ئەڵمانی، ڕوسی و یۆنانییەوە وەریانگێڕابوو بەڵام ستەمكاری ڕژێم ماوەی نەدەدان لە چاپیدەن، ئێستا لەسایەی سیستێمی نوێدا توانای چاپیان بۆ ڕەخسا.

كە سیناتۆر نیازی ئاگرێناسلی لە فەبریوەری ١٩٦٣دا بوو بە ئەندامی پارتی كار، هەر لەسەرەتای دامەزرانی پەرلەمانی توركییەوە تا ئەو ڕۆژە یەكەمین پارتی سۆشیالیست بوو ئەندامی هەبێت لەناو پەرلەمان. بەگوێرەی یاسای بنەڕەتی نوێ، هەج پارتێك ئەندامی بوو لەپەرلەمان و سەرۆكانی زانكۆ و سەرەك كۆمار، بۆیان هەبوو پێشنیار ئاراستەی ئەنجومەن بكەن بۆ چاوخشاندنەوە بەندە كۆن و نوێكانی دەستووری وڵات. بەوە پارتی كاری توركی توانی بەهۆی

نمایندەکەیەوە نزیکەی شەست خاڵی یاسا بگۆڕێت.

کە کەوتنە وتوویژ لەسەر دوو بەندی ١٤١ و ١٤٢ی یاسای سزایی کە لە ئیتالیای فاشیزم وەرگیرا بۆ لێدانی کۆمۆنیست و کوردی "جوداخوز"، ئەمان بە تەگەرەیان ناوبرد لەڕێی چەسپاندنی بناغەی دیوکراسیەت، ئەنجومەنی یاسادانەر بە سەرکەوتنی هەشت دەنگ بەسەر حەوت دەنگی ئەواندا ڕێی لابردنی نەدان بەڵام بڕیاردرا سنووری دەسەڵاتی بکرێت بە؛ " چیتر خوێندن، باس، لێکۆڵینەوە و ڕاهێنان لەسەر کۆمۆنیستی و ئانارشیزم « گێرەشێوێنی » بەو دوو بەندە تاوانبار ناکرێن ". ئەوجا زۆر بەفراوانی بەر بۆ چاپخانە ئاوڵە بوو بەرهەمەکانی مارکس، ئینگلس، لینین، هێگل، ستالین، ماو، کاسترۆ، هۆشی منە، نکرۆمە، فانون، گیڤارا، ڕۆزا لوکسمبۆرگ، ئۆگست بێل، «F ـ بریشت »، نازم حیکمەت و کەسانی تر بەچاپ بگەیێن و بیخەنە بەردەستی ئەوانەی تا ئەوڕۆژە هەر ناوی نەبیستبوون، تەنانەت( ئایدن) ڕۆشنبیران کە هیچیان لە زمانی بیانی نەزانیوە.

هەوی ئابووری و بێکاری سالانی شەست[57] بوە هۆی نەخوێنەواری و برسی کۆمەڵی ناو تورکیای پاشکەوتوو. ئەوانەی هەندێکیان حەز لەخوێندن بوو، واتە خوێندکار و ڕۆشنبیرەکانی تامەزرۆی خوێندن بوون و لەچەند ڕۆمانی سەدەی نۆزدە بەولاوە چیتریان دەستنەکەوتووە زاخاوی مێشکی خۆیانی پێبدەن بەگشتی ڕوویان کردە ئەو بەرهەمە نوێیانە. لە ساڵی ١٩٦٥ بەدواوە زانکۆ تەنانەت یەک لەپێنجی کۆی ئەو خوێندکارانەی وەردەگرت کەپلەی ئامادەیی و ئازموونی تایبەت بە زانکۆییان دەبڕی. وەرنەگیراوەکان، بەتایبەتی لایەنە زۆرەکەی بەرەی چینی بۆرجوای بچووک بێکار دەمانەوە. بەوە خوێندگە نزمەکانی پێش لەزانکۆ بوون بە کانگای دەرکەوتنی کادری شۆڕشگێڕ.

هەندەی نەبرد بنکەی سۆشیالیستی و کۆڕی زانست لە کۆلیجەکان پەیدابوون. لەساڵی ١٩٦٥ بەدواوە ئەو کۆڕانە لەکۆمەڵەیەکی ئەندێشەیی ئەوتۆدا یەکیان گرت زوور نزیک بوو لەبیر و بۆچوونەکانی پارتی کار کەپاشان (یەکێتی لاوانی شۆڕشگێڕ)ی لێ پێکهات و بوو بە مەڵبەندێک بۆ گۆشەکردنی شۆڕشگێڕی ناو چینەکان. بەنرخترین شت لەلای زۆربەی ئەو لەلاوانە " هاوپەیوەستی بووژانەوەی ئابووری" گەل بوو، بۆیە تێکۆشان لەپێناو گەلدا بوو بەوپەڕی مایەی شانازی. لاوان بەگشتی لەسەر یەک ڕێ نەبوون، بەڵکوو تاخمێک ڕوویانکردە (M H P) "پارتی بزووتنەوەی میللی" کە کۆلۆنێل تورکیش دایمەزران و تێکەڵی کردن بە پۆخڵەواتی ڕژێم و بەڵێنی بە"میللەتی مەزنی تورک" دا بەرەو پێشکەوتنیان ببرانێت. ئەوجا پیاوکوژانی ئەو پارتە فاشیستە بوونە قامچی دەستی ڕژێم بۆ لێدانی لاوانی پێشکەوتنخواز. هەروەها پارتە پانئیسلامییەکانی دژ بە "ڕژێمی سەرمایەداری و زانستیاری" هەنێکیان لەو لاوانە کێشکرد

57 ـ E ـ هەمانە. و F ـ ساڵەکانی دەیەی سێهەم ....

بەلای خۆدا.

یەکۆششی یەکێک لەو یانەی لاوانە، لەکوردستان بەش بۆپارتی کاری تورکی کرایەوە و زۆر لەکرێکار و پیشەساز و بازرگانانی بچووک تێکەڵ بەو پارتە بوون. بێگومان ئەو کارە بێ گێچەڵ و گیروگرفتی دەزگاکانی پۆلیسی ئاسایش نەچووسەر کە بۆ بەربەرکانێی رێکخراو و بیری کۆمۆنیستی یەکێتشوەردا بلاوکرابوونەوە.

لە هەڵبژاردنی ساڵی١٩٦٥دا پارتی کار " لەکۆی ٤٥٠ کورسی" پانزەی[58] بەرکەوت و بۆ ئەو بوو بە بنکە.

بەڵام ئەنجامی چارەنووسی گشت بزووتنەوەی دیموکراسی و دژ بە ئیمپریالیزمی هەر ناکۆکی و لێکبچڕانە. کۆڵینەوە لە بارودۆخی راستەقینەی وڵات و جیاوازی نەخشەی ستراتیجی شۆرشگێرانەی نێوان "پەرلەمانی" و " لێنینیست"ەکان، واتە نێوان خواستارانی شۆرشی دیموکراسی نەتەوەیی و ئەوانی شۆرشی سۆشیالیستی بووە هۆی دووبەرەکی. لەساڵی ١٩٦٨دا لێک بچڕان ئاشکرا بوو، و پارتی کاری تورکی بەرفراوانتر رووی لەبیری شۆرشگێری سۆشیالیستانە کرد، و لەولایشەوە خواستارانی شۆرشی دیموکراسی نەتەوەیی لە میهری بیللی کۆبوونەوە. پاش ئەوە چەند کەرتێکی تریان لێ بووەوە، و لەوانە دووگرۆی بوون بە ماوی.

باڵە سۆشیالیستەکەی وردەبۆرجوا بەرەبەرە روو لەسەرکەوتن بوون و ئەو کادیرە بۆرجوایانە و نەبیاری پێشەوایانیان دوورخستەوە کە بە باڵی پەرلەمانتاری زۆر خاو و خلیچک ناودەبران.

ئەگەرچی لەوڕۆژەدا کرێکار بارستایی و تایبەتمەندی ئەوتۆی لەناو ئەو پارتەدا نەبوو بەڵام ئەوان هەر باسی کرێکاریان لەسەردەم بوو. لەساڵی١٩٦٧دا تاخمێک لەو چالاکانەی لایەنی پارتی کاری تورکییان دەگرت بوون بە بەشێک لەو بزوتنەوەیەی تورکیش کەچەقێکی سەر بە ئامریکا و رژێم بوو، ئەو (یەکێتی کرێکارانی شۆرشگێر"D.I.S.K") یان پێکەوەنا کە ئەمڕۆ خاوەنی پتر لە نیو ملیۆن ئەندامە. هەروەک ساڵی ١٩٦٧ هەندێک لە کوردە تێکۆشەرەکانی سەر بە پارتی کاری تورکی لە شارە مەزنەکانی کوردستاندا کۆڕ و کۆمەڵیان دژ بەستەم و قەلاچۆکاری نەتەوەیی بەست و بانگیان بۆ ژیانی دیموکراسی کورد هەڵدا. سەرەتا ساڵی ١٩٦٩ لە ئەنقەرە و ئیستەنبوڵ، و پاشان لەشارە کوردیەکاندا" رێکخراوی لاوانی شۆرشگێری کورد ـ DDKO " دەستی باڵای هەبوو لە دامەزرانی بنکەی راهێنانی" هەڵوێستی شۆرشگێرانە لەهەرێمی رۆژهەڵات". تێکۆشەرانی ئەو کۆمەڵەیە وەک لە بزوتنەوە نەتەوایەتییەکەی کورددا رۆڵی سەرەکییان بوو، لە پارتی کاری تورکیشدا ئەندام، یان لایەنگیر بوون.

ناکۆکی ناوخۆیی پارتی کاری تورکی لەسەرەتای ساڵی ١٩٦٩وە بەرەو هەرەسی دەبرد. بەراستی تا ئەوکاتە کاری گرنگیان ئەنجامدا، و لەرووی ئایدیۆلۆجیەوە هەنگاوی چاکیان لەسەر

58 ـ E ـ هەمانە. و F ـ ... ٣٥ کورسی ....

ئاستی تورکیا دەنا، یەکێک لەوانە لێکۆڵینەوەکەی کۆنگرەی چوارەمی مانگی ئۆکتۆبەری ۱۹۷۰ بوو کە لەسەر کێشەی کورد بوو. ئەوجا ئەو لێکۆڵینەوەیە بووە مایەی قەدەغەکردنی.

هەرچەندە بزوتنەوە شۆڕشگێڕییەکەیان بچڕبچڕ بوو، هەر کاری چاکیان دژ بە ئیمپریالیستی ئەنجامدا و تادەهات بەرەوپێش دەچوون و ئەندامیان پتر دەبوون. ئەوکاتەی ڕژێم توانای بەرگری لەباردا نەما ڕێگەی ترساندنی گرتەبەر، و ماوەیدا میلیشیا چەکدارەکانی کۆلۆنێل تورکیش بەبەرچاوی پۆلیسەوە هەڵکوتنە سەر "زانکۆ سوورەکان" و چەند تێکۆشەری لێ بکوژن و لەسەر چەقی ڕێادا فڕێیاندەن. لە ساڵی ۱۹۶۹وە تا (۱۲ی مارسی) ۱۹۷۱ سی و پێنج کەسیان کوشت. ئەگەرچی تاوانباران دەناسرانەوە، تەنانەت یەکێکیش نەدرا بەدادگا. ئەوەی کاری کردە سەر لاوان ڕوویکەنە ڕاهێنان لە سەر چەک، و مەشق لەژێر چاودێری ڕێکخراوە فەلەستینییەکان، لەبەر هەڵوێستی درندانەی ڕژێم، و نەمانی باوەڕ بوو بە گۆڕانکارییەکی کوتوپڕی شۆڕشگێڕانە، بۆیە تاخمێک لەلاوان کەوتنە سەر ئەو باوەڕەی، تاکە ڕێگە بۆ گۆڕینی سیستێم دەستدانە چەکە. ئەوجا لەوتۆ باروددۆخەدا دوو دەستە پەیدابوون، "بەرگری میللی ئازادیخوازانی تورکیا (T.H.K.O)" کە دێنیز گێزمیش پێکەوەینا، و ماهیر شایان "پارتی ئازادیخوازی میللی تورک (T.H.K.P)"ی پێکهێنا و کەرتە جەکدارەکەیشی ناونا "بەرایی ئازادیخوازانی میللی تورک (T.H.K.O)".

بەرزبوونەوەی ڕادەی چالاکی کرێکار، و سەرهەڵدانەوەی بزوتنەوە نەتەوایەتی کورد و بیری ڕادیکاڵی لاوان، میری و دەسەڵاتدارانی سپای هەراسان کرد بەو ڕادەیەی "چەپڕەوان"ی کەمالی کەوتنە ئەوباوەڕەوە تاخمێک ئەفسەری پلەی کۆلۆنێل"ی خاوەن بیروباوەڕی چەپی" کوودەتایەک بگێڕن. سەرئەنجام بە مەبەستی زەمینە خۆشکردن بۆ چەسپاندنی هەندێک باری ئابووری، ڕامیاری و یاسایی سەخت کە نەیانتوانیوە لەکاتی ئاسایدا بیسەپێنن، و بۆ پێشخستنی کوودەتاکەی ئەفسەرانی کۆلۆنێل، ڕۆژی ۲۱مارسی ۱۹۷۱ سپا کوودەتای کرد بەسەر ڕژێمی دێمیرئێلدا و بڕیاری حوکومڕانی لەشکری بەسەر وڵاتدا سەپاند. مافی مانگرتن هەڵسپێردرا، و گشت کۆمیتەکانی بووژانەوەی ئابووری و یەکێتییە پیشەییەکانی مامۆستایان و لاوان و پارتی کاری تورکیش هەڵوەشانەوە.

هەزاران کەس گیران و لەژێر چاودێری( ئەو ئەفسەرە تورکە ئەمریکاییانەی لە پاناما ڕاهێنرابوون) لە مەڵبەندەکانی دژ بە یاخیبوواندا ئازار و ئەشکەنجە دەدران. پتر لەهەزارکەسیش لە کوردستان گیران و لە ئۆردوگایەکی سپایی دیاربەکردا کۆکرانەوە و پاشان ڕەوانەی بەندیخانە کران. لە ٧٥٪ی[59] گیراوان لادێیی بوون، هەندێکیان بە هاوکاری لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان تاوانبار کران و ئەوانی تر بە تاوانی لایەنگری ڕێکخراوی نهێنی جوداخوازانەی ناو

---

59_ E _ هەمانە. و F _ ٥٠٪ ....

کۆمەڵەکانی لاوانی شۆڕشگێڕ. هەروەها جوتیارەکان تاوانبارکرابوون بە ناردنی پارە و ئازووقە بۆ بارزانی. لێکۆڵینەوە دوو ساڵی خایاند. سەرئەنجام لە دەساڵ زندانی بەرەوژوور بۆ پانزە کەسیان برایەوە و ئەوانیتر لە شەش مانگەوە تا دە ساڵی زیندان.

لەهەمان ئەو کاتەدا بەندیخانە پڕبوون لەو نووسەر و فەرهەنگ دۆستانەی هەر یەکە و لەسەر بەرهەمە گێرەشێوێنییەکەی حەوت ساڵ و نیو زندانی لەگەڵ بێگاری قورسیان درا بە تەنگەدا. ئەو دیکتاتۆرە فاشیستانە ئاست و ڕادەی مووچەی مانگانەیان وەک خۆی هێشتەوە بەڵام نرخی کالاّیان لە سوودی بۆرجوای پیشەساز و بازرگانە دەوڵەمەندەکان بەرزکردەوە. بەو هەڵوێستە یاسا سەرەکیەی ساڵی ١٩٦١ پووچەڵ بووەوە.

لەژێر فشاری زۆر توند و یەکدەستی گەل، و هەروەها گلەیی و بەژارەی ئەندێشەی گشتی جیهانی (بەتایبەت بازاڕی ئەورووپای یەکگرتوو "C.E.E" کە بۆرجوایان تورک حەزیان لە ئەندامەتی ئەوە) و نشوستی باری ئابووری. گشت ئەوانە داروەستەی ڕژێمیان ناچارکرد بڕیار بۆ هەڵبژاردنەکەی ساڵی ١٩٧٣بدەن. ئەوەی لەو هەڵبژاردنە سەرکوەتنی مەزنی وەدەستهێنابێت "پارتی کۆمارخوازی میللی " بوو بەسەرۆکایەتی بولەند ئەجاوید کە ئەوسا لەبەرەی ئەیاردا بوو. ئەوان کابینەی هاوبەشیان لەگەڵ "پارتی ڕزگاری میللی(M.S.P)"ی ئیسلامی پێکهێنا و یولیۆی ١٩٧٤ بڕیاری لێخۆشبوونی گشتییان دەرکرد. پاش هێرشەکەی سەر "قوبرس" کە گوایە بۆ ڕاگرتنی ئاسایش بوو. ئۆکتۆبەری ١٩٧٤ ئاکۆکی تەواو کەوتە نێویان و بەیان هەڵوەشایەوە.

هەر کە دیمیرێل دەستی لەکورسی گیربووەوە دەستبەجێ هێزی کۆماندۆیی لە کوردستان خستەوە گەڕ. میلیشیا ی خوێنڕێژ و پۆلیسی ئاسایش لە٣١ی مارسی ١٩٧٥وە تاکو ئەپریلی ١٩٧٦ لە شارەکاندا شەست کەسیان کوشت[٤٥]. پاییزی ١٩٧٤ پارتە چەپڕەوەکان کەوتنەوە چالاکی، و بلاوکراوەی چەپی دەرکەوتنەوە. زۆر دەرکەوتوو لەنێو ئەوانەدا گۆڤاری " ئویزگوێرلیک یۆلو" ( ڕێگەی چارەنووس) بوو کە مانگی جولای ١٩٧٥ کۆمەڵێک ڕۆشنبیری کوردی مارکسی لە ئەنقەرە بە دوو زمانی(کوردی و تورکی) بلاویان کردەوە. ئەو گۆڤارە ڕامیاری و کولتوورییە تەرخانکرا بۆ ڕوونکردنەوەی گشت ڕواڵەتەکانی کێشەی کورد، چی لە تورکیا و چی لە بەشەکانی تری کوردستان، و لەگەڵ ئەویشدا هەندێک باسی باری چەپڕەوی تورکیای دەکرد. لەمارسی ١٩٧٦دا گۆڤارێکی تر لەژێر ناوی"ڕزگاری" دەرکەوت بەڵام چونکە وتارەکانی پڕ لە هێرشی توند بوو بۆ سەر کەمالیست، هەر لەژمارەی دووهەمیەوە قەدەغەکرا.

## چەوساندنەوەی میللی و جۆرەکانی

هەرچ بنەیەکی مێژوویی بیری نەتەوایەتی بکەوێتە ژێر دەسەلاتی میللەتێکی تر ئەوا بەر چەوساندنەوەی میللی دەکەوێت. دەتوانین وشەی چەوساندنەوە بە کۆمەڵێک هەڵوێستی

نایەکسانی باری ڕامیاری، ئابووری و ڕۆشنبیری ناوبنێین کە نەتەوەی ژێردەست لە دەستی نەتەوەی حوکومڕانی دەیچێژێت. بەشێک لە تایبەتمەندییەکانیی خودی ئەو چەوساندنەوەیە دەستگیر بوون و هێشتنەوەی دەسەلاتی ئابووری، ڕامیاری و ئایدیۆلۆجی میللەتی حوکومڕانە بەسەر میللەتە ژێر دەستیەوە. ئامێری بەکارهاتوو بۆ ئەو جۆرە چەوساندنەوەیە هەندە گیروپێچە، کەرەستە و وزەی بنچینەی کارەکانی دەبن بە دوان؛ یەکەمیان ئایدیۆلۆجییە بە مەبەستی پووچەڵکردن و سڕینەوەی پێناسە نەتەوایەتی میللەتی ژێردەست، و ئەویتر زەبر وزەنگە بۆ دامرکاندنەوەی گشت " گێرەشێوێنێک"ی ئەو.

گشت هۆکارە سەرەکییەکانی دەستەی حوکومڕان بۆ دەست هەڵنەگرتن لە کوردستان، پۆلیتیکییە( دەیانەوێت دەوڵەتی ئاواتکراوی تورکی مەزنیان بە بەروبوومی مرۆڤ و سروشت بکەن بەزلهێز لە هەرێمدا) . جا ئەوی پاشینیان بۆ بووەتە کۆلۆنییەکی سەرچاوەی کەرەستەی خاو( چەندین جۆر کانزا و بەروبوومی ئاژەڵ و کشتوکاڵ) و وزەی کاری هەرزان بۆ کارگە و بەرهەمی تورکی لێ دەسدەکەوێت، بۆیە ڕژێمی ئەنقەرە سوورن لەسەر ئەوەی بەهەرچ نرخێکبێت دەسبەرداری ئەو" ڕاوکە تایبەتە" نابن کە بووەتە بڕبڕەی پشتی ئابووری تورکیا.

مۆنۆپۆل کردنی ئابووری و گواستنەوەی بەروبوومی کوردستان بۆ بنکە تورکییەکان بەهۆی پرۆژەکانی میرییەوەیە. هەندێک ڕۆشنبیری چەپڕەوی تورک دەڵێن کەخودی تورکیا دەوڵەتی پاشکەوتوو بێت چۆن دەگونجێت بە کۆلۆنیالیزم ناوبرێت. ئەو تاخمە دوو باری جیاوازی وەک ئیمپریالیزم و کۆلۆنیالیزمیان لەلا تێکەڵ بەیەک بووە. ئەوان خۆیان وا نیشان دەدەن کە ئاگایان لێنینیە و نازانن کە هەرچەندە کۆلۆنیالیست لەژێر سایەی ئیمپریالیستیدا تەشەنە بکات هەر ئەوە ناگەینێت کە لەئەنجامی ئەو دروست بووە. « چی لەڕابوردوودا و چیش ئەمڕۆ، وەک لێنین ئاماژەی پێداوە، داگیرکردنی ولاتان تەنها هەلوێستێکی تایبەت نییە بە هێزی ئیمپریالیستی. بۆنموونە پورتوگال کە وەک تورکیا دواکەوتووە و تا ئەمڕۆ هەر وەک ئەو لەژێر دەسەلاتی ئیمپریالیستاندایە، تاکو ئەمدواییانەیش زۆر کیشوەری تری وەک (ئەنگۆلا، مۆزەمبیق، غینیابیساو)ی داگی کردبوو.»[60]

بۆ ڕەوایی بەخشین بە " کۆلۆنی کردنی کوردستان" بەڵگەیەکی تری جوگرافییان گرتووەتە دەم کە ئەویش پێکەوە لکانی زەوی هەردوو هەرێمی کورد و تورکە، بەڵام ئەوە لەخۆیدا زۆر نابەجێیە و بێگومان یەکێکیشە لە تایبەتمەندییەکانی کۆلۆنیالستی. مەگەر قەوقاز و کازاخستان کە دوو

---

60 ـ ئەو چەند دێڕی ناو کەوانەیەم بەگوێرەی فارسی و ئینگلیزییەکە نووسی، چونکە دیارە ئەوی عەرەبییەکە ناتەواوە کە دەڵێت: ... ئەمڕۆ تەنها هێزی ئیمپرایالیستی ( وەک لێنین دەڵێت) ولاتانیان داگیر کردووە و دەیشیکەن. ئەوا پورتوگال کە خۆی دەوڵەتێکە لە سەرهەڵداندایە و دەستی بەسەر تورکیادا گرتووە، تا ماوەیەکی لەمەوبەر زۆر کۆلۆنی وەک (ئەنگۆلا، مۆزەمبیق و غینیا بیساو)ی لەژێردەست بوو. ـ » و »

هەرێمی ئەکاو بە ڕوسیای تزارییەوە نەبوون بەکۆڵۆنی ڕوسیای تزاری؟.

یەکێک لەو تایبەتمەندیە سەرەکیەکانەی ئەمڕۆ لەکوردستاندا هەن، بەگوێرەی نەخشەی دیاریکراو، ڕامالینی پاشەکەوت و بەرەوبوومیەتی بۆ میترۆپۆلی تورک، و هەر ئەویشە دەبێتە هۆی ڕادەی کەلێن و نابەرانبەری نێوان پێشکەوتنی باری ژیانی بەشە کوردی و تورکییەکەی کۆمار. ئەو نابەرانبەرییە زۆر لەو ڕەوشە ئاساییانە دەترازێن کە ئیمپریالیست بۆ ڕادەی جیاوازی باری ژیانی دوو بەشی دەوڵەتێک دەیکێشن. ئەو نابەرانبەریە ڕەنگدانەوەی ڕاستی پەیوەندی نێوان ئیمپریالیست و ژێردەستەکەیەتی.

لەوەتەی کۆماری تورکی هەیە میکانیزمێکی سەرکوتکەری بۆ گەلی کورد دامەزراندووە. زۆر بەسەر پەیمانە بێگەرد و ساویلکەکەی ئەو گەلەدا تێپەڕی کە کاتی جەنگەکانی ئازادی بە "میللەتی برا" و " هاوبەش" ناودەبرا، ڕژێم کەوتە سڕینەوەی گشت دیاردەیەکی بوونی کورد. و بۆ لەناوبردنی پێناسەی کورد ڕوویان لە هەڵبەستنی جۆرەها تیۆری زمانەوانی و مێژووی ساختە نا " تا بیسەلمێنن" کورد لە ڕەگەزی تورکن. ئەوجا تیۆریە هەڵبەستراوەکانیان وەک ڕەوش کرد بە بەڵگە و وانەی خوێندن لەخوێندگە و زانکۆ و فێرگە سەربازیەکان، و لەئێزگەی ڕادیۆ و ڕۆژنامە و چاپەمەنی و گشت دەزگای پروپاگندەیاندا بڵاویان دەکردەوە.

بۆ مۆنۆپۆل کردنی ئەو بیروبۆچوونە دەوڵەتییەیان ڕژێمی ئەنقەرە فرمانی دەرکرد بەوەی گشت جۆرە بڵاوکراوەیەکی سەبارەت بەکورد"جگە لەوانەی خودی میری" قەدەغەن، و بۆ لەناوبردنی ئەوانەیش کە هەبوون کەوتنە کۆکردنەوەی گشت باس و بەرهەمە مێژوویی، ڕۆشنبیری، چیرۆک و تەنانەت گەشتنامەکانی لەوەوبەر بەزمانی تورکی بڵاوکرابوونەوە. لە هەچ بەڵگەنامەیەکدا باسی کورد و نیشتمانەکەی بووبێت بەهەچ زمانێک نوسرابێت لەپەرتووکخانە گشتی و تایبەتیەکان کۆکرانەوە و لەناوبران. هەرجۆرە بەرهەم و لێکۆڵینەوەیەکی تەنانەت تۆسقاڵێک بەرپەرچی تیۆریەکانی ڕژێم بداتەوە زۆر بەتوندی لێدراوە. ئەوە و ڕۆشنبیری تورکیش[61] لەو بارەوە کەمی نەکرد.

لەماوەی ئێوسەیەدا کە نەتەوەی کوردیان لەجیهانی دەرەوە دابڕی، ڕژێمەکانی ئەنقەرە دەیانویست بە ئەشکەنجە و ترس و ستەم ئەو بیر و بۆچوونانەیان بەسەردا بسەپێنن کە پسپۆری کۆمەڵناسی تورک، ئیسماعیل بێشکچی ڕوونی کردوەتەوە، دەڵێت:" ئەوەی بڵێت (من کوردم) تاوانێکی ئەوتۆ قورسی دەخرێتە ئەستۆ سزاکەی تەنها مەرگ و لەسێدارەدانە".

ئەو ستەمکارییەی بووەتە ئەنجام بۆ هەڵوێستە دڕندانەکەی میللەتی کوردی پێ قەلاچۆ دەکەن، بە شێوەیەکی گشتی لە زەمینەی ڕۆشنبیری و پۆلیتیکیاندا دیارە.

---

61 ــ E و F ـ ڕۆشنبیری تورک ....

ستەم و بەربەستکردن لە زانست

یەکێک لەشێوەکانی ستەم بەرانبەر بە گەلێک کە دەیەوێت پێناسەی نەتەوەیی خۆی لەڕووی کولتوورییەوە بسەلمێنێت، هەڵوێستی لەناوبردنی کولتوورییە کە زامی زۆر دژوار و قووڵترە لە گشت شێوەکانی تری نابەرانبەری باری دەرامەت و بووجە و بەرهەمی ئابووری. ئەمڕۆ لە کوردستانی تورکیا ئەو جۆرە ستەمە باڵی کێشاوە بەسەر باری فەرهەنگی گەلدا، بەتایبەتی زمان. ئەو هۆیە کوردی لەسەر خاکی خۆی کردووە بەنامۆییت.

وەک زمان ئامێرێکی سەرەکییە بۆ یەکانگیربوونی کۆمەڵ، هەروا دەشێت ببێت بەمایەی نیشان بۆ گورز و توانجی ئەوانەی دەیانەوێت ئەو کۆمەڵەی پێ لەتکەن. ڕژێم توانای خۆی بەکارهێناوە، ڕاستەوخۆ لەڕێی قەدەغەکردنی زمان و خوێندن و پێنووسین و هەروەها ڕاگرتنی پەرەپێدانی. و ناڕاستەوخۆ بە سەپاندنی زمانی میللی خۆی بەسەر گەلی ژێردەستیدا( لەخوێندگەدا بەرهەمی کولتووری و شێوەکانی تری ڕاگەیاندن و کەرەستەی پێشخستنی زانستی کۆمەڵ و زۆری تر ... هەر بە زمانی نەتەوەی خاوەن دەسەلات دەخوێندرێت).

لەوکاتەوە کەمالیستان دەسەلاتیان گرتوەتە دەست زمانیان لە گەلێک قەدەغە کردووە کە زۆر کەم( ڕێژەی ٣ تا ٤ ٪ ) شارەزای زمانی تورکین.

کاربەدەستی تایبەتیان لەشارە کوردیەکاندا تەرخانکرد بۆ چاودێری چەسپاندنی ئەو بڕیاری قەدەغەکردنە. لەوەدا بەدبەختی ڕووی ئەولادێییە زەبوونانەی گرتەوە کە بەرووبوومیان دەهێنا لەشار بیفرۆشن، چونکو بەوی زمانی تورکی نازانن دەبوو لەسەر بەکارهێنانی گشت وشەیەکی کوردی پێنج قرووش[62] باج بدەن (خۆ ئەگەر مەڕێکیان فرۆشتبێت ئەوا دەبوو پەنجا قرووش بێت)[٤٦]. ئەوانە " گەرچی باوەڕیشیان پێنەکردوون " ناچار ڕوویان دەکردە کەسانی تورکیزان. لەگشت سەردانێکی شاردا هەندەیان سەرانە دەدا جاروابوو لەنرخی کالای فرۆشیان تێدەپەڕی، بۆیە بەرەبەرە پێیان لە چوونەشار بڕی. ئەگەر هەر زۆر پێویست نەبوایە ڕێگەی شاریان نەدەگرتووەتەبەر چونکە تووشی گێرەوکێشەی لایەدی دەبوون. ڕژێم بە مەبەستی زۆر زوو " بە ئەورووپایی بوون" بە پێویست زانی " کلاوی کۆماری" لەسەر هاوولاتیان بکات. خۆ ئەگەر لادێییەک کلاوە کلاسیکیەکەی لەبیر کردبێت و "کاسکێت"ی لەبری نەکردبێتە سەر ئەوا " کفر - تاوانی مەزن"ی کردووە و دوور نەبوو لەسەر ئەوە سزای قورس بخوات. مشتە توتنی ناو کیسەی بەر پشتوێنی "یاساغ[63] "ە و دەبوو باجی زۆری لەسەر بدات[٤٧].

62 ـ F و E ـ پێنج پیاستەر ....

63 ـ F ـ ئەو هەلوێستە تاڕادەیەک لە باروودۆخی کوردستانی کاتی ڕەزاشا دەچێت، مرۆڤ بەو ئەنجامێک دەگەێنێت کە هەردووک ڕژێم لەدەستکردی یەک لابن.

ئەوجۆرە ستەمە، و بەتایبەتی قەدەغەبوونی زۆرشت لەکورد بووەهۆی سەرپێچی کردنی جوتیار لە یاسا و بوونیان بە دوژمنی پیاوی میری.

ئەوی تۆسقاڵێک هۆشی لەسەردابێت ناکەوێتە سەر ئەو باوەڕەی بە جەربەزەیی و پۆلیس زمانێک لەناوبەرێت کەچەند ملیۆن کەس پێی دەدوێن. گومان لەوەدا نییە کەخودی سەرانی میری زۆریان باوەڕ بەوە نییە ئەو پرۆژەیەیان سەربگرێت، بەلام لایەنی رامیاری و لێپرسراوانی دەوڵەت هەر بەکەللەڕەقی لەسەر ئەو بیرەن و زۆر جار بۆ شاردنەوەی ڕاستی پەنا دەبەنە بەر هەلبەستنی درۆ و دەلەسە. کاتێک سەرپەرشتکاری گشتی هەرێمی رۆژهەلات یا هەچ لێپرسراوێکی بەرز رووی لە هەرێم فرمانداری ناوچەیەک دەکات، بەگشت کاربەدەست و کوێخاکان رادەگەیێن کە تا گەڕانەوەی ئەو میوانە پێویستە هیچ تورکی نەزانێک بەدەرەوە نەبێت. کەواتە میوان تەنها چاوی بە شارێکی چۆل دەکەوێت بەلام "پێشکەوتوو(چونکە تووشی هەرچی دەبێت، تورکی زانە)".

ڕەوشی فێرکردن لە خوێندگە کوردییەکانی لادێدا هەر بە تورکیە و زۆریشی بایەخ پێ نادەن. هەرچەندە خوێندنگەیان تەنها بۆچەسپاندنی بیر و بۆچوونی ڕژێمە، بەلام وەک پیاوانی بەرزەکانی ڕژێم چاکی دەزانن کە "درەنگ یان زوو" ژمارەیەکی " کەم یان زۆر" لە خوێندکارانیان لێ دەبن بە گۆڕکەنی ڕژێم.

هەروەک زۆر جار کاربەدەستانی تورک وسەرکردە کلاسیکەکانی کورد لەسەر دەسەلات پێ بەخشینیان تووشی گێردوگرفتی توند وتیژ دەبن، بەلام ئەوتۆیش هەر نایانەوێت هیچ جۆرە کردەوەیەکی ئابووری ئەوتۆ بکەن سیستێمی ژیانی ئاسایی کورد بگۆڕێت( چاکترین ڕێگە بۆ ڕاکێشانی هەستی کورد خۆ نزیککردنەوەیە لە سەرکردەکانی). لەڕاستیدا ڕژێمی تورک هەلوێستی دژ بە پێشخستنی ڕۆشنبیری ناو وڵاتی کوردە. مارشال" فەوزی چەقماق"ی دەستەڕاستی ئەتاتورک گوتوویەتی؛ " کردنەوە خوێندگە لەڕۆژهەلات دەبێتە هۆی هوشیارکردنی دانیشتووی ئەو شارانە و زەمینە خۆشدەکات بۆ دەرکەوتنی جۆرەها دۆزی نەتەوەیی کوردی جوداخواز".

لەسالی ١٩٥٠وە سیستێمە پەرلەمانیە فرەپارتییەکان فشاریان خستبووە سەر ڕژێمی تورک هەندێک ئەرک لەسەر ئەوان کەمکاتەوە. ڕێگەیان دانێ زمانی کوردی کپکراویان بە نیوەناچل لەناوخۆی خۆیاندا بەکار بهێنن، بەلام بەکارهێنانی بۆ چاپەمەنی هەر قەدەغەیە.

ئەو نیمچە بەکارهێنانەی زمان تاکو ئەم دواچارەکەی سەدەی بیستیش هەر ماوە. سەرەڕای گشت ئەو کۆششانە ـ بەتایبەتی زۆرەملێکان ـ هێشتا پتر لە سێچارەکی مرۆڤی کورد لە تورکیا فێری زمانی تورکی نەبوون. لە ماردین ڕێژەی ٩١ ٪ی دانیشتوان تاکە یەک وشەی تورکی نادوێن، هەروەها لە سیرەت ٨٧ ٪، هەکاری ٨١ ٪، دیاربەکر ٦٧ ٪، بینگۆل ٦٨ ٪، بەتلیس ٦٦ ٪ و هتد...[٤٨]. ئەوەیە ڕادەی بە تورکی کردنی زمانی هەرێمەکەی کوردستان.

ئەوە دەساڵە [64] کۆمەڵێک ڕۆژنامەنووس و کارگێڕی ساندیکا پیشەییەکان و ڕامیارانی بەناوبانگی تورک لەگێژاوی ئەو ڕاستییەدا دەتلێنەوە کە هەرێمی ڕۆژهەڵاتی تێکەوتووە و بوەتە هۆی نیگەرانی ئەوان: چۆن دەبێ لەو هەرێمەدا کە پارچەیەکە لە وڵاتی تورک، چەند ملیۆن هاووڵاتی زمانی تورکی نەزانن؟.

پێویستبوو پاش تێگەیشتنی ئەو ڕاستیە بە ئایدیۆلۆجییە داتاشراوەکانی دەوڵەتدا بچنەوە و لەسەر بناغەیەکی دیموکراسییانە دان بە مافە ڕەواکانی میللەتی کورددا بنێن و ئیتر دەست لە جەور و ستەم هەڵگرن. بەڵام بەداخەوە زۆریان پیستر کەوتوونەتە هاندانی کاربەدەستان بۆ بدۆزنەوەی ڕێگە و پلانی "زانستییانەتر" و گونجاوتر بۆ "بە تورک کردن" و دواخستنی ئەو کۆمەڵە.

کەللەڕەقی و شۆڤێنیستی بیری نەتەوایەتی تەسک، کەمە بۆ ناوی ئەو هەڵوێستە. پێشەوا ڕامیارەکانی تورک ئەوە بە بناغەی ئایدیۆلۆجی کەمالیستی دەزانن و دەیانەوێت بە دانسقە نەڕووشێت. جا بۆیە وەک خۆیان دەڵێن: ئەگەر دان بەڕاستی بوونی کورددا بنێن و پێناسەی تورکی لێ داماڵن، ئەوجا گومان لەوە ناکرێت کە بیر لە ئازادیش دەکەنەوە. کەواتە هەر دەبێت بە زەبر ئەو بارە ڕاگرن.

مرۆڤی کوردیان ناچار کردووە لەدەزگا دەوڵەتی و دادگاکاندا بەزمانێک بدوێت کە هیچی لێنازانێت، بۆیە هەر دەبێت بۆ بچووکترین کار ڕوویکاتە زمانزان. خۆ لە خوێندگەدا تورکی نەزانین هەر زۆریان دوادەخات، و لە سەربازگەدا دەبێتە هۆی پێڕابواردن و لەش داوەشین.

کۆلیج و زانکۆ هەن لەتورکیا خوێندنیان بەزمانی فەرەنسی، ئەڵمانی و ئینگلیزییە بەڵام تاکە یەک قوتابخانە نیە بەزمانی کوردی، واتە بەو زمانەی چواریەکی هاووڵاتیان پێی دەدوێن. چاپەمەنی و قەوانی زۆر بە نزیکەی نیوە دەرزەن زمانی ناتورکی دەستدەکەوێت بەڵام کوردی لەو ئازادی چاپ و تۆمارکار کارییانە بەدەرن. ئەو چەند نووسەرە ئازایەی لە دەدوانزە پەرتووکدا باسی کوردیان نووسیوە تاوەکوو ئەمڕۆ لەژێر ئازار و ئەشکەنجەدان و کارەکەیان بە نایاسایی دەژمێرن. سەرەڕای گشت ئەوانەیش ڕژێمەکەی ئەنقەرە بە مەبەستی بەرگرتن لە سەرهەڵدانی ڕۆشنبیری کورد، هاوردنی گشت جۆرە چاپەمەنی و کاسێتی کوردی دەرەوەیشی قەدەغە کردووە بۆ ناو وڵات (٤٩).

ئەو کوردانە کە لەناو نیشتمانی خۆیاندا وەک بیانی لێیان دەڕوانن وا هەست دەکەن وڵاتیان لێ گۆڕاوە، یانیش بە واتایەکی فراوانتر، کۆلۆنیالیستانی تورک دەکۆشن وڵاتیان لێ بکەن بە هەندەران. بەدرێژایی کاتی داگیرکردنی تاکوو ئەمڕۆ تورک ناوی شار و شارۆچکە کوردییەکان دەگۆڕن بە ناوی تورکی. ئەو ناوی کوردستانەی لەسەدەی سیانزەهەمەوە ناوە بۆ نیشتمانی کورد،

---

64 ـ و F ـ هەمانە. و E ـ لەسلانی حەفتادا ....

یەکەمین وشەی قەدەغەیە چونکە واتای یەکبوونی نەتەوەی کوردی لێکدابچڕاو دەگەیێنێت، بۆیە لێیان بووە بە وشەیەکی گێرەشێوێن، و تورکیا لەبری ئەو ناوێناوە ئەنادۆڵی ڕۆژهەڵات. هەروەک بەشەکانی تر دەڵێن باکووری عیراق و ڕۆژئاوای ئێران[65].

مێژووی مرۆڤایەتیش زەمینەیەکی ترە داگیرکەر دەیانەوێت دەستی تێوەردەن بۆ لەناودانی. پێی دیدەنی سیستێمی کۆلۆنیالیستی، داگیرکەر گشت دیاردەیەکی ڕاستی مێژوویی گەلی ژێردەستی لەناودەبات و لەبری ئەو لەبەر ڕۆشنایی مێژووی میللی خودی هێزی داگیرکەر چیرۆکی درۆ بۆ میللەتی ژێردەست دادەڕێژێت. جا بەگوێرەی هەمان ڕەوش ڕژێمەکەی تورک نەخشەی کێشا بۆ پاککردنەوەی پەرتووکخانەکان لە گشت بەرهەمێکی مێژوویی کورد، و گشت ژیار و شوێنەوارە مێژووییەکانی سەردەمی میرنشینە کوردییەکانی هەڵتەکاند و زۆربەی زۆری ئەو شوێنانەی کرد بە سەربازگە (بورجی بەلەک، یا "کۆشکی یاریۆلی" کە بەدرخانییەکان لە جزیرەی بۆتان و لەسەر لێواری دیجلە دروستیان کردبوو، بە هەمان شێوە لەناوچوو).

ڕژێم گشت جۆرە توێژینەوەیەکی مێژویی و کۆمەڵناسی سەبارەت بەکۆمەڵی کوردی قەدەغە کرد، و هەمان کات تیۆری مێژوویی ئەوتۆ گونجاوی نەخشان تێیدا دەیسەلمێنێت کە کورد بەڕەگەز تورکن. تا ساڵی ١٩٧٠یش دەبوو تەنها ئەو توێژینەوانە بڵاوکرێنەوە کە تیۆری ئەوان دەسەلمێنێت[٥٠]. بەچکەی کورد کە زۆری بەهۆی کەمتەرخەمی ئەمدواییانەی دەسەڵاتدارانی چەقی تورکیاوە زمانی تورکییان لەبیرکرد، لە قوتابخانەدا فێری ئەوەبوون کە ئەوان لە" ڕەگەزی پاکی تورکن[66]" و وەک تورکەکانی تر لەنەوەی " گورگەبۆری مێرگەکانی ئاسیای ناوەندن "( لە ئێرانیش کورد فێری دەکەن کە لە "ڕەگەزی پاکی ئارین" و برای "فارس" ).

بۆرجوای تورک وایدەردەخەن کە پڕباوەڕن بە تورک بوونی کوردی ناو تورکیا. باشە ئەگەر کوردی ناو تورکیا تورک بن، دەبێت کوردەکانی عیراق( و شوێنەکانی تریش) هەر وەک ئەوان بن، چاکە بۆ ڕژێمی تورک دژبوو بەو بزوتنەوە چەکدارییەی بارزانی ڕابەری دەکرد بۆ وەدەستهێنانی ماف بۆ کوردی عیراق، ئەوە لەکاتێکدا بێ چەندوچۆن هێزی سپایان بۆ پشتگیری کۆمەڵێکی چەند هەزاری تورک نارد بۆ قوبرس؟ لەڕاستیدا، خۆدی سەرانی دەوڵەتەکەی تورک باوەڕ بەو «ڕاوەڕێوی»یە هەڵبەستراوەی خۆیشیان ناکەن.

وەک گەلی کورد لەسەر خاکی خۆی نامۆ و بۆخاکەکەی بووەتە بیانی، دەرکی جیهانی

---

65 ـ F ـ * کوردستان لە ئێران، هەر کوردستانە. م ـ « تێبینی: پێشتر ئەم پرسیارەم لە کاک ئیبراهیم کردووە " ئەرێ کرماشان، جوانڕۆ، سەرپولی زەهاو، (سابڵاغی پایتەختی کۆمار کە یەک ساڵ ئاڵای کوردی بەسەردا شەکایەوە و لەدڵی گشت کوردێکی نیشتمان پەروەردا بوو بە دروشم)، خوی، ورمێ، نەغەدە، شنۆ و هتد ... کە باکوور و باشووری ئوستانی کوردستانن لە ئێران بە کوردستان ناودەبرێن؟ ـ و »

66 ـ دەشێت هەڵەی چاپ بێت کە وەرگێڕ بە پێچەوانەی فارسی و ئینگلیزییەکەوە دەڵێت: ... هەرگیز لە " نەژادی پاکی تورک" نین و نەوەی " گورگەبۆری ئەنادۆڵ" یش نین .... » و »

دەرەوەیشی لێداخراوە. بەشێکی زۆریان هیچ لەو پەیام و بڵاوکراوانە ناگەن کە بەزمانی خۆدی ڕژێم بڵاو دەکرێنەوە و ئەوان هیچی لێنازانن. هیچیان ئاگا لە ڕووداوەکانی لەخۆ دوورتر نییە. ئەویش بێگومان هۆیەکی ترە بۆ دواکەتنی باری کولتووری.

بۆ گشت یەکێک لە ئەندامانی نەتەوەی داگیرکەر هەیە چی گەندەڵی هەبێت بیکات و بیڵێت بە نەتەوەی کورد، تا ئەو ئاستەی بەئاشکرا و لەڕادە بەدەر چەوتییان بەکاردێن بۆ قەلاچۆکردنی گەلی کورد، بەڵام هیچ کوردێک مافی وڵامدانەوەی نییە.

ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی بەرەی ڕاستڕەو و ڕاستی شۆڤێنی تورک (میللی یۆل، یەنی ئیستەنبول، ئوتوکێن و هتد...) پتر لەبیست و تاریان دژ بەکورد بڵاو کردەوە کەس لەڕووی یاساییەوە تاوانبار نەکرا. بۆ نموونە بڕواننە ئەم پارچە بڵاوکراوەیەی خوارەوە کە نیهال ئاتسزە لە ژمارەی مانگی جوونی ۱۹٦۷ی گۆڤارە نیشتمانی "ئوتوکەن"دا بڵاوکراوەتەوە:.

گەر ئەوان(واتە کورد) هەر دەیانەوێت بەو زمانە سەرەتاییە بخوێنن کەژمارەی وشەکانی لەچوارسەد، پێنجسەد تێناپەڕێت، و ئەگەر ئەیانەوێت ببنە خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆی خۆ و چییان بوێت تێیدا بڵاویکەنەوە، ئەوا با بارکەن بۆ شوێنێکی تر. ئێمەی تورک ئەو خاکەمان بەخوێنی لەش گرت و گورجی، ئەرمەن و گرێکە بیزەنتییەکانمان لێ دەربەڕاند ... . بۆ هەرکوێ دەچن با بچن، ئەوە ئێران، پاکستان یا هیندستان؛ بابڕۆن بۆلای بارزانی. با ڕوو بکەنە سازمانی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ئەفریقا وڵاتێکیان بۆ دیاریکات. نەوەی تورک زۆر هێمنن، بەڵام کە بگاتە تینیان وەک شێر قیراندیان ئەوا کەس خۆیانی لەبەر ناگرێت. با لە ئەرمەنی بپرسن ئێمە کێین ئەوجا خۆیان لە زەبری ئێمە دەپارێزن.

گشتمان دەزانین چۆنیان ئەرمەنی لەناودەبرد. نووسەری وتار هەڕەشەی هەمان چارەنووس لە کورد دەکات بێ لەوەی کەس ورتەی لەلێو بێتە دەر. بەڵام ئەگەر خوێندکارێکی کورد نامیلکەیەک بنووسێت و تێیدا سزادانی کەسانی گێرەشێوێن و ئاژاوەچی نێوان دوو نەتەوە بخوازێت ئەوا بۆی دەکەن بە تاوان و دەبرێتە بەر مێزی دادگا و ئەوەی لەسەر دەکەن بە تاوان کە " دەیەوێت بوونی نەتەوی کورد دەرخات و هەستی یەکێتی نەتەوەیی پێ بڕووشێنێت".

دەیانەوێت ڕۆشنبیری کورد سووک و ئاسان زمان وکولتوور لەبیرکەن و ببن بە تورک. هیچ هاووڵاتییەک لە کوردستان بێ بڕیاری پۆلیسی ئاسایش "میت" ناخرێتە سەر کاری میری. ڕژێم ماوەنادات کورد لەو هەرێمەی خۆدا دامەزرێن بەڵکوو پتر دەکۆشن لە کوردستانیان دوورخەنەوە.

### ستەمی پولیتیکی

لێنین دەڵێت:"بوونە کۆسپ لە ڕێی درووستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی، یەکێکە لە جۆرەکانی سەرکوتکردنی میللی".

بۆرجوایانی تورک بنکەیەکی یاسایی ئەوتۆیان دارشت هیچ ماوە نادات بە کۆمەڵگەی کوردی، یانە و کۆمەڵە و پارت پێکەوەنێن. بەندی ٥٧ لە یاسای سەرەکی تورکیا دەڵێت:"پێویستە پەیڕەو و پرۆگرام و هەڵوێستی پارتە ڕامیارییەکان گونجاوبن لەگەڵ باری دیموکراسی و نا ئاینی کۆمار کە دارێژراوە لەسەر ڕەوشی ئازادی مرۆڤ و پاراستنی یەکپارچەیی نەتەوە و نیشتمان".

بەڵام بەندی ٨٩ ی ئەو یاسایەی تورک لە بەشی کۆڕ و کۆمەڵ و پارتی ڕامیاریدا هیچ جۆرە تارماییەکی بەسەر ئەو ڕەوشی" تێکنەشکانی یەکێتییە " نەهێشتووەتەوە: " بۆ هیچ پارتێکی ڕامیاری نیە پشتگیری لە بوون و یارمەتی پەرەپێدان و بڵاوکردنەوەی کولتوور و زمانێکی ناتورکی بدات. هەروەها بۆیان نیە لە چەند و چۆنی دروستبوونی کەمایەتی سەر خاکی تورکیا بکۆڵنەوە چونکە دەبێتە هۆی تێکشکانی بناغەی نەتەوایەتی".

خۆدی ڕشتەی ئەو یاسایە ناڕاستەوخۆ دەریخستووە کە لەسەر خاکی تورکیا نەتەوەیتر هەن کە خاوەن زمان و کولتووری ناتورکی بن، بەوەی کە گریک و ئەرمەن و جوولەکە بەر بەهرەی پشتگیری پەیمانی لۆزان کەوتن، کەواتە ئەوەی ئەو هەڵوێستە ڕەگەزپەرستانەیە بیگرێتەوە هەر کوردە.

زۆرجار ئەو کوردەی کەمترین مافی کولتووری یا ڕامیاری بخوازێت بەو بەندە یاساییانە تاوانبار دەکرێت کە بۆ پاراستنی دامودەزگا " ئابووری و کۆمەڵایەتی" یەکان دارێژران، بەتایبەتی بەندەکانی ١٤١ و ١٤٢ی یاسا سزایی تورکی[٥١]. سزای زیندانی پێنج تا پانزە ساڵ دەبڕێتەوە بۆ ئەوانەی زیان بە ڕەوشی پۆلیتیکی و یاسایی کیشوەر دەگەێنن.

### ستەمی فیزیۆلۆجی

تا سەرەتای پەنجاکانیش کوردستان لەژێر فشاری زەبر وزەنگدا بوو، پاشان وردە وردە ڕووی لەهێمنی کرد. ئەوجا ڕژێم دەیویست بە دیاری و بەخشیش سەرکردە کلاسیکەکانی کورد لەخۆ نزیک بکاتەوە، بەڵام کە ئەنقەرە بۆی دەرکەوت بەوە دەسەڵاتی ئەو سەرکردانە پتر دەبێت، ڕوویکردە جۆرێکی تری ستەم.

بە باوەڕی ڕژێم، گشت جۆرە نەرمی نواندن و دان پێدا نانی تەنانەت کەمترین مافی نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی دەبنە هۆی لاوازی خۆی و جوداببوونەوەی ئەوان، بۆیە ڕەوش و دەستوریان لە ئاستی ئەو بارەدا ڕشت کە هەیە.

بزوتنەوە ئازادیخوازییەکەی١٩٦١ی کوردی عیراق هەر زۆر کاربەدەستانی تورکی تۆقاند. پاش دەسخەڕۆبوونی ڕژێمی تورک لەو کۆمەکی لەشکری هاوبەشی لەگەڵ ئێران و عیراق (بۆ چالاکیەکانی دیجلە)، ڕوویکردە کۆمەڵێک پلانی تایبەتی تر. لەساڵی ١٩٦٦ بەدواوە لەژێر ناوی "کۆماندۆز"دا چەند کەرتێکی دژ بە پارتیزانی کردەوە و ڕاستەوخۆ خستنیە ژێر فرمانی

شالیاری ناوخۆ. ئەو کۆماندۆزانەی پسپۆری ئەمریکایی ڕاهێنابوون بۆ جەنگی پارتیزانی، لە ساڵی ١٩٦٩وە بەخۆ و گشت جۆرە چەکی قورس و زرێپۆشەوە گوندە کوردییەکانیان دەپشکنی، و ئەنجامی چالاکیان بەمجۆرە بوو:

پاش گەمارۆدانی گوند بە زرێپۆش و لە ئاسمانیشەوە بە هەلیکۆپتەر گشت دانیشتوانی گوندیان (بێلەوەی ئاگایان لە هیچ بێت) لە گۆڕەپانی گوندەکەیان کۆدەکردەوە و پاشان بەرەو ئۆردوگایەکی پێشتر بۆ ئەو مەبەستە ئامادەکراویان ڕادەماڵین. لەئۆردوگا زۆریان لێدەکردن چەکەکانیان دەرخەن، خۆ گەر جوتیارێک بهاتبایەتە زمان و بیگوتبا چەکی نییە ئەوا پاش دارکاریەکی زۆر و لەزەوی گەوزاندن بە ڕاکەڕاکە دەیانپساند. گشتیان بەزەبری سەرباز ڕووت دەکردەوە و زۆر جار دەستدرێژیان لە ژنەکان دەکرد. ئەوەی گومانیان لێبوایە بەقاچ هەڵدەواسرا. جار بووە پەت لەگونی پیاوەکان ببەستن و سەری پەتەکەی بدەنە دەست ژنێک تا بە کۆڵانەکانی گونددا بەکێشیکات. بەو جۆرە ئەشکەنجەیە زۆریان لەناوچوو.

لەڕاستیدا ئەو چالاکییانە کاتێک پەرەیسەند کە کورد و ڕژێمی عیراق ڕێکەوتننامەی ١١ی مارسی ١٩٧٠یان مۆرکرد، گوایە بۆ کۆتایی هێنان بە جەنگ و کوردستانەکەی کردن بە هەرێمی ئۆتۆنۆمی. بێ چەند و چۆن و لەجاران توند و تیژتر کۆماندۆزی تورک کەوتنە گیانی کورد بۆئەوەی دانیشتوان بتۆقێنن نەبا بە مێشکیاندا بێت چاو لە کوردی عیراق بکەن.

چونکە چالاکییەکانی کۆماندۆزی لەو خولی فاشیزمەی پاش کودەتای سپا کە لە ١٢ی مارسی١٩٧١ بەدواوەبوو، لەڕادە بەدەر توند و تیژ بوو ناونرا " قرەکورد" و بست بەبستی ناوچەکانی کوردستانی گرتەوە. چەندین هەزار لادێیی ڕاونران و بەر گرتن و ئەشکەنجە کەوتن. لە نێوان ساڵەکانی ١٩٧١ ـ ١٩٧٣[67] لێژنەکانی لێکۆڵینەوەی سپایی دیاریەکر تاوانی "جوداخواز"ی خستەپاڵ پتر لە هەزار کورد.

تەنانەت ئەمڕۆیش کە لەژێر سایەی "سیستێمی پەرلەمانی و دیموکراسی" دان کۆماندۆز لە کوردستانەکەی هەر زۆر کارایە. تا کۆتایی دیسەمبەری ١٩٧٥[68] لە ناوچەی هەکاری نزیک بە مەرزی ئێران، نزیکەی دەهەزار سەرباز مابوون.

ئەو تیپە کۆماندۆزانە بەشێکن لەو هێزە نوێیەی ڕژێمی تورک گەلی کوردی پێ سەرکوت دەکات، و سەرئەنجام ئارامی"هەرێمی ڕۆژهەڵات" بۆ سپا دابین دەکات. ڕادەی ئەرکی داگیکەر بەدەر لەو هەرێمە کوردییەوە هەندە زۆرە سەرنجی بێئاگاترین گەڕیدەی دەرەکی ڕادەکێشێت.

ئۆردوگا، سەربازگە، فرۆکەخانەی سپا ویەکانەکانی زرێپۆشی زۆریان بەسەر ڕێگەوبان و بەر دەرکی شارە کوردییەکاندا بڵاوکردووەتەوە بۆ پشکنین. بە نمایشی حەفتانەیان[69] بۆ "

67 ـ E ـ هەمانە. و F ـ ساڵانی ١٩٧٢ و ١٩٧٣.

68 ـ F و E ـ لەئۆکتۆبەرەوە تاکو دیسەمبەری ١٩٧٥.

69 ـ F و E ـ گشت ڕۆژێک ...

بەرزکردنەوەی ئالای گۆڕەپانێکی ناوەندی شار، لەو شوێنەی پەیکەر یا نیوە پەیکەری ئەتاتورکی لێیە) دەیانەوێت سەرنجی دانیشتوان ڕاکێشن بۆ ئەوەی لەشکریان هەر هەیە و بەهێز و درە. لەخوێندگە، ئۆردوگا و ڕۆژنامەکاندا هەمیشە باسی" قارەمانی ئەو لەشکرەی تورک" دێننەوە یاد کە هەرگیز نابەزێت. گشت ئەوانە بۆ ئەوەن لە کوردانی بگەیێنن کە گشت کۆششێکی ئازادی ئەوان بێ هوودەیە و بیری " جوداخوازی"یش کارەساتی لەدوا دەبێت.

## بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد لەتورکیا[70]

### وەرچەرخان لەباری نەتەوایەتی کوردیدا

ئەو گۆڕانکارییەی گەلی کورد لەم دوو کرتییەی دواییدا[71] بەخۆیەوە بینی، زۆری کار کردە سەر بناغەی کۆمەلایەتی کۆنی: فیودالی تێکشکا، ژیانی کۆچەری (ڕەوەند) نەما و تەنانەت ژمارەی نیمچە دەوارنشینانیش ئەمرۆ لە چەند هەزار تێناپەڕن. دانیشتوانی لادێ بەهۆی پێشکەوتنی تەکنیکی بواری کشتکاری کەم بووەوە و سەدەها هەزاریان ڕوویکردە شارە کوردییە مەزنەکان و هەندێکیان ڕوو لە شارە پیشەسازیەکانی تورک دەکەن.

ئەو شارستانییە نوێیانە لە ئاوارەییدا تێکڕا لەخانوی بەتەنەکە هەلچنراودا دەژین و زۆری بێکارن، یان بەدەگمەن کاردەکەن. هەندێک بەهۆی پێشکەوتنی کشتکاری پیشەییەوە لە کوردستان وەک کرێکار لە کێلگەی " پەمو، توتن و چەوەندەری شەکر" دا ڕەنجبەری دەکەن، و بەوە ژمارەی کرێکارانیان بەرزکردوەتەوە. ئەو کرێکارانە لەگەل وردە بۆرجوادا بوونەتە کاراتر و دەست ڕەنگینترینی چینی کۆمەلگەی کوردی، و ئەوانە بەهۆی کەوتنە ناو جیهانی کرێکاران و پەیوەندی بە مەلبەندە ڕۆشنبیریەکانەوە زوویان کشایە ناو کۆڕی ڕامیارییەوە.

### گۆڕانی دۆزی نەتەوایەتی کورد

ناسیۆنالیزمی کورد لەکۆششی نوێسازی و دۆخ گۆڕیندان. دۆزی نەتەوایەتی کە پێشان ئاغا و سەرانی کلاسیک دەیانبینی و بەپێی بیر و بۆچوونی خۆ بەرەو جیهان و بارودۆخی ڕامیاری دەبزوان، لەم دواییانەدا گۆڕا و بزووتنەوەی بۆرجوازی شوێنی گرت. ئەمرۆ وزە و دینامیکیەتی ئەو بوارە کەوتووەتە دەست وردە بۆرجوای شار و لادێ. ئاغای کورد کە زۆریان ئامادەیەک

F_70 ـ بزووتنەوەی میللی کورد لەتورکیای ئەمرۆ. و E ـ بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردی تورکیا لە ١٩٨٠ دا...

F_71 ـ لە بیست سالی دواییدا .... و E ـ لەنێوان سالەکانی ١٩٦٠ ـ ١٩٨٠ ....

لەمەوبەر ڕابەری بزوتنەوەی ئازادیخوازی میللییان دەکرد، بەرەبەرە تورکی داگیرکەر ڕێبازی پێ گۆڕین. لەبەر نزیکبوونەوەیان لەڕژێم و ڕووکردنە بەرژەوەندی تایبەت لەناو کۆمەڵی کوردەواریدا ناوبانگیان سووک بوو. سەرئەنجام ئەوانە بوون بە تەگەرە لەڕێی گەشە و بەرەوپێش چوونی بزوتنەوەی نەتەوایەتی.

هەرچی بۆرجوای کوردیشە کە لە ساڵانی دواییدا[72] ڕووی لەبوژاونەوە کرد، بەو بۆنەیەوە کە هیچ جۆرە کێشەیەکی ئابووری قورسی لەگەڵ ڕژێمی ئەمڕۆ نییە و لەگەڵ هاوتا تورکەکەیدا ناکۆکی نییە، بۆ ئەوان بووەتە هۆی دابینکاری زەمینەی ئاڵوگۆڕی هەرێم. بەوجۆرە بۆرجوای کورد جێ پێی خۆی لەناو پارتە تورکییەکاندا کردووەتەوە، بۆیە ئەگەر دژیش نەبن بە بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد ئەوا زۆر بە ترس و لەرز لێی دەچنەپێش.

دوورە پەرێز وەستانی ئەوانەی ئەندامی ئەو چینەی کۆمەڵن و ڕۆژێک لەڕۆژان ڕۆڵی کارایان بووە لەسەر شانۆی ڕامیاری کورد، ئەوە ناگەیێنێت کە هەندێکیان بیر لە " ئابڕووی نەتەوەیی" ناکەنەوە[73] و توانای پشتگوێ خستنی بەرژەوەندی تایبەتیان نابێت بۆ پشتگیری لە بزووتنەوەی میللی.

[چەشنی وڵاتە ژێردەستەکانی تر، چارەنووسی بزووتنەوەی میللی ئەمڕۆ لە کوردستانی تورکیا بەدەست وردە بۆرجوایە، چونکە زۆر چاک ئاگایان لە ستەمی میللی هەیە و دەیشزانن لەو بارە ئابوورییە قرچۆکە هیچ دەسناکەوێت، بەڵکوو سەربەخۆیی میللی گشت شتێکیان بۆ دابین دەکات.]*

## ڕابەرینی پڕچۆش

وەڵامی بەربەرەکانێی ڕژێم لەلای نەوەکانی پێشووی کورد هەر دەستدانە چەک و تێکهەڵچوونی لەشکری بووە. ئەوی ئەمڕۆ بۆ دەستەپیاوانی کورد دەرکەوتووە ئەوەیە کە ئەگەرچی شۆڕشی چەکداری بەتینترین قوناغە لەدژی ڕژێم، بەڵام تاکە ڕێگەچارە نییە. ئەوی ئەمڕۆ ئاشکرایە، مەرجی سەرکەوتنی ئەو جۆرە بەرەنگارییە پێویستی بە جۆتێک کۆششی دوور و درێژی پۆلیتیکی هەیە زاخدرابێت بە توانای گۆشەکردن و دامرکانی مرۆڤ و سوود وەرگرتن لە ئەزموونی ڕامیاری ورد. ئەو بیر و هۆشە کەمکەم لەئەنجام و هاوتابوونی سەرهەڵدانی بزوتنەوە دیوکراسی ناو تورکیا پەیدابوو. هەروەها دەرکەوتنی هەستی نەتەوایەتی گەلی کورد ئەنجامی ئەو

72 ـ F ـ هەمانە. و E ـ ...١٩٧٠کان ....

73 ـ بەپێچەوانەی فارسی و ئینگلیزییەکەوە، عەرەبییەکە نووسیویەتی: ... جگە لەوانەی تائێستا بە " ئابڕووی نەتەوەیی" هەڵخەڵەتاون. « و »

* ـ لە پێداچوونەوەدا بۆ چاپی دووهەم، ئەو برگەی نێو دوو کەوانەیەم لە فارسی وئینگلیزییەکەدا بەرچاو کەوت. ئەوەی جیاوازییت ئەوەیە کە لە ئینگلیزییەکەدا لەبری ئەمڕۆ نووسراوە، ... لەکۆتایی ١٩٧٠کاندا .... « و »

بەهرەیە بوو کە لە بزوتنەوە نوێیەکەی کوردی عیراق وەریانگرت.

لەوەتەی لەسەر دواکەوتنی هەرێمی کوردستان، یەکەمین کۆبوونەوە لە بەهاری ۱۹٦۳دا لە سلیڤان بەستراوە، سالانە کۆڕ و مانگرتن و خۆپیشاندانی زۆر لە شار و شارۆچکە و گوندەکانی کوردستاندا ساز دەکرێ دژ بە: بێدەرەتانی، بێکاری، گرانی و هەلوێستی کۆماندۆز و هتد ....

پاش ماوەیەک لە سستی خولی" فاشیزمی پەرلەمانی" (واتە مارسی ۱۹۷۱تا دیسەمبەری ۱۹۷۳) بە شێوەیەکی زۆر بەربلاو و ڕادیکاڵ و میللییانە کەوتنەوە کار. ئەگەرچی تووشی ستەم و ئەشکەنجەیش بووین هەر مانشێتیان لەسەر پەرچەم (جارجارە بە کوردی) بەرز کردووەتەوە، جارجارەیش وتاریان خوێندووەتەوە، یان دروشمی وەک "ئازادی بۆ کورد" و " ئازادی بۆ گەلانی تورکیا" و " بابەسبێت قەلاچۆکردنی میللی" یان لەسەر دیواری شارە کوردی و شارە مەزنەکانی تری تورکیا دەنوسی.

وەنەبێت خواستی پێناسەی کوردی تەنها لە کۆڕ و کۆبوونەوە وخۆپیشاندانی کوردیدا بەرزکرابێتەوە، بەلکو لەمدواییانەدا ئەو خواستە باڵی کێشا بەسەر گشت کۆڕ و کۆبوونەوەی پارتە تورکیەکانیشدا. لەساڵی ۱۹۷٤ بەدواوە ئەگەر پارتێکی تورکی کۆڕ و کۆبوونەوە لە شارێکی کوردیدا ببەستێت ئەوا زۆربەی جەماوەر هاواری "ئازادی بۆ کورد" دەکەن و بەوە کۆبوونەوە ئالۆزدەبێت، یان هەر بلاوەی پێ دەکەن[٥٢].

هاوکات لەگەڵ هەنگاوە مەزنەکانی میللەتی شار، جارجارە سەرهەلدانی هەندێک ڕووداوی مژدەدەری لادێ پشتگیری و بەرزبوونەوەی هۆشی ئەوان دەردەخات. لێرەوە هەندێک نەریتی ناجۆری ژیانی لادێ کە دەمێکبوو سۆزی باوکسالاری سەرکردە و ڕەوشی ئاینی نەیهێشتووە دەرکەون، پەرەبەرە سەری هەلداوە و هەندێک جار زۆر توند و تیژە بووە. لەهەندێک جێ ڕوبداوە جوتیار دەست بەسەر زەوی ئاغادا بگرن بۆئەوەی دابەشکرێت بەسەر خۆیاندا، و بۆیە زۆرجار ڕووبەڕووی ئەو سەربازانە دەبوون کە دەهاتن بۆ داکۆکی کردن لەخاوەن زەوی. ئەگەرچی ئەوە سەرەتای دیاردەیەکە، بەلام لە هەرچ شوێنێک سەربگرتبێت ئەوا جوتیاری بێ زەوی پێ دلگەرم دەبێت. دوورنییە گێرەوکێشەی نێوان جوتیار و ئاغا لەسەر زەوی زۆر زوو تەشەنە بکات، ئەگەر ڕژێم پەلە نەکات لە دارشتنی سیستێمی چاکسازی زەوی ، کە دەمێکە نەخشەی بۆ کێشاوە.

## هەنگاو بەرەو ڕێکخستن

وەنەبێت چوونە سەر شانۆی پۆلیتیکی وردە بۆرجوا تەنها ڕەوش و شێوەی بەرەنگاربوونی رامیاری و هەندێک بناغەی ڕێکخستنی نوێتری هێنابێتە کایەوە، بەلکوو لەڕاستیدا ئەوان بەوە بناغەی ڕێکخستن و گۆشەکردنی میللییان کرد بە دوو مەرج بۆ سەرکەوتنی بزووتنەوەی ئازادیخوازی میللی، و ئەویش لە باری پۆلیتیکی کوردیدا کارێکی نوێ بوو.

ئەوەی تا ئێستا توانایان بەسەردا شکابێت، بەڕادەی کەم بڵاوکردنەوەی بیر و باوەڕە کە بەهۆی هەندێک ڕێکخستنەوە بوو لەژێر ناوی "ڕێکخراوە دیموکراسییە میللییەکان"، و ئەوانەیش بریتیبوون لە (یەکێتیەکانی وەک لاوان، مامۆستایان و هتد ...). بەڵام ڕووی پۆلیتیکی ڕاستی ئەو بارە تائێستا لەئاستی پەلەقاژەدایە بۆ دۆزینەوەی ڕێوشوێن. کاکڵەی پرسی ئەمڕۆ لە تێکۆشەرانی کوردی تورکیا ئەوەیە کەئایا دەشێت ئەوان لەناو پارتێکی چەپی تورکی ماوە پێدراوەوە دەست بەچالاکی بکەن، یان چاکترە بەرەبەرە پارتێکی نەتەوەیی کوردی پێکبهێنن، ئەگەرچی نهێنیشبێت. ئەوە پرسیارە تا ئەمڕۆ بێ وڵامە و چەندوچۆنیشی هەر لەسە ماوە[74]. ٩٦

74 ـ بە نامەیەکی مامۆستا هۆمەر شێخموس ئەم زانیاری " ناو و سالی دامەزرانی پارت و ڕێکخراوە کوردیەکانی باکووری کوردستان "م پێگەیشت. سوپاس بۆ هاوکاری. » و «

| پارت و ڕێکخراوە سەرەکیەکان | ساڵی دامەزران |
|---|---|
| پارتی دیوکراتی کوردستان لەتورکیا | ١٩٥٩ یەکسەر گیران ـ دووهەمجار ٩٦٥ |
| پارتی کرێکاری کوردستان KIP | ١٩٦٩ |
| پارتی سۆشیالیستی کوردستانی تورکیا PSKT | ١٩٧٤ |
| بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان KUK | ١٩٧٩ |
| پارتی پێشهەنگی کرێکاری کوردستان PPKK | ١٩٨٠ |
| **پارت و ڕێکخراوە بچووکەکان** | |
| ڕزگاری Rizgari | ١٩٧٥ |
| کاوە Kawe | ١٩٧٦ |
| ئاڵای ڕزگاری Ala Rizgari | ١٩٧٨ |
| پارتی کرێکارانی کوردستان PKK | ١٩٧٨ |
| کۆمەڵەی ئازادی کوردستان KAK | ١٩٨٠ |
| **پارت و ڕێکخراوە بچوکترەکان ( لەهەندەران)** | |
| یەکبوون Yekbun | ١٩٧٩ |
| بزوتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان KSR | ١٩٨٦ |
| یەکێتیی سۆشیالیستی کوردستان YSK | ١٩٨٦ |
| پارتی گەلی کوردستان PGK | ١٩٨٧ |

پارت و ڕێکخراوەکانی ئەمڕۆ لەکاردان ئەمانەی خوارەوەن، و پێکهاتوون لەهەندێک کەرتی دابڕاو لەڕێکخراوی دووبەرەکی تێکەوتوو، یان بە یەکجاری هەڵوەشاو:

١ ـ پارتی سۆشیالیستی کوردستانی تورکیا PSKK

٢ ـ پارتی کرێکارانی کوردستان PKK ـ ( لەمای ٢٠٠٢دا لەسەر بڕیاری کۆنگرەی ٨ ناوی کرا بە KADEK واتە " کۆنگرەی ئازادی و دیوکراسی کوردستان" ـ وەرگێڕ).

٣ ـ پارتی یەکێتی سۆشیالیستی کوردستان PYSK ( پێکهاتوو لەکەرتێکی KAK + باڵێک لەناوەندی KUK + سۆشیالیستانی KUK-S + باڵێک لەکاوە + باڵێک لە KIP + باڵێک لە YSK + ڕێکخراوی تێکۆشین).

<<<

٤ ـ پارتی کرێکاری کوردستان KIP ( بچووکترە لەجاران ).

گشت جۆرە دیموکراتیزەکردنێکی باری ژیانی میللی تورک و دامودەزگا رامیاری و رۆشنبیرییەکانی ناو تورکیا هەنگاوی بەرەوپێش چوونن بۆ مرۆڤی کورد. جا کە لە شەستەکاندا تاکە رێکخراوی ماوەپێدراو "پارتی کرێکارانی تورک" بوو، وهەر ئەو بوو پێشهەنگی ڕێبازی دیوکراسی وسۆشیالستی، بۆیە زۆربەی تێکۆشەرانی کورد چوونە ڕیزی ئەو پارتە و بەوە هەلیان بۆ هەلکەوت خۆ لە پێشکەوتووترین رۆشنبیرانی تورک نزیک بکەنەوە، و لە نزیکەوە بڕوانە تین و رادەی دەسەلات. وەک ئەندام لەڕیزی پارتی کرێکارانی تورکی ماوەپێدراودا دەروازەی گفتوگۆیان لەگەڵ کەسانی کۆمەڵی خۆیان بۆ کەوتە سەرپشت.

ئەو کوردانەیش کە بیریان لە پێکهێنانی پارتی نەتەوەیی کردبووەوە توانیان بیر و بۆچوونی خۆیان ڕاگەیێنن. ئەوەبوو لە دەساڵەی دواییدا[75] نزیکەی نیو دەرزەن ڕێکخراوی کوردی پوختە دەرکەوتن، بەلام بەزۆری تەمەن کورت و کەم دەسەلات بوون. و بەهۆی نەبوونی کادر و کاڵ و کرچی هەلویستی رامیارییەوە زۆرجار دووچاری گیروگرفتی قدەغەکردن دەبوو، بۆیە هەندەیان مەردم لێ کۆنەبوونەوە. ئەوی خۆی ڕاگرتبێت تەنها "پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا" بوو[76].
ئەو پارتەی لەساڵی١٩٦٥دا دووکەس دایانمەزراند ; یاساناسی ئورفەیی فایق باچاک (ساڵی ١٩٦٦ بەپیلانی پۆلیسی ئاسایش «M.I.T»ی تورک کوژرا)، و ژمێریاری دیاربەکری "سەعید ئیلچی" (ساڵی ١٩٧٠ لە کوردستانی عیراق کوژرا و تائێستایش هەر بزرە). ئەویش چەشنی پارتە کوردییە نەتەوەییەکانی عیراق و سوریا پەسەند بوو لەلایەن رۆشنبیرانی لادێ و کەمێک وردە بۆرجوای شار. لە ساڵی ١٩٦٩دا گیروگرفتی سەختی ناوخۆیی بووە هۆی داپچڕانی تاخمێک کادیری، و بە سەرکردایەتی دوکتۆر سیڤان[77] ڕێکخراوێکی تریان لەژێر ناوی "پارتی دیموکراتی کوردستان لە تورکیا" پێکەوەنا. ئەمان پتر چەپڕەوبوو و ئامانجیان سەربەخۆیی گشت کوردستان بوو.

جگە لە پارتی پولیتیکی نهێنی، پێویستە باسی چالاکی "بزووتنەوەی رۆشنبیرانی هەرێمی رۆژهەلات D.D.K.O"[78]یش بکەین کە ڕێکخراوێکی ناڕامیاری و ماوەپێدراو بوو، لەو ماوە

---

٥ ـ پارتی دیوکراتی کوردستانی تورکیا ـ هەڤکرتن KDP - Hevgirtin (پێکهاتوو لە PDK + باڵێک لەناوەندی KUK + باڵێکی ڕزگاری + باڵێکی ئالای ڕزگاری)
ـ لەسەرەتای نەوەتەکانی سەدەی بیستدا پارتی رەنجی گەل HEP دامەزراوە. پاش قەدەغە کردنی، پارتی دیوکرات DEP ماوەیەک کەوتوەتە کار و بەقەدەغەبوونی ئەویش لەساڵی ١٩٩٤دا پارتی دیوکراتی گەل HADEP دامەزراوە ـ بڕوانە هەفتەنامەی هاوڵاتی ژمارە ٧٤ی ڕۆژی ٢٧ / ٥ / ٢٠٠٢ ـ وەرگێڕ
75 ـ F ـ هەمانە. و E ـ ... لە حەفتاکاندا ....
76 ـ F ـ هەمانە. و E ـ ... تا ١٩٧٨ خۆیڕاگرت ....
77 ـ F و E ـ ...(Divan) ... « " دوکتۆر شڤان " دروستە ـ و »
78 ـ F و E ـ ... ڕێکخراوی " لاوانی شۆڕشگێڕی کورد " ....

کوردتەدا (بەهاری١٩٦٩تا کۆتایی١٩٧٠) چالاکی شایانی باسی هەبوو لەناو کوردان و توانی لاوانی کورد لەخۆ کۆکاتەوە.

ئەو ڕێکخراوە "ڕۆشنبیری"یە بە کۆڕی ڕۆژنامەگەری، شەوچەرەی زانستی و پەرشکردنی نامیلکە و پۆستەر و هتد ... سەرنجی جەماوەری بەلای بارودۆخی ژیانی کۆمەلایەتی، ئابووری و ڕۆشنبیری هەرێمی ڕۆژهەلاتدا ڕاکیشا. بەو هەلوێستە پەیامی کارەسات و ڕووداوە ناهەموارەکانی ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بەناو کومەلدا بلاو دەکردەوە. لە ئەپریلی ١٩٧٠وە مانگانە بە ٣٠،٠٠٠ نامیلکەی قەوارەی دەیان لاپەڕە دەگەیاندە پنکە ڕامیاری و ڕێکخراوە پیشەیی و ڕۆشنبیریەکانی گشت شار و شارۆچکەکانی تورکیا(٥٣).

کۆششیان بیتوچان بوو بۆ هۆشیارکردنەوەی میللەت و بەلگەی ڕوون و زیندوو لەبارەی دەستدرێژییەکانی تیپی کۆماندۆز بۆ سەر لادێی کورد گەیاندن بە کۆڕ و کۆنگرەی ڕۆژنامەگەری و پیاوانی میدیا و ئەندێشەی گشتی ناوەندە لیبرال و دیموکراسیەکانی تورک. ئەوەبوو چینی خوێندکارانی تورک و ڕێکخراوەکانی پیشەیی وەک کرێکار و مامۆستایان. هەروەها پارتی کاری تورکی دەنگی ناقایلی خۆیان دەربڕی بەرانبەر بەو جەختەی خراوەتە سەر " میللەتی هەرێمی ڕۆژهەلات".

کە تێکۆشەرانی "یانەی شۆڕشگێڕانی ڕۆشنبیرD.D.K.O" ڕوویان دەکردە لادێ تا لەباری ژیانی ئەوێ بکۆلنەوە، لە دانیشتوانی لادێیان دەگەیاند کە بەپێی "دەستور" ئەوانیش وەک گشت هاوولاتییەکی شار خاوەن مافی سەربەستین، و هانیان دەدان یەک بگرن.

بەوە ڕژیمی تورک زۆر شلەژا و مانگی ئۆکتۆبەری ١٩٧٠، واتە شەش مانگ پێش کودەتای سپاییان بڕیاری بەندکردنی سەرکردە چالاکەکانی ئەو " یانەی شۆڕشگێڕانی ڕۆشنبیر D.D.K.O "ی دەرکرد.

لەسەرەتای ١٩٧٥وە لەشارە کوردیەکاندا سەرلەنوێ ڕێکخراوی لاوان دروست بوونەوە و بەزۆری ناودەنران"کۆمیتەی ڕۆشنبیرانی میللیH.K.D " ، ئەو کۆمیتانە کەوتنە کۆشەکردنی ئەندام و دەستی یارمەتییان درێژکردن بۆ جوتیاری لادێ و ئەو کرێکارانەی پێویستییان بەیارمەتی بوو لە دەزگا دەولەتیەکاندا کار و باریان هەلسووڕێت، و ئەوانەیش کە کیشەیان لەگەل ئاغای گوند دەبوو. لەو ڕێکخستنی لاوانەیش بەولاوە، کرێکار و مامۆستا و هەندێک لە پیشەساز و وردە بۆرجوا ڕوویانکردە ڕێکخراوە پیشەییە پێشکەوتنخوازەکانی تورکی وەک ( DISK و DER ـ TOB )، بەلام تا ئەوکاتە یەکێتی جوتیاران هێشتا دەرنەکەوتبوو.

بەلام لەسەر ئاستی ڕامیاری بوو، زۆر لەخەباتگێڕانی کورد ڕوویان لەپارتی کۆمارخوازی میللی " سۆسیال دیموکرات" کرد کە لە ڕوانگەی ئەواندا کاراتربوون لە وەدەستهێنانی دیموکراسیەت. بەو ناکۆکیە زەقەی کەوتە نێو چەپڕەوانی مارکسی تورک (کە لەگشت کەرتەکانیدا

ژمارەی چاکی کورد هەن) باوەڕ و ناوبانگی کز بوو، و هیچ ڕێگەیەکی تریان بەدەستەوە نەماوە.

**پارتە پۆلیتیکییەکانی تورک و کێشەی کوردی**

ساڵی ١٩٧٦[79] پتر لە بیست پارت و ڕێکخراوی ماوەپێدراو و قەدەغە هەبوون لەژیانی پۆلیتیکی ناو تورکیا. دەمانەوێ لێرە بەشێوەی گشتی باس لە هەڵوێستی هێزە پۆلیتیکە سەرەکییەکانی تورکیا بکەین بەرانبەر بەکێشە کورد.

هەروەها بەکورتی، دەتوانین پارت و ڕێکخراوە ڕامیارییەکانی ناو تورکیا دابەشکەین بەسەر چوار گرۆدا: بۆرجوا لیبرال، بۆرجوایانی نەتەوەیی، تورانیەکان (شۆڤێنیستانی ڕاستڕەو)، و سۆشیالیست و کۆمۆنیستان.

**هەڵوێستی پارتە بۆرجوا لیبرالەکان**

تایبەتمەندی سەرەکی لای ئەم تاخمە ڕێکخراوە، کاری سەربەخۆ و نەبەستنەوەی ئەوە بە ڕەورەوەی سیستێمێکی ئابووری دەوڵەت. خۆبەستنەوەی ئەم تاخمە بە ڕەوشی کەمالیستییەوە تەنها لەبەر زوێرنەکردنی سەرانی سپایە. هەر بەتەنها ئەوانن دەیانەوێت چینی زەویداری کورد تێکەڵ بە گێژاوی ڕامیاری تورکیا بکەن تا دەسەڵاتی سەرمایەدارییان بەکوردستاندا بڵاوبێتەوە[80].

پارتە دیموکراتەکەی مەندەریس؛ هەر بە گەیشتنە سەر تەخت، ساڵی ١٩٥٠[81] خۆی لەسەرانی کلاسیک و ناوداری کورد و بازرگانان نزیک کردەوە. گرێدانی کوردستان بە بازاڕی تورکییەوە بووە مایەی گەشەکردن و گۆڕانی هەندێک هەڵوێستی وشکی ڕژێمەکانی پێشوو. بەرنامە دیموکراسییانەکەی ئەو ڕژێمە دیموکراسییە[82] لەتورکیا بەرپای کرد فشاری لەشکر و گوێزانەوەی کۆمەڵی لەسەر کورد لادا، و گڕ و گێچەڵی دامودەزگای دەوڵەتی لەسەر کوردستان کەمکردەوە. ئەگەرچی ئەو ڕژێمە دیموکراسییە دانی بەمافی کولتووری کورددا نەنا، و جارجارە لە کۆڕ و ئاهەنگی ڕامیاریدا خورتەوبۆڵەی "جوداخوازی" بەدەمدا دەهات، و ئەگەرچی هەر ئەمانیش بوون پەیمانی بەغدایان بەمەبەستی خۆ پاراستن لە ئەگەری هەڵگیرسانی شۆڕشی کورد لەگەڵ دەوڵەتانی تری داگیرکەری بەشەکانی تری کوردستان مۆرکرد، کەمێک قەدەغەیان لەسەر بەزمانی کوردی دوان هەڵگرت.

---

79 ـ E ـ هەمانە. و F ـ ساڵی ١٩٦١ ...
80 ـ E ـ هەمانە. و F ـ ... لە تورکیا ...
81 ـ E ـ هەمانە. و F ـ ساڵی ١٩٧٠ ...
82 ـ E ـ هەمانە. و F ـ ... بەرنامەی پارتی دیموکراتی تورکیا...

عەدالەت پارتی: سالی ۱۹٦۱ دامەزرانی ئەم بۆ درێژەپێدانی رێوشوێنی پارتە دیموکراتەکەی مەندەریس بوو کە "کەمالیستانی نوێ" ۲۷ی مای ۱۹٦۰ بەکودەتا لایانبرد. ئەو پارتە (عەدالەت پارتی) لەسالی ۱۹٦٥ بەدواوە[83] (جگە لە دوور کەوتنەوەی نێوان مارسی ۱۹۷۱ و ئۆکتۆبەری ۱۹۷٤) بە شاسواری لیبرال دیموکراتەکان دەژمێردرا. ئەو پارتە کە ببووە ئۆرگان بۆ پیشەساز و سەرمایەدارانی تورک، خۆی لە نەتەوەکان نزیک دەکردەوە، بۆیە ئاغا و بازرگانە دەستدارەکانی کوردی لەخۆ گرت. هەرچەندە دژبوو بەگشت جۆرە دیاردەیەکی نەتەوایەتی کورد، لەلاوە پرۆژەی ئاوەدانکردنەوەی "هەرێمی رۆژهەلات" کە دەمێک بوو رژێمە بیروکراتەکانی پێشوو دەستیان لێ هەلگرتبوو، گرتەئەستۆ و بەوە لەناو میللەتی کورد پشتیوانی پەیداکرد. ئەوەی راستیبێت لە هەلبژاردنەکەی سالی ۱۹٦٥دا لە کوردستان دەنگ بۆ پارتی عەدالەت و دەمیرئێلی سەرۆکی زۆر بەرزبووەوە(٥٤).

پارتی عەدالەت لەبلاوکراوەکانیدا پێی لەسەر ئەوە داگرت کە" ئەوەی لەسەر خاکی تورک دەژی تورکە و ئەوەیشی خۆی بەتورک نازانێت و لەتورکیا هەست بە بێزاری دەکات، دەرکی سنووری بۆ خراوەتە سەرپشت" (دێمیرئێل سالی ۱۹٦۷ ئەوەی لەوتارێکی شارە کوردییەکەی ماردین گوت). کە لە سالی ۱۹۷۰ بەدواوە عەدالەت پارتی ئەو دەنگەی جارانی نەما، چیتر نەیتوانی بە تەنها کابینەی دەولەت بگرێتەدەست. لە کۆتایی سالی ۱۹۷٤وە وەک هاوبەشی سەرەکی لەناو بەرەیەکی نەشازدا بەناوی " بەرەی نیشتمانی" (دژ بە چەپرەوەکانی سەر بە جیهانی کۆمۆنیستی) دەسەلاتیان گرتەوە دەست(٥٥).

پارتە دیموکراتەکەی بوزبیلی و پارتی خەلاسی میللی: دیموکراتیک پارتی کە بەشی دابچراوە لەپارتی عەدالەت و خۆی بە نوێنەری چینی ناوەند نیشاندا و ئێستا لەریزی بەرەدایە توانی لەهەلبژاردنی سالی ۱۹۷۳ چل کورسی بۆ ئەندامانی دابینکات. لەو کاتەوە و بەبۆنەی بەرەوپێشچوونی رەوشی فرەلایەنەی سیستێمی پولیتیکی تورکیا رۆژ لە دوای رۆژ لەبەرانبەر پارتی عەدالەت رووی لە کزی بوو.

هیچکات ئەو پارتە هەستی خۆی بەرانبەر بەکێشەی کورد دەرنەبڕیوە، نە لەپەیرەو و پرۆگرام و نە لەوتەی سەرکردەکانیدا، بۆیە لەکوردستاندا شوێن پێی نەبوو. تاکە ئاواتی ئەو راگرتنی بارودۆخی رۆژ و درێژەپێدانی ئەو بارە بوو کە بەتایبەتی سرینەوەی پێناسەی کوردی دەگەیێنێت.

بەلام پارتی سۆشیالیستی میللی (P.S.N) کە بە هەلبژاردنی تورکیای سالی ۱۹٦۷

---

83 ـ E ـ هەمانە. و F ـ ... ۱۹۷٥ بەدواوە ...

گەیشتە پەرلەمان و بە بەرکەوتنی ٤٩ کورسی[84] پلەی سێهەمین پارتی هێنا. بانگەوازی بۆ "برایەتی گشت مسولمانان " دەکرد و دژایەتی خۆی دەربڕی سەبارەت بە بەکارهێنانی وشەگەلی وەک کورد و تورک هتد... ، ڕاستی ئەو واتایە ئەوە دەگەیێنێت کە ڕەخنەیان نەبوو لەزەمینەی دەسلاتی تورک و درێژەپێدانی هەلویستی سەرکوتکەرانەی بەرانبەر بە کورد.

هەلویستی پارتە بۆرجوا میللییەکان

پارتی گەلی کۆمارخواز: ئەم لەنێو پارتە ناسیۆنالیستەکاندا گرنگترینیانە و ڕەگی دەگەڕێتەوە بۆ لاوانی تورکی نێو "کۆمیتەی ئیتیحاد و تەرەقی" سەر بە گەلالەکردنی ئابووری نەتەوەیی و سەرمایەی نەتەوەیی. لە ڕوویەکی تریشەوە دژی نەتەوایەتییان لەو ئاستی ئابووریەدا نەوەستا، بەڵکو بە ناوی ئەو ناسیۆنالیستییەوە دەگێڕا کە کارەساتەکەی قەلاچۆکردنی ئەرمەنییان هەلگیرسان، و نەخشەیشیان بۆ لەناوبردنی کورد کێشا.

سالی ١٩٢٣ مستەفا کەمال ئەوی دامەزراند و تا سالی ١٩٥٠ تاکە خاوەن دەسەلاتی گۆڕەپانی ڕامیارییان بوو، و هەر ئەوبوو خاوەن نەخشە و هەلویستی دژ بە کورد کە پێشتر باسمانکرد. کە کەوتە خانە و دەستەی نەیاران، ڕوویکردە شارە کوردییەکان تا بێ هیچ بەخۆداچوونەوە و گەڕانەوە بۆ خالە هۆکارەکەی یەکێتی خاکی نیشتمان دەیویست دەنگی تێدا کۆکاتەوە.

بۆ ئەوەی خۆ لەگەل بارودۆخی نوێدا بگونجێنێت ئەو پارتە پیرلەیەی دەمێک سال بووە دەسکەلایەکی پۆلیکی بەدەست بیروکراتەکانی دەولەت و سپا و هەروەها هەندێک چینی بۆرجوای تری تورک، ناچار ڕوویکردە ئایدیۆلۆجییەکی تری نوێ. بەوجۆرە ئاخمێک لاو لەناو "ڕێڕەوی چەپی ناوەند[85] "ەوە دەرکەوت و لەو بولەند ئەجاویدە گردبوونەوە کە لەسالی ١٩٦٣وە دەسەلاتی سەپاند بەسەر گشت پارتەکە. خۆ دوورخستنەوەی ئەجاوید لە هاوکاری کاربەدەستانی دەولەت و سپای "سەردەمی نوێ" و ڕۆلی "خولی فاشیزمی پەرلەمانی" و تێکۆشان لەپێناو گەڕانەوە بەرەو دیموکراسیەت، ناوبانگی ئەوی لەناو کۆمەلدا کرد بە پێشەوای خۆشەویست و لە هەلبژاردنی ئۆکتۆبەری ١٩٦٣دا پارتەکەی سەرخست. بەلام ئەوتۆیش هەر هەندەی دەنگ نەهێنا بەشی زۆر (کۆی ٢٢٦) کورسی پەرلەمانی بەرکەوێت تا بە تەنها کابینەی دەولەتی بگرێتە دەست.

---

E ـ 84 ـ هەرچی PNS بوو لە ١٩٧٦دا ... بە ٩٤ کورسییەوە .... و F ـ لە سالی ١٩٧٩دا پارتی نەجاتی میللی بە ٤٠ کورسییەوە ....

E ـ 85 و F ـ " Ortanin Solu ".

پارتی گەلی کۆمارخواز کە ئەمڕۆ[86] نێونراوە پارتی سۆشیال دیموکرات و دەیەوێت نچێتە ناو بەرەی سۆشیالیزمی نێونەتەوەیی، بەڵێنیدا ئەندێشە ئازادکات و ماوەیدات بەوەی پارتی کۆمۆنیستی تورکی بەئاشکرا کاربکات و بۆ دیموکراسی کردنی باری ئابووری و رامیاری وڵات بکۆشێت. لە مانافێستی هەڵبژاردنی (ڕۆژانی درەخشان)دا بەڵێنی دا "هەنگاوی گونجاون هەڵهێنێت بۆ پەرەپێدانی باری ئابووری هەرێمی رۆژهەڵات، و چارەسەرکردنی کەم و کووڕی پاشماوەی سالانی پێشوویش بگرێتە ئەستۆ. بەڵام لەوێدا بەتەنها یەک و شەیش ئاماژە بە ئەگەری" مافی کولتووری گەلی کورد" نادات. بەڵام سەبارەت بە هێرش کردنە سەر قوبرس و بەناوی داکۆکی کردن لەمافی تورکی قوبرس و داگیرکردنی دوو لە پێنجی[87] خاکی ئەو دوورگەیە، بەڕاستی دەیسەلمێنێت کەهەرچەندە پارتی گەلی کۆمارخواز ڕەنگی سۆشیال دیموکراتی لەخۆ هەڵسوببێت هەر بە پارتی ناسیۆنالیست ناودەبرێت. وەکتر، ئەوپارتە بوە کۆسپ لەرێی بڕیاری میری بۆ سەپاندنی دەسلاتی سپا بەسەر هەرێمی رۆژهەڵاتدا، و پەرلەمانتارانی " کە هەندێکیان کوردبوون و لە سالی ۱۹۷۳وە لەڕیزی ئەودا کاردەکەن " پێشنیاریان بۆ پەرلەمان بەرزکردەوە تا سنوور بکەنەوە بۆ ئەو خێزانە کوردانەی لەدەست درندەیی رژێمی عیراق هەڵدێن و لەناو تورکیا پەنایان بدەن. خۆ ئەگەر ئەو هەڵوێستەی پارت لەبەر کۆکردنەوەی دەنگ و هەڵبژاردنیش نەبووبێت، ئەوە ئاگەیێنێت کە ئەو پارتە وازی لە هەڵوێستی دژایەتی سەخت هێنابێت کە بە لەلایەنی کەم تاکو ئەم سالانەی دواییش بەرانبەر بە کورد هەر بوویەتی.

جمهوریەت ئیعتیماد پارتی: ئەمیش پارتێکی رامیاری خاوەن بیروباوەڕی نەتەوەییە، بەڵام لەبواری پولیتیکدا هەندە گرنگ نییە. ئەندامانی لەو ئاخمە ڕاستڕەوەکەی پارتی گەلی کۆمارخواز جودابوونەوە چونکە ڕوو لەبەرەی چەپ بوو. ناوبانگی بە ئالچاغ دەرکرد، چونکە لەخولی "فاشیزمی پەرلەمانی"دا خۆی وەک ئاوێنەی دیموکراسی دەنواند بۆ سپا و دەزگاکەی سیخوڕی « M.I.T ». هەڵوێستی ئەو پارتە زۆر بەرانبەر بە کێشەی کورد وشک، و دژ بوو بە گشت دیاردەیەکی نەتەوایەتی کورد « ... [88] ».

کەمالیستانی "چەپ ": ئەگەرچی چەپڕەوانی کەمالیست لە پەرلەماندا زۆریان بایەخ پێنەدراوە، بەڵام بوونیان لە زەمینەی پۆلیتیکی تورکیا دەرکەوتووە. ئەوانە خۆ ئەوتۆ نیشان دەدەن کە دژمنی سەرمایەدار و هەروەها کۆمۆنیستین:" کۆمەڵە کادرێکی یەکجار سەرکەوتوو و

---

86 ـ F ـ هەمانە. و E ـ ... لە حەفتاکاندا ناوی سۆسیال دەموکراتی لەخۆنا ....

87 ـ E ـ هەمانە. و F ـ ... یەکە لە پێنجی ....

88 ـ F ـ ... چونکە"کیشوەر بەگشتی دەخاتە ژێر مەترسی لێکبچڕان". و E ـ " هەرەشە لە ئاسایشەی کۆمار دەکات".

خاوەن گشت جۆرە ئازادی تایبەت و دوور لە فشاری ناوخۆ، بە پشتیوانی دەوڵەت سەرپشک کراون تا لەپێناو پێشخستنی ولاتدا دەست تێکەڵ بە گشت کارێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی بکات". بۆ پتر شارەزابوونی هەڵوێستی ئەو تاخمە، بڕوانە پەرتووکی "د. ئاوچی ئوگلـە"ی سەرۆکیان ( تورکیانێن دوێزینی، بێگلی یاینەڤی. ئەنقەرە، لاپەڕە ٥٨٩ـ ٧٤٠).

هیچ دوورنییە تاخمێک ئەفسەری قاڵبوو بە بیر و بۆچوونی کەمالیستی ناو هێزەکانی سپا هەستن بە کودەتا و لە ولاتدا دەسەلات بگرنەدەست. ڕوودانی ئەو جۆرە کارەساتە دەبێتە هۆی پەرێشانی میللەتی کورد لە تورکیا، چونکە "ڕۆشنبیرانی باڵی چەپ" هیچ باوەڕ بە پێناسەی کوردی ناهێنن و تا بتوانن زەبر بەکاردێنن بۆ سەرخستنی ئەو باوەڕەیان.

هەڵوێستی ڕاسترەوانەی پانتورانیزمی شۆڤێنی

هەرچەندە جەنگی جیهانگیری یەکەمم پرۆژە پانتورانیستەکەی "ئیتیحاد و تەرەقی "پووچەڵ کرد، ئەو بۆچوونە لەنێو ڕاستگەرانی نەتەوەیی ناو تورکانی ڕیزی سپادا هەر مابوو. ئەگەرچی یەکگرتنی ئەوانە لە ڕێکخراوێکی پولیتیکیدا نییە، بەلام بیروباوەڕیان لەڕێی چەند ڕۆژنامە و گۆڤار و پەرتووکەوە بلاو دەکەنەوە.

لە ساڵی ١٩٦٥وە کۆلۆنێل تویرکیش کە لە جەنگی جیهانگیری دوو بە دواوە ناوبانگی بە هاوبیری فاشیزمی دەرکرد، توانی ئەو تاخمە لەڕیزی پارتێکی ڕامیاری ماوەپێدراودا کۆکاتەوە. کۆلۆنێل ئەلب ئەرسەلان کە لەساڵی ١٩٤٦دا گیراوە و لەسەر "فاشیزمی و ڕەگەز پەرستی" تاوانبارکراوە هەر کە بەریوو گەڕایەوە بۆ ڕیزی سپا. ئەو لەکاتی کودەتاکەی ئایاری ١٩٦٠دا یەکێکبوو لە سەرانی بەشی هێزە تورکییەکەی ناتۆ و دەستی باڵای لە کودەتاکەدا بوو. هەر بەبوونی بە ئەندامی ئەنجومەنی یەکێتی میللی(M.B.K) و ڕاوێژکاری سەرۆک شالیاران، ویستی بە هاوکاری دە کەس لە هاولانی دەسەلات بگرنە دەست، بەلام ئەوەبوو پلانەکەیان سەری نەگرت و کۆلۆنێل و هاولانی لە ئەنجومەن دەرکران، و لە سیپتەمبەری ١٩٦٠دا هەڵدران هەریەک و بۆ باڵوێزخانەیەکی دوور لە ولات.

هەر بە گەڕانەوەی تورکیش لە ساڵی ١٩٦٣دا سەرلەنوێ پلانی بۆ کودەتا ڕێکخست و دیسان بۆ ماوەیەکی کورت گیرا. پاش ئەو شکستە بڕیاریدا پارتێکی فاشیستی لە چەشنی هەمان ئەوانی ئەوروپا پێکەوەنێت. پیاوەکانی ئەو بە پلان خۆیان خنیە ناو " پارتی کۆماری میللی جوتیاران (C.K.O.P)" و لەماوەی چەند مانگێکدا توانیان سەرکردایەتی ئەو پارتە هەڵوەشێنن و لە ئەنجامی کۆنفرانسێکی ئاسایی کۆلۆنێل هەڵبژێرن بە سەرۆک. هەر کە بوو بە بەسەرۆکی ئەو پارتە ماوەپێدراوە کۆنە، دەستوبرد ناوی پارتی گۆڕی بە پارتی کاری[89] میللی (میللی یەتچی

89ـ F و E ـ... پارتی بزووتنەوەی میللی ....

هەرەکەت پارتی).

کۆلۆنێل خۆی وەک قارەمانی ڕزگاری نەتەوەی تورک لەدەست ڕوس و چین نیشاندا، و وەک پارێگاری دوابستی دەوڵەتی سەربەخۆی میللەتی تورک لە داوی کۆمۆنیست و کوردی جوداخواز. پارتی " میللی هەرەکەت "(P.A.N) لەساڵی ۱۹٦۷وە لاوانی لەچەند ڕێکخراوی میلیشیایی چەکداردا ڕێکخست. ئەگەرچی لە برگەی دووهەمی یاسای تورکیدا هاتووە کە: بۆ هیچ جۆرە ڕێکخراو و پارتێک نیيە چالاکی چەکداری و کاری میلیشیایی بنوێنن، ئەوجا ئەو پارتە نەتەوەییە ساڵانە بە ئاشکرا سەدەها لاوی ڕادەهێنا بۆ بەکارهێنانی چەکی قورس.

بێگومان چاوپۆشی کاربەدەستان لەو چالاکیە نیمچە لەشکریە بێ پەڵپ نەبوو. لەڕاستیدا ئەوەی چەکدارانی ئەو پارتە کردوویانە یاسا بۆ هیچ پۆلیسێکی بەرەوا نەبینیوە؛ ڕاوەدوونانی لاوانی پێشکەوتنخواز و ڕێکخستنی خۆپیشاندان بۆ ئاژاوە نانەوە تا کاربەدەستان ناچارکەن کە دەسەڵاتی وەڵات بخرێتە ژێردەستی سپا، و زۆرێتر .... ئەوانە کەخۆیان ناوناوە " گورگە بۆر "[90] هەردەم گەمارۆی بەش و کۆلیجەکانی " زانکۆی سوور" دەدەن و هێرش دەبەنە سەر بەشەکانی ناوخۆیی خوێندکاران. ساڵی ۱۹٦٦ پتر لەدووسەد خوێندکاری پێشکەوتنخوازی کورد و تورک بەدەستی ئەوان کوژران. زۆرجار ئەو کارە بە بەرچاوی پۆلیسەوە ئەنجام دراوە. ئەو تاوانبارانە زۆریان ناسراوبوون بەڵام هەرگیز نەبینرا یەکێکیان لێ بدرێت بە دادگا. ئەوپارتە لە پەرلەماندا تەنها دوو کورسی بوو، بەڵام ناوبانگی ڕامیارییان لەناو گشت وڵاتی تورکیا و دەسەڵاتیان لە دەزگاکانی دەوڵەتدا زۆر زەقتر بوو لە هەرە دەنگبەرزەکانی هەڵبژاردن.

هەڵوێستی دژ و دڕندانەی "میللی هەرەکەت پارتی" بەرانبەر بە کورد لەو ڕادەیەدایە کە هەرگیز نابێت دان بە بوونی کورددا بنرێت و سوورە لەسەر ( بەتورک کردنی ئەو بەشە میللیەی تورکیا کە هەرگیز مایەی لێدابچڕانی نییە)، واتە دەبێت کورد بنبڕکرێت.

## هەڵوێستی پارت و گرۆ سۆشیالیستەکان

پانزە ساڵبوو وشەی سۆشیالیست لە تورکیا قەدەغەکراو بوو، بەڵام ئەمڕۆ ناونیشانێکی بابەتییە. هەر لەڕادیکالانی وردەبۆرجواوە تا "نەتەوەییانی چەپڕەو" و لەو نێوانەیشدا بۆرجوایانی لیبراڵ خۆیان بەوناوە دەنوێنن. ئەمڕۆ لەتورکیا پێنج پارتی ماوەپێدراو لەگەڵ دوو پارت و پتر لە دە "لایەن" و "هێز" و "بزوتنەوە"ی نایاسایی هەن، هەر یەکەیان خۆی بەخاوەن بیروبۆچوونی مارکسی دادەنێت و هەر گشت یەک لەوانە بەلای کەمەوە هەفتەی یەک گۆڤار دەردەکەن و بەزۆری

90 ـ F ـ (بۆزهورت)ـ لەپەراوێزیشدا دەڵێت( لەدەقەکەدا نووسراوە Bozkurt، لەڕاستیدا ئەوە نادروستە).
« فەرموو بڕوانە تێبینی " ۳۸ " ی ئەم بەشە. ـــ و »

ڕۆژنامە و دەزگای چاپی خۆیان هەیە زۆرتر بەکاریدێنن بۆ تانووت و توانج لەیەکتر. گرنگی ئەوجۆرە بیرە بەزۆری لەناو خوێندکاران بلاو دەبێتەوە. ئەو فرەلایەنییە زۆرجار بووەتە هۆی دەرکەوتنی جۆرە بیر و باوەڕی دەرەکی ئەوتۆ دەگمەن خۆ لەپێداویستی ڕاستەقینەی تورکیا بگەیێنێت. کە کێشەیەکی قوولی وەک کێشەی کورد دێتە ئاراوە هەر لەئاستی خۆیدا هەلواسراو دەمێنێتەوە چونکە گشت لایەک تا بتوانن خۆ لەو کێشە داغە دوور دەگرن، نەبا بە سزای ئەو بسووتێن. یانیش لەترسی هەڕەشەی شۆڤێنییە ڕەگ کوتاوەکانی"تورکیای مەزن" کەوادەزانن گشت کارێک بە هەلسوینی ناوو ناتۆرەی وەک "نەتەوییانی بۆرجوا" و "شۆڤێنی" لەو کەسانەی دەلێن پێویستە خودی گەلی کورد سەرپشک بکرێت بۆ بڕیاری مافی چارەنووس. تاخمێکیش هەن دەلێن نابێت لەمکاتەدا نێوان هێزە دیموکرات و شۆڕشگێڕەکان بەو جۆرە کێشانە ئالۆزکەین، و هەروها دەلێن هەرکات سۆشیالیستی بەسەر گشت تورکیادا سەپا ، ئەوا گەلی کورد بە تەواوی سەربەستی و مافی خۆی دەگات.

پارتی کۆمۆنیستی تورکی: ئەوەی سەرەوە لەڕاستیدا بیر و بۆچوونی پارتی کۆمۆنیستی تورکیشە. هەرچەندە لە بڕگەی سەرەکی پرۆگرامی سالی ١٩٢٠یدا مافی ئۆتۆنۆمی بۆ گەلان تۆمارکراوە، و لە بلاوکراوەکانیدا قەلاچۆکردنی کوردی بەتاوان دەرخستووە. ئەوا نیو سەدە بەسەر دروستبوونیدا تێپەڕی و تائێستا ئەو پارتی کۆمۆنیستەی تورک خۆینەداوە لەئۆقرەی کێشەی نەتەوایەتی کورد و تەنانەت پێشنیاریشی نەکردووە بۆ دیاری کردنی مافی چارەنووسی.

ڕۆشنبیرێکی کۆمۆنیستی وەک" نازم حیکمەت" لەنووسەکانیدا زۆر پەرۆش لەسەر گەلانی کوبا و هیند و ئەندەنووسیا دەکاتەوە (بێگومان مایەی شانازیە مرۆڤ پشتگیری خۆی لەگەلانی چەوساوە بنوێنێت) بەلام تاکە یەک دێڕی لەسەر خەباتی دوور ودرێژی گەلی کوردی دراوسێ و هاوخەبات و دژ بەهەمان ڕژێم تورکی بۆرجوا نەنووسیوە.

پارتی کرێکارانی تورکی: "تورک ئیش پارتی" کە تا سالی١٩٧١ماوەپێدراو بوو، تاکە ڕێکخراوی سۆشیالستی چەپە توانیبێتی خۆی ڕاگرێت و دەستی بالای بووبێت لە بلاوکردنەوەی بیری سۆشیالیزمی و چەسپاندنی دیموکراسیەت لەتورکیا. دینامیکیەتی کێشەکە کاریکردە سەر ئەم پارتە و بەرەبەرە لەڕاستی باری ژیانی گەلی کوردی گەیشت، و سەرئەنجام هەلوێستی خۆی بەرانبەر بەو پرسە نیشاندا. مەخابن لەباری ڕاستی ژیانی کورد گەیشتن هەندە ئاسان نییە. زەمینە خۆشکەر بۆ ئەو هەلوێستە تاخمێک خەباتگێڕی کوردی ناو پارتی کار بوو توانییان کاریکەنە سەر چەپڕەوەکانی هێشتا پڕباوەڕبوون بە بیری نەتەوایەتی تورکی لەوەوبەر.

نۆڤەمبەری ١٩٧١ ئەو کۆششە هاتەبەر کە پارتی کاری تورکی لە کۆنفرانسی چوارهەمدا چەندین بڕیاری سەبارەت بەکورد دەرکرد: " کورد گەلێکە لە هەرێمی ڕۆژهەلاتی تورکیا دەژی ...

ـ هەڵوێستی درندانەی کاربەدەستانی فاشیستی ڕژێم بۆ تواندنەوی گەلی کورد بووەتە هۆی خوێنڕێژییەکی زۆر ..."

جگە لەویش هۆی سەرەکی دواکەوتنی هەرێمی کوری بە بەراورد لەگەڵ ئەوانی تورکنشیندا بەزۆری دەگەڕێتەوە بۆ نایەکسانی بووجە کە کاربەدەستە فاشیستەکان بەوپەڕی شارەزاییەوە لەبەشی ئابووری یاسای گشتیدا بۆ ئەو هەرێمە کوردییەیان داناوە. جا پەنا بەو دیاردانەی "کێشەی هەرێمی ڕۆژهەلات" لە ئاڵۆزکردنی پرسی ئاوەدانکردنەوەی ئەو هەرێمە، کە زایەدی یەک زنجیرە بیر و بۆچوونی فاشیزمی نەتەوەییانی چینی دەسەلاتدار بەولاوە چیتر نییە.

سەرەڕای گشت ئەوانە، پێشنیاری کۆنگرە ئەوەبوو کەپارت پشتگیری لە گەلی کورد بکات "لە خەباتیدا بۆ وەدەست هێنانی ماف، بەوپێیەی یاسای بنەڕەتی دەیدات بە گشت هاونیشتمانییانی ولات، و هەروەها پشتگیری لە گشت خواست و ئارەزووە دیموکراسیانەکانیان دەکات.

گرتنەبەری ئەو جورە هەڵوێستە بۆ بارودۆخی ناو تورکیا زۆر دلێرانەیە. ئەوە یەکەمین جارە لە مێژوی کۆماردا پارتێکی ماوەپێدراو و لەپەرلەمان ئەندام، لە تورکیادا مافی گەلی کورد بەڕەوا بزانێت. ئەو هەڵوێستە ملی پارتی کاری تورکی خستە بەر تیغی تەور. "ڕژێمە پرهێزەکەی" نیهاد ئێریم کەسپا هێنایە سەر تەخت، لە مانگی جوونیدا بەتاوانی پشتگیری لەچالاکی کورد و بیروبۆچوونی جوداخوازی بڕیاری تێکدانی ئەو پارتەی دەرکرد و سەرانی هەڵدایە قوژبنی زیندان کە سزایان، کەم تا زۆر گەیشتە ماوەی دوانزە ساڵ زیندانی و کاری سەخت. پاشان بە فرمانی لێخۆشبوونە گشتییەکەی جولای ١٩٧٤ ئازادکران.

ساڵی١٩٧٤ خاتو "بەهیسی[91] بوران" و هەندێک لە سەرانی پێشووی "پارتی کاری" تورکی لەژێر هەمان ناوی پێشدا دووبارە پێکیانهێنایەوە، بەڵام ئەمجارە لەناو بەرەی چەپڕەوی تورکیادا تاکە پارتی ماوەپێدراو نەبوو، چونکە پێش سەرهەڵدانەوەی پارتی کاری تورکی، هەندێک لە کادیرە کۆنەکانی ئەو کە پێش ساڵی ١٩٧١ نزیکبوون لەپارتی کۆمۆنیستی تورکی، "پارتی کاری سۆشیالیستی تورک (T.S.I.P)"یان پێکەوەنا، و کەسانێکی تر "وەک عەلی ئەبیار* " پارتی سۆشیالیست (S.P)یان پێکەوەنا، بۆیە پارتی کاری تورکی لەتەنها چەند شاری تورکی مەزن بەولاوە بنکەی سەرەکی بەدەستەوە نەما، و ئەو باو و ناوبانگەی پێشتر هەیبوو لەنێو ساندیکای کرێکار و مامۆستایاندا بەرەبەرە ڕوو لەکزی بوو تا سەرئەنجام لەسوودی پارتی کۆمۆنیستی تورکی گەڕایەوە.

سەرانی ئێستای "پارتی کاری تورکی" چیتر ناوێرن خۆ لەباسی کێشەی کورد بگەیێنن. بەپێی

---

F_91 ـ ... پایزی ١٩٧٤ خانم بەهیجە بوران .... و E ـ ... کۆتایی ١٩٧٤ ...

* ـ لە فارسی و ئینگلیزییەکەدا نییە ـ وەرگێر

تیۆری خاتو "بوران" و سەرانی تری پارتی کار؛" پێویستە گشت بزوتنەوە ،یان لایەنێک، ئەگەرچی خۆی لەهاوتاکانی بە پێشکەوتنخواز و دیموکراسی و ڕاستتر بزانێت، هەر دەبێ خۆی ملکەچی پێداویستی ئەو جۆرە خەباتەکا کەچینی کرێکار وهاوپەیمانانی لەپێناو سۆشیالیزم دەیگێڕن[٥٥]" «...[92]»

پارتی سۆشیالیست: ئەو پارتە سۆشیالیستەی محەمەد عەلی ئەبیار و هاوڕێ لیبرال سۆشیالەکانی سالی ١٩٧٤ پێکیانهێنا ، پارتێکی تەواو مارکسی نەبوو، بەڵکو ئەوی لێی کۆبوونەوە ڕۆشنبیری لیبرال بوون و دیارە هەندێک لە ڕێکخراوە پیشەییەکانیش ببونەپاڵپشتی. بەوەیشەوە کە ئەبیار یەکێکبوو لەوانەی کە لە سالانی چلەوە لەبواری پاراستنی مافی مرۆڤدا ناوبانگی بوو، پارتی سۆشیالیست هێشتا ئەو ناوبانگەی دەرنەکردبوو. ئەو پارتە لەپێناو مانەوە و قەدەغەنەکردنی خۆی لە کێشەی کورد نەگەیاند، بەلام بێدەنگیش نەبوو بەرانبەر بەو " قەلاچۆ کردنە سیستیماتیکەی یەکانە کۆماندۆزەکان لە هەرێمی ڕۆژهەلات دەیگێڕن" .

پارتی سۆشیالیستی کرێکارانی تورکی: ئەم پارتە لە ١٩٧٤دا بۆ کۆکردنەوەی "گروپ و باڵە سۆشیالیستەکان " دروستبوو. تا کەوتەنە سەرکار زۆری کۆسپ هاتەڕێ. ئەو پارتە ماوەپێدراوەی تەنها لە چەند شاری مەزنی تورکیدا بنکە و کەمەکێک ئەندامی ناو دەستەی ڕۆشنبیر و ژمارەیەک کرێکاری ناو ڕێکخراوە پیشەییەکان هەن، و خۆیان بەباڵی چەپی پارتی کاری تورکی ناودەبەن. وەک دوو گۆڤاری بناغەییەکەی( ئیلکە) و کۆمەڵ ( کیتلە)ی پارت زۆر لەسەر باری ڕامیاری و باسی ئەملاولا دەنووسن، بەلام تاکە یەک ڕیپۆرتاجیان لەسەر کێشەی کوردی تورکیا نیە[٥٧].

## گروپە ماوییەکان

لێرەدا دیسان دێینەوە باسی هەندێک لەو تاخمانەی پێش کەخۆ بەخاوەن بیری "ماوی" دەزانن و جارجارە(بەهەمان توندی و لەسەر شێوەی ڕێکخراوە شۆڤێنییە ڕاستڕەوەکان) هێرشی لایەدە دەکەنە سەر ڕێکخراوە چەپییەکانی تورک و تانوتی وەک "پاشکەوتە" و "دژ بە شۆڕش" و "سۆشیال فاشیزم" و زۆریتریان پێدەڵێن.

---

F_92 ـ ... کوردانی چالاک گرۆگرۆ پارتی کاری تورکیان بەجێهێشت. و E ـ تێکۆشەرانی کوردی سۆشیالیست ڕیزەکانی TWP یان بەجێهێشت.

پارتی کاری تورکی: تاکە ڕێکخراوی ماوییە کەساڵی ١٩٧٤ بە سەرۆکایەتی میهری بیللی کە لەناوەندی شەستەکانەوە دەیویست بە بیری "بزووتنەوەی سۆشیالیستی میللی[93] بەرانبەر بە (بزووتنەوەی سۆشیالیستی پارتی کرێکارانی تورکیا ) بگرێت. لاوان لە شەستەکاندا دوای تیۆرییەکانی ئەو کەوتن، بەڵام پاشان تاخم تاخم ئەندامی لێی بچڕا و چەند گرۆی بچووکی "ماوی توندڕەو" و هەندێکیش " گیڤارایی" و باڵی تریان لێ دروست بوو.

بیللی دەیویست بیری نەیاری خۆی بە پرسی مافی چارەنووسی کورد بپۆشێت: "پێویستە لەپێشدا بە کورد شۆڕش هەڵگیرسێنین[94] ئەوجا کە سەرکەوتین مافی کولتوورییان دەدەینێ. چارەسەری مارکسییانەی ڕاست بۆ ئەو کێشەیە هەر ئەوتۆ دەبێت".

" پارتی جوتیار و کرێکارانی شۆڕشگێڕی تورکی T.I.I.K.P" ماوەپێنەدراو ڕێکخراوێکی تری ماوی بوو کە دوغو بیرینجیک سەرۆک و خاوەن گۆڤاری (ڕووناکی شۆڕشی پرۆلیتاریا[95]) بوو. ئەم پارتە زۆر لە پارتەکەی میهری بیللی بەکارتر و زۆرتر کاتی تەرخانکرد بۆ لێدانی ساندیکا پێشکەوتووەکان و ڕێکخراوی مامۆستایان و پارت و ڕێکخراو دیموکراسی و سۆشیالیستەکانی تر.

سەراپا هەڵوێستی ئەم پارتە سەبارەت بە کێشەی کورد چەند تیۆری دژبەیەک و بێ سەروبەرن. دەشێت ئەویش بەزۆری لەبەر زووبەزوو وەدستهێنانی ئاوات و کاری تاکتیکی بێت. ئەو پارتە لە تیۆری پرۆتۆکۆلیدا " دان بەمافی چارەنووسی میللەتی کورد و دامەزرانی دەوڵەتی سەربەخۆیاندا دەنێن؛ ئەگەر خۆیان بیانەوێت(٥٨) ) ـ برگەی ٥٢". بەڵام وەکتر خۆی بە پێشهەنگی کرێکارانی هەردوو میللەتی کورد و تورکی ناو تورکیا(٥٩) ناودەبات" و پێشنیاردەکات "کێشەی کورد لەچوارچێوەی کۆمارێکی دیموکراسی میللیدا چارەسەرکەن" تا هەردوو میللەت پێکەوە و یەکسان بژین(٦٠) . ئەو پەیمانە تەنها تیۆری سەر کاغەزە، چونکە هەڵوێستی ڕۆژانەی کادیرانی پارت زۆر دژە بەگشت جۆرە ڕێکخستنی ڕامیاری و پیشەیی کورد و بە ناوی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی تورکیا لەمەترسی "سۆشیال ئیمپریالیست[96]" دیسان دەڵێن دەبێت لەشکری تورک زۆر توندتر چنگ لە کوردستان گیرکات.

ڕێکخستنی تر: دەرکەوتووترین ڕێکخستن لەنێوان تاخمە نهێنی و نیمچە نهێنیەکانیشدا "

---

93ـ F و E ـ ..."شۆڕشی دیموکراسی میللی" ....
94ـ F و E ـ "لەپێشدا دەبێت هاوکارمان بێن بۆ شۆڕش و ...".
95ـ F و E ـ پ. د. ئایدینلیک.
96ـ F ـ مەبەست یەکێتی سۆڤێەتە ـ م.

لەشکری ڕزگاری گەلی تورکیا (T.H.K.O)" بوو بە ڕابەری دەنیز گێزمیش[97] (ساڵی١٩٧٢ لەسێداره درا) خەباتی پارتیزانی لەناو شارەکاندا دەکرد. چالاکی ئەم پارتە خەبات بوو لەپێناو سەربەخۆیی و ڕزگارکردنی تورکیا لە ئیمپریالیستی. کۆکردنەوەی میللەتانی ناو تورکیا لەبەرەیەکی یەکگرتوودا فرمانی ڕامیاری ڕاستەوخۆی ئەو قۆناغە بوو. گەرچی ڕێکخراوی "لەشکری ڕزگاریخوازی گەلی تورکیا" دانیناو بەوەی لەتورکیا کورد هەیە و خەباتە میللییەکەیانی بە ڕەوا زانیوە، بەلام چارەسەری کێشەکەی هەڵدەسپێرێت بۆ پاش سەرکەوتنی شۆڕش. زۆر لە ئەندامانی ئەم تاخمە، بەتایبەتی چینی لاوان و خوێنکارانی زانکۆیان کورد بوون، و خودی دەنیز گێزمیش یەکێک بوو لەوان.

بەلام "بەرەی ڕزگاری میللی تورکیا" ڕێکخراوێکی میلیشیایی یەک پارت بوو بەهەمان ناو (F.P.L.T) و ئامانجیان گەمارۆدانی شارە مەزنەکان بوو بەدێهاتی. سەرەتا ماهیر شایان بوو بە سەرکردەی( ساڵی ١٩٧١ بەهۆی بەشداربوونی لە چالاکیەکی لەشکردا کوژرا). ئەمیش وەک "ڕێکخراوی لەشکری میللی بۆ ڕزگاری تورکیا" نهێنی بوو. خەبات لەپێناو ڕزگارکردنی تورکیا لە چنگ ئیمپریالیزم و پاراستنی لە"چاوەچنۆکی سۆشیال ئیمپریالیستەکان" فرمانی شۆڕشگێڕانەی ڕاستەوخۆی ئەم بەرەیە بوو. جارجارە و بەپێی پێداویستی بزوتنەوە، بلاوکراوە بەزمانی کوردی چاپ دەکەن بەلام تەنها یەکجاریش باسی مافی کورد و دیاری کردنی مافی چارەنووس، یا گەڕان بۆ ڕێگەچارەی کێشەی ئەوی تێدا نەبووە(٦١).

وا بۆ پانزە ساڵ دەچێت بزوتنەوەی سۆشیالیستی و دیموکراسی لەناو تورکیا هەنگاو هەڵدێنێت بەلام هێشتا هەر لەناو کۆمەلانی ڕۆشنبیر و هەندێک پانەی بۆرجوازییانی بچووک و تا ڕادەیەکیش پرۆلیتاری پیشەسازدا باوە. هێشتا زۆر هەنگاوی تری دەوێت تا ڕواڵەتی شایستە بەخۆوە ببینن، و بتوانن خۆ بەسەر بارودۆخی ئەو وڵاتەدا بسەپێنن.

کالوکرچی گشت لایەنەکانی چەپ بەرانبەر بە پرسی نەتەوایەتی کورد زۆر زەق دیارن، ئەو چەپە هێشتا کەم یان زۆر قاڵە بە بیروبۆچوونی ڕەگەزپەرستانە و شۆڤێنستی ئەو ئایدیۆلۆجییەی لەچینە دەسەلاتدارەکانی پێشووی تورک جێماوە.

هەرچکات سستی پێشکەوتنی ڕادەی هۆشیاری چینەکانی گەلی کورد( کە تا ئێستایش پێشێلی پۆستالی داگیرکەرە) بەراوردکەین لەگەڵ هەنگاوە خێراکانی هەستی نەتەوایەتی، ئەوا چەپی تورک نەنگ بوونی دەگێڕنەوە بۆ ئەمی پاشێن، بەلام کەدێتە سەر باسی خەبات لەپێناو گەشەپێدانی باری نەتەوایەتی میللەتی ژێردەست کە هەنگاوی پێویستە بۆ پێشخستنی ڕەوڕەوەی خەباتی سۆشیالیستی، هەر بۆ ئەمی پاشێن بە نەنگ دەبینن.

ئەوانەی بەتەنگ ئازادی میللەتەوە دێن، نە تەنها بۆیان نییە بە هۆشیار ـ کردنەوەی ئەو

97 ـ F ـ لەچالاکییەکی دژ بەڕژێمدا گێزمیش کوژرا ـ م.

کۆمەڵەی کورد دڵتەنگین کەتائێستا گیرۆدەی داوی کولتووره دواکەوتووەکەی سەدەکانی ناوەڕاستە، بەڵکوو پێویستە بەو قۆناغە شادبن، چونکە سەرهەڵدانی هەستی نەتەوایەتی ناو گەلی چەوساوە، ئارەزوو ڕزگاربوونیان پێ دەبەخشێت، نە تەنها لەکۆتی ئابووری و ڕامیاری، بەڵکوو لەکۆتی کولتووریش کە لەخۆیدا هەنگاوە بەرەو پێشکەوتن.

هیچ ئەوە بەسەیر نازانین کە خاوەنبیرانی چەپی"مارکسی" تورک نیشانی دەدەن بەرانبەر بەکێشەی کورد. ئەوان بە شێوە بۆچوونی مارکسی تایبەت تاوانی "بۆرجوا نەتەوەیی" و "شۆڤینیزم" دەخەنە پاڵ ئەو شۆڕشگێڕە کوردەی خواست و تێکۆشانی بۆ لێک نزیککردنەوە و بەهێزکردنی خەباتی بزووتنەوەی تورک و کوردە، و قایل نین خەبات بۆ مافی چارەنووسی نەتەوەی خۆیان هەڵسپێرن بۆ کاتێکی نادیار.

پێویستە گشت پارتێکی خاوەن بیروبۆچوونی مارکسی ببێتە پاڵپشت بۆ نەتەوەی چەوساوە لەخەباتدا بۆ دامەزرانی دەوڵەتی نەتەوەیی و دیاریکردنی هۆکاتی داهینکەری ئازادی. پێویستە مارکسیانی چەپڕەو، لەڕێڕەوی دژایەتییاندا هاوکات لەگەڵ ڕێزگرتن لەڕەوشی ئایدیۆلۆجی، چاوپۆشن لە هەندێک وردە خاڵی تاکتیکی کەهاندەرن بۆ پشتگیری گشت جۆرە کەرەستەیەکی لاوازکاری ئەو ڕژێمە و دەست بخەنە ناودەستی هاوخەباتی دژ بەو داروودەستە بۆرجوازییەی تورک. هیچ گومان لەوەدا نییە کەخەباتی ئازادیخوازانەی گەلی کورد بنکەکانی ئابووری، ڕامیاری، هێزی سپا و ئایدیۆلۆجی چینی دەسەڵاتداری تورک هەڵدەتەکێنێت. واتە تێکۆشانی ئەوان سوودی دەبێت بۆ ڕێڕەوی سۆشیالیستی. خەباتی دژ بە شۆڤێنیست و هەڵوێستی ڕەگەزپەرستانەی میللەتی داگیرکەر، دژ بە چەوسانەوەی میللی و تێکۆشانە لەپێناو وەدیهێنانی مافی چارەنووس کە لەخۆیدا بەشی بوختە و بتەوە بۆ گەشەپێکردنی بزووتنەوەی سۆشیالیستی و دیموکراسی گشت تورکیا.

ئەنجامی باس: خەباتی ڕزگاریخوازانەی میری کور و بەدرخان پاشا هاوکات بوو لەگەڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گریک و بولگارەکان بەڕابەری؟[98] بولیڤار و سان مارتان. لە هەمان

---

98 ـ F و E ـ میری کۆر و بەدرخان جەنگی ئازادییان هاوکات لەگەڵ یۆنانی و بولگارەکان و بولیڤار* و سان مارتین** هەڵگیرسان .... ـ و فارسییەکە لە پەراوێزدا نووسیویەتی:

* Simon Bolivar سەردار و شۆڕشگێڕی ئەمریکای باشووری لە کاراکاس لەدایک بوو، قارەمانی جەنگەکانی ئازادی( ١٧٨٣ ـ ١٨٣٠ ) دژ بەڕژێمی ئیسپانییە ـ م.

** San Martin (خۆزێ)، شۆڕشگێڕی ئەمریکای باشووری لەئەرجەنتین لەدایک بووە (١٧٧٨ ـ ١٨٥٠ )وە ـ م.

تێبینی: ناسیۆنال ئینسیکلوپیدیای سویدی، چاپی ستۆکهۆلم، بەرگی ٣ لاپەڕە ١٤٤ و بەرگی ١٦ لاپەڕە ٢٥٥. بەم جۆرە باسی ژیانی ئەو دووە دەکا: * سیمۆن بۆلیڤار ١٧٨٣ ـ ١٨٣٠ پێشەوا و قارەمانی ئازادی ئەمریکای لاتین، ناوی(El Libertador) یان لێنا. ئەو لە ڤەنزەویللا لەخێزانێکی کریۆلی بەسامان و قاوەچێنی کاراکاسی لەدایک بووە. لاوی بێ دایک و باوک ساڵانی ١٧٩٩ ـ ١٨٠٢ بۆ <<<<

ئەو کاتەوە کورد ئارەزووی سەربەخۆیی بە پتر لە سەد بزووتنەوەی چەکداری دەربڕیوە. سەرەتا دژ بە ئیمپراتۆرییەتەکانی شا و سولتان، و پاشان دژ بەو دەوڵەتانەی خاکی کوردیان لەپاش جەنگی مەزن[99] بەسەردا بەشکرا.

شکستی گشت ئەو شۆڕشانە زنجیرەیەک هۆکاری دەرەکین( بە تایبەتی باری جیۆپۆلیتیکی کوردستان کە دەکەوێتە ناوەندی هەرێمێک گشت لایەکی جیهان چاوی تێ بڕیوە، و هیچ ڕێگەی کراوەی بۆسەر دەریاوە نییە، و لەگشتلاوە گیراوە بەو چەند دەوڵەتە پاشکەوتەیەی بوونەتە داگیکەرین) و هەروەها چەند هۆکاری ناوخۆیی تر(ڕاڵبوونی هەستی خێڵەکی تا سەرەتای پەنجاکان. نەبوونی دەسەلاتێکی چەق. ناکۆکی و دوو بەرەکی ناوخۆی دەرەبەگەکان. دابڕان لە جیهانی دەرەوە، بەتایبەتی بزربوونی چینی ڕۆشنبیری نوێ کە لەگێژاوی ڕۆژ بگات و خانی ئەزموونی شایستەیان لێ هەڵێنجێت بۆ سوودی میللەت کورد). خۆ ئەگەر بهاتبا و کوردستان بەو ژێرخانە ناوخۆییەیشەوە کۆلۆنی بەریتانی یان فەرەنسا بوایە زۆر دەمێکبوو بەسووکترین قوربانی سەربەخۆ بوو.

بە نەمانی ژیانی دەوارنشینی و کزبوونی ئاژەڵداری کلاسیک، و پەیدابوونی سەرمایەداری

---

ئامۆژ چووە ئیسپانیا، فەرەنسا و ئیتالیا. پاش گەشتێکی تری بۆ ئەورووپا و ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەساڵی ۱۸۰۷دا گەڕایەوە بۆ ڤەنزویللا. ئەو گەشتانە گرنگبوون بۆ گەشەپێدانی باری ڕامیاری بۆلیڤار. بەوەی هەڵوێستی ناپلیۆنی یەک و یەکبوونی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کاری تێکرد، دەماری سەربەخۆیی کەوتە مێشک. پێشڕەوتی ئەمریکای لاتین کاری تێکرد و لەپڕ خۆی لەنێو کۆڕی ڕامیاریدا دیەوە.

ئەپریلی ۱۸۱۰ پرۆژەی ئازادکردن لەژێردەستەیی ئیسپانیا کەوتە ڤەنزەویللا و ساڵی دوایی سەربەخۆیی ئەو ولاتەیان بڕیاردا. هێزی سەر بە شا لەناکاو ئەو یەکەمین کۆمارەیان تێکدا و لە۱۸۱۲دا بۆلیڤار هەڵهات بۆ کۆلۆمبیا. لە ئۆگستی۱۸۱۳دا هێرشی بردە سەر کاراکاس و خۆیکرد بەدیکتاتۆری ڤەنزەویللا. جەنیوەری ۱۸۱٤ دووبارە دەسەلات کەوتەوە دەست ئیسپانییەکان. پاش بڕینی ڕێگەی زەلکاوی چڕ و دوور و درێژی هێزەکەی بۆلیڤار گەیشتە کۆلۆمبیا. لە ئۆگستی ۱۸۱۹دا ئیسپانەکان بەیارمەتی بەکرێگیراونی بەریتانی و ئایرلەندی هێرشیان کردەسەر. هەرهەمان مانگ بۆگۆتای گرت و مانگی دیسەمبەر کردی بە پایتەختی کۆلۆمبیا. ئەوجا بەتەواوی لە ۱۸۲۱دا ڤەنزەویللا و ۱۸۲۲ ئیکوادۆر و۱۸۲٤ پیرۆ و ۱۸۲۵ بۆلیڤیای ئازادکرد. بۆلیڤار بوو بەسەرۆکی پیرۆ و دوو ساڵی تێدا مایەوە. دوا ساڵەکانی "El Libertador" دژواربوو، سەرەتا پیرۆ و پاشان بۆلیڤیای لەژێردەست دەرچوو، پاش ئەوانیش کۆلۆمبیا و ساڵی ۱۸۳۰ دەسەلاتی بەسەر هیچ لایەکدا نەما و هەمان ساڵ لە شاری سانمارتای کۆلۆمبی مرد.

** San Martin (خۆزێ)، سەردار و شۆڕشگێری ئەمریکای باشووری ئەرجەنتینی (۱۷۷۸ ـ ۱۸۵۰) ئەو هەستەی لەئیسپانیا پەیداکرد، و بەشداری جەنگی ڕزگاری ئیسپانی دژ بە ناپلیۆن کرد. ساڵی۱۸۱۲ خۆی تێکەڵ بەبزوتنەوەی ڕزگاریخوازی ئەمریکای باشوور کرد. بە لەشکرێکی کەمژمارەی جەنگاوەری لێهاتووەوە ساڵەکانی ۱۹۱۷ ـ ۱۹۱۸ شیلی و ۱۸۲۱ پیرۆی ڕزگارکرد. هەمان ساڵ ناسناوی پارێزەری پیرۆی بۆبڕایەوە. لەو پایەیەدا مایەوە تا لە ۱۸۲۲دا Simon Bolivar سەرکەوتنی پۆلیتیکی بەسەرداهێنا. پاشان تا دوارۆژی ژیان ئاوارەیی ئەورووپای بۆخۆ هەڵبژارد. « و »

99ـF و E ـ ... پاش جەنگی جیهانگیری یەک ..

بەرەبەرە بناغەی فیودالی هەڵتەکا. لەناو چینی نوێدا وردەوردە دەستەی شۆڕشگێڕ هەڵدەکەوت، و چینی جوتیاریش پاش شار لەئاستی کولتووره سرپووەکەی کۆنیان ڕاپەڕین و دەستیان تێکەڵ بەکۆڕی رامیاران کرد. ئەنجامی چاوەڕوانکراو لەو ڕاپەڕینە بەرفراوانە ئەوەبوو: کۆمەڵی کوردەواری باشتر لەژیان گەیشت و زانییان کە ئەوان میللەتی بندەست، چەوساوە و پلیشاوەی ژێر هەرەسی جەور و ستەمی بیانین. خۆ ڕاگرتن لەبەر زەبری سەرکوتکەرانەی دەسەڵاتدارانی تورک زۆر ستەمە. هەروەک هەستی کوردایەتییان بە بزووتنەوە چەکدارییەکەی کوردی عیراق زۆر بتەوبوو و ئامانجی لێکدانەوە و سەربەخۆیی کوردستان لەوانیشدا زیندووبووەوە. کەواتە ئێستا مەرجەکانی ڕێکخستن بۆ بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی ئازادیخوازانەی نوێ و شۆڕشگێڕانە لە کوردستانی تورکیا گەڵاڵەیە.

پێموایە بەپێی ئەم باردۆخەی ئەمڕۆ هەیە، تاکە ڕێگەچارە بۆ دیموکراتیزەکردنی ڕژێمی تورکیا و بەرپاکردنی سیستێمێکی فیدرالی ئەوەیە پەیوەندی نێوان هێزەکانی ڕۆژ بتەوکرێت بۆ خەباتێکی رامیاری، ئەویش دەبێت بەڕابەری پارتێکی کوردی شۆڕشگێڕ و یەکگرتوو و هاوکار لەگەڵ بەرەی پێشکەوتنخوازی تورکی .

بەوەی کۆمەڵگەی کورد لەتورکیا بە کەمایەتی ئاژمێردرێت، چونکە چواریەکی ژمارەی هاوولاتیانی تورکیا پێکدێنن، پەسەندترین سیستێم بۆ ئەوان دەوڵەتێکی فیدرالی کورد و تورکە. بەڵام تەنها قایلبوونی کورد بەو جۆرە فیدرالییە بەسناکات چونکە مەرجی یەکگرتن دەبێت بەئارەزووی هەمەلایەنەبێت. کەواتە قایلبوونی تورک لێرەدا مەرجی سەرەکییە، بەڵام لەبەرئەوەی بیری نەتەوایەتی و شۆڤێنیستی تورکیای مەزن ( کە ڕەگ و ریشە مێژووییەکەی دەزانین)، ئەوجۆرە قایلبوونە زۆر دووردەخاتەوە.

بەهەرحاڵ، گەلی کورد مافی دیاریکردنی چارەنووس و دارشتنی نەخشەی گونجاوی بۆ جۆری ژیانی بەخۆی ڕەوا دەبینێت لە هەرێمێکدا کە هەزارەها ساڵە تێیدا دەژی. ئەو مافە کە هەرگیز چەندوچۆنی لەسەر نییە، پێویستە سەرەتا بەشێوەیەکی پراکتیکی لەخۆیان بەولاوە کەس نەکەن بەخاوەن مافی ئالوگۆڕ پێکردنییان، و پاشان ئەوەی دەکەوێتە سەر هێزە دیموکراسی و پێشکەوتنخوازەکانی جیهان، بە ڕەوش ڕامیاری و ماک و دەروون بینە پشتگیریان. هەروەک خەبات لەپێناو پۆلۆنیای ئازاد و سۆشیالیستی[100] سەدەی پێشوو بووە هۆی پێشخستنی گشت ئەورووپا، دەشێت ئەمڕۆیش خەبات لەپێناو کوردستانێکی یەکگرتوو و سەربەخۆ و سۆشیالیست[101] ببێتە هەوێنی پێشکەوتنی سەرتاسەری ڕۆژهەلاتی نزیک[102]، چونکە ئەوە

---

100 ـ F و E ـ ... پۆلۆنیای ئازاد ...
101 ـ E ـ هەمانە ـ و F ـ ... کوردستانی ئازاد و یەکگرتوو و سەربەخۆ ...
102 ـ F و E ـ ... ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ....

لەخۆیدا هۆکارە بۆ هەڵتەکاندنی ئەو سیستێمە پاشکەوتووانەی زاڵن بەسەر هەرێمدا. کەواتە بەپێی ئەو بیر و بۆچوونە خەباتی گەلی کورد لەپێناو ڕزگاری نەتەوەدا ئەگەرێکی پێویست و بەئەنجامە بۆ ڕێبازی بزوتنەوەی دیموکراسی و ئازادی گەلانی جیهان.

دەبینین لەم دوا چارەکەی سەدەی بیستەمەدا پێشنیاری ماف بەخشین دەکرێت بە چەند هەزار کەس لەدانیشتوانی ئەم دوورگە یان ئەویتر، بەڵام میللەتی کورد کە ژمارەیان پترە لەژمارەی دانیشتووانی زۆر نیشتمانی ئازادی سەر ئەم ئەستێرەیە، تاکە کۆمەڵگەی مەزنی ناو مرۆڤایەتین تائێستا بێ ماک و مافی نەتەوەیی بژین. هیچ زەمینەیەکی ڕامیاری یان ئابووری یا ئایدیۆلۆجی بەدەستەوە نییە ببێتە هۆی پاکانە بۆ ئەو جۆرە نابەرانبەری و ستەمە.

پاریس / جەنیوەری ۱۹۷۷

:

# تێڕوانین

١ ـ ئەگەر ئەو ناوچانەی بخرێنە سەر کە دەوڵەتی تورک بەزۆرەملی خستنیە سەر پارێزگاکانی سیڤاس و مەرەش، ڕاستی کۆی پێوانەی ڕووبەری ئەو هەژدە پارێزگایە دەکاتە ٢٢٠٧٣٥ کم[٢]. ناوی هەژدە پارێزگاکە ئەمانەن: ئادیامان، ئاگری، بینگۆل، بەتلیس، دیاربەکر، خارپوت(یلازیگ)، ئەرزنجان، ئەزرووم، غازی ئەنتاپ، هەکاری، قارس، مەلاتیە، موش، ماردین، سیرت، دەرسیم(تونجەلی)، ئورفە و وان.

٢ ـ جارجارە پلەی گەرما لە پارێزگاکانی قارس و ئەرزرووم لە ٤٠ تێدەپەڕێت و زستان دێتەوە خوار بۆ ٣٠ پلەی ژێر.

٣ ـ تاکە پرۆژەی سوودی هەبێت بۆ وزە "بەنگاوی کیبان"ی سەر فوراتە.

٤ ـ ئەنجامی سەرژمارەکەی ساڵی ١٩٧٠ی بڵاوکراوە لەلایەن دەزگای ئاماری نیشتمانی ئەنقرەوە، ژمارەکانی سەرەوەمان لە سەر ڕۆشنایی زانیارییەکانی ئەو دەزگایە داناوە.

٥ ـ "پەرتەوازەبوونی" کورد بەزۆری لە ئەنجامی ڕاگوێزانی ئەو گوندە کوردییانە دەردەکەوێت کە لە کرتی دووهەم و سێهەمی ئەم سەدەیەوە تا ئەمڕۆ کۆچی بە کرێکار کردووە بۆ شارە تورکنشینەکان. لە ساڵانی جەنگی جیهانگیری یەکدا ڕژێمی تورک نزیکەی ٧٠٠،٠٠٠ کوردی ئاوارە کرد بۆ ئەنادۆڵ، و پاش بزووتنەوە کوردییە جەکدارەکەی ساڵی ١٩٢٥یش، واتە زستانی ساڵی ١٩٢٦ـ ١٩٢٧ ڕژێمی کەمالی نزیکەی یەک ملیۆن ژن و پیاو و منداڵی ئاوارەکرد. پاشان بەشێک لەوان گەڕانەوە بۆ نیشتمانی خۆیان، و هەندێکیان ئاوێتە بوو، بەڵام بەشی زۆریان لە ئاوارەییەدا زمان و خوو و ڕەوشتی کوردانەی خۆیان پاراستووە.

٦ ـ توێژینەوە گرنگەکەی پسپۆری کۆمەڵناسی تورک ئیسماعیل بێشکچی (دۆز لە ئەنادۆڵی ڕۆژهەڵات ـ بنەی کۆمەڵایەتی ـ ئابووری و ڕەگەز) و بەراوردک ردنی لەگەڵ بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاماری نیشتمانی توردک سەبارەت بە سەرژمێری ساڵانی ١٩٦٥ و ١٩٧٠. ماموستا بێشکچی لەسەر ئەم توێژینەوە کۆمەڵایەتییەی کورد دوانزە ساڵ بەندکرا. ـ « دەقە فارسیەکە، لەبری "بێشکچی" نووسیویەتی "بیسیکسی". ـ و »

٧ ـ مەسحەفا ڕەش دەریدەخات کە کێشی یەزیدی ئاوێتەیەکی سەیرە لەئاینی مەزدی (ئاینی پێشووی کورد و فارس،" پەیڕەویانی زەردەشتی") و ئیسلام و کێشی سۆفی و براهمایی و هتد .... بڕوانە ر. لیسکوت ـ لێکۆڵینەوە لەبارەی یەزیدییەکانی سوریا و شاخی شەنگار. بەیروت ١٩٣٨. « سەرچاوەی ئەو ناوە "یەزدی"یە، واتە پەیڕەوکارانی یەزدان، نەک یەزیدی کە عەرەب بە پەیڕەویانی یەزید بن معاویەیان ناودەبەن. ـ و »

٨ ـ ئەنجامی سەرژمێری ساڵی ١٩٧٠ بۆ سەرانسەری تورکیا تاکە یەک پزیشک نیشان دەدات بۆ ٢٣٠٠ هاووڵاتی، بەڵام لەشارە مەزنەکاندا یەک پزیشک بۆ ١٠٠٠ کەس. ئێمە ڕێژەی کوردستانمان لەسەر ئەو دیاردانەی سەرەوە داناوە.

٩ ـ سەرچاوەی پێشووی !. پێشکچی، لاپەڕە ٦٣. ڕێژەی سەدی گولجاو لەگەڵ ژمارەی هاووڵاتیانی تورکیا بۆ هەمان(ساڵی ١٩٦٦)مان دەسنەکەوت. پلانی پێنجانەی سێهەم بۆ ساڵانی ١٩٧٣ ـ ١٩٧٥ « F و E ـ ١٩٧٣ـ ١٩٧٧» کە نوسینگەی پلانڕێژی میللی بڵاویکردەوە ئەم ئەنجامەی خوارەوەی سەبارەت بەساڵی ١٩٧٢ دەرخستووە: ٦٥٪ لە هاووڵاتیان جوتیار و ١١٪ کرێکارن، و ٢٤٪یش لە بەشەکانی تری خزمەتگوزاریدا کاردەکەن.

١٠ ـ سەرچاوەی پێشوو.

١١ ـ ساڵنامەی ئاماری تورکی، ١٩٦٤ ـ ئەنقەرە.

١٢ ـ O.N.P، لاپەڕە ٢٧١.

١٣ ـD.D.K.O دەعواسی دوز یازی ،کەمال یاینلەری، ئەنقەرە ١٩٧٥، لاپەڕە ١٧٣.

١٤ ـ هەمان.

١٥ ـ نەخشکەنی سەر مس هونەرێکی دێرینی کوردییە، و بەهۆی هەندێک هونەرپیشەی ڕۆژهەڵاتییەوە گەیشتە ئەورووپا. لە ڤینیسیا پێشانگەی تایبەت هەن زۆریان لەو نموونانە تێدایە کە هونەرکاری سەدەی پانزە دەنوێن و لە دامێنیدا ناوی هونەرمەند " مەحمود کوردی" هەڵکەندراوە. بڕوانە توماس بوا " ناسینی کورد" چاپخانەی خەیات، بەیروت ١٩٦٥، لاپەڕە ٣٠.

١٦ ـ لە ١٩١٦وە تا ١٩٢٠ چوارجار ناوچەی قارس کەوتووەتە بەر هێرش و بگرە و بەردەی ڕوس و دەوڵەتی عوسمانی، و ماوەی ساڵ و شتێک کەوتە لەژێر دەسەڵاتی کۆماری قەوقاسی ڕۆژئاوا کەهەمانکات ناوچەکانی باتۆم و هەندێک ناوچەی تەفلیس و ئیرڤانی کەوتبووە بندەست.

١٧ ـ بڕوانە ڕۆبرت دۆن" جیهانی پڕ ژین"، نیویۆرک ١٩٥٦. (کە سەرەتا سۆڤیەتییان لە قارس دەرکەوتن، کار لەوەدابوو دلۆپێک ڕۆن لەو هەرێمە کوردییەی دراوسێدا جێبهێڵن (واتە تێیدا بڵاوبنەوە).

١٨ ـ بۆ زانیاری پتر لەبارەی جەنگەکانی ئازادی تورکیا و گەلێک بەڵگەنامەی تر بڕوانە "شۆڕشی ئەنادۆڵ"، بەرگەکانی ١ و ٢ لە نووسینی سەباحەدین سیلیک، ئیستەنبوول ١٩٦٣.

١٩ ـ وتووێژی لە ٦ی نۆڤەمبەری ١٩٢٠دا بەسترا بەڵام پێش تەواوبوونی گۆڕان لە ئەرمینیا ڕوویدا و داشناق دەسەڵاتی بەدەستەوە نەما و کاروباری وڵات کەوتە دەست مارکسیانی

ئەرمەنی. هەرێمی قارس کە لەساڵی ١٨٧٨وە کەوتبووە ژێر دەسەڵاتی ڕوس گەڕایەوە بۆ تورکیا و لەبری ئەو هەرێمی گومرو (کە زۆر لە دانیشتووانی ئەرمەنی بوون) درایەوە بە ئەرمینیا.

٢٠ ـ بۆ پتر ئاشنابوون بەم باسە، بڕوانە( ئەنجومەنی ئابووری ئەزمیر بۆ ساڵی ١٩٢٧) لە نووسینی کویندوز ئۆکجینی تورک، ئەنقەرە ١٩٦٨، و پەرتووکی فەرەنسی ( تورکیای سەر ڕێی داخراو) لە نووسینی ک. ب. خەربوتلو ـ ئەنترۆپۆل، پاریس ١٩٧٥.

٢١ ـ بەپێی وتەگەلی جەنراڵ عەلی فوئاد جیبەشوبی نوێنەری مستەفا کەمال بۆ مۆسکۆ دەیگێڕێتەوە: کۆمەکی سۆڤیەت بریتیبوو لە بایی دە ملیۆن ڕۆبڵی زێڕ چەک و تەقەمەنی پێویست بە سێ تیپی سپای تورک. هەروەها ڕوس بایی یەک ملیۆن ڕۆبڵی زێڕ کەرەستە و تەقەمەنی تری پێویستیان لە بەرلین کڕی بۆ ئەو چەکە ئەڵمانییانەی لەکاتی ئیمبراتۆری عوسمانییەوە بەدەست لەشکری تورکەوە مابوو.

٢٢ ـ بۆ خوێندنەوەی دەقی ئەو پەیماننامەیە بڕوانە گۆڤاری( ڕۆژگار) ژمارەی ڕۆژی ١ی نۆڤەمبەری ١٩٢١ و ( کۆکراوەی نوێی پەیمانەکان).

« F و E ـ ... بڕوانە، کۆمەڵە پەیمانی نوێ Nouveau Recueil General des Traites بەرگی ١٢ ڕستی ٣ ).

٢٣ ـ کۆنگرەی لۆزان، لە نووسینی(شالیارگەی دەرەوەی فەرەنسا)، وتەکانی عیسمەت پاشا لە کۆڕی ڕۆژی ٢٣ی جەنیوەری ١٩٢٣دا.

٢٤ ـ کۆمەڵە پەیمانی نوێ، لاپەڕە ٥٨٠.

٢٥ ـ لۆرد کورزون، پێش جەنگی جیهانگیری یەک جێگری شا« ی بەریتانی» بوو لە هیندستان.

٢٦ ـ بەشەکانی تورکیش پیترۆلیۆم(کە پاشان بوو بە کۆمپانیای نەوتی عیراق) بەمجۆرە بوو: ٢٣,٧٥٪ کۆمپانی ئەنگلۆ ساکسۆن پیترۆلیۆم(شێل لیمیتد)، ٢٣,٧٥٪ کۆمپانی دی ئارسی (ئینگلۆ فارسی) لیمیتد،٢٣,٧٥٪ بۆ دەوڵەتی فەرەنسا، ٢٣,٧٥٪ بۆ کۆمپانیای ئەمریکی(نیرئیست کۆرپوریشن) و ٥٪یش بۆ کولبنکیان (لەپاداشی دەلالی و (وەرگرتنی فرمان لە بابی عالی بۆ دەرهێنانی نەوت لە چاڵەکانی میسۆپۆتامیا لەلایەن کۆمپانیای تورکیش پیترۆلیۆم). بڕوانە، نیکۆلیسکۆ، سەرچاوە نەوتەکانی عیراق، مودێرن پرێس، پاریس ١٩٣٢.

٢٧ ـ کێشەی موسڵ لە کۆڕی ٣٥ هەمینی فیدراسیۆنی نەتەوەکان (جونێڤ)، لۆزان ١٩٢٩ « F ـ هەمانە. و F ـ ... لۆزان ١٩٢٥ »

٢٨ ـ بڕوانە لویس لی فۆر، کۆی " مافە گشتییەکانی نێونەتەوەیی". دالوز (پاریس ١٩٣٤) لاپەڕەکانی ٧٦٢ ـ ٧٦٣.

٢٩ ـ دەرسیم لەمێژووی کوردستاندا. نوسینی دوکتۆر ن. دەرسیمی( حەڵەب ١٩٥٢) لاپەڕە ١٧٦.
٣٠ ـ سەرچاوەی پێشو، لاپەڕە ١٧٦ ـ ١٧٧.
٣١ ـ ل. ڕامبوت (کورد و ماف) نووسینگەی سیرف، پاریس١٩٤٧، لاپەڕە٢٦.
٣٢ ـ هـ. سێ ئارمستڕۆنگ، لەنوسینیدا بەناوی ـ مستەفا کەمال ( وەرگێڕانە فرەنسییەکەی پەرتووکی ئینگلیزی لەژێر ناوی "گورگە بۆر") ئابوت ١٩٣٣. لاپەڕە ٢٣٥. لەسەر باسی تیرۆرەکانی پاش کودەتایدا دەڵێت: کوردستانیان بە ئاگر و خوێن دایەبەر، پیاوانیان بە ئەشکەنجە لەناودەبرد، دێهاتیان دەسوتاند، کێڵگە و باخیان وێران دەکرد، ژن و منداڵیان دەفران یانیش دەیانکوشتن. وەک ئەوەی سوڵتان بەسەر یۆنانی و ئەرمەنی و بولگاری هێنا، تورکانی کەمالیش زۆر دڕندانە کەوتنە خوێنڕشتنی کورد.
٣٣ ـ جواهیر لال نیهرۆ، " چەند رتوسکەیەکی مێژووی جیهان "، ئەڵلائاباد١٩٣٥ بەرگی دوو، لاپەڕە ١١٠٨
٣٤ ـ ل. ڕامبۆت، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٢٩.
٣٥ ـ ڕابەرە سەرەکییەکانی خۆیبوون لەخێزانە فیوداڵە هەرە بەناوبانگەکانی کورد بوون. هەروەک ژمارەیەکی زۆر ڕۆشنبیری کوردیش چوونە ڕیزی ئەو کۆمەڵەیە کە ئازادکردنی کوردستانی لەژێردەستەیی تورکیا کردبوو بەئامانج. سەرآتی خۆیبوون بڕیتیبوون لەمانەی خوارەوە: قەدری جەمیل پاشا، جەلادەت عەلی بەدرخان بەگ، حەسەن ئاغای حاجۆ، ئیحسان نوری پاشا، کەریم جمیل پاشا [ دوکتۆر ئەحمەد نافیز، عارف عەباس. جەلادەت بەدرخان بەگ و کامەران عەلی بەدرخان بەگی برای کە بزوتنەوەی ڕۆشنبیری کوردییان خستەگەڕ و دوو گۆڤاری "هاوار و ڕوناهی" کە لە دیمەشق و بەیروت دەردەچوون بەشێکبوو لەو چالاکییە گرنگەیان، و هەروەها چەندین ڕۆژنامە و پەرتووکی کولتووری کوردی تری وەک "ڕۆژا نوێ، و ستێر" یان بلاوکردەوە. نووسینی کوردی بەلاتینیش شاکاری ئەو دوو بەهرەوەرەیە. « تێبینی: لە وەرگێڕانە فارسی و ئینگلیزییەکەدا، لەبری " کەریم" نووسراوە " ئەکرەم جەمیل پاشا "، و لەبری ناوی " دوکتۆر ئەحمەد نافیز" ناوی " مەمدوح سەلیم، و عارف عەباس" دەرکەوتوون. ـ و »
٣٦ ـ ڕۆژنامەی میللیەت، ژمارە ١٦٣٦ ڕۆژی ٣١ی ئۆکتۆبەری ١٩٣٠.
٣٧ـ هەمان سەرچاوە، ژمارە ١٦٥٥ ڕۆژی ١٦ی سێپتەمبەری ١٩٣٠.
«E ـ هەمانە. و F ـ ... ژمارە ١٦٦٥ .... ـ و »
٣٨ ـ ل. ڕامبۆت، لاپەڕە ٣١.
٣٩ ـ بۆ خوێندنەوەی تەواوی ئەو بەندە یاساییانە بگەڕێرەوە بۆ ( لەبارەی کێشەی کوردەوە،

یاسای ڕاگوێزان و پەرتەوازەکردنی کورد) زنجیرەی ٨ لە گۆڤاری هاوار، دیمەشق ١٩٣٤.
٤٠ ـ لەوکاتەدا ڕژێمی تورک دەریبڕی کە؛ "کۆمەکی یەکێتی سۆڤیەت بوە هۆی خۆڕاگری دەرسیمییەکان".
٤١ ـ ئەو بەسەرهاتانە لە پەرتوکەکەی دوکتور، ن. دەرسیمیدا بە دوور و درێژی ڕوونکراونەتەوە.
٤٢ ـ پارتی کۆمۆنیستی تورکی ـ پەیدابوونی، ڕێکخستن و ڕێبازی ـ لاپەڕە ٢١.
٤٣ ـ ئیسماعیل جیم لە(توپرکیەدە گریکالمیزلیگین ئۆلسومو، چاپی ئیستەنبول ١٩٧٣)دا سەرمایەی تایبەتی ئەتاتورک بەمجۆرە دەژمێرێت؛ ١٥٤٧٢ هیکتار زەوی کشتوکاڵ، یەک کارگەی بیرە، کارگەیەکی شیرەمەنی بەتوانای ڕۆژانەی ٣٠،٠٠٠ لیتر شیر و یەک کارگەی ماست، یەک کارگەی مەی (سالانە ٨٠،٠٠٠ لیتر خواردنەوەی ئەلکولی دەدات)، چەندەها چێشتخانە و قومارخانە و ئوتێل، نزیکەی پەنجا خانوو]. ئەوانە خودی ئەو وتانەی مستەفا کەمال دەسەلمێنن کە ڕۆژانە دەستەی دەسەلاتدار دووپاتی دەکەنەوە " ئێمە میللەتێکین نە چینمان تێدایە و نە خاوەن تایبەتمەندین".
« F * ـ ... دوو مۆلگای گا ... و دوو کارگەی ماست ....
E ـ ... ٣٨،٢١٦ ئەکری زەوی کشتوکاڵ، دوو مۆلگای گا بەتوانای ڕۆژانەی ٦٤،٠٠٠ پینت شیر و دوو کارگەی ماست، یەک کارگەی مەی (سالانە ١٧٠،٠٠٠ پینت خواردنەوەی ئەلکولی دەدات)، چەندین ڕیستوران، کازینۆ و قومارخانە و نزیکەی پەنجا خانوو لەگەل زۆری تر »
٤٤ ـ سۆن پۆستە، ئەپریلی ١٩٤٨.
٤٥ ـ ڕۆژنامەی لیمۆندی فرەنسی، ١٠ی ئەپریلی ١٩٧٦.
٤٦ ـ " هەرێمی ئەرزینجان لە سالی ١٩٣٢"دا". بە پێنووسی "عەلی کەمالی" شارەوانە تورکەکەی ئەوشارە کوردییە. لەگەل ئەوەدا کە سۆزی باوکانەی خۆی دەردەبڕێت، لەوپەرتووکەدا باسی باری ژیانی ناهەمواری چینی جوتیاری سالانی سی دەکات.
٤٧ ـ بەگرووی ڕێگرتن لە قاچاغ و بە میری کردنی ئالوگۆڕی توتن و جگەرە، ڕژێمی تورک جوتیاری کوردی ناچارکردووە بەرهەمی تەنها بفرۆشن بە مەلبەندی میللی، و بۆ هیچ تووتنەوانێکی کورد نییە بەشی تەنانەت کەمیش لەو تووتنە بۆ کێشانی خۆی گلداتەوە؛ خۆ ئەگەر کەمەکێک لە بەرهەمەکەی خۆی بەکوردێک بگەن ئەوا تووشی قورسترین سزا دەبێت. بەلام لەهەمان ئەو کاتەدا توتنەوانەکانی هەرێمی ئیجە و لێواری دەریای ڕەش سەرپشک کراون بۆ فرۆشی بەرهەمی تووتنیان بە نووسینگەی میللی تووتن، یان بەبازرگانی تایبەت، بەلام هاوتا کوردەکانیان هەر دەبێت بەو نووسینگەی تووتنەی بفرۆشن و بە هەمان ئەو نرخەی ئەوان دیاری دەکەن.

٤٨ ـ ڕۆژنامەی"حورریەت" ٢١ی یۆلیۆی ١٩٦٦. « E ـ F ـ جمهوریەت ٣١ یۆلیۆ ١٩٦٦»
٤٩ ـ فەرمانی کۆماری ڕۆژی ٢٥ی جەنیوەری ١٩٦٧، کە لە ژمارەی ڕۆژی ١٤ی فەبریوەری ١٩٦٧ ی ڕۆژنامەی دەرباری کۆماری تورکی بلاوکرایەوە.
٥٠ ـ لە تورکیا دوو پەرتووکی تایبەت بەکێشەی کورد بلاوکرانەوە؛( لە گشت ڕوویەکەوە تورک بوونی ڕەچەڵەکی کورد) لە نووسینی فەخرەدین قزلّ ئۆغلو، و بلاوکراوەی شالیارگەی پەروەردە. و ( هەریمی ڕۆژهەلات و مێژووی ڤارتو)، لەنوسینی شەریف فیرات.
٥١ ـ ئەو بەندانەی تێکۆشەرانی کورد و تورکە پێشکەوتنخوازەکانی پێ بەند دەکەن لە یاسای سزایی ئیتالیای مۆسۆلینی وەرگیراوە. بۆ پانزە ساڵ دەچێت لایەنە پێشکەوتنخوازەکان بۆ لابردنی دەکۆشن. ئەو یاسا سزاییەی تورک بەم شێوەیە؛
بەندی ١٤١: ئەوی بیەوێت کۆمەڵەیەک پێکبهێنێت، یان ڕابەری بکات بە مەبەستی زاڵبوونی چینێکی تایبەت و گۆڕینی باری ئابووری و کۆمەلایەتی ولات، لە ٨ تا ١٥ ساڵ زیندانی بۆ دەبڕدرێتەوە.
بەندی ١٤٢: ئەوی بیەوێت پروپاگەدە بلاوکاتەوە بۆ زالکردنی چین، یان کۆمەڵێکی دیاری بەسەر کۆمەلانی تردا، یان زیان بگەیێنێت بەچین یان کۆمەلێک، یانیش بۆ تێکدانی دەزگا، یان چەند سازمانی کارای ولات بکۆشێت، یان بیەوێت ڕەوش و یاساکانی ولات تێکدات، ٥ تاکو ١٥ ساڵ زیندانی بۆ دەبڕدرێتەوە.
٥٢ ـ لە جونی ١٩٧٥دا "کولۆنێل تورکیش" سەرۆک پارتی بزوتنەوەی نەتەوەیی (ڕاستڕەوی شۆڤێنی) و یاریدەری سەرۆک شالیاران ویستی لە دیاربەکری پایتەختی مێژوویی کوردستان و مەڵبەندی نەتەوایەتی کورد گرەو لەسەر بەستنی کۆڕێکی دەنگوەرگرتن تاقیکاتەوە بۆ هەڵبژاردن، ئەگەرچی چەند هەزار کەس لەیاران و پاسەوانانی ئەو لەژێر چاودێری پۆلیسدا کۆببونەوە، توانای تاسەر درێژەپێدانی کۆبوونەوەکەیان نەبوون.
٥٣ ـ بۆ خوێندنەوەی ئۆ ژمارەکە و هەندێکی تر لەبلاوکراوەکانی " ڕێکخراوی لاوانی کورد" بڕوانە ئەرکیفی ڕێکخراوی ناوبراو( DDKO dava dosyasi) ، ئەنقەرە ١٩٧٥.
٥٤ ـ پارتی عەدالەت لەسەرتاسەری تورکیا ڕووی لەنشوستیە. ساڵی١٩٦٥ ئەو پارتە ٥٣٪ ی دەنگی کۆکردەوە و لەکۆی ٤٥٠ کورسی پەرلەمان ٢٦٠ دانەی بەرکەوت. هەڵبژاردنی ئوکتۆبەری ١٩٦٩ ژمارەی کورسیەکانی دابەزین بۆ ٢٥٦. بەلام شکستی مەزنی لە هەڵبژاردنی ئوکتۆبەری ١٩٧٣ بەدواوە بوو کە لەپلەی یەکەمین پارتی ولات هاتەخوار چونکە تەنها ١٧٠ کورسی پەرلەمانی بۆ مایەوە و پلەی پێشەوایی بۆ پارتی کۆمارخوازی میللی تورک (P.R.P ) چۆلکرد کە ئەجاوید سەرۆکایەتی دەکات.
٥٥ ـ ئەندامی بەرە لەگەڵ پارتی عەدالەت، پارتی خەلاسی میللی بە سەرۆکایەتی پرۆفیسۆر

ئەربەکانی خاوەن ڕێڕەوی ئاینی، و پارتی ئیعتیمادی کۆمارخواز بەسەرۆکایەتی فەیزی ئۆغلوی خاوەن بیری ڕاستڕەو، و پارتی کاری میللی بەسرۆکایەتی کۆلۆنێل تورکیش.

٥٦ ـ هەفتەنامەی ڕێڕەو « Yuruyu »ی پارتی کاری تورکی، ژمارە ٥٢.

٥٧ ـ ئەوتۆ بوو باری ڕاستەقینەی پارتی یەکێتی(بیرلیک پارتیسی) کە بۆنی شیعەگەری لێدەهات و لەم سالانەی دواییدا وەک سۆشیالیست خۆی دەرخستوە.

٥٨ ـ ڕشتەنامەی پارتی کرێکار و جوتیارانی شۆڕشگێڕی تورک، ئیستەنبوڵ ١٩٧٥ لاپەڕە ٣٧٠. ـ « F و E ـ بڕوانە Davasi Savunma ی پارتی ...»

٥٩ ـ هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٣٧٣.

٦٠ ـ هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٣٧٨ و ٣٧٩.

٦١ ـ هەروەها مەبەست لەو دوو تاخمەیە کە خۆ بە پەیڕەوکاری "ترۆتسکی" دەزانن، هیچ دۆزی ئاشکرایان سەبارەت بەکورد نەبووە.

# ٣

# کوردستانی ئێران

دوکتۆر
عەبدولڕەحمان قاسملو*

## کورد و ڕەچەڵەکی لەئێران

### کورتەیەکی جوگرافی

ڕووبەری کوردستانی ئێران خۆ دەدات[1] لە ١٢٥٠٠٠ کم٢. درێژی ئەو هەرێمە بە درێژایی شاخی ئارارات تا باشووری زنجیرە شاخی زاگرۆسە. مەرزەکانی نێوان تورکیا و ئێران، عێراق و ئێران لەلای ڕۆژئاواوە بوونەتە سنوور لە نێوان کوردستانی ئێران و کوردستانی تورکیا و هەروەها کوردستانی عێراق، لە ڕۆژهەڵاتەوە دەلکێت بە گۆمی ورمی( ڕەزائیە)وە. ناوچەیەکی شاخاوییە و شارەکانی لە بەرزی ( نزیکەی هەزار مەتر)دا جێگیر بوون.

باری دۆخ لەکوردستان وشکاڕوو (کیشوەرییە)[2] و ڕێژی بارانی سالانە دەگاتە ٤٠٠ میللی

---

* ـ ئەو ئەکادیمیە کوردە، مامۆسابوو لەخوێندنگەی بەرزی ئابووری (١٩٦٠ ـ ١٩٧٥). پەرتووکی (کوردستان و کورد)، لەندن ١٩٦٥ وپەرتووکی (گیروگرفتی پێشکەوتنی ئابووری ولاتە دواکەوتووەکان)، براگ ١٩٦٩ لە نووسینی ئەوە.

« تێبینی: ڕۆژی ١٩٨٩/٧/١٣ لە ڤیێننا، کە لەگەڵ هاوڵەکانیدا چاوەڕوانی تاخمێک نوێنەری ڕژێمی ئاخوندی تاران بوون بۆ وتووێژ، تیرۆر کران. ـ و »

1 ـ E ـ لە ٥٠٠٠٠ میل دووجا.

2 ـ E ـ هەمانە.

« لە"کوردستان و کورد، وەرگێرانی عەبدولا حەسەنزادە، ١٩٧٣ چاپی بنکەی پێشەوا" دا نووسەر دەڵێت: ئاو و هەوای پێدەشتەکانی کوردستان نیستیوائییە » ـ و

لیتر[3]، بەڵام ناوەندەکەی لە دۆڵ و مێرگەکاندا دەگاتە ۲۰۰۰ـ ۳۰۰۰ میللیلیتر[4]. جیاوازی نێوان بەرزترین پلەی گەرمای هاوین و نزمترین سەرمای زستان خۆ دەدات لە ۷۰ تا ۸۰ پلە[5]. زستانان پلەی سەرما لە سەقز دادەبەزێت بۆ (-۳۰)[6] و هاوین پلەی گەرما لەکرماشان بەرزدەبێتەوە بۆ (+٤٥)[7]. لەچاو ناوچەکانی تری ئێراندا کانیاوی کوردستان کەمتر وشک دەبن چونکە چەند رووباری تێدایە: رووبارەکانی قزڵ ئوزون(سفید روود)، زێی بچووک (لقێکە لە دیجلە)، هەروەها رووبارەکانی جەغەتوو و تەتەهوو. رووبەری گۆمی ورمێ دەگاتە ٦٠٠٠ کم٢ و گۆمی زرێبار تاکە دەروازەیەی کوردستانی ئێرانە بۆ سەر دەریا[8].

شاخی کوردستان داراوین و بە پتر لەچوار ملیۆن هێکتار جەنگەڵ ناوچەکانی گۆمی و رمێی تاکو لورستان دادەپۆشن، داربەرووی یەکجار زۆرن و نزیکەی چواردە جۆر تەختەیان لێ پەیدا دەبێت. دارستانەکان چڕ نین چونکە لەبەر نەبوونی سووتەمەنی دانیشتووی ناوچە شاخاویەکان دار دەسووتێنن و ئەوە بووەتە هۆی زیانی زۆر لەو سامانە کە هیچ نایەتەوە بری.

ناخی دەستکاری نەکراوی زەوی کوردستانی ئێران بەپیتە. نەوت لەناوچەی کرماشان دەردێت، و بە هاوبەشی میری لەگەڵ چەند کۆمپانیای نەوتی بیانیدا کەمتر لەنیو ملیۆن تەن نەوت بۆ بەکارهێنانی ناخۆیی دەردێن.

دەوڵەت کوردستانی ئێرانی کردوە بەسێ بەشەوە، بەڵام تەنها پارێزگای سنە(سەنەندوج)ی ناوناوە کوردستان. بە بەشی باکوور دەڵێن ئازربایجان و بە بەشی باشووریش کرمانشاه، بەپێی رەگەز پێویستە هەرێمی لورستانیشی بخرێتە سەر کە خوڕڕەم ئاباد پایتەختیەتی.

دانیشتوان: رەگەزپەرستی رژێمەکان کارێکی کردووە ژمارەی راست بۆ دانیشتوانی کوردمان لەو دەوڵەتانەی تێیدا دەژین بێ دەستکاری دەسکەوێت.

ئەوەی رژێمی ئێران دەریدەبڕێت کورد(لە رەگەزی ئێرانی رەسەنن)، و بەدەستی ئەنقەست وشەی "ئێرانی" لەبری وشەی" فارس" بەکاردێنێت، هەرگیز ژمارەی دانیشتوانیان بەپێی رەگەز نادەن بەدەستەوە. ژمارەی ئەوانەی ئەمڕۆ بەزۆری لە هەرێمی کوردستانی ئێراندا دەژین ئەوتۆیە:

لیستەی ژمارە ۱: ژمارەی دانیشتوان لەئێراندا

---

E-3 ـ مەگەر چونها بگاتە ۸ ئینج.
E-4 ـ دەگاتە ٤٠ ـ ٦٠ ئینج
E-5 ـ نزیکەی ١٠٠ی فرهرنهایت.
E-6 ـ بۆ ٢٢ی فەهرنهایت.
E-7 ـ بۆ ١١٠ی فەهرنهایت.
E-8 ـ گۆمی ورمێ کە پانتایی دەگاتە ٢.٥٠٠ میل٢، لەگەڵ گۆمی زرێڤار مەزنترین چاڵاوی ئەو بەشەی کوردستانن.

| ساڵ | ئێران بەگشتی | کوردستانی ئێران | ژمارەی کورد | کورد لەئێران |
|---|---|---|---|---|
| ١٩٧٠ | ٢٨،٢٥٨،٨٦٠[9] | ،٨٠٣،٨٦٠ | ٤،٥٢١،٢٨٠ | ٪١٦ |
| ١٩٧٥[(١)] | ٣٢،٤٤٠،٠٠٠ | ٥،٥١٤،٨٠٠ | ،١٩٠،٤٠٠ | ٪١٦ |

سەرچاوە: سەرژمێریی نەتەوەیی دانیشتوان و ناوچە، نۆڤەمبەری ١٩٦٦ تاران. - ڕاپۆرتی مانگانەی ئامار، ئوکتۆبەری١٩٧١ UN ، نیویۆرک.

لە ڕێژەی ٢٨ ٪[10] دانیشتوانی کوردستان ٤٧٠،٠٠٠ ئازەری و ٢٣٥،٠٠٠ فارسن، بەرانبەر بەوە ژمارەی٤٠٠،٠٠٠ کورد[11] لەچەند شوێنی ناوچەکانی خوراساندا بەکۆمەڵ دەژین، بەتایبەتی لە قوچان و دورگەز[(٢)].

دەتوانین بە بەراورد لەگەڵ کۆی دانیشتوانی گشت وڵات لیستەیەک نیشاندەین بەچڕی دانیشتوانی کوردستانی ئێران.

لیستەی ژمارە ٢: چڕی دانیشتوانی کوردستانی ئێران[12]

| | ڕووبەر بە کم٢ | پانتایی | ڕێژەی دانیشتووان لە ١ کم٢ـ سالی ١٩٧٠ | ڕێژەی دانیشتووان لە ١ کم٢ـ سالی ١٩٧٥ |
|---|---|---|---|---|
| ئێران | ١،٦٤٠،٠٠٠ | ١٠٠ | ١٧ | ٢٠ |
| کوردستانی ئێران | ١٢٥،٠٠٠ | ٧،٦ | ٣٨ | ٤٤ |

چڕی دانیشتوان لەکوردستان ئێران بەگوێرەی گشت وڵات دووبەرانبەرە، واتە وەک لەسەرەوە دەرکەوتووە، کوردستانی ئێران دەکاتە (٧،٦)ی خاکی ئێران کە (١٧ ٪) لە ڕادەی چڕی گشت ئێراندا دەگرێتەوە.

لیستەی ٣: دابەشبوونی دانیشتوان بەسەر ٤ ناوچەی کوردستانی ئێران(١٩٦٦)

| - | ڕێژەی ٪ شارنشین | ڕێژەی ٪ دێ نشین |
|---|---|---|
| مەهاباد « سابلاخ » | ٥ | ٧٥ |
| سەقز | ١٩ | ٨١ |
| سەنەندوج « سنە » | ٢٧ | ٧٣ |
| کرماشان | ٤٩ | ٥١ |
| کودستانی ئێران | ٣٠ | ٧٠ |

E_9 ـ ٢٨،٢٥٨،٨٠٠.   E_10 ـ ١٢،٨٪.

E_11 ـ ٤٠٠،٠٠٠ کورد لە هەرێمی خوراسان.

E_12 ـ

| | ڕووبەر بە م٢ | ٪ پانتایی | ڕێژەی دانیشتوان بۆ یەک م٢ سالی ١٩٧٠ | ڕێژەی دانیشتوان بۆ یەک م٢ سالی ١٩٧٥ |
|---|---|---|---|---|
| ئێران | ٦٤٠،٠٠٠ | ١٠٠ | ٤٤ | ٥٠ |
| کوردستانی ئێران | ٤٩،٠٠٠ | ٧،٦ | ٩٨ | ١١٢ |

| | | |
|---|---|---|
| ئێران | ٥٠ | ٥٠ |

سەرچاوە: گریمانی کراو بۆ ساڵی ١٩٧٥.

سەرژمێری گشتی ساڵی ١٩٦٦ تاران، و ڕاپۆرتی مانگانەی UN، نیویۆرک ١٩٧١.

ژماری دانیشتوانی شار بێتام بەرزدەبنەوە: لەچوار شاری سەرەکیدا ئەوتۆیە.

لیستەی ژمارە ٤: پەرەسەندنی ژمارەی دانیشتوان

| | ١٩٥٦ | ١٩٦٦ | ١٩٧٦* | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| مەهاباد « سابلاغ » | ٢٠,٣٣٢ | ٢٨,٦١٠ | ٤٢,٠٠٠ | ٢٠٨ |
| سەقز | ١٢,٧٢٥ | ١٧,٨٣٤ | ٧٦,٠٠٠ | ٢٠٤ |
| سەنەندوج « سنە » | ٤٠,٦٤١ | ٥٤,٥٨٧ | ٤٢,٠٠٠ | ١٨٧ |
| کرمانشاه « کرماشان » | ١٢٥,٤٣٩ | ١٨٧,٩٣٠ | ٣٠٠,٠٠٠ | ٢٣٩ |

* ـ ژمارەکانی ساڵی ١٩٧٦ لە گریمانی خودی نووسەرە[13].

ناوەندی ژمارەی ئەندام لەناو خێزانی کوردی ئێران، بەرزە. لای شارنشینان پێنج و بەرەوژوور و لە لادێ شەش و بەرەوژوور دەبێت.

ئەو لەخێڵ دابڕانەی لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا دەستیپێکرد وا لەدواقۆناغدایە. ئەوەی لەکوردستانی ئێراندا کاری کردبێتە سەر تێکدانی پوورەی هۆز، لەپڕ پەرە سەندن و جۆشی بازاری ناوخۆیە کە بەرزی سەرمایە و پەیدابوونی یاسای سازکردنی زەوی (گەرچی لە کوردستان زۆر کارا نییە) و بە کۆمەڵ کۆچی بە جوتیار کرد بەرەو شار. بەڵێ گشت ئەوانە هاوکات بوون لەگەڵ هەندێک چالاکی تری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری. گومانی لەوەدا نییە کە پشتوێنەی خێلەکی هەرماوە و تا ماوەیەکی دوورتریش دەمێنێت، بەڵام بنچینە کلاسیکیەکەی هۆزگەری و ناسناوی وەک میر و بەگ و ئاغای سەروکاریان و ئەو قەوارەیەی بیوە پشتوێن بۆ بێکەوەلکانی هۆز ڕوو لەنەمانە.

وەک لێرە بەدواوە ناتوانین کۆمەڵی کوردی ئێران بەکۆمەڵی خێلەکی ناوبەرین، نایشگونجێت ناوی خێڵەکی گەڕۆک(دەوارنشین)یان لێنێین. چیتر لە کوردستان خێڵی گەڕۆک هەڵناکەوێت، و توانەیشی هەن نیمچەگەڕۆکن ـ بەزستان لە گوند ژیان دەبەنە سەر و وەرزی بەهار لەگەڵ پەز ڕوو لە لەوەڕگەی کێو دەکەن.

ئاین: ئاینی باو لە کوردستان ئیسلامە و ٩٨٪ی دانیشتوانی موسوڵمانن، و ئەو ٢٪ی تری فەلە (ئاسووری وئەرمەنی) و جوولەکەن. ڕێژەی زۆری (٧٥٪) موسوڵمانەکانیان سوننین و بەشەکەی تری(٢٥٪) شیعەن "لە هەرێمەکانی کرماشان و لوڕستان دەژین"[14].

Author`s estimat. _E_13

لەکوردستانی ئێراندا پێشەوای ئاینی لەسەر ڕەوشی سوننین و هەمیشە بەناوبانگ و خاوەن دەسەڵات بوون. قادری و نەقشبەندی دوو ڕێگەی سەرەکین، پەیڕەوییانی پیر «شێخ» بە مورید و دەروێش و سۆفی ناودەبرێن و دەبێت گشت موریدێک لایەنی کەم ساڵی یەک جار سەر لە پیر بدات و خەڵاتی بۆ بەرێت تاکو بەختەوەری بکات. لەوە بەرزتر لەناو کوردە سوننیدا هیچ پلەیەکی ئاینی نیە. لە پیر بچووکتر مەلایە کە بەڵگەنامە لە مەلایەکی لەخۆی بەناوبانگتر (دێرینتر)وەردەگرێت. کە مەلای لاو دەکەونە لادێ، لەخەڵاتی پەیڕەوییانی بەولاوە هیچ دەرامەتێکی تری نابێت، و لەبەر ئەوەی ئەوانەی جوتیارن بەزۆری کەم دەرامەتن ناچار دەبێت مەلا وەک ئەو جوتیارانە کاربکات، بەتایبەتی ئاژەڵداری. وەک ئەو هاوژینەی کوردی لادێ، تاکە ڕۆشنبیرە و ئاگای لە ژیانی تاڵ و ناهەمواری ئەوانە، و لەلایەکی ترە زۆرجار هەڵدەکەوێت ئەو تاکە خوێندەواری نێویانبێت، دەستی باڵای دەبێت لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەی. بۆیە لەم ساڵانەی دواییدا ڕژێمی ئێران کۆشیوەتی مووچەی مانگانە بۆ پیاوەئاینیەکان(مەلا) ببڕێنێتەوە تا لە سوودی خۆی هەڵیانسووڕێنێت.

زمان و کولتوور: کوردی بەشێکە لەو زمانە ئێرانیانەی لقن لەزمانی هیندۆ ئەورووپی. ئەگەرچی ئەودووە خزمەزمانیشن هەر زمانی خوێندگە فارسیە. ئەوەی بووبێتە هۆی پێشخستن و بتەوکردنی ڕیشەی نەتەوایەتی، پاراو مانەوەی زمان و کولتووری کوردییە. کۆماری مەهاباد لەو تەمەنە کورتەیدا هەنگاوی زلی هەڵهێنا. هەرچەندە ئێران زمانی کوردی لەسی ساڵی دواییدا قەدەغە کردووە، کوردی ئێران زۆریان سوود لەو بڵاوکراوە کوردییانەی کوردی عیراق وەرگرتووە کە لە١٤ی یولیۆی ١٩٥٨ بەدواوە زۆر پێشکەوت.

ئاشکرایە کە گۆڕینەوەی زانیاری و باری کولتووری کوردی لە نێوان کوردی تورکیا و کوردی ئێراندا تاڕادەیەک نییە، چونکە پیتی خوێندنی دوولادا جیاوازن. لە فێرگەکانی ئێراندا تەنها بەزمانی فارسی و بە پیتی عەرەبی دەخوێنن، بەڵام لەوانی تورکیا تەنها بەزمانی تورکی و پیتی لاتینی. چیتر بەشی زۆر لە لاوانی کوردی تورکیا شارەزای پیتی عەرەبی نابن و ناتوانن چاپەمەنی و نووسراوە کوردییەکانی لە ئێران و عیراق بەچاپ گەیشتوو بخوێننەوە. ڕێژەی ڕۆشنبیرانی پلەی ئامادەیی، یا زانکۆ بەگوێرەی ژمارەی دانیشتوان زۆر کەمن، هەر ئەوانیشن بتوانن دەقی بەلاتینی نووسراو بخوێننەوە. بەڵام ئاڵوگۆڕ و پەخشی چاپەمەنی لە نێو کوردی عیراق و کوردی ئێراندا بارێکی کەی هەیە. نەتەنها لەبەر ئەوەی کە هەردوولا پیتی عەرەبی

14 ـ لەگشت کوردستاندا ئایزا هەن، خۆ بەموسوڵمان نازانن. لەوانە بەتایبەتی(کاکەیی) کە لە ئێران پێیان دەوترێت عەلی ئیلاهی، یان وەک خۆیان بەخۆ دەڵێن"ئەهلی حەق". تاکو ئێستا ژمارەی تەواوی ئەوانە بەدەستەوە نەدراوە، بەڵام لەئێراندا دەیەها هەزار دەبن ولەشارەکانی مەرەند وهەمەدان ودەوروبەری کرماشان وئازربایجانی غەربی وهەورامان و... دەژین. « و»

بەکاردێن بەڵکو زۆربەی زۆری کوردی عیراق و ئێران بە هەمان دیالێکتی سۆرانی دەدوێن کە زمانی ناوچەکانی باشووری کوردستانە.

جگە لەزنجیرەی بڵاوکراوە، ساڵانی شەست و حەفتاکان لە کوردستانی ئێراندا پەرتووک و گۆڤاری تریش بەنهێنی چاپکرا. دیارە هۆی پاراو بوونی زمان و لە نووسیندا بەکارهێنانی وشەی پەتی لای کوردی ئێران دەگەڕێتەوە بۆ چاپەمەنیەکانی کوردی عیراق.*

ڕوویەکی تری کاریگەر بۆ پێشخستنی زمان و کولتووری کوردی (ئەگەرچی لە ئێراندا خوێندنی قەدەغەیە و تەنانەت یەک خوێندگەیش نیە بۆ زمانی کوردی) دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ئەو چەند ئێزگەی ڕادیۆیەیە کە پرۆگرامی کوردی بڵاو دەکەنەوە، و گرنگترینیان ئێزگەکەی کرماشانە. بڵاوکردنەوەی پرۆگرام لە ئێزگەی ئێرانەوە کاری دووسەرەی دەبێت. لەسەرێکەوە ڕژێمی ئێران بەوانە پروپاگندەی شا دەگەێنێتە گوێی کوردی عیراق و تورکیا، و لەسەرێکی ترەوە دەیانەوێت زمانی کوردی وەک دیالێکتێکی ناوچەیی زمانی فارسی بنوێنن. بەڵام لەلایان "خۆشبێت یان ترش" ئەو ڕاستەوخۆ خوێندنەوە و بڵاوکردنەوەی هەڵبەستە بەزمانی کوردی لەسەر شەپۆلی ئاسمانی دەبێتە هۆ بۆ بڵاوکردنەوەی کولتووری کوردی و بەرزکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی ناو کوردان.

بەوەی زمانی کوردی قەدەغەیە و زمانی دەربار فارسییە، زۆر ڕۆشنبیری کورد بە فارسی دەنووسن و بەرهەم بڵاو دەکەنەوە. ڕۆمانەکەی (میردی خاتو ئاهوو) کە بە یەکێک لە سەرکەوتووترین ڕۆمانەکانی کولتووری فارسی ئەم ساڵانەی دوایی دەژمێردرێت، یەکێکە لە بەرهەمەکانی کوردێکی کرماشانی کە لە زینداندا کاتی گیرانی بەهۆی چالاکی ڕامیارییەوە نووسیویەتی. ڕۆڵ و ڕووداوەکانی ئەو ڕۆمانە بەگشتی لە کوردستانی ئێرانە، و ژیانی کۆمەڵی کوردی پێش جەنگ دەخاتە ڕوو.

هەروها سروود و هەڵبەستی هونەرمەندە لاوەکان بەنهێنی دەخوێنرێنەوە، لێرەدا پێویستە پەنجە بۆ (هێمن)یش ڕابکێشین کەبێگومان یەکە ویژەری هاوچەرخی کوردستانی ئێرانە و نامیلکەی (تاریک و ڕوون) کەساڵی ١٩٧٤دەرکەوت بێهاوتا سەرکەوت.

بڵاوکراوەی کوردی لەپێشکەوتندایە. ئەوەی ئەمڕۆ بەرفراون بێت کولتووری پولیتیکییە، بەتایبەت گۆڤار و ڕۆژنامە. ژمارەیەک لەو پەرتووک و بڵاوکراوانەی باسی کێشەی کورد دەکەن و ئەمڕۆ بازاڕیان گەرمە لەساڵی ١٩٧٠ بەدواوە بە نهێنی لەچاپ دراون. بەڵام هەرچی ئەوجۆرە چاپەمەنییەی پێ بگیرێت ساواک (پۆلیسی ئاسایشی ئێران) دەیانگرێت و تاڵاویان بەقوڕگدا دەکات.

خوێندەواری: چونکە بەکوردی خوێندن قەدەغەیە، منداڵی کورد ناچارە دەکەن هەر لەساڵی

* ـ لەپێداچوونەوەدا ئەم بڕگەیەم لەسەر ئینگلیزییەکە چاک کرد. « و »

یەکەمی خوێندگەوە فێری زمانێکی بیانی ببێت، کە فارسییە. هەروەک خوێندگە کەم کەرەستەکان زۆر لەپێداویستی هەرێم کەمترن، و ناوەندی ژمارە لەپۆلێکدا دەگاتە چل قوتابی. لە خوێندگەکانی لادێدا ژمارە زۆر لەوە بەرزترە. هەڵدەکەوێت لە فێرگەیەکی تاکە یەک مامۆستاییدا ژمارەی خوێندکار بگاتە ٢٥٠ـ٣٠٠ قوتابی. دەیەها هەزار منداڵی شار و لادێ گەیشتوونەتە تەمەنی خوێندگە بەڵام چوونە ئەوێیان بۆ هەڵناکەوێت. لیستەی خوارەوە ڕێژەی سەدی نەخوێندەوار دەردەخات.

لیستەی ژمارە ٥: ڕێژەی سەدی نەخوێندەوار لە تەمەنی دە ساڵ و بەرەوژوور[15]

| پارێزگا | دانیشتووان بەگشتی | | شارنشینان | | لادێ نشین | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| . | گشت | هەر ژن | گشت | هەر ژن | گشت | هەر ژن |
| مەهاباد « سابلاغ » | ٨٥.٦ | ٩٤.٥ | ٦٢.٥ | ٨١.٦ | ٩٤.٠ | ٩٩.١ |
| سەقز | ٨٦.٩ | ٩٥.٣ | ٦٢.٦ | ٨١.٤ | ٩٣.١ | ٩٨.٧ |
| سەنەندوج «سنە»[16] | ٨٢.٤ | ٩٠.٥ | ٥٥.٧ | ٦٩.١ | ٩٢.١ | ٩٨.٣ |
| کرماشان | ٧٠.٧ | ٨١.٨ | ٥٣.٢ | ٦٦.٠ | ٨٩.٢ | ٩٨.٣ |
| کوردستانی ئێران (بەگوێرەی گریمانییەکانی ١٩٧٥) | | | | | | |
| بەگشتی | ٪٧٠ | ٪٨٠ | ٪٤٠ | ٪٦٠ | ٪٨٥ | ٪٩٥ |

کەواتە پتر لە ٧٠٪ کۆی دانیشتوان و پتر لە ٨٠٪ی ژن لەساڵی ١٩٧٥دا نەخوێندەوار بوون. لەوبارە نەنگتر ئەوەیە کە دوو منداڵ لەکۆی پێنج( لەنێو کوردا یەک لە چوار) تەمەنی حەوت تا پانزە ساڵ ناچنە بەر خوێندن.

باشە دەبێت کامەبێت ڕووی ڕاست ئەگەر ئەو لیستەیە لەگەڵ دروشمەکەی شا براوردکەین کە دەیلێن و دەیلێنەوە گوایە، هەنگاوی ئێران گەیشتووەتە نێو دوولاقەی دەروازەی "ژیانی مەزنی"، هەروەها مقۆمقۆی داپینکردنی ئازادی ژن بووەتە بنێشتەخۆشەی دەم پیاوانی سەر بەرژێم.

تەندروستی: لەشارەکاندا دەزگای تەندروستی زۆرکە، و لەلادێ ئەوە هەر کاری پێناکرێت. ساڵی ١٩٦٦ بۆ گشت ٤٨٠٠ کەس یەک پزیشکی بووە. زۆر ناوچە هەن دانیشتوانی پترن لە ٢٠... کەس و تاکە یەک پزیشکیان تێدانیە (ناوەند لە ولاتانی ئەوروپا بۆ گشت ٤٠٠ کەس یەک پزیشکە)، ئەوبارە بێگومان تائێستا هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەهاتووە. بگرە لەگەڵ گشت ئەو سازگاری بارودۆخ و ئاوی پاک و زۆرەدا گرانەتا، سیل، هەوکردنی سییەکان،

15- E- ...، ١٩٦٦.

16- E- سەنەندج ٨٢.٤ ٩٠.٥ ٥٥.٧ ٦٩.١ ٩٢.٩ ٩٨.٨

تەراخۆما و هتد ... لە کوردستان زۆرە.

باری ئابووری: وەک قازانجی سەرمایە لەنێوان هەردوو جەنگی جیهانگیردا بوو بە ناوەخنی ئابووری، و هەروەها داهات لە دەیان سالی دواییدا بەرز هەلچوو، کوردستانی ئێران هەر وەک ناوچەیەکی کشتکاری ماوەتەوە. بەشی زۆر لە دانیشتووان کرێکاری یان کشتکارییان کردووە بە پیشە، چونکە ئەو لایەنانە بوونەتە گرنگترین چاوگەی داهاتیان. لیستەی خوارەوە دابەشبوونی کارگەران بەسەر بەشە جۆراوجۆرەکانی ئابووری دەردەخات.

لیستەی ژمارە ٦: پیشەی دانیشتوان بەپێی ڕێچکە ئابوورییەکانی سالی ١٩٦٦

| | کشتکاری و کان | پیشەسازی و ئاوەدانکردنەوە | خزمەتگوزاری |
|---|---|---|---|
| مەهاباد « سابلاغ » | ٦٧.٨ | ١٠.٧ | ٢١.٥ |
| سەقز | ٧٠.٥ | ٨.٨ | ٢٠.٧ |
| سەنەندوج « سنە » | ٦٣.١ | ١١.٤ | ٢٥.٥ |
| کرماشان | ٤٦.٩ | ١٦.٩ | ٣٦.٢ |
| کوردستانی ئێران (بە گریمانی ١٩٧٥) | ٦٥ ـ ٧٠ | ١٠ | ٢٠ ـ ٢٥ |

ئەو ئەنجامانەی سەرەوە پێویستییان بە هەندێک ڕوونکردنەوە دەبێت. واتە بەر لەگشت پێویستە (جگە لە دەرهێنانی نەوتەکەی کرماشان) ئەوە ڕوونکەینەوە کە پیشەسازی بەرهەمدەر بەڕاستی نەکەوتووەتە کوردستانەوە. ئەوجا کاراترین بار لە زەمینەی "پیشەسازی و ئاوەدانکردنەوەدا" بەشی کارکردنە لە پیشەسازی نوێ کە کەمتر لە ٥ ٪ی دانیشتوانی خستووەتە سەرکار.

٨٠ ٪ی ئابووری نەتەوەیی دەگەڕێتەوە بۆ بەرهەمی کشتوکاڵ کە بە تایبەت لە ٤٥ ٪ی ئەو ئابوورییە لە بەرووبوومی ئاژەلدارییەوەیە، و لە ٣٥ ٪ی تری لە دەسکەوتی زەوی و زار.

بەرانبەر بە ٨٠ دۆلار بووجەی یەک هاوولاتی کوردستان بۆ سالی ١٩٦٦، و ١٥٠ دۆلارمان کردووە بە گریمانی بۆ سالی ١٩٧٥. بەپێی دەرخستنی لێپرسراوانی میری، ناوەندی ئابووری تاکە کەس بۆ سالی ١٩٧٥ لەگشت ئێراندا گەیشتووەتە ١٣٤٠ دۆلار.

مەزنترین هۆی کاریگەر بۆ بەرزبوونەوەی کوتوپڕی ئابووری نەتەوەیی، لەپڕ بەرزبوونەوەی بەرهەمی نەوت و لەسالانی دواییدا یەکجار زۆر بەرزبوونەوەی نرخیەتی. ئەوی لەو میلیارەها دۆلار قازانجەی وەک بەش بۆ کوردستانی ئێران تەرخان کرابێت هەر زۆر کەمە. لەکوێ دەیەها پرۆژەی پیشەسازی مەزن کە لە ئێراندا کراونەتەوە، تاکە یەکێکیشیان لەکوردستاندا نەبووە. جگە

لەو هێڵی شەمەندەفەرە ستراتیژییەی ئێران دەبەستێت بە تورکیاوە، تاکە یەک کیلۆمەتر هێڵی ئاسن لەکوردستاندا نیە، و لەنەخشەی داهاتووی میری ئێرانیشدا نیە هیچ هێڵێک بەویدا بکێشێت. هەروەها ڕێگەی قیرتاو تەنها ئەو ڕێگە ستراتیژییەیە کە بەدرێژایی سنووری عیراق لەژێر دروستکردندایە، ئەویش بە مەبەستی بەستنەوەی باشووری کوردستان بە باکوورییەوە.

هەروەک باری گوزەران لە کوردستان زۆر نزمە. بەپێی سەرژمێرەکەی ساڵی ۱۹٦٦ پتر لە ٥۰٪ی خێزان "ئەوی بینیمان خێزانی پێنج تا شەش کەسی" لە تاکە ژوورێکدا دەژین(۳) و پتر لە ۸۰٪ی خانوبان بە گڵ دروستکراوە، و زۆر لەو خانوانە نە ئاوی پاکیان تێدایە بۆ خواردنەوە، و نە ئەلیکتریکیان بۆ چووە. ناوەندی کاری حەفتانەیەن لە پەنجا و چوار سات تێدەپەڕێت.

ئەگەر بڕوانینە ئابووری ئێرانی دوای سەرەتای ئەم سەدەیە دەبینین، لەگرێکانی دوایییدا ئابووری ئێران زۆر خێرا پەرەی سەند، و ئابووری کوردستانەکەی بووە بە تەواوکەری ئابووری بۆ ئەو. لەگەڵ گشت ئەو گۆڕانکاریانەی ڕوویداوە هێشتا ئێران لەڕیزی ئەو وڵاتانەدایە کە ڕوو لە بووژانەوەن، و کوردستانیش کە لەنێو چوارچێوەی ئەودایە هەر بە ناوچەیەکی زۆر دواکەوتوو ماوەتەوە.

خێڵاتی کورد و ئایندەی: بەوەی ژیانی خێڵایەتی کورد لەڕووی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە گەیشتووەتە ئەوپەڕی کزی، چاکوایە ئاورێک لەچۆنێتی ژیانی خێڵەکی کورد بدەینەوە (کۆمەڵی لادێیش هەر بەستراوە بەو هۆزانەوە). لەناوەندی سەدەی نۆزدەهەمدا خێڵە گەڕۆکەکان سێیەکی دانیشتوانی کوردستان بوون، و بەپێی پەیڕەوی خێڵانی کۆچەری گشت ئەندامانی هاوبەشن لە خاوەندارێتی زەوی، و ڕاسپێر و چاودێریان هەر سەرەک خێڵە. خێڵ (هۆز) لە کوردستان پێکدێن لە (تایەفە، بەر، تیرە) و ئەو کۆمەڵانەش دابەش دەبن بە چەند (هۆز، عێل و بنەماڵە)[17]. بەگ پێشەنگی هۆزە و (ئاغا)[18] سەرۆکی تایەفە. دەسەڵاتی پێشەنگی بەگ و ئاغا بێسنوورە، و بڕیاری بەگ لەگشت ڕوویەکەوە بەجێیە. وەکتر بڕیاری ڕاوێژکارانی خۆیی (ڕیش سپی) کاردەکەنە سەر بڕیارەکانی. پاش مردنی بەگ کوڕی گەورەی شوێنی دەگرێت، گەر بێ نەوە بێت یان لە بنەماڵەکەیدا نێرینەی نەبێت، ئەوا ڕیش سپییەکان سەرکردەیەکی تر لەناو هۆز هەڵدەبژێرن. جاروایە ژنی هەڵکەوتوویان لێ دەبێت بەسەرکردەی هۆز.(٤)

سەرکردە ناوبژیکەری گشت ناکۆکییەکە، و پەسەنکاری زەماوەند و هتد.... ئە خاوەن زەوییە و نەکێڵگە و زار، بەڵام پێشەنگی گشتە. هەندێک لە تایبەتمەندی ـ یەکانی ئەو: لەلایەن

---

17 ـ بەپێی دراوسێتی و ژیان لەگەڵ عەرەبدا، وشەگەلی وەک عەشیرەت و تایەفە (طوائف) لە زۆر شوێندا جێگەی هۆز، خێڵ( عێل) و تیرەی گرتووەتەوە. « و »

18 ـ لەنێو زۆر لە هۆزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە بەگ مەزنتر پلەی(خان)ـە.« و »

وەرزێرانەوە بەشێک لەخوری و بەروبوومی زەوی بۆ دەچێت. لەناو هەمان یەک خێڵدا سێ بەرەی سەرەکی ڕچاو دەکرێت؛ خودی سەرکردە و خزمانی؛ لەناو خێڵدا خاوەن چاکترین پلە و پایەن. ئەوجا دەستوپێوەن کە بریتین لە خزمەتکاران(خۆلام) و کاریەدەستە جۆراوجۆرەکانی تر. پاشان کۆی ئەندامانی تری خێڵ. هەروەها لەناو گشت[19] خێڵێکدا چەندین جۆر ڕابەری ئاینی هەن؛ وەک "شێخ (پیر)" بۆ سەروکاری ڕەوش (تەریقەت)، "مەلا " وەک مامۆستای ئاینی، و هەروەها سەید کە لە "نەوەی پێغەمبەرن". لەناویاندا پیاوی ئاینی خاوەن هەندێک تایبەتمەندین. بەپێی پلە و پایە جیاوازی مەزن هەیە لەنێوان ئەندامانی خێڵدا، و ئەو نایەکسانیە دەگەڕێتەوە بۆ بەرز و نزمی ڕادەی دەرامەت (بەگوێرەی کەم و زۆر دارایی سەری ئاژەڵ). تەنانەت لەناو ئەو خێڵانەیشدا کە ڕەوشی خاوەندارێتی بووجەی تایبەت نییە، هەر ئەو جۆرە نایەکسانییە ڕۆڵی خۆی دەبینێت، چونکە هەڵدەکەوێت هەندێک ئەندامی خێڵ خاوەنی چەند سەری کەم پەز بن، بەڵام سەرۆک و هەندێکی تریان خاوەن ڕانە بزن و مەڕی زۆرن.

ڕەوشی ئاڵوگۆڕی بەرهەم بەکاڵا لەنێو خێڵە نیمچە شارستانییەکان و خێڵە دەوارنشینەکاندا زۆر باو بوو، چونکە خێڵە بەتایبەتی ئاژەڵدارەکان نەتەنها ماست و کەرە و پەنیری زۆر وەبەرهەم دێنن بەڵکو، خاوەنی پێست، خوری و مووی بزن و زۆر بەرهەمی تریشن. هەروەها هەندێک خێڵ هاوکات لەگەڵ پەروەردەی ئاژەڵدا پیشەسازی وەک دارتاش، ئاسنگەر، دەواردروو، بەرگ دورور و تەونچی و زۆری تریان تێدا هەڵدەکەوێت، بۆیە ئەوجۆرە ئاڵوگۆڕە زەمینەی هەوار (لە کوێستان) بۆ خێڵ دەڕەخسێنێت، و داڵدەی زستانیش لە(گەرمیان). هەر بەوجۆرە لەسەر ڕێی گەرمیان و کوێستاندا ئەندامی خێڵ دەتوانن بەگۆڕینەوەی بەرهەم، کاڵای پێویست بکڕن. لەسەرەتای سەدەی بیستهەمەوە بە پارە کڕین و فرۆش کەوتە ناو کوردان. وەنەبێت گشت کات سەرمایە و دارایی سەرۆک خێڵ بەپێی خاوەندارێتی سەری پەز بووبێت، بەڵکوو بەپێی چەندی دارایی لیرەی زێڕ و زیوی ئەو بووە.

هەلومەرجی ئاڵوگۆڕ و بەرکەوتنی لەوەڕگا، هەستی بەشێک لە خێڵە کوردە مەزنەکانی بۆ بیرکردنەوە لە نیشتەجێ بوونی یەکجارەکی بزواند.

لەنێوان هەردوو جەنگی جیهانگیردا ڕژێمی ئێران لەشکری بۆ نیشتەجێکردنی کوردان خستەگەڕ. ئەنجامی ئەو کارە یەکجار ناهەموار بوو؛ چەندەها جار ئەوان بوونەتە هۆی لەناوچوونی تەواوی چەندان خێڵ، لەکۆی دوو هەزار کەس لە هۆزی جەلالی (کە هەواریان دەکەوێتە سەر مەرزەکانی ئێران و تورک و رووسیا) بەزۆر ڕاگوێزراو بۆ ناوەندی ئێران. ساڵی ١٩٤١ تەنها چەند سەد کەس لەوان گەڕایەوە. بەوەی جەنراڵ ئەحمەدی ئاغاخان لە قەلاچۆکردنی خێڵەکانی لوڕستاندا ناوبانگی دەرکرد، بۆیە ناونرا " لوڕ کوژ ". هۆزی گەڵباخیش دووچاری هەمان دەرد بوو

19 ـ مەرجنیە لەناو گشت خێڵێکدا سەید یان شێخ هەبن، بەڵام بوونی مەلا گونجاوە.» و »

کە گواستیانەوە بۆ ئەزمان[20] و ئیسفەهان و زەوییەکانیان بەخشین بە کەسانی تورک زمان: " ئەو ئازار و ئەشکەنجە زۆرەی لەرێی ڕاگوێزاندا چەشتیان کارێکی ئەوتۆی تێکردن ڕوو بکەنە گرد وکێوەکان و بۆ چەند مانگ جەنگی شێوە پارتزانی تێدا بکەن(٥).

ئەو بەزۆر ڕاگوێزانە بۆرجوایانی ئێران بەسوود بوو، چونکە کۆمەڵی نیشتەجێ پێویستی بەوە دەبێت ئەوان بازاری"گەرم و دامەزراو"یان بۆ بخەنە گەڕ. کە ڕژێمی ئێران کڕین و فرۆشی سەرمەرزەکانی قەدەغەکرد، خێڵەکی ناچاربوون ڕوویکەنە بازاڕەکانی ناو وڵات. لەلایەکی ترەوە نیشتەجێبوون سوودی گەیاند بە خاوەن خانووبەرەی ئێرانی، تەنانەت کوردەکانی کوردستانیش چونکە هەڵکەوتی ئەو زەمینەیە بەسوود بوو بۆ دامەزرانی جوتیار و بەستنیان بەزەوییەوە. هەروەها سەرانە و باج سوودی زۆر دەگەیێنن بە میری و کاربەدەستانی، و بۆ باجگران ئەو کارە زۆر ئاسانترە چونکە چیتر بۆ کۆکردنەوەی کێواوکێو دوای خێڵەکی گەڕۆک ناکەون، و لە گوندەکاندا کاریان بە ئاسانی دەگاتە ئەنجام. لەلایەکی تریشەوە ئەرکی پاسەوانی و ژێر چاو گرتنی بازاڕە مەرزییەکان و کۆچی خێڵەکی کەمتر کردەوە. قاچاغ و ئاڵوگۆڕی کاڵای بیانی کەمبوونەوە، و چەسپانی یاسای گومرگی بووە هۆی بەرزبوونەوەی داهاتی میری. ژیانی نیشتەجێ بوون سەرنووسینی لاو و ڕەوانەکردنی بۆ سربازی زۆر ئاسانتر دەکات وەک لە ناو خێڵەکییانی گەڕۆک.

دابەشکردنی کوردستان، سنووری بەتایبەتی نێوان تورکیا و ئێران تەگەرەی خستە ڕێی گەرمیان وکوێستان کردنە کلاسیکەکەی کۆچەرییان. چەسپاندنی ئەو یاسایە بەیەکجاری ڕێگەی تەنانەت لە خێڵە نیمچە گەڕۆکەکانیش گرت و توانای ئەمدیواودیوی سەر سنووری نەهێشتن. تەنانەت نەخشەکێشانی سنوور بووە هۆی لێک بچڕانی هەندێک خێڵ بۆ دوو یان جەند پارچەی جیاجیا لەسەر زەوی دوو یان سێ دەوڵەت (وەک دابەشبوونی هۆزی هەرکی بەسەر ئێرا و عیراق و تورکیا، یان هۆزی شوکاک بەسەر ئێران و تورکیا)[21]، هەندێک لەو هۆکارانەی بیوە هۆی دواکەوتنی هۆزە کوردە کۆچەرییەکان بۆ نیشتەجێبوون، ئەمانەن: زەمینە و باروودۆخی لەبار بۆ پەروەردەکردنی ئاژەڵ (لەوەڕگەی پاراو، کەژ و ئاوی گونجاو و هتد...)، کەم بوونی زەوی بەراو، و لەپاش گشت، ئارەزووی سروشتی کە خۆ دزینەوەیە لەباج و سەرانەی دەوڵەت و هەست بە سەربەخۆیی. ئەوجا چەسپانی دەسەڵاتی دەوڵەت ژیانی کۆچەری لەناوبرد. لە لیستەی خوارەوەدا ژمارەی زۆر خێرا بەرزبووەوەی دانیشتووانی لادێی ئەم دواییانە دەردەخەین.

---

20 ـ E ـ هەمەدان.

21 ـ بەدەگمەن هۆزی کورد دەبینین بەر کەرتبوونەکەی کوردستان نەکەوتبێت. ئەوە هەورامان و گشت هۆز وتیرەکانی، هەروەها جاف، کەڵوڕ، کاکەیی و هەندێک هۆز وتیرەی لوڕ، هەروەها مەنگوڕ و مامش و هتد... بەمدیوئاودیوی سنووری عیراق و ئێراندا دابەشبوون، و دابەش ـ بوونی تیرەکانی جەلالی بەسەر عیراق و ئێران و تورکیا و یەزیدی لەنێوان عیراق و سوریا و تورکیا. وهتد.... «و»

لیستەی ژمارە ٧ : « نموونەی» گوندەکان و ژمارەی دانیشتووانیان

| پارێزگا | ژمارەی گوند | | | لادێ نشین | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ١٨٥١ | ١٩٥١ | ١٩٧٦ | ١٨٥١ | ١٩٥١ | ١٩٧٦ |
| بانە | ٨ | ١٦١ | ٢٠٣ | ١,١٢٥ | ١٥,٠٠٠ | ٢٨,٠٨٠ |
| مەریوان | ١٤ | ١١١ | ٢٩٠ | ١,٠٤٠ | ١٧,٨٠٠ | ٤٨,١٧٧[22] |
| خوڕڕەم ئاباد | ٩ | ١٢١ | | ٦٠٥ | ٢٩,٥٠٠ | -- |

ئەمڕۆ لەکوردستانی ئێران پتر لە ٧٥٠٠ گوند هەن زۆر بچووکن (ژمارەی دانیشتووانی دەگاتە[23] ١٥ تا ١٠، ( بەڵام گوند هەن دانیشتووانیان لە ١٠٠٠ تا ٢٠٠٠ خێزان بن). لەگوندی مامناوەندیدا نزیکەی ١٠٠ تا ١٥٠خێزان دەژی[24].

وەنەبێت سەرکردەکانی چارەکی دووهەمی ئەم سەدەیە تەنها لەوەرگەکانیان لێ داگیر کردبن، بەڵکوو دەستیشیان گرتووە بەسەر ئەو زەویە بەپیتانەدا کە بەکەڵکی کێڵان دێن، و بەو کارە خۆیان خستووەتە ڕیزی فیوداڵییەوە. ئەو پارچە زەویەی کە لەپێشدا سەرکرد بۆ گشت هۆزی تەرخان دەکرد، وردەوردە باری گۆڕا و بوو بەهێنی خودی سەرەک خێڵەکان.

چەسپاندنی یاسای سازکردنی کشتکاری ئەم دوو گرێیەی دوایی، دەربەگی لەشێوە فیوداڵی ترازاند. لەنێو کۆمەڵگەی کوردی ئەمڕۆی ئێراندا سەرمایە و بووجەی بازاڕ بووە بە پیشەی باو. بناغە کۆمەڵایەتیە کلاسیکەکەیان گۆڕیوەتەوە بە ژێرخانێکی نوێتری ئەوتۆ کە ببێتە هۆی پێشخستنی کۆمەڵ. هەرچەندە ژێرخانە ئابوورییەکەی ئەوان بەماوەیەکی کەم بوو بە هۆی گۆڕانی مێژوویی و قووڵ، بەڵام هێشتا بیر و بۆچوونی کۆنیان لەسەردا ماوە.

ژێرخانی کۆمەڵایەتی: بەپێی توانا، ڕوونکردنەوەی بنکە کۆمەڵایەتییەکەی کوردی پێش چەسپاندنی یاسای سازکردنی کشتکاری، بەم لیستەیەی خوارەوە دەردەبڕین.

لیستەی ژمارە ٨: بنەی کۆمەڵایەتی لادێی کوردی

| | ڕێژەی سەدی دانیشتووانی لادێ | | پانتایی زەوی |
|---|---|---|---|
| | ساڵی ١٩٦٠ | گرمانی بۆ ١٩٧٥ | خێزان بە هێکتار[25] |
| زەویداری گەورە | ٠,٣ | — | پتر لە ٣٠٠ |
| زەویداری ناوەنجی | ٠,٦ | ٠,٨ | ٣٠ ـ ٥٠ |

22 ـ E ـ ٨٤,١٧٧.

23 ـ E ـ لە ٥ تا ١٠ خێزانە.

24 ـ E ـ لە ٩٠٪ی کۆمەڵی کوردەواری ئێران لە گوند دا دەژین.

25 ـ E ـ ( acres ). « ئەوەیش یەکسانە بە نزیکەی ٠,٤ هێکتار. بۆیە ئەمەی پێوانەکانی جیاواز نیشان داوە. ـ و »

| | | | |
|---|---|---|---|
| زەویداری بچووک | ١,٥ | ٢,٥ | ٥ ـ ٢٠ |
| جوتیاری ناوەنجی | ٣ | ٣٢ | ١ ـ ٣ |
| جوتیاری بێ زەوی | ٧٢ | ٢٤ ـ ٢٦ | ... |
| ڕەنجبەران | ١٠ | ٢٣ ـ ٢٦ | ... |
| چینەکانی تر | ١٢,٦ | ٤١,٧[26] | ... |

پێویستە ئاگامان لەوەبێت کە ئەرەگەلی گریمانی « E ـ دیارکراو بۆ سالی ١٩٧٥ » بۆچوونی ئێمەیە لەسەر ڕۆشنایی کۆڕانکاری ژێرخانی کۆمەلایەتی. دیاردەی ئەو بارەیش ئەوە دەگەیێنێت کە چینە زەویدارە گەورەکەی خاوەنی پتر لە ٦٠٪ی زەوی کێلڕاو بوون لەڕووی ئابوورییەوە بزربوون. هەرچیش زەویدارە ناوەنجییەکانە توانیویانە سوود لە یاسای سازکردنی کشتکاری، و هەروەها بەهۆی بارە ڕامیارییە تایبەتەکەی کوردستانەوە، بەهرە لەچاوپۆشیەکەی میری وەرگرتن و زەوی خۆیان بپارێزن. وەکتریش دابەشبوونی زەویەکانی خاوەن زەوی زۆر، جینی زەویدارانی بچووکی بەهێزکرد، بەتایبەتی چینی جوتیارانی ناوەنجی کە لەمڕۆ بەدواوە بە نوێنەری زۆربەی زۆری دانیشتوانی لادی دەژمێردرێن. دیاردەیەکی زەقی تر، زۆر خێرا بەرزبوونەوەی ژمارەی ڕەنجبەرە کە لەگەل جوتیارانی بێ زەوین و کۆی ٥٠٪ی دانیشتووانی لادی دەگرنەوە.

لەڕاستیدا نەبوونی پرۆژەی کارگەی گەورەوە لەکوردستانی ئێران بوەتە هۆی سستی پێشکەوتنی پرۆلیتاری کارکەر، بەلکوو بەپێچەوانەوە، کۆچی لادێیی بەرەو شار بێکارییەکی یەکجار زۆری تێدا پەیداکردوون، و ئەوی بەر کوردستانی ئێران کەوتبێت لەو جۆرە پرۆژە پیشەییانەی لە زۆر ناوچەی جۆراوجۆری ئێراندا کراونەتەوە، تەنها تۆسقالێکن.

بۆرجوای کارکەر لەناو کورداندا زۆر کەمن. هاوکات لەگەل پێشکەوتنی شارستانی، جینە ناوەندەکانی کورد بەسترانەوە بە دەزگا خزمەتگوزارییەکانی میرییەوە کە تایبەت لەناو دانیشتووانی شارەکاندا ژمارەیان پتر و پتر دەبێت، و هەر ئەوانەیشن بوونەتە هێزێکی ئابووری گرنگی ناو کۆمەل. ئەمانەن چینی بۆرجوا کە لەبری سەرمایەداران بوونەتە بنەی کۆمەلایەتی سیستێمی ئەمڕۆی کۆمەلگەی کوردی ناو کوردستانی ئێران.

## تێڕوانینی مێژوویی

### لەجەنگی چالدێرانەوە تا جەنگی جیهانگیری دوو

لەجەنگی چالدێراندا (کە ناوچەیەکە لەکەناری باکووری ڕۆژئاوای گۆمی ورمێ) ڕۆژی ٢٣ی مانگی ئۆگستی ١٥١٤ لەشکری سولتان سەلیمی عوسمانی لەشکرەکەی شا ئیسماعیلی

26 ـ E ـ ١٤,٧.

سەفەوی بە هاوکاری کورد بەزاند. ئەو ڕێکەوتە بە یەکەمین سەرەتای دابەشکردنی هەرێمی کوردان دەژمێردرێت لە نێوان ئێران و ئیمپراتۆری عوسمانی.

پاش ئەو جەنگەی چالدێران و بەدرێژایی سەدەی شانزە، هەریەک لەو دوو وڵاتە دەکۆشان دیسپلینی دەوڵەتی بەسەر ئەواندا بسەپێنن. میرنشینەکانی کورد دژبوون بە کەوتنە ژێر دەسەڵاتی چەق، ئەوەبوو جوامێری و خۆڕاگرییەکەی ساڵی ١٦٠٨ی میرخانی برادۆستی لەقەڵای دەمدەمدا بوو بە ئەفسانەیەکی مێژویی. بە فرمانی شا عەباسی سەفەوی ئەو بزووتنەوەیە لەناوبرا و لەشکری قزلباشەکان ئەو سوڵتانەی کوردیان لەناوچەیەکی ڕۆژئاوای گۆمی ورمێدا کوشت. شا عەباس لە ساڵی ١٦٣٩دا لەگەڵ سوڵتان موراد ڕێکەوت، و هەرلەوێدا کوردستانیان لەنێوان خۆیاندا بەش کرد، و لەوکاتەوە هیچ گۆڕانێک بەسەر سنووری ئەو بەشانەی کوردستان نەهاتووە. لەماوەی چوارسەد و شەست ساڵی پاش جەنگی چالدێرانەوە تا ئەمڕۆ، هەڵچوونی کوردی ئێران بەرانبەر بە داگیرکەرانی ئەسفەهان (پایتەختی پێشووی ئێران) و تاران دانەمرکاوە. هەرچی میر نشینە کوردییەکەی ئەردەڵان بوو سەربەخۆیی خۆی تا ساڵی ١٨٦٥ڕاگرت.

مەزنترین بزووتنەوەی چەکداری کوردی کۆتایی سەدەی نۆزدە بەڕابەری شێخ عوبێدوڵا بوو کە لە ساڵی ١٨٨٠دا هەڵگیرسا، ئەوشۆڕشە گشت هەرێمی نێوان گۆمی ورمێ و شاری وانی ئازادکرد. ئەوە یەکەمین بزووتنەوەی کوردی بوو بە مەبەستی لێکدانەوە و ئازادکردنی گشت هەرێمەکانی کوردستان بێت. ئەو شۆڕشە بەپلان و دەست تێکەڵکردنی هەردووک لەشکرەکەی تورک و فارس لەناوچوو.

لەماوەی جەنگی جیهانگیری دووهەمدا کوردستانی ئێران ببوو بەگۆڕەپانی جەنگ لە نێوان دوو لەشکرەکەی تورک و ڕوس، و بەمەبەستی لاوازکردنی هەستی نەتەوایەتی کورد، تورکیا سۆزی ئاینی کوردانی دژ بەناموسوڵمانەکان (بەتایبەتی ئەرمەن) دەبزواند.

هەڵوەشانی ئیمپراتۆری عوسمانی کاری زۆری کردە سەر تینی بزووتنەوەی ناو کوردانی تورکیا و هەستی بزواندن بۆ سەپاندنی پێناسەی نەتەوەیی و تێکۆشان لەپێناو سەربەخۆییدا. بەرپەرچ و کاردانەوەکەی پاش پەیماننامی سیڤەری ساڵی ١٩٢٠، و یاخیبوونی کوردی عیراق بەسەرۆکایەتی شێخ مەحموود، و هەروەها لاوازبوونی ڕژێمی تاران، بوونە هۆی یاخیبوونێکی بەرفراوان لە باکووری کوردستانی ئێران. لە نێوان ساڵەکانی ١٩٢٠ و ١٩٢٥دا سمکۆ (ئیسماعیل ئاغا)ی سەرۆک هۆزی شوکاک توانی دەست بەسەر تەواوی ناوچەکانی ڕۆژئاوای گۆمی ورمێدا بگرێت، و دروشمی ئازادی کوردستانی تێدا هەڵکات.

سمکۆ، ساڵی ١٩٢٣ سەردانی شاری سلێمانی کرد و چاوی بە شێخ مەحموود کەوت و لە پەیوەندی نێوان هەردووک بزووتنەوە دوان. بەڵێنی درۆی ئینگلیز سمکۆی تووشی هەڵەی یەکجا گەورە کرد چونکە بەرە و لایەنی ئەو بەکوشتنی مار شەمعونی سەرۆکی ئاشوورییەکانی ناوچەی

ورمێی هەر یەکجار زۆر لاواز بوو.
ڕەزا خان، کە پاشان ناونرا ڕەزا شا، سالی ١٩٢٥ لەئەنجامی کودەتایەکی رامیاری، و بەیارمەتی ئینگلیز، دەستی گرت بەسەر دەولەتدا و دەیویست دیسپلینی یاسایی بسەپێنێت. ئەوجا سپاییانی ئێرانی لە ٢١ی جونی ١٩٣٠دا سمکۆیان بەناوی "وتووێژ"ەوە بانگ کرد بۆ شاری شنۆ و لەوێ کوشتیان. [چەند ساڵ پاش ئەوە، لەساڵی ١٩٣١دا یاخیبوونێکی چەکداری تر هەڵگیرسا، ئەمجارەیان لە باشووری کوردستانی ئێران، کە بە ڕابەری جەعفەر سوڵتان بوو]*.

## کۆمارە کوردییەکەی مەهاباد

٢٠ی ئۆگستی ١٩٤١ لەشکری هاوپەیمانییەکانی سۆڤیەت، ئەمریکا و بەریتانیا گەیشتنە ئێران. گۆڕانکاری بەسەر دەسەلاتی دیکتاتۆریزمی ڕەزاشادا هات و لە ئەنجامدا سیستێم هەندا لاواز بوو دەسەلاتی ئەما بەسەر باشووری داگیرکراو لەلایەن ئەمریکا و ئینگلیزەوە، و باکووریش لەلایەن سۆڤیەتییەکان. لەوێدا پارتە ڕامیارییەکانی وڵات هەندێکیان ئازادی دیموکراسیانە بەرکەوت.
ناوچەی مەهاباد، نە ڕۆژئاوایی و نە سۆڤیەتییەکان دەستیان بۆ برد. وەک هەر لە کۆنەوە نەریتی بزووتنەوەی کوردایەتی لەوناوچەیەدا هەبوو، کوردەکانی ناوچەی مەهاباد ئەو هەلە ئاسایییە بۆ هەڵکەوتووەیان قۆستەوە و یەکەمین ڕێکخراوی ڕامیاری کوردییان لە سێپتەمبەری ١٩٤٢دا لەوێ پێکەوەنا و ناویان نا کۆمەڵەی ژ.ک (ژیانەوەی کوردستان) کە ئامانجەکانی خر نەتەوەیی بوو. سەرکردەکانی ئەو ڕێکخراوە هەندێک ڕۆشنبیری دەرچوو لە ئامۆژگا ناوەندییەکانی شار بوون.
کۆمەڵە، لەماوەیەکی کەمدا لەناو جەماوەری شار و لادێ پەسەند و پشتگیری کرا. بێلەوەی کۆمەڵە هیچ پەیڕەو و پرۆگرامێکی ئامادەکراو و بناغەیەکی ئەوتۆ بتەو و دیارکراوی هەبێت، بوو بەنیمچە باوەڕپێکراو، و ئەپریلی ١٩٤٣ سەرکردایەتییەکی نوێیان بۆخۆ هەڵبژارد.
بەرفراوانی و گرنگی بزوتنەوە دیموکراسییەکەی لەکوردستان سەریهەڵدا زۆر پێشتر بوو لە ئاستی کادیرەکانی کۆمەڵە. دەبوو ئەوان بە پرۆگرامی ڕامیاری ئەوتۆ هەڵسووڕێن بگونجێت لەگەڵ پێداویستییەکانی ڕۆژگار، و هەروەها پێویستی بە کادری خاوەن دیدەنی ڕامیاری پتر و بەرفراوان و ڕێکخراوی گونجاو و بەتوانا بۆ سەرکردایەتی دەیەها هەزار ئەندام.
ئەوەبوو لە ئۆگستی ١٩٤٥دا پارتێکی نوێ پێکەوەنرا لەژێر ناوی "پارتی دیموکراتی کوردستان" و ئەندامانی کۆمەڵە بەگشتی بوون بە بەشێک لەو. قازی محەمەدی ڕۆشنبیر و دەرکەوتوو و خاوەن ناوبانگێکی ڕامیاری و ئاینی بەرز بوو بە یەکێک لەدامەزرێنەرە

---

* ـ لە پێداچوونەوەدا ئەم دوا دێرانەم لەسەر ئینگلیزییەکە ڕاستکردەوە. ـ وەرگێڕ

سەرەکییەکانی. پارتی دیموکراتی کوردستان (P.D.K) پرۆگرامی خۆی بەم هەشت خاڵە سەرەکییە بلاوکردەوە:

١ـ پێویستە گەلی کورد لەئێراندا خۆی کاروباری ناوخۆیی خۆی بەڕێوەبەرێت و لە چوارچێوەی سنووری ئێراندا ببێتە خاوەن مافی ئۆتۆنۆمی.

٢ـ پێویستە بکرێت بەخاوەن مافی خوێندن بەزمانی زگماکی، و هەروەها دەبێ لەکاری ڕۆژانەی دەزگا و نووسینگەکانی ئەو ناوچە ئۆتۆنۆمییەی کورد بەزمانی کوردی بێت.

٣ـ بەگوێرەی ئەو نەخشەیەی وڵاتی لێپێکهاتوە، پێویستە لە هەرێمەکانی کوردستاندا نوێنەر هەڵبـژێردرێت بۆ ئەنجـومـەنەکـان، و ئەوان بتـوانن کـاروباری کـۆمـەڵایەتی و گـشت کـارە ناوخۆییەکانی تر بەڕێوەبەرن.

٤ـ پێویستە فەرمانبەرانی هەرێم لەخودی هاووڵاتییانی کوردبن.

٥ـ پێویـسـتـە بۆ دابینکردنی ئاییندەی هەردوولا، بەپێی یاسایەکی گـشـتی ڕێکـەوتن سـازکـرێت لەنێوان جوتیار و خاوەن زەویدا.

٦ـ خەباتی پارتی دیموکراتی کـوردستـان لەپێناو بتەوکردنی یەکێتی و برایەتیدایە لەگەڵ گەلی ئازەری و گشت کەمایەتییەکانی لە ئازربایجان دەژین( وەک ئاسووری و ئەرمەنی و هتد...).

٧ـ پارتی دیموکراتی کوردستان گونجاندنی بارودۆخ بۆ پێشخستنی باری کشتکاری و ئابووری و پەرەپێدانی فێرکردن و باری تەندروستی بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانی، و دەکـۆشێت بە سوود وەرگرتن لە بەرهەمە سروشتییەکانی کوردستان باری ژیانی ماددی و ڕەوانی گەلی کورد خۆشکات.

٨ـ پارتی دیموکراتی کوردستان ئازادی کار دەخوازێت بۆ گشت ڕێکخراوە ڕامیارییەکانی ئێران تا ببێتە هۆی خۆشی و بەرەوپێش چوونی وڵات.

بەوەی لە پرۆگرامیدا ڕەنگدانەوەی ئامانجەکانی گەلی کورد دەردەکەوت، زۆربەی دانیشتووان زۆر خێرا پێی قایل بوون و بوون بەلایەنگری. بۆنە و هەڵکەوتی جۆراوجۆری ڕۆژگار لە کوردستان و هەروەها لەئێران بوونە هاندەر بۆ ڕابوونی هێزە دیموکراتخوازەکان. لە کۆبوونەوەیەکی گەلی زۆر مەزندا کە نمایندەی گشت ناوچەکانی لە سەقز بەرەوژوور تێیدا بەشداربوو، ڕۆژی ٢٢ی جەنیوەری ساڵی ١٩٤٦ بانگی یەکەمین کۆماری کوردی درا، و بە گشتی دەنگ قازی محەممەدی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان کرا بە سەرەک کۆمار.


تەمەنی ئەو کـۆمـارە سـاڵی پڕنەکـردەوە، بەڵام خـاوەن وزەیەکی بێـهـاوتای ئەوتۆ بوو، زۆر لە ئامانجەکانی پرۆگرامی پارتی دیموکراتی کوردستـانی تێدا هاتەدی. زمـانی کوردی کرا بە زمـانی یاسـایی خوێندن و دەربار. چەندین گۆڤار بەڕێکوپێکی دەرکەوتن، لەوانە گـۆڤـاری "کـوردستـان" ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان، و گۆڤاری "هەڵاڵە" بۆ ژنان و "گروگاڵی منداڵان" بۆ منداڵ و

هتد.... هەروەک ژن بەشداری لە یەکەمین شانۆی کوردیدا کرد. بازرگانی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت زۆر خێرا پەرەیسەند، و باری ئابووری مژدەی خۆشی بۆگشت دەهێنا. ئەگەر زەویدار لە هەچ لایەکی کوردستان هەڵبهاتیا بۆ هاوکاری لەگەڵ تاران « بیوونایە بەجاش» ، ئەوا زەوییەکانیان دەدران بە جوتیاری کورد و ئەو خێزانە بارزانییانەی لە ئەنجامی مەترسی چەوساندنەوە لەدەست ڕژێمی عیراق هەڵهاتبوون و پەنایان بۆ کۆماری مەهاباد هێنابوو. بەڵام وەک ئازربایجان یاسای سازکردنی کشتکارییان دەرنەکرد، و هەر بەوپێیەی لەپرۆگرامەکەی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بوو، کاربەدەستانی کۆمار کۆششی زۆریان کرد بۆ ڕاگرتنی ئاستی بەرژەوەندی "دەرەبەگ" و هەروەها بەرژەوەندی جوتیاران.

بەڕێوەبەرایەتی دەزگا بەرزەکان کە لەوەوبەر سپێردرابوو بەفارس و ئازەری، لابران و کوردیان خرایە جێ. هەروەها لەشکری میری ئێرانی و پۆلیسییان هەڵوەشاندەوە و لەشوێنیان لەشکری نیشتمانی و هێزی پێشمەرگە[٦] درووست بوون.

ئاڵای کۆمار پێکهات لە سێ ڕەنگ (سوور، سپی و سەوز) و خۆرێکی لەناوڕاستدا بوو، ئارمەکەی بریتی بوو لە پەڕێک ( کە سیمبۆلە بۆ زانست و کولتوور) چەقیبوە لە خۆر[27] ( کە سیمبۆلە بۆ سەربەستی) و پەرژینەکەی گوڵە گەنم بوو. هەڵبەستێکی بەناوبانگیش کرا بە سرودی نیشتمانی:

"ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان
ناشکێنی دانەری تۆپی زەمان
کەس نەڵێ کورد مردوە، کورد زیندووە
زیندووە قەت نانەوێ، ئاڵاکەمان"



لەکابینەکەیاندا سیانزە شالیار هەبوو، دوان لەوان بوون بەشالیاری جەنگ و دەرەوە. دیارە بەوەی هێشتا پەرلەمان هەڵنەبژێردرابوو، ئەنجومەنی یاسادانانیان لەکاردا نەبوو، و لەگشت بڕیارێکدا مۆری سەرەک کۆمار بری یاسا دەکەوت. بەڵام دەسەڵاتی دادوەری لەژێر فرمانی ئەنجومەنی باڵا و دەسەڵاتی شالیاری دادوەریدا بوو. دەزگاکانی کۆمار دەستیان کرد بەکردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی ونووسینگە بۆ ناوچەکان. لەڕاستیدا هێشتا بڕیار

27 ـ بەڵکو بریتیبوو لە یەک ئوچی چەقیبو لە کەرتێکی ئەختەر .... » و «

بۆ ناوەندی کردنی دەسەلات دەرنەچووبوو، ئایا مەبەست سپاندنی دەسەلاتی ئۆتۆنۆمی بوو بۆ هەرێم یان کۆماری سەربەخۆ؟ لە هەندێک شوێن بەو دامەزراوە نوێیە گوتراوە (دەوڵەتی جمهووری کوردستان) و وەکتریش چەشنی ئازربایجان(حکومەتی میللی کوردستان[28])یان بۆ بەکارهێناوە.

---

28ـ (بڕوانە گزینگ، ژمارە ١٣ ـ لاپەرە ٤١ و ٤٢) مامۆستا مەحموودی مەلا عیزەت لە ـ یوبیلی ئاڵتوونی جەمهووریەتی کوردستاندا دەڵێت:ـ حکوومەتی میللی کوردستان: لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی دامەزرانی جمهوریەتی کوردستان، لەکۆبوونەوە مێژووییە بیست هەزار نەفەر یەکەی دووی ڕێبەنداندا،ل ەناو داوا و ڕاسپاردەکاندا، ناوی قەوارەکە بەمجۆرە هاتووە: <... ئەورۆ ئارەزووی عمومی خۆمان ئیزهار دەکەین و لەکۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دیوکرات و ئەنجومەنی خۆمان خواهیش دەکەین وئیختیاری دەدەینێ:
١ـ لەو جێگایانەدا کەئێستا کوردی تێدا دەژی بە ئیستیقلالی تەواو بگات.
٢ـ ئینتیخاباتی مەجلیسی شورا دەستپێکەن.
٣ـ حکومەتی میللی کوردستان و وەزیران وئیدارەکانی ساز بکەن ... هتد>. [بڕوانە ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٨، ٢٨ـ ١ـ ١٩٤٦.].

... لەناو سەرجەمی ناوە حکوومەتی ودەوڵەتییەکاندا، ئەم ناوە بەشێوەیەکی فراوان بەکار هێنراوە و زاڵبووە بەسەر ناوەکانی تر، ... زۆربەی زۆری وتاربێژانی ڕۆژی ڕاگەیاندنی دامەزراندنی جەمهوریەتی کوردستان لە دووی ڕێبەنداندا(جمهوری کوردستان)یان بەزار گوتووە و لەڕۆژنامەی کوردستاندا نوسراوە [ژمارەی وتاربێژان ٢٣ کەس بوون، بڕوانە ڕ.ک، ژمارە ١٠، ١٩٤٦/٢/٤.]. ـ لەو سوێندە مێژووییەی کە پێشەوا و هەموو لێپرسراوان و پێشمەرگەکان سوێندیان پێخوارد، ناوی قەوارەکە بەجمهووری کوردستان براوە و نووسراوە [ڕ.ک ژمارە ١٤، ١٩٤٦/٢/١٣. دەقی سوێندەکە لەبەشی دووهەمی ئەم باسەدا دەبینرێ.]. بەوپێیەی مامۆستا مەحموود لەبەشی دووهەمی لێکۆڵینەوەکەی(گزینگ، ژمارە ١٤ لاپەرە ٣٩ و٣٧)دا، ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ئامانجەکە هەر"خودموختاری" بووە لەچوارچێوەی دەوڵەتی چەقدا کە ئێرانە، و "ئیستیقلالی تام" بوو لەئازربایجانی "خودموختار". بێگومان لێکۆڵینەوەکە مەودای کورتکردنەوەی تێدا نیە، بۆیە ناچارم چەند وتار یان هەڵوێستی لێ وەربگرم، وخوێنەری هێژا سەرپشک بکەم لە تێگەیشتنی ئەنجام (یانیش گەڕانەوە بۆ خودی سەرچاوەی ناوبراو کە زانیاری پتر دەبەخشێت).

... دیداری ڕۆژنامەنووسیەکەی خاوەنانی ڕۆژنامەی «ئێران ما» و «فرمان»ی تارانی لەگەڵ پێشەوادا ئەنجامیان دا... کاتێ لێی دەپرسن: «لە تاران دەڵێن کوردان بەرەهبەری جەنابت جویبوونەوە وئیستیقلالی کوردستانیان دەوێ؛ ئایا ڕاستە؟» لەوەڵامدا دەڵێ: «خێر ڕاست نیە، لەبەر ئەوەی کەایە لەدەوڵەتی ایران اجرای اساسیمان دەوێ و دەمانەوێ بە خودموختاری لەژێر بەیداغی ایراندا بژین وخودموختاریشمان وەگیرکەوتووە.» [بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ڕ.ک ١ و٢، ١١ و١٣ـ ١ـ ١٩٤٦.]... ئەو سوێندەی لەوڕۆژەدا لەبەردەم «قورئانی موقدس ونەقشە و ئالای کوردستان»دا پێشەوا و هەموو لێپرسراوان و ئامادەبووان سوێندیان پێخوارد. جۆری لەڕاگرتنی بەلانسی سیاسی لەگەڵ ئازەربایجاندا وەبەرچاو دەگرێ کە بەمجۆرەبوو: «ئەمن بەخودا، بەکەلامی عظیمی خودا، بەنیجتیمان بە شەرافەتی میلی کورد، بە ئالای مقدسی کوردستان سویند دوخوم کە تا آخر هەناسەی ژیانم و ڕژاندنی آخر تنوکی خوینم بەگیان و بەمال لە ڕێی ڕاگرتنی سەربەخویی و بەرزکردنەوەی ئالای کوردستان تێ بکوشم و نسبەت بە رئیسی جمهوری کوردستان ویەکیتی کورد وآزەربایجان مطیع و وەفاداربم» [ڕ.ک ژمارە ١٤، ١٣ـ ٢ـ ١٩٤٦]... باش وایە ئاماژە بۆ ئەو تەلگرافەی پێشەوا بکەین دەربارەی پێکهێنانی ئینتیلاف کە بەم جۆرەیە:
تاران ـ جنابی ئەشرەف قیوام رەهبەری حیزبی دیوکراتی ایران.
روونوس ـ جنابی آغای دکتور کشاورز رەهبەری حزبی تودەی ایران. <<<<

لە٢٣ی ئەپریلی ١٩٤٦دا هەردووک کاربەدەستانی میری کوردستان و ئازربایجان پەیماننامەیەکی حەوت خاڵییان پێکەوە مۆرکرد:

١ ـ هەریەک لەو دوو ڕژێمە، بەپێی پێویست نماینده‌ی خۆیان بۆلای یەکتر بنێر.

٢ ـ لەو ناوچانەی هەرێمی ئازربایجاندا کە دانیشتووی کوردی پترین بەڕێوەبردنی دەدرێتە دەست کورد، و هەروەها بەپێچەوانەوە.

٣ ـ هەردووک میری لیژنەی ئابووری تایبەت پێکدێنن و بەسەرپەرشتی سەرۆکی هەردووک وڵات کار ئەنجام دەدەن.

٤ ـ بەپێی پێویست و بۆ پاراستنی هەردووکلا، پەیمانی بەرگری لەنێوان ئازربایجان و کوردستان دەبەسترێت.

٥ ـ گشت جۆرە و تووێژی لەگەڵ تاران دەبێت بەبڕیاری هەردووکلابێت.

٦ ـ پێویستە میری ئازربایجان کارسازیکات بۆ بڵاوکردنەوەی زمان و کولتووری زیندووی دوو نەتەوە لەنێو کوردەکانی هەرێمدا، هەروەها بەپێچەوانەوە.

٧ ـ ئەوەی ببێتە هۆی ئاڵۆزکردنی دۆستایەتی مێژوویی و هاوپەیمانی ویەکێتی دیموکراسییانەی نێوان دوو گەل، لەلایەن هەردووک میرییەوە سزا بدرێت.

واتە لەڕووی پۆلیستیکی ناوخۆییەوە دوو دەربار خاوەن یەک دیدەن نەبوون. هەرچی داروەدستەی ئازربایجانە کەوتنە کارسازی ئابووری و کۆمەلایەتی ئەوتۆ هاوتابێت لەگەڵ ئامانجی نەتەوەیی، و لەبەرچاو گرتنی خواستی کرێکار و جوتیار. بەڵام ئەوی کوردستان هەمیشە بانگی لەیەکسانی نێوان چینەکانی کۆمەڵ دەکرد بێ جیوازی. بەوەی کۆمولگەی کورد لەڕووی کۆمەلایەتی و ئابوورییەوە زۆر دواکەوتووتر بوون، ئامانجیان لەوانی ئازربایجان کەمتر دەهاتە دی.

بەڵام سەبارەت بەسنووری نێوان دوو دەوڵەت، چەندجاریان وتووێژ لەسەر ناوچەیەکی ڕۆژئاوای گۆمی ورمێ کرد، بەتایبەتی لەسەر شاری خوی، سلمی (شاپور)، ورمێ (ریزائیە) و میاندواو، بەڵام لەبەهاری ١٩٤٦دا ئەو ناکۆکیانە کەوتنە پلەی دووهەمەوە، چونکە دەبوو

---

<<< روونوس ـ جنابی آغای صالح رەهبەری حزبی ایران.
روونوس ـ تەبریز جنابی آغای پیشوەری رەهبەری فرقەی دیموکراتی آزربایجان.
روونوس ـ تاران آغای پادگان معاون صدری فرقەی دیموکراتی آزربایجان.
بەاحترامەوە حزبی دیموکراتی کوردستان آمادەیی خۆی بو ائتلاف دەگەل احزابی آزادیخواز (دموکرات ایران، تودە ایران، دیموکراتی آزربایجان، حزبی ایران) رادەگەینی و ئەم ائتلافە موجب سعادت و عظمت ملت ایران دەزانم وبەم وەسیلە جناب آغای صدر قازی لەلایەن حزبی دیموکراتی کوردستانەوە بو گفتوگوی پیویست و امضای ائتلاف نامە بە نمایندەیی معرفی دەکەم.

رەهبەری حزبی دیموکراتی کوردستان / محمد قاضی

[ر.ک ژمارە ٨٥، ٢١خەرمانان ١٣٢٥(١١ـ ٩ـ١٩٤٦).] «و»

لەپێشدا بەرگری لەمانەوەی دوو دەوڵەت بکەن، بەتایبەتی بەرانبەر بە ڕژێمی تاران کە بەپاڵپشتی ئەمریکایی و ئینگلیز هەڕەشەی لێ دەکردن. پایەخدان بە پەیماننامە مۆرکراوەکەی نێوان کورد و ئازەری لەسەرووی گشتەوەبوو. واتە لەخۆڕایی نەبوو تاران هەندە نیگەران بێت بەرانبەر بەو پایان و دۆستایەتیە.

پارتی دیموکراتی کوردستان یەکێک لەدامەزرێنەرانی ئەو"بەرە"یەبوو کە لەگەڵ پارتی توودە و پارتی دیموکراتی ئازربایجانی و سێ پارتی پێشکەوتنخوازی تر یەکیان گرت، و بەوە کوردستانی ئێران بوو بە بنکەیەکی دیموکراسی لە ئێران.

لەهەمان ئەوکاتەدا کەکوردستانی ئێران بوو بەچەقی یەکێتی و پشتگیری نێوان گشت پارتەکانی کوردستان. بەگەرمی پێشوازییان لەگشت نیشتمان پەروەرەکانی کوردستان دەکرد، هەروەها لەچەند هەزار بارزانی و نمایندەکانی کوردی عیراق و تورکیا و سوریا کە لەمەهاباد دا بە گەرمی پێشوازییان لێ دەکرا. میللەتی کورد بەگشتی وەک سەرچاوەی ئاوات لەکۆماری مەهابادیان دەڕوانی وەیانویست ببێت لە کوردستاندا بە هەوێنی ئازادی، واتە بۆگشت کوردستان. بەڵام لەوڕۆژەدا زەمینە پۆلیتیکی ئێران، بەتایبەتی ئەو بارەی سنووری دەسەڵاتی هێزە هاوپەیمانەکانی سەپاندبوو(ناوچەکانی لە سەقز بەرەوخوار سەخت کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی ئینگلۆ ئەمریکی) ماوەی بە کۆمار نەدەدا دەست بەسەر دەوروبەری سەقز، سنە و کرماشاندا بگرێت. ناوچەی دەسەڵاتی کۆمار لەشاری سەقزەوە بوو تا گشت بەشی باکووری کوردساتنی ئێران، کە ژمارەی دانیشتووانی دەیکردە نزیکەی یەک ملیۆن کەس.

بەگوێرەی ڕێکەوتننامەکەی تاران دەبوو هێزە هاوپەیمانەکان بەشەش مانگ دوای تەواوبوونی جەنگ ئێران بەجێبهێڵن. بەڵام هێزەکانی سۆڤیەت باکووری وڵاتیان پاش چەند مانگ پاش چۆڵکردنی هێزە ئینگلۆ ئەمریکییەکە بەجێهێشت. پاش ماوەیاکی کەم هەردووک دەوڵەتی ئێران و سۆڤیەت ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی سۆڤیەت ببێت بەخاوەن بەش لە بەرهەمی نەوتەکەی باکووری وڵات. بۆیە لە کۆتایی مانگی مای ١٩٤٦دا تاکە یەک هێزی سۆڤیەتی لەسەرخاکی ئێران نەما.

پایزی ساڵی ١٩٤٦ ڕژێمی ئێران گوڕی بەستەوە بۆ ئەوەی لە سەرتاسەری ئێراندا زەمینە خۆشکات بۆ هەڵبژاردن. تاران زەمینەی هەڵبژاردنی " ئازاد"ی بۆ خۆش نەکرا بێ ناردنی هێزی چەکدار بۆ کوردستان و ئازربایجان.

لەمانگی دیسەمبەردا لەشکری ئێران ڕوویکردە ئازربایجان. بزوتنەوەی ئازری بێ هیچ جۆرە بەرگرییەک ڕووخا و سەرکردەکانی پەنایان برد بۆ یەکێتی سۆڤیەت. پاش ڕوخانی "حکومەتی میللی ئازربایجان" ڕۆژی ١٧ دیسەمبەری ١٩٤٦ لەشکری ئێران گەیشتە ناو مەهاباد. لێرەیش ئەو لەشکرەی ئیمراتۆر تووشی هیچ بەرگرییەکی چەکداری نەبوون. جگە لە بارزانییەکان کە کشانەوە بۆ ناوچەکانی نەغەدە و شنۆ، ئیتر لێپرسراوانی کۆمار و لەسەرووی گشتەوە قازی

محەمەد لەشوێنی خۆ نەجوولان.

لەهەمان ئەوکاتەدا کە جەندرمە بەبەرچاوی جەنراڵەکانی شا وە هەزاران دیموکراتخوازی ئازەریبیان دەکوشت، ئەو لەشکرەی ئێران دەیویست لەکوردستاندا هێمنی ڕاگرێت. بارزانییەکان چاوەڕوانی ئەنجامی و تووێژی سەرکردەکانیان بوون لەتاران بەسەرۆکایەتی مەلا مستەفا، بەڵام هەندەی نەخایان و لەکۆتایی مانگی دیسەمبەردا قازی محەمەد و لێپرسراوانی تری کۆمار گیران. وتووێژی مەلا مستەفایش سەرینەگرت، لە٢٢ی فەبریوەری ١٩٤٧دا لەشکری ئێران بەرەو ناوچەی نەغەدە کشایەوە، پاشان بارزانیەکان بەرەنگاری ئەو هێرشە ئیمپریالیە بوون و زیانی زۆر لێدا و چەند سەرباز و ئەفسەریان لێ بەدیل گرتن، ڕووەو سنووری ئێران و عیراق کشانەوە. لە ١٣ی ئەپریلدا بارزانیەکان ئاودیوی سنووری عیراق بوون.

لەکاتێکدا هێزەکانی ئێران چەکیان لەشانی لایەنگرانی کۆمار دادەماڵی، تاکە چەکدار ئەو خێڵانە مانەوە کە سەر بەڕژێمی تاران بوون و بەشداری جەنگی دژ بە بارزانیەکانیان دەکرد. پاش لێکۆڵینەوەیەکی سەرپێیی لەدادگایەکی ئەرتەشیدا بڕیاری لەسێدارەدانی قازی محەمەد و سەدری قازی برای و سەیفی قازی ئامۆزای دەرچوو، بەڵام چونکە قازی لەناو میللەتدا خۆشویست بوو دامودەزگای ئێران بۆ ماوەیەک بڕیاری خنکاندنەکەی سپایان دواخست. لەپڕ، بەرەبەیانی ٣٠ی مارسی ١٩٤٧ قازی و هەڤاڵەکانی لەگۆڕەپانی چوارچرای مەهاباد بەو قەنارانەوە بینران کە ئەرتەشیانی ئێرانی ئابلووقەی دابوون.

بارزانییەکان، بەتایبەتی ژن ومنداڵیان بەسەرۆکایەتی شێخ ئەحمەدی ڕابەری ڕەوانی ئەوان گەڕانەوە بۆ عیراق. لە ٢٧ی مایدا نزیکەی پێنجسەد جەنگاوەر بە ڕابەری مستەفا بارزانی کە باوەڕی بە بڕیاری لێخۆشبوونەکەی بەغدا نەبوو، بە شاخی ئاراراتدا پەڕینەوە بۆ ناو خاکی سۆڤیەت.

لەهۆی سەرنەگرتنی ئەو بزوتنەوە کوردیە کۆڵینەوە پێویستە، ئەگەرچی چوونە ناو ئەو باسە لەقاڵبی تاقیکردنەوەکەیشمان دووریخاتەوە. هەروەها زۆر پێویستە کەموکوورییەکانی بزووتنەوەش بخەینە ڕوو، بەتایبەتی کەم توانایی سەرکردە و کەمتر هەڵکەوتنی کادری پۆلیتیکی و سپایی شارەزا و دڵسۆز (کە بێگومان لەو ماوەی یانزە مانگەدا ڕاهێنان و ئامادەکردنی ستەمە) بەگشت مەودایەکیانەوە دیار بوو. هەروەها پێویستە کارایی ڕۆڵی دەرەکیی لەبیرنەکەین، و ئەویش کە ڕژێمی تاران بە پاڵپشتی هێزە ئەنگلۆ سەکسۆنیەکان (بەتایبەتی ئەمریکا) بڕیاری بنبڕ کردنی بزوتنەوە پێشکەوتنخوازەکانی ئازربایجان و کوردستانیان دەرکرد. پێویستە ئەوەیش بهێنینەوە یاد کە لایەنگرتنی پۆلیتیکی سۆڤیەت ئەو ڕژێمە هەڵپەکەرەی تارانی گەیاند بەئامانج. لەلایەکی ترەوە گەر بێینە سەر بەراوردکردنی ڕادەی قرچۆکی ڕامیاری و سپایی ناو ڕژێمی تاران بەرانبەر بە کۆمارە میللەتویستەکەی کوردستان، دەبوو هێزەکانی کورد خۆڕاگرین

چونکە ئەگەری سەرکەوتنیان دوور نەبوو، چاکترین بەڵگەیش خۆڕاگری بارزانییەکانە.

**خولی بیست ساڵ لە مێژوو**

ڕوخانی کۆمار سەرەتابوو بۆ نشوستیی پۆلیتیکی، چونکە بەشی زۆر لەکادیر و لێپرسراوانی پارتی دیموکراتی کوردستان وکۆمار لەسێدارەدران و بەندکران، بلام پشووی لاوان درێژخایان نەبوو، چونکە ئەوان هەر لە ساڵی ١٩٤٨وە کەوتنە بڵاوکردنەوەی نامیلکەی نهێنی کوردی بەناوچەی مەهابادا.

٤ی فەبریوری ١٩٤٩ ویسترا لەدانشگای تاراندا شا بکوژن.، ڕژێمی تاران بە فیتی کۆمپانیای ئۆیلی ئەنگلۆ ئێرانی ئەوەی بۆ بوو بەهەل، ئەوەبوو کارەسات کوردستانی ئێرانیشی گرتەوە کە سەدەها تێکۆشەر و لایەنگرانیان گیران و یەکی چەندەها ساڵ زیندانییان بۆ ڕایەوە.

بەلام گەیشتنی دوکتۆر مصدق بۆ سەر تەختی حوکومڕانی تاران بوو بەهاندە بۆ پارتە پێشکەوتنخوازەکان و بزواندنی. لەهەڵبژاردنەکەی ساڵی ١٩٥٢دا، واتە شەش ساڵ پاش کەوتنی کۆمار نزیکەی٨٠ تا٩٠٪ی دەنگی شاری مەهاباد و ناوچە جۆربەجۆرەکانی درا بە نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەوەبوو ژێم ئەو هەڵبژاردنەی هەڵوەشاندەوە و پیاوێکی ئاینی لەتاران کرد بە نماینەدەی مەهاباد.

لەهەمان ساڵدا جوتیارەکانی بۆکان بەسەرپەرشتی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕاپەڕین دژ بە جەوری "دەرەبەگ" و پیاوە(جەندرمە)کانیان و هەرای یاخیبوون زۆر بەزوویی لەناوچەکانی نێوان بۆکان و مەهاباد پەرەیسەند. بەلام بەفرمانی شا و هاوکاری "دەرەبەگەکان" هێزە یاخیبووەکەی جوتیاران لە ناودرا.

کاتێک کابینەی مصدق هەنگاوی دەنا بۆ خۆماڵیکردنی دامەزراوە نەوتییەکانی کۆمپانیای ئۆیلی ئەنگلۆ ئێرانی بەڕێوەی دەبردن، و هەروەها پاش خۆماڵیکردن، کوردستانی ئێران بووە پاڵپشت بۆ مصدق. کاتێک لە ٣ی ئۆگستی ١٩٥٣دا هەستی میللەتیان بەمەبەستی تەسک کردنەوەی سنووری دەسەلاتی شا دەپالاوت، لەپێنج هەزار دەنگی شاری مەهاباد تەنها دوو کەس لایەنگری شا بوون. چەند ڕۆژێک دوای ئەوە، واتە ١٩ی ئۆگستی، بەکودەتایەکی پۆلیتیکی کە دەزگای نهێنگەی ئەمریکی(C.I.A)پلانی بۆ ڕێکیخست، کابینە نیشتمانپەروەرەکەی مصدق هەڵوەشایەوە.

هەڵە و بێ توانایی بڕیار و دوودڵی سەرکردایەتی توودە کە بەهێزی سەرەکی بزووتنەوە دیوکراتخوازەکانی ئێران دەژمێردرا، و دوودڵی دەزگاکەی مصدق و لە ڕۆژی کودەتادا نارێکی هێزە نیشتمانپەروەرەکان، بوونەهۆی بەئاسانی سەرکەوتنی لایەنگراتی پیلان. هەروەها کە پۆلیس ڕێکخراوی ئەفسەرانی توودەیی لێ ئاشکرا بوو، هێزە نیشتمانپەروەرەکان دوابەدوای یەک

چۆکیان دادەدا.

نهێنگای ئەمریکی خۆیکرد بەسەرپەرشتکاری کودەتا پۆلیتیکییەکەی دژ بە شۆڕش تا ئێران بکەوێتە ژێدەستی ڕژێمێکی پاشگەڕی سەر بەئیمپریالیستەکان. ئەو خۆماڵیکردنی نەوتەیش هەڵوەشایەوە کە سیمبۆل بوو بۆ تێکۆشانە بێوچانەکەی گەلی ئێران. هەروەها گشت ڕێکخراوە دیموکراسی و نەتەوەییەکان لەناوچوون، و هەزاران تێکۆشەری دیموکراتخواز و نیشتمانپەروەر بەندکران و سەدەها تێکۆشەری هێڵی ڕامیاری نەیاری جۆراوجۆر لەسێدارە دران. ئیتر لەورۆژە بەدواوە زەبروزەنگ ودەسەلاتی لەشکر بەسەر ئێراند زاڵبوو.

لە ٢٣ی فەبریوەری ١٩٥٥دا پەیمانی بەغدا لەنێوان ئێران، عیراق، تورکیا و پاکستاندا مۆرکرا، و لە٤ی ئەپریلیشدا ئینگلتەرا هاتە ناو پەیمانەوە، بەڵام وەک وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تێیدا نەبوو بەئەندام بەڵام هەمیشە لەگەڵ لیژنە جۆربەجۆرەکانیدا بوو. لەلایەکی ترەو ئەم پەیمانەیش وەک پەیمانەکەی سەعدئابادی ساڵی ١٩٣٧ بۆ بەرنگاربوونی بزووتنەوە کوردیەکان بوو.

تەنانەت پاش کودەتا پۆلیتیکییەکەی ١٩ی ئۆگستیش (دجوارنی؟) «جوانرۆیی»یەکان کە تاخمێکن لە خێڵە کوردەکانی باکووری کرماشان و نزیک بە مەرزی ئێران، لەناوچەکەی خۆیاندا سەربەخۆییان ڕاگرتبوو، شاخە سەختەکان هەستێکی هەمیشەیی نیشتمان پارێزی پێ بەخشیبوون، بەڵام پاش ئەوەی ڕژێمی شا بایی بوو بە لەناوبردنی بزوتنەوە دیموکراتخوازەکەیان، بە هاوکاری هاوڵە مۆرکەرەکانی پەیمانی بەغدای لە ٤ی فەبریوەری ١٩٥٦دا هێرشی قورسیان کردە سەر دوا مەڵبەندی سەربەستی کوردانی ئێران، و چەند هەزار سەرباز لەگەڵ فرۆکە وتانگدا کشان بەسەر گوندە کوردییەکاندا، لەولایشەوە ڕژێمەکەی نوری سەعید بە هەڵەداوان هات بۆ کۆمەکی ئەو لەشکرە ئیمپریالیستە. جوانرۆ زۆژ دلێرانە بەرەنگاری بوون بەڵام توانای دووهێز نابەرانبەر بوو، کە زانیان گەمارۆ دراون ناچار گوندەکانیان بەجێهێشت و ڕوویانکردە کێوە. ئەوجا بە گڕی گوللە تۆپ قەڵا بەناوبانگەکەی جوانرۆیان کرد بەکۆی زوخاڵ.

شۆڕشی١٤ی یولی ١٩٥٨ لەعیراق نەتەنها بەهێزترین بنکەی سەر بە ئیمپریالی هەڵتەکاند، بەڵکوو ڕێگەیشی بۆ هێزە پێشکوتنخواز و ڕێکخراوە کوردییەکان ئاواڵە کرد. بێگومان ئەو شۆڕشەی ١٤ی یۆلیۆ لە ئێراندا دەنگی دایەوە، بەتایبەتی لەکوردستانی ئێران؛ و لەناو کوردی ئێراندا زۆر زوو بزوتنەوە تەشەنەی کرد.

لەپایزی ١٩٥٩دا ڕژێمی تاران لەوە تۆقیبوو کە بزوتنەوەی دیموکراتخوازی پەرە بسەنێت، بۆیە کەوتە ڕەشبگیر و لەشار و گوندەکاندا سەدەها کرێکار، جوتیان وپیاوی ئاینی گیران. بڕیاری لەسێدارەدان بۆ چوار تێکۆشەر دەرچوو، سیانیان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون. پشتگیری ئەندێشەی گشتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتی عیراق، شای

ناچارکرد سزای لەسێدارەدان لەسەر ئەوانە بگۆڕێت بە زندانی هەمیشەیی.

بزوتنەوەی چەکداری ساڵانی ٦٧ـ ١٩٦٨

مانگی سپتەمبەری ١٩٦١ لەکوردستانی عیراق شۆڕشی چەکداری هەڵگیرسا. ئەگەرچی پرۆگرامێکی ئەوتۆ ڕوونی نەبوو هاوولاتییانی کورد لە عیراق بوون بە لایەنگری و هەستی کوردی ئێرانیشی بۆ بزوا. لەراستیدا ئەوەی پشتگیری ئەوان بسەلمێنێت ئەو یارمەتی ماددی، کەرەستە و جلوبەرگ و تەقەمەنیە بوو کە لە ئەفسەرانی ئەرتەشی ئێرانیان دەکری و لەگەڵ ئازووقەی تردا بۆ کوردستانی عیراق ئاودیو دەکرا. ئەو یارمەتیانەی پارتی دیموکراتی کوردستان ئامادەی دەکردن تاکو ساڵی ١٩٦٦ گرنگییەکی زۆری بەخشی بەژیانی ئەو بزووتنەوەیەی مستەفا بارزانی دەیبرد بەڕێوەی.

ڕاستەوخۆ یارمەتی شا بۆ بارزانی تاکە مەبەستی لە لاوازکردن ڕژێمی بەغدا نەبوو کە هەرگیز شا لەتاوانی ڕوخاندنی سیستێمی شاهانەی هاشمی نەیبەخشین، بەڵکو مەبەستی شا ئەوەبوو ڕاستەوخۆ دەست تێکەڵ بە بزووتنەوە نەتەوایەتیەکەی کورد بکات. دەیویست بەکۆمەکی ئێران بزوتنەوەکەی بارزانی بەخۆوە ببەستێتەوە، و بەرەبەرە بزوتنەوەکە بەهێزتر بکات تا دەگاتە ئەو ڕادەیەی بزوتنەوە کوردی بێ هاوکاری ئەو توانای بەرەوپێشچوونی نەمێنێت.

هەروەک ڕووەکەی تری ڕژێمی تاران زۆر لەوانی پێشوو کەمبایەختر نەبوو، کە دەیویست بە هاوکاری بارزانی بزوتنەوەی کوردی ئێران سست بکات و تەنانەت لە بزوتنەوەی عیراقیشی جودا بکاتەوە. کە شا ڕادەی یارمەتیەکەی بەرزکردەوە، لەبارزانی خواست ببێتە هاوکاری ڕژێمەکەی ئەو دژ بە گشت چالاکییەکی ڕامیاری کوردی ئێران. پێشنیارە بەناوبانگەکەی سستکردنی چالاکیەکانی پارتی دیوکراتی کوردستانی ئێران لێرەوە هەڵقولا کە سەرکردایەتی بزوتنەوە نەتەوایەتیەکەی عیراق بڵاوی کردەوە. پێشنیارەکە ڕوو لە تێکۆشەرانی پارتی دیموکراتی ئێران بوو، کە گوایە دڵگیر نەبن بە پێداویستی "سست"بوونیان و نەکەن ڕژێمی تاران زیزکەن چونکە هەڕەشەی بڕینی یارمتی لەبارزانی دەکات. هەرچ یەکێک لە تێکۆشەرانی پارتی دیوکراتی کوردستانی ئێران سەرپێچی ئەو پێشنیارە بکات لە کوردستانی عیراقدا وەک "مرۆڤی نابەجێ" لێی دەڕوانن، و گشت کارێکی دژ بەڕژێمی شا لەلایەن پارتە دیوکراتەکەی ئێرانەوە بەکاری دژ بە"شۆڕشی کوردی" دەژمێردرێت. ئەوە لەکاتێکدا سەدەها تێکۆشەری کوردی ئێران لەناو ڕیزەکانی پێشمەرگەدا دژ بە لەشکرەکەی ڕژێمی بەغدا دەجەنگێن[29].

29ـ ئەگەر بەهەشتی "قاسملو" ساڵانی ١٩٩٦ـ ١٩٩٧ لەژیاندابوایە و لە هەمان پلەی لێپرسراوی خۆیدا بمایە ئەوجۆرە ڕەخنەیەی لەسەرکردەی لایەنە دۆستەکەی ئەوڕۆژەی دەگرت کە ئەوڕۆ لەگەڵ نەیارە کلاسیکەکەیدا سەنگەریان گۆڕیوەتەوە، و بەپێچەوانەوە لایەنی ڕەخنەلێگیراو ئەمڕۆ دۆستە بە هەڤاڵانی پارتەکەی دوکتۆر قاسملوو. <<<<

سەرەتای ساڵی ١٩٦٧، زۆر لەو سەرکردە و تێکۆشەرانەی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە چیتر توانای چاوپۆشییان نەما لەتاکتیکی هاوکاری نێوان بارزانی و ڕژێمی تاران، عیراقیان بەجێهێشت و گەڕانەوە بۆ ئێران. ماوەیەکی زۆر پێش گەڕانەوەی ئەوان بەو چەندجار تێکهەڵچوونی چەکدارییەی نێوان جوتیار و جەندرمەی شا، زەمینەی خۆشکرد بۆ ئەوکەسانەی دەیانویست چەک هەڵگرن. هەر زۆر بەخێرایی نەخشە کێشرا بۆ یاخیبوون لە هەرێمی نێوان مەهاباد، بانە و سەردەشت. کۆمیتەیەکی شۆڕشگێری لە پارتی دیموکراتی کوردستان پێکهات بۆ سەلماندنی لێپرسیاری بزووتنەوە. لە زستانی ساڵی ١٩٦٧وە بۆماوەی هەژدە مانگ جەنگی پارتیزانی بەرپا بوو، لەئەنجامدا ئەو جەنگاوەرانە کەوتنە نێوان دوو ئاگرەوە، ئاگری هێزەکانی ئێران و ئاگرێکی تری هێزەکانی بارزانی. لاوانی نەشارەزا و دوور لە یارمەتی دەرەکی ئازا و چالاک دەجەنگین، بەڵام زۆریان لەناو چوون. لەوانەی بەدەستی هێزەکانی ئێران کوژرا و لەناوچوو، شەریف زادە (ئەندازیاری ئەلیکتریک و میکانیک)، عەبدوڵای موعینی (قوتابی)، مەلا ئەفسار (پیاوی ئاینی و ئەندام لە کۆمیتەی شۆڕشگێڕ) بوون. لەپایزی ساڵی ١٩٦٨یشدا کە سولەیمانی موعینی برای عەبدوڵا دەیویست لەعیراقەوە بگەڕێتەوە بۆ ئێران، هێزەکانی بارزانی گرتیان و بەفرمانی مستەفا بارزانی بەگوللە کوژرا و لەشەکەیان ڕەوانەکرد بۆ ڕژێمی ئێران و ئەوانیش لە چەند شارێکی کوردستانی ئێراندا بەدانیشتوانیان نیشان دەدا.

بزوتنەوە بە نەمانی سەرکردەکانی شکستی هێنا وتێکۆشەران ناچاربوون ڕوویکەنەوە عیراق و لەوێیش لەترسی بەردەستکەوتنی پێشمەرگەکانی بارزانی خۆیان شاردەوە، و پتر لە چل تێکۆشەری پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران کوژران یا گیران و پیاوانی بارزانی ئەوانیان دایەوە دەست ڕژێمی ئێران.

---

>>> برینی کۆن کولانەوە خزمەتی دۆزی نەتەوایەتیم ناکات. و هەرگیز مەبەستم شۆردنەوەی تاوانی یەکێک و تاوانبارکردنی یەکێکی تر نییە، بەڵکوو دەمەوێت بیسەلمێنم کە بەداخەوە لە لای ڕامیارانی کورد ستراتیجییەتی دیاریکراو نییە، و هەمیشە بەپێی مێز و سات و چڕوچاوی بەرانبەرەکەیان بڕیار دەدەن. بۆیە لێرەدا تەنها هەندەم لە تواناداییە بیڵێم کە:

١ـ هۆی سەرەکی دەسپێکەری ناکۆکی لەنێوان هەردوو پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق و ئێران لەوەدابوو کە سەرکردایەتی "پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران" خۆی گرێدا بەو باڵەی( لە ١٩٦٣ ـ ١٩٦٤ بەدواوە) لەپارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق جیابوونەوە و سەرانی ماوەیەک بوونە پەنابەر لە هەمەدان، و پاش گەڕانەوە، ساڵی ١٩٦٦ خۆیان ناونا "پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان" و بوون بە هاوپەیمانی ڕژێمی عیراق.

٢ـ نموونەیەکی بابەتی: کەریمی حوسامی کە تا دوو ساڵ لەوەوبەر لەگشت وتار و بیرۆک نووسینیدا لەمەڕ کوشتنی سلێمانی موعینی، بارزانی تاوانبار کردووە و بەنۆکەری شای ناو بردوە بەڵام لەبیرەوەری بیستهەمین ساڵڕۆژی کۆچی دوایی بارزانیدا لە ستۆکهۆڵم، چوە سەر شانۆ گوتە و پەسەندنامەی ئاراستەکراوی یار ونەیارانی بارزانی دەخوێندەوە، لەوێدا "جەلال تالەبانی" سەرکردەی پارتی شۆڕشگێڕی ناوبراوی بە یەکێک لە نەیارەکان ناوبرد. ـ « و »

کوردستانی ئێران و بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردی عیراق ٦١ ـ ١٩٧٥

هەڵوێستی کۆتکردنی بزوتنەوەی پارتی دیموکراتی ئێران هەر درێژەی بوو، و هەمان ئەو هەڵوێستەی سەرکردایەتی بزوتنەوەی کوردی عیراق لەساڵی ١٩٦٦وە گرتبوویە بەر تاکۆ ڕێکەوتنی ١١ی ئازار(مارس)ی ١٩٧٠هەر مابووی. پاش ئەو ڕێکەوتنەی تێیدا بڕیاری ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عیراق درا، هەڵوێستی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق بەرانبەر بە تێکۆشەرانی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران دۆستانەتر بوو، و لە چوار ساڵی دواییدا پەیوەندی نێوان دوو پارت ڕوو لە باشی بوو، بەڵام ماوەدان بە کوردی ئێران بۆ بیرکردنەوە لە هەڵوێستی رامیارانەی بەرفراوانتر نەکەوتە ئاراوە، یانیش ئەوەی لە باس دوور بوو، نەخشەکێشان بوو بۆ جەنگی پارتیزانی. لەهەمان ئەو کاتەدا کە شا سەخت دوژمنایەتی لەگەڵ کوردی ئێران دەکرد، سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە دۆستی ژمارە یەکیان دەژمارد.

ڕژێمەکەی شا ببووە سەرچاوەی ئازووقە وتەقەمەنی بۆ کوردی عیراق، بەڵام زۆر درندانەش دەیکێشا بەسەر گشت کار و پێداویستییەکی کوردی ئێراندا. سەدەها ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەزیندانەکانی شادا دەیناڵاند. هەردووک سەرکردەی وەک غەنی بلوریانی و عەزیز یوسفی کە هەریەکەی پتر لە بیست ساڵە و تا ئێستایش لەزینداندان.

١٩ی دیسەمبەری ١٩٧٢ لەسنە پێنج کوردی نیشتمانپەروەر لەسێدارە دران، و٢٢ی مارس لەشاری بانەدا بەڕۆژی نیوەڕۆ کە قادری ویردی "ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان" لەکۆبوونەوە دەهاتە دەر، پۆلیس کوشتی. لە ١٥ی ئەپریلی ١٩٧٢یشدا لەشاری سنە دوو ئەندامی پارتی دیموکراتی ئێران بە دەستڕێژی گوللە کوژران. هەروەها لەهەمان شاردا لاوێکی حەڤدە ساڵی لەبەر هۆی پۆلیتیکی کوژرا.

کۆتایی ناهەمواری ئەو بزوتنەوەیەی بارزانی دەیبرد بەڕێوە دەریخست کە ئەگەر وێرانکاری لێ پەیدا نەبێت، ئەوا خۆکوژی چاوەڕوانی ئەو جۆرە میکافیلییەتەیە کە لە بەرپرسەکانێی رامیاریدا بەکاردێت، و بیروباوەڕی نەتەوایەتی بۆ دەبێتە قوربانی هەندێک ئامانجی تاکتیکی و سەرپێیی.

# باری ئێستا وئاییندەی کوردستانی ئێران

## هەڵوێستی ڕژێمی شا لەکوردستانی ئێران

لەچارەکی سێیـهـەمی ئەم سـەدەیەی ئێراندا گـۆڕانـکاری زۆر لەباری ئابووری، کـۆمـەڵایەتی و رامیـاری ڕۆیداوە. نابەجێی نابینین ئەگەر کورتەیەک لەو ڕواڵەتە سەرەکیـیانە بخەینە ڕوو کە لەئێراندا ڕوویداوە.

دەنگدانەوە و بەشـانوبالّدا هاتنی زۆر زوو پەرەسـەندنی ئابووری لەڕۆژنامـەکـانی ئۆرگـانی ڕژێمدا دەسکەوتی تاکە چینی دەسەلاّتدار بەرزدەکەنەوە، بەتایبەتی ئەو چینە تازە پێگەیشتوەی بەسـتـراوەتەوە بە سـەرمـایەی بیـانی و خـێـزانی "پەهلەوی" و دینامـیـکیـەتی گـشت ئەو بەشـە گرنگانەوە کە ئابووری نەتەوەیی دەبەن بەڕێوە. چینەکانی گەل، بەتایبەتی جینی زەحمەتکێشی شار و لادێ، زەبوون و بێدەرامەت دەژین، و بەشێکی زۆری هاوولاّتیان تاکو ئەمڕۆ نەخوێندەوار و بێبەشن لە بەهرەی تەندروستی.

لەبنەڕەتدا ئەو فەلسەفەی "شۆڕشی سپی" یەی شا ئەنجامی دا نەخشـەکەی لە ئەمریکا کێشرا، و لە شـار و لادێدا ڕێگەی بۆ هەڵچـوونی سەرمـاداری کردەوە تا بازاڕی پێ بخەنە گـەڕ و بنکەی کۆمەلایەتی بۆ ڕژێم پێ بتەوکەن، بەتایبەتی دروستبوونی بۆرجوای بچووک و گرنگی لادێ. ئەو جـۆرە بووژانەوەیە ولاّت لە مـەترسی تەقـینەوە دووردەخـاتەوە بەتایبـەتی گـەر بەشی زۆر لەو جوتیارانە بن کە پێش داڕشتنی یاسای کشتسازی بێزەوی بوون.

هاوشان لەگەڵ خێرا هەڵچوونی سـەرمایەداریدا هەندێک لەناو کـۆمـەڵگەی ئێراندا ناجۆری پێگەیشت. پەرەسەندنی ئەو بۆرجوایەی پێدەڵێن "نەتەوەییـانی گرێدراوە بەسـەرمایەی بیایەوە" ڕژێم کردوونی بەخاوەن تایبەتمەندی زۆر. لەسالاّنی دواییدا بەتەنها قازانجی نەوت سالّی لە ٢٠ ملیار دۆلار تێپەڕیوە. بەگوێرەی ئەو گـاز و مس هتد ... یەی ئێران هەیەتی مرۆڤ دەخـاتە سـەر باوەڕی ئەوەی لە بووجەی ئێراندا هیچ کـەمـوکـوڕی نەبێت، ئەوجا تەرازووی بووجـەی ئێران بۆ سـالّی ١٩٧٧ـ ١٩٧٨ (سـەرەتای سالّی ئێرانی ٢١ی مارسـە) چەند ملیار ڕیالّی کـورت هێناوە (یەک فرەنک دەکاتە ١٥ ڕیالّ).

لەبری ئەوەی یاسای کـشـتسـازی کێشە کۆمەلایەتیەکانی لادێ نەهێڵێت؛ تووشی کێشـەی ئابووری تری کردن. کشتکاری تووشی سستی هەمیشەی کرد، و پترکڕینی ئازووقە و خۆراک بەهۆی بەرزبوونەوەی ژمارەی هاوولاّتیانەوە بووەتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی ژیانی ئەو خێزانە

---

E_30 ـ ظففار، هەرێمێکی شاخاویە لەعومان، ساڵەکانی شەست و سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیست بزوتنەوەیەکی دژ بەسوڵتان قابوس تێدابوو، ـ « و «

مامناوەندیانەی بەشێک لەقازانجی نەوتیان بۆ بۆ دەچێت، و ئەوە بوەتە هۆی گۆڕینی ژێرخانی بازرگانی ئێران لەگەڵ دەرەوە. تا چارەکە سەدەیەک لەمەوبەر یەکێک بوو لەو وڵاتانەی بەرهەمی کشتوکاڵی دەنارده دەرەوە، ئێستا ئازووقەی خۆراک لەدەرەوە دەکڕن.

میکانیزم کردنی کار و پیشەی کشتکاری لەزۆر شوێندا بوەتە هۆی بڵاوە بێدانی کۆمەڵی لادێ، و جوتیار بەکۆمەڵ ڕوو لەشاردەکەن. لەشارەکاندا ژمارەی بێکار هەر لەبەرزبوونەوەدایە، و تادێت ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی تێدا قورستر دەبێت، و بەرانبەر بەو گۆڕانانە هیچ جۆرە گۆڕانێکی هاوشان لەباری ڕامیاری نیە. لەکاتێکدا بۆرجوا و چینەکانی ناوەڕاست دەبنە خاوەن توانای ئابووری بەرز و بناغەی کۆمەڵایەتییان بەرزدەبێتەوە، هەمان چینی کرێکار بە کێشی یەک ملیۆن کریکاری کارگەوە لەمرۆ بەدواوە هێزێکە بارستایی خۆی هەیە، بەڵام دەسەڵاتی ڕامیاری هەر بەدەست خودی شا یە، هەر ئەوە دەستی گرتووە بەسەر سێ دەزگای وەک ئەنجومەی یاسارشت، دادگوستەری و خزمەتگوزاریدا. هەرچی سپا و پۆلیس و جاندارم و ساواکیشە ئەوا ڕاستەوخۆ لەژێر چاودێری خۆیدا وڵات دەپارێزن. لەوەیش بترازێت تیوەگلانی سپاکەیەتی لە" ظفار" 30 سەلماندی کە ڕژێمی شا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕۆڵی پۆلیس دەبینێت. هەروەک ئێران بەشێک بوو لە پەیمانی سەنتۆ، لەگەڵ ئەمریکایشدا پەیمانی لەشکری بە دووسەر کاریگەری مۆرکردوە. هەروەها چەندهەزار ڕاوێژکاری ئەمریکی هەن بۆ ڕاهێنانی لەشکر و پۆلیس و جاندارم.

ئەوەی شا دەیەوێت دروستکردنی مەزنترین لەشکرە لە ڕۆژئاوای ئاسیا، بۆیە ئێران بووەتە مەزنترین وڵاتی کڕیاری چەک لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. بەپێی ڕاپۆرتی ساڵی ١٩٧٦ کە دراوە بە ئەنجومەنی پیران لە ئەمەریکا دەرکەوتوە کە ئێران لەماوەی پێنج ساڵدا (١٩٧٢-١٩٧٦) ١٠٤٠٠ ملیۆن دۆلاری داوە بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا(٧).

لەساڵی ١٩٧٢دا ١٥٠٠٠ تا ١٦٠٠٠ڕاوێژکاری لەشکری ئەمریکی لە ئێران بوو، ساڵی ١٩٦٧ ئەو ژمارەیە گەیشتە ٢٤٠٠٠ ڕاوێژکار، و بەگوێرەی نەخشە ئەمریکاییی دەبوو ساڵی ١٩٨٠ ژمارەی ڕاوێژکارانی(٨) لەئێران بگاتە ٥٠،٠٠٠ تا ٦٠،٠٠٠ کەس. پسپۆڕی ئەمریکی لەهەمان ڕاپۆرتدا نوسیویانە کە وڵاتە یەکگرتوەکان لەبەر سێ هۆ ئەو جۆرە گرنگییە دەدەن بە ئێران: باری جوگرافی، نەوت و توانای دابینکردنی گواستنەوەی سەربەستی ئەو بەکەنداوی فارسدا بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا، و لەبەر ئەو بازرگانیە گرنگەی هەیەتی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتوەکان و هەروەها لەبەر ئەوەی بتوانن بایەخ جۆری بەرووبوومیان بدەن.

دیکتاتۆریەتی شا گەیشتووەتە لووتکە، چونکە هیچ تروسکاییەکی سەربەستی ودیموکراسیەتی لێ نابینرێت. هەرچی ڕێکخراوی پۆلیتیکی نەیار و کۆمەڵەی کرێکاران، کۆمەڵە پیشەیی و تەنانەت ئاینیەکانیش هەن گشتی قەدەغە کراون، میدیا و وشەی سەربەست هەر بەتەواوی نەماوە. هەر خودی شا ئەندامانی پەرلەمان و ئەنجومەنی پیران و هەروەها ئەنجومەنی

یاسادانەری ئێران هەڵدەبژێرێت، و پەسەندکردنی فرمانی دادیش هەر خۆییەتی. لەشا بەولاوە بۆ کەس نییە دەست بۆ سنوری دەسەڵاتی ساڤاک (ئێنگەی ئێران) بەرێت.

هەمان ئەو باسەی ئێران قورستر سەپاوە بەسەر کوردستانەکەیدا، بەڵام لەگەڵ گشت ئەوانەش تایبەتمەندی تر هەن بەسەر باری کوردستانەوە.

کوردستان لەگشت بەشێکی تری ئێران پتر زەدەچێژی دەسەڵاتی لەشکرە. دەسەڵات بەگشتی کەوتووەتە ژێردەست ئەفسەرانی ئەرتەش و پۆلیس و جاندارم، بەتایبەتی باڵەکانی ساڤاک کە زۆر بەقورسی چاو دەبڕنە گشت جمووجۆڵێکی دانیشتوان. کەجرتیارێکی کورد سەردانی گوندی دراوسێی بکات ئەوا دەبێت کوێخای هەردوو ئاوایی ئاگاداربن، چونکە پێویستە سەردانی گشت نەناسێک بە جاندارم بگات. و لەپاش رێکوتنە کوتوپڕیەکەی عیراق و ئێرانی جەزایر (٦ی ئایار ١٩٦٥؟)[31] کە بوو بەهۆی هەرەسی بزوتنەوەکەی بارزانی، ئاوەدانییە کوردنشینەکانی سەرمەرز لەگشت روویەکەوە خرانە ژێر چاودێری.

چەوساندنەوەی نەتەوەیی لەگشت کوردستانی ئێراندا بەرپایە، و هەرگیز رژێمی شا نایەوێت بوونی گەلی کورد وەک گەلێکی نافارس و بەش لەنەتەوەیەکی بڵاوە بوو بەسەر چەند خاکێکی دراوسێیدا بناسێت، و بچووکترین ئارەزووی مافی نەتەوەیی بە قورسترین شێوەکانی زەبر پێشێل دەکرێت، و هەڵوێستی "لێک گرێدان" کە لەئامۆژگای رەزا شا دا نەخشەی بۆ کێشرا هێشتا لەئارادایە.

ئەو چەوساندنەوەی نەتەوەییە لە هەرێمکانی بلوچ، عەرەب و ئازەریدا کەمترە. هەرچەندە لە نیوە پەرەوژووری هاوولاتیانی ئێران لەنەتەوە نافارسەکانن، هێشتا رژێمی شا دانی بەمافی هیچ یەکێک لەوانەدا نەناوە. ئایا دەشێت کێشەی نەتەوەیەک چارەسەرکرێت کە نەناسراوە؟

**هەڵوێستی هێزە رامیارییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران وکێشەی کورد**

کوردستانی تورکیا دواکەوتووترین بەشی وڵاتە. و کوردستانی عیراق لە رابوردوودا بووژاوەترین ناوچەی عیراق بوو، ئەویش بەبۆنەی بەرهەمی نەوت، و هەروەها بارە سروشتییە زۆر لەبارەکەیەوە بوو. بەڵام لەوەتەی کەوتوونەتە جەنگی وێرانکار و پاشکۆی ئابووری تێکدەشکێت، دینامیکیترین بەش لەناو گشت کوردستاندا ئەمرۆ کوردستانی ئێرانە.

نەهێشتنی "فیوداڵ" و بتەوکردنی پەیوندی لایەنەکانی بەرهەمی سەرمایە و گۆڕینی بناغەی کۆمەڵایەتی بووەتە هۆی هەڵتەکاند ئەو کۆمەڵگە کلاسیکەی هەر لە بنەڕەتەوە سست بوو. کەواتە ئەو ئابوورییەی کوردستان کە تارادەیەک دابڕاو بوو لە ئابووری ئێران، لێرە بەدواوە هەر بەتەواوی یەکانگیری بووە. گۆڕانی بناغە کۆمەڵایەتییەکەی ئەو کۆمەڵگەیە زەمینەی بۆ گۆڕانکاری زۆر

---

31 - E - ٦ی مارسی ١٩٧٥.

خێراتر خۆشکرد، وەک هەمیشە کوردستانی ئێران بە دواکەوتووترین هەرێمی ئێران ژمێردراوە، بەڵام لەلایەکی ترەوە، پێشکەوتووترینە لەناو بەشەکانی گشت کوردستان.

هەرچەندە کورد لە تورکیا وعیراق[32] تاکە گەلی چەوساوەی وڵاتن، هێشتا خاوەن کەمێک تایبەتمەندی خۆیی هەن، بەڵام لەئێرانی فرە نەتەوەدا جگە لەکورد، ئازەری و بلوچ و عەرەبیش هەن، گەر بمانەوێت پایەیان بۆ دیاریکەین ئەوا کورد لەپاش ئازەری (نزیکەی دە ملیۆن کەس دەبن) بە دووهەمین نەتەوەی چەوساوە دەژمێردرێن. پێویستە ئەویش لەیاد بگرین کە جێگیربوونە بەرفراوانەکەی بۆرجوای ئازەری لەکەلێنی رژێمدا، هەستە نەتەوایەتیەکەی کوردی زۆر زەقتر دەرخستوە، بۆیە رژێمی رەگەزپەرستی شا، کورد بە گەورەترین مەترسی دەزانێت بۆ سەرخۆی.

وەک ژمارەی دانیشتوان و پانتایی هەرێمەکەی ئێرانی کەمترە لەوانەی تورکیا و عیراق[33]، بەڵام نەتەوە نافارسەکان پترن لە نیوەی ژمارەی هاوڵاتیانی گشت ئێران و لەئاستی پرسی « پێناسەی » نەتەوایەتیدا گرنگی تایبەتی دەدەن بە روانینە ئایندەی ئێران ... بۆیە پێویستە بۆ روونکردنەوەی ئەو بارە بەتایبەت لەو هەڵوێستانە بروانین کە پارت و رێکخراوە نەیارەکان « ئۆپۆزیسیۆنەکان »ی ئێران بوویانە بەرانبەر بە پرسی نەتەوایەتی لە ئێراندا بەشێوەی گشتی و کێشەی کورد بە تایبەتی.

هەڵوێستی پارتی توودە: ئەم پارتە ساڵی ١٩٤١دامەزرا، ئەگەرچی مارکسییە وکۆشیویەتی ببێت بە پارتێکی جەماوەری و گشت جینێکی دانیشتوان بگرێتە خۆ، بەڵام هەڵوێستی دیاریکراوی سەبارەت بە کێشەی کورد نیە. بەڵێ راستە ساڵەکانی ١٩٤٥ ـ ١٩٤٦ پارتی توودە پشتگیری بزوتنەوە نەتەوەیی و دیموکراسییەکەی ئازربایجان و کوردستانی کرد، بەڵام لەوەبەدوا هەرچەندە بیری خۆی ئاشکرا کردبێت کە ئەو بنبڕ پارتێکی مارکس ـ لینینییە، ئەوجا ئادێت هەڵوێستی کۆنسەرڤاتانەتر دەبێت.

پارتی توودە لە پرۆگرامە نوێیەکەی ساڵی ١٩٧٥یدا تەنها لەدوو بەند بەوڵاوە چیتری سەبارەت بە پرسی نەتەوەیی ناو ئێران تێدا نەبوو. لەکۆتایی برگەیەکی کورتدا لەمەڕ چینە کاربەدەستەکان دەڵێت:" ئەو چەوساندنەوەیەی لە ئێراندا هەیە دژ بەو نەتەوانەی لێی دەژین،

---

32 ـ E ـ بێگومان نووسەر وەک گشت رابەرەکانی تری پارتە کوردییەکان باسی بەشی خراوە سەر سوریا و پارچەکەی نەخچەوان ناکات. ـ « و »

33 ـ E ـ دیارە نووسەر" لور" و هەرێمەکەیانی لەگەڵ نەژماردوە ئەگینا چی ژمارەی دانیشتوان و چی پانتایی زەوی رۆژهەڵاتی کوردستان کەمتر نییە لەباشووری کوردستان. چاوخشاندن بە خشتەکانی ژمارە ١٣و ١٤ی جوگرافیای کوردستان، عەبدوڵڵا غەفور، ستۆکهۆلم ـ ١٩٩٦ـ دەریدەخات کە ساڵی ١٩٨٦ ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی رۆژهەڵات ( نزیکەی ٩.٢ ملیۆن) بووە و باشوور لەساڵی ١٩٨٧دا ( نزیکەی ٤.٣٨ ملیۆن) بووە. ـ « و »

جۆرێکه له هەڵوێستی ئەو جینه کاربەدەستانەی ئێران که دژن به دیموکراسیەت. ئێران کیشوەری فره نەتەوەییه و زۆر باری هاوبەش ئەو نەتەوانه لێک نزیک دەکاتەوە. لەچەند سەدە لەمەوبەرەوە ئەو نەتەوانه بوونەته خـاوەن یەک چارەنووسی هاوبەش و هاریکاری نێـوانیـان بوەته مـایەی کولتووری ئێرانی پڕ پیت و گرنگ، و گشتیان پێکەوە قوربانی زۆریان داوە له پێناو سەربەستی و ئازادیدا. بەرژەوەندی گـەلانی ئێـران له ئەنجـامی بەربەرکـانێی هاوبەشی ئەوانه دژ به ئیمپریالیست و کۆنەپەرستی. ئەو گەلانه به مافی ڕەوای خۆیان نەگەیشتوون، و قەلاچۆکردنی نەتەوەیی بووەتەگەره لەڕێی یەکگرتنیان و کۆسپ لەڕێگەی پێشکەوتنی ڕامیاری و ئابووری و کولتووری وڵات[٩]".

لەم پرۆگرامەدا باسی هیچ جۆره چەوساندنەوەیەکی نەتەوەی فارس نییه، دیاره لەڕووی مافی نەتەوایەتییەوه بۆ ئەوه چووبێتن که کورد و بلوچ خۆیان له هەمان زەمـینەی فـارسدا ببیننەوە. باسی پرۆگرامەکه لەوەدایه که گەلانی ئێران دووچاری یەک چارەنووسی هاوبەشن. لێرەدا پرسیار ئەوەیه کـەئایا گەله چەوسـاوەکـانی ئێـران ئەو ژیانه هاوبەشـەیان به ئارەزوو بۆخۆ دەسـتنیشـان کردووه، یان بەزەبر سەپێنراوە بەسەریاندا. سنووره نێونەتەوەییەکەی ئێران دەستمایەی گەلێک گێرمەکێشه، ئایا دەگونجێت سنوورێک بەسروشتی دابنرێت که بووەته هۆی کەرتکردنی پێناسەی کەسایەتی نەتەوەکانی وەک ئازەری، بلوچ، کورد وعـەرەب؟ لەئەنجامدا دەبێت ئەوه چ کولتوورێک بێت کـه ئەوانه باسی لێ دەکـەن؟ ئەو کـولتـوورەی ئەمڕۆ له ئێراندا بەرپایه تەنـهـا بەکـولتـووری نەتەوەی داگیرکەر ژمێردراوە، واته هێنی فارسه؛ ئەوه نـه کولتووری کوردبووه و نەهی گەلانی تر، بەڵکوو ئەوان کولتووری ئەو گەلانەیان پێشێل کردووه. هەروەک مێژوویان گۆڕیوه و ناویان لێناوه کولتووری کۆنی فارس.

توودە، بەندی دووهەمی ئامانجەکانی لەژێر ناونیشانی چارەسەرکردنی کێشـەی نەتەوایەتی بەمجۆره داڕشتووه: "بەدیهاتنی ڕژێمێکی کۆماری نیشتمانی و دیموکراتخواز بۆ دابینکردنی ئەو یەکێتییەی گەلانی ئێران نەخشەیان کێشاوه و ئارەزووی دەکەن. پشتگیری ڕاستەقینه بکەوێته نێو گەلانی ئێران بەپێی ڕەوشی یەکسانی و دۆستایەتی گونجاو لەگەڵ پێداویستی پووچەڵکردنی جۆرەکانی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی، و سەرئەنجام ئەو ڕژێمە دەبێت بەپێی ئەم خاڵانەی خوارەوه بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی بکۆشێت:

ئا ـ بەدیهێنانی مافی چارەنووسی تەواو بۆ ئەو گەلانەی لەئێراندا دەژین.

ب ـ دان بنێت بەمـافی کـەمـەنەتەوەکـانی لەئێـراندا دەژین وگـشت مـافـێکی نەتەوایەتی و کولتوورییان پێ ببەخشێت."

بەرچاوگرتنی ئەو پرۆگرامه لەگەڵ بەڵگەنـامـه و وتارەکـانی تری پارتی توودەی سـەبارەت به

کێشەی نەتەوایەتی هەنگاوی فراوان و پێشکەوتووانەمن لەتۆمارکردنی پێشنیار بۆ مافی چارەنووس. بەڵام هەرگیز ئەو پرۆگرامە خۆ لەکێشەی گەلانی چەوساوەی ناو ئێران ناگەیێنێت. کەواتە هێشتا گەلانی چەوساوەی ئێران بە میللەت نازانن. پرۆگرامەکە باسی مافی چارەنووس دەکات بەڵام جودابوونەوە نا.

ئەوەی پەیوەندی بەمافی چارەنووسەوە بێت لەو پرۆگرامەدا روونە. و سەبارەت بە چەسپاندنی دەسەڵاتە نەتەوەییەکەی بەندی دوو، رۆڵی سەرەکی لای پارتی توودە بەندە بە "پاراستنی تەواوی خاکی نیشتمان و پاراستن و پشتگیری سەربەخۆیی رامیاری و ئابووری وڵات". باشە دەشێت مرۆڤ لەهەمان کاتدا بۆ مافی چارەنووس و هەروەها پاراستنی یەکپارچەیی تەواوی خاکی نیشتمان بکۆشێت؟. ئەوا هاتوو یەکێک لەگەلە چەوساوەکانی ئێران بیەوێت سوود لەو مافی چارەنووسە وەربگرێت و بیر لە جودابوونەوەی خاکی خۆی بکاتەوە لە ئێران و دەوڵەت بۆخۆی دامەزرێنێت، دەبێت ئەوسا هەڵوێستی پارتی توودە چیبێت و چی بەندێک لە پرۆگرام دەگۆرن؟.

بەرەی نیشتمانی: کەساڵی ١٩٥٠ دوکتۆر موصەددەق بەرەی نیشتمانی پێک هێنا ناوی کەوتە سەرزاری جینی ناوەند. لەدەرەوە بوون بەسێ کەرتی( ئەمریکی زۆر کۆنسەرڤاتیڤ، ناوەندی ئەورووپایی، خاورمیانەیی مارکسی زۆر رادیکال). بەرەی نیشتمانی هەرگیز دانی بەوەدا نەناوە کە لەئێراندا پرسی نەتەوایەتی هەیە، و تەنانەت تۆسقاڵێکیش باسی چەوساندنەوەی نەتەوەیی نەکەوتووەتە پرۆگرامە نوێکەی ساڵی ١٩٧٧یان. لە بەراوردکردنی جیاوازی خۆ هەڵقورتاندنی ئەوان لەو کێشە نەتەوایەتی لەگەڵ خۆ هەڵقورتاندنی رژێمی شا بۆ هەمان بار ئەمرۆ تەنها یەک خاڵە. تەنها ئەو خاڵەیە کە ئەگەر دەزگاکانی دەربار بیانەوێت لە بڵاوکراوەدا ئێران بە تاکە یەک نەتەوە بسەلمێنن ئەوا وشەی "میللەتی ئێران" بەکاردێنن، بەڵام چاپەمەنییەکانی بەرەی نیشتمانی دەڵێت "گەلانی ئێران".

ڕێکخراوی جەنگاوەرەکانی موجاهیدینی گەلی ئێران: ئەم ڕێکخراوە «موجاهدینی خەلق» ساڵی ١٩٧٠ پێکهات و لەهەمان ئەو کاتەوە کەوتنە جەنگی پارتیزانی ناو شارە مەزەکان، بەتایبەتی تاران. سەرەتا لەشێوەی ڕێکخراوی ئیسلامیدا دەرکەوت، و ماوەیەکیش ئیسلامی و مارکسیزمیان لەگەڵ یەک ئاوێتە کرد. پاشان بوون بەدوو ڕێکخراوی: مارکسی و ئیسلامی. لایەنە مارکسییەکەیان لەوکاتەوە زۆر چالاکە و چەند لێکۆڵینەوەی گرنگی سەبارەت بەگشت لایەنێکی ژیانی رامیاری ئێران بڵاوکردووەتەوە. ئەوانەشێوەی بزوتنەوەی چەکداری ناو ئێرانیان کرد بەرپیاز. زۆر ئاسایی دەنوێنێت کە ڕێکخراوی ئەوتۆ سەرنج بداتە گەلە چەوساوەکانی ئێران و بەتایبەتی کورد، بێگومان هەل و هەلکەوتی نەتەوەیی و جوگرافی هێزی دەروونی گرنگن بۆ

بزوتنەوەی چەکداری دژ بە شا . هەر ئەو سەرنجە موجاهیدینی ئاشناکرد بە بزوتنەوەی گالانی چەوساوە لە ئێران، چونکە ئەوان هێشتا پرگرامی ڕوون و دیاریکراویان ئامادە نیە.

ڕێکخراوی جەنگاوەرانی فیدائینی خەلق لە ئێران : مانگی فەبریوەری ۱۹۷۱ لەچیاکانی باکووری ئێراندا جەنگی پارتیزانی هەڵگیرسا . وەک لەلادێ جەنگی پارتیزانی کەلکی نەبوو، کۆماندۆ مارکسییەکان لەشارە مەزنەکاندا کۆبوونەوە و ڕێکخراوی (فیدائیین)یان پێکەوەنا. سەرکردە و ڕاوێژکارانی ئەم ڕێکخراوە هەر لەسەرەتاوە دەربڕینی تایبەتیان هەبوو بۆ پرسی نەتەوەیی. یەکێک لە دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی فیدائیین(ا. س فەرحانی)[۱۰] لەو هەڵسەنگاندنەیدا کە ساڵی ۱۹۷۱[34] بڵاو کرایەوە، لەژێر ناونیشانی (ئەوەی پێویستە شۆڕشگێڕ بیزانێت) پەنجەی بۆ ئەوە درێژکرد کە دەبێت ئازایانە ڕووبەڕووی پرسی نەتەوایەتی ببنەوە، و دەڵێت: "کوردستان خاوەن تایبەتمەندی جیاوازی خۆیەتی، و کورد توانای سەربەخۆیی دەبێت ئەگەر دەنگدانی گشتی بۆ بکرێت".

لەژمارەی دووهەمیدا گۆڤاری(۱۹ی بەهمەن)دا چەند شیکردنەوەی زۆر گرنگی بڵاوکردوەتەوە و تایبەتمەندی بەخشیوە بە تاقیکردنەوەیەک لەژێر ناونیشانی(چۆن بزوتنەوەیەکی چەکداری توانای لەخۆ کۆکردنەوەی جەماوەری دەبێت) و بۆ یەکەمجار "چەوساندنەوەی نەتەوەیی" شیدەکاتەوە. لەوتارە تایبەتەکانی لەمەڕ بزووتنەوە چەکداری گەلانی چەوساوە "و لەوبارەی گەلی کوردی تێکەوتووە" بیر و بۆچوونی ئەوتۆیان دەربڕیوە کە تائێستا لەکولتووری مارکسییەکانی ئێراندا قەدەغەیە[۱۱] : "سنوور، کورد و گەلانی چەوساوەی تری ئێرانی کەرت کردووە، و بزووتنەوەی ئەو گەلانە بەستراون بە بزوتنەوەکانی دەرەوەی سنووری ئێران، و لەدوا گرێکانی ئەم سەدەیەدا ئەو گەلانە چەندجار دژ بە ڕژێمی چەق ڕاپەڕیون. گرنگی بزوتنەوەی نەتەوایەتی گەلانی چەوساوە و لەسەروو گشتیانەوە کورد لە بواری بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیدا ئەم لایەنانەی تێدا ڕەنگ دەداتەوە:

١ـ کاتێک ئەو جۆرە بزووتنەوانە ڕووبەڕووی ڕژێمێکی سەر بە ئیمپریالیست دەبنەوە، ئەوجا هەڵوێستی دژە بەئیمپریالیستی دەگرنە بەر و ئەو شێوە خەباتەیان ڕوویەکەی شۆڕشگێڕانەی ئەوتۆ بە بزووتنەوەکە دەبەخشێت لەگەڵ جەماوەری چەوساوە و دژ بەڕژێمدا بەرەیەکی یەکگرتووی دژ بە ڕژێم پێکبێت.

٢ـ ئەو بزووتنەوانە لەپلەی یەکدا بەپشتگیری جەماوەری چەوساوە دەبنە هێزێکی گرنگی دژ بە دوژمن.

٣ـ بەڕواڵەتە جەماوەرخواز و بە کۆمەکی کەرتەکەی تری گەلی ئەودیوی سنوور ئەگەری

---

34- E- ۱۹۷۰.

لەناوچوونی بزووتنەوە کەم دەبێتەوە. هەروەها زۆر خێرا دەست تێوەردانی لایەنە نەیارەکانی هەرێم و جیهانی لە بزووتنەوەکە زەمینەی پان و بەرینتر خۆش دەکات بۆ هەڵوشانی گشت توانایەکی ڕژێم.

٤ـ یەکگرتنی گەلانی ئێران دژ بە دوژمنی هاوبەش، و بەرگری لەئاسۆی تەسکی بۆرجوا و وردە بۆرجـوا دەبنە بەردی گـۆشـە بڕیاری نەتەوایەتی وڕێکخسـتن و هاوکـاری گـەلانی ئێـران لەچوارچێوەی کۆمەڵێکی سەربەست ودیموکراتدا. بڕاوی شۆڕشگێری ئەوەی لەسەرە هەنگاوە پێشکەوتووانەبێت بۆ ئەو یەکێتییە.

پێویستە گشت ئەو توخمانەی پەیوەستن بەگەلی کورد و گەلانی ترەوە، لەپلەی یەکەمدا توانایان بۆ ڕێکخستنی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوە بەکاربهێنن و هەروەها یەکێتی بۆ بزووتنەوە ئازادیخوازەکانی گەلانی ئێران دابین بکەن. توانای ئەو توخمانە لەناو گەلەکەی خۆیدا پتر سوود دەبەخش دەێت وەک لەناو کۆمەڵدا بەگشتی(...). زەمینە ئایدیۆلۆجییە پێشکەوتنخوازییەکەی کورد هۆیەکی گرنگە بۆ بەستنەوەی ئەو بزووتنەوە شۆڕشگێڕییە بە بزووتنەوە نەتەوایەتییەکەی گەلی کوردەوە. بزووتنەوەی چەکداریمان لە بزووتنەوە نەتەوەییە چەکدارەکەی گەلی کورد وگەلانی تر ڕادەبینێت کە ببنە هێزێکی مەزن و ڕۆلی مسۆگەر بۆ دیاریکردنی ئاستی ئەم نیشتمانەمان".

ڕێکخراوی (فیدائیین)، جگەلەوەی ڕەسەنترین ڕێخراوی ناو کیشوەرە، خاوەن هەڵوێستی شۆڕشگێرانەی دیاریکراویشە. بزوتنەوە دیموکراتخوازە نەتەوەییەکەی کورد دەتوانێت لەئایندەدا لەگەڵ ڕێکخراوی فیدائیین یەک بگرێت.

لەگۆتاییدا پێویست بە باسکردنی یەکێتی قوتابیانی ئێرانیش هەیە. ئەو ڕێکخراوەی کە هەزارەها قوتابی لەپێزیدایە، بەتێڕوانینی ڕژێمی شا لە یاسا یاخیبوون و گەلێک تەگەرەی تری سەخت بوەتە هۆی دووبەرەکی ڕیزەکانی. هەڵوێستی ئەوانیشمان لا گرنگە چونکە شەپۆلی ڕامیاری زۆریان لەنێودا هەیە. ئەو یەکێتییە دانی ناوە بەبوونی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و ئامادەیی خۆی دەربڕیوە بۆ نەهێشتنی بکۆشێت.

پارتی دیموکراتی کوردستان ـ ئێران ( P.D.K ): لە ١٦ی ئۆگستی ١٩٤٥دا پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە مەهاباد پێکهات و پاش ساڵێک لە دامەزراندنی لەژێر فشاری جەماوەر و لەبەر ناوبانگی کۆماری مەهاباد، ڕۆشنبیرانی کوردی عیراق لقێکی پارتی دیموکراتی کوردستانیان پێکەوەنا. پاشان بێ لەوەی لە پرۆگرامدا هاوبەش بن و سەر بە یەکە سەرکردایەتی بن، ئەو ناوەیان بۆخۆ پەسەندکرد و بەوە بوو بە دوو پارت لەژێر هەمان ناو.

بەڵام لەو چەند ساڵەی پێش بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ پارتی دیموکراتی کوردستانی

عیراق پشتی لە ڕەوشی پێشکەوتنخوازی[35] کرد و بوو بەپارتێکی نەتەوەیی سرف و ملکەچ بۆ فرمانەکانی بارزانی. لەوماوەیەدا چالاکی پارت لە ئێران سڕکرا و لە بڵاوکردنەوەی هەندێک چاپەمەنی بەولاوە کە لەژێر ناوی کۆمیتەی ناوەندیدا دەردەچوو، ئەویش تەنها لەگیروگرفتی کوردستانی عیراق دەدوا هیچ ئاوڕی لە باری کۆمەڵایەتی - ڕامیاری لەمەڕ ئێران بەگشتی نەبووە. کۆنگرەیش لەدووهەم بەولاوە کەساڵی ١٩٤٦[36] لە سێبەر و زەمینە تەسکەکەی بارزانیدا بەسترا چیتر نەبووەتەوە. جا بەو بۆنەیەوە هەندێک نوێنەر لەخۆ ڕابینی بەشداری ئەو کۆنگرەیە بکەن.

پاش ١١مارسی ١٩٧٠ ڕۆژگار وەرچەرخا و پارت کۆنگرەی سێهەمی لەمانگی جونی ١٩٧١دا بەست و پرۆگرامی نوێ و هەڵوێستی نوێی بۆ پارت دیاری کرد. کۆنگرەی چوارهەمیش مانگی سێپتەمبەری ١٩٧٢* بەسترا، و لەوێدا یادانەوەی بۆ مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران تۆمارکرد. لەگەڵ ئەویشدا هەندێک گۆڕانکارییان تێداکرد. بەشداربووانی کۆنگرە پرۆگرام و هەڵوێستی کۆنگرەی پێشوویان بڕپاردایەوە. لەو کۆنگرەیەدا چل و دوو** نوێنەری ڕێکخراو و پارتی لە دەرەوە و ناوەوەی وڵات بەشدار بوون. لەنێوان بەشداربوواندا پێکهێنەری پارت و گەلێک لاوی تر هەبوون. ڕاوێژ و دەنگدان بەگشتی لەسەر ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بوو کە بریتیبوو لە چاوخشاندنەوە بەسەر گشت قۆناغەکانی مێژووی پارت، و هەروەها نەخشەیان کێشا بۆ ڕێڕەوی گشتی و هەڵوێسی ئایندە. ئەوجا لە هەڵبژاردنێکی نهێنیدا بەشداربووان ئەندامە نوێکانی کۆمیتەی ناوەندی و ئەندامانی یەدەگیان هەڵبژارد.

لەڕاستیدا، پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی تاکە ڕێکخراوی ئۆپۆزیسیۆنی ڕامیارییە لە کوردستانی ئێراندا توانیویەتی درێژە بەچالاکی بدات. لەساڵانی دوایشدا دیسان جەماوەری گەلی کوردستانی لێی کۆبووەوە. چونکە لەو وڵاتەدا ڕەسەن و خاوەن خەباتی پتر لە سی ساڵ بوو، لەناو گشت ڕێکخراوە چەپییەکانی ئێراندا بوو بە خاوەن ڕێز، بەڵام ئاغا هوێدای سەرەک شالیارانی شا بە پارتێکی "داردستی بیانی" ناودەبات.

ئەمانەن هەندێکن لەبڕگەکانی پرۆگرامی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران: "پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران پێشڕەوی گەلی کوردە لەسەر ئاستی کوردستانی ئێران، و شانبەشانی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی ئێران دژ بەڕژێمی شای کۆنەپەرست و بۆ ڕزگاری گشت ئێران تێدەکۆشێت، و هەروەها لە پێناو وەدەستهێنانی مافی چارەنووسی بۆگەلی کورد (...).

---

35 - ئەمیش یەکێکە لە وشە بریقەدار و بەتاڵەکانی پێش پێرسترۆیکا، کە بووە هۆی نێوان یارانی دۆزی نەتەوەیی و خاوەن بیری سۆشیالیستی ناو بزووتنەوەکانی کورد. « و »

36 - E - ١٩٦٤.

* - E - ١٩٧٣.

** - E - ... چل و نۆ نوێنەر .... « وەرگێر »

دروشمە ستراتیجییەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەدیهێنانی ئۆتۆنۆمییە بۆ کوردستانی ئێران لەچوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتدا. دەبێت سنووری دەسەڵاتی میری کوردستانی سەربەخۆ و خۆدموختار گشت کوردستانی ئێران بگرێتەوە، و زیندووکردنەوەی سنووری کوردستانی ئێران دەبێت گونجاوبێت لەگەڵ بارودۆخی مێژوویی و جوگرافی و ئابووری بەوپێیەی زۆربەی زۆری میللەتی ناوچە پەسەندی دەکەن. گشت کارێکی پەیوەست بە پۆلیتیکی دەرەوە و بەرگری نیشتمانی و پرۆژەی ئابووری درێژخایان کە تایبەتبێت بە گشت ئێران لەدەسەڵاتەکانی میری ئێراندا دەبێت، و لەوکارانە بەدەر، ئەنجامدانی کارەکانی رژێمی چەق دەگەڕێتەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی میرییە نەتەوەییەکەی کوردستانی ئازاد و خودموختار.

پێویستە سیستێمە نەتەوەییەکەی کوردستانی ئۆتۆنۆمی کوردی بکات بەزمانی دەربار و هەروەها بە زمانی خوێندن بۆ گشت پلەکانی فێرگە، و زمانی فارسیش لەهەمان ئەو دەزگایانەی سیستێمی نەتەوەیی کوردستانی ئازاد و خودموختاردا ببێتە هاوشانی زمانی دەربار، کە کوردییە، و هەروەها لە پۆلی چوار سەرەتایی و بەرەوژوور لەگەڵ زمانی کوردیدا بخوێندرێت. کەمە نەتەوەکانی لەکوردستان دەژین بکرێن بە خاوەن هەمان مافی هاووڵاتیبانی کورد، و منداڵیان لە قوتانخانە بەزمانی نەتەوەیی خۆیان بخوێنن، و بۆ گشت یەکێک لەو کەمایەتییانە هەبێت رۆژنامە و گۆڤار و چاپەمەنی تایبەت بەزمانی خۆ دەرکەن. پێویستە ئاین لە دەسەڵاتی دەوڵەت جودابکرێتەوە و پێداویستی ئاینەکان و پەرستنیان ئازادبێت. و بیری جوداخوازی رەگەز و ئاین بەپێی یاسا قەدەغە بکرێت(...).

ئەگەری سەرکەوتن: لەوانەیە کورد کەژمارەیان خۆدەدات لە پانزە ملیۆن[37] تاکە نەتەوەبن تائێستا هیچ زەمینەی نەتەوەییان بۆ نەبووە. لەزۆر هەڵکەوتدا کورد لەسەرکەوتن نزیکبووەتەوە، بەڵام هەر جارەی کۆششیان لەبەر ئەم هۆ یان ئەویتر رەنجبەبا بووە. هۆ زۆرن بۆ راگرتنی ئەو کارامەییەی کورد بەدرێژی هەزارساڵی مێژو بوویەتی. هیچ دەروازەیەکیان بۆ سەر دەریا نییە، لەسەدەکانی ناوەڕاستەوە لەو شاخانەی بەمیللەتانی تر ئابڵوقەدراو دوور نەکەوتوونەتەوە، بەروبوومی ژیاریان زۆر بەئاسانی بۆ نەرەخساوە. لەراستیدا ئەوانەن هۆی پتر دواکەوتنی کۆمەڵەی کوردی لەچاو کۆمەڵی گەلانی دراوسێی. ئەوانە و پاشانیش دابەشبوون لە نێوان دوو دێوی وەک تورک و ئێران، و پاش جەنگی جیهانگیری یەکەمیش بوو بە چوار بەشی سەر بە چوار دەوڵەت، و گشت یەکێک لە بەشەکانی کوردستان دوورەدەست و لەگەڵ یەک جیاوازن. ئایا نەتەوەی کەرتکراو دەتوانێت هەمان پێکەوە دژ بە چەند رژێمێک بجەنگێت؟ ئەی ئەوە راست نییە

37ـ ساڵی ١٩٧٥ پتر لە ١٧ ملیۆن بوو. بڕوانە جوگرافیای کوردستان، عەبدوڵلا غەفور، چاپی سوید، نەخشەی ژمارە ١١، لاپەڕە ١٤٩. «و»

کە چەندەها ڕاپەڕینی کورد بوە بەقوربانی تاکتیکی هاوبەش لەنێوان ئەو ڕژێمانە؟. هەرەس لەدوای هەرەس، بوەتە سەرچاوە بۆ تەیەکی نەستەق کە دەڵێن: کورد هیچ دۆستێکی نیە. لەڕاستیدا کورد دۆستی زۆرە بەڵام، دەبێت لەناو بنەماڵەی خۆیاندا بۆیان بگەڕێین، لەپێش گشتەوە لەو وڵاتانەدا کە ئەوان تێیدا دەژین. تاقیکردنەوە مێژووییەکانی گشت کوردستان و بەتایبەتی کوردستانی عیراق دەریدەخات کە تێکۆشانی گەلی کوردی دابڕاوە لەو گەلانەی لە وڵاتیدا دەژین، هیچ ئەنجامێکی سەرکەوتن نادات بەدەستەوە. و بەوەی کوردی ئێران لەبازنگەی پۆلیتیکی ئێراندا دەژین، تێکۆشانیان وەک ئەندام بەستراوەتەوە بەتێکۆشانی گەلەکانی تری ئێرانەوە. و بەبێ ڕووخاندنی شا نە کورد دەبێت بە خاوەن مافی چارەنووسی نەتەوەیی، نە دیموکراسیەتیش لە ئێران بەرپادەبێت. پێویستە ڕێک و ڕەوان بڵێین، دوستەکانمان زۆر لێوە نزیکترن وەک لە «برا»کوردەکانی عیراق و تورکیا. لەڕاستیدا دوژمنی هاوبەش لەیەک بەرەی یەکگرتوودا کۆیکردووینەتەوە. بێگومان، چەپی ئێران (هەروەها چەپی تورکیا و عیراق)لەگشت بۆچوونەکانیاندا سەبارەت بەپرسی نەتەوایەتی هەمیشە هاوبیری بزووتنەوەی کورد نەبوون، بەڵام پێویستە ئەوە نەبێت بەتەگەرە لەڕێی هاوکاری و یەکخستنی کار و لەبەر هۆیەکی بێبایەخ کەگوایە بزوتنەوەی پێشکەوتنخوازەکەی لەئێران دۆستی نیە. هەروەها لە تورکیا، لەعیراق و لەسوریایش. گەلانی ئێرانی، تورک وعەرەب دوژمنی کورد نین بەڵکوو دۆستی ئەون.

پاش لێکدانەوەی قووڵ، پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران بۆ گەیشتن بەئامەنجەکانی، ڕێڕەوی تێکۆشانی چەکداری گرتەبەر. ئەو شێوە تێکۆشانە چەکدارییەی هەر ڕژێمە دیکتاتۆرییەتەکەی شا بەسەریدا سەپاند. لەڕاستیدا چارەی تر نیە بۆ وەدیهێنانی کارسازی شۆڕشگێڕانە، لەکاتێکدا نە دیموکراسییەت و نە مافی نیشتمانی گەلانی چەوساوە لەلای ڕژێمی شا شوێن پێی هەیە. و لە پێناو یەکگرتندا دەبێت، بەلای کەمەوە پرۆگرامێکی هاوبەش دابڕێژرێت. ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشنیاری دەکات ئەمانەن:

١ـ هەڵتەکاندنی ڕژێمە دیکتاتۆری سەر بەئیمپریالیبیەتە.

٢ـ دروستبوونی ڕژێمێکی دیموکراسی و نیشتمانی.

٣ـ دابینکردنی ئازادی دیموکراسی بۆ گەلانی ئێرانە بەگشتی.

٤ـ بە ڕەوا ناسینی مافی چارەنووسی گەلە چەوساوەکان لەچوارچێوەی سنووری دەوڵەتی ئێراندا.

٥ـ دەستی یارمەتی درێژکردن بۆ گشت بزوتنەوەیەکی ئازادیخواز و نیشتمانی و مافی چارەنووس بۆ گەلان.

٦ـ دامەزراندنی ڕژێمێکی دیموکراسی و نیشتمانپەروەرە لەسەر ڕەوشی ڕێزگرتن لە گشت لایەک، ڕێزگرتن لەسنووری دەسەڵاتی نەتەوە و دەست وەرنەدان لە کاروباری دەرەوەیدا، و پەیوەندی دۆستایەتی بتەوکرێت لەگەڵ گشت وڵاتە سۆسیالیستەکانی دژ بەئیمپریالییەت.

گشت دیموکراتخوازان، و گشت ئەوانەی مافی مرۆڤ دەپارێزن دۆستی ئێمەن. و پێویستە بزووتنەوە نیشتمانپەروەرەکانی وڵاتانی ئازاد لەجیهانی سێهەم و وڵاتانی سۆشیالیست و ئەندێشەی گشتی جیهانی ببنە پاڵپشت بۆ وەدەستهێنانی مافی چارەنووسی گەلی کورد.

## تێڕوانین

١ ـ سەرژمێری سالی١٩٧٥یان بەپێی ئەو گریمانییە داناوە کەرادەی ناوەندی بەرز بوونی ژمارە لەناو دانیشتووانی گشت ولات بەرادەی ٢،٨ ٪ بێت. ئەو ڕێژەی ١٦ ٪یە بەپێی سەرژمێری ڕژێمە کەسالی ١٩٦٦ ئەنجامدرا و ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستانی بەوپێیە بەرچاوگرت. بەلام کە ڕێژەی سەدی سالی١٩٧٥یان لێکداوەتەوە هیچیان لە ژمارەی دانیشتووانی کورد بەرز نەکردووەتەوە، بەلکوو بەپێچەوانەوە بوو. هەر بەو بۆنەیەوە ڕێژەی شارنشینی کورد کەدەیکردە (٣٠ ٪ی دانیشتووان بەرانبەر بە ٥٠ ٪ی کۆی ئێران بە گشتی) دەبوو ڕادەی پەرەسەندن لەکوردستانی ئێران لە٢،٨ ٪ بەرزتر بنوێنێت.

٢ ـ ئەمانە لەسەدەی حەڤدەدا بەفرمانی شاعەباسی سەفەوی گوێزرانەوە بۆئەوەی سنووریان لە مەترسی خێلەکانی باکوور پێ بپارێزن.

٣ ـ گەڕیدەی فرەنسی، هێنری بەندیس ـ ١٨٨٧ نووسیویەتی:"دوان لەو ژوورانەم پێوا، لە یەکەمدا (٣،٥ مەتر درێژ و٣ مەتر پان و دوو مەتر بەرزبوو) ژن و پیاوێک و دوو کەر دەژیا. دووهەم (کە ٥ مەتر درێژ و٣ مەتر پان و دوو مەتر بەرز بوو) پیاو و ژنێک، کچ و زاواکەیان، دوو مندال و جووتێک مانگا و دوو کەر و چوار بەرخ دەژیا". (هێنری بەندیس ـ کوردستان، میسۆپۆتامیا و کیشوەری فارس ـ پاریس ١٨٨٧ لاپەڕە ٢٥١). وا نەوەت سالە باروودۆخ دەگۆڕێت هێشتا گۆڕانی ئەوتۆ بەسەر ئەوجۆرە گوزەرانەی ئەواندا نەهاتووە.

٤ ـ وەک عەدیلە خاتوون بەر لەجەنگی جیهانگیری یەکەم بوو بەسەرۆکی هۆزە مەزنەکەی جاف.

٥ ـ آ. لامبتون، لەپەرتووکی(زەویدار وجوتیارانی ولاتی فارس)ـ لەندەن ١٩٥٣، لاپەڕە ٢٨٥.

٦ـ بۆ یەکەمجار وشەی "پێشمەرگە" لەمەهاباد بەکارهات، واتای چەکداری لەشکر دەگەیێنێت.

٧ ـ فرۆشی کەرەستەی جەنگی ئەمەریکی بە ئێران، ڕاپۆرتی سپاسالار بۆ ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکی، جولی ١٩٧٦.

٨ ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٩ ـ پرۆگرامی توودەی ئێران ـ دیسەمبەری ١٩٧٥، لاپەڕە ١٨.

١٠ـ ساواک ئەو بڕیارەی ئەوی لە١٥ی مارسی ١٩٧٥دا بلاوکردەوە. « ئەم خالەم لە ئینگلیزییەکە وەرگرت. چونکە لەعەرەبییەکەدا نەبوو. ـ و »

١١ ـ گۆڤاری"١٩ی بەهمەن" نمایشێکی تیۆری. جەنیوەری ١٩٧٥ ل ٩٧ ـ ١٠٢

# ٤

# کۆمارە کوردییەکەی مەهاباد

## ئارچی ڕۆزفیلد

**کوردستانی سەربەخۆ ...** پەیدابوونی لەسەر پارچەیەکی بچووکی ئێران، خەونی نەتەوەییانی کوردی هێنایە دی، و ئەو سەربەخۆییە لەمانگی جەنیوەری سالی ١٩٤٥ـەوە تا مانگی دیسەمبەری سالی ١٩٤٦ی خایاند[1].

سەرهەلدان و ژیانی ئەو کۆمارە کوردییە بچووک و کەم تەمەن و ڕەهێلە ئاسایە بەشێکە لەمێژووە ئاشکرا و هاوچەرخی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست. بە بوونی بابەتی سەیر پەرشکراو بەسەر جەنگە خێلەکییەکان، ئیمپریالیزمی و سیستێمی کۆمەلایەتی لێکجیاواز، جوامێری چەرخەکانی ناوەڕاست و بوونی نەتەوەییانی پۆختەوە زۆر جوان وێنە ئالۆزەکەی کورد نیشان دەدەن، کە ئەوە وێنەی گەلێکە هەرگیز یەکگرتنەوەی نابێت، گەلێکی دابەش بەسەر پێنج نەتەوەدا کە هیچیان بەسۆزەوە لە ئامانجی نەتەوایەتی ئەوان ناڕوانن.

سیپتەمبەری سالی ١٩٤١[2] هێزەکانی بەریتانیا و سۆڤیەت خۆیانکرد بە ئێراندا و بوون بە

---

1 ـ E ـ ...دیسەمبەری ١٩٤٥ تا دیسەمبەری ١٩٤٦.

2 ـ زۆر لەپێشترەوە هێزی ئینگلیز لەئێراندا بووە ـ بڕوانە(تاریخ ایران زمین. دکتر محمد جواد مشکور. تهران ١٣٦٦) لاپەرە ٣٧٩، کەدەلێت:ـ " ئینگلیز دەستبەجێ پاش شۆڕشی ڕووس دەستیانگرت بەسەر کاروباری ناوخۆیی ئێراندا. کاتێک بینییان باکووری ئێران ئازادکراوە و لەوانەیە ئەلمانەکان لەڕێگەی قەوقاز و دەریای ڕەشەوە دەست بکێشنە ناو ئەو ناوچەیە و ڕێگە بەرەو هیندستان بۆخۆ دابیینکەن. یەکسەر لەڕێگەی بلوچستانەوە هێزی خۆیان گەیاندە خوراسان و لەولایشەوە، واتە لەڕۆژئاوای ئێرانەوە خۆی گەیاندە هەمەدان و قەزوین و ڕەشت و بەسەروکاری جەنرال دەنسرت وێل لە١٩١٨دا لەڕێگەی ئەنزەلییەوە هێزەکانی بەرەو باکۆ ڕەوانەکرد". هەروەها لەلاپەرە ٣٨٠ دا دەلێت:ـ "لەبەر لاوازبوونی ڕژێمی چەق و دەسەلاتی توندی ئینگلیز بەسەر ئێران و ئالۆزی باری ئابووری ولات، یاغی بوون لەگشت گۆشەیەکی ولاتەوە دەستیان بەگێرەشێوێنی کرد و لەناو دەولەتی تهراندا دولەتیان دادەمەزران. "صەولە الدولەی قشقایی" لەباشوور و سمایل ئاغای سمکۆ لە کوردستان، و ئیحسانوللا خان و میرزا کوچک خانی جەنگەلی لەگیلانەوە و لەمازندەران ئەمیر مونەیەدی مازندەرانی و لەماکۆ ئیقبالولسەلتەنەی ماکۆیی و لە خوزستان شێخ خەزعەل و لە بلوچستان دۆست محەمەدخان و زۆر کەسی تر یاخیبوون و خواستاری خودموختاری بوون. » و «

پاڵپشتی ئەو رژێمەی کە رەزاشای پەهلەوی زۆر بەزەحمەت پێکیەوەنا. لە هەمان ئەو وڵاتەدا کە سەربازی ئێرانی چەکەکانیان دەفرۆشت یان توورِ دەدا بۆ ئەو خێڵە گەرۆکانەی تا ئەوسا بەکێوە سەخەکانی ئێرانەوە مابوون. رەوش و نەریتی کۆن تا ئەو رۆژانەیش لە ناخی ئەواندا هەر مابوو. شای پێشویش زۆری کۆشی دەستیان بەسەردا بگرێت. ئەو خێڵە کوردانەی کە شاخەکانی سەر سنووری عیراق و تورکیا یان داگیر کرد لەوانەبوون کەهەڵی هەرەسەکەی ئێرانیان قۆستەوە، و هەر لەشاری ماکۆی لاپاڵی باکووری شاخی ئاراراتەوە کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئەوان تا قەسری شیرین کە دەکەوێتە سەر ئەو شارێیەی کرماشان دەبەستێت بە بەغداوە.

لەباکووردا، بنکە سۆڤیەتییە بەهێزەکانی رەزائییە، شاهپوور، خوی و ماکۆ دامەزرابوون. ئەو هۆزە کوردانەیان گەمارۆدا کە لەشاخەکانی رۆژئاوای گۆمی ورمێ دەژیان. بەوەی رژێمێکی ئەوتۆ بەهێز لە ئێراندا نەبوو، سۆڤیەتییەکان راستەوخۆ پەیوەندییان بەست لەگەڵ هۆزی جەلالی لە باکوور، شوکاک لە رۆژئاوای شاپوور و خێڵەکانی هەرکی لەرۆژئاوای رەزائییە.

سۆڤیەتییەکان سەرۆکی ئەو هۆزانەیان سەرپشک کرد بەوەی کاروباری تایبەتی خۆیان ئەنجام بدەن، و جگە لە راگرتنی ئاسایش و بەخشینی دانەوێڵە بە لەشکری سوور بەولاوە چیتریان نەویست. و لەبەشی خوارەوەی ناوچە کوردییەکەی نزیک شارێی کرماشان و بەغداوە (یەکێک لە گرێ گرفتەکانی نێوان هاوپەیمانە رۆژئاواییەکان و یەکێتی سۆڤیەت) هێزی بەریتانی توانی دەسەڵات بەسەر هۆزە کوردەکانی ئەو ناوچانەدا بگرن.

لەهەرێمی نێوان ئەو دوو بازنگە داگیرکراوەی هێزی ئێرانی چۆڵیان کرد و لێی هەڵهاتن، کورد توانی سەربەخۆیی بۆخۆ دابینکەن. چەقی سەرەکی گێژاو دوو بوو. یەکەمەم لەناوچەی مەریوان و شاخەکانی هەورامان بوو کە مەحموود خانی کانی سینانی[3] دەستی بەسەردا گرت، و دووهەم لە ناوچەی بانە ئەو حەمەرەشید خانەی ماوەیەکی زۆربوو بۆ عیراقیان دوور خستبووەوە، میرنشینییەکی لەسەقز و سەردەشت دامەزراند. رژێمی ئێران ماوەیەک دانی بە نیمچە لێپرسراوەتی ئەو دوو سەرەک هۆزەدا نا لەو ناوچانەی خۆیاندا. بەڵام پاشلەوەی لەشکری ئێرانی خۆی رێکخستەوە ئەو دووانەیان بۆ عیراق دەربەراند. لەپایزی ١٩٤٥دا سەرلەنوێ ناوچە باشوورییەکانی خوار هێڵی سەقز ـ بانە ـ سەردەشت کەوتنەوە ژێر دەسەڵاتی رژێمی ئێران. ئەوجا ئەو هەرێمەی لەشکری ئێران دەستی لێهەڵگرت بریتیبوو لە ناوچەیەکی بچووکی نێوان ئەو هێڵە و بنکەکانی هێزی سۆڤیەت لە رەزائییە، شاری گرنگی ئەو هەرێمە هەر مەهاباد بوو، ئەوەی لەپێشدا پێی دەگوترا ساوجبولاغ « سابلاغ » و تەنها چەند کیلۆمەترێک لە گۆمی ورمێوە دوورە.

---

3 ـ پێدەچێت مەبەست " مەحموود خانی کانی ساران " بێت. « و »

دروستبوونی کۆمەڵە

لەشاری مەهاباد کەهاوپەیاندکان توخنی نەدەکەوتن، بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی کوردی لەوانی پێشوو زۆر نوێتر دەرکەوت. لە ١٦ی ئۆگستی ١٩٤٣دا[4] تاخمێک لاوی کورد کە زۆریان بازرگانی بچووک و فەرمانبەری شار بوون، کۆمەڵەیەکیان بەناوی (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد) واتە کۆمەڵەی لاوانی کورد[5] پێکەوەنا. لەبەر ئەوەی کارەکەیان بەنهێنی ڕاگرن ئەو پارتەیان بە ژمارەی کەمتر لەسەد ئەندام دەستپێکرد و زنجیرەی ڕێکخستنیان کرد بەشێوەی شانە، و لەگەڵ ئەوەیشدا کۆبوونەوەی هەفتانەیان هەرگیز لە هەمان یەک ماڵدا دووپات نەکردووەتەوە.

ڕێکخستنی کۆمەڵە کوتوومت نەتەوەیی بوو چونکە کەسیان بە ئەندام نەکردووە ئەگەر لەدایک و باوکێکی کورد نەبوایە( ئەو مەرجە کەسانێکی نەدەگرتەوە کە دایکیان ئاسووری بوو، ئەوەیش لەخۆیدا نیشانەی دۆستایەتی بتەوی نێوان کورد و ئاسووریی دەنوێنێت).

کۆمەڵە زۆر بەزووی پەرەیسەند، نەتەنها لەئێران بەڵکوو لەوڵاتانی تریش، چونکە کوردەکان پتر باوەڕیان بەهێزی ئەو پارتە نوێیە بوو وەک لەپارتە کلاسیکە کوردییەکانی تر. لەو شارانەی عیراقی وەک موسڵ، کەرکووک، هەولێر، سلێمانی ڕەواندز و شەقلاوە، و تەنانەت لەتورکیایش کە گشت جۆرە چالاکییەک تاوانە و لە یاسادا بڕیاری مەرگی لەسەرە، لقێکی ئەو پارتە کرایەوە. سەرەک خێڵەکانی نزیک بە مەهابادیش نوێنەری خۆیان نارد بۆ هاوکاری، وەڵامی ئەوان ئەوەبوو کەئێستا پێویستیان بە کۆمەک نییە بەڵام لەوانەیە لەداهاتوودا ڕوویان تێ بکەن. هیچ توانایەک نەبوو دەنگوباسی بەربلاوی چالاکییەکانی کۆمەڵە لە بەرگوێکەوتنی ئەو دوو هێزە سەرەکییە بگێڕێتەوە کە چاویان بڕیبووە هەرێم. بەریتانییەکان لەسەر کانەنەوتەکانی کەرکووک کە ناوچەیەکی کوردییە دامەزرابوون و زۆر بەوردی لە پەرەسەندنی ئەو بزووتەوەیەیان دەڕوانی. تەنانەت ڕاوێژکارە ڕامیارییەکەی شاری موسڵیان جارجارە سەردانی مەهابادی دەکرد، هەمانکات هاوکاریان لە ڕەواندز، کەرکووک، هەولێر و سلێمانی بۆ پەیدابوو. بەڵام لەتوانای بەریتانیەکاندا نەبو بینە هاندەری ئەو ئامانجە کوردییە بێلەوەی عەرەبیان لێ بڕەنجێت، بۆیە خۆیان لە خواستی نەتەوەییانی کورد کەڕکرد.

---

4 ـ ... کۆمەڵەی (ژ.ک) کە نوێنەری هەستی نەتەوایەتی پێشکەوتنخوازانە ودیموکراتیکی گەلی کورد بوو لەرۆژی٥ ٢ی گەلاوێژی ١٣٢١ی هەتاوی بەرانبەر ١٦ی ئووتی ١٩٤٢ی زاینی بەچەشنێکی ڕەسمی بە هاندان و بەشداری سێ ئەندامی ناوبراوی هیوا و ئەم کەسانە پێکهات: .... ـ د. عەبدوڵلا مەردۆخ(کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد و کۆمەڵەی هیوا)، گزینگ، ژمارە ١٤، زستانی ١٩٩٧. « و »

5 ـ دیارە وەرگێڕی عارەبییەکە لەمەبەست نەگەیشتووە، چونکە ناوی کۆمەڵە بەعەرەبی دەبێتە "جمعیە البعث الکردیە"، نەک "جمعیە الشبیبە الکردیە". « و »

**دزەی سۆڤیەتییان**

بار لەلای سۆڤیەتییان جیاوازبوو، سەرەتا لەبیری ئەواندا نەبوو لەنێو کوردان هیچ جۆرە چالاکییەک ببینن، تەنها ئەوجارە نەبێت کەسالێ ١٩٤٢ ڕوویان لە ئاغا زۆر ناودارەکان کرد کە سەردانێکی شاری باکۆ بکەن. لەهەمان بەهاری ئەو ساڵەدا کاتێک کوردەکان هێرشیان دەبردە سەر هەندێ گوندی نزیک بە گۆمی ورمێ، سۆڤیەتییەکان دەیانویست لەشکر وجاندارمی ئێرانی بهێننە سەر ( هەر وەک لەوەوبەر جگە لە چالاکی، گشت جۆرە کۆمەکی تریان دەکردن).

بەڵام پاش ئەوەی بۆ سۆڤیەتییەکان ڕوونبووەوە ئەوان چی جۆرە هەلیان بۆ ڕەخساوە. بە درێژایی ساڵی ١٩٤٤ ئازربایجانیان پڕکرد لە ئەفسەری ڕامیار و کەسانی بەکرێگیراوی سۆڤیەتی کە زۆریان لە موسوڵمانانی ئازربایجانی سۆڤیەتی بوون. چالاکییەکانی کوردستانیش کە بەفرمانی "کاپتن جەعفەرۆف"ی قونسولی سۆڤیەتی لە ڕەزائییە، و لێپرسراوی نزیکەی ١٠٠,٠٠٠ کوردی سۆڤیەتی بوو زۆر بەسەربەستی بە جلوبەرگی کوردییەوە بەناو خێڵ و گوندە کوردییەکاندا دەگەڕا.

چالاکی سۆڤیەت لەمەهاباد دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی دوو بەکرێگیراوی سۆڤیەتی تێدا دەرکەوت، یەکێکیان پێی دەگوترا عەبدولائۆف و ئەوی دی هادیۆف، ئەوانە بەناوی جامبازی و وڵاخ کڕین بۆ لەشکری سوور لەماهاباد سەریان هەڵدا. دیارە یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەی ئەوان لەگەڵ کەسانی بزووتنەوەی کوردیدا بەهەڵکەوت بوو. دەگێڕنەوە کە "عەبولائۆف" لەلای مەی فرۆشێکی ئەرمەنی چاوی بە پیاوێک جلوبەرگ کوردی دەکەوێت ئەوجا عەبولائۆف پیرۆزبایی جلوبەرگە نەتەوەییەکەی لێدەکات[1]، ئەو سەرنجە لە مێشکی پیاوە کوردەکە دەدات کە بەهەڵکەوت یەکێک دەبێت لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە. پاش وتوویژ کوردەکە دەپرسێت کە ئەگەر کوردەکان پارتێک پێکەوە بنێن ئەوا سۆڤیەتییەکان ئامادەن چەکیان بدەنێ. ئەوجا بە پرسیارێک عەبولائۆف خۆ لە پرسیاری بەرانبەرەکەی دەدزێتەوە و دەڵێت: ئێوە لەچی دەترسن؟ لەوڵامدا کوردە دەڵێت: لە خانەکانمان، پاشان شێوەی وڵامەکەی عەبولائۆف شێوە جوێنێک دەنوێنێت بە خانەکان. ئەوجا کابرای کورد نەیبات و بە یەکێک لەلێپرسراوانی دەناسێنێت و ئەویش بە سەرەرۆکەکانی تری کۆمەڵەی دەناسێنێت.

ئەوسا پەیوەندی تەواویان لەگەڵ هێزەکانی سۆڤیەت بەست و یەکێک لە سەرانی کۆمەڵە کە ڕووسی باش دەزانی لەپارتدا بوو بە لێپرسراوی کاروباری پەیوەندی نێوان. هەرچەندە بەپێی پەیڕەوی پارت دەبوو لەگەڵ هەرسێ زلهێزەکان بێلایەن بن، بەڵام کۆمەڵە لەوکاتەوە بەناچاری لەئاسمانی سۆڤیەتەوە گلا.

که دەزگای پەخشی سۆڤیەت بۆ پروپاگندەی جیهانی( V.O.K.S)کەوتەکار، چەند بنکەی

كولتووری هاوبەشی " ئێرانی ـ سۆڤیەتی" لە هەرێمەكانی ئێراندا كردەوە. بەوەی كۆمەڵە پەرەی سەند و ناوبانگی دەركرد، چیتر بەگۆنجاویان نەزانی ئەندامەكانی لەماڵان كۆبوونەوە ئەنجامدەن، كاربەدەستانی سۆڤیەتییان راسپارد یەكێك لەو كۆمەڵانە لە مەهاباد بكەنەوە بۆ ئەوەی هیچنەبێت كۆبوونەوەكانیان لە سەرنج دوور بخەنەوە. سۆڤیەتییان دەستبەجێ قایلبوو بەوەی نەتەنها بڕیاری كردنەوەی بەشێك لە كۆمەڵەی هاوپەیمانی ئێرانی ـ سۆڤیەتی بدەن بەڵكوو بڕیار درا كۆمەڵەیەكی كولتووری هاوبەشی كوردی ـ سۆڤیەتی (ئەنجومەنی فەرهەنگی شووڕەوی)یش دابمەزرێت. دەستبەجێ یانەی كۆمەڵە پڕ بوو لەوكوردانەی وەك نیشانەی پێشوازی لە پارێزەرانی نوێیان ١٠ باڵە توتنی كوردییان بە دیاری نارد بۆ قارەمانانی لێنینگراد.

ئەپریلی ١٩٤٥، لەكاتی گێڕانی ئاهەنگێكی یانەدا كۆمەڵە خۆی ئاشكراكرد. كۆنسوولی سۆڤیەتی و سەرۆكی ڕێكخراوی جیهانی سۆڤیەتی بۆ بڵاوكردنەوەی پروپاگندە[6] لەوێ میوانی باشكۆ بوون. بەشی زۆر لە پرۆگرامەكانی ئاهەنگ ئۆپێرا بوو، لەنێوانیشدا شانۆگەری ( دایكی نیشتیمان)[7] یان نیشاندا كە تێیدا سێ جەردە ڕێ بەو دایكێك دەگرن. بێگومان جەردەكان عیراق، ئێران و توركیای دەنواند و سەرئەنجام ڕۆڵەكانی دایكیان ڕزگار دەكەن. دانیشتووان كە لەوەبەر دیمەنی ئەنگی ئەوتۆیان نەدیبوو زۆر دۆشدامان، و تەنانەت كاسانی لەیەك زیزیش دەست لەملانی یەكتر بوون و سوێندیان بۆ یەكتر دەخوارد كە پێكەوە تۆڵەی ئەو دایكە بسەننەوە كە كوردستانە.

هەر لەو ئاهەنگەدا بڕیاردرا قازی محەممەد كە پاشان بوو بەسەرۆكی دەوڵەت بكەون بە ئەندامی پارت. دیارە ئەوەیش لەبەر دڵڕاگرتنی سۆڤیەتییەكان بوو كە زۆر دەمێكبوو بۆ یەكێك دەگەڕان جێگەی باوەڕ و هاوبەشی بیریان بێت. كاتێك توانای خێڵەكییەكان بۆ سۆڤیەت ئاشكرابوو، خۆیان لەسەرانیان نزیك كردەوە تا سەركردایەتی بزووتنەوە نەتەوەییەكەیان بدەنە دەست. ئەوەبوو لەنێو سەرۆكەكاندا سێ كەسی بەناوبانگیان بەشایستەی ئەو فرمانە دەزانی؛ قەرەنی ئاغا (سەرەك هۆز) و سەۆكی خێڵی مامش كە خاوەن ڕێزی تایبەت بوو لەنێو ئەو كۆمەڵە فیدرالییەی خۆی بەش بوو تێدا، عومەر خانی شەریفی سەرۆكی هۆزی شوكاك كە یەكێك بوو لە "سەرۆكانی پێشووی" كوردستان، و پاشان میر ئازادی دەبوركی یەكێك بوو لەو ڕادیكاڵە گیرانەی ڕژێمی ئێران بۆ پاراستنی ئاسایشی ئەو ناوچەیە كردبووی بە سەرتیپی جاندارم. بەڵام وڵامی ئەو كۆشش و توێژینەوەیە لە هەر یەكێك لەولایەنانەوە لێڵ دەگەڕایەوە بۆ سۆڤیەتییەكان.

سۆڤیەتییەكان ڕوویان لەقازی محەمەدكرد، چونكە قازی سەرۆكایەتی ئاینی مەهابادی

6 ـ E ... و لێپرسراوی VOKS لە ئازربایجان ....

7 ـ ... هەروەها شانۆگەری دایكی نیشتیمان، كە ناوی كۆمەڵەی ( ژ.ك )ی بە شار و گوندەكانی موكوریان ناساند، لەلایەن كۆمەڵەی هیواوە نووسرابوو و بۆ ( ژ.ك )یان نارد.ـ د. عەبدوڵڵا مەردۆخ ـ گزینگ، ژمارە ١٤، زستانی ١٩٩٧. « و »

لەبنەماڵەوە بۆ مابووەوە. ئەو لە بنەماڵەیەک بوو لەشاردا خاوەن ڕێزی تایبەت. زۆریان هاتوچۆی ماڵی کرد، تەنانەت زۆریشیان لە ڕژێمی ئێران کرد کە سەیفی قازی برای[8] لەبری میر ئازاد لەو هەرێمەدا ببێت بە نمایندەی ڕژێمی ئێران و بە سەرتیپی جاندارم. دەگێڕنەوە کە تا ئەوکاتەی نوێنەریان چوو بۆ لای قازی محەممەد و پێشنیاری هاتنە ریزیانی لێکرد، نزیکەی ساڵێک بوو کۆمەڵە هەبوو بەڵام ئەو ناوەی بەرگوێ ئەو نەکەوتبوو. سەرکردەکانی کۆمەڵە بڕیاریان دابوو ئەو بەشدار نەکەن چونکە لەهێز و ڕەوشت توندییەکەی دەترسان، و لەلایەکی تریشەوە لەوە دەترسان ئەو ڕێزەیان لەنێواندا نەمێنێت کە هەر لەکاتی لاوییانەوە لە خۆی و بنەماڵەکەیان کرتووە، چونکە دەیانزانی پاش ماوەیەک دەست بەسەر دەسەلاتی پارتدا دەگرێت و سەرئەنجام کۆتایی بەڕواڵەتە دیموکراسییەتەکەی دێنێت. بەڵام کاتێک بەپێی پێداویستی سۆڤیەتییان قایل بوون بە وەرگرتنی، ئەوەی لێی دەترسان ڕوویدا. واتە لەو پارتەدا بەتەنها خۆی بوو بەخاوەن دەسەلات.

ئەندامەتی قازی زۆر بەخێرایی باری رامیاری کوردی کرد بەلایەنگری ئەو ڕەوشە ڕامیاریەی سۆڤیەت کە لەهاوینی ساڵی١٩٤٥بەدواوە دیاردە شەڕانییەکەی بۆ ئەملاولا دەرکەوت. پارتی توودە کەزەمینە خۆشکەر بوو بۆ ئەوەی سۆڤیەت بکشێننە ناو ئێران، سەرەتا بە بەرەی چەپی گشت گەلی ئێران دەژمێردرا بەڵام وەک لە ناوچەکانی تری ئێراندا سەرکەوتنی وەدەست هێنا لە کوردستان نەیتوانی ڕەگ داکوتێت[٢]، بۆیە لێرەدا سۆڤیەت بیری لە پلانێکی نوێ و ئاواتی لکاندنی بەشەکەی باشووری - ڕۆژئاوای ئێرانی بەخاکی خۆوە دەکرد. هەر بەو ئامانجە لەبری پارتی توودە لە ئازربایجاندا پارتێکی سەربەخۆخوازیان دروستکرد. بۆ ئەوەی ئەو پارتە توانای بڕیاری هەڵگیرساندنی شۆڕش و سەربەخۆیی ناوچەکە و لکاندنی بە یەکێتی سۆڤیەتەوە هەبێت، بێلەوەی پارتی توودە تووشی گێژاو و نشوستی ببێت لە ناوچەکانی تری ئێران. لەسەر داوای سۆڤیەت پارتی توودە «لەو هەرێمەدا» هەڵوەشایەوە وسەرلەنوێ لەژێر ناوی پارتی دیموکراتی ئازربایجاندا دامەزرایەوە، زمانی دەربڕیان کرد بە تورکی و خواستیان لەئێران جودا ببنەوە.

لەوانەیە هەر زۆرکەم هەڵکەوتبێت کوردێکی دانیشتووی ئاربایجانی ڕۆژئاوا کە شاری مەهابادیش دەگرێتەوە ببنە ئەندام لەپارتێکدا کە ڕێڕەوی بیری نەتەوەیی تورکی بێت. بۆیە پێداویستی دروستبوونی پارتێکی نوێ لەپرۆژەکەی سۆڤیەتی نزیک دەکردنەوە. ئەوەبوو[9] کاپتن نماز عەلییێڤ کەفەرماندەی بنکە سۆڤیەتییەکەی شاری میاندوئاو بوو ناردی بەدووی سەرەک خێڵە بەناوبانگەکانی شاری تەورێز و هەروەها بەدوای قازی محەممەد و سەیفی قازیدا تا سەردانی قونسوولی سۆڤیەتی بکەن. کاتی گەیشتن یەکسەر بەو کوردە دۆشداماوانە گوترا ڕوبکەنە ئێستگەی شەمەندەفەر و بەپەلە گشتیان سواری فارگۆنێکی ئەو شەمەندەفەرە کرد کە

8 ـ ئامۆزای. ـ « و »

9 ـ E ـ لە ١٢ی سێپتەمبەردا ... .

ڕوو لە باکۆ بوو. بەگەیشتنیان، بردنیانە خانوویەکی خۆشی یەکێک لە گەڕەکەکانی کەناری باکۆ، بە درێژایی ئەو سێ ڕۆژی میوانداریییەیان لە گەشت و ڕابواردن و ئاهەنگی شانۆ و ئۆپێرادا بوون. ڕۆژی چوارەم پێیان گوتن کە دەچنە سەردانی باقیرۆفی سەرەک کۆماری ئازربایجانی سۆشیالیستی سۆڤیەت، کە بە وتارێک باسی ستەمدیدەیی ژێر سایەی ڕژێمی شای بۆ کردن وڕایگەیاند کە کاربەدەستانی سۆڤیەت پشتگیری ئەو پارتە دیموکراتە نوێیە دەکەن کە ئامانجی ڕزگارکردنی چەوساوەکانە، و زۆر بەکوڵ هانیدان بەشداری تێدا بکەن. لەهەمان کاتدا هێرشی بردە سەر پارتی توودە و ناوی برد بە کۆمەڵێک دەمەوەری نەزۆک، و بە بۆچوونی ئەو لە عیراق کۆمەڵە بە نەخشەی دەزگای نهێنگەی بەریتانی دامەزراوە و هەر داردەستی ئەوانیشە[10]. پاش ئەوە پێیان ڕاگەیاندن کە هەرگیز باسی ئەو سەردانە نەدرکێنن. ئەوجا کوردەکانیان سواری ئەو شەمەدەفەرە کرد کە دەچوو بۆ تەورێز و لەوێیشە ئوتوموبێلی تایبەت بە لەشکری سوور گەیاندنیانەوە شوێنی خۆیان.

## پارتی دیموکراتی کوردستان

پاش ماوەیەکی کەم نیازی ئەو گەشتە دەرکەوت. هەر لەگەڵ گەڕانەوەیدا قازی محەمەد کۆبوونەوەیەکی بە ناودارانی کورد کرد و پێکهێنانی پارتی دیموکراتی کوردستانی پێ ڕاگەیاندن و پەیدڵ خۆشحاڵی بەشداربوونیانی ڕاگەیاند[11]، و لەکورتەیاکدا ڕوونیکردنەوە کە ئامانجی پارت

---

10 ـ بڕوانە د. عەبدوڵلا مەردۆخ، سەرچاوەی پێشوو ـ بەهاری ساڵی ١٩٣٩ چەند ڕووناکبیر و قوتابی کورد کەپێشتر لەڕاپەڕینی شەشی ئەیلوولدا بەشداریان کردبوو، لەشاری کەرکووک لە کۆبوونەوەیەکدا لەسەر بنچینە و پاشماوەی دوو کۆمەڵەی پێشتر بەناوی کۆمەڵەی ئازادی کورد و کۆمەڵەی دارکەر، بەنهێنی( کۆمەڵەی هیوا)یان پێکهێنا و هیوای سەربەخۆیی کوردستانی گەورەیان هەبوو و خەباتیان دژ بە فاشیزم دەکرد. ... هەتا کۆتایی ساڵی١٩٤٣ حزبێکی پێشکەوتنخواز و بەقەوەت ترین هێزی سیاسی ئەوسای بزووتنەوەی ڕزگاری نیشتیمانی کوردستان بوو و هەر لەو ماوەیەدا کاری کردە سەر کوردەکانی تورکیا وئێران و سووریاش. کۆمەڵەی هیوا لەسەرەتای دامەزرانییەوە بە شک و گومانەوە کەوتە پێش چاوی کۆمونیستەکانی عیراق و ئەوان پێیان وابوو دەبێ دەستی ئینگلیسییەکان لەدروستکردنی دا لەکاردا بووبێ٢٨. « لەپەراوێزدا « ٢٨ ـ لە سەردەمی ستالین دا هەمو دژ و کۆمەڵە و ڕاپەڕینێک لە قالب و چوارچێوەی بیری ستالین دا نەبایە بە ئینگلیسی ناو دەبرا. ـ « و »

11 ـ د. گۆڵموراد مورادی. لە گزینگی ژمارە ١٥، بەهاری ١٩٩٧دا دەڵێت: ... لێرەدا یان خەبەردەرەکان خۆئاسایی هەڵەیان کردووە یان ئاغای ڕۆزفێلت بەهەڵە بیستوویەتی. یەکم: ڕاگەیێندراوی دامەزرێنەرانی حیزبی دیموکرات تەنیا ٧٢ کەس مۆریان کردبوو (بڕوانە: کەریم حیسامی کۆماری دیموکراتی کوردستان یان خودموختاری، ل٥٦). دووهەم: لەکتێبی ئیوانۆف،" تاریخ نوین ئیران" (ل١١٣)دا هاتووە:« لەنێوان ٢٥ تا٢٨ی ئۆکتۆبری ساڵی ١٩٤٥ یەکەمی کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شاری مەهاباد ناوندی ئوستان پێکهات». بەوپێیە لەوانەیە ئارچی ڕۆزفێلت بۆ مەقبوول کردنی تێزەکەی یەکەمین کۆنگرەی حیزبی بە پێکهاتنی لەقەڵەم دابێ و یان ...؟. هەروەها بۆ ڕاستی ئەم باسە و چیتری لەم بارەوە گوتراوە بگەڕێرەوە بۆ بەشی سێهەمی ئەم پەرتووکە، لەنووسینی، د.قاسملو. « و »

وەک ناوەکەی دەریدەخات بناغەنانی دیموکراسییەتە لەسەر شێوی سیستێمی ئەمریکی. ئەوەبوو زۆریان قایلبوون. قازی محەممەد و پەنجا[12] کوردی ناودار پەیمانیان مۆرکرد و بلاوکرایەوە. لەوێدا ئاشکرا بوو کە: ئاواتی گەلی کورد "گەلک وەرگرتنە لەهەلی ڕزگاربوونی جیهان لەدەست فاشییەت و خۆ دوورگرتن لە پەیمانی ناتۆ"، هەروەها ڕوونیانکردەوە کە ئامانجی کورد وەدەستهێنانەوەی ئەو مافە ڕەوا و مرۆڤانەیەیەتی کە ڕەزا شا لێی گرتوون. و پەلیستەیەک ئەم داخوازییانەی خوارەوەیان دیاریکرد؛

١ـ پێویستە گەلی کورد لەئێران سەربەست بژی، وکاروباری بەڕێوەچوونی ناوخۆیی بدرێتە دەست خۆی و لەنێو چوارچێوەی سنووری ئێراندا خۆدموختار بکرێت.

٢ـ پێویستە کوردی ببێت بەزمانی خوێندن و هەروەها لە نوسینگە وەدەزگاکاندا ببێت بە زمانی دەربار.

٣ـ پێویستە بەزووترین کات بەو پێیەی ڕەوشی یاسا دیاریکردووە هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی هەرێمی کوردستان بکرێت، بۆ ئەوەی سەرپەرشتی گشت کاروبارێکی میری و باری کۆمەلایەتی بکات.

٤ـ پێویستە یەک باری یاسایی بەرچاو بگیرێت بۆ جوتیار و خانەدانان و دوارۆژی گشت لایەکیان مسۆگەر بکرێت.

٥ـ پێویستە گشت کاربەدەستانی دەولەت «ناوچەی ئۆتۆنۆمی» بەرەگەز کوردبن.

٦ـ پارتی دیموکراتی کوردستان دەکۆشێت بە کەلکوەرگرتن لە بەرووبوومە جۆربەجۆرەکانی کوردستان باری ژیانی دارایی و ئابووری گەلی کورد ڕێکخات، و یارمەتی پێشکەوتنی کشتکاری و بازرگانی بدات و باری تەندروستی و خوێندن بەرزکاتەوە.

٧ـ ئاواتەخوازین گشت گەلانی ئێران بتوانن بۆ سەربەستی بکۆشن تاکوو ولاتیان پێشبکەوێت.

ئەوجا هەر لەسەر ڕەوتی سۆڤیەتی بەوتەی" بژی سەربەخۆیی ودیموکراسییەتی کورد"کۆتاییان بە پەیاننامەکەیان هێناوە.

بەوجۆرە پارتی نوێ کۆمەلەی هەلوەشانەوە و پارتی دیموکرات ئەندامەکانی گرتنەخۆ. ئەو سەرەک خێلانەی هەر لەسەرتاوە هەندێک سلیان لە کۆمۆنیستی دەکردەوە پەیوەندییان بەو پارتە نوێیەوە کرد، و زۆریان پەیمانیان لەسەر خواستی ئەو ئەفسەرە ڕامیارییانەی سۆڤیەت مۆرکرد کە بەناوچەکانیاندا دەگەڕا. ئەو ڕقە شاراوەیەی بەرانبەر بە هەلوێستی قازی محەممەد بوویان، ئەگەر بەلێنی هاوکاری مەلا مستەفا و بەرزانییەکان نەبوایە کە لەناکاو لەعیراقەوە گەیشتن، لەگەل خێلە نەیارەکاندا تووشی گێژاوی قوول دەبوو.

هەروەک لەکاتی عوسمانیدا بارزانییان بەیەکێک لەهۆزە بزێوەکان ژمێردراون. لە بیستەکاندا

12 ـ E ـ لەگەل ١٠٥ لە سەرانی کورد،

شێخ ئەحمەدی بارزانی، کەدروشم بوو بۆ بارزانییان، زۆرجار دژبە بەریتانیا بزواوە و چەندین جار ناچاری کردوون هێزی ئاسمانی شاهانەی دژ بەکار بهێنن. سەرئەنجام شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفای برابچووکی لەگەڵ هەندێک هاوکاری سەرەکییاندا، پێشان دوورخرانەوە بۆ باشووری عیراق و پاشانیش بۆ سلێمانی. ئەوەبوو لە١١ی جونی ١٩٤٢دا مەلا مستەفا کە پاشان لەبری کاکی بوو بەسەرک هۆز، توانی هەڵبێت و رووبکاتەوە ناوچەی بارزان.

لەبوارێکی تردا سەرگوروشتەی ئەو رووداوە دەگێڕینەوە کە لەنێوان رژێمی عیراق و مەلا مستەفا روویداوە، و چۆن توانیویەتی لەساڵی ١٩٤٥دا دوو جار لەشکری عیراقی ببەزێنێت. وەکتریش زیرەکی شالیاری ناوخۆی عیراق کە چۆن توانی بەپارە خێڵە کوردەکانی تر دژ بەو چەکدارکەن و ئەویان پێ ناچاریکەن بارزان جێبهێڵێت. هەندە بەسە کەبڵێین لە ١١ی ئۆکتۆبەری ١٩٤٥دا مەلا مستەفا و شێخ ئەحمەد و نزیکەی هەزار جەنگاوەری چەکداردا لەگەڵ خێزانیان لەبرێکی دژواردا سنوری ئێرانیان بڕی و گەیشتنە باشووری شنۆ. هەندێک وردە فەرمانبەر و مامۆستای عیراقی بەرەگەز کوردیان وەگەڵ کەوت و هەروەها چەند هەڵهاتووی ریزەکانی سپا و جەندرمە (دەرەک)ی عیراقیش کە دوانزەیان ئەفسەر بوون. ئەفسەرەکان پلەبەرز بوون، و لەوجۆرەیشیان تێدابوو کە لەئینگلتەرا راهێنرابوون و کاربەدەستی ئەنجومەنی بەرزی لەشکربوون لە عیراق بوون.

بە گەیشتنە ناو ئێرانی، مەلا مستەفا چاوی بەهەندێک ئەفسەری سۆڤیەتی کەوت، لەوانە جەنراڵی سەرتیپی هێزە سۆڤیەتییەکەی ئازربایجانی رۆژئاوا بوو. لەویان خواست بچێتە ژێر رکێفی قازی محەمەد و کوردەکانی هەرێمیان راسپارد کە داڵدەی ئەو بارزانییە بێ دەرامەتانە بدەن. لە کۆتایی مانگی ئۆکتۆبەردا ژمارەی هێزی مەلا مستەفا بە پەنابەر و ئەو خۆبەختکەرانەی لەعیراقەوە لەگەڵیدا هەڵهاتن پەرەیسەند، و ژمارەی ئەو هێزە گەیشتە نزیکەی سێ هەزار جەنگاوەری چەکدار بە تفەنگ و چەکی رێز و ئەو تۆپە بەریتانییانەی لەجەنگی دژ بە لەشکری عیراقدا دەستیان کەوتبوو.

## کۆماری میللی کورد

بەکرێگیراوانی سۆڤیەت لەسەرەتای نۆڤەمبەرەوە تا دیسەمبەر بەناو خێڵەکاندا بلاو بوونەوە تاکو هانی خۆئامادەکردنیان بدەن بۆ جەنگی ئازادی کە لەئانوساتدا هەڵدەگیرسێت، و فەرمانیان دا بە سەرۆکەکانیان لەمەهاباد کۆببنەوە، خێڵەکان یەکیانگرت، تەوی لەگەڵ نەبوو تەنها هۆزەکانی مامش، مەنگوڕ و دەبوکری بوون. باری رژێمی ئێران لە ناوچەکانی تری ئازربایجاندا

تادەهات ئاڵۆز دەبوو. ئەو دیموکراتە چەکدارانەی هەندێکیان لەئازربایجانی سۆڤیەتی و قافقازەوە هاتبوون هێرشیان دەکردە سەر سەرباز و جاندارمە ئێرانییەکانی چیتر نەیانوێراوە لە بنکەکانی خۆیان دووربکەونەوە. شۆڕش لەگشت هەرێمدا بڕیار درا، و لەشکری سوور بەری لەگشت ئەو کاروانانە دەگرت کە دەوڵەتی چەق بۆ یارمەتی هێزە قەتیسماوەکانی باشووری دەنارد. سەرئەنجام لە ١٠ی دیسەمبەردا دیموکراتەکان هێرشیان بردە سەر سەربازگەی تەوریز و ناچاریان کردن خۆ بەدەستەوە بدەن. ئالەوکاتەوە بەرەی ئازربایجانی ڕۆژئاوا کەوتە ژێر دەسەڵاتی دەستەی گەلی ئازربایجانی تازەپێهاتوو.

ڕووخانی تەوریز، قازی محەممەدی خستە سەر کەڵکەڵەی بڕیاری ئازادکردنی ئەو ناوچەیەی کە زۆر دەمێکبوو سەربەخۆبوو. لە ١٥ی دیسەمبەردا کۆبوونەوەیەکی سەربەست لەشاری مەهاباد بە ئامادەبوونی سەرەک هۆز و لێپرسراوانی پارتی دیموکراتی نوێ بەسترا، مەلا مستەفا و سێ ئەفسەری سۆڤیەتی کەگشتیان چەکی ڕیزیان لەخۆدابوو بە جێبێکی لەشکر گەیشتنە ئەوێ و قازی محەممەد بە شکۆمەندییەوە ناوی لەکۆماری گەلی کورد نا و ئاڵای کوردی هەڵکرد، و بڕیار بۆ دامەزرانی ئەنجومەنی نیشتیمانی دا و سیانزە ئەندامی بۆ دیاریکرا، لە٢٢ی جەنیوەری ١٩٤٦دا قازی محەممەد هەڵبژێردرا بۆ سەرۆکایەتی کۆماری نوێ، و محەممەد حوسێن خان (سەیفی قازی) ئامۆزای کە لە لێپرسراوێتی جاندرمی هەرێمدا ناوباگی دەرکرد بوو بەشالیاری جەنگ. پلەی جەنراڵییان بەخشی بە سەیفی قازی، مەلا مستەفا، عومەر خانی شوکاک، حەمە ڕەشید خانی بانە (کە زۆر نەبوو لەگەڵ پیاوەکانی خێڵەکەیدا لە عیراق گەڕابوونەوە) و زێرۆ بەگی هەرکی[٣]، ئەوجا پۆشاکی ئەفسەری ڕووسی تەواویان لەبەر کرد لەگەڵ پێڵاوی زل و سەرشانی ڕەق و کاسکێت بەقەیتانی سوورەوە[٤].

سیستێمی نوێ کە تەنها دەسەڵاتی بەسەر ناوچەیەکی بچووک لە شارەکانی مەهاباد، بۆکان، نەغەدە وشنۆیدا دەشکا، چاودێری ڕەوانەکرد بۆ ئازربایجان تا بەشداربن لەکۆنگرەی ئەنجومەنی نیشتیمانی ئازربایجان و هەروەها پێشنیاری ئەنجومەنێکی بچووکی بۆ خۆیان کرد. مەلا مستەفایشی ڕەوانەی باشوور کرد بۆ هێرش بردنە سەر بنکەکانی ئێران لە سەقز و بانە و سەردەشت. ئەوە لەکاتێکدا کە وەک بەفر لەلایەکەوە ئەوانی لێکدابڕیبوو ڕێگەی بنکەکەی سنەیشی لێ گرتبوون.

پەیوەدی لەگەڵ تەوریز وتاران

لەباکووردا گرتنی ڕەزائیە لەلایەن دیموکراتەکانی ئازربایجانەوە بووە هۆی ناکۆکی. بەڵێ، وەک زۆربەی دانیشتووی تەختاییەکانی ڕۆژئاوای گۆمی ڕەزائیە و بەشی ژوورووی شاری ڕەزائیە تا ماکۆ تورکی ئازەری بوون، بەڵام لەسەرگشت ئەو تەپۆلکانەی دەیانڕوانیە سەر تەختاییەکانی

ناوچەکە، خێڵی کورد دەژیا. هەروەها دانیشتووانی میاندواو کە دەکەوێتە باکووری[13] ڕۆژهەڵاتی گۆم تێکەڵەی هەردوو لان ... هەردووک دەستەی مەهاباد و دەستەی تەورێز وەک یەک چاویان بڕیبوە ئەو ناوچانەی پاشان بوو بەهۆی ناکۆکی هەمیشەییان. هەرچی عومەر خان و هۆزەکان بوو هەندە گوێ نەدەدایە دیموکراتی ئازربایجان و هەمیشە دەستدرێژییان دەکردە سەر ئەو گوند و شارانەی بڕیاربوو بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی دەستەی تەورێز. سۆڤییەتییەکان لە ئەپریلی ١٩٤٦دا قازی محەممەدیان بانگکرد بۆ تەورێز تا کۆتایی بهێنن بەو ناکۆکییە، چونکە لەبنەڕەتدا دەبوو ئەو دوو دەوڵەتەی سەر بەیەک چەقن خۆ لە یەک بەرەدا بگرنەوە. ئەوە لەو کاتێکدا دیموکراتەکان لەسەرێ بوون بۆ ڕێکەوتن لەگەڵ ڕژێمی تاران و چارەسەرکردنی کێشەی هەرێم.

وتووێژ لەنێوان پێشەوەری سەرۆکی دیموکراتەکانی ئازربایجان و قازی محەممەد و سۆڤییەتییەکان پێکهات و لە ٢٣ی ئەپریلی ١٩٤٦دا ڕێکەوتننامەیەک لە نێوان نوێنەرانی کورد و ئازربایجان مۆرکرا. ئەو پەیماننامەیە بوەهۆی تۆقاندنی تاران. چونکە لەڕاستیدا خودی پەیماننامەی نێوان دوو سیستێمی دیموکرات، و بڕگەکانی ئەو چەشنی دوو میللەتی سەربەخۆی نواندن، کە خاوەن مافی گۆڕینەوەی نماینده و بەیەک هاوپەیمان بن. ئەوەی خوارەوە بڕگەکانی پەیماننامەکەیانە:

١ـ لەکاتی پێویستدا هەردووک سیستێم نوێنەر لەگەڵ یەک دەگۆڕنەوە.

٢ـ شالیارێک لەئازربایجان تەرخانکرێت بۆ هەڵسووڕانی کاروباری کەمایەتی کوردەکانی هەرێم، و بەهەمان شێوە شالیارێک لەهەرێمی کوردستاندا بۆ کەمایەتی ئازەری ئەو هەرێمە.

٣ـ کۆمیتەیەکی هاوبەش پێکدێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئابووری نێوان دوو میللەتی هاوپەیمان و بڕیاری دامەزرادنی ئەو کۆمیتەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەرۆکی هەرددوک کۆماری میللی.

٤ـ هێزی چەکداری دوو میللەتی هاوپەیمان بەپێی ڕێکەوتننامە لەکاتی پێویستدا بۆیان هەیە یارمەتی لەیەکتر بخوازن.

٥ـ پێویستە لەگشت ڕێکەوتنێکی لەگەڵ تاران بەرژەوەندی هەردووک دەوڵەتی نیشتیمانی کورد و ئازەری بپارێزێت.

٦ـ دەبێ دەستەی نیشتیمانی ئازربایجان هاندەرێت بۆ بەکارهێنانی زمانی کوردی و بەرەوپێش چوونی کولتووری کوردی لەناو کوردانی ئازربایجان. هەروەها دەستەی نیشتیمانی کورد دەبێت هەمان هەڵوێستی هەبێت بەرانبەر بە ئازەرییەکانی لە کوردستان دەژین.

٧ـ دەبێ دوو سیستێمی هاوپەیمان سزای گشت ئەو کەس، یان کۆمەڵانە بدەن کە دەیانەوێت دۆستایەتی مێژوویی و برایەتی دیموکراسیانەی کورد وئازەری تێکدەن(٥).

دیموکراتی ئازربایجان ناچارکرا لە تاراندا بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ ئەحمەد کاوانی سەرەک شالیارانی ئێران بکەونە وتووێژ. بەپێی ڕێکەوتننامەی نیوانیان، دەبوو گشت ئازربایجان، واتە

E ـ 13 ـ ... باشووری ڕۆژهەڵاتی ....

بە بەشە کوردییەکەیەوە بگەڕێنەوە و وەک جاران ناوی ئێرانی لێ بنێنەوە. بەڵام سەرکردەی دیموکراتەکان لەو هەرێمەدا بینەوە خاوەن هەمان پلەی کە لە دەستەی دیموکراتدا بوویانە. ئەگەرچی کوردەکان بەهۆی ئەندام بوونی سەدری قازی برای قازی محەممەد لە دوا ئەنجومەنی سەنای ئێراندا بەشێک لەو رێکەوتننامەیە دەیگرتنەوە، هەر دژی وەستان. ئەوان بیریان لەوەدەکردەوە کە کەس خواستی ئەوانی هەڵنەسەنگاند، بەڵام دیموکراتەکانی ئازربایجان سەرپشک کران لەسەر مافی راگرتنی ئەوبارەی پێی گەیشتبوون بێ لەوەی هیچ بناغەیەکی رەوا بەر سیستێمەکەی قازی محەممە بکەوێت و باری کوردان لە کەمایەتی ناو دەوڵەتی ئێرانەوە دەگۆڕا بۆ کەمایەتی لەناو دەوڵەتی تورکی «خودموختار»ی ئازربایجان.

سەرئەنجام قازی محەممەد خۆی هەستا و چوو بۆ تاران تا رەخنەکەی بەسەرەک ئەنجومەنی شالیاران راگەیێنێت، و لەوێ خواست بیکەن بەسەرکاری ئەو هەرێمە کوردییە نوێیەی پێکهات لە ناوچە کوردییەکانی ئازربایجان و هەروەها ناوچە کوردنشینە زۆر گرنگترەکەی سنوورە لەگەڵ ئەوانەی ژێر دەسەڵاتی ئێران. ئەگەر ئەوە بچوایەتە سەر ئەوا لە سنووری روسیاوە دەیگرتەوە تاکوو ناوقەدی رێگەکەی کرماشان و سنە[٦]. ئەو هەرێمە کوردییە خاوەن سووکە سەربەخۆییەک بوو، و کاربەدەستانی لەدانیشتووانی خودی ناوچەکە بوون، و سەربازی لەشکری ئەوێیش هەر لە دانیشتووانی خودی ناوچە بوون. سەرەک ئەنجومەنی شالیارانی ئێران پێشنیارەکەی قازی محەممەدی پەسەندکرد، بەڵام مەرجی تەواوی پەسەندکردنەکەی خستە ئەستۆی دوکتۆر جاویدی سەرکردەی دەستەی دیموکراتی ئازربایجان. دوکتۆر جاوید بەو پرۆژەیە ئاڵۆزبوو کە دژی بوو. بەوجۆرە ناکۆکی بێ بن کەوتە نێوان کورد و دیموکراتەکانی ئازربایجان.

وەک لەلایەکەوە بڕیاری ئاگربەست هەبوو لەنێوان رژێمی چەق و کورد و ئازەریدا، لەلایەکی ترەوە تەقە و لێکدانی هەندێک ناوچە لەجەنگی راستی دەچوو. کە سۆڤیەتییەکان لەسەرەتای ئایاردا[٧] بڕیاری لە ئێران کشانەوەیان دا، ئێرانییەکان بەتەواوی پەنایان بردە بەر هێزی سپا و تیپی چواریان بەسەرکردایەتی جەنرالی توندڕەو، هومایۆنی کە زۆرنەبوو لەفرمانە قورسەکەی چەککردنی عەرەب* گوێزرابووەوە بۆ کوردستان و سەنگەری بەرانبەر بە کوردەکان لێدا. هومایۆنی لە ناوەندی ئەپریلدا رێگەی کردەوە بۆ هەرچی زووتر هێزی یارمەتی گەیاندن بە شارەکانی سەقز، بانە وسەردەشت.

دەگێڕنەوە کە رووسەکان بەڵێنی فرۆکەی جەنگی و تانک و چەکی قورسیان دابوو بەکورد، هەروەها توانای رەوانەکردنی پەنجا لاوی کوردیان دانی بۆ خوێندن و راهێنان لەسەر کاروباری راسیاری و لەشکر. لێرەدا قازی محەممەد پەرۆشی بەرەنگاربوونی هێزەکانی ئێرانی بوو، چونکە هێزەکەی جەنرال هومایۆنی بەسەر ئەو تەپۆلکانەوە بوو کە دەیانڕوانیە سەر ئەوان و جێی مەترسی

---

* ـ E ـ باشووری رۆژهەلاتی ....

بوو. هێزی گرنگ بەرانبەر بەوان بارزانییەکان بوو، بەڵام لەگەڵیاندا هەندێک جەنگاوەری خێڵی بچووکی کورد هەبوون هەر خۆیان بۆ تالانی ماتدابوو، و هەروەها حەمەڕەشید و پیاوەکانی لەتیبوون(٨). **

لەکاتێکدا جەنرال هومایۆنی پتر و پتر هێزی لەو ناوچەیەدا کۆدەکردەوە، قازی محەمەد و سۆڤیەتییەکان فشاریان خستەسەر عومەر خانی سەرۆکی هێزی شوکاک و هەرکییەکانی هاوپەیمانی تا لە باکوورەوە دابەزن بۆ یارمەتی، سەرەتا عومەر خان بەو بیانوەی ئەسپەکانی لە لەوەڕگەی زۆر دوورن و ئەوتۆ زوو پێیان نایەنەوە، قایل نەبوو بەڵام لەسەرەتای مانگی ئایاردا زۆری لێکرا پیاوەکانی خێڵ ڕەوانەی جەنگ بکات.

لە مانگی مای ١٩٤٦دا کۆمەڵێک جەنگی قورسیان بەخۆوە بینی کە تەنها بە هەندێک ژمارەی کەم جەنگاوەر دەگێرا، بەڵام هیچ یەک لەو جەنگانە سەرکەوتنی لەدوا نەبوو، لە سەرەتای ئەو مانگەدا کوردەکان لووتی ئێرانییەکانیان شکاند، کە کوردەکان ڕووبەڕووی پەلێک لەو لەشکەری ئێران بوون کە بەرەو سەقز دەکشا، بیستیان لێ کوشتن و نزیکەی سی کەسیان لێ بەدیل گرتن و دەستکەوتیان دوو چەکی ڕیز و چوار هەزار فیشەک بوو. کوردەکانی ئەوانیان لێ گلدانەوە و ئەوانی تریان ڕەوانەی تەوریز کرد.

بەڵام کوردەکان لەو هێرشەدا شکان کە لە نزیک سەقز کردیانە سەر ئەو ڕێگەیەی دەچێت بۆ مەهاباد. هێرشی ئەوان بە مەبەستی دابڕینی بوو لە ڕێگەی سنە. هەروەها ماوەیەکی کەمیش پاش گرتنی ئەو تەپۆلکانەی دەڕواننە سەر سەقز شکان، و لەشکرەکەی ئێران لەو تەپۆلکانەیان ڕامالینەوە و لەسەر هەندێکیان سەنگەری سەرگیراویان کوتا و لە هەر یەکێکدا سی تا چل سەربازیان دانا. ئەوەبوو لەپاشدا بڕیاری ئاگربەست درا و ئەفسەری پەیوەستی(إرتباط)یان(٩) گۆڕییەوە. بەپێی بڕیاری ئاگربەست دەبوو هەردوولا لەشوێنەکانی خۆیان بمێننەوە، و کوردەکان مافی پشکنینی ئەو ئوتۆمۆبیلانەیان درایە کە لەسەقزەوە دەچن بۆ بانە و سەردەشت. واتە بۆیان هەبوو نەهێڵن چەک و تەقەمەنی بگاتە بنکەی ئێرانییەکان لەو ناوە. هۆزەکانی شوکاک و هەرکیش بەرەو باکوور گەڕانەوە.

### قازی محەمەد وکوماری کوردی

پاش ئەو ماوەی ئاگربەستە کە بێ ئاژاوە نەچووەسەر، قازی محەمەد پەرژینی ئاسنینی شکاند و بە سەردانی هەندێک چاودێری نا سۆڤیەتی قایل بوو. وەک بەریتانییەکان بۆیان نەبوو سەردانی ئەو کۆمارە بچووکە بکەن، چونکە قازی محەمەد لێیان بەقین بوو لەسەر دەرکردنی بارزانییەکان لەعیراق، و هەروەها لەبەر بڵاوبونەوەی پروپاگەندەیەی سۆڤیەتی دژ بە بەریتانیا، و

** ـ ئەمەیشم بەگوێرەی ئینگلیزییەکە دەسکاری کرد ـ و

هۆی هەندێک ڕووداوی پێشتری کوردەکان کە وایان دەزانی ئەوان کوشتەی دەست و هەڵوێستی بێباری بەریتانیان. لەولاوە چوار ئەمریکی و یەک فەرەنسی لەکاتی جیاجیادا دەبوونە میوانی قازی.

لە ڕوانگەی ئەو چاودێرانەدا پرۆژەکەی کۆماری کوردی دەکرا بژی. ئەوجا وەک ژێرخانێکی یاسایی نەبوو، دەستەی قازی محەممەد هەر وەک پێش دەچوو بەڕێوە، ئەوەی تێیدا گۆڕا تەنها ناوی شالیارەکانی بوو لە" وزیر" ەوە بۆ "رئیس"[14]. بەتایبەتی خودی قازی محەممەد بوو بە سەرۆکی پارت (پێشەوای پارتی دیموکراتی کورد). دێهات لەلایەن ئاغا و سەرەک خێڵەکانەوە دەبران بەڕێوە و یاریدەرەکانیان لەو جەنگاوەرە خوبەختکەرانەی ناوچەبوون کە هەر بە جلوبەرگی کوردییەوە بوون، بەڵام لەژێر فەرماندەی ئەو ئەفسەرانە کە مەهاباد بە جلوبەرگی چەشنی سۆڤیەتی داینابوون. خودی مەهابادیش، لەوەوبەر لە شارەکانی هەرێمی فارسی لەخۆدا هێمن، ڕەنگین و خۆش هەڵگیرساو. جادەکانی پڕبوون لە کوردی جلوبەرگ نەتەوەیی لەبەر و لەمرۆ بەدواوە ئازاد لەچنگی سەرباز وجاندارمە ئێرانییەکانی لەوێ دایانکوتابوون.

هەرنەبێت، جوامێری قازی محەممەد لەدڵی ئەوکەسانە دەرناچێت کە تاکە یەک جار شانسی دیتنیان بەرکەوتووە، و هەروەها لەدڵی ئەوانەیشدا کەپێی دەزانن چۆن بە ئاسانی خۆی کرد بە دروشم بۆ نەتەوەییانی کوردی گشت لایەک. پیاوێکی کورتەباڵای تەمەن پەنجا ساڵ، پاڵتۆ کۆنێکی سەربازی لەبەر، ڕوو پەرستکاری ڕیش تەنک، بە نەخۆشی گەدە ڕەنگ زەرد بوو. نە جگەرەی دەکێش بوو و نە مەی خور، و یەکجار کەم خۆر. دەنگی یەکجار نەرم و بەسۆز بوو. لەسەرخۆ بوو بەڵام هۆشیار. ئاگای لەگشت گەلانی جیهان هەبوو، چەندین زمانی وەک ڕووسی و ئینگلیزی و ئەسپیرانتۆی (زمانێکی جیهانییە) زانیوە، نووسینگەکەی پڕ بوو لە پەرتووکی ڕێزمان و کۆمەڵە هەڵبژاردەی هەڵبەست و وێژە و بەرهەمی هونەری بە چەندین زمانی بیانی نووسراو.

پیاوێکی پڕباوەڕی بێ هاوتا و پشت ئەستوور بە توانا و لەخۆبووری خۆی، و هەروەها بێ فیز و زیرەکی لێهاتوو: ئەوی ئەو دەویست خودموختاری بوو لەچوارچێوەی دەوڵەتی ئێراندا. دەیگوت ئەو هاوبیرە لەگەڵ زۆر لەو کوردانەی باوەڕیان بەوەیە کە وەک کورد لە هەمان ئەو ڕەگەزە ئێرانیەن کە خودی فارسی دەچێتەوە سەر، بۆ وەک ئەوسا ناکەن کە لەکۆندا ماد و پارس لەکۆمەڵێکدا یەکیان گرتبوو. خودی قازی باوەڕی بەوە بوو کە کورد لە نەوەی مادە و دەیویست ناوی یەکێک لەو مادانە لە مەهاباد بنێت کە "تێیدا دەژیان" .

وەک کەس ناتوانێت دیاردەی ئامانجی نەتەوایەتی کوردی قازی محەممەد و لایەنگرانی بشارێتەوە، ئەوەیش ناشاردرێتەوە کە ئامانجی ئەوان کردنی مەهاباد بوو بە چەقێکی کولتووری و

14 ـ E ـ دەبێت مەبەست « رئیس الدیوان » بێت. ـ « و »

ناوەندی بزووتنەوەی نەتەوایەتی كورد لەبری سووریا و سلێمانی كە لەودواییانەدا دەستی بالآیان لەورووەوە هەبوو. ئەوان زۆریان كۆشی جۆش بە ژێرخانی كولتووری كوردی ببەخشن. لەفێرگەدا مامۆستا دەمووەدەست دەقە فارسییەكانی وەردەگێڕا، و پێش لەناوچوونی كۆمار پەرتووكی خوێندكارانی پۆلەكانی سەرەتاییان بەنووسینی كوردییەوە دەركرخست. هەروەك چەند ڕۆژنامە و بلاوكراوەی ڕامیاری بە شێوەی زنجیرەی مانگانە لەژێر ناوی "كوردستان" بلاوكرانەوە، لەوانە دوو گۆڤاری ڕۆشنبیری تایبەت(هاوار) و (هەلآلە)[١٠] بوو. ڕۆژنامەكانیان بەگشتی لەو چاپخانەیە دەگەیاند بەچاپ كە لەشكری سوور بەخشی بە پارتی دیموكراتی كوردستان. بوونی دوو لاوی وێژەر لەكۆڕی یاریدەرانیدا دەیسەلمێنێت كە قازی محەممەد زۆری بایەخ بە كولتوور و زمانی كورد داوە، هەروەك كەمبوونی كاغەز نەبووە تەگەرە لەڕێی بلاوكردنەوەی پەرتووكدا.

هەرچەندە لەتەمەنە كورتەكەی كۆماردا كۆششێكی ئەوتۆ نەبوو بیانگەیێنێتە ئاستی دوو ناوەندە كولتوورییە كوردییەكەی تر كە زۆر ئازادانە فێری نووسین خوێندنی ئەو زمانە دەبوون. بارە ڕامیارییەكە مەهابادی كرد بە ناوەندێك كوردی ئەوتۆ، گشت لایەك ڕووی تێبكات. لەیانە كولتوورییە كوردییەكانی بەیروت، ئیستەنبول و بەغدا، هەروەها لە كێوە سامناكەكانی ئاسیای بچووكەوە بەگشتی چاوی پرسیان بڕیبووە ئەو هەلە كە دەشیا بۆ قازی بچێتە سەر، یان دەستخەڕۆی بكات. گرۆی جۆربەجۆری كورد هەركەسە و بەشێوەیەك، نەتەنها لە بەغداوە، بەڵكوو لە سوریا و توركیایشەوە نامەیان دەنارد. بزوتنەوەكە زۆری كاركردبووە سەر ئەو لاوانەی بەتایبەتی باوەڕیان لەق بوو بە پارتە ناشیونالیستە كۆنەكانی هێچیان پێنەكراوە. تاخمێك لە عیراق كۆشیان پارتێكی چەپڕەوی نهێنی بە ناوی "ڕزگاری" لەسەر ئەو چەشنە پێكبێنن.

### هەستی نەیاربوون بە سۆڤیەت

دوو پارتە كۆنەكەی، (هیوا) لەعیراق و( خۆیبوون) لەسوریا هیچ سۆزیان بەرانبەر بە قازی محەممەد نیشان نەدا چونكە ئەو خۆی بەسۆڤیەتەوە هەلواسی بوو. ترسی كوردان لەسۆڤیەت زۆر بوو، تەنانەت خۆشنەوستنیشی لەبەر چەند هۆیەك بوون؛ لەسەرروو گشتەوە كورد لەبەر ئاین دۆستی لە هەلوێستی سۆڤیەت بەرانبەر بەئاین دەسلەمێنەوە. وەكتریش زۆر لە كوردەكان چاویان بەو پەنابەرانە دەكەوت كە لەسۆڤیەتەوە هاتبوون، یان لەگەڵ سەربازانی موسولمانی ناو لەشكری سوور دەدوان. مەگەر چۆنها یەكێك لەناو ئەو پەنابەر، یان موسولمانانەدا هەلكەوتبێت وێنەیەكی شیرین ژیانی گەلە ڕۆژهەلآتییەكانی ژێر سێبەری ڕژێمی سۆڤیەت بنوێنێت. هەروەك، پێویستە ئەوەیش بهێنینەوە یاد كە ڕووسەكان لە سەدەمی تزارییەوە دوژمنی كلاسیكی كورد بوون. لەكاتی جەنگی جیهانگیری یەكەمدا لەشكرەكەی سۆڤیەت[15] بەشێكی زۆری لە

15 ـ E ـ هێزەكانی رووسی ....

کوردستان کرد بەگۆڕەپانی هەندێک لە جەنگەکانی، و وێرانەیەکی زۆری لەپاشخۆ جێدەهێشت کە دیاردەی تاکو ئەمڕۆ لەزۆر گوند و دۆڵدا هەر ماون. لەخودی مەهاباد دا بۆ ماوەی چەند ڕۆژ فرمانیان پێبوو کە تەقە لە گشت ئەو کەسانە بکەن لەسەر جادە دەردەکەون، و هەروەها ئەو شارەیان تالان کرد وسوتاند. واتە هیچ یەکێک لەو کارانە لە مێشکی کوردەکاندا نەکوژابووەوە کە لەکاتی هەڕەشەدا " ئەوە ڕووس هات" تاکە وشەی سەرزاریان بووە بۆ کڕکردنی منداڵیان.

سۆڤیەت زۆری کۆشی ئەو ناکۆکییە نەهێڵێت، و بەزۆری"ئۆتۆنۆمی کوردان"ی ناو یەکێتی سۆڤیەتی دەکرد بە بەڵگە، هەروەک ئازایەتی ساماندۆف ناو "پاڵەوانی لینینگراد"یان وەک بەڵگە دەخستە ڕوو کە کۆلۆنێلێکی لەشکری سوور و بەڕەگەز کورد بوو. ناکرێت بڵێین لەوەدا سەرکەوتووبوون، چونکە گومانی لەوەدا نییە کە زۆر لە دانیشتوان و زەویدار و بازرگان و پێشەوایانی ئاینی خۆیان لێ دوور دەگرتن، و تەنانەت لە قازی محەمەدیش کە هیچ کەس دەست تێکەڵ نەبوونی ئەویان لەگەڵدا نالێت. چی دیوار بەبارەگای حکوومەتەکەیەوە بوو بە پروپاگندەی سۆڤیەتی داپۆشرا بوو، و ڕۆژنامە و گۆڤاری ئەو حکوومەتە پڕبوون لە بەرهەمی سۆڤیەتی وەرگێڕدراو بۆ کوردی، و هەڵبەستی وێژەرانیان هەر بەشانوباڵی ستالین و لەشکری سووردا هەڵیانداوە.

وەکتر، ئەگەر لەگەڵ ئازربایجاندا براورد بکرێت، سیخوڕی سۆڤیەتی بەئاشکرا لەکوردستان نەبینراون. لەهەندێک شوفێری لۆری دانیشتووی شاری ئێرانسوو بەولاوە ئەوی دەبینرا چاودێری دەوڵەتی سۆڤیەت و دەوڵەتانی تری سەر بەو بوون، لەو ناوچەیەدا هاوڵاتییانی سۆڤیەتی نەدەناسرانەوە و سیخوڕیش ئەوا هەر نابێ ئاشکرابێت. دەگێڕنەوە کە لەمەهاباد یەک نوێنەری سۆڤیەت هەبوو، بەڵام دەوڵەتی کوردی بەرپەرچی ئەو باسەی داوەتەوە(۱۱). هەرچی "هاشیمۆف"ی کونسوڵەکەی سۆڤیەتی شاری ڕیزائییە و عەلی ئەکبەرۆفی یاریدەری بوون جارجارە سەریان لە مەهاباد دەدا.

وەک لەئازربایجان ئاژاوەچی زۆر بوون و کەسیش گوێی نەداونەتێ، هیچ بەندێکی پۆلیتیکی لە زیندانەکەنی کوردستاندا نەبووە، ئەگەر هەڵیشکەوتبێت لەوانەیە تەنها یەک یان دووجار بووبێت، چونکە ئەمان هێشتا بیریان لە نەیار کوشتن نەکردبووەوە، ئەوتۆیش هەر هەندێک لەکوردانی دژ بە سیستێم هەڵهاتن بۆ تاران. بە ئاشکرا لەسەر جادەکانی مەهاباد گوێیان لەئێزگەی ڕادیۆکانی ئەنقەرە و لەندەن دەگرت، بەڵام بیستنی ئەودوانە لە تەورێز سزای مەرگی لەدوابوو، جا ئەگەر ئەو ئازادی و هێمنی و لیبرالییە لەلایەن قازی محەمەد و ڕژێمەکەیەوە بووبێت یان لەبەر خێڵەکانی هاوکاری بووبێت کە ئەشکەنجەخواز نەبوون، ئەوا ئەنجام ئەوە دەگەیێنێت کە سیستێمێکی گەلویست بوو، هەر هیچ نەبێت لەلایەن هاوڵاتییانی مەهەبادەوە کە شانازییان بەو بارەوە دەکرد کە چیتر نایانگێڕنەوە ژێر چەپۆک و ئەشکەنجەی ڕژێمەکەی چەق

لەئێران.

## هۆزەکانی نەیار

لەو کۆششەدا کە سۆڤیەت دەیویست ئارادەیەک نادیاربێت، نەیتوانی هۆزەکان و سیستێم لێک نزیک بکاتەوە. سەرەرای ئەوەی هۆکاری مێژوویی و کۆمەلایەتی و ئاینی ئەو خێڵانەی کردبوو بە نەیار بەو دەوڵەتە کە سۆڤیەت پاڵپشتییەتی، هۆی تری ئابووری زۆر بەهێز هەبوون. بنەڕەتی دەستمایەی ژیانی ئەو خێڵانەی کورد لەسەر بەروبوومی توتنە، بەڵام لەئێستا بەدواوە، لە بازارەکانی تری ئێران دابڕان و ژیانیان لێ سەخت بوو، وەکتریش جارجارە ناچار دەکران ئەو ئازووقە کەمەی بەدەستیانەوە مابوو لەگەڵ ئەو بارزانییانەی بەشکەن کە مووچەی ژیانیان بەدەستەوە نەمابوو، بۆیە هەر زۆر دەمێک بوو توانای بە میوان ڕاگرتنی ئەوانیان نەمابوو.

خێڵەکانی باکوور هەر زۆر بێزاربوون چونکە کوڕی خوالێخۆشبوو قەرەنی ئاغا، و مام عەزیزی سەرەک خێڵی مامش[16] و بایەزید ئاغای مەنگوڕی کە هاوپەیمانی بوو، هەر زۆر بە ئاشکرا دژایەتی خۆیان بە قازی محەمەد دەردەخست، ئەوکارە یاریدەری کونسوڵی سۆڤیەتی ناچارکرد لە ڕیزائیە بەرەوخواربێتەوە و هەڕەشەی ئەوەیان لێ بکات کە بارزانییەکانیان دەکات بەگژا. هەرچی مام عەزیز بوو لەسەر دژایەتی خۆی مویەوە، و بارزانییەکان بەڕاستی هەڵیانکردە سەری، ئەوجا ئەو لەگەڵ هەندێک پیاوی خێڵ هەڵهاتن بۆ عیراق. لە باکووری ڕیزائیەیش ئەو عومەر خانی شوکاکەی بە سەرۆکی دواڕۆژیان دەزانی دەستی لە پلەی شالیاری جەنگی سیستێمی قازی هەڵگرت و کشایەوە بۆ زیندوخت کە پایتەختی شاخاوی ئەو بوو لە باشووری ڕۆژئاوای شاپوور. تاکە خێڵ قازی لە مەهاباد پێ پشت ئەستوور بووبێت خێڵی قادر بەگ بوو کە ژمارەی چەکداریان نەگەیشتووەتە هەزار کەس، و لەناوچەی شنۆیش بەشێک لەخێڵی زیرازای کەم ژمارە بوو. تەنانەت مەلا مستەفا و بارزانییەکانیش سۆزی جارانیان بۆ قازی نەما کە چیتر نەیتوانیوە بیانژێنێت[17].

---

16 ـ (مام عەزیزی کوڕی قەرەنی ئاغای مامش). بڕوانە، شۆڕشی ساباڵاخ، عەلائوددین سەججادی، مامۆستای کورد ژمارە ٣٠ و ٣١ی ١٩٩٦، لاپەڕە ٥٢، دێڕی ١٧. وەرگیراو لە (عەلائوددین سەججادی: شۆڕشەکانی کورد وە کورد و کۆماری عیراق، ٢٦٥٩ی کوردی ـ ١٩٥٩ی فەرەنگی، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا. « و «

17 ـ دوا وتووێژی نێوان پێشەوا و مەلا موستەفا :ـ هەر لەبەر دەرگاکەی سەرجادەکە، مەلا موستەفا چووە پێشی بەرێز پێشەوا و فەرمووی:ـ « حەزرەتی پێشەوای فەرماندە ـ تکام ئەوەیە کە لەگەڵمان لەمەهاباد دەربچیت. ئەگەر بەتەنێ بێنم حەوت ساڵ ئاڵاکەت لەسەر سەرم هەڵدەگرم. مانەوەت لێرە مەترسی لەدوایە. حکومەتی ئێران لەسێدارەت دەدا». پێشەوا فەرمووی:ـ « مەلا موستەفا لە هەموو سەردەمێکدا سەلماندووتە کە تۆ دڵسۆز و کۆڵنەدەری، نیشتیمان پەروەر و خەباتگێڕی، مەرد و وەفاداری. چاک دەزانم کە حکومەتی ئێران لەسێدارەم دەدا، بەڵام من کە لەخۆشیدا لەگەڵ خەڵکی مەهاباد دا بووم، ئەوا لە ناخۆشیدا بەجێیان ناهێڵم. مردن و ژیانم لەگەڵ ئەواندایە، گەر ئێستا بەجێیان بێڵم عەشیرەتەکانی مەهاباد بەردبارانمان دەکەن. »»»

ئەوجا قازی بێ پاڵپشت و بەتەنیا[18] رووبەڕووی ڕژێمی ئێران مایەوە کە تا دەهات دڕتر دەبوو. هەرچەندە سۆڤیەت بەڵێنی دابوو کە بە ئازووقە و چەک یارمەتی بدەن، بەڵام لە پاییزی ١٩٤٦دا نە چەکی قورسی بوو نە چەکداری ڕاگاتوو و تەنانەت لەشکرەکەیشی هەندە کارا نەبوو. کەزانی ئەرتەشی ئێران ڕۆژبەڕۆژ خۆ ئامادە دەکات، قازی نامەیەکی ئاراستەی هۆزەکان کرد تێیدا دەریخست کە سۆڤیەت بەڵێنی پێداوە یارمەتی کورد بدات و لەوانی خواست خۆیان بۆ بەرگری لە لەشکرەکەی ئێران ئامادە بکەن، بەڵام هۆزەکان قایل نەبوون.

## گەڕانەوەی دەسەلات بۆ ئێران

وەک بەسەرهاتەکان خێرا هەڵدەسووڕا، ڕژێمی ئێرانیش پێی لەوە داگرتبوو کە دیوکراتەکان[19]

<<< بە کوشتنی خۆم ڕازیم ئەوەک مەهاباد بەوێرانی ببینم، فەرموو با بچین بۆ خانەقای ئەهری [مزگەوتی « هەباس ئاغا »] ئەگەر میللەت بیر و ڕای وابوو کە جێیان بهێڵم، ئەوا مانعم نیە، ئەگەنا دەمێنمەوە تا لەشکری ئێران دێتە ناو مەهابادەوە ». پاشان ڕووی لەمن کرد و فەرمووی:« ماشینەکەی منیش بەرن و سوودی لێ وەربگرن ». ... ـ "عەقید بەکر کەریم حەوێزی" بیرەوەرییەکانم بەشی ٤( گزینگ، ژمارە ٤، هاوینی١٣٧٣ ـ ١٩٩٤) « و »

18 ـ وا دیاربوو قسەکردنەکانی قوام و سادچیکۆف لەمۆسکۆ جێگەی خۆی بەتەواوی گرتبوو، بۆیە ڕووسەکان لەشکری خۆیان لە ئازرباجان کشاندەوە، بێجگە لەوە کە لەشکریشیان کشاندبووەوە تەمێی پیشەوەریشیان کردبوو، کە بەجۆرێکی هێمنی لەگەڵ ئێران بجزوێتەوە!، وادیاربوو سەرەتا پیشەوەری گوێی بەو ئامۆژگارییە نەدابوو، بۆیە هاتبوو لەگەڵ حکوومەتی قازیدا ئەو پەیمانەی ١٦ی تشرینی یەکەمەی بەستبوو، کە ڕووسەکان زانییان پیشەوەری بە دەستیاوی قازی وا هەر چووەتە کۆڕی شەڕەوە و بەربەرەکانێی حکوومەتی ئێران ئەکا، بۆ جاریدووەم سەرلەنوێ بەجۆرێکی توند و تیژ وڵامیان بۆ ناردەوە کەنابێ بەربەرەکانێی ئێران بکا و نەبێ دەست لە شەڕ هەڵگرێ!. هەر لەبەر ئەمەبوو کە بە جۆرێکی کوتووپڕ لە شەوی کانوونی یەکەمی ١٩٤٦دا لەناکاو، بەلاغێکی لیژنەی مەرکەزیی حیزبی دیوکراتی ئازربایجان، دەرچوو کەئەبێ شەڕکردن لەگەڵ حکوومەتی ئێراندا بوەستێنرێ و ئیتر جەنگیان لەگەڵ نەکرێ!.. کە ئەم بەلاغە بیسترا، هێزی کوردی دەمی خۆی گەیاند بەقیادەی گشتی بۆ ئەوە بزانێ چ باسە؟!، "قیادەی موشتەرەک" وڵامی دایەوە کە "ئەم شەڕی ئێمە وحکوومەتی ئێرانە ئەبێتە هۆی شەڕێکی تری گشتی عالەمی، لەبەر ئەوە پێویستە کە ئیتر جەنگ نەکرێ!..."... عەلائوددین سەججادی، سەرچاوەی سەرەوە. « و »

19 ـ لە ڕێکەوتنەکەی ١٦ی ئوکتۆبەری ١٩٤٦ بەدواوە، بە هێزە هاوبەشە(کوردی ـ ئازەری)یە کەم ئەمەنەکە گوتراوە. بڕوانە عەلائوددین سەججادی، سەرچاوەی پێشوو. ـ هەروەها بۆ پتر ڕوونکردنەوەی ئەو ناو و ڕووداوانە پەنا دەبەمە بەر ئەم باسەی خوارەوە کە لە هەمان سەرچاوەی سەرەوەدایە؛ ... لەبەر ئەوەی گرتنی زەنگان بۆ ئێرانییەکان بەرانبەر بەئازربایجان کاریگەرییەکی زۆری هەبوو، هێزی ئێرانی هەموو کۆششێکی خۆی لەو قۆڵەوە خستبووە سەر گرتنی ئەوێ. لە ٨ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٦دا حکوومەتی ئێران بە پشتیوانی فڕۆکەکانی ئەمریکی لە هەردوو قۆڵەکەوە دەستی کرد بە شاڵاوهێنان، لە ڕۆژی ٩دا کوتووپڕ هێزی ئێران لە سەقز کشایەوە. کشانەوەی ئەو هێزە دوو مەبەستی تێدا هەبوو، یەکەم ئەوە بوو کە ئەیویست هەر بەهێزی هەوایی و فڕۆکەی ئێران و ئەمریکی بکەوێتە ناوەوە، چونکە ئەیزانی بە هێزی سەر زەوی باشاری کوردەکان ناکا و پاشەڵی پیس ئەبێتەوە!، دووەم ئەیەویست ئەو هێزی قۆڵی سەقزە زۆر بە خێرایی بگەێنێتە خەتی تیکانتەپە .... هەرچەندە حکوومەتی ئێران لە ٢٤ی تشرینی دووهەمی ١٩٤٦دا زەنگانی >>>

دەست لەسەر ناوچەی زیجان[20] هەڵگرن چونکە ئەو هیچکات بەش نەبوە لە ئازربایجان. هاوکات لەگەڵ ئەو خواستەی ئێرانییەکان هێزی لەشکریان بۆ خستە ڕێ. دیموکراتەکان بە چۆڵکردنی ئەو ناوچەیە قایل نەبوون، ئەوجا پێش بەسەرنەچوونی ئۆڤەمبەر لەشکری ئێران سەرانسەری ئەو ناوچەیەی گرت. ئێرانییەکان پاش نیوەشەوی ١٠ی دیسەمبەر هێرشیان کردە سەر بنکەی دیموکراتەکان لە دەربەندی کافلانکۆی کە دەکەوێتە باشووری شاری میانە. دیموکرات بە تاکە یەک شەو و ڕۆژ لە بەرگری کەوت و سەرکردەکانی هەڵهاتن بۆ سۆڤیەت. داگیرکردنەوەی تەورێز ساڵی بەسەردا تێپەڕیبوو کە هێشتا کاوان[21]ی سەرەک شالیاراتی ئێران ڕۆژ نا ڕۆژێک ئەو نامەی خۆ بەدەستەوەدانەی سەرکردانی دیموکراتی دەهێنایەوە یاد کە لەوانەوە پێی گەیشتبوو، هەروەها دەیگوت گوایە ئەو بڕیارەکەی بە سەیفی قازی سپاسالاری لەشکری کورد ڕاگەیاندووە، و پێی گوتووە کە فرمان بدات بە هێزەکان تا جەنگ ڕابگرن.

لە ڕێکەوتی ١٣ی دیسەمبەردا سەدری قازی برای قازی محەممەد کە ئەندامی پەرلەمانی ئێرانی بوو بەهۆی بەیەک گەیاندنی براکەی لەگەڵ ئێرانیەکان لە مەهابادەوە گەیشتە میاندواو تا جەنرال هومایۆنی ئاگادارکات لەوەی کورد ئامادەن بەشێوەی ئاشتیخوازانە پێشوازی لە لەشکرەکەی بکەن. بڕیاری جەنرال ئەوەبوو کە فرمان بە لەشکرەکەی ئەدات لەگەڵ دەرچوونی بارزانییەکاندا ئەوان بچنە ناو هەرێمی مەهاباد. ئەوجا بە فەرمانداری فغاری کۆلۆنێلی ئێرانی خێڵەکانی سەر بە ڕژێمی ئێرانی وەک هۆزی دەبورکی، مامش و مەنگوڕ کە لە عیراقەوە گەڕابوونەوە لە پێشدا نارد. ئەوەبوو نزیک بە مەهاباد نوێنەرێکی قازی محەممەد ئەو هێزەی ڕاگرت و پێی ڕاگەیەندن کە بەپێی ڕێکەوتنیان لەگەڵ جەنرال هومایۆنی دەبێت هێزەکانی لەشکر دەست بەسەر شاردا بگرن نەک پیاوانی خێڵەکی کە لەوانەیە ببنە هۆی ئاژاوە. لەوێدا ئەو هێزە بێ جەنگ گەڕایەوە، و لە ١٥ی دیسەبەری ١٩٤٦دا پاش کشانەوەی بارزانییەکان لەنەغدە، لەشکرەکەی ئێران چووە ناوەوە و بەوە کۆتایی بەو کۆمارە کوردیە هات کە ساڵێک بوو دامەزرابوو.

ئاهنگ بۆ پێشوازی لەو لەشکرە سازکرا و قازی محەممەد لەگەڵ سەرانی ئەو لەشکرە سەردانی یەکتریان کرد. بەڵام لە ١٧ی دیسەمبەردا ئاخمێک کورد گیران، و ڕۆژێک پاش ئەوان قازی محەممەد و سەیفی قازی و زۆری تریشیان ڕەوانەی زیندان کرد. لە حاجی بابە شێخ بەولاوە کە پلە ئاینی ڕزگاری کرد و هەندێک لەو کوردانەی لە لادێ خۆیان شاردبووەوە، ئیتر کەس لە ئەندامانی

<< لە دەست ئازربایجان هەڵپڕووکاندبوو، بەڵام ترسی هەرە زۆری ئەو لە قۆڵی تیکانتەپە و هەوشارەوە بوو، کە ئەگەر لەوێدا هێزی کوردی وئازەری بگەنەوە بەیەک تازە ئەو ناتوانێ باشاریان بکا. لەبەر ئەم ترسە ئەو پیلانە عەسکەرییەی ڕێک خستا. » و »

20 ـ E ـ زنجان ....

21 ـ E ـ ... قەوام ....

حکوومەتەکەی قازی لەگرتن دەرباز نەبوو. سەرەڕای گرتن و سزادانی سەرکردەکانی کورد ئەوەیش بوو کە دەبوو هەریەکەی چەند پیاوی خێڵەکی لەماڵیدا دادەمەزرین و دەبوو خێزانی ئەوان بەزۆر خۆراکیان بدەنێ. ئەوە لەئێراندا هەر لەکۆنەوە باوبووە کە بێ بڕیاری دادگا ئەو جۆرە سەرانەیە بدرێت بەسەردا. لە ٣٠ی دیسەمبەریشدا کە سەدری قازی لە تاران دەگەڕایەوە گرتیان و بردیانەوە بۆ مەهاباد و لەتەنیشت براکەیەوە زیندان کرا. ئەوە لەکاتێکدا کە ئەو بە درێژایی ئەو ساڵە تەنها ئەو جارە کە ئەویش لەسەر پێشنیاری خودی ڕژێمی ئێران فرمانی ناویژی بەجێهێنا ئیتر هیچ تارانی بەجێ نەهێشتبوو. بانگەوازی ئەرتەش ئەوەبوو کە هەچکەس سکاڵای لەدەست ئەو گیراوانە هەیە بیخاتە پێش، و پاش ڕوانینە ئەو سکاڵانە دادگا سزای مەرگی بۆ قازی محەمەد و سەیفی قازی و سەدری قازی بڕیاردا. لە بەرەبەیانی ٣١ی مارسی ١٩٤٧دا لە گۆڕەپانی مەهاباد هەرسێکیان هەڵواسرابوون.

ئەوجا ڕژێمە سپا بەسەریدا زاڵەکەی ئێران نەخشەی بۆ لەناوبردنی گشت جۆرە دیاردەیەکی سیستێمی قازی محەمەدی دانا و چاپخانە کوردییەکەی داخست و خوێندنی زمانی کوردی قەدەغەکرد و گشت پەرتووکی بەو زمانە نووسراوی بە ئاشکرا سووتاند. بۆ ئەوەش زەبری خۆی بۆ خێڵەکان دەرخات، پانزە کەسی[22] لە هۆزی فەیزوڵلابەگی و گەورکی ناوچەی سەقز لەسێدارە دا.

ئەو دیمەنە زەقەی لە کارەساتی داگیرکردنەوەی مەهاباد بەجێما لێرەدا پێویستی بە باس هەیە. هەر بەدەرکەوتنی هەرەسی دیموکراتەکان دەستبەجێ جوتیار، کرێکار و بازرگانانی بچووک لەگشت لایەک، جگە لە ئازربایجان، کەوتنە سەرپێنی ئەوانەی سەر بەدیموکرات بوون. ئەوە بەرپەرچدانەوەیەکی ساویلکانە بوو لەخۆیدا ڕادەی ناحەزی دانیشتووانی دەردەخست بەرانبەر بەو سیستێمە. بەڵام وەکتر، لە مەهاباد گشت هەڵوێست بەهێمنی چووەسەر. ئەوە دیاردەیەکی تایبەتە، پێویستی بە لێی ڕوانین دەکات. وەک بەرگوێ دەکەوێت لەئازربایجان پۆلیسی ئاسایش بە زەبر و هەمیشە بۆ گشت جۆرە ڕووداوێک لەناکاو دەکەوتنە سەرپێ، بەڵام قازی هەرگیز پەنای

---

22 ـ بەڵکوو لەو ژمارەیە پتر بوون. بڕوانە عەلائوددین سەججادی، سەرچاوەی پێشوو، کە دەڵێت: لەپاش خنکاندنی ئەمانە « واتە پێشەوا و سەیف و سەدر» لەڕۆژی٧ی نیسانی ١٩٤٧دا چەند قەنارەیەکی تریان لەدەشتی ناو شاری ساباڵاخا دامەزراند و ئەمانەی خوارەوەشیان خنکاند: ١ ـ ڕەئیس حامید مازووجی ٢ ـ ڕەئیس ڕەسووڵ نەغەدەیی ٣ ـ مولازیم عبدوڵلا ڕەوشەنفیکر ٤ ـ مولازیم محەمەد نازمی. ... ... لەناو شاری بۆکانیشدا ئەمانەی خوارەوە ئیعدام کران: ١ ـ عەقید عەلی بەگی شیرازی ٢ ـ عەقید محەمەد ئەمینی کەسنەزانی ٣ ـ ئەحمەد خانی فارووقی، خۆی و دوو برای کە ئەمانە لە عەشرەتی فەیزوڵلا بەگی بوون ٤ ـ ئەحمەد خانی کەڵتەگە ٥ ـ مەحموود خانی تورکمانکەندی ٦ ـ محەمەد خانی باباخان بەگ لەسەرۆکی عەشیرەتی فەیزوڵلابەگی ٧ ـ محەمەد بەگی شێرزادی لە سەرۆکی عەشیرەتی فەیزوڵلابەگی ٨ ـ ئاغا سدیقی بازی بلاخی لەدانیشتووانی سەقز ٩ ـ عەلی ئاغای تەموتە لە سەرۆکەکانی گەورک ١٠ ـ ڕەسووڵ ئاغای میرەدێ لە سەرۆکەکانی عەشیرەتی گەورک. ئەوانەی کەوا بە فرمانی عەسکەری ئیعدام کران تا پەنجا کەسێک ئەبوون، ... » و «

بۆ ئەوجۆرە زەبرە نەبرد. ڕاستی ئەو باسەیش ئەوە دەیسەلمێنێت کە دەگێڕنەوە: هەرنەبێت سیستێمەکەی قازی لە پایتەختدا زۆر گەلخواس بوو.

بەڕاستی لە باکووردا، عومەر خان و خێڵەکەی بندەسەلاتی، دەستیان تێکەڵ بەو جۆرە ڕووداوە نەکرد و ئەوە هەلێکی دا بە لەشکر پشت بەو جۆرە بەڵێنە نەبەستێت، پرۆژەی لێکدانی بەشەکانی ئازربایجانیان بەو ڕانەگەیاند، و لە کاتێکدا خان بڕیاریدا هێز کۆبکرێتەوە و هێرش بکەنە سەر دیموکراتەکان جەنگ ڕوو لە دامرکاندا بوو. عومەر خان و هەندێک سەرکردەی تر فرکانی نامەی لایەنگیریان بۆ سەرکردەی ئێرانی نارد، بۆیە گشتیان لەناوەندی دەوڵەتدا پەسەند کران، جگە لە زیرۆ بەگ کە پیاوەکانی لە بالایشی نزیک بە ریزائیە بۆسەیان بۆ چەند سەربازی ئێرانی نابووەوە. ئەوە لەکاتێکدا زیرۆ بەگ خۆی یەکێک بوو لەوانەی بۆ وتوویژ لەگەڵ جەنرال هۆمایۆنی دانیشتبوو. ناچار زیرۆ لەگەڵ هەنێک لە پیاوەکانی و چەند ئاشوورییەک هەڵهاتن بۆ شنۆ و پەیوەندییان کرد بە مەلا مستەفا و ئەو بارزانییانەوە کە لەگەڵ ڕژێمی چەقدا کەوتبوونە باری ئاگر بەستی کاتی. سەرئەنجام مەلا مستەفا بە پێچەوانەی بڕیارەکەی سەرانی ئێران کە دەبوو پیاوەکانی چەک دانێن و بگەڕێنەوە بۆ عیراق، کەوتەوە جەنگ. بارزانییەکان لە جونی ١٩٤٧دا توانییان بەزەبر ڕێگە ببڕن و بەرەو باشوور ڕوو لەماکۆ بکەن. واتە هەندەیان نەمابوو سنووری یەکێتی سۆڤیەت ببڕن.

## پایان

کە ئێران مەهابادی داگیرکرد، کۆتایی هات بە دوا کۆشش بۆ دامەزرانی دەوڵەتێکی کوردی. ئەویش وەک کۆششەکانی پێشوو، نەبوونی یەکێتی ناوخۆیی خۆیان هۆی تایبەت بوو بۆ سەرنەگرتنی ئەو دەوڵەتە. یەکێک لەو دیاردانەی بە دوو سەرە کاری کردە سەر نەتەوەی کورد ئەوەیە کە دەبوو کار بە شارستانیانی زۆر ڕۆشنبیرتر بسپێرن. دەبوو ئەوان بن ئەندام و لایەنگیر، نەک ئەوەی هەمیشە بۆ هێزی بەرگری پشت ببەستن بە خێلاتی و سەرکردەی بیرتەسکی ئەوتۆ کە لە تالانی بەولاوە بیر لەهیچیتر ناکەنەوە، و سەرئەنجام دەبێتە هۆی لاوازبوونی دەسەلاتی دەوڵەت. گومان لەوە ناکرێت کە لەساڵی ١٩٤٦دا هۆزە کوردییەکانی نەیار بە ڕکێفی دەوڵەتەکەی ژێر دەسەلاتی قازی محەمەد کە لە هەمان ڕەگەزی خۆیانە بوو خۆیان بە بێدەسەلات تر دەزانی لەکاتی ژێر دەسەلاتی دەوڵەتی چەق. ئەو هەستە، و هەروەها بێباوەڕی کە لە ئەنجامی پەیوەستبوونی قازی محەمەد بە سۆڤیەتەوە بوو، تارادەیەک ڕووی بەو هۆزانەی وەرگێرا بەرەو لەشکرەکەی ئێران.

هۆی سەرەکی وبنەڕەت بۆ ڕووخانی کۆمار، نەبوونی هاوکاری پراکتیکی سۆڤیەت بوو.

دەستی بیانی دزەی کردە ناو ئەو پارتە نەتەوەییە بەهێزەی دەیتوانی پتر ڕۆشنبیری کورد لەخۆ کۆبکاتەوە. ئەو بیانییانە لەپێناو بەرژەوەندی تایبەتی خۆدا پارتیان بزواند و پاشان بەر هەرەسیان خست. ئەو دەوڵەتە بچووکەی لەژێر چاودێری لەشکری سووردا درووست بوو مانەوەی ئەبوو ئەگەر ئەو لەشکرە نەکشایەتەوە. کشانەوەی ئەوان چرای ئاواتی کوردانی خامۆش کرد و هێچ نەما ئێرانییەکان لێی بترسن، ئەوجا هەلی خۆڕاگرتنیش بۆ بزووتنەوەکەی قازی محەمەد بەدەستەوە نەما.

ئەو ڕووداوە تەگەرەیەکی ترسناکی خستە بەر سەرهەڵدانی نەتەوەی کورد، و ئیتر نەکۆمەڵە ما، نە پارتی دیموکراتی کوردستان. هەرچەندە زۆر سەرکردەی کارا گیانی سپارد یان بەر زیندان و دوورخستنەوە کەوتن، هێشتا ئەوە ناگەیێنێت کە نەتەوەی کورد لەناو چووبێت. چینە پێشکەوتنخوازەکانی نێو نیشتیمان کۆڵەکە بوون بۆ کۆمار. چی بە ژمارە و چیش لە لایەنی گرنگییەوە تادەهات ئەو چینە بە ئاشکرا بەرەوپێش دەچوو، و بەپێچەوانەوە جینی نەیاریان تێدا ڕوو لەنەمان بوو. پێویستە ئەوەیش لەیاد نەکەین کە هەرچەندە ناشینالیستی کورد لە زۆر شوێن سەری هەڵداوە، تا ئەم دواییانەیش لەناو کۆمەڵدا نەناسراوبوون، چونکە مرۆڤی کورد بە شێوەی سەرەکی لەژێر ڕکێفی سەرکردەی ئاینی و سەرەک خێڵدان. هەرگیز بۆ کورد هەڵنەکەوتووە لە دەوڵەتێکی ئاسوودەی تایبەت بە خۆدا کۆبنەوە و نەیشبوونەتە خاوەن فەرهەنگی کۆنی خۆ. شاخەکانیان لێ بووەتە کاریتە و لێکی جودا کردوونەتەوە. هەمیشە بۆ گەڕان لەشوێن فەرهەنگ و ئابووری ڕوویان لە پایتەختی جیاواز کردووە.

ئەگەر بهاتبا و لەو کیشوەرانەی تێیدا دەژین سووکە ئۆتۆنۆمییەکیان هەبوایە و نەتەوەی تریان بەسردا نەکردایە بەئاغا، ئەوسا ئەو دەوڵەتانە گشت جۆرە ڕێزێکی لێ دەبینین، چەشنی ئەو ڕێزەی سویسرا لە گەلێکی چەند ڕەگەزی دەیبینێت. ئەوەتا وڵاتە عەرەبییەکان کردووەتە لەو بارە[23] دەکەن، خۆ ئێرانیش دەتوانێت ئەو جۆرە هەڵوێستە بگرێتە بەر و ببێتە هۆی بتەو کردنی یەکێتی نێوان دوو نەتەوە، بەو مەرجەی دەستی بیانی تێنەکەوێت. *

23 ـ کامەیە ئەوەی وڵاتە عەرەبییەکان ڕووی لێ دەکەن؟!. وا پەنجا ساڵی ڕەبەق بەسەر بڵاوبوونەوەی ئەم وتارەدا تێپەڕی ئەوجا لە (قەززافی) سەرۆکی لیبی بەولاوە لەلای گشت یەکێک لەڕژێمە عەرەبییەکان تەنانەی بیرکردنەوە لە ئۆتۆنۆمیش بە(خیانە قومیە) ناو دەبەن. کامەیان، چی لایەنگرانی ( قیبلەی ئازادی گەلانی هەڵوەشاو، یان ئەوانی سەر بە بنکەی سەرمایەداری ڕۆژئاوا) سەرزەنشت و تەنانەت لەبن لێویشەوە ڕەخنەیان لە سەددام گرت بۆ گازکوژی و ئەنفالەکانی دەیەها " بەڵکوو سەدەها" هەزار کوردی بێچارە. « و »

# تێڕوانین

*ـ تێبینی چاپ: ئار چی ڕۆزیفیلد ( پاشبەندی سپایی باڵوێزخانەی ئەمریکی لە تاران) مارسی ١٩٤٦ تا جەنیوەری ١٩٤٧. لەو ماوەیەدا کەوتە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەت بە دۆزی کورد. ئەو یەکێکبوو لەو چوار ئەمریکاییەی لە ماوەی ژیانە کورتەکەی کۆماری کورد دا سەریان لەوێ داوە. جیاوازییەکەی نا ئاسایی لەنێوان شێوە و بووچوونە ڕامیارییەکانی ئەم بەشە و بەشەکانی تری پەرتووکدا دەبینرێت، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوون یان بزربوونی بەڵگەی بتەو سەبارەت بە کۆماری مەهابادی " تەمەن ڕەشەبایی" ئەوەی هەڵپەی بۆ دەکرد. لەوەتەی جەنگی جیهانگیری یەکەمەوە بەدیهێنانی دەوڵەتێکی کوردی ئاسەربەخۆ بوو بوو.
ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆ یەکەم جار لە The Middle East Journal ژمارە ١، ٣ی جولی ١٩٤٧ دەرکەوت. « بەگوێرەی ئینگلیزییەکە ـ و »

١ ـ جلوبەرگی کوردی بریتییە لە مشکییەکی ڕیشووداری ئاوریشمی و شینباو، چۆخەی چنراو و ڕانکێکی بۆری فشی خوری « مووی بزن ـ و» و پشتوێنێکی ئەرخەوانی بەشێوەی سەیر پێچراو کە دارجگەرە و کیسەی توتن و خەنجەرێکی چەماوەی درێژی پێدادەکرێت. کە ڕەزا شا جلوبەرگی نەتەوەیی لەبەرکردنی وەک گشت ئێرانییەکی تر لە کوردەکانیشی قەدەغەکرد ئەوان لەماڵەوە هەروەک درووشم بۆ شانازییان بەنەتەوەوە هەڵیانگرتووە، تا ئەوکاتەی هاوپەیمانەکان لەنێران پەیدابوون ئەوجا لەپڕ بەو بەرگەوە دەرکەوتنەوە. لەڕاستیدا ئەو خێڵانەی لەشاخ و کێوە دوورەکاندا دەژیان هەرگیز وازیان لەو بەرگەی خۆیان نەهێناوە. کوردان هەندەیان دڵ بە پۆشاک خۆشە سزا بەریان لێناگرێت. کوردێک پێیخۆشە هەرچی پوولی پێیە بیدات بە پشتوێنێکی جوان نەک ژەمێک (کەباب)ی خۆشی پێ بخوات. جلوبەرگ لێ قەدەغەکردن بوو بەهۆی پتر تووڕەییان لەڕەزاشا و هەروەها لەڕژێمەکەی.

٢ ـ بۆ زانیاری پتر لەسەر پارتی توودە، بڕوانە جۆرج لینزۆفیسکی " بزوتنەوەی کۆمۆنیزمی لە ئێران" Middel East Journal ژمارە ١ لاپەڕە ٢٩ تا ٤٥. « ئەم خالە لەچاپە عەرەبییەکەدا ئاخۆێنرێتەوە بۆیە لەئینگیزییەکەم وەرگرت ـ و »

٣ ـ زیرۆ بەگ سەرکردەی تاخمێک چەتەبوو، لەپێشدا لەگەڵ سمکۆی سەرکردەی شۆڕشی هۆزی شوکاک دابوو. پاش شکست هاتن بە ناوبراوی دووهەم و لەناوبردنی بەدەستی ڕەزا شا، زیرۆ ترانی هەڵبێت بۆ عێراق. دووبارە ساڵی ١٩٤١ گەڕایەوە و لە دۆڵی یاراندوزدا ناوبانگی دەرکرد. بەوەی زۆرجار لەگەڵ ئەفسەرانی ڕامیاری سۆڤیەت دەبینرا پێدەچێت بەکرێگیراوی

پرِدەسەلاتیان بوو بێت. ئەگەرچی لەناو خێڵی هەرکیدا هەندەی بایەخ نەبوو، بەپەیوەندی بە سۆڤیەتییەکانەوە هەلی رۆڵ بینینی لە بزووتنەوەکانی کوردستاندا بۆ رەخسان.

٤ ـ ئەندامانی تری کابینەی شالیاران ئەمانە بوون؛ حاجی بابەشێخ، پێشەوای ئاینی ناوچە بوو کرا بە سەرۆک شالیاران، صدیق حەیدەری بەشالیاری کارگوزەرانی و میدیا، مەناف کەریمی بە شالیاری فەرهەنگ، محەمەد ئەمین موعینی بە شالیاری بازرگانی، ئەحمەد ئیلاهی بە شالیاری ئابووری، سەعید محەمەد تەها بە شالیاری تەندروستی و خەلیل خوسرەوی بە شالیاری ناوخۆ. لەو شالیارانە تەنها یەکێکیان لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە بوون، ئەوانی دی لە جینی بۆرجوا، یان چینی پایەدارانی کۆمەڵی وەک بازرگان و کاربەدەستی میری و خاوەن زەوییەکان بوون.

« مامۆستا عەلائوددین سەججادی لە " شۆرشی سابلاغ "دا ناوی ئەم شالیارانەیشی هێناوە؛ کەریمی ئەحمەدی بۆ "پۆست و تەلگراف"، حاجی رەحمانی ئیلخانیزادە بۆ "راوێژ"، ئیسماعیل ئیلخانیزادە بۆ "رێگەوبان"، مەحموود وەلیزادە بۆ "کشتوکاڵ" و حاجی مستەفا داودی بۆ "بازرگانی"(لێرەدا محەمەد ئەمین موعینی بە "شالیاری کیشوەر" دەرکەوتووە). مامۆستای کورد ـ ٣٠ و ٣١ی هاوین و پایزی ١٩٩٦. ـ و »

٥ ـ لەلایەن دیموکراتەکانی ئازەربییەوە پێشەوەری، بیریا، دوکتۆر جاوید و سەدیق بادیجان پەیماننامەکەیان مۆرکرد، و لەلایەن کوردانیشەوە قازی محەمەد، سەعید عەبدوڵای گیلانی، عومەر خانی شوکاک، زیرۆ بەگی هەرکی و رەشید بەگی هەرکی مۆریان کرد.

٦ ـ سەنەندوج( سنە ) پایتەختی ئەو هەرێمەی کوردستانە کە لەکۆندا میرنشینی ئەردەڵانی سەربەخۆ بوو، سەقز و بانە سەر بەو بوون بەڵام سەردەشت بۆ هەڵسووڕانی کاروباری میری خرابووە سەر ئازربایجان. وشەی "کوردستان "لەم باسەی ئێمەدا تەنها ئەوناوچەیە دەگرێتەوە کە لەژێر دەسەلاتی قازی محەمەد دابوو و هیچ بەشێکی ناکەوێتە نێو ئەو هەرێمەی کوردستان.

٧ ـ لەشکری سوور لە٩ی ئایاری ١٩٤٦دا ئێرانی بەجێهێشت. «تێبینی : وەک رۆژەکەی ناتەواوە، لەبری " ئایار آذار بێت، واتە مارسی سێهەمین مانگی ساڵ نەک ئایار کە پێنجەمینە". دوکتۆر ئەمیر حەسەنپوور لە"ستالین، قەیرانی شۆرش و رووخانی کۆماری ئازربایجان و کوردستان" دا دەڵێت: ١) بەشەکانی ئەرتەشی سوور لە تاریخی ٢٤ی مارسی ١٩٤٦ەوە، واتە یەکشەمۆ چواری فەروەردینی ١٣٢٥ لە ماوەی مانگ و نیوێک تەواوی خاکی ئێران چۆڵ دەکەن. ـ بروانە گزینگ، ژمارە ١٣، پایزی ١٩٩٦. ـ و »

٨ ـ کوردەکان گومانیان لە حەمەرەشید خان و هێزەکەی بوو*، جونکە لەبەر ئەوەی بیکەنەوە بە سەرکاری بانە هەر بەنهێنی وتووێژی لەگەڵ رژێمی ئێراندا مابوو. هەروەک کوردەکان و ئێرانییەکانیش گومانیان لەوەبوو کەپەیوەندی لەگەڵ بەریتانییەکاندا هەیە. لە مانگی ئۆگوستی دا بەرگوێی کەوت کە دەیانەوێ لەمەهاباد بیکوژن هەڵهات و گەراپەوە بۆ عیراق.

« * ـ عەقید بەکر کەریم حەویزی لەبیرەوەرییەکانیدا دەڵێت: ... ڕۆژێک ماشێنێک لە سەقزەوە بەرەو سەرا دەیەویست بڕوات. لە کاتی پشکنیندا لە گیرفانی یەکێک نامەیەک دەدۆزنەوە کە لەسەرلەشکر هومایۆنی یەوە بۆ حەمەڕەشیدخان نووسرابوو، هەروەها هەندێک کەلوپەل وشەکر وچایشی بەدیاری پێدەبێت بۆ نێوبراو. کابرایان هێنا بۆلام بۆ قاراوا. هەرچەندە نامەکە بەئاسایی نووسرابوو، بەڵام ئاشکرا تێبینی ئەوە دەکرا کە نهێنییەک لە نێوان هەردووکیاندا هەبوو. هومایۆنی ئومێدی سەرکەوتنی بۆ خان دەکرد. وێنەیەکی نامەکەم نووسییەوە وپاشان نامە وشتوومەکەکانم دایەوە دەست کابرا کە بیگەێنێتە دەست حەمەڕەشید خان ... ... ماوەی دە ڕۆژێک تێپەڕی کردبوو. ڕۆژێک لە پۆستەکەوە کابرایەکی پیری سەرسپی، مێزەر سپی، پشتێن سەوزی باڵا بەرزیان هێنایە بنکەی قاراوا(شێخ مەلا حوسێنی ناوبوو) ...... زۆر بەوردی پشکنیبوویان و شانەیەک بە سەر و ڕیش و مووەکانی بن باخەڵیدا دێن و هەر لەبن باخەڵیدا نامەیەکی لوولدراو وەک کاغەز جگەرە دەدۆزنەوە، کاتێک کەکردمەوە، دیتم وەڵامی حەمەڕەشیدخانە بۆ هۆمایۆنی. ... نامەکشم ناردە خزمەت حەزرەتی پێشەوا ... پاش ئەوەی حەزرەتی پێشەوا نامەکەی بەدەست دەگات، حەمەڕەشید خان لەفەرماندەیەتی دەخات. ... دوابەدوای ئەوە حەمەڕەشی خان یش نامەیەک بۆ پێشەوا دەنووسێ کە لەوێدا بەرگری لەخۆی و لە ڕابووردووی دەکا ... مەلا مستەفا ئاگاداری کردم کەدەیەوێت بچێتە سەرا بۆ دیدەنی حەمەڕەشیدخان. ... ئەو ڕۆژە مەلامستەفا بەخۆی وسی چەکدارەوە چووە سەرا. شەو کە گەڕایەوە لەگەڵ یەکدا دانیشتین و فەرمووی « ئەو کابرایە رووخاوە، ئەڕواتەوە عیراق ڕێگای بۆ چۆڵ بکە، نامەوێ کوشتاری لێ بکرێ، هەرچەندە کە دەزانم تاوانەکە گەورە وئاشکرایە» ... ناچاربووم کە ڕێگەی چوونە دەرەوەی لەسەرا بۆ چۆڵ بکەم. ئەویش بەرەو عیراق ڕۆیشت. ... ( گزینگی ژمارە ٣، بەهاری ١٩٩٤). » و »

٩ ـ "کۆلۆنێل" محەمەد نانەوازادە کە یەکێکبوو لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە و لە دەرباری کوردیدا کرابوو بە ئەفسەری پەیوەندی « نێوان هێزەکان »، لەڕووداوی تێکشکانی فرۆکەیەکدا لەسەر شاری بانە بەربووەوە و گیانی سپارد.

١٠ـ لە خولی کۆمەڵەدا ڕیزێک چاپەمەنی رامیاری وەک (گەلاوێژ)، بەتایبەتی (نیشتیمان) بە وێنەیەکی ستالین لەسەر بەرگەکەیەوە وەک ئۆرگانی پارت دەرکەوت و لە عیراق و ئێراندا بڵاو دەکرانەوە.

١١ ـ دەگێڕنەوە کە ئەسەدۆف ناوێک دوا ڕاوێژکاری سۆڤیەتی بوو لەمەهاباد و تاکو دوا ڕۆژەکانی کۆمار لەوێ مایەو، پاشان خۆی گەیاند بە کونسولییەتی سۆڤیەتی لە تەورێز.

# ٥

# کوردستانی عیراق

عیسمەت شەریف وانلی*

## ئامـاژە

لەوەتەی زلهێزەکـان بەناجۆر سەنگوبەردی کێشەکـانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پاش جەنگی جیهانگیری یەکەمیان دەسکاری کردووە. نەتەوەی کورد گیرۆدەی گشت جۆرە چەوساندنەوەیەکی نەتەوەیی ناو چەند دەوڵەتی جـۆراوجـۆر بووە. تاوێـک بە هەڵـوێسـتی دڕندانەی لایەنی وەک تورکیای کەمالی، و گاهێکیش وەک ئێران بە فێڵ و تەڵەکە دەیاننوێنێتەوە. جۆری چەوساندنەوە لەلای دەوڵەتەکـانی بوونەتە سەرکـاری ئەوان بەگـوێرەی ئارەزووی ڕۆژئاوا هەریەکـەو خـۆی بە دیموکرات یان سۆشیالیست ناو دەبات، دیارە لەجەوهەردا لێک جودان. بڕوانە عـیراق کە لە ئەنجـامی ڕێکەوتنەکـەی جەزایری ٦ی مـارسی ١٩٧٥بەدواوە خـۆی گـرتووەتەوە و بە هاوکـاری ڕژێمی ئێران بۆ بەعـارەب کـردنی کـوردان کـەوتووەتە گـواستنەوەیان بۆ ناوچە عـارەبییـەکـان، و عارەبیان لەشوێن دەچێنێت.

هەر چەند سـاڵ جـارێـک چەقی بزووتنەوەی کـوردی دەکـەوێتـە لایەک: لە نێـوان سـاڵەکـانی ١٩٢٥ تا ١٩٣٨[1] لەکوردستانی تورکیا بوو[2]، ئەوجا لە ١٩٤٣ تا ١٩٤٥ کوردستانی عیراق و پاش ئەویش لە ساڵی ١٩٤٦دا بەدامـەزرانی کۆمارە دیموکراتەکـەی مەهاباد کـەوتە کوردسـتـانی ئێران، و سـەرلەنوێ ١٩٦١ تا ١٩٧٥ وەرچەرخـایەوە نێـو کـوردسـتـانی عـیراق[3]. شـۆڕشـەکـەی کـوردسـتـانی عـیراق کە لە سـیپـتـەمـبەری ١٩٦١ـەوە تا مـارسی ١٩٧٥ی خـایەند، دیاردەیەکی ڕامـیـاری و سـەربازی درێژخـایان بوو. لەشـێـوەی لەناوچوونیـدا! نەبێت ئەو لەمـێـژووی کـوردا

---

* ـ پارێزەرە لەجونێڤ، نوێنەری بزووتنەوەی کوردی عیراق بوو لە ئەوروپا. نووسـەری پەرتووکی "کـوردسـتـانی عیراق مەڵبەندی نەتەوەییە" چاپخانەی ئەلباکونێتر، نۆشاتێل، ساڵی ١٩٧٠.

1 ـ E ـ هەمانە. و F ـ ١٩٢٥ تا ١٩٣٤.

2 ـ F ـ دیارە "شۆڕشەکەی شێخ مەحموود" لەبن پێنووس ترازاوە. م .

3 ـ لەنۆتایی حەفتاکانیشەوە تائەمڕۆ کە دوا ساڵەکانی سەدەی بیستە لە هەرسێک ئەو پارچانەدا بزووتنەوە هەن بەڵام بەداخەوە، لەبەر ناکۆکی نێوان هەرگیز ناپەڕێنە سەر لێک گرێدانی خەباتی دژ بە داگیکەران. « و »

درێژخایانتر و گرنگترینی بزووتنەوەکان بووە.

**باری جوگرافی و دیمۆگرافی**

کوردستانی عیراق بەکوردستانی باشوور ناودەبرێت، و تارادەیەک لەولاتی کورداندا کەوتووەتە ناوەند، چونکە وەک بازنگەی زنجیر بووەتە هۆی بەیەک گەیاندنی کوردستانی تورکیا، یان ئەوی پێیدەگوترێت باکوور، بە ڕۆژهەلاتەوە، کە لای ڕۆژئاوا و ڕۆژئاوای باشووری دەگرێتەوە. هەروەها هاوسێیە بە هەرێمی جەزیرەی سووریا کە بەشی زۆر لەدانیشتووانی کوردن. ولاتێکی بەپیتە و پێکدێت لە کۆمەلە شاخی تارادەیەک داراوی، لەناو کوردستانی ئێرانەوە کەوانەیی لاپالی زنجیرە شاخی زاگرۆس دەگرێتەوە تا شاخەکانی کوردستانی تورکیا. بەرزترین لووتکەی زنجیرە شاخەکانی هەلگورد حەساڕۆستە کە دەگاتە٣٧٢٧مەتر[4] و دەڕوانێتە سەر ڕێگە ستراتیجییەکەی نزیک بە مەرزی ئێران پێیدەلێن ڕێگەی هامیلتون. ئەوجا ئەو شاخانە تارووەو باشوور و ڕۆژئاوا بپینەوە ڕوو لە نشێوین تا دەگەنە دەشتاییەکانی هەولێر و هەریر، و شارەزوور[5] و کەرکووک. زنجیرە شاخە ڕووت و نزمەکەی(جەبەل حەمرین) ئەو دەشتانە لەگەل بەشی خوارووی میسۆپۆتامیا جودا کردووەتەوە و بووەتە سنووریکی سروشتی نێوان ولاتی کوردان و عارەبستان.

کەش وەزخی کوردستاندا پتر باراناوی، بای پێدەشتەکان میدیترانەیی و شاخەکانی سارد و بەفراوین. چەندین ڕۆبار پێیدا دەڕوات: دیجلە، زێی گەورە، زێی بچووک و دیالە کە کورد پێی دەلێن سیروان. سپیدار هەندێک لەدۆلەکانی دادەپۆشێت، و بێشەی داربەڕوو بەتایبەت ئەو شاخانەی بادینان دەپۆشن[6] کە دەکەونە لای باشووری سنووری تورکیا، بەرووبوومی هەروەک بەشەکەی تری کوردستان بریتییە لە: توتن، دانەوێلە، ترێ، میوە، پێست، خوری گۆشتی بزن و مەڕ، هێلکە و شیر.

هەندێک جێی کوردستان پڕە لە کان، بەتایبەتی ئاسن و کرۆم کە هیچ سوودی لێ وەرناگرێ، و نەوت کە بەپیتترین بەرهەمە بۆ ئەو دەولەتانەی بەدەگمەن سوودیان هەیە بۆ گەلی کورد.

گومان لەوە ناکرێت کە هەمیشە ڕژێمەکان لە ئاماردا سەرژماری کورد بە کەم نیشان دەدن. دەشێت ڕژێمەکەی بەغدا ئاماری تەواوی بەدەستەوە نەبێت یانیش نایانەوێت کۆی کۆمەلە ڕەگەزییەکانی کۆمارییان لێ پێکدێت بەڕاستی نیشان بدات[7]. لەو پەرتووکەماندا

4 ـ E ـ ... ١٢.٢٢٥ پێیە.

5 ـ F ـ « لە پەراوێزدا » گوایە لەبنەڕەتدا ئەوناوە"سیەئەرژوور" بووە( لەشێوەزمانی پەهلەوی باشووردا پیتی سین وەک شین هاتووەتە سەرزار) ــ م.

6 ـ بەداخەوە لە ڕاپەڕینی١٩٩١ بەدواوە لەبەر بێ سروتەمەنی پاکیان بەڕەگەوە هەلکەند.« و»

7 ـ ئەویش و ئەویتریش. ئەوەی من ئاگام لێبوویێت کە وەک سەرژمێر لەئۆکتۆبەری ١٩٧٦دا بەر کەرتی سەنگەسەر کەوتم. لە ڕەزگە و سارەدوێ و گوندەکانی بناری قەندیل، لە پیر و پەککەوتە بەولاو؛ >>>>

کەسالی ۱۹۷۰[۱] بڵاوکرایەوە، بەگوێرەی سەرچاوەی درووست کۆشیومە خۆ لەکەموکوورییەکان لابدەم، و بەگەڕانەوە بۆ سەرژماردنەکەی ساڵی ۱۹۵۷ و بەراوردکردنی لەگەڵ تێکڕا دانیشتووانی کوردستانی عیراق بە کەمایەتییە ناکوردەکانیشەوە کردوویەتیە ۲۷٫۲٪ی[8] کۆی گشت کۆمار، چونکە ژمارەیان ساڵی ۱۹۵۷ کردووبوویە ۶٫۵۳۷٫۱۰۹ کەس[9].

بەو گۆڕانەی پاش ڕێکەوتنی ۱۱ی مارسی ۱۹۷۰عیراق بوو بە ۱۶ پارێزگا، لەوانە چوار دەکەونە کوردستانەوە: پارێزگاکانی سلێمانی، هەولێر، دهۆک و کەرکووک. " هەرێمی خودموختاری" پێکهات لە سێ پارێزگاکەی پێشەوە کە لەڕاستیدا پارێزگای دهۆک بریتییە لە تەنها کەرتێکی هەرێمی بادینان. هەروەک هەندێک بەشی تری کوردستان خراونەتە سەر پارێزگای تر: بۆ نموونە شارۆچکە کوردییەکانی ئاکرێ و شێخان و شەنگار و ناوچە کوردنشینەکانی زەممار (تەللەعفەر و تەلکۆچەک و فیشخابور کە لە باکووری ڕۆژئاوای مووسڵن) بوونەتە بەش لە پارێزگای نەینەوا (مووسڵ) کە دەبوو گشت ئەو ناوانە لەسەر بادینان(دوهۆک)بن. هەروەها شارۆچکەی کوردی هەن لەسەر پارێزگای دیالەن وەک: مەیدان و قۆرەتوو و خانەقی و مەنەلی. بەدرەیش کە ناوچەیەکی بچووکی کوردنشینە خراوەتە سەر پارێزگای واسط.

پاش ئەو ڕوونکردنەوەیە پێویستە چاوێک بە ئاماری ساڵی۱۹۷۵ی عیراقدا بخشێنینەوە، و لەسەر ڕۆشنایی ژمارەکانی دەزگا ئامارییەکانی عیراق، یان هەرنەبێت بە ڕوانینە ڕێژەی دانیشتووانی ئەو شارۆچکە کوردییانەی خراونەتە سەر ئەو پارێزگایانەی لایەکیان دەکەوێتە ناو کوردستان. بۆ ئەوە ئێمە ناچارین بەبۆنەی بەعارەب کردن و ڕاگوێزانەوە لەپارێزگای کەرکووک و پارێزگاکانی تر کە بەشیان دەکەوێتە کوردستانەوە، چاو لەو ژمارانە ببۆشین، و هەروەها لە

---

<<< پیاومان بەرچاو نەکەوت، چونکە سەرەتای سەرهەڵدانەوەی بزووتنەوەبوو و ئەوانیش لەگەڵ کوێخا حەمەدی مەلا ئەوڕەحماندا بۆ کێو هەڵهاتبوون. ( ئەگەرچی جارجارە سەرپێچی فرمانی میرمان دەکرد) بۆمان نەبوو کەسی لەماڵنەبوو ناونووس بکەین. واتە لە سپیتەمبەری۱۹۶۱بەدواوی تاکو ئەمڕۆ، ڕێژەیەکی زۆری کورد هەمیشە بەشاخەوە بووە و بەر سەرژماردن نەکەوتوون. لەلایەکي تریشەوە، ڕژێمە دیکتاتۆر و ڕەگەز پەرستە یەک لەدوای یەکەکانی عیراق بەگشت جۆرێک فێڵ و تەڵەکە لە ژمارەی تەواوی کورد دا دەکەن. هەمیشە لە هێڵی(شەنگار ـ کەرکووک ـ خانەقین)دا، سەرەڕای ئەوەی کوردەکانیان لێ گواستووەتەوە و عەرەبیان هێناوەتە شوێن، زۆربەی ئەوانەی تریشیان تۆقاندووە تا خۆیان بەکورد نەنووسن. ئەویشمان لەیاد نەچێت کە گشت ئەوانەی بە خاوخێزانەوە لە (منطقە كوردستان للحكم الذاتي) پاش هەرەسەکەی شۆڕشی ئەیلوول گوێزرانەوە بۆ خوارووی عیراق، ناویشیان لە پەڕاوەکانی (نفوس) دەگوێزرانەوە بۆ ئەو شوێنانەی تێیدا نیشتەجێ کران لەعەرەبستان بۆئەوەی نەتەنها ژمارەیان وەک کورد دەرنەکەوێت، بەڵکوو هەر تێو عەرەبدا بیانتوێننەوە. ئەوجا کەم نەبوو ژمارەی کوردەکانی (بەتایبەتی فەیلی) کە بەناوی (تبعيه إيرانيه) لەعیراق دەرکران. «و»

8- F و E ـ ۲۲٪ .

9- F و E ـ کۆی ۶٫۵۳۸٫۱۰۹ .

ژمارەی ئەو کوردانەی بوونە پەنابەر لە ئێران. بۆیە ئەوانە پێویستیان بە ڕاستکردنەوە هەیە.
ئا ـ پارێزگاکانی بەتەواوی لە کوردستاندان:

| | |
|---|---|
| سلێمانی | a ٦٥٣,٠٠٠ |
| هەولێر | b ٥٦٤,٠٠٠ |
| دوهۆک | c ١٦٨,٠٠٠ |

کۆی دانیشتوانی هەرێمی حوکمی زاتی لە ڕێکەوتی ٧٥/٥/٣١ دا کردوویەتیە ١.٣٨٥.٠٠٠ کەس.

| | |
|---|---|
| کەرکووک | d ٦٤١,٠٠٠ |
| ناوەندی کۆ | ٢,٠٢٦,٠٠٠ |

ب ـ شارۆچکە کوردییەکانی زۆر لە ڕێژەی دانیشتووانی کوردن و بوونەتە بەش لەو پارێزگایان دەکەونە کوردستان:

| | | |
|---|---|---|
| ئاکرێ(پارێزگای نەینەوا) | e ٩٠,٠٠٠ | |
| شێخان(پارێزگای نەینەوا) | f ٥٠,٠٠٠ | |
| شەنگار(پارێزگای نەینەوا) | g ٤٥,٠٠٠ | «F و E ـ ٥٤,٠٠٠» |
| زەممار(پارێزگای نەینەوا) | h ٥٠,٠٠٠ | |
| ناوەندی کۆ(لەگەڵ بادینان) | ٢,٢٧٠,٠٠٠ | «F و E ـ ٢٤٤,٠٠٠» |
| قۆرەتوو، مەیدان، خانەقی، مەنەلی(دیالە) | i ١٨٠,٠٠٠ | |
| ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی بەدرە(دیالە) | j ٥٠,٠٠٠ | |
| ناوەندی کۆ | ٢,٥٠٠,٠٠٠ | |
| بۆ بەلانس ڕاگرتن بەژمارەی پەنابەر و ڕاگوێزراوان | k ٣٠٠,٠٠٠ | |
| کۆی دانیشتووانی گشت کوردستانی عیراق | ٢٠٠,٠٠٠ | |

---

a و b ـ ئەم ژمارانەمان مانگی ئۆگستی لە پارێزگاری سلێمانی وەرگرت.
c ـ ساڵنامەی ئامار، شالیارگەی نەخشە، بەغدا ١٩٧٥، ل٣٤. و بەراوردی ڕژێم بۆ سەرژمێری دهۆک لە ساڵی ١٩٧٥.
d ـ ژمارەمان مانگی ئۆگستی لەپارێزگاری کەرکووکەوە پێگەیشت.
e ـ ئۆگستی٩٧٥ ئەم ژمارەیە لەپارێزەری موسڵەوە پێگەیشت.
f و g و h ـ بەراوردی خۆیی.
i ـ پێویستە بڕوانینە ئەو ڕاپۆرتەی میری سەبارەت بە سەرژمێری گشت دیالە کە ساڵی ١٩٧٥ ـ ٤٩٦.٠٠٠ کەس بوون. سەرچاوەی پێشوو، سەرژمارەنەکەی ساڵی ١٩٧٤.

j ـ بەراوردی خۆیی .
k ـ دوو هۆ بۆ ئەم ڕاستکردنەوەیە هەیە: لەلایەکەوە، ئەو کوردانەی لەکۆتایی ١٩٧٥دا پەنایان بۆ ئێران برد بە گریمانی ١٠٠.٠٠٠ کەس نووسراوە، ( بەغدا دەڵێت ئەوان لەئۆگستی ١٩٧٥دا ٩٣.٠٠٠ کەس بوون). لەلایەکی ترەوە، ئەو کوردانەی ڕژێمی بەغدا دووری خستنەوە بۆ عێراقی عارەبی لە کۆتایی مانگی مایسی١٩٧٥دا ژمارەیان گەیشتە ٢٠٠.٠٠٠ کەس، ئەوە گریمانییەکە ئێمە بەزۆری دەزانین.

---

ئەو ژمارانەی دانیشتووی پارێزگاکانی سلێمانی، هەولێر و کەرکووک نیشان دەدەن، بەڕیز کردوویەتیە ٦٥٣.٠٠٠ و ٥٦٤.٠٠٠ و ٦٤١.٠٠٠[10] لە ئۆگستی ١٩٧٥دا لەخودی پارێزگاری ئەو شارانەمان وەرگرت کە لە سەردانەکەی لەسەر خواستی ڕژێمی بەغدا کردمان بۆ عێراق، زۆر بەرزتر دەردەکەون لە ژمارە بەراورد کراوەکانی ٥٥٥.٠٠٠ و ٤٩١.٠٠٠ و ٦٠٠.٠٠٠ کە لەڕاپۆرتی شالیاری نەخشەڕێژی عێراقدا بۆ ئاماری ساڵی١٩٧٤ هاتووە. بەڵام ژمارەی ڕاست هەر ئەوانەی پێشوون. [ هەروەک پێویستە ئەوەیش بەرچاوگرین کە لە نۆڤەمبەری ١٩٧٥دا دەستکاری سنووری هەرێمی ئۆتۆنۆمییان کرد و هەندێکیان فراوانتر کردووە][11]

ژمارەی دانیشتوانی گشت عێراق بەپێی ئاماری ساڵی١٩٦٥(٢) کردوویەتییە ٨.٢٦١.٠٠٠ کەس و بەپێی بەراوردی ڕژێم بۆ ساڵی١٩٧٥(٣) گەیشتووەتە ١١.١٢٤.٠٠٠. واتە ئەگەر ژمارەی کورد کە لەهەمان ساڵدا ٢.٩٠٠.٠٠٠[12] بوویێت کە دەکاتە ٢٧.٧ ٪[13] دەبوو کەمتربێت لەو ٢٧.٢ ٪ یەی ئێمە بەگوێرەی ئەو سەرژماردنەی «بەراوردەی» بۆ ١٩٧٥داماننناوە.

ئەگەر بمانەوێت ژمارەی کۆی گشت کوردی عێراق لێکدەین ئەوا دەبێت ژمارەی ٢٥٠.٠٠٠ کەس (کەمایەتی کوردستان) لەکۆی ٢.٩٠٠.٠٠٠ دەرکەین و نزیکەی ٣٠٠.٠٠٠ کوردی شاری مووسڵ و ١٠٠.٠٠٠کوردی تریش[14] کە لەشارە جۆراوجۆرەکانی تری خواروی عێراق دەژین بخرێنە سەر ئەو ژمارەیە دەگەیێنێتە ٣.١ ملیۆن[15] کەس بۆ گشت کۆمار. واتە ٢٨ ٪ی کۆی گشت دانیشتووان(٤). ئەو ڕێژەیە کەمێک دەکەوێتە سەرووی ٢٧.٥ ٪ کە ئێمە لە پەرتووکی(کوردستانی عێراق مەڵبەندی نەتەوەییە)دا پێیگەیشتووین. لەوانەیە جیاوازی ژمارەی دانیشتووی شارەکانی عێراقی عارەبی لە گەڵ ڕێژەی کوردەکانی دانیشتووی ئەو ناوچانە

---

10 ـ E ـ هەمانە. و F ـ ٦٦١.٠٠٠.

11 ـ نە ئینگلیزی و نە فارسییەکە ئەو تێبینی نێو دوو کەوانەیەی تێدایە. « و »

12 ـ F و E ـ ٢.٨٠٠.٠٠٠

13 ـ F ـ ٢٦.٧ ٪ . و E ـ ٢٦.٠٧ ٪.

14 ـ F و E ـ... گەر لەکۆی ٢.٨٠٠.٠٠٠ کەس ٣٠٠.٠٠٠ کوردی پایتەخت و ٥٠.٠٠٠ کورد لە مووسڵ و ١٠٠.٠٠٠ کوردی تر کە لە خواروی عێراق دەژین دەربکەین .......

لەڕاستییەکەی کەمتر بەراورد کرابێت⁽⁵⁾. ئەوجا با ئەوەیش لەیاد بگرین کە لەساڵی ١٩٧٤دا ژمارەی دانیشتووانی بەغدا ٢,٨٠٠,٠٠٠ کەس و مووسڵ ٥٠٠,٠٠٠کەس بوو. ژمارەی یەدەگی لەو ٣.١ ملیۆن[15] کەسە گرنگن بۆ نزیک کردنەوەی لە ژمارەی ڕاستی چونکە هەڵوێستی بەعارەبکردن و ڕاگوێزان لە عیراقدا هەر هەیە⁽⁶⁾.

بەگوێرەی بەراوردی ئێمە پانتایی کوردستانی عیراق دەکاتە ٧٤.٠٠٠ کم٢.[16]

| پارێزگا | پانتایی گشت* | پانتایی بەشە کوردییەکە | ئەونەی هەرێم |
|---|---|---|---|
| سلێمانی | ١١٩٩٣ کم٢ | ١١٩٩٣ کم٢ | ١١٩٩٣ کم٢ |
| هەولێر | ١٥٣١٥ = | ١٥٣١٥ = | ١٥٣١٥ = |
| دهۆک | ٩٧٥٤ = | ٩٧٥٤ = | ٩٧٥٤ = |
| کەرکووک | ١٩٥٤٣ = | ١٩٥٤٣ = | :: :: |
| نەینەوا | ٣٨٠٧٠ = | ١١٠٠٠ = | :: :: |
| دیالە | ١٥٧٤٢ = | ٥٥٠٠ = | :: :: |
| واست | ١٤٨١٤ = | ٨٩٥ = | :: :: |
| گشت کوردستانی عیراق | ٧٤٠٠ = | ٧٣٠٩٢ =** | :: :: |

* ـ ئەنجامی ساڵنامەی ئامار، ١٩٧٤ لاپەڕە ٣٤.
** ـ پانتایی "هەرێمی ئۆتۆنۆمی" تاکو مانگی نۆڤەمبەری ١٩٧٥.

کوردستانی عیراق بە ٧٤,٠٠٠ کم٢ دەکاتە ١٧٪ی خاکی عیراق ٤٣٨.٤٤٦ کم٢⁽⁷⁾. جیاوازی نێوان دوو ڕێژەی پانتایی زەوی وباری دیمۆگرافی کە ٧١٪[17] بەرانبەر بە ٢٦٪ بۆ کوردستان چونکە لە بیابانەکانی عیراقی عارەبیدا کەس نازی، بەتایبەتی هەرێمەکانی باشووری ڕۆژئاوای ڕوباری فورات. لە ١ کم٢دا چڕی دانیشتووانی کوردستان ٣٩.٤ دەبێت بەرانبەر بە ٢٢.٢ کەسی عیراقی عارەبی و ٢٥.٣ کەسی گشت کۆمارە[18].

بەوەی"هەرێمی ئۆتۆنۆمی" بووە بە نمای گشت کوردستانی عیراق، لەتوانامان‌دا هەیە بڵێین جوتیارانی هەرێم لە٥٥٪ی دانیشتوان دەبن. لەڕاستیدا " دەوارنشین" کە تا ئێستەش ڕۆژئاواییەکان وا دەزانن هەر بەوان دەگوترێت کورد، چیتر لە کوردستان باو نییە، بەڵام ڕێژەی ئەوان کە نیمچە دەوارنشینن لەو کۆمەڵەدا دەگاتە نزیکەی ٠.٠٥٪ و بەهاران ڕانەکانیان بەرەو

15 ـ F و E ـ ... بۆ ٣ ملیۆن ....
16 ـ E ـ ٢٩,٠٠٠ میل ٢، و « گشت نمرەکانی تریشی بەمیل ژماردووە. ـ و »
17 ـ F و E ـ ١٧٪.
18 ـ E ـ ... ١٠١ کەس لە١ میل٢ بەرانبەر بە ٥٧ی عیراقی عەرەبی و٦٥ی گشت کۆمارە.

کوێستان دەڕانن بۆ لەوەڕ و لەگەڵ سەرمای زستاندا دەیانگێڕێتەوە ناو گوند.

گرنگترین شاری کوردستان کەرکووکە و دەکەوێتە ناوەندی ناوچە نەوتییەکان. ساڵی ۹٦۱ پێش لەوەی جەنگ هەڵگیرسێت ۱۵۰.۰۰۰کەس بوو لەوانە ٦۰٪ کورد و ٤۰٪ تورکومان بوون. میری لەپێناو پەرشکردنی عارەب لەوێدا[19] ڕواڵەتی کوردی بە هەندێک لەشارۆچکەکانی سەر بەوێ نەهێشت، و ئێستا[20] دانیشتووانی گەیشتوونەتە ۲۵۰.۰۰۰ کەس.

ئەربیل« هەولێر » و سلێمانی مەزنترین دوو شارن کە تەواوی دانیشتووانی کوردن، و لە رووی بلاو کردنەوەی ڕۆشنبیری و فەرهەنگی نەتەوەیەتییدا گرنگترین مەڵبەندی ولاتن. سلێمانی کە ساڵی ۱۹۷۵ دانیشتووانی ۱٦۰.۰۰۰کەس بوو(۸). مەڵبەندی ژیارە بۆ کوردستانی باشوور، و دەکەوێتە ناوچەیەکی شاخاوی پڕ کشتوکاڵ. کۆمەڵی کارای لە کۆگاکاندا لاوانیان پۆلپۆل ڕوو لە زانکۆکەی[21] دەکەن، و بە وزەی بازرگانی، ڕێگەوبانی جوان و ڕێکوپێک و پاقژ و شنەی سازگاری شەماڵی هاوینی بووەتە مایەی خۆشەویستی کوردان بەگشتی.

وەنەبێت گرنگی هەولێر کە پایتەختی "هەرێمی حوکمی زاتی"یە لەڕووی ڕۆشنبیری و ئابووری و بازرگانی و چڕی کارخانەوە لە سلێمانی کەمتربێت، بەلام ڕواڵەتی ژیاری ئەو لەسلێمانی کەمترە و ڕەوشی کۆنی پتر تێدا دەبینرێت.

شاری تریش هەن گشت دانیشتووانی کورد بن وەک؛ کۆیسنجاق کە سەر بە پارێزگای هەولێرە و ژمارەی دانیشتووانی خۆ دەدات لە ۷۰.۰۰۰ (۹)کەس، و خانەقین کە ناوەندێکی بازرگانی گرنگە و لە ڕابوردوودا ناوبانگی بەوە دەرکرد کە کە دەکەوێتە سەر شارێی بەغدا و کرمانشا و تەپۆلکەی ئێرانی، بەلام ئەمڕۆ بەهۆی هەڵوێستی بەعارەبکردنەکەی ڕژێمەوە مەترسی هەیە چکەسیتی «Identity» لەدەست بدەن.

هەروەها لەو ولاتەدا شاری بچووکی تر زۆرن ژمارەی دانیشتووانیان بگاتە ۱۰.۰۰۰ تا ۱۵.۰۰۰ کەس، لەوانە شاری ئەحمەدی[22] کە لەکۆندا شارێکی زۆر جوانی بە خانووبەرەی کۆن و شوێنەواری خۆش بەناوبانگ بووە.

## زەمینەی مێژووی

لەکاتی جەنگی جیهانگیری یەکەمدا بەریتانیا دوو ویلایەتەکەی بەسرە و بەغدای، واتە

---

F ـ19 و E ـ ... بەمەبەستی کەمکردنەوەی ڕێژەی کورد، و عەرەب هێنانە شوێنی کەوتنە بەعەرەبکردنی ناوچەکە.

E ـ20 ـ ... ساڵی ۱۹۷۵ گەیشتە ....

F ـ21 ـ لەکۆتایی حەفتاکاندا گوێزرایەوە بۆ هەولێر و ناونرا "زانکۆی سەلاحەددین"، بەلام کاتێک پاش ڕاپەڕین لەڕژێم دابڕان، دووبارە بە هەندێک کۆلیجەوە کرایەوە.

F ـ22 و E ـ عیمادیە. « ئامێدی ».

میسۆپۆتامیای نشێو کە جوگرافیزانی سەدەکانی ناوەڕاست پێیان دەگوت "عیراقی عارەبی"، لە عوسمانی داگیر کرد. هەمان ئەو دوو ویلایەتە کە "حوسێن" شەریفی مەککە بە نامەیەک لە ١٥ی جولی ١٩١٥دا خواستنی بخرێنە سەر ئەو دەوڵەتە نوێیەی دەیویست دامەزرێنێت(١٠)، و لەندەن بە نامەیەک، لە ٢٤ی ئۆکتۆبەری ١٩١٥دا بەڵێنیان پێدا لە پاداشتی ئەو شۆڕشەی دژ بەعوسمانی هەڵیگیرساند(١١) پێی ببەخشن.

کە دەوڵەتیان لە دوو "ویلایەتی بەغدا و بەسرە" پێکهێنا دەبوو عارەبەکان بەڕەوای بزانن چونکە بۆ جێ پێ کردنەوەی بەریتانیای مەزن و بەرژەوەندی تایبەتی بەو لەو شوێنەدا ئەوەی پێویست بوو(١٢). بەریتانیا تا پاش ڕێکەوتنی مودروسی نێوان هێزە هاوپەیمانەکان و تورکیای سوڵتانیش کە ٣٠ی[23] ئۆکتۆبەری ١٩١٨ بوو نەیانویست ویلایەتی مووسڵی عوسمانی کە بەشێکی هەر لەژێر چنگی خۆیاندا بوو داگیرکەن. ساڵی ١٩١٩ سلێمانییان بەتەواوی لەدەست دەرچوو، ئەوە چونکە سەرکردەی زۆر بەناوبانگی هەرێم، شێخ مەحموودی بەرزنجی هێزی لە ناوچەیەکی فراواندا کە دەگەیشتە کوردستانی ئێران، کۆکردەوە. "سێر ئارنۆلد ویلسون"ی لەوکاتەدا یەکە ئەفسەری ڕامیار بوو لە بەغدا، لەمەڕ ئەو بزوتنەوەیەی لەشکری بەریتانی دایرکان دەڵێت: کوردەکان نە دەیانەوێت بگەڕێنەوە ژێر دەسەڵاتی میری تورک و نە ژێر دەسەڵاتی میری عیراق "هەروەک" لەنێو گشت پێنج کەسدا چواری کوردستانی باشوور لایەنگیری پلانەکەی شێخ مەحموودن بۆ "ئازادی کوردستان". هەروەها ویلسۆن سەبارەت بە گشت نەتەوەی کورد دەڵێت:" لەنێو کورداندا بیرکردنەوە لە کوردستان بووە بەباو ... و کوردان بەگشتی پڕبەدڵ دەخوازن لە ژێرچنگی تورک دەربازبن(١٣).

بۆ ئەوەی دەست بەسەر نەوتەکەی خوارووی کوردستاندا بگرن، بەریتانیای ئیمپریالی ئارەزووی کوردی بۆ سەربەخۆیی نەتەوە پشتگوێ خست، و سوور بوو لەسەر پێکەوەنانی دەوڵەتێکی بریتی لە سێ ویلایەتی بەسرا، بەغدا و مووسڵ، و هەروەها بەریتانیا ئەو ناوە عارەبیە کە"عیراق"ـە(١٤) لەو دەوڵەتە نا و "یەک پاشای عارەب" کە فەیسەڵی کوڕی شەریفی مەککەی خۆیان لەوەوبەر دووریان خستبووەوە، کرد بە شا بەسەریەوە. ئارنۆڵد ویلسۆن لەمانگی ئەپریلدا لە بەردەم کۆمیتەی تایبەت بە ڕۆژهەڵات ئامۆژگاری ڕژێمی لەندەنی کرد ( گوتی گشت ئەو بەشانەی کوردستان کە دەکەونە ناو ویلایەتی مووسڵ، و گشت بەشەکانی تری سەرووی ئەو ویلایەتەی ناویان نەکەوتووەتە نێو لیستەکەی دەوڵەتی ئەرمەنی داهاتوو، بەتایبەتی بەراوەکانی زێی گەورە) بخرێنە سەر عیراق. هەروەها نەکات لەندەن خۆی بە هیچ بەڵێنێکی سوود بەکورد گەیێنەر ببەستێتەوە. "بەڵام واچاکە خودی کوردان سەرپشک بکەن بە یەکێک لەشێوەکانی خودموختاری، و هەندەی لەتوانادابێت نەهێڵێن لە"کۆنگرەی ئاشتی"دا ئەو پرسە بکەوێتە بەر

23ـ F و E ـ ٣٠ ئۆکتی ١٩١٨.

باس[١٥].

ڕاسپاردەکان جێگیر نەبوون. سەرۆکی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، وەدرۆ ویلسون لە پێشنیارەکەیدا بۆ کۆمەڵەی میللەتان سەبارەت بەچارەنووسی نەتەوە ناتورکەکانی ناو ئیمبراتۆری عوسمانی و جودابوونەوەیان، ئازادکردنی سێ وڵاتی دەستنیشان دەکات کە بێ کەرتکردن بخرێنە ژێر چاودێری کۆمەڵەی ولاتانەوە. ئەوانەی سەرۆک ویلسون دەستنیشانی کردن بەڕیز؛ ئەرمینیا، کوردستان و دورگەی عارەبی بوون[١٦].

لەوێدا کورد دەستەوەستان نەبوو، چونکە جەنراڵ شەریف پاشا یەکێک بوو لەو ئەفسەرە کوردە پایەبەرزەکانی لەشکری عوسمانی و لەوەبەر باڵوێزی تورکیا بوو لە ستۆکهۆڵم. بۆ پشتگیری لە داخوازییەکانیان ڕەوانەی کۆنگرەی ئاشتی کرا و سوودی خۆی گەیاند. بەڕاستی پەیماننامەی سیڤەر کە لە ڕێکەوتی ١٠ی ئۆگستی ١٩٢٠دا لەنێوان دەوڵەتی قوستەنتینییە و هاوپەیمانەکان مۆرکرا، بەشی سێهەمی لەژێر ناوی کوردستاندا (بەندەکانی ٦٢، ٦٣، ٦٤)ڕاسپاردە بوو بۆ دامەزرانی کوردستانێکی سەربەخۆ کە ئاماوەیەک بخرێتە ژێر چاودێری نێونەتەوەیی سەر بەکۆمەڵەی ولاتان. دەبوو ئەو دەوڵەتە بریتی بکرێت لە بەشی هەرەزۆری کوردستانی عوسمانی پێشوو (تورکیا، عیراق و سوریای ئەمرۆ) و کۆمیسیۆنێکی نێونەتەوەیی سنووری ئەو لەگەڵ ئەرمینیای چاوەڕوانکراو جودا بکاتەوە. پاشان ئەو بڕیارە وەک خۆی نەما و بەندی ٦٤ی ئەو پەیماننامەکە شێوەیەکی نوێی تری گرتەخۆ کەدەڵێت:" کوردەکانی ئەو ناوچانەی کوردستان کە بەشن لە ویلایەتی موسڵی ئەمرۆدا سەرپشک دەکرێن بۆ چوونە ژێر ڕکێفی ئەو دەوڵەتە".

بەلام هەڵوێستی ڕامیارییانەی لەندەن لەسەر زەوی بە پێچەوانەی ئەو پەیمانەی سیڤەر بوو کە مۆریان کرد. ئەنجامی پرسەگورگانەکەی لە ٢٣ی ئۆگستی ١٩٢١دا کۆمیسارە بەریتانییەکەی بەغدا، سێر پرسی کۆکس هەڵیبەست و فەیسەڵی کە تەنانەت عیراقیش نەبوو، پێی دامەزران وکردی بە شای عیراق (بە ویلایەتی مووسڵەوە) کەوتە ڕوو. هەروەک سێر پێرسی کۆکس لەو ڕاپۆرتەیدا بۆ کۆمیتەی سەرپەرشتکاری سەر بە کۆمەڵەی میللەتان، دەربڕییوە کە:" کوردان لەوە دەترسن؛ کە ئەگەر بەغدا بکرێت بە سەرپەرشتکاری بنکە ئابووری و پیشەسازییەکانی عیراق ئەوا ئەوان بێبەش دەبن. ناوچەی سلێمانی سوورن لەسەر ئەوەی بەشداری لە هەڵبژاردنەکەی شای عیراقدا نەکەن، و کوردی کەرکووک نایانەوێت دەنگ بۆ ئەو شازادەیە بدەن و ئەوەی ئەوان دەیانەوێت ڕژێمێکی بەرەگەز کوردە (...)، و ئارادەیەک گشت سلێمانی نایانەوێت بەهیچ جۆرێک بچنە ژێر ڕکێفی دەوڵەتی عیراق"[١٧].

لەساڵی ١٩٢٢دا کاری یەکجار گرنگ ڕوویدا. لە تورکیا مستەفا کەمال سەرکەوت بەسەر پاشکۆی ئەو ڕژێمە عوسمانییەی قوستەنتینیە کە پەیمانی سیڤەری مۆرکرد. بزوتنەوەی کەمالی لە ئەرزیروم سەریهەڵدا و بەهاوکاری گەلی کورد لەسەرکەوتنێکەوە بەرەو سەرکەوتنی تر دەچوو.

تێکۆشانی ئەو کاتەیان بۆ کۆمارێکی نوێیار بوو لە تورکیا، تێیدا تورک وکورد پێکەوە و یەکسان بژین و ڕێز لە "مافی نەتەوایەتی" یەکدی بگرن. کەمالیستەکان بەپەیمانی سیڤەر قایل نەبوون چونکە سەبارەت بە تورکیـای تەنها تورک، ئەو مـافـە ڕەوایەیی دیاری کرا بۆ نەتەوە و گەلە ناتورکەکانی ناو ئیمپراتۆری و دەبوو بە هەنگاو بۆ ئازادبوونیان، بە ناڕەوا بینی، و تورکی هەندە سووک نیشـان دەدا کە بخرێتە ژێر چاودێری و ژێر باری داگیـرکـردنی لەلایەن لەشکرەکـانی بەریتانی، فرەنسی و گریکییەوە. ئەوەی بەریتانیای تۆقاند ئەو دروشمی برایەتی تورکی - کوردیە بوو کە کەماکیستەکان بەرزیان کردەوە و بەو ناوەوە ویلایەتەکەی مووسڵی پێشوویان دەویستەوە "بیگێڕنەوە بۆسەر تورکیا". ئەوجا بەریتانیای مەزن دەیویست خۆ لەو تەگەرە مەزنە دەربازکات کە لەکۆنگرەی سانڕیمۆ (١٩ـ ٢٦ی مارسی ١٩٢٠) هێـزە هاوپەیمانەکـان ئەویان کـرد بەهێـزی سەرپەرشتکار بەسەر عێـراقەوە. بەیاننامە هاوبەشەکەی ٢٤ی دیسەمبەری ١٩٢٢خۆیان و دەوڵەتی شا فەیسەڵیان گەیاند بەر ڕاوێژی کۆمەڵەی میللەتان، و تێیدا گوتوویان بوو کە کوردی عێراق بۆی هەیە دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ لەچوارچێوەی سنووری عێراقدا دابمەزرێنێت. نەخشەکێشەرانی ئەو بەیاننامەیە مەبەستیان بوو ئەو ویلایەتەی گێرمەوکێشەی لەسەربوو بخەنە گەڵ سنووری عێراق تا مافی بەرهەمهێنانی نەوتەکەی خوارووی کوردستان بە دامودەزگای لەندەن ڕەوابێت.

"دەوڵەتی خاوەنشکۆی بەریتانی و دەوڵەتی عێراق مافی کورد لە دامەزرانی دەوڵەتێک لەچوارچێوەی سنووری عێراقدا بە ڕەوا دەبینن، و هەردوولا ئاواتەخوازن کە گرۆ کوردیەکانی جیاجیا بتوانن زوویەزوو لەنێوخۆیاندا لەسەر شێوە و سنووری دەسەڵاتی ئەو دەوڵەتە پێکبێن، و نمایندە و بەرپرسیـار بنێرن بۆلای دەوڵەتی خاوەنشکۆ و دەوڵەتی عێراق[18] تا لەسەر ڕێکخستنی هاوکاری ئابووری و ڕامیاری نێوان بدوێن.

بلاوکراوەکەی ٢٤ی دیسەمبەری ١٩٢٢یش شاری سلێمانی نەکێشایە ژێر باری قایلبوون، چونکە وەک دەرکەوت ئەوان نەیاندەویست بچنە ژێر ڕکێفی شای عێراق و هەر سووربوون لەسەر تێکۆشان بۆ دامەزرانی کوردستانێکی ئازاد و یەکگرتوو.

هەر بە بەربوونی شێخ مەحموودی بەرزنجی لەزیندان گەڕایەوە بۆ سلێمانی کە شوێنی لەدایک بوونیەتی و دیسان هێزەکانی لە هەردووک لای سنووریانەوە لەگەڵ فارس (کوردستانی ئێران) کۆ کردەوە و دووهەمین کابینەی خۆی ڕێکخست و دەوڵەتی پێکنایەوە. بۆئەوەی نەیاری خۆی بۆ شا فەیسەڵ دەربڕێت ناوی" شـای کـوردسـتـان"ی لەخۆنا. بزووتنەوە دامرکا[24] و سەرئەنجام بەوە قایلبوون کە ئەو ڕژێمە کوردییە لە چوارچێوەی عێراقدا بەوپێیەی بەیاننامەی دیسەمبەری ١٩٢٢ بڕیاری داوە ببێت بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ.

---

24 ـ F و E ـ لەساڵی ١٩٢٣دا ....

سەرکەوتنی کەمالیست کاری ئەوتۆی کردە سەر هاوپەیمانەکان ڕوو لە کۆنگرەی لۆزان (١٩٢٢ ـ ١٩٢٣) بکەن و پاشان پەیمانی ئاشتی نوێیان لەگەڵ تورکیا بەست و خستیانە بری پەیمانی سیڤەر. نە کورد لەوێدا نوێنەری بوو، نە ئەرمەنی و عارەب. کەمالیستەکان لەوێ نیگەران شێوەنیان بۆ لەبندەست دەرچوونی وڵاتانی عارەبیان دەکرد، بەڵام لەسەر گێڕانەوەی مووسڵ هەر سووربوون. لەندەنیش خۆی وەک هێزی سەرپەرشتکار نیشاندەدا و هۆی ناکۆکی نێوان ئینگلیز و تورک کەوتە سەر "کێشە بەناوبانگەکەی مووسڵ" کە چارەنووسی کوردی پێەو لکابوو.

عیسمەت ئینۆنۆ و لۆرد کۆرزۆن کە سەرۆکی دوو لیژنەی وتووێژ تورک و ئینگلیز بوون هەریەکەو لەبەر بەرژەوەندی لایەنەکەی بە پێچەوانەی هەستی ڕاستەقینەی خۆیانەوە بۆ کورد دەپاڕانەوە.

کێشە لەلای لەندەن و هەروەها لای لایەنەکەی تر (ئەنقەرە)، لەسەر دوارۆژی کوردستان نەبوو، بەڵکوو لەبەر مەبەستی تایبەت بەولایەدا دایان دەشکاند. ئەو "کێشەیە" تا چی ڕادەیەک ئەو کێشەیە گرنگ و کارا بوو بێت ئەوا بۆ دوو پایتەخت لە ناکۆکی سەر سنووری کۆماری تورکیا و وڵاتە عارەبییەکەی عیراق[25] نەترازاوە.

کۆنگرە ئەو ناکۆکیەی بۆ چارەسەرنەکرا و کاریان ئاراستەی ئەو پەیمانەی لۆزان کرد کە لە٢٤ی جونی ١٩٢٣ مۆرکرا و خرایە بری پەیمانی سیڤەر و تورکیای کۆماری پێ بوو بە هێزێکی نێونەتەوەیی و مەرج ئەوەبوو کە ئەنقەرە پەیڕەوی بکات بەهەندێک بەندی لەمەڕ پاراستنی مافی مرۆڤ و زمانی کەمەنەتەوەییە ناتورکەکان، واتە ئەوەی هەرگیز نەهاتەدی. بەندی ٣ لە بڕگەی ٢دا دەستنیشانی مەرزی نێوان تورکیا و عیراق دەکات بە درێژایی" هێڵێک کە کۆمەڵەی میللەتان بڕیاری لەسەر دەدەن".

ئەنجومەنی کۆمەڵەی میللەتان بڕیاریدا لیژنەیەک بنێێرن بۆ ڕوونکردنەوەی ڕاستی لەسەر ویلایەتی مووسڵ. لیژنەکە لە جەنیوەرییەوە تا مارسی ١٩٢٥ لەو ویلایەتەدا مانەوە کە ناکۆکبوونسەری، و لە ١٦ی جولایدا ڕاپۆرتیان بۆ جونێف بەرزکردەوە(١٩). بڕیاری لیژنە دەرچوو، بەڵام هەندێک ڕاسپاردەی خستە بەردەم ئەنجومەن تا ئەو بڕیاری لەسەر دەربکات.

ڕاپۆرتەکەی سەبارەت بەکورد دەڵێت: ڕێژەی هەرەزۆری دانیشتوان لەوانە و بەگشتی لەسەر درێژایی ئەو هێڵە دەژین کە دوو گرۆی ڕەگەزی کورد و عارەب جودا دەکاتەوە. هەروەها ڕاپۆرتەکە درێژەی پێدەدات و دەڵێت: نە عارەبن و نەتورک، ئەوان بە زمانێکی ئاریایی دەدوێن و هەستی نەتەوایەتییان هەندە زۆرە کە ئاشکرا بەلای کوردایەتیدا دەشکێتەوە. وەکتریش لێکۆڵینەوەکان دەریدەخەن کە لەو ناوچەیەی ناکۆکی لەسەرە جگە لەعارەبە ڕۆشنبیرەکانی

25 ـ F ـ (کەشالیارگەی کۆلۆنییەکانی بەریتانی نماینەدەی بوو). و E ـ (ئۆفیزی کۆلۆنیالی بەریتانی نوێنارایەتی دەکرد).

مووسڵ، هیچ هەستێکی وەک نەتەوایەتی عیراق دەرناکەوێت. پەیوەندی نێوان کورد و عارەب لەق دەنوێنێت. هەروەها بەرچاوگرتنی چارەنووسی ئاسووری و کلدانەکان بەپێویست دەزانن. ئەمەی خوارەوە دەقی پێشنیاری ڕاسپاردەکەی لیژنەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە ڕەگەزیە.

" ئەگەر بمانەوێت لەسەر ڕۆشنایی باری ڕەگەز بگەینە ئەنجام، ئەوە دەمانگێڕێتەوە بۆ خواستی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ، چونکە کورد پێنج لە هەشتی دانیشتوان پێکدێنن، و ئەگەر لەچارەسەر بڕوانین ئەوا دەبێت یەزیدییەکانیش کە کوردی زەردەشتی ناوچەکەن، و هەروەها ئەو تورکانەی زۆر بە ئاسانی لەگەڵ کورد دەگونجێن بخرێنە سەر ژمارەی پێشوو، ئەوا ئەنجام ڕێژەی کورد دەگەیێنێت بە حەوت لە هەشتی دانیشتووانی ئەو ویلایەتە".

لیژنە ڕایسپارد، لەبەر پاراستنی باری ئابووری عیراق پێویستە "بەگوێرەی ئەم مەرجانەی خوارەوە" ویلایەتەکە بخرێتە سەر ئەو دەوڵەتە:

١ ـ تا نزیکەی ٢٥ساڵ ئەو وڵاتە بخرێتە ژێر چاودێری کۆمەڵەی میللەتان.

٢ ـ پێویستە کاتی دیاریکردنی کاربەدەست بۆ بەڕێوەبردنی نووسینگەکانی وڵات خواستی کوردەکان بەرچاو بگیرێت، و لە گشت بوارەکانی دادوەری، فەرهەنگ و فێرگە وخوێندگەکانەدا زمان بکرێت بەکوردی.

کە ڕاپۆرتەکە لەسێپتەمبەری١٩٢٥دا خرایە بەر لێکۆڵینەوەی خولی سی و پێنج هەمینی ئەنجومەنی کۆمەڵەی میللەتان لە جونێف، نوێنەرانی تورک لەگەڵ ئەوانی ئینگلیز کەوتنە پلاری قسە لەیەککگرتن. ئەوەی شایانی باسە لە هەمان ئەو کاتی مشتومڕەدا لەشکرەکەی تورک تازە بە چەپۆکی خوێناوییەوە لە جەنگی سەرکوتکردنی ئەو بزووتنەوە کوردییە دەگەڕایەوە کە بە ڕابەری « شێخ » سەعیدی پیران دەیانویست باکووری کوردستان ئازادکەن، و لەشکری ئینگلیزیش لە هەمان ئاستدا بوو بەرانبەر بە بزووتنەوەی دووهەمی شێخ مەحموود کە دەیویست باشووری کوردستان ڕزگاربکات.

ئەنجومەنی کۆمەڵەی میللەتان لەکێشەکە بێدەنگ بوو تا لەخولی سیوحەوتی ڕۆژی ١٦ی دیسەمبەری ١٩٢٥دا بڕیاری بۆدەرکرد بەریتانیا کە بەپێی ئەم مەرجانەی خوارەوە ویلایەتەکە بلکێنێت بەعیراقەوە:

أ ـ " وەک هێزی سەرپەرشتکار، لە دەوڵەتی بەریتانیا دەخوازن چۆنێتی کارنامە و هەڵوێست بۆ ئەو شێوە سەربەخۆییەی لیژنەی ڕوونکردنەوەی ڕاستی لە ڕاپۆرتی کۆتایی کاری خۆیدا بۆ کوردی ڕاسپارد، ئامادە و پێشکەش بکات بە ئەنجومەنی کۆمەڵەی میللەتان.

ب ـ پێویستە هەمان دەوڵەت ( پەیماننامەیەکی نوێ و مۆرکراوی لەگەڵ عیراق بۆ درێژەدان بە ماوەی سەرپەرشتکاری تاکو ٢٥ساڵ نیشان بە ئەنجومەن بدات "بەمەرجێک" دەبێ عیراق پێش بەسەرچوونی ئەو ماوەیە لەکۆمەڵەی میللەتاندا بوو بێت ب ئەندام).

سالی ١٩٢٦ عیراق یاسایەکی لەپراکتیکدا لاوازی بەناوی "یاسای زمانە ناوچەییەکان" دەرکرد. بەوپێیە ماوە درا بەکوردی عیراق کە لە فێرگەدا بەزمانی خۆیان بخوێنن، بەلام خوێندن لە مەودای فێرگە سەرەتاییەکانی تەنها پارێزگای سلێمانی و هەندێک ناوچەی شاری هەولێر بەولاوە چیتر نەبوو.ئەوە زەمینەی بۆ هەندێک پسپۆر خۆشکرد پەرتووکی کوردی چاپ بکەن، و ڕێگەی بەشداربوونی کردەوە بۆ هەندێک بالۆیزی بەرەگەز کورد بکەونە ناو کابینەکانی دەولەت.

لە جونی ١٩٣٠دا پەیمانی نێوان ئینگلیز و عیراق کۆتایی بە سەرپەرشتکاری بەریتانیا هێنا و بەناو مەملەکەتی عیراقیان سەربەخۆ کرد بێ لەوەی هیچ باس لە چارەنووسی کورد بکرێت. دەستبەجێ شاری سلێمانی بەرابەری شێخ مەحموودی بەرزنجی ڕاپەرینەوە[26]، و ناوچەی بارزانیشی هاتە پالی. ئەوە لە کاتێکدابوو کە عیراق سالی ١٩٣٢ لە کۆمەلەی نەتەوەکاندا بە ئەندام وەرگیرا. دیسان هێزی بەریتانی ڕاگرتنی ئاسایشی هەرێمی کوردستانی گرتەوە ئەستۆ.

شۆڕشگێران بەلێنەکانی ئۆتۆنۆمی کوردستان(٢٠)یان هێنایەوە یادی کۆمەلەی نەتەوەکان، بەلام کۆمیتەی سەر بە کۆمەلەی نەتەوەکان لە کۆبوونەوەی ٢٨ی جەنیوەری[27] ١٩٣٢یدا لەخۆی ڕانەبینی " توخنی خودموختاری کەمایەتییەکانی عیراق بکەوێت".

٨ی جونی١٩٣٧ڕۆژی مۆرکردنی پەیمانی سەعدئاباد بوو لەلایەن دەولەتانی تورکیا، ئێران و عیراق، کەبڕگەی حەوتهەمی دژ بوو بە" دامەزران و چالاکی گشت ڕێکخراو و کۆمولەیەک ئامانجی تێکدانی سیستێمی ئەو دەزگایانە بێت"، واتە ڕووی ڕاستی مەبەست لە بزووتنەوەی کورد بوو.

دیسان سالی ١٩٤٣ موستەفا بارزانی لە بارزان بزوا و شۆڕشەکەی زۆر زوو پەرەی سەند. کە لەشکری عیراق شکستی هێنا ناچارکرا ناوچەیەکی فراوان لە پارێزگای هەولێر و هەرێمی بادینان چۆل بکات. لە ١٩٤٥دا هێزە ئاسمانییەکەی شای بەریتانی پاشەکشەی بەهێزەکەی مستەفا بارزانی کرد بۆ ناو کوردستانی ئێران، کە لەو سالەی ١٩٤٦دا کۆمارێکی دیموکراتخوازی خودموختار لە مەهاباد چاوی پشکووت و موستەفا بارزانیش بەشداری دامەزرانی بوو. بەلام کۆماری بچووک پاش سالێک ڕووخا و مانگی جونی ١٩٤٧ بارزانی و پوختەیەک لە یارانی خۆیان گەیاندە یەکێتی سۆڤێت[28]، ئەو ڕووداوی "کشانەوەی پێنجسەد کەسە " لەمێژووی نوێی بزووتنەوە نەتەوایەتی کورددا بوو بە خال. یەکێتی سۆڤێت پێشوازی لە بارزانی و یارانی کرد کە هەندێکیان لەوەوبەر لە ڕیزەکانی لەشکری عیراقیدا بوون، و مافی پەنابەرییان پێ درا. موستەفا بارزانی و پیاوانی ماوەی یانزە سال لەیەکێتی سۆڤێت مانەوە.

26ـ F ـ ... دژی ڕاپەڕین ....
27ـ E ـ هەمانە. و F ـ ... جولی ....
28ـ E و F ـ بەناو ڕیزەکانی دوژمندا کە چەندین جار لەوان پتر بوون بڕی و بەناو کێوەکانی باکووری کوردستاندا ڕێگەیان بڕی بۆ ....

# جەنگی ئازادی ١٩٦١ ـ ١٩٧٥

## لە ساڵی ١٩٦١ەوە تا ڕێکەوتنی مارسی ١٩٧٠

لەجەنگی جیهانگیری دووهەم بەدواوە سێ پارتی چەپڕەوی[٢١] سەرەکی و نەیار بە سیستێمی شاهی و دەسەڵاتی بەریتانیا بەسەر عیراقدا پەیدابوون. ئەو سێ پارتەی بەنهێنی کاریان دەکر بریتیبوو لە: پارتی کۆمۆنیستی عیراقی کە عارەب، کورد و کەمایەتییەکانی تر بە تێکەڵی کاریان تێدا دەکرد؛ و پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عیراق، گشت ئەندامانی کوردن؛ و پارتی دیموکراتی میللی بە ڕابەری چادرچی کە کۆمەڵێک ڕۆشنبیری چەپڕەوی عارەب بەهۆی تێکۆشەری خودی ڕابەرەکەیەوە لەو کۆبووبونەوە.

ساڵی ١٩٤٦دا لەسەر خواستی موستەفا بارزانی پارتێک بەناوی دیموکراتی کوردستان دروست بوو هەر بەچەشنی پارتی دیموکراتی کوردستان ـ ئێران. گوایە لەپرۆگرامیدا "باوەڕ بە مارکسی ـ لینینزم " خاڵێک بوو. بێ گومان ئامانجی دووری ئەو تێکۆشان بوو لەپێناو ناساندنی پێناسەی نەتەوەیی و دابینکردنی مافی چارەنووس بۆ گەلی کوردی چەوساوە. بەڵام ئامانجی ڕاستەوخۆی ئەو قۆناعەی لەمەڕ عیراق ئەوەبوو، تێکۆشن بۆ ڕزگارکردنی لەبندەست بوونی ئیمپریالیبەت و کۆنەپەرستی، و دیموکراتیزەکردنی. ئەوجا وەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عیراق لە چوارچێوەی دەوڵەتی عیراقی کورد وعارەبدا. جگە لەو "ئۆتۆنۆمییەی کوردستان" خاڵەکانی تری پرۆگرام لەلای پارتی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بە عیراق هەر هەمان ئامانجەکانی پارتی کۆمۆنیستی عیراقی و پارتی دیموکراتی میللی بوو،

هەریەک لە پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی کۆمۆنیستی عیراق دەکۆشان خۆ بکەنە پارتی جەماوەر، و بوویشن. هەردووک ئەوانە خۆیان بە مارکسی ـ لینینی دەردەخەن، و بەوەی پارتی کۆمۆنیست لقی لەکوردستاندا کردەوە و ئەندامی کورد تێدا کارا بوون ـ سەرکردایەتیشیان پێکهاتووە لە تێکەڵەیەکی نەتەوەیی ـ و بەوەی سەرچاوەی ئەندامانی هەردووک پارت لە هەمان چینی کۆمەڵ بوون، لەکوردستاندا بەربەرەکانێی زۆری یەکتریان دەکەن، و زۆر دەمێک بوو پارتی کۆمۆنیستی عیراق، تەنانەت تا پایزی ساڵی ١٩٦٠ لەوەدا سەرکەوت.

پارتی کۆمۆنیستی عیراق، پارتی دیموکراتی کوردستانی تاوانبار دەکرد بەوەی " هەستی ڕگەزایەتی لەناو وردە بۆرجوایی کورد دەبزوێنێت" و لەسەر نەیاری بە "شا عارەبەکەی" عیراق و "داخوازی داهاتی نەوتی کوردستان" و "خۆ دوورگرتن لە چالاکی پارتەکانی بەرەی عیراقی" سەرزەنیشت دەکرد. لەولایشەوە پارتی دیموکراتی کوردستان گلەیی لە پارتی کۆمونیستی عیراق

دەکرد کە گوایە خۆ لە باری نەتەوایەتی گێل دەکات و خۆی لە پێناسەی نەتەوایەتی کورد دەدزێتەوە. لەڕاستیدا هەڵوێستی پارتی کۆمۆنیستی عیراق ئەوتۆ بوو تا لە ساڵی ١٩٥٦ کە کۆنگرەی دووهەمیان گرت و هەندێک بڕیاری گرنگیان دەرکرد:

بەندی یەک ـ ئەو هەرێمەی گەلی عارەبی عیراقی لەسەر دەژی، بەشێکی تەواوکەرە لە نیشتیمانی عارەب. یەکانگیر بوونی قەوارە ڕامیارییەکەی عیراق وڵاتێکی عارەبی پێکدێنێت چ لەسەر ئاستی نەتەوایەتی یان ئاستی جیهانی یەکێکە لە ئەندامانیی کۆمەڵگەی عارەب.

بەندی دوو ـ ئەم سنوورە نێونەتەوەییەی ئێستای عیراق کە ئیمپریالزم کێشاویەتی بەشێک لەخاکی کوردستانی دەگرێتەوە.

بەندی سێ ـ بەوپێیە عیراق پێکهاتووە لە دوو نەتەوەی سەرەکی؛ عارەب و کورد. نەتەوەی کوردی عیراق بەشێکە لەو نەتەوە کوردە کە کوردستان خاکیەتی و کەرتکراوە لەنێوان تورکیا، ئێران وعیراق[29]دا. کورد نەتەوەیە و خاوەن گشت تایبەتمەندییەکانی نەتەوەیی هەیە. (هەرچەندە ئیمپریالییەکان لێکیان دابڕین) میللەتێکن خاوەن مێژوو و خاکی هاوبەش؛ زمانیان یەک و دەتوانن ئابووری نەتەوەییان لەپێناو ئازادی و یەکگرتنەوەدا لێکبدەن.

کە عەبدولکەریم قاسم ڕۆژی ١٤ی جولی ١٩٥٨ لە شا هەڵگەڕایەوە و بانگی سیستێمی کۆماری هەڵدا، کارەکەی تەنها کوودەتای ڕامیاری نەبوو بەڵکوو شۆڕش بوو. بەرەی دیموکراتخواز بەگشتی لەگەڵیا بوون. تەنانەت پارتی دیموکراتی کوردستانیش. ڕۆژی ٢٧ی جولای لە بڕیاری کارنامەی دەوڵەتە کاتییەکەیدا سەربەستی و دیموکراسییەتی چەسپاندەوە، بەتایبەتی:

"یەکگرتنی هاونیشتیمانیان بتەوی کۆمەڵگەی عیراق دەگەیێنێت، و ماف و سەربەستی هاونیشتیمانییان دەپارێزێت. عارەب و کورد لەم نیشتیمانەدا هاوبەشن، و یاسا مافی نەتەوایەتییان لە چوارچێوەی عیراقێکی یەکگرتوودا دەپارێزێت" (بەندی سێ).

ئەوە یەکەمین جاربوو دەرباری یەکێک لەو دەوڵەتانەی بەش لە کوردستان داگیر دەکەن دان بنێن بە "مافی کورد"دا. قاسم پارتی دیموکراتی کوردستانی بەڕەوا ناساند، و کاتێک موستەفا بارزانی لە سۆڤێت گەڕایەوە وەک قارەمان پێشوازی لێکرد، و ڕێگەی بە دەرچوونی ١٤ گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی دا کە یەکێک لەوانە "خەبات"ی ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان، و گۆڤارێکی تری ئۆرگانی ئەو پارتە بوو[30]، هەروەها ژین، هەتاو، ئازادی ـ گۆڤاری نیوە ئۆرگانی پارتی کۆمۆنیستی عیراق بوو.

لەبەدبەختی عارەب و کورد، ئەو لیبرالیەتە زۆری نەخایاند. کە دەستی قاسم لەتەخت گیربوو،

---

29 ـ دیارە پێزی ئایدیۆلۆجی بەشەکانی سۆڤێت وسوریای لەمێشکی نووسەردا سڕیونەتەوە.» و «

30 ـ F و E ـ کوردستان ....

بووە دیکتاتۆرێکی سپادۆست و لەگشت پیاوەتییەکانی پێشووی پاشگەز بووەوە، یەک لەدوای یەک کەوتە لێدانی پارتەکان. پارتی کۆمۆنیستی عیراق کە هەمیشە نایاسایی بووە، لە ١٤ی جولی ١٩٥٩[31] بەدواوە قەدەغە کرایەوە. ئەوجا نۆرەی کورد لە ١٩٦٠دا هات. میری تاخمێک دەرەبەگی لە بارزان چەکدارکرد و کردنی بەگژ بنەماڵەی سەرۆک کورد و پارتی دیموکراتی کوردستاندا. قاسم ئەوجۆرە سەربەخۆییەی کوردی بەلّ نەبوو کە لەپرۆگرامەکەی پارتدا هەیە، ئەوەبوو کە "خەبات"ی ئۆرگانی پارت ئەو وتارەی ئێمەی بلاوکردەوە کە ئۆکتۆبەری ١٩٦٠ لە کۆنگرەی خوێندکارانی جیهانی لەبەغدا خوێندمانەوە[٢٢]، برایم ئەحمەد کە سکرتێری پارت و سەرنووسەری " خەبات " بوو بەتاوانی " گێرەشێوێنی نێو هاوولاتییان " برایە پێش دادگا و هەروەها هەندێک سەرکردەی تر گیران و هەندێک تریش ناچار دووبارە کەوتنەوە خۆشاردەوە. ڕۆژنامە کوردییەکان یەک لە دوای یەک داخران. گۆم ئەوکاتە قووڵ بوو کە ڕۆژنامەی " الثورە"ی عارەبی، کە سەرنووسەرەکەی دۆستێکی زۆر نزیکی قاسم بوو، چەندین وتاری بلاوکردەوە تێیاندا خواستی لەعیراقدا بەتەواوی ئاوێتە کردنی گەلی کورد دەردەبڕی. کە جەنرال بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بەغدای بەناسوودە نەزانی، پایتەختی جێهێشت و ڕوویکردەوە بارزان و لە ١٣ی سێپتەمبەری١٩٦١دا بەر بۆمبارانی فرۆکە کەوت. لەڕاستیدا سەرەتای بۆمبارانی ناوچەکانی کوردستان ٩ی سێپتەمبەری ١٩٦١ بوو. ئەوجا نووسینگەی ڕامیاری پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکەکەی بڕیاریان دا نەخشەیەک بکێشن بۆ بەرگری کردن لەمیللەت.

پاش بزووتنەوەکەی کۆماری مەهاباد ئەوە دووهەمین شۆڕشی کوردستان بوو، بەلام بە بەراورد لەگەلّ بزووتنەوە کلاسیکیەکانی ماوەیەک لەوەوبەر، لەقۆناغی جەنگی جیهانگیری دوو بەدواوە بەگرنگترین قۆناغی دیموکراسی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی نەتەوەی کورد دەژمێردرێت.

ئەم تایبەتمەندییانەی شۆڕشی ساڵی ١٩٦١ شایانی تێڕوانین هەن:

١ـ بزووتنەوەکەی کوردی خاوەن ئامانجی نەتەوەیی نیوترالّ بوو. ڕادەی چالاکییان تەنها لە چوارچێوەی کۆمارێکی نوێدا دابینکردنی ئۆتۆنۆمی بوو بۆ کوردستانی عیراق.

٢ـ وەک ئامانجی بزووتنەوەکە کوردی بوو، هەروەها عیراقیش بوو. لەڕووی جوگرافییەوە تەنها عیراقی دەگرتەوە و دەستی تێکەلّ بە کوردستانی تورکیا و ئێران نەکرد. بەئامانجیش هەر عیراقی دەگرتەوە چونکە بەشێک لە تێکۆشانی بۆ چەسپاندنی دیموکراسییەت بوو لە چوارچێوەی عیراقدا.

٣ـ خاوەن "ڕەوشی کۆمەلایەتی پێشکەوتوو" بوو، چونکە ئەوەی لە پەیڕەو و پرۆگرامی پارتی دیموکراتی کوردستاندا تۆمارکراوە، بەهەرەیە بۆ عیراق بەگشتی و بۆ جینە چەوساوەکانی

---

31ـ F و E ـ ... و لە هەمان ١٤ی جونی ١٩٥٨وە .... « بەڵێ پاش کارەساتەکەی کەرکووک لە یەکەمین یادی سالڕۆژی کوودەتاکەی ئەمووز واتە١٤/٧/١٩٥٩ بەدواوە بوو. ـ و »

کوردستان بەتایبەتی.
٤- بزووتنەوەیەکی میللی و نیشتیمانی بوو، بۆیە گشت چینەکانی کۆمەڵ لەو سەرکردایەتی ڕامیاری و لەشکرەی پارتی دیموکرات و سەرکردەیەی کۆبوونەوە.
٥- پارتی دیموکراتی کوردستان بوە بەردی بناغە بۆ باری ڕامیاری و لەشکر و دامودەزگایان.
شۆڕش لەساڵی ١٩٦١دا سەرەتا وەک بزووتنەوەیەکی ساکار بۆ بەرەنگاری لەبۆمبارانەکانی قاسم هەڵگیرسا بەڵام زۆر بەزوویی خۆیگرت، لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستانی پێکهات و پەرەیسەند: سێپتەمبەری ١٩٦٩ ژمارەی چەکداران نزیکەی هەزار بوو بەڵام لەکاتی ڕووخانی قاسمدا گەیشتنە ٢٠,٠٠٠، و لە ساڵی ١٩٧٥دا ژمارەیان گەیشتە ٥٠.٠٠٠چەکدار. ناوچەی دەسەڵاتی شۆڕش ڕۆژبەڕۆژ فراوان دەبوو. ساڵەکانی ١٩٦٤- ١٩٧٥ نزیکەی ٣٠,٠٠٠ تا ٤٠,٠٠٠ کم٢ «E - ١٢,٠٠٠ تا ١٥.٠٠٠ میل٢» ڕزگارکرا و بەشێوەیەکی فراوان دەزگای تایبەتییەکانی خۆیان تێ دامەزراند. شۆڕش لە ساڵی ١٩٦٤دا پەروەردە و یاسای دارشت و دەزگای کارگوزاری، نووسینگەکانی باری کۆمەڵایەتی کردەوە. هەروەها گومرگ، داد و دارایی، نووسینگەی پەیوەندی بەدەرەوە، بەرگری ئاسایشی نەتەوەیی کە بریتیبوو لەدەزگایەک بۆ ڕاگرتنی ئاسایش پێیدەگوترا "پاراستن"، و زۆری تر کرانەوە.

ماف و توانای کورد بۆ ڕێکخستن و بەرگری لای جەنرال قاسم بێبایەخ بوو. ئەو جەنگە وزەی سپایی جەنرال قاسمی لاوازکرد و پێدەچێت باری ڕامیاریشی بێهێزتر کردبێت. زۆر تایبەت سەر لەپارتی کۆمۆنیست شێوا و لەبەر لایەنگرتنی قاسم بوو بە دژی بزووتنەوە، بەڵام پاشان وردەوردە پاشگەز بووەوە. "کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی عیراق" لەڕاپۆرتێکی زۆر گرنگدا لەمەڕ "ڕێگەچارەی ڕەوا دۆزینەوە بۆ کێشەی کوردی عیراق" مارسی ١٩٦٢ ڕەخنەی لە جەنرال قاسم گرت بەوەی "کێشەی کورد پشتگوێ دەخات و دان بە بوونی کوردستاندا نانێت" و هەروەها ڕووی ڕەخنەیشیان کردە "بۆرجوایانی کورد کە بەرژەوەندی نەتەوەیان دەخەنە سەروو بەرژەوەندی گشت. واتە نەتەوەکەیان دەخەنە گێژاوێکەوە سەرگەردان و بێکەس بمێنێتەوە". پارتی کۆمۆنیستی عیراق لەسەر ئەوە وەستان کە "لە باروودۆخی ئەمڕۆدا شێوەی ڕەوا بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، دیموکراتیزە کردنی یەکێتی کورد و عارەبە، و دەبێت ئامانجی لامەرکەزی بۆ کوردستان لە چوارچێوەی کۆماری عیراقی یەکگرتوودا بێت".

ئەوەی سوودی لەو بارە وەرگرت، پارتی بەعس بوو کە وەک دوژمنی کورد بوو لەهەمان کاتدا دوژمنی پارتی کۆمۆنیستیشە. لە فەبریوەری ١٩٦٣دا هەندێک ئەفسەری ناو لەشکری عیراق جەنرال قاسمیان کوشت و ڕژێمکی خوێنڕێژیان دامەزراند کە سەرقافڵەی قوربانی ئەو گەیشتە ٧٠٠٠ کۆمۆنیست. پاش قۆناغێکی کورتی ئاگربەست لەگەڵ کورد، دەستبەجێ پاش وەرگرتنی ئەو چەکەی بە پەلە لە لەندەنی خواست، پارتی بەعس بووژایەوە. ڕژێمەکەی عەبدولسەلام عارف

و ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر، کە هەردووکیان جەنرال بوون یەکیەمیان وەک سەرەک کۆمار و دووهەمیش سەروک شالیاران، لە ١٠ی جونی ١٩٦٣دا جەنگی کوردیان دەستپێکردەوە. لە سلێمانی ٢٨٠ هاوولاتی کوژران و بەکۆمەڵ لە یەک چاڵدا ژێرخاک نران. لە کەرکووک دەستیاندایە هەڵوێستی بەعارەب کردن و دەرکردنی کورد و عارەبیان دەهێنایە شوێن.

یەکێتی سۆڤیێت لە ئاژانسی تاسدا روونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە تێیدا دەڵێ "یەکێتی سۆڤیێت ناتوانێت چاو لەو کارەساتانە بپۆشێت کە ئەمڕۆ لە عیراق بەرپا بووە، چونکە هەڵوێستی عیراق بەرانبەر بە کورد باری ئاشتی رۆژهەلاتی ناوەراست ئەخاتە ژێر مەترسییەوە"(٢٣).

سەرەرای ئەوبارەیش عیراق جارێکی تر رووبەرووی جەنگاوەرانی کورد بووەوە، و هەرچەندە هێزێکی سپای سووریا هاتن بۆ کۆمەکی رژێمی بەعس، ئەوانیش لە بادینان شکستیان هێنا.

مارشاڵ عەبدولسەلام عارفی سەرەک کۆمار کە بەعسی نەبوو بەڵکوو تەنها هاوکاربوو لەگەڵ ئەوان، لە١٨ی نۆڤەمبەری ١٩٦٣دا ئەحمەد حەسەن ئەلبەکری سەرەک شالیاران و گشت هاولە بەعسییەکانی بێکەوە رامالی. رژێم لە ١٠ی فەبریوەری ١٩٦٤دا ئاگربەستی لەگەڵ جەنرال بارزانی مۆر کرد، و کۆتاییان بە قۆناغی دووهەمی جەنگی کوردستان هێنا.

مارشالی سەرەک کۆمار لە ٤ی مارسی ١٩٦٥دا بە "هێرشی بەهار" جەنگی هەڵگیرسانەوەو و پاش ماوەیەکی کەم لەرووداوی کەوتنە خوارەوەی هەلیکۆپتەردا مرد و عەبدولرەحمانی برای بوو بەجێگری. جەنگی کوردستان هەر درێژەی بوو. جەنگ تاکو ١٥ی جونی ١٩٦٦[32] خایاند تا ئەو ئاستەی لە هێرشی "هەندرێن"دا عیراق شکستی هێنا. عارفی دووهەمیش بریاری ئاگربەستی دەرکرد.

پارتی بەعس لە ١٧ی جولی ١٩٦٩دا[33] بە کوودەتایەکی لەشکر تۆڵەی لە بنەماڵەی عارف کردەوە و جەنراڵەکانی بەعس ناوی "شۆرشی ١٧ی تەمووز"یان لەو نا، و جەنرال ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر کە پێشتر لە ١٩٦٣دا سەرەک شالیاران بوو کرا بە سەرەک کۆمار، و سەددام حوسەین بە یاریدەری سەرۆک. رژێمی نوێی بەعس لە ئەپریلی ١٩٦٩دا چوارهەمین جەنگی کوردستانی دسپێکردەوە. جەنگی دژوار لەدەشتی هەولێر و دەشتی کەرکووکە روویدا و بوو بە هۆی دەرکردن و قەلاچۆکردنی جوتیارانی کوردی ئەوناوە.

ئەو کاتەی بەکر دەیویست خۆی بە" پێشەوای رەوانی" پارت نیشاندات و ئاوریش لە چەپرەوان بداتەوە، هێشتا جەنگ لەئارادا مابوو. بە ناردنی نوێنەری تایبەتی خۆی "عەزیز شەریف" بۆ لای جەنرال بارزانی، رێکەوتنەکەی ١١ی مارسی ١٩٧٠یان کرد بە ئەنجامی تووێژە نهێنییەکانیان.

---

32 ـ F ـ هەمانە. و E ـ ... تا ١٥ی جونی ١٩٦٥...

33 ـ F و E ـ ... ١٧ی جولی ١٩٦٨... .

**١١ی مارسی ١٩٧٠ و " خولی کۆچوبار"**

وەک ڕێکەوتنەکەی ١١ی مارس بە خەباتی دوورخایانی گەلی کورد و لەشکرە شۆڕشگێڕەکەی و وتووێژی گیر لەگەڵ لایەنی دژدا هاتە ئەنجام، نەیانکرد ئەو ڕێکەوتننامەیە بە مۆری هەردووک لاوە بۆ گەلی عیراقی ئاشکراکەن، بەڵکوو لە شێوەی ڕاگەیاندنێکی "ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش"دا بڵاوکرایەوە کە ئەویش سێبەرە بۆ "سەرکردایەتی هەرهمی عیراق "ی پارتی بەعسی فەرماندە. بێگومان پێشەکی ئەو بڵاوکراوە دوور و درێژە باسی و تووێژی نێوان ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و "سەرکردایەتی مستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان" دەکات، و ئەوە دەنوێنێت کە"هەردوو پارت ڕێکەوتنامەیەکیان لەسەر ئەم بەندانەی خوارەوەی مۆرکردووە و ئەنجامەکەی دەبێت بە بڕیار "(٢٤). بەڵام شێوەی دارشتن و لەپانزە بەندا پاڵاوتنی ئەو بەبڕیاری ئەنجومەنەی سەرکردایەتی شۆڕش دەرچوو، هەروەها بڵاوکراوەکە ئەوەی نیشاندا کە کۆنگرەی حەوتی سەرکردایەتی هەرێمی پارتی بەعسی عارەبی بەستراو "کۆتایی ساڵی ١٩٦٨و سەرەتای ساڵی ١٩٦٩" هەندێک ڕامانی گرتووەتە ئەستۆ کە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بەم پێیەی خوارەوە ئەنجامیان دەدات:

- دان بەوەدا بنێن کە میللەتی کورد هەیە.
- زانکۆیەک لە سلێمانی بکرێتەوە و هەروەها ئەکادیمیەکی زانستی.
- دەزگایەکی گشتی بۆ ڕۆشنبیری کوردی بکرێتەوە.
- لە "خوێندگە، ئامۆژگا، زانکۆ، یانەی مامۆستایان، کۆلیجی جەنگ و کۆلیجی پۆلیس"دا زمانی کوردی بخوێنرێت.
- ڕێگە بە کردنەوەی کۆمەڵە بدرێت بۆ نووسەر و هونەرمەندانی کورد، و بەرهەمەکانیان بڵاو بکرێنەوە.
- ماوەی بڵاوکردنەوەی پرۆگرامە کوردییەکانی تەلەفزیۆنی کەرکووک درێژتر بکرێت، و ئێزگەیەکی تایبەت بە زمانی کوردی لەو شارەدا دابمەزرێت[34].
- بڕیار بەوە دەربچێت کە بۆ هاووڵاتییانی کورد هەبێت جەژن و ئاهەنگی دێرین خۆیان پیرۆز بگێڕن.
- یاسایەک بۆ " ئۆتۆنۆم کردنی دەزگا ناوخۆییەکان" دابڕێژرێت و بەتایبەتی "کردنەوەی نووسینگەیەک لە کەرکووک".
- فەرمانی لێخۆشبوون دەرچێت بۆ گشت ئەو سەرباز و فەرمانبەرانەی بەشداربوون لە ناکۆکی باکووردا.

---

34 ـ فارسییەکە ئەم خاڵەی فرامۆش کردووە.

هەروەها ئەوتۆی نیشاندا کە ئەنجومونی سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاری کۆشش بۆ خستنەگەڕی "وەک یەک بەرەوپێشچوونی دوو نەتەوەی عارەب وکورد" دەدات.

هەروەها بڵاوکراوەکە دەڵێت: بۆ "بتەو و بەرفراوان کردنی کارنامەکان" دەبێت ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و پارتی دیموکراتی کوردستان بەرپرسی خۆیان دەربڕن لە ئەنجامدانی پانزە بەندی تۆمارکراوی ڕێکەوتننامەکە، کە ئەمەی هەرە گرنگەکانیەتی:

بەندی ۱: لەو ناوچانەی زۆربەی دانیشتووانی کوردن، زمانی کوردی شانبەشانی زمانی عارەبی بکرێت بە زمانی دەربار، و خوێندن لەو ناوچانەدا بکرێت بە کوردی، و لە گشت خوێندنگە کوردییەکاندا عارەبی بخوێنرێت. بەرانبەر بەوە لە گشت هەرێمەکانی تری وڵات (واتە لە عیراقی عارەبیدا) بەوپێیەی یاسا دیاری دەکات زمانی کوردی ببێت بە زمانی دووهەمی فێرکردن.

بەندی ۲: برا کوردەکان لەگەڵ برایانی عارەبیاندا "بێ هیچ جیاوازی لەنێوان کورد و ناکورد" بەشدار دەکرێن لە بەڕێوەبەرایەتی دەوڵەت و دەزگاکانیدا، تەنانەت لە فرمانە بەرزەکانی وەک شالیار و سەرکردایەتی لەشکریش.

بەندی ۳ گرنگی دەدات بە ڕاستکردنەوەی ئەو کەموکوورییەی لە ڕابوردوودا باری زانست و کولتووری کوردی گرتبووەوە، و دەکۆشن بەگشت جۆرە کەرەستەی تایبەت پەرە بە خوێندنی کوردی بدەن.

بەندی ٤ لەوە دەدوێت کە: کاربەدەستان، بەتایبەتی فەرمانبەری پایەدار و بەڕێوەبەری وەک سەرۆکی پۆلیس و ئاسایشی ئەو ناوچانەی زۆربەی دانیشتووانی کوردن، بکرێن بەکورد.

لە بەندی ٥ دا: میری عیراق پێی ڕەوایە کە " بۆ گەلی کورد هەیە ڕێکخراوی سەربەخۆ و تایبەت" لەسەر هەمان شێوەی ڕێکخراوە عیراقییەکان پێکەوەنێت بۆ خوێندکاران، لاوان، ژنان، مامۆستایان.

بەندی ٦، بڕیارێکە بە بێ هەلومەرج گشت ئەو "کرێکار، فەرمانبەر و کارگەرانی فرمانگوزاری و لەشکر" کە لە جەنگی پێشوودا لایەنگیری کورد بوون بگێڕنەوە سەر کاری خۆیان.

لە بەندی ۷ دا: پێشنیارکراوە لیژنەیەکی تایبەت لە شالیارگەی کاروباری باکوور پێکبێت بۆ لەگشت بارێکەوە "بووژاندنەوەی هەرێمی کوردی"، بەتایبەتی باری ئابووری و "پاشکەوتوویی سالانی پێشوو" لەبەرچاو بگیرێت و "بوودجەیەکی تایبەت"ی بۆ دیاری بکرێت.

بەندی ۸؛ تایبەتە بە "گێڕانەوەی پەنابەری عارەب و کورد بۆ شوێنی خۆیان" واتە دەبێت ئەو عارەبانەی ڕژێم سالانی جەنگ لە کوردستان چاندنی، بگێڕنەوە و شوێنەکانیان جێبهێڵن بۆ ئەو کوردانەی لێی دەرکراون.

بەندی ٩ ؛ تایبەتە بە "یاسای چاککردنی کشتووکاڵ لەکوردستان" و بە تایبەتی دابەشکردنی زەوی بەسەر جووتیاردا.

بەوەی بەندی ١٠ زۆر گرنگە لێرەدا دەقەکەی دەنووسینەوە.

ـ پێویستە دەستووری کاتی بگۆڕدرێت بەم پێیەی خوارەوە:

١ـ گەلی عیراق پێکهاتووە لە دوو نەتەوەی سەرەکی؛ عارەب و کورد. یاسا لە چوارچێوەی یەکێتی عیراقدا مافی گەلی کورد و کەمە نەتەوایەتییەکان دەپارێزێت.

٢ـ ئەم بڕگەیە بخرێتە سەر بەندی چوارهەمی دەستوور؛ "زمانی کوردی و زمانی عارەبی لە ناوچە کوردییەکاندا دەبن بە زمانی دەربار".

پێویستە ئەو خاڵانەی سەرەوە لە ڕشتەی دەستووری داهاتوودا دەرکەون.

بەپێی بەندی ١١، دەبێت شۆڕشی کورد "ئێزگەی ڕادیۆ" و "چەکە قورسەکانی" ناوچەی دەسەلاتیان بدەنە دەست میری.

مەرج لە بەندی ١٢ دا ئەوەیە؛ "دەبێت یەکێک لە یاریدەرانی سەرۆکی کۆمار کورد بێت"

بەندی ١٣ [35]؛ پاشان لە سەر ڕۆشنایی جەوهەری ڕێکەوتننامەکە دەستکاری سنووری هەرێمەکانی وڵات دەکەن.

بەندی ١٤؛ تایبەت بوو بە هەلومەرجی " داهاتی کانەنەوتەکان"ی هەرێمە ئۆتۆنۆمییەکەی کورد:

"پاش ڕاگەیاندنی ئەم بلاوکراوەیە، و بەهاوکاری لەگەڵ "کۆمیتەی باڵا" کە پێکدێت، دەبێ بکەونە یەکخستنی بەڕێوەبەرایەتی ئەو ناوچانەی لە دەزگاکانی ئاماردا دەردەکەوێت کە زۆربەی دانیشتوانی کوردن.

میری دەکۆشێت پەرە بەو بەڕێوەبەرایەتییە یەکانگیربووە بدات، و هەل بۆ گەلی کورد بڕەخسێنێت کە هەرچی پتر بۆ سەربەخۆیی نەتەوەیی بکۆشێت، واتە ئۆتۆنۆمی وەربگرێت. تاکوو چەسپاندنی ئەو بەڕێوەبردنە خۆبەخۆییە، کۆمیتەی باڵا و لێپرسراوانی هەرێم پێکەوە کاروباری میللی کورد ڕێکدەخەن.

بەوەی ئۆتۆمی لە چوارچێوەی کۆماری عیراقدا دەبێت، گشت بەرووبوومی کانەکانی هەرێم دەخرێتە ژێر دەسەلاتی کاربەدەستانی کۆمار".

سەرئەنجام لە بەندی ١٥ دا دەڵێت؛ "دەبێت ڕێژەی نوێنەرایەتی گەلی کورد لە پەرلەماندا بەرادەی ژمارەی دانیشتوانی هەرێمە کوردییەکە بێت بەرانبەر بە دانیشتوانی گشت عیراق".

---

35ـ ئەمە یەکێک بوو لەو خاڵە گرنگانەی لەپاشدا بووە هۆی ناکۆکی نێوان سەرکردایەتی کورد و ڕژێم. ئەوەی لەیادمبێت پاش هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول، لەوتارێکیدا سەددام گوتی؛ بە ئیدریس بارزانیمان گوت "کەلار"تان ئەدەینێ لەبری "خانەقین"، "چەمچەماڵ" یش لەبری "کەرکووک" ئەوان پێی قایل نەبوون (بێگومان ئەوە لە دوا چاوپێکەوتنیدا بوو کەدەکاتە نزیکەی چوار ساڵ پاش مۆرکردنی ڕێکەوتننامەی ١١ی ئازار).دوو

هەردوولا مۆرکردنی ڕێکەوتننامەکەی ۱۱ی مارسیان بە ڕووداوێکی مێژووی ژمارد و جەژنیان بۆ گێڕا. بەغدا پێشوازی کرد لە دەستەیەک نوێنەری کورد، و جەنراڵ ئەحمەد حەسەن ئەلبەکری سەرەک کۆمار و سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لەوتارێکی تەلەفزیۆنی عیراقدا ڕووبەڕووی ئەو تاخمە کوردە گوتی: "وا گەلی کورد و عارەبمان بوونەوە بە خاوەن یەکێتی خۆیان. بناغەی پەیوەندی نێوانمان لەمڕۆ بەدواوە بتەوتردەبێت و هەرگیز لەقبوونی نییە". لە هەمان کاتدا جەنراڵ بارزانی لەڕادیۆی کوردستانەوە وتارێکی بڵاوکردەوە، و لەو برووسکەیەدا کە ئیدریسی کوڕی لە تەلەفیزیۆنی عیراقیدا خوێندییەوە، پیرۆزبایی لە "ژیری" سەرانی بەعس کرد و بەڵێنی بە سەرۆک بەکر دا کە " گەلی کورد دەبێتە پشتیوان بۆ تێکۆشانە ڕەواکەی گەلی عارەبی دژ بە دوژمنان".

شۆڕشی کورد کە دەیویست نیازپاکی خۆی نیشاندات، کەوتە هەڵوەشاندنەوەی دامودەزگاکانی ساڵی ۱۹٦٤ بەدواوەی، بەتایبەت ئەنجومەنەکەی سەرکردایەتی شۆڕش و نووسینگەی کارسازدان. ئەوەبوو تەنها ڕێکخراوی پارتی دیموکراتی کوردستان مایەوە کەگوایە دەبوو لەوڕۆژە بەدواوە ببێت بە هاوکاری بەعس.

عیراق کابینەی گۆڕی و پێنج کورد لە ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان و هەڵبژاردەی سەرکردەکەی لەوەدا بوون بە شالیار. بەهەمان شێوە لێپرسراو و فەرمانده بۆ ناوچەکانی تری کوردستان دامەزرا، بەڵام هەر لە سەرەتاوە تەگەرە کەوتە ڕێی ئەو "کۆمیتەی باڵا" یەی دەبوو بەپێی بەندی چواردەی ڕێکەوتننامەکە بە ژمارەیەکی یەکسان پێکبێت لە نوێنەرانی پارتی بەعس و پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ جێبەجێ کردنی ڕێکەوتنەکە: دەبێت سنووری دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان کام ناوچانە بگرێتەوە؟ چ جۆرە دەزگایەکی تێدا بکرێتەوە؟ کامە بێت بووجەی؟ کام بەرهەمانە دەبنە سەرچاوەی دارایی بۆ ئەو؟ ئەوجا دوو پارت لەئەنجامی وتووێژ ڕێکەوتن لەسەر دوو خاڵی گرنگ کە باسیان لەیاداشتنامەکەی سەرکردایەتی شۆڕشدا نەبوو. مەرجی سەرەکی ئەنجامدانی گشت کار بوو لەماوەی چوار ساڵدا. دووهەم ئەوەبوو کە بڵاوکردنەوەی بڕیاری ئۆتۆنۆمی کوردستان لە ۱۱ی مارسی۱۹۷۱ تێنەپەڕێت. ئەوەیش گرێدرا بەئایندەی ئەو ناوچانەیە* کە ناکۆک بوون لەسەری، چونکە بەعس ئامادە نەبوو نەلەکاتی دیاریکراودا سەرژماردنی تێدا بکرێت و نە کاتی تری بۆ دیاری دەکرد، چونکە بەغدا زۆر چاک دەیزانی زۆربەی دانیشتووانی کەرکووک بە کورد دەردەچن.

۱۷ی جولی دەستووری" کاتی"یان بڕیاردا ( واتە لەساڵی ۱۹۵۸وە چوارهەم) بەڵام گۆڕینکارییەکانی بەندی دەی تێدا نەبوو. لە بەندێکی تایبەتدا کوردی بەرپرسیار کردووە بەڵام مافەکانی بۆ نادیار هێشتووەتەوە.

*- F - E - ناوچەی کەرکووک .... « و »

باری ئەنگ ئەوەیە کـە بەعس نایەوێت کـەس بکات بەهاوکـاری دەسـەڵاتی. بەندی پانزە دەڵێت: دەبێت کورد بەشداری"پەرلەمان" بێت، بەڵام بە چی جۆرە دەسەڵاتێک؟ لەوەتەی ساڵی ١٩٥٨وە، واتە وا بۆ بیـست سـاڵ دەچێت کـۆمـار دامـەزراوە هیچ پەرلـەمـان یان تەنانەت هەڵبژاردنیشی بۆ نەکراوە، چونکە هەرچ یەکێک لە ڕژێمە دیکتاتۆرییە یەک لەدوای یەکەکان بەبێ دەنگی گـەل وەرگـرتن هاتوونەتە سـەرکـار و بەئارەزووی خـۆ لەبری پەرلـەمـان "یاسـا" و "دەستوور" دەگۆڕن. دەستوورەی ساڵی ١٩٧٠ هەر بەتەنهـا ئەنجومەنی سەرکـردایەتی شۆڕشی بەعس دەکات بە خاوەن دەسەڵاتی یاسادانان.

ئەوی ڕاستی بێت لەپراکتیکدا دەسەڵاتی یاسایی بەهیچ یەکێک لە پێنج شالیارە کوردەکان نەدرا، بەڵکوو بەر لەگشت بڕیار لەلایەن سەرانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە دەردەچێت. محەممەد عەبدولرەحمان «سامی» کە ئەندامی نووسینگەی ڕامیاری پارتی دیموکراتی کوردستان شـالیـارێکی نوێی بوو بۆ "کـار و باری باکـوور "(ئەو ناوەی بەغـدا لەبری کـوردسـتـان بەکـاری دەهێنا) . پاش کۆششی یەکجار زۆر توانی کەمەکێک لە بەندی یەکەمی ڕێکەوتننامەکەی ١١ی ئازار جێبەجێ بکات کە ئەویش لەساڵی ١٩٧١وە کردنی کوردی بە زمانی ئامۆژ بوو لە بەشێک لە خوێندنگە سەرەتاییەکانی هەندێک لەو ناوچانەی زۆربەی دانیشتوانی کوردن ـ وەک کەرکووک و خـانەقین ـ بەرکـەوتن، بەڵام ئەو تایبـەتمەندییە پارێزگای دهۆک و شـارۆچکە کـوردییـەکـانی (نەینەوا) مـووسڵی نەگرتەوە. هەروەک بە پێچەوانەی ناوەڕۆکی هەمان بەندەوە، زمانی کوردی نەکرا بە زمانی دەربار.

بێگومان ئەوتۆیش پارتی دیموکـراتی کـوردسـتـان هەر قـایل بوو، دیارە بەو ئاواتە کـەچەرخی ڕۆژگـار وردەوردە بیـانگۆڕێت، بەڵام لەپاداشـتی ئەوە دەرکـەوت بەعس لەو قـۆناغی سیـسـتـێم گۆڕینەدا « ئازاری ٩٧١ بۆ ٩٧٤ » ناوچە کوردییەکانی نەتەنها کەرکووک، بەڵکوو خانەقین و شـارۆچکە کـوردییـەکـانی مـووسڵ ( بەتایبەتی زوممار، شێـخـان و سنجار) بەعـارەب دەکات و تەنانەت ئەو کوردانەیش کە لە عیراقی عارەبیدا دەژین*.

کۆتایی سیـپـتـەمبەری ١٩٧١ کوتوپڕ و زۆر بەتین ڕژێمی عیراق هەڵوێستێکی تری هێنایە گـۆڕێ: ئەویش بژنەیەوە کـە ئێـران چەند دوورگـەیەکی لە ناو کـەنداوی فـارس (یان عـارەبی ـ فارسی)دا داگیـرکـردووە، کـەوتەنە دەرکردنی ٥٠٠٠٠ کـەسی گـوایە بەرەگەز ئێـرانی لەعیـراق،

---

* ـ F ـ E ـ لەبەغدا دەژین .... « و »

36 ـ کۆمەڵێکی پێکهاتوو لە چەند تیرەیەکی کوردی لوڕ(هەروەک لە گشت لایەکی جیهاندا باروکۆچ کەوتووەتە نێوان هۆز و تیرەی ئەمدیو و ئەودیوی سنوور) ئەمانە پێش لە هەرەسی دەوڵەتی عـوسـمـانی و تا پاش لەناوچوونی و سەرەتای بناغە کوتانی دەوڵەتی شای عیراق لە ئێرانەوە ئەمدیوی عیراق بوون، و لەکاتێکدا ڕژێمی عیراق پێناسە(جنسیە عیراقیە) داهێنا بۆ هاوولاتییانی، ئەمانە بەڵگەنامەی عوسمانییان بەدەستەوە نەبوو بۆیە لەوێدا لەبری (تبعیە عوثمانیە) بۆیان دەنووسین (تبعیە إیرانیە) واتە "بنەڕەتی ئێرانییە"، <<<<

لەوانە ٤٠،٠٠٠ کەسیان کورد بوون، واتە ئەو کوردە "فەیلیبانەی"[36] لە چەندین پشتیانەوە لەپایتەخت و ناوچە مەرزییەکانی خوارووی خانەقین نیشتەجێ بووبوون. ئەوانەیان ناچارکرد گشت کەرەستە و زەوی و خانووبەرەیان بەجێبهێڵن و زووبەزوو لەعیراق دەرچن. ئەوانە تاکو ئەمڕۆیش لەوبەری سنوور لە ئۆردوگای پەنابەراندا دەژین، بەتایبەتی لە ئیلام.

یەکانەکانی تۆپخانەی عیراق لە ٩ی فەبریوەری ١٩٧٣دا بۆردومانی گوندی "یوسفان"ی سەر بە شارۆچکەی سنجار، و لە٢٦ی فەبریوەریشدا زۆر بە درندانە پشکنینی خانو بەخانووی ناوچەکەیان کرد بوە هۆی هەڵهاتنی هەزاران دانیشتووی یەزیدی بۆ بادینانی ژووررووی نزیک بە زاخۆ. ئەوە سەرەتای کاروان بوو بۆ ئاوارەیی. ڕۆژی ٦ی مارس جوتیارەکانی گوندی "قەرە"[37] ناچارکران زەوی و زاریان بۆ خێڵێکی عارەب جێبهێڵن و خۆیشیان دەرکردن. لە ٧ی مارسدا هەمان ڕووداو لە گوندی "قازانبولاغ"ی ئەو پارێزگایە دووپات بووەوە، و ٢٦ی مارس سەرە گەیشتە سەر گوندی "دیناترو"ی دەشتی ئاکرێ. ١٥ و ٢٢ی مای گوندەکانی شێخان و ٢٤ی مای و ٨ و ٢٨ی جونی ١٩٧٣ گوندەکانی شارۆچکەی خانەقین دووچاری ئەوتۆ ناهەمواری بوون. فەبریوەری ١٩٧٤ چوارسەد خێزانی کرێکار و تەکنیک کار لەکۆمپانیای نەوتی کەرکووک دەرکران و عارەبیان هێنانە شوێن.

ئەوەی بەزۆری بوە هۆی ناکۆکی نێوان، ئەو دوو کۆششە بۆ کە سیخوڕەکانی "موخابەرات"ی عیراقی پلانیان بۆ کێشا تا جەنرال بارزانی لەناوبەرن، هەروەها ئەو هەڵوێستە گێرەشێوێنییانەی دەیانویست ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی پێ تێکدەن. لەلایەکی ترەوە کۆششی ئاڵۆزکردنی ئەوان لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی عیراق بوو.

---

ئیتر لەوە بەدواوە بە عیراقی ژماردنیان ستەم بوو، چونکە جەنرال قاسمیش ماوەیەک پاش کوودەتاکەی یاسایەکی بۆ گشت پەرپوەی هاوولاتیبانی وڵاتە عەرەبییەکانی تری ناو عیراق دەرکرد کە بۆیان هەیە پێناسەی عیراقی وەبگرن. بەڵام لەوێدا هیچ ئاوڕدانەوە نەبوو بۆ هاوسانە کوردەکانیان. تادەهات ژیان لەو تاخمە تاڵ دەبوو تا سەردەمی "جەنرال عارف" و پاشانیش "بەعس" ئەو یاسایەیان گەیاند بەوەی؛ بۆ هەچ ئەفسەر یان فرمانبەرێکی لەشکر و پۆلیس نییە هاوسەری بیانی هەبێت، و ئەوەیشی ئێستا هەیەتی دەبێ لەو ڕیزەدا نەمێنێت، ئەوەبوو هاوکارێکم (هاشم الدوري، عەرەب و ئەندامێکی چالاکی بەعس بوو، چونکە هاوسەرەکەی کوردی خاوەن پێناسەی "تبعيه إيرانيه" بوو بەپێی ئەو بڕیارە لەڕیزی سپا دەرکرا ). واتە کورد با لە چەند پشتەوە چاوی لەسەر ئەو پارچە خاکە پشکووتووبێت و گرتمان باپیرە گەورەی پەرپوەی ئەمدیو بووبێت لەلای ئەوان هەر بیانییە. وا بۆ بیستوپێنج ساڵ دەچێت کێشەی ئەو خێڵە کوردە یەکلا نەبووەتەوە کە ئایا عیراقین یان ئێرانی. عیراق لەسەر ئەوە دەرکردوون کە بەڕەگەز ئێرانین و ڕژێمی کۆنی شاهنشایی ئێران و ئەم ڕژێمە ئاخوندییە موسوڵمانەی ئێستایش بە عیراقییان ناودەبات. نە گەورەکانیان وەک هاوولاتی ئێرانی مافی کار و هەڵسووڕانیان هەیە، نە منداڵ لە خوێندندا بە باشی دەگەنە پلەی شایستە. کاتێکیش ئەندامانی ئەو خێڵە هەڵدێن بۆ هەندەران مافیان وەک پەنابەرانی میللەتانی تر نابێت چونکە پێناسەیان نادیارە و توانای خۆ ساغکردنەوەیان نییە، ئایا چی لایێن و لەبەرچی هەڵهاتوون. ـ « و »

37 ـ E ـ F ـ سەر بە کەرکووک ....

یەکەم کۆشش بۆ لەناوبردنی سەرۆکی کورد ئەوەبوو کە ٢٩ی سیپتەمبەری ١٩٧١ لەبارەگاکەی دۆڵی چۆمانی نزیک بە ڕێگەی هامیلتوندا ئامادەی پێشوازی لەو تاخمە مەلایە بوو کە بەغدا ناردبوونی[38]. کۆششی دووهەمیش ئەوەبوو کە لە ٦ی جولی ١٩٧٢دا نازم گزاری سەۆک دەزگای ئاسایش پلانی بۆ کێشا[39].

جەنرال بەکر لە ١٥ی نۆڤەمبەری ١٩٧١دا بە ناوی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە بانگی لە پارتە ڕامیارییەکانی تری کرد تا لەگەڵ بەعس بەرەیەکی نیشتیمانی پێشکەوتنخواز پێک بهێنن، بەڵام بە سەرکردایەتی ڕامیاری ئەو. پارتی دیموکراتی کوردستان، لەلایەکەوە، وەکیەک کردنی دەسەلاتی ڕامیاری لایەنەکانی بەرەی کرد بە مەرج بۆ بەشداربوونی خۆی، و لەلایەکی ترەوە دەیویست بڕیار دەرکەن بۆ هەڵبژاردنی تەواوی سیستێمێکی پەرلەمانی و چەسپاندنی دەستووری هەمیشەیی[٢٥].

لەهەمان وتارەکەی ڕۆژی ١٥ی نۆڤەمبەریدا، بەکر پێشنیاری کرد ئەنجومەنی نیشتیمانی داهاتوو بە سەد ئەندامەوە دامەزرێت (کە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ناویان لێبنێت و ناوی بەشەکەی تر بەجێبهێڵن بۆ هاوپەشەکانی ئایندەی بەعس).

---

38 ـ ئەو ڕووداوە لەخودی حاجی ئۆمەراندا بوو نەک لە چۆمان. لەو ڕۆژەدا بەعس شەش مەلای نائاگا لە پلانەکەی تێکەڵ بە هەندێک سیخوڕی ڕاهێنراو کردبوو بۆ ئەو مەبەستە ناردنی بۆ لای مستەفا بارزانی، گشتیانی بە جلوبەرگی پیاوی ئاینی و گوایە نوێنەری موسوڵمانانی شاری بەغدا بوون، تا لە بارزانی بپاڕێنەوە بە مەرجەکانی بەعس قایلبێت و گەلی عیراق لە کارەساتی جەنگێکی تر دووربخاتەوە. بە یەکێکیا لە مەلاکان گوترابوو کە لە کاتی سوێن و پاڕانەوە لە بارزانی بچێتە پێشەوە و پەنجە بە دوگمەی ئەو "دەنگگر Ricorder"ەدا بنێت کە بەندە بە پشتوێنی ژێر کەواکەیەوە، بەڵام کاتێک مەلای ساویلکە پەنجەی پێداناوە دەستبەجێ تەقییەوە و پریشک بەشی زۆر لە تاخمەکەی خۆی لناو هۆڵەکە دەکوژێت، بەڵام بارزانی تەنها پریشکێکی بچووک ناوچەوانی زامدار دەکات، و مەلای "حاجی ئۆمەران" کە لەتەنیشت بارزانییەوە دانیشتبوو هیچی بەرناکەویت. ئەوجا پیاوە" جێمس بۆند ئاسا"کانی بەعس (واتە یاوەرانی مەلا) لەدەرەوە دەکەونە خۆیان تا بە ئوتۆمبێلێکی (شۆفرلێتی ئیمپالا، مودێل ٩٦٣) کە دەزگاکانی بەعس لە ژێر هەریەک لەشەش گلۆپی پشتەوەی یەک مووشەکیان توند کردبوو تا جێمس بۆندەکان لە حاجی ئۆمەرانەوە خۆیانی پێ بگەیێننە یەکێک لە سەربازگاکانی دەشتی دیانە، بەڵام کوڕانی بارزانی و پێشمەرگە پاسەوانەکان لەیەکێک بەولاوە (کە بۆ بەڵگەی ناپاکی بەعس گلیاندایەوە) نەیانهێشت کەسیان بەساغی دەرچن. پاشان دەرکەوت ئوتۆمبیلەکەیش هینی ئەوە کوڕە کوردە (حەمەی سارۆ) بوو کە ساڵێک لەوەوبەر لاشەکەی بە مردوویی لەسەر ڕێگەی دیلتاوای خوار بەغدا دۆزرایەوە، بەڵام ئوتۆمبیلەکەی تا ئەوڕۆژە بێ سەروشوێن بوو. « و »

39 ـ دەزگای سیخوری بەغدا لاوێکی دانیشتووی خواروی ڕۆژئاوای کوردستان (سوریا) ی بەناوی "ئیبراهیم گاباری" بۆ ئەو مەبەستە ڕاهێنا تا بەشێوەی ڕۆژنامەنووس بچێتە پێش و لەکاتی وتووێژدا جانتا دیپلۆماسیە مین کراوەکەی لەڕووی بارزانیدا بتەقێنێتەوە، بەڵام هەر کە نازم گزار ئەو کارەی پێ ڕاسپارد تاکو ڕۆژی ئەنجامدان، ئەو هەنگاو بە هەنگاو سەیدا "سالح یوسفی" (ئەندامی نوسینگەی ڕامیاری پارتی دیموکراتی کوردستان و لێپرسراوی لقی یەکی بەغدا)ی لەو پلانە ئاگادار دەکرد. سەرئەنجام ئیبراهیم گاباری لە ڕێکەوتەی سەرەوەدا بەخۆی و جانتاوە ڕوویکردە بارەگای بارزانی و لەوێ سوپاس و خەڵات کرا و ڕووڕەشی بۆ گزار و سەرکردایەتی بەعس مایەوە. « و »

پاش چەند رۆژێک مستەفا بارزانی ناوی نماینەدکانی خۆیانی لادا، و سەرلەنوێ دووپاتی کردەوە کە "رەنگی کوردێتی" پارێزگای کەرکووک هەرگیز لە گۆڕین نایەت و بەعارەب کردنی ئەوی لەلایەن "مشتێک کاربەدەستی بەغدا"وە تاوانبار کرد. هەروەها بە "ناڕەوایی رژێم" و ئەو" باری ئەشکەنجەیەی کۆمۆنیستانی عیراقی تێیکەوتووە" تووڕەبوو و گوتی:" دەرگا دەکەمەوە بۆ گشت ئەو کەسانەی پەنامان بۆ دێنن"(٢٦).

ئەوە لەڕاستیدا ئاماژەبوو بۆ پەنادان بە کۆمۆنیستان، چونکە لە ساڵی ١٩٦٣وە نەتەنها ببوون بە داڵدە بۆ سەرکردە و ئەفسەرەکانی پارتی کۆمۆنیستی عیراقی هەڵهاتوو لەدەست قەسابخانەکەی بەعس، بەڵکوو تەنانەت مستەفا بارزانی ماوەی دابوون چەند کەرتێکی چەکدار پێکبهێنن. هەرچەندە ئەو گرۆ کۆمۆنیستە کورد و عارەبە چەکدارانە بەڕابەری سەرکرایەتییەکەی کورد لەناو ریزەکانی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان(هێزی پێشمەرگە)دا کەم یان زۆر سەربەخۆ بوون، تاکو رێکەوتننامەی ١١ی مارسی ١٩٧٠ ئەو گرۆ چەکدارانە لە جەنگدا مانەوە. ئەوجا پارتی بەعس لە پارتی کۆمۆنیستی عیراقی خواست لەگەڵیدا "بەرەی نیشتیمانی پێشکەوتنخواز" پێکبهێنێت، و پارتی کۆمۆنیستی عیراق ئەوەی پەسەند کرد.

هەر لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٢وە بەرەبەرە ناکۆکی لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی کۆمۆنیستی عیراق دەردەکەوت، ئەوەبوو ١٧ی جولی ١٩٧٣، واتە لە"یادی ساڵرۆژی شۆڕش"ی بەعسدا "بەرەی نیشتیمانی پێشکەوتنخواز" بە سەرکردایەتی رامیاری پارتی بەعس پێکهات، و پارتی کۆمۆنیستی عیراق (کۆمیتەی ناوەندی) تێکەڵ بەو بەرەیە بوو شانبەشانی پارتێک بەناوی دیموکراتی کوردستانی «لەپارتی» دابڕاو بەسەرۆکایەتی عەزیز عەقراوی "کە پاش ئەوە کرا بە شالیاری ولات". لە پاداشتی چوونە ناو بەرەوە جانتایەکی کابینە بەخەڵات بەر پارتی کۆمۆنیستی عیراق کەوت، و پاشان بۆیان کرد بە دوو شالیار کە هیچیان دەسەڵاتی بڕیاردانیان نەبوو. پێویستە ئەوەیش بخەینە ڕوو ئەو کارە بوە هۆی دووبەرەکی نێو ریزەکانی پارتی کۆمۆنیستی عیراق؛ زۆر لەوانەی لەگەڵ رەوشی سۆڤیێت بوون لەو پارتەدا بەناوی "سەرکردایەتی ناوەندی"ییەوە لایەنی پارتی دیموکراتی کوردستانی گرت[40].

ئەو هەڵوێست گۆڕینە کاری نەکردە سەر پەیوەندی نێوان سەرکدایەتی شۆڕشی کورد و تاران (بێگومان باسکردنی ئەوبارەمان ئەوە ناگەێنێت کە هەڵوێستی پارتی دیموکراتی کوردستان مایەی رەخنە نییە). دەمێک بوو پارتی کۆمۆنیستی عیراقی ئاگای لەو پەیوەندیە هەبوو، چونکە جەنگاوەری ئەوان لە کوردستاندا شانبەشانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەجەنگین و بڕیاردانی

40 ـ F و E ـ زۆربەی لەگەڵ رەوشی سۆڤێت بوو، واتە هێڵی "کۆمیتەی ناوەندی" بوو بە لایەنگیری بەعس، و ئەوانەی لەسەر رەوشی چین بوون، ناونرا "سەرۆکایەتی ناوەندی" هەر بە لایەنگیری پارتی دیموکراتی کوردستان مایەوە.

41 ـ F و E ـ نۆڤەمبەری ١٩٧٣ ....

قورسی هەردوولا وەک یەک دەبران بۆ ئێران و لە بیمارستانەکانی تاران بەهەمان شێوەی هەڤاڵانی پارتی دیموکراتی کوردستان چاودێری دەکران.

یەکێتی سۆڤێت لە ٩ی ئەپریلی ١٩٧٢دا "بەیانی هاوکاری و دۆستایەتی" لەگەڵ ئێران مۆرکرد. ساڵی ١٩٧٣ [41] چەکدارەکانی پارتی کۆمۆنیستی عیراق(کۆمیتەی ناوەندی) کە لەکوردستان هێشتا لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی لەشکری شۆڕشگێری کوردستان مابوون ڕووی چەکیان کردە ئەو پێشمەرگانەی تا ئەوڕۆژە هاوپەیمانیان بوون، بەتایبەتی لە دەربەندیخان. ئەو ڕووداوە بە دروجۆر دەگێڕنەوە: لەلایەکەوە پارتی دیموکراتی کوردستان تاوانی ئەو کارە دەخاتە ئەستۆی کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی عیراق کەگوایە ماوەیەکی کەم پێش کارەساتەکە پارەتی و تەقەمەنی ڕژێمی پێگەیشتبوو. ئەوی دواییش سوێند دەخۆن کە ئەوان کەوتبوونە ژێر ئەشکەنجە و هێرشیش کراوەتە سەریان[42].

کە کەرتەکانی کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی عیراق لەهێزی پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵگەڕانەوە، ئەمانی دوایی لە ناوچەی دەربەندیخانیان دەرکردن و تا ناو سەربازگاکانی ڕژێم هەڵیانپەڕین، ئەوەبوو لە نێوان دیسەمبەری ١٩٧٣ تا فەبریوەری ١٩٧٤ پارتە کۆمۆنیستەکانی جیهان پارتی دیموکراتی کوردستانیان دایە بەر هێرشی ڕەخنە و تاوانباریان دەکردن بەوەی لە کوردستاندا کۆمۆنیست قەلاچۆ دەکەن[(٢٧)].

ئەو بەڵێنانەی بەعس دای بە بزووتنەوەی کوردی، لە قۆناغی سیستێم گۆڕیندا بەڕاستی نەیبردنەسەر، و بێگومان هەڵگەڕانەوەی کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی عیراقیش لە ناوبراوی پاشین هەر بەزۆری ئەوان بوو. گشت چەکی بەغدایش "بەداخەوە" سۆڤیێتی بوون. باشە لەوتۆ بارودۆخ و بە ئاشکرا نزیک ـ بوونەوەی هەڕەشەی جەنگدا لە درێژەپێدانی دۆستایەتی بارزانی و تاران بەولاوە جی ڕێگەیەکی تری هەبوو؟ یان دەشێت بزووتنەوەی کوردی زۆری پەلە

41 ـ F و E ـ نۆڤەمبەری ١٩٧٣ ....

42 ـ F و E ـ گومان لەوەدا نییە کە لەوکاتەوە پەیمانی بەرەیان لەگەڵ بەعس مۆرکرد و بەڵێنی دوو کورسی کابینەیان وەرگرت، ئەندامانی کارای سەربە کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیست بێلەوەی کەس ڕێگەیان لێبگرێت بەرەبەرە لەناوچە ڕزگارکراوەکانی کوردستان بزردەبوون و لەشارە کوردیەکانی ژێر دەسەڵاتی بەعسدا سەریان هەڵدەدا( تا ڕۆژی پێکدادان گشت ئەوانەی دەربازبوون) و لە جنارە، دەربەندیخان، سلێمانی، دووزخورماتو، بانیخێلان و زۆر شوێنی تر بە سەرپەرشتی دەزگا سیخوڕییەکەی بەعس بنکەیان بۆ کرایەوە بۆ کرایەوە ( میللەت ناوینابوون؛ مۆڵگا ) و مووچەی مانگانە بۆ چەکدارەکانیان بڕایەوە. هێرشی بەروودوایان هەر ئەو کەلەسەرەوە باسکرا، لە دوو قۆڵی دووزخورماتو و کفری ـ دەربەندیخان و زەڕایەنەوە ڕوویانکردە سەر بنکەکانی پێشمەرگە لەقەرەداغ. ئەوان وایان دەزانی زۆر زوو بەڵێنەکەی سەرکردایەتیان بۆ بەعس دەهێننەدی؛ بەوەی نیشتیمانپەروەر و ڕۆشنبیرانی کوردستان چیتر باوەڕیان بەپارتی نەماوە و گشتیان بەلای ئەماندا لادەدەن و ئەمسان دەتوانن بەماوەیەکی کەم پارتی دیموکراتی کوردستان لەو هەرێمە دەربەرێنن و جەماوەری کورد دەکێشنە ژێر ڕکێفی بەرەکەیانەوە. ئەوەی شایانی باسبێت، لەو هێرشەدا تەنانەت دوو هەفتەیش خۆیان بۆ نەگیرا ـ « و »

کـردبێت لە بەربەرچدانەوەی ئەو تەندەری چوونە ناو بەرەی نیشـتیـمـانییەوە "بە سـەرکـردایەتی بەعـسـی" پێشکەوتنخـوازێ بابڵـێین وابوو، ئەی دەبێت پاش ئەو زۆر خـێـرا تەشـەنە کـردنەی بەعارەب « و بەعس»کردن هیچ ڕێگەچارەیەکی تریبان بۆ مابێتەوە؟

قرچۆک و مۆنۆپۆل کردنی ئابووری کوردستان

بەعس دەیەویت هەڵوێستی دەستگرتن بەسەر ئابووری کورد و بیری ڕەگەزپەرستانەیی خۆی بە دەربڕینی ڕواڵەتی پێشکەوتنخوازی بشارێتەوە. پارتی دیموکراتی کوردستان دوو بەڵگەنامەی بڵاوکردەوە ناوەڕۆکیان گرنگی زۆر دەنوێن. بەڵگەنامـەی یەکـەم "گەیاندنی کێشـەی کوردە بەڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان" کە ٦ی جونی ١٩٧٤ خرایە بەردەستی سەرۆکی گشتی ئەو ڕێکخراوە. ئەوی دووهەم نامیلکەیەکی بچووکە سەبارەت بە "لێکۆڵینەوە لەسەر کێشەی کوردی عیراق"ی ئاراستەکراو بۆ کۆنگرەی مافی کەمە نەتەوەییەکان، کە لە نێوان ٢٥ی جۆنی تا ٨ی جولی ١٩٧٨ لە شاری ئۆهرید (یۆگسلاڤیا) بەسترا[٢٨].

ئەو دوو بەڵگەنامەیە لەو ڕەوشە ڕەگەزپەرستانەییەی ڕژێم دەدوێت کە لە قۆناغی سیستێم گۆڕیندا بەگوێرەی پلانی داڕێژراو کوردی "بەدزییەوە تیرۆر" دەکرد، هەروەک بەڵگەنامەی یەکەم وێنەی ٣٥ ڕووداوی سەخت نیشان دەدات کە ڕژێم لەنێوان ٩ی[43] جۆنی ١٩٦٣تا ٨ ی مایسی ١٩٧٥ دژ بە هاوولاتییـانی ئاسایی ئەنجامداوە. بۆ نموونە دوان لەوانە ڕووندەکاتەوە کە ڕۆژی ١٩ی ئۆگوستی ١٩٦٩ لەئەنجامی هێرشێکی سپـای عیراق بۆ سەر گوندی "داکان"ی سەر بە ناوچەی "سلێمانی[44]" کە دەکەوێتە ٣٠ یان ٤٠ کیلۆمەتر سەرووی مووسڵ، و ٦٧ منداڵ و ژن و پیری کە بریتیبوون لە گشت دانیشتوانی گوند خۆیان خنیبووە ناو ئەشکەوتێکەوە (ئەو نێرینانەی دەستیان چەکی گرتبێت هەڵهاتن بۆ ناو پێشمەرگە)، ئەوجا سەرباز داریان لەبەر ئەشکەوتەکەدا هەڵچنی وگـربان تێبـەردا، تاکـە یەک کـەس لەو کـوردانە بەزیندووی دەرنەچوو. مـانگی سیپتەمبەری١٩٦٩یش تانگی ئەوان گوندی "صوریا"ی ناوچەی زاخۆی گەمارۆدا و بەگوللە تۆپ تەختـیان کرد، گشت ئەو دانیشتوانەی لەوێدا کوژران دیانی سەر بە کەنیشتی کلدانی بوون. ئەگەرچی ئەوە لەلایەکەوە تۆقاندن بوو، وەکتریش سزا بوو بۆ ئەو دیانانەی لە کوردستاندا وەک هاوولاتی موسولمان و یەزیدی هاوکاری شۆڕشیان دەکرد.

نایەکسانی لە زەمینەی فێرکەدا ئامۆژگاکانیشی گرتبووەوە. ١٣ی سیپتەمبەری ١٩٧١ لە پارێزگای بەسرای عارەبیدا لەناو گشت هەزار کەسدا ١٢٠ خوێندکار چوونە بەر خوێندن، بەڵام لەپارێزگای هەولێر کە پڕ و بەبەرهەمە تەنها ٧٠ خوێندکار بوو. لەگشت زانکۆ جۆربەجۆرەکانی

43_ E _ هەمانە. و F _ ... ١٩ی جونی ٩٦٣ ... .

44_F _ سەر بەشێخان .... و E _ سەر بە شێخان، لە سەرووی مووسڵ بە ٢٥ میل ....

عیراق، بە زانکۆی سلێمانیشەوە ڕێژەی خوێندکارانی کوردستان بۆ ساڵی ٩٧٠ـ ٩٧١ نەگەیشتە ٦.٤٪، و ساڵی ٩٧١ ـ ٩٧٢ بە ٦.١٪[45]. لە ١١ی مارسەوە تا ٣١ی دیسەمبەری ١٩٧٠ پتر لە ١٠٠[46] دەزگای خوێندن (ئەگەرچی عارەبیش بوون) لە پارێزگای دهۆک و شارۆچکە کوردییەکانی پارێزگای نەینەوا داخرا. کەساڵی١٩٧١ خوێندگەی کوردی لەخانەقین کرایەوە، ڕژێم فشاری خستە سەر کەسوکاری خوێندکارانی کورد و هەروەها زۆریان ئازاری خوێندکار دەدرا تا ئەو ڕادەیەی پتر لە ٤٠٠ خوێندکار خوێندگەی کوردی جێهێڵێت و خویان گواستەوە بۆ خوێندگە عارەبییەکان. لەنێو ئەوانەی دەنێردرانە دەرەوەی عیراق بۆ خوێندن ٣ ـ ٤٪یان بەرەگەز کوردبوون. مەگەر چۆنها ڕێژەی خوێندکاری کورد لەکۆلیجی سپا و کۆلیجی پۆلیسدا گەیشتبێتە ٢٪، بەڵام کۆلیجی "ئەرکان" ئەوە ئەفسەری کورد هەر وەرناگرێت. هەڵوێست لەکۆلیجی هێزی ئاسمانیشدا هەر هەمانە، هۆی ئەوەیش ئاشکرایە، چونکە هەر شارۆچکە و گوندی کورد دەبنە نیشانە بۆ فرۆکەوانی بۆمبهاوێژی عیراقی.

« جوداخوازی تەنانەت نووسینگە بەرزەکانی وڵاتیشی گرتووەتەوە. لەنێو ٥٠٠ دیپلۆماتی پایەبەرزی شالیارگەی دەرەوە کە نزیکەی ٨٠ لەوان باڵیۆز بوون، تەنها دە کوردیان تێدابوو، لەوانەیش تەنها یەکێک گەیشتبووە پلەی باڵیۆز.»[47]

ئەو جوداخوازییە تەنانەت پەخشینی (جنسیەعیراقیە) یشی گرتووەتەوە، چونکە بە هەزاران کورد هەن لە چەند پشتەوە لەعیراقدا دەژین هێشتا ڕژێم قایل نییە پێناسەی هاونیشتیمانێتی عیراقیان بداتێ.

یاسای ژمارە ٦٣ی[48] عیراق بۆ ساڵی١٩٦١ و گونجاندنەکانی پاش ئەو، کەسانی لەهەمان شێوە بەڵام عارەبی پەرپوەی وڵاتە عارەبییەکان بە"بیانی" ناژمێرێت، گەرچی لە مەراکشی سەری ئەوسەری جیهانی عارەبییشەوە هاتبن، بەڵام ئەوە لەئاستی پەرپوەی کوردانی لە بەشەکانی کوردستانی تورکیا، سوریا یان ئێرانی دراوسێی عیراقەوە هاتوو نەگونجاوە. فەبریوەری ساڵی ١٩٧٤ یاسایەک لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە دەرچوو، بەگشت جۆرێک لە دەزگای گشتیدا کارکردنی خوێندکاری عیراقی خاوەن ژن یان مێردی بیانی قەدەغە دەکات، جا بۆیە ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە خاوەن هاوسەری بەرەگەز عارەبن، بەڵام بەرەگەز کوردی نا عیراقی دەگرێتەوە.

سەرئەنجام، جوداخوازی باری ئابووریشی گرتەتەوە. لەماوەی چوار ساڵی سیستێم گۆڕیندا، لە

---

45 ـ F و E ـ بە ٦.٤٪ ....
46 ـ F و E ـ .... ١١٠ دەزگا.
47 ـ دیارە عەرەبییەکەیرگەی نێوان دوو کەوانەی لەچاپ خستووە، بۆیە لەفارسی و ئینگلیزییەکەم وەرگرت» و »
48 ـ F ـ هەمانە. و E ـ ژمارە ٣٦ ....

٧ تا ١٢ ٪ بەولاوەی هەرێمی کوردی بەر ئەو بووجەیەی عیراق نەکەوت کە بۆ جێبەجێکردنی پرۆژە دیاریکراوەکان دانرا. لەکۆی سەد و پەنجا پرۆژەی پیشەسازی تەنها چوار بۆ کوردستان بڕیار درا. ئەگەرچی کانەکانی ئاسن کوردستانداین، بەڵام کارگەی ئاسن توانەوە لەعیراقی عارەبی دەکرێتەوە. ئەو نەوت پاڵێوەی لە ١٩٧٠دا بۆ کەرکووک بڕیاردرا، بەخەرجی لە ٢٠ ٪ بەرزتر لە "حەمام عەلیل"ی عیراقی عارەبی دامەزرا. هەرچی باری ڕێگەوبانیشە ئەوا لەنێو کۆمەڵەکانی کوردەواریدا هەر زۆر ناڕێکن. وەک شاری هەولێر لەو ڕێگەیە دادەبڕن کە بڕیاربوو لەنێوان کەرکووک و مووسڵدا بکێشرێت، گومان لەوەدا نییە کە بە مەبەستی بەعارەبکردنی ناوچەکە بیێت. وەکتریش دەیانەوێت بەو پرۆژە ئاودێرییەی بۆ کەرکووک دەرچوو ئاو بگەێننە زەویەکانی خوارووی کەرکووک کە بۆ نیشتەجێکردنی عارەبیان تەرخان کردووە(٤٩).

یەکێکیش لە گرفتەکانی تری جوتیاری کورد کێشەی تووتنە کە لە کوردوستان (بەتایبەتی سلێمانی) زۆر دەچێنرێت، و لەشوێنەکانی تری عیراق چاندنی نییە. لەبەر دەسگرتن بەسەر سەنگوسەوای فرۆشتنیدا میری مەرجی ناڕەوای خستووەتە سەر چەند و چۆنێتی پانتایی زەوی و نرخی فرۆشی[49]. بەدەگمەن خودی کوردەکان دەتوانن لە ١٥ ٪ بەرهەمی تووتنی خاکی خۆیان بخۆن. بەشی زۆر لەو تووتنە لە عیراقی عارەبیدا بەکاردێت، یانیش بە نرخی گران دەینێرن بۆ کوێت و سعوودیە. ئەرێ دەشێت ئەو ڕۆژە بێت کە میری بەلانس و تەرازووی ئەو بارە ڕابگرێت و کەمتر بەرهەمی ناوخۆ داگیرکات؟ لەخۆڕایی نەبوو کە پارتی دیموکراتی کوردستان لە پرۆگرامی ساڵی ١٩٧٠یدا دەیویست ڕێگەچارە بۆ کێشەی تووتن و هەروەها دارستانەکان بدۆزرێتەوە.

ساڵی ١٩٨٠[50] پاش دەرچوونی یاسای ژمارە ٨٠، عیراق پتر دەستی گرت بەسەر ئەو ناوچە نەوتییانەدا کەهێشتا کۆمپانیا بیانییەکان نەوتیان لێ دەرنەهێنابوو، بەتایبەتی کۆمپانی (I.P.C). پێویستە لەوەیش بگەین کە لەهەمان ئەو ساڵەی کۆمپانیای نەوتی نیشتیمانی (عیراق) کرایەوە، بەپێی پرۆتۆکۆلی مۆرکراو لەگەڵ کۆمپانیای (E.R.A.P) سنووری بۆ دیاری کرابوو، تەنانەت تا ئەوکاتەی بەعس لە ١ی جونی ١٩٧٢دا[51] کۆمپانی بیانییەکانی خۆماڵی کرد، ئەوجا ئەوانە سەرفراز بوون، بەڵام بەوجۆرەیش هەر توانییان دەست بەسەر ٦٥ ٪ی بەرهەمدا بگرن چونکە کۆمپانیاکان ئەو بڕیارەی عیراقیان پشتگوێ خست. « سەرئەنجام کۆمپانیا نەوتییەکان بەو مەرجەی ١ی مارسی ١٩٧٣ عیراق قایل بوون »[52]. کە جەنگی ئۆکتۆبەری ١٩٧٣ی نێوان عارەب و ئیسرائیل هەڵگیرسا، ڕژێمی عیراق بەشی وڵاتە یەکگرتووەکانی

49 ـ تاکە کڕیاری تووتن میری خۆیەتی و جوتیاری کورد بۆی نییە بەبازرگانی بفرۆشێت. تووتنچی یان بازرگانی هەمان هەرێمی کوردستان بە چەند قات گرانتری دەکڕنەوە لەو نرخەی جوتیارە بەمیری دەفرۆشێت. « و »

50 ـ E ـ F ـ ساڵی ١٩٦٤

51 ـ E ـ F ـ ... جونی ١٩٧٢ ....

52 ـ دیارە عەرەبییەکەبڕگەی نێوان دوو کەوانەی لەچاپ خستووە، بۆیە لەفارسی و ئینگلیزییەکەم وەرگرت« و »

ئەمریکا و هۆڵەندا[53] و کۆمەڵێک لە کۆمپانیاکانی تری کە هەر مابوون خۆماڵی کرد، و بەوجۆرە ٨٥ ٪ی بەرهەمی نەوت کەوتە ژێر دەستی ئەو.

ئەگەرچی پارتی بەعس بە دروشمی "نەوتی عارەب بۆ عارەبە" ئەوەی شاردەوە کە بەشی زۆری ئەو نەوتە هێنی کوردە، بەڵام خودی خۆماڵیکردنەکە کارێکی بەجێ بوو و تێیشیدا سەرکەوتن. لێرەدا پرسیارێک دێتە پێش کە ئایا دەسکەوتی ئەو نەوتە چەندبێت، و چەندی لە کانەکانی کوردستانەوە دەردێت و داهات و خەرجی چۆن دەبێت؟ دیارە زۆربەی نەوتی کوردستان لە کانەکانی ناوچەی کەرکووک (کە گرنگترین سەرچاوەی نەوتە بۆ عیراق) و کانەکانی خانەقین دەردێت، و هەروەها لە عێنزالە کەدەکەوێتە باکووری رۆژئاوای مووسڵ و نێوان شەنگار و شێخان. ئەو نەوتە بە سێ لوولە بەخاکی سووریادا تێدەپەڕێت و دەگاتە بەندەرەکانی بانیاسی سووری و تەرابلوسی لوبنان. هەرچیش نەوتی کانەکانی رومێلە و زوبێری تەنیشت بەسرای عیراقی عارەبییە بە سێ لوولە دەگاتە سەر بەندەری فاو لەسەر کەنداو.

وەک لەساڵی ١٩٦١دا توانای گواستنەوەی ئەو سێ لوولەیەی نەوتی کانەکانی کوردستان دەگەێنێتە دەریای سپی ناوەڕاست پتر بوو لە(٤٠ملیۆن تەن) سێ بۆرییەکەی تری عیراقی عارەبی ساڵانە نزیکەی "١٠ملیۆن تەن" نەوتی خاو دەگەێننە بەندەری فاو[٣٠]. ئەوە لەکاتێکدا وزەی بەرهەمهێنانیان لە ڕادەی ئاسایی بەرزتر کردووە. بەوجۆرەیش هێشتا بەپێی رۆژ بەرهەمی نەوتی کانەکانی کوردستان دەگاتە ٨٠ ٪ی نەوتی عیراق، و داهاتی ئەو خۆی دەدات لەسەد ملیۆن جونێهی ئیستەرلینی[54] کە دەبێتە ٦٧ ٪ ی داهاتی گشت وڵات. ئەوە لەهەمان ئەو کاتەدا کە دەسکەوتی فرۆشی نەوت دەکاتە نزیکەی ٩٠ ٪ی گشت بەرهەمی بۆ دەرەوە نێردراو(کە ساڵی ١٩٥٦ کردیە ٩٢ ٪ و ساڵی ١٩٥٧ کردیە ٨٨ ٪ ). بەوجۆرە داهاتی عیراق تەنها لە بەرهەمی نەوتی کانەکانی کوردستان بۆ ئەوڕۆژە کردوویەتیە نزیکەی٨٠ ملیۆن جونێهی ئیستەرلینی، کە دەکاتە ٥٣.٦ ٪ی گشت داهات، و "ئەو نەوتەی کورد" دەکاتە ٧٢ ٪ ی کۆی گشت کاڵای نێردراوی وڵات بۆ دەرەوە.

"ڕاپۆرتە ڕامیارییەکەی کۆنگرەی هەشتی سەرکردایەتی هەرێمی عیراقی پارتی بەعسی عارەبی سۆشیالیست" کە ٨ تا ١٢ی جەنیوەری ١٩٧٤ لە بەغدا گیرا دەریخست کە داهاتی نەوت لە ساڵەکانی ١٩٦٩ و ١٩٧٤ نزیکەی سێ قات بووجەی نەتەوەیی بەرزکردووەتەوە. هەمان ڕاپۆرت ڕوونی کردوە کە بەرزبوونەوەی بووجەی نەتەوەیی عیراق لەنێوان ١٩٧٢ و ١٩٧٤دا لەبری ١٢١٨ ملیۆن دینار خۆیدا لە٢٥٥٠ ملیۆن دینار. بێگومان بەرزبوونەوەی ئەو فرەیە لەبەر سەرکردنی نرخی نەوتە، چونکە نرخی یەک بەرمیل نەوتی خاوی ڕەوانەکراو بۆ دەرەوە

---

53 ـ E و F ـ کۆمە>ەی کۆبەنکێبان ....

54 ـ ئینگلیزیەکە جونێهەکانی کردووە بە دۆلار( ١ جونێه = بەنزیکەی ٢ دۆلار ). « و »

لە ٢.٨ دۆلارەوە (بەگوێرەی پێویستی کڕیار) گەیشتە ١١.٥[55] یان ١٢ دۆلار.[٣١]
بەگشتی، کەمتر لە ٣٠٪ی سوودی نەوتی عیراق بۆ بووجەی وڵاتە،و بۆ ئەوە بەعس دەڵێت گوایە بەشە زۆرەکەی تری خەرجە بۆ بواری پرۆژە و سەرمایەی کاری بەشە گشتیەکانی وڵات، بەڵام هیچ باسی خەرجی چەک و تەقەمەنی ناکەن.

ئەی دەبێت داهاتی نەوت لە١٩٧٥دا گەیشتبێتە چەند؟ ـ بێگومان لەساڵی ١٩٧٥دا عیراق بەرمیلێک نەوتی خاوی فرۆشتووە بە ١١.٢٥ دۆلار. واتە بەو پێیە کۆی فرۆشی گەیشتووەتە ٢٨٣٤ میلیۆن دینار، کە دەکاتە ٩٥٧١ ملیۆن دۆلار. ئەی دەبێت نەوتی دەرهاتوو لەکانەکانی کوردستان بۆ ساڵەکانی ١٩٧٤ و ١٩٧٥ کردبێتیە چەندی بەرهەمی گشت عیراق؟ ـ فاینانشاڵ تایم بۆ ئەوە دەڵێت[٣٢]: نزیکەی ٧٠٪ی هەر لە کانەکانی کەرکووک دەرهاتووە، و ئەگەر ٥٪یش بۆ کانەکانی عێنزالە و خانەقین دانێین ئەوا کۆی بەرهەمی تەنها کانەکانی کوردستان دەکاتە ٧٥٪ ئەوە لەکاتێکدا کە بەرهەم لەچاو دە ساڵی پێشووی بەکەم لێکدەینەوە و بەرهەمی کانەکانی بەسرە بە بەرزتر لەبەرچاوگرین. لێرەدا دەتوانی بڵێین کە لە دەسکەوتی نەوتی کوردستانی بۆ دەرەوە نێردراو لەساڵی ١٩٧٤دا کردوویەتیبە نزیکەی ٥٧٦٢ ملیۆن دۆلار و ساڵی ١٩٧٥یش ٧١٧٨ ملیۆن دۆلار لەوە خراوەتە سەر بووجەی عیراق.

بێگومان چوار قات سەرکەوتنی نرخی نەوت بووە هۆی سەرکەوتن و بەرەوپێش چوونی بووجەی نەتەوەیی. ساڵی ١٩٧٤ دەرامەتی یەک کەسی عیراقی گەیشتە ٩٧٠ دۆلار[٣٣]. بەڵێ. نەخشەیان بۆ ئاوەدانکردنەوە کێشا، بەڵام سوودی هەر بۆ عیراقی عارەبی بوو. ئەوەی لە بووجەی ساڵانیی ١٩٧٤ و ١٩٧٥ بەر کوردستان کەوت تەنها جەنگ و ماڵوێرانی بوو. هیچ گومان لەوەدا نییە کە دەسکەوتە زۆرەکەی بەروبوومی کوردستان ڕژێمی عیراقی لەخۆ بایی کرد و بوو هۆی هەڵگیرسانەوەی پێنجەهەمین جەنگی کوردستان.

### لە پرۆژەی ئۆتۆنۆمییەوە بۆ جەنگ

ئەگەرچی نێوان زۆر ئاڵۆزبوو هەر ئەوەی مەبەستی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو کێشەی ئۆتۆنۆمی لەگەڵ بەعسدا بەپێی ڕێکەوتننامەکەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ چارەسەرکەن. لە١٧ی جەنیوەری ١٩٧٤دا لیژنەی پێکهاتوو لە نوێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان و لێپرسراوانی ڕژێم لە بەغدا کەوتنە وتووێژ. هەر لەسەرەتاوە ناکۆکیان لەسەر چەند خاڵێکی سەرەکی کەوتە نێویان، لەوانە "دیاریکردنی سنوور و ڕادەی دەسەڵاتی یاسایی دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی، ئایندەی کەرکووک، هەڵبژاردن، هەڵوێستی بەعارەب کردن، سەربەخۆکردنی بووجەی کوردستان و ڕادەی بەشی لە داهاتی نەوتی کوردستان".

---

55 ـ F ـ گەیشتە ١١.٢ یان ١٢ دۆلار. و E ـ گەیشتە ١١.٢٥ یان ١٢ دۆلار.

تا ئەو رۆژەی بەعس رایگرت وتوویژ هەر لە بازنگەی بەتاڵدا هەڵدەسوورا. پارتی دیموکراتی کوردستان لە ٢٢ی[56] فەبریوەریدا لیژنەیەکی تری بۆ دووبارە وتوویژ رەوانەی بەغدا کرد بەڵام رژێم پێشوازی لێ نەکردن. سێ ی مارس "بەرەی نیشتیمانی پێشکەوتنخواز" ئاگاداریەکی دەرکرد بەوەی لەماوەیەکی کەمدا رژێم دوور لە دەستێوەردانی پارتی دیموکراتی کوردوستان یاسای تایبەت بە ئۆتۆنۆمی دەردەکات (ئەوە سەرپێچی بوو لەرێکەوتنەکەی ١١ی مارسیان). لە دوا کۆششدا بۆ دوورکەوتنەوە لە جەنگ، رۆژی ٨ی مایسی ١٩٧٤ سەدام حوسێن لە بەغدا پێشوازی لە ئیدریس بارزانی کوڕی جەنرال مستەفا کرد. سەددام حوسێن لەو کۆڕەدا دەڵێت[57]: با میری دەرکردنی یاسا یەکلایەنەکەی بۆ ماوەی ساڵێک( تاکو ١١ی مارسی ١٩٧٥ ) دوابخات چونکە ئەو بارەی تێیدان هەرچەندە ئاڵۆزبێت لە جەنگ چاکترە. بەڵام پێشنیارەکە پەسەند نەکرا و لە ١١ی مارسی ١٩٧٤ دا "ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش"ی پارتی بەعس "یاسای حوکمی زاتی بۆ هەرێمی کوردستان" بڵاوکردەوە(٣٤). رۆژێک پاش ئەوە نووسینگەی رامیاری پارتی دیموکراتی کوردستان روونکراوەیەکی لەژێر ناونیشانی " ئاستی پارتی دیموکراتی کوردستان و حوکمی زاتی(٣٥) " بڵاوکردەوە تێیدا پەردەی لەسەر گشت خاڵەکانی باسکراو لەو وتووێژدا هەڵماڵی، بەتایبەت خاڵەکانی هۆی ناکۆکی.

لەکاتی دیاریکردنی سنووری "هەرێمی ئۆتۆنۆمی"دا گرنگترین خاڵی گیر کێشەی دوارۆژی کەرکووک و هەڵوێستی بەعارەب کردن کەوتە نێوان لایەنەکانی وتووێژ. بەندی ١ ی رێکەوتنەکە دەڵێت:

a ـ هەرێمی ئۆتۆنۆمی کوردستان لەم یاسایەدا بە" هەرێم" ناودەبرێت.
b ـ هەرێم ئەو شوێنانە دەگرێتەوە کە زۆر لەدانیشتووانی کوردن، و بەپێی بەندەکانی رێکەوتننامەی ١١ی مایس سەرژماردنی گشتی دەبێت بە بنەما بۆ دیاریکردنی سنووری هەرێم. تا سەرژماردنێکی گشتی تر لەسەر سەرژماردنی ساڵی ١٩٥٧ دەرۆن.
c ـ هەرێم لەچوارچێوەی دەسەلاتی یاسایی و باری پۆلیتیکی و ئابووری کۆماری عیراق پارچەیەکی فرمانداری سەربەخۆ پێکدێنێت. پارێزگاکانی هەرێم بەپێی یاسا دیاری دەکرێن و لەسەر ئەم یاسایەی ئێستا دەرۆن.
d ـ هەرێم پارچەیەکە لەعیراق، دانیشتوانیشی بەشێکن لە گەلی عیراق.
« e ـ شاری هەولێر دەبێتە پایتەخت بۆ هەرێمی ئۆتۆنۆمی.»[58]
f ـ دامودەزگای سیستێمی ئۆتۆنۆمی بەشێکە لە دەزگاکانی کۆماری عیراق.

وەک خاڵە سەرەکییەکەی بەندی ١٤ لە رێکەوتننامەکەی ١١ی مارسی نێوان بەعس و پارتی

56 ـ E ـ هەمانە. و F ـ ٢٧ی فەبریوەری ....
57 ـ F و E ـ ئیدریس بارزانی پێشنیاری بۆ سەددام حوسێن کرد و گوتی ... .
58 ـ لە عەرەبییەکەدا نەبوو، بۆیە لە ئینگلیزی و فارسییەکەم وەرگرت. ـ « و »

دیموکراتی کوردستان ئەوەبوو کەسەرژماردنی گشتی ببێت بە بنەما بۆ دیاریکردنی سنووری دەسەلاتی هەرێمی ئۆتۆنۆمی. دەبوو سەرژماردن بکەوێتە پێش دیاریکردنی سنووری دەسەلات، ئەگینا دیاریکردنی سنوور بەبێ سەرژماردن کارێکی نارەوایە، بەلام بێ چەندوچوون بەعس لە ١١ی مارسی ١٩٧٤دا هەر بەو پێیە گەیاندیە ئەنجام کە خۆی دەیویست. ئەو هەلوێستە بەتەواوی پێچەوانە بوو لەگەڵ بەندی سێ لە بەشە نهێنیەکەی ١١ی مارس کە بڕیاربوو سەرژماردن لە ماوەیکی ئەوپەڕی ١١ی مارسی ١٩٧١دا ببێت. پارتی دیموکراتی کوردستان ئەم خالانەی خوارەوەی بۆ بەخشینی باری ڕەوا بە سەرژماردنەکە پێشنیارکرد.

أ ـ گشت ئەو کوردانەی لە١٩٦١ بەدواوە دەرکران ودوورخرانەوە بگەڕێنەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان و سەرژماردنیان لەوێبێت.

ب ـ ئەو بەشە فرمانداریيانەی ڕژێم پاش ڕێکەوتننامەی ١١ی مارس بە مەبەستی تەسک کردنەوەی هەرێمەکەی ئۆتۆنۆمی کردوونیەتەوە، لە سەرژماردن بەدەر بکرێن.

ج ـ ئەو فێلە هەلوەشێتەوە کە بە مەبەستی بەعارەبکردن گیێرایان و باری ڕەگەزی کۆمەلانی گەلیان پێ چەواشەکرد.

د ـ بۆئەوەی بارووداخ بۆ هەلبژاردن گونجاوکەن، ناوچەکانی پارێزگای کەرکووک و ئەو ناوچانەی لە پارێزگاکانی نەینەوا و دیالە بوونەتە هۆی ناکۆکی، با پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی بەعس" بە فەرمانداری هاوبەش" بەڕێوەی بەرن.

و ـ سەرئەنجام، سەرژماردن بە سەرپەرشتکاری میری و پارتی دیموکراتی کوردستان ئەنجام بدرێت.

سەرەتا میری قایل بوو بە پێشنیاری فەرمانداری هاوبەش بۆ پارێزگای کەرکووک و فەرمانداریەکانی خانەقین و شەنگار، بەلام پاشان سەژماردنەکەی هەلسەپارد بۆ ماوەیەکی نادیار و هیچ هەنگاوی نەنا بۆ هاوبەش کردنی فەرمان لەو ناوچانەی ناکۆکبوون لەسەری، و هەلوێستی بەرانبەر بە "هاوولاتی کورد و تورکمانی کەکووک" هەر ڕەگەزپەرستانەبوو. میری لەکاتی وتووێژەکەی جەنیوەری ١٩٧٤دا نیازی خۆی ئاشکرا کرد کە لەکۆی شەش ناوچەی کوردنشینی کەرکووک واز لە دوان دەهێنێت، کە ئەویش شارۆچکەکانی چەمچەمال و کەلاری نزیک بە سلێمانی بوون، بەلام هەرگیز دەسهەلگر نەبوو لە شارۆچکە کوردنشینەکانی پارێزگای نەینەوا و دیالە.

سنوورە دیاریکراوەکەی بەعس کە ئەوڕۆژە بەزۆر سەپاندی بەسەر هەرێمدا هەر پارێزگاکانی سلێمانی، هەولێر و دهۆکی گرتەوە کە پانتایی دەگاتە ٣٧٠٦٢ کم٢ لەکۆی ٧٤٠٠٠ کم٢ی پانتایی گشت کوردستان[59].

59 ـ E ـ ١٤.٤٥٤ میل٢ لەکۆی ٢٩.٠٠٠ میل٢.

لەکاتی وتووێژدا پارتی دیموکراتی کوردستان هەر سووربوو لەسەر ئەوەی بەشە بووجەی "هەرێمی ئۆتۆنۆمی" بەگوێرەی ڕێژەی دانیشتوانی کوردستانبێت بەرانبەر بە دانیشتووانی گشت کۆمار، و ئەوبەشە لەبووجەی گشتی ولات و بووجەی نەتەوەیی بۆ ئاوەدانکردنەوە دەرچێت (واتە بە داهاتی نەوتیشەوە). لێرەدا دیاریکردنی بەشی کورد لە بووجەی پاش لادانی خەرج بۆ سوپا و پرۆژەی ئەو لایەنە گشتییانەی سوودیان هەیە بۆ نەتەوە، نەرمی داخوازییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەسەلمێنن. ئەوجا میری داخوازییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی پشتگوێخست و هەر ویستی دیاریکردنی بووجەی هەرێم لەژێر دەسەلاتی خۆیدابێت.

خالێکی تری هۆی ناکۆکی کێشەی ڕەوا و یاسایی بوونی فەرمانی دەزگا و دەستووری بوونی یاساکان بوو. ئەوەی بەعس دەیویست ئەوەبوو کە دەسەلاتی دەستووری دەزگاکانی هەرێمی ئۆتۆنۆمی بکەوێتە ژێر چاودێری دادگای توێژانەوەی تایبەت و هەر خۆی سەرۆک و ئەندامانی بۆ دیاریکات. پێکبێت لە یەک لیژنەی هاوبەش نیوەیان سەرکردایەتی ئەنجومەنی یاسارشتی کوردستان دیاریکات و نیوەکەی تر ئەنجومەنی یاسارشتی عیراقەوە.[60]

بەعس ناقایلبوو بە گشت جۆرە پێشنیارێکی زەمینە خۆشکەر بۆ بەڕاستی بەشدارکردنی نمایندەی کورد لە ئەنجومەنی یاسارشتی عیراقدا. ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان دەیویست ئەوەبوو کە ئەنجومەنی نیشتیمانی عیراق لە١١ی مارسی ١٩٧٤وە تاماوەی شەش مانگ بە هەڵبژارنێکی ئازاد دیاریکرێت، ئەویش بە مەرجێک ئەرک و دەسەلاتی بە گشت میللەتی کۆمارەوەبێت و بەوە کۆتایی بهێنن بە"خولی سیستێم گۆڕان". ڕژێم بەوە قایل نەبوو، چونکە ئەوی ئەودەیویست تەنها ئەنجومەنێکی عیراقی خاوەن دەسەلاتی باسنوور بوو بە سەرپەرشتکاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کە خودی بەعسە.

ڕژێم قایل نەبوو پۆلیس و هێزەکانی ئاسایش بخاتە ژێر دەسەلاتی دەزگاکانی هەرێم، وکاروباری خۆماڵیکردن و کاروباری پێناسە و دەزگا یاساتاسیەکانیش هەر بە هەمان شێوە. هەروەها ڕژێم قایل نەبوو هیچ جۆرە کاروبارێکی ئاودێری و پیشەسازی بکەوێتە ژێر دەسەلاتی دەزگا تایبەتییەکانی هەرێم.

لەکۆی هەشتا ئەندام بۆ ئەنجومەنی "هەرێمی ئۆتۆنۆمی" کە ناونرا " ئەنجومەنی یاسارشتی" سەرەک کۆماری عیراق شەستی لێ دیاریکردن، و هەرئەو لە ٢٤ی سیپتەمبەری ١٩٧٤دا فەرمانی یەکێکی بۆ سەرۆکایەتی" ئەنجومەنی کارگوزاردن" دەرکرد کە "هاشم عەقراوی" ئەندامی دابڕاو بوو لەپارتی دیموکراتی کوردستان و تا ئەو ڕۆژە شالیاری شارەوانییەکان بوو[٣٦].

---

60 ـ F و E ـ پێشنیاری پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوەبوو ئەو سەرپەرشتکارییە بخرێتە ژێر دەسەلاتی لیژنەیەکی هاوبەش کە نیوەیان سەرکردایەتی ئەنجومەنی یاسارشتی کوردستان دایبنێت و نیوەکەی تر لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەنی یاسارشتی عیراقەوەبێت، و دادگای توێژانەوە بێت بەسەرپەرشتکار.

دیاریکردنی ئەو بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی کارگوزاردن لەسەر ڕۆشنایی پاکانەی یەکێک لە سەرکردە کلاسیکەکان بوو کە ناوی بابەکر ئاغای پشدەرییە و هیچکات لە بزووتنەوەی کوردیدا رۆڵی ڕامیاری نەبووە. کوردی سێهەم "تەها مەعروف"ی ئەندامی پەرلەمان و کۆنە دیپلۆماسی بوو لەو ڕۆژەدا کرا بە یاریدەری سەرەک کۆماری عیراق.[61]

٥ی ئۆکتۆبەری ١٩٧٤ پەرلەمانی "بەناو، نمایندەی گەلی کورد" لە هەولێری پایتەختی هەرێم یەکەمین کۆنگرەی بەست و لەوێدا تەها مەعروف ئامادەبوو لەبری جەنرال بەکری سەرۆکی هەردووک ئەنجومەنی "یاسارشت" و "کارگوزاردن"ی عیراق و بەڕێوەبەری گشتی سەرکردایەتی پارتی بەعسی (پێشڕەوی شۆڕش) لە هەرێمی عیراق. لەلایەکی ترەوە، چەند مانگ پێش ئەو کاتە هێزەکانی کورد و ئەوانی سوپای بەغدا کەوتبوونەوە بگرەوبەردەی جەنگی پێنجهەم لە کوردستان. هەر لەکاتی دوا وتووێژی پارتی دیموکراتی کوردستان و میریدا بوو کە ئەمەی دوایی بە ئاشکرا و بێلەوەی گوێبداتە نرخ و ئەنجام، یان بە هەڵوێستی لایەنەکەی بەرانبەر، بڕیاری جەنگی دا و "لەشکری هەشت"ی لە هەولێر دامەزران و ئەو تەها شەکەرچییەی کرد بە سەرلەشکر کە ناوبانگی خوێنڕێژی لە جەنگەکانی ساڵی ١٩٦٣دا دەکرد.

پاش دەرکردنی کۆمەڵێک تەکنیکی و کرێکار لە کۆمپانیای نەوت، بەزۆر و بە ڕۆژی ڕووناک چوارسەد خێزانیان لەشاری کەرکووک و گوندەکانی نزیکیان دەرکرد بۆ شوێنی نادیار. هەروەک لە ٢١ی فەبریوەریدا کوردەکانی کفری "شاری کورد و تورک نشین"ی سەر بەپارێزگای کەرکوکیان دووچاری هەمان چارەنووس کرد. پاشانیش خانووی ئەوکەسانەیان بە شۆقڵ تەختکرد[62]. لەهامان ئەو کاتەدا ڕژێم ڕۆژنامەی کوردی "برایەتی" کردەوە[63]. فەرمانی ژمارە ١٧٦ی ئەنجومەنی

---

61 ـ لەبەر هەندێک لێکنەچوون، لێرەدا دەقی فارسی و ئینگلیزییەکە دەنووسمەوە ـ « و »
لە بنەڕەتدا سەرەک کۆمارەی عیراق ٧٢ کەس لەکۆی ٨٠ ئەندامانی ئەنجومەنی بەناو یاسارشتی هەرێمی "حوکمی زاتی" دانا. "هاشم عەقراوی" یەکێک بوو لە ئەندامانی دابڕاو لە پارتی دیموکراتی کوردستان، لەکاتێکدا شالیاری کاروباری هەرێمی ئۆتۆنۆمی بوو، سەرۆکایەتی "ئەنجومەنی کارگوزاری"شی پێ سپێردرا. ئەوەی کرا بە سەرۆکی ئەنجومەنی یاسارشتی ناوی " بابەکر ئاغا پشدەری"یە، یەکێکە لەسەرۆک خێڵە کلاسیکییەکان و هیچکات ڕۆڵی ڕامیاری لە بزووتنەوەی کوردیدا نەبووە. کوردی سێهەمیش، واتە "تەها محێدین مەعروف" کە کۆنە دیپلۆماتی بێ لایەنە کرا بە یاریدەری سەرەک کۆماری عیراق.

62 ـ ئەوەی من ئاگاداری بوویێتم، لەشاری کەرکووکدا میری دەستی دەگرت بەسەر خانووی گشت ئەو کەسانە و هەروەها خانووی کەسانی هەڵهاتوو، و("بەناوی مەزادەوە" بە پارەیەکی یەکجار کەم، کە نەیکردووەتە ٢٥٪ نرخی خۆی) دەیدا بە خێزانێکی عەرەب. کۆتایی ئەو شانۆگەرییە بەوە دەگەیشت کە گوایە( ئەو خێزانانە کەمدەرامەتن و دەبێت ڕژێم پارەی خانووەکەیان بۆ بدات ئەوجا لەسەریان تاپۆ دەکردن). لەناوەندی هەشتاکاندا منداڵ و ژن و پیری زۆریان لەشار و گوندەکانی کەرکووکەوە بێ پۆشاک و کەرەستەی خەو دەیانخستنە ناو لۆری و لەسەر جادەی (سلێمانی ـ دووکان)ی بەرانبەر بە سورداش کە سنووری دەسەڵاتی لەشکری کورد بوو دایدەگرتن و پێیان دەگوتن: فەرموون بچن بۆلای کەسەکانتان تا بتانحەوێننەوە. ـ « و »

63 ـ F و E ـ داخست.

سەرکردایەتی شۆڕش لەڕۆژی ٢٤ی فەبریوەریدا ڕوونیکردەوە کە؛ ئەو ڕێکخراوەی بەشداری کۆڕی "بەرەی نیشتیمانی پێشکەوتن خواز" ناکات، قەدەغەی دەکەن. لەپلەی یەکەمدا مەبەستیان پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، پاشانیش پارتی کۆمۆنیستی عیراق (سەرکردایەتی ناوەندی)، و باڵە چەپەکەی بەعسی عیراق کە پەنان برد بۆ دیمەشق.

لە ١١ی مارسدا میری پانزە ڕۆژی بۆ مستەفا بارزانی دانا تێیدا یاسای ژمارە ٣٣ پەسەند بکات، بەڵام ڕادیۆی "دەنگی کوردستان" بەربەرچی ئەو هەڕەشەیەی بڵاوکردەوە و دەریبڕی کە "گەلی کورد تا بەدیهێنانی دوا ئامانجی نەتەوەیی دەجەنگێت". پاش بەسەرچوونی ئەو ماوەیە لەڕۆژی ٢٦ی مارسدا تێکهەڵچوونی سەخت ڕوویدا ئەگەرچی هێشتا پێداویستییەکانی هێرش بە باشی نەگەیشتبوە سوپای عیراق. لە ١١ی مارسەوە تا ١٥ی ئەپریل هەستی نیشتیمانپەروەری پاڵینا بە نزیکەی ١٠٠.٠٠٠ کوردەوە کاروپیشە و خانو و دارایی خۆیان لە شارە کوردیەکانی بندەستی لەشکری بەعس و ئەو شوێنەی مەترسی داگیرکردنی لێدەکرا بەجێبهێڵن و ڕووبکەنە ناوچە ڕزگارکراوەکان، و هاتنە سەر ئەو کۆمەڵەی ژمارەیان خۆی دەدا لە یەک ملیۆن و نیو. زۆر لەوانە بەشداری چوار جەنگەکەی پێشووی کوردستان نەبوون. هەندێک هۆشیار و ڕۆشنبیری کۆمەڵ چاویان لەو پێنج شالیارە کرد کە کابینەی عیراقیان جێهێت و خۆیان گەیاندە سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە دۆڵی چۆمان[٣٧] بوو. ئەوجاجەنگی پێنجەمی کوردستان هەڵگیرسا.

## جەنگی پێنجەم لە کوردستان

بەدرێژایی قۆناغی جەنگ ڕژێمی بەعس تاکە یەک تاویش هەڵوێستی بەعارەبکردنی نەخستەلاوە. ناوچە نزیکەکانی "بادینانی ئازاد"ی وەک شێخان تۆپ باران کرد و لەناوچەکانی زومار، دەشتی کەرکووک و شەنگار تاکتیکی تایبەتی بەکارهێنا. هەزاران دیهاتی بەکۆمەڵ لەچنگ درندەیی پۆلیس و فشاری سەرباز هەڵهاتن و ڕوویانکردە بادینانی سەرووی نزیک بە ئەحمەدی[64] و دۆڵی چۆمان، ڕۆژبەڕۆژ لێشاوی مرۆڤ هەندە زۆر دەبوو ناچار سەرکردایەتی لەشکری کورد بەیارمەتی شێروخورشیدی سووری ئێرانی پۆلپۆل ئاودیوی ئێرانی دەکردن. ئەوە بوە سەرەتا بۆ کێشەی پەنابەرانی کورد لە ئێران.

لەسەر خواستی ئێمە لیژنەیەکی سەربە نووسینگەی پاریس بۆ ڕێکخراوی مافی مرۆڤی جیهانی پێکهات لە پارێزەران؛ پاتریک بۆدوان و خاتو میتری مینیون، و نووسەری فرەنسی دومۆنیک ئەید[65]، لەو ڕێگەیەی حاجی ئۆمەران کە پێی دەڵێن "ڕێگەی هامیلتۆن" و نزیکە بە

---

64_ F و E _ ئامێدی.

65_ F و E _ ... لە ٣١ی ئۆکتۆبەرەوە تاکو ١١ی نۆڤەمبەری ١٩٧٤ سەردانی دۆڵی چۆمانیان کرد، ئەو >>>>

مەرزی ئێران گەیشتنە کوردستان. ئەو لیژنەیە سەردانی دۆڵی چۆمانی کرد، و ئەم تێبینییانەی لە راپۆرتێکدا دەربڕی:

"دیمەنی جەنگ لەنزیک سنوورەوە بەچاو دەبینرێ. هەر لەو دۆڵەدا کە پێی دەڵێن مەرز شوێنێک بۆ پەنابەران کراوەتەوە نزیکەی ۲۵.۰۰۰ کەسی تێدایە. لەبەر نارێکی و بێکەرەستەیی ناکرێت ناوی ئۆردوگای لێبنێین. لە رووتەنییەکی ئەمدیواودیوی رێگەکەدا لێرەو لەوێ بەکەلوپەلی وەک پەڕۆ و پەتۆ دەواریان هەڵداوە. وەرز سارد و بە باوبارانە. بەوە دڵیان خۆشە و بەفر نابارێت. زۆر ساڵ لەو وەرزەدا ئەو شوێنە بێ بەفر نییە. هەندێک لەو مرۆ زەبوونانە لە شار و گوندی بادینانی سەرووەوە هاتوون، جاروایە بەحەفتە[66] چاو دەبڕنە رێی یەکێک لەو حەوت لۆرییەی شێروخورشیدی سووری ئێران تا بیانگوێزێتەوە بۆ ئۆردوگایەک لەدیوی ئێرانی نزیک بە سنوور. ئەو گۆڕستانە نوێیەی لە نزیک ئۆردوگاکەوە کراوەتەوە رۆژ لەدوای رۆژ پانوبەرینتر دەبێت چونکە لەبەرەبەیانی گشت رۆژێکدا دە تا سی مردو کەزۆریان منداڵ و پیرن لەوێ دەنێژن. شەوانی ماوەی چاوەڕوانی، شەکەتی، بێهێزی، کەمخۆراکی و سەرما ئەوان دەکوژێت".

ئەو کۆچی بەکۆمەڵە لە ئەنجامی ئابڵوقە ئابوورییەکەی سەددام حوسێن بوو کە خستییە سەر کوردستان. لەسەر خواستی ئێمە تیپێکی پێکهاتوو لە سێ پزیشکی فرەنسی؛ دوکتۆر جاک پیریس، بیرنارد کوشنەر و ماکس ریکامێ سەر بە رێکخراوی (پزیشکانی بێ سنوور) هاتە کوردستان، و سەریاندا لە دۆڵی چۆمان و بەرەو قووڵاییش شۆڕبوونەوە تا گەیشتنە دەرگەڵە و رانەگای نزیک بە بنکەکانی پێشمەرگە. ئەو تاخمە لە ماوەی ۱۳ی سیپتەمبەر تا ۲ی ئۆکتۆبەری ۱۹۷٤ ئەمانەیان بەرچاو کەوتووە[67]:

"نە ناوەندێکی تەندروستی تێدایە و نەخانوو و دیوار بە پێسوە هەن، نە چادریان هەیە و نەکەرەستەی تەندروستی. ئەوەی بەدی بکرێت تەنها کۆمەڵە خێزانی چاو لە رێی نێو بار و پەتۆی شڕە .

دەبێت ئەمانە لە کوێوە هاتبن؟ لە ناوچە دوورەکانی باکوورەوە، لە قەڵادزێ و هتد. ... و هەروەها لە بادینانی رۆژئاوە کە تاوتاوە بۆردومان دەکرێت. زۆر لەو پەنابەرانە دووەڵێن لە بەجێهێشتنی خاکی عیراق و لەملاولای نزیک بە بازار، یان بە سەرچاوەیەکی ئازووقەی سەر رێی گوندەکانی دۆڵ هەڵیانداوە و بوونەتە خاڵی نیشان بۆ بۆمبباران.. هەر خانوەی گڵ

---

<< تاخمە پێکهاتبوون لە نووسەری فرەنسی ـ دومۆنیک ئود ـ و دوو باسناسی فرەنسی ـ پاتریک بڕنوێن و تێری مینیون ـ ... .

66 ـ F و E ـ بە مانگ ....

67 ـ F و E ـ ... سێ پزیشکی فرەنسەوی بەناوی ژاک برە، برنارد کوشنە و ماکس رکامیە ۱۳ی سیپتەمبەر تا ۱۲ی ئۆکتۆبەر لە ناوچەکەدا ماندوە ...

دەبنرێت لێرەولەوێ بەرزدەبنەوە و گوندی پەڕێنی لێ درووست دەبێت (...).
ئەوەی زۆربێت، نەخۆشییەکانی؛ سیل، گرانەتا، سوورێژە، هەوکردنی پەردەی مێشک و هەوکردنی سییە کە ڕۆژانە چەندین مرۆڤیان لێ دەخات و بێگومان کەمخوێنی و هەروەهاخواردنی کەم پتر دەردیان گران دەکات.
بەوەیشەوە هەر دەردی نەخۆشەکانی ناو کۆمەڵ سووکترن لەوانەی پێشمەرگە و بریندارانی ناو کۆمەڵ، چونکە بەدەگمەن لە کوردستان توانای نەشتەرگەرییان دەبێت. نیازە هۆڵێک بۆ نەشتەرگەری بکرێتەوە بەڵام کەرەستەی ئەوتۆیان بەدەستەوە نییە جێی باوەڕبێت. زۆر لەو بریندارانەی پێویستیان بە نەشتەرگەری پەلە هەیە جاروایە نیو ڕۆژ بەسەر پشتی وڵاخەوە دەبن یان بە جێب دەیانگەیێن بەو تاکە ئەمبولانسەی دەیانبات بۆ نەخۆشخانەی پیرانشهر «خانە» یان ڕەزائییە «ورمێ» (...)، خۆ بریندارێ سەر و سنگ یان ناو سک مەگەر چۆنها شانسی هەبێت و بگاتە تیمارخانە".
ژمارەی پانابەری کورد لە ئێران تا ساڵی ١٩٧٤ گەیشتە ١٤٥,٠٠٠، بەڵام تا لە مایسی ١٩٧٥دا جەنگ تەواوبوو ژمارەیان گەیشتە ٢٥٠,٠٠٠ تا ٣٠٠,٠٠٠ پەنابەر.
بەراستی هەرچی هێز لای بەغدا بوو بۆ ئەو جەنگە تەرخانکرا؛ هەشت لەشکر (نزیکەی ١٢٠,٠٠٠ چەکدار) بەیاریدەی ٧٠٠ تا ٨٠٠ ـ ٩٠٠ تانک[68] و ٢٠ دەستە تۆپخانەی گەڕۆک، و هێزی ئاسمانی (نزیکەی ١١٠٠٠سەرباز) کە دارای چەند سەد فڕۆکەی جەنگی بوو، هەندێک لەوان بۆمهاوێژ( لەجۆری تۆپۆلێف ٢٢ و مێگ ٢٣)، هەروەک لەهێزی پۆلیسدا نزیکەی ٢٠,٠٠٠ هەبوو[69] بەرانبەر بە گشت ئەوانە ٥٠,٠٠٠ جەنگاوەری پێشمەرگە بوو. لەگەڵ ئەوەیشدا چەند هەزار کەس هەبوون وەک بەرگری میللی کە ئەوانە نەخرانە جەنگی دژ بە هێزەکانی سەددام بەڵکوو بۆ ئاسایی کردنی باری ژیانی کۆمەڵ و پاراستنی ئاسایشی ناوخۆ تەرخان کران. سەرەڕای نابەرانبەری هێز، بەتایبەتی لایەنی چەک و کەرەستەی جەنگی، لەبار بوونی سروشتی ناوچە و پشتگیری کۆمەڵ کارێکی ئەوتۆی کرد بەدەگمەن پێشمەرگە شوێن لەدەست دەدا.
وەرزی وشکی ئۆگستی ١٩٧٤زەمینەی خۆشکەرد بۆ یەکانەی زرێپۆشی لەشکری عیراق خۆ بگەیێننە لاپاڵی شاخ و وردەوردە بەشاخدا هەڵگەڕێن و یەکتیپ لەوان ڕەواندزی[70] داگیرکرد.

68 ـ F و E ـ ... لەکۆی ئەو ٩٠٠ تانگەی سپای عیراق ....
69 ـ دیارە نووسەر جاشە چەکدارەکانی بە پۆلیس ژماردووە. « و »
70 ـ « وەرگێڕی فارسییەکە لەپەراوێزدا دەڵێت»ـ (رەواندوز) نادروستە؛ شێوەی دروستی ئەو واژەیە(رواندز)ـە، واتە دز یان دزی بزێو یانیش گەڕۆک. سەرگوزشتەیەک لەسەر لێوان هەیە دەڵێت: لە سەرەتای ئیسلامدا عەرەبەکان چەندجارێک لەو شوێنەدا ئێکهەڵچوون لەگەڵ (کوردان) ئێرانی و پاشەکشەیان پێکردوون؛ هەر کە لەبەرەبەیاندا بەرچاوی عەرەب ڕووندەبووەوە دەیانڕوانی جەنگاوەری ئێرانیان دزەیان کردووەتەوە نێو >>>

هەرچەندە دۆڵەکانی سپیلک وگەلی عەلی بەگ و زنجیرە شاخە سەختەکەی کۆرکی لووتکە بەرز وەک شوورەن بۆ ئەو شارە، هەر کە چەند پارچە تۆپی دوورهاوێژ و زرێپۆش شکێن گەیشتە دەستییەک تاخمێک کوردی ئازا[71] توانییان ئەو شوێنە بگرنەوە. شاری ڕەواندز بەو چەندجار گرتن و لێسەندنەوەیە یەکجار وێران بوو.

بەغدا دەیویست بەگرتنی ڕێگەکەی هامیلتۆن بادینان لە بەشەکانی تری کوردستان دابڕێت بەڵام بۆی نەچوەسەر. کوردەکان بۆ بەرگری لەخۆ لەلای باکووری ڕۆژهەڵاتەوە بەرانبەر بە بنکەکانی خۆیان ڕێگەیەکیان تا شاخی گەڵاڵە کردەوە. سەرهەڵدانی مەترسی ئازووقە لێبڕان لە بادیناندا لێشاوی پەنابەری زۆر کرد. لە مەرزی سووریاوە تاکو مەرزی ئێران کە بەپێ دەکاتە دوو هەفتە ڕێ، زۆر منداڵ و پیر لەو ڕێگە بەفراویە مردن.

لەو کوورەیەدا هێزەکانی پێشمەرگە سەخت بەڵام بێپەروا جەنگیان گەیاندە بەر دەروازەی شارەکانی مووسڵ، هەولێر، خانەقی و پێدەشتەکانی کەرکووک.

جەنگی پێنجەمی کوردستان بە سەنگوسەوایەکی نێونەتەوەیی، و بە نرخی زۆرگران کەوتە سەر ئەستۆی مرۆڤی کورد. هەڵەی سەرەکی لەوەدا دەگەڕێتەوە بۆ سەرکردایەتی کورد.

لەنێو هەر پێنج جەنگەکانی کوردستاندا ئەمەیان خوێنین و دژوارترین جەنگ بووە. بڵاوکراوەیەکی سپای عێراق دەرییڕی کە لەماوەی ( مارسی ١٩٧٤وە تا مارسی ١٩٧٥ )[72] زیانیان گەیشتووەتە؛ ١٦٤٠ کوژراو(لەوانە ٦٦ ئەفسەر) و ٧٩٠٣ بریندار( لەوانە ٨٨ ئەفسەر[73]) بووە(٣٨). لایەنی کورد زیانی پتربوو چونکە بەزۆری دانیشتووانی ئاسایی بوون بە قەڵخانی جەنگ، و سەرەڕای ئەوەیش کۆچی زستان لەڕێگای بەکۆمەڵ هەڵهاتندا بەرەو ئێران زۆری لێکوشتن.

## ڕێکەوتنی جەزایر و هۆکارەکانی کارەسات

با تاوێک ماوە بەخۆ بدەین و پەستنی و نەفرین دەربڕین بەرانبەر بەو زەمینە و هۆکارانەی بوونە هۆی هەڵگیرسانەوەی جەنگ و گەلی کوردیان تووشی ئەو گێژاوە ناڵەبەرە کرد. ئەوجا بەرانبەر بە پەیوەندییەکانی سەرکردایەتی بزووتنەوە و ئەو ستراتیجییەتەی کە بووی. با نەفرەت لە ئەنجامی ئەو کردارانەی بەغدایش بکەین کە پاش سەرکەوتن لەکوردستان دەیگێڕێت.

بۆ گەیشتن بە مەبەست، بەعس لە ١٩٧٠وە تا ١٩٧٥ پەنای برد بۆ یاریدەر و هاوپەیمانی

<< سەنگەرەکانی پێشوویان، بۆیە ئەوشوێنە بوو بە دز ڕەوان، یان بە ڕەواندز ناوبانگی دەرکرد. » و »

71 ـ F و E ـ ... دەستەیەک کوردی ئاو شار ....

72 ـ F و E ـ لەماوەی پێنجەمین جەنگدا ....

73 ـ E ـ هەمانە. و F ـ ١٨٨ ئەفسەر.

جۆراوجۆری دەرەکی تا لە ئالۆزی ئەوبارە ڕامیـاریـیـە دەربازبێت. پاش دابینکردنی بەڵێنی هاوکاری پارتی کۆمۆنیستی عیراق (کۆمیتەی ناوەندی) و یارمەتییە سپاییەکانی سۆڤیەت، سەددام جەنگی هەڵگیـرسـانەوە. جەنگ لەو ئاسـتـەدا بڕایەوە کە پێی ئێـرانی شـا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کیسنجەر و سەرەک بومیدیەنی تێوەگلا.

یەکەمین سەرکەوتنی ڕامیاری ئەو باری شەترەنجە بەو "پەیمانی هاوکاری و دۆستایەتییەی عیراق و سۆڤیەت" بوو کە ٩ی ئەپریلی ١٩٧٢ دەستپێکرد[74]. یارمەتی سۆڤیەت بە تەقەمەنی و دەستەی ڕاوێژکاری سپایی بەو مەبەستە بوو کەشتییەکانی بگەنە بەندەرەکانی عیراق.

سۆڤیەت هاوپەیمانییەکەی سالی ١٩٧٢ی بە هەنگاوی دژ بە بزووتنەوەی کوردی نەزانی، چونکە لە دەیدەنی سەرانی سۆڤیەتدا کە تا ئەوڕۆژەیش زۆریان سۆز بۆ خەباتی میللەتی کورد دەردەبڕی، ئەو پەیمانە تەنها لەبەر بەرژەوەندی خۆیان نەبوو بەڵکوو وایان دەزانی بەوە پشتی بەغدا دەگرن لە بەربەرەکانێی دژ بە مۆنۆپۆلی کۆمپانیا نەوتییەکان. وەکتر ئاواتی ئەوان ڕێکەوتنی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەعس بوو. مۆسکۆ بێئاگا نەبوو لەو کۆمەکەی شا بۆ بزووتنەوە کە پاشان لە ١١ی مارسی ١٩٧٥دا لێبڕین[75]. سۆڤیەتییەکان زۆرچاکیان ئاگا لەو زەمینەیە بوو، چونکە هەر کوردەکان خۆیان بەر بەبەر گشت ناکۆکی خۆیان و بەعسیان پێ دەگەیاندن. بێجگە لەو گلەییانەی بەڕێگەی دیپلۆماسی دەگەیشت، کوردەکان هەمیشە لەسەر ئاستی پارت خۆیان پێگەیاندوون، بەتایبەتی لە سەردانەکەی سالی ١٩٧٠ بەبۆنەی یادی لەدایکبوونی لینین، و کە لەسالی ١٩٧١دا پارتی دیموکراتی کوردستان نمایندەی نارد بۆ کۆنگرەی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی، و هەروەها ئەپریلی ١٩٧٢ کە کۆسیجین سەردانی بەغدای کرد، و هەر لەهەمان سالدا کە لەسەر خواستی خودی سۆڤیەت دیداری مۆسکۆیان کردەوە.

لەوانەیش بەولاوە ئەوان پەیمانیان لەگەڵ لایەنێک بەست دۆستایەتییەکەی هاوکاتبوو لەگەڵ ئاشتی کوردستان. ئەوبوو ئاژانسی ئەزڤێستیا هەڵوێستیڕاگوێزانەکەی سالی ١٩٦٣ بەدواوەی بە (هیتلەرییانە)ناودەبرد[76]. سۆڤیەت پاش مۆرکردنی پەیمان نە دەسەلاتی بەکارنەهێنا بۆ کارکردنە سەر بەعس تا دەست لەو هەڵوێستە هەڵگرێت، و نە قوربانییانی ئەو هەڵوێستە پێ قایل کرا. پڕچەک کـردنی ئەو خـاوەن هەڵوێسـتـە لەلایەن سـۆڤـیـەتەوە وەک دیپلۆمی (ڕەوشت پاکی پێشکەوتنخواز) بەخشین بوو بەوان، و داخـستنی دەروازەی جیـهانی بوو لەڕووی بزووتنەوەی کوردی. ئەوە کوردی ناچارکرد دەستی یارمەتی لە شا پانکاتەوە، کە ئەوە لەخۆیدا پەیمانێکە دژ بەسروشت.

---

74ـ E ـ هەمانە. و F ـ ... ١٩ی ئەپریل ....

75ـ F و E ـ ... پاش ڕێکەوتننامەی ١١ی مارسی ١٩٧٠....

76ـ F و E ـ ... لەکاتێکدا ئاشتی بوو لەکوردستـان دەستی دایە ڕاگـوێزانی بەکۆمەڵ، و هەر لەسەر ئەو هەڵوێستەبوو کە ١٩٦٣ ئەزڤێستیا بە " هیتلەرانە"ی ناوبرد. ...

سەرانی سۆڤیەت پاش مۆرکردنی پەیمان لەگەڵ عیراق ویستیان جەنرال بارزانی سەر لە مۆسکۆ بدات، و ئەو کەتواناى جێهێشتنی کوردستانی نەبوو لیژنەیەکی لە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە لەبری خۆی نارد و کۆتایی ئۆگستی ۱۹۷۲ چاویان کەوت بە "سوسلۆڤ"ی ئەندامی نووسینگەی رامیاری پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت و سەرەتای مانگی سپتەمبەر "ئولیانۆڤسکی" بینی[77] کە لە پارتدا لێپرسراوی هاوکاری "بزووتنەوە میللییە نیشتیمانی و رزگاریخوازەکان" بوو. لیژنەی نوێنەر گلەیی خۆی دەربڕی و خواستی یەکێتی سۆڤیەت بە شکۆی خۆی کاریکاتە سەر رژێمی عیراق تا وتووێژ لەگەڵ ئەماندا بخەنەوە گەڕ، سوسلۆڤ لە وەڵامە چەند گۆشەییەکەیدا بۆیگێڕانەوە کە هەمیشە چارەسەرکردنی کێشەی سەرزی نێوان دوو نەتەوە زۆر گرانە. کە بۆنۆماریۆڤ لەکۆتایی ۱۹۷۲دا سەردانی بەغدای کرد کورد هەمان گلەییان پێدا ڕەوانەی مۆسکۆ کردەوە بەڵام ئەویش بێهوودە بوو. ئەوجا لەگەڵ گەیشتنی چەکی سۆڤیەت بە عیراق، بارزانی هاوکاری شای پەسەندکرد.

ئەو رووداوە چۆنبوو؟ لێرەدا پەنا دەبەینە بەر زانیاری تایبەت بە رۆژنامەکانی ئەمریکا[٣٩] و جیهان[٤٠] بەگشتی. "راپۆرتی پایک" کرا بە سەرچاوە بۆ بڵاوکراوەکانی لیژنەی لێکۆڵینەوەی ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا لەسەر ئەو جموجۆڵە نهێنیانەی ئاژانسی نهێنگەی ئەمریکا رۆژی ۱۹ی جەنیوەری ۱۹۷٦ دەریکرد و ١٦ی فەبریوەری بەنیوەناچڵ بڵاوکرایەوە[٤١]. بەڵام ئەو زانیارانەی پێشتر بە نیویۆرک تامز گەیشتبوو[78]. پەنا بەو راپۆرتە و سێ باسی پێشوو و هەروەها دیاردەی راستی رووداوەکان ئەم باسەی خوارەوەمان بۆ کۆبوەتەوە.

مستەفا بارزانی و یاوەرانی نزیکی ناچارکران بۆ وەرگرتنی کۆمەکی سپایی لە شا، بەڵام بەهیچ جۆرێک باوەڕیان پێنەبوو. چونکە ترسیان بوو لەوەی لە گەرمەی جەنگدا پشتیان بەربدات گەرەنتیان دەویست. ئەوە پاش مۆرکردنی پەیمانەکەی سۆڤیەت و عیراقی ۱۹۷۲ بوو. پاش ئەوەی نیکسۆنی سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە کۆبوونەوەی سەرانی مۆسکۆدا چاوی بە لیونید بریجنێڤ کەوت، لە ۳۰ی مایسی ۱۹۷۲دا سەردانی تارانی کرد و شا کێشەکەی بۆ روونکردەوە و خواستی ئەو لە کۆمەکی کورداندا ببێتە هاوکاری تا بتوانن تەنگوچەڵەمە بۆ عیراقی دراوسێی دژ بنێنەوە[٤٢]. راپۆرتی پایک دەیگێڕێتەوە کە وەک کورد چەندین جار باوەڕ بە شا نەکردنیان دەرخستووە، بەڵام باوەڕیان بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا زۆر بوو[٤٣]. راپۆرتەکە لەسەرەتادا دەڵێت (خواستی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەوەنەبوو راستەوخۆ، یا ناڕاستەوخۆ دەست لەکارێک وەردات شۆڕشی پێ درێژخایان بێت و پاشان ببێتە مایەی

77 ـ F ـ دووبارە لیژنەیەکی تر سەرەتای سپتەمبەر... و E ـ پاشانیش بە ئەلیانۆڤیسکی ...
78 ـ F ـ ... دەقی دەستکاری کراوی ئەوی لە فەبریوەریدا بڵاوکردەوە؛ بەڵام زانیارییەکانی کە پێشتر ئاشکرا بوو نیویۆرک تایمز توانی پێش کات بڵاویکاتەوە.

دەرکەوتنی بیری جوداخوزای تا هەل بۆ یەکێتی سۆڤیەت بڕەخسێنن تەنگوچەڵمە بۆ دۆستەکانمان بنێنەوە)(٤٤)، بۆیە( لە کۆبوونەوەیەکی یەکجار نهێنی و بێهاوتای ڕژێمی ئەمریکیدا "جۆن ب. کونیللی" شالیاری ئابووری کۆن دەستی باڵای بوو لە قایلکردنی سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمـریکا)(٤٥). پرۆژەی کـۆمـەکی ئەمـریکا بە کـورد "بەرودوا دەیکردە ١٦ ملیـۆن دۆلار" سەرئەنجام(لەکۆبوونەوە یەکی تایبەتی نێوان شا و دوکتۆر کیسینجەر) کەوتە بەر بڕیاری سەرۆکی ئەمـریکا(٤٦)، ئەنجـامـدانی ئەو کـارەیان سـپـارد بە ئاژانسی نهـێنگەی ئەمـریکا، بێلەوەی شالیارگەی دەرەوەی ئەمریکا ئاگای لەو بڕیارە نهێنیەبێت. بارزانیش ئەگەرچی پەیوەندی لەگەڵ سەرۆکی ئەمریکی و شالیاری دەرەوەی هەبوو هیچ ئاگای لەو ڕاسپاردە و ئەنجامە نەبوو.

ئاشکرایە کە قاسەی شا لە ١٩٧٢ بەدواوە بە سەرکەوتنی نرخی نەوت پڕ بوو چیتر پێویستی بەو ١٦ ملیۆن دۆلار کۆمەکی نیکسۆن و کیسینجەر نەبوو، بەڵام دەیویست بەوە باوەڕی سەرکردە پیرەکەی کورد بەلای خۆدا ڕاکێشێت. لەڕاستیدا ڕاپۆرتی پایک زۆر ڕوونە؛" ئاشکرایە کە هەر لە سەرەتاوە پلانی کۆمەکی ئێمە لەبەر سوود گەیاندن بوو بە(شا)ی هاوپەیمانمان چونکە هاوکارە لەگەڵ دەزگاکەی نهێنگای ئەمریکا و هەستی بە مەترسی دراوسێکەی نەکردووە[79] ". لەلایەکی ترەوە ڕاپۆرت دەڵێت؛" هەمان ئەو یارمەتییانەی بۆ شامان تەرخانکرد توانای دواخستنی ئەو کۆمەکەی نەبوو کە دەشیا بە شتێکی زۆر سیـمبۆلی دابنێین[80]. بەڵگەنامەکانی بەردەستی لیژنە(لیژنەی لێکۆڵینەوە) ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە هەڵوێستی وڵاتە یەکگرتووەکان تەنها وەک پایاوەڕ بووە و ئەوەی نیشانداوە کە شا پشتیان بەرنادات.

ئەو پێچـوپەنایە هەر لەسـەرەتاوە ئەمـریکایی ـ نیکسـۆن ـ بوو. ڕاپۆرتی پایک ڕوونی دەکاتەوە؛ "چی سەرۆک و چیش دوکتۆر کیسنجەر و هەروەها سەرۆکی وڵاتی بیانی(شا) نەیانویستـووە کـۆمەکگرەکـەمـان (کـورد) توانای سەرکـەوتن وەدەست بهێنێت. ئەوەی ئەوان دەیانویست تەنها خۆ ڕاگـرتنی کـورد بوو لە بەرانبەر دوژمنکاری تا ئەو ڕادەیەی هێزی وڵاتی دراوسێ(عـیـراق) نابووت دەبێت". بەپێی یاداشتنامەی ٢٢ی مارسی ١٩٧٤ی ئاژانسی نهێنگەی ئەمریکا، ڕاپۆرتی پایک ئاشکرای کرد کە "شا کۆمەکی کوردانی وەک قاقەزی یاری بەدەستەوە گرت تا لەقوماری بەرانبەر بە هاوسێکەیدا بیخاتە گەڕ". هەروەها ئاژانسی نهێنگەی ئەمـریکا درێژە بەوتار دەدات و دەڵێت؛" ئێـمـە لەو باوەڕداین شا پێـیـخـۆش نەبووە دەوڵەتی سەربەخۆ(ی کوردی) دروستبێت. ئاواتی ئێران و هەروەها وڵاتە یەکگرتووەکان ئەوەبوو ئەنجامی بارودۆخی گیری کورد بەلایەکدا بشکێتن و ئەوان بە کەمتر لەیەکێک لەشێوەکانی سەربەخۆیی

79- F و E ـ "... و هەستی بە هەڕەشەی دراوسێکەی دەکرد ...".

80- F و E ـ ..."کۆمەکی ئێمە بەرانبەر بەیارمەتی خودی شا هەر زۆر هیچ بوو، بۆیە دەبێت وەک شتێکی سیمبۆلی لە هاوکارییەکەی ئێمە بڕوانرێت."...

دەستبەردار نەبن تا ئەو ئاستەی لاوازی عیراق لەسوودی ئەوانبێت. چی ئێران و چیش وڵاتە یەکگرتووەکان حەزیان بە هیچ جۆرە چارەسەر نەبووە بۆ ئەو کێشەیە[٤٧]. بەو تاکتیکە هینری کیسنجەر دەیویست " تەنها عیراق لەگشت جۆرە جموجۆڵێکی جیهانی دووربخاتەوە"[٤٨]. داڕێژی ڕاپۆرتی پایک هەڵوێست بەم چەند وشەیە دەنوێنێ:" هیچ لەو هەڵوێستەی ئێمە بە کۆمەکگرانەمان ڕانەگەیێنرا کە پڕجۆشبوون بۆ جەنگ. ئەو جۆرە پرۆژەیە ئەگەرچی لەقالبی کۆمەکی نهێنیشدا بێت، کارێکی چەپەڵە". بارزانی ئاگای لەو ئاڵچاغییەی[81] کیسنجەر نەبوو کە بەبۆنەی زەماوندیەوە دیاری پێشکەش کرد، و ئەو کارە هەندە نهێنی بوو تەنانەت لە وڵاتە یەکگرتووەکانیشدا پۆشراو بوو[٤٩].

گرنگی لەوەدایە کە ٢٢ی مارسی ١٩٧٤ دەکاتە ئەوڕۆژەی یاداشتنامەکەی ئاژانسی نهێنگەی ئەمریکی تێدا بڵاوکرایەوە و هەڵوێستی ئەمریکای ئیمپرالی پێ دەنوێنێت، لە هەمان ئێوارەی ئەو ڕۆژەدا مارشال ئەندرێ گریشکۆی شالیاری بەرگری سۆڤیەتی دەگاتە بەغدا و ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز بڵاوی دەکاتەوە کە مارشال "پرۆژەیەکی پێیە بۆ ئاشتکردنەوەی هاوکارەکەیان لەگەڵ کوردە شۆڕشگێڕەکان" بەڵام "بارزانی لەسەر خواستی ئێران و وڵاتە یەکگرتووەکان ئەوە پەسەند ناکات"[٥٠].

بەگوێرەی ئەو ڕۆژنامانە، کۆمەکی ئێران و وڵاتە یەکگرتووەکان بە کورد کەمەکێک بوو لە؛ تفەنگ، چەکی ڕیز، بابەتە لەکارخراوەکانی تۆپی فڕۆکەشکێن و تۆپی سست[٥١]. بەوەیش هەر پێشمەرگە خۆی لەبەر هێرشەکانی هاوینی ١٩٧٤ی عیراقدا ڕاگرت. ئەوانە وایان لەسەددام حوسێن کرد بە پرۆژەی ترەوە بۆ چارەسەری کێشە لە شا نزیکبێتەوە، ئەوجا سەددام لەڕێی نمایندەکانیانەوە بۆ کۆنگرەی عەربی[82] مانگی ئۆکتۆبەری ١٩٧٤ لە ڕەبات"[٥٢] پرۆژەکەی زۆر بەنهێنی بۆ میسر و جەزایر ڕوونکردەوە.

ئێکسپرێس دەڵێت؛

" هەلی لەبار هەڵکەوت بۆ ئەو پرۆژەیەی کیسنجەر کە سەرقاڵ دەیکۆشی هێزەکانی میسر و ئیسرائیل لە سینا لێک دووربخاتەوە. لەوێدا سوریا بەو ڕێکەوتنە زۆر قەڵس بوو، بۆیە دەبوو لەکۆڕ دوور بخرێتەوە تا نەبێتە هۆی کوورەبەستنی نەتەوییانی عارەب. کیسنجەر و ئەنوەر ساداتی سەرۆکی میسر لەوباوەڕەدابوون کە ئەگەر یارمەتی عیراق بدرێت بۆ ڕزگاربوونی لەو چقڵی دڕکە کە کوردە، ئەوسا بەغدا لەپاداشتی چاکەی میسر نابێتە تەگەرە لەڕێی ڕێکەوتنی ئەوان و ئیسرائیل. ئەوجا ئەشرەف مەروانی دیپلۆماتی میسری کەوتە گەشت لەنێوان بەغدا و

---

81 F ـ ... بەرزانی ئاگای لە هەڵوێستی خۆویستی کیسینجەر نەبوو( بەو بڕیارە تەنانەت کە کچە نازدارەکەی مێردیکرد .... و E ـ ... بەرزانی ئاگای لە سەگێتی کیسینجەر نەبوو کە تەنانەت دیاری نارد بۆ....

82 E ـ هەمانە. و F ـ کۆنگرەی میللەتانی موسوڵمان ....

تاران. تاران ئاشکرایکرد کە ئەگەر بیێت و دەستی بۆ لە هەندێک ناوچەی کەنداوی فارسی هەڵگرن ئەوا پشتی کوردەکان بەردەدات. خاڵێکی تری شاراوە کەوتە باسەوە، کە دەڵێت، پێویستە بەغدا بەئاشکرا بیری نەیاری بە تاران دەرنەبڕێت و خۆی لە هەڵوێستی سوریای دژ بە ڕێکەوتنەکەی سینا دوور بگرێت. "محەمەد یەزید"ی باڵیۆزی جەزایر لە لوبنان، هاوکاری بوومیدیەنی بە سەددام ڕاگەیاند و ئەنجام نزیک نواند"(٥٣).

سەرئەنجام کاتی بەشداربوونیان لە "کۆنگرەی ئۆپیک"ی جەزایر، لەسەر پەیمانەکەی ٦ی مارسی ١٩٧٥ دوان و ڕێکەوتن. شا بەڵێنی دانێ مەرزەکانی سەر سنووری کوردستانی لەگەڵ عیراق دابخات و چیتر نەهێڵێت "گێرەشێوێنەکان" ئەو کوردانەی تا دوێنێ لە ڕۆژنامەکانیاندا بە قارەمان، کوردی برا (جەنگاوەرانی ئاریایی و سەرەنێزەی میللەتی ئێران) ناودەبران. لەپاداشتی ئەوانە دەسکەوتی چاکی بەرکەوت؛ لەوڕۆژە بەدواوە هێڵی سنووری عەبادان دەگەڕێتەوە بۆ ناوەندی "شەتتولعارەب" بەپێی نەخشەکەی پرۆتۆکۆلی ئێران و عوسمانی ساڵی ١٩١٣ لە قوستەنتینیە کە ئینگلیز بە ڕێکەوتننامەی ساڵێ ١٩٣٧ هەڵیوەشاندەوە و کردی بە بەشێک لە ناوی عیراق.

وتووێژی جەزایر سەریگرت و پەیماننامەی عیراق و ئێران ڕۆژی ١٣ی جونی ١٩٧٥ لەبەغدا لە لایەن شالیاری دەرەوەی هەردوو وڵاتەوە مۆرکرا، هەروەها "بووتەفلیقە"ی شالیاری دەرەوەی جەزایریش مۆری کرد. ڕۆڵی جەزایر لێرەدا تەنها وەک وڵاتێکی بێلایەن و پایباوەر لەنێوان هەردوو وڵاتی عیراق و ئێران ڕەفتاری کرد(٥٤). بوومیدیەن میهرەبانی نواند و ئەفسەری سپای جەزایری نارد تا لە دیوی ئێرانەوە بە هاوکاری ئەفسەری عیراقی و ئیرانی سەرپەرشتی ڕێوڕەوتی داخستنی سنووری کوردستان بکەن.

لەکۆتایی فەبریوەری ١٩٧٥دا، واتە چەند ڕۆژ پێش مۆرکردنی ڕێکەوتنەکەی جەزایر، سەرکردایەتی شۆڕشی کوردی بەو سەنگوسەوایەی تاران، بەغدا، قاهیرە و جەزایر نیگەران بوو، تاخمێکی بە نوێنەرایەتی پارتی دیموکرات چوون بۆ میسر و ساداتی سەرۆکیان پێشوازی لێکردن، و ئەوەیان لێ خواست کە ئەگەر هاتوو ڕێکەوتن کەوتە نێوان تاران و بەغدا " میسر پاراستنی مافی نەتەوەی کورد لەبەرچاو بگرێت". سەرۆکی میسری دڵنیای کردن بەوەی هیچ جۆرە سەنگوسەوای لەو بابەتە لەئارادا نییە. هاوکات لە گەڵ گەیشتنەوەی ئەو دەستەیە بۆ کوردستان لە ڕادیۆدا دەنگی ڕێکەوتنی جەزایر بڵاوبووەوە.(٥٥)

شا ئاوتی خۆی لەبەر چەند هۆیەک بە ڕێکەوتنی جەزایر بەدیهێنا. خاڵی سەرەکی ئەوەبوو کە بینایی بە دیتنی کوردستانی سەربەخۆ هەڵنەدەهات، و لەپلەی دووهەمدا بەو ئاڵوگۆڕەی کورد توانی عیراق لە سۆڤیەت دابڕێت. سەرئەنجامیش ئەو خواستەی بوو کە ببێت بە پیاوە زلەکەی کەنداو. هەرچەندە مەزنییەکەی ئەو تەنها ڕۆڵی جەندرمەیی و نۆکەری بوو بۆ ئیمپریالیست،

فەرموو ئەوە ظەففار.

ڕاپۆرتی پایک ئەوتۆ باسی سەنگوسەوای شا لەگەڵ سەددام و مەبەستەکەی دەکات: " زۆر لەمێژ بوو ئەژانسی نهێنگەی ئەمریکا دەیزانی کە هاوپەیمانەکەمان (شا) کاتێک پشتی ئەو گرۆ نەتەوەییە (کورد) بەردەدات کە لەگەڵ دوژمنەکەی (عیراق) لەسەر کێشەی سنوور ڕێکەوێ". ئەژانسی نهێنگەی ئەمریکا لە یاداشتنامەی ١٧ی ئوکتۆبەری ١٩٧٢یدا دەڵێت: "هاوپەیمانەکەمان (شا) پاش دوو مانگ لە پێشنیارەکەیدا سەبارەت بە کۆمەکی کوردان بە ئێمە دەڵێت، لە ڕێگەی شالیارێکی دەرەوەی سێهەمدا دوژمنەکەی خۆی بەئاشکرا ئاگادار کردووە کە ئەگەر بێتوو ئەو ئامادەبێت ڕێکەوتننامە کۆنەکەی لەمەڕ سنووری هەردوولا هەڵوەشێنێتەوە ئەوسا ئەم قایلە بە گێڕانەوەی ئاشتی بۆ هەرێم".

پێویستی بەوە نییە کە ئێمە بڵێین پرۆژەکانی شا سەبارەت بە عیراق لەپێشدا پەسەندی کیسنجەر بووە، چونکە ئەو دوو پیاوە لەوەوبەر لەسەر ئەوە ڕێکەوتبوون کە کورد تەنها " کارتی قومارن" یان تەنها پوولی خەرجە. بەڵام ساڵی ١٩٧٢ سەددام نەیویست لەگەڵ دراوسێکەیدا ڕێکەوێت. هەروەها ئۆگستی ١٩٧٤یش کە دیپلۆماتە عیراقی و ئێرانییەکان لە ئیستەنبووڵ لە سەر خواستی شا کۆبوونەوە هەندەی ئارەزوو دەرنەبڕی. ئاواتی سەددام هێشتا ئەوەبوو بە هێز و بازوو گرەو بباتەوە و هێرشە مەزنەکەی سپا بخاتە مانگی ئۆگستی.

گویراس لەوتەیەکیدا کە لیومۆند بڵاویکردەوە دەڵێت: شا بەمەبەستی پتر لە جاران بەخۆوە بەستنی لەشکری کورد، پاییزی ١٩٧٤ڕادەی یارمەتی بۆ بەرزکردنەوە و گشت جۆرە پێداویستیەکانی دەشتی ڕەواندز و دۆڵی چۆمانی خستەنە بەردەست " کە بریتی بوو لەمووشەکی زۆر پێشکەوتوو تا زرێپۆش و باتری تۆپ لە کێشی ١٥٥ملم (کارخانەی ئێران)". بەڵام هەرگیز نەیهێشتووە کوردەکان لە بەشی سێ ڕۆژ پتر تەقەمەنیان لەبەردەستبێت؛ لێرەوە دەرکەوت کە ئێران دەیویست بەکۆمەکی سپایی زۆر قورس کورد بخاتە ژێر چاودێری خۆی تا نەتوانن جبەخانە بکەنەوە و هێزی پێشمەرگەیان توانای چالاکی درێژخایانی بێت ( ... ). ئەو ڕۆژنامەنووسە "ئینگلۆ ساکسۆن[83] "یانەی لەکاتی ڕێکەوتنەکەی جەزایردا لە کوردستان بوون دەڵێن: شای ئێران مەرجەکانی پەیمانی زۆر لەوە دڕندانەتر ئەنجامدا کە بەغدا خەوی پێوە دەدی. لەماوەی هەمان هەشت ساتی پاش باوەش بەیەککردنی جەزایریان، لۆرییە سپاییەکانی ئێران تۆپە ١٥٥میلیمەکانیان بەرەو سنوور بەکێش دەکردەوە، زۆری نەبرد کاروان زۆر خێرا ملی ڕێگای هامیلتۆنی گرتەبەر (بەڵام ئەمجارەیان ئاوەژوو) چەک و تەقەمەنی و ئازووقە بەرەودوا دەگەڕایەوە.(٥٦)

پەیماننامەی جەزایر یەکێک بوو لەو هەڵوێستە " یان پەیمانە پیرۆززانەی[84]" هەمیشە لەنێوان

83- F و E - ... ئیگلیزی و ئەمریکی ....

84- F و E - ... " پەیمانی ناپیرۆز " ....

دەوڵەتانی سەرەکی خاوەن بەشی کوردستان ڕوودەدات. ئاشکرایە کە پەیمانی جەزایر بنەیەکی بوو کە پێی دەڵێن پەیمانی بەغدا.

ئەوەی ڕاستبێت لە بەغدا هەڵویست نەگۆڕاوە. لە پەیمانی لەندەنی ساڵی ١٩٥٥ەوە بۆ پەیمان لەگەڵ مۆسکۆ ساڵی ١٩٧٢ تا ڕێکەوتن لەگەڵ تاران ساڵی ١٩٧٥ گشتی لە پێچەوپەنای ڕامیاری بەولاوە چیتر نەبووە، و بەگشتی لەپێناو تاکە یەک ئامانجدایە. خۆ بەهێزکردن و سوود لەتەکنەلۆجیا و چەکی ئەم و ئەو وەرگرتن تا دوژمنی ناوخۆیی پێ سەرکوتکات. لەلای ئەوان گرنگ نییە « گورێ بەستنەوە » بەهێزی تەکنەلۆجیای چلایەک بێت، سۆشیالیست یان سەرمایەدار، چیان لێک جیایە؟ بێگومان جگە لە هاوپەیمانانی ئێران کە ئەویش ڕووبەڕووی هەمان دوژمنی ناوخۆ بووە، کە ئەویش گەلی کورد و کۆمۆنیستانی ناوخۆیە.

سەرەتای جەنگی پێنجهەمی کوردستان سەددام حوسێن لە ڕۆژی ٨ی ئەپریلی ١٩٧٤دا بەبۆنەی ئاهەنگی ساڵڕۆژی دامەزرانی پارتی بەعسەوە وتارێکی خوێندەوە و تێیدا بە گەرمی بۆ تورکیای دووپات کردەوە کە نەوتی عیراقییان بە نرخێکی هەرزان پێدەگات. هەروەها گوتی: ئێمە تورکیامان خستووەتە پلەی یەکەم، واتە یەکێکە لە وڵاتانی دۆست نەک ئەوانەی پلەی دوو. هەر بەوپێیەی ئائێستا نەوتمان بۆ ڕەوانەکردوە گشت خواستێکی داهاتووشیان پەسەندکراوە[٥٧].

لەبەرئەوە تورکیا بەدرێژایی جەنگ سنووری خۆی و عیراقی توند داخست. پاش کارەساتی ٦ی مارسی ١٩٧٥ زۆر لە کوردان پەنایان بۆ تورکیا برد بەڵام دەرکران.

ڕێکەوتنەکەی جەزایر ناهەمواری و سەرسامی لە کوردستان بەرپاکرد، مستەفا بارزانی لە تاران بوو[85]، و کاتێک شا لەجەزایر گەڕایەوە سێ ڕێگەی خستە بەر: "پێش کۆتایی ئەو مانگە خۆ بدات بەدەست هێزەکانی عیراقەوە لێخۆشبوونی بەغدای بەردەکەوێت" یان بۆی هەیە "وەک پەنابەرێک لەئێران بمێنێتەوە"، یانیش "ئەگەر ئەوان درێژە بەجەنگی خۆ دەدەن ئەوا بەپێی پەیمانی نێوان سنووریان لەژێر چاودێری ئێران و عیراق و جەزایر لێ دادەخرێت".

بەرزانی لەتارانەوە بروسکەیەکی جوفرەی نارد بۆ کوردستان و ڕایسپارد کە کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان کۆبێتەوە و بڕیارێک بدەن. لە٧ی مارسدا کۆمیتە لەحاجی ئۆمەران بێ ئامادەبوونی سەرۆک کۆبووەوە و لەوێدا ئەندامان خاوەن بیری جیابوون، بلام لەگەڵ ئەویشدا

85 ـ فارسییەکە لەپەراوێزدا دەڵێت: بارزانی لەتاران نەبوو، ئەویان بانگکرد بۆ تاران. ئەمجارە ئەرتەشبود نەصیری معلوم چووە پێشوازی بۆ فرۆکەخانە و بەپێچەوانەی جارانی، بە(ئاقای بارزانی) ناوی برد ـ لەبری (جەنرال بارزانی) کە پێشتر بوو ـ و ئاگاداری کرد کە لەکاتی گفتوگۆدا لەگەڵ ئاعالیحەضرەت شاهنشای ئاریامیهر گوێڕایەڵی وتەکانی بێت و (ڕەوشت بنوێنێت). م ـ بەڵام ئێوارەی ١٢ی نۆڤەمبەری ١٩٩٧ دوکتۆر مەحموود سۆرانی لەسەر ڕووبەری تەلەفزیۆنی Med TV دەرکەوت و لەوبارەوە گوتی: ٢٧ی فەبریوەری ١٩٧٥ پێکەوە لەگەڵ ( موحسن دزەیی، شەفیق قەزاز و هەژار)چوین بۆ تاران. لەوەڵامی پرسیارێکی تردا گوتی: کە شا گەڕایەوە لەگەڵ مەلامستەفا چوین بۆلای. « و »

بڕیار دەرچوو کە بەکەمترین جەنگاوەری خۆبەختکەرەوە درێژە بە جەنگ بدەن. وەک جەنگ زۆر بەگەرمی هەڵگیرسایەوە، لەڕاستیدا سەرکردایەتی پارتی دیموکرات بە ئاواتەوە چاوەڕوانی گەڕانەوەی سەرۆکیان دەکرد تا بڕیارەکەیان پەسەند بکات.

کاتێک جەنرال بارزانی لە ١١ی مارسدا گەڕایەوە کۆبووەوە لەگەڵ سەرکردە ڕامیاری و سپاییە سەرەکییەکان، و ئەو کۆبوونەوەیە دوو ڕۆژی خایاند. پاش لەوەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ شا بۆ باسکردن، بارزانی پیرۆزبایی لەو(بڕیارە دروستە)ی ئەوان کرد. کەواتە جەنگ درێژەی دەبێت.

بەڵام لەڕاستیدا بارزانی دوودڵبوو. ڕۆژی ١٧ی مارس لەڕێگەی نووسینگەی ڕاماری پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بڕوسکەیەکی ئاراستەی حەسەن ئەلبەکری سەرۆک کۆمار کرد و تێیدا پێشنیاری بۆ وتووێژ کرد و هەروەها دەریبڕی کە ئەوان؛ بۆئەوەی چیتر خوێن نەڕێژرێت ئەوان بە بەندەکانی یاسای عێراقی سەبارەت بە ئۆتۆنۆمی کوردستان قایلن. وەڵامی[٥٨] بەغدا بروسکەیەکی ڕۆژی ١٨ی مارس بوو هەر نەگەیشت[86].

ئێوارەی ١٨ بۆ ١٩ی مارس نووسینگەی ڕامیاری و سەرکردە ڕامیار و لەشکرییەکان کۆبوونەوەی فراوانیان بەست و مستەفا بارزانی لەلای خۆیەوە بڕیاری ڕاگرتنی جەنگ وکشانەوە بۆ ناو ئێرانی پێ ڕاگەیاندن، هەروەها گوتی ئەوەی دەیەوێت بێنێتەوە بۆ جەنگ ئەوا ئازادە. بڕیارەکەی بارزانییان پەسەندکرد و سەرانی پارت و لێپرسراوانی لەشکر بەگشتی بۆ ئاوارەیی دوایکەوتن، تەنانەت ئەوانەیش کە سووربوون لەسەر درێژەپێدانی جەنگ.

٢٢ی مارس کۆچ و ڕەو ڕووی لەئێران کرد. سەرەتا بەڕێوەبەرایەتییەکان پێش لە ئاودیوبوونی سنوور گشت قاقەز و فایلیان سووتاند، و پێشمەرگە چەکەکانیان دەشکاند و چەکی قورسیان تووڕدەدایە ناو گۆم و چۆگەی ئاو. ئەوجا بارزانی و خێزانەکەی و لێپرسراوانی پارت و سەرکردەکانی لەشکر ٢٧ی مارس لەو سنوورە پەڕینەوە کە تا ماوەیەک ڕێگەی بۆ "هەردوو دیو" کراوەبوو بۆئەوەی کوردان بتوانن بەسەربەستی هاتوچۆکەن، بەتایبەتی کەسانی ڕەشۆکی. زۆر لەوانەی پەڕینەوە پەیوەندییان دەکردەوە بەسەرکردایەتی ئاوارەبوویانەوە. هەیشبوو لەوانەی پێشتر پەنابەر بوون لەئێران دەگەڕانەوە بەرەو عێراق. سەرەڕای ئەمدیو بوونەوە، ژمارەی کوردی عێراقی لەئێراندا لە ١٥٠٠٠٠ کەسەوە سەرکەوت بۆ ٣٠٠٠٠٠ کەس و لەوانە ٢٥٠٠٠ تا ٤٠٠٠٠ کەسی پێشمەرگەبوون.

وەک گشت کەسێک بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆی ئازادکرا، لەلای چەند هەزار پێشمەرگە، گەڕانەوە و کەوتنە ژێر دەسەڵاتی سپای عێراقییان لە ئاوارەیی بە پەسەندتر زانی، و چەند هەزاریش بەو وڵاتەدا بڵاو بوونەوە و خۆیان دەشاردەوە تا خۆ بەدەستەوە نەدەن و نە دەیشیانویست ڕووبکەنە ئاوارەیی. تاخمێک لەوانە پێشمەرگەی هێزی عیسا سوار بوون لە بادینان، کە ئەو

86_ F و E _ بەغدا بنیر پەسەندنەکردنی پێشنیارەکەی بە بروسکەی ڕۆژی ١٨ی مارس وەڵام دایەوە.

لێپرسراوەیان بڕیاری چوونە ئاوارەی ئێرانی پێ ڕاگەیاندن لێی هەڵگەڕانەوە و کوشتیان.

ئەوەی لە نێو سەرکردەکاندا بڕیاری گەڕانەوەیدا بۆ لای هێزی عیراق سالح یوسفی بوو کە لەساڵی ۱۹۷۲وە یەکێک بوو لە چەپڕەوانی ناو نووسینگەی ڕامیاری و سووکە نەیار بە دەستخستنە ناو دەستی شا و ئەمەریکاوە، بەڵام هیچی لەدەسەڵاتدا نەبوو.

دەبێت بارزانی لەبەرچی لە۱۱وە بۆ ۱۸ی مارس بیری خۆی گۆڕی؟ ئایا دەشێ وەڵامەکەی بەعس کە وتووێژی بەپەسەند نەکرد لەگەڵیان دیمەنێکی جەنگێ بێهوودەی تری خستبێتە بەرچاو؟[٥٩]. لەوانەیشە خۆ دزینەوەی ئەمریکا کاری کردبێتە سەر جەنراڵ بارزانی، چونکە بە نامەیەک «F و E ـ لە ۱۰ی مارسدا» یارمەتی لە کیسنجەر خواست و بەڵێنەکانی هێنایەوە بیر، بەڵام ئەو هەر هیچ وەڵامی نەدایەوە. ئەوەبوو نهێنگای ئەمریکا بەو هەڵوێستە زۆر قەڵس بوو، نەک لەبەر ئەوەی کورد (دوستێک)یان دۆڕاند، بەڵکوو ئەوان نیگەرانی ئەوەبوون کە لەوانەیە بۆنوبەرامی بەڵێنەکانی سەرۆکایەتی ئەوان بڵاوبێتەوە*. لە ۲۲ی مارسدا پیاوەکانی ئەژانسی نهێنگای ئەمریکا "کۆلبی" کە لێپرسراوی ئەوڕۆژەی بوو ئاگادار کرد بەوەی کیسنجەر هیچ وڵامێکی بروسکەکەی بەرزانی نەداوەتەوە، و کە لێیان پرسیوە ئەو لە وەڵامدا گوتوویەتی: " کاری دەزگای نهێنی مژدەبەری نییە"[87] [٦٠].

لەوانەیە هۆی تریش هەبن کاریان کردبێتە سەر ئەو سەرکردایەتیەی کورد بەو جۆرە ڕێی کشانەوە بەرەو ئێران بگرنەبەر: چۆن بتوانن خۆراک بۆ ئەو حەشاماتە دابینکەن کە پەنای بۆ ئەواز هێناوە، بەتایبەتی ئەوانەی لە دۆڵی چۆمان و شارۆچکەکانی بادیناندا کۆببوونەوە؟ چۆنیاز بپارێزێت؟ و سەرەڕای گشت ئەوانە چۆن بتوانێت چەک و تەقەمەنی تەواو بۆ جەنگی پارتیزانی درێژخایان و دژ بە لەشکرێکی بەهێز و مۆدێرنی وەک سپای عیراق پەیداکات و لەچلایەکەوە؟

ئەگەر بەوجۆرە بڕوانینە کێشەکە و لەبەشە نادیارەکانی نەکۆڵینەوە ئەوا ئەو هۆکارانەمان لێ بزردەبێت کە کورد خۆی زەمینەی بۆ بەرپابوونی خۆشکرد، و ئەوە دەگەینێت کە هەڵەی دەستەی سەرکردە بشارینەوە، و خۆمان لە پێویستی سەرشان دەدزینەوە. گرنگترینی ئەوانە دوو هەڵەی ڕامیارییە: هەڵەی سەرەکی نەشارەزایی پۆلیتیکی بووە کە سەرکردایەتی لە ساڵی ۱۹۷۲ واتە پیش جەنگی پێنجەمی کوردستان لەبەر دابینکردنی کەرەستە بۆ جەنگی میللی و ئازادی نەتەوە ڕووی کردەوە ئەمریکا و شای بەکرێگیراوی سەرەکی ئەو لە هەرێم. هەڵەی کوشندەیش لە کەلەندەری پۆلیتیکیدا ئەو کشانەوەی پاش جەنگی پێنجەمی کوردستانیان بوو بەرەو ئێران، واتە خودی سەرکردەکان ئەو شۆڕشیان هەڵتەکاند.

دوو هەڵەیە بەدوای یەکدا ۱۹۷۲ و ۱۹۷۵ لەئەنجامی بارودۆخی ناهەموواری جیهانی

---

* ـ F و E ـ ... لەوانەیە کورد بۆنی بەڵێنەکانی نیکسۆن ئاشکرا و بلاوکەنەوە ...

87 ـ E ـ هەمانە. و F ـ ( ... نامە هێنان و بردن ...)

پەیدابوون: لەڕاستیدا پەیمانی سۆڤیەتی ـ عیراقی لەلایەک و لەلایەکی تر ئەوەی ئێران و عیراق تاڕادەیەک تاوانیان پێ سووک دەبێت. ئەگەرچی ئەوانە تاوان لەسەر شانی کەس لانەدەن، هەڵەی دەستەی سەرکردایەتی دەخەنە ڕوو.

بەتەنها تاوانی ئەو هەڵانە خستنە ئەستۆی جەنرال بارزانی یان بنەماڵەکەی کاری نابەجێیە، چونکە گشت دەستەی سەرکردایەتی لەوەدا بەشدارن[88]، بێگومان مستافا بارزانی و منداڵ و خێزانەکەی لە سەرووی گشتەوەن، ئەوجا نووسینگەی ڕامیاری و دەزگا نهێنییەکەی پێی دەگوترا پاراستن(٦١). لە١١ی مارسی ١٩٧٠ بەدواوە زۆربەی زۆری پلە بەرزەکانی شۆڕش بۆ ئەوان بوو بەڵام وەنەبێت ئەوانیش کەمتەرخەم بووبن. بێگومان دەرخستنی ئاڵوگۆڕی نێوان بەغدا و تارانی پێش ڕێکەوتنەکەی جەزایر بۆ نووسینگەی ڕامیاری دەکەوێتە ئەستۆی دەزگا نهێنییەکەی کورد "پاراستن"[89].

مستەفا بارزانی کە ئەوەی بنەماڵەیەکی خانەدانە نە تەنها سەرۆکی پارت بوو بەڵکوو ئەو قارەمانی میللیش بوو، و سەرکردەی بەرزی بێهاوتا و بیوە ڕوانگە بۆ گشت ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان[90]. کەساڵی ١٩٦٣ بەعس کۆمۆنیستانی قەلاچۆ دەکرد، بە پێچەوانەی

88 ـ ئەم باسەی خوارەوە دەیسەلمێنێت کە جگە لەپێشمەرگەی زەبوون کە هەردەم بێ هیچ ئامانج و ئەنجامێک گورگانخوار کراوە کەسیتر بێتاوان نییە. بەڵێ ڕاستە، پێویستە دەستەی سەرکردایەتی پارتی تەنانەت لە پێش هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلولەوە تا هەرەس کەم یان زۆر تاوانبار بکرێن. فەرموون بیبینن چۆن بنەوانی جوگەی پەیوەندی نێوان شا و مەلا مستەفای هەڵبەستراوە.

ئەڵچاخترین خۆفرۆشی سەرانسەر مێژووی کورد کە ئەفسەرێکی پایەداری دەزگای سیخوڕی ساواک و لەساڵانی پەنجا و شەستدا "پاشبەندی سپایی باڵوێزخانەی ئێران" بوو لە بەغدا، لە بیرەوەرییەکانیدا لەژێر ناونیشانی، عیسی پژمان،( نهێنی یەکانی بەستنی پەیمانی ١٩٧٥ی ئەلجەزایر). وەرگێڕانی ناسر ئیبراهیمی، لاپەڕەکانی ٦٣، ٦٤ و ٦٥ دا دەڵێت: ... دوای چەند ڕۆژێک عیسا زەبیحی بەرپرسی لقی حزب « واتە لقی١ پ.د.ک » لەبەغدا کە ... لەگەڵ رابیت « واتە ئەندامی پەیوەندی» هاتنە لام. بەو نیشانەی کە لەگەڵ عومەر دەبابە دامانناوبوو، بەڵێنی بنبڕی مەلا و ڕابەرانی پێ ڕاگەیاند ... لەچاوپێکەوتنی دوایی ڕاگەیەنرا کە دوو کەس بەناوی عومەر دەبابەو عەلی عەسکەری لە ئەندامانی کۆمیتەی سیاسی ... ناودێر کران ... لەگوندێکی نزیک قەڵادزە ... هەرتک کەسم چاوپێکەوت و دوای کەمێک حەسانەوە بەگورجی بەسواری ئەسپ ... لەماوەی پێنج ڕۆژدا کە ئەو دووکەسە لەتاران بوون، لەتەواوی ئەو مەبەستانەی کە لەگەڵڵەکەدا هاتبوون بەڵێنی هاوکارییان داو هاتینە سەر ئەوە کەمن بڕۆمە باکوور لەگەڵ مەلا مستەفا و ڕابەرانی دیکە دیدار و وتووێژ بکەم و لەگەڵ خۆشم چەک و کەلوپەلی پێداویستی و پول و دراویان بۆ بەرم.

هەروەها لە لاپەڕە ٦٨دا سەبارەت بەپەیوەندییەکانی پاش هەڵگیرسانی شۆڕش دەڵێت: ... لەبنکەی حیزب « مەبەستی ئەشکەوتەکەی مالوومەیە » سەرهەنگ مەنصور بەناوی نوێنەری تەواو ئیختیاری ساواک بە سەرانی حیزب بەتایبەتی برایم ئەحمەد کە سکرتێری گشتی و بەرپرسی بەڕێوەبردنی ئەم کارانە بوو ناسێنرا، دەزگای بێسیم دامەزرا و یەکەم پەیوەندی لەگەڵ سەرۆکی ساواک لەتاران گیرا و ....

89 ـ F و E ـ چەند بەچەند پێش مۆرکردنی ڕێکەوتننامەی جەزایر پەیوەندی نێوان بەغدا و تارانی بە نووسینگەی ڕامیاری ڕاگەیاندبوو.

90 ـ F و E ـ ... بۆ گشت ئەوانەی لەپارتدا نەبوون.

هەڵوێستی نووسینگەی رامیاری پارتی دیموکراتی ئەوڕۆژە (٦٢) «F و E ـ ماوەیدان بێنە کوردستان، و لەناوجەرگەی شۆڕشی کوردیدا چەک هەڵگرن». ساڵی ١٩٦٤ لە پێنجەمین[91] کۆنگرەی پارتدا ئەو سەرکردایەتی گۆڕی.

کۆی دەسەڵاتی ڕاستەقینە لەناو سەرکردایەتی شۆڕشدا نەبینراوە[92]. تەنها چەند کەسێکی دیار بۆیان بوو بڕیاربدەن لەسەرووی گشتەوە بارزانی خۆی، بەڵام هەرگیز ناگونجێت گشت دەستەی سەرکردایەتی لە تاوانی هەڵە ڕامیارییەکەی ساڵی ١٩٧٢دوربخەینەوە. کۆششی هاوپەیمانێتی لەگەڵ شا و وڵاتە یەکگرتووەکانی چەند ئەندامێکی نووسینگەی ڕامیاری ئەنجامیان داوە، و گشت ئەندامانی نووسینگەیش "ئاگاداری ئەو نهێنییە" بوون و لە سالح یوسفی بەولاوە کەسی تر لەرووی ئەوەدا نەوەستا. دیارە سەرکردایەتی باوەڕی بە شا نەبوو بەڵام باوەڕی بە "گەرەنتی"یە ئەمریکیەکەی نیکسۆن و کیسینجەر کرد. پاش ماوەیەکی کەم ئەنجامی ئەو سووکە گەرەنتییە دەرکەوت، و دیار بوو ئەنجامەکان باسنوور بوون چونکە کوردەکانیان وەک "کارتی قومار" بەکار دەهێنا. مرۆڤ خۆی لە ئاستێکی ئاڵۆزدا دەبینێتەوە؛ کورد گەلێکی چەوساوەیە و دووچاری جەنگی ئازادی نەتەوە بوو، بەڵام سەرچاوەی کۆمەکی لایەنی ئیمپریالیست و بەکرێگیراوەکانی بوو، و چەوسێنەریان پشتی بەست بە کۆمەکی میکانیزم و ڕەوشی قەڵای سۆشیالیستی و هێزە دیموکرات خوازەکان.

ئەرێ دەبێت دەستەی سەرکردایەتی هیچ کۆشیێتیان لەگەڵ بەعسدا نەکەونەوە جەنگ؟ بەوەی کە بۆمان ڕوون بووەتەوە وەڵامی ئەو پرسیارە بەڵێ دەبێت، بەڵام ئایا گشت هەڵوێستێک لەنێمە ڕوونە؟

لەڕاستیدا سەرکردایەتی لەلای خۆیەوە " ئۆتۆنۆمی"یەکەی بەعسی ١١ی مارسی ١٩٧٤ی پەسەند نەبوو. بەڵام ئەگەر گەرەنتی ئەمریکا و کۆمەکی ئیمپریالیست[93] پشت ئەستووری نەکردایە، گومان لەوە دەکرێت کە ئەوان پەنایان بۆ هەزار و یەک پێچوپەنا نەدەبرد تا لەسەرچاوەی هێزەوە بکۆشن ماوەی وتوویژ درێژ بکەنەوە؟

ئایا دەشێت سەرکردایەتی وەک پێویست کۆشیێتی گرەوی جەنگ بباتەوە؟ لە وەڵامدا دەڵێین نا، ئەوان لەورووەوە هەڵەی مەزنیان زۆرکرد. جەنگی میللی دژ بە ڕژێمێکی بەهێز و بتەو نابێت تەنها لە گۆڕەپانی جەنگدا بێت، بەڵکوو دەبێ جەنگ بە ئابووری، ڕامیاری، ڕەوانی و میدیایی بکرێت. پێویستە گشت جۆرە توانای بۆ گۆشەکرێ. گیر و توندوتیژی نواندن هاوکات لەگەڵ

---

91 ـ F و E ـ شەشەمین.

92 ـ تاکو ئەمڕۆیش لە هیچ پارتێکی کوردیدا ئەوە دەرنەکەوتووە، و بەدەگمەن ئەو رواڵەتە لە پارتەکانی جیهانی سێهەم و تەنانەت ئەورووپای ڕۆژهەڵاتیشدا دەرکەوتبێت. ـــ « و »

93 ـ F و E ـ شا ... .

پەرستیاری سادە[94] . لەڕاستیدا ئەوانە مەرجی تایبەتن بۆ گەلی کورد کە هەمیشە باری جیوپۆلیتیکی تایبەت سەپاندوویەتی بەسەریا.

گەرەنتیەکەی « ئەمریکا[95] » هەندەی لەخۆ بایی کردبوون ناحەز خۆیان بە سەرکەوتوو دەزانی. بەڵام وزەی "گەرەنتی" کاری نەکردە سەر وەرچەرخانی ڕووی ئەندێشەی گشتی چەپڕەوانی عارەبی عیراق بۆلای ئەوان، و هەروەها نەبووە هۆی وەرچەرخانی ڕووی ئەندێشەی گشتی جیهانی عارەب و پشتیوانی ڕژێمەکانیشی. ڕاستە، پارتی کۆمۆنیستی عیراقی لایەنی بەعسی گرت، بەڵام بزووتنەوە ئەو کوردە کۆمۆنیستانەی دۆڕاند کە هاوشانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی ئەوان جەنگین. ئەو "فاخر مێرگە سووری[96]"(٦٣) یەی دەزگای نهێنی پاراستن بەتاوانی بوون بە سیخوڕی بەعس کوشتی یەکێک بوو لەو کوردە کۆمۆنیستانە و شۆڕشی لەزۆر جەنگی قورسدا سەرخست. ئەوبوو قارەمانی جەنگی مایسی ١٩٦٦ لە هەندرێن. ئەویان لەگەڵ جەندکەسی خێزانەکەی بەبێ پرس و داد کوشت، بێ لەوەی هیچ بەڵگەیەک نیشان بە دادگای شۆڕش بدەن.

ڕێگەیان بۆ بەعس ڕەخسان "پشتگیری چەپڕەوان" بەلای ئەواندا بشکێت و لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە سوودی لێ وەربگرن. هیچ نەکۆشان کێشەکەیان بە میللەتانی جیهانی سێهەم بگەیێنن. پشتیان کردە ڕاوێژ و دۆستایەتی هێزە سۆشیالیست و پێشکەوتووەکانی ئەورووپا"ی ڕۆژئاوا"[97] . کوردەکانی لە ئەورووپان دەیانەوێت ئەوە قۆرتە بەشتی پڕووپووچ داپۆشن.

لەناخدا ئۆردووی کورد لەسەر ئاستی ستراتیجییەتی کۆمەلایەتی و ڕامیاری[98] شۆڕش و هەروەها لەسەر ئاستی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکانی، لەڕادە بەدەر باوەڕ بەخۆ کردنی لێپرسراوانی ئەو نەگبەتییەی تووشکردن. هەندە بە "گەرەنتی"یەکە[99] بایی بوون خۆیان وەک خاوەن دەوڵەت نیشان دەدا؛ بە شالیارگەی بچووک و دەزگا و نووسینگەی زۆر دیاردەی ناکۆکی و بیروکراتی

94 ـ لەوەتەی دروستبووە P.K.K لەسە ئەو شێوەیە دەجەنگی و ڕژێمەکەی بەرانبەری تادێت دڕندەتر دەبێت، و نە قەڵای سۆشیالیسی(پێش پێرسترۆیکا ) هیچی بۆ کردن نە زلهێزەکانی ڕۆژئاوا کە تاوتاوە بەگیریان دێن. ئەمجارەیان بەدرێژایی مانگی ئۆکتۆبەر و ئێستایش نۆڤەمبەری ١٩٩٧ لەشکری تورکی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر تۆپ و تانگ و فڕۆکەی بۆمبهاوێژ بە بەرچاوی دەزگای مللەتانی یەکگرتوو و زلهێزەکانەوە (سنووری نێونەتەوەییان بۆ بڕیوە ) لەخوارووی کوردستاندا قەلاچۆ دەکرێن. جارجارە لایەکیان ورتەیەکی بۆ دەکات و پەڵپی ئەوە دەردەخەن کە تورک لەسەر خواستی لایەنێکی کوردی (واتە پ.د.ک) ئەوکارە ئەنجام دەدات. کەواتە هەڵوێستی تورک بەرەوا دادەنێن. « و »

95 ـ بەگوێرەی فارسی و ئینگلیزییەکە. « و »

96 ـ لەزۆر شوێنی عەرەبی و فارسییەکەدا ئەو ناوە بە ڕێنووسی هەڵە نووسراوەتەوە. دروست (فاخر مێرگەسووری)یە « و »

97 ـ لە ئینگلیزی و فارسییەکەدا نییە « و »

98 ـ F و E ـ کۆمەلایەتی ـ ئابووری ... .

99 ـ F و E ـ گەرەنتییەکەی ئەمەریکا ... .

لەناویاندا بڵاوکردەوە[100]. لەبەر کەمکردنەوەی بێکاری، ژمارەیەکی زۆریان خنیبووە ناو لەشکری شۆڕشگێڕەوە تا ئەو ڕادەیەی بۆریان کرد. لە ئاستی هاتووچۆی نێوان سەنگەرەکانی پێشەوە و بنکەکانی ئازووقە و کەرەستە و نەخۆشخانەکاندا زۆر کەمتەرخەم بوون.

خۆ قەوارەی ئابووری هەر کەس بیری لێنەکردەوە چونکە کار دەڕۆیشت. چی پێویست بە پوختەکردنی زەوی کشتوکاڵ دەکات کە جەنگ لەئارادایە؟ بەڵام ئەوتۆیش هەر لە پەیڕەو و پرۆگرامی پارتدا مابوو. کە شا گەنم و برنجیان بە لۆری بۆ بنێرێت ئیتر چی پێویست بە چاندنی دەکات؟ خۆ پارە زۆر بوو بەڵام هیچ بیریان لەوە نەکردەوە تووتنی جوتیار بکڕنەوە، باوجو بۆچی، خۆ جگەرەی ئەمریکی هەیە. سەرئەنجام بەرهەم دەمایەوە و بۆگەنی دەکرد و گشتی لەکیسی جوتیار دەچوو.

لەسەرتای قۆناغی پێنجەم جەنگی کوردستانەوە ئەوان بە شێوەی ناڕاستەوخۆ زەمینەیان بۆ سەددام حوسێن خۆشکرد وڵات بکات بە (وەک ئەمی پاشین پێی دەڵێت) دوو "سەنگەر". سەرەتا گشت کادری هەرێم و ناوچەکان و ڕێکخراوەکانی "لاوان، خوێندکاران و ژنان"یان بەکێش کرد بۆ دەرەوە، واتە ناوچەکانی سنووری دەسەڵاتی خۆیان، و کارێکی ئەوتۆیان کرد گشت پسپۆری زانیاری و تەکنەلۆجی و خوێندکاران دوای ئەوان بکەون. گشت ئەوانەیان لە باڵەک (دۆڵی چۆمان) کۆ کردەوە و زۆربەی زۆری ئەو کادیرانە بێکار بوون و لەتوانایشدا نەبوو فەرمانی گونجاو لەگەڵ توانای خۆیانیان پێ بسپێرن. زۆریشیان بەسەر دەزگاکاندا سەپاند. بەوجۆرە توانای کاری شۆڕشگێڕانە و نهێنی لە شارەکاندا کەم بووەوە[101].

---

100 ـ لەورۆژەدا بەوانەیان نەگوتووە شالیارگە بەڵکوو چەشنی ئەوانەی میری لە هەولێری پایتەختی هەرێمی ئۆتۆنۆمی کردیەوە، پێیان دەگوترا (ئامانەتی ...) و بەرانبەر بەگشت دەزگا و نووسینگەیەکی کارگوزاری پارێزگا کوردییەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕژێم، لە شۆڕشدا هاوچەشنی بوو و هەمان ناوی هەڵگرتبوو.

من ئەمەیانم زۆر لا سەیرنییە بەڵکوو لەوە سەیرتر ئەوەیە کە ئەمڕۆ لەخوارووی کوردستان ڕوودەدات؛ لەگشت یەکێک لەو دەزگا و نووسینگانە سێ دانە هەن. بۆ نموونە، ڕژێم لەژێر ناوی ( مجلس التنفیذی، و المجلس التشریعی لمنطقه کردستان للحکم الذاتي) بە کۆڵێک لێپرسراوی خۆفرۆشەوە لە کەرکووک مایەتی. کورد لەڕاپەڕین بەدواوە پەرلەمانی هەرێم و دەزگا کارگوزارییەکانی کوردستانی لە هەولێر دامەزران. زۆری پێنەچوو براکوژی کەوتە نێوان پارتە سەرەکییەکان و پاش شەڕ و لێکدانی ناو پایتەختی هەرێم کۆپی ئەو پەرلەمان و دەزگایانە لە سلێمانیش کرانەوە. واتە لە سنووری دەسەڵاتی گشت یەکێک لە ڕژێمی بەعس و دوو زلهێزەکەی کوردستان (پ د ک ـ و ـ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ) واتە سێ کۆپی لە هەمان شێوە دامەزراو لەشارەکانی هەولێر و کەرکووک و سلێمانی هەن. تاکە جیاوازی لە ئەوانەی ڕژێمی بەعس ناویان (مجلس التشریعی و مجلس التنفیذی) و (آمانه عامه ...) و لەهەولێر و سلێمانی پێیان دەگوترێت ( پەرلەمان) و( وەزارەت)ـ « و»

101 ـ کورد دەڵێت " تیر ئاگای لە سکی برسی نییە". هەرچەندە نووسەر تاکو ڕۆژی هەرەسیش یەکە >>>>

لەرادەبەدەر زەق دەرخستنی چالاکی و بۆمباران کردنەکانی عیراق[102]، ئێزگە کوردییەکەیان دانیشتووی شارەکانی تۆقاند تا بەکۆمەڵ ملی رێ بگرنە بەر، و دەیەها هەزارکەسیان لەشوێنی خۆ هەڵکەند و جادەیان بۆ ئێران پێ خۆشکردن. ئەو سەرکردایەتییە گوایە بۆ چارەسەرکردنی کێشە لە یەکهەم گۆمدا ۱۵۰۰۰۰ کەس، لەسەرووی گشتەوە کەسوکاری پێشمەرگەی ئاودیوی ئێران کرد و بەو هەڵوێستە زەمینەی بۆ هێزی ئاسمانی عیراق خۆشکرد تەنگ بە پەنابەرانی کورد لەئێراندا هەڵبچنێت. ئەوانەی پاشان شا گیریدان و بوون بە بارمتەی ژێر دەستی. لێشاوی کۆچی بەکۆمەڵیان هەر هەبوو نەیانکرد بەریان لێبگرن و ئەو مەردمە بگێڕنەوە سەر کار و پیشەی خۆ. لە سەرەتای سالی ۱۹۷۵دا سێیەکی دانیشتووانی کوردستان کە دەیکردە نزیکەی ۱.۵ ملیۆن کەس[103] کۆچی کرد. ئایا ئابووری بەرگەی جەنگ دەگرێت کە زۆربەی جوتیار دێهات چۆلکەن؟ یان کە ئەوان نەتوانن گەلی کورد دامرکێنن و سوود لەو بەشی زۆر سەرمایە گیانییە وەرگرن، ئیتر گرەوی جەنگ چۆن دەبرێتەوە؟

لەوانەیش بەولاوە، وا دەوڵەت دادەمەزرێت و پارە زۆرە. ئەوەیشیان لەخۆ رادەبینی ئەمونەو دوای خۆخەن، هەڵەشۆیی کشایە کار و پیشە. بەرتیل خواردن لەناویاند بڵاوبووەوە. ژمارەی خۆسەپێنەر بەسەر دەزگای بەرز و تەنانەت ریزەکانی لەشکر و پارتیشدا زۆر بوون، بەڵام شانسیان لەوەدابوو کە کار دەڕۆیشت.

وەک هەر بەتەکنیکی کلاسیک دەجەنگین لەشکرەکەیان بەکۆشش بوو. بەڕاستی کەم نەتەوەی چەوساوە هەن لەجەنگی ئازادی نەتەوەییدا شان بدەن لە شانی کورد. بەڵام ئەوە بە گوێرەی گریمانییەک کە دەڵێت: کۆمەکی بیانی هەر هەبوو[104]. هەر کە دەستیان گەیشت بە چەکی قورس

<<< دەمڕاستی ئەو قۆناغەی شۆڕش بوو لەهەندەران، بەڵام لێرەدا بەباوێشکی کەسانی تر دەمی داچەقاندووە. هەرچەندە درێژی ژیانی لەئەورووپا بەسەر بردووە، بەڵام خۆ بستوویەتی بەعس کێیە و چ ئەشکەنجەبازە. کێ گەرەنتی ژیانێکی ئاسوودەی دەدا بەو لێشاوەی رێژەی زۆری سەربەست و ئازاد بەئارەزووی خۆ لەترسی دڕندەیی بەعس رایکردە دەرەوە. ئایا ئەوە لەیادچوو کەسالی ۱۹٦۳ بەعس لەسەرەتای کوودەتاکەیدا بە ئەندامانی پارتی کۆمۆنیستی کرد. یان ڕەشبگیر گرتنی کۆمەڵانی کورد و بەکۆمەڵ زیندە بەچاڵەکەی شاری سلێمانی. «و»

102 ـ دەبێت نووسەر ئەوەی نەبیستبێت کە ڕژێمی بەعس جەنگی پێنجهەمی کوردستان بەبۆمباران کردن و کوشتنی ژن، پیر، منداڵی و کەسانی بێچەکی شارەکانی هەڵەبجە و قەڵادزێ دەستپێکرد. «و»

103 ـ وتەیەکی ئەستەق هەیە دەڵێت: چەوت دانیشە و ڕاست بدوێ. ـ پێشمەرگەبووم لەناو یەکێک لەو دەستانەی دەمانکۆشی لێشاوی جوتیارە هەڵهاتووەکانی دەشتی شارەزووری پاش بۆردومانی هەڵەبجە (ئەپریلی۱۹۷٤) بگێڕینەوە بۆ گوندەکانیان کە لەناوچەی ئازادکراودا بوو، و ڕێکامان لێ دەکردن بەوەی ناگونجێت ئەوان لەبری بەرهەم ودەستهێنان بێن بەنانخۆر و ئەوە زۆر دەکەوێت لەسەر شۆڕش. وەک کەسیان نەگەڕانەوە و هەندێک بەرچاو تەنگ و لەژیان نەگەیشتوو جوێنی دەدا و دەیگوت( بەڵێ دەتانەوێت بارمەتی شێروخورشید تەنها بۆ کەسوکاری خۆتان بێت و ئێمەیش بەبرسێتی دەگێڕنەوە بۆ ژێر ئاگری بەعس، و...» و «

104 ـ F و E ـ بەڵام ئەوی ئەو بۆچوون وگریمانییە پۆچەڵکاتەوە لێنەبڕانی کۆمەکی دەرەکی بوو.

ئەو کوردانە هێرشی سەختیان کردە سەر لەشکری عێراق، جەنگی بەرانبەری ئەوان لەجەنگی نێوان دوو دەوڵەت دەچوو، و کوورەی جەنگ کەوتبووە ئەو دۆڵەی چۆمانەوە کە لەسەر ڕێی هامیلتۆنە و سەرکردایەتی و دەزگا جەنگییە گرنگەکان و بەشێکی جبەخانە و کۆمەڵی دانیشتوانیش کە تادەهات پتر دەبوو لەخوار ئەوانەوەبوو.

بەو چەکە کۆنە[105] یەکجار زۆرەی شا بەرەنگاری دوژمنێکی هەر زۆر پڕچەک بوون. بۆیە لەبەر نەبڕینی چۆڕاوگەی کۆمەکی شا، کوردە نەیارەکانی لەدەست شا هەڵهاتوو بۆ سەڵمەندی هاونەتەوەییبا لەبری گرتنە خۆ دەدانەوە دەست ئێران.

دوا هەڵەی ڕامیاری سەرکردە ئەوەبوو کە کشانەوە بەرەو ئێران. ئەمبیستووە نموونەیەکی جەنگی ئازادی میللی تر بگات بەو شێوە دڵتەنگی و نیگەرانییە، کە هێشتا مرۆڤیان تێدا مابێت بیەوێ درێژە بەجەنگ بدات و کەرەستەی تەواوی ئەو کارەیش لەبەردەستدا هەبێت. خۆ پەیڕەو وپڕۆگرامی پارت ئەندامانی بۆ ئەو زەمینەیە گۆشەکرد کە هێشتا لەپێزدا مابوو، بەڵام ئەگەر سەرکردایەتی ئەوە بە دروشم و تاکتیکی بێنرخ بزانێت، ئەنجام هەر ئەوە دەبێت.(٦٤)

## گرتنەوەی بەغدا لەکوردستان

ڕەوتی کۆیلەکردن

١٨ی ئۆگستی تا ٦ی سیپتەمبەر لەسەر خواستی ڕژێمی عیراق چووین بۆ ئەوێ تا ڕاستەوخۆ لەگەڵ هاووڵاتییانی کوردی عیراق بدوێین و گفتوگۆی ڕامیاری لەگەڵ لێپرسراوانی عیراقی بکەین سەبارەت بە "سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان "و" فراوانکردنی سنووری دەسەڵاتی "و" سڕینەوەی پەڵەی جەنگی نزیکەی چواردە ساڵی نێوان براکان " و" پشتئوێنەی برایەتی کورد و عارەب بەتینتر بکەینەوە". پێش سەردانەکەمان لەگەڵ لێپرسراوانی عیراقی ڕێکەوتبووین و ئەوەیان پەسەند کرد کە ئێمە بتوانین لەناو گشت کۆماردا بەسەربەستی بگەڕێین تەنانەت لە کوردستانیش. هەندە نەرم و نیان لێم هاتنە پێش سەربەستیان کردم لەوەی بتوانم هەرچ کەسم بوێت لەگەڵ خۆمی بەرم."١"

خۆشبەختانە، بەڕێز "بەشیر بومیعزە" کەماوەیەک ئەندامی نوسینگەی ڕامیاری بەرەی ئازادی جەزایر (FLN) و چەندین جار لەکابینەکانی بینبیللا و بومەدیەن شالیار بووە، و ئێستا لە بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی جەزایرە، بڕیاری دا لەتەکمابێت. بومیعزە پڕئاوات بوو لەوەی ئاشنایەتی ئەو لەگەڵ بەغدا ببێتە هۆی ڕێکخستنی "گفتوگۆ ڕامیاری"یەکانی ئێمە و ڕژێم، و ببێتە یاریدەر بۆ بەتینکردنی برایەتی کورد و عارەب. لە جونێڤیشەوە بەڕێز "جان کلۆد لۆتهی" ویستی بەناوی

105 ـ E ـ چەکی پەککەوتە .... و F ـ چەکی نوێ ....

کۆمیتەی جیهانی بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ(IFHR) لە تەکمان بێت، بێگومان تا لەگۆشەی تایبەت بەمافی مرۆڤەوە لە بارودۆخی ئەو گەلە بڕوانێت. سەرئەنجام باوکی ڕەوانی "یوسف پاری" کەشیشێکی کلێسەی کلدانی و لە سلێمانی لەدایک بووە، بوو بە هاوڕێمان[106].

پاش لەوەی سێ ڕۆژمان لە بەغدا بەسەربرد و تێیدا چاومان بە دوو شالیارە کوردەکەی بەغدا و هەروەها شالیاری دادوەری کەوت. بەرەبەیانی ڕۆژی ۲۱ی ئۆگستی بەو دوو ئۆتۆمۆبێلەی شالیارگەی ڕاگەیاندن لەگەڵ دوو فەرمانبەری خۆیان بۆ ئەو مەبەستەیان ئامادەکردبوو لە بەغدا دەرچووین. ئەو دووە "أ " و "ب" ئەندامی پارتی بەعس بوون. سەرچڵی گەشتەکەمان شاری خانەقین بوو. لەوێوە بەڕێز چوینە دەربەندیخان، سلێمانی، کەرکووک و هەولێر کە پێنج ڕۆژ تێدا ماینەوە، ئەوجا لەوێوە بە هەلیکۆپتەر چووینە شارەکانی ڕەواندز، دۆڵی چۆمان و هەندێک دیهاتی ئەو پارێزگایە، و لەگەڵ لێپرسراوانیان باسی بارودۆخمان کرد و لەسەر " ڕەوشی ئۆتۆنۆمی" دواین. لە کۆتایی سەردانەکەی هەولێرمان ڕۆژی ۲۷ی ئۆگستی "جان کلۆد لۆتهی" تیمەی جێهێشت و ڕۆشتەوە بۆ بەغدا و لەوێشەوە بۆ سویسرا[107]، چونکە بۆی دەرکەوت هێشتا چەسپاندنی مەرجەکانی مافی مرۆڤ وەک پێویست نییە. ۲۸ی ئۆگستی بەرەو مووسڵ و بادینان کەوتینە ڕێ و بەتایبەتی چوینە شێخان، ئاکرێ، دهۆک، سوارەتوکە، سەرسەنگ و ئامێدی. ۳۰ی ئۆگستی گەڕاینەوە بۆ بەغدا و دوا پێنج ڕۆژمان لەوێ تەرخانکرد بۆ وتووێژ لەگەڵ لێپرسراوانی بەعس و بەڕێز بومیعزە لەگشت دانیشتنەکانەدا بەشدار بوو."۲"[108]

۲۰ی ئۆگستی چاومان بە شالیاری دادوەری "دوکتۆر منذر الشاوی" کەوت کە ئەویش وەک سەرەک کۆمار و یاریدەرەکەی لە عارەبەکانی تکریتە. دوکتۆر منذر الشاوی ـ فەرەنسی چاک دەزانێت ـ وەک شالیارێکی بێلایەن و نا پۆلیتیک خۆی بە ئێمە ناساند. خۆی تەکنیکییە، بەڵام بووە بە یاساناس. چونکە یەکێکە لە ئەندامانی ئەو کۆمیتەی یاسای ئۆتۆنۆمی کوردی داڕشت، لێمان پرسی؛ بۆ دەوڵەت ڕێز لەو یاسایەی خۆی ناگرێت کە دەڵێت؛ پێویستە سەربەخۆیی گشت ئەو ناوچانە بگرێتەوە کە ڕێژەی زۆری دانیشتووانی کوردن؟ لە وەڵامدا گوتی " ئەوە پرسیارێکی ڕامیارییە و پێویستە لە شالیارە پۆلیتیکییەکانی بپرسن" و هەروەها گوتی" هەندێک ناوچەی وەک کەرکووک هەن تێکەڵەیەکی ڕەگەزی تێدا دەژی و سەپاندنی ئەو یاسایەی بەسەردا ستەم دەبێت". وەک پێمان ڕاگەیاند کە هەمیشە دانیشتوانی کورد لەو پارێزگایە پتربوون، لێمان پرسی؛ "کە کورد خۆی لە عێراقدا کەمایەتییە، باشە بۆ ناکرێت عارەبی پارێزگای کەرکووکیش

106 ـ لەکۆتایی برگەی پێشوو ژمارە "۱" دانراوە و ئەم برگەیە لە پەراوێزدا نووسراوەتەوە بەڵام لە فارسی و ئینگلیزییەکەدا هەر لەگەڵ خودی باسەکەن بۆیە منیش وەک ئەوانم لێکرد. « و »

107 ـ F و E ـ تیمەی بەجێهێشت بۆ بەغدا و لەوێوە ۲۷ی ئۆگستی چووەوە بۆ سویسرا.

108 ـ ژمارە "۲" لەکۆتایی ئەم برگەیە دراوە و لە پەراوێزدا دەڵێت: ( دەقی پاش ئەم باسی سەردانەمانە و بەڕێز بومیعزە دیویەتی. « و »

وەک ئەوان بن و لە سنووری هەرێمی کوردستانی ئۆتۆنۆمیدا بژین کە ئەو پارێزگایە دەبێتە بەشێک لەو؟ ئەمجارەیش پرسیارەکەی بە پۆلیتیکی ژمارد و خواستی لە شالیارە پۆلیتیکییەکانی بپرسین. ئەوجا لەپرسیارێکی تردا گوتمان؛ یەزیدییەکان کوردن و ئاینێکی تایبەتیان هەیە، و شەنگار ناوچەی ئەوانە و هیچ تێکەڵەیەکی تێدانییە، " بۆ نەخراونەتە ناو هەرێمی ئۆتۆنۆمی کوردستانەوە؟" وەڵامەکەی مایەی سەرسوورمان بوو، گوتی "یەزیدییەکان بەشێکن لە عارەبی ئەمەوی! " بەڵام ڕاستی ئەوەیە کە مەلبەندی یەزیدییەکان نزیکە لەچاوگە نەوتییەکانی عێنزالەوە.

٢١ی ئۆگستی شارەوانی خانەقین لەکۆشکی شارەوانیدا ئاهنگی پێشوازی بۆ تاخمەکەمان ڕێکخست. کە ویستمان بۆ سەرنج وەرگرتن بە ناوشاردا بگەڕێین گشت لێپرسراوان کە ژمارەیان دەگەیشتە نزیکەی پانزە ویستیان لەگەڵ ئێمە بێن، بەڵام پاش گفتوگۆی دوور و درێژ ماوەیان داین سەربەست بە ناو شاردا بگەڕێین و بەگوێرەی بەڵێنەکەی ڕژێم لەگەڵ دانیشتوان بدوێین، بەڵام دەبوو لەگشت شوێنێک بگرەوبەردەی زۆر لەگەڵ لێپرسراوانی ناوچە بکەین.

[ لە ٢٦ی ئۆگستیدا ئاغای هاشم عەقراوی "سەرۆکی ئەنجومەنی کارگوزاردن بۆ هەرێمی ئۆتۆنۆمی" ئێمەی وەرگرت. ئەم پیاوە لەم دواییانەدا گرۆ ڕامیارییەکەی "پارتی دیموکراتی کورد"ی بەجێهێشت کە خۆی ناوی نابوو. ئەو پارتە لەکاتی جەنگی پێنجەمی کوردستاندا لە پارتی دیموکراتی کوردستان جودا بووەوە[109] . ئەو پارتە چەند بەشێکی لە بەغدا کردبووەوە و خۆی بە بەرە میللییەکەی بەعسەوە بەست. چەند ڕۆژ لەوەوبەر چوینە دیداری سەرۆکی گشتی ئەو پارتە "ئاغای عەزیز عەقراوی". من لەسالانی هەشتاوە ئەو پیاوەم چاک ناسیوە. کە بەتەنها پێکەوە دانیشتین بۆم دەرکەوت ئەو زۆر کفت و دڵشکاوە و کەوتووەتە ژێر ئازاری ویژدان.

هاوکاری پێشوو، واتە سەرۆکی ئەنجومەنی کارگوزاردن بۆ "هەرێمی ئۆتۆنۆمی" شتێکی تر بوو: لەوم پرسی کە ئایا پەیوەندی بەپارتێکی تایبەتەوە هەیە، گوتی گشت ئەندامانی ئەنجومەنی کارگوزاردن لەپارتەکانیان "دەست دەکێشنەوە" و "بێ لایەن" دەبن. کاتێک ڕاگوێزان و بەسەرهاتی "کالور خارما لوجە[110]"مان لێپرسی وەڵامی دایەوە وگوتی:" دەوڵەتە پێشکەوتووەکەمان ڕەوش و یاسا ئۆتۆمی کوردستان و مافی مرۆڤی کوردی بە تەواوی ناساندووە

---

109 ـ ئەوسا بەش نەبوو لەپارتی جودابێتەوە بەڵکوو هاشم عەقراوی و عەزیز عەقراوی وەک تاکە کەس هەڵهاتن. پاشان ڕژێم هەندێک کوردی خۆفرۆشی لە بەغدا کۆکردنەوە و بەکەمتر لەسەد کەس ڕێکخراوێکی بۆ پێکەوەنان و ناوی پارتی دیموکراتی کوردستانی لێنا و بەشداری بەرە کارتۆنییەکەی خۆی کرد. « و »

110 ـ پێمەوایە مەبەست لەوناوە ( کەلوری ـ خر بالووشە )بێت. یەکەمیان ناوی گوندێک بوو لەدەشتی حەساری سەرووی کەرکووک، بەعس لەو سەردەمەدا تەختی کرد، و دووهەمیان ناوی چۆگەلەیەکی نزیک بەو گوندە بوو. ئەگینا ( لەچەندکەسی دانیشتووی ئەو ناوچەیەم پرسیوە) گوند بەو دەقی ناوەی سەرەوە لەو دەڤەرەدا نەبووە. ـ « و »

... گرنگ نەمەیانە." کە زۆرمان لێکرد وەڵامی پرسیارمان سەبارەت بەیەزیدییەکان و خانەقین بداتەوە، ئەو هەمان وەڵامی دووپات کردەوە. لەڕاستیدا ئەو پتر خۆی بە دەقی یاساوە بەستبوو نەک ژیانی مرۆڤ و چارەنووسیان، و بەئاشکرا پێچەوانەی دەکرد تا ڕواڵەتی ڕاستی ئەو بارە بسەلمێنێت کەخۆی باسی دەکات.

لەڕاستیدا دەسەڵاتی سەرۆکی ئەنجومەنی کارگوزاردن لە سووپەر پارێزگارێک تێناپەڕێت، و هەرێمی ئۆتۆنۆمیش جۆرە فیدڵێکە سێ پارێزگایان پێ بەسەریەکەوە خستووەتە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی چەق.

لەکاتی ئاساییدا ئەو سێ پارێزگایە ڕاستەوخۆ لەژێر دەسەڵاتی شالیارگەی ناوخۆی عێراق بوون و گشت کارێکی گەورە یان بچوکیان بۆ دەچووە سەر. وەک دەسەڵات لەو دەستەیە سەندرایەوە ئەوان بێ دەربڕینی هیچ جۆرە ڕەخنەیەکی پۆلیتیکی هەر لەسەرکاری خۆیانن. وەکتر ئەو فەرمانەی دەسەڵاتدارانی "سیستێمی ئۆتۆنۆمی" ئەنجامی دەدەن ئەگەر لەگەڵ باری ڕاستیدا بەراورد بکرێت هەر زۆر ئاحەز دەردەکەون. لەبری ئەوەی خواست و ئاواتی نەتەوەیی مرۆڤی کورد بگرنە بەرچاو، ئەو دەستە لاواز و بووجەلەیە بەرپەرچی ئەوە دەدەنەوە کە بەعس ئەوان بەکاردێنێت بۆ درێژەدان بە هەڵوێستی " بەعارەبکردنی هەرێم".][111]

"بابەی ڕەوانی" پاری و نوێنەرەکەی مافی مرۆڤ چوون بۆ سەردانی کەنیشت، من و بومیعزەیش چوینە ناو بازاڕ و ڕیزە دووکانی سەرجادە. خودی خانەقین[112] ناوچەیەکی نەوتییە. خانەقین و دەوروبەری بەشی تەواوکەرن لەکوردستانی عیراق بەڵام نەخراونەتە سەر "هەرێمی ئۆتۆنۆمی". کەلەناوشاردا هەندێک پرسیارمان لەچەند خوێندکارێک کرد دوو شتمان بۆ ڕوونبووەوە؛ یەکهەم، لەهەرەسی شۆڕشە چەکدارییەکەی کوردستان بەدواوە خۆێندنی کوردی لەو شارەدا نەما وگشتی بوو بە عارەبی و ناوی خوێندگەکانیان گۆڕیوەتە سەر هەندێک ناوی مێژویی عارەبی. دووهەمیان ئەوەیە کەزۆر لەدانیشتووانی کوردی خانەقین وگوندەکانی کرێکار و فەرمانبەر و تەکنیکی بوون لەکۆمپانیای نەوتی ئەوێ، ڕژێم گشتی گواستوونەوە بۆ عیراقی عارەبی و بەسرە، وعارەبی هێنایە شوێنیان. هەمان پرسیارمان لە دوکانداری بازاڕ کرد ئەوانیش هەمان جۆرە وەڵامیان هەبوو. لەناو بازاڕدا نزیکەی سەد کەسمان لێکۆیووەوە، یەکێکیان نزیک بووەوە و خۆی بەئێمە ناساند؛ ئەوە یەکێک بوو لەو مامۆستا عارەبانەوی سێ و چوار مانگ لەوەوبەر گوێزرابووەوە بۆ یەکێک لە خوێندگەکانی ئەوێ، و هاتە زمان و گوتی: دەستەی بارزانی خۆفرۆش بەزۆر خوێندنی کوردی سەپاند بەسەر ئەم شارەدا، و پاش هەرەسی ئەو دەستەیە ماف

111 ـ بڕگەکانی نێوان ئەو دوو [کەوانەیە]م لە فارسی و ئینگلیزییەکە وەرگرت چونکە دیارە عەرەبییەکە فرامۆشی کردوون. ـ « و »

112 ـ F و E ـ ... شارێکی کوردنشینە و دانیشتوانی تەنها بەکوردی دەدوێن ....

گەڕایەوە بۆ خاوەنەکانیان و خوێندن لە خوێندگەکاندا کرایەوە بە عارەبی. تێمانگەیاند کە دانیشتووان کوردن و زمانی عارەبی نازانن دەبێت وەک پێویست خوێندن بکرێت بە زمانی زگماکی خۆیان، و هەروەها گوتمان، ئەو پرسیارەمان لە دوکاندار و کەسانی تر کردووە هەمان وەڵامی خوێندکاریەکانیان داوینەتەوە. مامۆستا لەسەری ڕۆیشت و گوتی: "بەڵگەمان بەدەستەوەیە کە دانیشتووان خۆیان پێشنیاریان بۆ ئەو گۆڕینە کردووە. زۆر نامەی کەسوکاری خوێندکارانمان لەبەردەستدایە تێیدا دەخوازن خوێندن بکەینەوە بە عارەبی".

کە لەکاتی نیوەڕۆدا ویستمان بگەڕێینەوە بۆ کۆشکی شارەوانی " أ "مان لێ نزیک بووەوە و گوتی: "هەرچ پالۆێزێکی بیانی یەک لەسەدی ئەو بابەتەی ئێوە ئەم بەیانییە پرسیوتانە بکات ئەوا دەستبەجێ لەوڵات دەردەکرێت. حکومەتەکەمان گەرەنتی بە ئێوە داوە سەربەست بگەڕێن، نە گەرەنتی ئەوەی هاووڵاتییانمان لێ هانبدەن". ئەوجا گوتی: "گەشتەکەمان بەوجۆرە ناچێتەسەر، من ناچارم تەلەفۆن لەگەڵ سەرکردایەتی هەرێم(ی پارتی بەعس) بکەم و ڕەوتی نوێیسان لێ بپیسم". ئەوتۆیش هەر گەشتەکەمان درێژەی بوو.

هەمان وەک پارێزگای سلێمانی لە پارێزگای کەرکوکیش ـ بە چەمچەماڵەوە کە دەکەوێتە بیست کیلۆمەتری لای ڕۆژئاوای شاری کەرکووک[113] ـ کۆمەڵە خانوی نزم و تازە بە چیمەنتۆ دروستکرومان بینی، گەرەکی بچووک، یان گوندی ستراتیجی چۆڵیان لەمەیپاوادیوی جادە دروستکردووە تا جوتیارانی گوندی ناوچە شاخاوییەکانی تێدا کۆکەنەوە. کە لە دەربەند بازیان وەستاین " أ " بە پێویستی زانی هەندێکمان بۆ باسکات: "حکوومەتی شۆڕش" بەڕێوەبەرایەتی نیشتەجێ ـ کردنی لادێی"ی کردووەتەوە. کاری ئەو دەزگایە کۆکردنەوەی لادێییە لەوجۆرە گوندەدا تا بتوانێت خزمەتگوزاری نوێی وەک پێداویستییەکانی تەندروستی و کۆمەلایەتی و تەکنیکییان بۆ دابینکات". هەروەها گوتی:" چونکە حکومەتی شۆڕشگێڕمان دەیەوێت دەستی یارمەتی بۆ چینی جوتیاری کورد درێژکات، بڕیاری داوە ئەو پڕۆژەیە لەباکوورەوە دەستپێبکات، بەڵام خودی پڕۆژەکە بۆ گشت عیراقە".

بەڵانسی سروشت و مرۆڤەکانی لەهەزاران ساڵ لەمەوبەرەوە ئەو گوندانەی کوردی لەباوەش شاخدا بەدیهێناوە. گشت گوندێکی کوردی چۆگە یان ڕوباری ئاو و کێڵگە و نیزار و گۆڕستانی نزیکە و لەزۆر شوێندا جەنگەڵی داربەڕووی خۆی هەیە. گوندە ستراتیجییەکان بە گەرمای هاوین وەک تەنوور سوور دەبنەوە و سەرمای زستانیش دەیانتەزێنێت. ئەوەی ئەمان دەیکەن جۆرە دەستێوەردانێکی سەختە لاباری ژیانی کۆمەڵ و دەبێتە هۆی تێکدانی بەلانسی ژیان.

[هەمان ئەو ڕۆژە چوینە گوندێک بەناوی هاشمیە، بە لێخوڕینی یەک چارەک لەخانەقینەوە

---

113 ـ F ـ ... ٢٠ کیلۆمەتر ڕۆژهەلات. و E ـ ... ١٥ میل ڕۆژهەلات. « لەڕاستیدا چەمچەماڵ بەجادە لەکەرکووک نزیکەی ٥٠ کیلۆمەترە و دەکەوێتە لای ڕۆژهەلاتی. ـ و »

دووره. گشت دانیشتوانی گوند کورد بوون؛ کوڕی کوێخامان لەماڵی خۆیان بینی. بەتەمەن سی ساڵ دەبوو. لە بەسراوە هاتبووەوە ماوەی پشوو لەگەڵ کەسوکاردا بەرێتەسەر. گوتی:" لەم پێنج ساڵەی دواییدا لە کۆمپانیای نەوتی خانەقین کارم دەکرد و لێرە لەگەڵ دایک وباوکم دەژیام بەڵام چەند مانگ لەمەوبەر گوستمیانەوە بۆ بەسرە". کە ئەو نمرەگەلی بەدەمدا دەهات "جان کلۆد لهوتی" نمایندەی کۆمیتەی جیهانی بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ زۆری لێقۆستنەوە؛ بەتەنها لە خانەقین ٥٠٠٠ کورد دوورخراونەتەوە بۆ عیراقی عارەبی گویا بەبەر جێگیر کردنیان لەسەر کار وگوزەرانی نوێ. بەڵام ئەوانە لەخۆدا دەبنە نموونەی سەرنجکێش بۆ هەڵوێستی بەعس و " ئاستی ڕەوشتی مرۆڤی ئەو هەرێمەی ئۆتۆنۆمی".]

٢٣ی ئۆگستی، ڕێکخراوی مامۆستایانی کەرکووک لە بارەگاکەیاندا پێشوازی لەم تاخمەمان کرد. سەرۆکی یەکێتییەکە ناوی ئەکرەم حەردان بوو، مامۆستایەکی عارەبە و بەلای ڕاستییەوە یاریدەرە کوردەکە و لای چەپیشەوە تورکومانەکە دانیشتبوون، بە درێژایی گفتوگۆ ئەوانە بێدەنگ بوون. حەردان بۆی باسکردین کە پێش ڕێکەوتنەکەی ١١ی مارسی ١٩٧٠ لە فێرگەکانی پارێزگادا تەنها زمانی عارەبی خوێندراوە، بەڵام لەساڵی ١٩٧١وە شالیارگە خوێندنی بە زمانی کوردی و تورکیشی بە گوێرەی ڕێژەی دانیشتووان و ئارەزوویانی خستەپاڵ. لێم پرسی: "کە دەزانین لایەنی زۆری دانیشتووانی ئەمشارە کوردن و پاش ئەوان تورکومان دێت، چۆنە ژمارەی خوێندگە عارەبییەکان پتر پەرەی دەسێنن؟". ئەو وەڵامێکی تەکنیکی دایەوە:" ئەو نەخشەی گۆڕانکارییەی ساڵی ١٩٧١ کێشامان هێشتا تەواو نەبووە".

پاش نیوەڕۆی ڕۆژی ٢٣ی ئۆگستی لە کەرکووک دەرچوین و بەرەو باکوور ڕوومان لە ئەربیل «هەولێر» کرد. زانیمان ئەو ناوچەیەی پێیدا دەڕۆین تا کەناری ئاڵتون کۆپری کە دەکەوێتە سەر زاب «زێ»ی بچووک و پارێزگای کەرکووک لە "هەرێمی ئۆتۆنۆمی" جودا دەکاتەوە، کەوتووەتە ژێر باری بەعارەب کردن. زۆربەی گوندەکانی نزیک بە جادەمان بینی چۆڵ بوون، و جارجارە شۆفڵ و بلدۆزەرمان لێ دەبینی. بیست خولەک لەکەرکووک دوورکەوتبوینەوە کە بەشوفێرەکەمان گوت تا ئەو گوندەمان بگەیێنێت کە چەند سەد مەتر لەجادەوە دووربوو. نزیکەی سەد مەتر دوور لەئاوەدانی ئوتۆمبیلەکەمان وەستا و چەند منداڵ و هەندێک گەنجمان لێ کۆ بووەوە، کورد بوون و بەزمانی نەتەوەیی خۆیان دەدوان. هەندێک لە منداڵەکان عارەبی لە گەورەکان چاکتر دەزانی. لەوەدەچوو لە خوێندگە وەک زمانی دووهەم بیخوێنن. تەمەنیان لەبەچکەی بەر خوێندن تێنەپەڕیوە کە دەکاتە دوانزە تا چواردە ساڵ. یەکێکیان پەرتووکی خوێندگەی بەپیتی کوردی چاپکراوی لەبن باخەڵ بوو. دەشێ ئەوانەی ساتێک لەمەوبەر حەردان گوتنی ڕاستبن و ئەوەی سەبارەت بە "بەعارەب کردن" بەرگوێی ئێمە کەوتووە هەرزەگۆیی بێت؟ هەرە گەورەکەیان کە کوڕێکی شانزە ساڵ بوو گوتی ئەو پشمەرگەبووە. گوتیان گوندی ئەوان دەکەوێتە ٢٥ کیلۆمەتری باکووری کەرکووک و

ناوی "کالور ـ خارما لوجەیە" و ئەو دەشتەی دەکەوێتە نێوان کەرکووک و(هەرێمی ئۆتۆنۆمی) بەگشتی کوردن، بەڵام لەوە دوودڵ بووین کە"کوردەکان نەوێرن بەڕاستی دڵی خۆیانمان بۆ بکەنەوە" چونکە ئەو دوو ئۆتۆمبێلە مەزنەی بەئێمەیە ناوی شالیارگەی ڕاگەیاندنی پێوەیە. بۆمان باسکردن کە ئێمە دەستەیەکی نێونەتەوەیین و بۆ ئەوان هەیە بێ ترس ڕاستی وتەی ئەو خوێندکارانەمان بۆ ڕوونکەنەوە کە دەڵێن:" کاربەدەستان ئاگاداریان کردین کە گوندەکامان دەڕووخێنن و دەبێت کۆچوبارمان ئامادە کەین. ئێمە ۹۰ خێزانین و گشتمان کوردین. دەیانەوێت بمانگوێزنەوە بۆ بەسرا. زەوییەکانمان دەدەن بەو عارەبانە کە لە باشوورەوە دەیانهێنن و لەم شوێنە گوندی نوێیان بۆ دەکەنەوە". لەڕاستییشدا لەوبەری جادەکە بەچەند سەد مەتر بەنگەڵەیەکی کار بەسەر گردێکەوە دیاربوو. خوێندکارەکان گوتیان:" یەک دەرزەن گوندیان لە تەپۆلکەکانی زورگزرا و لە ناوچەی کتکە، گورزەیی و درویز چۆلکردووە". کە ڕوومان لە ئوتۆمبێلەکانمان کردەوە منداڵەکان دوامان کەوتن، و یەکێکیان گوتی:" نامانەوێت لێرەمان دوورخەنەوە، دەمانەوێت هەر لەم گوندکەی خۆماندا بژین". ئاوڕمان لە" ئا " دایەوە ئەو چاوی خۆی لێ شاردینەوە.

ئەوەی لە هەولێری پایتەختی هەرێمی ئۆتۆنۆمیدا سەرنجی ڕاکێشاین یەک تابلۆ ڕووبەری کۆشکی شارەوانی داپۆشیوە «F و E ـ لەپێشدا بە عارەبی و پاشان بە کوردی » لێی نووسرابوو " ڕێی بەعس ڕێگەمانە". باشە وەک لە عیراقی بەعسدا پارتێک هەیە بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێکە لەلایەنەکانی پەسەندکراوی بەرەی نیشتیمانی و ئاغای عەزیز عەقراوی لێپرسراوی گشتی ئەو شالیاری دەوڵەتە، بۆ دەبێت ڕێگەی ئەو بەلای کەمەوە ڕێی کوردستانی ئۆتۆنۆمی نەبێت. هەرچ شوێنێکی کوردستان کەمێک بایەخدار بووبێت ڕێکخراوەکەی بەعسی عارەبی زۆر خەست و زەقتر دەردەکەوێت. بەزۆری ئێمەیان دەبردە نووسینگەی خۆیان و هیچ جارێک هەڵنەکەوت بمانبەنە نووسینگەی یەکێک لە لایەنەکانی تری بەرەی نیشتیمانی پێشکەوتنخواز.( نە لە کوردستان نووسینگەی پارتی کۆمۆنیستمان بینی و نە لە بەشەکانی عیراقی عارەبی. یەکێک لە بەعسییەکان خۆی تێهەڵقورتان و وەڵامی داینەوە و گوتی: کێ کۆمۆنیست؟ ئێمە لەبەر ناوبانگی هەندێک لە سەرکردەکانی و هەروەها لەبەر هەندێک کاری تایبەت لەبەرەدا وەرمانگرتوون، بەڵام ڕێگەیان نادەین نووسینگە بکەنەوە و بیروباوەڕی خۆ بڵاوکەنەوە یان هیچ جۆرە چالاکییەکی تریان هەبێت. پاش مردنی ئەو سەرکردانەی ئەمڕێشیان ناوی ئەو پارتە دەچێتە توێی مێژووەوە.)

لێرەبەدوا تاخمەکەمان بوو بە سێ کەس چونکە دوێنێ ئێوارە "لوتهی" چێیهێشتین و گەڕایەوە بۆ بەغدا. بەرەبەیانی ۲۸ی ئۆگستی لە هەولێرەوە جادەی مووسڵمان گرتەبەر. ۲۰ تا ۳۰ کیلۆمەترمان مابوو بگەینە مووسڵ بەتەنیشت هەندێک گونددا تێپەڕین ناویان گۆڕیبوون. بۆ نموونە ناوی حەمدانییەی عارەبییان لە گوندی قەرەقۆش نابوو.

پارێزگاری مووسڵ «F و E ـ فلەیح حەسەن » خۆی لەگەڵ ئێمە هات و بردینی بۆ شارۆچکەی بەعشیقا کە کەمێک بەلای ڕۆژهەلاتی مووسڵەوەیە، و تێیدا یەک تێکەڵەی ڕەگەزی دەژی. کردینیان بە هۆڵێکدا نزیکەی ۱۵ گەنجی لێ دانیشتبوو، پارێزگار ئەوانی بەئێمە ناساند و گوتی: " ئەمانە یەزیدین و بەشێکن لە ئەمەوی ـ یەکان! ؟" «F و E ـ کە ئێمە باوەڕمان بەو دیەنە نەکرد پارێزگار گوتی لە خۆیان بپرسن؛ گشتیان بەیەک دەنگ بە عارەبی گوتیان: ئێمە یەزیدی و عارەبی ئەمەوین » کە لەگەنجەکانمان پرسی دەشێت ئەوان ئەندامی بەعس بن: لە وەلامدا گوتیان بێگومان. ئەوجا بۆ ئەوەی ئەو دیەنەمان بۆ بسەلمێنن پیرێکی یەزیدییان هێنا. پیری یەزیدی لە کوردی بەولاوە تەنانەت یەک وشەی عارەبی نەزانی، پێمانگوت کە پەرتووکی پیرۆزی یەزیدییان بە کوردی نووسراوەتەوە، پیر هەر بە کوردییەکەی خۆی سووربوو لەسەر ئەوەی کە ئەوان عارەبن.

[ هەندەی نەبرد بە دەشتی ئاکرێدا لێماخوڕی. لێرەدا ڕووبەڕووی دیەنێکی سەیر بووین. گشت کۆمەڵی جوتیاری گوندەکانی ئەو ناوچەیە بە فەرمانی پارێزگار کۆکرابوونەوە و بە درێژایی ۷۰ کم و پانی ۳۰ کم (E ـ ٤٥ و ۲۰ میل) وەستابوون و لەبەر درووود بۆ سەردانی ئێمە بەهەردوو دیوی جادەکەدا ڕیز بوون. دەیەها هەزار لادێیی کوردیان بە درێژایی ئەو دەشتە ڕاگرتبوو. ئەو کۆمەڵە لە بەرەبەیانەوە لەوبەر قرچەی هەتاو چاوەڕوانی ئێمە بوون. کە ئێمە گەیشتین کاتژمێر لەیانزە تێپەڕی و بەلایکەمەوە دوو ساتی تری خایاند تا ئەو کۆمەڵگەیەمان جێهێشت. دیاربوو ئەو دیەنە ناپەسەندە پارێزگاری شاد کردبوو، چونکە ئەو ئەوجۆرە کارەی لێپرسراوان بە مرۆڤی دەکەن بە ناشیرین نازانێ. ئەوجا بەشیر بومیعزە ویستی دڵی ئێمە بداتەوە گوتی: " لە ناوچە عارەب نشینەکانیش ئەوجۆرە هەڵوێستە هەر هەیە".

بەئێمەیان ڕاگەیاند کە گشت ئەو کوردانەی لەکاتی جەنگدا پەنایان بۆ مووسڵ هێنابوو ئێستا لە دەشتی ئاکرێ لەگەڵ خێڵەکانی( وەک هەرکی) کە چەکیان بۆ ڕژێم هەڵگرتبوو نیشتەجێ کراون. هەندەی نەمابوو ئەوە بەڕاست بزانین چونکە هەندێک لادێیی ئەوێ دەیانگوت ئێمە هەرکین. بەلام لەوەستانێکی کەمدا یەک کوڕی لادێیی بەدزییەوە لەو دەشتە پارچەکاغەزێکی خنیە گیرفانم، و پارێزگاری خانەخوێمان هەستی پێکرد. کە چوینەوە ناو ئۆتۆمبێلەکە دەیویست کاغەزەکەی بدەمێ. نامیلکەکە ئەوتۆبوو؛ " ئێمە کە پینجسەد خێزانی دانیشتووی شێخان و عێن سوفنی بووین، لەجەنگاوەرانی شۆڕش بوین و سەرئەنجام لێخۆشبوونەکەمان پەسەند کرد و گەڕاینەوە لای ئەمان، ڕژێم دەستی بەسەر زەوییەکانماندا گرت و ئێمەیان گواستەوە بۆ ئەم دەشتەی ئاکرێ. ئێمە لێرە هیچ مووچە و سەرمایەیەکی ژیانمان نییە. ئەوەی ئێمە دەمانەوێت تەنها دادپەروەرییە". دیسان پارێزگار خواستی نامەکەی بدەمێ. پاش لەوەی بەلێنم لێ وەرگرت کە هیچ زیان بەو سکالا کارە نەگەیێنێ نامەم نیشاندا، بەلام ئەوم لای خۆم گلدایەوە، و تا ئێستا هەر لەلامە.

شێخان و عێن سوفنی ناوچەی عارەبێن و کوردەکان(بەتایبەتی موسوڵمان)ی لێ دەردەکەن و یەزیدی و فەلەی تێدا دەهێڵنەوە بەمەرجێک دەبێت بڵێن ئێمە عارەبین. تەنانەت ئەو هەڵوێستی بەعارەبکردنە دانیشتووانی دەشتی ئاکرێیشی گرتووەتەوە. کێشەی ئەوناوچەیە لەوێوە دەستیپێ کرد کە خرایەسەر نەینەوای فلەیح حەسەن، و لەوانەیە هێشتا زۆر لەوەبارە بەدتری چاوەڕوانیان بێت. کاتێک ئێمە لەو دەشتەبووین پارێزگار بۆی گێڕاینەوە کە دانیشتوانی ئەو ناوچەیە قایل نین خوێندن لە خوێندگە سەرەتاییەکاندا بە زمانی کوردی بێت. گوایە "ژمارەیەک زۆر سکاڵای پێگەیشتووە تێیدا دەخوازن خوێندنیان بۆ بکەنەوە بە عارەبی".

کە گەیشتینە ئاکری سەدکەس چاوەڕوانی ئێمە بوون و بەیەک ڕیز ئاڵا بەدەست لەبەردەم بارەگاکەدا وەستابوون، بەشی زۆریان منداڵی کورد بوون هەر کە دەرگای ئوتۆمبێلمان کردەوە گشتیان بە کوردی و بەعارەبی بانگیان بە ستایشی بەعس دەکێشا. ئەمیش یەکێکی تربوو لەو دیمەنانەی ئێمەی سپاسگوزاری پارێزگار کرد.

بەیانی ڕۆژی ۲۹ی ئۆگستی مووسڵمان بەرەو دهۆک جێهێشت، کە دەکەوێتە بادینان. بۆ پاش نیوەڕۆ گەیشتینە بەر ئەو تاشەبەردەی عیمادیە «ئامێدی» کە دەڕوانێتە سەر دۆڵێکی جوان و دڵگیر. من بێلەوەی هیچم مەبەست بێت گوتم: "ئەم قەڵایەی ئامێدی سەردەمێک مەڵبەندی میرنیشنی کوردی بوو"، دیاربوو ئەو کوردانەی لەوێبوون مێژووی ئەو شارەیان دەزانی ئەویان سەلماند، بەڵام " أ "ی پاسەوانی فریشتەمان بۆچوونی تری هەبوو. ئەو بە جۆرە چیرۆکێکی مێژوویی ئامێدی بەستەوە بە( پیلانی هەڵبەستراو لەلایەن دوژمنە ئیمپریالیستەکانی عیراقەوە).

بەڕاستی من خۆم پێنەگیرا و تووڕەیی خۆمم دەربڕی. چۆن دەبێت ئەو مێژووەی کوردی سەدەکانی ناوەند بە هەڵبەستراوی ئیمپریالیستی سەدەی بیستهەم بزانن؟ لەبەرچی کوردی عیراق ئاشنای ئەو مێژووەیان نەبن کە لەپێش مێژووی عیراقەوە بوویانە و شانازی پێوە نەکەن؟. لە " أ "م پرسی، " ئەرێ دەزانیت کە بەریتانیا ساڵی ۱۹۲۱ عیراقی درووست کرد و هەر ئەو ئەم بەشەی کوردستانی خستووەتە سەر؟ ئەوجا " أ " ناچار پەسەندی کرد کە بەڵێ کورد ئەو مێژووەی هەیە.

بەڵام دەبێ ئەو پەرتووکانەی ڕژێمی بەغدا بۆ خوێندگەی دەنووسێتەوە چی بڵێن؟

لەگەڵ یووميعزە لەبەغدا دووجار تاریق عەزیزی "ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمی عیراقی پارتی بەعس" و "شالیاری ڕاگەیندن"مان بینی. هەروەها نەعیم حەدداد" کە ئەندامی سەرکردایەتی هەرێم" و "شالیاری لاوان" و "ڕازگری گشتی بەرەی نیشتیمانی پێشکەوتنخواز"مان یەکجار بینی. چاویشمان کەوت بە زەید حەیدەر کە سووریایی و ئەندامی سەرکردایەتی نەتەوەیی و لێپرسراوی نووسینگەی دەرەوەی پارتە. ئەمانە زۆر بە ڕێزەوە لە ئێمەیان دەڕوانی. لەوانەمان خواست کە دەست لە گوێزانەوە و بەعارەبکردنی هەرێم هەڵگرن، و ڕێگە بدەن کوردی ڕاگوێزراو

بگەڕێنەوە شوێنی خۆ، و هەروەها ئەو عارەبانەی لە کوردستان چێنراون بگێڕنەوە شوێنی خۆ. ئەوجا خواستمان سنووری هەرێمی ئۆتۆنۆمی فراوانتر بکەن بەرادەیەک ئەو گوند و شارە کوردییانە بگرێتەوە کە ڕێژەی کوردیان تێدا زۆرە، و گرنگیش بە ئەگەری چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووک بدەن.

جەنابی تاریق عەزیز دەیویست بەڵگە بۆ ڕاگوێزانەکەنیان بهێنێتەوە کەگوایە لە بوارێکی تەسکدا بووە و تەنها "ناوچەی نەوتی" و "لەبەر پاراستنی پشتوێنەی ئاسایش" و "پێداویستی بازاڕی کار و ناوخۆ" بووە. لەبەڵگە دۆزینەوەدا بۆ چاندنی عارەب لەکوردستان دەڵێت: "سلێمانی هەمیشە عیراق بووە و ئەویش خاکی منە، خۆ ئەگەر من بمەوێت لەوێ دانیشم کەس بۆی نیبە ڕێم لێبگرێت". سەبارەت بەئۆتۆنۆمی و فراوانکردنی سنووری دەسەڵاتیش گوتی: "گرنگ ئەو مافەیە کەدراوە، کێشی "ئۆتۆنۆمی" کیلۆمەتری چوارگۆشە نییە". تاریق عەزیز و هەڤاڵانی دانیان بەوەدانا کە "کارەکە بێ کەموکووڕی نییە" بەڵام "گشت کەموکوورییەک چارەسەری دەکرێ". ئەوجا ڕێکەوتین لەسەرئەوەی جارێکیتر بەیەک بگەینەوە تا بەنووسراو ڕێگەچارەی ئەوبارە بخەینە بەردەست پارت وڕژێم.

نەعیم حەدداد زۆر بەرووخۆشییەوە پێشوازی لە ئێمەکرد، و ئەوەی بە یەکەمین دیداری برایانە بۆ دەربڕین. کۆسپی چی؟ ئەوانە هەر هیچ نین، خوێندگەکانی خانەقین"، ئەوا خوێندنی کوردییان بۆ دەگەڕێتەوە". ڕاگوێزان، "پێداویستییەکی کاتی بوو ڕایدەگرین و چارەیشی بۆ دەدۆزینەوە" و هەروەها گوتی، تازە شالیاریان لە سەردانی ئێران گەڕاوەتەوە و "مۆژدەی خۆشی لەبارەی پەنابەرە کوردەکانی لە ئێرانن هێناوەتەوە، و بۆی گێڕاینەوە کە "توانیویەتی-٥٠٠٠٠ کەس لەو پەنابەرانە بخاتە سەر بیری گەڕانەوە و لەماوەی دوو مانگدا دێنەوە بۆ عیراق"، بەڵام دوو مانگ بەسەر نەچوو بیستمان کە ئەو گەڕانەوەیە لەڕاستیدا بە زۆرەملێ بووە. لە دوکتۆر زەید حەیدەری "پەیڕەوکاری میشێل عەفلەق"مان پرسی، کە ئایا سەرکردایەتی نەتەوەیی پارتی بەعس باوەڕی بەوە هەیە، گەلی کورد بەشێکە لەو میللەتە دابەش و کۆیلەکراوە، و هەر ڕۆژێک دێت بە مافی چارەنووسی خۆ بگەن. هەروەها بۆمان ڕوونگردەوە کە خودی دانی بەوەدا ناوە چارەسەری کێشەی کورد لە عیراق دوو خاڵی سەرەکین بۆ بتەو کردنی پەیوەستی نێوان بزووتنەوەی نەتەوایەتی عارەب و کورد؟ ئەو گوتی ئەمانەم بۆ بخەنە سەر قاقەز چونکە تەنها کۆنگرەی نەتەوایەتی بەعس دەتوانێت وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە. تا ئێستایش من هەر چاوەڕوانی وەڵامم.

تاریق عەزیز سەرنجی بۆ گرنگی ئەو خاڵە ڕاکێشاین کە عیراق بەدەستوور دەریبڕیوە کە کورد یەکێکە لەو دوو نەتەوەیەی کۆمار پێکدێنن، و بە ئۆتۆنۆمیش مافی بنەڕەتی ئەوان چەسپاوە

"ئەوە لەکاتێکدا هیچ یەکێک لە ئێران و تورکیا کە کوردیان پتر تێدایە ئەو مافەی نەداوەتێ، و تەنانەت لە سوریایش کە فرمێسکی سوسماری بۆ کوردی ئێمە دەڕێژێت ئەو مافەیان نییە".

ئەوەی شایانی باسبێت:

ئا ـ بەڕاستی ئەو مافی نەتەوایەتییەی کۆماری عیراق لە دەستووری خۆیدا بۆ کوردی دیاری کردووە گرنگە، و ڕاستیشە کە هیچ یەکێک لە وڵاتانی دراوسێی هەندەیان بۆ کوردی لای خۆیان نەکردووە.

ب ـ گرنگی لەوەیشدا هەیە کە منداڵانی کورد لە هەرێمی ئۆتۆنۆمیدا بەزمانی دایک بخوێنن، و لە زانکۆی سلێمانی بەشێک بۆ خوێندنی کوردی کراوەتەوە.

پ ـ هەرچەندە ئەوەی بە کوردی عیراق دراوە شتێک نییە لێیان قەدەغەکرابێت، بەڵکوو لەساڵی ١٩٢٥دا فیدراسیۆنی نەتەوەکان ئەو ئۆتۆنۆمی و مافی نەتەوەییەی بۆ دیاریکردوون. هەروەها ڕژێمی عیراق و هێزە سەرپەرشتکاری لە ساڵانی ١٩٢٢ و ١٩٢٥دا ئەوەیان پەیڕەو کردووە. بەڵکوو ئەوەی کورد ماوەی نیو سەدەیە بۆی دەکۆشێت هەندێک مافە لە ڕژێم کە لەوەوبەریش هەر بوویان. لە کۆندا ڕژێمی سەرپەرشکار خوێندگەی سەرەتایی بەزمانی کوردی کردبووەوە بۆ شارەکانی سلێمانی و هەولێر.

ت ـ هەرچەندە مرۆڤ ئەو لایەنە باشە بەرچاو بگرێت کە سەرانی بەعس زەق باسی دەکەن، ئەنجامی پرس هەر ئەو دەبێت؛ ئایا ئەو لەتکردنە بەکوێ دەگات کە نیوەی کورد مافی هەبێت و نیوەکەی تری پشتگوێ خرێت، ئایا ئەو ئۆتۆنۆمییەی بەو نیوەیە دراوە نابێتە هۆی لەناوبردنی مافی نیوەکەی تر؟

ج ـ گشتمان دەزانین کە ئەو ئۆتۆنۆمییەی بە نیوەی کوردی عیراق درا بۆ لەخشتە بردنیەتی، چونکە ئەگەر دەسەڵات بەسیستێمێک نەدرێت و دارایی بۆ دیاری نەکرێت، بەهیچ شێوەیەک خواستی گەل نایەتەدی(٦٦).

ح ـ پرۆژەی ئابوورییان بەجۆرێک نەخشەکێشاوە، عیراق بەدارایی کورد دەوڵەمەند بکەن، بەتایبەتی بەغدا. وزەی ئەلیکتریکی دوو پەنگاوەکەی دەربەند و دووکان کە لەخاکی کورددایە بە زۆری بۆ بەغدایە. پرۆژەکانی هەرێمی ئۆتۆنۆمی بریتین لە تەنها کارگەکانی جگەرەی سلێمانی و هەولێر، کارگەی چیمەنتۆ، کارگەی فەرش چنین، یەک مریشک و ئاژەڵداری، کارگەی جگەرە و بەردی مەڕمەڕ.

هەرنەبێت تا ئەپریلی ١٩٧٦ نزیکەی ٢٠٠،٠٠٠ کوردیان لە ناوچەکانی کوردستانەوە ڕاگوێزاوە، و بەشی زۆری لەباشووردا بەناو خێڵە عارەبەکانی فوراتی خواروو بەرێژەی سێ تا پێنج خێزان بۆ یەک گوند بڵاو کراونەتەوە، بەتایبەتی لە پارێزگاکانی ذیقار (ناسریە)، قادسیە (دیوانیە)، موثەننا (بیابانێکی نزک بە سەماوە)، ڕومادی (لەڕۆژئاوای بەغدا) و چۆڵاییەکانی

دەوروبەریان، هەروەها بۆ پارێزگای میسان (عیمارەی نزیک بەسرا). هەر لەناو کوردستاندا ٣٠.٠٠٠ تا ٤٠.٠٠٠یان لە شوێنی خۆیان هەڵکەندووە و هەندێکیان لە قووڵایی ڕۆژهەڵاتدا دامەزراندووە.

٢٠٠.٠٠٠ کورد(٦٧) بەکۆمەڵ لەسەر ئەم شێوەیەی خوارەوە ڕاگوێزراون:

١ ـ لە هەندێک ناوچەوە کە گشت دانیشتووانی کوردن. یان ئەو ناوچانەی ڕێژەی زۆربەی دانیشتووانی کوردن "و بەر هەرێمی ئۆتۆنۆمی نەخراون"ـ وەک ناوچە نەوتییەکانی کەرکووک، خانەقین و عێنزالە ـ هەروەها ناوچە مەرزییەکانی شەنگار، پارێزگای هەولێر، زومار و ناوچەکانی قۆرەتوو، بەمۆ و مەیدانی سەرووی خانەقین.

٢ ـ ئەو پێشمەرگە و شۆڕشگێڕەکانی پاش ڕاگەیاندنی "یاسای لێخۆشبوون" گەڕانەوە بۆ لای هێزەکانی عێراقی و بە بنەچە دانیشتووی ئەو ناوچانە بوون کە بەر "هەرێمی ئۆتۆنۆمی"نەکەوتوون، یان لە ناوچە بەعارەبکراوەکان بوون.

٣ ـ پەنابەری "ڕەشۆکی، یان سەرباز" کە بەویستی خۆ، یان بەزۆرەملێ گەڕانەوە، و لە بەدبەختی ئەوان ناوچەی دانیشتنیان بەر بەعارەبکردن کەوتبوو.[114]

٤ ـ ئەوکارە لەناو هەرێمی ئۆتۆنۆمیشدا ئەنجامدرا، بەتایبەتی لەهەندێک شاروچکەی مەرزی بادینان کە بۆ چالاکی سپا بە ستراتیج دەژمێردرێن. بۆ نموونە ناوچەکانی زێبار، بارزان، ئەترووش (باکووری سلێمانی[115]) و زاخۆ. لەدەروازەی پارێزگای هەولێریشدا کە بوو بەپایتەختی هەرێمی ئۆتۆنۆمی هەزاران کوردی دەشتی مەخموورییان ڕاگوێزا. مەبەست لە ڕاگوێزانەکانی سەر سنوور چۆڵکردنی ناوچە مەرزییەکان بوو تا هیچ جۆرە پەیوەندییەکی مرۆڤی و کەرەستەیی نەهێڵن لە نێوان ئەوان و کوردستانی تورکیا و ئێران.

بەعس لە ١٨ی نۆڤەمبەری ١٩٧٥دا هەردوو شاری کەلار و چەمچەماڵی لەوەوبەر بەشاری کوردی بڕیاردابوو، لە کەرکووک دابڕی و خستنیە سەر پارێزگای سلێمانی تا بکەونە ناو سنووری "هەرێمی ئۆتۆنۆمی". کەواتە پلانی بەعارەب کردنی کەرکووک هەر لەئارادایە. هەر هەمان ڕۆژ شارۆچکەی کفری( بە ٥٠.٠٠٠ کوردەوە ) کە پێناسە کوردی لەو دوو شاری پێشوو کەمتر نییە، خرایە سەر پارێزگای دیالە و ئەویش وەک خانەقین لەسەر ڕێی "بەعارەبکردن"ـە.

بە فرمانێکی(٦٨) ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە ٨ی فەبریوەری ١٩٧٦دا لەکۆی شەش بەش تەنها دوو بەشی بە پارێزگای کەرکووکەوە هێشتەوە کە ئەویش بریتیبوون لەشاری کەرکووک خۆی و شاری حەویجە[116]، و ناوی بوو بە "پارێزگای تەئمیم". شەشەمین شار "دووزخورماتوو"

---

114 ـ عەرەبییەکە ئەم خاڵەی شێواندووە، بۆیە لەبەر فارسی وئینگلیزییەکەم نووسیەوە. « و»

115 ـ F و E ـ ... ( لەباکووری شێخان ).

116 ـ پارێزگای " تەئمیم "یان بریتی کرد لەشاری کەرکووک خۆی و دوو شارۆچکەی حەویجە (عەرەب >>>>

بوو بە ڕێژەی زۆری کورد و ڕێژە کەمی تورکومان و عارەبییەوە لەویان داپڕی و خرایە سەر حەڤدەهەمین پارێزگای عیراق کە تازە پێکهات لە هەندێک شارۆچکەی دێرینی عارەبی سەر بە پارێزگای بەغدای وەک شارەکانی سامەڕا، بەلەد و تکریت. تکریتیان کرد بە ناوەندی ئەو پارێزگا نوێیە و ناویان لێنا (پارێزگای سەلاحەددین)، ئەوجا بڕوانە فشەی ڕۆژگار کە ناوی ئەوتۆ قارەمانی کورد، قارەمانی موسوڵمانانی سەدەکانی ناوەند بەکاربهێنن بۆ تواندنەوەی ئەو گەلەی ئەوتۆ قارەمانی نایەوە.

بە خستنەسەری چەمچەماڵ (٥٧,٠٠٠ کەس و٢٣٢٩کم²) وکەلار(٣٣,٠٠٠ کەس و٢٧٤٧ کم²) ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی ئۆتۆنۆمی لە ١ی مایسی ١٩٧٦دا لە ١.٣٨٥,٠٠٠کەسەوە سەرکەوت بۆ ١.٤٧٥,٠٠٠ کەس ـ بێجگە لە ڕاگوێزراوان ـ واتە ئەو ژمارەیە دەکاتە ڕێژەی ٥١٪ی دانیشتوانی کوردستانی عیراق و ڕێژەی ٤٧.٦٪ی کوردی عیراق بەگشتی. پانتایی خاکیشی لە ٣٧,٠٦٢ کم²ەوە بەرزبووەوە بۆ ٤٢,١٣٨کم² کە دەکاتە نزیکەی ٥٧٪ی پانتایی کوردستانی عیراق.

ڕژێم شالیارگەی کاروباری باکووری نەهێشت، و ئەکادیمی کوردی و بەڕێوەبەرایەتی خوێندگە کوردییەکانی سڕکرد، و گشت دیاردەیەکی مێژووی و جوغرافی کوردی لە پەرتووکی خوێندنگەکاندا کوژانەوە. پێشتر خوێندنی کوردی لە خانەقین هەڵگیرا، ئێستایش وا لە کەرکووک و ئاکرێ و ناوچەکانی بادینان لە لابردندایە. چیتر وەک زمانی دووهەم لەعیراقدا لە زمانی کوردی ناڕوانن، و کولیجی کولتووری کوردی زانکۆی بەغدایان داخست، و خوێندنی کوردییان لەزانکۆکانی عیراقدا نەهێشت. « F و E ـ بێجگە » لە سلێمانی : هەشتایان لە مامۆستایانی نەوێ گواستەوە بۆ سەرکاری تر لە عیراقی عارەبی و دەستەی بەڕێوەبەرایەتی زانکۆکان بەگشتی بوون بە عارەبی بەعسی.

سەرەڕای کۆششی زۆر لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی، هەر کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان خۆی لەپرسی نەتەوایەتی کوردستانی عیراق دزیوەتەوە گوایە لەبەر ئەوەی کێشەکەی ناوخۆییە. ئەو هەڵوێستەیان ڕێی لە بەغدا نەگرت کە ڕاپۆرتی لەژێر ناویشانی (گێڕانەوەی ئاشتی و چەسپاندنی یەکێتی میللی پاش چارەسەر کردنی کێشەی کورد لەباکووری وڵات) بەرزکردەوە بۆ "ئەنجومەنی نەهێشتنی بیری ڕەگەزپەرستی" سەر بە کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان کە ڕۆژی ٢ی ئەپریلی ١٩٧٦ لەجونێف بەسترا. داروودەستەی بەعس لەو ڕاپۆرتەدا هەرەسی کوردی لەساڵی ١٩٧٥یان بە "چارەسەی کێشە"کە ژماردووە.[117] ئەوەی سەرما لێی سووڕدەمێنێت ستایشی

---

<<< نشین) و ئاڵتوون کۆپری ( ڕێژەی زۆری کورد و کەمەکی تورکومان )بوون ، و لەو چەند ساڵەی دواییدا هەندێک عەرەبیان گوێزایەوە بۆ گوندەکانی دەورووبەری. » و «

117 ـ E ـ هەمانە. و F ـ ... ساڵی ١٩٧٤.

کومەڵەی نەتەوە یەککگرتووەکانە کە دەڵێت: "کشت ئەندامانی ئەنجومەن ئەو ڕاوورتە بە پڕوپوختە دەزانن و گونجاوە لەگەڵ ڕەوشی برگەی ٩ی کۆمیسیۆن. کۆلێک بەشانوباڵی یاسای ئۆتۆنۆمی هەرێمی کوردستاندا هاتوون "گوایە" لەبەر ئەوەی لەلایەکەوە ئەو بڕیارە ئاستی دەستوورە کاتیەکەی عیراق دەگۆڕێت، و لەلایەکی ترەوە دیارە ناسوودەیی دەخاتە نێوان دوو ڕەگەزی سەرکی ئەو وڵاتە کە عارەب و کوردن. واتە لێرە بەدواوە نەتەوەی دووهەم بوو بەخاوەن مافی نەتەوایەتی و دەزگای پۆلیتیکی خۆی و لەمافدا بوو بە هاوتای نەتەوە زۆرەکەی کە عارەبە(٦٩).

بەڕاستی ئەوە مرۆڤ قوشقی بکات هەڵوێستی ئەو کۆمیتەیەیە کە پێیدەڵێن پارێزەری مافی مرۆڤ. ستایشی هەڵویستی ئەو عیراقە دەکات کە تائێستا مافی مرۆڤی تێدا پێشێل دەکرێت.

جەنگی پێشمەرگە سەرهەڵدەداتەوە

لە سەرەتای مانگی مایسی ١٩٧٦وە ڕێکخراوی چەکداری کورد کەوتنەوە لێدانی یەکانەکانی سپای عیراق. سەرەتای جەنگ لە بادینان، بەتایبەتی لە ئامێدی، دهۆک و زاخۆ سەریهەڵدا. هەمان کات پەیامی جەنگ لە شاخەکانی باڵەک، زینوێ، ڕانیە، سیدەکانی سەرووی ڕەوان[118] و سووررداشی سەرووی سلێمانییەوە بلاوبووەوە. بۆمبهاوێژەکانی عیراق چەندین جار چوونە سەر بادینان و سورداش و ناوچەی ڕەواندز، و بۆردومانی بنکەکانی پێشمەرگەیان دەکرد لە دایانە و کێوەکانی بەمۆ ـ مەیدان ـ قۆرەتوو کە دەکەونە ناوچەکانی نێوان خانەقین و سلێمانی. واتە ئەو ناوچەیەی ڕژێم دانیشتووانی لێ ڕاگوێزا بوو.

هەرچەندە جەنگ کەوتە ئەو مەڵبەندەوە کە میری چەند بەشێکی لەشکرەکەی تێدا تووند کردبوو، لە ناوەندی مانگی جونی ١٩٧٦وە پێشمەرگە هێرشی دەکردە سەریان و هەر ئەوسا کۆمپانیایەکی نەوتی زەمبووریان گرتیبەردا و جبەخانەی چەکی کەرکووکیان تەقاندەوە.

ئەمجارە پارتیزانەکانی کوردستان بێ پرسوڕا لەو لایەنانەی کە هەبوون، هەر لەخۆوە دەستیان دایەوە چەک. ئەمجارە دوو لایەن ویستیان هەلی ئەو بەتاڵایی ڕامیارییە بقۆزنەوە کە لەئەنجامی کشانەوەی هێز بۆ ئێران درووست بوو. هەردوو لایەن "مارکسی ـ لینینی"بێن.

یەکەمیان " یەکێتی نیشتیمانی کوردستان"ە، جەلال تالەبانی و هاوڵانی لە دیمەشقەوە بەڕێوەی دەبەن. دووهەم "سەرکردایەتی کاتی" پارتی دیموکراتی کوردستان کە ئەندامانی لەنێو سەرکردە ناوارەکانی پێشوو هەڵبژاردووە و هەندێک لەوانەی ئێرانیان جێهێشت و لە ئەورووپای ڕۆژئاوا دەژیان.

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان سەخت نەیارە بە بارزانی و دەستەی سەرکردایەتی پێشوو، و تاوانباریان دەکات بەوەی خێڵەکیانە شۆڕشیان دەبرد بەڕێوە و پیاوی ئیمپریالیست بوون.

118 ـ دەشێ ئەوە " ڕەواندز "بێت. « و »

بەهەمان شێوە هێرشی دەبردە سەر "سەرکردایەتی کاتی" پارتی دیموکراتی کوردستان و تاوانباری دەکردن بەوەی "ئێستایش پەیوەستی شان". هەرچی سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکراتی کوردستانیشە هەڵوێستی ئەمڕۆی ڕادیکالانەیە. بەلام مەرج کردەوەیە.

ئەوەی تەگەرەبێت لەڕێی چالاکی چەکدارانی پارتیزان(٧٠)، نە دوویەرەکی بوو، و نە دوودلّی چینە ڕامیارەکەی کورد. جۆشی ئەو تاخمە و دەنگدانەوی بزووتنەوە لە هەندەران، پالّینا بە سەددامەوە تا لەکۆتایی مانگی جونی ١٩٧٦دا سەر لە کوردستان بدات و بلاوکراوەیەکیان پێ ڕابگەێنێت(٧١). لەوێدا هاتە سەر باسی "هەڵوێستی ڕاگوێزانی ناوچە ستراتیجی و سنوورییەکان" و بەڵێنی دانێ کە کۆتایی بەو بارە بهێنێ چونکە ئەو مەبەستی خۆی پێکاوە: "ئێستا یەکێتی نیشتمان بتەو بووە و هەرێمیش ئاسوودەیە". بڕیار دەرچوون بەوەی گشت جۆرە هەڵوێستی لەو بابەتە نەمێنێت. ئەوە گرنگی زۆر بەخشی و سەرئەنجام ئاواتی ژیانێکی خۆشتر بەخشێت بە دانیشتووان.

ڕەوشتی بەعسی عیراق

ماوەی نێوان نووسینی دێڕەکانی سەرەوە کە کۆتایی مانگی ئۆگستی بوو لەگەڵ نووسینی ئەم دێڕانە کە کۆتایی مانگی جەنیوەرییە دەکاتە پێنج مانگ. لەو ماوەیەدا و «بەتەواوی» لە ئۆکتۆبەری ١٩٧٦دا دەستە تکریتییە حوکومڕانەکەی بەغدا ویستیان لە مالّی خۆمدا لە لۆزان بمکوژن[119]. کاتێک دەستە حوکومڕانی بەغدا سالّی ١٩٧٥ بانگیان کردم بۆ عیراق ئومێدیان ئەوەبوو بەلای خۆیاندا ڕامکێشن، بەلام کە نەخشەکەیان بۆ نەچووەسەر بایاندایەوە بۆ باری تاوانکاری و ویستیان بە بێدەنگ کردنی من ترس بخەنە دلّی کەسانی ترەوە.

ڕۆژی ٢ی ئۆکتۆبەری ١٩٧٦ تەلەفۆنێکم بۆ کرا بۆ مالەوە. زۆرم لا سەیر بوو، زانیم ئەوی لەگەلّم دەدوێت "نەبیل التکریتی"یە کە تاکو جەنیوەری ١٩٧٥ سەرەک کۆنسوولی عیراق بوو لە جونێڤ و پاشان گوێزرایەوە بۆ بەغدا بە پلەی بالّیۆز لەڕیزی ڕاوێژکارانی بەعس بۆ کاروباری دەرەوە. نەبیل گوتی بەفرمانێک هاتووە بۆ سازمانی میللەتە یەکگرتووەکان لە جونێڤ و چەند ڕۆژی لێ دەمێنێتەوە و وەک دۆستێک دەیەوێت من ببینێت. نەبیل تکریتیش کە ئامۆزای سەددامە، وەک ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر و سەددامی یاریدەدەری بە بنەمالە تکریتێن، و پێش سەردانەکەی سالّی ١٩٧٥ی عیراقمان لە بالّوێزخانەی پاریس لەگەڵ ئەو ڕێکەوتم. ئەوکاتەی لەبەر باری پۆلیتیکی تەگەرە کەوتە بەر سەردانەکی عیراقم، ئەو دلّنیای کردم کە "وەک پارێزەر، لەلای ڕژێم پشتگیری ئێمە دەکات تا برایەتی کورد و عارەب بتەوتربێت".

قایلبووم بەوەی لەمالّی خۆم پێشوازی لە خۆی و ئەو دوو پیاوە بکەم کەگوایە نوێنەری

---

119 ـ E و F ـ ... لەڕۆژی ٧ی ئۆکتۆبەری ١٩٧٦دا سەرانی بەغدا ....

دیپلۆماسی ئابووری عیراقن، وکاتژمێر سێی ڕۆژی ٣٠ی مانگی ئۆکتۆبەر نەبیل تکریتی و هاوڕێکانی گەیشتن. خۆم و هاوسەرەکەم و ئەو دوو پەنابەرە کوردەی لە لۆزان دەژیان "دوکتۆر کوردۆ نورجان و دوکتۆر ف ڕەزا" بانگم کردبوون وەک دوو کورد ئاگایان لە وتووێژمان بێت. نەبیل پێش چوونە دەرەوە وای نیشاندا کە هەندێک خورمای تازەی لە بەغداوە بۆ هێنابووم بەڵام لە جونێڤ لێی بەجێماوە و گوتی " لەبەر ئەوەی سبەی بە سواری فڕۆکە دەگەڕێمەوە بۆ بەغدا، پاکەتەکەت بۆ دەنێرم".

لە ٧ی ئۆکتۆبەردا یەکێک لە دوو دیپلۆماتەکەی نەبیل لە زەنگی دەرگای دا، پیاوم کردە ژوورەوە و لەبری نەبیل تکریتی هەندێک گفتی خۆشی دەربڕی، لەوم پرسی ئەگەر قاوە یان خواردنەوەیەکی تر ئارەزوو دەکات، ئەو پیاوکوژەی کەلەبەری خاونووەکەمی چاک دەزانی گوتی "قاوە". چوومە ژووری چێشخانە قاوەی بۆ جوشکەم، لەگەڵ بادانی دوگمەی هێتەردا شڵپەی گوللە گوێچکەی کاس کردم. کاکی دیپلۆماسی زۆرنزیک بە دەمانچە دوو "گوللەی ٧.٦٥ملم"ی نا بەسەرمەوە، یەکێکیان پەناگوێی چەپی گرتم، و ئەویدی لای خوارووی شەویلەی هەڵتەکاندم. پزیک لەسەر ڕاپۆرتەکەی نووسیوە کە (تەنها وزەی شانس ئەم گیرۆدەیەی لەمەرگی ئەو تاوانکارییە قورسە ڕزگار کردووە).

# پایان[120]

**کۆلۆنیال کردنی گەلانی زەبوون**

زۆر لەو دەوڵەتانەی جیهانی سێهەم کە سنوورە دەسکردەکانی ئیمپریالییان بۆ جێماوە زۆر لە کۆلۆنیالیستە کلاسیکییەکانی پێشوو قورستر "گەلانی کەمایەتی" ژێردەستیان دەچەوسێننەوە و بەئەنجامی بەربەرەکانێی زۆر ناهەموارتریان دەگەیێن. وەک ئابوورییان داگیر دەکەن، کەم دەرامەتی کارێکی ئەوتۆیان پێدەکات چەشنی "دەسەڵاتداری پاشکەوتە" کەمتر بیر لەهەڵوێستی دیموکراسیانە بکەنەوە، دوورین لە بیری شوڤێنیستی و قەلاچۆکردن. کورد لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گیرۆدەی ئەو دەردەیە.

هەمیشە ئەوەی خواستی بزووتنەوەی کوردی بوویێت تەنها مافی چارەنووسی نەتەوەییە، بەڵام هەرگیز بەتەواوەتی جەنگی لەو پێناوەدا نەکردووە. پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق هەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە چوارچێوەی عیراقدا خەباتی کردووە و ئەو سەربەستییەی ئەو دەیەویست تەنانەت جۆرێکیش نییە لە ئۆتۆنۆمی ناوچەیی.

کاتی ئەوە هاتووە کێشەی کورد لەقاڵبی ئازادی نەتەوەیی و مافی چارەنووس و سەربەخۆیی

---

120 ـ لە فارسی و ئینگلیزییەکەدا ئەم ناونیشانە نییە. « وەرگێڕ »

نەتەوەییدا بخرێتە بەرچاو. ڕۆژی ئەوەیشە دەزگایەکی پۆلیتیکی جەنگیان هەبێت.

بەکارهێنانی مافی چارەنووسی نەتەوەی کورد، مافێکی ڕەوا و بەجێیە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆ و یەکگرتوو. ئەوە مافێکە بێ چەندوچوون بازی بەسەردا نادرێت، و نابێت هیچ کەسێک یان ڕێکخراوێکی کوردی، یا هیچ نەوەیەکی کورد دەسبەرداری ئەوەبێت. هیچ هێزی چەوسێنەر و ڕژێمێک ناتوانێت ئەو مافە لەمێشکی کوردان بسڕێتەوە. ئەو مافە تەنها هینی ئەو گەلە لەت و پەرتکراوەی ئەمڕۆ نییە، بەڵکوو مافێکە نووساوە بەتەوێڵی گشت یەکێک لەو پارچانەوە کە دابەشن بەسەر دەوڵەتانی هەرێمدا. گشت یەکێک لە بەشەکانی کوردستان ئەو مافەیای هەیە لەدوارۆژی خۆیان بدوێن، ئایا بە هاوژیان لەگەل میللەتی ئەو دەوڵەتانەی ئەمڕۆ لەچوارچێوەی سنووریدا دەژین، یان ئارەزووی جودابوونەوەیان هەبێت[٧٢] و بیانەوێت بەتەنها بژین. یانیش لەگەڵ گەلی یەکێکی تر لەبەشەکانی کوردستاندا یەک بگرن.

خۆ ئەوەنییە مافی چارەنووسی کورد تەنها جودابوونەوە بگەیێنێت. زۆر شێوە هەن ئەو پرسە چارەسەر بکەن. لەوانە سەربەخۆیی میللی، فیدرالی لەنێوان دوو (یان چەند)میللەت، و هەروەها ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی سنوورێکی میللیدا.

ئەو شێوە ئۆتۆنۆمی ناوچەییە سادەیەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە قۆناغی شۆڕشدا دەیویست کێشەی کوردی عیراق نابڕێنێتەوە. ئەو جۆرە ئۆتۆنۆمییە یەگێتی گەلی عیراق وەک خۆی دەهێڵێتەوە. ئەو هیچ ڕێگەیەک بۆ کوردی عیراق دابین ناکات کەگەلی عەرەبی عیراق وەک هاوتا ئەو بخنێتە نێو دەزگاکانی دەوڵەت و بەشداری باری پۆلیتیکی ناوخۆ و دەرەوەی بکات. لەباربردنی ئەو جۆرە ئۆتۆنۆمییە لەلای دەسەلاتدارانی چەق زۆر ئاسانترە لەوەی دیکتاتۆر دەست تێکەڵ بە هەڵوەشاندنەوە، یان پێشێل کردنی بکات.

ئەگەر گەلانی هاوسێی ئەو هەرێمە نەیانەوێت سنووری دەوڵەتیان بەهۆی دامەزرانی کوردستانێکی سەربەخۆوە تێکبدەن، ئەوا دەبێت بیسەلمێنن کەئەوان دەتوانن لەگەڵ گەلی کورد هاوسان بژین، نەک بەرووبوومی هەڵلووشن، یان لێیان دوورەپەرێز بوەستن. ئەوانە دەتوانن بە تێگەیشتن لە پێناسەی نەتەوەیی ئەو گەلە و دابین کردنی مافیان، و هەروەها بوونە پشتیوانیان دژ بە هەڵوێستی "کۆلۆنیال کاری گەلانی زەبوون" کە پیشەی پیاوانی ڕژێمیانە بەرانبەر بە مرۆڤی کورد، ئەو مرۆڤانە بکەن بە پشت و پەنا بۆ خۆ. دوارۆژ و چارەنووسی گەلی کورد بەزۆری بەستراوە بە هەڵوێستی ئەوانەوە.

هەچکات گەلی سەردەستە ئارەزووی یەکگرتنی ئازادی کرد لەگەڵ گەلی کورد دەبێت ئەوە لەبەرچاوگرێت کە ئەو جۆرە یەکێتییە تەنها بە یەکسانی نێوان دوو نەتەوە دێتەدی. پێویستە ئەوەیش بزانێت کە کوردان لەپلەی یەکەمدا سەرپشکن بۆ بڕیاردانی " یەکگرتن لەنێو خۆیاندا" و هەروەها بۆ لابردنی ئەو سنوورە نێونەتەوەییەی وڵاتەکەیانی پەرت کردووە.

# تێڕوانین

١ ـ پەرتووکی، کوردستانی عیراق مەڵبەندی نەتەوەییە، ئەلباکانییەر، نۆشاتێل ١٩٧٠ لاپەڕە ١٤٩، بڕوانە پەیداکارییەکەی زانستی ڕامیاریمان بۆ زانکۆی لۆزان، کێشەی نەتەوەیی لەکوردستانی عیراق: لێکۆڵینەوە سەبارەت بەشۆڕشەکەی سالی ١٩٦١.
« F ـ کوردستانی عیراق، مەڵبەندی نەتەوەییە، لاباکۆنێ، (نوشاتێل، ١٩٧٠) ل ٤١٩. E
ـ ١ ـ ,Le Kurdistan Irakien EntiteNationale La Baconniere نیشاتێل، ١٩٧٠، لاپەڕە ٤١٩. »

٢ ـ سەرژماردنی ئامار لەسالی ١٩٦٥دا ٣٥,٠٠٠ کم٢ ی لەو ناوچەیە نەگرتەوە کە لەژێر دەسەلاتی لەشکری شۆڕشگێڕدابوو.

٣ ـ سالنامەی ئامار بۆسالی ١٩٧٤، لاپەڕە ٣٤. ئەگەر ئەو «لەهەردوو سەرەوە» گوێزەگوێزەی ڕژێمی بەعس بەدانیشتوانی دەکات و ئەنجامەکەیشی سەر و سیمای کورد دەگرێتەوە، بخەینە لاوە، یان بەواتایەکی تر، بۆ سەنگ و سەوا بڕوانینە ئەو تێکەڵبوونەی تاخمە ڕەگەزییە جۆراوجۆرەکانی ولات کەسالی ١٩٦١ بەخۆیەوە دی، دەبێت لەکۆی ٢,٩٠٠,٠٠٠کەسی دانیشتووی کوردستان بۆ سالی ١٩٧٥ بەناسایی ٢٥٠,٠٠٠ کەس بکات، کە ٨,٦٪ی ناکورد دەگرێتەوە و ١٣٠,٠٠٠کەس لەوان، کەدەکاتە ٤٥ ٪ ئەو ژمارەیە تورک زمانن وپێیان دەگوترێت تورکومانی عیراق و بەشێوەی سەرەکی لەشارەکانی پارێزگای کەرکووکدا بەتێکەڵی لەگەڵ کورد دەژین، نزیکەی ١٠٠,٠٠٠کەسی عەرەبی (گەڕۆک) دەوارنشین و نیشتەجێ کراون لەسەر لێواری ئەو هێڵە کوردی ـ عەرەبییە بەتێکەڵی دەژین. بەتایبەتی لەحەویجەی کە دەکەوێتە بەشی ڕۆژئاوای کەرکووک. هەرچیش ئاسووری وکلدانەکانی کوردستانن گشتیان بەکوردی دەدوێن* و بەڕادەی هاوولاتییە موسولمانەکان بەشدارن لە بزووتنەوە نەتەوەییەکەی ئەو ولاتە، بۆیە پێویستە بەکوردی فەلە(مەسیحی) ناوببرێن. وەک کلدانەکانی لەعیراقی عەرەبیدا بەعەرەب دەژمێردرێن. ژمارەی ئەو ئاسووری و کلدانانەی کوردستان دەکاتە ٦٠,٠٠٠ کەس، کە ١٢,٠٠٠یان لە پارێزگای هەولێر دەژین و بەشە زۆرەکەی تری لەبادینان.
« * ـ بەڵێ بەکوردی دەدوێن، بەلام زمانی خۆیان هەیە ـ و »

٤ ـ دەرباری بەریتانی لەسالی ١٩١٩دا ژمارەی دانیشتووانی ویلایەتەکانی عیراقی وەک بەسرە، بەغدا و مووسڵ کە لەوکاتەوە عیراقیان لێ پێکهاتووە هەڵسەنگاندووە بە٢,٧٥٠,٠٠٠. لەوە ٧٨٨,٠٠٠ی لە مووسڵ بوو کەدەکاتە ٢٨,٦٥ ٪ی کۆی گشت دانیشتووان. دەتوانین ب ئالوگۆڕی ژمارەی عارەبی و تورکومانەکانی مووسڵ لەبری ئەو

کوردانەی لەویلایەتی بەغدا دەژین ژمارەی کورد وەدەست بهێنین ـ بڕوانە ئارنۆڵد ویلسون، لەپەرتووکی ویلایەتەکانی مۆسۆپۆتامیا، ئۆکسفۆرد، لەندەن، بەرگی دوو، لاپەڕە ١٣.

٥ ـ ساڵنامەی ئاماری ئەورووپی، بەرگی دوو، لاپەڕە ٧١٤.

٦ ـ شالیاری ناوخۆیی عیراق ژمارەی کورد بە ١٥ ٪ ناودەبات (بڕوانە، عیراق، ڕێنمای گەشتگوزاری، نووسینگەی گەشتگوزاری، بەغدا ١٩٧٥، لاپەڕە ٩٥)، لە(پەرتووکی عیراقی نوێ، پاریس ١٩٦٣)دا بیرنارد ڤیرنێ ٧٠٪ی عارەب و٢٨٪ی کورد و ٢٪ی ڕەگەزی تری بۆ دانیشتووان لێکداوەتەوە.

٧ ـ بە بەراوردکردنی ساڵنامەی ئاماری ساڵی ١٩٧٤ ئەو نمرە نوێیانەی ئاماری عیراق بەرانبەر بەژمارەکانی فەرهەنگی (لاروس ١٩٦٧) کورت دەهێنن، لەمەیاندا ژمارەکان ٤٤٤.٤٤٢کم٢ بۆ عیراق و هەروەها بەڕیز بۆ پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێر و کەرکووک ١٢.٠٠٠ و ١٥.٧٠٠* و ٢٠.٠٠٠ کم٢ نیشان دەدات. «* ـ ئەم نمرەیەیان لەفارسیەکەدا دەرنەکەوتووە ـ و »

٨ ـ پارێزگاری سلێمانی ئەم نمرەیەی لەمانگی ئۆگستی ١٩٧٥دا پێدایین.

٩ ـ ئەو ژمارەیە لە پارێزگاری هەولێرەوە گەیشتە دەست نووسەر. « لە عەرەبییەکەدا بەرچاو نەکەوتووە. بەگوێرەی فارسی و ئینگلیزییەکە نووسیمانەوە ـ و »

١٠ ـ بۆ دەقی ئەم نامەیە بڕوانە پەرتووکی، دابەشکردنی ڕۆژهەڵاتی نزیک، چاپی پاریس ١٩٣٨، لاپەڕە ٧٧، لەنووسینی ج. بیشون.

١١ ـ هەمان سەرچاوە. «F و E ـ لاپەڕە ٨٠ . ـ و »

١٢ ـ هەمان سەرچاوە و(نامەکەی نمایندەی لەندەن بۆ شەریف حوسێن).
«F و E ـ ـ لاپەڕە ٨٠ و بەرەوژوور. ـ و »

١٣ ـ ئارنۆڵد ویلسون لە، میسۆپۆتامیا لەنێوان ١٩١٧ ـ ١٩٢٠، لەندەن، لاپەڕەکانی ١٠٣، ١٢٧، ١٩٢، «١٢٩»، ١٣٤ و بەتایبەتی ١٣٧.

١٤ ـ بڕوانە وتاری "لۆرد کۆرزۆن" سەرۆکی نماییندەکانی بەریتانی بۆ کۆنگرەی لوزان، کۆڕی ٢٣ی جەنیوەری ١٩٢٣، کورتەی ژمارە ٢١.

١٥ ـ ئارنۆڵد ویلسون، لاپەڕە ١١٧.

١٦ ـ هـ. د. هال، وڵاتانی ڕاسپێردراو، پارچەکانی ژێر چاودێری لەندەن ١٩٤٨، لاپەڕە ٣٧. «
Cf. H.D.Hall,Mandates, Dependencies and Trusteeships ( London, 1948 ... ), p.37 » ـ و

١٧ ـ ڕاپۆرت سەبارەت بەدەرباری عیراق. ئۆکتۆبەری ١٩٢٠ تا مارسی ١٩٢٢.

١٨ ـ ڕاپۆرتی "تایبەت بە پێشکەوتنی عیراق"یان نارد بۆ کۆمەڵەی وڵاتان.

١٩ ـ کێشەی سنوور لەنێوان تورکیا وعیراق. راپۆرتی بەرزکراوە لەلایەن لیژنەی پێکهاتوو بە بڕیاری ڕۆژی ٣٠ سیپتەمبەری ١٩٢٤. بۆ کۆمەڵەی میللەتان، ئەنجومەنی وڵاتانی ئەندام. بەڵگەنامەی ساڵی ٩٢٥ « C 400M.147 ـ و »

٢٠ ـ کۆمەڵەی نەتەوەکان، ڕۆژنامەی دەربار، ژمارەی جولی ١٩٢٣ « F و E ـ ١٩٣٢ » لاپەڕە ١٢١٢ ـ ١٢١٦.

٢١ ـ بڕوانە نامیلکەی جوانەمەرگ جان پییر ڤیینو، لەژێر ناونیشانی کۆڵینەوەی زانستی لەباری کۆمەڵایەتی و مێژووی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد (ساڵی ١٩٢٠ تا ئەمڕۆ)، پاریس، سۆربۆن ١٩٦٩ (بڵاونەکراوەتەوە). هەروەها بڕوانە جان ئو ـ کوردان، شۆڕشی بێدەنگ. بوردو ١٩٦٨.

٢٢ ـ لەو وتارەدا کە بەناوی یەکێتی خوێندکارانی کوردستانەوە خوێندمانەوە، ئەوەمان دووپات کردەوە؛ وەک عیراقی عەرەبی پارچەیەکە لە نیشتیمانی عارەبی، ئەوتۆیش کوردستان «ی عیراق » وەک بەشە لە عیراق، پارچەیەکیشە لە نیشتیمانی کورد. ئەوە ڕەخنەیەک بوو لە بڕگەی دووی سیستێمەکەی قاسم گیرا کە دەیگوت: " وڵاتی عیراق بەشێکی تەواوکەرە لە نیشتیمانی عەرەب".

٢٣ ـ ڕۆژنامەی لۆمۆند ژمارە ١٤ی جولی ١٩٦٣. ٣ی جولی ١٩٦٣ نوێنەری کۆماری مەنگۆلیای میللی لە کۆبوونەوەی خولی ١٨ی ئەنجومەنی گشتی میللەتانی یەکگرتوو ویستی " هەڵوێستی قەلاچۆکردنی کورد لە لایەن عیراقەوە لە کارنامەکەیاندا تۆمارکرێت". و لە ٩ی جولی ١٩٦٣دا شالیاری دەرەوەی سۆڤێت " گرۆمیکۆ" لە مۆسکۆ سەرنجنامەی دایە دەست باڵوێزەکانی عیراق، تورکیا، ئێران و سوریا کە نەکەن ئەو سێ ڕژێمەی بۆ هاوکاری عیراق خۆ تێکەڵ بە جەنگی کوردستان بکەن.

٢٤ ـ گشت زانیاری و باسی سەبارەت بەو بڵاوکراوەیە و دەقی ڕێکەوتننامەکەی ١١ی مارسمان لە وەرگێڕانە فرەنسییەکەی ئەو نامیلکەیە وەرگرتووە کە سەرکردایەتی پارتی بەعسی عیراق بڵاوی کردەوە لەژێر ناونیشانی " چارەسەر کردنی کێشەی کورد لە عیراق".

٢٥ ـ بڕوانە "پەیماننامەی کاری نیشتیمانی بەرەی نەتەوەیی پێشکەوتنخواز"ی پێشنیارکراو لەلایەن "ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش"ەوە، ڕۆژنامەی الجمهوریەی ئۆرگانی ڕژێم، ژمارەی ڕۆژی ٦ تشرین ١٩٧١. « F و E ـ ١٦ی نۆڤەمبەری ١٩٧١ »

٢٦ ـ ڕۆژنامەی لوریان لێوجوری فرەنسی، چاپی بەیروت، ژمارە ١٨ی نۆڤەمبەری ١٩٧١.

٢٧ ـ کۆنفرانسی جیهانی پارتە کۆمۆنیستەکان، براگ، جەنیوەری ١٩٧٤.

٢٨ ـ ئەو ستەم دیدەییەی لەو دوو بەڵگەنامەیەدا دەرکەوتوون و گریانییەکانی ڕژێمیش لە "راپۆرتی بەنرخی ژمارە ٣"دا لەژێر ناونیشانی "کورد" دووبارە بڵاوکرایەوە، ڕوونکردنەوەیە

سەبارەت بە(ڕاستی باری ژیانی کەمایەتییەکان) لەندەن ١٩٧٥. هەروەها بڕوانە ( قەلاچۆکردنی جوو) بەزمانی ئەڵمانی، هامبورگ ١٩٧٤. « F و E - بڕوانە ڕاپۆرتی زۆر بەنرخ کەناوی "ڕاپۆرتی کۆمیتەی بەرپرسی کەمایەتییە نەتەوەییەکان"ی سەبارەت بەکورد، ژمارە ٢٣ (لەندەن ١٩٧٥). هەروەها بڕوانە "پوگروم"(( واتە قەلاچۆکاری)) ژمارە ١٥(بە ئەڵمانی)، هامبورگ ١٩٧٤»

٢٩ - هیچ یەکێک بەڕادەی ئەو پرۆژەیە کە خودی ڕژێم بۆ " ئاوەدانکردنەوەی باکووری عیراق"ی پاش جەنگی چوارهەم پێشنیاری ئاراستەی ڕێکخراوی میللەتە یەکگرتووەکان کرد، ڕوونتر پەردەی لەسەر ئامانجە چەپەڵەکانی ڕژێم هەڵنەماڵیوە. ٢٠ی مایسی١٩٧٠بەغدا ئەوتۆ پرۆژەیەکی لەبەشی هونەری ڕێکخراوی میللەتە یەکگرتووەکان خواست و ئەوان لیژنەیەکی تایبەتی سەر بە ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتییان نارده کوردستانی عیراق. ئەو لیژنەیەی یۆنیسکۆ لە ٩ تاکو ٢٨ی نۆڤەمبەری ١٩٧٠ « F و E - ئۆکتۆبەری » لە کوردستان بوون و مانگی جەنیوەری ١٩٧٠ « F و E - ١٩٧١ » لە دوو بەرگدا ڕاپۆرتێکی ئامادەکرد، تێیدا ئەوەیان ڕوونکردەوە کە بەهۆی جەنگەوە ٣٠٠ گوند لەپانتایی ٧٠.٠٠٠ کلم[٢] تێکدراوە و ٤٠.٠٠٠ خانوو وێران بووە و ٣٠٠.٠٠٠ کەس بێ داڵدە ماونەتەوە. هەروەها لەو ناوچە وێرانکراوانەدا خۆراک کەمە، بەتایبەتی پرۆتینی. هەروەها لیژنە درێژەی بەڕاپۆرت دەدات و دەڵێت؛ بۆ ئاوەدان کردنەوەی باکووری عیراق پێویستە بە پلانە ئابوورییەکاندا بچنەوە. لیژنە ڕایسپارد کە بەپێی نەخشەی دیاریکراو یارمەتی پارەیان لە "بانکی نێونەتەوەیی"یەوە بۆ کۆمەکی کوردستان بنێرن، بەڵام عیراق هەر هیچ ئاوڕی لەو جۆرە پرۆژانە نەداوەتەوە.

٣٠ - ب. ڤێرنێ، عیراقی ئەمڕۆ، لاپەڕەی ٣٨٧ - ٣٨٩.

٣١ - لۆمۆندی فەرەنسی، فەبریوەری ١٩٧٦.

٣٢ - فاینانشاڵ تایم، لەندەن، ٢٠ی ئۆگستی ١٩٧٤.

٣٣ - لۆمۆند، فەبریوەری ١٩٧٦- بەپێی ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان. و هەر لەهەمان ژمارەدا ناوەندی دەرامەتی یەک کەسی لەو وڵاتانەی خوارەوە درخستووە: ئێران ١٠٦٠دۆلار، تورکیا ٦٩٠دۆلار و سوریا ٤٩٠ دۆلار.

٣٤ - ئەو دەقەی خوارەوە لە بۆ فرەنسی وەگێردراوەکەی شالیارگەی ڕاگەیاندنی عیراقی وەرگیراوە ( کە بە چەند زمانێکی بیانی بلاوکراویەوە). ڕۆژنامەی دەربار« الوقائع »، ژمارە ٢٣، بەغدا ١٩٧٤.

٣٥ - لەگۆڤاری کوردستان (ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان)دا ژمارە ١ی ساڵی ١٩٧٤ بلاوکرایەوە.

٣٦ - ئینسکلۆپیدیای جیهانی و پاشکۆکانی بۆ ساڵی ١٩٧٥، پییێر ڕوندو. "بەشی تایبەت بە

کورد".

٣٧ ـ ئەوەی لەشارەکانی کوردستانەوە هەڵهاتن، نزیکەی ٥٠٠٠ پۆلیس و ٢٥٠ ئەفسەر، ٣٠ ئەکادیمی و پسپۆر، ٦٠٠ خوێندکاری زانکۆی سلێمانی، ٧٠٠ پزیشک (کە پێشتر نیو دەرزەن نەبوو)، ١٥٠ ئەندازیار، ٤٢٠٠ مامۆستای خوێندگە و ١٠٠ پایەداری لەشکر.

٣٨ ـ بڵاوکراوە لە لۆمۆندی ژمارە ٦ی مای ١٩٧٥.

٣٩ ـ ولیام سافیر دوو لەو باسانەی نووسیوە (فرۆشگا نهێنییەکەی مستەر فۆرد) و( بەچکەی فرۆشگای نهێنی) کە بەدوای یەکدا لە رۆژنامەی نیویۆرک تایمزی ٥ تا ١٢ی فەبریوەری ١٩٧٦ بڵاوکرایەوە.

« F ـ بروانە دوو وتارەکەی و. سافایر لەژێر ناونیشانی( فریودانە نهێنیەکەی ئاغای فۆرد) و ( کوری فریودانی پەنهان ئاغای فۆرد) ... »

٤٠ ـ لەنووسینی جیکوڤاتی( کوردیان چۆن فریودا )لە گۆڤاری ئێکسپرێسی ژمارە ٨ لە ١٤ی مارسی ١٩٧٦دا بڵاکرایەوە.

٤١ ـ بەگوێرەی راپۆرتی پایکی لەسەر کێشەی کورد، بڵاوکراوە لە گۆڤاری ذی ڤیلیج ڤۆیس، نیویۆرک، ژمارەی رۆژی ٢٣ی جەنیوەری ١٩٧٦.

٤٢ ـ بروانە یەکەم باسی سافیر.

٤٣ ـ راپۆرتەکەی پایک لەبری ناوی شا "سەرۆکی وڵاتی دۆستمان" بەکاردێنێت و لەبری عیراق "وڵاتی دراوسێی دۆستەکەمان" و لەبری مستەفا بارزانی دەڵێت "سەرکردەی نەتەوە"، بەڵام ئێمە لەبەر روونکردنەوە و چاکتر تێگەیشتنی باس ناوەکانی خۆیان دێنین.

٤٤ ـ وشەکانی نێو دوو کەوانە هەمان وتەی نووسەرن لە بڵاوکراوە نێوەناچڵەکانی راپۆرتدا شاردرابوونەوە بەڵام گۆڤاری ذی ڤیلیج ڤۆیس بڵاویکردەوە.

٤٥ ـ راپۆرتی پایک.

٤٦ ـ هەمان سەرچاوە.

٤٧ ـ یاداشتەکانی راپۆرتی پایک.

٤٨ ـ راپۆرتی پایک.

٤٩ ـ هەمان سەرچاوە.

٥٠ ـ یاداشتنامەی دووهەمی ولیەم سافیر.

٥١ ـ یاداشتی جیدوفانی، ئێکسپرێس. F ـ گیکووانی . و E ـ Guikovaty´s

٥٢ ـ هەمان.

٥٣ ـ « F و E ـ هەمان. »

٥٤ ـ « F و E ـ بۆ وەرگێرانی دەقی تەواو بروانە بەغداد ئۆبزێرڤەری ٢٣ی جونی ١٩٧٥. »

٥٥ ـ لە زۆر سالەوە جەزایر ئازاد بووە، و گشتمان دەیزانین بەربەرەکانی کابیلیا و ئەوراس چەند بۆ ئەو گرنگ بوون. بۆ تائێستا مافی کولتوورییان نەدراوەتێ. ئایا دەگونجێت مافی چەند ملیۆن بەربەر پێشێل بکەن، و ئاوەژوو باسی سەربەخۆیی گەلی سەحارای ئیسپانی بکەن کە سەدهەزار کەس نابن و تا ڕادەیەکیش مافیان پارێزراوە؟ « لەعەرەبییەکەدا ئەمخالە شێوێنراوە، بۆیە لەبەر فارسی و ئینگلیزییەکەم نووسیەوە. ـ و »

٥٦ ـ "نێچیر لەبری سێبەر" وتارێکی ڕۆژنامەی لومۆندە، ژمارە ٣ی ئەپریلی ١٩٧٥. « F ـ "ڕاوە سێبەر". و E ـ " La Proie pour I'ombre ".

٥٧ ـ "پێشنیار سەبارەت بەڕووداوەکانی ڕۆژ" « F و E ـ سەددام حوسێن »، الشورە ( ئۆرگانی پارتی بەعس )، بەغدا، لاپەڕە ١٢٣ بەزمانی فرەنسی بلاویکردەوە.

٥٨ ـ بۆ دیتنی دەقی ئەو دوو بروسکەیەی بەغدا بلاوی کردووەتەوە بڕوانە لومۆند ژمارەی ڕۆژی ٢١ی مارسی ١٩٧٥.

٥٩ ـ بەو پێیەی کەسانی سەر بەیەکێتی نیشتیمانی کوردستان( کۆمیتەی ئامادەیی تایبەت لەناو پارتی دیموکراتی کوردستان کە نەیاربوون بەخێلی بارزانی و سەرکردایەتی کاتی پارت) درکاندوویانە کەوا، سەرکردایەتی لە ٦ی مارسی ١٩٧٥دا پێش کشانەوەیان بۆ ئێران ئەمانەیان بوو؛ نزیکەی ٦٠.٠٠٠ چەکدار (بە بۆچوونی ئێمە ٥٠.٠٠٠ ) و هەرێمێکی فراوان دەیکردە ٤٠.٠٠٠ کم٢ (بە بۆچوونی ئێمە ٣٠.٠٠٠ ) و بەلای کەمەوە ١٥ملیۆن فیشەکی تفەنگ و چەکی ڕیز و پتر لە ٥٠.٠٠٠ مووشەکی هاوەن یا بازۆکا، و پارەیش دەیکردە نزیکەی ٢٢ ملیۆن دیناری عیراقی (واتە ٣٥٠ ملیۆن فرەنکی فرەنسی ئەمڕۆ)*، سەرکردایەتی تەنها پارەکەی لەگەلخۆی برد بۆ ئاوارەیی.

*ـ « F ـ ...(٣٥ ملیۆن پاوەند )،... و E ـ ...( ٧٠ ملیۆن دۆلار)،... »

٦٠ ـ ڕاپۆرتی پایک و نیویۆرک تایمز، ٤ی فەبریوەری ١٩٧٦.

٦١ ـ بە کوردی واتای " بەرگری"، "ئاسایش" یان "هێمنی" دەگەیێنێت.

٦٢ ـ مەبەست "برایم ئەحمەد" و "جەلال تالابەنی" یە.

٦٣ ـ تاوانی کوشتنی فاخر مێرگەسووری زۆر قورس نەبوو چونکە ئەویان لە بەندیخانەدا کوشت. سەرچاوەی نزیک بە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ڕوونی کردووەتەوە کە لە ١٩٧٣دا ١٢ کورد و عەرەبی ئەندام لە کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی عیراق کە لەیەکێک لە ولاتە سوشیالیستەکانی ئەورووپا دەگەڕانەوە بۆ عیراق، هاتنە کوردستان و هەمان پاراستن کوشتنی، ئەوان چاودێروانی ئەوەبوون وەک سالی ١٩٦٣ بەخێرهاتنیان لێبکرێت. پاراستن ئەوانی لەنزیک مەرزی سوریا کوشت. پاراستن کۆپییەک بوو لە ساواکی ئێران. « سەرەتا دەمەوێت ئاماژە بەوە بدەم کە ئەم خالە لەعەرەبییەکەدا زۆر وشک و ئالۆز دیارە بۆیە لەبەر فارسی و

ئینگلیزییەکە نووسیمەوە. ـ ئەوجا من دەڵێم: ئەگەر وەک چاودێرێکی بێلایەن لەو ڕووداوانە و ئەوانەی پاش ئەو قۆناغەیش ڕووانین، بزربوونی هەڵوێستی ستراتیجی ڕامیارانەی باری پۆلیتیکی کوردیان بۆ دەردەکەوێت، چونکە:

یەکەم ـ من دەڵێم: ئەو سەرچاوەیەی (کەنازانم کێیە) لەو ڕۆژەدا فرمێسکی سوسماری ڕشتووە بۆ هەڵماڵینی پەردە لەسەر هەڵەکانی قۆناغی شۆڕشی ئەیلوول (کەناڵێم کەمبوون)، لەوانەیە خۆی بەشداری قڕکرەشوییەکەی مانگی مای ١٩٨٣ی قرناقەوپشتئاشانی کردبێت کە(یەکێتی نیشتیمانی کوردستان) لێیدان وەقاتی ژمارەی سەرەوەی لێکوشتن. هەر لەوێدا ئەوشێروان مستەفای سەرکردەیان بەپێشمەرگەکانی گوتبوو: ئەوەی دیل لەگەڵ خۆیدا بهێنێتەوە بێشەرەفە.

دووهەم: ئەو دوانزە کادیرە پێشکەوتووەی"لیژنەی مەرکەزی" پاراستن نەیکوشتن بەڵکوو عیسا سواری لێپرسراوی هێزی بادینان کوشتنی کە جۆنێتی کوشتنی خۆی لەسەرەوە باسکراوە. ئەوجا ئەوانیش لەوکاتەدا بەناوچەیەکی دەسەڵاتی بزووتنەوەدا تێپەڕین کە "ڕفاق"ی ئەوان ڕووی چەکی بەعسی تێکردبوون و پێشمەرگەیان دەکوشت. ... ( ئەمیش پێشتر باسکراوە).

سێیەم ـ ئەگەر مرۆڤ ژیرانە سەرهەڵبڕێت و لەژیان بڕوانێت تێدەگات: ئەمن و ئیستیخبارات، ساواک و ئیتیلاعات، K.G.B و C.I.A و گوستاپۆ و هتد ... ئەوجا پاراستن ( کە ئەمڕۆ خۆیان پێیدەڵێن، ئاسایش) هەریەکن و بۆ پاراستنی دەسەڵاتی سیستێمەکەی پێویستن. تەنانەت ئەو"دڵ چۆڵەکەکان"یش کە بگەنە پایەی دەسەڵات بۆ پاراستنی خۆ ئەو بەشە هەر دەکەنەوە. ـ و »

٦٤ـ لەلایەکەوە ئەوەی کەوتبووە سەرشانی بارزانی بەکەمتر دەزانی لەچاو ئەوانەی لە سەرشانی "ڕۆشنبیرانی" کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، ئەوان نەیانتوانی لەکاتی پێویستدا وەک پایەداری پارت ڕۆڵی پێویست ببینن. کە کارەساتەکە ڕوویدا پارت هەرەسی هێنا و ئەندامانیان تاساند و وەک لەشی بێسەر بەجێیانهێشتن.

٦٥ـ کە گەیشتینە سلێمانی زانکۆ داخرابوو چونکە ڕۆژی پشوو بوو. یەکێک لە مامۆستایانی پێی ڕاگەیاندین کە لە زانکۆدا ئەم کۆلیجانە هەن: زانست، کشتوکاڵ، ئاندازیاری « F و E ـ پزیشکی »، یاسا و پۆلیتک و ئابووری. زانکۆ ۲.۹۰۰ خوێندکار هەیە، ٥٦.٠٪ی کوردن و ٤٣٪ عەرەب « F و E ـ ٦٥٪ی کوردن و ٣٥٪ عەرەب »، و ڕێژەی سێیەکی خوێندکاریان کچن. وانە زانستییەکان بەئینگلیزین و زانیارییە مرۆڤایەتییەکان هەریەکەو بەگوێرەی بەشەکەی بە کوردی و عەرەبی دەخوێندرێن. خوێندکارانی عەرەبیش لەزانکۆ فێری خوێندنی کوردی دەبن. « مەگەر چۆنها خوێندکارێکی عەرەب بەئارەزوو چووبێتە کۆلیجی کولتووری

کوردی، ئەویش هەر لەسەردەمی ڕژێمی شا فەیسەڵەوە لەزانکۆی بەغدا هەبوو. ئەگینا لەکۆلیجەکانی تردا هەرگیز خوێندن بەکوردی نەبووە. ـ و »

٦٦ ـ بڕوانە ڕاپۆرتی کریس کۆجێرا لە لیمۆند دیپلوماتیک، ئۆگستی ١٩٧٧.

٦٧ ـ سەرچاوەی عیراقی دەڵێت ٦٠،٠٠٠ کەس.

٦٨ ـ بڕوانە دەقە ئینگلیزییەکەی گۆڤاری "بەغداد ئۆبزێرڤەر"، ٩ی فەبریوەری ١٩٧٦.

٦٩ ـ ڕاگەیاندنە چاپییەکەی سازمانی میللەتە یەکگرتووەکان، جونێڤ، ٥ی ئەپریلی ١٩٧٦.

٧٠ ـ لە ٩ی جونیدا سێهەمین ڕێکخراوی ڕامیاری کوردی لەژێر ناوی "یەکێتی دیموکراتی کوردستان"* دەرکەوت، ئامانجەکانی بریتییە لە ناوەندی ئامانجی دوو ڕێکخستنەکەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکراتی کوردستانی. "یەکێتی دیموکراتی کوردستان*" خۆی بەسۆشیالیست نیشاندا، ئامانجیان ئەوەبوو هەرسێ ڕێکخراوی ڕامیاری کوردستان لە بەرەیەکی دیموکراتی عەرەبی کوردی فراواندا لێکدات دژ بە "تاخمە دیکتاتۆرە تکریتییەکەی بەعسی عیراق". لەسەر ئاستی نەتەوەییش "یەکێتی دیموکراتی کوردستان*" دەیکۆشی یەکێتییەکی ستراتیجی گشتی لەنێوان دوو نەتەوەی کورد وعەرەب بتەوکات، و سەرئەنجام ئەو یەکێتییە ببێتە هاندەر بۆ (کۆنگرەی نەتەوەیی کورد) و پاشان بکوشن لەچوارچێوەی عیراقی دەرکەن تا نمایندەکانی ئەو میللەتە بتوانن چارەنووسی دیاریکەن. ئەو بۆچوونە لەلای کوردان زۆر پیرۆزە، و لەوەوبەر باسمان لێکردووە. ڕژێمی عیراق بڕیاریدا زۆر لەوانەکانی وەک جوغرافی و مێژوو "کە تا ئەوسا لە خوێندگە ناوەندییەکانی ئەو هەرێمە کە ناونرا هەرێمی ئۆتۆنۆمی" بە کوردی دەخوێنرا بیکەنەوە بەعەرەبی. ئەوە نەخشەی "گونجاندنی کولتووری"یە هاشم عەقراوی سەرۆکی ئەنجومەنی کارگوزاردن" پێشنیاری کرد و دەیویست "ڕادەی ڕۆشنبیری میللەتی کوردی پێ بەرزبکاتەوە"«ا». هەروەها کەبەشی خوێندنی کوردییان لە زانکۆی بەغدا لابرد ویستیان زانکۆی سلێمانیش بکەن بەعەرەبی.

« * ـ F و E ـ.. "یەکێتی دیموکراتی کورد" .... ـ و »

٧١ ـ یادهاوەرییەکانی گۆڤاری العراق، بەغدا، ٥ی جولی ١٩٧٦. پاش لەوەی بڕیاری ڕاگرتنی ڕاگوێزان لە ٥ی جولی ١٩٧٦ دەرچوو، لە ٢١ی ئۆگستی ١٩٧٦دا سەددام خۆی بەدرۆ خستەوە کە بڕیاری "پشتوێنەی ئاسایشی" دەرکرد چونکە دەبێ بەدرێژایی سنوور و بە قووڵایی ٢٠ کیلۆمەتر دانیشتوانی لێ دەرکەن. ئەوەیش دیاردەیەکی ڕوونە کە ڕژێمی عیراقی نەخشەی کێشاوە بۆ تواندنەوەی دووهەمین میللەتی سەرەکی ئەو کۆمارە.

٧٢ ـ واتە پێویستە بینە خاوەن ئەو مافەی جۆری ڕژێمی ئەو هەرێمە تایبەتەی ئەوان زۆربەی دانیشتووانی پێکدێنن بەدڵی خۆ دیاریکەن، و لە بەرووبوومی خاکی خۆ و ڕەنجی شانی خۆیان بژین، و ئازادکرێن لە شێوەی ژیان و هاوتایی لەگەڵ میللەتە مەزنترەکەی هاوسێیان.

# ٦

# کورد لە سووریا

مستەفا نازدار*

ئەگەرچی لە کولتوری عەرەبی ئیسلامی سەدەکانی ناوەڕاستدا زۆرجار و بە جیاجیا باسی کوردی سوریا و "جەزیرە" دەرکەوتووە، بەڵام لە کولتووری نوێیاندا زۆر کەم دێنە سەر ئەوجۆرە باسە.(١)

دەرباری سووریا زانیاری هەڵە سەبارەت بە ژمارەی کوردی ئەوێ دەردەخات، بۆیە جێی باوەڕ نین. ناچار دەبێت تابتوانین بەگوێرەی هەندێک سەرچاوەی جیاجیا لەوبارە بکۆڵینەوە. تا بتوانین ژمارەی کوردی ناو کۆماری سووریا بە ٨٢٥.٠٠٠ کەس دابنێین، کە ڕێژەی ١١٪ی کۆی ٧.٥ملیۆن(٢) دانیشتووی گشت کۆمار دەگرێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٦، و دابەش بوونیان بەمجۆرەیە:

| کۆمەڵ | نیشتگە |
|---|---|
| ٢٩٠.٠٠٠ | کورد داغ(٣) |
| ٣٠.٠٠٠ | چیای سەمعان و عەزاز |
| ٦٠.٠٠٠ | عین العەرەب |
| ٣٦٠.٠٠٠ | جەزیرەی ژووری |
| ١٠.٠٠٠ | جەزیرەی خواری |
| ١٠.٠٠٠ | حەلەب |
| ٥.٠٠٠ | حەما |
| ٣٠.٠٠٠ | دیمەشق |
| ٣٠.٠٠٠ | شارەکانی تر |
| ٨٢٥.٠٠٠ | کۆی گشت |

دوو لەسەر سێ بەشی کوردی پایتەخت(٤) لە(حی الاکراد) دەژین کە دەکەوێتە دامێنی چیای

* ـ ناسناوی نووسەرێکی کوردە، نایەوێت ناوی خۆی دەرخا.

قاسیون، و بەشی سێهەم بە گەڕەکەکانی تری شاردا بڵاون. بێجگە لە کوردی ناوچە عەرەبییەکان ( واتە دوا پێنج ڕیزی تابلۆی سەرەوە[1] ) بە بۆچوونی ئێمە، ئەوان لەسێ شاری کوردی یان بەزۆری کوردنشینی باکووردا کۆبوونەتەوە، و ژمارەیان دەگاتە ٧٤٠،٠٠٠ کەس. واتەڕێژەی ١٠٪ی دانیشتوانی گشت کۆمار.

بەرزاییەکانی کورد داغ "واتە، چیای کورد" دەکەوێتە بەشی باکووری ڕۆژئاوای شاری حەڵەب و سنووره لەگەڵ پێدەشتەکانی ئەنتاکیا و ئەسکەندەرۆنە. دانیشتووانی کورداغ دابەشن بەسەر ٣٦٠ گوندی ئاوەدان و دوا هەرێمی شاخاوی ڕۆژئاوای کوردستان پێکدێنن لەناو سووریا. بەرووبوومی ئەو ناوچە شاخاوییە بەزۆری بریتییە لە دانەوێڵە، ترێ، هەنجیر و توو، و وەک ناوچە بەرزەکانی تری کوردستان داربەرووی لێ دەڕوێت، و بەوەی نزیکە لە دریای سپی ناوەڕاستەوە دار زەیتوونیشی تێدا دەڕوێت. جگە لەو ٢٩٠،٠٠٠ کوردەی لێرە دەژین ئەتوانین ٣٠،٠٠٠ی ترکە لە چیای سەمعان و عەزازدا دەژین بخەینە سەر، چونکە لەنێوان ئەو دوو چیایە و بەرزاییەکانی کورداغ تەنها دۆڵی ڕووباری عفرین هەیە، و لە باکووریشەوە خۆدەدات لە زنجیرە چیای تووروسی ناو کوردستانی تورکیا.

ناوچەی عێن ئەلعەرەب (یان، عەرەب پینار) دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری حەڵەب و ڕۆژهەڵاتی ئەو پارچەیە کە ڕۆباری فوراتی تێدا دەڕژێتە ناو خاکی سووریا. ناوچەکە بەگشتی کوردییە و ١٢٠ گوندی تێدایە. جوغرافیزانەکانی عەرەبی موسوڵمان «ی F و E ـ سەدەکانی ناوەڕاست » ناوی ئەو ناوچەیەیان بەو مەبەستە ناونەبردووە کە بەشبێت لە سووریا (شام)، بەڵکوو مەبەست جەزیرەی نێوان دوو ڕووباری دیجلە و فورات بووە کە بەشی ژووروی میسوۆپۆتامیا دەگرێتەوە، و هەروەها "عیراق" کە ئەو وشەیە بەعەرەبی میسۆپۆتامیای خواروو، یا پێدەشتەکانی نێوان دوو زێ دەگەیێنێت، لە بەغداوەیە تا تکریت، و گشت خوارووی کوردستان ( واتە باکووری عیراقی ئەمڕۆ) بە سەرزەمینی عەجەم (ئێران)[2] ناوبردووە.

بەشی ژووروی پارێزگای جەزیرە کە کۆی نزیک بە ٤٥٠،٠٠٠ کەسی تێدا دەژی نزیکەی ٣٦٠،٠٠٠یان[(٥)] کوردن و بە گرنگترین پارچەی وڵات دەزانرێت. لەو هەرێمەدا کە زۆربەی کوردن نزیکەی ٧٠٠ گوندی سەراپا کورد هەیە (چونکە عەرەبەکانی ئەوناوە بەدووی کۆچەرین) و ڕووبەری ٢٨٠ کم٢ بەدرێژایی سنووری تورکیا داگیردەکات. هەر لە "ڕاس العین"ی ڕۆژئاواوە تا دەگاتە باکووری مەرزی (کوردستانی عیراق) کە بەشی زۆر دەکەوێتە ناو ئەو دەنووکە مراوییەی باکووری ڕۆژئاوا کە لەهەندێک شوێندا ٢٠ تا ٦٠ کم دەچێت بەقووڵاییدا[3]. سەردەمێک لەکاتی

---

١ ـ E ـ هەمانە. و F ـ (شار و ناوچەکانی تری ناو تابلۆی سەرەوە)...

2 ـ وشەی ( عەجەم)ی عەرەبی تەنها ئێرانی ناگەیێنێت، بەڵکوو بە گشت ناعەرەب زمانێک دەڵێن ( ئەعجەمی)، « و »

3 ـ F ـ هەمانە. و E ـ... ڕووبەری ١٧٥ میل ... ولە ١٢ تا ٣٦ میل قووڵە ... .

عوسمانیدا ئەو ناوچەیە لەوەرگەی وشتری عەرەبە کۆچەرییەکانی شەمەر، تای و بەکارا، و هەروەها ڕانەمەڕ و ئاژەڵی ئەو کوردە نیمچە دەوارنشینانەی میللی، داکوری و هاویرکان بووە کە لە چیاەکانی تووروسەوە دادەبەزین و سۆتانیان لەوێ بەسەر دەبرد. لە ١٩٢٠وە خێڵە کوردکانی کە هەندێکیان جوتیار و گوند نیشینی کوێستان بوون، پاش شکستی شۆڕشەکانی دژ بە تورکیای کەمالی هاتوونەتە خوار و لەو بەشەی جەزیرەدا نیشتەجێ بوون و لەگەڵ خێڵە عەرەبە دەوارنشینەکان پێکهاتوون تا بەهاوسێتی ژیان بەرنەسەر. هەرچەندە عەرەبەکان هەر بەکۆچەری مانەوە بەڵام بەڵێنیان بەوان دابوو کە ئاژەڵەکانیان دوور لە نیزار و کێڵگەی ئەوان ڕابگرن. هەر زۆر زوو بەهرە وکارامەیی جوتیاری کورد کەوتەکار و شار و گوند پێدەشتەکانی گرتەوە و کێڵگەی گەنم لەدامێنی بیابانەکانی دەقرتاند. بازاڕی ئاڵوگۆڕ تێکەوت. بە چەندین دەیەی ساڵ جەزیرە بوو بە مەزنترین سایلۆی گەنم لە سووریا.

دانیشتووانی بەشی خوارووی جەزیرە و پایتەختەکەی کە شاری "حەسەکە"یە، لە ١٠٠,٠٠٠ کەس تێناپەڕن و بەشی زۆریان عەرەبی کۆچەرین، چونکە ژمارەی کورد لەوێ هەر ١٠,٠٠٠ کەسن و لەوانە نزیکەی ٥,٠٠٠ تا ٧,٠٠٠ کەسی یەزیدین و لەناوچەی گۆمی خاتوون دەژین. ئەو تاخمە یەزیدییە هەمان ڕەگەزی یەزیدییەکانی چیای شەنگاری کوردستانی عیراقیان هەیە.

ئایا دەشێت ئەو سێ پارچەیە[4] کوردستان بن؟ کوردستانی سووریا بن یا تەنها ناوچەگەلی سوورین و کوردی تێدا دەژی؟

ئەگەر چاو لە ڕوونکراوەی جوغرافیزانە ئیسلامییەکان وەربچەرخێنین، ئەوا لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی ئەو پارچانە وەک دیەشق بەشێکن لە خاکی سووری. بەڵام لەسەر ئاستی ڕەگەز، ئەو سێ پارچەیە بەدرێژایی سنووری تورکیا لکاون بە بەشی باشووری سنووری کوردستانی تورکیاوە.

بەشە کوردنشینەکەی جەزیرەیش لکاوە بە سنووری کوردستانی عیراقەوە. ئەو سنوورەی سووریا و تورکیایە بە پێی پرۆتۆکۆلی لەندەن لە ٩ی مارسی ١٩٢١دا لە نێوان فەرەنسا (ئەوسا سووریا لەژێر سەرپەرشتی فەرەنسا بوو) و تورکیای کەمالی بەسترا بۆ دیاریکردنی سنوور، بەپێی سنووری ڕەگەزی نێوان کورد و عەرەب نەبوو بۆیە سێ پارچەی کوردنشین بەر سووریا کەوتووە، بەڵام گیرفانێکی عەرەبی لەلای باکوور و سەرووی حەڕان، و هەروەها ناوچەیەکی تێکەڵەی کوردی ـ عەرەبی لە ڕۆژهەڵاتی شاری "کیلیس"یان بۆ تورکیا جێهێشتووە. سەرەڕای ئەوەیش تورکیای کەمالی ساڵی ١٩٣٨ سەنجەقی ئەسکەندەرۆنە و پێدەشتەکانی ئەنتاکیای بۆ خۆی لە سووریا بچڕی کە دانیشتووانیان بریتییە لەتێکەڵەیەکی کوردی ـ عەرەبی و تورکی، و ناویان ناوە هاتای.

---

4 ـ F و E ـ کورد داغ و عین العەرەب و جەزیرەی ژووری بەشن لە کوردستان ...

دانیشتووی عەرەب نێوان ئەو سێ ناوچەیەی باسمانکران لێک جودادەکاتەوە. بەوجۆرە کوردستانی سووریا بووە بەچەند بەشی جیاجیا، و سەرئەنجام پێیان دەگوترێت ( ناوچە کوردنشینەکانی سووریا ). گرنگ ئەوەیانە کە ١٠٪ی دانیشتووانی سووریا کوردن و بەکۆمەڵ لە سێ پارچەی دیاریکراوی باکووری وڵات دەژین، بەڵام مافی چکەسایەتی نەتەوەیی و کولتوورییان پێنەدراوە.

کوردی سووریا لەبنەڕەتەوە جوتیارن. زەمینەی کشتکاری لە کورداغ زۆر نییە بەڵام لەدوو بەشەکەی تردا چڕە[5] و جگە لەکشتکاری کار و پیشەی تریش لەوێدا هەن. بۆ نموونە: پەروەردەی ڕانە مەڕ و بزن، شیر و بەرووبوومی و ئەوانەی لەو درووست دەبن، چنینی بەڕە و «لەکورداغ[6]» ڕۆنی زەیتوون و خەڵووز درووست دەکەن و بۆ حەڵەبی دەنێرن. بەڵام ڕێژەی ئەوانەی لە شارەکان دەژین نزیکەی ٢٠٪ کورد دەبن و سەقاڵی ئاڵوگۆڕ و هەندێک ئیشی دەستن. لە سووریا شەش شاری کوردنشین هەیە، چواریان کەوتووەتە جەزیرە: لە قامیشلی ٤٠.٠٠٠ کەس، عامودە ١٥.٠٠٠ کەس، درباسیە ١٥.٠٠٠ کەس دەژی و ئەم سێ شارە دەکەونە سەر سنووری تورکیا، و لە"دێرک" کە دەکەوێتە سەر سنووری عیراق ٦.٠٠٠ کەس دەژی، لە عین عەرەب کە بووە بە ناوەندی ناوچەیەک بە هەمان ناو ٨.٠٠٠ کەس دەژی و لە عفرین کە بە پایتەختی کورداغ دەژمێردرێت ٢٠.٠٠٠ کەس دەژی.

**کورد لەسووریای سەدەکانی ناوەڕاست**

ڕێنێ دیسسو لەپەرتووکی ( تۆپۆگرافیای مێژوویی سووریای دێرین)دا دەڵێت: هەر لە کۆنەوە کورداغ و پێدەشتەکانی ئەنتاکیا مەڵبەندی ژیانی کورد بوون(٦). و کلۆد کاهین، کە مامۆستای زانستە ئیسلامییەکانی زانکۆی سۆربۆنە، لەو پەرتووکەیدا کە تەرخانی کرد بۆ گریمانی تایبەت بە لێکۆڵینەوەی سەبارەت بە (سووریای باکووری سەردەمی خاچپەرستان و ئەمارەتی فرەنجەکانی ئەنتاکیا) دەڵێت: شاری "حەما" مەڵبەندی میر عەلی پنوەڤا بوو کە بە(عەلی کوردە) ناسراوە، و ساڵی ١١١٤ مردووە(٧)، و لەپاش خۆی دوو کوڕی بە ناوی ناصر و کورد شا[7] جێما(ئەو ناوە شای کوردان دەگەیێنێت). ئەوانە بوون بە بەندە لەلای ئەتابەگی(تورکمان) میری سەلجووقییانی دیمەشق(٨). بێجگە لە حەما بنەماڵەی عەلی کورد حوکومڕانی ڕافانیا(٩)یش بوون کە ناوچەیەکی

---

5 ـ F و E ـ ... لەکورداغدا چڕە بەڵام لە دوو بەشەکەی تردا چڕنین.

6 ـ لە فارسی و ئینگلیزییەکەم وەرگرت. « و »

7 ـ E ـ ... ناصر و کوردشا ( خۆدی ئەو ناوە شای کوردان دەگەیێنێت) بوون بە ژێردەستی تۆغتەکین ی میرە تورکومانەکەی سەلجووقییانی دیمەشق .... و F ـ ... ناصر و تورانشا بوون بە بەندەی تۆغتەکین ی میری سەلجووقییانی تورکومان لە دیمەشق .... « تێبینی: لە گشت شوێنێکی ئەم بەشە عەرەبییە لەبری "توغتەکین"ی فارسی و ئینگلیزییەکە "ئەتابەگ"ی نووسیوە. ـ و »

شاخاوییە لە نێوان حەما و دوو شاری تەرابلوس و لاذقیە. مامۆستای زانستە ئیسلامیەکانی زانکۆی لیۆن، نیکیتا ئیلسیف لەبەرهەمە نەمرکەیدا سەبارەت بە ژێرخانی کۆمەڵایەتی سووریای کاتی ( نوورەددینی میری مەزنی سووریا کە هاو سەردەمی خاچپەرستان بوو) نووسیویەتی: ئەگەر چینەکانی ئەو کۆمەڵە بخەینە بەر لێکۆڵینەوە و توێژینەوە ئەوا یەک هەرەمان بۆ دەردەخات، سپاییانی تورکی ئەرستۆکرات و کوردی شارستانی لەسەر لوتکەدان، چونکە شوێنی گرنگی وەک نمایندەکانی دەوڵەت و سەرکاری دارایی بەدەست ئەوانەوە بووە. لەو "بیانی"یانە بەدەر کۆمەڵێکی تر موسولمانی خاوەن شکۆ لەشاردا ژیاون، بەتایبەتی ئەوانەی نەوەی پێغەمبەرن[١٠] . جگە لە کورد، تورک یان تورکومانەکانی سەر بە نوورەددین زەنکی و " ئاتابەگ[8] "ی هەندە نەبوو کۆچیان بۆ ئەوێ کردبوو. سپای عەرەب بە گشتی کە زۆربەی کۆمەڵ لەوان بوو، کەوتنە ئاستی شکست و دەبوو بۆ پاراستنی وڵات لە هێرشی خاچپەرستان فەرمان لە سەرکردەی کورد یان تورک وەرگرن.

«قەڵای دلێران» ئەو سەنگەرە بەناوبانگەیە کەوتە ژێردەستی خاچپەرستان و تاکوو ئەمڕۆ لە تەنیشت شاری مصیاف بەرز دەنوێنێت. ئەوە کورد دروستی کردووە. لەڕاستیدا کلۆد کاهین نووسیویەتی دەڵێت: " سەرەڕای عەرەب، ئەو یەکێتی پۆلیتیکییەی لەئەنجامی یەکگرتنە دوابەدواکانی باکووری سووریا و جەزیرە دروست بوو، وەنەبێت تەنها مەمالیکی کوردی پێشخستنێت، بەڵکوو بوونە هۆی دەرکەوتنی ئەو چەند کۆلۆنییە سپاییەی کورد کە مێژووی یەکێکیان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی یانزە. کوردەکانی حوصن الاکراد(١١)یان لەو سەدەیەدا دروستکرد و باشان ناونرا قلعه الحصن[١٢]".

خاچپەرستان پێش گرتنی قودوس (ئۆرشەلیم) زۆر بەئاسانی کەناری دەریایان گرت، بەتایبەت ئەنتاکیا و تەرابلوس. ناکۆکی موسولمانانی سووریای کرد بە دوو بەش "کورد و تورکومان لەیەکتریان دەکوشت" و لەلایەکی تریشەوە "ناکۆکی نێوان شیعە و سوننی هەر هەبوو"، ئەوجا لەپڕ دوژمنی هاوبەشیان لێ پەیدابوو؛ فرەنجی دەرەکی و لەناویشەوە حەشاش[9]ەکان[١٣].

خەلیفەی عەباسی لە ڕەوش بەولاوە هیچ دەسەڵاتێکی تری بەدەستەوە نەبوو. میرە موسوڵمانەکانی نێوان دووزێ و ئێران بیریان لەوەکردەوە فریای سوورییاییەکان بکەون، بەڵام ئەمان لەوە ترسان ئەو میرانە دەست بەسەر وڵاتەکەیاندا بگرن. بۆ خۆ دوورخستنەوە لە گێژاوە، میرە تورکومانەکانی حەلەب و دیمەشق پەیمانیان لەگەڵ فرەنجەکان بەست.

بەوجۆرە مانەوە تا لەساڵی ١١٤٨دا بۆ یەکەمین جار موسوڵمانەکان سەرکەوتن بەسەر فرەنجەکان و "نوورەددین زەنکی"، میرە تورکومانەکەی مووسڵ بڕیاری جیهادی دەرکرد. وەک

---

F ـ8 و E ـ ... سەر بە نوورەددین زەنکی( کە لای خاچپەرستان هەر بە نوورەددین ناسرابوو) و تۆغتەکین ...

F ـ9 ـ حەشاشین یان حەشیشین( لە حەشیشە وەرگیراوە) ناوێکە لە ئیسماعیلییەکانی سەر بە "حەسەن صەباح" نرابوو. وشەی Assaasin ناساوە و بۆ پیاوکوژان بەکاردێت. م.

ئیلسیف دەیگێڕێتەوە "نوورەددین بوو بە فەرتاندەی ژمارەیەکی زۆر لە میرانی کورد و تورک، و لەشکرێکی ئاوێتەی پێکهێنا لەو کورد و تورکانەی سووریاییەکان بەبیانی دەزانین"(١٤). نوورەدین زەنکی خۆی لەمووسڵ مایەوە و بە فەرماندەیی دووبرای کورد لەشکری ڕەوانەی سووریا کرد. نەجمەدین ئەیوب و شێرکۆی برای لەخێڵی ڕەوەند بوون. ئەو دووە باوک و مامی سەلاحەدینی قارەمانی داهاتوو بوون. سەلاحەدینی لاو لەگەڵبوو کە شێرکۆ و نەجمەدین حەڵەبیان گرت و نەتابەگییەکانیان لە دیمەشق دەرکرد. نەجمەدین بوو بە جێگری شا لە سووریا و لەهەمان کاتدا شێرکۆ بوو بە سپاسالاری لەشکر. گرتنی میسر لە سوودی نوورەددین زەنکی بوو کە کۆتایی بە دەسەڵاتی خەلیفەی فاتمی نەیار هێنا. شێرکۆ لە قاهیرە مرد و سەلاحەدینی برازایان هەڵبژارد بۆ سەرکردایەتی لەشکری ئیسلام، و تورکومانەکانی خزم و خێشی نوورەددین زۆر بەوە قەڵسبوون. سەلاحەددین بەتەمەنی سیوحەوت ساڵی بەرەنگاری نوورەددین بوو. چیتر ناوی "تورکی ـ کوردی" بە لەشکرەکەیەوە نەما و لەوە بەدواوە بوو بە لەشکری " کوردی ـ تورکی" و زۆربەی سەرکردەکانی لەشکر بوون بە کورد. سەلاحەددین گەڕایەوە بۆ سووریا و خەلیفەی عەباسی ناسناوی "سوڵتان"ی پێبەخشی، و هەر ئەوسا فرەنجەکان بەزین کە ساڵی ١١٨٧ لە قودس دەریکردن. سەلاحەددین زووتر بەڵێنی دابوو لیبیا، سوودان، حیجاز و یەمەن بگرێت، و میرەکانی دیاربەکر و مووسڵ پەیوەستی خۆیان بۆ دەربڕی. لە فەلەستینیش سەرکەوت بەسەر هاوپەیمانانی سێهەمین هێرشی خاچپەرستان بەسەرکردایەتی فیلیپ ئۆگستی شای فەرەنسا و ڕیچارد شێردڵی شای ئینگلیز و سپای فریدریک "بەربەرۆس"ی ئیمپراتۆری جەرمانیا. ٤ی ئۆکتۆبەری ١١٨٩ سوڵتان سەلاحەددین سەرپەرشتی لەشکری موسوڵمانانی کرد بۆ جەنگی عەککا. لەشکر چواردە سەرکردەی هەبوو نیوەیان کوردبوون(١٥). [تورانشای کورد کە شای میسر و سووریا و هەروەها جێنیشینی سەلاحەددینی مەزن بوو، توانی سان لویسی شای فەرەنسا بەدیل بگرێت، بەڵام یەکێک لە مەمالیکەکان کە ناوی بیبرس بوو لێی تووڕەبوو کوشتی.][10]

بنەمای "یاسایی" و "ئایدیۆلۆجی" بۆ چەوساندنەوە

پەیوەستی نێوان کورد و عەرەب « F و E ـ کاتی سەڵتەنەتی عوسمانی »وەک یەک لە قەوارەی ئوممەت( المؤمنین)دا دۆستانە بوو. پاش دەرچوونی هێزەکانی ئینگلیز و فەرەنسا کەساڵی ١٩٤٦ وڵات سەربەخۆیی وەدەستهێنا گەرد لە نێوان کورد و عەرەبدا نەبوو. بەڵام کە سووریای ئازاد

10 ـ F ـ ... سەلاحەددین پێشئەوە بەکوشتبچێت بەدەستی یەکێک لە بەندەی کوردەکانی خۆی بەناوی تورانشا، کە شای میسر و سووریا و یەکە نیشتەجێی ئەو بوو توانی سان لویسی شای فەرەنسا بەدیل بگرێت.

E ـ ... پێشئەوە بەدەستی یەکێک لە بەندەکانی خۆی لەساڵی ١٢٤٩دا بیکوژێت، تورانشا ئەو دوا شا کوردەی میسر و سووریا و نیشتەجێی سەلاحەددینی مەزن، توانی سان لویسی شای فەرەنسا بەدیل بگرێت.

کەوتە ژێردەستی بۆرجوای عەرەب کە خاوەن زەویوزارە زۆرەی بوون، و بوون بە بناغە بۆ بەرەی نیشتیمانی، بیری عەرەبچێتییان کەوتە مێشک و مافی کوردیان وەک کەمە نەتەوە نەپاراست، و چەشنی دەوڵەتە عەرەبییەکانی تر کەمافی نەتەوایەتی و ئاینیان لە: بەربەری باکووری ئەفریقا، قیبتییەکانی میسر، مارۆنییەکانی لوبیان، دورزی و عەلەوی سووریا داگیرکرد، ئەمانیش مافی نەتەوایەتی کوردیان پێشێل کرد. بەڵام کوردی سووریا ڕاستەوخۆ بەر قەلاچۆکردن نەکەوتن. ڕۆژنامەی کورد "جگەرخوێن[11]" ١٩٤٦ تا ١٩٦٢سەربەست بەرهەمەکانی بەڵاتینی و"بەزمانی زگماکی" خۆی دەنووسی. هەروەک خوێندنی منداڵ لە شارە کوردنشینەکانی قامیشلی، عاموودە و عفرین بە زمانی عەرەبی بوو، بەڵام پەرتووکی فێرکردنی زمانی کوردی ئازاد بڵاودەبووەوە.

کۆمەڵێک ڕۆشنبیر، کرێکار و جووتیاری کورد ساڵی ١٩٥٧ پارتی دیموکراتی کوردی سووریایان لەسەر شێوەی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق پێکهێنا، و پەیڕەو و پرۆگرامیان بە خاڵەکانی، خەبات لەپێناو داپینکردنی پێناسە بۆ کوردی سووریا وەک گرووپێکی نەتەوەیی، و بەدیهێنانی مافی کولتووری دارشت، و ئەوەیشیان لەبەرچاوگرت کە لەگەڵ پارت و ڕێکخراوەکانی تردا خەباتکەن بۆ چەسپاندنی یاسای سازکردنی زەوی و وەدیهێنانی ڕژێمێکی دیموکراسی لە دیمەشق. سەرانی پارتی دیموکراتی کورد لە سووریا ساڵی ١٩٥٩ گیران، واتە لەوکاتەدا کە لەگەڵ میسر یەکیان گرت. ئەوسا کۆلۆنێل عەبدولحەمید السەڕاج ڕاستەوخۆ فەرمانی لە جەمال عەبدولناسر وەردەگرت.

مانگی سێپتەمبەری ١٩٦١ سووریا لە میسر جودابووەوە و دووقۆڵی قودسی و عەظم دەسەڵاتیان بەسەر بۆرجوایانی خاوەن زەویوزاری زۆردا پەیداکرد. ئەو ڕژێمە هەڵوێستی چەوساندنەوەی نەتەوەیی دژ بە کورد گرتەبەر و تاوانی سەنگەری دژ بە عەرەب گرتنیان دەخستە ئەستۆیان. هەروەها تاوانی ئەوەیان خستنە پاڵ کە پلان دەگێڕن بۆ پەیوەندی بەستن لەگەڵ کوردی عیراق کە لە جونی ١٩٦١وە[12] دژ بە عیراق ڕاپەڕیون و دەخوازن لەچوارچێوەی عیراقدا سەربەخۆیی وەدەستبێنن.

لە ٢٣ی ئۆکستی ١٩٦٢دا[13] میری "یاسای ژمارە ٩٣"[14]ی دەرکرد بە مەبەستی ئەنجامدانی سەرژمێری دانیشتووانی جەزیرە کە گوایە، کوردەکان بە قاچاغ لە کوردستانی تورکیاوە دەڕژێنە جەزیرە و بەوە ناوبانگە عەرەبییەکەی لەناو دەبەن. نۆڤەمبەری هەمان ساڵ سەرژمێر کرا و پاش دەرکەوتنی ئەنجام نزیکەی ١٢٠.٠٠٠ کوردی جەزیرەیان بە "بیانی" ژمارد و مافی چکەسێتی

---

11 ـ "جیفورکسوین" ... "دوور لە زوبانی زگماکی". ـ هەڵەی وەرگێڕن. « و »

12 ـ F و E ـ ... سیپتەمبەری ١٩٦١ ....

13 ـ F و E ـ ١٦٩١ ....

14 ـ E ـ هەمانە. و F ـ «نییە».

سوورییان لێ سەندنەوە، و بەناوی پاراستنی هەرێم لە مەترسی "بەکوردی بوون" و "فریای ڕواڵەتە عەرەبی هەرێم کەوتن" ڕژێم پلانەکەی "پشتوێنەی عەرەبی" خستەگەڕ کە دەبوو بەوپێیە گشت کوردی ناوچەکانی جەزیرەی هاوسێ بە سنووری تورکیا لەوێ ڕاگوێزن و عەرەبیان بخەنە شوێن، و کورد بگوێزنەوە بۆ باشوور. ئەوجا بەڕاستی گشتیان پەرتەوازە کردن. دووریش نییە دەرکەوتنی نەوت لە قەرەچۆغ، کە دەکەوێتە ناوەندی جەزیرە پەیوەندی ئەنجامدانی ئەو جۆرە هەڵوێستەوە.

لە مارسی ١٩٦٣دا پارتی بەعس کە میشێل عەفلەق دایمەزراند، دەسەڵاتی گرتە دەست. کە سۆشیالیزمی ئەو پارتە ئاشکرابوو دەرکەوت بەزۆری بەلای نەتەوایەتیدا دەشکێت، و ئەوە باری کوردان زۆر نالەبارتر کرد.

لەسێپتەمبەری ١٩٦٣دا[15] پارتە بەعسەکەی دیمەشق "لێکۆڵینەوە نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری"یەکەی محەممەد طەلەب هیلالی بڵاوکردەوە کە لەسەر پارێزگای جەزیرە نووسیبووی. سەرئەنجام خاوەنەکەی لە بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای جەزیرەوە بەرزکردەوە بۆ پارێزگاری ئەوێ و پاشان لەکابینە بەعسییەکەی ئاغای "زعەین"دا بوو بە شالیاری ئازووقە، و چەندین ساڵ لەو پۆستەدا مایەوە و چەندەها شوێنی تێدا گۆڕی.

هیلال لەوێدا کۆشیوەتی "زانستییانە" و پەنا بە بەڵگە و سەرچاوەی "کۆمەڵناسی"یانە بیسەلمێنێت کە کورد "میللەت نین". ئەو لەکۆششەکەیدا بەوە گەیشتووە کە گەلی کورد؛ لە کۆمەڵێکی بێ مێژوو، بێ ژیار، بێ زمان، بێ ڕەگ و ڕەچەڵەکن. و لە تاخمێک نەگریس، کەللەڕەق، شەڕانی و تێکدەر بەولاوە چیترنین، و هەمان خووڕەوشتی گەلانی شاخاویان هەیە. هەروەها کورد نەتەوەیەکە "لەسەر پاشینە و ژیاری میللەتانی تر دەژین و بەهیچ جۆرێک بەشدانین لە ژیار و مێژووی میللەتانی تردا "(١٦).

هەروەک گشت مرۆڤێکی نەتەوەیی ڕەگەزپەرست، سەرەتا هیلال پلانێکی دوانزە خاڵی لەسەر کوردی جەزیرە پێشنیارکردووە(١٧): ١) ڕەوشی لێکدابڕین، واتە ڕاگوێزان و پەرتەوازەکردنی کوردان. ٢) "کوێرەوەری"، واتە ڕێگەی فێربوون و کولتوور گرتن لەکورد، تەنانەت ئەگەر بیشبن بە عەرەب. ٣) "برسی کردن"، ڕێگەی کار و پیشە گرتن لەوانەی جێی مەبەستن. ٤) "تاوانبار گێڕانەوە"، واتە دانەوەی ئەو کوردانەی بەشداربوون لەشۆڕشەکانی کوردی باکوور بدرێنەوە بەرژێمی تورک. ٥) سوود وەرگرتن لە هەڵوێستی "دووبەرەکی نانەوە" و لێکبچڕینی کوردەکان لە یەکتر. ٦) هەڵوێستی "پشتوێنەی ئاسایش" گرتنەبەر، هەمان وەک ئەو پشتوێنەی لەساڵی ١٩٦٢دا ئەنجام درا. ٧) نیشتەجێکردن، واتە بەمەبەستی پەرتەوازەکردنیان "کەسانی تەواو عەرەب و ڕەگەزپەرستیان تێدا بچێنن" بۆ دیدەوانی. ٨) "زەبری لەشکر"، کردنەوەی بنکەی

---

15 - F و E - نۆڤەمبەری ١٦٩٣ ....

سپایی لە ناوچەکانی پشتوێنەی ئاسایشدا بۆ لێکدابڕینی کورد و چاودێری پرۆژەی نیشتەجێ کردنی عەرەب کە دەوڵەت بڕیاری دابوو. ۹) "کۆمەڵگەی هەرەوەزی"، واتە کردنەوەی "کێڵگەی هەرەوەزی" بۆ عەرەبە نیشتەجێکراوەکان و چەکدارکردن و ڕاهێنانیان لە بەکارهێنانی. ۱۰) مافی چەکسایەتی و دەنگدان نەدرێت بەهێچیەکێک لەوانەی زمانی عەرەبی نازانن. ۱۱) گواستنەوەی "عولەما" «واتە مەلا»ی کورد بۆ باشوور و "عولەمای عەرەب بهێننە شوێنیان". ۱۲) سەرئەنجام پڕوپاگەندەی ناجۆر لەسەر کورد بڵاوکەنەوە بەناو عەرەبدا.

جەخت و زەبری زایدەی ستەم

جگە لە ڕاگوێزانی زۆرەملێی ساڵانی شەست، زۆر هەڵوێستی تری لەو بابەتانەی سەرەوە یان گرتەبەر. ئەو "سەرژماردن"ەی باسمانکرد لەناو کوردانی ستەمدیدەدا "سووریایی نەبوونی" ۱۲۰.۰۰۰ کوردی دەرخست. وەک لەسەر خاکی خۆیان بە بیانی و گومانلێکراو ژمێردران، فەرمانی سەربازیشیان هەر لەسەر لانەچوو. ئەگەرچی سەربازەکانیان بەشداری جەنگی جۆلان کردن، بەڵام لەمافی پێناسە و چەکسایەتی بێبەشن. نە توانای مارە و شووی یاساییان هەیە، و نە بیمار بردنە نەخۆشخانە. خۆ ئەوانە منداڵیشیان لە خوێنگەدا ناونووس ناکرێن.

ناوی جوانی وەک "باخە نموونەییەکانی میری لە جەزیرە"یان بە لەباتر زانی لە ناوی پرۆژەی ئاسایش کە چەندساڵ لەوەوبەر دەستیان دایە، و لەژێر چەتری "سۆشیالیزمی" و "چەسپاندنی یاسای کشتسازی"دا کۆشیان ۱٤۰.۰۰۰ جوتیاری کورد لە هەرێمەکە دەرکەن و عەرەبیان بخەنە شوێن. ساڵی ۱۹٦٦ ویستیان ئەو پلانە ئەنجامدەن کە تاکو "کورداغ"ی دەگرتەوە، بەڵام ئەو جووتیارە کوردانەی فرمانی ڕاگوێزان دەیگرتنەوە گوێیان پێنەدا. لە ساڵی ۱۹٦۷یشدا بە جووتیارانی ناوچەی پشتوێنەی ئاسایشیان ڕاگەیاند کە زەوییەکانیان بووە بە هینی دەوڵەت، و میری چەند دەزگایەکی تایبەت بۆ چاندنی "باخچەی نموونە"ی ناردە هەرێم. بەڵام ماوەیەکە جەنگی ئیسرائیل ئەو پرۆژەیەی ڕاگرتووە.

پاش دروستکردنی پەنگاوی "تەبگە" لەسەر فورات بیریان لەوەکردەوە لەبری زەوی و گوندی ئەو جوتیارە عەرەبانەی ژێر ئاو دەکەوێت بیانگوێزنەوە بۆ سەر زەوی کوردەکانی جەزیرە. ساڵی ۱۹۷٥ میری لە ناوچەی پشتوێنی ئاسایشی نێوان "عامودا"ی سەر فورات و "دێرک"ی ڕۆژهەڵات[16] تا دەگاتە قامیشلی ٤۰ "باخچەی نموونە"ی کردەوە و ۷۰۰۰ خێزانە جووتیاری عەرەبی تێهێنا و چەکداری کردن. بۆ ئەوەی جیهانیان سەرنجی نەدەنێ ئەو پرۆژەیەیان بەئەسپایی ئەنجامدا: کوردانیان دایە بەر هێرشی داگیرکردن و جەردەیی و چەپاوڵی پۆلیس. لەکاریان دەرکردن. دەستیان گرت بەسەر پەرتووک و بەرهەمە کولتوورییەکانی بە کوردی نووسراو، و لە

---

16 ـ F و E ـ عامودە لە ڕۆژئاوا و دێرک لە ڕۆژهەڵات، ... .

شوێنە گشتییەکاندا کاسێت و قەوانی گۆرانی فۆلکلۆری کوردییان لەناو دەبرد[17]، تەنانەت ناوی شارۆچکەی کوردی وەک دێرک کرا بە "المالکیە"ی عەرەبی، و چەندین ساڵە سەرانی پارتی دیموکراتی کوردی ـ سووریا بە تاوانی "دژایەتی لەگەڵ عەرەب" خراونەتە زیندان(١٨). لەهەمان دە ساڵی دواییدا نزیکەی ۳۰.۰۰۰ کورد ناوچەکانیان جێهێشت و بۆ کارکردن گەیشتنە لوبنان و شارەکانی ناوەوەی وڵات. هەروەها چەپاوڵییەکەی میری زەمینە خۆشکەر بوو بۆ ئەوەی زۆر کورد ئەو ناوچەیە جێبهێڵن و لە حەڵەب نیشتەجێ بن.

ڕاستە کە چەند نمایندەیەکی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردن، بەڵام نوێنەری کورد نین، چونکە بەپێی ڕەوشی میری گشت هاوڵاتییانی سووریا عەرەبن. گشت دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کۆماری عەرەبی سووری خۆ لە بوونی کورد (یان هەچ گرۆیەکی ناعەرەبی تر) گێل دەکەن، و بەوەی کۆمارەکەیان "عەرەبی"یە دەبێت کوردەکانیش هەر "عەرەب"بن.

بەڵام "سەرۆک حافز ئەسەد" لە ساڵی ۱۹۷٦وە بە بڕیار پرۆژەی ڕاگوێزانەکەی ڕاگرت و فەرمانی داوە کە هیچ شتێک لاقەنەکرێت. بەوە تاڕادەیەک پەژارە لەسەر دڵی کوردانی جەزیرە لاچووە، و دروستکردنی گوندی عەرەبی لەسەر خاکی ئەوان وەستاوە[18]. لەوە بەدواوە ئێزگەی ڕادیۆ کەوتە بڵاوکردنەوەی گۆرانی و مۆسیقای کوردی. لە وڵاتەدا کوردەکان لەجاران پتر هەست بە ئاسایش دەکەن. ئایا دەبێت ئەوە سەرەتای هەڵوێستی چاک بوونی ژیانی کوردی سووریا بێت(١٩) یان دەشێت پلانێکی تەکتیکی بێت و بەهۆی ناکۆکی نێوان دیمەشق و ڕژێمەکەی بەغداوە سەری هەڵدابێت؟

---

17 ـ بەبۆنەی بوونی بنکەکانی پارتی کرێکارانی کورد (P.K.K) لە "بقاع"ی سووری و ناکۆکی ئەو ڕژێمە لەگەڵ ڕژێمی عیراق، ساڵی ۱۹۸۸ ئەو جۆرە قەوان و کاسێتانەم بەرچاو کەوت بە ئاشکرا لە سەر جادەکانی دیمەشق و شاری تری سووریا دەفرۆشران.

18 ـ F و E ـ بەڵام گوندە عەرەبییەکانی لەوەوبەر دروستکرابوون و ئەو کەسانەی لە دۆڵی فوراتەوە گوێزرانەوە بۆ ئەوێ هەر دەمێنن.

# تێڕوانین

١ ـ لە بیست و سییەکانی ئەم سەدەیەدا، ڕۆژهەڵاتناسی فەرەنسی، کە یەکێکبوو لە ئەفسەرە پایەدارەکانی سپای فەرەنسی لە سوریا، جێدەستی خۆی لەو بارەوە جێهێشت. لەوانە لێکۆڵینەوەی سەبارەت بە هەندێک "پەند و وتەی کوردی" (گۆڤاری Revue des ctudes islamiques ، پاریس ١٩٣٧، بەشی ٤، لاپەڕە ٥٠ ـ ٣٠٧) و هەروەها لێکۆڵینەوەیەکی جوانی لەسەر یەزیدییەکان هەیە. نووسینەکانی "باوکی ڕەوانی، تۆماس بوای"یش لە چەند پەرتووکێکدا ڕابوونی کورلتووری نێوان کوردەکانی سوریای دەردەخات. هەروەها "پییێر ڕۆندۆ"ی ڕۆژهەڵاتناس کە ماوەیەک ئەفسەری فەرەنسی بوو لە سوریا، باسێکی دڵگیری لەژێر ناونیشانی"خێڵە کوێستانییەکانی ئاسیای پێش" بۆ جێهێشتین (ڕاپۆرت لەبارەی ڕەچەڵەکناسی ڕۆژهەڵات لەلایەن ئەنیستیتیۆی فەرەنسییەوە لە دیمەشق، بەرگی ٦ ساڵی ١٩٣٧، لاپەڕەکانی ١ ـ ٥٠ کەباسێکی کۆمەڵناسی تێدایە لەسەر خێڵە کلاسیکەکانی کورد. هەروەها( La France mediterranienne et africanine پاریس، سیری ١٩٣٩، بەرگی ٢، بەشی ١، لاپەڕەکانی ٨١ ـ ١٢٦) باسێکی تری ئەوی تێدایە لەژێر ناونیشانی "کوردی سوریا" و بەرهەمێکی تری بڵاونەکراوەی لەوبارەوە هەیە لەژێر ناونیشانی "کوردەکان"، ١٩٣٧، پەرتووکخانەی ناوەندی CHAEM زانکۆی پاریس.

٢ ـ بەگوێرەی گریانی دەزگای ئاماری سووری، لەساڵی ١٩٧٥دا ٧،٣٤٦،١٠٤ کەس بووە و بە بۆچوونی ئەوان ساڵی ١٩٨٠ دەکاتە ٨،٦٢٣،٠٤٤ کەس.

٣ ـ ژمارەی کوردەکانی "کورداغ"مان بەپێی ژمارەی نمایندەکانی ئەنجومەنی میللی سووری داناوە کە چوار کەسن. کە هەریەکەی نوێنەری ٦٠،٠٠٠ کەسە و دەنگ بۆ نوێنەری پێنجەهەم کەمێک کورتی هێناوە.

٤ ـ ژمارەی دانیشتووانی گشت دیمەشق(و دەوروبەری) بەپێی گریانی سەرژماردن بۆ ساڵی ١٩٧٥کردوویەتییە ٨٣٦،٦٦٨ کەس. (F و E ـ دەکاتە ٨٣٦،٦٨٨ کەس).

٥ ـ بەپێی گریانی ساڵی ١٩٧٥ ژمارەی دانیشتووانی جەزیرە لە ساڵی ١٩٧٥دا ٤٤٥،٨٩٩ کەسی بۆ دیاریکراوە. « F و E ـ کردوویەتە ٥٤٥،٨٩٩ کەس ».

٦ ـ ڕینێ دیسسو ( دیاردە مێژووییەکانی سووریای کۆن و باشوور )، پاریس، ساڵی ١٩٤٧، لاپەڕە ٤٢٥. « F ـ ر . دوسو ... ...، گوتنەر (پاریس ١٩٢٧) لاپەڕە ٤٢٥ .

٧ ـ کلۆد کاهین (باکووری سووریا ) ئەنستەتیوٚی فەرەنسی لەدیمەشق، پاریس، ساڵی١٩٤٠، لاپەڕە ٢٨٢، بڕگەی ٢٧. « فارسی و ئینگلیزییەکە نووسیویانە، ... لاپەڕە ٢٧٢ ... » ـ و

٨ ـ سەرچاوەی پێشوو.
٩ ـ سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٢٧٣، بڕگەی ٢٨.
١٠ـ نیکیتا ئیلیسێف، نورەددین ...، ئەنیستەتیوتی فرەنسی لە دیمەشق، دیمەشق ١٩٦٧، بەرگی سێ، لاپەڕە ٨٣٥.
١١ـ لە عەرەبیدا بە قەلا«ی بەرگری» دەگوترێت "حصن" و "الاکراد"یش کۆی کوردە. واتە ئەوە "قەلای دلێرانە" و ئێستا پێیدەلێن "حصن الاکراد".
١٢ـ کلۆد کاهین، لاپەڕە ١٨٦.
١٣ـ کلۆد کاهین، لاپەڕە ١٩٢.
١٤ـ ئیلیسێف، بەرگی ٣،لاپەڕە ٧٢١ـ ٧٢٢.
١٥ـ مینۆریسکی،"لێکۆڵینەوە لە مێژووی قەوقاز "و پاشکۆکەی"، تێبینی لەسەر کوردەکانی کاتی ئەییوبیان)، لەندەن، ساڵی ١٩٥٣.
١٦ـ طەلەب هیلال ( لێکۆڵینەوە لەسەر پارێزگای جەزیرە ... ) دیمەشق ١٩٧٣ «F و E ـ ١٩٦٣ » لاپەڕە ٣ ـ ٥.
١٧ـ سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٤٥ ـ ٤٨.
١٨ـ لەنێویاندا، دەهام میرۆ، کەنعان ئاجید، ئازم میرخان(پارێزەر).
F و E ـ لەوانە داهام، میرۆ، کەنعان عاقد، و ئازم میرکانی یاساناس. سازمانی ئەمنستی نێونەتەوەیی ژیانی دوانە سەرەکیەکەی گەرتە ئەستۆ.
« پێموایە ڕاستی ناوەکان بەمپێیەبن: (دەهام و داهام = دەحجام) و (ئاجید و عاقد = عەگید) و (میرکان = میرخان). ـ و»
١٩ـ ئەوە لە سووریا ڕچاو دەکرێت کە بۆ نواندنی سوشیالیست و هاوچەرخ بوونی خۆی، دەست لە هەڵوێستی قەلاچۆکردنی کورد هەڵدەگرێت و بەشێوەیەکی دەستووری دان بە مافی نەتەوایەتی و زمانیاندا بنێت و لەنێو گەلی سووریدا بایەخ بەکولتوورەکەیان بدەن.

# ٧

# کورد لە یەکێتی سۆڤیەت

## کەندال

بەراستی ئەگەر وردبینەوە لەدابەشبوونی ڕەگەزی هەرێمەکانی ناو سنووری یەکێتی سۆڤیەت کە ئەملاولا ناکۆکن لەسەری، و پەیماننامە مۆرکراوەکەی ساڵی١٩٢١ بەرچاوبگرین کە دەوڵەتی کەمالی و دەزگاکانی ئەرمینیای سۆڤیەتی سنووری نوێی نێوانیانی پێ دیاریکرد، و هەروەها گێڕانەوەی پارێزگەی قارس "بە بەشی زۆری موسوڵمانیەوە"( کە لەڕاستیدا ئەوانە کورد بوون) بۆ تورکیا لەبری دانەوەی شارۆشکەی کومرو(لینینەکانی ئەمڕۆ) بۆ ئەرمینیای سۆڤیەتی. هیچ هەرێمێکی دراوسێ بەکوردستان نابینین زۆربەی دانیشتووانی کوردبن.

وەک هەرێمێکی تایبەت بەکورد لەناو سنووری یەکێتی سۆڤیەتدا هەڵنەکەوت. کۆمەڵگەی کوردی، یان بەشێوەیەکی ڕوونتر، ئاوارەبوویان تێدایە وەک ئەوانەی ئەنادۆڵی تورکی هەڵدران بۆ کۆمارەکانی قەوقاس و ئاسیای ناوەندی وەک ئەرمینیا، ئازربایجان، کورجستان، کازاخستان و قەرقیز و تورکومانستان.

گرووپی ئەو ئاوارە و پەرشبووانە کەم و لەیەک نەچوون، و چونکە لە زەمینەی جوگرافی و کولتووریی جیاوازدا گۆشەکراون دوو هۆی سەرەکی پەیدابووە بۆ لەیەک جوداکردنەوەیان: یەکەم ـ هەرچەندە کوردی یەکێتی سۆڤیەت، بەتایبەتی کوردانی ئەرمینیا بەژمارە کەمن بەڵام لەژیانی کولتووری کوردیدا خاوەن پلەی گرنگ و پایەی بەرزن، و لەدڵی هاو نیشتمانیانی کوردستاندا جێگیر بوون. هۆی دووهەم ئەوەیە کە دیدەنی گۆڕان لەژێر باری سیستێمی سۆڤیەتدا کەوتە ناو کۆمەڵێکەوە، ڕۆژێک لە ڕۆژان دواکەوتووترین گرۆی ناو کوردان بوون. بۆ ئاشنابوونی ئەو بارە (پەنام بردووەتە بەر سەرچاوەکانی میری) کە لە دوو سەردانی ئەمدواییەمدا بۆ قەوقاز ( ئەرمینیا و گورجستان) و کازاغستان و قەرقیزستان کۆمکردنەوە. بەڵام لەبەر ئەوەی بەداخەوە ماوەی سەردانی ئازربایجان وتورکمانستانم نەبوو، زانیاریم سەبارەت بەوانە هەر ئەوەیە کەئەموئەو باسی دەکەن.

**دانیشتووان**

ژمارەی کوردی ئاوارە بە گوێرەی ئاماری سەرژمێری ساڵی ١٩٧٠ لە ئەرمینیا کردوویەتە نزیکەی ٣٧.٤٨٦ کەس. یەک لەسێ[1]ی ئەو ژمارەیە لە یەریڤان دەژین و ئەوانی دی دابەشبوون بەسەر ٢٢ گوندی دوو شارۆچکەی کوردی "ئالاکوێز" و "تالین" [2] و چەند گوندێکی ئاوێتەی کوردی ـ ئازەری وکەمتر کوردی ـ ئەرمەنی. هەمان ئاماری سەرژمێر دەریخستووە کە ٢٠.٦٩٠ کورد لە گورجستان هەن، و زۆربەیان لەشاری تەفلیسدا لەگەڕەکی کوردان دەژین(١). بەشی زۆر لە کوردی گورجستان و ئەرمینیا یەزیدین.

باریان لە ئازربایجان جیاوازە. ئەو پەنجا گوندەی شارۆچکەکانی گولباجار، لاچین، کوباتلی، زەنکلەر و نەخچەوان تا کۆتایی سییەکان بە گشتی کورد بوون، بەڵام ئێستا وەک تێکەڵەیەکی ڕەگەزی دەریدەخەن، و دەزگاکانی ئامار ژمارەی کورد یەکجار ناتەواو دەردەخەن. ساڵی ١٩٢٦ ژمارەی کورد لەوێ ٤٢.٠٠٠ کەس بووە، بەڵام ساڵی ١٩٥٩ ژمارەکانی ئامار پووکاوەتەوە بۆ ٣٠٣ کەس، و ساڵی ١٩٧٠ بوون بە ٥٤٨٨ کەس. ئەوە لەخۆیدا دیاردەیەکی دژ بە ڕەوشە ئاساییەکەی پەرەسەندنی دیمۆگرافییە. گریمان کوردی موسوڵمان بەهۆی ژنوژنخواز و خزمایەتی ناو ئازەرییەکانی برای ئاینیدا توابنەوە، هێشتا مێشک هەرزەگۆیی ئەوتۆ ئەنجام و ژمارەی ئاماری پێ پەسەند ناکرێت.

تا دە ساڵیش لەمەوبەر[3] کاربەدەستانی کۆمار بێ چەندوچۆن بەرانبەر بە کۆمەڵگەی کوردی موسوڵمان (لەلای ئەوان، ئازەری) هەر شۆڤێنییەتی تورکیای مەزنیان بەکار هێناوە کە سەرئەنجام پێویستە "بەلای کەمەوە تا کۆتایی ئەم سەدەیە" بتوێننەوە. ئەوە درێژەی هەمان بیری ڕەگەزپەرستییە کە ساڵی ١٩٢٩ بە مەبەستی هەڵوەشاندنەوەی کۆمارە ئۆتۆنۆمییەکەی کوردستان پەیدا بوو کە ساڵی ١٩٢٣ لەهەرێمی لاچین، گولبەجار ونەخچەوان دامەزرا و "تیشک و ڕۆشنی دایەوە بەسەر گشت گەلی کورددا"(٢). چۆنێتی و مەبەست لەو هەڵوەشاندنەوەیە تائێستا

---

1 ـ E ـ هەمانە. و F ـ دوو لە سێی ئەو ژمارەیە ... .

2 ـ E ـ ... (Kurdskij rajon) ....

« کوردستانسکی ئویەزد، لەپێنج دایەرە، یا مەڵبەندی سەرەکی پێکهاتبوو کەئەوسا ناویان کەڵبەجەر، کوردحاجی، موورداخانلی، قەرەقشلاغ و قوتورلی بوو. بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٢٦ ژمارەی کوردی "کوردستانسکی ئویەزد" بریتی بوو لە٣٧ هەزار و ١٨٢ کەس، کە بەسەر یەکەوە لەصەدا حەفتاو دووی دانیشتووانی ناوچەکەیان پێکهێنا. بەڵگەنامەی ڕەسمی تر هەیە کە بیستەکان لەصەدا ٩٩.٢ی دانیشتووانی لاچین و لەصەدا ٩٩.٥ی دانیشتووانی کەڵبەجەری بەکورد لەقەڵەم داوە" ـ نامیلکەی (پێرێسترۆیکا و کورد)، دوکتۆر کەمال مەزهەر. هاوکاری، ژمارە ١١٣٨، ڕۆژی ١٩٨٩/١٢/٢٥. » ـ و

3 ـ F ـ هەمانە. و E ـ تاکو نزیکەی ساڵی ١٩٦٥ ... .

دەرنەکەوتووە[4].

لەبەر نادروستی ژمارەکانی ئامار ناچارین بە بۆچوونی خۆ ژمارەی دانیشتووی کوردزمان لە ئازربایجانی سۆڤیەتیدا دیاریکەین. بەو پێیەی سەرچاوەکانی کوردی سۆڤیەت دەیگێڕنەوە، ژمارەیان لەنێوان ١٥٠.٠٠٠ و ٢٠٠.٠٠٠ کەسدایە.

دیاردەی ئەوتۆ ناجۆر لە تورکمانستان کە کۆمارێکی تورک و موسوڵمانی تری سۆڤیەتە هەیە. ژمارەی کورد لەسەر خاکی تورکمانستان بەگوێرەی ئاماری سەرژمێری ساڵی ١٩٢٦ کردوویەتە ٢٢.٠٠٠ کەس، بەڵام پاش سی ساڵ براورد کراوە بە ٢٠.٠٠٠ کورد[٣]. ئاماری ساڵی ١٩٧٠یش تەنها ٢٩٣٣ کەسی لێ دەرخستوون. باشە کە کوردی ئەوێ بەدرێژایی ئەو ساڵانە بەر هیچ کۆچ و ڕاگوێزان نەکەوتبن، زۆر ستەمە ئەگەر باوەڕ بەوە بکرێت کە ئەوانە "لەخۆڕا بە تێکەڵ بوون لەگەڵ ئەوان تواینەوە". واتە هیچ گومانی لەوەدا نییە کە کاربەدەستی تورکومانستان ویستبێتیان بە دوو شێوە هەڵوێستی ڕەگەزپەرستانەی سەرەکی باری کورلتووری ئەو نەتەوەیە بسڕنەوە تا هیچ ژێرخانێک نەبێت پێناسەی کورد بوونیان بسەلمێنێت. هەڵوێستی دووهەمیش ئەوەیە کە لە دیکۆمێنتەکانی دەزگا و نووسینگەکانی ئاماردا ئەوانیان بە تورکمان نووسیوە.

سەرچاوی کوردی ژمارەی ئێستای گرۆی کوردزمانی تورکومانستان کە بەکۆمەڵ لە

4 ـ دیارە تائێستایش (واتە پاش پێرێسترۆیکا) کەس لەترسی تانووتی مارکسیبیانی کورد بە تایبەتی و ڕۆژهەڵاتی بەگشتی ناوێرێت لەڕاستی ئەو جۆرە کارەساتە بکۆڵێتەوە، یان پەردە لەسەر ڕاستی ئەو مەتەڵە هەڵماڵێت. ئەگینا لەککەی ڕەگەز پەرست، پاشکەوتە، نۆکەری ئیستیعماو و جۆرەها ناووناتۆرەی تری لەدوا دەنێن. ئەگەرنا، بۆ مامۆستایەکی هێژای وەک "دوکتۆر کەمال مەزهەر" کە یەکێکە لەمێژوونووس و فەرهەنگدۆستە پایەبەرزەکانی کورد، و هەر لەسەرەتای نووسینییەوە زۆر خاڵی مێژوویی شاراوەی نەتەوەکەی دەرخستووە. ئێستا داخی دڵی خۆی دەردەبڕێت و دەڵێت: ( وادیارە ئەو ستالینەی هەموو بە هەستێکی زۆر خاوێنەوە عەمودالی بڕیار و هەنگاوەکانی بووین و کە ڕۆژی پێنجی مارتی ساڵی ١٩٥٣ کۆچی دوایی کرد بەکوڵ بۆی گریاین فیرعەونێک بوو بۆ خۆی. ... پریشکی ئەو ئاگرە دۆزەخی بەکوردی ئازەربایجانیش گرتەوە ساڵی ١٩٣٩ بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی "کوردستانسکی ئویەزد" دەرچوو. زۆری نەخایاند لیژنەیەکی تایبەتی بۆ لێکۆڵینەوەی بارودۆخی نەتەوەیی ناوچە کوردییەکانی ئازربایجان بەسەرۆکایەتی أ. بوکشیان دامەزرا.). گۆمانی تێدا نییە کە تا سەرهەڵدانی پێرێسترۆیکا نەیوێراوە سەبارەت بە هەڵەکانی یەکێتی سۆڤیەت پێ لەجەرگی خۆ بنێت، و ئەمڕۆ، لەکۆتایی نامیلکەی (پێرێسترۆیکا و کورد)دا ئەمەیش دەڵێت: حەز دەکەم لەدوا وشەی ئەم کورتە وتارەدا بڵێم ئەم قسانەی من لێرەدا کردوومن لەمنداڵدانی پێرێسترۆیکەوە نەهاتوونەتە دەر، بەڵکو دەوروبەری سی ساڵ لەمەوبەر، دوای ئەوەی ساڵی ١٩٦١ لەگەڵ دوکتۆر ڕەحیمی قازی خۆیدا چووبمە ناوچە کوردەواریەکانی ئازەربایجانی شووڕەوی. بە هەستێکی خاوێن و دڵسۆزەوە بەشی زۆریم کردە وتارێک و ناردم بۆ کاک ئەحمەد زرنگی سەرنووسەری ڕۆژنامەی "ژین". لەبەر هەر هۆیەک بێ، لێرە یا لەوێ « ؟ »، وتارەکەم نەگەیشتە جێی خۆی [بەڵام لەسەر ئەو "کفرە" گەورەیەم کاتی خۆی سزایەک درام دەروونم هەڵتەکاند]. بەوەی باشە دوکتۆر عیزەددینی هاوڕێم بیری تیژە و ئەوەی لەم بارەیەوە ڕووی دا چاکی بیرە، لەم ڕۆژانەدا لەهەولێری ئازیز پێکەوە یادمان دەکردەوە.

عیشقئابادی پایتەخت و شارەکانی باکیر، بەیرام عەلی و شارۆچکەکانی گوێگ تەپە، کاخکە، قەرەقەلا، تێجین و شوێنی تر(٤) دەژین بە ٥٠,٠٠٠ کەس ئاودەبا.

کوردی کازاخستان لە هەندێک کۆمەڵگەی نزیک بە شاری چیمکنت و شارۆچکەی جەمبول و کەناری ئەلمەئاتە دەژین، و بەگوێرەی دیاردەکانی ئاماری ساڵی ١٩٧٠ ژمارەیان کردوویەتە ١٢,٣١٣. هەروەک ٧,٩٧٤ کورد لە قەرقیزستان دەژی، بەتایبەتی ئەون لە شارۆچکەی ئوچە کۆبوونەتەوە. زۆرم لا سەیر بوو کە بینیم لەگشت ئەو بیابانە بەرفراوانەدا ئەوان ئەو شوێنە شاخاوییەیان هەڵبژاردووە بۆ لەوەڕی ئاژەڵەکانیان کە "بەدەگمەن هەڵدەکەوێت".

تابلۆی خوارەوە ئەو ژمارانەی کورد دەردەخات کە لەبەردەست کوردی کۆمەڵەکانی یەکێتی سۆڤیەتدا هەن.

کۆی کورد لە کۆمارەکانی سۆڤیەتدا

| کۆمار | ژمارەی کورد(١٩٧٠) |
|---|---|
| ئەرمینیا | ٣٧,٤٨٦ |
| ئازربایجان | ١٥٠,٠٠٠ (بە کەمترین گریمانی) |
| جۆرجیا | ٢٠,٦٩٠ |
| کازاخستان | ١٢,٣١٣ |
| گورجستان | ٧,٩٧٤ |
| تورکمانستان | ٥٠,٠٠٠ (بە کەمترین گریمانی) |
| کۆی گشت | ٢٧٨,٤٦٣ |

تێڕوانینی مێژوویی

دوو زەمینەی مێژوویی و سەرەکی هەن تارادەیەک هۆی پەرتەوازەبوونی کوردی سۆڤیەتمان بۆ روونکاتەوە؛ لە نیوەی دووهەمی سەدەی هەژدەهەم بەدواوە هەندێک خێڵی کورد دەیانویست بەرەبەرە سنووری لەوەڕگا کۆنەکانی دەشتی "ئیڤان[5]" فراوانتر بکەن، و پاشان کەوتنە ناو ئازربایجان و لە باکۆ نزیک بوونەوە. بە بەر بەبەر بڵاوبوونەوەیان گوندی کوردی لێرەولەوێ پەیدابوو. دیاربوو کاربەدەستانی تزاری ڕووس ئەو نیشتەجێ بوونەی کوردانیان پێ خۆشبوو، چونکە دەیانزانی چی جۆرە جەنگاوەرن و دەیانویست لەکاتی پێویستدا دژ بەدوو ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و فارسی بەکاریان بێنن. پاشان بەهۆی جەنگەکانی (١٨٢٨ ـ ١٨٢٩، ١٨٥٣ ـ ١٨٥٦، ١٨٧٧ ـ ١٨٧٨)ی نێوان ڕووس و تورک و هەروەها شۆڕشە کوردییەکانی سەدەی نۆزدەهەمی ئەو هەرێمەوە جێ بەکوردان لێ بوو. کورد بە لێشاو پەنایان بۆ ڕووسیای تزاری برد و

---

F ـ 5 ـ دەشتی ئەرمەنستان .... و E ـ دەشتی یەریڤان ....

لەوێ دامەزران. بەزۆری یەزیدییەکان(کە کوردی خاوەن کێشێکی زەردەشتی تایبەتن) لەبەر جەور و ستەمی کاربەدەستی عوسمانی و سەرکردە کلاسیک و ئاینییەکانی کورد هەڵدەهاتن.

هەروەها سەرەتای سەدەی بیستهەمیش کۆچی کور هەر بوو. سەرەتای جەنگی جیهانگیری یەک ژمارەی کوردەکانی پارێزگای یەریڤان گەیشتە ٤٠.١٥٩ کەس، ٣١،٥٪ لەوان نیشتەجێ و ٦٨،٥٪یشی گەڕۆک بوون[٥].

کێش و ئاین دەستی باڵای لە دامەزرانی کوردی ئەم پارچە یان ئەوێتردا هەیە. وەک یەزیدییەکان زۆر دەمێک بوو زەبر و ئەشکەنجەی موسوڵمانانیان چەشتبوو، بەچاکیان زانی لە ئەرمینیا و گورجستانی کرستیان ئایندا نیشتەجێبن، چونکە کەمتر گێرەمەکێشی ئاینییان لەگەڵ دەکردن، و کوردی موسوڵمانیش ڕوویان کردە ئازربایجانی موسوڵمان و بەدەگمەن دەچوونە گوندەکانی ئەرمینی ئازەری نشین.

تەنانەت لە ژێر سێبەری سیستێمی سۆڤیەتیشدا ڕەوشی ئاینی جیاواز کاری کردووەتە سەر چونێتی و ڕادەی پێشکەوتنی کۆمەڵانی کوردی موسوڵمان یان یەزیدی. ئەگەرچی ژمارەی یەزیدییەکان کەمتربوو، بەڵام هەر ئەوان پتر پەیوەستی پێناسەی کوردی خۆیان بوون، و لە پاراستنی تایبەتمەندییە نەتەوایەتییەکانیاندا زۆر گیر بوون تا ئەو ڕادەیەی کۆششی کۆمەڵانی گورجی و ئەرمەنی نەیتوانیوە بیانتوێنێتەوە. بەڵام بار لەلای کوردانی موسوڵمان کە زۆرتر دووچاری توانەوە بوون پێچەوانەی نواند، و هەرچەندە بەژمارە پتربوون لە زەمینە و باری کولتووری سۆڤیەتیدا ئەوان لەپلەی دووهەمدان.

لە ساڵی ١٩١٥ بەدواوە کۆچی کورد کەم بووەوە، و باروودۆخی جەنگی جیهانی و سامناکی ڕژێمەکەی تاشناکی ئەرمەنی کە تا ٢٠ی نۆڤەمبەری ١٩٢٠ دەسەڵاتی لەسەر یەریڤاندا گیربوو. هەروەها وەرچەرخانی باری جەنگەکانی ناوخۆ، و پڕوپاگندەی یاوەرانی سولتان و مستەفاییە «کەمالیست»کانی دەیانگوت گوایە: بەلشەفیک خو و ڕەوشت و ئاین بەخێزان ناهێڵن، و زۆر باری تر ... کاری ئەوتۆی کرد هەندێک لە کوردە کۆچکردووانە بگەڕێنەوە. ئەوەبوو ساڵی ١٩٢٢ لە خودی یەریڤاندا تەنها ٨٩٥٠ کورد مایەوە.

سەرەتا سیستێمی سۆڤیەتی وەک تیغی دوو سەرە کاری دەکردە سەر بناغەی کۆمەڵایەتی کوردەکانی قەوقاس. لەلایەکەوە لەیەکی دابرین و چیتر ژیانیان وەک ئەوانە نەما کە ئەمڕۆ کوردی تێدایە: کوردی کۆچەری نیشتەجێ کرد و وردەوردە کردنی بە کشتکار. منداڵانیان خستنە بەر خوێندن. ژیانێکی نەتەوایەتی نوێی لەناو کۆمەڵی جیاواز و پەرتبووەکان بەرپاکرد. لەلایەکی ترەوە ئەو کوردانەی لە کوردی کوردستان دابڕی، و سنوورە گیرەکەی لەخۆیدا بۆیان بوو بە کاریتەی نێوان دوو جیهان کە ئەوتۆیش هەر بەیەکتر بیانی نەبوون.

بەڵام کوردی ئاسیای ناوەند کە بەگشتی موسوڵمانن ئەوەنییە لە یەک مەڵبەندەوە هاتبن.

کوردی تورکومانستان لەو خێڵە کوردانەن کە شاکانی ئێرانی لە سەرەتای سەدەی پانزەهەمەوە بەزۆر ڕەوانەی ئەوێی کردن تا سنووری ڕۆژهەلاتی ئیمپراتۆرییەتەکەی خوراسانیان بۆ بپارێزن(٦). ( کوردانی بۆ ئەفغانستان ئاوارە کران و ژمارەیان دەگاتە چەندین دەهەزار هەر لەهەمان ڕەچەڵەکن).

وەکتریش، ڕاگوێزانی کوردانی کازاخستان و گورجستان ڕووداوێکی نوێن. لە ڕاستیدا سالەکانی ١٩٣٧ ـ ١٩٣٨ چەند هەزاریان لە کوردی قەوقاس بە گێرەشێوێنی سەر سنوور تاوانبارکرد و هەڵیاندانە ئەو دوو کۆمارەی ئاسیای دوور.

باری کۆمەلایەتی و ئابووری

بە پێچەوانەی هاو نیشتمانییانی کوردستانیان کە میللەتانی سەرکاریان بە نابەدڵی لێیان دەڕوانن و لە باری بەد و ناجۆردا دەژین. لەچاو ئەواندا کوردی سۆڤییەت لە هاوولاتییە هەرە سەرکەوتووەکانی ئەو سیستێمەن. کرێکار و ڕەنجدەر بەوپەڕی تواناوە لە(کۆلخۆز و سۆڤخۆز)دا بە هەرەوەزی کاردەکەن و خاوەن ئاژەڵی تایبەت و کێڵگەی خۆن. بارودۆخی ناوچەیان لەبار و ژیانیان خۆشە.

لەیەکەم ڕوانینە خانووبەرەدا پێشکەوتوویان دیارە: خانووی نوێ و دیواری بە بەردی داتاشراو، یان خشتی سوورە. زۆریان گەرمایی سەنترالّ و هەندێک لەوان تەلەفزنی هەن، و لەگۆشەیەکیشدا تەنووری کلاسیکی خۆیان دامەزراندووە بۆتا نانی خۆماڵی لێ دروست کەن، و زۆری تر .... لە کۆمەڵە هەرەوەزییەکاندا؛ گوندی جادە بەرین و ڕووناکن. زۆری بەجادەی قیرتاو دەگاتە شار. ئاوی پاک و ئەلیکتیک و تەلەفۆنیان لەشارەوە بۆدێ. فرۆشگای خۆراک، قوتابخانەی ناوەندی یان ئامۆژگا، ناوەندی پزیشکی یا ناوەندی تیماری ئاژەڵیان تێدایە و ئەندازیاری کشتوکاڵیان هەیە. لە یانە کولتوورییەکانیاندا پەرتووکخانەی گشتی و سینەمای هەیە و هەندێکیان یاریگایشی تێدایە[6].

پێویستە ئەوە بەرچاوگرین کە کوردی شاریان دوچاری هیچ جۆرە ئەویستی و جیاوازی نەتەوەیی نەبوون، و ئەگەر ژیانیان لەگەڵ هاوولاتییانی هاوتایان بەراورد بکەین ئەوا هیچ کەموکووڕی ئابووری یان کۆمەلایەتییان پێوە دیارنابێ. تەنانەت لەکۆماری ئەرمینیای پێشکەوتوودا بەڕێژە ڕۆشنبیر لەناو هاولاتییانی کورددا پترن وەک لەئەرمەنی ولەپارت و

6 ـ دیارە نووسەر لە باری ژیانی ئەوانەی ئەرمینیاوە ڕوانیویەتەباری ژیانی گشت کوردی یەکێتی سۆڤیەت. گومان لەوەدا نییە کە باری ژیانی کوردانی ئەرمینیا لەبارتر بووە. لەوێدا پیاوەتی سیستێمی سۆڤیەتی نەبووە بەلکوو پیاوەتی خودی گەلی ئەرمەنییە، ئەگینا ئەوانەی پاش پێرۆسترۆیکا لەڕووسیاوە هەلهاتن بەپێچەوانەوە باسی ئەو بەهەشت و ژیانە خۆشەی کوردی کۆمارە موسوڵمانەکانی سۆڤیەت دەکەن. « و »

لەدەزگاکاندا خاوەن پلە و پایەی بەرزیان هەیە. مەگەر چۆنها رێژەی کورد لەئەرمینیا بگاتە ١٪ی دانیشتوانی کۆمار، ئەوتۆیش هەر یەک ئەندامی کورد لەکۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی ئەرمینیا[7] هەیە. لە ئەنجومەنی سۆڤیەتی بالا و ئەنجومەنی نەتەوەکانی سۆڤیەتیش کورد هەن، و سێ لەوان گەیشوەتە پلەی بریکاری شالیارەکانی (گواستنەوە، ئابووری لادێ وداد)(٧)

کەم یان زۆر باری ژیانیان لە کۆمارەکانی تریش هەر هەمانە، و سەرەرای رێژەی نزمیان هەر کورد پلەوپایەی بەرزیان هەیە( بۆ نمونە شالیاری ئاودێری کازاخستان کوردە) و کوردی زۆر هەن لەزانکۆکانی کازاخستان وانە دەڵێنەوە.

## باری کولتووری

پێشکەوتنی بارەی کولتووری کۆمەڵگەی کوردی لەیەک دوور، و هەندێکیان دابڕاو، و لە بارودۆخی جیاوازدا دەژیاو هەریەکە و بەشێوەیەکن. بەڵام بەشێوەی گشتی رێرەویان جیواز نییە. دیارە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی: هەر لە سالآنی سییەوە نەخوێندەواریان بنبڕکردووە، ئەوە لەکاتێکدا سەرەتای شۆڕشی ئۆکتۆبەر تەنها رێژەی ١٪ خوێندەوار بوو. زۆریان لەگەڵ کردن منداڵ رەوانەی بەر خوێندن بکەن و گەورە و هەرزەکاران فێری خوێندن بێن. سەرەتا مامۆستا و کادیرەکانیان بە کۆرسی شەش مانگی خەست ئامادە دەکرد. کە ئەو پرۆژەیە سەریگرت و پسپۆریان تێدا پەیدا بوو، بەزۆر خوێندنی چوار سالیان بەسەردا سەپاندن. ئەوجا خوێندنیان بۆ کردن بە حەوت ساڵ و پاشتر بە دە ساڵ.

دیموکراتیزەکردنی خوێندن بۆ گشت و ماوەدان بە فێربوون بێگومان لە بەهرە بایەخدارەکانی سیستێمی سۆڤیەتییە. "قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری" نێوان سالآنی ١٩٣٠ تا ١٩٣٧ لە گەرمەیدابوو، بەڵام گشت شوێنێک وەکیەک نەبوو. بۆ فێرکردنی نەخوێندەوار لە ئەرمینیا و گورجستان و تارادەیەک خوێندن و نووسین لە ئازربایجان بەکوردی نەبوو، بەڵکوو ساڵی ١٩٢١ یەکەمین ئەلفوبێی کوردییان بە پیتی ئەرمەنی نووسییەوە و ئەویان بەگونجاو زانی تا ١٩٢٩ کە ساڵی بەکارهێنانی پیتی لاتینی بوو بۆ زمانی کوردی و لە ١٠ قوتابخانەی سەرەکی ئەرمینیا و گورجستاندا کەوتنە بەکارهێنانی(٨).

ساڵی ١٩٣٧ لەکۆماری ئەرمینیا ژمارەی قوتابخانەی کوردی گەیشتنە ٢٧. هەروەها لە یەریڤاندا یەک (ئامۆژگای تەکنیکی بۆ راهێنان لەسەر ئاستی گشت قەوقاس) کرایەوە بۆ پێگەیاندنی مامۆستا، و ئامۆژگای کرێکارانی سەر بە ئەنستیتیوتی رۆژهەلاتناسی لینینگراد

7 ـ بۆ هەڵبژاردن و بەرزبوونەوەی پلە لە پارتێکی نومەمی وەک پارتی کۆمۆنیست دەبێ بە گوێرەی رەگەز و نەتەوەی ئەندامانی بێت یان بەپێی چالاکی و رادەی زانیاری؟ خۆ بەدرێژایی بوونی پارتی کۆمۆنیستی عیراق، زۆربەی سەرکردە و ئەندامەکانی کۆمیتەی ناوەندی کوردبوون، چیمان لێ هەڵگراندن؟ « و »

لەژێر چاودێری "تۆریبلی" ئەکادیمیستدا یەکەمین تاخمی پسپۆڕی زمانی کوردی دەرخست و خستیانە زەمینەی پەرەپێدانی کولتوور و زانستی نەتەوەیی خۆیان(٩). لە سییەکاندا تاڕادەیەک گشت وانەی خوێندنی قوتابخانە کوردییەکان بوون بە کوردی، و پتر لە سی پەرتوک لەجۆری پەرتووکی وانەیی (ماثماتیک، جوگرافیە، کشتوکاڵ، فیزیک، زانیاری سروشتی، پەروەردەی ئاژەل و هتد ...) لە ئەرمینیا بەچاپ گەیشتن. هەروەها هەندێک کورتە چیرۆک و هەڵبەستی لە ئەرمەنی و رووسییەوە وەرگێڕدراو بلاوکرانەوە، و هەندێکیش بلاوکراوەی ڕامیاری و زانیاری لەسەر ژیاننامەی مارکس، ئینگلس و لینین، و مەنافێستی سەرەکی کۆمۆنیست و فەرهەنگی "ئەرمەنی ـ کوردی" بەچاپ گەیشتن. یەکەمین بەرهەمی کولتووری کوردی سۆڤیەت ئەوی عەرەبی شامۆ بوو کە ساڵی ١٩٣٥ پاڵاوتەی بیری خۆی بە چیرۆکی (شوانی کورد)دەربڕی و لە ١٩٣٦دا کۆمەڵێکی چیرۆک و داستان و لاوکی خۆماڵی چاکی وەک(فۆلکلۆرا کرمانجا) بەچاپ گەیاند[8].

لە ئازربایجان، کاتی کۆمارە (تەنها لەسەر قاقەز ؟) سەربەخۆکەی کوردستان (١٩٢٣ ـ ١٩٢٩) هیچ جۆرە پەرتووکێک بەکوردی بلاونەکرایەوە، و هیچ خوندگەیەکی کوردی تێنەکەوت، و پرۆژەی قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری بە زمانە تایبەتەکەی ئازەربایجان بوو. مەگەر چۆنها کوردی بخوێنرایە. یەکەمین پەرتووکی کوردی باکۆ ساڵی ١٩٣٠ لەچاپدرا ئەویش ئەلفوبێی کوردی بوو، لەوەبەدواوە ساڵی یەک یان دوو پەرتووک بەزمانی کوردی دەردەچوو تا بەهەڵکەوت لە ساڵی ١٩٣٧دا یەک دەرزەن پەرتووک دەرکەوتن(١٠).

لە تورکمانستان، ئەو کۆمەڵە مەزنەی کورد نەیتاونی چیتر لەو چەند پەرتووکە بێبایەخەی ساڵانی ١٩٣٣ ـ ١٩٣٥ بەولاوە بەچاپ بگەیەن. لەوێیش تورکی(کە زمانی دەربارە) لە ئازربایجان قورستر بەکاردێن بۆ پرۆژەی قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری. شایانی باسە کە لە ساڵی ١٩٣٨وە* تاکە یەک پەرتووکی کوردی لە تورکمانستان و هەروەها ئازربایجان دەرنەکەوت و هیچ خوێندگەیەکی کوردیش لەسەر خاکی ئەو دوو کۆمارە نەکراوەتەوە[9].

لەئەرمینیا کە لەژیانی کوردی سۆڤیەتدا بە ناوەندێکی کولتووری دەژمێردرێت هیچ پەرتووکی کوردی لەنێوان ساڵانی ١٩٣٧ و ١٩٤٦ دەرنەکەوت[10]. ئاشکرایە سۆڤیەت لەوماوەیەدا

8 ـ ناوی عەرەبی شامۆ، و (فۆلکلۆرا کرمانجی)ـم لەسەر فارسی و ئینگلیزییەکە نووسیوە چونکە عەرەبییەکە ئەوانەی بەهەڵە نووسیوەتەوە. « و »

* ـ دیارە وەرگێری فارسییەکە لێرەدا لێی چەواشە بووە، لەبری ساڵی ١٩٣٨ی ئەم بڕگەیە و ١٩٣٧ تا ١٩٤٦ی بڕگەی پاشی نووسیویەتی (١٩٣٧ تا ١٩٤٨) و دوا سێ دێری ئەم بڕگەیە و نزیکەی دوو دێری بڕگەی پاشی لێ پەڕاندووە. « و »

9 ـ ئەمە لەخۆیدا وڵامە بۆ تێبینی ژمارە ٦ی ئەمبەشەمان. « و »

10 ـ E ـ هەمانە. و F ـ ... ١٩٣٧ تا ١٩٤٨.... « ئەرمینیای دەستنیشان نەکردووە. ـ و »

هەڵوێستی (بایەخدان بە نەتەوایەتی)خامۆشکرد. کار لەوەدا نەبوو پێداویستی جەنگ کاریکردبێتە سەر ئەو بارە. وەکتریش ماوەیەک پاش جەنگ بەرهەمی کولتووری نەتەوە ناڕووسەکان لەچاو ماوەی پێش ١٩٣٨ یەکجار نزمبوو. ئەوەبوو کورد نەیتوانی ساڵانە لەیەک یا دوو « E و F ـ دوو یان سێ » پەرتووک بەولاوە لەچاپدەن، ئەویش گشتی لەبارەی ڕێزمان، وێژە و فۆلکلۆرەوە بوو. ئەوجا "بۆ پتر زرنگ کردنی منداڵی کورد" کەوتنە بەکارهێنانی ئەلفوبێی "سیریلک[11]" ئەویش "لەبەر چەواشە نەکردنی منداڵانی کورد کە دەبوو لەو مەڵبەندانەی تێیدا دەژین لە گورجستان یان ئەرمینیا خوێندنیان بە پیتی گورجی یان ئەرمەنی بێت". دەبوو لە خوندگەی کوردیدا تەنها ڕێزمان و کولتووری کوردی بە زمانی کوردی بخوێنن، و وانەکانی تر هەر بە ڕووسی یان ئەرمەنی و گورجی.

پاشان لەسەردەمی "خرۆشیێف"دا هەندێکیان بایەخدا بەباری نەتەوایەتی و"کەوتنە چارسەرکردنی هەڵە و ناجۆرییەکانی سەردەمی ستالین". ئەوەبوو ساڵی ١٩٥٧ دوانزە پەرتووک بە زمانی کوردی دەرکەوتن، یەکێک لەوانە فەرهەنگێکی ٣٠.٠٠٠ وشەیی کوردی ـ ڕووسی بوو لە نووسینی ئا. ئو. فاریزۆف ـ ئەوە لەخۆیدا نابەرانبەری ئەوبارە دەردەخات بەرانبەر بە ساڵی ١٩٥٦ کە تەنها یەک پەرتووکی ڕێزمانی تێدا دەرکەوت.

کۆی گشت ئەو بەرهەمانەی لە کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەتدا بە زمانی کوردی دەرکەوتن لە ١٩٢١وە تا ١٩٦٠ تەنها ٢٣٨ پەرتووکن و بە دانە ٣٧٠.٠٠٠ یان لێ چاپ کراوە(١١). وەک ئەوەی ژمارەیەکی یەکجار کەمە، بەڵام بە لەرچاوگرتنی سەرەتای مێژوویی ئەو هەنگاوەی کورد لە سۆڤیەت و بەراورد کردنی لەگەڵ ئەو دە پەرتووکەی چەند ملیۆن کوردی تورکیا بە درێژایی نیو سەدە توانیویانە بینووسن زوور بایەخدارە.

کوردی ئەرمینیا و گورجستان و تارادەیەکیش کوردەکانی کازاخستان و قەرقیزستان ئەمڕۆ خاوەن مافی کولتوورین، و لە گوندە کوردییەکاندا زمان و کولتوور بە کوردی دەخوێنن. بەڵام لە گوندی تێکەڵدا مەرجە ژمارەی قوتابییان لە پێنج پترین ئەوجا بۆکەسووکاریان هەیە وانەیان بە زمانی زگماکی و کولتووری خۆیان بۆ بخوازن، و ئاوات بێتەدی. پەرتووکی گشت وانەکان لەدەزگای چاپەمەنی ئەرمینیاوە دەردەچێت. و بەهەمان شێوە بەرهەمی وێژەر و پەرتووکەکانی ئەندامانی بەشە کوردییەکەی یەکێتی نووسەرانی ئەرمینیا و گورجستان. لەو بڵاوکراوانەدا بایەخی تایبەتیان داوە بە هەڵبەست، هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە بەشی فۆلکلۆری و چیرۆک و لێکۆڵینەوە و شانۆگەری و زۆری تریان تێکەوتووە.

11 ـ E ـ هەمانە. و F ـ ... لاتینی ... « "Cyrillic" شێوە تایبەتێکی نووسینە لەکۆندا پیر "سیریل" دایهێناوە، تا ئێستایش شێوەی نوێکراوی ئەو لە سربیا و بولگارستان و ولاتانی یەکێتی سۆڤیەتی لەمەوبەر بەکاردێن. » ـ و.

لە مارسی ١٩٣٠وە ڕۆژنامەیەکی نیوە حەفتەیی لە یەریڤان بە قەوارەی چوار لاپەڕە لە ژێر ناوی "ڕێیا تازە" وەک ئۆرگانی پارتی کۆمۆنیستی ئەرمەنی دەرکەوت، و سەرەتا ٦٦٠ دانەی لێ چاپدەکرا. لە ساڵی ١٩٤٦ بەدواوە پیتی ئەو چاپەمەنییەیان کرد بە سریلیکی و ئێستا ٥.٠٠٠ دانەی لێ بەچاپ دەگا[١٢]، و لە ١٩٥٦ بەدواوە ڕادیۆی یەریڤان کەوتە بڵاکردنەوەی پرۆگرامێکی کوردی بەرز (ماوەی بڵاوکردنەوەی ئێستای لەڕۆژێکدا ٩٠ خولەکە) لەگشت کوردستان دەبیسترێ و بووەتە هۆی هاوپەیوەستی کۆمەڵگەی کوردانی یەکێتی سۆڤیەت.

کار تەنها لەوێدا نەوەستاوە کە کولتووری چاک و لەبار بۆ کوردانی سۆڤیەت ڕەخسابێت، بەڵکوو زۆرجار لە ئەنستیتیۆکانی ڕۆژهەڵاتناسی لینینگراد، مۆسکۆ، یەریڤان، و تارادەیەکیش باکۆ، تفلیس و تاشقەند وانەکانی مێژوی زمان و کولتووری کۆنی کورد بە کوردی دەگوترێنەوە. ئەوە لەخۆیدا بەهرەیەکی مەزنە بۆ کولتوور. چالاکی جەنگاوەرانی کوردی عیراق زۆری کار کردووەتە سەر بەرهەم و کۆششە زانیارییەکەی خوێندکارانی کوردی ئەوێ.

لەوانەیە مرۆڤ ئەوەی بکەوێتە دڵ کە:ئایا دەشێت کوردانی سۆڤیەت پاش شەست ساڵ دووری لە نیشتیمان جگە لەزمان هیچ مایەیەکی تری هاوبەشیان لەگەڵ هاونیشتیمانییەکانیاندا مابێت؟ گومان لەو ڕاستییە ناکرێت، کە لەو ماوەیەدا کومەڵەیەکی تایبەت و خاوەن بیروهۆشی تایبەتیان لێ پەیدابووە، دلێری بەناوبانگیش لەناو ئەواند هەڵکەوتووە، بۆ نموونە یەکێکیان کوڕی سەرەک خێڵی کوردی دوورخراوەبوو بۆ سیبیریا و ناوی فەریق پۆلاتبیگۆف. ئەو لاوە وێژەر و شۆڕشگێڕە لەکاتی جەنگی ناوخۆییدا بوو بە سەرکردەی لەشکری سووری سیبیریا و کاتی جەنگ بەدەستی سپییەکان کوژرا، ئەمڕۆ لە کوردستان کەس نازانێت ئەوە کێیە[١٣]. بەهەمان شێوە زۆر نووسەر و وێژەری بەناوبانگ لەناو کوردی یەکێتی سۆڤیەت هەن «لەکوردستان نەناسراون».

ئەوە شتێکی سروشتییە کە گشت جۆرە پاشکۆ بەرهەمێکی کولتووری کۆن بوونەتە ڕشتە و ئەو کۆمەڵەی بە نیشتمانی سەرەکی خۆیەوە بەستووەتەوە. منداڵ، یان نەوەی منداڵانی "ئاوارە" و "دوورخراوە"کان ناوی گشت ئەو گوند و لەوەڕگە شاخاوییانەیان لەبەرە کە باوباپیرانیانی لێوە هاتوون، و دەیشزانن ئەوان سەر بە چ خێڵێک بوون. خو و نەریتی ـ بەتایبەتی جلوبەرگی کوردی کۆچەری ـ سەرەتای ئەم سەدەیە کە ئێستا لەکوردستان گۆڕاوە، لای کوردانی سۆڤیەت هەر باو و پیرۆزە، چونکە ئەوان وادەزانن لەیادکردنی ئەوانە دەبێتە هۆی تواندنەوەیان. ئەگەرچی زۆر پەیوەست و سپاسگوزاری سیستێمەکەیانن، بەڵام ئەو کوردانە هەر پەرۆشی پەیامی "کوردستان"ـن، و هەر چاویان لەڕێی گەڕانەوەیە و بەئاواتەوەن ڕۆژێک بێت چمکێک لەئەرکی پێشخستنی ئەو بگرنە ئەستۆ. کوردی سۆڤیەت هەمیشە گوێ لە نیزگەی پێشمەرگە کوردانی عیراق (دەنگی کوردستانی ئازاد) دەگرن، و پەیوەندی بەهێزیان هەیە لەگەڵ ئەو خوێندکارە

کوردانەی لە عیراق و سووریاوە هاتوونەتە زانکۆکانی سۆڤیەت. من هەستم بەوەکرد کە لە هەمان ڕۆژی خۆیدا ڕووداوە جۆربەجۆرەکانی کوەردستان دەبیسن.

سەرەڕای گشت ئەوانە، وێنەی بارزانیم لە ماڵە کوردی ئەویدا بینی؛ "زۆریان لەو کۆمۆنیستە پایەدارانەی قەرقیزستانی هاوسنوور لەگەڵ چین بوون تا دەگاتە گورجستان". کە لەیەکێک لەو کوردە کۆمۆنیستانەم پرسی: چۆنە وێنەی بارزانی هەڵدەواسن؟ وەڵامی دایەوە و گوتی: بێگومان ئێمە دەزانین کە بارزانی هیچی بەسەر ڕەوشە شۆڕشگێڕانەکەی کۆمۆنیستییەوە نییە، ئەو کەسێکی کۆنسەرڤاتیڤە بەڵام لەدڵی ئێمەدا وەک دروشمێک جێی خۆی کردووەتەوە، ئەو دروشمەیش کوردایەتییە. کاتێک مرۆڤ سەردەکات بەماڵماندا یەکسەر دەزانێت هاتووەتە ناو ماڵەکورد". هەروەها لەسەری ڕۆیشت و گوتی: دیارە لەم ماوەی سەردانەتاندا ئەوەتان بیست کە هەرهەمووومان ماوەی چەندڕۆژ پرسە و ماتەمینیمان بۆ شکستی شۆڕشەکەی کوردی عیراق دانا.

لەپایانی باسدا دەتوانم دەریبڕم کە کوردەکانی سۆڤیەت، ئەو ئاوارە، دوورخراو و ئازار چەشتووانەی کۆمەڵگەی کوردی ڕابوردوو، ئەمڕۆ بەختەوەرترین و ڕۆشنبیرترین کۆمەڵی گەلی کوردن. هەرگیز پێشکەوتنی ئابووری کارێکی ئەوتۆی نەکردوونەتە سەر تا ببن بە "ڕووس"، یان پێناسەی نەتەوەیی خۆیان بزرکەن. لەڕاستیشدا نەدۆڕانی ئەو پێناسەیە تەنها لەلای ئەوانەی ئەرمینیا و گورجستانە.

گەربێت و دەسەڵاتدارانی سۆڤیەت کارێک بکەن کوردەکانی ئازربایجان و تورکمانستان هەمان شێوە مافی کولتووری کوردانی ئەرمینیا و گورجستانیان بدرێتێ، ئەوا باری ژیانی کوردی سۆڤیەت زۆر چاکتر دەبێت. زۆریش چاکتر ئەوەبوو کاربەدەستان ئەو کۆمەڵە کوردە پەرشوبڵاوە لەیەک شوێندا کۆبکەنەوە. خۆ ئەگەر کۆمارێکی ئۆتۆنۆمیشیان بۆ پێکەوە نەنێن، بەلایکەمەوە بوونیان لە هەرێمێکدا بەژمارە زۆربوونیان لەخۆیدا گرنگی دەبەخشێت.

# تێڕوانین

١ـ ئەو کوردانەی لەگەڵیاندا دواین دەربانبڕی کە ساڵی ١٩٧٥ لە ئەرمینیا ژمارەیان نزیکەی ٤٨،٠٠٠ بووە و لە گورجستان ٣٥،٠٠٠. هۆی جیاوازی نێوان ژمارەی ڕاستی ئەوان و دیاردەکانی ئامار ئەوەیە کە زۆری کوردە یەزیدییەکان باری نەتەوایەتی خۆیان بە یەزیدی نووسیوە نەک کورد، و کوردە موسوڵمانەکانی دیهاتی ئازربایجانیشیان بە ئازەری.
٢ـ ئا، بۆکشپان، (کوردانی ئازربایجان) باکۆ، ١٩٣٢، لاپەڕە ٨.
٣ـ ت، ک باکییێف، (زمانی کوردانی تورکمانستان) مۆسکۆ ١٩٦٢ لاپەڕە ٣.
٤ـ هەمان سەرچاوە.
٥ ـ ک.م چاتۆییێف(کورد لەئەرمینیای سۆڤیەتی) یەریڤان، ١٩٦٥، لاپەڕە ٢٢.
٧ ـ مەبەست بەتایبەتی سەردەمی شا ئیسماعیلە(١٥٠٢ ـ ١٥٢٤) تا سەردەمی شا عەباس (١٥٨٧ ـ ١٦٢٩) و نادر شا (١٧٣٦ ـ ١٧٤٧*). هەر بەتەنها شا عەباس ١٥،٠٠٠ کوردی هەڵداوەتە خوراسان. ـ بڕوانە پەرتووکی باکییێف لاپەڕە ٣. « * ـE ـ هەمانە. و F ـ ١٧٧٤ »
٨ ـ "مەحموودۆڤ"ی کۆنە شوان، یاریدەری شالیاری گواستنەوە و نووسەری پەرتووکی "مێژووی کورد و کوردستان"ە بە زمانی ئەرمەنی، هەروەها ئەندامی بەشی کوردی یەکێتی نووسەرانی ئەرمینیا. سەمەندی سیابەند کە یاریدەری شالیاری ئابووری لادییە، کوڕی باریەرێک بوو، بەوەی لەجەنگی "مینسک"دا پارێزگاری لە مۆسکۆ کرد و دلاوەری نواند، ناوی قارەمانی یەکێتی سۆڤیەتی پێدرا". دەستی نووسینی کوردی هەیە، و ئەندامە لە کۆمیتەی هونەرە جوانەکانی کورد.
٨ ـ پێڕستی پەرتووکە کوردییەکانی سۆڤیەت، ١٩٢١ ـ ١٩٦٠، یەریڤان ١٩٦١ لاپەڕە ١٠، بەکوردی و ڕووسی.
٩ ـ هەمان پەرتووک.
١٠ـ بۆ پتر وردبوونەوە بڕوانە پێڕست«ی ناوبراو».
١١ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو.
١٢ـ ک.م. چاتۆییێف، لاپەڕە ١٤٣.
١٣ـ لەنێو بەرهەمە زۆرەکانی لەسەر ژیانی ئەو شۆڕشگێڕە نووسراون دوو لە تازەترینی دەخەینە ڕوو؛ سالنیکۆڤ فیودۆر لیتکین (فەریق پۆلادییێکۆف)، مۆسکۆ ١٩٧٦، لاپەڕە ١٢٧. و پەرتووکە کوردییە گرنگەکەی سندی نووسیویەتی، "هەواری". یەریڤان١٩٦٧، لاپەڕە ٣٩٤.

# بەشی دوو

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە
**ئەنداز حەوێزی**

# پێشەکی

کاتی وەرگێڕانی بەشەکانی ـ ۸، ۹، ۱۰، ۱۱ ـ ئەم
پەرتووکە لە ئنگلیزیەوە بۆ کوردی، بیرم کشا بەرەو...

## کورد و کوردستان لە سەدەی ۲۱دا

وەک هەموو نەتەوەکانی تری جیهان، نەتەوەی کوردیش چاوەڕوانی ساڵی ۲۰۰۰ و سەدەی ۲۱ دەکات. ئەم چاوەڕوانیەش یەکێکی وەک منی زادەی نیوەی دوەمی سەدەی بیستەم، سێ جەنگ دیدە، سێ جار ئاوارەیی، سێ جار پەنابەری، چل ساڵ ئیهانەتکراو، دابڕاو لە ڕەگ و ڕابوردوو، دوورە وڵات و بێدەوڵەت، ناچاری ئاوەڕدانەوەیەک دەکات لە خەباتی سد ساڵەی کورد. بۆ من،چەندین پرسیاری وەک چیمان کرد؟ چۆنمان کرد؟ بۆ کێمان کرد؟ و بۆ چیمان کرد؟ لە باوەشی چاوەڕوانیی ساڵی ۲۰۰۰دا خەملیوە و ئارەزووی پرسقی دوور لە ئارایش و لێڵی دەکەن. تۆ بڵێی لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا وامان لێ بێت کە بەر لەوەی ئەنگوست بۆ خەڵکی تر ڕاکێشین و کورتەکی تەپوتۆزاویمان بەسەریاندا داتەکێنین، بتوانین ڕووی ئەنگوست لە خۆمانکەین و خۆمان هەڵسەنگێنین؟

۱

کوردستان، کە بەشێکی میسۆپۆتامیا، ئەناتۆلیا و زنجیرە چیای زاگرۆس دەگرێتەوە، بێشکەی چەندین ژیاری گرنگ و دێرینی مێژووی کۆنی مرۆڤ بووە. تایبەت مەندی تۆپۆگرافیای ئەم ناوچەیە بە چیای بەرز و ڕوباری بەرینیەوە هەمیشە وڵاتەکەی بەش بەش کردووە، و لە هەربەشێکیدا هۆزێک و ژیارێک و داستانێک دەبینینەوە، کە لە هەمووی مەزنتر یەکەم دەوڵەتی فیدرالی ئەو هۆز و ژیارانە بوو، دەوڵەتی ماد.

دەوڵەتی ماد، کە ئەنجامی پرۆسێسێکی ۳۰۰۰ ساڵەی مێژوو بوو، چەند دیاردەیەکی نوێتی بە مێژووی ناوچەکە بەخشی؛

۱ ـ یەکەم فیدراسیۆنی هۆزانەی سەرتاسەری خۆویستانە بوو، کە هەموو زاگرۆس و ئەناتۆلیا و میسۆپۆتامیای گرتەوە و نەخشەیەکی دیاری جوگرافی دروستکرد، بەناوی وڵاتی ماد.

۲ ـ بەدیهێنانی زمانی هاوبەشی نەتەوەیی،کە لە ڕێگەی چینی موغان و دینی زەردەشتیەوە هەموو بەشەکانی کوردستانی دێرینی گرتەوە.

۳ ـ بەدیهێنەری نەتەوەیەکی نوێ بوو، لە تێکەڵە فرە هۆز و ژیارەکانی ئەو سەردەمە، بەناوی

نەتەوەی مادەکان. کە تاکە نەتەوەبوو لە ئەنجامی پرۆسەی پێک تێکەڵبوونی هەموو ڕەگەزەکانی ناوچەیەکی جوگرافی وەها مەزنی وەک وڵاتی ماد پێکهات. چونکە بەر لە ماد لە ڕۆژئاوای ئاسیادا چەندین ئیمپراتۆریەت پێکهاتووە، بەڵام هیچیان نەبوون بە جامی پێک تێکەڵ بوونی ژیار و زمان و دیینە جیاوازەکانی دانیشتوانی وڵاتەکە وەک دەوڵەتی ماد کە ئەنجامی پرۆسێسەکەی زمانێکی نوێ و دینێکی نوێ و نەتەوەیەکی نوێ بوو.

ئەم دەوڵەتە، واتە دەوڵەتی مادەکان، دوا (دەوڵەتی نەتەوە) بوو لەو ناوچە مێژوویە گرینگەدا، تا کۆتایی هاتن بە جەنگی جیهانی یەکەم . لەبەر ئەوەی پاش دەوڵەتی مادەکان، زەمانی دیناستییەکان، واتە دەوڵەتی خێزانی، دەستی پێکرد. وەک دیناستی هەخامەنشەکان، سلوکیەکان، و پارث ... هتد. تا سەرهەڵدان و پەیدا بوونی دەوڵەتی مادی دووهەم کە لەمێژوودا بە دەوڵەتی ساسانی ناسراوە. گرنگی دەوڵەتی ساسانی لەوەدابوو کە (پادشای موغ) سەرۆکی بوو، واتە یەکەم دەوڵەتی دین بوو لە ناوچەکەدا کە تێیدا ڕابەری دین، سەرۆکی دەوڵەتیش بوو. ئەم مۆدێلی دەوڵەتی موغانە، بەمیرات، بۆ دەوڵەتە ئیسلامیەکان مایەوە و پاش خەلیفە ڕاشدیەکان، دیسان(هەر وەک سەردەمی ساسانیەکان) پادشایەتی(خێزانی دینی)، واتە ئەو خێزانەی کە بەناوی دینەوە فەرمانڕەوایی دەکات، پەیدا بووەوە.

جا لە ئەمەویەکان، عەباسیەکانەوە بیگرە،تا دوا خێزانی قاجار و عوسمانی پێش جەنگی جیهانی یەکەم و کاتی ئەو جەنگە، هەموویان لەم بابەتە دەوڵەتە بوون کە نوێنەری دینێک بوون نەک نەتەوەیەک. هەر بۆیەشە، کە لەپاش دەوڵەتی مادەوە دەوڵەتی نەتەوەیی کوردیی دروست نەکراوە، چونکە لەپاش زەمانی مادەوە باو، باوی دەوڵەتی خێزانی بوو، کە شانامەی کوردیش پڕە لەو دیناستیانەی کە (لە هەموویان مەزنتر، دەوڵەتی ئەیوبیی بوو) تا لەناوبردنی دوا ئیمارەتی کوردی لە سەرەتاکانی ۱۹۰۰دا لە ئێراندا بەردەوام بوون (ئەمەش لەخۆیدا وڵامی هەموو ئەوانەیە کە دەڵێن کورد دەوڵەتی نەبووە) .بەڵێ لەو ناوچەیەدا دەوڵەتی نەتەوەیی نەبووە، بەڵکو خێزان سەرکردایەتی دین و دەوڵەتی گرتۆتەدەست و بەناویانەوە فەرمانڕەواییان کردووە ، نەک بەناوی میللەتی عەرەب و تورک و فارسەوە.

ئەوەی بۆ مێژووی خاکی کوردستان گرنگ بێت لەم قۆناغەدا، ئەوەیە کە هێزی ئابووری دەوڵەتی کلاسیکی کۆن پەیوەندی بەفراوانی خاکەوە هەبوو. بۆیە دەوڵەتە کۆنەکان هەمیشە هەوڵیان داوە گەورەتر بن و یەکتری لەناو بەرن. ئەم کارەش لەهەموو زەمانێکدا بەناوی دین و دەوڵەتەوە بارستاییەکی مەزنی خستۆتە سەر نەخشەی کوردستان و پرۆسێسی ئاسایی پێشکەوتنی دیناستیە کوردیەکانی شێواندووە و وردەوردە لەناوی بردوون.

پاش پەرینەوەی پێناسەی (دەوڵەتی نەتەوە) لە ئەورووپاوە بۆ ڕۆژهەڵات و بەهێزبوونی قالبی نەتەوە، هەست بە خاوەنداری نەتەوە کرا بۆ خاک، لەبری «دەوڵەتی خێزانیی نوێنەری دین». ئەم

هەستە نوێیە، خاکی کوردوستانی لە ناکۆکی دەوڵەتی دینەوە خستە بەر هێرشی ئارەزووی نەتەوە نوێکانی دەوروبەری، نەک تەنهــا لەبەر ســوودی ئابووری، بەڵکو بەمــەبەســتی فــراوانکردنی نەخشەی جوگرافی نەتەوەییان، ئەمەش وای کرد کە:

* نەخشەی کوردستان هەمیشە لە گۆڕانداپێت و بەش بەش بخرێتە سەر خەریتەی نەتەوەکانیتر.
* هەمیشە پۆلتیکی لەناوبردن و سڕینەوەی ناسنامەی مێژوویی مرۆڤی ئەم ناوچانە چالاکبێت.

بەڵێ دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستانی ئەمڕۆ، ئەو داگیرکەرە کلاسیکیانەن کە تا ئەمڕۆ هەوڵێ سەپاندنی ناسنامــەی نەتەوەیی خۆیان بەســەر خــاکــێکدا دەدەن کــە ئاشکرا مــوڵکی نەتەوەیەکی ترە. ئەویش لەبەر ئەوەی کە لەلایەکەوە؛هێشتا خاوەن هەمان دیدی کلاسیکێن کە، مەزنی ژیار و دەوڵەت، بە مەزنی ناوچەی جوگرافیــەوە دەبەستێتەوە. لەلایەکی کەوەش لەگەڵ وەرگرتنی تیۆری نەتەوە، وەرگری ئایدیۆلۆجیەتی فاشیزمی نەتەوەیش بوون.

بەڵێ نەتەوە داگیر کەرەکانی کوردستان داواکەری خاکی کوردستانن، نەک میللەتی کورد. بۆیە کوشتن و قەلاچۆکردنیان بۆ کورد تەنها بۆ گۆڕینی موڵکیەتی کوردستانە. ئەمەش ڕاستیەکی نوێی مێژووی مرۆڤایەتی نییە، چونکە گۆڕانی خاوەنداریەتی خاک هەزاردها نموونە و بەڵگەی مێژوویی هەیە، بەڵام یەک نموونە و بەڵگەی مێژوویی نییە، نیشـانـدا کە مـرۆڤی سـەر خـاکی کـوردستـان لە ناو چووە و خەڵکی تر هاتوونەتە شوێنیان. بەکورتی و بەکوردی کێشەی کورد کوردستانە.

## ٢

یەکێ لە تایبەتمەندیەکانی سەدەی بیستەم بەدەرخستنی دوو جۆرە نەتەوە بوو.

- نەتەوەی خاوەن خاکی نەتەوەیی.
- نەتەوەی بێ خاک.

نەتەوەی کورد هەر وەک نەتەوەکانی تری دەوروبەر، لە کۆتاییەکانی سەدەی ڕابوردووەوە کەوتە جموجۆڵی نەتەوەیی. بەهەمــان شێوەش، لەگەڵ سەرهەڵدانی جەنگی جیهانی یەکەمیشەوە، ئارەزووی پایەگوزاردنی دەوڵەتی کوردیی لەسەر خاکی کوردستان نیشان داوە و کاری بۆ کردوە. بەڵام، دریغا، ئەنجامەکانی ئەو جەنگە پایی بستۆکەکیشی بەمیراتی کورد نەزانی. جا ئەوەی گرینگە بۆ من و ئاشکرایە لەم ماوە مێژووییەدا، ئەوەیە کە کورد وەک نەتەوەیەکی خاوەن خاک هەڵسوکەوتی بەرابەر بە ڕامیاریی ناوچەیی و جیهانی کردووە و داواکاریەکانی کولتوری نەبووە، بەڵکو داوای ئازادی خاکی خۆی کردووە.

پاش تەواو بوونی جەنگی جیهانی یەکەم و دابەشکردنی کوردستان، و دروست کردنی چەندین دەوڵەتی نوێ لەناوچەکـەدا. دەست بە کـارکـرا بۆ جـێبـەجـێکردنی سـیـاسـەتی دروستکردنی «مـیللەتانی نوێ بۆ دەوڵەتە نوێکان». هەوڵ درا بۆ تواندنەوەی وەردە نەتەوەکـان لەناو سنووری

دەوڵەتێکی (مۆدێرنی) نوێدا کە هەموو ئەندامەکانی، ناسنامەی ئەو دەوڵەتە نوێیە هەڵگرن. ئەم سیاسەتە بووە هۆی:

١ ـ میللەتی کوردی کرد بە میللەتی عیراق، ئێران، تورکیا و سوریا و سۆڤیەت، چونکە خاکەکەی بوو بە بەشێک لە وڵاتێکی تر. نەک لەبەر ئەوەی خۆی بەشێکە لەمیللەتێکی تر.

٢ ـ بەپێی پرۆتۆکۆل و پەیمانی نێو دەوڵەتی، خاوەنداریەتی خاکی کوردستان، لە کورد وەرگیرایەوە و درا بە نەتەوە دەسەڵاتدارەکانی دەوڵەتە نوێکان.

٣ ـ گۆڕینی پێناسەی کورد، لە نەتەوەیەکی خاوەن خاکەوە، بۆ نەتەوەیەکی بێخاک.

ئەنجامەکانی «ئاراستنی نوێ new order»ی پاش جەنگی جیهانی یەکەم، کە ئاشکرا کوردو کوردستانی لەیەک جودا دەکردەوە و خاکی نەتەوەکەی بە میللەتانێکی تازە دروستکراو دەبەخشی، بەدڵی نەتەوەی کورد نەبوو. کورد کەوتە خەبات بۆ ئازادیی خاکی کوردستان و دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی، وەک نەتەوەکانی دیکەی ناوچەکە. کێشەی کورد لەم قۆناغەدا، کێشەی نەتەوەیەکی خاک زەوتکراو و داگیرکراو بوو، واتە هێشتا کێشەی کورد، خودی خاکی کوردستان بوو.

لەماوەی نێوان جەنگی جیهانی دووهەم و هەڵگیرسانی بزوتنەوەی چەکداری باشوری کوردستان (ناسراو بەکوردستانی عیراق) لە ١٩٦١دا. وردە وردە داواکاری و دروشمی رامیاریی (سەرکردە کوردەکان) دەستی بە دووربوونەوە کرد، لە پێداویستە مێژوویەکەی (مرۆڤی کورد)، و لەبری (ئازادی خاک) داوای ئۆتۆنۆمی کرا بۆ کورد لە چوارچێوەی سنووری وڵاتە نوێکاندا.

پەیدابوونی ئۆتۆنۆمی کوردیی وەک دروشم، لە ڕوانگەی منەوە، چەند هۆیەکی هەبوو، لەوانەش:

ـ سۆڤیەت: بوونی دەوڵەتی سۆڤیەت بە یەکێ لە زلهێزەکانی جیهانی نوێ و بەهێزبوونی بەربەرەکانی دژ بە ئینگلیز و فرانس لە جیهانی سێهەمدا. وای لە گەلێ نەتەوەی ژێردەست کراو و بێبەشکراو کرد، کە هەوڵی نێزیک بوونەوە لەم زلهێزە نوێیە بدەن بە ئامانجی بەدەستهێنانی یارمەتی و پشتگیری.

جگە لەوەش: دەوڵەتی سۆڤیەت، لەلایەکەوە نزیکترین تاقیکردنەوەی ئۆتۆنۆمی و فیدرالی و یەکیەتی چەندین وردەکۆمار بوو بۆ کورد، لەلایەکی دیکەوەش خاوەن پروپاگەندەیەکی بەهێزبوو لە ناوچەکەدا و خۆی وەک خودانی فەلسەفەی نوێی دادگوزاریی جیهان و پشگیری مافخوراوان دەناساند.

ـ بەهێزبوونی چەپ: دەوڵەتی سۆڤیەت، بەهیچ شێوەیەک دژ بە نەخشەی نوێی ڕۆژئاوای ئاسیا نەبوو (ئەو نەخشەیەی کوردستانی دابەشکرد). بەڵام بەرامبەر بە دەسەڵاتی ڕۆژئاوایەکان

لەوڵاتەکانی ناوچەکەدا، و بەتایبەتی وڵاتە نوێکان، کەوتە دروستکردن و بەهێزکردنی ئۆپۆزسیۆنێکی چەپڕەوی سەر بە سۆڤیەت.

ئەوی کە لێرەدا پێویستی بە سەرنج ڕاکێشان هەبێت، ئەوەیە کە سۆڤیەت لەو وڵاتانەدا کۆمۆنیزمی نەتەوەی دەسەڵاتداری دروستکرد، واتە کۆمۆنیزمی عەرەبی و فارسی و تورکی. تاکتیکی دەوڵەتی سۆڤیەت وابوو کە ئەم پارتە کۆمۆنیستانەی سەر بە ستراتیجیەتی سۆڤیەت، لەڕێگای کۆدیتاوە ڕژێمەکانی سەر بە ڕۆژئاوا بخەن ودەسەڵات بگرنە دەست. بەم شێوەیەش نەتەوەی دەسەڵاتدار، زەبردەستی نەتەوەیی لە دەست نادات و تەرازووی نێوان نەتەوەی بەڕێوەبەر و نەتەوەی بەڕێوەبراو ناگۆڕدرێت.

ئەم جۆرە کۆمۆنیزمە، چالاکانە کەوتە باسکردنی مافی کەمەنەتەوەکان (لە ناو سنووری وڵاتی نەتەوەی دەسەڵاتداردا)، و توانی خەڵکێکی زۆریان لێ ڕاکێشێت، لە وانەش تازە خوێندکاری کوردی تامەزرۆی ماف بوو. ئەم خوێندکارە ڕووی لە کۆمۆنیزمی عەرەبی و فارسی و تورکی کرد (٥)، و کەوتە خەون دیتن بە ئۆتۆنۆمییەوە. ئەو مافەی کە ئەوان پێیان ڕەوا دەدیت، نەک ئەو مافەی کە نەتەوەکەی ئارەزووی دەکرد.

- هێزی نەتەوەیی داگیرکەران: بیری نەتەوەیی توندڕەوی عەرەبی و فارسی و تورکی، لەڕێگەی ئەفسەرە لەشکریەکانەوە و بە پشتیوانی ڕۆژئاوا، توانی بەڕێوەبەرایەتی دەوڵەتە نوێکان بگرێتە دەست خۆی. ئەم بیرە زۆر بەسەختی بەرابەر بە بوونی کورد و داواکاریەکانی وەستایەوە،. بۆیە ڕامیارانی کورد ئارەزووی ئەوەیان دەکرد کە بە دروشمی ئۆتۆنۆمی ئەم هێزە سەرسەختانە نەوروژێنن و دڵنیایان کەن کە کورد چاوی لە خاکی هیچ دەوڵەتێک نەبڕیوە.

- ئێران: ڕووخاندنی پادشایەتی عیراق، بە کۆدیتا سەربازیەکەی ١٩٥٨ و دروستکردنی کۆماری عیراق بە سەرکردایەتی ئەفسەرێکی عەرەبی ناڕۆژئاوایی و بەین خۆش لەگەڵ کۆمۆنیزمی عیراقیدا. ڕۆژئاوای تووشی مەترسی بەهێزبوونی دەسەڵاتی سۆڤیەتی کرد لە ناوچەی کەنداودا، بەتایبەتی کە عیراق داوای کوێتی کرد. لەم ڕاستییەوە ئێرانی ڕۆژئاوایی(کە هەم ترسی هەبوو، هەمیش داواکاری لە خاکی عیراقدا!!) هەڵبژێردرا بۆ نائاسایش کردن و لاوازکردنی عیراقی نوێ.

بۆ ئەنجامدانی پێویست، پەیوەندی نێوان کوردی عیراق و دەوڵەتی ئێران گرێدرا. لە ١٩٦١ بە پشتیوانی ئێران، کوردی عیراق ئاڵای شۆڕشی دژ بە ڕژێمی عیراقیان هەڵکرد بۆ بەدەستهێنانی مافی ئۆتۆنۆمی کە وەک دروشم ئێران پێی ڕازی بوو.

ئەمە یەکەم جاربوو کە کورد خۆی، بە ڕەسمی و لەڕێگەی شۆڕشێکەوە خاوەنداریەتی خاکی کوردستان لە خۆی داماڵێ و کوردستان پێناسەکات وەک بەشێک لە خاکی عیراق.

ئەڵبەتە، بۆ مێژوو، هەڵەیەکی مەزن دەکەین گەر وابزانین کە ڕامیارانی کورد لە نیوەی

دووەمی سەدەدا، ئاواتی سەربەخۆیی کورد و ئازادای کوردستانیان نەدەکرد. بەڵام ئەمانە لەلایەکەوە، ئارەزووی پشتگیری سۆڤیەتێکیان کرد کە دەیویست لەڕێی بەهێزکردنی کۆمۆنیزمێکی تورکی، فارسی و عەرەبییەوە خۆی بەسەر ناوچەکەدا بسەپێنێ. لەلایەکی کەوەش، بۆ شۆڕشکردن هاوپەیمانیەتی ئێرانێکیان پەسەندکرد کە خۆی داگیرکەرێکی کوردستان بوو. بۆیە نەدەکرا و نەئێرانیش قایل دەبوو، کە دروشمی ئازادی بەرزکەنەوە.

هەرچۆنێ بێ، ڕاگەیاندنی ئۆتۆنۆمی، چەند واتایەکی گرینگی هەبوو لەسەر ئاستی نەتەوەیی و ڕامیاری ناوچەکە و جیهاندا، لەوانەش:

- یەکەم هەنگاوی خودی کورد بوو، بۆ لەناو بردنی کێشەی کوردستان (کێشەی خاکی داگیرکراو)، و دروستکردنی کێشەی کورد (کەمە نەتەوەی بێ ماف، لەناو وڵاتێکدا).
- داننانی کورد بە سنووره دابەشکەرەکانی کوردستان و ڕەوایی نەخشەی سیاسی وڵاتە نوێکان.
- داننان بەوەی کە کورد خەڵکی ئەو وڵاتانەیە کە تیایادا دەژی و خەڵکی وڵاتێک نییە بەناوی کوردستان.
- داننان بە خاوەنداریەتی وڵاتە نوێکان بۆ ئەو خاکەی کە بە کوردستان دەناسرێت.
- نیشاندانی کێشەی کورد وەک کێشەیەکی هەرێمی و ناوخۆیی و تایبەت بەخودی ئەو وڵاتەی کە کوردی تێدا دەژی.
- گۆڕینی کورد لە مەزنترین نەتەوەی سەر خاکی کوردستانەوە، بۆ کەمە نەتەوەیەکی ناو عیراق، ئێران، سوریا و تورکیا.
- داماڵینی سیفەتی داگیرکەر، لە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی خاکی کوردستان.
- گۆڕینی هۆی بزوتنەوەی ڕامیاری و چەکداریی کورد لە (خەبات دژ بە داگیر کەری خاکەوە). بۆ (خەبات دژ بە ڕژێمێکی بەدکار).
- گۆڕینی داواکاری کورد، بۆ داواکاری ئیداری و کولتوری.
- دروستکردنی کوردی ناکوردستانی، و حاشاکردن لە یەکیەتی خاکی کوردستان.
- لەباربردنی هەستی نەتەوەیی، و جێگیرکردنی هەستی ناوچەیی.

ئەم بزوتنەوە چەکداریەی کورد، هەرچەندە لە باری ڕامیارییەوە هەڵگری دروشمی ئۆتۆنۆمی کوردی بوو، بەڵام نیشاندەری چەند ڕاستیەکی مێژوویی فرە گرینگ بوو، کە پێویستی بە ئاماژە بۆکردنە، لەوانەش.

١ ـ مرۆڤی کورد، لەڕێگەی ئەم بزوتنەوە چەکدارییەوە، هێشتا خەباتی بۆ ئازادی خاکی کوردستان و سەربەخۆیی کورد دەکرد. واتە هۆشیاری وشەی ئۆتۆنۆمی نەبودوە.

٢ ـ هەموو کوردستان پەیوەندی بەم بزوتنەوە چەکداریەوە هەبوو. واتە بزوتنەوە کوردیەکان (لەلایەن نەتەوەی کوردەوە) تا ناوەندی هەفتاکانیش، وەک بزوتنەوە و شۆڕشی گشتی و

نەتەوەویی دەبیندران. نەک وەک بزوتنەوەیەکی عیراقی یان ئێرانی یان تورکی وسوری.
٣ـ دواهەناسەی ئەو هەستە نەتەوایەتیە بوو کە لە ئاکامی جەنگی جیهانی یەکەمدا سەریهەڵدا، و سەرەتای دوورکەوتنەوەی دروشمی پارتە کوردیەکان بوو لە ئارەزووە نەتەوەیەکانی کورد.
لەم خاڵانەوە دەردەکەوێ کە مرۆڤی ساکاری کورد تا هەفتاکانیش خاوەنی یەک کێشە و یەک ئاوات بووە و بێ ئەوەی لە سیاسەتی بەرێوەبەرانی بگات، خەباتی بۆ ئازادی کوردستان کردووە.
لە ناوەندی هەفتاکاندا، سیاسەت و پێداویستە جیهانی و ناوچەییەکان، پێویستیان بە یاخیبوونی کوردیی نەما، و بزوتنەوەی کوردی وەک چۆن بەفەرمانی شای ئێران لە شەستەکاندا هەڵگیرسا، لە ناوەندی هەفتاکاندا هەر بە فەرمانی شای ئێران کوژایەوە و بڵاوەی پێکرا.
لە پاش هەرەسی ١٩٧٥ کورد هەوڵی جموجۆڵی دایەوە. رێکخراوەکانی تا سەرەتای جەنگی عیراق ـ ئێران زۆرلاوازبوون و ئارادەیەکی زۆر پاسیڤکرابوون. لە پاش ١٩٨٠وە وەک هێزی شێوێنەر بەکار هاتن لەلایەن عیراق و ئێرانەوە.

## ٣

هەشتاکانی سەدەی بیستەم، دەیەی هەرە سەختی دۆزی نەتەوەیی کورد بوو. داگیرکەرانی کوردستان بێباکانە کوردیان دەکوشت و ماڵیان کاول دەکرد، و بێ شەرمانە راستی بوونی خاکی کوردستانیان لە پەرەکانی مێژوو و مێشکی خەڵک دەسرپەوە. بەهەموو شێوەیەک هەوڵیان دەدا بەکەمترین ماوە نەخشەو و مێژوو و کولتور و زمانی کورد بگۆرن، تا کەس پێرانەگا لەسەر کورد بەدەنگ بێت.
سەرکردەکانی کورد، جگە لەوەی کە توانایان وەک سیاسی گەلێ لاوازبوو و لەئاستی سیاسەتی ناوچەیدا نەبوون، گەردەلولی شەری ناوخۆ و ئارەزووی لەناوبردنی یەکتری لە هەموو مەبەست و ئامانجێکی ستراتیجی نەتەوەیی دوری خستبوونەوە. بە هەموو شێوەیەک هەوڵیان دەدا خۆیان لای دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان شیرینکەن و بەهیچ شێوەیەک خۆیان لە بوونی خاکی کوردستان و مافی ئازادی مرۆڤی کورد نەدەگەیاند. ئازاکەیان باسی ئۆتۆنۆمی دەکرد بۆ ئەو ناوچانەی کە زۆربەی دانیشتوانی کوردە.
هێزە رامیاریەکانی کورد لە هەشتاکاندا،بەتەواوی لە قەوارەی بزوتنەوەیەکی ئازادیخواز نەتەوەیەک دوور کەوتبونەوە و رەنگی حزبێکی ئۆپۆزسیۆنی ناوخۆیی وڵاتەکانیان لێنیشتبوو، و دروشمی روخاندنی رژێمیان کردبوو بە داواکاری سەرەکی کورد، و کێشەی کوردیان کرد بەچوار کێشەی رامیاری ناوخۆیی جیاواز و ناپەیوەند. ئەمەش بووە هۆی قولکردنەوەی جیاوازی کولتوری بەشە جیاوازەکانی کوردستان. داواکاری کوردیان کرد بە داواکاری نەتەوەیەکی بێ خاک، و خواخوای هەندێ مافی کولتورییان بوو(خۆشمان باوەرمان کردبوو کە میللەتێکی قەرەج

و کۆچەرین و هەرگیز خاوەن خاکی مێژوویی نەبووین).
هێزە ڕامیاریەکانی کورد، جگە لەوەی لەهیچ کاتێکدا بایەخیان بە دروستکردن و بەهێزکردنی ژێرخـان و بنەمـاکـانی کـولتـور و ئابوری نەتەوەیی کـورد نەدابوو، یەکـێکبـوون لە هەرە هۆیە مەزنەکانی کـاولکردنی کـوردستـان و ڕوخاندنی ژێرخانە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی. چونکە هەرگیز جـەنگیان نەبردە مـاڵێ دوژمنەوە، و بەهیچ شێوەیەک ئامادە نەبوون دەست لە چاوگە ئابوریەکـانی داگیـرکـەر بوەشێنن؛ لەو بۆچونەوەی کـە ئامـادەنین زیان بە ئابووری وڵاتەکـەیان (عیـراق، ئێران، تورکـیا، سـوریا) بگەیێنن. بۆیە جەنگی کـوردسـتـان تەنهـا کـوشتن و برین و دەربەدەری و کـاولکردنی کـورد و کـوردستانی پێوەبوو و هیـچی تر نا. دەڵێن بەڵێنی کـاولکردنی کوردستانمان بە دوژمنان دابوو، نەگبەتی لەوەش گەورەتر لەوەدابوو کە
ـ نە دانانی عەرەب و تورک و فارس بەبراگەورەی کورد، کوردی لە ماڵکاول بوون پاراست؟
ـ نە کردنی کورد بە عیراقی، ئێرانی، تورکی و سوری، کوردی لە کوشتن و جینۆساید ڕزگارکرد؟
ـ نە گۆڕینی کێشەی کورد، بەچوار کێشەی جیاواز و یەکتری کوشتن، ئۆتۆنۆمی بەکورد دا.
ـ نە خۆ دوورخستنەوە لە کێشەی نەتەوەیی و خۆکردن بە بەشێک لە هێزی ئۆپۆزسیۆن (بە چەپ و ڕاستیەوە)، وایکرد کە نەتەوە داگیرکەرەکانی کوردستان دان بە مافە مرۆڤایەتیەکانی کورددا بنێن؟
ـ نە خـەبات نەکـردن بۆ ئازادی کـوردسـتـان و دەوڵەتی سـەربەخـۆی کـورد، و خـەبات کـردن بۆ دیموکراسیەت لە (وڵاتەکانماندا)، ڕێگای لە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و ئەنفالەکان گرت؟
بەداخەوە، سیاسەتمەدارانی کورد، بەم سیاسەتە پەنجا ساڵیەیان بۆ مێژوویان سەلماند کە لەو نەزانانە بوون، کە نەیاندەزانی کە نەزانن. جگە لەوەش کۆتایی هەشتاکان، ئەو ڕاستیە تاڵەی بۆ ڕوونکردینەوە کە بزوتنەوە چەکدارە کوردیەکـانی نیوەی دووەمی سەدەکە دەسکردی پێداویستیە ڕامیاریەکانی ناوچەکە بوون، و چەکدارانی کورد هەمیشە لە خزمەت ناکۆکیەکانی دەوڵەتەکانی ناوچەکـەدا بوون. لەمـەش دروسـتـتـر ئەوەیە، کە بەدوورکـەوتنەوەمـان لە شەڕ بۆ ئازادی خـاک، کێشەی کورد گرینگی ستراتیجی جیهانی خۆی لەدەستدا. بەڵێ لە کۆتایی هەشتاکاندا، عیراق کـوردسـتـانێکی هەبوو، ئێـران کـوردسـتـانێکی هەبـوو، تورکـیـا کـوردسـتـانێکی هەبوو، سـوریا کوردستانێکی هەبوو، هەر کورد کوردستانی نەبوو.

٤

ئەڵبـەتە ئاگـاداری ئەوەین کـە « new order »ی یەکـەم، ئەو ڕێکخـسـتن و گـۆڕانکاریانە دەگرێتەوە کە لە پاش جەنگی جیـهـانی سـەدەکـە ڕوویاندا، لەوانەش دابەشکردنی کـوردسـتـان و دروستکردنی دوڵەتە نوێکانی وەک (عیراق، ئێران، تورکیا، سوریا).

نەوەتەکانی سەدەی بیستەم، کە جیهانی پێشکەوتوو، تێیدا قۆناغی پیشە ـ سازی بڕی و چووە قۆناغی پەیوەندییەوە، دەیەی «ئاڕاستنی نوێ new order » دووەمی سەدەکە بوو. لەم دەیەیەدا، کۆمۆنیزمی دەوڵەتی سۆڤیەت بەدەست و پێیەکانیەوە، و بەرەی لەشکریی وارشۆ هەرەسیان هێنا و کۆتایی بە جەنگی سارد هات. جموجۆڵی ئەمریکی، بەریتانی، فەرەنسی دەستیان بە پڕکردنەوەی بەتاڵاییە نوێکان و بڵاوکردنەوەی هێزی لەشکری کرد. ناوچەی کەنداوی فارسی و دەریای سوور و ئاسیای ناوەندی بوونە گۆڕەپانی چەندین پێکداداتی ئابووری و رامیاری، لەوانەش داستانی داگیرکردن و ئازادکردنی کوێتمان چاک لەیادە.

گومان لەوەدا نییە کە ئەم جموجۆڵە ( رامیاری، ئابووری، لەشکری)یەی کە (جیهانی یەکەم) بە پەلە پاش هەرەسی سۆڤیەت رووی تێکرد، فرە هۆییە. بەڵام ئەوەی لە بۆچوونی منەوە، پەیوەندیان بە کوردستانەوە هەبێ ، لە پلەی یەکەمدا ئەمانەن:

١ ـ کوردستانی سەردەمی جەنگی سارد، لە نێوان عیراق و سوریای سەر بە سۆڤیەت و تورکیا و ئێرانی سەر بە ئەمریکا دابەشکرابوو. واتە تەنها خاکی کورد ( لەناو ئەو چوار وڵاتەدا) ناوچەی پێکداداتی دوو زلهێزەکەی جیهان بوو. کەواتە ئەم ناوچەیە لەخۆیدا بەشێکە لەو بەتاڵاییەی کە دەبێ پڕبکرێتەوە ، پاش کۆتایی هاتنی جەنگی سارد.

٢ ـ بە پەیدابوونی دەوڵەتانی نەوتیی ئاسیای ناوەند، کوردستان لەلایەکەوە بوو بە دەروازەی نێوان دوو ناوچەی نەوتیی گەورە. واتە، وڵاتانی کەنداوی فارسی و ئاسیای ناوەند. لە لایەکی دیکەشەوە بوو بە هەرزانترین رێگەی گەیاندنی بۆڕی نەوتی وڵاتانی کۆمۆنوێلسی نوێ (سۆڤیەتی کۆن) ، بۆ سەر دەریای ناوەڕاست.

٣ ـ عیراق ، سوریا و ئێران، ٣ وڵاتی پڕچەکی پاش جەنگی سارد بوون کە دەبوایە، لەبەر ئاسایشی ئیسرائیل و نەوتی کەنداو لەدەستوێن بخرێن و توانای لەشکرییان پاسیڤ بکرێت.

٤ ـ ئەمریکا و وڵاتە هاو پەیمانەکانی پێویستییان بە ئامادە بوونێکی لەشکری بوو لە گەڵێ ناوچەی ناسک و ستراتیجیدا. گەر بۆ چەند ساڵێکیش بێت. تا باری جیهانی نوێ لە زوونی گۆڕانی ترسناک دێتەدەرێ.

٤ ـ هێمنکردنەوەی کێشەکانی ناوچەکە و بەدیهێنانی باری هەموارتر بۆ ئاڵوگۆڕی ئابووری.

ئەم بارودۆخە نوێیە دووجار بەتاڵایی دەسەڵاتی لە ناو دووبەشی کوردستاندا دروستکرد. یەکەمیان ،کوردستانی سۆڤیەت بوو، کە پاش کەرت بوونیی ئەو دەوڵەتە بێ خاوەن و ساحیب مایەوە. دووەمیشیان، کوردستانی عیراق بوو کە ئەنجامێکی ڕاستەوخۆی جەنگی کەنداو بوو. ئەم بەتاڵایی دەسەڵاتە لە کوردستانی (عیراقدا) کە خاوەن: چەندین پارتی بەرەو ئێران و سوریا هەڵاتوو، هەزارەها چەکداری بەزیو، سی ساڵ کاولی و برسیەتیی و کارەساتی جەنگ، چوار هەزار دێی وێران و سەد و هەشتا هەزار مرۆڤی ئەنفالکرا و، بە چەکی کیمیاوی لێدراو و ڕەوی

دوو ملیۆنی بوو. عەرەب و تورک و فارسی هاژاند و مەترسی پەیدابوونی دەوڵەتی کوردیی هێنایەپێش.

لێرەدا پێداویستیی هاوپەیمانەکان و وڵاتەکانی ناوچەکە تووشی جۆرە تامپۆن و نەگونجانێک هات. ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی خاوەن کارێکی تەواونەکراوبوون لە ناوچەکەدا و پێویستییان بە لاوازکردنی ناڕاستەوخۆی ڕژێمی عیراق بوو. وڵاتانی ناوچەکەش ئاشکرا دژ بە هەموو جۆرە دەسەڵاتێکی کوردیی بوون و لەپەیدابوونی، خۆیان گوتەنی (کەیانی کوردی) زەندەقیان چووبوو. هێزە نەتەوایەتیە تورکی و فارسی وعەرەبییەکان زۆر چالاکانە کەوتنە گەڕوگەشتی ڕێنەدان بە خەونی کوردیی.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بەشێوەیەک کە هەموو لایەنێک، هیچ نەبێ تاڕادەیەک، دڵنیاکات و مەترسی پەیدابوونی دەوڵەتی کوردیی لە ناوچەکە دوور بخاتەوە، فەرمانڕەواییەکی کوردیان لە دووپارتی کلاسیکی کوردیی دروستکرد. هەڵبژاردنی ئەم دووپارتە، بێگومان چەند هۆیەکی هەبوو، لەوانەش:

ا ـ ئەم دووپارتە، جگە لەوەی کە گەورەترین پارتی کوردی عیراقن، خاوەن پەیوەندیەکی دۆستانە بوون لە گەڵ، ئێران، سوریا و تورکیا و بگرە پەیوەندیان لەگەڵ ڕژێمی عیراقیش هەمیشە نەپساوبووە.

ب ـ ئەم دووپارتە بەشێکی ئاشکراو ڕوونی ئۆپۆزسیۆنی عیراقی بوون و بەهیچ شێوەیەک ئازادکردنی کوردستان بەشێک نەبووە لە بەرنامەی سیاسیان، و چاک ئاگاداری خول و بۆچونی دەوڵەتی تورکیان بەرابەر بە بوونی کورد و کێشەی کوردن لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا.

ج ـ هەردوو خاوەن دروشمی دیموکراسیەتن بۆ عیراق لە پلەی یەکەمدا و لەڕێگەی ئەو دیموکراسیەتە عیراقیەتەوە ئارەزوو و داوای ئۆتۆنۆمی دەکەن بۆ کوردی عیراق. جگە لەوەش هەمیشە ڕایانگەیاندووە کە دژ بە جیابوونەوەن و هیچ پەیوەندیەکیان بەکوردی پارچەکانی ترەوە نییە و تەنها لە ناو سنووری عیراقدا کاردەکەن. ئەم بۆچونەش دەکرێ لە ژێر پەستی سیاسیدا وڵاتە عەرەبیەکانی وەک سعودیە و میسر پەسەندی کەن.

د ـ ئەم سیاسیە کلاسیکیانەی کوردی عیراق، هەر لەپەنجاکانەوە خولێکی دیاریان هەبووە لە بڵاوکردنەوەی هەستی (عیراقیەت) لە ناو کورددا، بۆیە ترسی ئەوەیان لێناکرێت کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەکاربێنن بۆ وشیارکردنەوەی نەتەوەیی و باسی کوردستانی ئازاد و یەکگرتوو. بەڵکو بەپێچەوانەوە سوودیان دەبێت بۆ دانەوە و گێڕانەوەی هەستی (عیراقیەت) بە کوردی ڕابەریو.

ر ـ دروستکردنی بەڕێوەبەرایەتیەکی کوردیی، خودی نەتەوەی کورد، کە بەگشتی ڕاپەڕیبوو و جۆشی ئازادی هەموو پارچەکانی کوردستانی گرتبووەوە، دادەمرکێنن و لەڕێی پارتەکانی

خۆیەوە ڕێگەی پێدەگرن و ناهێڵن دەوڵەت دروستکات لە هەلومەرجی ڕۆژدا. تا وردەوردە و بە تێپەڕبوونی ماوە و کات خودی کورد لە کەلکەڵەی دەوڵەت دەکەوێت و وڵاتەکانی ناوچەکەش ترسیان لەم دیاردە (بوون و نەبوونە) کوردیە دەشکێت و دڵنیادەبن.

ز ـ ئەم دووپارتە خاوەن ساختمان و ستراکتورێکی پارتانەی سیاسی پێگەیشتوو نین، بەڵکو زۆر نزیکترن لە گروپی چەکداری خاوەن ساختمانێکی خێڵەکی و کەسپەرست. ئەمەش دووسوودی هەیە؛ یەکەمیان ، هەموو بڕیارێکیان لەدەست یەک کەسدایە. دووەمیان، دروستکردنی گروپی نوێ و تێکدانی گرووپی کۆن لە ساختمانی وەهادا، کارێکی زۆر ئاسانە.

بەڵێ، بەهەڵبژاردنی پارتە عیراقیەکانی کوردی عیراق، وەک گوتمان هێزە هاوپەیمانەکان توانییان بە بەردێ چەند مەلێ بخەن، وەک ؛

ـ جێبەجێکردنی پێداویستە ستراتیجیەکانی خۆیان، و هێشتنەوەی عیراقێکی لاواز ونیمچە دابەشکراو تا ڕۆژی گەیشتن بەناکام وسەرگرتنی پلانەکانیان!!!.

ـ ڕازیکردنی وڵاتەکانی ناوچەکە و دوورخستنەوەی مەترسی دروستبوونی دەوڵەتی کوردی.

ـ خامۆشکردنەوەی جۆش و ئارەزوی ئازادی لەناو خودی کورددا.

بەمەش مێژوو جارێکی کە سەلماندی کە، کورد و کوردستان بۆ پۆلۆتیکی جهانی ئەم سەردەمە (لەو کات و شوێنەدا) ، نە خودی ڕووداوەکانن و نە خودی گۆڕانەکانیشن. بەڵکو هەمیشە لە ناو ئەو ڕووداوانەدان کە گۆڕان پێکدێنن.

جگە لەمانەش ،بە نەمانی سۆڤیەت، و گۆڕانی نەخشەی جوگرافی هاوسێکانی تورکیا و پەیدابوونی چەندین دەوڵەتی تورک ڕەگەز و کەم بوونەوەی ڕۆڵی ناتۆ لە جیهانی بازیری ئازاددا، لەلایەکەوە، و ناکۆکی (ئەرمەنی ـ تورکی) و (تورکی ـ سوری)، (تورکی ـ یۆنانی)، و پەیدابوونی زوونی کوردی لە باشوری کوردستاندا لەلایەکی کەوە، ڕێگەی بەدەرکەوتنی کێشەی کوردستانی باکوری خۆشکرد ، و بەتایبەتی لە ئەورووپا (کە ئاراوگەی نزیکەی دووملیۆن کوردە) تەنگەی بە بیروکراسیەتی کلاسیکی و دواکەوتوی کەمالیزمی تورکی هەڵچنی. و ڕێگا بۆ بەجیهانی کردنی کێشەی کوردستان کردەوە.

سەرو ڕووی سەدەی بیستوویەکەم لەوەدەکا کە شۆڕشی ئازادکردنی کوردستان لە ئەورووپاوە دەستپێبکات. زۆریش لەوەدەکات کە کلتۆلێکی وەک من، چۆن لەسەدەی بیستەمدا بەر شەڕو شۆڕی ناو کوردستان کەوتم ، لە سەدەی ٢١مدا، بەر شەڕو شۆڕی ناو ئەورووپا بکەوم.

ئەنداز حەویزی

١٩٩٨/٨/٣٠

# ٨

# کوردی ئێران
# لەژێر دەسەلاتی ئایەتوڵڵا خومەینیدا

## ژیرارد چالیاند

—«»— —«»— —«»—

کە میللەتی ئێران دژ بە ڕژێمی شاهنشاهی هەستایەوە،کۆمەڵگای کوردیی گەلەک چالاکانە بەشداری ئەو خۆ پیشاندانانە بوو کە چۆکیان بە ڕژێمی پەهلەوی دادا، و بەتایبەتی لە شارەکانی سنە، کرماشان و مەهاباد. ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی دیکەوە، خۆپیشاندانەکانیی کوردستانی ئێران بە ڕابەرایەتی سەرکردە شیعەکانی ئێران نەبوو ( کورد سوننین )، بەڵکو بە ڕابەرایەتی KDPI حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو (بەسەرکردایەتی دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملو کە یەکێکە لەنووسەرانی ئەم پەرتووکە). KDPI خاوەن بەرنامەی ئۆتۆنۆمی بوو بۆ کوردستانی ئێران لەچوارچێوەی ئێرانێکی دیمۆکراتدا، یاخود خۆزگە فیدرالدا.

پاش هەڕەس هێنانی شا لە ١٠ ـ ١١/ ٢/ ١٩٧٩دا، کوردی ئێران ڕووبەڕووی بار و دۆخێکی ئێجگار نوێ بووەوە.

بێ جڵەویی سیاسیی کە وەک ئەنجامێکی نەمانی ڕژێمی شاهنشاهی کەوتە گۆڕێ، لەلایەن کوردەوە گەلەک زوو سوودی لێ وەرگیرا و قۆستراییەوە. ئەنجومەنی شۆڕش هەڵبژێردرا بۆ بەڕێوەبردنی کاری ناوخۆیی، میلیشیای مللی پێکهێنرا، و بە چەکی گیراو و دەسکەوتە، چەکدارکرا. ژیانی کولتوری گەشایەوە، چاپەمەنی کوردی پاش سێ سەدە پشت گوێخستن رووی لە پەیدابوونەوە کرد.

لە ٣ی مارسدا وپاش ٣٢ ساڵ خەباتی نهێنی KDPI لەکۆبوونەوەیەک مەهاباد کۆتایی بە

خەباتی نهێنی خۆی هێنا و بانگاشتی ڕەوایی و شەرعیەتی خۆی ڕاگەیاند، بەو مەبەستەی کە دەسەڵاتی سیاسی نوێی ئێران ناچارکات دان بەو ئۆتۆنۆمیەدا بنێ کە لەڕاستیدا دامەزرابوو لە کوردستاندا . چەند هەفتەیەک پاش کورد، تورکومان و عەرەبیش هەمان ڕێیان گرتە بەر و داوای ئۆتۆنۆمییان کرد.

ئێران، کە تا ۱۹۳٤ بە وڵاتی فارس ناسرابوو، ئیمپراتۆریەتێکی فرە نەتەوەییە، دەست بەرزیی تێیدا بۆ فارسە هەرچەندە تەنها ٤٠٪ سەرجەمی دانیشتوانی پێکدێنن. لە سەرجەمی ۳٦ ملیۆن ئێرانیدا، نێزیکەی ۱۳ ملیۆن ئازەربایجانی تورکی زمانن، ٦ ملیۆن کوردن، ۲ملیۆن عەرەب، و هەروەها ژمارەیەکی دیاریکراوی بلوچ و تورکومەنیشی لێ دەژی. پادشایەتی پەهلەوی، کە تەنها لە ۱۹۲٦دا و پاش لەسەر تەخت دانانی ڕەزاخان (باوکی دوا شای ئێران ) کە ئەفسەرێکی لێهاتووی ئەو دەمەبوو پەیدابوو ، دەیویست بە شێوەیەکی سیستێماتیکی دەسەڵات بە پایتەختەوە ببەستێتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش هەم سیاسەتی جێگیرکردنی زۆرەملی کۆچەرانی بەکاردەهێنا و هەم کۆنترۆلی پڕ زەبروزەنگ بەرابەر بە کەمە نەتەوەکان.

لە ۲۸ مارسی ۱۹۷۹ دیلیگاسیۆنێکی کوردی رووی لە شاری قوم کرد، بەمەبەستی ڕاگەیاندنی داواکاریەکانی کورد بە ئایەتوڵا خومەینی. خومەینی داواکاری ئۆتۆنۆمی ڕەدکردەوە و پەسەندی نەکرد. لە مانگی ٤ی هەمان ساڵدا، پاسدار (گاردی شۆڕشگێر) و میلیشیای کوردیی لە شارۆچکەی نەغەدە، تەقە لە یەک دەکەن ، دەست لە یەک وەشاندن بە درێژایی ئەو هاوینە لە چەندین شوێن ڕوودەداتەوە. هاوکات KDPI بەردەوام خەریکی خۆڕێکخستن و ئاراستنی چالاکیە کۆمەڵایەتیەکان بوو. یەکەم جاربوو کورد سەرکردایەتیەکی مۆدێرن بەخۆیەوە ببینێت. کوردستان بەگشتی پشتی لەو ریفرێندۆمەکرد کەبۆ دروستکردنی کۆمارێکی ئیسلامی لەئێراندا سازدرا، ۸۵ تا ۹۰٪ دەنگداران پارێزییان لەدەنگدان کرد. هەروەک هاودەم وبەردەوام بوونی گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێمدا ، KDPI بانگی بەستنی «کۆنگرەی میللەتە ڕاپەڕیوەکانی ئێران»ی لە ۲٥ی ۸ دا ڕاگەیاند، و نوێنەرانی تورکومەن، بلوچ، عەرەب و ئازەری بانگکران.

لەمیانەی جەنگەڵی ڕوداوەکاندا ئایەتوڵا لە ناکاو و بێ ئاگاداری هیچ لایەنێک، لە ۱۷ی ئۆگوستدا فەرمانی داگیرکردنی شارەکانی کوردستانی ئێرانی بە لەشکردا. پاش بەرهەڵستیەکی کەم، کە دژوارترین شێوەکانی لە مەهاباددا بوو، لە٥ی سپتێمبەردا هەموو شارەکان لەژێر کۆنترۆلی لەشکری ئێراندا بوون. پاشان پاسدار کەوتە سەرکوتکردنێکی بێبەزەییانە لەشارەکانی کوردستاندا و بەتایبەتی لە سەقز و قارنێ . لەم شەڕانەدا هێزەکانی کورد توانیان بە زیانێکی کەمەوە بەرەو چیاکان بکشێنەوە، لەشکریش مەیلی بەدواکەوتنی ئەوهێزانەی نەبوو، بەڵکو داگیرکردنی ناوچە سەرەکیەکان و خاڵەکانی پەیوەندی پێ بەس بوو.

ئەوەی ڕاستی بێ لەشکری ئێران، وەک ئەنجامێکی بەزینی شا و هۆکارەکانی هەستانەوەی

ئایەتوڵا، هێزە جۆربەجۆرەکانی ــ زەمینی، ئاسمانی و دەریایی ــ ناکۆکی لە نێوانی دابوون، هەروەها دابەشبوون لە پێکهاتەی هەر یەکێ لەم هێزانەشی دابوو، بەتایبەتی هێزی دەریایی، و لە ناو خۆیاندا ببوونە لایەنگر و دژ بە خومەینی. ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی کە هێزەکانی کورد سوود لە سستی و پەک کەوتەیی لەشکری دوژمن وەرگرن و لە دوابەدواکانی مانگی نۆڤەمبەردا گشت شارەکانی کوردستان بگرنەوە.

گەر دەست لە ڕەوشی لەشکری ئێران هەڵگرین و بڕوانینە ڕژێمی ئایەتوڵا خومەینی، کە پایە و کۆڵەکەی لە فەندمەنتالیزمی شیعە پێکهاتبوو، دەبینین خاوەن جەوهەر و مایەیەکی نائاشکرا و نا روون بوو. لە لایەکەوە خۆی وەک موسوڵمان، و پەیوەستی کۆمەڵگەی جیهانی نیشاندەدا، لە لایەکی دیکەوە، نەک هەر سەراپای ڕژێمەکەی لە فارس پێکهاتبوو بەڵکو خاوەن ناوەڕۆک و ڕەوتێکی ئمپریالیستیانەش بوو. ئەم ڕژێمە تا ناوەنداکانی مانگی دیسەمبەریش ئامادە نەبوو دان بەو مافی ئۆتۆنۆمیەدا بنێ کە کەمایەتیەکان داوایانکردبوو.

لە ناوەندی دیسەمبەردا، حکومەتی تاران، کە چاک ئاگاداری گرژی باری وڵات و ئەو بەست نشینیە (resrevations) گشتیەی بوو کە بەرابەر بە پڕۆژەی دەستوری نوێ (کە ئایەتوڵا ئیلهام بەخشی بوو)، لەئارادابوو. بەرنامەیەکی ١٤ خاڵی خۆی بڵاوکردەوە، کە جێ بەجێکەری سووکە ئۆتۆنۆمییەک بوو بۆ وردە نەتەوەکان. ئەم ڕووداوە سەرکەوتنێکی ئاشکرا بوو (هەرچەندە گەر کاتیش بێت) بۆ کورد و گشت کەمایەتیەکانی دی وەک تورکومەن، عەرەب و بلوچ کە لە ١٩٧٩دا بانگاشتی ئۆتۆنۆمیان ڕاگەیاند. ئەما ئازەریەکان، هەرچەندە لەنۆڤەمبەر و دیسەمبەری ١٩٧٩دا مەیلۆکەکی ئۆتۆنۆمییان نیشاندا، بەڵام هەڵوێستیان بەتەواوی ڕوون و دیار نەبوو.

دەکرا بەلایکەمەوە بەرنامە ١٤خاڵیەکەی ڕژێم وەک هەنگاوێک و سەرەتایەک ببینرێت، چونکە بەئاشکرا دانی بەمافە کولتوریەکانی کامایەتیەکاندا نابوو، بەڵام لەڕاستیدا نێزیکتر بو بۆ ناسەنترالکردنی کاروباری ئیداری لەوەی کە پوخت پڕۆژەیەکی ئۆتۆنۆمی بێت، و دارای ناوەڕۆکێکی وەهاش نەبوو کە لە داهاتوودا مەودای دروستبوونی دەوڵەتێکی فیدراڵ بدات. هەروەها، لە پێشنیارەکەدا نە بە تەواوی دیاربوو کە ئۆتۆنۆمییەکە بۆ کێیە و کێ مافی هەیە سوودی لێوەرگرێت، و نە خۆی لە باسی ناوچەی جێنشینی وردە نەتەوەکان، واتە کێشەی جوگرافی، دابوو. لە بارەی کوردەوە، بۆ نموونە، دەبینین کە PDKI لە پرۆژەی ئۆتۆنۆمی خۆیدا داوایکردبوو کە هەر چوار ئوستانە سەرەکی و ئاشکرا کوردنشینەکان ـ کوردستان، ڕۆژئاوای ئازەربایجان، کرماشان و ئیلام ـ لە چوارچێوەیەکی ئۆتۆنۆمیدا و بە ناوی کوردستان یەک بگرنەوە. دەوڵەتی ئێران نەک هەر پێشنیارەکەی PDKI رەدکردبۆوە، بەڵکو دەیویست ئەو ئوستانی کوردستانەی کە ئەمڕۆش هەیەی ـ هەرێمی سەنەندج ـ دابەشکات بۆ دوو ناوچەی ئیداری جیاواز کە سەنتەرەکانیان مەهاباد و سنە بێت.

بۆیە هیچ دورنییە، کە ئەم جۆرە پرۆژەو و بۆچونە لە سەرەتاوە، تەنها خۆ شلکردنەوەیەکی ناچارانەی تەکتیکی دەوڵەت بوبێت،و سەرگرتنی بۆ نەنوسرابوو، چونکە ئەوەندە کەموکوڕ بوو، کە کەمایەتییەکانی ئێران نەتوانن پەسەندی کەن، بەتایبەتی کورد.چونکە PDKI لە ڕاستیدا و لەو بارودۆخەدا دەوڵەتێکی لەناو دەوڵەتی ئێراندا دروستکردبوو، ئەمەش لەلای خۆیەوە بارێکی وەها نەبوو کە حکومەتێک بە خەندەی لێوانەوە پێی قایل بێت. بۆیە لێکدانوو و شەڕی ئەم جووتە هێزە لە داهاتودا، ڕووداوێکی بایەستە بوو.

گەر سەردانێکی ڕۆژگاری شا بکەینەوە، گومان لەوە ناکەین کە هۆیەکانی هەرەسهێنانی ڕژێمەکەی، گەلەک بوون، بەڵام لە گشتیان ڕوونتر ـ لاسەنگی بالاکردنی ئابووری (Unbalanced economic growth) ـ نێوان ساڵانی ١٩٧٤ ـ ١٩٧٨ بوو، کە جیاوازی نێوان چینە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگەی لە قەوارەی ئاسایی خۆی قوڵترکردەوە.

دەبینین کە لەسایەی ئەو ئاستە نوێیەی کە ڕەوانیی دارایی (Financial liquidty)، وەک ئەنجامێکی داهاتەکانی نەوت لە ١٩٧٤دا، پێیگەیشت. بەرنامەی پێنج ساڵەی ئابووری ئێران دەستکاریکرا؛ ڕێژەی چاوەڕوانکراوی بالاکردنی ساڵانە (Annual groth rate) لە ١١.٤٥٪وە بازیدا بۆ ٢٥.٩٪دا. ئەمە وای لە شا کرد کە بۆ ١٠ ـ ١٢ ساڵی داهاتوو، بەڵێنی (رسیدن بتمدن بزرگ) بدات، ئەو شارستانیەتەی کە ئێران دەکاتە پێنجەمین هێزی پیشەسازی و جەنگی جیهان. بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکان بەدەریانخست کە بڕیاری ـ توند دەواندنی بالاکردن ULTRA-ACCELERATE ـ بڕیارێکی ڕوخێنەربوو. بەڵێ، هەڵسەنگاندنی شا بۆ توانای هەڵمژین و لەخۆگرتنی کۆمانجە ئابووریەکان ـ چاوگە داراییەکانی ئێران و پلەی تەکنیکی وڵات و فەرهەنگی وڵات ـ بۆ ئەو زێدە و پاشماوەیەی ـ SURPLUS ـ کە لە ئەنجامی ئەو بڕیارە پەیدادەبێت، نا دروست بوو. هەر لە ١٩٧٥، کێرڤی سەرەتایی گەشەکردنی ئابووری بایی ٣٥٪ هەڵاوسان (INFLATION) نشێوکرایەوە. هەروەها، بایی ٤٠٪ بەرزبوونەوەی ڕێژەی وەژوورخستن ـ IMPORT ـ گشت بەشەکانی بنەما و ژێرخانی بازێڕی ئێرانیی بە دەربەندەکانیەوە توشی گەرووگیری و خنکاندنکرد. هەروەها دەبینین کە، لەگەڵ بوونی دەها هەزار تەکنیکیی ئەمریکی هێشتا بازێری کار پێویستیەکی بێرادەی بە کارمەندی کارزان ـ Skilled staff ـ هەبوو. جگە لەمانەش ناوەندبەندیی ـ CENTRALIZATION ـ لەڕادەبەدەر، ئاشکرا، لاسەنگیی پارسەنگی ئابووری ئێرانی خستەڕوو. خەرجی لەشکریی بێتام بەرزبووەوە. نرخی زەوی لە شارەکاندا، لە ماوەی سێ ساڵدا، دە بەرابەر بەرزبۆوە. لەوەش بەدتر، گوژی ئەم چەڵەمە(crisis) ئابوریە،گورزی پڕ هێزی خۆی لە ژیانی دێهاتەکان دا، و بووە هۆی گەلەڕەوو لە گوندەکانەوە، چونکە ستاندەردی ژیانی ئەو خەڵکە بەشێوەیەکی سەرسوڕمێن ڕووی لە نزمی کرد. بۆیە وەک ئەنجام دەتوانین بڵێین، کە شۆڕشی مۆدێرنکردنی شا بۆ ئێران، پابەرجێیی و

جێگیری کۆمەڵگەی ئێرانی لەرزاند و، لە هەمانکاتدا ڕەوش و کێشەی ڕەشوڕووتی ماف خوراوی ئێرانی خستە قاوغی کێشەیەکی لاوەکییەوە. ئەوە جگە لە کێشەی ئیدێنتیتی و کەسایەتی مرۆڤی ئێرانی کە بە مۆدێرنکردنێکی دڕندانەی وەها چارەسەر نەکرا، بەڵکو دروستکرا. ئەمانە بوون هۆیە سەرەکیەکانی شۆڕشی ئێران، ئەوشۆڕشەی کە ئاینی تێیدا وەک ئایدیۆلۆجیەتی بەرهەڵستی و هەم وەک مۆری ئیدەنتتی بەکارهات، بۆ ڕێکخستنی ئەو ڕەشوڕووتە ماف پێشێلکراوەی کە لە ڕواڵەتدا دژ بە پرۆسێسێک بوون کە جێی ئەوانی تێدا نەکرابووەوە . ئەڵبەتە پشتگیری ڕەشوڕووتی شارەکان نابێ بوون و ڕۆڵی چینی جوتیار و هەروەها میانچە چینی ( middel class ) فراوان و بەهێزمان، لەبەر چاوان بزرکات.

پاش شۆڕش و پەیدابوونی دەسەلاتی نوێ، باری ئابووری لەبەدەوە بەرەو بەدتر چوو؛ ٢٠٪ی توانای کاری ولات لە ١٩٨٠دا بێکار بوو. ئێران لە ناوچەکەدا کنارەگیر کرابوو، ولاتە کۆنسەرڤەتڤە عەرەبییەکان ، کە بە شێوەیەکی گشتی سونەن، دژ و نادۆستی ڕژێمی نوێ ئێران بوون. نادۆستی ئەو ولاتانە بە هێرشی عیراق دژ بە ئێران لە سپتەمبەری ١٩٨٠دا ئاشکرا نیشاندرا، کە لەخۆیدا بووە سەرەتای جەنگی هەشت ساڵەی عیراق ـ ئێران. جا بێگومان ، ڕژێمی ئێران لەسەردەمی خومەینیدا، کە گیرۆدەی قەپی کێشەی ئابووری و جەنگی عیراق بوو، ئامادە نەبوو ئۆتۆنۆمی بە کەمە نەتەوەکان بدات، و بۆ جارێکی تریش شۆڕشی کورد تێکشکێندرا.

# ٩

# دوو جەنگی گەنداو:
# کورد لەسەر شانۆی جیهانیدا 1979 - 1992

## کامەران قەرەداغی

وەک چۆن باوە لە ناو میللەتانی تردا کە ناوی تایبەت بۆ ڕووداوە گرینگەکانی مێژویان بیبیننەوە، کوردیش گووتەیەکی گەلێ باوی هەڵبژارد بۆ ڕووداوەکانی کوردستانی عیراقی پاش پەیمانبەستی نێوان عیراق و ئێران لە ٦ی مارسی١٩٧٥ و کە پرسێکی یەکسەری کورد بۆی هەرەسهێنانی بزوتنەوە چەکدارییەکەی بوو. جا ئەم هەرەسە گووتەی پڕنارەزایی " ئاش بەتاڵی" خستە سەر گشت لێوێک.

ئەم گووتەی (ئاش بەتاڵ)ەش لەوەوە هات کە جاران لە کوردستاندا ، بە چەند دێیەک ئاشێکیان هەبوو. جا کە کار کۆتایی دەهات، و دەیانویست ئاش داخەن ، ئاشەوان دەچوەدەرێ و بۆ نەگبەتی ئەو لادێیانەی کە لەدوورەوە بە خۆیانو باراشەوە گەیشتبوونە ئاش، هاواری دەکرد ئاش بەتاڵ. واتە بڕۆنەوە ،کار تەواو.

ئەو پەزیرەیەی(ئستجابەتەی) بزوتنەوەی چەکداری کورد ( کە خاوەنی نزیکەی ١٠٠هەزار جەنگاوەر بوو) بۆ پەیمانی عێراق ـ ئێران، لەڕاستیدا بێ وێنەبوو لە مێژووی خەباتی کورددا. تەنها لەماوەی دوو هەفتەدا، و بەبڕیاری سەرکردایەتی خۆی، بزوتنەوەکە خۆی تواندەوە، ئەمەش وەک وڵامێک بۆ هەڕەشەی بەجووتی عێراق و ئێران بەلێدانی بزوتنەوەی کورد، گەر خۆیان نەتوێنێتەوە. هەڵقوولینی ئەم ڕووداوانە، و بەو شێوەیە ، گوشارێکی سایکۆلۆجی گەلێ گرانی پەیداکرد بۆ جەنگاوەران و سڤیلی ناوچە ڕزگارکراوەکان، هاودەمیش بۆ خێزانەکانیان کە بە هەزارەها پەناهەندەبوون لە ئێران.

هاوکاری ئەم دوو جۆرە گوشارە، سیاسی و دەروونییە، بووە هۆی ئەوەی کە بۆ سەرەتاکانی مانگی ٤ ی هەمان ساڵ، زۆربەی زۆری ئەو چەکدار و سڤیلانەی کە پەیوەندیان بە بزوتنەوەی چەکداریی ١٩٧٤وە کردبوو، سوود لەو لێبووردنە گشتییە وەرگرن کە لەلایەن ـ ئەنجومەنی

سەرکردایەتی شۆڕش ـ ی عیراقەوە بە یاخیبوان بەخشرا. لێرەدا دەبێ ئەوەش بڵێین، کە ئەم ئەمنستییەی ڕژێمی عیراق سەرۆکی مێژوویی بزوتنەوەکە، موستەفا بارزانی ، و دوو کوڕەکەی ئدریس و مەسعود و مامیان شێخ محەمەد خالدی نەگرتەوە. جگە لەمانە ئەوی دی ڕووی لە ماڵی خۆی کردەوە و ملی بۆ چارەنووسی نادیاری بن دەستی ڕژێمی عیراق کەچ کرد.

ئەما لە بارەی خودی مەلا مستەفاوە ! کارەکە شێوە زەلیلکردنێکی دیکەشی بەخۆیەوە دیت؛ شای ئێران ، کۆنە هاوپەیمانی بارزانی، پاش هاتنەوەی لە جەزایر قەبوڵی نەکرد دیداری بارزانی بکات، کە لە ٧ی ئازارەوە لە تاران چاوەنواڕی بوو. لە ١١ی ئاداردا، شا ڕێگای بە بارزانی دا کەیبینێ. ئەڵبەتە هیچ دووریش نییە کە شا بەدەسەنقەست ئەو ڕۆژەی هەڵبژاردبێ ، چونکە لەو ڕۆژەدا و ٥ ساڵ لەوەوبەر ، بارزانی پەیانە کوشندەکەی ئاداری لەگەڵ سەدام حوسێندا مۆرکرد و گوێی بە هەوڵو تەقالای شا نەدا کە دەیویست پەشیمانی کاتەوە لەم کارە.

خودی پەیانی ئادار، ئۆتۆنۆمی دا بە کورد. دانی بە تایبەتمەندیە کولتوریەکانی کورددا نا و زانکۆیەکی کوردیشی لەسلێمانی دامەزراند. هەروەها ، ئەم پەیانە ، زمانی کوردیی، بە زمانێکی ڕەسمی دانا و کردی بە وانەیەکی خوێندن لەگشت دەبستان و ئەنیستتوتە ئەکادیمیەکان لە سەرتاسەری عیراقدا. بەڵام پێشهاتەکانی چوار ساڵی پاش پەیانەکە، نیشانیاندا کە عیراق وردە وردە پاشەگەزی لە سۆز و بەڵێنەکانی دەکرد، و دوا دڵۆپ لە ئاداری ١٩٧٤دا هات، بە بلاوکردنەوەی یاسای ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە لایەن عیراقەوە . بەپێی ئەم یاسایە ، دەبوایە گشت بڕیارەکانی ئەنجومەنی یاسایی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بەر لە هەموو شتێک لە لایەن بەغداوە پەسەند بکرێت ،هەروەها ، مەرجی ئەوەشی کردبوو کە کورد دەبێ دان بە ڕۆڵی سەرکردانەی (پارتی بەعس)دا بنێت.

گەر بێینەوە سەر باسی ڕووداوەکانی ئاداری/ ١٩٧٥. بارزانی خۆی پاشان ، لەبارەی کۆبوونەوەکەی ١١/٣دا ئاماژە بۆ ئەوەکردبوو کە شا لەو چاوپێکەوتنەدا ، جگە لە فیشاڵی شاهنشاهیانەی ئاسایی خۆی، ڕەوشتێکی نوێی لێ نیشتبوو، و نەیدەتوانی بەتەواوی ئەو چێژە بشارێتەوە کە لە زەبوونکردنی سەرکردەی کورددا دەیدیت.

لە ١٣ ئاداردا بارزانی گەڕایەوە حاجی ئۆمەران ، بارەگای سەرکردایەتییەکەی لەکوردستانی عیراقدا. هەمان ڕۆژ دەستەیەک ڕۆشنبیری کوردی بانگ کرد بۆ دیداری، کە خۆم یەکێک بووم لەوانە. گوتارەکەی بارزانی لەم دیدارەدا، کە باسی مێژووی دوور و درێژ، ڕەوا و پاڵەوانانەی خەباتی خۆی دەکرد، ئاوازێکی ماڵ ئاواییکردنی گومان لێنەکراوی تێدابوو. داوای لە ئامادەبوان کرد کە بێ هیوایی ڕوویان تێنەکا ، و بەیادی هێنایەوە کەجەنگی دژ بە بەغدای بە هەفت جەنگاوەرەوە دەست پێکرد. هەروەها گووتی هەرگیز دەست لەخزمەتی کێشەی کورد هەڵناگرێت، بەڵام پیربووە، و شەکەتی و نەخۆشی هەراسانیان کردووە. ئەمە لە ڕاستیدا کۆتایی ئەو سەرکردە

مێژوویە بوو کە پاش ماوەیەکی کورت بە نەخۆشی شێرپەنجە مرد.

بارزانی پاش هەرەسی بزوتنەوەی کورد، تا ئاداری ١٩٧٦ لە ئێران مایەوە، و پاش ئەو مێژووە بۆ چارسەرکردنی نەخۆشیەکەی ڕووی لە ئەمریکا کرد و لە ١٩٧٩دا لە نەخۆشخانەکانی ئەو وڵاتە گیانی سپارد.

بەزینی کورد ئەم جارەیان ئەوەندە گشتی و سەرتاسەری بوو کە ئەوانەی زۆر زۆریش ڕۆشنبین بوون، چاوەڕوانی ئەوە نەبوون کە بزوتنەوەی کورد تا ماوەیەکی دوورو درێژ بتوانێ بەهێزبێتەوە. لە ناو ئەو ڕۆشەنبیر و چالاکانەی کە پاش هەرەس گەڕانەوە عیراق، چەندین دید و بۆچوون پەیدا بوو، کە تێیدا هیوا بە خەباتی چەکداری نەبوو. بەڵکو پتر لایەنگری ئەوە بوون، کە دەبێ بە چارەنووسی سەپێندراو قایل بن و هەوڵی هاوژینی بدەن لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندیی بەغدادا .چونکە ئەم ڕژێمە پاسکراوە ،ویستی پۆڵاینی خۆی بۆ داسەپاندنی دەسەڵاتی بەسەر هەموو کەسێک و هەموو شتێکدا بە کردەوە سەلماند. پەیمانی نێوان عیراق و شاش بەکارگەردانی جەزائیر، کە عیراق تێدا لە گشت خاڵەکانی ناکۆکی مێژوویی ئەو دوو وڵاتە، بە کۆنترۆڵی (شط العرب ) و چەندین خاڵی ستراتیجی سنووریشەوە، سەری بۆ داواکاریەکانی ئێران شۆڕکرد، بەرابەر بە دەست هەڵگرتنی ئێران لە کورد، سەلماندی کە ڕژێمی عیراق لە پێناوی دەسەڵاتێکی سەرتاسەریدا هەموو شتێک دەکات.

بەزینی کوردی عیراق لە ١٩٧٥دا، بووە هۆی دادوستانێکی بەرین لە نێوان ڕۆشنبیرانیدا ، لە بارەی شێوەی داهاتووی بزوتنەوەی کوردەوە. بۆچوون گەلێ بوو، لەوانە هەبوو کە داوای بزوتنەوەیەکی یەککگرتووی دەکرد بۆ( کوردستانی مەزن ) ، کە کوردی عیراق تێدا خۆی بەدەوڵەتە هاوسێکانەوە نەبەستێتەوە کە کوردی خۆیان دەچەوسێننەوە. بۆچوونێکی دی، داوایدەکرد کە بزوتنەوەی کوردیی بە گشتی بە باری عیراقەوە ببەسترێتەوە ، و بەختی خۆی بەرابەر بە دوژمنە بەعسییەکەی تاقیکاتەوە.

هەندێکیش لەو باوەڕەدابوون کە سەرەکردایەتی کورد دەبوایە خۆی لە شەڕ بپاراستایە و مەرجەکانی بەعسی لە ئاداری ١٩٧٤دا پەسندکردایە، لە پێناوی جێبەجێکردنی پەیمانی ئۆتۆنۆمی ١٩٧٠ . هەر ئەمانەش بوون کە داوایان دەکرد، پارتی بەعس بە تاکە سەرکردەی مەردومی عیراق بناسرێت، و تاکە پارتیش بێت کە مافی ڕێکخستنی هەبێت لە ناو هێزی لەشکری و ساختمانە ئاسایشی و سیخوڕیەکانی عیراقدا.

لێرەدا بەد نییە گەر ئاماژە بۆ ئەوە بکەین ، کە یەکێ لە گرفتەکانی پەیمانی ئادار، ئەو ناکۆکییە بوو کە لە بارەی دیاریکردنی سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمییەوە پەیدابو. کورد داوای دەکرد کە هەموو ئەو ناوچەیە بگرێتەوە کە لە ڕوانگەی مێژووییەوە وەک کوردی ناسراون؛ واتە ئەو ناوچەیەی کە بە لیواکانی باکوور دەناسرا و کەرکوکیشی دەگرتەوە، وە ئەم ڕایەش، ئەڵبەتە،

بەتوندی لەلایەن عیراقەوە رەدکرابووەوە.

جا هەرچۆنێ بێ، ئەم ئاوات و ئارەزووی هاوژینیە هەر زۆر زوو لەدەستدرا. ئەویش لە پلەی یەکەمدا وەک ئەنجامێکی ڕەوت و ڕەوشتی خودی ڕژێم. بەعسیەکان ، هەرەسی یاخیبوونە چەکداریبەکەیان بەنیشانەیەک دیت بۆ گەیشتن بە"چارەسەرکردنی بنەرەتی" کێشەی کورد. زۆری پێنەچوو پاش خامۆش بوونەوەی ترسی کوردی هەرەس دیدە، تا پەعس لغاوی بۆ گووژی تیرۆر شل کرد(هەرچەندە داهاتوو سەلماندی کە دڕندایەتی هەفتاکان نەوزادێک بوو لە هەشتاکاندا پێیگرت).

پاش چاوەنواریبەکی چەند هەفتەیی، تا زۆربەی کوردەکان هاتنەوە سەر ماڵوحاڵی خۆیان، ڕژێم دەستیدایە کۆچ پێکردنی زۆرەملی بەرەو ناوچەکانی ناوەندی فورات و باشوری عیراق. ژمارەی ئەو کوردانە کە بەر شالاوی کۆچپێکردن کەوتن بە (۱۲۰۰۰۰، تا، ۳۰۰۰۰۰) هەڵدەسەنگێندرێت . ئەمانە بۆ ماوەی ساڵێک لەو ناوچانەدا مانەوە تا ڕژێم ڕێیدان بگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان. لەو ماوەی هەندەرانیەدا دەوڵەتی عیراق لە باری دارای و بژوێنییەوە یارمەتی دەدان ، لە هەمان کاتدا پارەیەکی زۆری ڕژاند بۆ هاندانی ژن و ژنخوازی لە نێوان کورد و خەڵکی عەرەبی ناوچەکان، بە ئامانجی جێنشینکردنێکی هەمیشەیی کوردەکان لەو ناوچانەدا و تواندنەوەیان لە ناو کۆمەڵگەی عەرەبیدا.

تا ئەو دەمەش دەسەڵاتدارانی عیراق نەخشەی ئەو ناوچەیەیان ئامادەکردبوو کە بە رەسمی بە ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە خامەیاندا، و کەرکوک و چەندسەد گوندی سەر سنووری ئێران ، تورکیا ، و سووریایان لێ بەدەرکردبوو.

ناوچە سنووریەکان ، بە درێژایی (۱۰۰دان) میل و قوڵی (۵ تا ۱۵ میل)، پتر لە ۱۵۰۰ گوندیان لەسەر بوو . ئەم گوندانە کاولکران ،وپتر لە ۷۵۰۰۰۰ کەسی دانیشتنوی ئەو ناوچانەی گواستەوە گوندە بە پەلە ئامادەکراوە نوێکان. لە هامان کاتیشدا عەشایری عەرەبی هێناو لە ناوچە کوردیەکاندا جێنشینی کردن، بەتایبەتی لە ناوچەی کەرکوک کە گەردەلولی ڕاگواستن لێی، تەنها کوردی نەگرتەوە، بەڵکو چەندین گوندی تورکومان نشینی دەوروبەری کەرکوکیش بەگەڵدا.

بەهانەی عیراق بۆ ئەنجامدانی ئەمکارانە "ئاسایشی ستراتیجی" بوو، دیارە ئەمەش لەخۆیدا بەهانەیەکی نوێ نەبوو بۆ بەعسیەکان . چونکە هەمان حزبی بەعس، کە لەنێوان فەبریوەری و نۆڤەمبەری ۱۹۶۳دا ، بۆماوەیەکی کورت حوکمی عیراقیان کەوتە دەست، هەمان بەهانەیان بەکارهێناو لەماوەی حوکومڕانیەدا، ۲۱ گوندی لای کەرکوکیان تەقاندەوە ونزیکەی ۱۵۰۰ خێزانی گوندنشینیشیان ڕاگواست. لێرەدا دەبێ ئەوەش بڵێین کەمەبەستی "ستراتیجیەت" لەلای بەعس تەنها ناوچە مەرزیەکانی نەدەگرتەوە؛ بەڵکو ناوچەکانی بەرهەمهێنانی نەوتی !!.

خەرجی ئەم؛ کاولکردن ، دروستکردنی گوندی نوێ و بەخشینی جێگیرەیی (تعویض، بدل)

بە خاوەن مولکەکان، کە ڕژێمی عیراق پاش ۱۹۷۵ ملیلێنا، گەیشتە سەدەها ملیۆن دیناری عیراقی. خۆ گەر بمانەوێ خەرجێکی دروست نیشان بدەین کە تێیدا لێچوونی ساختمانی ئابووری ناوچە کشتوکالیەکان ژمێردرابێ ، ئەوە ژمارەکەمان بە بلیۆنەها دەگات. بەڕاستی حکومەتی عیراق پارەیەکی زۆری لە کوردستاندا خەرجکرد ، بلام بۆ پێشخستنی کوردستان نا ، بەڵکو بۆ گۆڕینی ڕێژەی دیمۆگرافی ناوچەکە و خەڵکەکەشی لەڕێگەی بەعەرەبکردنیەوە.

ڕامانی "چارەی بنەڕەتی" بۆ قەیرانی کورد لەچوارچێوەی "ئاسایشی ستراتیجیدا" بەمەبەستی نەهێشتنی (هەڕەشەی کوردی) لەداهاتوی عیراقدا ، ئەویش بە لێدانی قوولیە ستراتیجیەکەی، واتە : کاولکردنی دێهاتەکان ،کە پایەگای بزوتنەوەکەین ، و داپساندنی پەیوەندی کوردی عیراق بە کوردی تورکیا، ئێران، و سوریاوە؛ بەڕوونی ناڕوایی دەسەلاتی ناوەندیی عیراق بەرابەر بە کورد نیشاندەدات، و ڕوونیشیدەکاتەوە کە بۆ عیراق هەمیشە تاوانی (داردەستی بێگانەی) بە پاڵ کوردەوە دەنا. ئەو داردەستەی کە هەمیشە ئامادەیە دژ بە بەرژەوەندیەکانی نەک تەنها عیراق ، بەڵکو گشت نەتەوەی عەرەب بجوڵێتەوە.

گشت ئەم کردەوانە، و بەردەوام بوونی ڕژێم لە ئازاردان و ناڕەحەتکردنی کوردە ئەرتەشیەکان ، خوێندکاران و مامۆستایان. هەروەها بەردەوامی زیندانکردن و ئەشکەنجەدان و لەسێدارەدان . بۆمان ڕووندەکەنەوە کە خەباتی چەکدارانەی کورد بۆچی زوو دەستی پێکردەوە، هەرچەندە سەرەتاکەی خەڵکێکی کەمی گرتەخۆ. ئەوی ڕاستی بێ، پارتە کوردیەکان بەچەند مانگێک پاش هەرەس و گرفتاریەکەی مارسی ۱۹۷۵دەستیان بە خۆ ڕێکخستن کردەوە، و لەمانگی شەشی هەمان ساڵەوە، مەفرەزەی بچوک بچوکیان لەسنووری ئێران وسوریاوە دەپەڕینەوە، و دەستیان لە هێزەکانی ڕژێم دەوەشاند؛ دەوڵەتی ئێران، کە لەڕووەوە دەستی بە ئاسایکردنەوەی پەیوەندیەکانی کردبووەوە لەگەڵ عیراقدا، هەروەها سوریا و هەندێ جار تورکیاش، دیاربوو چاوپۆشیان لەو سنوور پەڕاندنانەی ئەو مەفرەزانە دەکرد. واپێدەچوو کە هاوسێکانی عیراق ناڕەحەت بن لە بەهێزبوونی ڕژێمی عیراق.

جا ئەم بارە هەرچۆنێک بوبێت، ئێران و سوریا هەمیشە لایەنگری ئەوەبوون کەجۆرە پەیوەندیەکیان لەگەڵ هێزی ئۆپۆزسیۆنی عیراقیدا هەبێت. لەمانەش، وەک کورد، پارتی دیموکراتی کوردستان(پ.د.ک) لەلای خۆیەوە پەیوەندیەکی بەهێزتری لەگەڵ ئێراندا هەبوو. هاودەم ، یەکێتی نیشتمانی کوردستان (ی.ن.ک) خەریکی دامەزراندنی پەیوەندی بوو لەگەڵ سوریا. لەلایەکی کەشەوە، کوردی عیراق لە ژێرەوە خەریکی پەیوەندی بوون لەگەڵ ڕێکخراوە کوردیە نهێنیەکانی ئێران وتورکیا بۆ یاریدەدان و دامەزراندنی بنکەی جەنگی و ڕامیاری پێویست بۆ پەلاماردانی ڕژێمی عیراق .

سەرەتاکانی پەیدابوونەوەی بەرهەڵستی ناوخۆیی لە کوردستانی عیراق، وەک ڕێکخستنی

نهێنی لە ناو شارەکاندا دەستی پێکرد، بەهیوای ئەوەی کە لە داهاتودا ببێ بە بزوتنەوەیەک بتوانێ پەیوەندی بە هێزەکانی پێشمەرگەوە بکات لە چیاکاندا. ڕووداوی تەقێنەرەوەی ئەم بارە لە ناوەندەکانی ۱۹۷٦دا ڕێکەوت، ئەویش کە سێ سەرکردەی ناوداری ڕامیاری ـ جەنگی کورد، کە کرابوون بە فەرمانبەر لە باشووری عیراق پاش گەڕانەوەیان لە ۱۹۷٥دا ، بە نزیکەی ۲۰۰ ـ ۳۰۰ جەنگاوەرەوە ڕویان لە چیا کردەوە.

یەکێکیان عومەر مستەفا بوو، ئەندامێکی دەستەی دامەزرێنەری (ی.ن.ک)، کە پاشان بووە ئەندامی مەکتەبی سیاسییان. عومەر مستەفا ساڵی ۱۹۹۲ لەشاری هەولێردا کە بەشداریی کۆنفرانسی (ی.ن.ک)ی دەکرد گیانی سپارد. دووەمیان عەلی عەسکەری، یەکێ لە بەرزترین سەرکردەکانی پێشمەرگە، کە لە جودابوونەکەی ۱۹٦٦دا لایەنی جەلال تالەبانی گرت دژ بە بارزانی. عەسکەری لەگەڵ عومەر مستەفا و مەمەند ڕەسولدا، دامەزرێنەری بزوتنەوەی سوسیال دیموکرات بوون، کە یەکێ بوو لە دوو ڕێکخراوە سەرەکییەکەی کە پاشان یەکێتی نیشتمانی کوردستانیان (ی.ن.ک) لێ پێکهات. سێهەم خالید سەعید بوو، کە ئەویش سەرکردەیەکی جەنگی دیار، و یەکێ لە دامەزرێنەرانی بزوتنەوەی سۆسیال دیموکرات بوو. سەعید و عەسکەری و ژمارەیەکی زۆر لە لایەنگرانیان ساڵی ۱۹۷۸ لە یەک ڕووداودا کوژران. سەیری زەمانە لەوەدابوو کە ئەمانە بەدەستی عیراق نەکوژران، بەڵکو بەدەستی کوردی وەک خۆیان لە جەنگی دەسەڵاتی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) لەو سەردەمەدا.

## بناغەنانی پارتەکان

ئەو بەتاڵاییە ڕامیارییەی کە لەپاش هەرەسی شۆڕشی چەکداری کورد هاتە کایەوە، لەلایەکەوە، نەخۆشی و پاشان مردنی سەرکردەی بێ شەریکی بزوتنەوەکە مستەفا بارزانی، لەلایەتی ترەوە، بووە هۆی شەڕێکی خەست لە نێوان پارت ، بزوتنەوە و کەسایەتیە سەرکردەکان لە کوردستاندا. هەتا لەناو خودی (پ.د.ک)یشدا هەستی دژایەتی بە سەرۆکایەتی بارزانی و خانەوادەی پەیدابیو. چاکیش دەزانین کە پارتی دیموکراتی کوردستان (پ.د.ک) سەرکردەی دانپیانراوی بزوتنەوەی کوردیی بوو لە ماوەی نێوان مۆرکردنی پەیمانی ئۆتۆنۆمی ئاداری ۱۹۷۰ تا هەرەسی ۱۹۷٥.

ئەم کوێک و ناکۆکییەی ناو پارتی، پاش هەرەسو نەمانی بارزانی، بووە هۆی پێکهێنانی سەرکردایەتیەکی کاتی (قیادە موقتە) کەتێیدا، سامی عەبدولرەحمان بووە سکرتێری گشتی (پ.د.ک) بە هاوکاری هەردوو کوڕەکەی مەلامستەفا، ئدریس و مەسعود بارزانی. ئەم کێشمەکێشی دەسەڵاتەی ناو سەرکردایەتی پارتی تا ۱۹۷۹ ، واتە بەستنی کۆنفرانسی گشتی نۆیەمی پ.د.ک بەردەوام بوو. ئەم کۆنفرانسە، بە جودابوونەوەی سامی عەبدولرەحمان لە پارتی و

دروستکردنی (پارتی دیموکراتی گەلی) کۆتایی پێهات. بۆ خودی (پ.د.ک)یش، مەسعود بە سەرۆک هەڵبژێردرا وئدریس وەک ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی مایەوە، هەرچەندە تا مردنی لە ۱۹۸۷دا وەک پیاوە بەهێزەکەی پارتی دەبیندرا.

هەروەها لە سەرەتاکانی ۱۹۷٦ د. مەحمود عوسمان ڕێکخراوێکی دروستکرد بە ناوی کۆمیتەی ئامادەکەری (پ.د.ک). مەحمود عوسمان ئەندامێکی پۆلیت بیرۆی (پ.د.ک) بوو لەسەردەمی مستەفا بارزانیدا، هەروەها ڕاوێژکاری سەرەکی کاروباری پەیوەندی بیانی بوو، ئەو کەسەش بوو کە لە ۱۹۷۳دا، لەگەڵ ئدریس بارزانیدا سەردانی ئەمریکای کرد بۆ هۆنینەوەی یەکەمین داوەکانی پەیوەندی لە ڕێگەی CIAوە. عوسمان، پاش دروستکردنی ڕێکخراوە نوێکەی بە ماوەیەکی کورت گواستیەوە سوریا، و لەوێش قادر جەباری و شەمسەدین موفتی و کەسانی تر پەیوەندیان پێوەکرد. دکتۆر مەحمود تا ۱۹۷۹ سەرکردایەتی ئەم ڕێکخراوەی کرد، و لە ۱۹۷۹دا لە گەڵ رەسوڵ مەمەند و ئەندامانی تری باڵە جودابووەکەی بزوتنەوەی سۆشیال دیموکراتی کورد، کە یەکێبوو لە گروپە سەرەکیەکانی (ی.ن.ک)، پارتی سۆشیالستی کوردستان ـ یان دروستکرد، کە یەکێکە لە هەشت ئەندامەکەی بەرەی کوردستانی ئێستاکە.

کۆنترین پارت لەعیراقدا، پارتی کۆمۆنستی عیراقە (لە۱۹۳٤دامەزرێندراوە). لقی کوردستانی پارتی کۆمۆنست لە شەستەکانەوە چالاک بوو لە ناو بزوتنەوەی کوردیدا، بەڵام لە۱۹۷٤ بوو بە بەشێک لە (بەرەی هێزە نیشتمانی و نەتەوایەتی عیراق ـ جبهه القوى الوطنيه و القوميه) کە بەعسی عراق دروستی کرد، و سەرکردایەتیشی دەکرد. وەک هاوپەیمانی بەعس، هێزە چەکدارەکانی پارتی کۆمۆنست لەو ساڵەدا دژ بە ڕاپەرینی کورد شەڕیانکرد. ئەم پارتە تا ساڵی ۱۹۷۸ بەردەوام بوو لە پشتگیری دەسەڵاتدارانی عیراق . هەمان ساڵ، واتە ۱۹۷۸، بەعسیەکان، بەمەبەستی لە ناوبردنی ئەوپارتە، دەستیان بە تیرۆرکردنی کۆمۆنیستەکان کرد. لە ۱۹۷۹دا، ئەڵقەی نێوان بەعس و کۆمۆنیست بەتەواوی پسا، و جارێکی تر کۆمۆنیستەکان چونەوە ناو بزوتنەوەی چەکداری کورد و دەستیان بە چالاکی کردەوە.

دیاردەی دیاری ماوەی پاش تێشکانی ۱۹۷۵، بڵاوبوونەوەی بیرە چەپڕەوەکان بوو، بەتایبەتی ئەوانەی سەر بە مارکسیزم و ماویزم بوون. لەو دەمەدا چەندین وردە پارت و ڕێکخراوی چەپڕەو دروستکران ، یەکێ لەوانەش پارتی ڕەنجدەرانی کوردستان بوو، کە ئیبراهیم خەلیل دایمەزراند. بیرو باوەڕی پ.ر.ک لەپلەی یەکدا سەرنج ڕاکێشەری گەنج و لاوان بوو، کە بوونە زۆربەی ئەندامانی پارتەکە. ئەم پارتە گەلێ چالاکی نهێنی لەشارەکانی کوردستان ئەنجامدا. هێزەکانی ئاسایشی ڕژێم دەستیان دایە هێرشی بێ بەزەییانە دژ بە پ.ر.ک و لە ۱۹۷٦دا توانیان شەهاب نوری ، کە سەرکردەیەکی پارتەکە بوو، بگرن و لەسێ داریدەن، پاش ماوەیەکیش خودی دامەزرێنەری پارتەکە ـ ئیبراهیم خەلیل ـ گیرا و لە ژێر باری جستوجۆدا شکا

و زانیاری گرنگی لە بارەی ڕێکخراوەکانی پارتەکەوە ئاشکراکرد و بەم کارە ڕێی بۆ ڕژێم خۆشکرد کە پارتەکە لەناوببات.

لە گشت پەیدابوونەکان گیرۆدەدار و ئاستەمتر پێکهاتنی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان (ی.ن.ک) بوو بەسەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی، کە لە کاتی هەرەسەکەدا نوێنەری تایبەتی بارزانی بوو لەسوریا. (تاڵەبانی و بارزانی) پاش پەیمانی ١٩٧٠ یەکیان گرتبووەوە،ئەویش دوای ئەوەی کە تاڵەبانی بۆ ماوەیەک گەڕایەوە بارەگای سەرکردایەتی بارزانی لە حاجی ئۆمەران، و سەرۆکی کورد بڕیاریدا کە لە "کوڕی" خۆی خۆشبێ (بارزانی هەمیشە تاڵەبانی بە کوڕی خۆی بانگ دەکرد) پاش ئەوەی کە لە١٩٦٦دا لێی جدابووەوە، و(پارتی دیموکراتی کوردستانی "جێگر")ی دروست کردبوو، وە شان بەشانی لەشکری عیراق دژ بە بارزانی شەڕی کرد. بۆ مێژوو دەبێ بڵێین کە هۆیەکانی جودابوونەوەی ١٩٦٦ لە ڕاستیدا لە ١٩٦٤وە دەستی پێکرد کە تاوانی عەشایرگەری و دەسەلات پەرستییان خستە پاڵ بارزانییەوە.

جا وەک ئامـاژەمـان بۆ کـرد، دوای تێکەڵاوبوونەوەی ١٩٧٠بە مـاوەیەکی کـورت ، تاڵەبانی حـاجی ئۆمـەرانی جـێـهـێـشت . سـەرەتا هەندێک لە بەیروت بوو، و پەیوەندی لەگـەڵ چەند ڕێکخراوی فەلەستینی بەست، و پاشانیش لە دیمەشق مایەوە وەک نوێنەری بارزانی تا هەرەس.

پاش هەرەسی ١٩٧٥، یەکـسـەر هەوڵدان دەسـتی پێکرد بۆ بەیەک گـەیاندنی دوو گـروپی کوردیی ، کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستـان و بزوتنەوەی سۆشیال دیموکرات. بەرهەمی هەوڵەکان پێک هێنانی یەکیەتی نیشتمانی کوردستانی بوو، کە وەک پێویستێک هاتەپێش. تاڵەبانی لەگەڵ نەوشیروان(ئەندامی سەرکردایەتی ی.ن.ک لە ١٩٩٢دا) ، شەهاب نوری و شاسوار جەلال (پاشان لە شەڕدا کوژرا)، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵەی ڕەنجدەران بوو. سەرکردەکانی بزوتنەوەی سۆشیال دیموکراتیش؛ عەلی عەسکەری، خالید سەعید، عومەر مستەفا و مەمەند ڕەسول بوون. تاڵەبانی بە گونجاوترین کەس دیترا بۆ سەرکردایەتی ئەم یەکیەتییە. ئەویش، بۆ نواندنی بێ لایەنی خۆی ،دەستی لە سـەرکردایەتی کـۆمـەڵەی ڕەنجدەران کـشـاندەوە. پاش ئەم هەڵبژاردنە، ڕەبایی (charimsma ـ جاذبیە) تاڵەبانی بووە هۆی ڕاکێشانی ژمارەیەکی زۆر لە خەباتکەرانی دەرەوەی ئەم دوو ڕێکخراوە. ئەم خەڵکە نوێیەی کە نە بزوتنەوە بوون و نە کۆمەڵە، لە سەرەتادا بە «خەتی گشتی» ناسران و ڕەنگی سێهەم ڕێکخراوی ناو (ی.ن.ک)یان گرتە خۆ. ئەمە لە خۆیدا بە گۆڕانکارییێک دیترا لە ڕەوت و شێوازی بزوتنەوەی کوردیدا..

چاوئەندازانی (Observers) کـورد وەهایان ڕاگـەیاند کـە مـۆدێلی ی.ن.ک لە بەرەی ڕزگاریخوازی فەلەستینەوە وەرگیراوە؛ ئەوەیش لەلایەکەوە ڕەنگدانەوەی ئەوەبوو، کە PLO لەو دەمـەدا بە هێزێکی ڕامیـاری و جەنگی ڕۆژهەڵاتی ناوەند دەدیـترا. لەلایەکی کـەوە، تاڵەبانی پەیوەندیەکی چاکی لەگەل چەند سەرکردەی فەلەستینی دروستکردبوو، بەتایبەتی جۆرج حەبەشی

بەرەی مللی بۆ ڕزگاری فەلەستین(الجبهه الشعبیه لتحریر فلسطین) و نایف حەواتمەی بەرەی دیموکراسی (الجبهه الدیموقراطیه). هەروەها تالەبانی بۆماوەیەک لە ڕۆژنامەی(الهەدەف)، کە ڕۆژنامەی بەرەی مللی بوو کاریدەکرد، و هەر لەو ماوەیەشدا، دەستەیەک کوردی چەپڕەو پەیوەندیان بەو دوو باڵە لەشکریەی ئەو دوو ڕێکخراوە فەلەستینیەوە کرد، کە یەکێ لە هۆیە هاندەرەکانیان، دابینکردنی سەرچاوەکانی چەک و دامەزراندنی پەیوەندی لە گەڵ سوریا بوو. بەد بەختانە ناخۆشی لە نێوان فەلەستینی و سوریەکاندا پەیدابوو، و ئەمەش لەڕێی خۆیەوە کاری لە پەیوەندیەکانیان کرد لەگەڵ کوردی عیراق.

بەگشتی، ماوەی نێوان ١٩٧٥ ـ ١٩٧٦ دەمی ڕێکخستن و ڕێکخستنەوەی گشت پارت و بزوتنەوە و ڕێکخراوە کوردیەکان بوو. هەموو لایەنەکانیش لەگەڵ ئەوەن کە قۆناغی نوێی خەباتی چەکداری لە کۆتایی ئەم ماوەیەدا دەستی پێکردەوە، و یەکەمین ئۆپەراسیۆنەکان هاودەم لەلایەن هەردوو گروپە سەرەکییەکەوە (پ.د.ک ) و (ی.ن.ک) ئەنجامدران. بارودۆخی کوردستان، لەودەمەدا یەکجار ناڵەبار و ترسناک بوو، مەفرەزەی بچوک بچوک، لە دیوی ئێران و سوریاوە سنوریان دەپەڕاند، بەمەبەستی چالاکی لە کوردستانی عیراقدا. گەلێ جاریش، مەفرەزەکان ناچاردەبوون لەکشانەوەیاندا خۆیان بەتورکیادا بکەن. ئەم چالاکیە سەرەتاییانە هەرچەندە لەسنوورێکی تەسکدا بوون ، بەڵام خولێکی مەزنیان دیت لە گوڕدانی باری دەرونی مەردومی کورد، بەرابەر بە تیرۆر و کاولکردن و بەعەرەب کردنی بەردەوام.

لێرەدا دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە هەر لەسەرەتاکانی بزوتنەوەی چەکداریی کوردەوە، واتە لە١٩٦١وە جیاوازیەکی ڕوون وئاشکرا لەنێوان دوو ڕووی جەنگی و ڕامیاری ڕێکخراوەکانیدا نابیندرێت. بەڵکو لەڕاستیدا بێخودی ناکەین گەر بڵێین کەهەموو بزوتنەوە کوردییەکان زادەی مەیدانی جەنگن، جگە لە پ.د.ک کە لە ١٩٤٥دا و دوور لە بارودۆخی پاش شۆڕشی ١٩٥٨ی عیراق پێکهاتووە.

شەڕی ناوخۆیی کورد، کە پاش مردنی بارزانی سەریهەڵدا، بارودۆخی کوردستانی ئاستەمتر کرد و ڕێکخراوە کوردیەکان هاودەم لەگەڵ وردە شەڕی دژ بە حکومەتی عیراق، جەنگی یەکدیشیان دەکرد.

کوردستان بەم جۆرە مایەوە تا سەرهەڵدانی جەنگی عیراق ـ ئێران لە ١٩٧٨دا. ئەم جەنگە دەرگایەکی نوێ بۆ بزوتنەوەی کورد لە عیراقدا کردەوە، کە تێیدا فاکتەری دەرەکی، هەمیسان گرنگی سەرەکی بەدەستهێنایەوە. دەبینین کە هەرچەندە شەڕی نوێی کورد هیچ مەترسییەکی بۆ ڕژێم نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا بەغدا دووجار هەوڵی گفتوگۆیدا لە ١٩٧٨ و ١٩٧٩. یەکەمیان لەگەڵ (کۆمیتەی ئامادەکەر ـ پ.د.ک)و دووهەم لەگەڵ (ی.ن.ک.). ئەم دوو هەوڵە سەریان نەگرت، لەبەر ئەوەی بەغدا سووربوو لەسەر خۆبەدەستەوەدانی بێ مەرجو شەرتی هەموو لایەنە

کوردیەکان، و کوردیش داوای ڕاگرتنی ڕاگواستن ، بەعەرەبکردن و ڕەشبگیری دەکرد، جگە لە چاککردنی ئۆتۆنۆمیەکەی خودی ڕژێم.

جەنگی ئێران ـ عراق

دەستپێکردنی جەنگی ئێران ـ عراق هەلی گەشانەوەی بۆ بزوتنەوەی چەکداری کورد ڕەخساند. چونکە ئەو شەڕە بەغدای ناچارکرد کە بەشێکی زۆری هێزەکانی بکێشێتەوە بۆ بەرەکانی شەڕ لە ناوەند و باشووری عیراقدا.

بۆ کورد، ئەم جەنگە، وەهایکرد کە جگە لەو چەند سەد کۆنە پێشمەرگەیەی کەپاش هەرەسی ۱۹۷۵ لە دەرەوەی عیراق لەگەڵ سەرکردەکانیاندا مابوونەوە و دەستیان بە شەڕی دژ بە ڕژێم کردبۆوە، هەزاران کەسی تر، لە «گوندە مۆدێرنەکانەوە» ، کە ڕژێم بۆ خەڵکی ناوچە چۆڵ پێکراوەکانی دروستکردبوو، بەرەو چیاکان هەڵهاتن. لەڕاستیشدا کوردەکان ڕقیان لەو ( گوندە مۆدێرنانەی) ڕژێم دەبۆوە و هەمیشە بە چاوی ئۆردوگای زۆرەملێ تەماشایاندەکردن.

بۆ کوردستانیش وەک ناوچە؛ گرژی و ناکۆکی ناو بزوتنەوەی کوردی خۆی ، لە نێوان ۱۹۷۹ و ۱۹۸۰دا کوردستانی عیراقی کردبوو بە دوو بەشەوە، یەکیان بادینان کە باکوور و ڕۆژئاوای دەگرتەوە، و لەژێر دەسەڵاتی پ.د.ک بوو. دووهەم سۆران ، کە لە باشور و ڕۆژهەڵاتی ناوچەکە بوو، و لە ژێر دەسەڵاتی ی.ن.کدا بوو. هەریەکێ لەم دوو ڕێکخراوە زۆر بە وردی پاسەوانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان دەکرد، و هەمیشە کە سنووری یەکتریان پەڕاندووە، گەر بە مەبەستی لێدانی عیراقیش بووبێ، ئەوە تووشی شەڕی ناوخۆیی بوون. هۆی سەرەکی ئەم شەڕە ناوخۆییەش بەدەستهێنانی سەرکردایەتی هەموو بزوتنەوەی کورد بوو.

لە سەرەتای جەنگدا، قەوارەی پێکدادانی ناو حزبەکان لە سنوورێکی تەسکدا بوو، ئەوەش تەنها لەبەر ئەوەی کە توانای لەشکری و جەنگی ڕێکخراوەکان کەم بوو. بەڵام بە بەردەوامی جەنگی ئێران ـ عیراق، توانای جەنگی ئەم پارتانە گەشەیکرد و بوونە خاوەنی لەشکری تەواو لەپێشمەرگە، و ئەمەش لەخۆیدا بووە هۆی ئەوەی کەشەری نێوانیان، بەهاندانی سەرکردەکانیان، خەست بێتەوە.

لە سەرەتای هەشتاکاندا پ.د.ک ، پارتی کۆمۆنیستی عیراق و پارتی سوسیالستی کورد و چەند پارتێکی تری عیراقی پەیمانی دروستکردنی بەرەی نیشتمانی دیموکراتخوازیان ( جود: الجبهه الوطنیه الدیموقراطیه ) بەست . ڕوداوی لەوەش گرنگتر لە ۱۹۸۲دا بوو ، کە پ.د.ک ، و ی.ن.ک لە دۆڵی پشت ئاشانی نزیک بە حاجی ئۆمەران و بناری چیای قەندیلی سەر سنووری ئێران ـ عیراق، کۆبوونەوە. لەم کۆبوونەوانەدا، فرەیدوون عەبدولقادر نوێنەرایەتیی ی.ن.ک دەکرد و مەلا محەمەدی لاجانی هی پ.د.ک. لە ئەنجامی کۆبوونەوەکانی پشت ئاشاندا یەکیەتی و

پارتی پەیمانێکیان مۆرکرد کە تێیدا تەبەعیەتی ناوچەکان لە بەینبرا ،و ڕاگەێندرا کە کوردستان گۆرەپانێکی ئازادە بۆ گشت گروپە خەباتکارەکان. هەروەها هەردولایان لەبارەی یەکگرتنەوەی هێزە لەشکریەکان وەستەیەکیان هەبوو.

جگە لەم هەولانەش، سوریا و لیبیا هەولێکی گورجتریان خستەگەر بۆ نزیک کردنەوەی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی عیراقی لەیەک. لە ٦ فەبریوەری ۱۹۸۳دا ، نۆزدە پارت و بزوتنەوەی عیراقی بەیان نامەی تەرابلوسیان مۆرکرد، کە تێیدا پەیمانی « دوا هەنگاونان بەرەو یەکیەتی لە چوارچێوەی بەرەیەکی نیشتمانی فراواندا» دا ، بەمەرجێ کە لە ماوەی «یەک مانگدا» پێکبهێنرێت، لەپێناوی نەهێشتنی ڕژێمی بەعس و دامەزراندنی «حکومەتێکی دیموکراتی، مللی ، یەکیەتیخواز». بەیاننامەکە جەغتی لەسەر «بەخشینی ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بە کوردستانی عیراق، و ڕێزگرتن لە مافەکانی تورکمان و کەمە نەتەوایەتیەکانی دی تێیدا » ، دەکرد . هەروەها ،لایەنە مۆرکەرەکان داوایانکرد کە « بێ دواخستن گشت جۆرە پروپاگەندە و ناکۆکی و لێکدانێک، ڕاگیرێت » لە نێوان پارتەکاندا.

ئەم کۆبوونەوەیەی تەرابلوس بە بەرێوەبەرایەتی مێجەر عەبدولسەلام جەلوود، دەسەلاتی دووەمی لیبیا، و ئامادەبوونی محەمەد حەیدەر ـ ی ئەندامی سەرکردایەتی نەتەوەیی (القیادە القومیە) پارتی بەعسی سووری و چەندین سەرکردەی فەلەستینی، بەسترا. لە نێو ئەم نۆزدە پارتە عیراقیەدا، پ.د.ک ـ ی.ن.ک ـ پارتی کۆمۆنیستی عیراق ـ پارتی دیموکراتی گەل و ڕێکخراوی نیشتمانی دیموکراتی تورکمانان ـ ی، تێدابوو. بەلام، پیرۆزی پێشهاتەکە و پەیمان و سۆز و پێک سازبوون، دادی نەدا و پاش چەند هەفتەیەک ئاشکرا دەستیان بە توانج و تاوانبارکردنی یەکدی کردەوە.

چاوگەکانی ناکۆکی نێوان ئۆپۆزیسیۆنی عیراقی ئەو دەم ( کە تا ئەمرۆ وەک خۆی ماوە)، جیاوازی ئایدیۆلۆجی ، دینی و نەتەوەیی بوو. ئۆپۆزیسیۆن ببووە چوار شا کەرت: شیعەی ئیسلامی ، کورد، عەرەبی نەتەوەیی(بەعسیی سەر بە سوریا و ناسریەکان) ، و کۆمۆنیستەکان کە تاکە ڕێکخراوبوون دانیان بە مافە نەتەوەییەکانی کوردانا ، بە مافی خۆبەرێوەبردنەوە.

لە خودی کوردستانیشدا ، پارتەکان دەستیان بە خۆ پڕ چەککردن کرد. ناجۆری و خرۆش لە بەهاری ۱۹۸۳ بە ترۆپک گەیشت: کە بەرەی دیموکراسی نیشتمانی عیراق( جود ـ بەبەشداری پ.د.ک، پارتی کۆمۆنیست، پارتی سۆسیالیستی کورد، پارتی سۆسیالیستی کوردستان ـ وەک هێزی سەرەکی) ، هێرشیان بردە سەر بنکەکانی ی.ن.ک لەناوچەی بالیسانی سەر بەهەرێمی هەولێر. دژکاری(ی.ن.ک) لەلایەکەوە هێرش بردنە سەر بنکەکانی کۆمۆنیستی عیراق و (پ.د.ک) بوو لە پشت ئاشان و قرناقا. لەلایاکی تریشەوە هێرشی سەر هەردوو پارتە سۆسیالیستەکەی (کورد، هەروەها کوردستان ) بوو لە ئاشقولقێ. گورزی سەنگینی ئەم شەڕانە

بەر کۆمۆنیستەکان کەوت ! ، و نزیکەی ١٠٠ شەرکەریان کوژرا و ژمارەیەک کادری پێشکەوتویان گیرا و ئیزگەکەشیان دەنگبڕکرا.
کەریم ئەحمەدی ئەندامی مەکتەبی سیاسی حشع، بە پەلە داوای چاوپێکەوتنی کرد لەگەڵ تاڵەبانی سەرۆکی ی.ن.ک، (تاڵەبانی هەمیشە ڕێزێکی تایبەتی بۆکەریم ئەحمەد هەبوو کەلە سەرەتای پەنجاکاندا مامۆستای خۆیبووە لەشاری کۆیە). ئەم دووە لە پێنجی مانگی پێنجدا بەیاننامەیەکی هاوبەشیان ئاراستەی "هەموو شەرکەرانی هەردوولا" کرد کەتێیدا فەرمانی "ڕاگرتن دەستدرێژی بێ درەنگی" دەدا ، و داخیشیان خوارد بۆ " ئەو بارە نا ئاساییەی روویدا لە نێوانیاندا ." هەروەها داوای هەنگاونانیان کرد بۆ "یەکگرتنەوەی تواناکان ...... دژ بە دیکتاتورییەت و بۆ بەدی هێنانی ڕژێمێکی فرەپارتی نیشتمانی دیموکرات، کە توانای بەدیهێنانی سەربەخۆیی ڕاستەقینەی هەبێت بۆ عیراق و ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینەش بۆکوردستان." ئەما دەسکەوتی ڕاستەقینەی ئەم پێک گەیشتنە تەنها پاکسازی و کشانەوەی حشع بوو لە هێڵەکانی شەڕ و ناوچەکانی ی.ن.ک لەوکاتەیدا کە پروپاگەندەی دژ بە یەک، بەدرێژایی ١٩٨٣ـ ١٩٨٤ هەر بەردەوام بوو ، و بێبوار تاوانی خیانەتکاری و نۆکەری بەعس و هێزی بێگانەیان دەخستە پاڵ یەک.
جا لێرەدا دەبێ ئامـاژە بۆ ئەوەش بکەین، کە لەگەڵ بەردەوامی شەڕی ناوخۆدا، گوشاری پێشمەرگەکانی پ.د.ک، و، ی.ن.ک بۆ سەر هێزەکانی عیراق پتر و توندتر دەبوو. هێزی جەنگی ئەم پارتانە بە ڕادەیەک گەیشت کە "ناوچەی ئازادکراو." دروستکەن، و مەفرەزەکانیان بتوانن چالاکی لە ناو شارەکاندا بکەن و بگەڕێنەوە. بەڕێوەبەرایەتی عیراق گەلێ جار ناچاربوو هێز لە بەرەی شەڕی دژ بە ئێران بکێشێتەوە، تا بەرەنگاری شالاوی جەنگاوەرە کوردەکان ببێتەوە.
ماوەی نێوان ١٩٨٣ ـ ١٩٨٤، کوردستان بووە گوای(شاهیدی) پەرەسەندن و پەیدابوونی مـەودایەکی نوێ بۆ ئەو دیاردەیەی کـە سـاڵەهای سـاڵ هاوپەندی جـەنگی کـورد بووە دژ بە بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی؛ واتە دیاردەی کوردی بەکرێگیراو لەلایەن ڕژێمەوە!!، چەکدارکردنی ئەو بەکرێگیراوانەی ، کە لەلایەن ڕژێمەوە پێیان دەگوترا فورسان بەواتەی سوارە، و خودی کورد پێیدەگوتن جاش بەواتەی کەر، پەرەیسەند. هۆیەکی سەرەکی ئەم پەرەسەندنەش پەست و زۆریی جەنگی عیراق ـ ئێران بوو بۆ سەر خەلکی کورد. لەم بوارەدا مەردی خێڵەکی کورد لە پێناوی؛ پارە، چەک و دەسەلات بەخشین لەلایەن ڕژێمەوە خولێکی دیاریان لە هەلمژین و کەمکردنەوەی زەبروزۆری پێشمەرگەدا دیت.
لەلایەکیکەوە، هەوڵی خاپوورکردنی ئابووری و ژیانی کۆمەلایەتی دێهاتی کوردستان لەڕێی دەرکردن و کاولکردنەوە بە پلەیەکی نوێ گەیشت؛ ئەو دێهاتانەی ڕاستەوخۆ لە بەرەی جەنگدا نەبوون، هەموو جۆرە خزمەتگوزاریەکی کۆمەلایەتی، تەندوروستی و ڕۆشنبیریان لێبڕا !، ئەمەش

بۆ ئەوەی کەدانیشتوانی ئەو دێهاتانە ناچارکەن کۆچ بەرەو باژێر و شارەکان بکەن. نموونەیەکی ڕوونی ئەم ڕەوتە بڕیاری داخستنی ٧٤٨ قوتابخانە و دەبستانی سەرەتایی بوو لە دێهاتەکانی سەر بە هەولێر ، سلێمانی و دهۆک کە، ڕاستەوخۆ بووە هۆی دابڕانی نزیکەی ١٥٠٠٠ منداڵی کورد لە خوێندن و فێربوون. بەهانەی دەوڵەت بۆ ئەم کارە، ئەوەبوو کە دەبستانەکان دەکەونە (ناوچەیەکی ئاسایشی ناجۆرەوە) و ڕەچاوناکرێت کە دەزگاکانی خوێندەواری تێیدا هەڵسوڕێت. دێهاتیەکان داوایانکرد کە منداڵانیان بۆ خوێندن بچنە دەبستانی ئەو گوند و شارە نزیکانەی کە دەکەونە دەرەوەی ناوچەی دیاریکراو، بەڵام داواکاریەکە لەلایەن ڕژێمەوە ڕەدکرایەوە.

هەر لە ١٩٨٣دا، تاوانی بێ سەروشوێن کردنی ٨٠٠٠ بارزانی، ئاشکرا پەیامی شاڵاوی نوێی ترس و ئەشکەنجەی پێبوو بۆ گەلی کورد؛ لە شەوێکی تاریکدا یەکەیەکی گاردی کۆماری عیراقی، دەستی بە ئابڵوقەدانی ماڵەکانی گردگەی شوورەداری قوشتەپە کرد (ئەم گردگە ـ مجمع ـ دەستکردەی ڕژێم دەکەوێتە ٦ میلی باشووری هەولێر و بەرزانی تێدا کۆکرابۆوە). بۆ دەمەوە بەیان لە کاری دەورەدان بووەوە، و نزیکەی ٨٠٠٠ بارزانی نێرینەی (لاو و پیر کە تەمەنیان لە ١٢ تا ٨٠ ساڵ بوو) کۆکردەوە و بردنی بەرەو چارەنووسێکی نادیار. نوێنەرانی کورد لە گفتوگۆی پاش جەنگی کەنداودا سۆراغی بەرزانیەکانیان لە نوێنەرانی ڕژێم پرسی ، بەڵام وەڵامێکی روونیان نەدرایەوە، و تێگەیشتن کە ئەم بارزانیانە لەناوبراون.

بەرەو بەرەی کوردی

لە سەرەتای ١٩٨٤دا، زۆربی لەشکری ئێران بۆ سەر عیراق پاڵی بە ڕژێمەوە نا کە داوای گفتوگۆ لە ی.ن.ک بکات، کە ببوە خاوەن هێزێکی جەنگی ترسناک لە کوردستانی عیراقدا. گفتوگۆ نزیکەی ساڵێکی خایاند و وەک جاران هیچی لێ هەڵنەکرا ، بەڵام هەمان پێشواز بووە دەروازەی دیالۆگێکی قووڵ و درێژخایەن لە نێوان خودی کوردەکاندا، کە بابۆڵەکەی پێکهێنانی بەرەی کوردی بوو لە ١٩٨٧.

بۆ شیکردنەوەی ئەم باسە، سەرەتا دەبێ بڵێین کە زەمینە خۆشکەر بۆ پەیوەندیەکانی نێوان بەغدا و تاڵەبانی د.عەبدولرەحمان قاسملوی سەرۆکی حزبی دیموکراتی کورد لە کوردستانی ئێران و هاوکار و نووسەرێکی ئەم فەرگەردە بوو. قاسملو کە دۆستی تاڵەبانی و هاوپەیمانی عیراق بوو لە جەنگی دژ بە تاران بووە ناوبژیکار (وسیط) یەکەم کۆبونەوەی ئەم دوو لایەنە لە ١٩٨٤دا؛ تاڵەبانی لە ١٩٨٩دا ویستی چاکەی هەوڵە سەرنەگرتووەکەی قاسملو بداتەوە، و کەوتە نێوان قاسملو و تاران. وەک ئەنجام بڕیاردرا کەهەردوولا لەڤیەنا کۆبنەوە، بەڵام بەداخەوە، قاسملو بەدەستی پیاوانی ئێران ، وەک گومان دەکرێت، بەر لە کۆبوونەوەکە تیرۆرکرا. ڕووداوە مێژوییەکانیش ئاشکرا نیشانیاندا کە هەردوو دەوڵەتی ئێران و عێراق زیرەکانە دۆستایەتی نێوان

ئەم دوو سەرۆکە کوردەیان بەکارهێنا لە هەڵی جیاوازدا بۆ بەرژەوەندی خۆیان.

لەگەڵ دەسپێکردنی گفتوگۆی نێوان تاڵەبانی و بەغدا، ئەوە ڕەچاوکرا، کە گۆڕان بەسەر ڕاگەیاندن و شێوازی پروپاگەندەی نێوان دوو لایەنە سەرەکیەکەی کورددا (جود & ی.ن.ک) هات. دووهەفتە پاش دەسپێکردنی گفتوگۆ، تاڵەبانی کە لە بەغدا بوو، گەڕایەوە بارەگاکەی لە کوردستان و زنجیرەیەک کۆبوونەوەی بەست بۆ ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی بوارەکە. لەیەکێ لەو کۆبوونەوانەدا کە بەئامادەیی دەستەیەک ڕۆشەنبیری کورد بوو، پرسیارێ هاتەپێشێ ا، ئەویش ئەوەبوو، گەر مەبەست لەم کارە ، چابوونەوەو ئاشت بوونەوە بێت؟؟، ئایا نابێ لەماڵێ خۆمانەوە دەسپێبکات. واتە نێوان دوو لایەنە کوردیەکە، پێش ڕووکردنە ڕژێمی عیراق.

ئەمە ، لە ڕاستیدا، سەرەتای دادوستانی ناوخۆیی کوردی خستە ئاراوە ، و پارتی کۆمۆنیستی عیراق خولێکی بۆزەتیفی تێدا گێڕا. لە ڕوورا، دەبینین کە هورووژمی پروپاگەندەی ـ جود ـ دژ بە ـ ی.ن.ک ـ بەردەوام بوو، و بێوچان داوای ڕاگرتنی گفتوگۆی دەکرد لەگەڵ بەغدادا. بەلام لەبنڕا هەردوو لایەنە کوردەکە بەردەوام بوون لە پەیوەندی و دادوستاندا.

لەسەرێکی دیکەوە، تاڵەبانی، هاودەم لەگەڵ ئەم ڕوداوانەدا ، بەدزی پەیوەندی لەگەڵ عەلی ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی ، ڕابێژی پەرلەمانی ئێرانی ( بەر لەوەی ببێ بە سەرۆک کۆمار) پەیداکرد. تاڵەبانی بە ڕەفسەنجانی ڕاگەیاند کە ، یەکیەتی نیشتمانی کوردستان، ناچاری ئەم گفتوگۆیە کراوە، و لە ڕاستیدا پێی چاترە کە کێشەی کورد لە عیراقێکدا چارەسەربکرێت کە بەعس حوکمی نەکات. بەلام بزوتنەوەکە توانای بەدیهێنانی ئەوەی نییە.

وەک ئەنجامێکی گشتی ، تاڵەبانی خۆی لە سێ گفتوگۆدا دیتەوە، یەک لەگەڵ بەغدا، دوو لەگەڵ کورد، و سێیەم لەگەڵ تاران. سەرنەگرتنی گفتوگۆی لەگەڵ بەغدادا تاوی بە دووەکەی دیکەدا. لە ١٩٨٦دا نوێنەرایەتیەکی هاوبەشی پ.د.ک/ حشع/ حسک گەیشتە بارەگای سەرکردایەتی ی.ن.ک لە یاخسەمەری سەر بە ناوچەی سلێمانی. ئەنجامی کۆبونەوەکان بەیاننامەیەک بوو کە بانگی یەکگرتنی دژ بە فەرمانڕەوایانی بەغدا ڕاگەیاند.

لەبارەی گفتوگۆکانی ی.ن.ک لەگەڵ تارانیشدا، دەتوانین بڵێین کە ئەنجامێکی زووی ئەو پەیوەندیە، تۆپ بارانکردنی جەسورانەی دامودەزگا نەوتیەکانی کەرکوک بوو لەلایەن یەکیەتی ـ یەوە بە تۆپی ئێرانی. گۆڕانی دیارتر لەهەڵسوکەوتی ئێرانیدا پاش ئەوە بەدەرکەوت کە یەکیەتی بەتەواوی پەیوەندی لەگەڵ بەغدا پساند. لە ئاستێکی کەشەوە، هەمان ئێرانی کە هەوڵ و کۆششی ساڵەهای ساڵێ بۆ لێک دابڕاندنی هێزە کوردیەکان و ئاشت نەبوونەوەیان بوو، هەمان ئەو ئێرانە بووە هاندەر و پشتگیری یەکگرتنەوەی ئەو هێزە کوردیانە. هۆی ئەم گۆڕانەش لە سیاسەتی ئێراندا دوورنییە داشکانی سەنگی تەرازووی جەنگ بووبێت بەلای عیراقدا، بۆیە هیوای وابوو، کە هێزێکی کوردیی یەکگرتوو بەغدا ناچاردەکات کە هەندێ لە هێزەکانی ناوەند و

باشووری عیراق، بەرەو باکوور بنێرێتەوە. هەر بەم نیازەشەوە، ئازادیەکی پتری بە ڕێکخراوە کوردیەکاندا کە سنوور بپەڕێنن ، و بنکە و پایەگا لە کنار سنوورەکانی ئێرانەوە دروست بکەن.

سالی ١٩٨٧ پەیوەندیەکانی ئێران و کورد گەیشتە ئەوپەڕی، کە رەفسەنجانی، جەلال تالەبانی و ئدریس بەرزانی بانگ کرد بۆ کۆبوونەوە لە تاراندا. هەر لەوێ جگە لەباسی تر، ڕەفسەنجانی بە هەردوو لایەنی ڕاگەیاند کە کورد بە یەکگرتنەوەیان یارمەتیەکی زیاتریان پێدەدرێت لەلایەن ئێرانەوە. پاش کۆبونەوەکان بە ماوەیەکی کورت ئدریس بارزانی مرد، هەرچەندە ئەم ڕووداوە دڵتەزێن بوو بۆ مەسعودی برای، بەلام لە هەمان کاتدا مەسعودی کردە سەرۆکی بێ شەریکی پارتی دیموکراتی کوردستان.

لە ١٩٨٧/٥/٧دا هەواڵی پێکهێنانی بەرەی کوردستانی بەڕەسمی ڕاگەێندرا. ئامانجی ئەم بەرەیە، بە پێی دەقی بلاوکراوەکە: « تاوودانی خەبات و بەتینکردنی بەرهەلستی لە کوردستانی عیراقدا، دژ بەو شەڕی جینۆسایدەی کە ڕژێمی عیراق بەرابەر بەدانیشتوانی کورد دەیکات». پێکهێنانی سەرکردایەتیەکی هاوبەش بۆ سەرپەرشتیکردنی چالاکیە جەنگی و ڕامیاریەکان. جگە لەمانەش، داوای داننانی دەکرد بە مافە نەتەوەییەکانی کورددا لە چوارچیوەی عیراق.

دۆکیومێنتی بەرەی کوردستانی لەسەرەتادا لەلایەن شەش پارتییەوە مۆرکرا: پ.د.ک ، ی.ن.ک ، پارتی سۆسیالستی کوردستان ، پارتی سۆسیالستی کورد ، پاتری دیموکراتی گەلی کوردستان ، پارتی کۆمۆنیستی عیراق. پاشانیش پارتی رەنجدەرانی کوردستان و یەکیەتی ئاشوریان پەیوەندیان پێوەکرد.

## چەکی کیمیاوی و «ئەنفال»

لە کۆتایەکانی جەنگی دژ بە ئێران، عیراق توانایەکی لەشکری وەهای پێکهێنابوو، کە بتوانێ بێترس هێزێکی مەزنتر لە باکوری عیراق بەکاربێنێت، و گورێکی نوێ بە جەنگی دژ بە کورد بدات. لە بەهاری ١٩٨٧وەش، وردەوردە پەنای بردە بەر چەکی یاساغی کیمیاوی، و بەم چەکە نەک هەر لە شوێنەکانی کوردە یاخیبوەکانی دا ، بەلکو دژ بە خەلکی دانیشتوی گوند و شارەکانیش بەکاریهێنا. دۆکیومێنت و سەرچاوە کوردیەکان هاوباوەڕن لەوەدا کە، لەشکری عیراق بۆ یەکەم جار لە ناوەندی مانگی چواری ١٩٨٧دا چەکی کیمیاویی بەکارهێنا. هەرچەندە ڕاپۆرتی وەهاش هەیە کە ئاماژە بۆ هاوینی سالی پێشوو دەکات، کە تۆپخانەی عیراق بە کیمیاویی لە نزیک گوندی یاخسەمەری[1] سەر بە هەرێمی هەولێری داوە بێ ئەوەی هیچ زیانێک بگەێنێت .

١ ـ لێرەدا لە مەبەستی نووسەر دڵنیانیم، ئەگەر مەبەستی لە یاخسەمەر ، گەر هەڵەم لەناویدا نەکردبێت، ئەو گوندەبێت کە سەرکردایەتی ی.ن.ک لێبوو ، ئەوە دەکەوێتە ناوچەی سلێمانی نەک هەولێر. ئەگەر لە ناوچەی هەولێریش یاخسەمەرێک هەبێت، کە ئاگاداری نیم ، ئەوە کارەکە پێویست بەم تێبینیە ناکات ـ وەرگێر

بەهەر حاڵ، هەموو لایەنەکان لەسەر ئەوەن، کە یەکەم هێرشی کیمیاوی نەخشەکێشراو لە ١٥/٤/١٩٨٧ ئەنجامدرا. لەو ڕۆژدا فڕۆکەی جەنگیی عیراق بە کورد گوتەنی "جۆرە بۆمبێکی تا ئەمڕۆ نەناسراو" لە، هەڵەدن، بەرگەڵو، سێروان، ناوەزک، تۆڵچکە، چناران، کانی تو و، لوتەر، سیدار، ئاوژە، چالاوە، سەرگەڵو و ئاوەژێ ـ سەر بەهەرێمی سلێمانی دا. تا کۆتایی ئەو مانگە نزیکەی ٣٠ شار و گوند و چەندین پایە وبنکەی پێشمەرگە بەر بەکارهێنانی هەمان چەک کەوتن. لە ناوەندەکانی ساڵیشەوە، ئەوە، بەکار هێنانی ئەم جۆرە چەکە بووە کارێکی ڕۆژانە.

لە سەرەتای بەکارهێنانی کیمیاوییەوە تا سەرەتای ئۆپراسیۆنە بەدناوەکەی ئەنفالەکان لە مانگی دووی/١٩٨٨دا، گازی خەردەل (گرچەک)، باوترین جۆرە بۆمبی کیمیاوی بوو کە بەکاردەهات. لە دەسپێکردنی ئەنفالەکانەوە، لە ٢/٨٨ ، و تا کۆتایی مانگی ١٠/٨٨ عیراق جگە لە خەردەل(پەی گاس NERVE GAS)یشی خستە کارەوە . ئەنفال وشەیەکی عەرەبییە بە واتای (تالانکردنی دەسکەوتەکانی شەڕ)، هەروەها ناوی چاپتەرێکی قورئانە کە تێیدا باسی یاساکانی جەنگ و مافی داگیرکاری و فتوحات دەکات. سەرباری ئەمە ، ئەنفال ، بۆ بەعسیەکان، ناوی ئۆپەراسیۆنی بێ ویژدانانەی قڕکردنی کورد بوو. ئۆپراسیۆنی ئەنفالەکان لە چوار قۆناغ پێکهاتبوو. یەکەمیان لەمانگی ٢/١٩٨٨ تا مانگی ٣/١٩٨٨؛ دووەمیان لە مانگی ٤ تا ٥؛ سێیەمیان لە مانگی ٥ تا مانگی ٨؛ دوا قۆناغیش لە مانگی ٨ دەستی پێکرد و لە مانگی ٩دا کۆتایی پێهات. ئۆپراسیۆنەکە بە هێرشێکی چڕی گوێنەدەرانەی هێزی ئاسمانی دەستی پێدەکرد ، و بەپاشیدا هێرشی هێزی زەمینی دەهات و، شار ، گوند و زەویوزاری خاپووردەکرد.

سەرەتاکانی ئۆپراسیۆنی ئەنفالەکان ، جێگای شاری هەڵەبجەی کردەوە لە پەڕەکانی تراجیدیای مێژووی خوێناوی کورددا ؛ هێزی ئاسمانی عیراق لە ڕۆژی ١٦/٣/١٩٨٨، بە چەکی کیمیاوی لە هەڵەبجەی داو و نزیکەی پێنج هەزار دانیشتووی بەجارێک کوشت. ئەما زەبروزەنگی دوا قۆناغی ئەنفالەکان، کە ناوچەی بادینانی گرتەوە، ئەوە مەودایەکی نوێی پێدرا، کە بێ گومان، جینۆسایدی (ئیبادەی قەومی) کورد بوو؛ ئۆپراسیۆنەکە، بریتیبوو لە شانەکاریی سنووری بادینان و تورکیا، کە بە هەزارەها سڤیلی تێدا کوژرا، دەها هەزاریش سنووریان بەزاند و بوونە پەناهەندە، هەزاران بەدیل گیران . ئەم دیلانەش ، خەڵکێکی زۆریان لێ گەلەکوژ کرا (mass execution) ، و چەندینی دیکەش لەژێر ئەشکەنجە، یاخود باری ناهەمواریی زیندان وئۆردوگا زۆرەملیەکاندا گیانیان لەدەستدا. ژمارەی ئەوانەی کە توانیان خۆیان دەربازکەن بەرەو تورکیا ، لەئەنجامی ئەم ئۆپراسیۆنەدا، خۆی لە ٦٠ هەزار کەس دەدا . نزیکەی نیوەیان تا ساڵی ١٩٩٢ لە تورکیا مابوونەوە.

دەبێ ئەوەش بگوترێت، کە بەغدا و تاران هەردووک ئۆباڵی کارەساتی هەڵەبجەیان بە مل

یەكتردا دا. ئێران ڕایگەیاند كە عیراق بەو لێدانە سزای شاری هەڵەبجەی دا، كە دانیشتوانی بۆ پشتگیری لە هاتنی لەشكری ئێران دژ بە عیراق ڕاپەرین. ئەما عیراق دەیگوت ئێران لێیداوە، چونكە خەڵكەكەی دژ بە هاتنی لەشكری ئێرانی ڕاپەڕین. دەزگا سیخوڕیە ئەمریكیەكان ڕایانگەیاند كە هەردوولا گاسیان لێداوە. جا ڕاستیەكەی هەرچۆنێك بووبێت، ئێمە لەیەكشت دڵنیان، ئەویش ئەوەیە كە هەڵەبجە بە كیمیاوی كاولكرا و قوربانیەكەشی هەمووی كورد بوون.

سەركردایەتی سیاسی كورد، بەرابەر بەم هێرشە دژوارەی ڕژێمی عیراق، جگە لە نامەناردنی ڕۆژانە بۆ UN ڕای گشتی جهانی و زلهێزەكان هیچی پێنەدەكرا. بۆ قوولكردنەوە بێهیوایی كوردی قەڵەندەریش، هیچ وڵاتێك ئەركی بەخۆ نەدا ئاوڕێك لە تراژیدیاكەی بداتەوە، بگرە ڕخنەی سەرزارەكیش لە تاوانەكانی بەغدا نەگیرا. ئەڵبەتە بێجگە لە هەندێ دۆستی كورد، ڕۆژنامەنووس و كۆمەڵەكانی مافی مرۆڤ كە هەوڵی مەردانەیان نواند بۆ بەرچاوخستنی ئەم كارەساتە. دیاربوو هێزە نێونەتەوەیەكان و ناوچەییەكان سەرقاڵی خەیاڵی تربوون؛ وەك ئەوەی ئەم باروودۆخە نوێیەی ناوچەكە بەسوودی كێبێ باشترە! ئاشكراش كار لەوەیدەكرد كە بەرگی پیاوە بەهێزەكە پڕ بە بەژنی سەدام حوسێن برابێت.

باری كوردستان وای لێهات كە جێگەی هیچ جۆرە بەرخۆدانێكی تێدا نەبێتەوە، نە چەكداری و نە ناچەكداری. لە كۆتایەكانی ١٩٨٨دا سەركردایەتی كورد بەو پێشمەرگانەوە كە ڕزگاریان ببوو، ناچار سنووریان بڕی و خۆیان بە ئێران و سووریادا كرد. دەرگاش بۆ بەغدا خرایە سەرپشت، كە بە شێنەیی پلانەكانی «ئاسایشی ستراتیجی» سەر سنوورەكان ئەنجامدات.

### تاراگە

ڕۆژانی یەكەمی ژیانی هەندەران بۆ بەرەی كوردستانی و سەركردایەتی پارتە جیاجیاكانی، ڕۆژانی پڕ پەژارەیی و ناكامی بوون. ڕاستە كە مێژووی كورد هەمبانەی چەندین تراژیدیا بووە، وەلێ بەسەرهاتەكانی ١٩٨٧-١٩٨٨ بێ بەڵەك شاتراژیدیای ئەو مێژووەن. موستەفا بارزانی هەمیشە دەیگووت : چیاكان تاكە دۆستی ڕاستەقینەی كوردن. بەڵام ئەمجارەیان دەركەوت كە چیاكانیش كوردیان پێ ناپارێزرێ ؛ و هیچ بەرگەی جەنگی كیمیاوی ناگرێ. جگە لەوەش مێژوو بە كوردی نواند ، كە دەتوانێ خۆی دووبارەكاتەوە و زامە قوڵەكانی بكولێنێتەوە!!. ئەوەی ١٩٨٨ بەسەر بزوتنەوەی كوردیدا هات، لە ڕوویەكەوە، دووبارەبوونەوەی دەقاودەقی بار و دۆخەكەی ١٩٧٥ بوو؛ لە هەردوو جاردا، چارەنووسی كورد لە بازێڕی پەیمانسازی ڕاستەوخۆی نێوان عیراق و ئێراندا فرۆشرا.

دەبێ ئەوەشمان لەبەر چاوبێت، كە سەركردایەتی بارزانی لەكاتی خۆیدا باوەڕی بە بەڵێنەكانی ئەمریكا كرد بۆ پشتگرتنی دژ بە بەغدا. ئەم بەڵێنانەی ئەمریكا بۆ بارزانی، بوونە فاكتەرێكی

گرنگ لە بڕیاری ڕەدکردنەوەی دیباچەی ئۆتۆنۆمی بەغدا، کە لەخۆیدا بووە هۆی دەست پێکردنەوەی شەڕ لە ئاداری ۱۹۷۵. ئەو سەرکردە کوردانەی کە لەو ماوەیەدا نزیکی بارزانی بوون، تا ئەمڕۆش دەڵێن کە ئەمریکا، لە پنەوە، بەڵێنی ئەوەشی دابوو کە پشتگیری لە ڕێچارەی فیدراڵی بکات بۆ کورد، لەخەباتی دووروودرێژی دژ بە بەغدیدا. ئەڵبەتە ئەم ئامانجانە هەرسپیان هێنا، کەبۆ کورد دەرکەوت مەبەستی ئەمریکا لەم سیاسەتەی، کە هێنری کیسینجەری شالیاری کاروباری دەرەوەی ئەندازیاری بوو، تەنها بەکار هێنانی کورد بوو بۆ لاوازکردنی عیراق، بەمەبەستی جێبەجێکردنی داخوازیەکانی شای ئێران و دوورخستنەوەی لە سۆڤیەت. کورد تائەمڕۆش بە پەژارەییەوە لەبیریانە کەبارزانی بەڵێنەکانی ئەمریکای بەبیر کیسینجەر هێنایەوە. چۆن کیسنجەر لەوەلامدا پێی ڕاگەیاند کە: بای ئەوەندەی کە بەلای واشنتنەوە گرینگبێت ،ئەم پەیمانکارییە «لە ئۆپراسیۆنێکی رووپۆش پتر نەبووە».

ئەڵبەتە، گومان لەوەدا نییە کە شێوە دلارامییەک (دڵ ئارامییەک)، جا هەرچەندە تاڵیش بێت، لەوەدا هەیە کە ڕاستیەکی وەک «کەس دۆستی کورد نییە» هۆی هەموو نشوستیەکانە. بەلام ئاشکرێ خۆمان لە دێوەزمەی ڕاستی دیکە بدزینەوە و سەرکردایەتی خودی کورد بە بەری و بێ خەتا بزانین لە تراژیدیای میللەتەکەیاندا. دروست و ئاشکرایە، کە کەمی پشتگیری هەرێمی و جیهانی ڕۆژی کوردی بەو ڕۆژە ڕەشە گەیاند. بەلام ئەوەش دروستە ، کە سەرکردەکانی کورد، لە هەردوو حاڵەتدا، نەیانتوانی لە پێشرەفتی ڕووداوەکان بگەن و دروست هەڵیسەنگێنن، بۆیەش تووشی هەڵەی کوشندە بوون. سەرکردایەتی مستەفا بارزانی ، بەر لە بەهاری ۱۹۷۵، دەیزانی کە ئێران و عیراق خەریکە ڕێکدەکەون، ئەم باسەش چەند جارێک لەلایەن سیاسەتمەدارانی کوردەوە تاوتوێ کرابووەوە، بەلام لەبەر تەسکی لێکدانەوەی سیاسیان نەیان توانی ناوەڕۆکی ڕووداوەکان ببینن، و باوەڕیان نەدەکرد کە ڕۆژێک بێت و ئێران هەموو یارمەتیەکیان لێببڕێت و هەڕەشەی نەهێشتنیان لێبکات گەر خۆیان بەدەست بەغداوە نەدەن.

وەک جەوهەر، هەمان هەڵە لە ۱۹۸۸دا دووبارەکرایەوە. سەرکردایەتی کورد، ئەگەری کۆتایی پێهاتنی جەنگی «عیراق ـ ئێرانی» بەر لە ڕووخانی ڕژێمی بەغدا ، لە هەموو دەفتەرەکانی سڕیبووەوە. ئەویش لەبەر ئەوەی سەرۆکی ئێرانی ، ئایەتولا خومەینی، سوێندی خواردبوو کە تا ڕژێمی بەغدا نەڕوخێ شەڕ ڕانەگرێ . هەمان ئایەتولا، پاش ماوەیەک تەنها دوو ڕێی لەپێشدا ما ؛ یان دەبێ بە ئاگربەست قایل بێت، یان دەبێ ڕووبەڕووی مەترسی هەرەسی کۆماری ئیسلامی بێتەوە، جا وەک خۆی گووتەنی ؛ ناچارم « ئەو جامە ژەهرە هەڵقوڕێنم ، و فەرمانی ڕاگرتنی جەنگی دژ بە سەدام حسێن بدەم ».

هەڵوێستی مقەیەتانەی سەرکردایەتی کورد لە سەرەتای جەنگی دووەمی کەنداوەوە تا ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی باشوور و باکووری عیراق ، کە خوێناویانە لە کۆتایی ئاداری ۱۹۹۱دا

خامۆشکرایەوە، نیشانەیەکی وەها دەدات کەسەرکردە کوردەکان پەندیان لەدوو تاقیکردنەوەکەی پێشوو وەرگرتبێت. هەندێ لە سەرکردە هەرە گرینگەکانیان ئاشکرا ڕوونیانکردەوە، کە ئامادەنین شەڕبکەن و خوێنی کورد بکەن بەقوربانی بۆ بەرژەوەندی لایانی تر. لەوەش زەقتر، دکتۆر مەحمود عوسمان کە قسەکەری سەرەکی بەرەی کوردستانی بوو، داوایکرد کە بەرژەوەندی کورد لە سەرو هەموو شتێکەوە دانرێت، گەر بە قسەکردن لەگەڵ سەدام حسێنیشدا بێت، بەمەرجێک بسەلمێنێت کە بەڕاستی ئامادەی جێبەجێکردنی داواکاریەکانیانە. جگە لەوەش، هەرچەندە هێزی پێشمەرگە، هەر لە سەرەتاکانی کێشەی کەنداوەوە لەسەر سنوورەکانی ئێران و سوریدا ئامادەکرابوون، گەلێ سەرکردە، دژ بەوە بوون کە، لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەو نائارامیانەی کە پێشگری ڕاپەڕینەکانی باکوور و باشووری عیراق بوون، دەست بە چالاکی بکەن.

وڵات بەدەربیی سەرکردایەتی کورد، سەرو دووساڵی خایاند. بەڵام بە پێچەوانەی ١٩٧٥، بەرەی کوردیی ئەم جارەیان هەڵنەوەشایەوە. خودی مەسعود بارزانی، کارەساتی ١٩٨٨ی بە "بێ وێنەیە" وەسفکرد، ئەمەش دروستە، چونکە قەوارەی کارەساتەکە ئەوەندە مەزن بوو، کەهەموو جۆرە ناتەبایی و بەربەرەکانێی تری سەرکردەکانی لەچاودا گچکە بووەوە. هەموو دەیانزانی کە جگە لە مانەوەیان بە یەکگرتویی هیچ ڕێیەکی تریان لەبەر نییە؛ دەیانزانی کە لادانی یەکێکیان، کارەساتی گشت پارتەکان. بەرەی کوردستانی لە وچانی هەندەراندا، بارستایی خۆی خستە سەر شاڵاوێکی ڕاگەیاندن لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا، بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی بزاڤی کورد و ئاشکراکردنی تاوانەکانی ڕژێمی عیراق.

ئەما لە ئاستی ڕامیاریدا، دەبینین کە بانگەوازی یەکیەتیەکی فراوانتر لەنێوان پارت و ڕێکخراوەکانی بەرەدا ڕووی لە تەشەنەکردبوو. لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەگەریدا، بارزانی ڕایگەیاند کەهەموو لایەنەکان قایل بوون بە دروستکردنی سەرکردایەتیەکی ڕامیاری گشتی، کۆمیتەیەکی بەڕێوەبردن بۆ هەڵسوڕاندنی کاروباری ڕۆژانە، و بنکەیەکی ڕاگەیاندنی گشتی و ڕۆژنامەیەک و بیرۆیەک لە دەرەوەی وڵات. ئەما لە ڕاستیدا، تەنها ئۆبجێکتی یەکەم بەئەنجام گەیشت. ئەم سەرکردایەتییە ڕامیاریە هاوبەشەی کە دروستکرا، کۆنترۆڵێکی کاریگەری بەسەر زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی عیراقدا هەبوو، هەروەها شێوازی هاودەنگی گشتی بەکاردەهێنا بۆ بڕیاردان، و هەر پارتێکی ئەندامیش، مافی ڤیتۆی خۆی هەبوو. هەرچەندە ئەم مافە لەلایەن هیچ پارتێکەوە بەکارنەهات، بەڵام وەک پێداویستێک دەدیترا بۆ وەرگرتنی بڕیاری بنەڕەتی لە داهاتودا. ئەمەش لە خۆیدا یەکێ لەو هۆیانە بوو کە وای لە بەرەی کوردستانی کرد، پەلە لە هەڵبژاردنەکەی کوردستانی "ئازادکراودا" بکات. مەبەست لەو ناوچانەیە کە لەژێر سایەی ڕژێمی بەغدادا نەمابوون.

بەم هەموو شتەشەوە، دەبێ بڵێین کە کاریگەری ڕامیاری و لەشکری بەرەی کوردستانی هەر

بە تەسکی مایەوە. دەبینین لە ئاستی لەشکرییەوە، مەفرەزەکانی پارتەکان، بەجودا سنووریان دەپەڕاند ، و چالاکی هاوبەش و ڕێکخراو بەرچاوناکەوێت . لە بواری ڕامیاریشدا، دەبینین کە بەرەی کوردستانی لەئاستی پەیوەندیە هەرێمی و جیهانیەکاندا بەتەواوی گۆشەگیر (isolated) کرابوو گەر سوریای لێ دەرکەین، کە ڕۆلی میواندای ئۆپۆزیسیۆنی عیراقی بۆ خۆی هێشتبووەوە. لە مارسی ١٩٩٢دا، کە مەسعود بارزانی چووە لەندەن ، دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەگشتی بایەخێکی زۆریان بەو سەردانەدا، هەروەها بەریتانیا وەک دەوڵەت پێشوازی لێکرد و دیداری جۆن مێجەری سەرۆک وەزیران و نایلّ کنۆکی سەرۆکی ئۆپۆزیسیۆنی کرد. جا گەر بێن و ئەم وێنەیە بەسەردانی پێشوتری مەسعود بارزانی بۆ لەندەن لە١٩٨٩دا بەراورد بکەین تێدەگەین بەرەی کوردستانی لە چ دۆخێکدابوو؛ بەرزانی لە سەردانەکەی ١٩٨٩یدا چاوی بە کارمەندێکی بچوکی بیرۆی کاروباری دەرەوەی بەریتانیا کەوت لە ریستۆرانێکدا.

بەپێچەوانەی ئەم گۆشەگیریە جیهانیەوە، یەکگرتنی ئەم بەرەیە، یارمەتی کوردی دا کە پەیوەندی بە لقەکانی ئەوبەری ئۆپۆزیسیۆنی عیراقەوە بکات، کە جگە لەبەرەی کوردستانی لەم شادەستانە پێکهاتبوو: بلۆکی ئیسلامی (ئەنجومەنی بالآی شۆڕشی ئیسلامیی، حزبی دەعوە، ڕێکخراوی چالاکی ئیسلامی، و هتد.)، دیموکراتەکان (پارتی کۆمۆنیست و چەند ڕێکخراوێکی چەپڕەوی کە) نەتەوەییانی ( پان ـ عەرەبی سۆسیالیست ، بەعسی سەر بە سوریا و هتد). پەیوەندی نێوان ئەم لایەنانە هەمیشە لاوازبوو، لەلایەکەوە لەبەر ناکۆکی ئایدیۆلۆژی و ڕامیارییان، لە لایەکی کەشەوە بەهۆی کاریگەری سوریا، ئێران و لیبیا لە ناویاندا. گەلێ هەوڵ درا لە هەشتاکاندا، بۆ یەکگرتنەوەی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عیراقی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، یەکیەتی ئەو هێزانە وەک ئامانجێکی بەدی نەهاتوو مایەوە.

یەکێ لە دوا هەوڵەکانی کە درا لەم بوارەدا لەلایەن سوریاوە بوو لە ١٩٨٩دا. بارزانی و تالەبانی نوێنەری کوردبوون لەم کۆبوونەوانەدا، پاش سێ مانگ گفتوگۆ هەردوسیان هێنا بەپاشەگەزبوونەوە وراگۆڕینی لایەنی ئیسلامی لەدوادەقەدا. کێشەی کورد لەم جۆرە کوبوونەوانەدا هەمیشە قبوڵ نەکردن و داننەنانی ئیسلامی و ناسیۆنالیزمی عەرەب بووە بە داواکاری سەرەکی کورددا، کە ئۆتۆنۆمی بوو، یاخود مافی چارەنووس کە ناوناوە ناویان دەبرد. هەروەها، لایەنی ئیسلامی هەرگیز پشتگیرییەکی تەواوی بە بەدیهێنانی سیستێمی دیموکراسی نەداوە وەک تاکە چارەی پابەرجێی کێشەی عیراق. سەرباری ئەمانەش، ڕاستییەکی دیکەش هەیە کە دەبێ ئاماژەی بۆ بکرێت، ئەویش ئەوەیە کە ساردی ئێران بەرابەر بە ئۆپۆزیسیۆنی عیراقی لەو ماوەیەدا، گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە لە ١٩٨٩دا، ئەو کاتەی کە خۆیان ئامادە دەکرد بۆ وتووێژی نوێ لەگەڵ سوریادا، داوای لە هەموو لایەنەکانکرد، بە ئیسلامیەکانەوە، کە ئێران جێبهێڵن و بگوازنەوە سوریا.

بەرەی کوردستانی لەبۆچوونی خۆیەوە، خۆی بۆ زستانێکی درێژخایەن ئامادە کرد، و هیوایەکی تەواوی بە لاوازبوونەوەی ڕژێم نەبوو بەو رادەیەی کە ڕێگابدات بگەڕێنەوە کوردستان و ریزەکانیان ڕێکخەنەوە. بەڵام ڕژێمی بەغدا لەلای خۆیەوە، لە ساڵانی ۱۹۸۹ و ۱۹۹۰دا خۆی ئەوەندە پێ بەهێزبوو کە پەیام بۆ هەموو سەرکردەکانی ئۆپۆزیسیۆن، بە کوردەکانیشەوە، بنێرێ و داوایان لێ بکات کە بگەڕێنەوە ریزی «بەرەی نیشتمانی». مەرجی ئەمجارەی بەعسی عیراق، هەمان مەرجەکەی جاران بوو ، واتە، دانان بە پارتی بەعسدا، وەک تاکە فەرمانڕەوای عیراق. چالاکترین پەیامبەری بەغدا، لەم کارەدا، موکەرەم تاڵەبانی ـ کوردی کۆنە کۆمۆنیست و وەزیر بوو، کە توانی ڕیزی ئۆپۆزیسیۆن بەدەستبێنێت، بەتایبەتیش هی کوردەکان. سەرکردە ناسراوەکانی کورد و کۆمۆنیستەکان بەتەواوی دڕەوشت نەبوون، و ئامادەیی ئەوەیان نیشاندا کە دروشمی ڕوخاندنی ڕژێمی بەغدا لادەن ، بەرابەر بە دەسپێکردنی وتووێژ بۆ بەدیهێنانی پەیانێک. ئەما سەدام حسێن، سووربوو لەسەر ئەوەی کە بەر لە هەموو شتێک، دەبێ لە ئاستێکی جەماوەریدا پاکانەی خۆیان ڕاگەێنن، بێ هەلومەرج بگەڕێنەوە بەغدا، لە شاری بەغدا پارتی بەعس چاو لە داواکاریەکانیان دەکات.

## جەنگی دووهەمی کەنداو

بێگومان، ناتوانین بڵێین ئەنجامی ئەو "کش مات"ی سەدام لە ئۆپۆزیسیۆنی کرد چۆن دەبوو گەر چەڵەمەی کەنداو کە ئۆگوستی ۱۹۹۰دا بەداگیرکردنی عیراق بۆ کوێت دەستیپێکرد، بەتەواوی وێنەی بارودۆخی عیراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نەگۆڕیبایە. ڕووداوە نوێکانی کەنداو، بەبیری جیهان و ناوچەکەی هێنایەوە کە شتێک هەیە بەناوی ئۆپۆزیسیۆنی عیراقی، و بەتایبەتی لایەنە کوردییەکەی ئەو ئۆپۆزیسیۆنە. بەپەلە هاریکاریەکی سعودی، ئێرانی و سوری پەیدا بوو، بۆ پتەوکردنی هەوڵەکانی یەکگرتنەوەی ئۆپۆزیسیۆنی عیراقی، کە هەمیسان دروشمی ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی بەرزکردبووەوە.

لە پایزی ۱۹۹۰دا بەرەی کوردستانی، لەسنوورەکاندا دەستی بەسازکاری هێزەکانی کردەوە. هاوکات، پەیوەندی بەو سەرۆک خێلە کوردانەوە کرد، کە هێشتا پەیانداری بەغدا بوون. ئەم سەرخێڵانە فەرمانداری هەزارەها چەکدار بوون ،کە جاران بە ناوی جاش دەناسران و خولێکی سەرەکیان هەبوو لەڕاپەڕینی دژ بە ڕژێم، هەر بۆیەش ناوی جاشیان لێسڕایەوە و ناوێکی ڕێزدارتریان پێیەسەندکرا «شۆڕشگێڕی چەکدار». لەوەدەکات ، سەرکردەکانی ئەم هێزانە هەستیان بە میحنەتی ئەو دەمەی ڕژێمی بەعس کردبێ ، بۆیە وایان پێ ژیرتربوو کە گفتوگۆ لەگەڵ بەرەدا بکەن. داوایان لەبەرە کرد ، کە لێبووردنێکی گشتی بە هەموو ئەوانە ببەخشێت کە لە تەک هێزەکانی ڕژێمدا شەڕیانکردووە. بەرەی کوردستانی ئەم مەرجەی پەسەندکردن ، و زۆری پێنەچوو

ئەمنستی خۆی ڕاگەیندرا.

لە هەفتەکانی بەر لە بەرپابوونی جەنگ، پەیوەندی نێوان کەسایەتیە دیارەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی ڕووی لە چڕی کرد. کۆمیتەیەکی ڕێکخستن بە پشتگیری سعودیە، ئێران و سوریا پێکهێنرا. کە لە شەش ئەندام پێکهاتبوو، دوو نوێنەری کورد، دووی ئیسلامی، پان ـ عەرەب و دیموکراتەکانیش یەکی ئەندامێک. لە هەمان ماوەدا چەندین سەرکردەی ئۆپۆزیسیۆن سەردانی «ریاز»ی پایتەختی سعودیەیان کرد، لەوانەش جەلال تاڵەبانی و سامی عەبدولڕەحمان وەک کورد. ئەنجامی ئەم پەیوەندیانە، و کۆبوونەوەیەکی دیمەشق، ڕاگەیاندنی بەیانێک بوو لە ٢٧ی/یەکی/ ١٩٩٠ لە بەیروتی پایتەختی لوبناندا، کە پتر لە ٢٠ پارت و بزوتنەوە مۆریان کردبوو. ئۆپۆزیسیۆن لە بەیاننامەکەیدا دژ بە داگیرکردنی کوێت وەستا و پەیمانی خەباتیدا بۆ ڕوخاندنی ڕژێمی بەغدا و دابین کردنی مافی کورد.

ناکۆکی و بەربەرەکانی نێوان مومەویلە ناوچەییەکان ، بەتایبەتی لەنێوان ئێران و سوریا، پرۆسەی یەکخستنی ئۆپۆزیسیۆنی تووشی گرفتاری کردبوو.لەو بەینەدا، لەندەن خۆی بەناوداکرد بۆ ئەنجامدانی کارەکە، دۆستێ لەم بارەوە گوتی کە واشنتن بڕیاری داوە، ئەم کارە بۆ هەوپەیمانە بەریتانیەکانیان جێبێڵن. هەرچۆنێ بێ ، پاش بەیانیامەی ئۆپۆزیسیۆن، دیمەشق زۆری لەهەموو لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن کرد، و یەکەم کۆنفرانسی پێبەستن لە ١١/٣ لە شاری بەیروت و لە ژێر سایەی سوریادا.

لە کۆتاییەکانی مانگی ١٩٩١/١ ، بەرەی کوردستانی کەناڵی پەیوەندی نهێنی لەگەڵ تورکیا کردەوە. ئەمە یەکەم جاربوو لەمێژووی بزوتنەوەی کوردی عێراقدا کە پەیوەندی لەگەڵ تورکیا سازکەن. دادوستانی لایەنی تورکی لەژێر چاودێری خودی سەرۆک کۆمار «تورگۆت ئۆزال»دا بوو، نوێنەرانی کوردیش، بارزانی و تاڵەبانی بوون. بارزانی هەر بارەگای سەرکردایەتی خۆیەوە لە دیوی ئێرانڕا، بەردەوام پەیوەندی بەم گۆڕانکاریانەوە هەبوو. هەروەها، سەرپەرشتی ئامادەکاریەکانی پێشمەرگەشی دەکرد بۆ چوونە ناو عێراق. تاڵەبانی، سەردانێکی ئۆروپا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای کرد بەمەبەستی دانوساندن لەگەڵ کارمەندانی دەوڵەتیدا. لە هاتنەوەیدا، بەر لەوەی بچێتە دیمەشق بۆ دیتنی سەرۆک «حافظ الاسد »، لە ٩ی/٣دا بەرەو ئەنقەرە لایدا، و بە نهێنی لەگەڵ کارمەندانی تورک کۆبوەوە، ئەمە بە هاوڕێیەتی موحسین دزەیی ، کە نوێنەری خودی بارزانی بوو لە کۆبونەوەکاندا. پاش دوو ڕۆژان ،بە ئۆتۆمۆبیل سەردانێکی دیمەشقیان کرد، بەر لەوەی بگەنە شاری بەیروت بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسی ئۆپۆزیسیۆندا .

کۆنفرانسی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی لەبەر پاشکەوتنی تاڵەبانی ڕۆژێک پاشخرا، و لە ١١ی ٣دا دەستی پێکرد. تا ئەو دەمەش، ڕاپەڕینی باشوور و باکووری دەستیپێکردبوو. پێشمەرگە بە ماوەیەکی کورت توانی دەست بەسەر پتر لە ٣/٤ی ناوچە کوردیەکەدا بگرێت، بە شارو بازێڕی

وەک سلێمانی ، هەولێر ، دهۆک و کەرکوکەوە. لەکۆتایەکانی مانگی سێدا تاڵەبانی لە دیوی سووریاوە هاتەوە ناو عیراق. بەهار کوردستانی گرتەوە، بەڵام، مەخابن ئەم جارەیان تەنها چەند هەفتەیەکی خایاند، ئەوەش تا هێزەکانی بەغدا ئاگری شۆڕشی باشووریان کوژاندەوە، و ڕوویان لە باکوور کرد بۆ پاکسازی کورد.

سەرەتا لەشکری عیراق، لە ٢٩ی/٣دا هێرشی بردە سەر شاری کەرکوک، پاش تەنها چەند ڕۆژێک، ڕاپەڕینی کورد هەرەسی هێنا و نزیکەی دوو ملیۆن کورد بەرەو چیاکان هەڵهاتن، بەنیازی پەڕینەوە بۆ تورکیا و ئێران. قەوارەی ئەم ڕەوەی کورد، لە ئەندازەیەکدابوو کە ترسی تراژیدیایەکی مرۆڤانە وا لە سەرۆکی ئەمریکی « بوش» بکات، کە قایل بێ بە دروستکردنی ناوچەیەکی ئاسایش بۆ پەنابەرەکان. هەمان ترس ، لە هەمان تراژیدیا، دووڕۆژ بەر لەم بڕیارە، وای لە سەرکردایەتی کورد کرد ، کە بانگەوازی گفتوگۆی بەغدا پەسەندکات ، و دەستەیەکیان بە سەرۆکایەتی تاڵەبانی بگاتە ئەوێ.

ئەم جارەشیان، هەر بەچەشنی جاران، گفتوگۆ بێ هیچ جۆرە بەیەک گەیشتن هەڵوەشایەوە. بەڵام هەرەسی ئەم جارەی ڕاپەڕینی باکوور و سەرنەگرتنی گفتوگۆکانی بەغدا بوونەهۆی دەسپێکردنی بەشێکی نوێ لەمێژووی بزوتنەوەی کوردی کە دوورە نییە ناسکترین بەشی بێت. ئەو مێژوویە کە هێشتا لە ژێر نووسینەوەدایە.

بێ ئەو یەکیەتیە ڕامیاری و بەڕێوەبەرایەتیەی کە بەرەی کوردستانی نیشانیدا پاش تێکشکانی ڕاپەڕینەکە، نە هیچ پارتێک لە پارتە کوردیەکان دەیتوانی بەتەنها بێنەوە و بەردەوام بێ، و نە کورد دەتوانی ئەو ناوچە بەرینەی کە پاش هەرەسی ڕاپەڕینەکە کەوتە بەردەستی، بە سێ شاشاری هەرێمی و نزیکەی سێ ملیۆن کەسەوە، بەڕێوەببات. دروستە کە پاراستنی جیهانی بۆ ناوچەکە ، ڕێگای لە گەڕانەوەی ڕژێمی عیراق گرت، بەڵام بەرە بوو، سیمبۆلی ئەمڕۆی یەکیەتی کورد، کە ڕێگای لە هەرەسی کۆمەڵایەتی و ئابووری کورد گرت.*

---

* : سەرچاوەکانی ئەم گوتارە، بەر لە هەموو شتێک دەگەڕێنەوە بۆ، ئەزموون و بینایی، چاوپێکەوتنی لێپرسراوانی کورد، و هاروەها دۆکیومێنت و بەڵگەنامەی پارت و ڕێکخراوەکانی بەرەی کوردستانی ـ نووسەر

# ١٠

# ئۆپەراسیۆنی ( Provide Comfort )[1]
# بەڵێنی درۆینە بە کورد

## بێڵ فریلیک*

بەهاناگەیشتنی هەڵاتووەکانی پاش جەنگی داگیرکردنی عیراق بۆ کوێت، بە سەرکردایەتی ئەمریکا چەندین ڕەنگدانەوەی یەکسەریی لەو دامبەستە Network چاکەخوازە جیهانیە کرد کە لەگەڵ سپیدەمی « ئاڕاستنی نوێ[2] » پێشوودا ـ پاش جەنگی جیهانی دووەم ـ دامەزرابوو. کردەوەکەیان لە گەلێ لایەنەوە لێکچوونی هەبوو لەگەڵ ئەو بەرنامەی پاراستنەی کە هەر لەو دەمەدا ـ پاش جەنگی جیهانی دووەم ـ داڕێژرابوو بۆ یاریدەدان و پاراستنی پەنابەران و خەڵکانی ئاوارە، ئەوە جگە لە لێکچوونی تری کە ڕەنگدانەوەی بایی و بایەخی سەردەمی خۆیبوو.

لەو دەمەیدا کە هەردوو هیمدادکاریی، پاش جەنگی جیهانی دووەم و جەنگی کەنداو، سەرکەوتن لە دابینکردنی پێداویستە یەکسەریەکانی میللەتێکی ستەمدیدەی شوێنگر لە ویژدانی جەماوەری ڕۆژئاوادا، هەردووکیان ژێرکەوتن لە دانپێدانانی میللەتانێکی تری کە ڕووبەڕووی

---

1 ـ Provide Comfort: ناوی ئەو ئۆپراسیۆنەیە کە ئەمریکا سەرکردایەتی کرد بۆ یارمەتیدانی کوردەکانی عیراق کە پاش جەنگی کەنداو و تێشکانی ڕاپەڕینەکەیان ڕوویان لە سنوورەکانی ئێران و تورکیا کرد. وام پێ باشتربوو کە ناوەکە وەک خۆی بەکاربێنمەوە، چونکە ناوی ڕەسمی و ناسراوی ئەو ئۆپەراسیۆنەیە.

* ـ Bill Frelick، شیکەرەوەیەکی analyst پێشواری senior ڕامیاریە لە ناو کۆمیتەی ئەمریکی بۆ پەنابەراندا، کە لە مانگی ٤/١٩٩٢دا سەردانی کامپی پەنابەرە کوردەکانی کرد لەئێران. ئەم ئارتیکلەی لە ژمارەی مانگی٥/٦ی ١٩٩٢ی Middle East Report دا بلاوکرایەوە، کە لەخۆیدا کورتکراوەی نووسراوەیەکی مەزنترە کە لە نۆڤەمبەری ١٩٩١دا لە Middle East Studies Association conference پێشکەش کرابوو.

2 ـ «ئاڕاستنی نوێ new order »: زاراوەیەکە، بەواتای ئەو نیزامە جیهانیە نوێیەی کە پاش جەنگی جیهانی دووەم هاتەکاوە. هەروەها کە نووسەر بە ووشەی «پێشوو»، ئاماژە بۆ new orderی پاش جەنگی جیهانی دەکات، ئەوە لەبەر ئەوەیە کە پاش کۆتایی هاتنی سارده جەنگی نێوان USA و سۆڤیەت نیزامێکی جیهانی تر واتە «new order یکی» نوێ هاتەکاوە.

هەمان مەترسی دەبنەوە، بەڵام بەهەمان چاو تەماشایان ناکرێت و هەمان گرنگی ستراتیجیان نییە. نەیانتوانی سیستێمێکی دادوەرانەتر و بەرفراوانتر دامەزرێنن بۆ دابینکردنی پێداویستیە مرۆڤایەتیەکان لەسەر پایەی پێویستی بە پاراستن و لاوازی خەڵکەکە، نەک لەسەر پایەی جەماوەرداریی گروپەکە یاخود سوودی ئەو گروپە بۆ گەیشتن بە ئامانجی ئایدیۆلۆجی و جیۆپۆلوتیکی تایبەت.

ئەو ڕژێمە جیهانیەی کە دامەزرا بۆ کۆمەکی پەنابەران، لە پلەی یەکەمدا دروست نەکرا و نەپارێزرا بۆ پاراستنی لێقەوماوان، بەڵکو بۆ پاراستنی بەرتری وڵاتە بەهێزەکان. کەسانی زۆر خۆشحاڵیان نیشاندا بەرانبەر بە یارمەتی ئەمریکا بۆ کوردەکانی عیراق لە کۆتایی جەنگی کەنداو لە ۱۹۹۱دا، وەک سەرەتایەکیان دیت بۆ هیمدادکاری پتر لە داهاتودا، کە مەبەستی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و بەخشینی یارمەتیە مرۆڤایەتیەکانی هەبێت. بەڵام کە ئاوڕێ لەو مێژووە دەدەینەوە، ئەو بڕیارەی ئەمریکا تەنها لەوە دەکات کە بازوو هەڵکردنێکی تربێت بە مەبەستی پابەرجێکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت لە خودی دەوڵەتە بەهێزەکەدا، و لەسەر شانی دەوڵەتە لاوازەکە.

ڕەوشتێکی جیهانیی یورۆ- پایە[3]

پەیمان نامەی ۱۹۵۱ی تایبەت بە کێشەی پەنابەران لەبارودۆخێکدا زەمینەی بۆ خۆشکرابوو کە ئۆروپا هەوڵیدەدا چارەسەریەک بۆ ملیۆنەها ئاوارەی جەنگی جیهانی دووەم بدۆزێتەوە، لەهەمانکاتیشدا چاوەڕوانی هەڵاتنی ملیۆنەهای تر بوو لە ناوچە سۆڤیەتیەکانی ڕۆژهەڵاتی ئۆروپاوە. پەیمان نامەکە زۆرئاشکرا لە سنووری یاسایی خۆیدا تەنها ئەو پەنابەرانەی دەگرتەوە کە ئەنجامی ڕووداوەکانی بەر لە ۱۹۵۱ بوون لەئۆروپا، و مەنداتەکەی پاراستنی پەنابەرانی تری جیهانی نەدەگرتەوە. هەرچەندە ئەم سنووردارییە جوگرافی و کاتیە پاشان بە پێی پرۆتۆکۆلی ۱۹۶۷ سڕایەوە، بەڵام خودی ناوەرۆکەکەی کە بەرەو ڕۆژئاوا و وڵاتە ئۆرۆپاییەکان دایدەشکاندەوە دەسکارینەکرا.

پێناسەی «پەناپەر» بەپێی پەیماننامە و پرۆتۆکۆلەکە ئەو کەسانەی دەگرتەوە کە لە کەمەرەیەکی تەنگدا ڕووبەڕووی مەترسی پێشێلکردنی مافە مرۆڤایەتیەکانیان دەبنەوە لەبەر سرەگەز، دین، نەتەوە، ئەندامایەتی گروپێکی کۆمەڵایەتی تایبەت، یاخود بۆچونی ڕامیاری.ز بڕیاردانی ڕەوایی پەنابەریی ـ ئایا ئەو چەوسانەوەیەی کە ئەو کەسە لێی دەترسێ پەیوەندی بە یەکێ لە پێنج بنەما ناوبراوەکانەوە هەیە، وە ئایا بوونی مەترسیەکە دروستە ـ بەتەواوی بۆ وڵاتەکان جێهێڵرابوو. ڕامانی، بوونی مەترسیەکی بێگەرد لە چەوسانەوە بە هۆی داماڵینی مافە شارستانی و

3 ـ Eurocentric World Order

رامیاریەکان، بە ئاسانی دەگونجا لە گەڵ بۆچوونی ڕۆژئاوا بۆ مۆدیلی سۆڤیەتی لە کپکردنی دژبیران و کەمایەتیەکان. هەر لە هەمان ئەو کاتەشدا کە ڕۆژئاوا سیمپاتی لەگەڵ پێداویستیە ڕەواکانی ئەم خەڵکانە دەکرد، خاڵی جەنگی ساردیشی کۆدەکردەوە بە هاندانی ڕەگەزە پەسەندنەکەرەکانی ناو بلۆکی ڕۆژهەڵات کە «بە پێ چەپلە لێدەن» بۆ ڕژێمەکانیان. پێنج پایە باسکراوەکەی پەیماننامە و پرۆتۆکۆڵەکە گەلێ لایەنی گرنگی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤی گرتەوە، زاراوەی «چەوساندنەوە»ش بە ڕێکوپێکی واتاکانی ئەشکەنجەدان و گرتنی هەڕەمەکی و گەلێ بابەتی تری لەئامێزگرتبوو، کە بەسەر خەڵکێکی زۆردا هات لە نیوەی دووەمی ئەم سەدەیەدا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو باسانەی کە لە پێناسەکەدا نەهاتوون، ئەوانە ئەمڕۆ جێی نیگەرانین، وەک جێبەجێشتنی لێکدانەوەی خاڵەکان و شێوەی پراکتیک کردنیان بۆ خودی دەوڵەتەکان.

ئاشکرایە، کە جیهانگیریی universality ڕژێمی نێونەتەوەیی مافەکانی مرۆڤ لەسەر دوو پەیمان پایەگیرە. یەکەم، پەیمانی نێونەتەوەیی بۆ مافە شارستانی و ڕامیاریەکان، ئەمەش باسی ئەو مافانە دەکات کە پەیماننامەی پەنابەریی ۱۹۵۱ دەیپارێزێت(واتە وەک هۆ بۆ پەنادان بەکاردێن). دووەم پەیمانی نێونەتەوەیی بۆ مافە ئابوری، کۆمەڵایەتی و کەلتوریەکان کە باسی مافی بنچینەیی fundamental دیکە دەکات لەچەشنی مافی دارایی خۆراک و پەنا shelter (بەندی ۱۱) و مافە لێل باسکراو و نارروونەکەی چارەی خۆنوسین(بەندی۱). ئەمانە لەگەڵ پرۆتۆتایپی prototype پەیماننامەی پەنابەریی ناگونجێن و تێیدا باسنەکراون (واتە وەک هۆیەک بۆ پەنادان بەکارنایەن)، هەرچەندە پەیوەندیەکی ڕۆشن لە نێوان ئەم مافانە و چەندین کۆچکردنی زۆرەملانە هەیە کە لەم ٤٠ ساڵەی دوایدا ڕوویانداوە.

لە جیهانی سێهەمدا هەست بەکەموکوڕی واگوزاریی mandet پەیماننامەکە کرا. لە ئەفریقا و ئەمریکای لاتینیدا پێناسەیەکی گشتی دیکە بۆ پەنابەریی داڕێژرا ، کە چاتر دەگونجا لەگەڵ ئارای دروستی کۆچی زۆرەملی لەم بەشانەی جیهاندا. پەیماننامەی ڕێکخراوی یەکیەتی ئەفریقی(OAU) دەربارەی ڕوخساری تایبەتی کێشەی پەنابەریی لە ئەفریقادا و بەیاننامەی قەرتاجەنەی ڕێکخراوی وڵاتە ئەمریکیەکان ( OAS)، پارێزگاریی بەو کەسانە دەبەخشن کە ناچارن وڵاتەکانیان جێبێڵن لەکاتی؛ دەستدرێژی بیانیدا ( OAU و OAS)، داگیرکردن (OAU)، دەسەڵاتداریی بیانی (OAU)، ناکۆکی ناوخۆیی (OAS)، پێشێل کردنی لەرادەبەدەری مافەکانی مرۆڤ (OAS)، پێشهاتی تریش کە دەبنە هۆی شێواندنی ئاسایشی گشتی ( OAU و OAS). بۆیە کۆمیسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ پەنابەران (UNHCR) لەناو ئەفریقا و ئەمریکای لاتینیدا بەپێی پەیمانە ناوچەیەکان دەجوڵێتەوە و پارێزگاری بە پەنابەرانی جەنگ و شەڕی ناوخۆیی دەبەخشێت.

دووپێوانەیی

وێنەی بەکارهێنانی دوو پێوانەی یاسایی جیاواز بۆ پەنابەرایەتی، لە ڕۆژئاوای پیشەسازی و جیهانی سێهەمدا، لەو کاتانەدا چاک دەردەکەوێت کە خەڵکی جیهانی سێهەم داوای پەنابەریی لە ڕۆژئاوا دەکەن. زۆربەی دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان پێناسەکەی پەیماننامەی پەنابەرانیان لەناو یاساکانی دەوڵەتەکانیاندا گونجاندووە و پێوانەیەکی یاساییان بۆ دروستکردووە. جا بەپێی ئەو پێوانە تەسکە مەرجی «چەوساندنەوە »ی پەیماننامەی دەوڵەتە ئۆروپییەکان بۆ پەنابەخشین پڕنابێتەوە (واتە نابێتە هۆیەکی تەواوی بەخشینی پەنابەری)، لەو کاتانەیدا کە مەترسی سەر ژیان و ئازادی پەناخوازەکە و هۆکەی هەڵاتنی، یەکێک دەبێت لەو هۆیە زۆرتر و فراوانترانەی کە لە پێناسەکانی OAU و OAS، هاتوون وەک هۆی پەنابەریی، بەڵام لە پێناسەی ئۆروپادا باسنەکراوە.

ئەوەی ڕاستی بێت، کێشەی مەزن لە جیاوازی پێوانە و پێناسەکاندا نییە. بەڵکو لە مافی دەوڵەتاندایە بۆ دان و نەدانی پەنا. وڵاتە ڕۆژئاواییەکان لەدارشتنی پەیماننامەی پەنابەریدا، ڕستەی(مافی پەنا وەرگرتن)یان، ڕەدکردەوە و قەبوڵنەکرا، چونکە ئامادەنەبوون بەندکەرێکی یاسایی legally binding بە مافێک ببەخشن کە زووتر لە بەندی ١٤[1]ی بەیاننامەی (نابەندکەری non binding )جیهانی بۆ مافەکانی مرۆڤ پەسەندیانکردبوو: « گشت کەسێ، بۆ ڕزگاربوون لە چەوساندنەوە، مافی داواکردن و بەکاربردنی پەنابەریی هەیە لە وڵاتێکی تردا»، واتە ئامادە نەبوون کە پەنابەریی وەک مافێک لە مافەکانی داواکەرەکەی ببینن، بەڵکو بەخشین و نەبەخشینی پەنابەریی مافێکە لەدەست دەوڵەتدایە، ئەمەش لە ڕاستیدا سەهوکردنێک نەبوو. بەو بەڵگەیەی کە نەتەوە یەکگرتووەکان UN لە ١٩٧٧دا، کۆنفرانسێکی بەست بە ئامانجی ڕاستکردنەوەی ئەم لەنگییە و دارشتنی پەیماننامەیەکی بەندکەری نێودەوڵەتی و ناساندنی پەنابەریی وەک مافێکی یاسایی مرۆڤی پەناخواز. هیچ شێوە سەرکەوتنێکی بەدەست نەهێنا[2].

پەیماننامەی OAU جەخت لەسەر ئەرک و پەیمانگەریی دەوڵەتان بۆ «وەرگرتنی پەنابەر و دابینکردنیان» دەکات. وڵاتانی ڕۆژئاوا پەیمانی وایان نەداوە. بەڵکۆ تاکە ئەرک و پرنسیپی کە بەپێی مەرجەکانی پەیماننامەی پەنابەری گرتبێتیانە خۆ « دەرنەکردن و نەگەڕاندنەوەی پەناخوازە ..... بۆ سنووری ئەو ناوچانەی کە تێیدا مەترسی لەسەرە ژیان و ئازادیی هەیە، بەهۆی « ڕەگەز، دین، پەیوەندی نەتەوەیی، پەیوەندی کۆمەڵایەتی یاخود ڕامیاری» . ئەم پرینسیپە لەلایەن ئەم جۆرە وڵاتانەوە، و بەتایبەتی USA وەها ڕووندەکرێتەوە کەتەنها لەوکاتەدا پابەندین، پەناخوازەکە گەیشتۆتە ناو وڵاتە پەنادەرەکە و لەدەرەوەی سنوورەکەیدا نییە. جا بەپێی ئەم دیدە تەسکە، پرنسیپی دەرنەکردن و نەناردنەوە، نە ئەو پەناخوازانە دەگرێتەوە کە لەناو کەشتی لە

دەریادا دەگیرێن، وەک ئەوانەی کە لە هایتییەوە بەرەو ئەمریکا دێن. نە ئەوانەش دەگرێتەوە کە لەسەر سنوورەکان، و پێش پەڕینەوەیان بۆ وڵاتی تر دەگێڕدرێنەوە، وەک کوردی عیراق لەسەر سنووری تورکیا[٣].

لەڕاستیدا ڕەوشی تراژیدی ئەو کێشەی پەناگەرەی پاش جەنگی کەنداو سەری هەڵدا، دەگەڕێتەوە بۆ سەرنەگرتنی پەیماننامەی - ٤٠ ساڵانەی - پەنابەریی لە یاسایی کردنی مافی پەناوەرگرتن، و سەرنەگرتنی لە کەمکردنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتان بۆ بەکارهێنانی پەیماننامەکە بەمەبەست وناماجی دوور لە مروڤایەتیانە.

هۆی هەڵاتنی لەناکاوی نزیکەی ١.٥ ملیۆن پەنابەری عیراقی لەمانگی ٣ و ٤ /١٩٩١دا دەکرێ بگەڕێندرێتەوە بۆ چەند هۆکارێک. لەوانە ڕەوشتی دوژمنایەتی ڕژێمی بەغدا. چەوساندنەوە و دڕندایەتی بێبەزەییانەی ئەو ڕژێمە، بەرابەر بە کەمایەتیە نەتەوەییەکان و ئۆپۆزیسیۆنی رامیاری، و گوێنەدان و بایەخ نەدانی بە ژیانی مرۆڤ. جا بۆ دامەزراندنی (ئەوەی کەگوایە) سوپەرێکی پارێزگاریی کردنی کەمایەتیەکی هەڵاتوو لەهەڕەشە وزۆرداری ڕژێمێکی وەها. دەست بە ئۆپەراسیۆنی Provide Comfort کرا بەسەرکردایەتی USA. ئەما ڕاستیەکەی ئەوە نەبوو. بەڵکو لە ڕاستیدا، ئەو خەڵکە لە پاراستن و ئاسایشی دروست کە لەبەخشینی asy-lum پەنابەریدایە، بێبەشکران و مافی پەنابەرییان پێڕەوا نەدیتن. ئەو یارمەتیانەش کە نێردران، وەک چۆن بۆ هانای پەنابەرەکان بوو، هەروەهاش پشتگرتنێکی ئەمریکی بوو بۆ دەستوەرایەتیە governments دۆستەکان.

پرنسیپی - مافی داواکردن و بەدەستهێنانی پەنابەریی لە زۆرداریی - پرنسیپێکە وڵاتان لەرێی بەیاننامەی جهانیی مافەکانی مرۆڤەوە دانی پێدادەنێن. تورکیا، کە هاوپەیمانێکی سەرەکی ئەمریکایە وەک یەکێ لە هەرە دەوڵەتە ئۆرووپیە ڕەقەکان مایەوە لەبواری جێبەجێکردنی پەیماننامە و پرۆتۆکولەکانی پەنابەری. لەو دەمیدا کە زۆربەی دەوڵەتە ئۆرووپاییەکان دەستیان لەو مەرجە هەڵگرت کە (پەناخوازەکە دەبێ خەڵکی وڵاتێکی ئۆرووپی بێت)، وەکە لە پەیماننامەکەدا هاتبوو. تورکیا، یۆغسلاڤیا و هنگاریا، بەردەوام بوون لەسەر پێناسەکردنی پەنابەر وەک (کەسانێکی کە لە وڵاتێکی ئۆرووپیەوە هەڵدێن). بۆیەش، تورکیا، نە دانی بە پەنابەرێتی ئەو سەدان هەزار ئێرانیەدا نا کە لە دە ساڵەی ڕابوردوودا ڕوویان تێکردبوو، نە پاراستیشنی.

بەهەمان شێوە، پەنابەرانی عیراقیش لە پێوانەکانی پەنابەریی دوورخرانەوە، و سیاسەتی پەنابەریی تورکیا کە کوردی لەهەموو واتا و مایەیەکی پەنابەریی دوورکردبووەوە، نیشانیدا کەهاوئاهەنگی سیاسەتی زۆردارانەی وڵاتەکەیە بەرابەر بە کوردی ناو خۆی. دەیان هەزار کوردی عیراقی، ساڵی ١٩٨٨ لەبەرابەر هێرشی لەشکری عیراقی - لەم هێرشەدابوو کەعیراق بە گازی ژەهراوی لەشاری هەڵەبجەی کوردانی دا - بەرەو تورکیا هەڵاتن، بەڵام تورکیا نە پەسەندیکرد

ناوی پەنابەر لەوانە بنێت، و نە ناوی «کـامپ » لەشـوێنی مـانەوەیان بنێت ( لە زۆر شـوێندا چواردەوری بە تەلبەند گرتن). « ئێمە تا ئێستا بەو گروپانە ناڵێن پەنابەر»، بەقسەی Hayri Kozakcioglu (کـە شـاردارێکی governor ناوچەیی بوو) بۆ Christian Science Monitor لە سپتەمبەری ١٩٨٨دا.

ئەوەش لەبەر ئەوەیە، کە ووشەی «پەنابەر» واتای یاسایی و لێکدانەوەی زۆر جیاوازی هەیە لە بەشە جیـاوازەکانی جیـهاندا. جگە لەوەش ئەم گروپانە، تا ئێسـتـا، ئارەزووی مـانەوەیان دەرنەبڕیوە لێرە. ئێمە وای بۆ دەچین کە ئەمانە دوور نییە بگەڕێنەوە عیراق، بۆیە پێیان دەڵێین «عیراقیانی کە بۆ ماوەیەک لێرەدەبن» و بە [جێگەی مانەوەشیان] ناڵێین «کامپ» بەڵکو «جێ نشینگەی کاتی»[٤].

گەر ڕێڕەوی لێپرسراوەکان گومکەرانە و سەیر بێتە بەرچاو، ئەوە لەبەر ئەوەیە کە بارودۆخی هەرسێ کـامپـەکـەی تورکـیـای کـە لە ١٩٨٨وە کـوردیان تێدایە، ترسێنەرە. بەدرێژایی ئەو سێ ساڵەی بەر لەجەنگی کەنداو، دەورو بەری ئەم کامپانە بە تەلی خاردار و لەشکر گەردی گیرابوو. ڕێگای سـەردانکـەرانی نێودەوڵەتی نەدەدرا سـەردانیـانکات، هەروەها چونە دەر و ژوور تیـایاندا زۆر کەمبوو. منداڵی ئەو کامپانە لەهەمـوو شێوەیەکی خوێندکاریی و پەروەردەیی بێبەشکرابوون، بەهیچ شێوەیەکیش ڕێگەی کارکردنیان نەبوو یان فرە سنووردار بوو. دانیشتوانی کامپەکان دەڵێن کە١٩٨٩ و ١٩٩٠ بە سەدان کەس(بە بۆچوونی ئەوان) بەخواردنی خراپ نەخۆشکەوتوون.

بەگوتەی چاودێران، کـامـپی موش کە بچوکـترینیـان بوو، وەک زیندانێـک بەڕێوە دەبرا، ڕۆژی دوو سـەعـات ڕێگا دەدرا بە دانیـشـتـوانی لە دیوەکـانیـان بێنە دەرێ. بەپێی هەندێ ڕاپۆرتیش، ساختمانەکانی ئەم کامپە مەترسی ڕمان و ڕوخانیان لێ دەکرا و سەرباری ئەوەش زۆر قەرەباڵغ و پڕبوون. کامپە هەرە گەورەکشیان لە دیاربەکر بوو، بێڕادە خەڵکی تێپەسترابوو، کارەبای کەم بوو و ئاویشی پیس بوو. ئەمـا لە کـامـپی قـزل تەپەی سـەر بەمـاردین، هەر لەسـەرتاوە، بەزۆری زۆرداری، ڕێگەنەدرا بە دانیشتوانی لە خێوەتەکانیان بێنە دەرێ. کوردەکان دەڵێن، بە زستانان، منداڵان لەبەر لەگۆڕێدا ژیان و کەم خۆراکی و نەخۆشی، دەمردن. بۆ هاوینەکەشی، خێوەتە شڕەکان گڕ و گـەرمـایەکی زۆریان دەداوە و ئاودەسـتـەکـان بەکـەڵکی بەکـارهێنان نەدەهاتن. لەسـاڵی ١٩٩٠دا، لایەنە یاریدەرە جیهانیەکان، بەڵێنی١٤ملیۆن دۆلاریان بە تورکیا دا، بۆ گواستنەوەی پەنابەری ئەم کامپە کاتیانە بەرەو خانووی هەمیشەیی لە هەرێمی Yozgatی ناوەندی ئەناتۆلیا، بەڵام دەسوەرایەتی تورکی ئەم پلانەی بێ ڕوونکردنەوە لادا و جێبەجێی نەکرد.

لە ١٩٨٨وە، بەردەوام ڕاپۆرتی وا هاتووە کە فەرمـانڕەوایانی تورک پەنابەری کـوردیان بەزۆر گەڕاندوەتەوە عـیـراق، و ڕاپۆرتەکـان ئاماژەیان بۆ ئەوە دەکرد کـە ئەم سـیـاسـەتی زۆرکارییـە لەو دەمانەدا توند و تیژتر دەبوو کە بەغدا (لێبووردنی گشتی) ڕادەگەیاند. بەگشتی، حکومەتی تورکی

بە، دواخستن و کەمکردنەوەی ئازوقەی دابەشکراو بەسەر پەنابەرکاندا، هەڕەشە و گوڕەشەی شاراوە، لێدان، فرە توندکاری لە پێداویستیە «ئاسایشیەکاندا» ، پەنجەی تاوانی بۆ درێژکراوە.

نەبوونی نەورۆژ

ئەنقەرە بڕیاری دابوو جارێکیتر هەڵەی ١٩٨٨ دووپات نەکاتەوە (کە ڕێیدا پەنابەری کورد بێنە ناو خاکی تورکیا). چوونکە وەک دەڵێن، وڵاتانی ڕۆژئاوا لەسەر ڕەفتاریان بەرابەر بە پەنابەرە کوردەکان زۆریان رخنە لێگرتن، بەڵام نە یارمەتیەکی دیاریان دا بەتورکیا بۆ جێنشینکردنیان، و نە یارمەتیەکی دارایی گونجاوایشیان دا بەکوردەکان، بۆ ژیانیان لە تورکیا. بۆیە جێی سەرسامی نەبوو، کەڕەوی کوردەکانی عیراق لەمارسی ١٩٩١دا گەیشتە سەر سنووری تورکیا، نەیانهێشت بێنە ناو تورکیا، و لەئامێزی سەرماو سۆڵی قەد کێو هێشترانەوە.

بڵاوبوونەوەی وێنەی بێچارەیی و مردن و فەوتانی ئەو خەڵکە، سەرنجی مەردومی ڕۆژئاوای ڕاکێشا. بەڵام بەدەمەوە چوونی خرۆشی پڕ نیگەرانی خەڵکی ڕۆژئاوا و بەهانا گەیشتنی پەناهەندانی کورد، نە ئەنجامی هەستکردن بە ئەرکێکی ڕەوشتی بوو، نە ئەنجامی ئەو پەستە گەورەیەش بوو کە کەوتە سەر حکومەتەکان، لەوانەش USA ، کە لەڕاستیدا دەیتوانی وا لە تورکیا بکات سنووری بکاتەوە و پەنابەریی بەو لێقەوماوانە بدات. ئەوەی ڕوویدا، واتە، دروستکرنی کەمەرەی ئاسایش بۆکورد لەناو عیراقدا، لە ڕواڵەتدا، ئەرکی بەخشینی پەنابەریی (بە کورد) لەکۆڵ تورکیای، پەیماندارى خاسی ئەمریکا، کردەوە. بەڵێ، ئەم جارەش، هەر وەک گەلێ جاری تر، پێداویستنەکانی پەنابەران زۆر بەکەمتر گیرا لە پێویستیی ڕاگرتن و بەهێزکردنی بەرەیەکی سیاسی.(٥)

دروستکردنی کەمەرەی ئاسایش لەناو عیراقدا تیخێکی یەک دەمی زۆر گونجاوبوو بۆ ئەمریکا. ئەو دەمەی کەڕووی لەتورکیا بوو، بۆ پاراستنی سوێندخۆرەکەی لەهەموو جۆرە ناڵەبارییەک، کوڵ بوو. بەڵام دەمەکەی کە ڕووی لە عیراق بوو، وەک نەشتەر تیژ بوو. ئەمریکا بە هاوکاری بەریتانیا و فەرانسا ڕێگەی دامەزراندنی کەمەرەی ئاسایشی باکوری عیراقیان بە پێشنیارکردنی بڕیارنامەی ٦٨٨ لەUN کردەوە، بڕیارنامەکە لە ١٩٩١/٤/٥ لەلایەن ئەنجومەنی باڵای ئاسایشەوە پەسەندکرا. بڕیارنامەی ٦٨٨ لەدوو ڕوەوە گرنگە، یەک لە ڕووی ئەو شتانەوە کەباسی دەکات، دوو لەڕووی ئەوشتانەوەی کە باسی ناکات. بۆ نموونە، بڕیارنامەکە لەشێوەی داڕشتنیدا، ئیدانەتی سەدام حسێن ناکات بەتاوانی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و بەکارهێنانی زەبروزەنگ بەرابەر بە هاوڵاتی عیراقی لەناو عیراقدا، بەڵکو بە تاوانی زەبروزەنگێ کە بووەتە هۆی «ڕەوێکی مەزنی پەنابەران ڕووەو سنوورەکان و پەڕاندنیان بۆ سنوورە نێودەوڵەتیەکان». کەمەرەی ئاسایش لەڕاستیدا، لەبەر ئەوە نەبوو کە لە هەڕەشەو گوڕەشەی ڕژێمی بەغدا بەرابەر بە

کوردی عیراق دەترسێن، بەڵکو ترسەکە تەنها لە خودی کورد بوو ـ چونکە هەڵاتنیان بۆ وڵاتانی تر « هەڕەشە لە ئاشتی جیهانی و ئاسایشی ناوچەکە دەکات »ـ .
بۆیە بڕیارنامەی ٦٨٨ بەهیچ شێوەیەک نابێ وەک یەکێک لەجەشنەکانی مافی پاراستنی مرۆڤ ببینرێ و وابزانرێت کەدانیشتوی وڵاتێک لەحکومەتێ دەپارێزێت کە بەناوی دەسەڵاتی دەوڵەتەوە دەستدرێژی دەکات و دەیانچەوسێنێتەوە. چونکە بڕیارنامەکە بەڕوونی جەغت لەسەر «سەروەریی sovereignty، یەکیەتی خاک و سەربەخۆیی ڕامیاری عیراق و گشت وڵاتەکانی تری ناوچەکە.» دەکات.
لە ڕوویەکی دیکەوە، بڕیارنامەی ٦٨٨، پێ لەسەر ئەوە داکوتا کە عراق «بێ دواکەوتن ڕێگە بەڕێکخراوە مرۆڤایەتیە جیهانیەکان دەدات، بگەنە گشت ئەوانەی پێویستیان بە یارمەتییە لە هەموو بەشەکانی عیراقدا». ئەم خاڵە بەڕاستی دەشیا وەک پێشکەوتنێکی تەواو ببیندرێت. بۆیە ڕێکەوتنێکی گشتی بەدەرخست، کە پشتگیری لە ئازادی بزوتنەوەی ڕێکخراوە مرۆڤایەتیە جیهانیەکان دەکرد لەناو عیراقدا. عیراق لەلای خۆیەوە، بۆ پەسەندکردن و جێبەجێ کردنی بڕیارنامەکە، هەندێ تێبینی هەبوو. بۆیە یاداشتنامەیەکی بەیەک گەیشتن Memorandum of Understanding لە ١٩٩١/٤/١٨ دا بە نوێنەری سەرۆکی گشتی کاروباری نەتەوە یەکگرتووەکان، میر سەدرولدین ئاغاخاندا گەیاند. بەپێی یاداشتنامەکە عیراق ڕێگە بە نەتەوە یەکگرتووەکان دەدات کە بەخشندەی یارمەتی مرۆڤانەبێت لەو کاتانەدا کە بەپێویست دەبیندرێت.(٦)
بەڵام، ئەم دیدەی عیراق بەس نەبوو بۆ ڕازی کردنی هێزە ڕۆژئاوایەکان، هەرچەندە لەهیچ شوێنێکی بڕیارنامەی ٦٨٨دا لەشکری ئەمریکی وەک ڕێکخراوێکی مرۆڤایەتی جیهانی پێناسە ناکرێت. بەڵام بەداسەپاندنی بەریتانیا، فەرەنسا و ئەمریکا بۆ شیکردنەوەی خۆیان بۆ بڕیارنامەی ٦٨٨، کەمەرەیەکی لەشکری داگیرکراویان دروستکرد بە ناوی پابەرجێیی stability جیهانی و جێپێ لەقاندنی دەسوەرایەتی عیراق. ئەمە لەخۆیدا دەکرێ کە ئامانجێکی ڕامیاری ڕەوابێت، بەڵام نارەوایی لەوەدابوو کە مەبەستی ڕاستی دەستێوەردانەکە بە وێنەیەکی مرۆڤایەتیانەی گرنگ داپۆشرا.

### هەڵسوکەوتێکی جیاواز

گەر بێت و ئەو یارمەتیە زۆرەی کەئەمریکا دای بەو کوردانەی کە لەناو باکوری عیراقدا مابوونەوە لە کاتی ڕەوەکەدا ، لەگەڵ ئەو یارمەتیە بەراورد کەین کە دای بەو کوردانەی کە لە هەمان کاتدا سنووریان پەڕاند و چوونە ناو ئێرانەوە، ئاشکرا و ڕوون کارەکتەر و مەبەستی خۆخزمەتکەرانەی ئەمریکا لە دەستێوەردانەکەی ناو عیراق دەردەکەوێت. سەرجەمی ئەو یارمەتیە

داراییەی کە تا ناوەندی مانگی ١٩٩١/٥ بۆ ئێران تەرخانکرا بایی نیوەی ئەوەبوو کە بۆ تورکیا تەرخانکرا، لە کاتێکدا کە نزیکەی ١.٣ ملیۆن کورد پەنایان بردبووە ناو ئێران، و تەنها یەک سێیەکی ئەو ژمارەیە (نزیکەی ٣٣٠,٠٠٠) لای تورکیا بوو. لەو یارمەتیە جیهانیەی کە بۆ هیمدادی کورد تەرخانکرا، ١٢٨,٩ ملیۆن دۆلار درا بە ئێران، بەرابەر بە ٢٤٨ ملیۆن دۆلاری کە لەسەر سنووری عیراق/ تورکیادا[٧] خەرجکرا. واتە بۆ هەمو دۆلارێکی کە بۆ پەنابەریەکی عیراقی لە ئێراندا خەرجکرا، ٧.٦ دۆلار بۆ پەنابەریەکی عیراقیی سەر سنووری تورکیا خەرجکرا. ئەما گەر بێینە سەر دابەشکردنی یارمەتیەکەی خودی ئەمریکا، دەبینین کە زۆر قورستر و زەقتر بەلای تورکیایدا شکاپەوە. لەو ٢٠٧.٦ ملیۆن دۆلارەیی کە دەسوەرایەتی ئەمریکی لەنێوان سەرهەڵدانی کریزی پەناپەرانی عیراقی و ناوەندی مانگی پێنجدا خەرجی کرد، تەنها ١٠٪ بەر پەنابەرکانی ناو ئێران کەوت.

کەسیان گوێی بەوە نەدا کە ئەو مرۆڤە پەنابەرە و پێویستی بە یارمەتیە، یان کوردە، یان قوربانیەکی کەفی دەمی سەدام حوسێنە. ئەوەی گرینگ بوو بەلایانەوە، ڕووی ڕەوەکە بوو ـ بەرەو دۆستی USA بووە یان دوژمنی. بێگومانیش وەک ئەنجامێکی ئەم بۆچونە، ئەو کوردانەی کە چوونە ئێرانەوە، لەبەر پەیوەندی لاوازی نێوان ئەمریکا و ئێران، سزادران.

لە ئۆگۆستی ١٩٩١دا، واتە ساڵێک پاش هێرشی عیراق بۆ سەر کوێت ـ ئەو هێرشەی سەر سەروەرایەتی soverenignty نەتەوەیی وڵاتێک، کە بە پەلە و بێ دواکەوتن و بەشێوەیەکی بێهاوتا لەشکرانی جیهانی بۆکۆکرایەوە ـ تورکیا لەشکری تێکخزان و سنووری پەڕاندو چووە ناو عیراقەوە. لەبارەی ئەم لەشکر کێشیەوە، ئەنقەرە ڕوونیکردەوە، کە هەڵیکردۆتە سەر گریلاکانی (PKK)ی بەرەو باکوری ڕۆژهەڵاتی عیراق هەڵاتبوون. تورکیا لە هەفتەی یەکەمی مانگی ٨دا ـ بە ماوەیەکی کورت پاش کشانەوەی هاوپەیمانەکان لە کەمەرەی ئاسایش ـ ڕایگەیاند کە هێزی ئاسمانی بە F-4 و F-104، ٩٢ هێرشی کردوەتە سەر باکوری عیراق، و ٢٠٠٠ کۆماندۆی تورکیش، بەپشتیوانی تۆپ و هەلیکۆپتەر، سنووری ئەو وڵاتەیان بەزاندووە. بەپێی سەرچاوەکانی FN هێرشەکان دوو گوندی کوردی عیراقیان پێکا، و ٢٠ گوندنشینی سڤیل کوژران و ١٥ش بریندار بوون و هیچ زیانێکی زانراوی بە PKK نەگەیاندووە.[٨]

لە هەمان ماوەدا، تورکەکان ڕایانگەیاند کە نیازی دروستکردنی کەمەرەیەکی بەرگریی سێ میلییان هەیە بەدرێژایی سنووری نێوان هەرو وڵات[٩]. جا ئەگەرچی حکومەتی ئەنقەرە دانی بەم هەواڵەدا نەنا، بەڵام هێزی ئاسمانی تورکی بەردەوام بوو لە هێرشکردنە سەر باکوری عیراق. ١١ ئۆکتۆبەر ئەم هێزە لەناو سنووری کەمەرەی ئاسایشدا پێنج گوندی کوردی باکوری عیراقیان بۆمبارانکرد، یەکێکیان ئەو گوندی بەگۆڤەیە Begova بوو Internatinol Rescue Committee کە دەزگایەکی خودکارخوازانەی ئەمریکیە، ئاوەدانکرابۆوە. سەرچاوە کوردیەکان

ڕایانگەیاند کە لەم هێرشەدا سێ کوردی عێراق کوژران و ١١ تریش ـ کە سڤیلیشیان تێدابوو ـ بریندار بوون [١٠]. ئەمریکا، بەریتانیا و فەرەنسا هیچ هەوڵێکیان نەدا بۆ پاراستنی کورد لە گوللە و بۆمبای تورک. لە کۆتایەکانی مانگی ١٩٩٢/٣دا، سنوور بەزێندرایەوە و هێرشی ئاسمانی دیکە کرایە سەر باکوری عێراق.

دەستێوەردانی هێزە هاوپەیمانەکان بە ناوی پاراستنی کوردی عێراق، لەبری ئەوەی، کە وەک هەنگاوێکی نوێی پایەدارکردنی مافەکانی مرۆڤ و ویستی بەهێمداد گەیشتنی ئاواران، ببیندرێت. سەلماندنێک بوو بۆ دووڕوویی و ڕیایی و ناپاکی هێزە سیاسیەکانی، کە ساڵەهای ساڵە بەرگی ڕێزگرتن لە پەنابەر و لێقەوماوان و قوربانیەکانی تیرۆر لەبەر دەوڵەتەکانیان دەکەن.

دەسدرێژی بەدخوانەی عێراق و پێشێلکردنی بۆ مافەکانی مرۆڤ، هەلێکی ڕەخساند بۆ گۆڕین و چاکتر کردنی یاساکانی پەنابەریی refugee policy ، بەڵام درێغا لە دەستدرا. ئێمە لەم دەبێ ئەمرۆ چارەیەک بۆ ئەو کریزانە crises ببینینەوە کە ئەنجامی ڕەوت و ڕەفتاری ئەو دەوڵەتانەیە ـ بە ئەمریکاشەوە ـ کە بازرگانی بە مافی پەنابەرانەوە دەکەن. بەتایبەتیش مافی پەنابەریی asylum و بەزۆرناردنەوە بەرەو ڕەوشێکی پڕ توندوتیژی ڕامیاری و مەترسی چەوساندنەوە. ئەناسینەوەی (ئینکارکردنی) مافی پەنابەریی، لەخۆیدا پێشێلکردنێکی مافەکانی مرۆڤە. ئەمریکاش پشتیوانیی تورکیای کرد لە پێشێلکردنی بۆ مافی کوردی عێراق لە پەنابەریدا. تەنها بۆ ئەوەی چاک بۆ هەموو لایەک ڕوونبێتەوە، دەڵێین شتێک نییە بەناوی * «ئاراستنی نوێ new order» ، ئەمریکا هەمان ڕەوت و شێوازی ڕێ پێگرتن و بەزۆر ناردنەوەی بەرابەر بە «پەنابەرە کەشتی سوارەکانی هایتی» بەکارهێنا. جا گەر ئەمە ڕەفتاری ئەمریکا بێت، نازانم کێ ماوە بە هانای ئەو خەڵکە بگات؟

# تێڕوانین

١ - G.Goodwin-Gill, The Refugee in International Law, p.74.

٢ ـ Ibid., p. lll.

٣ ـ Kay Hailbronner ئەم بۆچوونەی ڕوونکردەوە: بەندەکانی یاسای پەنابەری، لەڕاستیدا ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە لە زەبروزەنگێکی گشتیانەی (کە گشت کەسێک دەگرێتەوە) ناو وڵاتەکانیان هەڵدێن. نەریتی بەکارهێنراوی دەرنەکردن و نەگەڕاندنەوەی ئەو کەسانەی داوای پەنابەری مرۆڤایەتیانە دەکەن، هەرچەندە پایەیەکی مرۆڤایەتیانەی هەیە، بەڵام لە حاڵی حازردا لەلایەن پێداویستیە سەرەکی و هاوئاهەنگەکانی کاری پراکتیکی دەوڵەتەکان و بۆچوونی یاساییان پشتیوانی لێ ناکرێت وەک مافێک ... و لەگەڵ هەموو هەوڵو تەقالایەکی چاودێرانەوە، دەبێ بڵێین کە یاسای جیهانی نابێ وا بیبرواندێتێ کە دەوڵەتان مجبوری نەگەڕاندنەوە و حەواندنەوەی کاتی پەنابەری مرۆڤایەتی دەکات. بڕوانە *Nonrefulment* and "Humanitarianin" Refugees: Customary International Law or Wishful Legal Thinking? in D. Martin, ed., The New Asylum Seekers: Refugee Law in the 1980s (Kluwer Academic publishers,1988),p.144.

٤ ـ September 20, 1988.

٥ ـ «گەر تورکیا ڕێی بدایایە بە پەنابەران لەسنوور بپەڕنەوە ـ گەر بۆ نیو میلیش بوایە ـ و بگەنە ناوچەیەکی گونجاوتر و بە دامودەزگاتر، هیچ نەبوایە ڕێژەی گیان لەدەستدانی گەلێک کەم دەکردەوە، بە تایبەتی لە ڕۆژە پێدادەکانی سەرەتای ئەپریلدا». "Aftermath of war: The Persien Gulf Refugee Crisis" *Staff Report*, Subcommittee on Immigration and Refugee Affairs, US Senate Committee on the Judiciary, 102nd Congress, First Session, May 20, 1991, pp. 36-7.

٦ ـ بڕوانە James Fine,"The Iraq Sanctions Catastrophe" and Attalah Kuttab,"Dilemmas of Relief Work in Iraq" in *Middle East Report* No. 174 (Jan-Feb 1992).

٧ ـ The UN Disaster Relief Operation (UNDRO) situation report, May 17, 1991. The $248 million figure for the money spent in Turkey combines the UNDRO accounting of $57 million with the $140,1 million in US Department of Defense contributions and $31,6 million in Food for Peace assistance, both of which were distributed as part of Operation Provide Comfort.

٨ ـ Washington post (WP), October 12, 1991.

٩ ـ WP, August 8, 1991, A27.

١٠ - WP, October 12, 1991.

# ١١

# کوردی تورکیا پاش جەنگی کەنداو: راپۆرتێک لە باشوری رۆژهەڵاتەوە

## ئێلزا مارکۆس*

ساڵی ١٩٩٢، وەک گشت شوێنێکی تری ئەو شارەی باشوری رۆژئاوای تورکیا، بەزۆر ئاو بە بۆری ئاوەکانی ئوتێل جیهانی شەرناخدا دەهات. چەند کەبابخانەکەی سەر شا رێکە ئاوگیریان پڕ ئاو کردبوو تا میوانەکانیان دەست و چاویان پێش نانخواردن بشۆن، بەڵام میوانەکانی جیهان دەبوایە ئەوکارە بە چۆرێ کۆلۆنیای لیمۆی کە لە تاقی ژورەکاندا هەبوو ئەنجامدەن.

لەڕاستیشدا ئوتێل جیهان پێویستی بە دروستکردنی ئاوگیر نەبوو، چونکە میوانەکانی، کە زۆربەیان شوفێری ئەو لۆریانە بوون کە ڕەژوویان لە کانە نزیکەکانی شارەوە دەگواستەوە، لەژیانی هەژارانەی باشوریرۆژهەلات ڕاهاتبوون. سەرنج ڕاکێششیش نەبوو کە خاوەنەکەی ٦ ژورە شێدارەکەی بۆ شالاوی توریستان ئامادە نەکردبێ؛ ئەوەی کە خەڵک لە بیری بێ ، دوا جاری کە توریستیان دیبوو ساڵی ١٩٨٩بوو کە ماتۆرسایکلیستێکی ئەڵمانی ڕێی بزردەکات و لەپڕ دەم بە خەڵک دادەچەقێنێ و خۆی بەشاردا دەکات. لەگەڵ دیمەنی سەرسامکەری چیاکانی دەوروبەری شار، و سەرما و ئەندی (هەوای) خاوێنی تاوسانانی، چەند بیانییەک وێراویانە بچنە هەرێمەکەوە.

جەنگی نێوان لەشکری تورک و گریلای کورد کە خەبات بۆ سەربەخۆیی دەکەن بەشی زۆری باشووریرۆژهەلاتی کردۆتە گۆڕەپانی شەڕ. لە ١٩٩٢دا "پ ک ک" کە کورتکراوە کوردیەکەی پارتی کرێکارانی کوردستانە لەو ناوچەیەدا ٥،٠٠٠ تا ١٠،٠٠٠ گریلای هەبوو دژ بە لەشکری تورک دەجەنگان. سەدانی تریش، ئەگەر هەزاران نەبن، خەریکی مەشق بوون لە پایگەکانیان لە باکوری عیراق و دۆڵی بیقاعی ژێر کۆنترۆلی سوریادا. لەگەڵ جێگیرکرد ١٢٠ هەزار سەربازی تورک لە باشوریرۆژهەلاتدا و پشتگرتنیان بە تانک و هەلیکۆپتەر و نزیکەی ٣٠ هەزار میلیشیای کوردی سەر بە ڕژێم، ئەنقەرە نەیدەتوانی کۆتایی بە هێرشەکانی گریلا بێنێت، کە لە

١٩٨٤وە دەستی پێکردبوو و لە ١٩٩٢دا ببوە رووداوێکی ڕۆژانە. نزیکە ٤٤٠٠ کەس ـ لە سڤیل، گریلا و سەرباز ـ لەم پێکدانانەدا کوژرابوون.

"١٥٠ ساڵە گڕی بزوتنەوەی کورد هەڵگیرساوە، ناوناوە بەهێزتر و ناوناوەش لاوازتر دەبێتەوە، بەڵام هەرگیز بە تەواوی نەکوژاوەتەوە،" بە قسەی فەیسەل یەڵماز (داوای کرد ناوە دروستەکەی بلاو نەکرێتەوە)، کە کوردێکی ناودار و دەوڵەمەندە و ئەڤوکاتۆی کێشەکانی مافی مرۆڤە لە شەرناخ. ئەم شارە پایتەختی هەرێمی بۆتانە، و هەروەک گوندەکانی دەوروبەری پشتگیری گریلاکانن. "ئەم گرە هەمیشە لەناو مەردومدایە"، هەر گوتەی یەڵمازە، بۆشمانی ڕووندەکاتەوە کە ١٠ خزمی پەیوەندیان بە گریلاوە کردووە[١].

هەر لە سەرەتای پێکهێنانی کۆماری تورکیا لە ١٩٢٣دا، فەرمانڕەواییە پەی دەرپەیەکان هەوڵیانداوە، بەپشویەکی کاتییەوە لە ناوەندا، کە ڕەنگ و ڕووی هەستی نەتەوایەتی و پێناسنامەی کوردیی لە ڕیشەوە هەڵکەنن. بەکارهێنانی زمانی کوردی، وە بەتایبەتی کوردی نووسراو، هەندێ جار نارەسمیانە و هەندێ جاریش بەرەسمی قەدەغە کراوە. چەندین گوند و دێ ناغەیان سڕایەوەو خەڵک ڕاگوێزران، و مێژوو سەرلەنوێ نووسرایەوە تا کورد بکات بە «تورکی کێوی»، ئەوانەی کە تورکایەتی خۆیان لەبیرچۆتەوە وەک ئەنجامێکی ژیان لەو دێهاتە شاخاویە دوورەدەست و ناهەموارانە. هەرچەندە پەلەی چەوساندنەوە گۆڕانی بەسەردا دەهات، بەڵام هەمیشە ڕەوتی زاڵی ئەم دەوڵەتە تواندنەوەی بەزۆری کورد بووە. بەڵام ڕەفتاری تورک لەم بوارەدا «کە پشتی بە گوێنەدان و خۆ لێلادان بەستبوو» نەیتوانی پرۆبلێمەکە دوورخاتەوە، بەپێی گوتەی ئیسماعیل بێشچی، کە سۆسیۆلۆجێکی تورکە و پتر لە ١٠ ساڵی لە زینداندا گوزەراندووە لە بەر جستووجۆ کردن و لێکۆڵینەوەی لە ژیانی لەمێژینەی کورد لە وڵاتەکەیدا[٢].

وەک ئەنجامێکی جەنگی کەنداو فەرمانڕەوایی تورکیا هەندێ هەنگاوی نا بۆ هێورکردنەوەی کورد و لیبرالکردنی یاساکانی سزای لادەران و دژبیران (ئەم یاسایانە بێ بەزەییانە نەک هەر بەرابەر بە کورد بەڵکو بەرابەر تورکیش بەکار دەهاتن، بە تایبەتیش لە ساڵەکانی یەکەمی پاش کودێتا لەشکریەکەی ١٩٨٠). لە ئەپریلی ١٩٩١دا، ئەنجومەنی یاساگوزاری نەتەوەیی ئەو بەندانەی یاسای سزابەخشینی (قانون العقوبات ـ penal code) بەتالکرد کە چالاکی کۆمۆنیستانە، دینیانە و جوداخوازانەی گوناه دەکرد. هەزاران زندانی ئازادکران و یاسای ١٩٨٣ بۆ گوناه کردنی زمانی کوردی لەلایەن دەوڵەتەوە کێشرایەوە.

کێشانەوەی یاسای ١٩٨٣ بە ڕیشخەندیەوە (سخریە ـ derision) لەلایەن کوردەوە پێشوازی لێکرا. «ئەوە فێڵێکی دەوڵەت بوو، بۆ کوژاندنەوەی بزوتنەوەی کوردیی» بە دڵنیاییەوە ئەندامێکی پارتی کورد ـ دۆستی (زەحمەتکێشانی خەڵک HEP) پێی ڕاگەیاندین و ئاماژەشی بۆ ئەوەکرد کە کورد لەگەڵ هەموو ناخۆشیەکدا کە تێیدایە هەر بەردەوام دەبوو لە

بەکارهێنانی زمانی خۆی. «ئەم خەڵکە ئازادی خۆی دەوێ، ئەمانە دەمرن... بۆ مافی قسەکردن بەکوردی نامرن، بۆ سەربەخۆیی، بۆ ئازادی دەمرن... کێشەی کورد، کێشەی مافەکانی مرۆڤە.»

بۆ زۆربەی کورد، هەوڵی فراوانکردنی ئازادیەکان دەرمانی ئێش و ئازاری کورد نەبوو. (گۆڕانی کەش هەبوون، وەک، ڕەوتی نوێی ئەنقەرە لە لێبوردنێکی پتر بەرابەر بە بڵاوکراوە کورد ـ دۆستەکان، پتربوونی باسکردنی کێشەی کورد و دامەزراندنی ئەنیستیتۆیەکی کوردیی لە ئستەمبول لەلایەن ئیسماعیل بێشکچیەوە.) گلەییان لە بەردەوامی و بەرفراوانی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ دەکرد، و کەسانی زۆریش داوای دەنگدانێکی گشتیان دەکرد لەبارەی داهاتووی باشوری ڕۆژهەڵاتەوە دەکرد، کە جێنشینی نیوەی ئەو ۱۰ـ ۱۲ ملیۆن کوردەی وڵاتەکە بوو و لە ۱۹۸۷وە لەژێر فەرمانی یاسای تەنگەتاویدایە (قانون الطواری ـ emergency rule). لەشکری تورک تاوانباری بەشی زۆری پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ بوو لە هەرێمەکەدا، و کوردە چالاکیدارەکان ئاماژەیان بۆ ئەوە کرد کە گەر خودی میریش مەیلی گۆڕینی ئەم بارەی هەبێت، کارەکەی ئاسان نابێت. لە باشوری ڕۆژهەڵاتی تورکیادا، لەشکر لە ژێر فەرمانی کارمەندە سڤیلەکاندا نییە. جگە لەوە حکومەتی ئەنقەرە هەمیشە پەیوەندیەکی گرژی لەگەڵ لەشکردا هەبووە، ئەو لەشکرەی کە خۆی بە پارێزەری نەتەوەی تورک دەدیت، و سێ جار کۆدێتای کردووە بۆ سەلماندنی ئەو خولەی.

لەڕاستیدا، پەرلەمانی تورکی گەرەنتی بەردەوامی دەستی ئازادی لەشکریدا بەپەسەندکردنی «یاسای بەرهەڵستی ـ تیرۆر» ۱۲ ئەپریلی ۱۹۹۲. جا مەبەست و نیازیان هەرچیەک بوبێت، ئەم کارە گوناهی پروپاگەندەی جوداخوازانەی زیندوکردەوە. بەندێکی یاساکە « پر و پاگەندەی نووسراو یاخود گوتراوە کە مەبەستی زیانگەیاندنی تێدابێت بە یەکیەتی ناقابیلی هەڵوەشانی دەوڵەتی کۆماری تورکیا.»ی گوناهکرد، وە بەستنەوەی ئەم دارشتنی لێڵی ئەم بەندە بە پێناسەی لێڵی تیرۆریزمەوە، دەرگای پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤی بۆ هێزەکانی ئاسایش خستە سەر پشت[٣].

ئەم یاسایە لەلایەن پۆلیس و لەشکرەوە بەکارهات بۆ داخستنی ڕۆژنامە کورد ـ دۆستەکان، گوناهکردنی پەرتووک لەبارەی کوردەوە و گرتنی لایەنگرانی مافەکانی کورد. سەرباری ئەمانەش ئەو ئەفۆکاتەی کە پارێزگاری لە یەکێک بکردایە کە بەپێی ئەو یاسایە گیرابێت، دەتوانرێ تاوانبار بکرێت و بدرێت بە دادگا. هەروەهاش، دەتوانرێ دژ بە کارکەرە دیارەکانی مافەکانی مرۆڤ بەکاربێت، و بێگومان، دژ بەهەموو کەسێکی کە گومانی یارمەتیدانی گریلای لێبکرێت[٤].

دەسەوڕایەتیە (حکومەتە) تورکیە نوێکەی کە لە ئۆکتۆبەری ۱۹۹۱دا هەڵبژێردرا ( بە سەرۆکایەتی سلێمان دیمیرێلی سەرۆکی پارتی کۆنسەرڤاتیڤی ڕێگای ڕاست)، بەڵێنیدا کە

پشگیری لە مافەمرۆڤایەتیەکان بەکات، بەلام توندوتیژی هێزەکانی ئاسایش دژ بە دانیشتوانی باشوری ڕۆژهەلات هەر بەردەوام بوو. ڕێژەی ئازاردان و گرتنی چاودێرانی مافەکانی مرۆڤ ڕووی لە بالا کرد، ئەشکەنجەدانی زیندانیە ڕامیاریەکان هەر مایەوە، ڕۆژنامەوانانی لە باشووری ڕۆژهەلات کاریاندەکرد هەڕەشەیان لێدەکرا و هەندێکیشیان لە بارووددۆخێکی ناڕوون ودیاردا کوژران[٥]. ئەو کوردانەی کە نەدەبوونە ئەندامی میلیشیاکانی سەر بە میری، هێزەکانی ئاسایش دەیانکردن بە قوربانی؛ سەرتاسەری گوندەکان بەزۆر چۆلدەکران. جا یان لەبەر ئەوەی کە دانیشتوانی چەکیان دژ بە (پ.ک.ک) هەلنەدەگرت، یان لەبەر ئەوەی کە هێزەکانی گریلا نزیکبوون لێیان. یان، هەر لەبەر ئەوەی کە لەشکر فەرمانی بە خەلکەکە داوە کە چۆلیکەن[٦]. هێزەکانی ئاسایش تەقەیان لە خۆپیشاندانێکی ئاشتیانە کرد لە کاتی ئاگەنگەکانی نەورۆزی (سەری سالی نوێی کوردی) ١٩٩٢دا، پتر لە ٧٠ کەس کوژرا کە هێزەکان تەقەیان لە خۆپیشاندەرانی سەرجادەی شارەکانی باشووری ڕۆژهەلات کرد[٧].

هەروەهاش شالاوە کوشتنێکی زەمینی پەستانە(غامض ـ mysterious) بەسەر باشووری ڕۆژهەلاتیدادا؛ پتر لە ٦٠ کوردی چالاکی دەنگ دیار، لە نێوانی ١٩٩١ و ناوەندی ١٩٩٢دا کوژران، زۆریان بۆ دواجار لەگەل کەسانێکدا دیتران کە خۆیان وەک پۆلیس دەناساند. دەیانی دیکەش هەڕەشەی کوشتنیان بۆ ڕەوانەکرابوو. فەرماندارێتە تورکیەکان بە توندی تاوانی بەشداری لەو کوشتنانەدا ڕەد دەکەنەوە. خودی دانیشتوە کوردەکان ئەم تاوانە دەخەنە ئۆبالی «کونترا گریلا» نهێنیەکانی کە گەر ڕاستەوخۆ سەر بە هێزەکانی ئاسایش نەبن، ئەوە لابەلا هەر بەوان دەگەنەوە[٨].

پەرەپێدانی زەبروزەنگ تەنها پشتگیری کوردی بۆ هێزەکانی گریلا پتەوتر دەکرد. هاتیپ دجلە، کە کۆنە سەرۆکێکی لقی یەکیەتی تورکی بۆ پارێزگاری مافەکانی مرۆڤ بووە لەدیاربەکر، مەزنترین شاری باشوری ڕۆژهەلات، بێ بیرکردنەوە و بەئاسانی زنجیرەی پێشێلکردنەکانی بۆ دەگێڕاینەوە، بە تەقاندنەوەی بارەگای یەکیەتیەکەوە لە ١٩٩١دا. «دەسەڵاتی خەریکە دەستیەرزی بەسەر هەرێمەکەدا لەدەستدەدا، و دەیەوە پرۆبلێمەکە بە زەبروزەنگ چارەبکات». بە گوتەی دجلەی، کە لە هەلبژاردنە گشتیەکەی ١٩٩١دا بە ئەندامی پەرلەمان هەلبژێردرابوو. هەروەها ڕایگەیاند «بەلام هەرگیز بە زەبروزەنگ پێیان چارە ناکرێت. دەسەڵاتی دەبێ کەنالی ئاشتیخوازانە و دیوکراتیانە بکاتەوە... گەر بەراستی بیەوێت چارەی پرۆبلێمەکە بکات... دەبێ گفتوگۆ لەگەل پ.ک.ک بکات. پ.ک.ک ئەو ڕێکخراوەیە کە داکۆکی بۆ مافەکانی کورد دەکات.»

یەکێ لە هۆیەکانی کە یارمەتی پ.ک.ک دا پشگیریەکی بەرفراوان بەدەسبێنێت، ئەوە بوو کە پکەکە دامبەستێکی (network) لە ڕێکخراوی چالاک دامەزراند دوور لە جەنگی دژ بە

هێزەکانی ئاسایش. لە ڕێکخراوە لایەنگرەکانی ئەوروپایەوە (بە تایبەتی لە ئەڵمانیا، کە وڵاتی سەدان هەزار کوردە)، پ.ک.ک گۆڤاری بڵاودەکردەوە و پەرتووکی چاپدەکرد، ژن و لاوانی ڕێک دەخست و بەگشتی هەوڵی بەدەرخستنەوە و بەهێزکردنی کەسایەتی کوردی دەدا. لە تورکیادا، چەند دەستەیەکی نهێنی، کە ڕووکاری سەرەکیان جەوانان و هەرزەکاران بوو، چالاکیان لە دەبستانە ئامادەیی و چاپخانەکاندا دەکرد.

هەروەهاش، پ.ک.ک لەڕێگەی پایگەی لایەنگرانی لە باشوری ڕۆژهەڵاتدا کاری دەکرد، کارمەندانی لەژمار نەهاتووی بەڕێوەبەرایەتیەکانی دەسوەرایەتی تورکی لە هەرێمەکەدا کە هەواداری بووەن، پارتە ڕامیاریەکان، ڕێکخراوە یاساییەکانی یاریدەدان و بازێرپدارەکان (praivate businesses). بۆ نموونە، خەڵک باسیدەکەن، کە پ.ک.ک پلانی لێدانی ئۆردوگایەکی لەشکریی نزیک شاری هەبوو و ویستی بە خەڵکی ڕاگەێنن، کە بۆ شەوێک لە ماڵێ نەیەنەدەرێ، هەواڵەکە زۆر بەپەلە بڵاوبۆوە.

هەروەها پ.ک.ک هەوڵیدا کە کار لە پۆلۆتیکی تورکی بکات، بە شێوەیەکی سەرکی لە ڕێی کاندیدات کردنی هەندێ کەسایەتی کوردی تایبەت بۆ پلە و پایەی بەرز لەسەر ئاستی ناوچەکە و وڵاتیش بەگشتی. پ.ک.ک لە هەڵبژاردنی گشتی ۱۹۹۱دا، پشتگیری ئەندەروونی (ضمني،tacit) خۆی بە هەندێ لە کاندیداتە ناکوردەکاندا، کەخۆیان هەڵبژاردبوو. هاوکات هەندێ لەسەرچاوەکانی گریلا دەڵێن کە پ.ک.ک ئامادەیی یارمەتی ئابووری دەربڕیوە بۆ هەندێ کەس کە ویستوویانە خۆیان هەڵبژێرن، بەڵام خەرجی ستێزکاریەکەیان (campaign) نەبووە.

تا ناوەندەکانی ۱۹۹۲، دەسەڵاتی بەسەر چەند بەشێکی باشوری ڕۆژهەڵاتدا کشابوو. بە شەوان، هێزەکانی گریلا مەفرەزەیان دەنارده سەر ڕێویانەکان و سەرباز و پاسەوانی ئەو دێهاتانەیان دەکوشت کە هێشتا دەیانوێرا بەشەوان خۆیان لەو ڕێویانە بدەن و پێناسنامە تورکیەکانیان لە کوردەکان دەسەندەوە و دەیانگۆڕیەوە بە هیستری کە لەلایەن پ.ک.ک خۆیەوە دروستکرابوو. گەشتکەر و ڕێبوارانی بیانیش ڕێنمایی کرابوون کە پێش هاتن بۆ ناوچەکە[٩] ڤیزە لە ڕێکخراوە پ.ک.ک ـ بەندەکان ی ئەوروپا وەرگرن.

پەرەسەندنی پ.ک.ک[١٠]

پ.ک.ک لە ۱۹۷۸دا عەبدوڵا ئۆجالان پێکۆەونا، کە خوێندکارێکی کورد بوو لە زانکۆی ئەنقەرە. لە ۱۹۸٤دا یەکەم هێرشی چەکداری ئەنجامدا، و کوردی تورکیا لە سەرەتادا هەڵوێستێکی دوودڵانەیان نیشاندا. بۆ گەلێ کورد پەیامی ئاشکرای مارکسیزیم ـ لینینیزمی پ.ک.ک گوناهێ بوو بەرابەر بە ژیانی ئیسلامایەتیان. جگە لەوەش، پ.ک.ک بەشێوەیەکی فراوان سیاسەتی کوشتنی «نۆکەرانی» تورکیای بەکارهێنا کە زۆر جار بێ تەمیزبوو، و ژن

ومندالێ بێتاوانیشی تێدا کوژرا. ئەم خوێن ڕشتنە کوردێکی زۆری لە پ.ک.ک رەنجاند.
دانیشتوانی ناوچەکە، و بەتایبەتی دێ نشینان چیاکان، خۆیان لە نێوان گریلا و لەشکرا دیتەوە. لەشکری پ.ک.ک، کە بە ڕەسمی بە ئەرتەشی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان (ئارگەکە ـ ARGK) ناسراوە، لەسەرەتادا زۆر وردبین نەبوو؛ دەبستان و ناوەندەکانی تەندروستی ـ کە هەندێکیان ناوناوە لە لایەن لەشکرەوە وەک جبەخانە یاخود بارەگا بەکاردەهات ـ دەسووتێندران؛ خزمو کەسوکاری میلیشیا کوردەکانی سەر بەدەوڵەت دەکوژران؛ و ڕاپۆرتی واش هەبوو کە دەیگوت، هەزەکاران بەزۆر چەکدار(تەجنید) دەکران[11]. چالاکیەکانی پ.ک.ک لە باجی سەر کورد، و یارمەتی پەنابەری سیاسی و کوردی تری ئۆروپاخەرجی دەکرا، و دەگوترێ کە کوردەکانی دەرەوەی وڵات سەرچاوەی سەرکی دارایی پ.ک.ک بوون. ئەم ڕێکخراوە تارادەیەکی زۆر بە سەربەخۆیی مایەوە ،و بەشی زۆری «یاریدە دەرەکیەکانی» لە سوریاوە دەهات، کە ڕێگەی بە پ.ک.ک دابوو لە دۆڵی بیقاعی ژێردەستی سوریا[12] ئۆردوگا دامەزرێنێ.
وردەوردە، پ.ک.ک مێتۆدەکانی خۆی گۆڕی. پاش چەند ساڵێک جەنگ هەستیان بەوە کرد کە هەندێ کردەوەیان کوردیان لێ دەڕەتێنێتەوە. هەروەها پێشی لە دەیان ڕێکخراوی تر گرتەوە کەهەوڵی پەیداکردنی پێڕەوانیاندەدا. لە دەوروبەری ١٩٩٠دا پ.ک.ک ڕایگەیاند کە هەوڵ دەدات خۆی لە کوشتنی خەڵکی سڤیل بپارێزێت. لێبوردنێکی گشتیی یەک ساڵانە ڕاگەیاند بۆ ئەندامانی میلیشیا کوردیەکانی سەر بەدەوڵەت، و چانسی دانێ کە دەست لەو کارە هەڵگرن بێ ترس لەسزا و ئازاردان. چیرۆک و پروپاگەندەی مندال ڕفاندنیش لەلایەن پ.ک.ک ماوەیەکی دور و درێژ بوو لە ئارادا نەمابوو. هەر لەخودی ناوچەکەدا سەرچاوەکانی پ.ک.ک لە ١٩٩١دا ڕوونیان کردەوە کە ژمارەی کوڕان و کچانی لاوی کە دەیانویست پەیوەندی بە پ.ک.ک وە بکەن ئەوەندە زۆر بوو کە جێگە نەبوو بۆ مەشقدانیان. ئەم هەنگاوانە، هاوکار لەگەڵ پتر بوونی چالاکی سەرکەوتووی دژ بە هێزەکانی ئاسایشی تورکی بوونە هۆی ڕاکێشانی خەڵکێکی زۆر بەرەو پ.ک.ک.
لەگەڵ ئەوەی کە زۆربەی چەپڕەوان و ڕۆشنبیرانی تورک دەکۆشان بۆ پەخش کردنی کێشەی کورد، گەلێ لە کوردان پ.ک.کیان وەکو تاکە هێزێ دەدیت کە بایەخ بە دەرد و ئازاریان بدات. وە بێگومان وەک تاکە گرووپی کە بە توندی سزای پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ دەدات. «ئێمە هەموو گریلاین، تاکە جیاوازی ئەوەیە کە هەندێکمان بەڵیاوەن وهەندێکیشمان لێرەن» شۆفێری لۆرییەکی ٣١ ساڵەی کورد بەوپەڕی پێداکوتانەوە پێیگوتین. هەروەها گوتی کە لە ١٩٩٠دا یەک مانگ زیندانی کراوە و ئەشکەنجە دراوە چونکە کاسێتی مۆسیقای کوردیی هەبووە. چیرۆکی ئەم کابرایە چیرۆکێکی ئاسایی بوو.
٢٤ساڵەیەکی خەڵکی گوندەکانی لای شیرناخ پێیگوتین «لە لایەکەوە، دەوڵەت وایکرد کە

پ.ک.ک ئەو هێزەی ئەمڕۆی پەیداکات،» ، ئەمڕۆ کەسانێکی خاوەن پلەی زانکیێن کاری ڕێکخستن بۆ پ.ک.ک دەکەن. «هێزەکانی ئاسایش پێیان وایە کە میللەت بەکوشتن دەترسێن، لەوە ناگەن کە کەسێ بکوژن دوژمنیان پتردەبێت.»

پاش ١٩٩٠. پ.ک.کە، ئاوازی پەیامە مارکسیست ـ لینینیستانەکەی کزکردەوە، دانی بەڕۆلی ئیسلامایەتیدا نا. جەختی لەسەر مافە نەتەوەیەکان کرد لەبری کێشەی ئابووری، هاوکاتیش داواکاری ڕەسەنی پ.ک.ک، کە سەربەخۆیی تەواو بوو، کەمێ سووک کرایەوە. لە ١٩٩٢دا ئۆجەلان باسی چارەیەکی فیدرالی کرد، کە تێیدا کورد خاوەن ئۆتۆنۆمی بێت لە باشوری ڕۆژهەلاتدا، کە هەر وەک بەشێکی تورکیا دەمێنێتەوە.

«پ.ک.ک بەئارەزووی خۆی سوورنییە لەسەر توندی» ئۆجەلان بە گۆڤارێکی چەپڕەوانەی تورکی گووت لە مارسی ١٩٩٢دا، لە چاوپێکەوتنێکدا کە ئاشکرا ڕووی لە خوێنەری تورک کرابوو(١٣). چارەسەرکردنی گورزانی (problem) کورد، ئۆجەلان گووتی، دەبێ لە ڕێی «دیالۆگەوەبێت لەگەل ڕێکخراوی دان پێدانراو و گشتی کە نوێنەرایەتی میللەتەکەمان دەکات. با ئەم خوێنڕشتنە ڕاگیرێت...» ، هەروەهاش ئاماژەشی بۆ ئەوەکرد کە ئامادەیە ئاگربەستێ پەسەندکات، گەر هێزەکانی ئاسایش ئامادەبن دوندی دژ بەکورد بوەستێن و دەسەڵایەتی بکەوێتە گفتوگۆ لەگەل سەرکردەکانی کورد.

ئەمە تەنیا داواکاری ئۆجەلان نەبوو. لەهەڵبژاردنە گشتیەکەی ١٩٩١دا، ٢٢ پەرلەمانتاری کورد، کە ئەندامی پارتی کورد دۆستی کارکەرانی گەل ( HEP) کە لە دەستەچەپی ئەنجومەنی یاسادانانەدا دادەنیشتن چونکە لە لیستی هاوکاریان پارتی سۆسیال دیموکراتی گەل (SHP)دا پێشنیارکرابوون. هەندێکیان دادوستانی ئەوەیانکردبوو کە تورکیا دەبێ بکەوێتە گفتوگۆ بە پ.ک.ک و دەبێ ڕێگەی ڕادەبڕینێکی گشتی بدرێت لەبارەی ئەو جۆرە پەیوەندیەی کە کورد دەیەوێ لەگەل تورکیادا هەیبێت. ئەنقەرە هیچ گرنگیەکی بەو بۆچوونە نەدا. لەو ڕۆژەوەش کە نوێنەرێک لە پەرلەماندا لە سێرمۆنیای سوێندخواردنا بە کوردی دوا ـ یەکێ بوو لەو جارە دەگمەنانەی کە کوردی لە پەرلەمانی تورکیدا بەکارهاتووە ـ بانگاشتی جۆربەجۆر کراوە بۆ داماڵینی ئستواری ( immunity ) پەرلەمانتاران و تاوانبار کردنیان بە «هاندانی یاخیبوون» لەبەر ئەو ڕاگەیاندنانەی کە تێیدا داوای بەڕەواناسینی مافی کورد دەکەن[١٤].

«مەبەستی ئێمە دابەشکردنی تورکیا نییە، بلکو هاوبەشیە تێیدا،» بەگوتەی ئۆجەلان لە هەمان چاوپێکەوتندا، کە یەکێکە لە هەرە فراوانەکانی لە بارەی داهاتووی باشوری ڕۆژهەلاتی کوردیەوە. «ئەمن نە بە مەعقول و نە بە پێویستی دەبینم کە هەرێمێکی کوردی لەولاتەکە جودابکرێتەوە هەر وەک ئەوەی بە چەقۆ بڕابێتەوە. بەلام کورد خۆی بڕیاری چارەنووسی خۆی دەدات.»

پاشان لە چاوپێکەوتنێکی تردا لە گۆڤاری پ.ک.ک لە ئۆروپادا، ئاماژە بۆ ئەوەکرا کە ئۆجەلان ئارەزووی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی لەدەست نەداوە، بەڵکو ڕاگەیاندنەکانی کە ئاڕاستەی خوێنەری تورک کرابوو جۆرە نەرمییەکی تێدا هەبوو، بەلای کەمەوە بۆ ماوەیەکی کورت[١٥]. گەر شتێکی کە نەبێت، ئامادەیی ئۆجەلان بۆ باسکردنی چارەسەریەکی کە لە سەربەخۆیی کەمتربێت، دیاریدەی پێگەیشتن و کامڵ بوونی ڕامیاری بوو.

سەردەمی جەنگی کونداو و پاشی

جەنگی کەنداو، و دروستکردنی کەمەرەی ئاسایشی بۆ کوردانی عیراق لەلایەن هێزە هاوپەیمانەکانی ژێر سەرکردایەتی ئەمریکا پاش ڕاپەڕینە سەرنەگرتوەکەی باکوری عیراق، کاریگەریەکی ڕاستەوخۆی گەورەی لەسەر کوردی تورکیا نەبوو، هەرچەندە بەکەڵکی خەباتی چەکداری پ.ک.ک هات. پ.ک.ک سەرکەوتوانە سوودی لەهێز پووچی باکوری عیراق وەرگرت تا مەشقگەی پتر بگوازێتەوە هەرێم. هەروەها گروپەکە زۆرزوو دەستی بەکڕینەوەی خوردەواتە بەجێماوەکەی لەشکەری عیراق کردەوە و سوودی لەبەرەڵایی سنوورەکانیش وەرگرت[١٦].

گومان لەوەدا نییە کە ئەو تۆزقاڵە ئۆتۆنۆمیەی کە لە باکوری عیراق دامەزرابوو و بایەخدانی جیهانی بە کوردی عیراق کورد لەخۆیدا هاندەرێک بۆ کوردی تورکیا. ئەم دوودەستە کوردە هەمیشە پەیوەندی خێزانی و ئابووریان لە نێواندا هەبووە، و کوردی تورکیا هەمیشە هەوڵی داوە کە یارمەتی دەستە جۆربەجۆرەکانی پەناهەندە کوردە عیراقیەکان بدەن کە لە کاتی جیاوازدا سنووریان بەزاندووە. لەگەڵ ئەوەشدا جەنگی کەنداو نەیتوانی ئەو ڕاستییە بگۆڕێت کە کوردی عیراق و تورکیا خاوەنی دوو جەنگی جیاوازبوون (گەر پەیامی کوردستانی مەزنی پ.ک.ک وەلاوەخەین) هەرچەندە ناوناوە پەیمانی جۆربەجۆریش لە نێوان سەرکردەکانیاندا مۆردەکرا.

هەرچۆنێک بێ، پەیوەندی نێوانیان پاش جەنگی کەنداو تووشی گرژی بوو لە ئەنجامی هەوڵی جەلال تالەبانی و مەسعود بارزانی، دوو سەرۆکە سەرەکیەکەی کوردی عیراق، بۆ خۆ خۆشەویستکردن لای دەستوەرایەتی تورکیا کە چەوسێنەری کوردی خۆی بوو . هەردوو سەرکردە هەوڵیاندا کە خۆیان لە پ.ک.ک دوور بخەنەوە، هەرچەندە بەردومانکردنی بەناو کامپەکانی پ.ک.ک لە باکوری عیراق کوردی سڤیلی عیراقی کوشت. جا لەگەڵ ئەوەی کە کوردانی هەردولای عیراق و تورکیا دەیانگووت کە ئەمبارە سەپاوە پێویستیەکی دژخە ڕامیاریەکەیە نەک هەستێکی ڕاستەقینە، دوور نییە پاشهاتەکانی جەنگی کەنداو پەردەی لەسەر ناکۆکیەکی قووڵ لادابێت.

ئەم بارە بێگومان بەردەوامی سیاسەتی دڕندانەی دژ بەکوردانی خۆی بۆ تورکیا ئاسانترکرد. هەروەهاش لاوازی کۆنترۆڵی سنووری نێوان عیراق و تورکیا ماوەی بە لەشکری تورکدا کە بە

شێوەیەکی دووبارەیی هێرشی سنووربەزێن بەکاربێنن. پارێزگاریە تەرتەشیەکەی کە هێزە هاوپەیانەکان دژ بە سەرۆک سەدام حوسێن بە کوردی عیراقیان ڕەوادیتبوو، سوودی بۆ ئەو کوردەی تورکیا نەبوو کە لەژێر مەرحەمەتی هێزی ئاسایشی تورکیدا مابۆوە.

هاوکات، پشتگیری ڕاگەیەندراوی تاڵەبانی و بارزانی بۆ تورکیا و چەندین بەڵێنی ڕێزگرتن لە سەربەخۆیی خاک و ناوچەکەی، مەترسی ئەو دەوڵەتەی بەرانبەر بە ئۆتۆنۆمی کوردی عیراق کزر نەکردەوە. دەسەڵاتی تورکی لەسەر ئەو باوەڕە مایەوە کە ئۆتۆنۆمیەکەی کوردی عیراق تەنها بانگەوازی سەربەخۆیی کوردی تورکیا بەهێزدەکات، ئەمەش ڕامانێکی بێ پایە نییە. تورکیا پشگیری لە هەڵبژاردنە کوردیەکەی مانگی ٥/١٩٩٢ی باکوری عیراق نەکرد و ئاشکراش نارەزایی خۆی دەربڕی. تەنها چەند ڕۆژێک پێش هەڵبژاردنەکە فرۆکە جەنگیەکانی هێرشێکی ئاسمانیان کردە سەر باکوری عیراق و بنکەیەکی ناوچەیی هەڵبژاردن گێڕی بارزانیش لەو هێرشەدا بەردومانکرا. بێجگە لەوەش دەستوەرایەتی تورکی لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند کە هەڵبژاردنەکە دوورنیە ببێتە هۆی بەرەڵایی و شەڕوشۆڕێکی پتر لە باکوری عیراقدا[١٧].

وەک بۆچونێ دەتوانین بڵێین، سەرەکی ترین برشتی (effect) جەنگی کەنداو لە کوردی تورکیا ئابووری بوو، چونکە هەرێمێکی پەرێشانکرد کە لەخۆیدا و لەبەر دەیانساڵ بایەخ نەدانی دەوڵەت و جەنگێکی دوورودرێژ ڕووی لە هەرەسهێنان کردبوو. باشوری ڕۆژهەڵات هەمیشە بەدەست نەبوونی سەرمایەی تایبەتی بەگەڕخراو و دەگمەنی کارخانەی دەوڵەتییەوە نالاندویەتی، ئەمەش تا ڕادەیەک لەبەر لاوازی ژێرخان و نەبوونی ئاسایش لە هەرێمەکەدا[١٨].

لەگەڵ ئەوەشدا، کوردەکان هەر چۆنێ بێ توانیان بۆ دەیان ساڵ بە ـ کشتکاری، مەڕداری، چەند کانەڕەژویەکی خۆ و قاچاخچیەتیەکی سەرەتایانە لەگەڵ عیراق و ئێراندا ،و هەروەها خزمەتکردنی هەزاران تریلە و کامیونی کە ڕۆژانە لە نێوان عیراق وتورکیادا هاتوچۆیاندەکرد ـ ژیان بوگسزەرێنن ، گەرچی ژیانێکی کەم دەرامەتانەو هەژارانەش بووبێت . لە کۆتایکانی هەشتاکاندا لەشکر دەستی پێکرد بە هەفتە کانە ڕەژوەکان ببەستێت (تاوانی یارمەتیدانی پ.ک.ک دەخستە پاڵ کارکەرەکانەوە)، گەلێ کشتزار (field) خرانە سەر ناوچەی جەنگی، و خێزانە کۆچەرەکانیش لە کوێستانکردن قەدەغەکران[١٩].

کە تورکیا بەشداری بازێرپەستییەکەی (economic embargo) دژ بە عیراقی کرد پاش تەخت و تازی بەغدا بۆ سەر کوێت لە ئۆگۆستی ١٩٩٠دا، تریلە و کامیونەکان لە هاتووچۆ کەوتن و مەترسی قاچاخچیەتی زۆر پتربوو. ئەوەندەشی پێ نەچوو تا گەلێ لە چایخانەی کوردەکان و ئوتێلە هەرزانەکان و فیتەرخانەکان داخران، و ڕەفی دوکانەکانی کە تا ماوەیەک لەمەوبەر پڕبوون لە چای عیراقی و جگەرە و داودەرمانی توالێتکردن، بەتاڵ ببوون. بۆ کورد، کاری سەربێیی لە ڕۆژئاوای تورکیادا بوو بە تاکە سەرچاوەی داهات. هەرچەندە کوردەکان گازندەی ئەوەیان دەکرد کە

خەڵکی ئەو ناوچانە دەیانزانی لە باشووری ڕۆژئاواوە هاتوون تووشی تەشقەڵەو پێشێلکردن دەهاتن.

جەنگی گریلا سەرمایەدانانی( ئیستیسمار ـ Investment) لە دروستکردنی پایگەی لەشکری و زندان بەولاوە چیکە نییە ـ کەمترکردەوە لە ناوچەکەدا. بەشکی کێشەی پێشکەوتن لە باشوری ڕۆژهەڵات پەیوەندی بە نەبوونی ڕێوبانەوە هەبوو لەهەرێمەکەدا: ئەو چەند ڕێگەیەش کە ناوچەکەیان ڕاستوچەپ دەبڕی، بەشی زۆری خراپ بوو. ئەما ئەو ڕێگایانەی کە بەکەڵکی گواستنەوەی لەشکری دەهاتن، دەبوونە نیشانەی پ.ک.ک: بەلای کەمەوە پرۆژەی دروستکردنی شارێییەک کەوتە بەر هێرشی پ.ک.ک، کە ئامۆژەیەکی بەهێزی نارد بۆ ئەوانەی کە دەشێ پرۆژەگەری بکەن بێ پەسەندی پ.ک.ک (٢٠).

هەروەها هێرشی گریلا بۆ سەر مامۆستایان بووە هۆی پێوەدان و لەکارکەوتنی سەدان دەبستان. پ.ک.ک بۆ ماوەیەک مامۆستایانی کرد بە نیشانەی خۆی، بەتاوانی سەپاندنی فەرهەنگی (culture) تورکی و چەوساندنەوەی بۆ کورد ،و هەوەهاش بە بەهانەی ئەوەی کە زۆربەیان سیخوڕی بۆ لەشکردەکەن. وەک ئەنجام، بەرامبەر بە کارکردن لەو ناوچەیەدا ناحەزیەرکی مەزن لەناو مامۆستایانی تورکدا پەیدابوو، وە بەو باوەڕە گەیشتن کە لەمەوپاش لەشکر توانای پاراستنیانی نییە. جا گەر مامۆستایانی تورک سیخوڕیان بۆ لەشکر کردبێت یان نا، ئەنجامەکەی ئەوەبوو کە دەبستانەکان بەستران، منداڵەکان فێری تورکی نەدەبوون و چانسی، خوێندکارانی کە ئارەزووی پەرینەوەی ئەزمۆنی بەرزانکۆییان هەبوو یاخود کارکردن لە دەرەوەی هەرێم ، بەنەبوونی دەبستانی ئاسایی گەلێ کەم بووەوە.

لەگەڵ پێویستی زۆری ناوچەکە بە کادری مامۆستایان، دانیشتوان دەیانگوت کە مامۆستا کوردەکانی کە دەیانەوێ لێرە کاربکەن تورکەکان هەمیشە ڕوخسەتی کاریان نادەنێ. هەرچۆنێ بێ، پلەی خوێندەواری لە دەبستانەکانی باشووری ڕۆژهەڵات گەلێ نوی بوو، پەرتووک کەم بوو، خوێندکارەکان هەژار بوون. جگە لەوەش، منداڵە کوردەکانی دەبستانەکان دەبوایە حاشا لە کوردبوونیان بکەن(٢١).

لەگەڵ ئەم هەموو زۆریە، پ.ک.ک پشتگیری زۆربەی دانیشتوانی باشوری ڕۆژهەڵاتی بەدەستهێنا، و ئاشکرا بەدەرکەوت کە هیچ ئاگربەستێک نابێت تا ئەنقەرە، بەلای کەمەوە، هەوڵێکی پاکژ نەدات بۆ ڕاگرتنی پێشێلی مافە مرۆڤایەتیەکان و باسکردنی مافە ڕامیاریەکانی کورد. هاودەمی ڕووداوەکان، پەیوەندی نێوان کورد و تورک خراپتربوو. کاری ناشتنی سەربازە تورکەکانی کە بەدەستی گریلا دەکوژران وردەوردە دەبوو بە کۆبوونەوەی دژـ بەکورد، گروپە ناشونالیستە توندەکان داوای ڕاگرتنی دانانی فعلی بە ئایدێنتیتی کوردیدا، و باسوخواسی شەڕی ناوخۆیی بڵاوببووەوە(٢٢).

سلێمان دمیرێلی سەرۆکوەزیران،ڕایگەیاندبوو کە ئاگای لە «واقعی کورد» هەیە، بەڵێنی بەرنامەیەکی پێشخستنی ئابووری بۆ باشوری ڕۆژهەڵات دا، و لە ۱۹۹۲ لەوەی دەکرد کە جۆرە نەرمییەکی پەیداکردبێت و ئامادەی دیتنەوەی چارەیەکی میانەگر بێت. بەڵام بەرگری سەرەکی کە دەبوایە ڕایان پێ بگۆڕێ، وەک هەمیشە، لەشکربوو. دمرێلی بۆ شەشەمین جار سەرۆک وەزیر و دوجار بەدەستی لەشکر لادراو و وەزارەت ڕوخێنراو (لە ۱۹۷۱ وە لە ۱۹۸۰)، نەیوێرا بۆ جاری سێیەم خۆی تووشی مەترسی لادان بکات بەبۆنەی دامەزراندنی گفتوگۆ لەگەڵ پ.ک.ک. لە هەمان ماوەدا، جەنەراڵ دۆغان گورەس (Dogan Gures) سەرۆکی دەستەی باڵای لەشکر (general staff)، بەردەوام سوێندی لەناوبردنی هێزی گریلای دەدا، و جگە لە لەشکر کێشی سەر باکوری عیراقی، بەلای کەمەوە ناوچەیەکی شاخاوی ناو تورکیاشی بە فڕۆکەی جەنگی خودی تورکیا بۆمبا بارانکرا. خوێنرێژی پاش خۆپیشاندانەکەی جەژنی نەورۆزی ۱۹۹۲وە ڕوونیکردەوە کە لەشکر دەیەوێ چۆن وڵامی داوای دان بەکورددا نان بداتەوە.

بارودۆخ بە ڕێیەکی بەستراو گەیشتبوو. کورد داوای زۆرکردنێکی جیهانیان کرد، و توانیان وا لە هەندێ ئۆرگان و حکومەتی ئۆروپی بکەن کە ئاوڕیان لێبداتەوە. بەڵام، بۆ نەگبەتی، جەنگی کەنداو ڕۆڵی کوردی تورکیای لای هێزە هاوپەیمانەکانی سەر بە USA زۆر کەم کردەوە. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە هەمیشە پشتێکی بەهێزی تورکیا بووە، لەپێشەوە ئەوەندە باوەڕی بە گازندەی کوردی تورکیا نەبوو، بەپێچەوانەی پشتگیریە لەپڕ هەڵڕژاوەکەی بۆ کوردی عیراق. سەرۆکە ئۆروپییەکان، کە هەوڵی بەدەستهێنانی لایەنگیری تورکمایاندەدا بۆ مانەوەی هێزە هاوپەیمانەکان لەسەر خاکی تورکیا بەمەبەستی پاراستنی کوردی عیراق لە کەمەرەی ئاسایشەکەدا، بۆیە گەلێ بەپەلە مۆری «تیرۆرستیان» لە کوردی تورکیادا، ئەم ڕەوشە (حاڵەتە ـ situation) لەلایەن هەندێکەوە ناوی دیاریدەی (کوردی چاک/کوردی خراپی)ی لێنرا(۲۳). سەرباری ئەوەش، ئەمریکا و هێزە ئۆروپییەکان، حەزیاندەکرد تورکیا وەک هێزێکی هاوسەنگاندن بەکاربێنن بەرامبەر بە دەسڕۆیی ئیران لە ناو میللەتانی ئاسیای ناوەندی کە زۆربەیان موسوڵمانن. بۆیە نە تاوانبارکردنی هێزەکانی ئاسایشی تورکی بە بەدڕەفتاریی دژ بەکوردی باشوریڕۆژهەڵات سیاسەت بوو، و نە پرسکردنی پرسیارێکی مەعقولی وەک بۆ هەندێ کورد مافی ئازادیان هەبێت و هەندێ نەیانبێت دبلۆماسییەت بوو.

لەسەر یافتەیەکی هەڵواسراو لەجادە سەرەکیەکەی شرناخ نووسراوە «خۆشبەختە ئەوەی بەخۆی دەڵێ تورک»، کە یەکێکە لە گووتە زۆرباوەکانی کەمال ئەتاتورک، سەرۆکی جەنگی سەربەخۆیی تورک و یەکەم سەرۆک کۆماری تورکیا. چەند کۆڵانێ لەودیوەوە، ئایشە یەڵماز، خێزانە ۳۵ ساڵانەکەی فەیسەڵ یەڵمازی ئەبوکاتۆی مافەکانی مرۆڤ، لەبارەی ژیانی کورد لە تورکیادا بۆی گێڕامەوەو گووتی: «جارێکیان کە کوڕە حەفت ساڵانەکەم لە خوێندگەی سەرەتایی دەیخوێند لە

ئەزمـیـر {شارێکه له ڕۆژئاوای تورکـیـا}، فـێـریان کـردبوو کـه بنووسێ "من تورکم". کـوڕەکـەم نووسیبووی "من کوردم، من زیرەکم، هەرگیز درۆناکەم". مـامۆسـتاخـانم ناردی بەدوامدا و گـوتی تۆ مـێشكی منداڵەکەت دەشۆیتـەوه و هەڕەشـەی بانگکردنی پۆلیسی لێکردم گـەر ئەم بەزمـە دووبارەبێتـەوه. "بە کوڕەکەم گووت کە شتی وا نەنووسێت" یەکسـەر پێی گـووتم "بۆ درۆ دەکەیت؟ ئێمە کورد نین، ئێمه خەڵکی کوردستان نین؟" منیش هەرچەنده شەرمم لەخۆم کرد، بەڵام ترساندم بەوەی گەر وانەکات دوورنییە باوکی ببەن و ئەشکەنجەیدەدەن.

"ئێـمـه لەژێر هەمـان ئاڵای تورکدا دەژین، بەڵام هەمـان نەتەوه نین. مـیللەتی ئێـمـه خـەبات بۆ خۆشگوزەرانی خۆی ناکات. ئێمه خەبات بۆ داهاتووی خۆمان و داواتووی منداڵەکانمان دەکەین."

# تێڕوانین

* ـ Aliza Marcus ڕۆژنامەوان و گوتارنێرێکی بەردەوامە بۆ Christian Science Monitor، لە نێوان ساڵانی ١٩٨٨ـ ١٩٩٠دا لە تورکیا دەژیا.

١ـ دیدارێک لە شرناخ، ئۆکتۆبەری ١٩٩١. گەر ئاماژە بۆ شتێکی تر نەکرابێت، ئەوە هەموو چاوپێکەوتنەکان لە گەشتێکی دووهەفتانەی ناوچەکانی باشوری ڕۆژهەڵات لە ئۆکتۆبەری ١٩٩١دا ئەنجام دراوە.

٢ـ دیدار، ئۆکتۆبەری ١٩٩١. بێشکچی لەودەمەدا لە زیندانێکی ئەنقەرەدا بوو، چاوەڕوانی دادگا بوو کە بەپێی یاساکانی دژبەتیرۆر تاوانی «پروپاگەندەی جودایخوازانە» بەملدا درابوو لەبەر نووسینی پەرتووکی «دەوڵەتی تیرۆر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەندا». چاوپێکەوتنەکە لەڕێی ئەڤۆکاتۆکەیەوە (Husnu Ondul) هەڵسوڕێندرا. بۆ بەدەستهێنانی زانیارییەکی چاتر بە زمانی ئینگلیزی لە بارەی مێژو و کارەکانی بێشکچییەوە، بڕوانە Kurdish Times ـ Vol.1,No2 ـ Fall,1986.

٣ ـ یاسای بەرهەڵستی ـ تیرۆر لەلایەن هەندێ گروپەوە ڕەخنەی لێگیرا، لەوانەش بنکەی مافەکانی مرۆڤ لەتورکیا، چاودێری هێلسنکی و کۆمیتەی پارێزەرانی مافی مرۆڤ (مانگی ٥ ـ ١٩٩٢ ڕاپۆرتی سەرەتایی. " Critique: Review of the State Department`s country report on human rights practices for 1991").

یاساکە پێناسەی تیرۆریزم بە( هەموو جۆرە کردەوەیەکی کە لەلایەن کەسێک یاخود کەسانێکی سەر بە ڕێکخراوێک بێتەکار بە ئامانجی گۆڕینی ئەو کارکتەرەی کە لە دەستوردا داندراوە بۆ کۆمارەکە، جا چ لە سیستێمی ڕامیاری، یاسایی، کۆمەڵایەتی، علمانی، یاخود ئابووریدا بێت. )دەکات. جا لەبەر داڕشتنی لێڵ و نادیاری،« هەر کەسێکی لەگەڵ گۆڕانکاری نا توندانەی non-violent ئابوری یا کۆمەڵایەتیشدا بێت، دەتواندرێت تاوانی تیرۆرزمیی بەسەردا بدرێت و دادگابکرێت.» (Lawyers Committee draft report,p.5). هەتا دەسوەرایەتی دەرەوەی ـ State Department ـ ئەمریکا، کە هەمیشە خۆی دەپارێزێ لە ڕەخنەی دژ بە تورکیا، گوتی کە ئەو پێناسە لێڵ و ناڕوونەی تیرۆریزم کە لە یاساکەدا هاتووە «دەکرێ ڕێدەری بەکارهێنانی چەوتی دەسەڵات بێت لەلایەن دەسەڵاتە ئاسایشییەکانەوە » ("Country Reports on Human Rights practices for 1991", February 1992).

٤ ـ بۆ بەدەستهێنانی نموونەی تایبەت لەبارەی چۆنیەتی بەکارهێنانی یاساکە، بڕوانە ئەو زانیاریە

کۆکراوانەی بنکەی مافەکانی مرۆڤ لە تورکیا و کۆمیتەی ئەمریکایان بۆ پاراستنی ڕۆژنامەوانان ١٩٩١ لە هەڵسەنگاندنێکی جیهانیدا بۆ ئازادی بڵاوکردنەوە. یەکێک لەو سەرچاوانەی شێوەی بەکارهێنانی یاساکە شیدەکاتەوە، چاوپێکەتنە لەگەڵ Lois Whitman لە Helsinki Watch.

٥ ـ چاوپێکەوتن لە باشوری ڕۆژهەلات، ئۆکتۆبەری ١٩٩١؛ Urgent Action پۆستی Am-nestyInternational؛ ڕاپۆرتی Helsinki Watch لەبارەی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لەتورکیا؛ Alan Cowell, *The New YorkTimes* , "Turkeys Efforts to Quell Rebel Kurds Raises Alarm in Ankara and Europe," March 27,1992, p.10. لە خۆپیشاندانەکانی سەریساڵی کوردییی، مارسی ١٩٩٢دا، ئەفەرێک لە زرێپۆشێکی پۆلیسەوە تەقەی لە وێنەگرێکی تورک کرد لە شاری جەزیرە لەو کاتەی کە بە ئاڵایەکی سپییەوە بەرەو ئۆتێلەکەی ڕایدەکرد، بەپێی ڕاگەیاندنی بنکەی مافەکانی مرۆڤ لە تورکیا.

٦ ـ Aliza Marcus, *The Christian Science Monitor*, " Turkey Struggles With Kurdish Uprising," August 30,1990,p.10-11; Helsinki Watch "Destroying Ethnic Identity"Sptemder 1990, pp. 19-26.

٧ ـ بڕوانە سکاڵاکەی ئەمنستی نێونەتەوەیی بۆ پارمەتی بەپەلە لە ٢٧ی مارسی ١٩٩٢؛ بنکەی مافەکانی مرۆڤ لەتورکیا، فاکسی ڕۆژانە، ٢٦ی مارسی ١٩٩٢، دەڵێت The observa-tions ... [indicate] the events were caused by security forces intention to disperse unarmed demonstrators. ئەو ڕاپۆرتە بەشێوەی سەرەکی ئاماژە بۆ ڕووداوەکانی جەزیرە دەکات کە زۆربەی کوشتنەکانی لێ ڕوودا.

٨ ـ چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسوکاری ـ ڤەدات ئایدن ـ کە کوردێکی ئەندامی پارتی کارکەرانی گەل بوو، و لە مانگی ٦ی ١٩٩١دا کوژرا، پاش ئەوەی دووکەسی کە خۆیان وەک ئەفسەری پۆلیس پێشکەش کردووە لە ئەپارتمانەکەی بردیان؛ لێکۆڵینەوە لەگەڵ پارێزەرانی مافی مرۆڤی کورد، ئۆکتۆبەری ١٩٩١؛ Cowll, New York Times.

٩ ـ Aliza Marcus, *The Christian Science Monitor*, Kurds Separatists Grip Southestern Turkey, October 24,1991,p. 5.

١٠ـ باسیکی پ.ک.ک و چۆنیەتی بەدەرکەوتنی، لەسەر پایەی گەشتەکەم لە ناوچەکەدا لە ١٩٨٩، گوتو وێژی قووڵ و گشتی لە گەڵ سەرچاوەکانی پەکەکە و دانیشتانی کوری ناوچەکە، و هەروەهاش پرسکاری لەگەڵ Aram Nigogosian، کە خوێندنی لە زانکۆی پێنسلڤانیا تەواو کردووە و خەریکی نووسینەوەی تێزی دکتۆراکەیەتی کە لەبارەی بزوتنەوەی کوردە لە تورکیا.

١١ ـ بەپێی چەند سەردانێکی ناوچەکە و پرسکاری لەگەڵ سەرچاوەکانی پ.ک.ک و دانیشتوانیدا، پەسەندکردنی گەلەیی فراندنی لاوان ئاسان نییە، چونکە زۆر جار کەسوکاری ئەولاوانە خۆیان بەدەسەلاتە تورکیەکان دەڵێن کە پ.ک.ک کورەکانی فراندوون تاهەستکەن کە پەیوەندیان بە گریلاوە کردووە و کەسوکارەکە بەتاوانی پشتگیری گریلا سزا نەدرێن.

١٢ـ لە بەرەبەری کۆتایی ئەپریلی ١٩٩٢، پ.ک.ک دەستی بە گواستنەوەی هەندێ لە ئۆردوگاکانی کرد لە دۆڵی بقاعی سوریاوە، لە ئەنجامی داواکردنێکی رەسمی تورکی لە سوریا بۆ داخستنی کامپەکان.

١٣ـ 2000e dogru، ١٥ـ مارسی، ١٩٩٢، وەرگێرانی Aram Nigogosian

١٤ـ لە کۆتایەکانی مانگی ٥ـ ١٩٩٢دا، ١٨ نوێنەر دەسهەلگرتنیان راگەیاند لە SHP وەک پرۆتێستێ دژ بە چەوساندنەوەی کورد. پەرلەمانتارەکان لەسەر میلاکی SHP بوون چونکە پارتەکەیان ـ HEP ـ لەپراکتیکدا لە هەلبژاردن دوورخرابووەوە.

١٥ـ سەرخۆبوون، ئەپریلی ١٩٩٢. وەگێرانی Aram Nigogosian.

١٦ـ لەسەر پایەی پرسکاری لە ناوچەکەدا، سەردانی رۆژنامەنیگارانی ناوچەیی بۆ ئۆردوگاکانی پەکەکە لە باکوری عیراق، و راپۆرتی رۆژنامەی تورکی.

١٧ـ Kurt Schork, Reuters "Turkey bombs Iraqi Kurds as election approaches". may 14, 1992

١٨ـ تاکە بەهرەسازیی (Investment) دەوڵەتی مەزن لە پرۆژەی باشوری رۆژئاوای ئەناتۆلیادا بوو، کە زنجیرە زەویەکی ناوچەکە ئاودەدات و هێزێکی کارەبایی فرەتر بە تورکیادەدا، هەرچەندە، ئەم پرۆژەیە سەدەیەکی تر بەتەواوی تەواودەبێت، و سوودی بۆ کورد تا ئێستا دیار نییە.

١٩ـ پرسکاری لە باشوری رۆژهەلاتدا، ١٩٨٩، ١٩٩٠، ١٩٩١.

٢٠ـ دەوروبەری ئۆکتۆبەری ١٩٩٢، لۆری و جەنەرێیتەری کارەبای پرۆژەیەکی رێکردنەوە تەقێندرانەوە. کە کارکردنی هێواشکردوە. کۆمپانیەکی کەسانە ـ کە کۆنتراکتی دەوڵەتی هەبوو ـ هەوڵی ئسفەلتکردنی بەشێکی رێی نێوان بەرواری و سیرت دەدا. کرێکارەکان پێیانگوتم گە گریلا گوتوپانە کە دەترسێن ئەم رێیە هاتوچۆی لەشکر ئاسانترکات. ئەمەش نموونەیەکی چۆنیەتی کارکردنی پ.ک.ک کە داوای لە کرێکارەکان کردبوو کە لە ناو کابینەکانیاندا بمێننەوە تا لۆریەکە و هەندێ دامودەزگای دیکەیان تەقاندبووەوە. لە کرێکارەکانم پرسی گەر گریلاکان هەولیندابێت کە پروپاگەندە بۆخۆیان بکەن، کرێکارێ گووتی « نەخێر، پێویست ناکات.»

٢١ـ هەموو خوێندکارێک فێری مێژووی تورکیا و ناسیۆنالیزمی تورکی دەکرێت، و مێشکت پر

لە درۆو دەلەسەکانیان دەکن،» ، ئەحمەد ئیکنجی ـ پێوەرسازێکی ڕێوبانە (مساح طرق)کە لە دیارەکر گەورە بووە ـ لە ئۆکتۆبەری ١٩٩١دا پێیگوتم. هەمان ئەحمەد گووتی «ئەوجا، بە تەمەنێ دەگەیت کە تێیدا دەزانیت کە تۆی لە میللەتێکی تریت و خاوەن مێژوویەکی تریت، ئەوسا هەوڵ دەدەیت کە شارەزای مێژووت بیت وهەڵیسەنگێنیت، ڕاستە ئێمە پێکەوە شەڕمانکرد،» ئیکنجی لێرەدا ئاماژە بۆ پشتگیری کورد دەکات بۆ تورک لە شەڕی نیستیقلالدا، «بەڵام ئەوان بردیانەوە و ئێمە دۆڕاندمان».

٢٢ـ پرسکارییەکی تەلیفۆنی،١٩٩٢؛ ڕاپۆرتی چاپەمەنی تورکی.

٢٣ ـ John Gittings, *Guardian* (London), "Good Kurds and Bad Kurds in the New Geopolitical Conjunction," April 25-26, 1992.

# زنجیرە ڕووداوی مێژوویی *

سەدەی حەوتەم: یەکەمین دەقی نوسینە بەکوردی بینرایەوە. لەهۆنراوەیەکی درامی کوردتدا تراجیدیای هێرشی عەرەب و ڕفاندنی مێینەکان «ی دەشتی شارەزوور» و قەلاچۆکردنی میللی دەگێڕێتەوە. هەروەها ڕووداوی سووتانی پەرستگای مەزداییان و لەناوبردنی دیاردەکانی ڕەوشی ئاینی ئاهورامەزدا دەگێڕێتەوە کە کورد لەسەردەمی مادەوە پەرستوویانە[1].

سەدەی حەوت تا نۆهەم: پاش بوونی کورد بە موسوڵمان دیدە و سوودی زۆریان بە ئیسلامەتی بەخشیوە، بەتایبەت لەبوارەکانی جەنگ و هەروەها مۆسیقا. مۆسیکزانی کورد "برایم مووسڵی" (٧٤٣ ـ ٧٠٦)[2] مۆسیقای ( کەتا ئەوکاتە لەلای ئیسلام قەدەغە بوو) هێنایە کایە و گەیاندییە ناو کۆشکی هاروون ڕەشید، و یەکەمین کۆنسێرتی ئیسلامی دروستکرد. پاشان ئیسحاقی کوڕی ئەو هونەرەی تۆمارکرد و پەرەی پێدا . هەروەها زریاب کە شاگردێکی کوردی ئەوان بوو گەیاندییە ناو کۆشکی کورتوبە** و لەوێدا قوتابخانەی دامەزراند، و شاکارەکانی خۆی بە ئیسپانیا و گشت ڕۆژئاوادا بڵاوکردەوە.

سەدەی دە تا دوانزەهەم: میرنشینی کوردی سەربەخۆ دەرکەوتن: (٩٥١ ـ ١١٧٤) شەددادییەکان لەباکوور دەرکەوتن و گەنجەیان کرد بە پایتەخت:لە باشووری ئەواندا حەندی[3](٩٥٩ ـ ١٠١٥)؛ و لەڕۆژئاوا مەروەندی (٩٩٠ ـ ١٠٩٦) پەیدابوون و دیاربەکریان کرد بە پایتەخت.

ساڵی ١١٦٩ ـ ١٢٥٠: سەردارانی ئەیوبی کە هەرە مەزنەکەیان سەلاحەددین بوو، دەسەڵاتیان بەسەر گشت جیهانی ئیسلامی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گرت.

سەدەی چواردە ـ پانزەهەم: دووبارە پاش تەوژمی هێرشی مەنگۆلی دەسەڵات هاتەوە دەست میرەکانی کورد. لە کۆشکەکانی بەتلیس، هەکاری و بۆتاندا ژیانی کولتووری پەرە دەسێنێت.

ساڵی ١٥١٤: یەککرتنی میرەکانی کورد لەگەڵ سوڵتان سەلیم ئەلفاتحی درندە دژ بە شیعەی

---

* ـ فارسییەکە ئەم بەشەی فرامۆش کردووە. « و »

1 ـ بێگومان مەبەست لە هۆنراوەی سەر ئەو پارچە پێستەیە کە لەشکەوتی هەزارمێرد دۆزراوەتەوە. بڕوانە تێبینی ژمارە " ٤ " ی بەشی "پێشوتار"ی ئەم پەرتووکە. « و »

2 ـ E ـ ... (٧٤٣ ـ ٨٠٦) ... .

** ـ پایتەختی ئەمەویەکان لە ئیسپانیا « و »

3 ـ E ـ ... حەسەنواحدی یەکان ....

ئێران. لەجەنگی چالدێراندا (باکووری کوردستان) لەشکری شا بەرانبەر بە هێزەکانی تورک و کورد دەشکێت. سولتان بڕیاری سەربەخۆیی کوردەکان دەردەکات، و چیتر دەست ناخەنە کاروباری ناوخۆیی یەکتر.

سالی ١٥٩٦: شەرەفخانی میری بەتلیس لەنووسینی یەکەمین پەرتووک[4] (مێژوونامەی نەتەوی کورد)ی دەبێتەوە.

سالی ١٦٩٥: ئەحمەدی خانی سالی ١٦٥١ لەدایک بوو، و وەک وێژەر و فەیلەسوف و زمانزان دەرکەوت. لە پەرتووکە بەنرخەکەی "مەم و زین"دا کە داستانێکی نەتەوەیی کوردییە بانگ بۆ دامەزرانی دەولەتێکی نەتەوەیی کوردی یەکگرتوو هەلدەدات لە کوردستان.

سەدەی نۆزدەهەم: بابی عالی کەوتە دەستێوەردان لەکاروباری ناوخۆی کورد. بەوە تایبەتمەندییەکانی فیودالی کورد کەوتە بەر مەترسی ئەوجا ڕاپەڕین، بەلام ڕاپەڕینەکانیان جیاجیا بوو. سالی ١٨٠٦ ئەورەحمان پاشا«ی بابان» لە سلێمانی ڕاپەڕی. « سالی ١٨١٨ بلباس »[5]. سالی ١٨٣٢ میر محەمەد لە ڕەواندز. ١٨٤٣ تا ١٨٤٦ بەدرخان بەگ. ١٨٥٣ تا ١٨٥٥ یەزدانشێر. ١٨٨٠ شێخ عوبێدوللای نێهری. گشت خاکی کورد(جگە لە میرنشینەکانی ناو ئێران) کەوتە ژێر دەسەلاتی عوسمانییان.

سالی ١٨٩٨: دەرکەوتنی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی بەناوی "کوردستان" کە دەیکۆشی بیر و هۆشی نەتەوایەتی کوردی بلاوکاتەوە.

سالی ١٩٠٨: ڕاپەڕینی تورکیای لاو. دەرچوونی یاسایەک بەناوی یەکسان بوونی ماف بۆ گشت نەتەوەکانی ناو ئیمپراتۆری عوسمانی، بەلام لاوانی تورک لە سالی ١٩٠٩ بەدواوە هەلوێستی قەلاچۆکردنی گەلانی ناتورک (ئەلبانی، ئەرمەنی، کورد و هتد...)یان گرتەبەر. هەروەها چاپەمەنی و بلاوکراوەی کوردی قەدەغەکران.

٣٠ ئۆکتۆبەری ١٩١٨: ئاگربەستی مودوروس. ئیمپراتۆری عوسمانی کە لە جەنگی یەکەمدا بوو بە " لایەنگری ئەلمان " لەوێدا بە دۆڕاو دەرچوو و چۆکی بۆ هێزە هاوپەیمانەکان دانا.

١٩ ـ ٢٦ ئەپریل ١٩١٨: کۆنفرانسی سانریمۆ. ولاتانی هاوپەیمان ئەو پرۆتۆکۆل و پەیمانانەیان خستەگەڕ کە کاتی جەنگ لەسەر ڕۆشنایی نوێترین پەیوەندی لەنێو ئەوان و ولاتانی ڕۆژهەلاتی دوور[6] بەسترا، و تێیدا سەرپەرشتکاری عیراقیان دا بە بەریتانیای مەزن، و ویلایەتی کوردی مووسلێشیان خستە سەر کە فەرەنسا لەبری کەلکیلیا دەستی لێ هەلگرت. دەرگای وتووێژیان بۆ دامەزراندنی دەولەتێکی ئەرمەنی و یەکێکیش بۆ کورد لەسەر ئەو بەشی

4 ـ E ـ ... شەرەفنامە ....
5 ـ لە ئینگلیزییەکەم وەرگرت. « و »
6 ـ E ـ ... ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ....

بۆ رووسیا تەرخانکرا بەکراوەیی هێشتەوە.

١٩١٩ ـ ١٩٢٠: یەکەمین راپەڕینی کوردی دژ بە هێزە داگیرکەرەکانی ئینگلیز لە کوردستانی باکوور هەلگیرسا، و ئامانجی ئەو شۆڕشەی شێخ مەحموود بوو بە رابەری، دامەزرانی کوردستانێکی سەربەخۆ و یەکگرتوو بوو.

١٠ ئۆگستی ١٩٢٠: هێزە هاوپەیمانەکان و بابی عالی لەسیڤەر رێکەوتن. بەوە دابەشکردنەکەی "سان ریمو" یان چەسپاند، و لەبەشی سێیەمی(برگەکانی ٦٢ ـ ٦٤)یدا بڕیاردرا دەوڵەتێکی کوردی لەسەر پارچەیەک لە هەرێمی کوردستان دامەزرێت.

٢٠ ئۆکتۆبەر ١٩٢١: تورکیا و فەرەنسا لەسەر دوو پارچەکەی جەزیرە و کورد داغ رێکەوتن[7] کە بخرێنە سەر سووریا کە ببووە بەشی فەرەنسا.

٢٣ ئۆگستی ١٩٢١: پرسی کۆک بوو بە کۆمیساری بەرزی بەریتانی لە میسۆپۆتامیا. پاش ئەوەی فەرەنسییەکان فەیسەلی کوڕی شەریفی مەککەیان لە سووریا دەرکرد، هاتە عیراق تا ببێت بە شا. کوردی مووسل مانیان لە بەشداری ئەو دەنگدانە جەماوەرییەی گرت کە دەبوو فەیسەل "هەلبژێرن" بە شای عیراق.

١٩٢٣: شێخ مەحموود راپەڕینی دووهەمی هەلگیرساند، و خۆی ناونا "شای کوردستان" و پەیوەندی بەست لەگەل سەرکردەکەی کوردی ئێران "سمکۆ" کە سالی ١٩٢٠ لەشۆڕشی دژ بەرژێمی فارسدا گیرا. لەشکری بەریتانی ئەو بزووتنەوەیەشی دامرکاندەوە و شێخ مەحموودیان دوورخستەوە بۆ هیند.

٢٤ جونی ١٩٢٣: رژێمە کەمالیستەکەی ئەنقەرە پەیمانی لۆزانی لەگەل هێزە هاوپەیمانەکان مۆرکرد، و بەوە پەیمانی سیڤەر هەلوەشایەوە و بەشێکی زۆر لە کوردستان خرایە سەر دەوڵەتی تورکی نوێ.

٣ مارس ١٩٢٤: دەرچوونی فەرمانێکی یاسایی بۆ بەرگرتن لەکردنەوەی گشت جۆرە خوێندگە، کۆمەلەی پیشەیی و مێدیای کوردی و هەروەها میمبەر و قوتابخانەی ئاینی لە تورکیا. هەلوەشاندنەوەی یەکەمین ئەنجومونی نمایندەکانی گەل لەتورکیا، بە ٧٢ نمایندەی کوردەوە.

فەبریوەری ـ ئەپریل ١٩٢٥: شێخ سەعید رابەری بزووتنەوە دەکات لە کوردستانی تورکیا.[8]

١٦ دیسەمبەر ١٩٢٥: ئەنجومەنی نەتەوەکان « NF » پێشنیاری بەریتانیا پەسەند دەکات بۆ لکاندنی باشوور کوردستان (مووسل) بەدەوڵەتی عیراقەوە.

ئۆگستی ١٩٢٧: بەرەی(خۆیبوو) واتە سەربەخۆیی، ئەنجومەنێکی نەتەوایەتی کوردی بوو بە ئامانجی کۆکردنەوەی گشت کۆمەلە و پارت و رێکخستنە کوردییەکانی پاش جەنگی یەکەم

---

7 ـ E ـ ... تورکیا و فەرەنسا پەیمانی ئەنقەرە مۆر دەکەن ....

8 ـ لەئینگلیزییەکەم وەرگرت، چونکە دیارە عەرەبییەکە فرامۆشی کردووە. « و »

پێکهات.

١٩٢٨: گشت دەزگا ئاسایی ولەشکرییەکانی کوردستانی تورکیا خرانە ژێر دەسەلاتی "چاودێری گشتی هەرێمی رۆژهەلات[9]". بەرپوەبەرێکی گشتی تورک دیاری کرا بۆ کوردستان. لەگشت لایەکی هەرێمی کوردستاندا شۆرش هەلدەگیرسێت.

١٩٣٠: خۆیبوون لەهەرێمی شاخاوی ئارارات شۆرشی بەرفراوان هەلدەگیرسێنێت. تورکیا و ئێران بۆ لەناوبردنی ئەو شۆرشانە یەکدەگرن.

جونی ١٩٣٠: "سمکۆ" کە سالی ١٩٢٠ بزووتنەوەی کوردی دژ بە رژێمی چەق لە ئێران هەلگیرسان، کاتی وتووێژ لەگەل نمایندەکانی تاران کوژرا.

پایزی ١٩٣١: جەعفەر سولتان، لە کوردستانی ئێراندا بزوتنەوەیەکی تری نوێ هەلدەگیرسێنێت.

١٩٣١: شێخ مەحموود لە هیندوستان دەگەرێتەوە و دووبارە ئالای شۆرشی لە کوردستانی عیراق هەلدەکات. هێزەکانی بەریتانیا بەدیل دەیگرن و لە بەغدا دەیخەنە ژێر چاودێری. هەندەی ئەبرد کوردی عیراق جارێکی تر بەرابەری شێخ ئەحمەدی بارزانی[10] رادەپەرینەوە. هێزی ئاسمانی بەریتانیا هێرشی کردە سەر گوندە کوردییەکان.

ئایار ١٩٣٢: ئەنقەرە یاسای بۆ راگوێزان و پەرتەوازە کەردنی کورد دەردەکات. چەند سەد هەزار کورد رادەگوێزن بۆ ئەنادۆلی ناوەراست و رۆژئاوا.

١٩٣٣: شۆرشی کوردی لە عیراق بەرابەری بارزانییەکان هەلگیرسا.

١٩٣٦ ـ ١٩٣٨: بەرگری چەکدارانەی کوردی دەرسیم (کوردستانی تورکیا).

١٩٤٣ ـ ١٩٤٥: راپەرینی کوردی عیراق بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی کە پاشان لەگەل یاوەرانیدا پەنایان برد بۆ کوردستانی ئێران.

ئۆگستی ١٩٤٥: پارتی دیموکراتی کورد لە ئێران دامەزرا، و پاشان کوردی عیراق پارتێکیان بەهەمان ناو دامەزراند.

١٣جەنیوەری ١٩٤٦: یەکەمین کۆماری کوردی لەمەهاباد دامەزرا بەسەرۆکایەتی قازی محەمەد، و لە بەهاری سالی ١٩٤٧دا رووخاندیان. بارزانی سەرکردەی لەشکرکەی کورد توانی لەگەل چەند سەد هەزار لەیاوەرانی مەرزی ئێران و تورکیا ببرن و پەنا بەرن بۆ یەکێتی سۆڤیەت.

ئۆگستی ١٩٥٣: بە کودەتایەکی پۆلیتیکی و پلانی دەزگای نێنگەی ئەمریکا دەسەلات هاتەوە دەست شای ئێران.

١٩٥٦: پەیمانی بەغدا لە نێوان تورکیا، ئێران و عیراق بەسترا بە سەرپەرشتکاری بەریتانیای

---

9 ـ عەرەبییەکە بەهەلە " ... رۆژئاوا"ی نووسیوە. « و »

10 ـ E ـ ... برای مستەفا بارزانی ....

مەزن و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، و کاکڵەی یەکێک لە بەندەکانی ئەوەبوو کە پێکەوە هاوکاربن بۆ سەرکوتکردنی گشت جۆرە بزووتنەوەیەکی سەر خاکی هەریەک لەو سێ دەوڵەتە. دەستبەجێ هێزەکانی عێراق و ئێران بەپێی ئەو بەندە بزووتنەوەی کوردی جوانڕۆیان لە کوردستانی ئێران تێکشکاند.

١٤ جولی ١٩٥٨: سپای عێراق بە سەرکردایەتی عەبدولکەریم قاسم لە سیستێمی شا هەڵگەڕایەوە. بەغدا بڕیاری بوون بەکۆماری دەرکرد( ڕاستەوخۆ دەستی هەردوو میللەتی کورد و عەرەبی تێدابوو). عێراق لەلای خۆیەوە پەیمانەکەی بەغدای هەڵوەشاندەوە ( ئەوجا ناویان کرد بە "سەنتۆ"). بارزانی لە ئاوارەیی یەکێتی سۆڤیەت گەڕایەوە.

٩ جەنیوەری ١٩٦٠: یاسایی بوونی ( پ د ک ـ عێراق ).[11]

٩ جەنیوەری ١٩٦٠:[12] سپای تورکیا لە ڕژێمەکەی مەندەرس هەڵدەگەڕێتەوە. سەرانی سپا بانگ بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنێکی دەستووری تورکی نوێ و پتر لیبراڵی کردنی هەڵدەدەن.

بەهاری ١٩٦١: وەردەوەدە تاوانی "جوداخوازی" کەوتنە قەدەغەکردنی ڕۆژنامە و مێدیای کوردی لە عێراق.

١١ سێپتەمبەری ١٩٦١: بزووتنەوە چەکداری کورد لە عێراق سەری هەلدا و بەرەبەرە بوو بە بزووتنەوەیەکی جەماوەری ئازادیخوازی نەتەوایەتی.

٨ فەبریوەری ١٩٦٣: کودەتای بەعسی لە عێراق. بۆ ماوەیەک جەنگ لە هەرێمی کوردستاندا وەستا. ڕژێمی عێراق لە کۆمۆنیستان دەگەڕا بۆ کوشتن یان بەندکردنیان، و ئەوانەی دەربازبوون پەنایان برد بۆ بزووتنەوەی کوردی.

جوونی ١٩٦٣: لەشکری عێراق هێرش دەکاتە سەر پێشمەرگەکانی کورد. بەعسی سووریایش "کە مارسی ١٩٦٣ بە کوودەتای پۆلیتیکی هاتە سەر تەخت" فڕۆکە و لەشکریان نارد بۆ بەشداربوون لە لێدانی کورد.

١٨ جوونی ١٩٦٣: یەکێتی سۆڤیەت بڕیاریدا پشتگیری بزووتنەوەی کوردبکات.

٩ جوولی ١٩٦٣: ئاغای گرۆمیکۆ، شالیاری دەرەوەی سۆڤیەتی نامیلکەیەک ئاراستەی بالیۆزەکانی عێراق، ئێران، تورکیا و سووریا دەکات تێیدا هەڕەشە لە ڕژێمی هەرچوارلا دەکات، نەکان لەشکر ڕەوانەی کوردستانی عێراق بکەن. تورکیا و ئێران دەست لەپلانی (چالاکییەکانی دیجلە) هەڵدەگرن کە بڕیاربوو بچن بۆ هاوکاری هێزە هاوبەشەکەی عێراق و سووریا لە کوردستان.

١٨ نۆڤەمبەر ١٩٦٣: لە بەغدا، کۆلۆنێل عارف بەعسییەکانی لە دەسەڵات خست و پایەی خۆی

---

11 ـ لەئینگلیزییەکەم وەرگرت، چونکە لە عەرەبییەکەدا نییە. «و»

12 ـ E ـ ٢٧ مای ١٩٦٠. «دیارە عەرەبییەکە لەگەڵ خاڵی پێشدا تێکەڵی کردووە. ـ و»

بەرزکردەوە بۆ پلەی مارشاڵ.

١٠ فەبریوەری ١٩٦٤: عارف مافی نەتەوایەتی کوردی بە ڕەوا ناوبرد و لەسەر ڕاگرتنی جەنگی کوردستان ڕێکەوتن. شێوەی پۆلیتیکی ئەو ماف و ڕێکەوتنە بوە هۆی دووبەرەکی ناو سەرکردایەتی کورد؛ نووسینگەی ڕامیاری پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی برایم ئەحمەد و جەلال تالەبانی بوون بە دژ لەگەڵ جەنراڵ بارزانی سەرکردەی بزووتنەوە. دووبەرە زۆر خێرا دەستیان لەیەک دایە چەک. سەرەتا لایەنی نووسینگەی ڕامیاری پەنایان بۆ ئێران برد و پاشان هاتنەوە بەغدا و بوونە لایەنگری ڕژێم. ناکۆکی و دووبەرەکی کەوتە نێو ڕیزەکانی بزووتنەوەی کوردی عیراق.

مارس ١٩٦٥: دووبارە جەنگ کەوتەوە کوردستانی عیراق و تا جوونی ١٩٦٦ درێژەی بوو.

پایزی ١٩٦٥: ڕێگەی سەردانی بیانی کرایەوە بۆ کوردستانی تورکیا. وەک " ئەو هەرێمە لەساڵی ١٩٢٥وە خرابوە ژێردەسەڵاتی سپا، بیانی بۆینەبوو پێیتێبخات". دژ بە بێکاری، بێدەرەتانی و هەڵوێستی ڕەگەز پەرستانەی ڕژێم، میللەت کەوتنە خۆپیشاندان.

١٩٦٧ ـ ١٩٦٨: لە کوردستانی ئێراندا جوتیاران کەوتنە جەنگی پارتیزانی.

جولی ١٩٦٨: پارتی بەعس بەدوو کوودەتای پۆلیتیکی یەک لەدوای یەک(١٩ و ٣٠جوولی[13]) دەسەڵاتی لەعیراق گرتەوە دەست و جەنراڵ بەکر ( لە ڕژێمەکەی بەعسی ساڵی ١٩٦٣دا سەرەک شالیاران بوو) ئەمجارە بوو بە سەرۆکی کۆمار. جەنگی دژ بە چەکدارانی کورد[14] لەئەپریلی ١٩٦٩دا هەڵگیرسایەوە.

١١ مارس ١٩٧٠: کورد و عیراق ڕێکەوتن لەسەر "ئۆتۆنۆمی"کردنی کوردستان و دەبوو لە ماوەی چوار ساڵدا گشت دەزگا تایبەتەکانی تێدا دامەزرێن.

١٢ مارس ١٩٧١: بە کوودەتایەک سپای تورکیا دەسەڵات دەڕەخسێنێت بۆ دەستەیەکی بەهێز. پارت و ڕێکخراوە چەپییەکان قەدەغە کران و هەزاران کوردی "جوداخواز" دەگرن و دەیاندەن بە دادگای سپایی تایبەت. لە ١٩٧٣دا دەسەڵات هاتەوە دەست پەرلەمان.

١٩٧٠ـ ١٩٧٤: قۆناغی " نە جەنگ و نە ئاشتی" بوو لە کوردستانی عیراق. ڕژێم چەندین پلانی ڕێکخست بۆ لەناوبردنی سەرانی کورد. ڕژێمی بەغدا هەڵوێستی بەعەرەبکردنی ناوچەکانی کوردستان دەگرێتەبەر، و سەرپێچی دەکات لە بەجێهێنانی پەیمان و لەگەڵ بزووتنەوەی کوردی تێکدەچنەوە.

---

13 ـ بەڵکوو ( ١٧ و ٣٠ جوولی). « و »

14 ـ نوێبوونەوەی جەنگ دژ بە چەکدارانی لایەنەکەی بارزانی( پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عیراق) بوو، چونکە لەوکاتەدا چەکدارانی لایەنی برایم ئەحمەد و جەلال تالەبانی( پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان) لەگەڵ ڕژێم بوون. « و »

بەهاری ١٩٧٢: هەڵوەشانەوەی پەیمانەکان. ڕژێمی عیراق پەیمانی دۆستایەتی و هاوکاری بەست لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت (کە تا ئەوکاتە دۆستی کورد بوو) تا بزووتنەوەکەی کورد دابڕێت لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات. ئێران لەبنەوە لەگەڵ ئەمەریکا ڕێکەوت و بەپاڵپشتی ئەو کەوتە کۆمەک کردن بە کوردەکان.

مارس ١٩٧٤: بەغدا، پاش قرتکردنی زۆر لە بەندەکانی ڕێکەوتننامەی ١٩٧٠ یاسای "ئۆتۆنۆمی کوردستان بڵاودەکاتەوە و فەرمان بە سەرکردایەتی کورد دەدات پەسەندی کەن. لە ئەپریل بەدواوە جەنگێکی بێهاوتا دەسپێدەکاتەوە.

٥ مارس ١٩٧٥: شای ئێران و سەددام (یاریدەری سەرەک کۆماری عیراق) لە جەزایر ڕێدەکەون. ئێران کۆمەک لە کورد دەبڕێت.

کۆتایی مارسی ١٩٧٥: سەرکردایەتی کوردی دەستی لەجەنگ هەڵگرت و بوون بە پەنابەر لە ئێران. لەشکری کورد تووشی هەرەس بوو.

جونی ١٩٧٦: لە کوردستانی عیراق جەنگی پارتیزانی سەریهەڵدایەوە.

---------------------***------------------

١٩٧٧ـ ١٩٧٨: سەدەها هەزار گوندی کوردستانی عیراق لە نزیک سنوورەکانی تورکیا، ئێران و سووریا وێران کران یان دانیشتووانیان گواستنەوە. ئەگەر سەربازی عیراقی هەرچ کەسێکیان لەو ناوچە چۆڵ و بێ خاوەنانەدا بەرچاو بکەوێت، کە قوولاییان دەگاتە ٨ ـ ١٢ میل و دانیشتوانی لێ گوێزراوەتەوە بۆ گوندی ستراتیجی، دەسبەجێ تەقەی لێدەکەن. بەغدا زۆر بەقورسی کەوتووەتە بەعەرەبکردن و هەوڵیستی قەلاچۆکردن لەو هەرێمە کوردییەدا.

ئۆگوستی ١٩٧٨: جەماوەری تووڕە و دژ بە ڕژێمی ئێران دەکەونە خۆپیشاندان و ئەوبارە گشت لایەکی کوردستانی ئێران دەگرێتەوە. سەرباز لەکرمانشا و سنە تەقە لە جەماوەر دەکەن و بە دەرزەن لێیان دەکوژن.

١٠ و ١١ فەبریوەری ١٩٧٩: پاش یەک ساڵ شەڕ و لێکدان، خۆپیشاندان کەوتە سەر جادە و ڕژێمی شای ئێرانی پێ ڕووخا. پارتیزانانی کورد لە کوردستان دەست بەسەر بنکەکانی پۆلیسدا دەگرن و دەزگای خۆبەڕێوەبردنی سەربەخۆی خۆیانی تێدا دادەمەزرێنن. گەل لەشار و لادێ وەک یەک ئەنجومەنی شۆڕش هەڵدەبژێرن تا کاروباری ناوچەکانیان بەڕێوەبەرێت.

٢ مارس ١٩٧٩: بارزانی لە وڵاتە یەکگرتووەکان دەمرێت.

٣ مارس ١٩٧٩: پاش ٣٣ ساڵ کاری نهێنی، پارتی دیموکراتی کورد ـ ئێران لە بەرەوڕووی کۆمەڵێکی ٢٠٠،٠٠٠ کەسی و لەهەمان ئەو گۆڕەپانەی مەهاباد کە مارتی ١٩٤٧

** ـ لەم هێڵـەـە بەدواوەم لە دووبارە چاپکراوەکەی Interlink Publishing، لەندەن، ١٩٩٣ وەرگیرت، چونکە دیارە عەرەبییەکە لەبەر چاپی یەکەمم وەرگێردراوە و لەوێدا دەبڕێتەوە. « و »

سەرکردەکانی یەکەمین کۆماری کوردی سەربەخۆی تێدا لەسێدارەدرا، ڕەوابوونی خەباتی خۆی ئاشکرا کرد.

١٨ و ١٩ مارس ١٩٧٩: لە سنە کە گرنگترین شاری کوردستانی ئێرانە تەقە و لێکدانی زۆر گەرم کەوتووەتە نێو پێشمەرگەکانی کورد لەلایەک و میلیشیا و سەربازی سەر بەخومێنی لەلایەکی تر. نماینده‌ی تایبەتی "ئایەتوڵڵا تالەقانی" لە ٢٢ی مارسدا لەگەڵ نمایندەکانی بزووتنەوەی کوردە نەتەوەییەکان ڕێکەوتن بۆ ڕاگرتنی شەڕ، و بەئاشکرا بڵاویانکردەوە کە ڕژێم دەیەوێت مافی ئۆتۆنۆمی بدات بەگشت کەمە نەتەوەکان. ٢٣ی مارس دەستەیەکی "پ د ک ـ ئێران" لەگەڵ خومێنی کۆبوونەوە و داخوازییەکانی کوردیان بۆ ڕوونکردەوە.

٣٠ و ٣١ مارس ١٩٧٩: سەرتاپای ناوچە کوردییەکان خۆ لە بەشداری دەنگدان بۆ بە ئیسلامی کردنی کۆمار دوور دەگەن.

٢٠ ـ ٢٢ ئەپریل ١٩٧٩: هەندێک ڕووداوی زۆر قورس لە نەغەدە بوە هۆی زنجیرەیەک تێهەڵچوون و سەرئەنجام سپای ئێران لە تۆگستیدا هێرشێکی قورسی ڕێکخست بۆ سەر هێزە سەربەخۆکانی کورد.

٢٦ ئەپریل ١٩٧٩: لەئەنجامی خوێنڕێژی میلیشیاکانی تاخمی ڕاستی ڕەگەز پەرست "کابینەکەی ئەجاوید" بڕیاری ئابلووقەدانی ١٣ پارێزگای دا لەتورکیا، و یاسای تایبەتیشی دەرکرد بۆ سەر ٦ پارێزگای تردا. لەکۆی ئەو نۆزدەیە پانزە پارێزگای دەکەونە کوردستان. گشت چاپەمەنییەکی پێشکەوتنخوازی و ڕێکخستنی بەو ناوەن قەدەغە کران.

١٧ ئۆگوستی ١٩٧٩: خومەینی بە وتارێکی دڕ و زووخاوی هێرش دەکاتە سەر کورد. دوابەدوای ئەوە لە پێنجی سێپتەمبەردا بە هێرشی قورسی تانگ و هەلیکۆپتەر و فڕۆکەی بۆمبهاوێژ، شارە سەرەکییەکانی کوردستان دەگێڕنەوە ژێر دەسەڵاتی سپای ئێران. بەماوەیەکی کەم دادگا ئیسلامییەکەی "خەلخالی" بڕیاری کوشتنی نزیکەی ٢٠٠ کەس دەردەکات. پاسدار (حەرەس الثوری) بەربوونە گیان کۆمەڵانی گەل.

٢٠ سەپتەمبەر ١٩٧٩: لەشکری سەددام حوسێن هێرش دەکاتە سەر ئێران. ئەو جەنگەی کەنداو تا جوولی ١٩٨٨ خایان.

سێپتەمبەر ـ ئۆکتۆبەر ١٩٧٩: لەگشت لایەکی کوردستانی ئێرانەوە جەنگی پارتیزانی هەڵگیرسا.

٢٧ ئوکتۆبەر ١٩٧٩: خومێنی لیژنەیەک پێکدێنێت لە چوار شالیار بۆ ڕاوێژ لەسەر دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ کێشەکانی کوردستان. ٣ی نۆڤەمبەرد سەرانی کورد بڕیاریان دا لەکاتی ئەو وتووێژەدا تەقە ڕاگیرێت. پێشمەرگە دەست بەسەر شارە کوردییەکاندا دەگرنەوە.

٢ و ٣ دیسەمبەر ١٩٧٩: بەڕادەیەکی گشتی دانیشتووانی کوردستان ماندەگرن لەدەنگدان بۆ

ئیسلامی کردنی دەستوور، و زۆر لە نەتەوە نافارسەکانی تر هەمان هەڵوێست نیشان دەدەن.
خۆدزینەوە لەو دەنگدانە، لەسەر ئاستی گشت ئێران پتربوو لە ٥٠٪.
هاوینی ١٩٨٢: "پ د ک" و "ی ن ک" لەسەر مەرزی عیراق و ئێران کۆبوونەوە و لەسەر ئەوە ڕێکەوتن کە کۆتای بێت بە دەسەڵاتی تاخمگەری لەسەر پارچەی دیاری لە کوردستان.
٨٣ ـ ١٩٨٤: عیراق، بە مەبەستی تێکدانی بناغەی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری کوردستان، چەپۆکی ستەم قورستر دەکات.
سەرەتای ١٩٨٤: وتوویژ لە نێوان تالەبانی و ڕژێمی عیراق پەیدابوو؛ ئەوە سەرەتای دیالۆگە لەگەڵ کورد.
١٥ ئەپریل ١٩٨٧: بڕیار بۆ خستنەکاری بەرەی کوردستانی دەرچوو.
٧ مای ١٩٨٧: بۆ یەکەمین جار دان بەوەدا نرا کە ڕژێمی عیراق گازی شیمیایی دژ بە کورد بەکاردێنێت.
١٦ مارس ١٩٨٨: لەئەنجامی بەکارهێنانی گازی شیمیایی ٥٠٠٠ کورد لە هەڵەبجە کوژران.
کۆتایی ١٩٨٨: ئەو سەرکردە و پێشمەرگە کوردانەی دەربازبوون، لە ئێران و سووریا بوون بەپەنابەر.
١٩٨٩: بۆ پەیداکردنی پشتگیری لە کورد، بەرەی کوردستانی چالاکی دیپلۆماسی دەباتە ڕۆژئاوا.
١٩٨٩ ـ ١٩٩٠: سەددام حوسێن نوێنەر دەنێرێت بۆ وتوویژ لەگەڵ کوردی عیراق تا بگەڕێنەوە. وتوویژ لەوێدا وەستا کە سەددام دەخوازێت ئەوان پەشیمانی خۆ دەربڕن و ببنە هاوکاری بەعس.
١٢ ئۆگوستی ١٩٩٠: سەددام هێرش دەباتە سەر کوێت.
جەنیوەری ١٩٩١: بەرەی کوردستانی پەیوەندی نهێنی بەست لەگەڵ تورکیا.
مارس ١٩٩١: باشوور و باکووری عیراق ڕادەپەڕن. پێشمەرگە دەست بەسەر سێ لەسەر چواری کوردستانی عیراقدا دەگرێت.
١١ مارس ١٩٩١: ئۆپۆزیسیۆنی عیراقی لە بەیرووت کۆنفرانسیان بەست.
مارس ـ ئەپریل ١٩٩١: ڕاپەڕین سەرینەگرت، و دوو ملیۆن کورد هەڵهاتن بۆ شاخ. وڵاتە یەکگرتووەکان چالاکی یارمەتی و حەواندنەوەیان بۆ دەخنە گەڕ.
٥ ئەپریل ١٩٩١: ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری ژمارە ٦٨٨ دەردەکات و تێیدا عیراق بەوە تاوانبار دەکات کە مافی مرۆڤ ناپارێزێت.
١٨ ئەپریل ١٩٩١: عیراق پەیمانی لەیەکگەیشتن لەگەڵ نمایندەی سەرۆکی گشتی UN مۆردەکات.